# ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان
## لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان
## (١٩٧٦ - ١٩٩١)
### لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

دلاوەر محەمەد سدیق زێباری

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

هەولێر-٢٠٢٣

**ناوی کتێب:** ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٦ - ١٩٩١)

**نووسینی:** دلاوەر محەمەد سەدیق زێباری

**سەرپەرشتی:** پ.د. ئیسماعیل محەمەد حەساف

**پێداچوونەوەی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** دیار سەعید پیرانی

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵی چاپ و شوێن :** ٢٠٢٣- هەولێر

**چاپخانە:** دانیشفەڕ

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٩٨١) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.**

”ئـەم پەرتووکـە لـە بنەڕەتـدا، وەکـو بەشـێک لـە پێداویسـتییەکانی بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی ماسـتەر لـە مێـژووی نـوێ و هاوچەرخـدا، پێشکەشـی ئەنجوومەنـی کۆلێژی ئەدەبیاتـی زانکـۆی سـەلاحەدین کـراوە“.

گەر دێ هەبـــــووا مە ئیتفاقەك

فیكـــرا كربـــا مە ئنقیـــــادەك

ڕوم و عەرەب و عەجەم تەمــامی

هەمیـــا دكــر ژ مـەڕاخــــــولامی

تحصیل دكـــر مەعیلم و صنعەت

تەكمیل دكر مە دین و دەولـــەت

**ئەحمەدی خانی** (١٦٥٠ - ١٧٠٧)

**پێشکەشە بە:**

- بە باوکی بەڕێز و دایکی خۆشەویستم کە مۆمێکی گەشاوەن لە ژیانمدا.
- بە خوشك و برا ئازیزەکانم.
- بــە هەمــوو ئــەو کەســانەی بەشــدارییان لــە بزاڤــی ڕزگاریخــوازی گــەلی کــورد کــردووە.
- بە هەموو کوردێکی دڵسۆزی کوردستان.
- بــە گیــانی پــاکی هاوڕێــی شــەهیدی نەمــر (ڕەمــەزان عەبــدوڵا زێبــاری) و هەمــوو شــەهیدانی ڕێــگای ڕزگاریخــوازی گــەلی کــورد و کوردســتان.

هوالنامی کتب

# هێما کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| پدك | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پ.د.ك | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| حشع | حزبی شیوعی کوردستان |
| پاسۆك | پارتی سۆسیالستی کورد |
| حسیك | حزبی سۆسیالستی یەکگرتووی کوردستان |
| حسك | حزبی سۆسیالستی کوردستان |
| س.ك | سەرکردایەتی کاتی |
| ینك | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ئاش | ئاڵای شۆڕش |
| پدگك | پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان |
| پ.ك.ك | پارتی کرێکارانی کوردستان |
| حدکا | حزبی دیموکراتی کوردستانی - ئێران |
| ی.ل.د.ك | یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان |
| ك.خ.ك.ئ | کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا |
| ی.ق.ك | یەکێتی قوتابیانی کوردستان |
| ی.د.ك | یەکێتی دیموکراتی کوردستان |
| ب.ش | بێ شوێنی چاپ |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |
| چ | چاپ |
| م.س | مەکتەبی سیاسی |
| ل | لاپەڕە |
| و<br>ژ | وەرگێڕان<br>ژمارە |

هدواکنامه‌ی کتاب

# ناوەڕۆک


| بابەتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١٣ |
| پوختەی توێژینەوەکە | ٢٥ |
| دەروازە: کورتە مێژووییەکی ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (١٩٤٦ - ١٩٧٥) | ٢٩ |
| بەشی یەکەم: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (١٩٧٦ - ١٩٧٩) | ٥٧ |
| باسی یەکەم: هەستانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق | ٥٩ |
| لە سەر ئاستی سیاسی | ٦٠ |
| لە سەر ئاستی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان | ٩٠ |
| باسی دووەم: پارتی دیموکراتی کوردستان و چۆنیەتی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی چەکداری | ١٠٩ |
| ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان | ١٠٩ |
| ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چالاکییەکانی لەشکری دژی حکوومەتی عێراق | ٦٦ |
| بەشی دووەم: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (١٩٨٠ - ١٩٨٥) | ١٧٩ |
| باسی یەکەم: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەکێتی بەرهەڵستکاری عێراق | ١٨١ |
| باسی دووەم: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چالاکییەکانی لەشکری دژی حکوومەتی عێراق | ٢١٣ |
| باسی سێیەم: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی کوردستان | ٢٤١ |
| باسی چوارەم: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شەڕی ناوخۆی کوردستان | ٢٦٣ |
| باسی پێنجەم: هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان | ٢٨٧ |

| | |
|---|---|
| هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران | ٢٨٧ |
| هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر گفتوگۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق | ٢٩٨ |
| بەشی سێیەم: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (١٩٨٦ - ١٩٩١) | ٣١١ |
| باسی یەکەم: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاشتبوونەوەی نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستان | ٣١٣ |
| باسی دووەم: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چالاکییەکانی لەشکری دژی حکوومەتی عێراق | ٣٣٧ |
| باسی سێیەم: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی | ٣٧٥ |
| باسی چوارەم: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی کوردستان | ٣٩٩ |
| ئەنجام | ٤٥٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٤٥٩ |
| پاشکۆکان | ٥٠٧ |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی | ٥٣٧ |

# پێشەکی

دوای جەنگی دووەمی جیهان(١٩٣٩-١٩٤٥) خەباتی ڕێکخراوەیی لە باشووری کوردستان زیاتر گەشەی کرد و چەندین پارت و کۆمەڵە و ڕێکخراو دامەزرا، پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو پارتێکی نەتەوەیی لە مێژووی دامەزراندنیەوە(١٦ی ئاب ١٩٤٦) بەردەوام لە خەباتدا بووە و چەندین قۆناغی تێپەڕاندووە، ئەوەتا گەورەترین شۆڕش لە ساڵی ١٩٦١، دژی حکوومەتی عێراق پەرپاکرد کە ئەنجامەکەی ڕێککەوتننامەی (١١ی ئاداری ١٩٧٠) بوو، بەڵام زۆری نەخایاند ئەم دەستکەوتە لە ساڵی(١٩٧٥) لە بار برا لە ئەنجامی پیلانگێڕییەکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی کە بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر ناسراوە کە لە نێوان (عێراق - ئێران)دا بەسترا، هەر چەندە ئەم پیلانگێڕییە بۆ ماوەیەك شۆڕشی تووشی سستبوونی کرد کە بە قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول دادەنرێت، بەڵام دواتر شۆڕش لە قۆناغێکی نوێدا بەردەوامی بە خەباتدا کە ئەویش شۆڕشی گوڵانە.

پارتی بە هۆی ئەوەی کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، قۆناغی نێوان ساڵی ١٩٧٦-١٩٩١، یەکێکە لەو قۆناغە گرنگانەی کە ئەم پارتەی پێدا تێپەڕیوە، لە نێو ئەم ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا پارتی دوو قۆناغی بڕیوە، قۆناغی سەرکردایەتی کاتی، کە لە ساڵی ١٩٧٦ەوە درێژەی هەبووە تاوەکو ساڵی١٩٧٩، لەو ماوەیەدا بۆ یەکەم جار دوای مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە٦ی ئازاری ١٩٧٥، کە بووە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، هەڵوەشانەوەی سەرجەم دامودەزگاکانی، دووبارە بە شێوەیەکی نوێ و هاوچەرخانە، لە فۆڕمێکی نوێ لە ژێر ناوی (سەرکردایەتی کاتی) خۆی ڕێکخستەوە، کە ناوەکەی لەوە سەرچاوەی گرتبوو ئەندامەکانی لە کۆنگرەیەکدا بە هۆی خراپی ڕەوشی سیاسی و ئابووری...تاد هەڵنەبژاردبوون، بەڵکو لە سەر بنەمای لاو و ڕۆشنبیر و لێهاتووی دەستنیشانکرابوون، ئەم پارتە دوای خۆ ڕێکخستنەوە دەستی بە ئامادەکاری بۆ سەرهەڵدانەوەیەکی تر دژی حکوومەتی عێراق کرد، لە٢٦ی ئایار١٩٧٦ وەکو یەکەم پارت، جارێکی تر ئاگری شۆڕش لە چیاکانی باشووری کوردستان هەڵکرد، ئەم شۆڕشە درێژە پێدەری شۆڕشی ئەیلوولی تەمەن ١٤ساڵ (١٩٦١-١٩٧٥)، دادەنرێت لە مێژووی ئەم پارتەدا بەڵام بە ناوێکی جیاواز کە بە شۆڕشی گوڵان ناوزەند دەکرێت، پارتی لەو ماوەیەدا چەندین هەڵشکان و داکشان و ڕووداوی گرنگ و کارەساتی نەخوازراوی بەخۆیەوە

بینیـوە، خـاوەن چەنـد سـیمایەکی تایبەتـە، لـە نموونەیـان کـە تـا ئـەوکات تاکـە ڕێبـەری بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد بـوو، بـەڵام لـەم قۆناغـەدا بـە پێـی هەلومەرجـی ئـەوکات و پەیدابـوونی چەنـد پارتێـکی نـوێ، خـۆی وەك تاکـە هێـزی یەکانـە دانەنـا، بەڵکـو دان بـەو بارودۆخـە نـا کـە لـە سـەر بنەمـای کارکـردنی هاوبـەش و دۆسـتانە کار بکرێـت بـۆ سەرخسـتنی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد لـەو پارچەیـەدا، هەروەهـا بـە هەمـوو شـێوەیەك سیاسـەتی پاوانـکاری سیاسـی ڕەتدەکـردەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە درێژایـی ئـەم ماوەیـە و قۆناغـی دواتـر کەوتبـووە ململانێیـەکی قوڵـی ڕکابـەری و شـەڕی ناوخـۆی نێـو گۆڕەپـانی باشـووری کوردسـتان.

قۆناغێـکی تـری ئـەو مـاوە مێژووییـە، بریتـی یـە لـە سـاڵی ١٩٧٩ەوە تاوەکـو سـاڵی ١٩٩١، لـە دوای بەسـتنی کۆنگـرەی نۆیەمـی لـە تشـرینی دووەمـی ١٩٧٩، ئـەم پارتـە گەڕایـەوە بـۆ دۆخـی ئاسـایی خـۆی و نـاوە بنەڕەتیەکـەی، کـە (پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان)ە، بـۆی دەگەڕێتـەوەو، بەمـەش کۆتایـی بـە مـاوەی سـەرکردایەتی کاتی دێـت. پـارتی لـەو مـاوەی (١٩٧٩-١٩٩١) بـە هـۆی ڕەنگدانـەوەی کۆنگـرە لـە سـەر شـێوازی خەبـات، لـە ژێـر کاریگـەری چەنـد گۆڕانکارییـەکی ناوچەیـی، لـە نموونەیـان سـەرهەڵدان و سـەرکەوتنی شـۆڕشی گـەلانی ئێـران لـە شـوباتی ١٩٧٩، جەنگـی عێـراق – ئێـران (١٩٨٠ – ١٩٨٨)، بـە شـێوەیەکی بەهێزتـر و کاریگەرتـر لـە سـنوورێکی بەرفراوانـتر لـە گۆڕەپـانی سیاسـی و لەشـکری باشـووری کوردسـتان جێـگای خـۆی کردبـووەوە، کاراکتەرێـکی سـەرەکی نـاو ڕووداوەکانی بـوو، ڕۆڵـی ئەرێنـی و نەرێنـی تێیـدا بینیـوە کـە ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لـە سـەر بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد، ڕەوتی ڕووداوەکان هەبـوو. هەروەهـا شـتێکی لـە بیرنەکـراوە پـارتی وەکـو هەمـوو هێـزەکانی دیکـەی کوردسـتانی لـە ئەنجامـی بەکارهێنـانی چـەکی کیمیایـی و ئەنجامـدانی ئۆپراسـیۆنەکانی ئەنفـال لـە (٢٣ی شـوبات – ٦ی ئەیلـوول١٩٨٨) لـە لایـەن حکوومـەتی عێـراق، دووچـاری وەسـتانێکی کاتی هـات بـەڵام  زۆری نەبـرد بـە هـۆی چەنـد گوڕانکارییـەکی ناوچەیـی لـە نموونەیـان هەڵگیرسـانی جەنگـی دووەمـی کەنـداو ١٩٩٠، جاریـکی تـر بـە پشتبەسـتن بـە خـۆی و جەمـاوەری کوردسـتان و سـەرجەم هێـزەکانی دیکـەی بـەرەی کوردسـتانی، درێـژە بـە خەبـات و تێکۆشـان دەدا، ڕاپەڕینـی ئـاداری ١٩٩١ی باشـووری کوردسـتان خوڵقانـد، بەرهەمەکـەی دامەزرانـدنی پەرلەمـان و حکوومـەتی هەرێمـی کوردسـتان بـوو.

- **گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵـەر لـە پێنـاو دەرخسـتنی ڕۆڵـی پـارتی لـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد، بـە دیارخسـتنی ڕووی ڕاسـتەقینەی ڕووداوەکانی ئـەو مـاوە مێژووییـە دیاریکـراوە و دارِشـتنەوەی ڕووداوەکان بـە شـێوەیەکی زانسـتی و بـە پشتبەسـتن بـە سـەرچاوە ڕەسـەنەکان و بەڵگەنامـە مێژووییـەکان، ئـەم لێکۆلینەوەیـەی ئەنجـام داوە.

- **ماوەی لێکۆڵینەوەکە لە ڕووی کاتەوە**

لێکۆڵینەوەکـە لـە سـاڵی ١٩٧٦هوە دەسـت پێـدەکات کـە ئـەم مێـژووە بـە خاڵێـکی وەرچەرخـان لـە مێـژووی پـارتی و بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد دادەنرێـت بـە هـۆی گرنگـی دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی پـارتی، پەیدابـوونی سیسـتەمی فرەحزبـی و کاری بەرەیـی وەك دوو تاقیکردنـەوەی نـوێ لـە نێـو بزاڤـی کـوردی. کۆتایـی لێکۆڵینەوەکـەش بـە ڕاپەڕینـە پڕبەرهەمەکـەی ئـاداری ١٩٩١ و دامەزرانـدنی پەرلەمـان و یەکەمیـن کابینـەی حکوومـەتی هەرێمـی کوردسـتان دانـراوە.

- **لە ڕووی سنووری جوگرافییەوە**

لێکۆڵینەوەکـە تەنها تیشـك دەخاتـە سـەر ڕۆڵـی پـارتی لـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە ناچـاری بـۆ دەرخسـتنی ڕۆڵـی پـارتی لـەو پارچەیـەدا، لێکۆڵـەر پڕژاوەتـە سـەر پارچـەکانی تـری کوردسـتان و وڵاتـانی دەوروبـەر، بـە تایبـەت ئەوانـەی کـە ڕەنگدانـەوە و کاریگـەری سـەر ئـەم پارتـە و بزاڤـی کـوردی هەبـووە.

- **لە ڕووی ئامانج و مەبەستەوە**

ئامانـج لـەم لێکۆڵینەوەیـە دەرخسـتنی ڕۆڵـی پارتییـە لـە مەیـدانی خەبـات و تێکۆشـان و ڕەنگدانـەوەی لـە سـەر بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد و کۆمـەڵانی خەڵـکی باشـووری کوردسـتان.

- **ئەو ڕێبازەی لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیڕەوکراوە**

بریتـی یـە لـە خسـتنەڕووی ڕووداوەکان، پاشـان لێکۆڵـەر بـە پێـی توانـا هەوڵیـداوە شـیکاری هەمـوو ئـەو ڕووداوانـە بـکات کـە لێکۆڵینەوەکـە لەخـۆ

دەگرێــت، ســەرنج و ڕەخنــە و بۆچــوونی تایبــەتی خــۆی خســتۆتەڕوو.

- **گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە**

ئـەو کۆسـپ و تەگەرانـەی لـە ئامادەکـردنی لێکۆڵینەوەکـە ڕووبـەڕووی لێکۆڵـەر بۆتـەوە هەمـە جۆرن، لە سـەرووی هەموویانەوە، ئـەو قۆناغە مێژووییە لـە ڕووی کاتەوە مێژوویـەکی نـوێ یـە هێشـتا زانیـاری و بەڵگەنامەیـەکی گرنـگ لە لایـەن پـارتی و حزبەکانی تـری ئەوکاتـەی نێـو بزاڤـی کـوردی نەخراونەتـەڕوو، هەروەهـا زۆرێـك لـە بەڵگەنامەکان بـە هـۆی نزیـکی ماوەکـەی لـە ئەمـڕۆ لـە لایـەن حزبـەکان بڵاونەکراونەتـەوە بـە بیانـوی هەسـتیاری بارودۆخـی کوردسـتان و هێـزە سیاسـییەکان، بۆیـە دەبینیـن هەندێـك لایـەنی ڕووداوەکانی نێـو باسـەکە بـە شـاراوەیی ماوەتـەوە. جگـە لەمانـە دەسـت نەگەیشـتنی لێکۆڵـەر بـە هەندێـك بەڵگەنامـە و بڵاوکـراوەی تایبـەتی پـارتی، وێـڕای بـوونی زانیـاری لـە لایـەن لێکۆڵـەر لـە هەبوونیـان لەنـاو ئەرشـیفخانەی ئـەو حزبـە، بۆیـە هەندێـك لایـەنی باسـەکە بـە نـاڕوونی ماوەتـەوە، بـە هەمـان شـێوە دەسـت نەگەیشـتن بـە ئەرشـیفی هەندێـك لـە حزبـەکانی تـر، وێـڕای سـەردان و هەوڵـدانی لێکۆڵـەر بـە بیانـوی جۆراوجـۆر نەیانتـوانی بەدەسـت بهێنـێ، کە ئەمەش هۆکار بـوو لێکۆڵەر بە زۆری پشـت بە ئەدەبیاتی پـارتی و سـەرچاوەکانی نزیـك لـەو حزبـە ببەسـتێت، بێگومـان ئەمـەش کارێکی قـورس بوو لـە بـەردەم لێکۆڵـەر لـە ئەنجامـدانی ئـەم پرۆژەیـە، ئەمـەش بووتـە هـۆی ئـەوەی لـە هەندێـك لایەنـەوە لایەنگیـری پێـوە دیاربـێ. هەروەهـا گرفتێـکی دیکـەی لێکۆڵینەوەکـە ئـەو دیـدار و چاوپێکەوتنانەیـە، کـە سـەرچاوەی پێویسـتن بـۆ دەوڵەمەندکـردن و وردکردنـەوەی زانیارییـەکان و دەرخسـتنی زانیـاری نـوێ، بـەڵام گرفتـی ئـەو لایەنـە بەشـێك لـەو کەسـانەی خۆیـان لـە نێـو ڕووداوەکانی ئـەو سـەردەمەدا ژیـاون و ڕۆڵیـان لـە ڕووداوەکانـدا هەبـووە یاخـود ئـاگاداری ڕووداوەکان بـوون، بـە بیانـوی هەسـتیاری دۆخـی پەیوەنـدی حزبـە کوردسـتانیەکان و بیانـوی جۆراوجـۆر، ئامـادەی چاوپێکەوتـن نەبـوون، هەروەهـا هەندێکیشـیان مـاوە و دەرفەتیـان بـە لێکۆڵـەر نـەداوە تاوەکـو لـە نزیکـەوە چاوپێکەوتـن لـە گەڵیـان ئەنجـام بـدات وێـڕای چاوەڕوانیـەکی زۆری لێکۆڵـەر، بێگومـان لـەو چاوەڕوانیەشـدا بـە هـۆی بـوونی ماوەیـەکی زۆر گرفتێـکی تـری خوڵقاندبـوو لـە بـەردەم لێکۆڵـەر لەوانـەش کاتێـکی زۆری لێکۆڵـەر بەفیڕۆچـوو، هەروەهـا یەکێـکی تـر لـەو گرفتانـە ئەوەیـە ئەنـدام و نووسـەرانی نزیـك لـە پـارتی وەکـو پێویسـت گرنگی بە نووسـینەوەی مێـژووی حزبەکـەی نـەداوە بـە شـێوەیەکی گشـتی، ئەمانـە و چەنـد گرفتی

تـر  وای کـردووە هەنـدێ لایـەنی لێکۆڵینەوەکـە بـە شـاراوە و گومانـاوی بمێنێتـەوە.

- **ناوەڕۆك و پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە**

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لـە دەروازەیـەك و سـێ بـەش پێکدێـت، دەروازەکـە خسـتنەڕوویەکی خێـرای ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٤٦هوە تاوەکـو نسـکۆی شـۆڕشی ئەیلـوول لـە ٦ی ئـازاری ١٩٧٥، لەخـۆ دەگرێـت.

- **بەشی یەکەم**

بـە ناونیشـانی (ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد ١٩٧٦-١٩٧٩)، ئـەم بەشـە لـە دوو بـاس پێکدێـت، بـاسی یەکـەم: بریتـی یـە لە(هەڵسـانەوەی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان-عێراق)، ئـەم باسـە دابـەشی سـەر دوو لـق دەبێـت، لقـی أ/ بریتـی یـە لە(هەڵسـانەوەی پارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە سـەر ئاسـتی سیاسـی)، لقـی ب/ بریتـی یـە لـە (هەڵسـانەوەی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە سـەر ئاسـتی ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان) کـە هـەر دوو لـق تەواوکـەری یەکـترن، زانیـاری لـە بـارەی ڕێکخسـتنەوەی پـارتی و ئاشـنابوونی جەمـاوەر بـە هەڵسـانەوەی خراوەتـەڕوو. بـاسی دووەم: ئـەم باسـە تایبەتـە بـە (پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و چۆنیەتـی سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕشی چەکـداری)، بـە هەمـان شـێوە ئـەم بەشـە دابـەشی سـەر دوو لـق دەبێـت، لقـی أ/ تەرخانکـراوە بـۆ: (ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕشی گـولان)، لقـی ب/ بـاس لـە (ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە چالاکییـەکانی لەشـکری دژی حکوومـەتی عێـراق) دەکات، لـەم دوو لقـەدا زانیـاری لـە بـارەی هەنـگاوەکانی پـارتی لـە بـارەی سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش، دیارتریـن چالاکییـە لەشـکرییەکان دژی حکوومـەت خراونەتـە بەربـاس.

- **بەشی دووەم**

لە ژێـر ناونیشـانی (ڕولـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد لـە ١٩٨٠ – ١٩٨٥)، ئـەم بەشـە پێنـج بـاسی لەخـۆ گرتـووە، بـاسی یەکـەم: بریتـی یـە لـە (ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە یەکێتـی بەرهەڵسـتکاری عێـراق)، دووەمیـان بـاس لـە (ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە چالاکییـەکانی لەشـکری

دژی حکوومـەتی عێـراق)دەکات، سـێیەمیان تەرخانکـراوە بۆ(ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە خۆپیشـاندان و ڕاپەڕینـە جەماوەرییـەکانی کوردسـتان)، چوارەمیـان لـە ژێـر نـاوی (ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە شـەڕی ناوخـۆی کوردسـتان)ە، هەروەهـا پێنجەمیـان تایبـەت کـراوە بە(هەڵوێسـتی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە پێشـهاتە سیاسـییەکانی عێـراق و باشـووری کوردسـتان)، کـە ئەمەشـیان دابـەشی سـەر دوو لـق دەبێـت، لقـی أ/ بریتییـە لە(هەڵوێسـتی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە هەڵگیرسـانی جەنگـی عێـراق و ئێـران)، لقـی ب/ بـاس لـە (هەڵوێسـتی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بەرامبـەر گفتوگـۆی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لەگـەڵ حکوومـەتی عێـراق) دەکات. لـە کـۆی ئـەم بەشـەدا لێکۆڵـەر بـە پشتبەسـتن بـە سـەرچاوەی مێژوویـی و ئەدەبیـاتی هێـزەکانی کوردسـتانی و پـارتی بـە تایبـەت، ڕۆڵـی ئەرێنـی و نەرێنـی پـارتی و هەڵوێسـت بەرامبـەر بـە پێشـهاتەکانی عێـراق و باشـووری کوردسـتان خراوەتـە بـەر لێکۆڵینـەوە.

- **بەشی سێیەم**

کـە دوا بەشـە بـە ناونیشـانی (ڕۆڵی پـارتی دیموکراتی کوردسـتان لە بزاڤـی ڕزگاریخوازی گـەلی کـورد ١٩٨٦ – ١٩٩١)، ئـەم بەشـە لـە چـوار بـاس پێکهاتـووە، یەکەمیـان بـاس لـە (ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە ئاشـتبوونەوەی نێـوان پارتـە سیاسـییەکانی باشـووری کوردسـتان) دەکات، کـە تیایـدا ڕۆڵـی پـارتی و ئـەو فاکتەرانـەی کـە بوونە هۆی ئاشـتبوونەوەی گشـتی، خراوەتـەڕوو، بـاسی دووەمیشـیان تەرخانکـراوە بـۆ (ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە چالاکییـەکانی لەشـکری دژی حکوومـەتی عێـراق)، لـەم باسـەدا دیارتریـن و گەورەتریـن ئـەو چالاکییـە لەشـکرییانەی کـە پـارتی ئەنجامـی داون دژی حکوومەت، لەگەڵ کاریگەری ئاشـتبوونەوە و هەماهەنگی نێو هێزە کوردسـتانیەکان لەم نێوەنـدەدا، باسـکراوە. بـاسی سـێیەمیان کـە بریتیە لـە (ڕۆڵی پـارتی دیموکراتی کوردسـتان لـە دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی)، تیایـدا بـاس لـە ڕۆڵـی پـارتی لـە دامەزرانـدنی بەرەو، ئـەو بارودۆخـەی کـە ئـەم بـەرەی تێیـدا دامـەزراوە، خراوەتە بـەر لێکۆڵینەوە. سـەبارەت بـە بـاسی چـوارەم کـە دوا باسـە لـە کۆتایـی بـەش، تایبەتـە بـە: (ڕۆڵـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە سـەرهەڵدانی ڕاپەڕینـی ئـاداری ١٩٩١ی کوردسـتان)، کـە تیایـدا زانیـاری لە بـارەی بارودۆخـی ئەوسـای باشـووری کوردسـتان، ڕۆڵـی پـارتی و بـەرەی کوردسـتانی بـە گشـتی لـە سـەرهەڵدانی ڕاپەڕیـن دیاریکـراوە.

- **شیکردنەوەی سەرچاوەکان**

ئـەو سـەرچاوانەی لـە ئامادەکـردنی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا سـوودی لێبیـنراوە، جۆراوجـۆرن، بـە زمانـەکانی کـوردی و عـەرەبی و ئینگلیـزی، بـە شـێوەیەك ئەوانـە بریتیـن لـە: (بەڵگەنامـە و بڵاوکـراوەی حزبـی و بەرەیـی، بیـرەوەری و یاداشـت، سـەرچاوەی زانکۆیـی (نامـەی ماسـتەر و تێـزی دکتـۆرا)، پەرتـووك، لێکۆڵینـەوە و وتـاری ڕادیـۆکان، ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان، بڵاوکـراوەی دەنگوبـاس، قامـوس و ئینسـکلۆپیدیا، چاوپێکەوتـن و پەیوەنـدی تەلەفـۆنی)، کـە هەموویـان لـە لیسـتی سـەرچاوەکاندا خراونەتـەڕوو. هـەر چەنـدە تـەواوی سـەرچاوەکان گرنگـی خۆیـان هەیـە بـەڵام لێـرەدا لێکۆڵـەر هەوڵیـداوە ئـەو سـەرچاوانەی زۆرتریـن زانیـاری لێوەرگیـراوە بخرێتـەڕوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێـت ڕەچـاوی سروشـتی لێکۆڵینەوەکـە بکرێـت کـە تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، ئەمـەش وای کـردووە پێویسـتی بـە سـەرچاوەی جیـاواز هەبێـت، جـاری واش هەبـووە تەنهـا زانیاریـەك لـە پەرتووکێکـدا وەرگیـراوە، بـەوەش کەلێنێـکی گـەورەی پڕکراوەتـەوە.

- **بەڵگەنامەکان**

ئەمـەش بەڵگەنامـەی بڵاونەکـراو و بڵاوکـراوە هەیـە، هـەر دووکیـان سـەرچاوەیەکی گرنـگ و باوەڕپێکـراون لـە مەیـدانی لێکۆڵینـەوەدا، وەك سـەرچاوەیەکی بنـەڕەتی مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت، لەبـەر ئـەوە لـە لایـەن دەزگایـەکی فەرمـی، حکوومـی یـان حزبـی یـان ئـەو کەسـانەی کـە لـە نـاو ڕووداوەکانـدا بـوون دەرکـراوە کـە شـارەزا و پسـپۆڕی ئـەو بـوارە بـوون. بەڵگەنامـەکان هەمـوو ئـەو نوسراوانـە وەك: (بەیاننامـە، ڕاپـۆرتی سیاسـی، نامـەی کەسـایەتی، بەلاغـات، نوسراو...تـاد) لەخـۆ دەگرێـت، هـەر چەنـدە بەشـێکی زۆری بەڵگەنامـەکانی ئـەو ماوەیـە لێکۆڵینـەوەی لـە سـەر کـراوە و بڵاوکراونەتـەوە، بـەڵام لێکۆڵـەر هەوڵیـداوە ئەوەنـدەی دەسـتی کەوتبێـت سـوودی لـێ وەرگرتـووە، هەندێکیـان ڕاسـتەوخۆ لـە پاشـکۆی نامەکـە وەك خـۆی دانـاوە و وەك پاراسـتنی ئەمانـەتی زانسـتی ئامـاژە بـەو ئەرشـیف و بنکـە و شـوێن و سـەرچاوانە کـراوە کـە دەقـی بەڵگەنامەکـەی لێوەرگیـراوە، بـەوەش لێکۆڵینەوەکـە دەوڵەمەندتـر و بەپێزتـر کـردووە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ژمارەیـەك بەڵگەنامـەی بڵاونەکـراو لـە (ئەرشـیفخانەی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، بنکـەی ژیـن) بـە

دەست لێکۆڵەر گەیشتووە، بایەخێکی زۆری زانستی هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکە.

- **بڵاوکراوەی حزبی و بەرەییەکان**

بە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکان دادەنرێت، ئەم گرنگیەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە لایەن دەزگایەکی فەرمی حزب یان بەرە لەوانە: (جوقد، جود، کوردستانی)، یاخود کەسانی نێو حزبەکان دەریکردووە، ئەمانە بە زۆری لە بەشی دووەم، هەروەها باسی یەکەم و سێیەمی بەشی سێیەم بەکارهاتوون.

- **بیرەوەری و یاداشتەکان**

بە هەمان شێوە بەیەکێ لە سەرچاوە پڕ بایەخ و گرنگانە دادەنرێن، ئەمەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە نووسەرەکانیان لە نێو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا ژیاون یاخود لە بارودۆخەکە نزیك بوون، زانیاریان لەو بارەیەوە خراوەتەڕوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بیرەوەری و یاداشتەکان لە کەم وکوڕی بەدەرنین، لەبەر ئەوە زۆرجار نووسەر لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی تەنها باسی لایەنە باشەکانی خۆی یان حزبەکەی دەکات، بە پەسنەوە زانیاریەکان دەخاتە بەرباس یاخود لایەنگیری حزبەکەی و لایەنی بەرامبەر تاوانبار دەکات، بەڵام هەرچۆنێك بێ لێکۆڵینەوەکە سوودی لە یاداشت و بیرەوەرییەکان بینیوە، لە نموونەی ئەو سەرچاوانەی کە لێکۆڵەر سوودی لێوەرگرتووە بریتین لە: (سەرەتای شۆڕشی نوێ ساڵی ١٩٧٦ چۆن دەستی پێکرد؟!)ی مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، (بەرەی خۆر، بەرگی یەکەم)ی فازڵ ڕەئوف، (چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ڕووداو و بەڵگەنامە بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم)ی فاتح ڕسووڵ، (بیروەریەکانم)ی ئەحمەدی بانیخێلانی، (سەربردە کورتەیەك لەبیروەرییەکان) و (ساڵێك لە شێخ وەسانان)ی محمد مەلا قادر، (بیرەوەری پێشمەرگەیەك)ی سەید کاکە، (لە کەناری دانوپەوە بۆ خری ناوزەنگ) و (پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن) و (خولانەوە لەناو بازنەدا)ی نەوشیروان مستەفا ئەمین، ئەمانە گشتیان پشکی زۆریان لە لێکۆڵینەوەکەدا بەرکەوتووە، لێکۆڵینەوەکەیان دەوڵەمەندکردووە، جگە لەمەش چەندین بیرەوەری تر لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکارهاتووە.

- **دەستنووسەکان**

ئەمەش سەرچاوەیەکی گرنگە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە لە لایەن نووسەر پارێزراوە و بڵاونەکرایەوە، لە نموونەی ئەم دەستنووسانە لێکۆڵەر سوودی لە دەستنووسی: (فوئاد میرانی و یاسین تەها)وەرگرتووە، وەك سەرچاوەیەکی گرنگ لە لێکۆڵینەوەکەدا.

- **سەرچاوەی زانکۆیی (نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا)**

ئەمەش نامەی بڵاوکراوە و بڵاونەکراو دەگرێتەوە، بە هەر دوو شێوە گرنگن، گرنگی نامەکان لەوەدایە بە شێوەیەکی ئەکادیمی نووسراون، لە لایەن لێژنەی پسپۆڕەوە تاوتوێکراون، لێکۆڵەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودی لە چەند نامەیەك وەرگرتووە، لە نموونەی ئەو نامانە: (سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان ١٩٧٥ - ١٩٨٩)ی فاروق محمد محمدئەمین، (حزبی شیوعی عێراق و ڕۆڵی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا ١٩٧٥ -١٩٩١)ی ژیلوان عەبدولا احمد، (ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی باشووری کوردستان)ی ئاراس عبدالرحمان مستەفا، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە چەندین سەرچاوەی تری زانکۆیی.

- **پەرتووك**

سەرچاوەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوەکەیە، زانیاری گرنگی بە لێکۆڵینەوەکە بەخشیوە، ئەو پەرتووکانەی کە لێکۆڵەر سوودی لێوەرگرتووە، بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسراون، بریتین لە: (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم)ی مسعود بارزانی، (تاریخ الحزب االديمقراطی الكردستانی - العراق في محطات رئيسية ١٩٤٦ - ١٩٩٣)ی حبيب محمد كريم، (ڕێککەوتنامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لە سەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشوور)ی کامەران بابان زادە، بەشی زۆری ئەمانە لە دەروازەدا بەکارهاتوون، هەروەها (بزووتنەوەی نەتەوەی کورد)ی کریس کۆچێرا، (کوردی عێراق)ی ئۆفرابینگیو، (مێژووی هاوچەرخی کورد)ی دیڤید ماکداول، لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تر کە ناکرێ ئاماژەی پێ نەکەین ئەوانەش: (براڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە

ساڵەكانی جەنگی عێراق و ئێراندا ١٩٨٠ – ١٩٨٨) و (سیاسەتی حكوومەتی عێراق لە كوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمیەكاندا ١٩٧٥ – ١٩٩١) بەرگی یەكەم و دووەم) ی د.علی تەتەر نێرەویی، (ژیانی سیاسی لە باشووری كوردستان ١٩٧٥- ١٩٩١)ی سلام عبدالكریم، ئەمانە لە نێو سەرچاوەكانی پەرتووك زۆرترین زانیاری زانستی لێوەرگیراوە، لەبەر ئەوە نزیك بوون لە باسەكە و دەوڵەمەندن لە بەڵگەنامەی باوەڕپێكراو، هەروەها تا ڕادەیەكی باش ڕێنیشاندەری لێكۆڵەر بوون لە كاتی گەڕان بە دوای زانیاری و سەرچاوەی تر، جگە لەمانەش چەندین پەرتووكی تر كە گشتیان بەها و بایەخی خۆیان هەیە و بەشێكی گرنگی زانیاری ئەو قۆناغە مێژوویەی پارتی تیایدا بوون، بوون بە سەرچاوەی گرنگی لێكۆڵینەوەكە.

- **لێكۆڵینەوە و وتاری ڕادیۆیی**

ئەمانەش وەك سەرچاوەیەكی بەهاو بە نرخ لێكۆڵەر پشتی پێ بەستووە ، كە بریتین لە: (ووتار و هەواڵ و پەیام...تاد)، كە زیاتر خۆیان لە (ئێستگەی دەنگی كوردستانی - عێراق)دا دەبیننەوە، كە ڕۆژانە یاخود جاری وا هەبووە هەفتانە، لەو ماوە مێژووە دیاریكراوەدا، بڵاودەكرانەوە.

- **ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوكراوەی دەنگوباس**

ئەمانە وەكو سەرچاوە زۆرترین زانیاری بە لێكۆڵینەوەكە بەخشیوە، واتا لێكۆڵەر بە پلە یەك پشتی بە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوكراوەی دەنگوباسی پارتی بەستووە، ئەوانەی سوودی لێوەرگرتووە بە زمانی كوردی و عەرەبی نووسراون، تەنانەت دەتوانین وابڵێین كە ئەمانە دروستكەری لێكۆڵینەوەكەن بە تایبەت بەشی دووەم و سێیەم كە زۆرترین زانیاری لەمانە سەرچاوەی گرتووە، لە نموونەی ئەو سەرچاوانە: (ڕۆژنامەی خەبات، برایەتی، دەنگوباسی كوردستان ...تاد) كە زانیاری زۆری لە بارەی مێژووی پارتی بە لێكۆڵینەوەكە داوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئۆرگانی حزبەكانی تر لەوانەش یەكێتی وەك: (ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، الشراره)، لەگەڵ ئۆرگانی بەرە وەك: (جود و كوردستانی)، بۆ لێكۆڵینەوەكە بە نرخ بوون، زانیاری بە لێكۆڵینەوەكە بەخشیوە.

- **قاموس و ئینسكلوپیدیا**

وەك سەرچاوە بۆ لێكۆڵینەوەكە بە سوود بوو، بە تایبەتی بۆ پێناسە و ناساندنی

هەولێرنامەی كتێب

ناوی کەسایەتی و شوێن و زاراوەی سیاسی...تاد، لێکۆڵەر پشتی پێ بەستووە.

- **چاوپێکەوتن و پەیوەندی تەلەفۆنی**

ئەمانەش سەرچاوەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوەکەیە، لێکۆڵەر هەوڵیداوە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشێکی ئەو کەسایەتیانەدا ئەنجام بدات کە لە ناو ڕووداوەکاندا بوون یاخود لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بوونە، بە تایبەت بۆ هەندێك پرس کە زانیاری لە سەر کەمە، یاخود بیروڕای جیاواز لە سەری هەیە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا بەندە چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ کەسانی ناو ڕووداوەکان ئەنجام داوە، کەڵکی لێوەرگرتووە.

لە وتەی کوتاییدا، پێویستە مرۆڤ ئەوە بزانێت هیچ کارێك لە کەم و کوڕیی و هەڵە بەدەرنابێ، بەڵام مرۆڤ ئەو کاتە ئاسوودە ئەبێت کە ئەم کارەی دەستی دەداتێ بە دڵسۆزییەوە هەوڵی بۆ بدات نەك تەنها لە پێناو ڕاییکردن بێت، دیارە ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵی مرۆڤە، مرۆڤەکانیش لە کەم و کوڕی و هەڵە بەدەرنین، ئەگەر لە شوێنێك کەوتبمە هەڵە لە کەم توانایی خۆمەوە بووە، داوای بەخشین لە خوێنەر دەکەم، لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم هیوادارم ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرچاوڕونیەك لە مێژووی ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بخاتە کتێبخانەی کوردییەوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پوختەی توێژینەوەکە

پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان - عێـراق وەکـو پارتێـکی نەتەوەیـی لـە مێـژووی دامەزراندنیـەوە (١٦ی ئـاب ١٩٤٦) بـەردەوام لـە خەباتـدا بـووە و چەندیـن قۆناغـی گرنگـی تێپەڕانـدووە، قۆناغـی سـاڵی (١٩٧٦-١٩٩١)، یەکێکە لـەو قۆناغـە گرنگانـەی کـە پـارتی پێیـدا تێپەڕیـوە، ئـەم سـەردەمە بـە سـەردەمێکی گرنـگ لـە مێـژووی ڕۆڵـی پـارتی لـە بـزاڤی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان دادەنرێـت.

خەبـاتی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە مـاوەی (١٩٧٦-١٩٩١) بـە شـێوەیەکی گشـتی بـە دوو قۆناغـی جیـاوازدا تێپـەڕی، یەکەمیـان مـاوەی سـاڵانی(١٩٧٦-١٩٧٩) کـە بـە قۆناغـی سـەرکردایەتی کاتی- پـارتی نـاسراوە، دووەمیـان مـاوەی سـاڵانی(١٩٧٩-١٩٩١) کـە بـە قۆناغـی بوژانـەوەی پـارتی دەناسرێـت. قۆناغـی سـەرکردایەتی کاتی مـاوەی چـوار سـاڵی خایانـد، تیایـدا پـارتی چەندیـن هەڵشـکان و داشـکان و ڕووداوی گرنـگ و نەخـوازراوی بەخۆیـەوە بینیـوە، هەروەهـا ژمارەیـەك لـە ئەندامـانی پێشـووی سـەرکردایەتی کـە لـە کۆنگـرەی هەشـتەم لـە سـاڵی(١٩٧٠) هەڵبژێردرابـوون، ڕێگایـەکی تریـان گرتەبـەر و وازیـان لـە ڕیـزەکانی پارتی هێنـا، بۆیـە دەبینیـن دوای تێکوشـانێکی زۆر لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٧٥، پـارتی بـە شـێوەیەکی کاتی لـە سـەر بنەمـای دەستنیشـانکردن لـە ژێـر نـاوی سـەرکردایەتی کاتی خـۆی ڕێکخسـتەوە و چاوەڕوانی دەرفەتێـکی گونجـاوی دەکـرد بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی نوێیەمـی حـزب، لـە ڕاسـتیدا خۆڕێکخسـتنەوەی پـارتی تەنهـا خۆڕێکخسـتن نەبـوو بـۆ هەڵگیرسـاندنی خەبـاتی چەکـداری، بەڵکـو بـە سـوود وەرگرتـن لـە ئەزمـوونی شـۆڕشی ئەیلـوول، بـە خوداچوونـەوە و ڕەخنەگرتنـی ئـەو خاڵـە لاوازانـەش بـوو کـە لەبـوارە جیاجیاکانـدا هەیبـوو.

دوای خۆڕێکخسـتنەوە، پـارتی لـە٢٦ی ئایـاری١٩٧٦ کـۆدی ئەو گەمارۆیەی شـکاند کە لـە ئەنجامـی مۆرکردنی ڕێککەوتننامـەی جەزائیر دەوری بزاڤی ڕزگاریخـوازی گەلی کوردی دابـوو، جارێـکی تـر ئاگری شۆڕشـی هەڵکرد، لـە ئەدەبیاتی پارتیشـدا ئەم شۆڕشـە بە ناوی شـۆڕشی گـوڵان نـاسراوە لەبەر ئەوە لـەو مانگەدا تەقەی شـۆڕش دەنگـی دایەوە.

پـارتی دیموكـراتی كوردسـتان بـە پێچەوانـەی قۆناغـی پێشـوو (١٩٤٦ – ١٩٧٥)، لـەم ماوەیـەدا بـە هـۆی هەڵومەرجـی ئەوسـای باشـووری كوردسـتان و پەیدابـوونی چەنـد حزبێـكی نـوێ، وەك پێویسـتیەكی مێژوویـی، ئـەوەی ڕەتكـردەوە كـە هەبـوونی حزبـەكانی تـر لـە مەیـدان نەمێنـێ، هەروەهـا دانی بـە بارودۆخەكـە دانـا و مەرجـی سـەركەوتنیشی بـە خەبـاتی هاوبـەش و پەیوەنـدی دۆسـتانە لەگـەڵ حزبـەكانی دیكـە بەسـتەوە، لـەو پێناوەشـدا هەوڵێـكی زۆریـدا، بـەڵام بـە هـۆی پەسـەندنەكردنی پـارتی لـە لایـەن حزبەكانی تـر بـە تایبـەتی یەكێتـی نیشـتیمانی كوردسـتان كـە بـە هەمـوو شـێوەیەك قەدەغـەی بـوونی پارتیـان دەكـرد لـە مەیـدانی خەبـات، بـۆ ماوەیـەك پـارتی خزاندبـووە نێـو ململانـێ و شـەڕی ناوخـۆ.

پـارتی دیموكـراتی كوردسـتان بـۆ یەكەمجـار لـەدوای نسـكۆی ئـاداری ١٩٧٥، دوای ٩سـاڵ بـە سـەر كۆنگـرەی هەشـتەمی سـاڵی١٩٧٠، لـە تشـرینی دووەمـی ١٩٧٩، كۆنگـرەی نۆیەمـی خـۆی لـە ڕۆژهـەڵاتی كوردسـتاندا سـازدا، نـاوی بنـەڕەتی كـە (پـارتی دیموكـراتی كوردسـتان)ە گەڕایـەوە شـوێنی خـۆی، كۆتایـی بـە قۆناغـی سـەركردایەتی كاتی هـات.

سـەرهەڵدان و سـەركەوتنی شـۆڕشی گـەلانی ئێـران لـە شـوباتی ١٩٧٩، بـە ڕووداوێـكی گرنگـی مێژوویـی ناوچەكـە دادەنرێـت كـە كۆتایـی بـە ڕژێمـی شاهەنشـاهی ئێـران هێنـا و كۆمـاری ئیسـلامی لـەو وڵاتـەدا ڕاگەیانـد. ئـەم شۆڕشـە كاریگـەری گـەورەی لـە سـەر شـێوازی خەبـاتی پـارتی دروسـت كـرد، چونكـە ئـەم شۆڕشـە لـە كاتێكـدا بـوو پـارتی بـۆ دووبـارە خۆڕێكخسـتنەوە پشـتی بـە توانـا مرۆییـەكانی پەنابـەران دەبەسـت، كـە حكوومـەتی شـا لـە مـاوەی (١٩٧٥ – ١٩٧٩)، بـە هەمـوو شـێوەیەك ڕێگـری دەكـرد لـە چالاكـی سیاسـی و لەشـكری، بـەڵام بـە ڕووخـانی شـا دۆخێـكی نـوێ هاتـە ئـاراوە كـە پـارتی بـە پلـە یـەك سـوودی لێبینـی، خەبـاتی پـارتی لـە سـەر ئاسـتی سـیاسی و لەشـكری بـە شـێوەیەكی گشـتی جووڵـەی تێكەوتـەوە.

جەنگـی عێـراق - ئێـران (١٩٨٠ – ١٩٨٨)، ڕەنگدانـەوەی ئەرێنـی و نەرێنـی لـە سـەر پـارتی هەبـوو، لـەو ماوەیـەدا پـارتی تـا ڕادەیـەك كەوتـە ژێـر كاریگـەری سیاسـەتی ئێـران، كاریگەریەكـە بەشـێوەیەك بـوو كـە ڕۆڵـی هەبـوو لـە ئاڕاسـتەكردنی خەبـاتی پـارتی بەرامبـەر بـە حكوومـەتی عێـراق و پەیوەندییـەكانی لەگـەڵ حزبـەكانی تـری نێـو بزاڤـی ڕزگاریخـوازی كـورد و قوڵبوونـەوەی شـەڕی ناوخـۆی نێوحزبـەكان. بـەڵام لەگـەڵ

ئەوەشدا ئەم جەنگە فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ گەشەکردنی خەباتی پارتی کە بەهێزتر و کاریگەرتر لە گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەیی دەرکەوێت.

پارتی کاراکتەرێکی سەرەکی بوو لە کۆکردنەوەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی حکوومەتی عێراق، ئەوە بوو بەرەی (جود)ی پێکهێنا، ئەم بەرەیە ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە خەباتی سیاسی و لەشکری دژی حکوومەتی عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەرەیە ململانێ و شەڕی ناوخۆی لە ساڵانی (١٩٨٠ – ١٩٨٦) گەرمتر کرد، بەڵام لەساڵانی دواتر هەوڵێکی زۆریدا بۆ کۆتایهێنان بە شەڕی ناوخۆ، ئەنجامەکەشی ئاشتەوایی گشتی لێکەوتەوە.

لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان وەك هێزی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە پاڵپشتی بەرگری میللی، بە چەکێکی سادە لە دۆخێکی هەستیار بەرامبەر سوپای پڕ چەکی پێشکەوتووی حکوومەتی عێراق، بە درێژایی ئەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا، بە دیاریکراویش ماوەی نێوان (١٩٨٦ – ١٩٨٨)، چەندین داستانی گەورە و کەم وێنە لە مێژووی شۆڕشی گوڵاندا تۆمارکراون، بە جۆرێك لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێکەوتبووەوە.

ئاشتبوونەوەی گشتی نێو هێزەکانی کوردستان بەبێ ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی وەك دوو هێزی سەرەکی سەر گۆڕەپانی سیاسی و چەکداری باشووری کوردستان، ئاشتبوونەوەیەکی گشتی نەبوو لەبەر ئەوە سەرچاوەی شەڕی ناوخۆ و هەموو کێشە و گرفتەکانی تر بەسترا بووەوە بە ئاستی پەیوەندی نێوان هەر دوولا، لەم نێوەندەدا پارتی لە ماوەی (١٩٨٠ – ١٩٨٦)، پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ هەموو هێزەکانی تر لە چوارچێوەی بەرەی (جود)دا دروستکرابوو، هەموویان لە دەوری یەك ئامانج لە خەباتدا بوون دژی حکوومەتی عێراق، بەڵام لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا، پەیوەندی پارتی و یەکێتی لە ئاستێکی خوێناویدا بوو، بەڵام دوای وەستاندنی گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەت، هەڵگرتنی دروشمی ڕووخانی ڕژێمی بەعس وەك دروشمی ڕاستەقینەی شۆڕش لە لایەن یەکێتیەوە، بە نێوەندگیری ئێران لە تشرینی دووەمی ١٩٨٦، ڕێککەوتنامەی ئاشتەوایی لە نێوان پارتی و یەکێتی هاتە ئاراوە، بە ماوەیەکی کەم دوای ئەم هەنگاوە ئاشتبوونەوەی گشتی نێو هێزە کوردستانیەکان لێکەوتەوە و کۆتایی بە قۆناغی ناسەقامگیری و شەڕی ناوخۆیی هات.

پـاش ئاشـتبوونەوەی گشـتی، لـە پـاڵ لایەنـەکانی تـری کوردسـتانی، پـارتی ڕۆڵێـکی گرنگـی بینـی لـە دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی، ڕووبەڕووبوونـەوەی پێشـهاتەکانی دواتـر بەتایبـەتی ڕاپەڕینـی ئـاداری ١٩٩١.

پەلامـاردانی باشـووری کوردسـتان لـە لایـەن حکوومـەتی عێـراق بەتایبـەت لـە بەهاری سـاڵی ١٩٨٨، لـە ڕێـگای بەکارهێنـانی هەمـوو جـۆرە چەکێـکی مۆدێـرن و پیادەکـردنی کیمیابـاران لـە ناوچـە جیـاوازەکانی باشـووری کوردسـتان، هەروەهـا کاریگـەری وەسـتانی جەنگـی عێـراق - ئێـران، پـارتی وەکـو هەمـوو هێـزەکانی تـری بـەرەی کوردسـتان، دووچـاری شکسـتێکی گەورەبـوو، لـە ئەنجامـدا حکوومـەتی عێـراق دەسـتی بەسـەر باشـووری کورسـتاندا گرتـەوە.

پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـە هـۆی هەبـوونی هەڵوێسـتێکی یەکگرتـوو لـە نێـو هێـزە سیاسـییەکان، لـە ژێـر گۆڕانکارییـەکانی ناوچەکـە لـە نموونەیـان جەنگـی دووەمـی کەنـداو لـە هاوینـی١٩٩٠، توانـی لـە ڕێگـەی پێشـمەرگە و ڕێکخسـتن و شـانە نهێنیـەکانی نـاو شـارەکانی کوردسـتان، لـە پـاڵ لایەنـەکانی تـری بـەرەی کوردسـتانی بـە بەرنامەیـەکی تۆکمـە، جەمـاوەری کوردسـتان سـاز و ئامـادە بـکات و ڕاپەڕینـی ئـاداری ١٩٩١ی باشـووری کوردسـتان بخوڵقێنـێ، هەروەهـا ڕۆڵێـکی گرنـگ و بەرچـاو و کاریگەرانـەی هەبـووە لـە بەشـداریکردن لـە ڕاپەڕیـن و قۆناغـەکانی دوایـدا.

## دەروازە

# کورتە مێژوویەکی ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ١٩٤٦- ١٩٧٥

لە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کە لە ئەنجامی دووەمین جەنگی جیهان بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هات، بە تایبەتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان(١)، بووە هاندەرێك بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی هۆشیاری نەتەوەیی، ئەم تاقیکردنەوەیە بیری (لێژنەی ئازادی)(٢)، لە مەڕ بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان خاو نەکردەوە، بەڵکو ئەمەو ئەو ئەزموونەی لە ڕاپەڕینی(١٩٤٣- ١٩٤٥)ی بارزان بە دەستهاتبوو، زەمینەیەکی لە باری بۆ دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕی ڕەخساند(٣)، کە گەلی کورد لە چوارچێوەی چەترێکی یەکگرتوو کۆبکاتەوە، کە لەگەڵ پایە نوێیەکەی بزاڤی گەلی کورددا بگونجێت(٤). پاش لێکدانەوەیەکی قووڵی ڕەوشی ناوچەکە و لە بەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە سیاسی

---

(١) بۆ زانیاری لەبارەی کۆماری کوردستان بڕوانە: ولیام ئیگلتون جوبیر، حکوومەتی میللی کوردستان (مهاباد-١٩٤٦)، و سەید محەمەدی سەمەدی، چاپخانەی شفان، سلێمانی،٢٠١٢، ل١٠٩بەدواوە؛ حامید گەوهەری، کوماری کوردستان١٩٤٦/١/٢٢-١٩٤٦/١٢/١٧، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٩٢بەدواوە.

(٢) لێژنەی ئازادی پێکهاتبوون لە: (مستەفا بارزانی ـ سەرۆك و هەمزە عەبدوڵا و میرحاج ئەحمەد و نووری ئەحمەد تەها و مستەفا خۆشناو و محەممەد مەحموود قودسی و خەیروڵا عەبدولکەریم و عیزەت عەبدولعەزیز)، لە سەرەتادا بەشێك لەو ئەفسەرانە ئەندامی حزبی هیوا بوون، بەڵام دواتر پەیوەندییان بە ڕاپەڕینی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان کرد. بڕوانە: حبیب محمد کریم، تاریخ الحزب الدیمقراطی الکردستانی- العراق فی محطات رئیسیة (١٩٤٦-١٩٩٣)، مطبعة خەبات، دهوك،١٩٩٨، ص٣٣.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(١٩٣١-١٩٥٨)، ب.ش،ب.س، ل١٨٧.

(٤) علی عبداللە، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی، ب.ش، ئەیلوول ١٩٦٨، ل٤٤.

و ئابــووری و کۆمەڵایەتییــەی، کــە باشــووری کوردســتان و ناوچەکــە بــە گشــتی پێــدا تێدەپــەڕی، مســتەفا بــارزانی(١٩٠٣-١٩٧٩) لەگــەڵ ئەفســەرە نیشــتمانپەروەرەکانی لێژنەی ئــازادی بڕیــاری دا پارتێــك دابمەزرێنێــت، کــە بتوانێــت ئــەرکی بزاڤــی گــەلی کــورد بخاتــە ســەر شــانی خــۆی، ئــەم بیرۆکەیــەش لــە کۆتاییــەکانی شــوباتی ١٩٤٦ گەڵاڵــە بــوو[١]، دوای ماوەیــەکی کــەم دەســتەی دامەزرێنــەر لــە شــاری مەهابــاد لــە ڕۆژهــەڵاتی کوردســتان پێکهێــنرا[٢]. مســتەفا بــارزانی هــەر زوو هەســتی بــە نیگەرانییــەکانی دەســەڵاتدارانی کۆمــاری کوردســتان کــرد، بــە تایبــەتی پێشــەوا قــازی محەمــەد(١٩٠٠-١٩٤٧) لــە مــەڕ ئــەم جموجووڵــە، کــە ناوبــراو بــە گونجاویــان نــەدەزانی ســنووری کۆمــاری کوردســتان ببێتــە مەیــدانی خەبــاتی باشــووری کوردســتان، بــە هــۆی ئــەو قۆناغــە هەســتیارەی کۆمــاری کوردســتان پێیــدا تێدەپــەڕی، بۆیــە بــارزانی بڕیــاری دا[٣]، (هەمــزە عەبــدوڵا) [٤]، وەك نوێنــەری خــۆی بــە چەنــد ڕاســپاردەیەك ڕەوانــەی باشــووری کوردســتان بکاتــەوە. دەســتەی دامەزرێنــەری پارتەکــە هــەر لــە شــاری مەهابــاد بەیاننامەیــەکی بــۆ گــەلی کــورد لــە باشــووری کوردســتان دەرکــرد، ئــەم بەیاننامەیــە بانگەوازێــك بــوو بــۆ هەمــوو هێــزە نیشــتمانپەروەرەکانی کوردســتان بــۆ تێکۆشــان و یەکگرتــن لــە چوارچێــوەی پارتێــکی نەتەوەیــی شۆڕشــگێڕیدا، بــۆ ئــەوەی ببێتــە هاندەرێــکی ســەختی درێژخایــەن لــە پێنــاو بەدیهێنــانی مافــەکانی گــەلی کــورد[٥]. لــە درێــژەی هەوڵەکانیــدا، (هەمــزە عەبــدوڵا) لــە بەهــاری ١٩٤٦ لــە ســەر داوای مســتەفا بــارزانی گەڕایــەوە باشــووری کوردســتان، کەوتــە پێوەندیکــردن لەگــەڵ هێــزە کوردییــەکانی عێــراق، بــۆ ئــەم مەبەســتە چەنــد ڕاپۆرتێــك

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

(٢) دەســتەی دامەزرێنــەر بریتــی بــوون لــە: (مســتەفا بــارزانی ـ ســەرۆك و هەمــزە عەبــدوڵا و میرحــاج ئەحمــەد و نــوری ئەحمــەد تەهــا و مســتەفا خۆشــناو و محەممــەد مەحمــود قــودسی و خەیــروڵا عەبدولکەریــم و عیــزەت عەبدولعەزیز)...بــۆ زانیــاری زیاتــر بڕوانــە: هەیئــەی دامەزرانــدنی پــارتی دیموکــراتی کــورد لــە مەهابــاد لەســاڵی ١٩٤٦، برایــەتی، ڕۆژنامــە، ژ:(٢١٧٦)، ١٩٩٦/٧/١٥، ل٣.

(٣) حســن بــارام، مەوســوعەی پارتــە سیاســیەکانی کوردســتان و عێــراق (١٩٠٨-٢٠٠٥)، چاپخانــەی ڕەهەنــد، ســلێمانی ،٢٠١٢، ل١٢٨.

(٤) هەمــزە ســاڵی ١٩٩٨ لــە ســلێمانی کۆچــی دوایــی کــرد. بڕوانــە: ڕەفیــق ڕەحــمان مــام خــول، مســتەفا بــارزانی ڕۆڵ و هەڵوێســتی لــە پێشــهاتە سیاسییەکاندا ١٩٥٨-١٩٧٠،چ٢، چاپخانــەی شــەهاب، هەولێــر،٢٠١٣،ل٣٩.

(٥) جــەلال تاڵەبــانی، کوردســتان و بزوتنــەوەی نەتەوایــەتی کــورد، بڵاوکــراوەکانی کتێبخانــەی جــمال عــلی باپیــر، بیــروت، ١٩٧٠، ل١٢٨.

دران بـە سـەرکردایەتی هـەر دوو پـارتی ( شـۆڕش، ڕزگاری)[١]، هەروەهـا لقـی (پـدك ـ ئێـران)[٢] لـە باشـووری کوردسـتان[٣]، بـە ئامانجـی یەکخسـتنەوەی توانـاکانی کـورد لـە دەوری یـەك پـارت، کـە لـە ئاسـت بەرژەوەنـدی بـاڵای کوردسـتاندا بێـت. دوای ئـەم هەنـگاوە بارودۆخێـکی لـە بـار ڕەخسـا بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی دامەزرانـدنی پارتـە نوێیەکـە، لـەم بـارەوە جـەلال تاڵەبـانی دەنووسـێت: ”دوای هەڵوەشـانەوەی هـەر دوو پـارتی شـۆڕش و ڕزگاری، ئەندامـانی پارتـە نوێیەکـە لـە هەمـان ئەندامـانی پـارتی شـۆڕش و ڕزگاری پێکهاتـن»[٤]. سـەرئەنجام کۆنگـرەی یەکەمـی حـزب لـە ١٦ی ئـابی١٩٤٦ بـە شـێوەی نهێنـی لـە شـاری بەغـدا لـە ماڵـی (سـەعید فەهیـم)[٥]، بـە ئامادەبـوونی ٧٠

(١) پـارتی شـۆڕش لـە دوای پێگەیشـتنی ڕاسـپاردەکانی مسـتەفا بـارزانی لـە هەفتـەی یەکەمـی مانگـی ئـابی ١٩٤٦، کۆنگـرەی خـۆی بەسـت بـە ئامانجـی بڕیـاردان لـە سـەر چارەنـووسی پارتەکـەی، دوای گفتوگۆکـردن لـە سـەر ڕاسـپاردەکانی بـارزانی جگـە لە:(سـالح حەیـدەری وحەمیـد عوسـمان وجەمـال حەیـدەری) وەك ئەندامـانی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی شـۆڕش ناڕەزایـی خۆیـان دەربـڕی بەرامبـەر ڕاسـپاردەکان، بـە تایبـەت ناکـۆك بـوون لـە سـەر هەڵبـژاردنی هـەردوو جێگرەکـەی، ئـەوان دەیانویسـت لـە سـەر بنەمـای زانسـتی و توانسـتی سـەرکردایەتی پارتەکـە دابنرێـن بـە قسـەی خۆیـان نـەك لـە سـەر بنەمـای کۆمەڵایـەتی کـە هـەر دوو جێگرەکـە مولْکداربـوون، بـەڵام لـە ئـاکام بـە زورینـەی دەنـگ پـارتی ناوبـراو هەڵوەشـاندەوە و بـەشی سـەرەکی ئەندامـانی چوونـە پـاڵ پـارتی دیموکـراتی کـورد. سـەبارەت بـە پـارتی ڕزگاری لـە هەفتـەی دووەمـی دوای کۆنگـرەی پـارتی شـۆڕش کۆنگـرەی خـۆی بەسـت، بـە کـۆی دەنـگ ڕازی بـوون لـە سـەر ڕاسـپاردەکانی بـارزانی و لـە ئاکامـدا بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی حیزبەکـەی خۆیانـدا و بەهەمـان شـێوە چوونـە پـاڵ پـارتی دیموکـراتی کورد...بـۆ زانیـاری زیاتـر بروانـە: عبدالسـتار طاهـر شریـف، الجمعیـات والمنظـمات والأحـزاب الکردیـة فـی نصـف قـرن ١٩٠٨-١٩٥٨، بغـداد، ١٩٨٩،ص ٢٠٩.

(٢) لقـی (پـدك ـ ئێـران) لـە لایـەن ئیبراهیـم ئەحمـەد(١٩١٤ ـ٢٠٠٠) بەڕێـوە دەبـرا، ڕاسـپاردەکانی بـارزانی بـە بـێ ڕەزامەنـدی قـازی محەمـەد ڕەتکرانـەوە تاوەکـو ڕووخـانی کۆمـاری کوردسـتان، ئینجـا ناوبـراو بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی ئـەم لقـەی دەرکـرد و چـووە پـاڵ پارتی...بـۆ زانیـاری زیاتـر بروانـە: ئامانـج حسـن أحمـد، برایـم ئەحمـەد ڕۆڵـی لـە بزاڤـی ڕزگاری و ڕووناکبیـری گـەلی کـورد ١٩١٤ـ٢٠٠٠،چابخانـەی ڕەنـج، سـلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١١٤.

(٣) حبیب محمد کریم، المصدرالسابق، ص ٣٣-٣٤.

(٤) جەلال تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.

(٥) سـەعید فەهیـم، کـوری سـەلیم ئاغـا ئەمیـن ئاغـا حاجـی بەکـری حەوێزییـە، لـە ١٩١٢ لـە کۆیـە لـە دایکبـووە، خوێنـدنی مامۆسـتایەتی تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٤١ چووەتـە بەغـدا و لـە وێ نیشـتەجێ بـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٢ لـە بەغـدا کۆچـی دوایـی کردووە...بڕوانـە: ئـارەزوو یوسـف حسـن،

ئەندام بەسترا، دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە سەر پەیڕەو و پرۆگرامی پارتەکە، کە پێشتر لە شاری مەهاباد ئامادەکرابوو، بە دەستکارییەکی کەم پەسەندکرا، ناوی (پارتی دیموکراتی کورد - عێراق)[1] لە خۆی نا، تا ئەمڕۆش هەر بە ناوی پارتی دەناسرێت و نێوی دەبرێت. هەروەها لە دوا کۆبوونەوەی کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، دواتر (م.س) لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دەستنیشان کرا، کە پێکهاتبوون لە: (هەمزە عەبدوڵا-سکرتێر و عەلی عەبدوڵا و جەعفەر عەبدولکەریم و ڕەشید عەبدولقادر و عەبدولکەریم تۆفیق)، لە هەمان کاتدا بڕیار درا (ڕۆژنامەی ڕزگاری)[2] ببێتە ئۆرگانی ناوەندی پارتەکەی و لە سەر هەمان ناو بمێنێتەوە بە هۆی گرنگی ناوەکەیەوە، تا بەستنی سێیەمین کۆنگرەی حزب[3]، دواتر ناوەکەی بۆ (ڕۆژنامەی خەبات) [4] گۆڕا.

---

ڕۆڵی ئۆرگانی ناوەندی پارتەکان لە بزاڤی ڕزگاریخوای کورد(١٩٧٥-١٩٩١) (پ.ك.ع) (پ.د.ك) (ی.ن.ك) وەك نمونە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٥، ل١٢٤.

(١) پارتی دیموکراتی کورد لە بری وشەی حزبی عەرەبی، وشەی پارتی کە وشەیەکی لاتینییە بەکارهێناوە، بەهۆی نامۆیی و نەناسراوی وشەی پارتی لە ناوەندەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا بەم شێوەیە حزبەکە بە ناوی پارتییەوە ناسرا، کاتێکیش دەگوترێت پارتی و هەتا ئەمڕۆش مانای حزبی دیموکراتی کوردستان دەگەیەنێت، کە هەم ناوی پارتە، هەم ئاماژەدەرێکە بۆ ئەم حزبە. بڕوانە: جەلال تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣؛ بۆ زانیاری لەبارەی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی بڕوانە: علی عبداللە ، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٠-٥٤.

(٢) ڕۆژنامەی ڕزگاری بۆ یەکەم جار ئۆرگانی حزبی ڕزگاری کوردی بوو، یەکەمین ڕۆژنامەی نهێنی کوردی بوو کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بە چاپکراوی لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهان دەرچووبێت، لەکۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا بە زمانحاڵی ئەو حزبە... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئارەزوو یوسف، سەرچاوەی پێشوو،ل١٣بەدواوە.

(٣) کۆمیتەی ناوەندی پێکهاتبوون لە: (مستەفا بارزانی ـ سەرۆك و شێخ لەتیف شێخ مەحموود ـ جێگری یەکەم و کاکە زیاد ئاغا جێگری دووەم و هەمزە عەبدوڵا و میرحاج ئەحمەد و د.جەعفەر کەریم و عەلی عەبدوڵا و سالح یووسفی و عەبدولکەریم تۆفیق و ڕەشید عەبدولقادر و ڕەشید باجەلان و مەلا سەید حکیم خانەقینی و عەونی یووسف و تەها محێدین و عەبدولسەمەد محەمەد ـ یەدەگی یەکەم) بڕوانە: علی عبداللە، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٢؛ عبدالستار طاهر شریف، المصدر السابق، ص٢٢٥.

(٤) ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ـە، بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی دووشەممەی ٤/نیسانی/١٩٥٩ لەشاری بەغدا بەزمانی کوردی دەرچوو، ئیمتیاز و یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەکە (ئیبراهیم ئەحمەد) سکرتێری ئەو کاتەی پارتی بوو، لەماوەی (١٩٥٩

دامەزرانـدنی (پـدك) لـەو بارودۆخـە دژوارەدا جگـە لـەوەی دەسـتکەوتێکی مێژوویـی بـوو، هـاوکات لـە بزاڤـی گـەلی کـورددا خاڵێـکی وەرچەرخانیـش بوو، ئـەوەی ڕاسـتی بێت سـاتەوەختێك بـوو، ڕژێمـی پاشـایەتی عێـراق بـە هـاوکاری بەریتانیـا هەمـوو باشـووری کوردسـتانی داگیرکردبـوو، تەنانـەت خەریـك بـوو گـەلی کـورد لـەم پارچەیـەدا ناسـنامەی نەتەوایـەتی لـە دەسـت بـدات، تـا ڕادەیـەك ئومێـدی بـە ئایینـدەی خـۆی نەمابـوو، بـەڵام بـە دامەزرانـدنی (پـدك)ەوە تـوانی بـۆ ماوەیـەکی کـەم ئومێـد بـە گـەلی کـورد ببەخشـێ و جەمـاوەری گـەلی کـورد لـە ژێـر دروشـمی مـافی چـارەی خۆنووسـین بـۆ گـەلی کـورد و یەکێتـی و برایـەتی نێـوان کـورد و عـەرەب لـە عێـراق هوشـیار بکاتـەوە[1]، هەروەهـا ڕۆڵێـکی گرنگـی هەبـوو لـە کۆکردنـەوەی جەمـاوەری کوردسـتان لـە دەوری ئاراسـتەی جەمـاوەری بەرهەڵسـتکاری عێـراق، هەروەهـا شـان بـە شـانی هێـزە نیشـتمانپەروەرەکانی عێـراق کەوتـە خەبـات دژی پاشـکۆیەتی و دیکتاتـۆری ڕژێمـی پاشـایەتی، هەوڵـدان بـۆ چەسـپاندنی دیموکـراتی لـە عێـراق. حکوومـەتی پاشـایەتی هـەر زوو هەسـتی بـە مەترسـیی چالاکییـەکانی (پـدك) کـرد، بۆیـە لـەو کاتـەدا دەبینیـن بـە تونـدی کەوتـە دەسـتگیرکردن و ڕاونـانی ئەندامـەکانی لـە مەیـدانی خەبـات بـۆ نموونـە: هێشـتا تەمـەنی (پـدك) نەگەیشـتبووە سـاڵێك، چـوار ئەندامـانی دەسـتەی دامەزرێنـەری[2]، لـە ١٩ی حوزەیـرانی١٩٤٧ لـە سـێدارەدان[3].

بەپێـی هەندێـك لـە سـەرچاوەکان بـە درێژایـی ئـەو قۆناغە(پـدك ) بـوو بە کوسـپێکی گـەورە لـە بـەردەم جێبەجێکـردنی ئەجێنـدا و سـەرکەوتنی بەشـێکی گـەورەی خـەون و ئاواتـەکانی حکوومـەتی پاشـایەتی بەریتانیـا لـە عێـراق. لـەم کاتـەدا (پـدك) بـە هاوبەشی و سەرکێشـی کـردنی ڕەوتی دیموکـراسی لەگـەڵ هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی عێـراق کەوتبـووە

---

– ١٩٦١)دا نزیکـەی (٤٦٢) ژمـارەی لـێ دەرچـووە، ژمـارەی کوتایـی لـە ڕۆژی ٢٨/ئـادار/١٩٦١ دەرچوو...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: بەهادیـن ئەحمـەد، سـەرەتایەك بـۆ مێـژووی ڕاگەیانـدنی کوردی، سـلێمانی، ٢٠١٠، ل ل١٠٧-١١٠.

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٧.

(٢) ئەندامـەکان بریتـی بـوون لـە: (خەیـروڵا عەبدولکەریـم و عیـزەت عەبدولعەزیـز و مسـتەفا خۆشـناو و محەمـەد مەحمـوود قـودسی) کـە لـە نێوەنـدی کۆمەڵـەی کـوردەواری و ڕیـزی خەبـات و کوردایەتیـدا بـە چـوار ئەفسـەرەکەی کـورد نـاسراون. بڕوانـە: ئەحمـەد بـاوەڕ، دۆزی کـورد لـە پێوەندییـەکانی نێـوان عێـراق ئێرانـدا، چاپخانـەی سـەردەم، سـلێمانی،٢٠١٤، ل٢٩٠.

(٣) دەنگی پێشمەرگە، گۆڤار، ژ:(١٢٥)، ئابی ٢٠٠٨، ل١٤.

خەبـات، هەروەهـا لـە ڕێکەوتـی ١٥ی کانـوونی دووەمـی ١٩٤٨، لێژنەیـەك لـە ژێـر نـاوی (لێژنـەی هـاوکاری) پێکهێـنرا[1]، کـە ئـەرکی سـەرەکی پووچەڵکردنـەوەی (پەیـمانی پۆرتسـموث)[2] بـوو. پـارتی تـوانی بـە هاوخەبـاتی لەگـەڵ ئەندامـانی لێژنەکـە ڕۆڵـی پێشـەوایەتی لـە هەڵچـوونی جەمـاوەر ببینێـت، لـە ئاکامـدا بـە هـۆی ئـەو هەڵچوونـەوە، بەرهەمەکـەی ڕێگەنـەدانی پەرلەمـانی عێـراق بـوو لـە بڕیـاردان لـە سـەر پەیـمانی ناوبراو، سـەرئەنجام حکوومـەت ناچاربـوو لـە ژێـر پاڵەپەسـتۆی جەمـاوەر لـە ٣ی شـوباتی ١٩٤٨ دەسـتبەرداری پەیمانەکـە بـوو[3]، ئەمـەش بـە قازانجـی نیشـتمان شـکایەوە، سـەرەڕای هەبـوونی قوربانیـدان.

بـە هـۆی پەرەسـەندنی چالاکییەکانییـەوە، ئەندامـانی (پـدك) لـە لایـەن حکوومەتـەوە خرابوونـە لیسـتی ئامانـج لێکـراوەکان، بـۆ نموونـە: لـە پایـزی ١٩٥٠ (هەمـزە عەبـدوڵا) سـکرتێری ئەوسـای (پدك)دەسـتگیرکرا[4]. پـاش ئـەو بارودۆخـەی (پـدك) تێیکـەوت لـە

---

(١) لێژنـەی هـاوکاری پێکهاتبـوو لە:(پـارتی دیموکـراتی کـورد و حـزبی شـیوعی عێراقـی و حـزبی گـەل و باڵـی چەپڕەوی-حیـزبی نیشـتیمانی دیموکـرات) ئـەرکی ئـەم لێژنەیـە بریتـی بـوو لـە سەرپەرشـتیکردن و ڕێکخسـتنی خەبـاتی گـەل و دیاریکـردنی دروشـمەکانی ئـەم قۆناغـە کـە خـۆی دەبینیـەوە لـە (پوچەڵکردنـەوەی پەیـمانی پۆرتسـموث و رووخانـدنی حکوومـەتی سـالح جەبر- حکوومـەتی ئیمزاکەری ڕێککەوتننامەکـە و هەڵبـژاردنی ئـازادی نوێنـەرانی گـەل و نەهێشـتنی گرانی)...بـۆ زانیاری زیاتـر بروانە: مهـدی محمـد قـادر، پێشـهاتە سیاسـیەکانی کوردسـتانی عێـراق ١٩٤٥-١٩٥٨، بڵاوکـراوەکانی سـەنتەری لێکۆڵینـەوە و سـتراتیژی کوردسـتان، سـلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٦٥.

(٢) پەیـمانی پۆرتسـموث، بـە مەبەسـتی نوێکردنـەوەی پەیـمانی ١٩٣٠ نێـوان عێـراق و بەریتانیـا، لـە سـەرەتای کانـوونی دووەمـی ١٩٤٨، شـاندێکی حکوومـەتی عێـراق بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆك وەزیـران (سـالح جەبـر١٨٩٥-١٩٥٧) دەگاتـە بەریتانیـا لـە شـاری (پۆرتسـموث) کـە بەندەریـکی مەزنـە و دەکەوێتـە باشـووری دورگـەی بەریتانیـا، کەوتنـە گفتوگـۆ و لـە ڕۆژی ١٥ی کانـوونی دووەمـی١٩٤٨ ڕێککەوتننامەیـەك بـە نـاوی هـەر دوو حکوومەتـەوە مۆرکـرا، بەپێـی بەنـدەکانی ئـەم ڕێککەوتننامەیە سـەرتاپای عێـراق بـە جارێـك ببـووە بنکەیـەکی بەریتـانی بـۆ مـاوەی ٢٠ سـاڵ، هەروەهـا کلیـلی هەموو کاروبـاری سـوپایی و ئابـووری و سیاسـیدا بـووە دەسـت بەریتانیـا. بروانـە: فاتـح ڕەسـول، بنەچـەی مێـژووی بیرۆکـەی چـەپ لـە کوردسـتان، چاپخانـەی چوارچـرا، سـلێمانی،٢٠٠٥،ل٣٢٨.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: د.کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد، دەربـارەی ڕاپەڕینـە گەورەکـەی کانـوونی دووەمـی ١٩٤٨ و شـوێنی گـەلی کـورد تیایـدا، برایـەتی، گۆڤـار، ژ: (١١)، شـوباتی١٩٧١،ل ل٤-١٣.

(٤) نجـم الدیـن سـەنگاوی، خەبـاتی چەکـداری و رامیـاری نەتـەوەی کـورد(١٨٨٠-١٩٩٤)، چاپخانـەی پەیوەنـد، ب.ش، ب.س، ل١١٣.

ڕووی سیاسی پێویست بوو ڕێکخستنەکانی خۆی پتەوبکاتەوە، ئەو بۆشاییەی کە تێیکەوتبوو پڕبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە ١٣-١٤ی ئاداری ١٩٥١ کۆنگرەی دووەمی خۆی لە ماڵی(عەلی حەمدی)[١]، لە گەڕەکی (ئەعزەمیە) لە شاری بەغدا بەست، بە ئامادەبوونی ٣٠ ئەندام . لەم کۆنگرەیەدا بەشی سەرەکی ئەندامانی بە پێویستیان زانی کە سکرتێر بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵنەبژێرن، هەروەك ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت: "لە کۆنگرەی دووەم بڕیاردرا بە پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ کۆمیتەی ناوەندی، دواتر هەموومان پێکەوە کۆك بووین لە سەر ئەوە کە سکرتێر نەبێت، بەڵام من لێپرسراوی یەکەمی لێژنەکە بووم»، هەروەها لەکۆنگرەکەدا پەیڕەو و پرۆگرامی (پدك) دەستکاری نەکرا، بڕیاریاندا (هەمزە عەبدوڵا) لە سلێمانی دابنیشێت، پێکەوە کاروباری کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوەببەن، تاکو کۆنگرەی سێیەمی حزب دەبەسترێ[٢].

دوای پابەند نەبوونی (هەمزە عەبدوڵا) بە بڕیارەکانی کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دوورخستنەوەی ناوبراوی لە (پدك) دەرکرد[٣]، ئەمەش بووە سەرەتایەك بۆ لێکترازانی ڕیزەکانی (پدك)[٤]، بۆیە دوایی پێویست کرا، حزب بۆ هەموارکردنی ڕیزەکانی خۆی کۆنگرە ببەستێت، لەم بارەوە عەلی عەبدوڵا دەنووسێت: «پاش ئەوەی هەمزە عەبدوڵا خەریك بوو سەرکردایەتی گرووپێکی تر بکات، کۆمیتەی کاتی و بەشی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو بە پێویستیان زانی، کە بە

---

(١) عەلی حەمدی، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد لە کۆنگرەی دووەم و سێیەمدا بە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی هەڵبژێردرا، لە ساڵی ١٩٦٤ تیرورکرا . بڕوانە: مهدی محمد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨-١٢٩.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئامانج حسن أحمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

(٣) هەمزە عەبدوڵا بڕیارەکانی کۆنگرەی ڕەتکردەوە و نەچووە ژێر باری ئەم بڕیارە، لە بەرانبەردا ڕەوتێك بە ناوی (باڵی پێشکەوتنخواز) کە ئەندامەکان بریتی بوون لە:(حەمید عوسمان و ساڵح حەیدەری...تاد، لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهێنرا، وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر بە بڕیارەکانی کۆنگرە...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شێرکۆ فەیحوڵا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراقدا، و: سوارە قەڵادزەیی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ب.ش،٢٠١٣، ل١٣٥بەدواوە.

(٤) ئامانج حسن أحمد، سەرچاوی پێشوو، ل١٢١.

زووترین کات کۆنگرەی سێیەم ببەسترێت»[١]. پاش ماوەیەك لە دوای ئەم بارودۆخە، لە ٢٦ی کانوونی دووەمی١٩٥٣، بە نهێنی لە شاری کەرکووك لە بارودۆخێکی سیاسی دژواردا، بە ئامادەبوونی ٣٥- ٤٠ نوێنەر، (پدك) کۆنگرەی سێیەمی خۆی بەست، ئەوەی گرنگ بێت تێیدا بڕیاریاندا بە گۆڕینی ناوی پارتی (پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق) بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق)، (ئیبراهیم ئەحمەد)یش بە سکرتێری نوێی حزب هەڵبژێردرا. هەروەها لەم کۆنگرەیەدا بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوە دیموکراتەکان درا بە تایبەتی ڕێکخراوی(یەکێتی قوتابیانی کوردستان)[٢]، لەگەڵ چەندین بڕیارێکی دیکەی گرنگ[٣].

ئەوەی ڕاستی بێت لە دوای کۆنگرەی سێیەم (پدك) توانی لە ئاست ڕووداوەکانی عێراق شان بە شانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی تری عێراق زیاتر لە پێشوو ڕۆڵی بەرچاو لە زۆر ڕووداوی نیشتمانیدا بنوێنێت[٤]. لە ژێر تیشکی ئەو ڕەوشە دژوارەدا (پدك) توانی بە ڕادەیەك هاوسەنگی هێز ڕابگرێت و لە سەر ئاستی ناوخۆ، گەشەکردنی بەرچاو بەخۆوە ببینێت و هەروەها توانی لە ماوەیەکی کەمدا بە سەر ئەو کێشانەدا زاڵ بێت کە دووچاریان ببوو، ئەو کات مستەفا بارزانی لە سۆڤیەت بوو، بەڵام توانی لە ڕێگەی (جلال تاڵەبانی)یەوە وەك نوێنەری حزبەکەی تا ڕادەیەکی باش کێشە ناوخۆییەکانی پارتەکەی چارەسەر بکات[٥]، هەر وەك کەریم ئەحمەد

---

(١) علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو،ل٧١.

(٢) یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە سەر بڕیاری کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای ئەوەی کە قوتابیانی کوردستان هەستیان بە پێویستی هەبوونی ڕێکخراوێکی قوتابیانی کوردستانی کرد کە داکۆکی و بەرگری لە ماف و داخوازییەکانی قوتابیانی کوردستان بکات، لە ڕۆژی ١٨شوبات ١٩٥٣ لە شاری بەغدا دامەزرا، (ی.ق.ك) لە ساڵی دامەزراندنییەوە تا وەکو ساڵی١٩٧٥، ٨ کۆنگرەی سازداوە، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە شۆڕشی ئەیلولدا بینیوە...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عرفان عزیز عزیز، کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٨؛ ساسان عەونی، چەند زانیارییەك دەربارەی ڕێکخراوەکانی قوتابیان لە کوردستان و عێراق، خەباتی قوتابیان، گۆڤار، ژ: (٥)، ئابی ١٩٩٦، ل٣.

(٣) بۆ زانیاری لە بارەی بڕیارەکانی کۆنگرەی سێیەم بڕوانە: علی عبداللە، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١- ٧٢.

(٤) مهدی محمد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

(٥) دەنگی پێشمەرگە، گۆڤار، ژ:(١٢٥)، ئابی٢٠٠٨، ل١٤.

دەڵێت: «یەکەم کەس کە پەیوەندی بە (مستەفا بارزانی)ەوە کرد جەلال تاڵەبانی بوو، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٥٥ بە نوێنەرایەتی (ی.ل.د.ك) بەشداری کۆنگرەی لاوانی جیهانی کرد لە(وارشۆ)ی پۆڵەندا، دوای کۆنگرەکە تاڵەبانی لەوێوە سەردانی بارزانی کرد، بارزانی لە کێشە ناوخۆییەکانی پارتی ئاگادارکردەوە، لە ئاکامدا بارزانی کۆمەڵێك ڕاسپاردەی لە ڕێگەی تاڵەبانی ناردەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، وەلانانی کێشە لاوەکیەکان لە پێناو بەرژەوەندی باڵای کورد»[١].

دوای ئەم هەنگاوە جەلال تاڵەبانی لە سەر ڕاسپاردەی مستەفا بارزانی پەیوەندی بە (هەمزە عەبدوڵا)وە کرد، لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩٥٦، ناوبراو ڕەوتەکەی خۆی هەڵوەشاندەوە و گشت ئەندامانی تێکەڵاو بە(پدك) بوونەوە. هەروەها لەم کاتەدا هەندێك لە کوردە مارکسییەکان پەیوەندییان بە (پدك)ەوە کرد و هاتنە نێو ڕیزەکانی کە لە: (نەژاد ئەحمەد عەزیز، خسرۆ تۆفیق) پێکهاتبوون، بەم جۆرە لە ئەنجامی ئەم یەکگرتنەوەوە (پدك) لە سەر ئاستی جەماوەری گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، دواتر ناوی پارتەکە گۆڕانی بە سەردا هات و بوو بە (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) و ئۆرگانی پارتەکەش بوو بە(خەباتی کوردستان)[٢]، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٧ کۆمەڵێکی تر لە کوردە مارکسییەکان، لەوانە: (حەمید عوسمان و ساڵح حەیدەری) ئامادەیی خۆیان نیشان دا و هاتنە نێو ڕیزەکانی[٣]. بەم شێوەیە پارتی گروتینێکی دیاری بەخۆیەوە بینی، بەوەی کە هەموو ئاراستە جیاوازەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە.

جگە لە سەر ئاستی ناوخۆ، (پدك) لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی کۆنگرەی سێیەم، لە ئاست ڕووداوەکانی عێراقیش هەنگاوی گەورەی نا لە دژایەتیکردنی حکوومەتی عێراق بە پاشکۆیەتی وڵاتانی بێگانە لە سەرووی هەموویانەوە بەریتانیا، کە ئەرکی لە باربردنی داخوازییەکانی کردبوو بە ئامانجی خۆی، بە تایبەتی پووچەڵکردنەوەی

---

(١) فوئاد صدیق، گەردەلوولی سیاسەت، ب٢، چ٢، چاپخانەی خانی، دهۆك،٢٠٠٨، ل ١٩٠.

(٢) حبیب محمد کریم، تأریخ الحزب الدیمقراطی الکردستان...،ص٥٦-٥٧؛ مهدی محمد ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

(٣) حبیب محمد کریم، چەند لاپەرەیەکی خەباتی گەلی کورد مێژووی کۆنگرەکانی ٤-٥-٦-٧-٨ ی پارتی، و: کوزاد رۆژبەیانی، ب.ش، ١٩٩١، ل٦.

(پەیـمانی بەغـدا)[١]، لـە ئەرکـە سـەرەکییەکانی ڕۆژانـە بـوو، بـە جۆرێـك ڕووخانـدنی پەیـمانی بەغـدا بـە درێژایـی سـێ سـاڵی کۆتایـی سـەردەمی حوکمـڕانی پاشـایەتی (١٩٥٥-١٩٥٨) ببـووە تەوەرێـکی سـەرەکی کۆبوونـەوە نهێنییـەکانی[٢]، کـە لـە ژێـر بەنـدەکانی ئـەم پەیمانـەدا بزاڤـی گـەلی کـورد لـە هەمـوو پارچـەکانی کوردسـتان لـە گەمـارۆدا بـوو تـا شـۆڕشی ١٤ی تەممـووزی ١٩٥٨، ئینجـا بزاڤـی گـەلی کـورد لـە کـۆت و بەنـدی پەیمانەکـە ڕزگاربـوو.

شـۆڕشی ١٤ی تەممـووزی ١٩٥٨ بـە سـەرکردایەتی(عەبدولکەریم قاسـم)[٣] و ئەفسـەرە ئازادیخـوازەکان بـە وێـستگەیەکی گرنگـی مێـژووی عێـراق دادەنرێت، ئەمـەش ڕووداوێکی لـە نـاکاو نەبـوو، بەڵکـو دەرهاوێشـتەی کۆمەڵێـك هۆکاربـوو[٤]، کـە کۆتایـی بـە ڕژێمـی پاشـایەتی (١٩٢١ -١٩٥٨) هێنـا[٥]، یەکەمیـن کۆمـاری عێـراق دامـەزرا.

---

(١) پەیـمانی بەغـدا، لـە سـاڵی ١٩٥٥ لـە نێـوان عێـراق و ئێـران و تورکیـا و پاکسـتان و بەریتانیـا بەسـترا، بـارەگای هەمیشـەیی بەغـدا بـوو، ئامانـج لێـی هاوکاریکـردن بـوو لـە نێوانیانـدا بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هـەر مەترسـییەك کـە لـە نـاوەوە، یـان دەرەوە هەڕەشـەیان لـێ بـکات، پـرسی کـورد و مەتـرسی ڕاپەڕینیـان لـە هـەر سـێ وڵاتـانی ئەنـدام (تورکیـا، عێـراق، ئێـران) یەکێـك لـە هـۆکارەکانی پێکهێنـانی ئـەم پەیمانـە بـوو، بۆیـە پـارتی لـە ڕوانگـەی نەتەوەییـەوە دژایـەتی ئـەم پەیمانـەی دەکـرد. بڕوانـە: نازنـاز عبدالقـادر، سیاسـەتی ئێـران بەرانبـەر بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوای کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق ١٩٦١-١٩٧٥، چ٢، چاپخانـەی ئـاراس، هەولێـر،٢٠١٠، ل٣٧.

(٢) مهدی محمد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣١٣ -٣١٦.

(٣) عەبدولکەریـم قاسـم، لـە سـاڵی ١٩١٤ لـە شـاری بەغـدا لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٣٣ بووەتـە مامۆسـتای سـەرەتایی، دواتـر لـە کۆلێـژی سـەربازی وەرگیـراوە، لـە سـاڵی ١٩٤١ لـە سـوپای عێراقـدا بووەتـە ئەفسـەر، لـە سـاڵی ١٩٥٧ پەیوەنـدی بـە ئەفسـەرە ئازادیخوازەکانـەوە کـردووە، پاشـان دەبێتـە ئەندامـی نهێنـی ئەفسـەرە ئازادیخـوازەکان، لـە١٤ی تەممـووزی١٩٥٨ ڕابەرایـەتی شـۆڕشی ١٤تەممـووزی لـە ئەسـتۆی کـرد، لـە ٨ی شـوبات ١٩٦١ لـە لایـەن بەعسـیەکان لـە ئەنجامـی کودەتایـەکی سـەربازی تیرۆرکـرا. بڕوانـە: ئەحمـەد حمـە ئەمیـن، چەنـد لاپەرەیـەك لـە مێـژووی نـوێ وهاوچەرخـی عێـراق، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر،٢٠١٠،ل١٦٤.

(٤) بـۆ زانیـاری لـە بـارەی هـۆکارەکانی هەڵگیرسـانی شـۆڕشی ١٤ی تەممـووزی ١٩٥٨ بڕوانـە: لیـپ عبدالمحسـن الزبیـدی، ثورة١٤تمـوز فـی العـراق، منشـورات مکتبـە الیقظـە، بغـداد، ١٩٨١، ص ص ١٨- ٥٥؛ د.فـازڵ حوسـێن و ئـەوانی تـر، مێژوویا عێراقـا هەڤچـەرخ، و: شـەڤین محمـد حسـن بنـانی، چاپخانـەی پارێـزگا دهـۆك، دهـوك، ٢٠١٤، ل ل٢٨٦ -٢٩١.

(٥) عبدالستار طاهر شریف، المصدرالسابق، ص٢٧٤.

لــە دوای ڕاگەیانــدنی شــۆڕش، ســەرکردایەتی (پــدك) برووســکەیەکی پیرۆزبایــی بــۆ سـەرکردایەتی شـۆڕش نـارد، پشـتیوانی خـۆی دەربـڕی، وەك ئیبراهیـم ئەحمـەد دەڵێـت: «پـاش ڕاگەیانـدنی شـۆڕش بـە کەمـتر لـە کاتژمێرێـك سـەرکردایەتی پـارتی لـە کەرکووکەوە برووسـکەیەکی بـۆ سـەرکردایەتی شـۆڕش نـارد، پشـتگیری خـۆی ڕاگەیانـد»[1]. لـە هەمـان کاتـدا لـە ناوچـە جیاجیـاکانی باشـووری کوردسـتاندا شـاندیان بـۆ بەغـدا ڕێکدەخسـت، تـا لـە نزیکـەوە پیرۆزبایـی لـە سـەرکردەکانی شـۆڕش بکـەن. لـە٢٧ی تەممـووزی ١٩٥٨ شـاندێکی (پـدك ) بـە سـەرکردایەتی (ئیبراهیـم ئەحمـەد و عـەلی عەبـدوڵا و نـووری ئەحمـەد تەهـا)، بـەرەو بەغـدا بـە ڕێکەوتـن و لـە لایـەن (عەبدولکەریـم قاسـم)ەوە پێشـوازییان لێکـرا، لـە کۆبوونەوەیەکـدا (ئیبراهیـم ئەحمـەد) لـە وتەیـەکی گرنگـدا پەیوەنـدی لـە مێژینـەی کـورد و عـەرەبی خسـتەڕوو، پشـتگیری گـەلی کوردسـتانی بـۆ ڕژێمـی کۆمـاری دووپـات کـردەوە[2]. لـە هەمـان کاتـدا عەبدولکەریم قاسـم هەڵوێسـتی بـاشی بەرانبـەر کـورد هەبـوو، بەمـەش ئاسـۆیەکی نوێـی بـۆ گـەلی کـورد هێنایە کایـەوە[3]، کـە بـۆ یەکـەم جـار بـوو لـە مێـژووی عێـراق بە فەرمـی و یاسـایی دان بـە مافـەکانی گەلی کـورددا بنرێـت، کـە لـە مـاددەی ٣ی دەسـتووری کاتی عێراقـی هاتبـوو: (کـورد و عـەرەب لـەم نیشـتیمانە هاوبەشـن) واتـە لـە دەوڵـەتی عێـراق[4]. وێـڕای ئـەوەش سـەرکردایەتی شـۆڕش بڕیـاری لێبـوردنی بـۆ مسـتەفا بـارزانی دەرکـرد[5]، لـە ئەنجامـدا قۆناغێـکی نـوێ هاتـە کایـەوە لـە پەیوەندییـەکانی حکوومـەتی عێـراق و سـەرکردایەتی کـورد، بەمـەش

(١) ئامانج حسن أحمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦.

(٢) رەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

(٣) ئاریـان ئیبراهیـم محمـد، ڕۆژنامـەی برایـی ـ برایـەتی(١٩٦٧-١٩٧٤) و ڕۆڵـی لـە پێشخسـتنی ئـەدەب و رۆشـنبیری کوردیـدا، چاپخانـەی رۆشـنبیری، هەولێـر، ٢٠٠٥، ل٥٥.

(٤) جەلیـلی جلیـل و ئـەوانی تـر، شۆڕشـەکانی کـورد لەسـەردەمی نوێـدا، و: بەهادیـن جـەلال مسـتەفا، چ٣، چاپخانـەی ڕۆژهەڵات، هەولێـر،٢٠١٥، ل٣٦٣.

(٥) مستەفا بـارزانی لـە دوای ڕووخـانی کۆمـاری کوردسـتان١٩٤٦، بـە یـاوەری کۆمەڵێـك پێشـمەرگەی بەشـداربووی کۆمـار ناچاربـوو بـۆ عێـراق بگەڕێتـەوە، بـەڵام حکوومـەتی عێـراق بـە پاڵپشـتی بەریتانیـا بـە تووندی کەوتنـە دژایەتیکـردن، بۆیـە بـە ناچـاری لـە سـاڵی ١٩٤٧ کاروانی ڕێـی ڕۆشـتنە مێژووییەکـەی بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت ئەنجـام دەدا، تـا سـەرکەوتنی شـۆڕشی ١٤ی تەممـووزی١٩٥٨، ئەوجـا گەڕایـەوە نیشـتیمانی دایـك کـە باشـووری کوردسـتانە. بڕوانـە: مەکتـەبی ناوەنـدی دیراسـات و توێژینـەوەی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، کورتـە باسـێکی مێژوویـی و جوگـرافی و ئابـووری، بڵاوکـراوەکانی مەکتـەبی ناوەنـدی دیراسـات و توێژینـەوە، کوردسـتان، ١٩٩٨، ل ٢٢.

زەمینـە بـۆ گەڕانـەوەی مسـتەفا بـارزانی سـازکرا، ئەوەبـوو لـە ٢٦ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٥٨ بـارزانی گەیشـتە فڕۆکەخانـەی (مثنـی) لـە شـاری بەغـدا، لـە لایـەن بەشـێك لـە کاربەدەسـتانی حکوومـی و حـزبی لەگـەڵ جەماوەرێـکی زۆر لـە شـێوەی سـەرکردەی وڵاتێـك پێشـوازی لێکـرا، هـەر وەك جـەلال تاڵەبـانی دەڵێـت: «مێـژووی گەڕانـەوەی مسـتەفا بـارزانی لـە بـەسرەوە بـۆ عێـراق، وەك ڕۆژێـکی مێژوویـی لێهاتبـوو، کـە سـەدان هـەزار کـەس بـۆ پێشـوازیکردن لـە بـارزانی لـە سـەنتەری ئـەو شـارەدا لـە چاوەڕوانیـدا بـوون»[١].

دوای گەڕانـەوەی مسـتەفا بـارزانی، ( پدك) لە ڕووی سیاسـییەوە گەشـەکردنی بەرچاوی بـە خـۆوە بینـی و کەوتـە پەیوەندیکـردن لەگـەڵ حکوومـەتی قاسـم، لـەم سـۆنگەیەوە لـە کانـوونی دووەمـی ١٩٥٩، بـە ئامانجـی سـەقامگیربوونی پەیوەنـدی نێـوان حکوومـەتی قاسـم و سـەرکردایەتی کـورد، (م.س ـ پـدك)، بـە پشـتگیری بـارزانی، برایـم ئەحمـەد لـە پۆسـتەکەی دوورخسـتەوە و جارێـکی تـر (هەمـزە عەبـدوڵا) کرایـەوە سـکرتێری حـزب[٢]. بـەڵام زۆری نەخایەنـد دوای تێپەڕبـوونی چەنـد مانگێـك دووبـارە ناکـۆکی لـە نێـوان ڕیـزەکانی (پـدك ) سـەری هەڵدایـەوە بـە جۆرێـك مەتـرسی لێکـترازانی لـێ دەکـرا، بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکییـەکان مسـتەفا بـارزانی لـە ٣٠ی حوزەیـرانی ١٩٥٩ کۆنفرانسـێکی سـازکرد بـە ئامانجـی دۆزینـەوەی ڕێگـە چارەیـەك بـۆ ناکۆکییـەکانی ناوخـۆی حـزب، ئەوەبـوو دواتـر بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی مەکتـەبی سیاسی بـە سـکرتێرەوە دەرکـرد[٣].

---

(١) زانیار سەردار قرگەیی، مێژوو لە بارزانی دەدوێ، چاپخانەی روشنبیری، هەولێر، ٢٠١٢، ل٦٠.

(٢) دوای شـۆڕشی ١٤ی تەممـووزی١٩٥٨، لـە عێراقـدا دوو تەوژمـی سـەرەکی لـە سـەر شـانۆی سیاسی دەرکەوتـن ئەوانیـش شـوعیەکان و لـە گـەڵ ڕاسـتڕەوەکان کـە لـە بەعسـیە نەتەوەپەرسـتەکانی عـەرەب پێك دەهاتـن و لـە هەمـان کاتـدا ناکـۆکی دروسـت بـوو لـە نێـوان عەبدولکەریـم قاسـم و عەرەبـە نەتـەوە پەرسـتەکان و بوونـە مەتـرسی لـە سـەر دەسـەڵاتی عەبدولکەریـم قاسـم، قاسـم بـۆ پەرتەوازەکـردنی نەتەوەپەرسـتەکان و کەمکردنـەوەی مەتـرسی لـە سـەر خـۆی، ناچاربـوو پشـت بـە شـوعیەکان(چەپڕەوەکان) ببەسـتێت، لـەم کاتـەدا سـکرتێری پـارتی، ئیبراهیـم ئەحمـەد کـە ڕاسـتڕەو بـوو زیاتـر مەیـلی باڵـی نەتەوەپەرستی عـەرەبی هەبـوو، ئەمـەش جێـگای نیگـەرانی قاسـم بـوو، بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی، بـارزانی پشـتگیری باڵـی چەپـڕەوەی کـرد کـە لـە لایـەن (هەمـزە عبداللـە)ەوە سـەرکردایەتی دەکـرا... بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: حبیـب محمـد، چەنـد لاپەرەیـەکی...، ل٧بـەدواوە.

(٣) بـە پێچەوانـەوە دوای ماوەیـەکی کـەم شـیوعییەکان ئـەم ڕەوشـەیان بـە دەرفـەت زانی و دەسـتیان کـردە کاری تۆقانـدن و کوشـتن وەك ئـەوەی لـە تەممـووزی ١٩٥٩ لـە کەرکـوك و چەنـد ناوچەیـەکی

بۆیە دەبینین هەڵومەرجی ئەو کاتەی ( پدك) پێویستی بە بەستنی کۆنگرەیەکی نوێ هەبوو وەك تاکە سەرچاوەی یەکلاکردنەوەی جیاوازییە ناوخۆییەکان، بۆ ئەم مەبەستە لە ٤ ـ ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩، بە ئامادەبوونی مستەفا بارزانی، کۆنگرەی چوارەمی خۆی بەست، ئەویش یەکەم جاربوو مستەفا بارزانی بەشداری کۆنگرەی حزبەکەی بکات، لە ئاکامدا ئەندامانی (م.س) نوێ دەستنیشان کران، بارزانی وەك سەرۆك هەڵبژێردرایەوە[1]. لە دوای ئەم کۆنگرەیە بە ماوەیەکی کەم، لە ئایاری ١٩٦٠، (پدك) کۆنگرەی پێنجەمی سازدا، هۆکاری بەستنی ئەم کۆنگرەیە دەرچوونی (یاسای کۆمەڵەکان) بوو لە لایەن حکوومەتی (عەبدولکەریم قاسم) ەوە، ئەم یاسایە بۆ ئەو پارتانە بوو کە ئارەزووی خەباتکردنی ئاشکرایان دەکرد لە مەیدانی سیاسیدا، (پدك) وەك پارتە سیاسییەکانی دیکەی عێراق داوای مۆڵەتی یاسایی کرد لە حکوومەت، دواتر وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕەزامەندی دەربڕی و مۆڵەتی یاسایی پێ درا[2]، ئیدی لەمە بە دواوە هاوشێوەی هێزە سیاسییەکانی تری عێراق، پارتی بە ئاشکرا کەوتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان.

سەرکردایەتی (پدك ) لە سایەی پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ (عەبدولکەریم قاسم) لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بەردەوام بوو لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد، بەڵام ئەم پەیوەندییە زۆری نەخایاند لە کۆتاییەکانی١٩٦٠، بە هۆی چەند هۆکارێکەوە پەیوەندییەکانی نێوان (پدك) و (عەبدولکەریم قاسم) گرژی و ئاڵۆزی تێکەوت، بە جۆرێك قاسم لە بری ئەوەی دان بە مافی گەلی کورددا بنێت، یەکجارەکی لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز بووەوە و سیاسەتی دژ بە گەلی کوردی

---

تری عێراق ڕوویدا، بەمەش هەڵوێستی عەبدولکەریم قاسم لە بەرانبەریان گۆڕا، کەوتە ڕاوەدوونان و دژایەتی کردنیان، لە هەمان کاتدا باڵی چەپڕەوی ناو پارتی کە خۆی لە سکرتێری حزب دەبینییەوە بە نیازبوون پارتی بکەن بە پاشکۆی حزبی شیوعی عێراقی، بەمەش جگە لەوەی کاریگەری خراپی دەکردە سەر ئایندەی پارتی، دەبووە مایەی تێکچوونی پەیوەندی نێوان حکوومەت و کورد، بۆیە بارزانی بۆ پاراستنی سەروەری پارتی و مانەوەی پەیوەندی لەگەڵ قاسم دەستبەجێ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی (م.س) بە سکرتێرەوە دەرکرد.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حبیب محمد، چەند لاپەڕەیەکی...، ل٧.

(١) بۆ زانیاری لە بارەی کۆنگرەی چوارەم بڕوانە: محمد ملا قادر، خەباتنامە (کورتە مێژووی پارتی و کلتوری بارزانی نەمر)، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ب.س، ل٥٥ -٥٦.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حبیب محمد، چەند لاپەڕەیەکی...، ل١١ -١٢.

گرتەبـەر، لـە ئاکامـدا پەنـای بـۆ بەکارهێنـانی هێـزی سـەربازی بـرد و کەوتـە پەلامـاردانی ناوچـە جیاجیـاکانی باشـووری کوردسـتان، لـە بەرامبـەردا سـەرکردایەتی (پـدك) وێـڕای هەوڵـدان بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکییـەکان لـە ڕێگـەی ئاشـتییەوە، کـە هیـچ ئاکامـی نەبـوو، هیـچ ڕێگەیـەکی لەبەردەمـدا نەمـا، تەنیـا خەبـاتی چەکـداری نەبێـت، بـۆ بەرگریکـردن لـە مـافی گـەلی کـورد و خـاکی کوردسـتان. لـە ئاکامـی وەڵامدانـەوەی گـەلی کـورد بـۆ بەرگریکـردن لـە کوردسـتان و گەلەکـەی، سـەرکردایەتی (پـدك) لـە ١١ی ئەیلـوولی ١٩٦١ شـۆڕشی چەکـداری بـە سـەرکردایەتی مسـتەفا بـارزانی دژی حکوومـەتی عێـراق هەڵگیرسـاند[١]، کـە لـە مێـژوودا بـە شـۆڕشی ئەیلـوول نـاسراوە.

هەڵگیرسـانی شـۆڕشی ئەیلـوول، بـە وێسـتگەیەکی گرنگـی مێـژووی هاوچەرخـی کـورد دادەنرێـت، ئەگـەر چـی لـە سـەرەتادا بـە هـۆی ناهاوسـەنگی لـە ئازووقـە و توانـای چەکـداری و خۆسـازنەدان وەك پێویسـت، هێـزەکانی کـورد بەرانبـەر سـوپای عێـراق دووچـاری پاشەکشـێ بـوون[٢]، بـەڵام زۆری نەخایانـد لـە ئـاداری ١٩٦٢ (لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان)[٣]، لـە ڕووی چەندایـەتی و چۆنایەتییـەوە بـەرەو گەشـەکردنێکی خێـرا ڕۆیشـت[٤]، ئەفسـانەی سـوپای عێراقـی تێکشـکاند، دەسـەڵاتی قاسـم زۆری نەبـرد، وێـڕای گەشـەکردنی شـۆڕشی کـورد، عەبدولکەریـم قاسـم و بەعسـییەکان لـە ململانێیـەکی تونـددا بـوون، لـە ئاکامـدا بەهـوی لاوازی دەسـەڵاتی قاسـم، بەعسـییەکان

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی هـۆکارەکان و چۆنیـەتی هەڵگیرسـانی شـۆڕشی ئەیلـوول بڕوانـە: هـاوکار کەریـم محمـد شریـف، شـۆڕشی ئەیلـوول- لێکۆڵینەوەیـەکی مێژووییـە لـە ڕێکخسـتن و چالاکیـە سـەربازیەکان، چاپخانـەی زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر ،٢٠١٢، ل ل٢٨- ٤٢؛ دیڤیـد ماکـداول، مێـژووی هاوچەرخـی کـورد، و: ئەبوبەکـر خۆشـناو، چاپخانـەی ڕوون، ب.ش، ٢٠٠٢، ل ٩٤٢.

(٢) خورشـید شـێرە،خەبات و خوێـن ـ بیرەوەریـەکانی سـاڵانی خەبـاتی پێشـمەرگایەتی، چ٣،چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر ، ٢٠١٥، ل٢٣.

(٣) لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان، تاکـە هێـزی فەرمـی پـارتی بـوو، لـە سـاڵی ١٩٦٢، بـە بڕیـاری مسـتەفا بـارزانی دامـەزرا، سـەربازانی ئـەم لەشـکرە پێیـان دەگوتـرا پێشـمەرگە، ئەفسـەرەکان پێیـان دەگوتـرا سـەر مەرگـە، ئـەم لەشـکرە خـاوەن یاسـای تایبـەتی شۆڕشـگێری بـوو، بەپێـی یاسـای ئـەم لەشـکرە بڕیـاردرا سـەربازەکان یـەك جـۆرە جلوبەرگـی هەبێـت کـە بریتـی بـوو لـە خـاکی کوردی، پێکهاتـەی ئـەم لەشـکرە بریتـی بـوو لـە دەسـتە و پـەل و لـق و بەتالیون...تـاد. بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: دکتـۆر گوینتـەر دێشـنەر، کـورد گـەلی لەخشـتە بـراوی غەدرلێکـراو، و:حمەکەریـم عـارف، بڵاوکـراوەکانی دەزگای ئـاراس، هەولێـر،٢٠١٤، ل٢٢٩.

(٤) هاوکار کەریم محمد شریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

لەی٨ شوباتی١٩٦٣ کودەتایەکی سەربازییان دژ بە حکوومەتەکەی قاسم بەرپاکرد، سەرئەنجام عەبدولکەریم قاسم کوژرا و بەعسییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست[١]. بەرانبەر بەو ڕووداوە سەرکردایەتی (پدك) لە١٠ی شوباتی١٩٦٣، لە بڕووسکەیەکدا پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی کودەتاچییەکان کرد[٢]، بە ئومێدی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی خۆیان کە پێشتر بە سەرکردایەتی (پدك)یان دابوو، بە شێوەیەك هەموو داخوازییەکانی گەلی کورد جێبەجێ دەکەن بە ئۆتۆنۆمیشەوە، بەڵام دوای پتەوکردنی شوێن پێی خۆیان هاوشێوەی حکوومەتی قاسم لە بەڵێنەکانیان پاشگەز بوونەوە، پەنایان بۆ هێزی سەربازی برد[٣]، لە حوزەیرانی ١٩٦٣ بەیانێکیان لە دژی گەلی کورد بڵاوکردەوە[٤]، هاوکات داوای هاوکاریکردن لە وڵاتی تورکیا و ئێران و سوریا کرد و سەرئەنجام بە پشتیوانی ئەم وڵاتانە، سوپای عێراق ئۆپەراسیۆنێکی سەربازییان بە ناوی (ئۆپەراسیۆنی دیجلە)[٥]، دژی گەلی کورد ئەنجامدا، بە ئومێدی لە ناوبردنی شۆڕشی کورد. جەنگی بەعس دژی گەلی کورد لە مانگی حوزەیران تا ١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣ بەردەوام بوو، ئەم ڕەوشەی حکوومەتی عێراق تێیکەوتبوو لە لایەن

---

(١) نجم الدين يوسفى، ثورة أيلول المجيد، مطبعة كليه الشريعة، ب.م، ١٩٩٥، ص١٥.

(٢) سەرکردایەتی پارتی پێش ئەنجامدانی کوودەتا پەیوەندی لەگەڵ ڕێبەرانی کوودەتا دامەزراندبوو...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەمدا، و: حمەکریم عارف، چ٦، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ، ٢٠١١،ل ل٢٩٦ -٢٩٧.

(٣) رەفیق رەحمان مام خول، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢٣ -١٢٦.

(٤) بۆ زانینی دەقی بەیانەکە بڕوانە: دانا ئادامز شمیدت، سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکان لە کوردستان، و: ئەبوبەکر صالح ئیسماعیل، چ٢، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ، ٢٠٠٩، ل٤٩٠.

(٥) ئۆپەراسیۆنی دیجلە، سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم بە سەر شۆڕشی کورد ئاماژەیەکی گرنگ بوو بۆ بەعسیەکان کە لە توانای سوپای عێراقدا نیە بە سەر شۆڕشی کوردستاندا سەربکەون، بۆیە بەر لە دەستپێکردنی شەڕ لە حوزەیرانی ١٩٦٣ بە مەبەستی بە دەستهێنانی پشتگیری وڵاتان بۆ کۆتاییهێنان بە شۆڕشی گەلی کورد کەوتنە پەیوەندیکردن لە گەل هەر دوو دەوڵەتی ئێران وسوریا، ئەگەر چی عێراق لە دوای شۆڕشی ١٤تەممووزی ١٩٥٨، ئەندام نەبوو لە (پەیمانی سنتۆ)، بەڵام بە هۆی بوونی مەترسی شۆڕشی کورد لە سەر پارچەکانی تری کوردستان لەوانە باکووری کوردستان(تورکیا) و ڕۆژهەڵاتی کوردستان(ئێران)، هەر دوو وڵات تورکیا و ئێران بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری(پەیمانی سنتۆ) داواکاری عێراقیان خستە بەردەم (ئەنجومەنی سنتۆ) کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ لە شاری (ئەزمیر)ی تورکیا بەڕێوەچوو، هەردوو دەولەت ئامادەیی خۆیان نیشاندا کە لە پاڵ عێراق لە شۆڕشی کورد بدەن. بڕوانە: هاوکار کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

نەتـەوە پەرسـتەکانەوە بـە دەرفـەت وەرگیـراو قۆزرایـەوە، کـە لـە ڕێگـەی کودەتایـەکی سـەربازییەوە بـە سـەرکردایەتی عەبدولسـەلام عـارف(١٩٦٣- ١٩٦٦) جڵـەوی دەسـەڵاتی بـە تـەواوی گرتەدەسـت، بەعسـییەکانی لـە دەسـەڵات دوورخسـتەوە، ئـەم ڕژێمـە نوێیـە هــەر لــە ســەرەتاوە خولیــای بەکارهێنــانی هێزبــوو، بەرانبــەر چارەســەرکردنی پــرسی کـورد، بـەڵام بـە هـۆی ئـەو ئەزموونـەی کـە حکوومـەتی عێـراق لەگـەڵ شـۆڕشی کـورددا هەیبـوو بـە ناچـاری پەنـای بـردە بـەر ڕێـگای گفتوگـۆ، لـە ئاکامـدا ڕێککەوتنـی ١٠ی شـوباتی ١٩٦٤ هاتەکایـەوە[1]، لـە هەمـان کاتـدا بـە هـۆی ئـەم ڕێککەوتنـەوە ململانـێ و ناکـۆکی لـە نێـوان مسـتەفا بـارزانی و بەشـێك لـە ئەندامـانی مەکتـەبی سیاسـی دروسـت بـوو[2]، بـە بیانـووی ئـەوەی ڕێککەوتنەکـە یەکلایەنەیـە و خواسـتی گـەلی کـوردی بـەدی نەهێنـاوە، بۆیـە نابێـت شـەڕ ڕابگیرێـت، لـە ئاکامـدا ئەندامـانی مەکتـەبی سـیاسی وەك کاردانەوەیـەك بەرانبـەر بـارزانی لـە٤ ـ ٩نیسـانی ١٩٦٤ لـە بـارەگای مەکتـەبی سـیاسی لـە ناوچـەی (مـاوەت) بـە ئامادەبـوونی٧٠ کـەس لـە ئەندامـانی مەکتـەبی سیاسی و کۆمیتـەی ناوەنـدی و ئەندامـانی لقـەکان و نوێنەرایـەتی لێژنـە ناوچـەکان کۆنفرانسـێکیان بەسـت، لــە کۆتاییــدا کۆمەڵیــك بڕیاریــان دەرکــرد[3]، بەمــەش ململانێیــەکانی نێوانیــان پــەرەی سـەند و (پـدك) دابـەش بـوو و بـوو بـە دوو باڵ، تەنانـەت گەیشـتە ڕادەیەکی مەترسـیدار و شـەڕی براکـوژی بـە دوایداهـات، ئەمـەش بـوو بـە سـەرەتایەك بـۆ لێکـترازانی بزاڤـی

---

(١) بـۆ زانینـی دەقـی ڕێککەوتنـی حکوومـەت و سـەرکردایەتی شـۆڕشی کـورد. بڕوانـە: دکتـۆر واحـد عومــەر محێدیــن، دانوســتانەکانی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی نەتەوەیــی کــورد و حکوومەتــەکانی عێـراق ١٩٢١ ـ ١٩٦٨، بڵاوکـراوەکانی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی کوردسـتان، سـلێمانی، ٢٠٠٦، ل ل٢١٧ -٢١٩.

(٢) ئەندامـانی مەکتـەبی سیاسـی پێکهاتبـوون لـە: (ئیبراهیـم ئەحمـەد و جـەلال تاڵەبـانی و عومـەر مسـتەفا) کـە لـە کاتـەوە جیابوونـەوە لـە شـۆڕشی کـورد، ماوەیـەك لـە ڕیـزەکانی حکوومەتدابـوون، لـە کۆتاییـەکانی ١٩٧٠ گەڕانـەوە بـاوەشی شـۆڕش و دووبـارە باوەڕیـان بـە سـەرکردایەتی کورد، مسـتەفا بـارزانی ڕاگەیانـد. بڕوانـە: دانـا ئادامـز، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٤٧٧.

(٣) بڕیـارەکانی کۆنگـرەی مـاوەت بریتـی بـوون لـە: نەهێشـتنی ڕۆڵـی مـەلا مسـتەفا بـارزانی وەك سـەرۆکی پـارتی لـە دەسـەڵاتی گفتوگـۆو ڕێککەوتـن لەگـەڵ حکوومـەت و دەسـەڵاتی فەرمانـدەی گشـتی هێـزی چەکـدار و دەسـەڵاتی بەسـتنی کۆنگـرەی پـارتی و دەسـەڵاتی ئالوگۆڕکـردن و لابـردن و دانـانی فەرمانـدەی پێشـمەرگە...تاد.بۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ئامانـج حسـن أحمـد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٩٧؛ علـی سـنجاری، الحرکـة التحرریـة الکردیـة ـ موقـف وآراء، مطبعـة خەبـات، دهـوك، ١٩٩٧،ص٨٨ -٨٩.

ڕزگاریخـوای گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان تـا ڕۆژگاری ئەمـڕۆ.

مسـتەفا بـارزانی بـۆ دەربازبـوون لـەو هەڵومەرجـەی حزبەکـەی تێـی کەوتبـوو، بـە پێویسـتی زانی کۆنگـرەی نوێـی حـزب ببەسـتێت، ئەوەبـوو دوای خوێندنـەوەی بارودۆخـە کـە بەگشـتی، لـە تەممـووزی ١٩٦٤ لـە شـارۆچکەی (قـەڵادزێ) کۆنگـرەی شەشـەمی (پـدك) بەسـترا و تێیـدا بڕیـاری دەرکـردنی ئەندامـانی پێشـوو درا، سـەرکردایەتییەکی نـوێ هەڵبژێـردرا[١]، بـەڵام ئـەم کۆنگرەیـە نەبـووە هـۆی یەکخسـتنەوەی ڕیـزەکانی بزاڤـی کـوردی.

سـەرکردایەتی شـۆڕش بـۆ گەیشـتن بـە ڕێگەچارەیـەك لەگـەڵ حکوومـەتی عەبدولسـەلام عـارف لـە هـەوڵ و تێکۆشـان بـەردەوام بـوو، بـەڵام بـێ ئـاکام بـوو، نیـازی حکوومـەت نیازێـکی دۆسـتانە و ئاشـتی نەبـوو، لـە ١٣ی نیسـانی ١٩٦٦ عەبدولسـەلام عـارف بـە هـۆی ڕووداوی کەوتنـە خـوارەوەی فڕۆکـە گیـانی لـە دەسـت دا، لـە هەمـان کاتـدا براکـەی کـە نـاوی (عەبدولڕەحـمان عـارف) بـوو، جێگـەی گرتـەوە و بـوو بـە سـەرۆك کۆمـاری عێـراق[٢].

مسـتەفا بـارزانی بـە مەبەسـتی تاقیکردنـەوەی سـەرۆك کۆمـاری نـوێ لـە ١٧ی نیسـانی١٩٦٦، بڕیـاری دا مـاوەی مانگێـك شـەڕ ڕابگرێـت، جگـە لـەوەش بـارزانی هیـوای بـە (عەبدولڕەحـمان عـارف) هەبـوو لـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، هەروەهـا لـە لای خۆشـیەوە عەبدولڕەحـمان عـارف بـە پێچەوانـەی عەبدولسـەلام عـارفی بـرای، بـڕوای بـە چارەسـەری ئاشـتییانە هەبـوو[٣]. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبینیـن (عەبدولڕەحـمان عـارف) کەوتبـووە ژێـر گوشـاری ئەفسـەرە نەتەوەپەرسـتەکانی نێـو سـوپا، کـە بـەردەوام گوشـاریان دەخسـتە سـەر، تـا واز لـە هەڵوێسـتی دۆسـتانەی خـۆی بێنێـت بەرانبـەر بـە چارەسـەری کێشـەی کـورد، لـە ئاکامـدا دوور لـە خواسـتی ناوبـراو، لـە ڕێکەوتـی ١٣ی کانـوونی دووەمـی ١٩٦٦ وەزیـری بەرگـری عێـراق (عەبدولعەزیـز عەقیـلی) ڕایگەیانـد:

---

(١) د.عبدالفتـاح علـی یحیـی البوتانـی، وثائـق عـن الحرکـە القومیـە الکوردیـە، مطبعـة وزارە التربیـە، أربیـل، ٢٠٠١، ص٢٥٧.

(٢) د.کەوسـەر عزیـز گەڵاڵـی، باشـووری کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٥٨ەوە تـا ئەمـڕۆ، چاپخانـەی کاروان، هەولێـر ، ٢٠٠٩، ل٣٧؛ نجـم سـەنگاوی، خەبـاتی چەکـداری و ڕامیـاری نەتەوایـەتی کـورد ١٨٨٠ ـ ١٩٩٤، چاپخانـەی پەیوەنـد، ب.ش، ب.س، ل١٩٧.

(٣) د.گوینتەر دیشنەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٥.

"خائینان لە سەر خاكی پیرۆزی كوردستان قڕدەكەین»، هەروەها ناوبراو گوتبووی: " ئەمڕۆ ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات یارمەتی چەتەكان (كوردەكان ـ لێكۆڵەر) دەدەن بۆ ئەوەی ئیسرائیلێكی نوێ لە باكووری نیشتمان(كوردستان- لێكۆڵەر) دروست بكەن، هەر وەك لە ساڵی ١٩٤٨ هاوكاری یەكتریان كرد، بۆ دروستكردنی ئیسرائیل لە سەر خاكی فەڵەستین»[١]. پاش ئەم ڕاگەیاندنە توندە لە٢ی ئایاری ١٩٦٦ سوپای عێراق بە پاڵپشتی فڕۆكە و تانك و هاوكاری و چاوساخی جاشەكان، هێرشێكی بەرفراوانی بۆ سەر چیای هندرێن دەست پێ كرد، لە ئاكامدا هێزەكانی (پدك) بە هاوكاری (حشع) سەركەوتنێكی بێ وێنەیان بە دەستهێنا، بە جۆرێك زیانێكی گەورەی گیانی و ماددی بە سوپای عێراق گەیاند و دەستی بەسەر بەشێكی زۆری كەلوپەلی سەربازیان داگرت[٢]، سەرئەنجام حكوومەتی عێراق ناچاركرد مل بۆ ئاشتی شۆڕ بكات و دواجار خەونی عەقیلی لە باربرد.

پاش ئەم شكستەی سوپای عێراق، حكوومەت كابینەیەكی نوێی بە سەركردایەتی (عەبدولڕەحمان بەزاز ١٩١٣ -١٩٧٣) پێكهێنا، لە هەڵوێستی سەرەتایدا بەزاز ڕایگەیاند: "من و حكوومەتەكەم سوورین لە چارەسەركردنی كێشەی گەلی كورد، بە ئاشتی و دوور لە بەكارهێنانی هێزی سەربازی»[٣]. دوای ئەم ڕاگەیاندنە ئاسۆیەكی نوێ لە بەردەم دەستپێكردنی گفتوگۆ لە نێوان حكوومەت و سەركردایەتی كوردا كرایەوە، ئەوەبوو حكوومەت لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بەیاننامەیەكیان كە لە١٥ماددە پێكهاتبوو[٤]، بڵاوكرایەوە و تێیدا ئاماژە بە چارەسەری ئاشتی كێشەی كورد كرا لە چوارچێوەی خاكی عێراقدا. لە بەرانبەردا سەركردایەتی كورد، مستەفا بارزانی پێشوازی لەم بەیاننامەی حكوومەت كرد وەك هەوڵێك بۆ چەسپاندنی یەكسانی لە نێوان كورد و عەرەب لە چوارچێوەی عێراقێكی دیموكراسی، لەم بارەیەوە فرەنسۆ هەریری دەنووسیت: «دانوستاندن و گفتوگۆ لە فەرهەنگی پارتیدا بە شێوەیەك لە شێوەكانی

(١) ڕەفیق ڕەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەنگی پیشمەرگە، گۆڤار، ژ:(١٢٢)، ئایاری ٢٠٠٨، ل٣٦بەدواوە.

(٣) لازاریف.ن، مێژووی كوردستان، و: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چ٥، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢،ل ل٤٩٠ -٤٩٣.

(٤) بۆ زانیاری لەبارەی دەقی بەیاننامەكە بڕوانە: حبیب محمد كریم، تأریخ الحزب الدیمقراطی الكردستان...،ص٢٥٠.

خەبـات لەپێنـاو گەیشـتن بـە ئامانجـە دوور و نزیکـەکانی گـەلی کـورد دادەنرێـت»[1].
بۆیـە ئەگـەر سـەرنج بدەیـن، هەمـوو کات تەنانـەت لـە کاتی سـەرکەوتنەکانی بـە سـەر دوژمنـدا دەرگای کـورد بـۆ ئاشـتی واڵابـوو.

لـەم سـەروبەندەدا جمۆجـولی سـەرکردەکانی سـوپا دژی هەوڵـەکانی بـەزاز لـە پەرەسـەندندا بـوو، بـە تایبـەتی لـە کۆتایـی حوزەیـرانی ١٩٦٦کـە بـە تونـدی داوای لـە عەبدولرەحـمان عـارف کـرد پێویسـتە بـەزاز لـە پۆسـتەکەی دوربخرێتـەوە، سـەرئەنجام لـە ژێـر فشـاری ئەفسـەرانی سـوپا، بـەزاز لـە ڕۆژی ٦ی ئابـی١٩٦٦ دەسـت لـە کارکێشـانەوەی خـۆی پێشـکەش بـە عـارف کـرد، دواتـر هـەر زوو عـارف کابینەیـەکی نـوێ بـە سـەرۆکایەتی (لیـوا روکـن ناجـی تالیـب) پێکهێـنرا، لەنێـو ئـەم کابینیـە ٣وەزیـری کـورد لەوانـە: (عەبـدوڵا مسـتەفا نەقشـبەندی- وەزیـری دارایـی، موسـلیم نەقشـبەندی- وەزیـری داد، ئەحمـەد کەمـال قـادر - وەزیـری کاروبـاری باکـوور) بەشـداربوون، بـەڵام ئەمانـە بـە هیـچ شـێوەیەك پەیوەندیـان بە(پـدك)ەوە نەبـوو، هەروەهـا (ناجـی تالیـب) یـش لـە سـەرەتادا ئامادەنەبـوو دان بـە مـاددەکانی بەیاننامـەی ٢٩ی حوزەیـران بنـێ، بـەڵام دوای چەنـد هەفتەیـەك بەیاننامەکـەی قبووڵـی کـرد[2].

لـە ئەنجامـی ئـەم ڕەوشـەوە مسـتەفا بـارزانی هەوڵـی دا سـوود لـەو ئارامییـە وەربگرێـت، کـە هەلێـکی لـە بـار بـوو بـۆ بـە سـەرکردنەوەی لایـەنی سیاسی و بـاری ڕێکخسـتنی پارتایـەتی، بۆیـە بڕیـاری بەسـتنی کۆنگـرەی پارتەکـەی دا، ئەوەبـوو لـە ١٥-٣١ی تشـرینی دووەمـی١٩٦٦ کۆنگـرەی حەوتەمـی حزبەکـەی بەسـت، وەك حەبیـب محەمـەد کەریـم دەنووسـێت: «بەسـتنی کۆنگـرەی حەوتـەم لـە بـەر کاروباری پێویسـتی بـە پەلـە نەبـوو، بەڵکـو لـە بـەر ئـەو دۆخـە ئاسـاییە بـوو، کـە لـە دوای مۆرکـردنی ڕێککەوتنـی ٢٩ی حوزەیـرانی ١٩٦٦ەوە لەنێـوان کـورد و حکوومـەت هاتـە ئـاراوە»[3].
ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت کـە خـودی مسـتەفا بـارزانی، بـاوەڕی بـەو ڕێککەوتنـە نەبـوو، بـەڵام ئـەوەی گرنـك بـووە لـەو مـاوەی کـە ئارامـی سـیاسی لـە ئـارادا بـووە، پەلـەی کـردووە بـۆ بەسـەرکردنەوەی ڕێکخسـتنەکانی پارتەکـەی.

---

(١) برایەتی، گۆڤار، ژ: (١١)، ١٩٩٣/٥/٧، ل٣.

(٢) ڕەفیق ڕەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

(٣) بـۆ زانیـاری دەربـارەی کۆنگـرەی حەوتەمـی پـارتی بڕوانـە: شـێرکۆ فەتحـوڵا عومـەر، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٣٩-٢٤٠.

حکوومـەتی ناجـی تالیـب بـە هـۆی خراپـی بارودۆخـی سـیاسی و ئابـووری زۆری نەخایەنـد، لـە ئایـاری١٩٦٧ عەبدولڕەحـمان عـارف لـە پـاڵ پۆسـتی سـەرۆک کومـار، پۆسـتی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانیشـی وەرگـرت، لـە ڕۆژی ١٠ی ئایـاری ١٩٦٧ کابینەیـەکی نوێـی دامەزرانـد، کـە لـە نێـو ئـەم کابینەیـەدا ٣ وەزیـری کـورد بەشـداربوون کـە بریتـی بـوون لـە: (ئیحسـان شـێرزاد- وەزیـری شـارەوانی، فوئـاد عـارف - وەزیـری بووژانــەوەی باکــوور، موســلیح نەقشــبەندی- وەزیــری داد)، هــەر چەنــدە ئەمانــە پەیوەندییـان بــە ســەرکردایەتی(پدك)ەوە لاوازبــوو، بــەڵام پەیوەنــدی حکوومــەت و سـەرکردایەتی کـورد، مسـتەفا بـارزانی لـە کەشـێکی دۆسـتانەدا بـوو[1]. بـەڵام لـە لایـەکی دیکـەوە ئەفسـەرانی سـوپا بـە هـۆی هەڵوێسـتی ئاشـتیانەی عـارف بەرامبـەر بە کێشـەی کـورد و دامەزرانـدنی پەیوەنـدی دۆسـتانەی لەگـەڵ بـارزانی، سـەخت دڵگـران بـوون، وەك پێشـوو عـارف کەوتبـووە ژێـر گوشـارێکی تونـدی سـوپا، سـەرئەنجام لـە ڕۆژی ٩ی تەمووزی١٩٦٧بـۆ جێگرەکـەی کـە ئـەو کات (تاهیـر یەحیا)بـوو، دەسـتبەرداری پۆسـتی سـەرۆك وەزیـران دەبێـت، لـە ڕۆژی دواتـر تاهیـر یەحیـا کابینەیـەکی نـوێ پێکهێنـا، هـەر چەنـدە ناوبـراو بـە ڕووکـەشی هەوڵـی جێبەجێکـردنی مـاددەکانی بەیـانی ٢٩ی حوزەیـران دەدا، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە ئەیلـوولی ١٩٦٧ سـەردانی کوردسـتان دەکات و لەگـەڵ بـارزانی کۆدەبێتـەوە، بـەڵام کەچـی لـە ژێـرەوە بـەردەوام هـانی باڵی(م.س)یـان دەدا بـۆ دژایەتیکـردنی بـارزانی و هێرشـکردنە سـەر بارەگاکانی(پـدك)، بەمـەش پەیوەندییـەکانی نێـوان حکوومـەت و سـەرکردایەتی شـۆڕشی کـورد، تـا دەهـات بـەرەو خراپـی هەنـگاوی دەنـا[2]، هەروەهـا ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ حکوومـەت خـۆی لـە بەنـدەکانی بەیاننامەکـە دەدزییـەوە، لـە ئاکامـدا دووبـارە شـەڕ لـە نێوانیانـدا دەسـتی پێکـردەوە، بـەڵام زۆری نەخایانـد بەهـۆی خراپـی بارودۆخـی سـیاسی و ئابووری..تـاد، حکوومـەتی تاهیـر یەحیـا و لاوازی خـودی عەبدولڕەحـمان عـارف، ئەفسـەرانی سـەر بـە باڵـی حزبـی بەعـس لـە ١٧ی تەممـووزی ١٩٦٨، بـە سـەرکردایەتی (ئەحمـەد حەسـەن بەکـر)[3]، کودەتایـەکی

---

(١) ڕەفیق ڕەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل١٨٢-١٨٣.

(٣) ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، لـە سـاڵی ١٩١٤ لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٣٨ چووەتـە ئەکادیمیـای سـەربازی عێـراق، لـە شـۆڕشی ١٤ تەممـووزی ١٩٥٨بەشـداربووە، لـە کودەتاکـەی ١٩٦٣ ڕۆڵێـکی کارای هەبـووە، لـە سـاڵی ١٩٦٨ بـووە بـە سـەرۆك کۆمـاری عێـراق تـا ١٩٧٩، لـە سـاڵی ١٩٨٢ کۆچـی دوایـی کـردووە ...بڕوانـە: ئەحمـەد حمـە ئەمیـن، سـەرچاوەی پێشـوو،ل١٩١-١٩٢.

سـەربازی ئەنجـام دا و کۆتایـی بـە دەسـەڵاتی عـارف هێـنرا[١]، دووبـارە بەعسـییەکان دەسـەڵاتیان گرتەدەسـت.

بەعسـییەکان پـاش وەرگرتنـی دەسـەڵات، لـە سـەرەتادا هەوڵیـان دا بـۆ لـە باربـردنی شـۆڕشی کـورد بـە هێـز کار بکـەن، بـەڵام پلانەکانیـان سـەری نەگـرت، بـە ناچـاری لـە کۆتاییـەکانی ١٩٦٩ و سـەرەتای ١٩٧٠ پەنایـان بـردە بـەر دانوسـتان بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لـە ڕێگـەی گفتوگـۆوە[٢]، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش شـاندێکی حکوومـەت لـە ٩ی ئـاداری١٩٧٠ سـەردانی مسـتەفا بـارزانی کـرد[٣]، دوای هاتوچـۆ و گفتوگۆیـەکی چەنـد ڕۆژی لـە نێوانیـان، لـە شـەوی ١٠-١١ی ئاداری ١٩٧٠ سـەرکردایەتی (پـدك) و سـەدام حسـێن (١٩٣٧-٢٠٠٧) ڕێککەوتننامەیەکیـان ئیمزاکـرد[٤]، کـە لـە مێـژوودا بـە ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادار نـاسراوە. کریـس کۆچێـرا دەنووسـێت: «دوای سـێ مانـگ گفتوگـۆ لـە نێـوان ژەنەراڵ مسـتەفا بـارزانی و سـەدام حسـێن ڕێککەوتنامەی ١١ی ئـادار ئیمـزا کـرا»[٥]. لـەم هەلومەرجـە سیاسـییەدا (پـدك) لـە دوای چـوار مانـگ لـە ڕاگەیانـدنی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـادار، کۆنگـرەی هەشـتەمی خـۆی لـە١ی تەممـووزی١٩٧٠ لـە ژێـر دروشـمی (ئاشـتی و یەکێتـی نیشـتمانی) گـرێ دا[٦].

ئـەوەی ڕاسـتی بێـت ڕێککەوتنـی ١١ی ئـادار بـە دەسـتکەوت و وێسـتگەیەکی گرنگی مێـژووی گـەلی کـورد دادەنرێـت، لەبەر ئەوە یەکـەم بەڵگەنامەی یاسـایی و دەسـتوورییە لـە مێـژووی حکوومەتـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی عێـراق کـە لـە سـەر بنەمـای ئۆتۆنۆمی دان بـە مافـەکانی کـورددا دەنێـت[٧]. بـە پێـی بەنـدەکانی ڕێککەوتنەکـە مـاوەی چـوار

---

(١) شـاكرو خـدو محـوى، المسـالة الكرديـة فـى العـراق المعـاصر، ت: عبـدى حاجـى، مطبعـة خانـى، دهـوك، ٢٠٠٨، ص٣٥٧.

(٢) فەرەیـدون عبدالرحیـم عبداللـه، بارودۆخـی سـیاسی کوردسـتان- عێـراق (١١ی مـارت ١٩٧٠ – ١١ مـارتی ١٩٧٤)، هەولێـر، ٢٠٠٨، ل٤٨.

(٣) محسن دزه یی،أحداث عاصرتها، ج٢، دار ئاراس، أربیل،٢٠٠٣، ص١٩٠.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر دەبـارەی دەقـی ڕێککەوتنامـەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠ بڕوانـە: مسـعود بـارزانی، بـارزانی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد ١٩٦١-١٩٧٥، ب٣، ب٢، ب.ش.ب.س، ل٣٣٤.

(٥) کریس کوچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦١.

(٦) بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی کۆنگـرەی هەشـتەمی پـارتی. بڕوانـە: برایـەتی، گۆڤـار، ژ:(٣)، ئـابی ١٩٧٠،ل١٨ -١٩.

(٧) پـاوڵ ئیسـمەن و ئـەوی تـر، لـە ژێـر ئـاڵای کوردسـتاندا ژیـان و ڕێبـازی مـەلا مسـتەفا بـارزانی، و:

ساڵ (١٩٧٠-١٩٧٤) دانرابوو بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکە، کە خۆی لە چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی دەبینییەوە بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا، لەم بارەیەوە مستەفا بارزانی دەڵێت: «حکوومەت سووربوو لەسەر ئەم چوار ساڵە، ئەمەی کردبوو بەمەرجی بنەڕەتی ڕێککەوتننامەکە، ئەگەر بەم ماوەیە قایل نەبواین، ڕێککەوتنەکەی ئیمزا نەدەکرد»[1]. بەڕاستی قسەی بارزانی و لەگەڵ کورتی ماوەی گەیشتن بەم ڕێککەوتنە، ئاماژەیەکی ڕوونە کە حکوومەت هەوڵی خۆسازدانی دەدا لەو ماوەیە بۆ جێبەجێکردنی مەرامە گڵاوەکانی خۆی و نیازی جێبەجێکردنی نەبووە، بۆیە دەبینین لە ماوەی ئەم چوار ساڵە (١٩٧٠-١٩٧٤)دا جگە لە مافە فەرهەنگییەکانی گەلی کورد، ئەویش بە نیوەچڵی، گوێی خۆی لە مافە سیاسی و ئابووری و کارگێڕی و کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کورد کەڕ کردبوو[2]، هەروەها بەردەوام هەوڵی خۆدزینەوەی دەدا لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، دواجار لە شوێنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە ڕۆژی ١١ی ئاداری ١٩٧٤ یەکلایەنە بەیانێکی بڵاوکردەوە، کە زۆر لایەنی گرنگی پێکهاتەی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی فەرامۆش کردبوو، لەبەرانبەریدا سەرکردایەتی کورد ئەم پرۆژەیەی حکوومەتی عێراقی ڕەتکردەوە[3]. ئەوەی ڕاستی بێت وەك لە سەرەوە باس کرا، حکوومەتی عێراق لە سەرەتاوە نیازی چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ژێر پەردەوە، کاری بۆ لەناوبردنی کورد دەکرد، لە سەرووی هەمووشیانەوە مستەفا بارزانی، هەر وەك (حەردان تکریتی)[4]، لە بیرەوەرییەکانیدا

---

ئەردەلان گۆران (هەورامی)، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤، ل٥٣١.

(١) لە:کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٦وەرگیراوە.

(٢) سۆزان کەریم، بەعسیزم و کورد توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە ١٩٤٧ـ ١٩٧٥، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢١٧.

(٣) بۆ زانیاری دەربارەی دەقی بەیاننامەی ١١/ئازار/١٩٧٤. بڕوانە: فەرەیدون عبدالرحیم عبداللە، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٣٥-٢٥٠.

(٤) حەردان تکریتی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری بەرگری عێراق بوو، لە ساڵی ١٩٧٣ دوورخرایەوە. پاشان بەعسییەکان کوشتیان، پێش کوشتنی نامیلکەیەکی نووسیوە بە ناوونیشانی: (باندێك دز و پیاوکوژ بووین لەپشت میلیشیا تیرۆرستەکانی صدامەوە) لەوێدا هەندێ نهێنی کودەتای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨و، بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی ئاشکرا کردووە. بڕوانە: کامەران بابان زادە، ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لە سەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشوور، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٦٠.

ئامــاژەی پــێ کــردووە، دەنووســێت: «مەبەســتی حکوومــەت لــە ناوبــردنی بــارزانی بــوو، بۆیــە هەرچــی بوێــت دیدەنــێ»[1]. ئەمــەش هێمایــەکی ڕوونــە لــە بــڕوا نەگــۆڕی دەســەڵاتدارانی ناوەنــدی بڕیــار کــە لــە حکوومەتــەکانی عێراقــەوە ســەرچاوەی گرتــووە، کــە هەمیشــە گــرەو لــە ســەر بەکارهێنــانی پلانگێــڕی و ڕێگەچــارەی ســەربازی دەکــەن بــۆ لەباربــردنی خواســتەکانی گــەلی کــورد.

لــە ئەنجامــی پابەنــد نەبــوونی حکوومــەتی عێــراق وەك خــۆی بــە ڕێککەوتنــە ڕاستەقینەکەی ١١ی ئــادار١٩٧٠، جارێــکی دیکــە لــە هاوینــی ١٩٧٤ شــەڕ دەســت پــێ دەکاتــەوە و نزیکــەی ســاڵێك درێــژە دەکێشــێت، ســەرکردایەتی کــورد بــۆ ئــەم قۆناغــە وەك پێویســت نەخشــە و پــلانی بەرگــری دادەڕێژێــت و تــوانی زیانێــکی گــەورەی گیــانی و ئابــووری بــە حکوومــەت بگەیەنێــت، بــۆ خۆدەربازکــردن لــەم شکســتە، حکوومــەت ڕووی لــە پلانێــکی ژەهــراوی دژی شــۆڕش و تەنانــەت ســەروەری خــاکی عێراقیــش کــرد[2]. ئەوەبــوو لــە ڕۆژی ٦ی ئــاداری ١٩٧٥ ڕێککەوتنامــەی جەزائیــر لــە نێــوان (ســەدام حسێن) جێگــری ســەرۆك کۆمــاری عێــراق، (محەمــەد ڕەزا) شــای ئێــران بــە ناوبژیــوانی (هــەواری بومدیــەن) ســەرۆك کۆمــاری ئەوکاتــەی جەزائیــر مۆرکــرا[3]، لەڕاســتیدا مۆرکــردنی ئــەم ڕێککەوتنــە تایبــەت نەبــوو بــە یەکلاییکردنــەوەی ناکۆکییــەکانی چەنــد ســاڵەی نێــوان عێــراق و ئێــران، بەڵکــو ســەودایەکی هــەردوو دەوڵــەت بــوو بەرانبــەر تواندنــەوەی شــۆڕشی کــورد.

دوای چەنــد ڕۆژێــك لــە ڕێککەوتنــی جەزائیر، لەڕۆژی ١١ی ئاداری ١٩٧٥ شــای ئێران پێشــوازی لــە مســتەفا بــارزانی کــرد، پێــی گوتبــوو: «مــن ناچــار بــووم ئــەو ڕێککەوتنــە لەگــەڵ بەعســییەکاندا بکــەم، نەمکردبایــە دەکەوتمــە گیروگرفتــی شــەڕێکی بەربــڵاو لەگــەڵ بەعسییە عێراقیەکانــدا، کــە ســۆڤیەتەکان هەمــوو قورســاییەکی خۆیــان دەخســتە شــەڕەکەوە، لــە ســەرێکی تریشــەوە بــە تــەواوەتی لــە بەرژەوەنــدی گــەلی ئێراندایــە، وەك چــۆن ئێــوە کــە بەرژەوەنــدی خۆتــان دی ڕێککەوتنامــەی ١١ی ئــاداری١٩٧٠ تــان

---

(١) ئــازاد عوبێــد صالــح، کاریگــەری شــۆڕشی ئەیلــوول لــە ســەر پێشخســتنی ڕۆژنامــەوانی کــوردی لــە باشــووری کوردســتاندا (١٩٦١ – ١٩٧٥)، چاپخانــەی ڕۆشــنبیری، هەولێــر، ٢٠٠٧، ل١٤٩.

(٢) دەنگی پێشمەرگە، گۆڤار، ژ: (١٢٥)، ئابی ٢٠٠٨، ل١٤.

(٣) بــۆ زانیــاری دەربــارەی دەقــی ڕێککەوتنامــەی جەزائیر.بڕوانــە: کامــەران بابــان زادە، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ل١١٠ - ١٣٢ .

کـرد»[١]. مەسـعود بـارزانی دەنووسـێت: «شـای ئێـران  بـە مەبەسـت وادەی دیمانەکـە کە لـە ١١ی ئـادار دانرابـوو هـەر بـە نیـازی تۆڵەسـەندنەوە بـوو لـە سـۆنگەی ئیمزاکـردنی بەیـانی ١١ی ئـاداری١٩٧٠ بـە پێچەوانـەی حـەزی شـا لـە هەمـان ئـەو ڕۆژەدا بـەر لەپێنج سـاڵ»[٢]. شـایەنی باسـە پێشـتر شـای ئێـران لـە بەسـتنی ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری١٩٧٠ دووچـاری ناڕاحەتییـەکی زۆر بووبـوو، بـەردەوام لـە پەیوەندیـدا بـوو لەگـەڵ بـارزانی کـە ڕێکنەکەویـت[٣]، بـەڵام بـارزانی لـە ژێـر گوشـاری ئیـرادەی گـەلی کـورد ڕێککەوتنەکـەی ئیمـزا کردبـوو.

مسـتەفا بـارزانی دوای چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ شـای ئێـران، لـە ڕۆژی ١٢ی ئـاداری ١٩٧٥ گەڕایـەوە باشـووری کوردسـتان، لـە ڕۆژی ١٦ی ئاداریـش بـە ئامادەبـوونی ئەندامـانی سـەرکردایەتی (پـدك) و فەرمانـدە لەشـکرییەکان، کۆبوونەوەیـەك سـازکرا[٤]. لـەو کۆبوونـەوەدا بڕیـار درا بـە هیـچ شـێوەیەك ڕادەسـتی ئـەو پیلانـە نەبـن، بەڵکـو بەردەوامـی  بـە شـۆڕش بـدەن[٥]. لـە سـەرێکی تریشـەوە لـە هەمـان ڕۆژدا، مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) لـە ڕێگـەی برووسـکەیەکەوە داوای گفتوگـۆ و دانوسـتاندنی لـە حکوومـەتی عێـراق کـرد، بـەڵام حکوومـەت داواکـەی ڕەتکـردەوە، بـە پێچەوانـەوە حکوومـەت سـوور بـوو لـە سـەر دامڕکاندنـەوەی شـۆڕشی کـورد[٦]. سـەرئەنجام دوای داخسـتنی هەمـوو دەروازەیـەك لـە بـەردەم سـەرکردایەتی شـۆڕش، لـە ژێـر کاریگـەری بـوونی مەتـرسی قڕکـردنی گـەلی کـورد، لـە شـەوی ٢٠/١٩ی ئـاداری ١٩٧٥ بـارزانی بڕیـاری دا بـۆ کاتێـکی گونجـاو کۆتایـی بـە شـۆڕش بهێنـن[٧]. سـەبارەت بـەم بڕیـارە، موحسـین دزەیـی دەنووسـێت: «لـە ڕۆژی ١٩ی ئـاداری١٩٧٥ نوێنەرێـکی بـەرزی ئێـرانی هاتـە لای بـارزانی و فەرمـانی پـێ ڕاگەیانـد، کـە ئێـران وا لەگـەڵ عێـراق ڕێککەوتـوون سـوپای عێـراق دەتوانێـت بێتـە نـاو خـاکی ئێـران، لەسـەر خـاکی ئێـران هێـرش بێنێتـە سـەر گـەلی

(١) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد...، ب٣،ل١٧١.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٧١.

(٣) فەرەیدون عبدالرحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦ -١٤٧.

(٤) ئوفـرا بینگـۆ، کـوردی عێـراق ـ بنیاتنـانی دەوڵەتێـك لـە نـاو دەوڵەتـدا، و: سـۆران مسـتەفا، چاپخانــەی ئــاراس، هەولێــر، ٢٠١٣، ل٢٢٩.

(٥) خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٠.

(٦) هەمان  سەرچاوە، ل٢٩٠.

(٧) بەهرۆز گەڵاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

کـورد»[1]. هەروەهـا ئێـران هەڕەشـەی هاریکاریکـردنی سـوپای عێراقـی کردبـوو لـە دژی کـورد ئەگـەر بێـت و کـورد لـە شـۆڕش بـەردەوام بێـت [2]. مەسـعود بـارزانی لەبـارەی وەسـتاندنی شـەڕ دەنووسـێت: «مـن بـە خـۆم حـەزم دەکـرد لـە حاجـی ئۆمـەران هەڵنەکەنرێیـن، هـەر لەوێـدا تـا دوا گوللـە و دوا پیـاو شـەڕ بکەیـن، زۆر لام باشـتربوو لـەوەی بچیـن بـۆ ئێـران، بـەڵام بەرانبـەر بڕیاری باوکـم هیچ چـارە و دەسـەڵاتێکم نەبوو، پاشـانیش دەرکـەوت بڕیارەکـە چەنـد ڕەسـەنایەتی و کەماڵـی تێدایـە»، هەروەهـا ناوبراو لـە درێـژی نووسـینەکەیدا ئامـاژە بـەوە دەکات: «کاتی شـۆڕشی ئیسـلامی ئێـران لەشـوباتی ١٩٧٩، سـەرکەوت لـە ماوەیـەکی کەمـدا چەنـد بەڵگەنامەیـەکی نهێنـی بڵاوبوونـەوە، کـە پەیوەنـدی بـەو بابەتـەوە هەبـوو، ئـەوەی دەردەخسـت ئەگـەر ئـەو بڕیـاری کشـانەوە نەبووایـە گـەلی کـورد هەمـوو دەکەوتـە بـەر بڕیـاری تەفروتونابـوون»[3].

سـەرەڕای ئـەوەی مستەفا بـارزانی بڕیـاری وەسـتاندنی شۆڕشـی دا، لەهەمان کاتیشـدا ڕایگەیانـد: «ئـەو بـۆ خـۆی هیـچ لارییـەکی لـە بەردەوامـی خەباتی چەکـداری نییـە، ئەگەر کەسـێك هەبێـت خـۆی بـە شـایەنی ئـەوە بزانێـت بەرپرسـیاریەتی سـەرکردایەتیکردنی ئـەو بزووتنەوەیـە لـە ئەسـتۆ بگرێـت، بـەڵام ئـەم بـۆ خـۆی ناتوانێـت بەرپرسـیاریەتی بڕیـاری بەردەوامـی بەربەرەکانـێ بـە سـەرکردایەتی خـۆی لـە ئەسـتۆ بگرێـت، مـادام ئـەم تەمەنـە بـە سـاڵداچووەی و ئـەم بـاری تەندروسـتییەی وەك جـاری جـاران ڕێگـەی سـەرکردایەتی بـە کـردەوەی پـێ نـادەن، بـەڵام ناشـڕوات بـۆ دەرەوە و گـەلی کـورد بەجێ بهێڵێـت کـە بـەرەو ڕووی لـە ناوچـوون ببێتـەوە، یـان لـە ژێـر حوکمـی ئـەو بارودۆخـە تـازە هاتـووە کایـەدا بـەرەو لـە ناوچـوونی ببـات»، لـە بەرانبـەر ئـەم هەڵوێسـتەدا مەسـعود بـارزانی دەنووسـێت: « کەسـیش نەهاتـە پێشـەوە بەرپرسـیاریەتی لەئەسـتۆ بگرێـت»[4]. سـەرئەنجام لـە ڕۆژی ٢٠ی ئـاداری ١٩٧٥ (ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق)[5]، بڕیـاری ڕاگرتنـی شـەڕی بڵاوکـردەوە، لـە ڕۆژی ٢١ی ئاداریـش پەخشـەکەی

(١) محسـن دزەیـی، یادگاریەکانـم لەگـەڵ بـارزانی نەمـر پـڕ لـە خۆشەوسـتی، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (٢٠٧١)، ١٩٩٤/١٠/٢٤، ل٣.

(٢) ئۆفرا بینگۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٩ -٢٣٠.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد...،ب٣، ل١٧٣.

(٤) هەمان سەرچاوە،ل١٨١.

(٥) ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق، ئـەم ئێزگەیـە بـۆ یەکـەم جـار لـە ڕۆژی ٢٠ی ئـابی ١٩٦٣ لـە ئەشـکەوتی گونـدی (گـردەڕەش)ی نزیك ناوچەی(ماوەت) لە پارێزگای سـلێمانی دامـەزرا، پەخشی خۆی

ڕاگـرت[1]. مسـتەفا بـارزانی دوای بڕیـاری کۆتاییهێنـان بـە شـۆڕش بـۆ یەکـەم جـار لـە ڕێگـەی حاجـی ئۆمەرانـەوە لـە ٢٥ی ئـاداری ١٩٧٥، خـاکی باشـووری کوردسـتانی بەجـێ هێشـت، چـووە دیـوی سـنووری ئێـران[2]. بەمـەش بـۆ ماوەیـەکی کاتی کۆتایـی بە شـۆڕشی کـورد هـات کـە بـە وێسـتگەیەکی گرنـگ دادەنرێـت لـە مێـژووی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد کـە بـۆ مـاوەی ١٤ سـاڵ بـەردەوام بـوو.

هەرچەنـدە ڕێککەوتنـی جەزائیـر ڕۆڵـی سـەرەکی هەبـوو لـە نسـکۆی شـۆڕشی ئەیلـوول[3]، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا فاکتـەرە ناوخۆییـەکان کاریگـەری گەورەیـان هەبـوو لـە نوشسـتی شـۆڕش، بـە بەڵگـەی ئـەوە لـە مـاوەی ئاگربەسـتی (١٩٧٠ -١٩٧٤) شـۆڕش دووچـاری گەندەڵـی دارایـی و واسـیتە و خزمایـەتی و بـازرگانی و...تـاد بووبـوو، هەروەهـا ڕێکخـراوەکانی (پـدك) لـە ڕووی سیاسـی و بەڕێوەچوونـەوە لەبەر یەك هەڵوەشـابوونەوە و هـاوکات جڵـەوی کاروبـاری سـەربازی لـە دەسـت کەسـانی ناشـارەزادا بـوو کـە ئەمـە لـە کاتێکـدا بـوو تـەواوی ئیـدارەی کوردسـتان لـە ژێـر دەسـەڵاتی سـەرکردایەتی کـورد دابـوو[4]. تەنانـەت مەسـعود بـارزانی دان بـەوەدا دەنێـت، دەنووسێت: «هـۆی نسـکۆی ١٩٧٥ نـەك تەنیـا پیـلانی جەزائیـر بووە، بەڵکـو لە پـاش ١١ی ئاداری١٩٧٠ کـە حکوومەت ناچارکـرا دان بـە حوکمـی زاتیـدا بنێـت، هەموومـان تـووشی غـروور بوویـن و ڕۆژ بـە ڕۆژ ڕوحـی شۆڕشگێڕایەتیشـمان لـە دەسـت دا، لەجیـاتی ئـەوەی سـوود لـەو سـەرکەوتنە وەربگریـن و ڕێکخسـتنی پـارتی بچەسـپێنین لـە نـاو جەمـاوەر، دەرگای بەرەڵایـی و فـەوزا کرایـەوە و شـتی ئەسـاسی کـە بـۆ هـەر شۆڕشـێك پێویسـتە لـە بیـر چووبـوو»

---

بـە هـەر دوو زاراوەی بادینـی و سـۆرانی دەسـتی پێکـرد، هەروەها ڕۆژانـە نیو کاتژمێر بـە زمانی عەرەبی پەخـشی خـۆی دەوەشـاند، تـا نسـکۆی شـۆڕشی ئەیلـوول بـەردەوام بـوو، لـە شـەوی ٢١/٢٠ی ئـاداری ١٩٧٥ پەخشـەکەی ڕاوەسـتا و لـە کار کەوت...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانە: وصفی حسـن ردێنـی، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنێـت کـوردی (١٩٣٩ – ٢٠٠٣)، چاپخانـا زانـا، دهـۆك، ٢٠١١، ل ل٥٨ -٦٧.

(١) سـەرەوەر عبدالرحمـن عمـر، یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان (١٩٧٥- ١٩٧٦) دامەزرانـدن و دەسـتپێکردنی شـۆڕش، سـەنتەری چـاپ و بەخـشی تەمـا، سـلێمانی، ٢٠١٢، ل٥٤.

(٢) کامەران بابان زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨.

(٣) فوئاد سدیق: گەردەلوولی ...، ب٢، ل٥٦.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: عـمار عـلی السـمر، شـمال العـراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، دراسـە سیاسـیە، المرکـز العربـی للأبحـاث و دراسـە السیاسـات، بیـروت، ٢٠١٢، ص ص٤٣٢ - ٤٣٥.

[1]. جگـه لـەوەش سـەرکردایەتی شـۆڕش دوای ڕێککەوتنـی ١١ی ئـادار تـا سـنوورێکی بـاش بـڕوای بـە بەڵێنـەکانی حکوومـەتی عێـراق کـرد و هەروەهـا لـە شرۆڤـەی سیاسـی نێودەوڵەتیـدا کەوتبـووە نێـو هەڵەیـەکی کوشـندەوە، بـە جۆرێـك لـەو بڕوایـەدا بـوو کـە ئەمریـکا هەرگیـز ڕێـگا بـە ئێـران نـادات لەگـەڵ عێـراق ڕێکبکەوێـت و دەسـت لـە شـۆڕشی کـورد هەڵبگرێـت[2]، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە سیاسـەتی ئەوکاتـەی ئەمریـکا و ئێـران یـەك سـتراتیجی هەبـوو لـە ناوچەکـەدا کـە وەك بیـنرا لـە دواییـدا بـە نەرێنـی بـە سـەر پـارتی و شـۆڕشی کـورددا شـکایەوە.

لـە دەرئەنجامـی ئـەم پیلانگێڕییـە، (پـدك) دووچـاری نەهامـەتی و لێك هەڵوەشـانەوە بـوو، بـەڵام ئـەوەی گرنـگ بـوو دوای نزیکـەی سـاڵێك بـە سـەر ڕێککەوتنامـەی جەزائیر، دووبـارە خـۆی ڕێکخسـتەوە و لـە مێـژووی ٢٦ی گـوڵانی١٩٧٦ شـۆڕشی چەکـداری سـەر لـە نـوێ دەسـتی پـێ کـردەوە، دووبـارە کەوتـە چالاکـی نوانـدن دژی حکوومـەتی عێـراق[3]. کـە واتـە لـە ئەنجامـی کورتبینـی سیاسـی و دەمارگیـری، حکوومـەتی عێـراق سـەروەری خـۆی لـە سـەر بەشـێك لـە ئـاو و خـاکی خـۆی لـە دەسـت دا بـە ئـاواتی هەتـا هەتایـی لـە ناوبـردنی شـۆڕشی کـورد و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، بـەڵام بەپێچەوانـەوە حکوومـەتی عێـراق نەشـیتوانی شـۆڕشی کـورد و پـارتی لـە بـار ببـات بـۆ هەتـا هەتـا، بەڵکو لـە ماوەیـەکی ڕێژەیـی کـورت و بـە هێزێـکی زۆرتـر و کاریگەرتـر شـۆڕش سـەرتاپای باشـووری کوردسـتانی گرتـەوە.

---

(١) ڕاپـۆرتی سیاسـی و عەسـکەری و تەنزیمـی سـەرۆکی پـارتی هەڤـاڵ مسـعود بـارزانی بـۆ کۆنگـرەی نۆیەمـی پارتیـمان، پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لەمـاوەی ٤ – ١١ تشـرینی دووەم ١٩٧٩بەسـتراوە.

(٢) فاتح ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٣.

(٣) سەنتەری برایەتی، گۆڤار، ژ: (٦)، حوزەیرانی ١٩٩٨؛ گوڵان، گۆڤار، ژ: (٢٩٦)، ٢٠٠٠/٩/١٤، ل٢٧.

# بەشی یەکەم
# ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (١٩٧٦ – ١٩٧٩)

# باسی یەکەم
# هەڵسانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستانی ـ عێراق وەك پارتێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی قاڵبووی خەبات و تێکۆشان و خاوەن جەماوەر، سیاسەت و ستراتیژی نەتەوەیی، کە لە ماوەی (١٩٤٦ - ١٩٧٥) تاکە پارت بوو لە سەر ئاستی باشووری کوردستان، کە بەرپرسیاریەتی ڕێبەرایەتیکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی لە ئەستۆی خۆی گرتبوو، بە درێژایی ئەو ماوەیە سازشی لە سەر پرسی کورد و کێشە ڕەواکەی نەکردووە، هەمیشە بەرانبەر بە پرسە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکان بۆچوونی تۆکمە و نەگۆڕ و خاوەن هەڵوێست بووە و هەردەم لە سەر ئاستی ناوخۆی عێراق و هەرێمی و تەنانەت نێودەوڵەتیش سەنگ و ئیعتباری تایبەتی خۆی هەبووە، لە لایەن دۆست و دوژمنانی گەلی کوردەوە حسابی بۆ کراوە و مێژوویەکی پڕ لە سەروەری بۆ گەلی کورد تۆمارکردووە. هەروەها گیانی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی لەناو دڵ و دەروونی گەلی کورد چەسپاندووە، نەك هەر لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە پارچەکانی تری کوردستانیش، لە ئەنجامی بەهێزی سەنگی سیاسی و سەربازی پارتی، عێراق و ئێران ترسیان لێ نیشت، سەرئەنجام بە هاوکاری و هەماهەنگی وڵاتانی هەرێمی و ئەمریکا ڕێککەوتنە شوومەکەی جەزائیری ١٩٧٥ بە سەر گەلی کورد و (پارتی)دا سەپێنرا و لە پشتەوە خەنجەری لێدرا، لە ئاکامدا پارتی لە بەر یەك هەڵوەشایەوە و شیرازەی ڕێکخستنی ئۆرگانەکانی دووچاری لێکترازان بوون، بەمەش بۆ ماوەیەك پاشەکشێی لە خەبات کرد، پاش ماوەیەکی ڕێژەیی کورت سەر لە نوێ بە شێوەیەکی تۆکمە و بە هێز، بە سوود وەرگرتن لە هەڵەکانی پێشوو، توانی لە سەر ئاستی سیاسی و جەماوەری خۆی ڕێك بخاتەوە و جارێکی تر بۆ گۆڕەپانی خەبات و بەرخودان بگەڕێتەوە.

## أ- هەڵسانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاستی سیاسی:

پاش نسکۆی ئاداری ١٩٧٥وەك پێشتر باس کرا، (پدك) بە هەلومەرجێکی زۆر ئاڵۆز و دژواردا تێپەڕ دەبوو، بە هۆی مەترسی بۆ سەر مانەوەی نەتەوایەتی کورد، هەموو دامودەزگاکانی (پدك) و کارگێڕییەکانی شۆڕش، بە بڕیاری فەرمی سەرکردایەتی بۆ کاتێکی گونجاو هەڵوەشێنرانەوە، بەمەش (پدك) کە خاوەن نزیکەی (٣٠) ساڵی خەبات بوو، بە تەواوەتی لە بەر یەك هەڵوەشایەوە، ئیتر بزاڤی کورد لە باشووری کوردستان هیچ ئامرازێکی سیاسی بۆ نەمایەوە تا خەبات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بکات و بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بکات، وەڵامی سیاسەتی حکوومەتی عێراق و پیلانە شوومەکەی بداتەوە کە مایەی مەترسی گەورە بوو بۆ سەر مانەوەی ڕەگەزی کورد[1]. لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی پابەندبوون بە ڕێککەوتنی جەزائیرەوە، هەر یەکە لە عێراق و ئێران چاودێری توندی خستبووە سەر ئەندامانی (پدك) و بە کردار کەوتنە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆڵەکانی ڕێککەوتنەکە و دەستیان دایە هاوکاریکردن لە بواری لەت لەتکردنی ژێرخانی چالاکی سیاسی و سەربازی کورد کە خۆی لە (پدك)دا دەبینێتەوە[2]، بە ئامانجی لەناوبردنی (پدك) تا بە یەکجاری بۆ مەیدانی خەبات نەگەڕێتەوە. لەو کاتەدا بەشێکی زۆر لە میللەتی کورد بە دوژمنانیشەوە لە هەڵسانەوەی (پدك) تا ڕادەیەك نائومێد بووبوون، لەو بڕوایەدا بوون جێگەی لە ناو میللەتی کورددا نەماوە و ناتوانێت بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی بگەڕێتەوە[3]، تەنانەت لە نێویاندا زۆر کەس تا دواسات لە سەرکردایەتی خودی (پدك) و شۆڕشدا بوون، کەوتنە پڕوپاگەندە و ناوناتۆری جیاواز، هێرشکردن بۆ سەر (پدك) و کەسایەتی مستەفا بارزانی، بەخیانەتکار لەقەڵەمیان دەدا، ئۆباڵی

---

(١) د.جمال فەتحوڵا تەیب، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشووری کوردستان (١٩٧٥/٣/٢١ – ١٩٨٠/١١/٢٨)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ، ٢٠١٢، ل٤٠.

(٢) بۆ زانیاری لەبارەی پرۆتۆکۆڵەکانی ڕێککەوتنی جەزائیر ١٩٧٥. بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ...، ب٣،ل٢٠٥؛ کامەران بابان، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٢٥ -١٣٢؛ عمر سلیم یاجلوری ، دلۆپەك ژ خەباتێ، چاپخانەی خانی، دهۆك ، ٢٠١٢، ل١٤٨.

(٣) عارف تەیفور، قیادەی مؤقت (سەرکردایەتی کاتی)چیە و چۆن دامەزرا؟، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (١٦٥٠)، ١٩٩٣/٥/٢١، ل٣.

شکستەکەیان دەخستە سەر شانی بارزانی[1]. هەر وەك مەسعود بارزانی دەنووسێت: «پاش نەکسەی ١٩٧٥ زۆر کەس لە مەیدان ڕایان کرد، پێش ئەو کاتە بە هەموو شتێك ڕازی بوون و، لە هەموو بڕیارە باش و خراپەکاندا بەشداربوون و ڕۆڵی باڵایان هەبووە، زۆر لە بارزانی نزیك بوون، کە بەو نزیك بوونەوەیان سوودی تایبەتی خۆیان تێدابوو، بەڵام پاش نسکۆ، نەك هەر لە بارزانی دوورکەوتنەوە، بەڵکو بە هەموو جۆرێك هەوڵیان دەدا بە تەنیا بەرپرسیارەتی بخەنە سەر شانی ئەو، ئەو کەسانەی پابەندبوونی ئەخلاقی خۆیان بەرانبەر بە بارزانی و پارتی پاراستبوو، بۆیان دەرکەوت کە هیچ کات بارزانی لە بەرپرسیارەتی ڕای نەکردووە، بەڵام دەبێت بۆ مێژوو بڵێین کە بارزانی پاش ساڵی١٩٧٠، لە زۆر لەو هەڵانەی کە کراون بەرپرسیار نەبووەو زۆر شتیش ئێمە و هەمووومان کە لە دەوری ئەو بووین لێی بەرپرسیارین، لەگەڵ ئەوەشدا پاش نسکۆ کەسمان تۆمەتبار نەکرد و هەوڵمان نەدا بەرپرسیارەتی بخەینە سەرشانی خەڵکێکی تر، بەڵکو هەموو سەرکردایەتی بەرپرسیار بووە، ئەمە واقیع و حەقیقەتە»[2]. هەروەها دەنووسێت: «هەندێك کەس لەم ڕووەوە هەموو سنوورێکی بەزاند، کە پێیان وابوو بەم سنوور بەزاندنە خۆیان لە بەرپرسیارەتی ڕزگار دەکەن»[3]. هەروەها خودی مستەفا بارزانیش لەم بارەوە دەڵێت: «ئێمە وەك سەرکردایەتی بەرپرسین لە هەموو ئەو کارەساتانەی بە سەر گەلەکەماندا هات، ئەو کۆسپەش لە شۆڕش تووشی هات کەسمان بێ بەرپرسیارەت نین لێی، بەڵام من ئینکاری ئەوە ناکەم کە بەرپرسیارەتی من لە هەمووتان گەورەترە، بۆیە من ئامادەم بەشی بەرپرسیارەتی ئەوانی تریش هەڵبگرم لە سەرکردایەتی چ ئەوانەی گەڕانەوە لای میری، یان ئەوانەی ئێمەیان بە جێهێشت و ڕێگەیەکی تریان بۆ خۆیان دۆزییەوە»[4].

هەروەها ئەو کەسانە بە جارێك کەوتنە پەلاماردانی ئەندامانی (پدك) و

---

(١) مسعود بارزانی، تا دەرفەتم دەبێ بە درێژایی دەربارەی شۆڕشی گوڵان و سەرکردایەتی کاتی بنووسم ئەم چەند دێڕە بۆ مێژوو، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (٣٦٩٥)، ٢٦/ئایار/٢٠٠٢، ل١.

(٢) ڕاپۆرتی سیاسی و عەسکەری سەرۆکی پارتی هەڤاڵ مسعود بارزانی بۆ کۆنگرەی نۆیەمی پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ٤ – ١١/تشرینی دووەم/ ١٩٧٩ بەستراوە.

(٣) مسعود بارزانی، تا دەرفەتم دەبێ...، ل١.

(٤) لە:محسن دزەیی، یادگاریەکانم لەگەڵ بارزانی نەمر پڕ لە خۆشەویستی، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٢٠٧٠)، ١٩٩٤/١٠/٢٣، ل٣وەرگیراوە.

بنەماڵەی بارزانی، لەو ئومێدەدا بوون ئەو قۆناغەی (پدك) ڕۆڵی خۆی بینیوە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و مەیدانی سیاسی بە سەر چووە، تەنیا ئەوەندەی بۆ ماوەتەوە ناوی لە مێژوودا تۆماربکەن[1]. بەڵام ئەم بۆچوونە کورتبینە دەرچوو، سەرەڕای هەڵوەشانەوەی دەستەی سەرکردایەتی سیاسی، پەرتەوازەبوون و جیابوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کادیر و سەرکردەکان و دۆزینەوەی ڕێگەیەکی تر بۆ خۆیان، کۆمەڵێك لە کادیر و ئەندامە دڵسۆزەکانی پێشووی (پدك) کە لە ئێران پەنابەر بوون، لە ژێر چاودێرییەکی توندی عێراق و ئێراندا، هەوڵیان دا لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی سیاسیدا خۆیان کۆبکەنەوە، سەر لە نوێ شیرازەی ڕێکخستنەکانی (پدك) ڕێك بخەنەوە[2]. هەر وەك مەسعود بارزانی دەنووسێت: «نسکۆی ئاداری ١٩٧٥، ئەوەندە گەورەبوو، بۆ ماوەیەك ئاوات و هیواکانی گەلی کوردی خستە گۆشەی لە یادچوونەوە، بەڵام ویستی بەربەرەکانێ و خەبات لە دڵ و دەروونندا هەر زیندوو بوو، کارەساتەکە نەیتوانی لە ناوی ببات، دەست بەجێ دەستمان کرد بە دانانی ڕێکخستن و پتەوکردنی ڕیزەکانی گەل لە دەوری شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەمان پێکەوەنا کە ناومان لێ نا سەرکردایەتی کاتی»[3]. ئەوی ڕاستی بێت بڕیاردان لە سەر پرسی وەگەڕخستنەوەی شیرازە و ئۆرگانەکانی (پدك) لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی نوێدا، پێویستی بە بڕیار و ڕەزامەندی مستەفا بارزانی بوو، ئەم پرسەش لەو کاتەدا وروژاند کە مستەفا بارزانی لە سەرەتای نیسانی ١٩٧٥ لە شارۆچکەی (نەغەدە)[4]، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە

(١) عارف تەیفور، قیادەی مۆقت...، ل٣.

(٢) نفسینگەها ڕەوشەنبیری و ڕاگەهاندنا لقا یەکێ-پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێبازی پارتی و بارزانی ئیسگەهێن گرنگ و سەرەکی د(١٠٠)خالاندا، چاپخانا هەوار، دهۆك ،٢٠٠٤، ل١٦.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد...،ب٣، ل٧٥.

(٤) نەغەدە، شارۆچکەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دوای نسکۆی ئازاری ١٩٧٥، مستەفا بارزانی و بەشێکی زۆری ئەندام و سەرکردەکانی پارتی بۆ یەکەم جار لەم شارۆچکەیە نیشتەجێ بوون، بەڵام چەند ڕۆژی دواتر بە هۆی ترسی عێراق لە دووبارە دەست پێکردنی چالاکی سیاسی لە لایەن بارزانی و کادیرانی پارتییەوە، حکومەتی عێراق داوای لە ڕژێمی ئێران کرد کە بارزانی بگوێزێتەوە بۆ شارۆچکەی کەرەج کە شارۆچکەیەکی نزیك تارانە، کە ئامانج لێی دابڕانی بارزانی بوو لە جەماوەر و، مانەوە لە ژێر چاودێری دەزگای ساواك لە نزیکەوە، حکومەتی تاران دەستبەجێ لە ڕوانگەی هاوسۆزی و پابەندبوون بە پەیوەندی نێوان هەردوولا، بارزانی بۆ شاروچکەی کەرەج گواستەوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد مەلا قادر، پیرمام، ٢٠١٥/١٢/٢.

و پەنابەر، کۆبوونەوەیەکی بەر فراوانی ئەنجامدا[1]. لەم سەروبەندەدا مەسعود بارزانی بە مەبەستی دووبارە ڕێکخستنەوەی دامودەزگاکانی پارتایەتی و ڕێکخستنی لەشکری لە سەر بناغەیەکی نوێ بەپێی پێویستی سەردەمیانە و ئەو قۆناغە مێژووییەی کە گەلی کورد لە باشووری کوردستان پێیدا تێپەڕدەبێت، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردوو، داوای ڕوخسەتی لە مستەفا بارزانی کرد کە دەسەڵاتی پێ بدات بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە[2]. ئاکام مستەفا بارزانی پێشوازی لەم بیرۆکەیە کرد، وەك مەسعود بارزانی دەنووسێت: «بارزانی دەست بەجێ زۆر بە گەرمی و پێخۆشحاڵی و دڵ بە دواڕۆژ خۆشی داواکەی پەسەندکرد و، هەرچی دەسەڵاتی خۆی هەبوو پێی سپاردم و نزای سەرکەوتنی بۆ کردم، ئیتر منیش یەك خولەك کاتم بە فیڕۆنەدا هەر کە ئەو (نەغەدە)ی بەجێهێشت دەست بەکاربووین بایەخێکی تایبەتیشمان بە کادیرە لاوەکان دا»[3]. لە سەر بنەمای سوودوەرگرتن لە ئەزموونی شۆڕشی ئەیلوول، کە موڕالی ڕووخاو و تێکشکاوی کادیرەکان لە بەر چاو گیرابوو، بۆیە لەم قۆناغەدا گرنگییەکی زۆریان بە کادیرە لاوەکان دا، بە تایبەت (دەزگای پاراستن )[4]، کە هەم

---

محەمەد مەلاقادر، ناوی تەواوی (محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد)ـە، لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی بیرەکەپران، لە گوێڕ، لە تەمەنی لاویدا پەیوەندی بە پارتیەوە دەکات، لە ساڵی١٩٧٠ لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی، بە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت، لە ساڵی ١٩٧٣ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، لە ساڵی ١٩٨٤ دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، وە لە هەمان کاتدا بەرپرسیارەتی لقی (٤)ی سلێمانی وەردەگرێت، لە خولی یەکەمی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٢ دەبێتە ئەندامی پەرلەمان لە سەر لیستی پارتی، دواتر دەبێتە وەزیری کاروباری ئایینی لە حکومەتی هەرێم، لە١٩٩٩ تاکو ٢٠٠٤ دەبێتە بەرپرسی لقی١ی پارتی، دواتر دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە کۆنگرەی (١٣)ی پارتی، لە هەڵبژاردن دەرناچێت، ئێستاش وەك ئەندامێکی پارتی ماوەتەوە، دانیشتووی شارۆچکەی پیرمامە.

(١) حامید گەوهەری، ئیدریس بارزانی و بارزانیەکان باشتر بناسین، ستۆکهۆڵم ، ٢٠١٤، ل٢٢٥.

(٢) د.علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران (١٩٨٠ – ١٩٨٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ، ٢٠٠٨، ل٦٠.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ...، ب٣،ل٢٤٠.

(٤) دەزگای پاراستن، پاش کۆنگرەی حەوتەمی پارتی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٦ بڕیار درا بوو کە مسعود بارزانی و شەکیب ئاکرەیی، کاروباری هەواڵگری و ئاسایش بەڕێوە ببەن، هەر لەم سۆنگەیەوە کار بۆ دامەزراندنی دەزگای پاراستن کرا بۆ بەڕێکردنی ئەرك و کاروباری هەواڵگری و ئاسایش، بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٦٩، بە فەرمی مسعود بارزانی بۆ یەکەم سەرۆکی ئەم دەزگایە دیاری کرد کە ئەرکی ئەم دەزگایەش بریتی بوو لە کاری هەواڵگری و ئاسایش لەناو

لاو بـوون هـەم ڕۆشـنبیر و لـە ئـەوانی تـر ملکەچـتر بـوون. بـە تایبـەتی لـەو ئانوسـاتە دژوارەدا کـە شـێوەی کارکـردن و ڕێکخسـتنەوەی پارتایـەتی پێویسـتی بـە کادیـری گەنـج دەکـرد، بـو ئـەوەی بتوانـن ببزوێـن و کەمـتر پابەنـدی خێزانییـان هەبێـت[1]. هەروەهـا کادیـرە لاوەکان جێگـەی بـاوەڕ و متمانـەی جەمـاوەر بـوون، کـە زیاتـر ئەنـدام و کارگێـڕی لقـەکانی لەخـۆ دەگـرت، کـە لـە کاتی نسـکۆدا بەرپرسـیارەتییەکی ئەوتـۆی لـە ئەسـتۆ نەبـوو، بۆیـە لای جەمـاوەر خۆشەویسـت بـوون، بـە بـەراورد لەگـەڵ کادیـر و ئەندامـانی سـەرکردایەتی پێشـوو کـە جەمـاوەر بـەو شـێوەیە لـە قەڵەمـی دەدان کـە ئەمانـە هیچیـان لـە دەسـت نایـەت[2]. بـە بۆچوونـم بێزاربـوونی ڕای گشـتی جەمـاوەر لـە سـەرکردایەتی پێشـووی پـارتی گرنگـی خـۆی هەبـوو لـە بایەخـدان بـە لاو و کادیـرە گەنجـەکان لـە لایـەن سـەرکردایەتی نـوێی پارتییـەوە.

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەڵبـژاردنی کادیـرە لاوەکان دواتـر بـوو بـە جێگـەی ڕەخنـە و گلەیـی لـە لایـەن ئەندامـانی پێشـووی (پـدك)ەوە، بـە تایبـەتی ئەوانـەی لـە نـاو پارتـەکانی تـردا دەسـتیان بـە خەبـات و کاری سیاسـی کردبـوو، یـان وازیـان لـە کاری سیاسـی هێنابـوو[3]. مەسـعود بـارزانی یەکـەم هەنـگاوی کـرداری بـۆ کاراکـردنی ئۆرگانـەکانی (پـدك) نـا، لـە مانگـی نیسـانی ١٩٧٥ بـوو کاتێـك کۆمیتەیـەکی پێنـج کـەسی پێکهێـنرا کـە ئەندامـەکانی بریتـی بـوون لـە: عـارف تەیفـوور و (کەریـم سـنجاری)[4]

---

شۆڕش. د.علی تەتەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

(١) گوڵان، گۆڤار، ژ: (١٧٦)، ١٩٩٨/٥/٣٠، ل١٤.

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عـارف تەیفـوور، میحـوەری خـازر، ٢٠١٦/٣/٣. عـارف تەیفـوور ، نـاوی تـەواو (عـارف شـێخ تەیفـوور شـێخ هادی)یـە، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٤٥ لـە گونـدی سـەرگەلو لـە ناوچـەی سـورداش، خـاوەن بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـە لـە بـواری مـافی مـرۆڤ، لـە سـاڵی ١٩٥٩ پەیوەنـدی بـە پارتییـەوە دەکات، لـە سـاڵانی ١٩٧٠ -١٩٧٣ دەبێتـە جێگـری بەرپـرسی لقـی (٥)ی پـارتی لـە بەغـدا، پاشـان لـە مـاوەی (١٩٧٦ – ١٩٧٩)، ئەندامـی سـەرکردایەتی کاتی بـوو، لـە دوای کۆنگـرەی (٩) پەیوەنـدی بـە پارتییـەوە نامێنێـت تـا ١٩٨٥، دواتـر ناوبـراو دووبـارە دەگەڕێتـەوە ڕیـزەکانی پـارتی، لـە مـاوەی (١٩٩٣ - ١٩٩٨) چەنـد پلـەی پارتایـەتی وەرگرتـووە، جێگـری سـەرۆکی پەرلەمـانی عێـراق بـوو لـە مـاوەی (٢٠٠٥ – ٢٠١٤)، ئێسـتاش بەرپـرسی میحـوەری خـازرە.

(٣) فـارووق محەمـەد محەمـەد ئەمیـن، سیاسـەتی ئێـران بەرامبـەر بـە جوڵانـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان (١٩٧٥ – ١٩٨٩) لێکۆڵینەوەیـەکی مێژوویـی سیاسـی یـە، نامـەی ماسـتەر (بڵاوکـراوە)، کۆلێـژی ئەدەبیـات، زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر ، ٢٠١٣،ل٤٥.

(٤) کەریم سنجاری، ئیستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

و(ئـازاد بـەرواری)[1] و (جەوهـەر نامـق)[2] و (حەمـە ڕەزا)[3] و بـە لـە بەرچـاو گرتنـی بارودۆخەکـە بـە کۆمەڵێـك ئامـۆژگاری ڕێنمایـی کـران، ئـەرکی سـەرەکی ئـەم کۆمیتەیـە گرتنەبـەری ڕێـکاری نهێنـی و پاراسـتنی نهێنییـەکان بـوو، لـە بـارەی کاراکردنـەوە و ڕێکخسـتنی پارتایـەتی[4]. ئـەوەی جێـی بـاس بێـت خـۆ ڕێکخسـتنەوە لـەم سـاتە دژوارەدا لـە لایـەن سـەرکردایەتی (پـدك)ەوە کارێـکی ئاسـان نەبـوو، کـە ئـەوکات هـەر وەك لـە ڕۆژنامـەی (ڕێبـازی نـوێ)ی ئـۆرگانی ناوەنـدی (ینـك)دا هاتـووە: «سـەرکردایەتی پـارتی کوردسـتانی ـ عێـراق هیچـی لـە دەسـت نەمابـوو، چالاکـی سیاسـی و ڕێکخسـتنەوەی پارتایـەتی لـە ئێرانیـش قەدەغەکرابـوو»[5]. هەروەهـا لـە لایـەکی تـر بنەماڵـەی  بـارزانی و

---

(١) ئازاد بەرواری، ئیستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

(٢) جەوهـەر نامـق سـاڵم، لـە دایکبـووی (١٩٤٦) لـە کـەلار، هـەر لـە سـەرەتای لاوێتـی پەیوەنـدی بـە پارتیـەوە دەکات، لـە مـاوەی (١٩٧٥ – ١٩٧٩) ئەندامـی سـەرکردایەتی کاتی و بەرپـرسی هەرێمـی یـەك (بادینـان) بـوو، لـە کۆنگـرەی ١٠ی  پارتی لـە سـاڵی ١٩٨٩، دەبێتـە ئەندامـی مەکتـەبی سیاسـی، لـە سـاڵی ١٩٩٢ وەك یەکەمیـن سـەرۆکی پەرلەمـان هەڵبژێـردرا، لـە (١٩٩٢ – ٢٠٠٠) بەرپـرسی مەکتـەبی دراسـات و توێژینـەوە بـوو، لـە شـەوی ٢٢/٢١ی ئـاداری ٢٠١١ لـە تەمـەنی (٦٥) سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـرد. بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: عوسـمان ڕەسـول حەسـەن (عوسـمان سەنگەسـەری)، بەشـێك لـە ژیـانی سـەرکردە نەمـرەکانی کوردسـتان، چاپخانـەی سـیما، سـلێمانی، ٢٠١٤، ل٥٦ -٥٧.

(٣) حەمـە ڕەزا، خەڵـکی شـاری سـلێمانییە، لـە بنەماڵـەی شـێخانی ڕێبـازی نەقشـبەندییە، لـە تەمـەنی لاوێتـی پەیوەنـدی بەڕیـزەکانی پارتیـەوە کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٧٢ بووەتـە کارگێـڕی لقـی (٥)ی پـارتی لـە بەغـدا، ڕۆڵـی گرنگـی لـە دامەزرانـدنی سـەرکردایەتی کاتی هەبـوو، لـە سـاڵی ١٩٧٦ بـۆ ماوەیـەك دەبێتـە بەرپـرسی لقـی (٦)ی پـارتی لـە ئەوروپـا، لـە سـاڵی ١٩٩٢ واز لـە کاری سیاسـی و حزبایـەتی دێنێـت، خەریـکی کاری بـازرگانی دەبێـت، لـە سـاڵی ٢٠٠٥دەبێتـە ڕاوێـژکاری ئابـووری سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان، مسـعود بـارزانی، ئێسـتە لـە سـلێمانی دادەنیشـێت. چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عەبدولسـەلام بـەرواری، هەولێـر، ٢٠١٦/٣/٢٧.عەبدولسـەلام بـەرواری، نـاوی تەواو(عەبدولسـەلام مسـتەفا سـدیق)ە، لـە دایکبـووی ١٩٥٠ لـە ناوچـەی بـەرواری بـاڵا، لـە سـاڵی ١٩٧٤ پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی پـارتی دەکات، لـە سـاڵی ١٩٧٦ دەبێتـە کارگێـڕی لقـی ٦ی پـارتی لـە ئەوروپـا، لـە مـاوەی ١٩٨٦-٢٠١٣، چەنـد پلـەی حـزبی و حکوومـی وەردەگرێـت، لـە سـاڵی (٢٠٠٥ – ٢٠١٣) ئەندامـی پەرلەمـانی کوردسـتان بـوو، ئێسـتا خانەنشـینە لـە سـەر هەمـان پلـە، لـە هەولێـر دادەنیشـێت.

(٤) حامیـد گەوهـەری، ئیدریـس بـارزانی و بارزانیـەکان ...،ل٢٢٦ ؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عـارف تەیفـور، میحـوەری خـازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٥) ڕێبازی نوێ، ڕۆژنامە، ژ: (٢)،ساڵی یەکەم، خولی یەکەم، تشرینی  دووەمی، ١٩٧٦، ل٥.

ئەندامانی (پدك) بە تەواوەتی لەژێر چاودێری (دەزگای ساواك)[١]، نوکەرانی عێراقدا بوون[٢]. لەم هەلومەرجەدا ئەم کۆمیتەیە لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٧٥، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا[٣]. کە ئەمە یەکەمین کۆبوونەوە بوو لە دوای پیلانی شوومی جەزائیری ١٩٧٥[٤]. لەم کۆبوونەوەیەدا بە تێروتەسەلی ڕەوشی کوردستان، چۆنیەتی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول خوێندرایەوە، لە ئاکام لە سەر سێ تەوەرەی گرنگ ڕێککەوتن لەمانە:

- گرنگیدان بە ڕێکخستنی پارتایەتی لە ناو پەنابەرانی کورد لە ئێران.
- ڕێکخستن و ئامادەکردنی کادیرانی سەربازی و سیاسی، بۆ ئەوەی بە زووترین کات بگەڕێتەوە بۆ باشووری کوردستان و ڕیزەکانی خۆیان وەك پارتی دووبارە ڕێکبخەنەوە و سەرکردایەتی جەماوەری کوردستان بکەن، بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵە بڕیار درا سوود لە(لێبوردنی حکوومەتی عێراق)(٥) وەربگرن، لەم ڕێگەیەوە دەستە دەستە ئەندام و کادیرانی چەلەنگ و ئازا بگەڕێنەوە بۆ باشووری کوردستان.
- هەروەها بڕیار درا کە هەوڵ بدەن بۆ گرێدانی کۆنفرانسێك لە کاتێکی گونجاو، بۆ هەڵسەنگاندنی قۆناغەکانی شۆڕشی ئەیلوول و لێکۆڵینەوە لە ئەنجامەکانی پیلانی خیانەتکاری جەزائیر[٦].

پاش ئەو کۆبوونەوەیە سەرکردایەتی کاتی کەوتە کارکردن لە سەر ئەم تەوەرانە و

---

(١) دەزگای ساواك، دەزگایەکی ئەمنی سەرکوتکەرانەی ئێران بوو لە ساڵی ١٩٥٦ز لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شا (١٩٤١ - ١٩٧٩)ز دامەزرا، ناوەکەی کوتکراوەی (سازمان اطلاعات وأمنيت کيشور)ـە زۆرجار بە دەزگای پۆلیسی نهێنی دەناسرێت و بەردەوام پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ وەکالەتی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا و دەزگای موسادی ئیسرائیل هەبووە. بڕوانە: کامەران بابان زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

(٢) حامید گەوهەری، ئیدریس بارزانی و بارزانیەکان ...، ل٢٢٦.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی...، ب٣،ل٢٤١؛ ئازاد بەرواری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

(٤) کەریم سنجاری، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش؟، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (١٦٥١)، ١٩٩٢/٥/٢٢، ل٣.

(٥) سەبارەت بە لێبوردنی حکوومەتی عێراق، بڕوانە بەشی یەکەم، باسی دووەم لقی أ.

(٦) جەوهەر نامق سالم، لمناسبە ذکری ثورة گولان، خەبات، الجريدة، العدد: (٦٧٧)، ٢٦/ گولان/١٩٩٣، ص٤.

فراوانکـردنی قـەوارەی ڕێکخسـتنەکانی خـۆی. هـەر یەکێـك لـەو ئەندامانـە پەیوەندییـان بـە پەنابەرانــەوە کــرد لــە ئێــران ، بــە مەبەســتی دروســتکردنەوەی شــانەی نهێنــی، زیندووکردنـەوەی ڕێکخسـتنەکانی خـۆی[1]. پـاش ئـەم هەنـگاوە، لـە درێـژی ئـەرك و چالاکییـەکانی خـۆی (س.ك) بڕیـاری دامەزرانـدنی پەیوەنـدی دا لەگـەڵ ئەنـدام و کادیرانی پێشـووی (پـدك) بـە ئامانجـی گەڕانـەوە و کارکـردن لە نـاو ڕیزەکانیـدا، لەم بـارەوە عارف تەیفـور لـە چاوپێکەوتنێکـدا دەڵێـت: «لـە یەکـەم هەنـگاو بڕیـاری پێکهێنـانی لێژنەیـەك درا، کـە هەمـان ئەندامـانی ئـەو کۆمیتەیـە بـوون کـە پێشـتر باسـکراوە، ئـەم لێژنەیـە بـۆ یەکـەم جـار بڕیـاری دا کـە پەیوەنـدی بـە (سـامی عەبدولڕەحـمان)[2] و (د.محمـود عوسمان)ــەوە بکـەن، سـەرئەنجام، مـن و حەمـە ڕەزا پەیوەندیمان بە (سـامی)یەوە کرد، و هەریەکـە لە(جەوهـەر نامـق و ئـازاد بـەرواری)  پەیوەنـدی بـە (د.محمود)ــەوە کـرد، لـە ئـاکام بـە هـۆی ناکـۆکی هـزری و بیـروڕای جیـاواز لـە نێـوان( سـامی و د.محمـود) نەمانتـوانی هەردووکیـان ڕازی بکەیـن کـە پێکـەوە کاربکـەن وەك ئەنـدام لـە(س.ك)دا، جگـە لـەوەش  هەردووکیـان مەرجیـان هەبـوو لـە بـارەی وەرگرتنیـان، (سـامی) پێـی وابـوو دەبێـت (نـوری شـاویس)[3] و چەنـد کەسـایەتیەکی تـری چەپـڕەو وەربگـرن وەك

---

(1) کەریم سنجاری، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

(2) سـامی عەبدوالڕەحـمان، نـاوی تـەواو (محەمـەد مەحمـود عەبدولڕەحمان)ــە، لـە دایکبـووی سـاڵی١٩٣٣ لـە قـەزای شـەنگال، لـە سـاڵی ١٩٥٧ بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس لـە بـواری ئەندازیـاری کارەبـا لـە زانکـۆی فیکتۆریـای لـە بریتانیـا بـە دەسـت هێنـاوە، هەروەهـا هـەر لـە بریتانیـاش کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی ئەوروپـاش دادەمەزرێنـێ، دەبێتـە سـەرۆکی ئـەم کۆمەڵەیـە، لـە دوای شـۆڕشی ١٤تەمـووزی ١٩٥٨ دەگەڕێتـەوە بـۆ عێـراق، لـە ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی پارتییـەوە دەکات و، لـە ئێزگـەی گـەلی کوردسـتانی عێـراق دەسـت بەکاردەبێـت، لـە کۆنگـرەی (٧)ــەمی پـارتی دەبێتـە ئەندامـی سـەرکردایەتی، دواتـر دەبێتـە ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی، لـە گفتوگـۆی نێـوان حکوومـەتی عێـراق و شۆڕشـی کـورد (١٩٧٠ – ١٩٧٤) ڕۆڵـی بەرچـاوی هەبـووە... بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: عوسـمان ڕەسـول، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٦٠ -٦١.

(3) نـوری شـاوێس، نـاوی تـەواو (نـوری سـدیق شـاوێس)ە، لـە دایکبـووی سـاڵی١٩٢٢ لـە شـاری سـلێمانی، لـە کۆنگـرەی دووەمـی پـارتی لـە سـاڵی ١٩٥١، دەبێتـە ئەندامـی مەکتـەبی سیاسـی ، لـە گفتوگۆیـەکانی حکوومـەتی عێـراق و سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد (١٩٧٠-١٩٧٤) ئەندامـی شـاندی کـوردی بـوو، لـە دوای ڕێککەوتنـی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، دەبێتـە وەزیـری ئەشـغال و نیشـتەجێکردن، لـە دوای نسـکۆ ١٩٧٥ کۆڵـی نـەدا دەبێتـە ئەندامـی (س.ك)وە بـەردەوام بـوو لـە خەبـات و چـالاکی سیاسـی، لـە ڕۆژی ١٥ی تشـرینی  دووەمـی ١٩٨٣ لـە بریتانیـا کۆچـی دوایـی دەکات...بـۆ زانیـاری

ئەنـدام لـە سـەرکردایەتی کاتی، بەهەمـان شـێوە مەرجـی (د.محمود)یـش بریتـی بـوو لـەوە کـە( شەمسـەدین موفتـی)[1]و لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیـەکی ئـەو وەربگـرن، لـە ئـاکام (س.ك) بـە کـۆی دەنـگ ڕەزامەندییـان لـە سـەر وەرگرتنـی( سـامی) و لایەنگـرانی دا «[2].

بـەڵام لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا د.مەحمـوود عوسـمان لـە چاوپێکەوتنێکـدا دەڵێـت: «ئـەم بـۆ چوونـە دوورە لـە ڕاسـتی، لـە دوای نسـکۆی ١٩٧٥ بـە هیـچ شـێوەیەك نیـازی گەڕانـەوەم بـۆ نـاو پـارتی نەبـووە، هیـچ کەسـێکیش بـۆ ئـەم پرسـە پەیوەنـدی بـە منـەوە نەکـردووە»[3]. بـەڵام کـە چـی لـە هەندێـك سـەرچاوەدا هاتـووە، کـە هـەر یەکـە لـە (ئیدریـس بـارزانی)[4]و مەسـعود بـارزانی پێـش دەرکـردنی بەیـانی دامەزرانـدن

---

زیاتـر بڕوانـە: بۆتـان مسـتەفا، لـە سـێزدەمین سـاڵگەڕی ماڵئاوایـی تێکۆشـەری خەبـاتی کوردایـەتی و بەرخـودان نـوری شـاوێس، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (٢٢١٢)، ١٩٩٦/١١/١، ل٣.

(١) شەمسـەدین موفتـی، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٣٣ لـە شـاری هەولێـر، قوتابخانـەی سـەرەتایی و ئامادەیـی لـە هەمـان شـار تـەواو دەکات، لـە سـاڵەکانی پەنجـاکان دەچێتـە کۆلێـژی مـاف، جگـە لـە بـواری ئایینـی، لـە بـواری سیاسـی ڕۆڵـی باڵایـان بینیـوە، لـە تەمـەنی لاویـدا پەیوەنـدی بـە پارتییـەوە دەکات، چەندیـن پلـەی سیاسـی وەرگرتـووە تاکـو نسـکۆی ١٩٧٥، دواتـر لەگـەڵ د.مەحمـود عوسـمان و چەنـد کادیرێـکی تـر ڕێکخسـتنێکیان دروسـت دەکـەن بەنـاوی لێژنـەی ئامـادەکاری پـارتی تاکـو سـاڵی ١٩٧٩، لـە کاتی یەکگرتنـەوە لەگـەڵ بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان، پارتێـك بـە نـاوی پـارتی سۆسیالیسـتی کوردسـتان دروسـت دەکـەن، لـە سـاڵی ٢٠٠١٢ لـە وڵاتی هۆڵەنـدا کۆچـی دوایـی دەکا ...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: محەمـەد مـەلا قـادر، سـەربوردەی نەمـران، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر، ٢٠١٤، ل٢٠٧ بـەدواوە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تیفور،خازر،٢٠١٦/٣/٣٠

(٣) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ د.مەحمـود عوسـمان، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٦. د.مەحمـود عوسـمان نـاوی تەواو(مەحمـود عـەلی عوسـمان)ە، لـە دایکبـووی ١٩٣٨ لـە قـەزای پێنجویـن، لـە سـاڵی١٩٥٣ پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی (ی.ق.ك)ەوە کـردووە، لـە سـاڵی١٩٥٦ بووەتـە سـکرتێری (ی.ق.ك)، سـاڵی ١٩٦١ بڕوانامـەی پزیشـکی لـە زانکـۆی بەغـدا بـە دەسـت هێنـاوە، جگـە لـە کاری پزیشـکی، لـە بـواری سیاسـیدا ڕۆڵـی بـاڵای هەبـووە، یەکێـك بـوو لـە ئەندامـەکانی وەفـدی شـۆڕش لـە گفتوگـۆکانی ١٩٧٠ – ١٩٧٤ نێـوان سـەرکردایەتی شـۆڕشی ئەیلـوول و حکوومـەتی عێـراق... بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: شـوکریە تەیمـور و ئـەوانی تـر، ژیاننامـەی سـکرتێرەکانی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان ١٩٥٣-٢٠١١، لـە بڵاوکـراوەکانی مەکتـەبی سـکرتاریەتی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان، چاپخانـەی روکسـانا، ب.ش،ب.س،ل٩.

(٤) ئیدریـس بـارزانی، ئیدریـس مسـتەفا بـارزانی، لـە دایکبـووی ٤ی نیسـانی١٩٤٤ لـە گونـدی بـارزان، سـاڵی یەکەمـی تەمـەنی لـە باشـووری کوردسـتان بـە سـەر بـردووە، دواتـر بـە هـۆی سـەرنەگرتنی

(س.ك)، پەیوەنـدی بـە (د.مەحمـوود عوسمان)ـەوە دەكـەن[1]. سـەرئەنجام (سـامی عەبدولڕەحـمان) و گرووپەكـەی بـە پەسـەند دەزانـن، هـەر چەنـدە عـارف تەیفـور وای بـۆ دەچێـت وەرگرتنـی (سـامی عەبدولڕەحـمان) بـە هـۆی لێهاتوویـیـەوە بـووە[2]. بـەڵام ڕایـەكی تـر هەیـە كـە لـەم سـەروبەندەدا ناوبـراو بـە شـێوەیەكی سـەربەخۆ دوور لـە بنەماڵـەی بـارزانی لـە هەوڵـی پەیوەنـدی دا بـوو لەگـەڵ پەنابـەران بـۆ ئەنجامـدانی كاری سیاسـی[3]. لـەو قۆناغـەدا كاریگـەری بـاشی لـە سـەر جەمـاوەر و كۆكردنەوەیـان لـە دەوروبـەری خـۆی هەبـوو.

لـەم كاتـەدا نـوری شـاویس لـە ئەوڕوپا بـوو، لـە لایـەن (س.ك) پەیوەندییـان پێوەكرد و بڕیاریانـدا بێتـە ئەنـدام لـە سـەركردایەتی كاتی[4]، هەروەهـا لـە كۆتایـی مانگـی نیسـان تاوەكـو مانگـی تەممـووزی ١٩٧٥، (س.ك) پەیوەنـدی بـە چەنـد كادیرێـكی سیاسـی و سـەربازی پارتییـەوە دەكـەن لەوانـە: (فـازڵ میـرانی و مـلازم سـاڵح پێـداوی و نەقیـب عەبـدوڵا سـدیق و تەحسـین ئەتـروش و شـێركۆ عـەلی ...تـاد)[5]، هەروەهـا لـە هەمـان كاتـدا (س.ك) هەوڵیـدا هەمـوو ئـەو گەنجانـەی پەنابەربـوون ڕەوانـەی هەندەرانیـان بـكات، نـەوەك نائومێـدی ڕوویـان تێبـكات، لـە ژێـر بـاری گـوزەرانی خراپـی ئاوارەیـی خۆیـان ڕادەسـتی حكوومـەتی عێـراق بكـەن، ئەمـەش لـە كاتێكـدا بـوو لە لایـەن هەندێك وڵاتـانی ڕۆژئـاواوە جـۆرە هاوسـۆزییەك هەبـوو بەرانبـەر بـە گـەلانی زۆرلێكـراوی وەكـو

ڕاپەڕینـە چەكدارییەكـەی دووەمـی بـارزان (١٩٤٣-١٩٤٥)، بـە ناچـاری خێزانەكـەی ڕوویـان لـە ڕۆژهـەڵاتی كوردسـتان كـرد، دوای ڕووخـانی كۆمـاری كوردسـتان لـە سـاڵی (١٩٤٧)ەوە گەڕاوەتـەوە بـۆ باشـووری كوردسـتان، لـە سـاڵی ١٩٦١ بۆتـە پێشـمەرگە لـە ڕیـزی شـۆڕشی ئەیلـول، لـە سـاڵی ١٩٦٥ بۆتـە بەرپـرسی مەكتەبـی عەسـكەری شـۆڕش، لـە وتووێـژەكانی نێـوان حكوومـەتی عێـراق و سـەركردایەتی شـۆڕش (١٩٧٠ - ١٩٧٤) ڕۆڵـی باشـی بینیـوە، لـە كۆنگـرەی نۆیەمـی پـارتی لـە ١٩٧٩ بۆتـە ئەندامـی مەكتـەبی سیاسـی، لـە ٣١ی كانـوونی دووەمـی ١٩٨٧ كۆچـی دوایـی دەكا...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: محەمـەد فاتـح، پەرەسـەندنی ژیـانی حزبایـەتی لـە كوردسـتانی باشـووردا، چاپخانـەی زانكـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر، ٢٠١٤، ل٣٥٢.

(١) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطی الكوردستانی...، س١٤٧.

(٢) چاوپێكەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٣) چاوپێكەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، هەولێر، ٢٠١٦/٣/٢٧.

(٤) كریـس كوچێـرا، بزووتنـەوەی نەتەوەیـی كـورد ویسـتی سـەربەخۆیی، و: حەسـەن ڕەسـتگار، دەزگای چـاپ و بڵاوكردنـەوەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر ، ٢٠١٣، ل٦٣.

(٥) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطی الكردستانی...، ص١٤٧.

گـەلی کـورد . بـۆ نموونـە: لـەم سـەروبەندەدا لـە وڵاتی نەمسـا (پـارتی سۆسیالیسـتی نەمسـا) بـە سـەرۆکایەتی (برۆنـۆ کرایسـکی) لـە هەڵبژاردنـەکانی پەرلەمـان سـەرکەوتنی بـە دەسـت هێنـا، لـە بەرنامـەی کاری خـۆی لـە کاتی بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا بـاسی لـە پشـتگیریکردنی گـەلانی زۆرلێکـراو کردبـوو، بۆیـە لـە کاتی بردنەوەیـدا، لـە کۆنگرەیـەکی ڕۆژنامەوانیـدا، کارگێڕێـکی لقـی٦ی (پـدك) لـە ئەوڕوپـا بەنـاوی (د.زوبێـر حەسـو) بـە هـاوکاری ڕۆژنامەنووسـێکی نەمسـا لەبـارەی پەنابـەرانی کـورد پرسـیارێکی ئاراسـتە کردبـوو، لـە وەڵامـدا کرایسـکی وتبـووی: " دەتوانیـن (١٠٠) کـەس وەربگریـن»[١]. پـاش هەسـتکردن بـەو هاوسـۆزییە لـە لایـەن (س.ك)ەوە، هەوڵیـدا ئـەم دەرفەتـە بقۆزێتەوە، لـەم نێوەنـدەدا ژمارەیـەك لـە گەنجـەکانی ڕەوانـەی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا کـرد، لیسـتی ئـەو ناوانـەی کـە بـۆ دەرەوە ڕەوانـە دەکـران، ڕاسـتەوخو لـە لایـەن (مەسـعود بارزانی)یـەوە دەستنیشـان دەکـران بـە تایبـەتی بـۆ نەمسـا و هۆڵەنـدا، دوای ئـەوەی کـە نەمسـا مۆڵەتی (١٠٠) کەسـیان دا، لـەوێ دەسـتیان بـە چالاکـی و کاری سیاسـی کـرد[٢]. بێگومـان دواتـر ئەمانـە بـوون بـە کاکڵـەی چالاککـردنی ڕێکخسـتنەوەی (پـدك) لـە سـەر ئاسـتی ئەوڕوپـا.
لـە درێـژەی خۆسـازدانی (س.ك)، دواجـار لـە تشـرینی دووەمـی ١٩٧٥ بـە فەرمـی دامەزرانـدنی خـۆی ڕاگەیانـد، بـۆ ماوەیـەکی کـورت توانییـان بناغـەی ڕێکخسـتنی حزبـی لـە زۆربـەی شـارەکانی باشـووری کوردسـتان دروسـت بکەنـەوە، هـاوکات ژمارەیـەکی زۆر لـە ئەندامـە چالاکـەکانی بـۆ سـنوورەکانی تورکیـا و عێـراق ڕەوانـەی کـرد بـە ئامانجـی ئامـادەکاری بـۆ دەسـپێکردنی خەبـاتی چەکـداری. دەشـێت بگوترێـت ڕاگەیانـدنی (س.ك) دەنگدانەوەیـەکی گـەورەی لـێ کەوتـەوە و، جێگـەی ئومێـدی دانیشـتوانی کوردسـتان بـوو، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا لـە لایـەن پارتـە سیاسـییەکانی تـرەوە جێگـەی نیگـەرانی و ڕەخنەگرتـن بـوو بـە تایبـەتی (ینـك)[٣]، کـە (س.ك)ی بـەوە تۆمەتبـار دەکـرد کـە بـە هـاوکاری (دەزگای سـاواك)ی ئێـران دروسـت بـووە بـۆ دژایەتیکـردنی بزاڤـی کـورد[٤]. ڕەنگـە ئەمـەش تەنیـا پڕوپاگەنـدە بێـت و هیچـی تـر، بـە بەڵگـەی ئـەوە (ینـك) لـە

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، هەولێر، ٢٠١٦/٣/٢٧.

(٢) عیزەددین بەرواری، شۆڕشی گوڵان خەونێك بوو هاتەدی، گوڵان، گۆڤار، ژ: (٧٤)، ١٩٩٦/٥/٢١، ل٧.

(٣) د.جمال فەتحوڵا تەیب،سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

(٤) نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن، لـە کەنـاری دانوپـەوە بـۆ خـڕی ناوزەنـگ دیـوی نـاوەوەی کوردسـتانی عێـراق (١٩٧٥ - ١٩٧٨)، چ٢،
چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ،١٩٩٧، ل٩٥.

ئۆرگانــە فەرمییــەکانی خۆیــدا، دان بــەوەدا دەنێــت کــە ئێــران ئەنجامــدانی هەمــوو کاروچالاکــی سیاســی و لەشــکری لــە مســتەفا بــارزانی قەدەغــە کــردووە[١]. ئەمــەش باشـترین بەڵگـەی فەرمییـە کـە خـودی یەکێتـی دان بـەو ڕاسـتیەدا دەنێـت کـە ئێـران ئەنجامـدانی هەمـوو کاروچالاکییـەکی لـە مسـتەفا بـارزانی قەدەغەکردبـوو.

پــاش ڕاگەیانــدنی دامەزرانــدنی خــۆی، لــە١٠ی کانــوونی یەکەمــی١٩٧٥، (س.ك) یەکەمیــن بەیاننامــەی لــە ژێــر دروشــمی: (ئــەی جەمــاوەری گەلەکەمــان خەبــات بکـەن بـۆ ڕەفزکردنـەوەی واقعـی نسـکۆ، کوردسـتان گۆڕەپـانی ڕاسـتەقینەی خەبات)ـەوە، بڵاوکـردەوە[٢]. لـە بـارەی هەڵبـژاردنی ناونیشـانی ئـەم دروشـمە عـارف تەیفـوور دەڵێـت: «بۆیـە ئـەو نـاو و نیشـانەمان کـردە دروشـمی خۆمـان، چونکـە پێشـتر لـە سـەر ئـەو بنەمایـە ڕیککەوتبووین، بگەڕێینەوە بۆ باشـووری کوردسـتان وەك گۆڕەپانی ڕاسـتەقینەی خەبـات، بـەڵام دوژمنـانی گـەلی کـورد، ئاوارەبـوونی سـەرکردایەتی پارتییـان بـە دەرفـەت زانیبـوو، بۆیـە لـەو کاتـەدا ئەمەیـان کردبـووە سـەردێری هـەواڵ و پروپاگەنـدەکان، کـە شـوێنی پارتی و بنەماڵـەی بـارزانی لە باشـووری کوردسـتان نەمـاوە»[٣]. لـە بەیاننامەکەدا (س.ك) بـە تونـدی هێـرش کرایـە سـەر ڕژێمـی بەعـس و شـای ئێـران ، جەخـت لـە سـەر بەردەوامیـدان بـە خەبـاتی چەکـداری و شـەڕی پارتیـزانی کرایەوە، بـە ئامانجـی بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کـورد لەچوارچێـوەی عێراقێـکی دیموکراتـدا، هەروەهـا جەخـت لـە سـەر ئـەوە کرایـەوە کـە (س.ك) بـەو پـەڕی پێداگیرییـەوە، وەك قۆناغـەکانی خەبـاتی پێشـووی پـارتی بـە برایـەتی کـورد و عەرەبـەوە پابەنـدە، ئەمـەش بناغەیـەکی پتـەوە بـۆ دامەزرانـدنی عێراقیـکی دیموکـرات، پێداگیریـش لـە سـەر ئـەوە کـرا، پێویسـتە هەمـوو هێـزە کوردسـتانییەکان وزە و توانـای خۆیـان یـەك بخـەن و بەرپرسـیاریەتی مێژوویـی و نەتەوەیـی بخەنـە سـەر شـانی خۆیـان و لـە بەرەیـەکی یەکگرتـوودا کاربکـەن بـۆ دژایەتیکـردنی دوژمنـی ڕاسـتەقینە کـە ڕژێمـی بەعسـە، بەهیـچ شـێوە ڕێگـەش نـەدەن دوژمـن لـە کوردسـتان بحەسـێتەوە وەك خـۆی دەیەوێـت سـوودی لـێ وەربگرێـت[٤].

---

(١) ڕێبازی نوێ، ڕۆژنامە، ژ: (٢)،ساڵی یەکەم ،خولی یەکەم، تشرینی دووەمی ١٩٧٦، ل٥.

(٢) سـامی عبدالرحـمان، شـۆڕشی گـوڵان ئیسـباتی کـرد کـورد میللەتێکـە کـۆڵ نـادات، گـوڵان، گۆڤـار، ژ:(٧٥)، ١٩٩٦/٦/١، ل٨.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٩.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:پاشکۆی ژمارە (١).

بەم چەشنە(س.ك) بۆ ماوەی چەند مانگێك لە ئامادەكاری، توانی لە سەر ئاستی سیاسی ڕیزەكانی خۆی ڕێك بخاتەوە، بەڵام تاوەكو كۆنفرانسی ئابی ١٩٧٦ كە لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا بەسترا، نەچووە چوارچێوەیەكی شەرعی و یاساییەوە، لەو كۆنفراسەدا بە شێوەی هەڵبژاردن ئەندامانی سەركردایەتی جێگیركران و شەرعیەتیان پێ درا[١]. بەپێی سەرچاوەكان، بۆیە ناو نرا سەركردایەتی كاتی، چونكە لە كۆنگرە ئەندامەكانی هەڵنەبژاردبوون، بەڵكو لە سەر بنەمای شارەزایی و لێهاتوویی و ڕۆشنبیری دیاری كرابوون [٢].

پارتی بەم شێوەیە لە شێوەی سەركردایەتی كاتی توانی درێژە بە هەوڵی پتەوكردنەوەی خۆی بدات، لە سەر ئاستی دەرەوەش نسكۆی ئەیلوول كاریگەری ئەوتۆی لە سەر ئۆرگانەكانی (پدك) دروست نەكردبوو، بۆیە دەرفەتی كاركردن لەوێ زیاتر بوو، بە تایبەت لقی٦ی (پدك) لە ئەوڕوپا كە باشترین چەتر بوو بۆ كۆكردنەوە و پێشوازیكردنی ئەندامەكانی (پدك)، لەم بارەوە تاریق ئاكرەیی كە ئەوكات بەرپرسی لقی ٦ی بوو، دەڵێت: «هەموو ئەندام و كادیرانی پارتی ئەوانەی ڕەوانە دەكران بۆ ئەوڕوپا بۆ ئەنجامدانی چالاكی سیاسی ڕاستەوخۆ لە لایەن لقی ٦ەوە پێشوازییان لێدەكرا و سەرپەرشتییان دەكرا»[٣]. جگە لە گونجاوی بارودۆخەكە، ڕایەكی تر هەیە (س.ك) لە ئێران دەرفەتی ئەنجامدانی چالاكی سیاسی لێ گیرابوو، بۆیە ناچاربوو هەموو قورساییەكی خۆی بخاتە ئەوڕوپا[٤]. بە هەر شێوەیەك بێت لە هاوینی ١٩٧٦ سەركردایەتی كاتی هەر یەكە لە (سامی عەبدولڕەحمان و نووری

---

(١) فاروق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

(٢) فوئاد سدیق گەردەلوولی سیاسەت، ب١، چ٢، چاپخانەی خانێ، دهۆك، ٢٠٠٨.،ل٥٨.

(٣) چاوپێكەوتن لەگەڵ تاریق ئاكرەیی، ئاكرێ، ٢٠١٦/٤/١٧. تاریق ئاكرەیی، ناوی تەواوی (تاریق حسێن كامل)ـە، لە ساڵی (١٩٤٣) لە شارۆچكەی ئاكرێ لە دایكبووە، لە ساڵی ١٩٥٦ خوێندنی سەرەتایی لە ئاكرێ تەواو كردووە، دواتر دەچێتە بەغدا لەوێ ئامادەیی تەواو دەكات، لە ساڵی ١٩٥٨، پەیوەندی بە ڕیزەكانی (ی.ق.ك)ەوە دەكات، بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە ئەوروپا لەوێ بڕوانامەی ماستەر لە بواری ئەندازیاری كارەبا بەدەست دەهێنێت، لە ماوەی (١٩٧٢-١٩٧٦)، سەرۆكی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد بوو لە ئەوروپا، هاوكات بەرپرسی لقی ٦ی پارتی بوو، لە ساڵی (٢٠٠٩ – ٢٠١٣) دەبێتە باڵوێزی عێراق لە نەمسا، ئێستە خانەنشین كراوە و نیشتەجێی هەولێرە.

(٤) ڕێبازی نوێ، ڕۆژنامە، ژ: (٢)،ساڵی یەكەم، خولی یەكەم، تشرینی دووەمی ١٩٧٦، ل٥.

شـاوێس) ڕادەسـپێرێت بچنـە ئەوڕوپـا، بـە ئامانجـی زەمینەسـازی و ڕێگەخۆشـکردن بـۆ بەسـتنی کۆنفرانسـێك، بـە مەبەسـتی داڕشـتنی بەرنامەیـەکی نـوێ، بـە فەرمـی جێگیرکـردنی ئەندامـەکانی (س.ك)[1]. سـەرئەنجام لـە ڕۆژانی ١١- ١٥ی ئـابی١٩٧٦ لـە شـاری بەرلیـن – ئەڵمانیا کۆنفرانسـەکە بـە پاڵپشـتی (کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد) لـە ئەوڕوپـا بەسـترا[2]. لـە کۆنفرانسـەکەدا نزیکـەی (٨٠) ئەنـدام بەشـداربوون[3]. جگـە لـە چـوار ئەندامـی (س.ك) لەوانـە: (محەمـەد ڕەزا و نـووری شـاوێس و عـارف تەیفـوور و سـامی عەبدولڕەحـمان)، هەمـوو ئـەوانی تـر ئەنـدام و کادیـرانی پێشـووی (پدك) بـوون[4]. لـەم کۆنفرانسـەدا جگـە لـەو کەسـانەی کـە پێشـتر بـە ئەندامـی (س.ك) دانرابـوون لەوانـە: (مەسـعود بـارزانی و ئیدریـس بـارزانی و عـارف تەیفـوور و جەوهـەر نامیـق و کەریـم سـنجاری و سـامی عەبدولڕەحـمان و ئـازاد بـەرواری و عـەلی عەبـدوڵا و نـووری شـاوێس و حەمـە ڕەزا)، چەنـد ئەندامێـکی تـر زیـاد کـران لەوانـە: (د.کەمـال کەرکـووکی و ئـازاد خەفـاف و وریـا سـاعاتی و دڵشـاد میـرانی و عەبدولڕەحـمان پێـداوی)، هەروەهـا ئەندامـەکانی (س.ك) بـە فەرمـی جێگیرکـران، شـەرعیەتیان پـێ درا بـەو مەرجـەی بـۆ باشـووری کوردسـتان بگەڕێنـەوە تـا ڕاسـتەوخو بەشـداری شـۆڕش بکـەن[5].

لـە کونفرانسـەکەدا مسـتەفا بـارزانی وەك سـەرۆکی حـزب مایـەوە، (سـامی عەبدولڕەحمان)یـش بـە سـکرتێر هەڵبژێـردرا[6]. دوای بەسـتنی کۆنفرانسـەکە مسـتەفا بـارزانی کـە ئـەو کات بـۆ چارەسـەر لـە ئەمریکا بـوو، لـە ڕێگـەی مەسـعود بارزانییـەوە پیرۆزبایـی خـۆی ئاراسـتەی ئەندامـەکانی (س.ك) کـرد، پیرۆزبایەکـەش بـەم شـێوەیە بـوو: «پیرۆزبایـی لەخۆیـان و بیروبۆچوونیـان دەکـەم، داوای مـن لـە ئەندامـانی (س.ك) ئەوەیـە خەمخـۆری گـەل و نیشـتمان بـن، هەوڵـدەن دڵـی میللـەت نەڕەنجێنـن، بـە هەمـوو شـێوەیەك ئـاگاداری هەسـت و شـعوری میللـەت بـن، خزمەتـکاری میللـەت بن، ئەگـەر وابـن منیـش و میللەتیـش پشـگیری تەواویـان لـێ دەکەیـن و وەك کـوڕی خـۆم

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، هەولێر، ٢٠١٦/٣/٢٧.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بەشی یەکەم، باسی یەکەم - لقی ب.

(٣) محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە کورتە مێژووی پارتی...، ل٧٤.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، هەولێر، ٢٠١٦/٣/٢٧.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.

تەماشـایان دەکـەم»[1]. ئـەم پیرۆزباییـەش لـەم هەڵومەرجـەدا گرنگـی خـۆی هەبـوو لـە سـەر جۆشـدان و گڕوتیـن خسـتنە نێـو دڵـی ئەندامـانی سـەرکردایەتی حـزب.

شـایەنی ئاماژەیـە کۆنفرانسـەکە بـە شـێوەیەکی ڕەخنـە لەخۆگرتـن، هەڵسـەنگاندن، پێداچوونـەوە بـۆ قۆناغـەکانی شـۆڕشی ئەیلـوول، ڕەوشی کوردسـتان و عێـراق و ناوچەکـە بـە گشـتی لـە بـوارەکانی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایـەتی سـاز درا، جارێـکی تـر ئایدۆلۆژیـای چـەپ لـە ژێـر تیشـکی سۆشیالیسـتی زانسـتی، ڕێبازێـکی زانسـتیانە و پێشـکەوتنخوازانەی بـۆ حـزب دانـرا[2]. لـە ڕاسـتیدا هەڵبـژاردنی ئـەم ئایدۆلۆژییـە بـە هـۆی بـوونی ئـەو ئەزموونـە تاڵـەوە بـوو کـە لەگـەڵ هەریەکـە لـە وڵاتـانی ئەمریـکا و ئێـران هەبـوو[3]. جگـە لـەوەش پێدەچێـت پەیڕەوکـردنی ڕێبـازی چەپـڕەو لەبـەر ئەوەبێـت لـەم ماوەیـەدا لـە ڕووی سیاسـییەوە هەرمێـن و ڕۆڵێـکی گرنگـی هەبـوو لـە کۆکردنـەوەی جەمـاوەر لـە دەوری خـۆی، هەروەهـا سـەنگ و قورسـایی خـۆی هەبـوو، بـە پێچەوانـەوە دوای نسـکۆ، ڕێبـازی ڕاسـتڕەو بـاوی نەمابـوو وەك قۆناغـی پێشـوو، لـە کومەڵـگادا بـە خێڵـەکی و دواکەوتوویـی لـە قەڵـەم دەدرا. هەروەهـا لـە کۆنفرانسـەکەدا زۆر بـە ئـازا و زیرەکانـە دان بـە هەمـوو هەڵـەکانی شـۆڕشی ئەیلوولـدا دانـرا، دۆسـت و دوژمنـەکان لـە یەکـتر جیاکرانـەوە، هـەر وەك تەیفـوور دەنووسـێت: «توانیـمان بـە زیـرەکی دان بـە هەمـوو هەڵـەکانی ڕابـردوودا بنێیـن، بـەر لـە ناحـەزانی کوردایـەتی خۆمـان هەڵـەکانی خۆمانمـان دەستنیشـان کـرد»[4]. ئەمـەش یەکەمیـن جـارە لـە مێـژووی پارتێـك کـە سـەرۆکی مابێـت، وەهـا ڕەخنـەی لـێ بگیرێـت، بـەڵام ئـەم ڕەخنانـە سـوود و بەرهەمـی باشـیان بـۆ (پـدك) هەبـوو، دووبـارە خەڵکێـکی زۆری لـە دەوری خـۆی کۆکـردەوە و سـەرلەنوێ متمانـەی خەڵـکی بەدەسـت هێنایـەوە[5]، هەروەهـا لەسـەر بنەمـای ئەزمـوونی هەڵـەی پێشـوو، (س.ك) بڕیـاری دا جگـە لـە پشتبەسـتن بـە هێـز و وزەی گـەلی کـورد، کـە بـە تاکـە هـۆکاری بـۆ سـەرکەوتن لـە قەڵـەم دەدا، پشـت

(١) عارف تەیفوور، قیادە مؤقت...، ل٣؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٢) پ.د.ك، بەیاننامە»شـۆڕشی ٢٦/گـوڵان شـۆڕشی هەمـوو نیشـتمانپەروەر و پێشـکەوتنخوازانەی کوردسـتان و عێراقـە»، لـە ١٩٨٣/٥/٢٦.

(٣) د.عەلی تەتەر نێروەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣؛ فاروق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

(٤) عارف تەیفوور، لەبڕگەی یەکەمی بەیانی سەرکردایەتی کاتی...، ل٦.

(٥) محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە کورتە مێژووی پارتی...، ل٧٥.

بـە هیـچ هێزێـکی دەرەکی نەبەسـتێت[1]. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئەمـە وەك خـۆی جێبەجـێ نەبـوو کـە دواتـر لـە شـوێنی خـۆی بـاسی دەکەیـن.

سـەرکردایەتی کاتی بـە لـە بەرچاوگرتنـی ڕەوشی ئەوسـای باشـووری کوردسـتان و ناوچەکـە بەشـێوەیەکی گشـتی، هێڵـە سـەرەکییەکانی خەبـات بـۆ قۆناغـی ئـەو کاتـەی بزاڤـی کـوردی بـەم شـێوەی خـوارەوە دیـاری کـرد لەوانـە:

- پێداچوونـەوەی سیاسـەتی پێشـووی (پـدك)، بـۆ ڕزگاربـوون لـەو شکسـتەی کـە شـۆڕشی ئەیلـوول دووچـاری بـووە، هەروەهـا جەخـت لـە سـەر درێـژەدان بـە خەباتـی چەکـداری کرایـەوە، بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـی سیاسـی، بـە پشتبەسـتن بـە چەکدارکـردنی چینـە ڕەنجبـەرەکان لەوانـە: کرێـکار و جووتیـار و ڕۆشـنبیرە شۆڕشـگێڕەکان...تاد.
- هەوڵـدان بـۆ دامەزرانـدنی بەرەیـەکی نیشـتمانی عێراقـی فـراوان، کـە هەمـوو هێـزە نیشـتمانپەروەرەکان لـە دەوری خـۆی کۆبکاتـەوە، ئەمـەش بـە تاکـە ڕێگـە دەزانی بـۆ دامەزرانـدنی حکوومەتێـکی هاوپەیـمانی نیشـتمانی پێشـکەوتنخواز کـە کار بـۆ چەسپاندنی دیموکـراتی لـە عێـراق و چارەسـەرکردنی پـرسی کـورد بـکات لـە باشـووری کوردسـتان بـە ڕێگەیـەکی دیموکـراتی و ئاشـتیانە، لـە ڕێگـەی هەڵوەشـاندنەوەی پیلانـەکانی بـە عەرەبکـردن و بەسـەربازکردن و گێڕانـەوەی ئـاوارەکان، هـاوکات جێبەجێکـردنی یەکسـانی نەتەوەیـی لـە هەمـوو پلەیەکـەوە، لـە نێـوان کـورد و عـەرەب و کەمایەتییـە نەتەوەییـەکان و جێبەجێکـردنی مـافی کـورد بـە گوێـرەی ڕێککەوتنـی (١١ی ئـاداری١٩٧٠) کـە خـۆی لـە ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد و دیموکـراتی بـۆ عێـراق دەبینێتـەوە[2].

ئەگەرچـی سـەرکردایەتی کاتی بـە شـێوەیەکی تۆکمـە و سـەردەمیانە بەرنامـەی خـۆی دیـاری کـرد، بـە ماوەیـەکی کـەم کاریگـەری کـردە سـەر کەمکردنـەوەی ئـازارەکانی پیـلانی جەزائیـر، تـوانی بـە سـەر بەشـێکی زۆری ئـەو گیروگرفتانـەدا زاڵ بێـت کـە بـەرۆکی بزاڤـی

---

(١) دەنگـی کوردسـتانی -عێـراق، وتـار «ڕژێمـی بەعـس ئیعـتراف بـە خەتـەری شـۆڕشی کـورد لـە خـۆ دەکات»، لە١٩٨١/٦/٥.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، سـەرکردایەتی کاتی، ڕێبـازی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کـورد هەڵسـەنگاندنی شـۆڕشی ئەیلـوول و بەرنامـەی نوێـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، ڕاپـۆرتی سیاسـی سـەرکردایەتی کاتی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان کـە لـە لایـەن کۆنفرانـسی پـارتی یـەوە لـە (١١ - ١٥)ی ئـاب ١٩٧٦ پەسـەندکراوە.

گەلی کورد و (پدك)یان گرتبوو، هاوکات دووچاری ناکۆکییەکی ناوخۆیی بوو، کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیدا دوو ئاراستەی فیکری جیاوازی لە نێودا پەیدابوون ئەوانیش:

- ئاراستەی ڕاسترەو لە لایەن (ئیدریس بارزانی)یەوە سەرکردایەتی دەکرا.
- ئاراستەی چەپڕەو لە لایەن (سامی عەبدولڕەحمان)ەوە سەرکردایەتی دەکرا.
- ئاراستەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە لایەن (مەسعود بارزانی)یەوە سەرکردایەتی دەکرا[١].

جێگای باسکردنە ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی ـ باڵی چەپڕەو کە زۆربەی ئەندامەکانی لەخۆ دەگرت، لە ململانێ و ناکۆکی بەردەوامدا بوون لەگەڵ دەزگای سەربازی (پدك) کە لە لایەن (ئیدریس بارزانی)یەوە سەرکردایەتی دەکرا، بەدواکەوتوو،خێلەکییان دادەنا، بە پێچەوانەوە ئەوانیش باڵی چەپڕەویان بە دەرچوون، لە ڕێبازی مستەفا بارزانی تۆمەتبار دەکرد. ئەندامانی باڵی چەپڕەو زۆرتر لە (مەسعود بارزانی)یەوە نزیك بوون و بەردەوام پەیوەندییان لەگەڵ هەبوو، پتر پابەندی بڕیارەکانی مەسعود بارزانی بوون، کە بە کەسایەتییەکی میانڕۆی گونجاویان دەزانی[٢]. بە پێچەوانەوە (ئیدریس بارزانی)یان پێ خراپ بوو، گوێڕایەڵی بڕیار و فەرمانەکانی نەدەبوون[٣]. عارف تەیفوور کە خۆی لە باڵی چەپڕەو بوو، لەم بارەوە دەڵێت: «سەرکردایەتی کاتی ڕاستەوخۆ لە ژێر سەرپەرشتی (مەسعود بارزانی) دا بوو، بەردەوام لەگەڵ ئێمە کۆدەبووەوە، بەردەوام ئامۆژگاری دەکردین، بە پێچەوانەوە ئیدریس بارزانی لەگەڵ ئێمە ناکۆك بوو، کارو کردەوەکانی ئێمەی بە منداڵانە وەسف دەکرد و بە کەسانی توندڕۆی لە خۆبایی لە قەڵەمی دەداین»[٤]. بەڵام بە پێی بۆچوونی هەندێك لە سەرچاوەکان، باڵی چەپڕەو لەو ڕێگەیەوە هەوڵی دەدا مەسعود بارزانی لە ئیدریس بارزانی جیابکەنەوە، درز بخەنە نێوانیان،

---

(١) نجم الدين عبدالله اسماعيل، بارودۆخی سیاسی شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٩) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، نامەی ماستەر (بڵاوکراو)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ،٢٠١٤، ل١١٦.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، هەولێر، ٢٠١٦/٣/٢٧.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، میحوەری خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

لـەم بارەیـەوە لـە چاوپێکەوتنێـکدا د.مەحمـوود عوسـمان دەڵێـت: «سـەرکردایەتی کاتی سـەدی سـەد لـە ژێـر فەرمـانی ماڵـی بـارزانی نەبـوو، ڕەخنەیـەکی زۆریـان لـە کاك ئیدریس هەبـوو، دەیانویسـت وا خۆیـان نیشـان بـدەن کـە لەگـەڵ کاك مەسـعود بارزانیـن، بـەڵام نەیانتـوانی دووبەرەکی(تەفرقە)بخەنـە نێـوان ئیدریـس بـارزانی و مەسـعود بـارزانی، چونکـە ئـەوان یەکـن»[1]. هەروەهـا بەشـێکی زۆری ئەندامـانی پێشـووی (پـدك)، لەوانـە: (د.شـەفیق قـەزاز، جەمـال عەلەمـدار، د.فریـاد حەوێـزی، حاجـی عـەلی فەیـلی، هـاواری کاکـە زیاد..تـاد)، لـە کۆنفرانسـەکەدا دژی گۆڕینـی ڕێـڕەوی پێشـووی حزب هەڵوێسـتیان وەرگـرت، ناڕەزایـی خۆیـان بەرانبـەر بیرۆکـەی چـەپ دەربـڕی، لەچاوپێکەوتنێـکدا د.شـەفیق قـەزاز دەڵێـت: «ئێمـە بـە توونـدی دژی گۆڕینـی ڕێـڕەوی پـارتی و ڕێبـازی بـارزانی وەسـتاین، بـەڵام بـە هـۆی هەڵوێسـتە توندەکـەی (سـامی)یەوە هیچـمان پـێ نەکـرا، ئـاکام بـە نامـە ناڕەزایـی خۆمـان بـە مسـتەفا بـارزانی گەیانـد کـە ئـەوکات لـە ئەمریـکا بـوو، دوای چەنـد هەفتەیـەك بـارزانی بـە نامـە وەڵامـی ئێمـەی دایـەوە کـە هاوڕابـوو لەگـەڵ  ئێمـە و لەگـەڵ بیـری چەپـڕەودا نەبـوو،  بـە ئێمـەی ڕاگەیانـد: بـە لـە بەرچاوگرتنـی ئـەو قۆناغـەی کـە پـارتی و بزاڤـی گـەلی کـورد پێـدا تێپـەڕ دەبێـت دان بەخـۆدا بگـرن ، دوای ئـەوەش بـە چەنـد ڕۆژێـك ئیدریـس بـارزانی نـارد بـۆ لای ئێمـە و بـە ئێمـەی گـوت: ئێمـەش لـەو کـردەوە هەڵوێسـتەی سـامی ناڕازیـن، بـەڵام جگـە لـە دان بەخۆداگرتـن بـۆ کاتێـکی گونجـاو هیـچ ڕێگەیـەکی ترمـان لەپێـش نیـە»[2]. بـەڵام ڕایـەکی تـر هەیـە کـە مسـتەفا  بـارزانی لەگـەڵ بۆچوونەکـەی (سـامی عەبدولڕەحـمان) دا بـووە و، هاوڕابـوو لەگـەڵ ئەندامـانی (س.ك) وەك عـارف تەیفـوور دەڵێـت: «لـە کاتی داڕشـتنی بەرنامـەی نوێـی حـزب لـە بـارەی وردەکارییـەکانی پەیـڕەوو پرۆگرامـی نوێـی (س.ك)ەوە نزیکـەی (١٠ – ١٥) جـار پەیوەندیـم بـە (مسـتەفا بـارزانی) یـەوە کـرد، جگـە

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ د.شـەفیق قـەزاز، سـلێمانی، ٢٠١٥/١٢/١٩. شـەفیق قـەزاز لـە دایکبـووی ساڵی ١٩٣٤ لـە شـاری سـلێمانی، لـە تەمـەنی ئاسایی خـۆی دەچێتـە بەرخوێنـدن هەمـوو قۆناغـەکانی خوێنـدن بـە سـەرکەوتوویی تـەواو دەکات، لـە نێـوان (١٩٧٣ – ١٩٧٤) دەبێتـە بەرپـرسی ڕاگەیانـدنی پـارتی، لـە مـاوەی (١٩٧٤ – ١٩٧٥) نوێنـەری شـۆڕش بـوو لـە تـاران، لـە سـاڵی ١٩٩٦ پۆسـتی وەزیـری یارمـەتی و هـاوکاری مرۆڤایـەتی وەردەگرێـت لـە کابینـەی حکوومـەتی هەرێمـی کوردسـتان، ئێسـتەش خانەنشـینە، نیشـتەجێی شـاری سلێمانییە.

لـە پیرۆزبایـی هیـچ هەڵوێسـتی دژ نەبـوو»[1]. لـە ڕاسـتیدا مسـتەفا بـارزانی هەرگیـز لەگـەڵ بیـری چەپـڕەودا نەبـوو، بـەڵام ئـەوكات بـە هـۆی هەسـتیاری بارودۆخەكـە دانی بـەم ئایدۆلۆژیـە چەپـڕەوە دادەنـێ، بۆیـە لێـرەدا دەتوانیـن بڵێیـن ئـەم بۆچوونـەی دوایـی لـە ڕاسـتییەوە نزیكـە، لـە بـەر ئـەوە دەبینیـن لـە كۆنگـرەی ٩ی پـارتی كـە لـە كۆتایـی ئـەم لقـە بـاسی دەكەیـن، پـارتی بـە هـۆی سـەختی بارودۆخەكـە دووبـارە بیرۆكـەی چـەپ پەسـەند دەكات.

هەروەهـا لـەم كاتـەدا بەشـێكی تـر لـە سـەركردەكانی پێشـووی (پـدك) لەوانـەش (عـەلی شـنگاری)[2] ئامادەنەبـوو لەنـاو ڕیـزەكانی (س.ك)دا كاربـكات، لـە حوزەیـرانی ١٩٧٧ لـە دیمەشـق، ڕێكخراوێـكی سیاسـییان بـە نـاوی (یەكێتـی دیموكـراتی كوردسـتان) دامەزرانـد، كـە هـۆكاری نارەزایـی بریتـی بـوو لـەوەی ئەمانـە پێیـان وابوو، سـەركردایەتی پێشـووی (پـدك) كـە لـە كۆنگـرەی هەشـتەم لـە سـاڵی١٩٧٠ هەڵبژێردرابـوو یاسـاییە كـە ١٤ ئەندامـی كۆمیتـەی ناوەنـدی لەگـەڵ مسـتەفا بـارزانی مابوونـەوە، پێویسـتی بـە كۆنفرانـس نەدەكـرد، دەتوانـرا سـوود لـەو كەسـانە وەربگیرایـە، بـەڵام ئـەم ڕێكخـراوە بـە درێژایـی تەمـەنی خـۆی هیـچ هەڵوێسـتێكی دژی (پـدك)ی وەرنەگـرت[3]. لـەم بـارەوە عـەلی شـەنگاری دەنووسـێت: «مـن نەمدەویسـت لەگـەڵ (س.ك)دا كاربكـەم، لـە سـاڵی ١٩٧٦ لـە سـووریا لەگـەڵ كاك مەسـعود بـارزانی ڕێككەوتیـن كـە دەسـت بـە خەبـات بكەیـن، بڕیارمـان دا ڕێكخراوێـكی سیاسـی دروسـت بكەیـن بـۆ كۆكردنـەوەی ئـەو لایەنگرانـەی پێشـووی پـارتی كـە لـە (س.ك) ناڕازیـن تـا پەیوەنـدی بـە هیـچ لایەنێـكی

---

(١) چاوپێكەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، میحوەری خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٢) عـەلی شـنگاری، نـاوی تـەواوی (عـەلی قاسـم سـنجاری)یە، لـە دایكبـووی سـاڵی ١٩٣٣، لـە سـاڵی ١٩٧٥ ئەندامـی مەكتـەبی سیاسـی، بەرپـرسی لقـی٥ی پـارتی بـوو، لـە مانگـی ئەیلـوولی ١٩٧٥ لـە ئێرانـەوە دەچێتـە سـووریا، دواتـر لـەوێ (پـارتی یەكێتـی دیموكـراتی كوردسـتان) دادەمەزرێنێـت، ئەنجـام سـاڵی ١٩٩٣ ئـەو حزبـە هەڵدەوەشـێنێتەوە و دەچێتـەوە نـاو ڕیـزەكانی پـارتی، لـە كۆنگـرەی یازدەمـی پـارتی سـاڵی ١٩٩٣، جارێـكی تـر دەبێتـەوە ئەندامـی مەكتـەبی سیاسـی. بڕوانـە: د.عـلی تەتـەر، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٥١.

(٣) ئەندامـانی پـارتی (ی.د.ك) بریتـی بـوون لـە: (عـەلی شـنگاری – سـەرۆك و جەمـال ڕەشـید و دەروێـش حەسـو وعیسـمەت شـەریف وانـلی و عـەلی كـەرەم فەیـلی و فـارووق مەعـرووف هەولێری...تـاد. بڕوانـە: د.عـلی تەتـەر، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٩١.

تـرەوە نەکـەن»[1]. ئـەم پارتـە تـا سـاڵانی نەوەتـەکان  بـەردەوام بـوو، دواتـر زۆربـەی سـەرکردایەتییەکەی بـۆ نـاو پـارتی گەڕانـەوە و پارتەکـە هەڵوەشـاییەوە.

لــە ڕاسـتیدا ناکۆکــی نێــو ئەندامــانی (س.ك) لــە ئاسـتێکدا بــوو، وەك هەندێــك سـەرچاوە پیشـانی دەدەن (سـامی عبدولڕەحـمان) لـەو بڕوایـەدا بـوو، مسـتەفا بـارزانی ڕۆڵـی سـەرۆکایەتی نەمـاوە، خـۆی بـە سـەرۆکی (پـدك) دادەنـا[2]. ئـەم کێشـەیە تـا کۆنگـرەی نۆیەمـی پـارتی لـە سـاڵی ١٩٧٩ بـەردەوام بـوو، بـە دەرچـوونی ئەمانە کێشـەکە کۆتایـی هـات، کـە دواتـر بـاسی دەکەیـن.

سـەرەڕای بـوونی کێشـەی ناوخۆیـی، لـە سـەر ئاسـتی سیاسـی (پـدك) تـوانی لـە باشــووری کوردســتان ئۆرگانــەکانی خــۆی بەهێــز بــکات و ڕێکخســتنەکانی پارتایــەتی زینــدوو بکاتــەوە، هەروەهــا جەمــاوەری گــەلی کــورد لــە باشــووری کوردســتان بــە هەســتانەوەی (پــدك) ئاشــنا بکاتــەوە، وەك هێزێــکی ســەرەکی ســەر گۆڕەپانەکــە کــە هەڵگــری بیرێــکی چەپڕەوانــە، دروشــمی ســەرەکی: (ئۆتۆنۆمــی ڕاســتەقینە بــۆ کوردســتان، دیموکــراتی بــۆ عێراق)ــە[3].

هەرچەنـدە (س.ك) لـە بەرنامـەی نوێـی پارتەکـە و لـە هەمـوو بۆنـە نەتەوەیـی و پارتایەتییەکانـدا جەختـی لـەوە دەکـردەوە بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـەکانی گـەلی کـورد چیتر پشـت بـە هـاوکاری دەرەکی نەبەسـتێت، بەڵکـو تەنیا پشـت بـە جەماوەری سـتەمدیدەی کـورد ببەسـتێت، بـە تاکـە هـۆکاری سـەرکەوتنی لـە قەڵـەم دەدا بـۆ سـەرکەوتنی بزاڤـی گـەلی کـورد[4]. بـەڵام ئەگـەر سـەرنج بدەیـن زۆر ناخایەنێـت لـە سـاڵی ١٩٧٧دا،

---

(١) عەبدولڕەحیـم، گوتـارەك ژ هێـژا عـەلی شـەنگاری بـۆ برایـەتی، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (١٦٤٨)، ١٩٩٣/٥/١٨،  ل٥.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر لـەم بـارەوە بڕوانـە: حامـد محمـود عیـسی، القضیـة  الکردیـة فـی العـراق مـن الإحتـلال البریطانـی حتـی الغـزو الأمریکـی ١٩١٤- ٢٠١٤،ب.م، ٢٠٠٥، ص ص٣٨٨ -٣٩٤؛ حەمید ئەبوبەکـر بەدرخـان، ئەسـعەد خەیـلانی دەفتـەری بیروەرییـەکان هەڵدەداتـەوە، چاپخانـەی هێڤـی، هەولێـر ،٢٠١٤، ل١١٨.

(٣) ح.د.ك- ق.م، بیـان « إلی ثـورة أیلـول مدرسـە الاجیـال بمناسـبە ذکرهـا  السادسـە عـشر»، ١١/ أیلـول/١٩٧٧.

(٤) ح.د.ك- ق.م، بیـان « إلی ثـورة أیلـول مدرسـە الاجیـال بمناسـبە ذکرهـا  السادسـە عـشر»، ١١/ أیلـول/١٩٧٧.

سـەرەڕای ئـەو ئەزموونـە تاڵـەی کـە لەگـەڵ ئێـران هەیبـوو، دووبـارە دەسـت دەکاتـەوە بـە دامەزرانـدنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئێـران، بـەڵام هەندێـك لـە سـەرچاوەکان بـوونی هەڵومەرجـی سـەختی ئـەو کاتـەی کـە دووچـاری ببـوو، ئاوارەیـەکی زۆری کـورد لـە ئێـران بـە هـۆکاری دامەزرانـدنی ئـەم پەیوەندییـە دەزانـن کـە (س.ك)ی ناچـاری کردبـوو خـۆی لـە ئێـران نزیـك بکاتـەوە، نەدەکـرا دژایـەتی ئێـران بـکات[1]. هەروەهـا ئامـاژە بـەوە دەکـەن بـوونی ئـەم نزیـك بوونەوەیـە زیاتـر بـۆ باشـکردنی ڕەوش و گـوزەرانی ئـاوارەکان بـوو لـە ئێـران[2]. لە بـارەی ئـەم پەیوەندییەوە خورشـید شـێرە دەڵێـت: «دوای گەڕانـەوەی پـارتی بـۆ نـاو گۆڕەپـانی خەبـات، دەسـت پێکـردنی خەبـاتی چەکـداری، ئێـران هەسـتی کـرد کۆنتڕۆڵکـردنی پـارتی  لـە دەسـت دەرچـووە، بۆیـە لـەم کاتـەدا دۆسـتایەتی لەگـەڵ پـارتی هەڵبـژارد»[3]، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەندامـانی (س.ك) نەیانتوانیبـوو لـە ئێـران چالاکـی سیاسـی ئەنجـام بـدەن و بـە ئاشـکرایی هاتوچـۆ بکـەن[4].

لـە چوارچێـوەی کاروچالاکییەکانـدا، سـەرکردایەتی کاتی تـوانی نوێنەرایـەتی خـۆی لـە وڵاتـانی لوبنـان و سـوریا دادەمەزرێنـی، دەسـتی بـە دامەزرانـدنی پەیوەنـدی کـرد لەگـەڵ سـۆڤیەت و سـوریا [5]. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەم پەیوەندیانـە گورجوگـۆڵ نەبـوون، لەبـەر ئـەوە بارودۆخـی ئەوسـای لـە بەرژەوەنـدی کـورددا نەبـوو، هیـچ وڵاتێـك ئامـادەی پشـتگیری و هاوسـۆزی بزاڤـی گـەلی کـورد نەبـوو لەبـەر بـوونی بەرژەوەنـدی وڵاتـانی

(١) د.جەمال فەتحوڵا تەیب، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٨.

(٢) نجم الدين عبدالله اسماعيل، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٧.

(٣) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ خورشـید شـێرە، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٥، خورشـید شـێرە، نـاوی تـەواو (خورشید سـەلیم شـێرە)یە، لـە دایکبـووی ١٩٣٨ لـە شـارۆچکەی دیبەگـە، لـە بنەماڵەیـەکی جووتیـار و هـەژار، لـە سـاڵی ١٩٥٤ پەیوەنـدی بـە ڕیـزی سـوپای عێراقـەوە دەکات، لـە١٩٥٥ پەیوەنـدی بـە پـارتی دەکات، چەنـد پلەیـەکی سـەربازی و سیاسـی وەردەگرێـت، لـەدوای نسـکۆ١٩٧٥، ئـاوارەی ئێـران دەبێـت بـۆ مـاوەی ٨ مانـگ لەگـەڵ ئیدریـس بـارزانی لـە خزمـەتی پەنابـەران کاردەکات، لـە سـاڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتـەوە بـۆ باشـووری کوردسـتان ، لـە کۆنگـرەی نۆیەمـی پارتیـدا دەبێتـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی و بەرپـرسی لقـی٢ی پـارتی، لـە سـاڵی ١٩٨٣دەبێتـە بەرپـرسی ڕێکخسـتنی پـارتی... بـۆ زیاتـر لەبـارەی ژیـانی بڕوانـە: خورشـید شـێرە، خەبـات و خوێـن، چ٣، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر ، ٢٠١٥، ل٣بـەدواوە.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، میحوەری خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، میحوەری خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

هەرێمی و نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کوردستانی بە سەردا دابەشکردبوو، ئەمەش گەورەترین بەستەلەك بوو لە بەردەم بزاڤی گەلی کورد لە هەموو قۆناغەکاندا، وەك سامی عەبدولڕەحمان دەنووسێت: «کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم ئێمە زۆربوون، هەوڵماندا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان نوێ بکەینەوە، چونکە دەستمان لە دونیا دابڕابوو، هیچ وڵاتێك ئامادە نەبوو یارمەتی و هاوکاریمان بکات، بۆیە تەنیا پشتمان بەنەتەوە و زاتی خۆمان بەستووە»[1]. ڕەوشی پارتی بەم شێوە مایەوە و هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بە سەردا نەهات، تاکو سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کاتێك لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ خۆپیشاندانەکانی دژی شای ئێران پەرەیان سەند، (س.ك) بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا پشتگیری خۆی بۆ شۆڕشی ئێران و ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران دەربڕی، دوا بە دوای ئەمەش (س.ك) بە مەبەستی چاوپێکەوتن بە سەرکردەی شۆڕشی ئێران ، (ئایەتوڵا خومەینی)[2]، دوو ئەندامی ڕەوانەی پاریس کرد، پشتگیری (س.ك)یان بۆ تێکۆشانی دژی ڕژێمی شا دەربڕی، دواتر مەسعود بارزانی بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ خومەینی بە نیازبوو سەر لە پاریس (فەرەنسا) بدات، بەڵام لە کاتی ئەنجامدانی سەفەرەکەی لە ڤیەننا لە ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩، لە لایەن دەزگای موخابەراتی عێراقییەوە هەوڵی تیرۆرکردنی درا، هەر چەندە هەوڵەکە سەری نەگرت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی سەفەرەکەی ئەنجام نەدا[3].

---

(١) سامی عەبدولڕەحمان، دوای ساڵێك لە شۆڕشی گوڵان هێشتە هیچ لایەنێك بۆنی بارووت لەتفەنگیەوە نەهاتبوو، گوڵان، گۆڤار، ژ: (٢٢٧)، ١٩٩٩/٥/٢٩، ل٦.

(٢) ئایەتوڵا خومەینی، یەکێکە لە پیاوانی ئایینی ئێران لە ساڵی ١٩٠٢ لەدایکبووە، لە ماوەی (١٩٢٨ – ١٩٤٥) لە قوتابخانە ئایینییەکان خەریکی وانە گوتنەوە دەبێت، لە ساڵی ١٩٦٤ لە لایەنی ڕژێمی شای ئێرانەوە بۆ تورکیا دووردەخرێتەوە، دواتر بۆ نەجەف لە باشووری عێراق دەگوازرێتەوە، لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ عێراق بەرەو فەرەنسا بەجێ دەهێڵێت، لە ٦تشرینی یەکەم ١٩٧٨ دەگاتە فەرەنسا، دواتر ڕابەرایەتی شۆڕشی ئێران دەکات دژی ڕژێمی شا. خومەینی لە ١ی شوباتی١٩٧٩ لە فەرنساوە بۆ ئێران دەگەڕێتەوە، لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٨٩ کۆچی دوایی دەکات. بڕوانە: فاروق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨١.

(٣) ح.د.ك – ق.م، لجنة العلاقات الخارجية، بيان»طبيعة النظام العراقى ومحاولة إغتيال عضو القياده المؤقتة«، فى كانون الثانى ١٩٧٩؛ مكتب سكرتاريه جمعية الطلبة الكردستانيين فى

پـاش سـەرکەوتنی شـۆڕشی گـەلانی ئێـران لـە شـوباتی ١٩٧٩، لـە یەکـەم ڕۆژی سـەرکەوتنی شۆڕشـدا، مسـتەفا بـارزانی بـەم بۆنەیـەوە برووسـکەیەکی پیرۆزبایـی ئاراسـتەی (خومەینـی) کـرد، وێـڕای پیرۆزبایـی، تێیـدا سـەرکەوتنی شـۆڕشی بـە سـەرکەوتنی هەمـوو گـەلانی چەوسـاوەی جیهـان، بـە تایبـەت بـە سـەرکەوتنی گـەلی کـورد لـە قەڵـەم دا[1]. هەروەهـا لـە هەمـان کاتـدا (س.ك)یـش بـە هەمـان شـێوە برووسـکەیەکی پیرۆزبایـی ئاراسـتەی گـەلی ئێـران و حکوومـەتی شـۆڕش و گشـت پارتـە نیشـتمانی و پێشـکەوتنخوازەکانی ئێـران دەکات، پشـتیوانی خـۆی بـۆ شـۆڕشی گـەلی ئێـران دووپـات دەکاتـەوە[2]. هیـچ گومـان لـەوەدا نییـە (س.ك) لـەو ڕەوشـە نوێیـەی کـە هاتبـووە ئـاراوە زۆر سـوودمەند بـوو، لـەم ڕووەوە کـە بـە هـەزاران لـە ئەنـدام و لایەنگـرانی لـە ژێـر چاودێـری و بەدواداچـوونی (سـاواك) ڕزگاریـان بـوو و ڕێگەیـان پـێ درا لـە شـار و ناوچـەکانی سـەر سـنووری عێـراق نیشـتەجێ بـن، بـە تایبـەت لـەم دۆخـە ئاڵـۆزەدا کـە (پـدك) بـۆ دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی چەکـداری بـە زۆری پشـتی بـە پەنابـەرانی نیشـتەجێی ئێـران بەسـتبوو، کـە حکوومـەتی شـا ڕێگـەی چالاکـی سیاسـی لـێ گرتبـوون، بـەڵام بـە سـەرکەوتنی شـۆڕشی گـەلانی ئێـران دۆخێـکی نـوێ هاتـە ئـاراوە[3]، لـەم بارەیـەوە مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: «گومـان لـەوەدا نییـە کـە سـەرکەوتنی شـۆڕشی گـەلانی ئێـران بـە سـەر شـادا سـەرکەوتنێکی گەورەبـوو بـۆ گـەلی کـورد و هەمـوو گـەلانی ژێـر دەسـت لـە جیهانـدا، پـاش ئـەم سـەرکەوتنەش هەمـوو میللـەت لـە ئێـران ئازادبـوو، پەنابەرەکانیـش بـەشی خۆیـان وەرگـرت لـەو ئازادییـە، پـاش چـوار سـاڵ لـە ئـادار لـە ژێـر دەسـتی (سـاواك)»[4]. لـە ئاکامـی ئـەم پەیوەندییـە (خومەینـی) داوای لـە مسـتەفا بـارزانی کـرد بـۆ ئێـران بگەڕێتـەوە، هـاوکات بارزانیـش لـە شـوباتی ١٩٧٩ دڵنیابـوو لـەوەی هیـچ چارەسـەرێکی نەمـاوە، پزیشـکەکان ناتوانـن هیچـی بـۆ بکـەن، دەیویسـت بگەڕێتـەوە لـە کوردسـتان کـۆچی دوایـی بـکات، ئەگـەر ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانیش بێـت، بەمـەش پـاش چەنـد هەوڵێـك توانـرا ڕەزامەنـدی ئێـران لـە سـەر گەڕانـەوەی بـارزانی

---

أمريـكا وكنـدا، بيان«حـول الاعتـداء الاثيـم الـذی تعـرض لـه السـيد مسـعود البارزانـی فـی فينـا»، فی١٩٧٩/١/٢٠.

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشكۆی ژمارە (٢).

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشكۆی ژمارە (٣).

(٣) فاروق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٨.

(٤) ڕاپۆرتی سیاسی و عەسكەری ...، سەرچاوەی پێشوو.

وەربگیرێت[1]. لەم بارەوە نەجمەدین یووسفی دەڵێت: «هەواڵی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی هەموو ئازارێکی لە بیرمان برد، دەست بەجێ دەستمان بە ئامادەکاری کرد بۆ پێشوازی کردن لە گەڕانەوەی بارزانی»[2]. بەڵام بەر لەوەی بارزانی بگەڕێتەوە باوەشی نیشتیمانی دایك، لە ڕۆژی ١ی ئاداری ١٩٧٩ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد[3]. بێگومان لەم ساتە هەستیارەدا دەرچوونی مستەفا بارزانی لە مەیدانی خەبات کاریگەری خراپی لە سەر بزاڤی گەلی کورد هەبوو، کە کەسایەتییەکی یەکخەری لە دەست دا، هەر وەك (عەبدولڕەحمان قاسملۆ)[4] بە ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی (کریس کۆچێرا)ی گوتبوو: «ئەوەی کە خوێندەڤانان تێینەگەیشتوون، ئەوەی کە سیاسەتمەداران لێی حاڵی نەبوون، ئەو شتەی کە خۆم زۆر جار تێینەگەیشتووم ئەوەیە کە مستەفا بارزانی تەنیا کەسێکە کە توانیویەتی ئەم گەلە بچووکەی کورد کە لە ناو گوندەکان دەیانبینین لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی بزووتنەوەی گەلی کورد پێکەوە ببەستێتەوە و یەکیان بخات»[5]. پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی بارزانی، (س.ك) ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا ڕایگەیاند: «سەرەڕای دڵێکی پڕ لە خەم و ماتەمینی و پەژارەوە، بە هەموو جەماوەری گەلی کورد ڕادەگەیەنین،

---

(١) فاروق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣٠.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەجمەدین یووسفی، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١٣. نەجمەدین یووسفی ،ناوی تەواو (نەجمەدین سەعید عەلی)، لە دایکبووی ساڵی ١٩٤١، لە ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکات، لە ساڵی ١٩٦٥ دەبێتە دەڤەرداری زاخۆ، لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی لە ساڵی١٩٧٠ دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە١٩٧٩ دەبێتە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی، لە ماوەی ١٩٨٣ – ١٩٨٦ بەرپرسی لقی یەکی پارتی بوو، لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆمەڵی نیشتەجێیکردنی خێزانێن شەهیدان بە هاوکاری مسعود بارزانی دادەمەزرێنێت، لەو کاتەوە تا ئەمرۆ بەرپرسی ئەم کۆمەڵەیە، نیشەجێی شاری دهۆکە.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:پاشکۆی ژمارە (٤).

(٤) عەبدولڕەحمان قاسملۆ، لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٠ لە شاری ورمێ، خاوەن بڕوانامەی دکتورایە لە زانستی ئابووری سیاسی، چەند زمانی جیاوازی زانیوە، ماوەیەك لە فەڕەنسا ژیاوە، لە کۆنفرانسی سێیەمی (حدکا) لە ساڵی ١٩٧١، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، دوای سێ ڕۆژ لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بە سکرتێری ئەو پارتە هەڵبژێردرا، ڕۆژی ١٣ی حوزەیرانی١٩٨٩ لە ڤیەننا لە کاتی ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ وەفدی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرورکرا. بڕوانە: فارووق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

(٥) لە:د.علی تەتەر نێروەیی،سەرچاوەی پێشوو ،ل٧٥ وەرگیراوە.

لەجیاتی هەموو پێشمەرگە پاڵەوانەکانمان پەیمانی پەیمانی ڕۆڵەکانی بارزانی کەوا خەباتی شۆڕشگێڕانە توندوتۆڵتر ئەکەین»[1] هەروەها هەر لەم بارەوە مەسعود بارزانی ڕایگەیاند: " ئەو مۆمەی کە بارزانی هەڵیگیرساندووە، هەر بەپێکراوی ئەمێنێتەوە»[2]. شایەنی باسە پاش کۆچی دوایی مستەفا بارزانی کاربەدەستانی حکوومەتی شۆڕشی ئێران، ڕێگەیان دا تەرمی بارزانی بۆ تاران بگێڕێتەوە، دواتر لە سەر ڕاسپاردەی خۆی تەرمەکەیان بۆ شاری (شنۆ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گواستەوە، ڕۆژی ٥ی ئازاری ١٩٧٩ لە شاری شنۆ بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر بەخاك سپێردرا، دواتر ژمارەیەك لە کاربەدەستانی ئێران بە مەبەستی بەشداری لە پرسەی مستەفا بارزانی، سەردانی (مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی)یان کرد، سەرەخۆشییان لێ کردن[3]، ئەمەش بووە سەرەتایەك بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندی نێوان حکوومەتی تاران و( س.ك)، کە پێشتر هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆی نەبوو.

بەم شێوەیە لە پاش ڕووخانی ڕژێمی شا، بارودۆخێکی گونجاو لە بارەی دامەزراندنی پەیوەندی سیاسی لە گەڵ ئێران هاتە ئارا، لە مانگی ئایاری ١٩٧٩، مەسعود بارزانی ڕێککەوتنێك لەگەڵ (مستەفا چەمران)[4]، مۆر دەکات[5]. لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییەدا، زۆربەی ئەندامانی (س.ك) بۆ یەکەم جار بە ئازادی دەگەڕێنەوە بۆ ئێران و بە فەرمی لە ڕوژهەڵاتی کوردستان بارەگای حزبەکەیان دادەمەزرێنن، بە ئازادی درێژە بە کاروچالاکییەکانی خۆیان دەدەن[6]، هاوکات ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی پارتەکە دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەیش

---

(١) پ.د.ك، س.ك، بروسکەنامە» بۆ گشت هەرێم و کەرتەکان»، لە٤/ئازار/١٩٧٩.

(٢) مسعود بارزانی،»تصریح صحفی»، ٢فی/ئازار/١٩٧٩.

(٣) ح.د.ك- ق.م، لجنة الإعلام،» حول وجود عن حزبنا فی ایران»،فی ئازار ١٩٧٩.

(٤) مستەفا چەمران، لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٢ لە شاری قومی ئیران، کۆلێژی تەکنیکی لە زانکۆی تاران تەواوکردووە، بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لە زانکۆی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دەست هێناوە، لە ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە وەزیری بەرگری، دواتر دەبێتە نوێنەری خومەینی لە ئەنجومەنی باڵای بەرگری، لە ڕۆژی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٨١ لە کاتی جەنگی عێراق و ئێران دەکوژرێت. بڕوانە: فاروق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

(٥) کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی...، ل٧٥.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەجمەدین یوسفی، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١٣.

لـە تەممـووزی ١٩٧٩، لـە گونـدی (شـاوانە)[١]، بـە ئامادەبـوونی بـەشی زۆری ئەندامـانی (س.ك) کۆبوونەوەیەکیـان ئەنجـام دا[٢]. ئەمـەش یەکـەم کۆبوونـەوە بوو لـە دوای کۆچی دوایـی مسـتەفا بـارزانی، لـەم کۆبوونەوەیـەدا بـە کـۆی دەنـگ مەسـعود بـارزانی وەك سـەرۆکی(س.ك) و(سـامی عەبدولڕەحمان)یـش، دووبـارە وەك سـکرتێر هەڵبژێـردران[٣]. لـەم کۆبوونەوەیـەدا مەسـعود بـارزانی داوای کردبـوو، ئامـادەکاری بکرێـت بـۆ بەسـتنی کۆنگـرە لـە هاویـن یـان پاییـزی ئـەو سـاڵەدا، ئەگەرچـی سـامی عەبدولڕەحـمان و لەگـەڵ بەشـێکی تـری ئەندامـانی سـەرکردایەتی پێیـان وابـوو، دەبێـت کۆنگـرە بـۆ سـاڵی داهاتـوو دوابخرێـت، تـا پرۆگرامـی نوێـی حـزب بـە تـەواوی لـە نـاو کـوردە پەنابـەرەکان و جەمـاوەردا بچەسـپێت و بڵاوببێتـەوە، بـەڵام ئـەو داخوازییـە سـەرناگرێت، بـە زۆرینـەی دەنگـی ئەندامـان بڕیـار درا کـە لـەو سـاڵەدا کۆنگـرە ببەسـترێت[٤]. بـۆ ئـەم مەبەسـتە لێژنەیـەکی ئامـادەکاری بـە سـەرۆکایەتی (عـلی عەبـدوڵا)[٥] پێکهێـنرا، کـە ئـەرکی ئـەم لێژنەیـە بریتـی بـوو لـە ئامـادەکاری و سـازکردنی زەمینەیـەکی گونجـاو بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی پارتەکـە[٦].

پـاش تەواوبـوونی کارەکانی لێژنـەی ئامـادەکاری، کۆنگـرەی نۆیەمـی (پـدك)، لـە٤ – ١١ی تشـرینی دووەمـی ١٩٧٩ لـە ژێـر ناونیشـانی: (کوردسـتان یـان نەمـان) لـە پێنـاو هێنانـەدی فەرمانڕەوایـەکی دیموکـراتی ئیئتـلافی و پێشـکەوتنخواز بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی

---

(١) گونـدی شـاوانە، دەکەوێتـە باشـووری شـاری شـنۆ لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان. چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عـارف تەیفـور، خـازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٢) د.جەمال فەتحوڵا تەیب،سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٩.

(٣) ح.د.ك – ق.م، لجنـة الإعلام،»إنتخـاب مسـعود البارزانـی رئيسـاً و المناضـل سـامی عبدالرحمـن سـكرتير عامـاً للحـزب الديمقراطـی الكردسـتانی – ق.م «، فـی١٩٧٩/٧/٥.

(٤) فوئاد میرانی، دەست نووس (بڵاونەکراو).

(٥) عـەلی عەبـدوڵا، لـە دایکبـووی تەممـووزی ١٩٢٦ لە شـاری کۆیە، دەرچـووی کۆلێـژی ئەندازیارییە بـەشی بیناسـازی لـە زانکـۆی بەغـدا، یەکێکـە لـە دامەزرێنـەرانی پـارتی لـە سـاڵی ١٩٤٦، لـە سـاڵی ١٩٥٨ بەرپـرسی لقـی٢ی پـارتی بـووە، لـە کۆنگـرەی نۆیەمـی پـارتی دەبێتـە سـکرتێری حـزب، لـە کۆنگـرەی دەیـەم تاکـو کۆنگـرەی دوازدە لـە سـاڵی ١٩٩٩ جێگـری سـەرۆکی پـارتی بـوو ...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: شـەعبان عـلی شـەعبان، هەندێـك زانیـاری سیاسـی و مێژوویـی، چ٣، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر ،٢٠١٣، ل١٤٣.

(٦) محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە کورتە مێژوویی...، ل٧٦.

ڕاستەقینە بۆ کوردستان، بە ئامادەبوونی ٣٢٥ ئەندام بەسترا[١]. شایەنی گوتنە کۆنگرەکە لە سەرەتادا لە گوندی (دەربەند)[٢]بوو، بەڵام بە هۆی بچووکی شوێنەکە و دژواری بارودۆخی کەشوهەوا، کۆنگرەکە گواستراوە بۆ ئۆردوگای (زێوە) لە ڕۆژئاوای ورمێ [٣]. لەم کۆنگرەیەدا ٢١ بڕیاری گرنگ دەرکران، لە سەرووی هەموویانەوە بڕیاری بەردەوامی و درێژەدان بە خەباتی چەکداری لە شێوەی پارتیزانی دژی حکوومەتی عێراق و وڵاتە کۆنەپەرستەکان و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی کە گشت هێزە نیشتمانی و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکان لە کوردستان و عێراق لەخۆ بگرێت، هەروەها بڕیاری دابینکردنی مافە کەمایەتییە نەتەوەییەکاندا لە عێراق، هەروەها بڕیاری دا کە کار بۆ وەستاندنی پرۆسەی کۆچ پێکردن و بەعەرەبکردن لە کوردستان و ڕامالینی شوێنەوارەکانی بکات، لەگەڵ پێداگیری لە سەر هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...تاد[٤].

کۆنگرەکە لە کۆتاییدا بە هۆی کێشەی هەڵبژاردنەوە، ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورەبوو، سامی عەبدولڕەحمان و گرووپەکەی پێیان وابوو، دەبێت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ٢١ کەس بن، هەر ١٥ ئەندامی (س.ك)، ٦ کەسی تریش دەبێت ئەوان ڕەزامەندبن لە سەریان[٥]. لەم بارەوە فازڵ میرانی کە ئامادەی کۆنگرەکە بوو، دەڵێت: «ئەوان دەیانزانی لە هەڵبژاردن دەرناچن، چونکە کارێکی زۆر بۆ دەرنەچوونیان کرابوو و لایەنی تر لە ڕووی نوێنەرانەوە زۆر بە هێزتربوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە خۆیان هەڵنەبژێرن»[٦]. کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونە ئەوان دڵنیابوون کە دەرناچن، بۆیە لە کاتی هەڵبژاردن پاشەکشەیان کرد.

جگە لەمە ڕایەکی تر هەیە، هەندێك ئەندامانی (س.ك) پێشنیاریان کرد، حزب

---

(١) حبيب محمد كريم، الحزب الديمقراطى الكردستانى ...، ص١٥٨.

(٢) گوندی دەربەند، گوندێکی هۆزی بەگزادانە لە ناوچەی مەرگەوەر لە ڕۆژئاوای ورمێ، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. چاوپێکەوتن لەگەڵ محمدملاقادر، پیرمام، ٢٠١٥/١٢/٢.

(٣) سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی، بوونیاتنەوانی ئەمرۆ کوردستان، ب.ش، ٢٠١٠، ل٣٢٧.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حبيب محمد كريم، الحزب الديمقراطى الكردستانى...، ص١٥٨.

(٥) فوئاد میرانی، دەست نووس (بڵاونەکراو).

(٦) لە:د.علی تەتەر نێروەیی، سەرچاوەی بێشوو، ل١٢١وەرگیراوە.

بـە ڕاوێـژی هەمـوو ئەندامـەکان کارەکان بەڕێوەببـات، نـەك سـەرۆکی حـزب سـەربەخۆ بێـت بـێ گەڕانـەوە بـۆ ڕای ئەندامـان بەقسـەی خۆیـان، لـەم بـارەوە عـارف تەیفـوور دەڵێـت: «ئەگەرچـی بەڵێنیـان بـە ئێمـە دا کـە ئـەم پێشـنیارە جێبەجـێ بکـەن، بـەڵام متمانەمـان پـێ نەبـوو، بۆیـە لەهۆڵـی کۆنگـرە دەرچوویـن و بەشـداریمان لـە هەڵبژاردن نەکـرد»[1]. بـەڵام پێدەچێـت ئەمـە تەنیـا پڕوپاگەنـدەی ئەندامـانی (س.ك)بێـت، بـە بەڵگـەی ئـەوە دوای دەرچـوون لـە ڕیـزەکانی پـارتی، پێکهێنـانی ڕێکخراوێـکی سیاسـی بـە ماوەیـەکی کـەم زۆر لـەو ئەندامانـە پەیوەندییـان بـە ڕیـزەکانی پـارتی کـردەوە هاتنـە ژێـر سـێبەر و دەسـەڵاتی ئـەو کەسـانە کـە بەقسـەی خۆیـان متمانەیـان پـێ نەبـوو.

سـەرئەنجام ژمارەیـەك لـە ئەندامـانی (س.ك)، وازیـان لـە (پـدك) هێنا، لەوانە: (سـامی عەبدولڕەحـمان و کەریـم سـنجاری و جەوهـەر نامیـق و عـارف تەیفـوور و دڵشـاد میرانی و ئـازاد خەفـاف و وریـا سـاعاتی  و حەمـە ڕەزا) ، دواتـر جگـە لە (جەوهـەر نامیق) ئەوانی تـر ڕوویـان لـە ئەوڕوپـا کـرد و پارتێکیـان بـە نـاوی (پـارتی دیموکـراتی گـەلی کوردسـتان) دامەزرانـد، بەمـەش ئـەو کێشـەی مـاوەی (١٩٧٦ - ١٩٧٩) لـە نێـو (س.ك)دا هەیبـوو، بە دەرچـوونی ئەمانـە کۆتاییهـات[2]. لـە کۆتاییـدا، کۆنگرەکـە مەسـعود بـارزانی بـە سـەرۆکی (پـدك) هەڵبـژارد، بـەڵام هەڵبـژاردنی مەسـعود بـارزانی پێشـوەخت بـوو کـە پێشـتر لـە کۆبوونـەوەی تەممـووزی ١٩٧٩، بـە کـۆی دەنگـی ئەندامانی سـەرکردایەتی کاتی (مەسـعود بارزانی)یـان وەك سـەرۆکی داهاتـووی (پـدك) دیـاری کردبـوو[3]، هەر سـەبارەت بەم پرسـە فوئـاد میـرانی دەڵێـت: «لە کاتی هەڵبژاردنی مەسـعود بارزانی وەك سـەرۆکی پارتی، ئیدریس بـارزانی لـە هوڵـی کۆنگرەکەدا ڕایگەیانـد: من مەسـعود بارزانیم، مەسـعود بارزانیش منم. ئەمـەش ئاماژەیـەك بوو لە نەبوونی جیـاوازی نێوانیان وەك ئەوەی دژەکانی پارتی پیشـانیان دەدا و کردبووە سـەردێری پڕوپاگەندەکان»[4]. سـەرەڕای  ئەوەش مەسـعود بارزانی داوای

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، میحوەری خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٢) کەنـداڵ و ئـەوانی تـر، گەلێـکی پەژمـوردە و نیشـتمانێکی پـەرت، و:م.گۆمەیـی ،سـوید، ١٩٩٨، ل٤٠٠؛ دیفیـد ماکـدوال، الکـرد شـعب أنکـر علیـە وجـودە، ت: عبدالسـلام النقشـبندی، مطبعـة ئـاراس، أربیـل ،٢٠١٢، ص١٤٥؛ د.جەمـال فەتحـوڵا، سـەرچاوەی بێشـوو، ل٨١.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، میحوەری خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٤) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ فوئـاد میـرانی، دهـۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥. فوئـاد میـرانی، نـاوی تەواو(فوئـاد عەبـدوڵا خەلـەف تاجەدیـن)ە، لـە دایکبـووی ١٩٤٩ لـە ناحیـەی زمـار، لـە سـاڵی ١٩٦٥ پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی پـارتی و شۆڕشـەوە دەکات، لـە١٩٧٣ دەبێتـە پێشـمەرگە، لـە دوای نسـکۆ١٩٧٥ ئـاوارەی

لـە ئیدریـس بـارزانی کـرد، کـە خـۆی بـۆ سـەرۆکایەتی (پـدك) کاندیـد بـکات، بـەڵام بەپێی سـەرچاوەکان ئیدریـس بـارزانی بـە هـۆی ئـەو هێرشـە گەورەیـەی کـە کرابووە سـەری، بە بەرژەوەنـدی دەزانی بـۆ پاراسـتنی ڕیـزەکانی (پـدك)، مەسـعود بـارزانی خـۆی هەڵبژێرێت، ئـاکام مەسـعود بـارزانی بە سـەرۆك هەڵبژێردرا کە تەمەنی ٣٣سـاڵ بـوو وەك کادیرێکی لاو و لێهاتـووی حـزب لـە سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش ڕۆڵـی بـاڵای گێڕابـوو[١]. دواتـر کۆمیتەی ناوەنـدی لـە (٢١) ئەنـدام لـە نێـو ئەندامـە پاڵێوراوەکاندا هەڵبژێـردرا[٢]، کـە بریتی بوون لـە: (عـەلی عەبـدوڵا و نـووری شـاوێس و ئیدریـس بـارزانی و هۆشـیار مەحمـوود ئاغـا زێبـاری و فەلەکەدیـن کاکەیـی و ڕەشـید عـارف و محەمـەد مـەلا قـادر و خورشـید شـێرە و جەرجیـس حەسـەن و ڕۆژ نـووری شـاوێس و نەقیـب عەبـدوڵا سـدیق و مـولازم عـەلی و مـولازم یوونـس ڕۆژبەیـانی و مـولازم هەجـەر سـندی و حەمیـد ڕێکەوتـی و محەمـەد سـاڵح جومعـە و ئـازاد بـەرواری و نەجمەدیـن یووسـفی و فازڵ میرانی و محەمەد سـەعید دۆسـکی، سـەعید ئەحمەد بـارزانی)[٣]. لە یەکـەم کۆبوونەوەی کۆمیتـەی ناوەندی مەکتەبی سیاسـی هەڵبژێـردرا، ئەندامـەکانی بریتـی بـوون لـە: (عەلی عەبـدوڵا ـ سـکرتێر و ئیدریس بـارزانی و فـازڵ میـرانی و محەمـەد سـاڵح جومعـە[٤]، (ڕەئیـس عەبـدوڵا)[٥]، (فەلەکەدیـن

---

ئێـران دەبێـت، لـە سـاڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتـەوە نـاو ڕیـزەکانی شـۆڕش، لـە ١٩٧٨ دەبێتـە بەرپـرسی لێژنـەی ئامێـدی، لـە ١٩٨٠دەبێتـە بەرپـرسی لێژنـەی دهـۆك، لـە ١٩٨١ دەبێتـە بەرپـرسی لێژنـەی زاخـۆ، لـە سـاڵی ١٩٨٥ دەبێتـە کارگێـڕی لقـی١ی پـارتی و بەرپـرسی ڕێکخسـتن، تـا ئەمـڕۆش کارگێـڕی هەمـان لقـە و دانیشـتووی شـاری دهۆکـە.

(١) د.عەلی نێروەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١ -١٢٢.

(٢) بەلاغی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان...،سەرچاوەی پێشوو

(٣) أرکان حمەأميـن الـزرداوی، نشـأە وتطـور الجمعيـات والأحـزاب والتيـارات السياسـية الكرديـة فـی العـراق، مـن منشـورات دار چيـاء للطباعـە والنـشر، بغـداد ، ٢٠٠٩، ص٧٢؛ حبيـب محمـد كريـم، تاريـخ الحـزب الديمقراطـی الكردسـتانی...، ص١٥٩.

(٤) أعضـاء اللجنـة المركزيـە و المكتـب السياسـی فـی المؤتمـر التاسـع، خەبـات، الجريـدة، العـدد: (٧٩٤)، ١٩٩٦/٨/١٢، ص١٠.

(٥)ڕەئیـس عەبـدوڵا، سـاڵی ١٩٢٧ لـە دایکبـووە، لـە تەمـەنی لاوێتیـدا چووەتـە کۆلێـژی سـەربازی لـە بەغـدا، چەنـد پلەیـەکی سـەربازی بڕیـوە تـا گەیشـتووەتە پلـەی رائـد، هـەر لـە بـەر ئەمـەش ناونـراوە (ڕەئیـس عەبـدوڵا)، لـە سـاڵی ١٩٥٠ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی پارتیـەوە کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦٣ دەبێتـە پێشـمەرگە، سـاڵی١٩٧٥ بووەتـە فەرماندەی هێـزی ڕزگاری، دوای نسـکۆ ١٩٧٥ وەك بەشـێکی زۆری خەڵکـی کوردسـتان ئـاوارەی ئێـران بـووە، لـە کۆنگـرەی نۆیەمـی پـارتی بووەتـە

کاکەیی)[1]. بەم شێوەیە پارتی پاش چوار ساڵ لە ژیانی سەخت و دژوار، لە شێوەی سەرکردایەتی کاتی، توانی سەرلەنوێ خۆی بەشێوەیەکی تۆکمە و خاوەن بەرنامەیەکی بەهێز و سەردەمیانە بگەڕێتەوە سەر تەختەی شانۆی سیاسی، لەبارەی هەڵسانەوەی (پدك)یش مەسعود بارزانی دەنووسێت: «ڕەسەنایەتی پارتی و خۆشەویستی مستەفا بارزانی لە ناو دڵی گەلی کوردستاندا بەوە دەردەکەوێت کە پاش نسکۆی ئاداری ١٩٧٥ هەم دیسان پارتی و بارزانی جێگەی ئومێدی گەل بوون، هەر ئەوانیش ئامانج و پیلانەکانی دوژمن و ناحەزان بوون، بە هەموو شێوەیەك هێز و گەورەیی پارتی و بارزانی لەوەدا دەرکەوت کە پاش ئەم نسکۆیە گەورەیە جارێکی دیکە هەڵسایەوە، هەموو هەوڵ و تەقەلای دوژمنان بۆ لە ناوبردنیان بوو، حیکمەتیش لەوەدایە مرۆڤ دوای شکست هەڵبستێتەوە، نەك قەد تووشی شکست نەبێ»[2]. ئەوی ڕاستی بێت کۆنگرەی نۆیەمی پارتی کۆنگرەی بووژانەوە و زیندووکردنەوەی پارتی بوو، هاوکات خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی پارتی و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان. بەم چەشنە پارتی لە ڕووی سیاسییەوە تا ڕادەییەکی باش گەڕایەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی.

---

ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری، ڕۆژی٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١ لە شاری ڤیەننا بە هۆی نەخۆشی دڵەوە کۆچی دوای کردووە. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، هەولێر، ٢٠١٦/٣/٢٧.

(١) فەلەکەدین کاکەیی، فەلەکەدین سابیر کاکەیی ناسراو بە فەلەکەدین کاکەیی، لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٣، لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧ – ١٩٥٩ دەست بە چالاکی قوتابی و لاوانی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ بە زمانی عەرەبی دەستی بە نووسینی ڕۆژنامەنووسی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ بووەتە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە ناو شۆڕش، لە ساڵی ١٩٨٠- ١٩٩١ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (خەبات) بوو، لە ساڵی ١٩٧٩ ئەندامی لێژنەی ناوەندی پەرلەمانی کوردستان بوو، ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٣/٧/٣١ کۆچی دوایی کردووە...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١ -٨٢.

(٢) مەسعود بارزانی، تا دەرفەتم دەبێ...، ل١.

## ب- هەڵسانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان:

پاش ڕێککەوتنی جەزائیری ئازاری ١٩٧٥، هەموو ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان وەك دامودەزگاکانی تری شۆڕش بۆ ماوەیەکی کورت لە خەبات وەستان و هەموو ڕێکخستنەکانی قوتابیان و لاوان و ڕێکخستنەکانی تری شۆڕش دووچاری پرژاندنێکی کاتی هاتن، هەندێك لەم توێژانە وەك هەموو توێژەکانی تری کوردستان ژیانی ئاوارەیی، دەربەدەرییان هەڵبژارد و ڕوویان کردە ئێران، هەندێکی تر ڕوویان کردە ئەوروپا، بەشێکیان بۆ باوەشی نیشتمان گەڕانەوە و هەروەها لە هەمان کاتدا لە لایەن حکوومەتی عێراق ژمارەیەك لەو توێژانەی لە سێدارە دا کە ڕژێمی شای ئێران ڕادەستی عێراقی کردبوونەوە، دوا بەدوای ئەمەش حکوومەتی عێراق دەستی بە پیادەکردنی سیاسەتێکی توندوتیژ و ڕەگەزپەرستانە کرد بەرانبەر بە گەلی کورد و ئەندام و لایەنگرانی (پدك) و شۆڕشی ئەیلوول، لەگەڵ دوورخستنەوەیان بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق[1]، هەروەها گوشارێکی زۆری خستە سەر تاکی کورد کە ببێت بە بەعسی، ئەم سیاسەتەش سیفەتێکی گشتگیری هەبوو، جگە لە فەرمانبەرانی دەوڵەت خەڵکی بێ لایەنیشی دەگرتەوە و، گوشارێکی زۆری لە سەر دانابوون، بە تایبەتی مامۆستایان، لە بەر ئەوە ئەرکی پەروەردەکردنیان لە سەر شان بوو، بۆ ئەم مەبەستە حکوومەتی عێراق بەرنامەیەکی نوێی داڕشت ناوەرۆکەکەی بریتی بوو لە: «نەوەی تازەی عێراق بە بیروباوەڕی نەتەوەیی عەرەبی و حزبی بەعس پەروەردە بکرێت»[2]. هەروەها حکوومەت هەموو شێوازێکی گرتەبەر بۆ دواخستنی شارستانیەت لە کوردستان و بێبەشکردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە سادەترین و ڕەواترین پێداویستییەکانی ژیان، هەروەها نەهێشتنی گەیشتنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە مافە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت سروودی نیشتمانی قەدەغەکراو، خوێندنی کوردی گۆڕی و کردی بە زمانی عەرەبی، ئینجا

(١) ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، هەولێر، ١٩٩٨، ل٦٩.

(٢) د.علی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی حکوومەتی عێراق لە کوردستان لەسایەی بەڵگەنامە فەرمیەکاندا (١٩٧٥ – ١٩٩١)، ب١،چاپخانا زانکۆیا دهۆکێ، دهۆك ، ٢٠١٠، ل٤٣.

دەستی کرد بە گۆڕینی بەرنامەکانی خوێندن[١]، هەروەها گوشاریشی خستە سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە منداڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخانە عەرەبییەکان بکەن و دوورخستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی کوردستان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی عێراق، لەگەڵ چاودێریکردنیان کە کاری ڕێکخراوەیی ئەنجام نەدەن[٢]. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم گوشارانەدا، ڕێکخستنەکانی سەر بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە تایبەتی (ی.ق.ك) و(یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان)[٣]، لە سەر ئاستی ناوخۆی کوردستان ڕێکخستنەکانیان بەگەڕ خستەوە و، جەماوەری شارەکانیان بە ئاراستەی شۆڕش ئاراستە دەکرد و، بۆ نێو ڕیزەکانی (پدك)، تەیاری دەکردن، ئەویش لە ڕێگەی دەرکردنی پەرتووك، ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانەوە[٤]. وەك هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی شۆڕش هەر یەك لە مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی لە نیسانی ١٩٧٥ لە گوندی (ڕاژان)[٥]، لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەرییەکان کۆبوونەوە[٦]، بە تایبەتی (کومەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوڕوپا)[٧]و

(١) فرست طیب، مێژوویا ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ دناف بەرا ئادارا(١٩٧٠- نیسانا ١٩٩١) یَ، چاپخانەی هاوار، دهۆك،٢٠١٢، ل١٦٥.

(٢) برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (٢٢٧٥)، ١٨ی شوباتی١٩٩٧، ل١٤.

(٣) یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (ی.ل.د.ك)، چەند هەفتەیەك لە دوای ڕێکخراوی (ی.ق.ك) لە شوباتی١٩٥٣دامەزرا، لە لایەن دەستەی دامەزرێنەری هەمان دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی(ی.ق.ك) کە بریتی بوون لە:(جەلال تاڵەبانی و عەبدوڵا ئامێدی وحەیدەر حەمەدئەمین)، مەرجی ئەندام بوون لەم ڕێکخراوەدا بریتی بوو لەوەی هەر قوتابییەك دوای تەواو بوونی قۆناغی خوێندن لە قوتابخانە ڕاستەوخۆ دەیتوانی پەیوەندی پێوەبکات و ببێت بەئەندام...بۆ زانیاری زیاتر بروانە: لە دیدارێکی تایبەتدا سەرۆك تاڵەبانی وردەکاری دامەزراندنی (ی.ق.ك) دەخاتەروو، خەباتی قوتابیان، گۆڤار، ژ: (١٠٩)، تشرینی دووەم ٢٠١٢، ل ل٧ ،٩.

(٤) هێمن میرانی، سڵاو ماندوو نەبوون لە کادیرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، خەباتی قوتابیان، گۆڤار، ژ: (٢٣)، ١٨ شوباتی٢٠٠١، ل٦٩؛ عرفان عزیز عزیز، ڕۆژنامەنوسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٣.

(٥) ڕاژان، گوندی (سەید موسی نەهری)یە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەکەوێتە دەشتی مەرگەوەڕ لە باشووری شاری ورمێ نزیکی (٢٠-٢٥کم)، لە سەر سنووری تورکیا. بڕوانە: سامی شۆڕش، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی.. ئیدریس بارزانی نموونەك، و: د.ڕزگار، چاپخانا زانا، دهۆك ، ٢٠٠٥، ل١٧١.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، ئاکرێ، ٢٠١٦/٤/١٧.

(٧) کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردلە ئەوروپا (ك.خ.ك.ئ)، لە ١١- ١٦ ئابی ١٩٥٦ لە لایەن چەند

(ی.ق.ك) و (ی.ل.د.ك)[1]، هەروەهـا تاریـق ئاكرەیـی كـە ئـەو كات سـەرۆكی (ك.خ.ك.ئ) بـوو ڕاسـپارد كـە بگەڕێتـەوە بـۆ ئەوڕوپـا و درێـژە بـە خەبـاتی ڕێكخراوەیـی بـدات و چالاكییـە جەماوەرییـەكان لـە ئەوڕوپا ئەكتیـڤ بكاتـەوە[2]، دواتـر لـە لاپـەڕەكانی دوایـی ئـەم لقـە بـاسی ئەمـە دەكەیـن.

هەروەهـا هـاوكات مەسعود بـارزانی هـەر یـەك لـە (عـادل مـوراد) سـەرۆكی ئـەو كاتـەی (ی.ق.ك)، (عەبدولـڕەزاق میـرزا فەیـلی) ئەندامـی سـەركردایەتی (ی.ل.د.ك)، (ڕەنـج نـووری شـاوێس و ئـازاد محەمـەد خەفـاف) ئەندامـانی سـەركردایەتی (ی.ق.ك) بـە سەرپەرشـتی(نووری شـاوێس) ئەندامـی مەكتـەبی سیاسـی (پدك)یـان ڕاسـپارد بـەرەو سـووریا، ئـەركی ئەمانـە زەمینەسـازكردن بـوو بـۆ دەسـتپێكردنەوەی شـۆڕش، هـاوكات لەگـەڵ (جـەلال تاڵەبانی)یـش قسـە بكـەن. ئـەم كۆمەڵەیـە ڕۆژی ١٢ی نیسـانی ١٩٧٥ دەگەنـە بەیـرووت (لبنـان)، بـەڵام (نـووری شـاوێس) بـە هـۆی نەخۆشـییەوە دەچێتـە لەنـدەن، دواتـر هـەر یـەك لـە (عـادل مـوراد، عەبدولـڕەزاق فەیـلی) دەچنـە سـووریا[3]. ئەنجـام ئـەم كۆمەڵەیـە بەهـۆی ئـەو دابەشـبوونە هـزری و سیاسـییەی كـە لـە ژێـر ڕۆشـنایی تراژیدیـای شكسـتی شـۆڕشی ئەیلـوول هاتبـووە ئـاراوە، لـە جێبەجێكـردنی ڕاسـپاردەكان سـەركەوتنی بەدەسـت نەهێنـا[4]، هـەر یـەك لـە ( عـادل مـوراد، عەبدولـڕەزاق فەیـلی) دەكەونـە ژێـر ئـەو كاریگەرییـە هـزری و سیاسـییە، لەگـەڵ هـەر یـەك لە:(جـەلال تاڵەبـانی و فوئـاد مەعسـووم) لـە ٢٥ی ئایـاری ١٩٧٥، لـە سـووریا بـۆ مەبەسـتی دامەزرانـدنی ڕێكخراوێـكی سیاسـی كۆدەبنـەوە، لـەم بـارەوە تاڵەبـانی دەڵێـت:

---

خوێندكارێـكی كـورد، لـە شـاری (فیزبـاد) لـە ئەڵمانیـا، یەكـەم كۆنگـرەی خـۆی بەسـت، كۆمەڵەیـەكی فـرە ڕەنـگ و فـرە هـزری بـوو كـە گوزارشـتی لـە نەتـەوەی كـوردی دەكـرد، پـاش كۆنگـرەی دووەم كـە لـە كانـوونی دووەمـی١٩٥٨ لـە شـاری لەنـدەن بەسـترا، بڕیـاری دەركـردنی ئـۆرگانی كۆمەڵـە درا بەنـاوی (گۆڤـاری كوردسـتان) كـە بەزمـانی كـوردی و عـەرەبی، ئینگلیـزی دەردەچـوو. یەكێـك لـە بڕیـارەكانی كۆمەڵـە لەهـەر وڵاتێـكی ئەوروپـی زیاتـر لـە (٧) خوێنـدكار دەتوانـن لقێـكی كۆمەڵـە بكەنـەوە. بڕوانـە: فرسـت طیـب، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٥.

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٦٦.

(٢) چاوپێكەوتن لەگەڵ تارق ئاكرەیی، ئاكرێ، ٢٠١٦/٤/١٧.

(٣) د.علی تەتەر نێروەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

(٤) فرست طیب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦.

«پێكـەوە بڕیـاری هاوپەیمانێتییـەكی نیشـتیمانیمان دا نـەك حـزب بـە نـاوی یەكێتـی»[١].
ئـاكام بزاڤـی كـورد لـە باشـووری كوردسـتان بـە سـەر هێـزە سیاسـییەكاندا دابـەش دەبێـت، بارودۆخەكـە لـە بـار دەبێـت بـۆ هاتنـە كایـەی سیسـتمی فـرە حـزبی و، دواتریـش فـرە ڕێكخراوەیـش سـەر هەڵـدەدات[٢].

لـە سـەر ئاسـتی ناوخـۆی باشـووری كوردسـتان هـەر وەك پێشـتر بـاس كـرا، ئەندامـانی سـەر بـە ڕێكخسـتنەكانی (ی.ل.د.ك) و (ی.ق.ك) لـە شـارو شـارۆچكەكانی باشـووری كوردسـتان لـە نـاو دەریایـەكی تەنـگ و چەڵەمـە و پـڕ مەتـرسی دەسـت بـە خەبـاتی ژێرزەمینـی و سـەر لەنـوێ زیندووكردنـەوەی ڕیزەكانیـان دەكـەن، پێداگیـری لـە دانەبـڕانی جەمـاوەر دەدەن لـە ڕیـزەكانی (پـدك) لـە نـاو شـارەكان[٣]. شـایەنی ئاماژەپێكردنـە بـۆ یەكـەم جاریـش ئـەم هەنـگاوە بوێـرە لـە شـاروچكەی زاخـۆ سـەر هەڵدەداتـەوە، لـە لایـەن (ڕێبـەر مـەلا حسـێن ئاڤـدەڵ)[٤] و چەنـد ئەندامێـكی تـر كـە لـە ٢٠ی حوزەیـرانی١٩٧٥ دەسـت بـە زیندووكردنـەوەی ڕیـزەكانی خۆیـان دەكـەن، لـە١٦ی كانـوونی یەكەمـی ١٩٧٥ ناوبـراو دەبێتـە لێپـرسراوی (ی.ق.ك) لـە شـارەكە[٥]. ئەمـەش یەكەمیـن هێڵـی ڕێكخسـتنبوو لـە سەرانسـەری كوردسـتان، سـەرچاوەكان سـەرهەڵدانەوەی ڕێكخسـتنەكانی (ی.ق.ك) لـە شـاری زاخـۆ بـۆ ئـەوە دەگێڕنـەوە كـە لـە ڕووی جوگرافییـەوە دەكەوێتـە سـەر سـنووری باكـووری كوردسـتان، لـەو دەمـەدا

(١) مەغدیـد فەیـاز، بەشـێك لـە بیرەوەرییـەكانی مـام جـەلال، لـە بڵاوكـراوەكانی كۆمەڵـەی ڕووناكبیری و كۆمەڵایـەتی كەركوك، كەركـوك، ٢٠٠٩، ل٢١٥.

(٢) برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٢٦٣٥)،٢٦/تموز/١٩٩٨، ل١٣.

(٣) دەنیـس دارگـول، بیسـتانێن زێڕیـن، و: رشـاد بێجرمـانی، چاپخانـا هـەوار، دهـۆك ، ٢٠١٠، ل٣٨٥؛ خەبـاتی قوتابیـان، گۆڤـار، ژ: (٥٠)، تشـرینی یەكەمـی ٢٠٠١، ل١٣.

(٤) ڕێبـەر مەلاحوسـێن ئاڤـدەڵ، لـە دایكبـووی سـاڵی ١٩٥٧ لـە شـاروچكەی زاخـۆ، لەسـاڵی ١٩٧٣ پەیوەنـدی بـە ڕێكخـراوی (ی.ق.ك)ەوە دەكات، لـە سـاڵی (١٩٧٤) دەبێتـە پێشـمەرگە، لـە دوای نسـكۆ ١٩٧٥ دەستپێشـخەر دەبێـت لـە سـاغكردنەوەی ڕیـزەكانی (ی.ق.ك)، لـە ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٢٠ لـە لایـەن دامـودەزگا سـەركوتكەرەكانی حكوومەتـەوە ڕێكخسـتنەكەیان ئاشـكرا دەبێـت، لـە ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٢٣ لـە ژێـر ئەشـكەنجەداندا كۆچـی دوایـی دەكات. بروانە: یەكـەم شـەهیدی یەكیتیەكەمان، خەبـاتی قوتابیـان، گۆڤـار، ژ: (١٠)، مایـسی ١٩٩٦، ل٢.

(٥) سـەلام حوسـێن، هەڵگیرسـاندنی شـۆڕشی گـوڵان وانەیـەكی تـری نەبەزیـن بـوو، خەبـاتی قوتابیـان، گۆڤـار، ژ: (٣٦)، حوزەیـرانی٢٠٠٠، ل٨.

مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگە لەو سنوورە چالاک بوون، ئەمەش کاری کردبووە سەر ئەندام و لایەنگرانی پێشووی (پدك) کە کاری ڕێکخراوەیی ئەنجام بدەن و، پەیامی هۆشیاری نەتەوەیی لە ناو جەماوەری شارەکە بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی لە ڕیزەکانی (پدك)ەوە دوورەپەرێز نەبن[1]. بەم شێوەیە لە ژێر ڕاسپاردەکانی پێشمەرگەدا ئەندامانی سەر بە ڕێکخستنەکانی (ی.ق.ك) بە تایبەت، کاری ڕێکخراوەیی فراوانتر دەکەن و، ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاودەکەنەوە و ڕاسپاردەکانی(س.ك) جێبەجێ دەکەن، هەر وەك بەڵگەنامە فەرمییەکانی (ی.ق.ك) ئاماژەیان پێ کردووە لە ناوەڕاستی ئاداری ١٩٧٦ بەیاننامەیەکی (ی.ق.ك)یان بۆ جەماوەری کوردستان دەرکرد، کە دواتر لە ڕێگەی (ڕۆژنامەی خەبات)ەوە، لەژمارە ٥٢٦ (٥٢٧-لێکۆڵەر) لە ڕۆژی ١ی تەمموزی ١٩٧٦ بڵاویان کردووەتەوە تییدا: «هەڵوێستی سەرکردایەتی کاتی - پارتی لە گۆڕەپانی خەبات بەرز دەنرخێنن و مژدەی دەست پێکردنەوەی شۆڕش بە جەماوەری کوردستان دەگەیەنن، داوا لە جەماوەری کوردستان دەکەن هەموو هەوڵەکانی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ چەسپاندنی ڕیزەکانی شۆڕش و خەباتی چەکداری و ڕاوەستان دژ بە ڕژێمی فاشی، سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژێمی بەعس بەرانبەر جەماوەری قوتابیانی کورد، ڕیسوا دەکەن. هەروەها داوا لە بزووتنەوەی قوتابیانی عێراق دەکەن وزەی خۆیان یەك بخەن بۆ تێکۆشان لە پاڵ هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی گەلی عێراق بۆ لە ناوبردنی ڕژێمی فاشی و پیلانەکانی ئیمپریالیزم و، ڕەگەزپەرستەکان و، ئاوەدانکردنەوەی عێراقێکی دیموکراسی کە لەو چوارچێوەیەدا گەلی کورد بە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی خۆی شادبێت»[2]. لە بەهاری ١٩٧٦ ئەندامەکانی سەر بەم هێڵە زیاد دەبن، بە هۆی بەرفراوانی کاروچالاکییەکانەوە ژمارەیەك لە ئەندامەکانی پێشوو پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە دەکەن، ئەم هێڵە لە بەر پاراستنی گیانی ئەندامەکان، بە سەر چەند هێڵێکی بچووك بچووکدا دابەش دەبێت. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك لە بڵاوکراوەکانی (س.ك) لە لایەن پێشمەرگەکانەوە دەگەنە دەستی ڕێکخستنەکانی (ی.ق.ك)، ئەوانەش بە

---

(١) فرست طیب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

(٢) الحزب الديمقراطی الكردستانی-العراق، المنظمات الجماهيريه الكوردستانيه (١٩٥٣ - ١٩٩١)، دراسه أوليه، من منشورات الحزب الديمقراطی الكردستانی ب.م،١٩٩١، ص٥٣.

شێوەیەکی نهێنی ئەم بڵاوکراوانە لە شوێنە گشتییەکانی شاری زاخو هەڵدەواسن[١]. بەڵام زۆر ناخایەنێت شەوی ٢١/٢٠ی نیسان ١٩٧٦، کۆمەڵە سیخوڕێکی حکوومەتی عێراق ئاگاداری جموجووڵ و چالاکییەکانی ئەم هێڵە دەبن، دەست بە سەر ماڵی (ڕێبەر مەلا حسێن)دا دەگرن و چەند بڵاوکراوەیەك لە ماڵی ناوبراو دەدۆزنەوە و خۆی و برابچووکەکان و خزم و کەسەکانی لەگەڵ ئەندامێکی تری سەر بە ڕێکخستنەکان بەناوی (محەمەد مووسا مستەفا) دەستگیر دەکرێن[٢]. ئەنجام جگە لە(ڕێبەر مەلا حسێن) ئەوانی تر هیچیان لە سەر ساغ نابێتەوە، دوای چەند ڕۆژێك لە ژێر ئازاردا ناوبراو دەبێتە قوربانی. بە ئاشکرابوونی ئەم هێڵە ترس لە لایەن حکوومەت دروست دەبێت و بەوپەڕی دڕندایەتییەوە دەکەوێتە چاودێریکردنی شارەکە[٣]. حکوومەت سەرەڕای ئەو هەوڵانەیش، نەیتوانی چالاکییە نهێنییەکانی جەماوەر کۆنترۆڵ بکات[٤]، بەڵکو بە ماوەیەکی کورت ڕیکخراوە جەماوەرییەکانی سەر بە (پدك) پەلوپوی خۆی هاوێشت تا زنجیرەی ئەلقەی ڕێکخستن گەیشتە گشت شارەکانی تری باشووری کوردستان[٥].

هەڵبەت لە قۆناغی سەرەتایی خەباتی چەکداریدا، ئەرکی قوتابیان و لاوان بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی (س.ك)، لە ناو جەماوەری کوردستان، بە تایبەت لە ناو مەڵبەندەکانی خوێندن و ڕۆشنبیری، هەروەها هەڵواسینیان بە دیواری قوتابخانەکان و، شوێنە بەرچاوەکانی ناوەندی شارەکان و ئاشناکردنی جەماوەر بە بەرنامەی نوێی حزب[٦]، بەمەش توانییان لەناو کەشێکی

---

(١) فرست طیب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

(٢) ساسان عەونی، هەڵوێست و هەنگاوەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی قوتابیان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، هەولێر، ١٩٩٧، ل٤٤ ؛ خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٤٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٤، ل٧.

(٣) خەباتی قوتابیان، گۆڤار، ژ:(١٠)، مایسی ١٩٩٦، ل٢.

(٤) خەباتی قوتابیان، گۆڤار، ژ:(١٢)، ئاب/١٩٩٤، ل٧

(٥) ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی...، ل٧.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم حەبیب حاجی، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/٩.کەریم حەبیب حاجی، لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٧ لە ناوچەی دۆسکی لە بناری چیای مەتین، لە ساڵی ١٩٧١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دەکات و لە ساڵی (١٩٧٢ – ١٩٧٥)، دەبێتە پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٧٩ بە هۆی کاری ڕێکخراوەیی و پارتایەتی لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە بۆ شاری رومادی دووردەخرێتەوە،

پڕ لـە مەترسـیدا پەیتـا پەیتـا دەسـت بـە خەبـات و داکوتـانی ڕیشـەیی (پـدك) لـە نـاو جەمـاوەری قوتابیـان و جەمـاوەری شـارەکان و، خسـتنە پـاڵ یەکـتر و تەیارکردنیـان بـە ڕیزەکانیـەوە بکـەن[1]. لـە ناوەڕاسـتی ١٩٧٦ڕێکخسـتنەکانی (ی.ق.ك) بـۆ یەکـەم جـار توانییـان لـە شـاری هەولێـر سـەر لـە نـوێ هەوڵـی وەگەڕخسـتنەوەی ڕیـزەکانی خۆیـان بدەنـەوە و یەکەمیـن ڕێکخراویـان بـە نـاوی (شـیرین) دامەزرانـد[2].

هەروەهـا لـە شـاری سـلێمانی و کەرکـووك، ڕێکخسـتنە جەماوەرییـەکانی (پـدك) بـە بـەراورد لەگـەڵ شـارەکانی دیکـە، بـە لاواز و خامـۆشی هەنـگاوی دەنـا، ئەندامەکانیـان نەیانتـوانی وەك پێویسـت هەوڵـی زیندووکردنـەوەی ڕیـزەکانی خۆیـان بـدەن[3]. بێگومـان هاتنەکایـەی سیسـتمی فـرە حـزبی، وەك لـە پێشـوودا باسـکرا فـرە ڕێکخراوەیـش هاتـە کایـەوە ئەمـەش کاریگـەری لـە سـەر لاوازی ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی (ی.ق.ك)و ڕێکخـراوەکانی دیکـەی سـەر بـە (پـدك)، لـەو ناوچانـە هەبـوو، لەبـەر ئـەوە (ی.ن.ك) وەك پارتێـکی نـوێ، بـە پێویسـتی زانی بـۆ کۆکردنـەوەی جەمـاوەر لـە دەوری خـۆی و ئاراسـتەکردنیان بـە خەبـاتی مـەدەنی، ڕێکخراوێـکی جەمـاوەری بـە نـاوی (یەکێتـی خوێنـدکارانی کوردسـتان)[4] دامەزرێنێـت، ئـەم ڕێکخـراوە بـە هـۆی ڕەنگدانـەوەی ناکـۆکی و گـرژی نێـوان (پـدك) و (ینـك)، زاڵبـوونی (ینـك) لـە سـنووری سـلێمانی و کەرکـووك بەگشـتی ، تـوانی جەمـاوەری ناوچەکـە لـە دەوری خـۆی کۆبکاتـەوە[5]. بۆیـە

---

لـە نـاو پارتیـدا چەنـد پلـە و پایـەی پارتایـەتی وەردەگرێـت، دوای پرۆسـەی ئازادکـردنی عێـراق ٢٠٠٣ دەبێتـە وەرگێـڕ لـە نـاو سـوپای ئەمریـکا لـە عێـراق، ئێسـتە جێگـری بەڕێوەبـەری نەخۆشـخانەی (وان گلۆبـال)ە لـە شـاری دهـۆك، نیشـتەجێی هەمـان شـارە.

(١) ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی...، ل٧.

(٢) المنظمات الجماهیریه الکوردستانیه...، ص٥٤.

(٣) فرست طیب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

(٤) یەکێتـی خوێنـدکارانی کوردسـتان(ی.خ.ك)، ئـەم ڕێکخـراوە یەکـەم کۆبوونـەوەی خـۆی لـە ٢٦ی نیسـانی ١٩٧٦، لـە شـاری کەرکـووك بەسـترا لـە لایـەن کۆمەڵێـك خوێنـدکار لەوانـە: (شـوان عـەلی (شـامل)، لەتیـف شـێخ عومەر...تـاد). بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: سـەروەر عبدالرحـمان، سـەرچاوەی پێشـوو،ل١٤٩؛ بـەڵام هەندێـك سـەرچاوە مێـژووی دامەزرانـدنی (ی.خ.ك) بـۆ دوای ڕاپەڕینـی ١٩٩١ دەگێڕنـەوە، کـە بـە شـێوەیەکی فەرمـی بەیانامـەی خـۆی لـە گۆڤـاری (نواڵـە) کـە ئـۆرگانی ئـەم ڕێکخـراوە بـوو، بڵاوکردووەتـەوە کـە تیـادا هاتـووە ئـەم ڕێکخـراوە لـە ڕۆژی ١٩٩١/٧/٣٠دامـەزراوە. بڕوانـە: ساسـان عـەونی، چەنـد زانیاریـەك دەربـارەی ڕێکخـراوەکانی...، ل٥.

(٥) سەروەر عبدوالرحمان، سەرچاوەی پێشوو ،ل١٤٩.

دەبینیـن هاوشـێوەی دەسـەڵاتی سیاسـی و باڵادەسـتبوونی (پـدك) لـە سـنووری بادینـان، ڕێکخسـتنەکانی (ی.ق.ك) لـەو سـنوورەدا لـە هەڵکشـاندا بـوو، چەندان ڕێکخـراوی نهێنی سـەر بـە (ی.ق.ك)، وەك ڕێکخـراوی (شـەفەق)[١]، ڕێکخراوێـکی دیکـە هـەر بـە نـاوی (شـەفەق) [٢]، ڕێکخـراوی (شـێخ سـەعیدی پیـران)[٣]، لـە نـاو شـاری دهـۆك لـە لایـەن ئەندامـەکانی پێشـووی(ی.ق.ك)ەوە دامـەزراوە، کـە ڕۆڵێـکی بەرفـراوانی لـە جێبەجێکـردنی ڕاسـپاردەکانی (س.ك)، ڕێکخسـتنی جەمـاوەر و هاندانیـان بـۆ پەیوەندیکـردن بـە پێشـمەرگەوە و دوورکەوتنـەوە لـە هاوکاریکـردنی دامـودەزگاکانی حکوومـەت دەنوانـد [٤]، هەروەهـا ئـەرکی ئەندامـەکانی سـەر بـە ڕێکخسـتنەکانی (ی.ق.ك) و (ی.ل.د.ك) لـە بادینـان قورسـتربوو لـە چـاو شـوێنەکانی تـری باشـووری کوردسـتان، لـە بـەر ئـەوەی وەك بـاس کـرا، مەڵبەنـدی قورسـایی خەباتی(س.ك)بـوو، بۆیـە جگـە لـە کاری ڕێکخراوەیـی،

---

(١) ئەندامـەکان بریتـی بـوون لە:(فەهیـم عەبـدوڵا محـو و ئیبراهیـم مسـتەفا و عـزەت فنـدی و ئەحمـەد مـەلا قاسـم و سـامان محەمـەد سـەعید و عەبدولسـەلام مەجیـد و زیـاد ئەحمـەد و جەمیـل تاهـر و وەلیـد سـاڵح و حەمیـد محەمـەد ساڵح و سـاڵح عەبدی...تـاد). بڕوانـە: موسـەددق تـوفی وئـەوی تـر، ئامادەبیـا برایـەتی فێرگەهـا زانسـت و هەسـت نەتەوەیـی و شۆڕشـگێڕی، دهـۆك، گۆڤـار، ژ: (٢٢)، شـوبات/٢٠٠٤، ل ل٤١ -٤٤؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ فهیـم عبدوڵـلا محـو، دهـۆك، ٢٠١٥/١٢/٩. فەهیـم عەبـدوڵا محـو، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٦٠ لـە شـاری دهـۆك، لـە سـاڵی ١٩٧٦ پەیوەنـدی بـە(ی.ق.ك)ەوە کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٣ دەبێتـە پێشـمەرگە،١٩٨٤ دەبێتـە بەرپـرسی لێژنـەی ناوخـۆی (ی.ق.ك) لـە دهـۆك، لـە ساڵی ١٩٨٦دەبێتـە بێـژەر لـە ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق، لـە(١٩٩١ – ١٩٩٤) دەبێتـە کارگێـڕی لقـی یـەك، لـە (١٩٩٤ – ١٩٩٥) دەبێتـە سەرنووسـەری گۆڤـاری مەتیـن، دواتـر چەنـد پلـەی تـری دەبڕێـت، ئێسـتە سـەرۆکی ئەنجوومـەنی پارێـزگای دهۆکـە.
(٢) ئەندامـەکان بریتـی بـوون لـە: (سەربەسـت باپیـری و جەمیـل بێسـفکی و قـادر قەچـاخ و غەفـار کۆڤـلی و مقـداد کورێمەیـی و محەمـەد سـاڵح بـوتی و عابـد مـزۆری و عەبدولقـادر پێـداوی و مەحمـود غلبیـش و عەبـدوڵا الیاس...تـاد). چاوپێکەوتـن لەگـەڵ قادر قاچـاخ، دهـۆك، ١٢/١١ / ٢٠١٥. قـادر قاچـاخ نـاوی تـەواو (قـادر عەبدولعەزیـز ڕەشید)ـە، نـاسراوە بـە (قـادر قەچـاخ)، لـە دایکبووی سـاڵی ١٩٦٢ لـە شـاری دهـۆك، دەرچـووی پۆلـی پێنجەمـی وێژەییـە، خـاوەن بیسـت پەرتـووکی جۆراوجـۆرە، لـە سـاڵی ١٩٨٠ دەبێتـە پێشـمەرگە تـا سـاڵی ١٩٩١، ئێسـتە ئەندامـی سـەرکردایەتی پارتییـە، نیشـتەجێی شـاری دهۆکـە.
(٣) ئەندامـەکان بریتـی بـوون لە:(عیسـا زێوەیـی (چاڤـەرێ) و بـەرزی عـەلی و یونـس ئێتـوتی و شـەعبان عـەلی و مقـداد نزارکـێ و عەبدولقەهـار سـەرکی...تاد) بڕوانـە: موسـەددق تـوفی وئـەوانی تـر، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٤١؛ عیسـا زێوەیـی، (پێوەنـدی تەلەفـۆنی)، دهـۆك، ٢٠١٦/٣/١١.
(٤) موسەددق توفی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤١ -٤٤.

ڕۆڵێـكی بـاشی لـه دابینكـردنی خـۆراك و جلوبـه‌رگ و داووده‌رمـان و ته‌نانـه‌ت چـه‌ك و پێداویستییه‌كانی له‌شـكری هه‌بـوو بـه‌ حوكمـی ئـه‌وه‌ی به‌شـێكیان لـه‌ نێو دامـوده‌زگاكانی حكوومـه‌ت لـه‌ كاردابـوون و بـواری ده‌سـتكه‌وتنی كـه‌ل وپـه‌ل تـا ڕاده‌ییـه‌ك ئاسـان بـوو[1]، ته‌نانـه‌ت هه‌ندێـك لـه‌ ئه‌ندامـه‌كان پـردی په‌یوه‌نـدی، ته‌تـه‌ر و نامه‌بـه‌ری تایبـه‌تی (س.ك) بـوون لـه‌ نێـوان شـار و شـاخ [2]. حكوومـه‌ت لـه‌ په‌ره‌سـه‌ندنی جموجـووڵ وچالاكییـه‌كانی (ی.ق.ك) و (ی.ل.د.ك) سـه‌خت نیگـه‌ران ببـوو بۆیـه‌ ده‌بینیـن زۆر بـه‌ تونـدی چاودێـری ده‌كران، وه‌ هه‌ڕه‌شـه‌ی لـه‌ ئه‌ندامه‌كانی (ی.ق.ك) ده‌كـرد و به‌ زۆره‌ملێ هه‌وڵـی ئه‌نـدام بوونیـان ده‌دا لـه‌ ڕێكخـراوی (ی.ق.ن.ع)[3]، وه‌ پێشـتریش ژماره‌یـه‌ك لـه‌ ئه‌ندامـه‌كانی (ی.ق.ك) بـه‌ زۆری ڕێكخرابـوون لـه‌م ڕێكخـراوه‌دا[4]. لـه‌ هاوینـی ١٩٧٦بـه‌ هـۆی چاودێـری تونـدی حكوومـه‌ت هه‌ندێـك لـه‌ ئه‌ندامـه‌كانی سـه‌ر بـه‌ ڕێكخسـتنه‌كانی نهێنـی (ی.ق.ك) لـه‌ شـاری دهـۆك ئاشـكرا ده‌بـن، ژماره‌یه‌كیـان ده‌ستبه‌سـه‌ر ده‌كرێـن، یه‌كێـك له‌وانـه‌ (زه‌كی سـه‌لمان بێدوهـی) بـوو، لـه‌ كاتی ئه‌شـكه‌نجه‌دان لـه‌ لایـه‌ن حكوومه‌تـه‌وه‌ گیـانی لـه‌ ده‌سـتدا، دواتـر بـه‌ هـۆی گوشـاری تونـدی حكوومـه‌ت، بـه‌ ناچـاری ژماره‌یـه‌ك لـه‌ ئه‌ندامـانی دیكـه‌ په‌یوه‌نـدی بـه‌ ڕیـزه‌كانی پێشـمه‌رگه‌وه‌ ده‌كـه‌ن

---

(١) چاوپێكه‌وتـن له‌گـه‌ڵ سه‌ربه‌سـت باپیـری، دهـۆك، ٢٠١٥/١٢/١٠. سه‌ربه‌سـت باپیـری، نـاوی تـه‌واوی (سه‌ربه‌ست جه‌میـل موراد)ـه‌، بـه‌ سه‌ربه‌ست باپیری نـاسراوه‌، لـه‌ دایكبـووی سـاڵی ١٩٥٩ لـه‌ گونـدی باپیـری لـه‌ ناوچـه‌ی دۆسـكی، سـاڵی ١٩٧٦ په‌یوه‌نـدی بـه‌ ڕێكخسـتنه‌كانی (ی.ق.ك)ه‌وه‌ كـردووه‌. سـاڵی ١٩٨٠ بووه‌تـه‌ پێشـمه‌رگه‌، سـاڵی ١٩٨١ بووه‌تـه‌ كارگێـڕی لێژنـه‌ی ناوچـه‌ی دهـۆك، سـاڵی ١٩٩٠ بووه‌تـه‌ به‌رپـرسی لقـی یـه‌ك، لـه‌ مـاوه‌ی (٢٠١١ - ٢٠١٤) به‌رپـرسی لقـی١٧ی (پـدك) بـوو لـه‌ قـه‌زای شـنگار، نیشـته‌جێی شـاری دهۆكـه‌.

(٢) چاوپێكه‌وتن له‌گه‌ڵ فه‌هیم عه‌بدوڵلا محو، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/٩.

(٣) یه‌كێتـی قوتابیـانی نیشـتمانی عێـراق (ی.ق.ن.ع)، لـه‌ ٢٣ی تشـرینی دووه‌مـی ١٩٦١، لـه‌ كۆبوونه‌وه‌یـه‌ك لـه‌ لایـه‌ن هه‌ندێـك لـه‌ قوتابیـانی زانكـۆی به‌غـدا لـه‌ كۆلێـژی پزیشـكی دامه‌زرانـد، حزبـی به‌عـس هـه‌ر زوو ده‌سـت ده‌خاتـه‌ نـاو ئـه‌م ڕێكخـراوه‌ و لـه‌ نـاوه‌ڕۆكی نیشـتمانی و پیشـه‌یی خـۆی به‌تـاڵ ده‌كـه‌ن بـه‌ تایبـه‌تی دوای ده‌سـه‌ڵات گرتنه‌ده‌سـت لـه‌ سـاڵی ١٩٦٨بـه‌دواوه‌، بـه‌ جورێـك ئـه‌م ڕێكخـراوه‌ ببـوو بـه‌ ڕێكخراوێـكی پۆلیـسی، بـۆ پاراسـتنی به‌رژه‌وه‌ندییـه‌كانی خـۆی ڕژێمـی به‌عـس دژی قوتابیـان و هێـزه‌ به‌رهه‌ڵسـتكاره‌كان بـه‌كاری ده‌هێنـا. بڕوانـه‌: ساسـان عـه‌ونی، چه‌نـد زانیارییـه‌ك...، ل٤.

(٤) فرست طیب، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل١٧٠.

لـە شـاخ[١]. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕێكخسـتنەكانی (ی.ق.ك) و (ی.ل.د.ك) لـە سـاڵی ١٩٧٧، پەرەسـەندن بـە خۆیانـەوە دەبینـن، زنجیـرە ئەلقـەی ڕێكخسـتنەكانی گەیشـتبوونە زۆربـەی ناوەنـدەكانی خوێنـدن و مەڵبەنـدەكانی ڕۆشـنبیری زانكـۆ و پەیمانـگاكان، هەروەهـا ناوەنـدەكانی تـری ڕۆشـنبیری و پیشـەیی، لـە ڕێـگای دەرخسـتنی بڵاوكـراوە و گۆڤـار، هەڵواسـین بـە دیـوارەكانی قوتابخانـە و شـوێنە گشـتیەكان وەك بـازاڕ و شـەقامە سـەرەكییەكان و باخچـەی ناوشـارەكان...تاد، ڕۆڵـی بەرچـاوی هەبـوو لـە دەرخسـتنی هەناسـەی هەسـتی نەتەوایـەتی، بەرزكردنـەوەی ورەی جەمـاوەری شـارەكان وە سـازدانی خەڵـك بەڕیـزەكانی (پـدك)ەوە، هەروەهـا لـە زۆبـەی بۆنـە نیشـتمانی و پارتایـەتی وەك نـەورۆز و سـەری سـاڵ و یـادی دامەزرانـدنی (ی.ق.ك)، ڕۆژی١٨ی شـوبات، ئاهەنـگ و چالاكیـان سـازدەدا ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی هەبـوو لـە سـەر ئومێدبەخشـینی خەڵـكی كوردپـەروەر كـە شـۆڕش كۆتایـی نەهاتـووە[٢]. لـەم ڕووەوە شـاری دهـۆك پێشـەنگ بـوو لـە زیندووكردنـەوەی یادەوەرییـە نیشـتمانی و نەتەوەییەكانـدا. لـە نـەورۆزی ١٩٧٧، قوتابیـانی قوتابخانـەی برایـەتی، ئامادەیـی پیشەسـازی و خانـەی مامۆسـتایان، بـە بۆنـەی یـادی نـەورۆز و سـەری سـاڵی كوردییـەوە، بـە ڕێپێوانێـكی هێمنانـەوە لـە ناوەنـدی شـارەكە و، بـە دروشـمی كوردایـەتی و خەباتگێـڕی[٣]، ئـەو یـادەی زینـدوو كـردەوە، یەكێـك لـەو دروشـمانەی بەرزیـان كردبـووەوە بریتـی بـوو لـە: «كوردسـتان داروبـەرە، نیشـانامە خەنجـەرە، یـان بڕنـۆ ڕەقـەم (١٧)یـە، نیشـانا پێشـمەرگەیە» ، ئـەم جـۆرە چالاكییانــە ورەی خەڵــكی شــاری دهــۆكی زیاتــر بەرزكــردەوە[٤]. لــەم ســەروبەندەدا

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٧٠.

(٢) چاوپێكەوتـن لەگـەڵ ئیبراهیـم مسـتەفا محەمـەد ، دهـۆك، ٢٠١٥/١٢/١١. ئیبراهیـم مسـتەفا محەمـەد ، لـە دایكبـووی سـاڵی١٩٦٠ لـە ناحیـەی زاویتـە، لـە سـاڵی ١٩٧٦ پەیوەنـدی بـە ڕێكخسـتنەكانی (ی.ق.ك) دەكات، لـە سـاڵی ١٩٧٨ دەبێتـە پێشـمەرگە، لـە(١٩٨١ – ١٩٨٥) دەبێتـە بێـژەر لـە ئێزگـەی دەنگـی كوردسـتانی عێـراق، لـە سـاڵی ١٩٨٥ دەبێتـە ئەندامـی لێژنـەی سـەركردایەتی هاوبـەشی (ی.ق.ك)، (ی.ل.د.ك)، لـە سـاڵی ١٩٨٦ دەبێتـە ئەندامـی سـەركردایەتی ڕێكخـراوی هاوبـەشی (ی.ق.ك)، (ی.د.ل.ك)، لـە سـاڵی (١٩٩٣– ١٩٩٨) دەبێتـە سـكرتێری (ی.ل.د.ك)، دواتـر دەبێتـە كارگێـڕی لقـی یـەكی (پـدك) لـە شـاری دهـۆك، ئێسـتا ئەندامـی لێژنـەی ڕاوێـژكاری و كارگێـڕی لقـی یەكـە لـە هەمـان شـار، دانیشـتووی شـاری دهۆكـە.

(٣) فرست طیب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

(٤) چاوپێكەوتـن لەگـەڵ فەهیـم عەبـدوڵا محـو، دهـۆك، ٢٠١٥/١٢/٩؛ چاوپێكەوتـن لەگـەڵ عـزەت فنـدی، دهـۆك، ٢٠١٦/٣/٣. عـزەت فنـدی، لـە دایكبـووی سـاڵی ١٩٦٠ لـە شـاری دهـۆك لـە

حکوومـەت لـە ڕێگـەی نۆکەرەکانیـەوە هەندێك لـە ئەندامـانی (ی.ق.ك)ی دەسـتگیرکرد، لەوانـە: ( عەبدولقـادر پێـداوی و عابـد مـزۆری و مەحمـوود غلبیـش و عابـد عەبـدولا ئەلیاس...تـاد)، دواتـر لـە شـاری مووسـڵ لـە سـێداره دران[١]، هـاوکات (س.ك) گرینگـی زۆری پـێ دەدان، هانـی دەدان کـە درێـژە بـە بزاڤ و چالاکییـە جەماوەرییـەکان بدەن[٢]. دوای ئـەوەی حکوومـەت ئـاگاداری پەیوەنـدی نهێنیـی نێـوان (ی.ق.ك) و(س.ك) بـوو، زیاتـر لـە پێشـوو زۆر وردتـر کەوتـە چاودێریکـردنی گومـان لێکـراوەکان، بۆیـە ژمارەیـەك لـە ئەندامـانی چالاکـی (ی.ق.ك) ئاشـکرا دەبـن[٣]، هەڵبـەت شـاری دهـۆك پێشـەنگ بـوو لـە دەستبەسـەرکردنی ئەندامـانی (ی.ق.ك) لـە مـاوەی (١٩٧٧- ١٩٧٨) ژمارەیـەك لـە ئەندامـەکان لەوانـە: تـارق جەمیـل و سـالم ئەحمـەد جاسـم [٤] ونایـف عەبدولڕەحـمان ئێمنـکی دەسـتگیر دەکرێـن و دوای چەنـد ڕۆژێـك لـە سـێدارە دەدرێـن[٥]. هەروەهـا لـە هەمـان کاتـدا لـە ژێـر گاریگـەری ئـەم ڕەوشـە ناهەمـوارەدا بەشـێکی زۆر لـە ئەندامەکانیـان پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە دەکـەن، زۆربەیـان وەك برینپێـچ و نووسـەر... تـاد لـە ڕیـزەکانی شـوڕش ڕۆڵ دەگێـڕن[٦].

سـەبارەت بـە ڕۆڵـی (ك.خ.ك.ئ)، هـەر وەك لـە پێشـوودا باسـمان کـرد، لـە دوای گەڕانـەوەی سـەرۆکی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد، (تـارق ئاکرەیـی) بـۆ ئەوڕوپـا بـەدوا

---

بنەماڵەیـەکی ڕۆشـنبیر، لـە تەمـەنی ئاسـایی خـۆی دەسـت دەکات بـە خوێنـدن بـە سـەرکەوتوویی قۆناغـەکانی سـەرەتایی و ئامادەیـی لـە شـاری دهـۆك تـەواو دەکات، سـاڵی ١٩٨٠ لـە زانکـۆی سـەلاحەدین وەردەگیرێـت لـە کۆلێـژی زانسـت، سـاڵی ١٩٧٦ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی (ی.ق.ك) ەوە دەکات. هەروەهـا لـە خۆپیشـاندانی ١٩٨٢، مانگرتنـی ١٩٨٤ی شـاری هەولێـر بەشـداری دەکا، یەکێکـە لـە دامەزرێنـەرانی ،هەفتەنامـەی پەیـمان (ئەفروریـا نوکە)یـە، لـە سـاڵی (٢٠٠٧ – ٢٠٠٨) بووەتـە بەڕێوەبـەری تۆمـاری زانکـۆی دهـۆك، نیشـتەجێی هەمـان شـارە.

(١) خەبـات، الجریـدة، العـدد: (٥٣٦)، أوائـل آذار ١٩٧٨،ص١٠؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ قـادر قەچـاخ، دهـۆك،٢٠١٥/١٢/١١.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەربەست باپیری، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١٠.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ فەهیم عەبدوڵلا حمو، دهوك، ٢٠١٥/١٢/٩.

(٤) عیرفـان عزیـز، یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان ڕۆڵـی لـەکاری نهێنـی دا، خەبـاتی قوتابیـان، گۆڤـار، ژ: (٦٢)، کانـوونی دووەم/١٩٩٦، ل١٥.

(٥) فرست طیب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

(٦) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ سەربەسـت باپیـری، دهـۆك، ٢٠١٥/١٢/١٠؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ قـادر قەچـاخ، دهـۆك، ٢٠١٥/١٢/١١.

ئامـۆژگاری و ڕاسـپاردەكانی مەسـعود بـارزانی، بەردەوامـی دەدات بـە چالاكییـەكانی كۆمەڵـە و هـەوڵ دان بـۆ زیادكـردنی بـزاڤ و چالاكییـەكانی ڕێكخسـتنەكانی (پـدك) لـە ئەوڕوپـا [١]. لـە ڕاسـتیدا ڕێكخسـتنەكانی (پـدك) لـە ئەوڕوپـا لـە خەبـات دانەبڕابـوون، بەڵكـو لـە ئـەرك و چالاكییـەكانی خۆیـان بـەردەوام بـوون، وەك كۆبوونـەوە و خۆپیشـاندان...تاد. بـەڵام (پـدك) لـە ئەوڕوپـا مۆڵـەتی كاركـردنی نەبـوو بۆیـە دەبینیـن هەمیشـە خـۆی لـە پشـت كۆمەڵـەی خوێنـدكارانی كـورد دەبینیـەوە، لـە بـەر ئـەوە لەلایـەك كۆمەڵـە مۆڵـەتی یاسـایی كاركـردنی لـە سەرتاسـەری ئەوڕوپـا هەبـوو. لەلایـەكی تریشـەوە سـەرۆك و دەسـتەی بەڕێوەبەرایـەتی كۆمەڵـە ئەنـدام و كادیـرانی (پـدك) بـوون [٢]. هەروەهـا لـە هەمـان كاتـدا كۆمەڵـە ئەندامـی (ڕێكخـراوی خوێنـدكارانی جیهـان) [٣]بـوو. لـەم كاتـەدا كـوردەكانی هانـدەران كـە بـە زۆری خۆیـان لـە ڕیـزەكانی (پـدك) دا دەبینییـەوە، لـە ڕیـزەكانی (پـدك) دوورەپەرێـز نەبـوون[٤]. سـەركردایەتی كۆمەڵـەی خوێنـدكارانی كـورد بـە هـوی گۆڕانكارییـەكانی دوای نسـكۆی١٩٧٥، كـە بـە شـێوەیەك لـە شـێوەكان كاریگـەری لـە سـەر كۆمەڵـەی خوێنـدكارانی كـورد دروسـت كردبـوو، بـە پەسـەند زانـرا كۆنگـرەی (هەڤـدە)ی خـۆی ببەسـتێت، دەسـتەیەكی نـوێ بـۆ دەسـتەی سـەرۆكایەتی كۆمەڵـە هەڵبژێرێـت[٥]، پـاش ئامـادەكاری، لـە٢ی ئـابی ١٩٧٥ ئەندامـەكانی كۆنگرەكـە لـە هەمـوو وڵاتەكانـەوە بـۆ (بەرلیـن)ی پایتەختـی ئەڵمانیـا بانـگ كرابـوون، كـە شـوێنی بەسـتنی كۆنگرەكـە بـوو، بـەڵام لـەم كاتانـەدا بـە هـۆی دابەشـبوونی هێـزە سیاسـییەكانی باشـووری كوردسـتان، بارودۆخـی خراپـی دوای نسـكۆی١٩٧٥، كۆمەڵـەش دووچـاری دۆخێـكی مەترسـیدار دەبێـت، ئەمـەش لەكاتێكـدا دەركـەوت كـە ئەندامـەكانی كۆنگـرە دەچـن بـۆ هۆڵـی كۆبوونـەوە وێنەیـەكی گـەورەی مسـتەفا بـارزانی بـە دیـواری

---

(١) چاوپێكەوتن لەگەڵ تارق ئاكرەیی، ئاكرێ، ٢٠١٦/٤/١٧.

(٢) چاوپێكەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، هەولێر، ٢٠١٦/٣/٢٧.

(٣) ڕێكخـراوی خوێنـدكارانی جیهـان، یەكێكـە لـە ڕێكخـراوەكانی قوتابیـانی جیهـان كـە لـە سـاڵی ١٩٤٦ لـە شـاری (پـراگ) پایتەختـی چیكۆسـلوفاكیا لـە لایـەن چەنـد قوتابیـەكی خـاوەن بیروبـاوەڕی جیـاواز، دوور لـە دەمارگیـری ئایینـی و نەتەوەیـی دامـەزرا، لێژنـەی ڕاپەڕانـدنی ئـەرك و كارەكانی ئـەم ڕێكخـراوە لـە (٤٥) ئەنـدام پێكدەهـات بـارەگای سـەرەكی لـە هەمـان شـاربوو، ئامانجـی ئـەم ڕێكخـراوە هەوڵـدان بـوو بـۆ ئاشـتەوایی جیهـانی. بڕوانـە: فرسـت طیـب، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٣.

(٤) برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٣٦٩٥)،٢٠٠٢/٥/٢٦، ل٣.

(٥) چاوپێكەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

سەکۆی بەردەمی هۆڵەکەوە هەڵواسرابوو، هەندێك لە ئەندامانی کۆنگرە ئەوانەی کە لایەنگری بارزانی نەبوون داوایان لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵە کرد وێنەکە دابگرن، بەڵام داواکارییەکە بە زۆرینە ڕەتکرایەوە، ئەنجام هەڵوێستێکی هەڤدژیان وەرگرت و لە کۆبوونەوەکە دەرچوون[1]. لەم بارەوە تاریق ئاکرەیی، سەرۆکی ئەو کاتەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و سەرپەرشتیاری کۆنگرەکە لە چاوپێیکەوتنێکدا دەڵێت: «دەستەیەك لە لایەنگرانی تاڵەبانی و ئەندامی پێشووی (م.س) کۆن، کە لە کۆی زیاتر لە ١٠٠کەس تەنیا ٣٦ کەس بوون، ناڕەزایی خۆیان بەرانبەر بە وێنەی مستەفا بارزانی دەربڕی، داوای داگرتنی وێنەکەیان دەکرد، بەڵام ئەمە تەنیا دۆزینەوەی بیانوو بوو بۆ دروستکردنی دەمەقاڵێ و تێکدانی ڕیزەکانی کۆمەڵە کە پێشتر لە سەری ڕێککەوتبوون، ئاگاداری بەرنامەکەیان بووین . تەنانەت بۆ پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی  کۆمەڵە داوام لە جەلال تاڵەبانی کرد کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، بەڵام وەڵامی نەدایەوە»[2]. بەم  شێوەیە  یەکڕیزی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد تێکچوو. هەر چەندە نەوشێروان مستەفا دەنووسێت: «وەك یەکێتی هەوڵێکی زۆرمان دا کۆمەڵەی خوێندکاران لەت لەت نەبێ، بەڵام سەرئەنجام بۆ ڕازیکردنی کوردەکانی ئێران، کە ناڕازی بوون لەگەڵ لایەنگرانی بارزانی دابنیشن، ئێمە جیابووینەوە»[3]. بەڵام لە بەرانبەر ئەمەدا بۆچوونێکی تر هەیە کە ئەمە ڕەتدەکاتەوە، بە خۆدزینەوە لە بەرپرسیارەتی لەت لەتکردنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە قەڵەم دەدا، بە بەڵگەی ئەوەی ئەندامەکانی سەر بە (ینك) لەمە دڵنیابوون لە سایەی هەڵبژاردن ئەندامەکانی سەر بە (س.ك)، لایەنگر و دۆستانی  مستەفا بارزانی دەبەنەوە، کە ئەمەش لەلای ئەوان پەسەند نەبوو، بۆیە دەستپێشخەرییان کرد لە دەرچوون، تێکدانی یەکڕیزی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد[4]. کە ئەمەش یەکەمین جار بوو لە مێژووی کۆمەڵەدا بە کردار لەت لەتبوون دروست بێت[5]. بەڵام لەگەڵ ئەمەش کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بە ئامادەبوونی نزیکەی(٨٠)کەس

(١) نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوپەوە...، ل٥٣.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، ئاکرێ، ٢٠١٦/٤/١٧.

(٣) نەوشێروان مستەفا، لەکەناری دانوبەوە...، ل٥٤ -٥٥.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، ئاکرێ، ٢٠١٦/٤/١٧.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، هەولێر، ٢٠١٦/٣/٢٧.

کۆنگرەکـەی بەسـت، بـە زۆرینـەی دەنـگ جارێـکی تـر (تاریـق ئاکرەیـی) بـە سـەرۆکی کۆمەڵـە هەڵبژێردرایـەوە[1]. پـاش دەرچـوونی ئـەم دەسـتە بەرهەڵسـتکارە، دوای چەنـد مانگێـك ڕێکخراوێـك بـە نـاوی (کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لـە دەرەوەی وڵات) پێکدەهێنـن[2]. دوا بـە دوای ئـەم ڕووداوانـە هـەر دوو کۆمەڵە،(کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لەئەوروپـا) و (کۆمەڵـەی خوێنـدکاران لـە دەرەوەی وڵات) بـە تـەواوەتی سـیفەتی پارتایـەتی وەردەگـرن.

ئەنـدام و لایەنگـرانی سـەر بـە ڕێکخسـتنەکانی (س.ك) لـە ژێـر چەتـری کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد درێـژە بـە کاروچالاکییـەکانی خۆیـان دەدا، تەنانـەت سـەرچاوەکان کۆمەڵــە بــە ڕزگارکــەر دادەنێــن لــە پاراســتنی جەمــاوەری (پــدك) لــە ئەوروپــا[3]. ڕێکخسـتنەکانی (پـدك) لـە ڕۆژانی ٦- ١٢ی ئـاداری١٩٧٦، بـە بۆنـەی سـاڵیادی ڕێککەوتننامـەی خیانەتـکاری جەزائیـر، گەیانـدنی پـرسی کـورد بـە وڵاتـانی خـاوەن بڕیـار، بـە دەسـتهێنانی پاڵپشـتی دەرەکی، لـە چەنـد شـارێکی بریتانیـا، ئەڵمانیا، سـوید، فەرەنسـا و چەنـد وڵاتێـکی تـر ، بە چەنـد دروشـمێکی کوردایـەتی زنجیرە خۆپیشـاندانێکیان سـازدابوو، هەروەهـا ژمارەیـەکی زۆر لـە بەیاننامـەکانی (س.ك) بـە سـەر خۆپیشـاندەراندا دابـەش کـران، لـەم خۆپیشـاندانەدا ژمارەیـەکی زۆری کەسـایەتی سیاسـی و ڕۆشـنبیری بیانیـش بەشـداربووبوون[4]. هەروەهـا ڕۆژانی ٦ تـا ١٠ی ئـابی١٩٧٦، کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد کۆنگـرەی (هـەژدەم)ی سـازدا[5]. بـە ئامادەبـوونی نوێنـەرانی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان، ئـاکام دەسـتەیەکی نـوێ بـۆ سـکرتاریەتی کۆمەڵـە هەڵبژێـردرا[6]. ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە دوای تەواوبـوونی کارەکانی کۆنگـرە، لـە هەمـان شـوێن، لقـی٦ی (پـدك)

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، ئاکرێ، ٢٠١٦/٤/١٧.

(٢) نەوشێروان مستەفا، لەکەناری دانوبەوە...، ل٥٤ -٥٥.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٤) زوزك، العدد:(٧)، آذار ١٩٧٦، ص٥ -٦.

(٥) بـۆ زیاتـر لـە بـارەی کۆنگـرەی (١٨)ی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد. بڕوانـە: صـدی خەبـات، العـدد:(١)، تشــرین الاول ١٩٧٦، ص١١.

(٦) لـە کۆنفرانـسی هەژدەهەمـی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد دەسـتەواژەی سـەرۆکی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد دەبێتـە سـکرتێری کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد، دەسـتەی سـکرتاریەتی بریتـی بـوون لـە: (ڕۆژ نـووری شـاوێس - سـکرتێر و محەمـەد سـاڵح جومعـە و فـەوزی ئەسـعەد و محەمـەد ئەمیـن دەلـۆ و پیـرۆت ئەحمەد).چاوپێکەوتـن لەگـەڵ تـارق ئاکرەیـی، ئاکـرێ، ٢٠١٦/٤/١٧.

لـە ئەوڕوپـا بـە پاڵپشـتی و هـاوکاری سـکرتاریەتی کۆمەڵـە لـە ڕۆژانی١١ تـا ١٥ی ئـابی ١٩٧٦، کۆنفرانـسی(س.ك) بەسـترا، کـە دواتـر بـە کۆنفرانـسی بەرلیـن نـاسرا. گرنگـی ئـەم کۆنفرانسـە لـەوەدا بـوو هـەر وەك لەبـاسی یەکەمـدا ئامـاژەی پێکـراوە، خاڵـی وەرچەرخـان بـوو سـەبارەت بـە (پـدك)، بـە شـێوەیەك جارێـکی تـر لـە ڕووی سیاسـییەوە تـا ڕادەیـەك گەشـەی کـرد و گەڕایـەوە سـەر بـاری ئاسـایی خـۆی، لـە کۆنفراسـەکەدا هەمـوو ئەندامـانی (س.ك) بـە فەرمـی جێگیرکـران، شـەرعیەتیان پـێ درا. ئـەوەی ڕاسـتی بێـت لەبەسـتنی ئـەم کۆنفرانسـەدا کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد ڕۆڵـی بەرچـاوی نوانـد، بـە تایبـەتی لـەو کاتـە ناسـکەدا کـە (س.ك)ی تێـدا دەگـوزەرا، تـوانی باشـترین زەمینـە بڕەخسـێنێت، تـا تەواوبـوونی کارەکانی کۆنفرانـس لـە پاڵپشـتیکردنی لقی٦ی(پـدك) درێغـی نەکردبـوو[1]. ڕۆژی دواتـر لـە چوارچێـوەی کاروچالاکییەکانـدا، لقی٦بـە بۆنـەی سـەرکەوتنی کۆنفرانسـەکەوە، ئاهەنگێـکی بەرفـراوانی لـە شـاری بەرلیـن سـازکرد[2]. شـایەنی باسـە ڕێکخسـتنەکانی (پـدك) بـە درێژایـی مـاوەی (١٩٧٦ -١٩٧٩) لـە ڕێگـەی نـاردنی نامـە و نوانـدنی چالاکـی و کـۆڕ و کۆبوونـەوەوە لـە وڵاتـانی ئەوڕوپـا، ئەمریـکا و کەنـەدا ڕۆڵـی باڵایـان بینیـوە لـە گەیانـدنی دەنگـی کـورد بـە ڕای گشـتی جیهـان، بـە تایبـەتی ڕێکخـراوە مـرۆڤ دۆسـتەکان لەوانـە: (نەتـەوە یەکگرتـووەکان، بـەشی مـافی مـرۆڤ لـە جنێـف، ڕێکخـراوی لێبـوردنی نێودەوڵـەتی لـە لەنـدەن، یەکێتـی بـۆ مـافی مـرۆڤ لـە پاریـس، کۆمەڵـەی گشـتی مافـەکانی مـرۆڤ لـە نیۆیۆرك...تـاد)، بـەردەوام بانگەوازیـان دەکـرد لـە پێنـاو هاوکاریکـردنی گـەلی ستەملێکراوی کـورد و فشارخسـتنە سـەر حکوومـەتی عێـراق بـۆ دەسـتبەرداربوون لـە سیاسـەتی خراپـی بەرانبـەر بـە گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان[3]. ئـەوەی ڕاسـتی بێـت ئەنجامـدانی ئـەم جـۆرە چالاکییانـە تاکـە کەناڵـی گەیانـدنی ئـازارەکانی کـورد بـوو بـە جیهـانی دەرەوە، لـە بـەر ئـەوە لـەو کاتـەدا حکوومـەتی عێـراق سانسـۆری سـەختی لـە سـەر باشـووری کوردسـتان دانابـوو، ڕۆژنامەنووسـەکان نەیاندەتـوانی لـە نزیکـەوە بارودۆخـی کوردسـتان، مامەڵـەی حکوومـەت بەرانبـەر بـە گـەلی کـورد ڕوومـاڵ بکـەن و پیشـانی ڕای گشـتی بـدەن، هـەر وەك ڕۆژنامەنووس(لینـد کفسـت) کـە دوای نسـکۆی ١٩٧٥ لـە باشـووری کوردسـتان

(١) برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (٣٦٩٥)، ٢٠٠١/٥/٢٦، ل٣.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، ئاکرێ، ٢٠١٦/٤/١٧.

(٣) خەبات، الجریدة، العدد: (٥٣٦)، آذار ١٩٧٨، ص١١.

دەگەڕێتــەوە بــۆ ئەوڕوپــا، لــە وتارێكــدا دەنووســێت: «كاتێــك هەوڵــم دەدا دیمــەنی كوردســتان وێنـا بكـەم، بـە هـۆی چاودێری توونـدی حكوومـەت دەرفەت نەبـوو، ڕێگەی نـەدەدرا وێنـە بگـرم و بـۆ وێنەگرتـن ڕێگرییـان دەكـرد كـە گوایـە قەدەغەیە، كوردسـتان ناوچەیــەكی ســەربازییە»[1]. لــە درێــژی چالاكییەكانیانــدا، ڕێكخســتنەكانی(پدك)ی ســەر بەلقـی7ی ئەمریـكا و كەنـەدا، ڕۆژی18ی تشـرینی یەكەمـی1977 لـە بـەردەم بـارەگای گشـتی نەتـەوە یەكگرتـووەكان لـە شـاری (نیویـۆرك) خۆپیشـاندانێكی بەرفراوانیـان دژی حكوومــەت ســازدا و، بــە تونــدی ناڕەزایەتیــی خۆیــان دەربــڕی، ئــەم خۆپیشــاندانە كاریگــەری لــە ســەر ڕاگەیاندنــەكانی ئەمریــكا هەبــوو. لــە گەرمــەی خۆپیشــاندانەكاندا نوێنـەری خۆپیشـاندەران نامەیـەكی تایبـەتی مسـتەفا بارزانی دەگەیەننە دەسـتی سـكرتێری گشـتی نەتـەوە یەكگرتـووەكان كـە تێیـدا بـارزانی نەتـەوە یەكگرتـووەكانی لـە ئـازارەكانی گــەلی كــورد ئــاگادار كردبــووەوە[2]. هەروەهــا ڕۆژی 12ی تشــرینی دووەمــی1977 لــە شـاری (لەنـدەن) لـە بریتانیـا ئەندامـەكانی سـەر بـە ڕێكخسـتنەكانی لقـی 6ی ئەوڕوپـا، لقـی 7ی ئەمریـكا و كەنـەدا، بـە بەشـداری نوێنـەرەكانی هـەر چـوار پارچـەی كوردسـتان، كۆنفرانسـێك سـازدەدەن، لـەم كۆنفرانسـەدا نوێنـەری (پـدك) لـە پێنـاوی گەیانـدنی دۆزی كــورد بــە جیهــان و ڕای گشــتی و، چەســپاندنی مــافی كــورد لــە هــەر چــوار پارچــەی كوردسـتان داوای یەكبـوونی وتـاری كـوردی دەكات[3]. لـە بەردەوامـی كاروچالاكییـەكانی خۆیــدا، ڕێكخســتنەكانی (پــدك) ڕۆژی10ی كانــوونی یەكەمــی1977[4]، جارێــكی تــر لــە

---

(1) لینـد كفسـت، نـاوی تـەواوی (هێرمـان لینـد كفست)ـە، ڕۆژنامەنووسـێكی سـویدی بـوو، لـە كۆتاییــەكانی شــوڕشی ئەیلــوول گەشــتێك بــۆ باشــووری كوردســتاندا دەكات، دواتــر لــەكاتی نسـكۆی ئـاداری 1975، بـۆ ماوەیـەكی كـەم لـە باشـووری كوردسـتان دەمێنێتـەوە پاشـان ناوبـراو بـۆ وڵاتی سـوید دەگەڕێتـەوە، لـەم بـارەوە لـە ڕۆژنامەی(كسـبرێت)ی سـویدی بـە ناوونیشـانی:(كورد بەردەوامە لـە تێكۆشـانی هەزارەهـا سـاڵ) وتارێـك بڵاودەكاتـەوە ...بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی گەشـتەكەی بـۆ كوردسـتان بڕوانـە: خەبـات، الجریـدة، العـدد:(793)، 1996/6/4، ص8.

(2) خەبات، الجريدة، العدد: (536)، آذار 1978، ص11.

(3) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: خەبـات، نشـاطات الحـزب فـی الخـارج والاصـداء العالمیـة للقضیـة الكردیة،الجریدة،العــدد: (536)، آذار 1978، ص5.

(4) لـە بیـرەوەری مـافی مرۆڤـی جیهـانی لـە سـاڵی1977، محسـن دزەیـی دەڵێـت: «بـە بۆنـەی سـاغ كردنـەوەی ئـەم ڕۆژە، بـارزانی نەمـر بانگكرابـوو لـە لایـەن ڕێكخـراوی مـافی مروڤـی جیهـانی، پێـش ئـەوەی بـارزانی وتارەكـەی پێشـكەش بـكات دەچێتـە بـەردەم پەنجەرەكـەی بـارەگای نەتـەوە یەكگرتـووەكان مـاوەی چەنـد دەقیقەیـەك سـەیری دەرەوە دەكات و تـا چـووە سـەر سـەكۆی

شاری (لەندەن) بە بۆنەی ساڵیادی ڕۆژی مافی مرۆڤەوە، بە سەرپەرشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، خۆپیشاندانێك ئەنجام درا، ئەوەی لێرەدا گرنگە لەم ڕۆژەدا جیهان بە بۆنەی ڕۆژی مافی مرۆڤەوە ئاهەنگی دەگێڕا، کەچی میللەتی کورد لە ژێر دەستی دڕندەیی حکوومەتی عێراق ژیانێکی تاڵی بە سەر دەبرد، لەم خۆپیشاندانەدا چالاکوانانی (پدك) بۆ ئاشنا کردنی ڕای گشتی بە پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە سایەی حکوومەتی ڕەفتار فاشی عێراق لە کوردستان، چەندین بەیاننامەی حزبەکەیان بڵاو کردەوە، ئەم خۆپیشاندانە لە سەر ئاستی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە دەنگی دایەوە، لە هەمان ڕۆژدا ئەم هەواڵە بڵاودەکەنەوە[1]. بزاڤ و چالاکییەکانی (پدك) لە سەر ئاستی دەرەوە، وەك کۆڕ و سمینار و خۆپیشاندان لە ماوەی (١٩٧٧ - ١٩٧٩) ڕوو لە زیادبوون بوون، حکوومەت لەمە دڵگران بوو، بۆیە (نەعیم حەداد) کە ئەوکات بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخراوەکانی دەرەوەی حزبی بەعس بوو، لە ١٩ی نیسانی ١٩٧٩ داوای لە ڕێکخراو و ئەندامانی حزب لە دەرەوە کرد کە زۆر بە وردی چاودێری هەر جۆرە جموووڵێکی بەرهەڵستکارانی عێراقی بکەن، بۆ تێکدانی خۆپیشاندانەکانیان، خۆپیشاندان دژی ئەوان ساز بکەن[2]. بەڵام هەوڵەکانی حکوومەت لە ڕێگریکردن لە هەڵشکانی بزاڤ و چالاکییەکانی پارتی سەریان نەگرت، بە پێچەوانەوە بە هۆی تۆکمەیی ڕیزی ئەندام و ڕێکخستنەکانی پارتی و بەهێزی و پاڵپشتی کومەڵەی خوێندکارانی کورد، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چالاکییەکانی لە هەڵکشاندا بوو.

---

قسەکردن ڕووی لە دانیشتوان کرد و فەرمووی:» دەزانن بۆ کەمێك بەر لە ئێستا چوومە بەر پەنجەرەکە، بەڵی بۆ ئەوە چووم کەمێك سەیری ئاڵای ئەو گەلانە بکەم کە لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان هەن، زیاتر لە ١٥٠ ئاڵای تیایە هەر لە گەلانی چەند هەزارکەسی، تا دەگاتە گەورەترین ئەو گەلانەی کە ژمارەیان لەهەزار ملیۆن تێپەڕاندووە، کەچی لە نێو ئەم هەموو ئاڵایانە، ئاڵای کوردستانم نەبینی، سەرباری ئەوەی لە گەلە هەرەکۆنەکانی جیهانە و لە٣٠ ملیۆنیش زیاترن لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە تەنها داوای ئۆتۆنۆمیمان کردووە، کەچی پێمان ڕەوا نابینن و نایەڵن لە وڵاتی خۆمان، لە سەر خاکی خۆمان بە ئاسوودەیی و ئاشتی بژین، ئەوەیە مافی مرۆڤ لە جیهاندا، کوا مافی ڕەوای ٣٠ ملیۆن کەس». محسن دزەیی، بارزانی نەمر لە بەردەم ڕێکخراوی مافی مرۆڤ چۆن لە سەر مەسەلەی کورد دوا؟ برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (٢٠٧٠)، ١٩٩٤/١٠/٢٣، ل٤.

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:خەبات، نشاطات من الحزب...، ص٥.

(٢) د.علی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی حکوومەتی عێراق...، ب١،ل٦٨.

بەم شێوەیە لە ماوەی (١٩٧٦-١٩٧٩) ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر ئاستی ناوخۆ بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەلومەرجە دژوارەی کە تێیدا دەگوزەران، بە شێوەی خەباتی نهێنی ڕۆڵی چاکیان گێڕابوو لە زیندووکردنەوەی ڕیزەکانی پارتی و هەڵسانەوەی لە سەر ئاستی جەماوەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی سەختی دۆخەکەوە، توانای ئەوەیان نەبوو زەمینەی لە بار برەخسێنن بۆ هاتنی پێشمەرگە بۆ ناو شارەکان، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتر ڕۆڵی باڵایان هەبوو لە زەمینە خوشکردن و هاتنی پێشمەرگە بۆ ناو شارەکانی کوردستان، ئەنجامدانی چالاکی لەشکری دژی حکوومەت. هەروەها لە سەر ئاستی دەرەوە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد هەر لە دوای نسکۆی ئازاری ١٩٧٥، بە دڵسۆزییەوە لە ڕیزی سەرکردایەتی، جەماوەری پارتی، لەخەباتدابوو، بە تایبەت دوای کۆنگرەی (هەڤدەم) لە ئابی ١٩٧٥، پاڵپشتییەکی بەهێزی دانەبڕانی ئەندام و جەماوەری پارتی بوو لە ئەوڕوپا، هەروەها لەڕووی سیاسییەوەش ڕۆڵی کۆمەڵەی ناوبراو بێ وێنەبوو، هەم لە سازدانی کۆنفرانسی بەرلین لە ئابی ١٩٧٦، تا نۆژەنکردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکانی پارتی لە سەر ئاستی وڵاتانی ئەوڕوپا، گەیاندنی پەیام و ئازارەکانی گەلی کورد بە جیهانی دەرەوە.

# باسی دووەم

# پارتی دیموکراتی کوردستان و چۆنیەتی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری دژی حکوومەتی عێراق

### أ- ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان:

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ئازاری ١٩٧٥، بۆشاییەکی گەورەی سیاسی و سەربازی لە باشووری کوردستان دروست بوو، بەمەش دەرفەتێکی لە بار لە بەردەم حکوومەتی عێراق ڕەخسا تاکو مەرام و نیازە نامرۆڤانەی خۆی بە سەر گەلی کورد جێبەجێ بکات، وە بەکردار پرۆگرامی خۆی کە لە بیری (میشێل عەفلەق)[1]ەوە ڕەنگی داوەتەوە، پەیڕەو بکات کە بە هەموو شێوەیەك نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کورد لە سەر خاکی کوردستان دەکات، دەڵێت: «بە درێژایی چەندین سەدە کوردەکان هاوڵاتی عەرەبی موسڵمان بوونە هەر وەك عەرەبە موسڵمانەکان هیچ جیاوازیەك لە نێوان دا نەبوو». بەپێی ئەم گوزارشتە گەلی کورد بوونی نیە، بۆیە لەم کاتەدا ئەگەر سەرنج بدەین حکوومەت بەو پەڕی وەحشیگەرایەتی کەوتە پەیڕەوکردنی نەخشە و پیلانەکانی خۆی لە مەڕ بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی زۆرەملێی خەڵکی کوردستان بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق، توانەوەی ڕەگەزی کورد لە بۆتەی عەرەب[2]. هەر وەك لە یاداشتێکی ناوخۆی حزبی بەعس

(١) میشێل عەفلەق، لە دایکبووی ساڵی ١٩١٢ لە شاری دیمەشق لە سوریا، لە خێزانێکی مەسیحی ئەرسەدوکسە، پاش پێگەیشتنی چووە زانکۆی سۆربۆن (فەرنسا)، لە ماوەی خوێندنی دا دەستی بەچالاکی سیاسی کردووە، لە ساڵی ١٩٣٣ دەگەڕێتەوە دیمەشق، وانەی مێژوویی لەئامادەیی (تجهیز)دا وتوتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٢ واز لە پیشەی مامۆستایەتی دەهێنێ، خەریکی کاری سیاسی دەبێت، لە ساڵی ١٩٤٧، ڕۆڵێکی کار دەبێت لە دامەزراندنی حزبی بەعس لە سوریا، خاوەن بیرێکی دەمارگیری تەسکی عەرەبییە. بڕوانە: سۆزان کەریم مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: رفیق صالح، کتابات فی المسالة الکردیة، ج٢، مطبعة شفان،

کـە لـە نیسـانی ١٩٧٥ بڵاوبووەتـەوە، تێیـدا هاتبـوو: «ئامانجـی سـتراتیژی ئێمـە بـۆ کێشـەی بـە نـاو کـورد ئەوەیـە نـە لـە نـاو ئـەم نەوەیـە نـە لـە نـاو نـەوەی داهاتـوودا سـەرهەڵنەداتەوە»[١]. بۆیـە حکوومـەتی عێـراق بـە شـێوەیەکی نامرۆڤانـە دەسـتی بـە پاکتاوکـردنی ڕەگـەزی کـورد کـرد، تەنانـەت لـەو دەمـەدا هیـچ کـەس لـە شـەرەفی خـۆی دڵنیـا نەبـوو، هـەر وەك مـەلا بەختیـار دەنووسـێت: «دڕندایـەتی حکوومـەت لـەو ڕادەیـەدا بـوو، هـەروەك چـۆن ئاسـك دەکەوێتـە بـەردەم پڵنگێـکی بـرسی، ئـاوا گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان کەوتبـووە بـەر پەلامـاری حکوومـەتی فـاشی»[٢]. هەروەهـا حکوومـەت ئـەم بۆشـاییە، وەك هەلێـکی مێژوویـی وەرگـرت هـەر زوو لـە ڕێگـەی سـەرباز و پۆلیـس بـە شـێوەیەکی دەستڕۆیشـتوو کەوتنـە فەرمانڕەواییکـردنی بـە زۆری باشـووری کوردسـتان[٣]. ئـەوەی ڕاسـتی بێـت پیـلانی شـومی جەزائیـر دەرئەنجامـی شکسـتێکی گـەورەی سـوپای عێـراق بـوو کـە بـە ناچـاری حکوومـەت پەنـای بـۆ ئـەم بڕیـارە سیاسـییە بـرد بـۆ وەسـتاندنی شـۆڕشی کـورد[٤]. هـەر وەك مستەفا بـارزانی دەڵێت: "سەربازەکانمان(پێشـمەرگە-لێکۆڵەر) مەیـدانی شـەڕیان بـە نەبەزیوی جێهێشـت ، سـوپای عێـراق سـەرەڕای باڵایـی لـە ڕووی ماددییـەوە نەیتـوانی یـەك سـەرکەوتنیش تۆماربـکات لـە مـاوەی سـاڵێکی شـەڕدا، تەنیـا چەنـد کیلۆمەترێـك هاتـە پێـش، بـە دەسـت زیـانی زۆریشـەوە دەینالاند، بڕیـار لـە دژی ئێمـە لـە ڕووی سیاسـیەوە بـوو»[٥]. هەروەهـا لـەو ماوەیـەدا، حکوومـەت دەسـتی کـرد بـە دابەشـکردنی سـەرباز بـە سـەر هەمـوو ناوچـە سـنوورییەکانی کوردسـتان، کەوتـە خـۆ قایمکـردن و دروسـتکردنی سـەربازگە لـە سـەر شـاخ و شـوێنە بـەرزەکان[٦]. سـەرەڕای ئـەوەش بـە هـەزاران سـەربازگە و ڕەبیـە

سلێمانی ،٢٠٠٨، ص ص٣٧٢-٣٧٧.

(١) ئوفـرا بینگـۆ، کـوردی عێـراق- بنیاتنـانی دەوڵەتێـك لەنـاو دەوڵەتـدا، و: سـۆران مسـتەفا کـوردی، چاپخانـەی ئـاراس، ٢٠١٣، ل٢٤٣.

(٢) حیکمـەت محەمـەد کەریـم (مـەلا بەختیـار)، شـۆڕشی کوردسـتان و گۆڕانکارییـەکانی سـەردەم» خەبـاتی شـاخەکان یـان ڕاپەڕینـی شـارەکان؟»، چاپخانـەی دلێـر، ب.ش، ٢٠١٥، ل٣٠٠.

(٣) ئوفرا بینگۆ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل٢٣١- ٢٥٢

(٤) یونـس ڕۆژبەیـانی، بـەردەوام بـوون یـان سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش؟، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (١٦٥٥)، ١٩٩٣/٥/٢٧، ل٣.

(٥) لە: ئۆفرا بینگۆ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٣٤وەرگیراوە.

(٦) نجـم سـەنگاوی، کوردسـتان و سـەرکردە و ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەکانی (١١٦٩ – ١٩٩٥)، ب.ش، ٢٠١٤،

لـە کوردسـتان دانـران و بـە ماوەیـەکی کـەم زۆربـەی شـوێنە گرنگـەکانی کۆنتـڕۆڵ کـرد و شـارەزاییەکی زۆریـان لـە بـارەی خـاکی کوردسـتان پەیـدا کـرد[١]. ئامانـج لـەم سیاسـەتە نەهێشـتنی دەرفـەت بـوو بـۆ سـەرهەڵدانەوەی خەبـاتی چەکـداری لـە بـەردەم کـورد [٢]. لـەو کاتـەدا میللـەتی کـورد کەوتبـووە نێـو بـێ ئومێدییـەکی قووڵـەوە، سـەرکردەی بزاڤـی گـەلی کـورد، مسـتەفا بـارزانی لـە کۆتایـی ئـازاری ١٩٧٥، لـە دیـوی سـنووری ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، لـە شـارۆچکەی (نەغـەدە) کۆبوونەوەیـەکی بەرفـراوانی بـۆ ئەنـدام و کادیـر و پێشـمەرگەکانی شـۆڕشی ئەیلـوول، بـە بەشـداری ژمارەیـەکی زۆری پەنابـەران سـازدا[٣]، تێیـدا کادیـر و پێشـمەرگەکانی هانـدا خۆیـان ڕابگـرن و بـە ئاگابـن نەهێڵـن نائومێـدی ڕوویـان تێبـکات، هەروەهـا پەنجـەی بـۆ دواڕۆژێـکی ڕوون بـۆ گـەلی کـورد ڕاکێشـا و گـوتی: "سـەرکەوتنی دوایـی هـی کـوردە»[٤]. هەروەهـا لـەو سـەروبەندە ناخۆشـەدا بـارزانی ئومێـدی زۆریـشی هەبـوو کـە شـۆڕش سـەرهەڵبداتەوە بـە شـێوەیەکی بەهێزتـر و توکمەتـر لـە شـۆڕشی ئەیلـوول [٥].

حکوومـەتی عێـراق بـەم پیلانـە گەورەیـە ڕانەوەسـتا، بەڵکـو وازی لـە بنەماڵـەی پێشـمەرگە لـە ئێـران نەدەهێنـا، بـە هـاوکاری حکوومـەتی تـاران بەرپرسـانی عێـراق دەچوونـە ئێـران و لـە نـاو ئـۆردوگاکانی پەنابەرانـدا دەسـووڕانەوە، بـە تایبـەت کـە ئـەو کاتـە مانگـی هەنگوینـی نێـوان عێـراق و ئێـران بـوو[٦]. سـەدام حسـێن لـە مانگـی نیسـانی ١٩٧٥، سـەردانی تـارانی کـرد بـە دەسـتخەتی خـۆی نامەیـەکی بـۆ پەنابـەران نـووسی

---

ل٧٤.

(١) سـوپای عێـراق لـە مـاوەی (١٥) ڕۆژ لـە دوای نسـکۆ ١٩٧٥، تـوانی ئـەو شـتەی بەدەسـت بهێنێـت، کـە نەیتوانیبـوو بـۆ مـاوەی ١٥سـاڵ بـە دەسـتی بهێنێـت لـە کاتی شـۆڕشی ئەیلـوول، هەروەهـا تـوانی بـە خێـرا هێـزی خـۆی بـەرەو ناوچـەکانی باشـووری کوردسـتان هەنگاوبنـێ، بـە بـێ پشـتیوانی هێـزی سـەربازی و بـە بـێ هیـچ بەرهەڵسـتییەك ...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ئوفـرا بینگـۆ، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٣١.

(٢) ح.د.ك – ق.م، بیان»مهامنـا فـی الذکـری الحادیـە و الثلاثیـن لتأسـیس حزبنـا الدیمقراطـی الکردسـتانی المناضـل»، فـی ١٦/آب/١٩٧٧.

(٣) کامەران بابان، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٩٨.

(٤) حامید گەوهەری، ئیدریس بارزانی ... ، ل٢٢٥.

(٥) محسن دزەیی، یادگاریەکانم لەگەل بارزانی...، ل٣.

(٦) حامید گەوهەری، ئیدریس بارزانی ...، ل٢١٩.

و بۆیـان ڕەوانـە کـردن کـە لـە نامەکـەدا دڵنیایـی لێبـووردنی دابـووە پەنابـەرانی ئێـران لـە کاتی گەڕانەوەیـان بـۆ عێـراق، لـە بەرانبەریشـدا هەڕەشـەی سـەندنەوەی ڕەگەزنامـەی عێراقـی لەوانـەی کردبـوو ئەگـەر سـوود لـەو لێبووردنـە وەرنەگـرن، هەروەهـا لـەو نامەیـەدا ڕایگەیاندبـوو لێبـووردنی گشـتی هەمـوو کـوردەکان دەگرێتـەوە جگـە لـە: (مسـتەفا بـارزانی، مەسـعود بـارزانی، ئیدریـس بـارزانی و لەگـەڵ شـێخ محەمـەد خالـد بـارزانی)، هەروەهـا سـەدام حسێن نووسـیبووی: " ئێمـە کاتێـك کـە بەڵێنێـك و پەیمانێك دەدەیـن ڕێـزی لـێ دەگریـن و بەڵێنـی ئێمـە بەڵێنـی پیاوانـە، فڕتوفێـل و تەڵەکەبـازی لە سیاسـەتی ئێمـەدا نییـە»[1]. لـە بەرانبـەردا بـەشی زۆری پەنابـەران بەخۆپیشـاندان لـە ژێـر دروشـمی: (ئـەی ڕەقیـب هەرمـاوە قەومـی کـورد زەمـان، بڕوخـێ حوکمـی بەکـر و سـەدام)، پێشـوازییان لـەو نامەیـە کردبـوو[2]. شـایەنی باسـە لـەم کاتـەدا حکوومـەت ژمارەیـەکی کـەم لـە ئەنـدام و کادیـرانی پێشـووی (پـدك) ی بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـابوو، وەك داردەسـت بەکاردەهێـنران بـۆ گـەڕان و سـوڕان بەنـاو پەنابەرانـدا بـە مەبەسـتی دڵنیاکردنەوەیـان بۆ گەڕانەوەیـان[3]. سـەرئەنجام هـەزاران کـەس لـە پەنابـەران بـە هۆی بـاری ناخـۆشی ئابـووری و سیاسـی و زۆرداری کاربەدەسـتانی ئێـران و خراپـی گـوزەرانی ژیـان و لـە ژێـر گوشـاری بـاری دەروونی گەڕانـەوە بـۆ عێـراق[4]. حکوومـەتی ئێرانیـش لـە لای خۆیـەوە هەوڵێـکی زۆری دا کـە کـوردە ئـاوارەکان بـۆ عێـراق بگەڕێنـەوە، کـە ئەمــەش پێچەوانــەی یاســاکانی پەنابەرێتــی و پەیمانــە نێودەوڵەتییەکانــە بەخــودی ڕێککەوتننامـەی جەزائیریشـەوە[5]. بـە بۆچوونـم ئـەوەی ڕاسـتی بێـت ئامانجـی سـەدام حسـێن لـەم کارەدا دوولایەنـە بـوو لـە لایـەك جەمـاوەری گـەلی کـورد پشـتی مسـتەفا بـارزانی بـەردەن بـۆ ئـەوەی نەتوانێـت جارێـکی دیکـە پارتەکـەی ڕێکبخاتـەوە، شـۆڕشی چەکداری هەڵبگیرسـێنێتەوە، لـە لایـەکی دیکـەوە تـا تۆڵـە لـە جەمـاوەری کـورد بکاتەوە کـە لـە قۆناغـەکانی شـۆڕشی ئەیلـوول پشـت و پەنـای شـۆڕش بـوون.

---

(١) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد...، ب٣، ل٤٩٢.

(٢) خۆشـەوی عـلی باپیـر، ئاوارەیـی و ژیـانی کۆڵەمەرگـی کـورد لـە هەندەرانـدا، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر ، ٢٠١١، ل٤٩.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، هەولێر، ٢٠١٦/٣/٢٧.

(٤) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی عێراق...، ب١، ل٤٨.

(٥) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٥٢.

پاش چاوەڕوانییەکی چەند هەفتەیی ئەو پەنابەرانەی کە گەڕانەوە بۆ سەر زێدی خۆیان لە باشووری کوردستان، لە بەرانبەردا بەڵێنەکانی سەدام وەك بەڵێنی پیاوانە دەرنەچوون وەك خۆی بانگەشەی دەکرد، بە پێچەوانەوە دەستی دایە کۆچپێکردنی زۆرە ملێ بەرەو ناوچەکانی باشووری عێراق دوور لە ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی، بەپێی سەرچاوەکان ژمارەی ئەو کوردانەی کە بەر شاڵاوی کۆچپێکردن کەوتبوون لە نێوان ۱۲۰۰۰۰ تا ۳۰۰۰۰۰ هەزار دەخەمڵێنران، جگە لەوەش نزیکەی ۷۵۰ هەزار کەس لە دانیشتوانی گوندەکانی سەر سنوور لە ئۆردوگە زۆرە ملێیەکان (شاری مودێرن بە قسەی خۆیان- لێکۆڵەر) نیشتەجێ کران، هەروەها هاوکات حکوومەتی عێراق دەستی کرد بە کاولکردنی گوندەکانی ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان بە درێژایی (۱۰۰) میل[١]، کە ژمارەی گوندە کاولبووەکان بە نزیکەی ۲۰۰۰ گوند مەزەندە دەکرێت[٢]. ئەوەی ڕاستی بێت تێکۆشانی حکوومەت بۆ گرتنەبەری هەموو ڕێگە و سنوورێك بوو بۆ سەرهەڵنەدانەوەی شۆڕش و کەمکردنەوەی هێز و پشتیوانی مستەفا بارزانی، بۆیە دوای ئەوەی کاتێك هەردوو حکوومەت (عێراق-ئێران ) سەرکەوتوو نەبوون لە گەڕانەوەی پەنابەران، حکوومەتی تاران لە سەر ویستی عێراق لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە بوونی مەترسی زیاتر هاوردەبوونی بیری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستی کرد بە لێکترازاندنی خانەوادە و بنەماڵەی پێشمەرگەکان[٣]و، هەرچی پەنابەری کورد هەبوو بۆ دوورترین ناوچەکانی دیوی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك: (تاران و مەشهەد و خوزستان و کرمان...تاد)، دوورخرانەوە[٤]، بە ئاواتی توانەوەی ڕەگەزی کورد لە نێو

---

(١) ١میل=١٦٠٩مەتر.(لێکۆڵەر)

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئوفرا بینگۆ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٤٦.

(٣) خۆشەوی علی باپیر، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ خورشید شێرە، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٥.

(٤) لە سەرەتای ئاوارەبوونی کوردەکان لە ناوچەکانی کوردنشین جێگیرکران وەك (زێوە، شنۆ، نەغەدە و سەردەشت ...تاد). چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد باقێ، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١١. محمد باقێ، لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٥، لە ناوچەی دۆسکی ژووری، ساڵی ١٩٦٣ دەبێتە پێشمەرگە، دوای نسکۆی ١٩٧٥ ئاودیوی دیوی ئێران دەبێت، پاش سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی گوڵان، دووبارە چەکی بەرگری هەڵدەگرێت و تا ئەمڕۆش لە کاری پێشمەرگایەتی بەردەوامە، نیشتەجێی شاری دهۆکە.

بۆتـەی ڕەگـەزی فارسـدا هـەر وەك خودی(محەمـەد ڕەزا شـا) دان بـەوەدا دەنێـت لـە کاتی چاوپێکەوتنێکیـدا لەگـەڵ (مایـکل کیتـس) پەیامنێـری یونایتـد پرێـس لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، لـە١٨ی نیسـانی ١٩٧٦دا دەڵێـت: «کـوردەکان بۆماوەیـەکی نادیـار ناتوانـن لـە نـاو ئۆردوگاکانـدا بمێنـن، چونکـە دەبێتـە هـۆی پەیدابـوونی تەنبەڵـی و بێـزاری لـە نێوانیانـدا، چونکـە کـوردەکان لەگـەڵ ئێرانییـەکان لـە یـەك ڕەگـەز و یـەك زمانـن بـە ئاسـانیش دەتوانـن لـە نـاو کۆمەڵگـەی ئێرانیـدا بتوێنـەوە»[1]. هەروەهـا هاتوچۆکـردن لـە نێوانیانـدا قەدەغەکـرا، هــەر وەك ڕۆژنامەنووســی فەرەنســی، کریــس کۆچێــرا دەنووسـێت: «هـەر پەنابەرێـك دەیتـوانی مـاوەی ٤٨ کاتژمێـر مۆڵـەت وەربگرێـت بـۆ چاوپێکەوتـن لـە گـەڵ دایـك و بـاوك، ئەگـەر لـە مـاوەی دیاریکـراودا نەگەڕابایـەوە دەسـت بەجـێ زینـدانی دەکـرا»[2]. لـە هەمـان کاتـدا حکوومـەتی عێراقیـش هەوڵـەکانی خـۆی هاوشـێوەی ئێـران چڕکردبـوو بـۆ توانـەوەی ڕەگـەزی کـورد لـە بۆتـەی ڕەگـەزی عـەرەب، بـە هەمـان شـێوە ئەوانیـش دان بـەو ڕاسـتییەدا دەنێـن، وەك تـارق عەزیـز وەزیـری ڕاگەیانـدنی ئەوسـای عێـراق دەڵێـت: «کـورد لـە شـێوەی گرووپـی ٥ تـا ١٠٠ خێـزانی ڕەوانـەی گونـدەکانی عـەرەب دەکـران تـا فێـری زمـانی بـرا عەرەبـەکان بـبن و لێیـان تێبگـەن و دەرفـەتی دووبـارە پەروەردەکردنیـان کۆتایـی پـێ بێـت»[3]. لـە ڕاسـتیدا ئـەم هەنگاوانـەی هـەر دوو حکوومـەت زۆر لـە سیاسـەتی کەمالیـزم دەچـوو کـە لـە کاتی خـۆی کـوردەکان لـە ڕۆژهـەڵاتی تورکیا(باکـووری کوردسـتان) ڕەوانـەی ڕۆژئـاوای تورکیـا دەکـران بـە ئارمانجـی بـە تورککـردن و نەهێشـتنی ناسـنامەی نەتـەوەی کـورد. بێگومـان ئـەو سیاسـەتەی تورکیـاش شکسـتی هێنـاوە لەبـەر ئـەوە دەبینیـن خەڵکـی باکـووری کوردسـتان بـە درێژایـی مێـژووی دامەزرانـدنی کۆمـاری تورکیـا لـە سـاڵی(١٩٢٣)ەوە تـا ڕۆژگاری ئەمـڕو دەسـتی داوەتـە شۆڕشـێکی بـەردەوام لـە پێنـاو پاراسـتنی ناسـنامە و گشـت مافـەڕەواکانی خـۆی. هەروەهـا لـەو کاتـەدا حکوومـەتی ئێـران چاودێـری تونـدی خسـتبووە سـەر ئەندامـانی (پـدك) و ڕێگـری دەکـرد لـە تێکەڵبـوونی نێـو پەنابـەران. بـە پێـی سـەرچاوەکان تـرسی ئێـران لـەوەدا بـوو نـەوەك بـە تێکەڵبـوونی کادیرانی(پـدك) لـە گـەڵ پەنابـەران بیانـوو بـە حکوومـەتی عێـراق بـدات وخـۆی لـە بەنـدەکانی ڕێککەوتنـی

---

(١) لە: د.علی نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...،ل٥٥ وەرگیراوە.

(٢) کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد...، ل٦١.

(٣) لە: ئوفرا بینگۆ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٤٦وەرگیراوە.

جەزائیـر بدزێتـەوە[١]. هـەر وەك دواتـر خـۆی دزییـەوە.

لـە ئاكامـی ئـەم سیاسـەتە، سـەركردایەتی (پـدك) جگـە لـە خەبـاتی چەكـداری هیـچ بژاردەیـەكی تـری لە بەردەسـت نەمابوو، دڵنیابوو لەوەی كـە فەرهەنگی حكوومەتی عێراق نەگـۆڕە، ڕێگەچـارە بـۆ بەرگریكـردن لـە مافـەڕەواكانی گەلی كـورد و پەرپەچدانـەوەی ئەم كـردەوە نامرۆڤانـە دەسـتپێكردنەوەی خەبـاتی چەكدارییـە هەر بۆیە لە یەكـەم هەنگاودا، لە نیسـانی ١٩٧٥دەسـتی كـرد بە ئامـادەكاری بۆ ڕێكخسـتنەوەی مەفرەزەكانی پێشـمەرگە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە (س.ك) بڕیـاری دا سـوود لـە لێبـووردنی حكوومـەت وەربگرێـت، كـە لـەم ڕێگەیـەوە دەسـتە دەسـتە ئەندام و كادیرانی سیاسـی و سـەربازی ڕەوانەی باشـووری كوردسـتان بكـەن بـۆ ئـەوەی وەك (پدك)، ڕیـزەكانی خۆیـان زیندوو بكەنـەوە[٢].

لــە درێــژی كاروچالاكییەكانیــدا، (س.ك) لــە ســەرتای بەهــاری ١٩٧٥دەســتی كــرد بــە ناردنــەوەی دەســتەی بچــووكی مەفــرەزەی پێشــمەرگە بــۆ ناوچــە ســنوورییەكانی كوردســتان، بــە مەبەســتی پەیوەندیكــردن بــەو مەفرەزانــەی كــە لــە ســنوورەكانی باشــووری كوردســتان بوونیــان هەبــوو [٣]. بــە پێــی ئاماژەكــردنی هەندێــك لــە ســەرچاوەكان لــە كۆبوونــەوەی ســەركردایەتی (پــدك) لــە ئــازاری ١٩٧٥، بــەر لــەوەی دیـوی سـنووری ئێـران بـن، بڕیـاری دابـوو كـە (١٠٠٠) هـەزار پێشـمەرگەی چـالاك لــە ناوچــە ســنوورییەكانی كوردســتان بمێنــەوە بــە مەبەســتی درێــژەدان بــە شــۆڕشی ئەیلــوول، بــۆ ئــەم مەبەســتەش چەنــد ناوچەیــەكی ســتراتیجی بــۆ دیاریكرابــوو وەك ناوچـەكانی (ڕێكەوتـی بـاڵا)[٤]و (نێـروە)[٥]و (هـەركی بنەجـی)[٦] و هەروەهـا ناوچـەی

---

(١) چاوپێكەوتن لەگەڵ د.شەفیق قەزاز، سلێمانی، ٢٠١٥/١٢/١٩.

(٢) جەوهەر نامق، المصدرالسابق، ص٧.

(٣) برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٣٦٩٥)،٢٠٠٢/٥/٢٦، ل٤.

(٤) ناوچــەی بــەرواری بــاڵا، دەكەوێتــە ســەر ســنووری باشــووری كوردســتان هاوســێیە لەگــەڵ باكـووری كوردسـتان. بڕوانـە: سـامی شـۆرش، بزاڤـی ڕزگاریخـوازی كـوردی ئیدریـس بـارزانی نمونـەك، و: د.ڕزگار، چاپخانــەی زانــا، دهــۆك ، ٢٠٠٥، ل١٧٢.

(٥) نێـروە، بـە هەمـان شـێوە ناوچەیـەكی گرنگـی سـنوورییە، دراوسـێیە لەگـەڵ باكـووری كوردسـتان. هەمـان سـەرچاوە،ل١٧٢.

(٦) ناوچـەی هـەركی بنەجـێ، دەكەوێتـە سـەر سـنووری باشـووری كوردسـتان بەرامبـەر ناوچـەی هـەركی پێـداو لـە دیـوی باكـووری كوردسـتان، لـە دوای نسـكۆی شـۆڕشی ئەیلـوول چەنـد مەفرەزەیەكی پێشـمەرگە لـەوێ بـوونی هەبـوو لەوانـە: (شـەوكەت عەزیـز دری، سیسـو مشـو، عەزیـز خـان شـێخو،

(دۆسـكی ژووری)[1]، كـه بـه هـاوكاری و تێكۆشـانی خەڵكـی باكووری كوردسـتان ئـەم كومەڵـە پێشـمەرگانه لـە چالاكـی دژ بـە سیاسـەتی حكوومـەتی عێراقـدا بـوون [2].

لـە بـارەی بـوونی مەفـرەزەكانی ناوچـە سـنوورییەكانی باشـووری كوردسـتان، تاهیـر هـروری دەڵێـت: "بـە درێژایـی سـنووری بادینـان لـە قـەزای زاخـۆ تـا ناوچـەی سـێ سـنوور (عێـراق و توركیـا و ئێـران- لێكۆڵـەر) مەفـرەزەی پێشـمەرگەی شـوڕشی ئەیلـوول بـوونی هەبـوو، بـەڵام لـە ڕووی ژمـارەی پێشـمەرگە و بـارو گوزەرانیـان لـە ناوچەیەكەوە بـۆ ناوچەیـەكی تـر جیـاواز بـوو، بـە شـێوەیەكی گشـتی تێكـڕای ژمارەیـان نزیكـەی ٤٠٠ - ٤٧٠ مەزنـدە دەكـرا»[3]. جگـە لـەوە ڕایـەكی تـر هەیـە كـە هـەر ناوچەیـەك لـەو

---

عەبدولعەزیـز هاچـوو، مسـتەفا میرخان...تاد)...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: نورالدیـن یوسـف نـوح، ناوچـەی هـەركی بنەجـێ و شـورەشی گـوڵان، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (١٦٥٧)، ١٩٩٣/٥/٢٩، ل٤.

(١) ناوچـەی دۆسـكی ژووری، ناوچەیـەكی سـنوورییە، دەكەوێتـە زنجیـرەی ناوچـەكانی نێـروە و بـەرواری بـاڵا ...تـاد، لـە سـەر سـنووری كوردسـتان، ژمارەیـەك گونـد لەخـۆ دەگرێـت لەوانـە: ( شـەتیونس، ئەرتـوشی، چەمـی تو...تـاد). چاوپێكەوتـن لەگـەڵ محەمـەد سـالح فەتـاح زەنـدی، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١١. محەمـەد سـاڵح زەنـدی، نـاوی تـەواوی (محەمـەد سـاڵح فەتـاح)ە، لـە دایكبـووی ١٩٥٤ لـە گونـدی شـەتیونس لـە ناوچـەی دۆسـكی ژووری، لـە تەمـەنی لاویدا دەبێتـە پێشـمەرگە لـە شـۆڕشی ئەیلـوول، دوای نسـكۆی١٩٧٥، لـە ناوچـەی دۆسـكی دەمێنێتـەوە و بـەردەوام دەبێـت لـە خەبـاتی پێشـمەرگایەتی، ئێسـتا پاسـەوانی قوتابخانـەی حەوشـكێ یـە لـە شـاری دهـۆك و دانیشـتووانی هەمـان شـارە.

(٢) چاوپێكەوتـن لەگـەڵ عەبـدوڵا حەمیـد نەعـمان، دهـۆك، ٢٠١٦/٢/٢٤. عەبـدوڵا حەمیـد نەعـمان، لـە دایكبـووی ١٩٤٤ لـە گونـدی شـەتیونس لـە ناوچـەی دۆسـكی ژووری، لـە ساڵی١٩٥٩ پەیوەنـدی بـە پارتییـەوە دەكات، لـە سـاڵی ١٩٦١ دەبێتـە پێشـمەرگە، تاكـو سـاڵی ٢٠٠٠ بـەردەوام دەبێـت لـە خەبـاتی پێشـمەرگایەتی، ئێسـتاش خانەنشـینە، نیشـتەجێی شـاری دهوكـە.

(٣) چاوپێكەوتـن لەگـەڵ تاهـر ئەحمـەد محەمـەد ئیبراهیـم، دهـۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥. تاهـر ئەحمـەد محەمـەد ئیبراهیـم ، بـە تاهـر هـروری نـاسراوە، لـە دایكبـووی ١٩٤٦، لـە گونـدی هـرور سـەر بـە ناحیـەی كانی مـاسی لـە قـەزای ئامێـدی، لـە سـاڵی ١٩٥٩ پەیوەنـدی بـە ڕیـزەكانی (ی.ق.ك)ەوە دەكات، سـاڵی ١٩٦٥ دەبێتـە پێشـمەرگە، سـاڵی ١٩٦٨ دەبێتـە مامۆسـتا لـە شـوێنە ئازادكـراوەكانی شـۆڕش، تـا ١٩٧٥، دوای نسـكۆی١٩٧٥ی لـە باشـووری كوردسـتان دەمێنێتـەوە، دەسـت دەكات بـە كاری ڕێكخراوەیـی، تـا سـاڵی ١٩٧٩ دووبـارە دەبێتـە پێشـمەرگە، سـاڵی ١٩٨٣ دەبێتـە بەرپـرسی ڕێكخسـتنی پـارتی سـەر بەلقـی یەكـە، سـاڵی ١٩٩٥ – ١٩٩٨ دەبێتـە ئەندامـی لقـی یـەك، لـە سـاڵی ٢٠٠٥ تـا ئەمـڕۆ كارگێـڕی لقـی یەكـە، نیشـتەجێی شـاری دهۆكـە.

ناوچانە کە ئاماژەیان پێ کرا، نزیکەی ٥٠ – ٦٠ پێشمەرگە بوونی هەبوو[١]. ئەوەی ڕاستی بێت بوونی ئەم مەفرەزانە، ژمارەیەکی زۆری ئەو کوردانەی دوای نسکۆی شۆڕش کە بەرەو خاکی ئێران ڕۆیشتن و دواتر وەك پەنابەر وەریان نەگرتن بە هۆی تەواوبوونی ئەو ماوەیەی کە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە دیاری کرابوو، لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆری ئەو پێشمەرگانەی کە دانیشتووی باکووری کوردستان بوون[٢]، هەموو ئەمانە بوون بە بناغە و کاکڵەی ڕێکخستنی پێشمەرگایەتی و سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری، بە شێوەیەك زەمینەسازی و ئامادەکاری تەواو بۆ سەرکردایەتی کاتی بۆ دەستپێکردنی شۆڕش کرابوو.

لە هەڵومەرجێکی دژواردا، لە ژێر کاریگەری توندی گەمارۆی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، (س.ك) لە هاوینی ١٩٧٥ بە کرداری کەوتە خۆئامادەکردن و ناردنەوەی دەستەی بچووك بچووکی پێشمەرگە بۆ باشووری کوردستان، هەر وەك کریس کۆچێرا دەنووسێت: "سەرەڕای ئەو لێکترازانەی کە پارتی دووچاری بوو، پێشمەرگەکانی وەفاداری ژەنەراڵ بارزانی زۆر بە پەلە خەبات دەست پێدەکەنەوە، دوو مانگ دوای تێکشانی بەرگری لە هاوینی ١٩٧٥، یەکەم دەستەی پارتیزانەکان کە ئەوانیش (کەریم سنجاری و جەوهەر نامق) بوون دەگەڕێنەوە باشووری کوردستان»[٣]. بە قسەی کەریم سنجاری یەکەم دەستەی پێشمەرگە لە ئایاری ١٩٧٥ گەڕانەوە بۆ ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان[٤]. لەم بارەیەوە محەمەد ساڵح زندی کە لەو کاتەدا لەناوچەی دۆسکی ژووری مابووەوە، لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "یەکەم کەس کە پەیوەندی بە ئێمەوە کرد، جەوهەر نامق بوو لە هاوینی ١٩٧٥، کاتێك لە ڕێگای (حەسەن مارۆنسی)، نامەیەکی بۆ ئێمەی ڕەوانەی گوندی شەتیونس کرد لە ناوچەی دۆسکی ژووری، تێیدا بە ئێمەی ڕاگەیاند بەردەوام بن لە چالاکی و مەفرەزەکانی خۆتان گورجوگۆڵ بکەن، ماوەیەکی کەم شۆڕش دەست پێدەکاتەوە، لەگەل پێدانی چەند ڕێنماییەکی تری تایبەت بەو

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا حەمید نەعمان، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٤.

(٢) د.هاشم رمضان (أبو عنتر)، المحترقون الكرد (الحياة و الموت)، مطبعة حاجی هاشم، أربيل ، ٢٠٠٥، ص٥٧.

(٣) کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی...، ل٦٠ -٦١.

(٤) کريم سنجاری، بەردەوام بوون ...،ل٣

بابەتە»[١]. هەروەها لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٥ سەرکردایەتی کاتی چەند پێشمەرگەیەك لەوانە: (هاشم ڕەمەزان)[٢]، چەند کادیرێکی تر ڕەوانەی باشووری کوردستان کردەوە[٣]، هەروەها لە هەمان کاتدا بە نهێنی چوارده پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کرد بە مەبەستی پەیوەندیکردن بە ئەندامەکانی پێشووی (پدك) کە بەشێکیان لەو پارچەیەدا لە ئەرکی ڕێکخستنی پارتایەتیدا بوون[٤].

هەڵبەت لەم سەروبەندەدا سووریا وەك ناوەندێکی بە هێزی کۆکردنەوەی بەرهەڵستکاری حکوومەتی عێراق بوو، دەرفەتی ئەنجامدانی چالاکی و ڕێکخستنی حزبایەتی لە وێ لەبار بوو لە چاو شوێنەکانی تر، لەم ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆری ئەندام و کادیرانی پێشووی (پدك) کە خەڵکی باشووری کوردستان بوون، لەوێ لە چالاکیدا بوون، سەرچاوەیەکی بەهێزی بزاڤی (س.ك)بوون، ئەمانە جگە لە کاری ڕێکخستنی پارتایەتی، ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی لەشکری ڕێك خران و ڕەوانەی باشووری کوردستان کرابوون، هەروەها لە لایەکی تریشەوە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە کەمکردنەوەی کاریگەری ڕکابەرەکانی (پدك) بە تایبەت (ینك) لە سەر جەماوەر و ڕێکخستنەکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان [٥]. کە دواتر باسی دەکەین.

---

(١) حەسەن مارونسی، یەکێکە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، دانیشتووی باکووری کوردستانە، لەم کاتەدا موختاری گوندی مارونس بوو، ڕۆڵێکی گرنگی بینوە لە ژیانەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی گوڵان. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد سالح زەندی، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١١.

(٢) هاشم ڕەمەزان، خەڵکی شاروچکەی زاخۆ بوو، بە(ئەبو عەنتەر) ناسراوە، لە بنەماڵەیەکی دیندار و کوردپەروەری ناوچەکە بوو، هەر بۆیە لە ناوچەکەدا بە (مەلا محەمەد) ناسراوە، لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان ڕۆڵێکی چالاکی هەبووە، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، بە مەبەستی خوێندن ڕوو دەکاتە ئەورووپا، ماوەیەك لە هۆڵەندا ژیان بە سەر دەبات، لە ساڵی ٢٠١٣ بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد. چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد میرانی، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥.

(٣) ئەسعەد عەدۆ، مێژووی شۆڕشی گوڵان (١٩٧٦/٥/٢٦)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ، ٢٠١٥، ل١٥.

(٤) پێشمەرگەکان بریتی بوون لە: (فوئاد میرانی و سەعەد براخ و عەبدولخالق سۆرانی وعومەر عەلی سوفی و عومەر محەمەد و شێخ خەلەف یزدی و حەمید سەید محەمەد و لاوەند خەلەف تاجەدین و عەبدولا سندی (بوسلی) و عومەر عەبدولا مومێ (بوتانی) و شەرەف باول دەروێش و عەبدولڕەحمان حەسەن عمادی...تاد). چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد میرانی، دهۆك، ٢٠١٦/٣/٢٥.

(٥) محمد خالد بوسەلی، ڕۆڵی کوردێن کوردستانا تورکیا و سووریا ژ بۆ پشتەڤانیا شۆڕشا

لـەو ئاسـتەنگانەی لـە سـەرەتای کاریـدا ڕووبـەڕووی (س.ك) بـووەوە، دەسـەڵاتدارانی ئێـرانی هەمـوو چالاکییـەکی سیاسـییان لـە نێـو ڕیـزەکانی پەنابـەرانی کـوردانی باشـووردا قەدەغـە کردبـوو، تەنانـەت (سـاواك) هۆشـداری دەدا بـە ئەندامـانی (پدك)، لـە ئەنجامی هـەر جموجووڵێـك لـە دژی حکوومـەتی عێـراق لـە نـاو خـاکی ئێرانـەوە، بەپێـی بەندەکانی پرۆتۆکۆڵـی ئاسـایش کـە لـە حوزەیـرانی ١٩٧٥ لەگەڵ عێراقـدا مۆرکرابوو، ڕادەسـتی عێراق دەکاتـەوە[١]. لـەم ماوەیـەدا (سـاواك) ئـاگاداری جموجووڵـی مەسـعود بـارزانی دەبێت، لە نزیکـەوە چاودێـری تێکۆشـانەکانی دەکـرد[٢]، لـە ئـاکام بـە هـۆی ئـەم ڕەوشـە دژوارەوە، مەسـعود بـارزانی ڕوو دەکاتـە ئەمریـکا، هـەروەك خـۆی دەڵێـت: "مـن نەمدەتـوانی ئـەو وەزعـە تەحەمـول بکـەم، کاتێـك ئـەوان ڕێگەیـان دا باوکـم بـۆ چارەسـەر بچێتـە وڵاتـە یەکگرتـووەکان پێویسـتی چوونـم لـە گـەڵ ئـەو کـردە بیانـوو و هەتـا ڕووخـانی شـا لـە ١٩٧٩، نەگەڕامـەوە»[٣].

لـەم هەڵومەرجـەدا (س.ك) بـۆ یەکـەم جـار بەیـانی دامەزرانـدنی خـۆی لـە کانـوونی یەکەمـی ١٩٧٥ بڵاوکـردەوە، ئـەوی ڕاسـتی بێـت ئـەم بەیانـە ئاماژەیـەکی گرنگـی درێـژەدان بـوو بـە خەبـاتی چەکـداری و بەرەنـگاری لـە پێنـاو پارێزگاریکـردن لـە گـەلی

---

گوڵانێ نائێتە ژبیرکردن، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٣٦٩٥)،٢٠٠٢/٥/٢٦، ل٤.

(١) فاروق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو،ل٤٦ ؛ ئوفرا بینگۆ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٤٧.

(٢) کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ل٦١ -٦٢.

(٣) مسـتەفا بـارزانی، بـۆ چارەسـەری نەخـۆشی لـە ئەیلـوولی ١٩٧٥، سـەردانی ئەمریـکا دەکات، ئەمـە لەکاتێکـدا بـوو کـە هـەر لەکۆتایـی شـۆڕشی ئەیلـوول، تـووشی نەخۆشـییەکی دژوار هـات، لـە هەفتـەی یەکەمـی ١٩٧٥ نەخۆشـییەکە خراپـتری لـێ دەکات، ناچـار هەوڵـی چـوونی ئەوروپـا دەدات، سـەرەتا بـۆ چارەسـەر ئیدریـس بـارزانی بـاوکی دەباتـە نەخۆشـخانەیەکی تـاران، بـەڵام بـارزانی ئامـادە نابێـت خـۆی پیشـانی دکتـۆرەکانی ئێـران بـدات، داوا دەکـەت ڕێـی پـێ بدرێـت بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشـییەکەی بیبـەن بـۆ ئەوروپـا، بـەڵام ئێـران بـە ڕاسـپاردەی ڕێبـەرانی ئەمریـکا هاودەنگـی لەگـەڵ بـردنی ئـەو بـۆ ئەوروپـا ناکـەن، وا تێدەگـەن مەبەسـتی بـارزانی لـە چـوونی بـۆ ئەوروپـا بـۆ پەیوەندیکردنـە بـە دەزگاکانی ڕاگەیاندنـەوە، بـۆ پـەردە هەڵماڵیـن لەسـەر وردەکارییـەکانی خیانـەتی ئەمریـکا و ئێـران و عێـراق بەرانبـەر بـە گـەلی کـورد بـۆ ڕای گشـتی جیهـان، بـەڵام بـە پێداگیـری زۆر، ئەنجـام ڕازی دەبـن بـارزانی ڕەوانـەی ئەمریـکا بکـەن، بـەو مەرجـەی چارەسـەرکردنی نەخۆشـییەکەی لـە ژێـر چاودێـری و کۆنترۆڵـی خۆیانـدا بێت...بـۆ زانیـاری زیاتـر لـەم بـارەوە بڕوانە: مسـعود بـارزانی، بـارزانی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی...،ب٣، ل٢٤٤؛ حامیـد گەوهـەری، ئیدریـس بـارزانی ...، ل٢٣.

کورد و خاك و کولتوور و مێژووەکەی[١]. بێگومان ئەمە لە کاتێکدا بوو وەك مەسعود بارزانی دەڵێت: "لە هەموو لایەك دوژمنانی گەلی کورد هاربوون، ڕژێمەکانی سەر بە ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا هەموویان هاوکارییان لەگەڵ یەکتریدا ئەکرد دژی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد»[٢].

لە هەنگاوی یەکەمی (س.ك)، بە هۆی توندو تۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکان لە نێوان عێراق و ئێران ، زاڵبوونی سوپای عێراق لە سەرتاپای باشووری کوردستان، بە پێویست زانی بۆ ئاسانی دەستپێکردنی خەباتی چەکداری، زاڵبوون بە سەر بارودۆخەکە، باشووری کوردستان دابەش بکرێت بە سەر دوو هەرێم، هەرێمی بادینان (یەك) کە سنوورەکەی لە حاجی ئۆمەران لە دیوی بادینانەوە دەستپێدەکات کە ناوچەکانی (دهۆك و ئامێدی و ئاکرێ تا دەگاتە سنووری سووریا) لەخۆ دەگرت و هەرێمی سۆران (دوو) لە حاجی ئۆمەرانەوە بە دیوی خواروو دەستپێدەکات کە ناوچەکانی (هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و خانەقین، تەنانەت بەغداشی ) دەگرتەوە، بەگشتی ڕێگەی (هاملتۆن) [٣] خاڵی جیاکردنەوەی نێوانی هەر دوو هەرێم بوو[٤]. هەروەها لە هەمان کاتدا (س.ك) ئەرك و کارەکانی هەموو ئەندام و کادیرەکانی دەستنیشان کرد، هەر یەکە لە (جەوهەر نامیق و کەریم سنجاری) بۆ هەرێمی بادینان و (عارف تەیفوور) بۆ هەرێمی سۆران و (حەمە ڕەزا) بۆ ئەورووپا دەستنیشان کران[٥]. لە درێژی ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لەم سەروبەندەدا مستەفا بارزانی بانگی (فەرەنسۆ هەریری)[٦] دەکات بە مەبەستی

(١) ئامانج ژاژڵەیی، شۆڕشی گوڵان گرێچینی نێوان دوو قۆناغی دژوار، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (٣٦٩٤)،٢٠٠٢/٥/٢٥، ل٥.

(٢) ڕاپۆرتی سیاسی و عەسکەری و تەنزیمی...، سەرچاوەی پێشوو.

(٣) ڕێگای هاملتۆن، ڕێگایەکی گرنگە لە نێوان هەولێر و حاجی ئۆمەران تا سنووری ئێران دەڕوات، لە لایەن ئەندازیارێکی نیوزیلەندی بە ناوی هاملتۆنەوە (١٨٨٩ - ١٩٧٣) دروست کراوە، هەر بە ناوی ئەوەوە ڕێگاکە ناسراوە بەڕێگای هاملتۆن...بڕوانە: جلال ئەمین بەگ، جوگرافیای کوردستان، ب.ش، ١٩٩٨، ل١٥٣.

(٤) عارف تەیفور، لە برگەی یەکەمی ...، ل٣.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٦) فەرەنسۆ هەریری، لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٤ی گوندی باتاسی سەر بە شارۆچکەی هەریرە، ناوبراو بە نەتەوە (ئاشووری)یە، لە ڕووی ئایینیشەوە مەسیحی بوو، لە تەمەنی لاوێتیدا

ئاگادارکردنـەوەی ئـەو مەفـرەزە پێشـمەرگانەی کـە لـە حاجـی ئۆمـەران مابوونـەوە و خۆیـان ڕادەسـتی حکوومـەت نەکردبـوو، کـە لـە دەوروبـەری چیـای قەندیـل خۆیـان حەشـار بـدەن، تـا لـە بەهـاری ١٩٧٦چالاکـی لەشـکری ئەنجـام بدەن بـۆ ئـەوەی دەنگی بەرگریکـردن بڵاوبێتـەوە، وەك فەرەنسـۆ هەریـری دەنووسـێت: "منیـش یەکسـەر بـە شـوێن (مینـە کوپـە)م[١] نـارد کـە ئـەو لـە پیرانشـار (خانە)بـوو بـە دوور و درێـژی قسـەکانی بارزانیـم بو(سـەید عەبـدوڵا)م[٢] نـارد و داوام لێکـرد کـە ئەگـەر ئـەم کارە بـکات هەرچـی پێویسـت بـوو بۆیـان دابیـن دەکەیـن، دوای ماوەیـەك (مینـە کوپـە) هاتـەوە گـوتی: (سـەید عەبـدوڵا) ڕەزامەنـدی دەربـڕی، وتوویـەتی فەرمـانی بـارزانی لـە سـەر سـەرمان، دەمێـك بـوو چاوەڕوانی ئـەو تەکلیفـە بوویـن. ئیـتر لەمـەو دواوە ئـەو مەفرەزەیـە بـە ڕێگـەی تەتـەری تایبـەت نامەیـان بـۆ ئیدریـس بـارزانی دەنـارد، ئیدریـس

---

خەریـکی خوێنـدن دەبێـت، دەرچـووی خانـەی مامۆسـتایانە لـە شـاری هەولێـر، سـاڵی ١٩٦٤ پەیوەنـدی بەڕیـزەکانی پارتییـەوە دەکات، سـاڵی ١٩٧٠، دەبێتـە دەڤـەرداری چۆمـان، بەرپـرسی ل.ن. باڵـەکی پـارتی، لـە کۆنگـرەی نۆیەمـی پـارتی لـە سـاڵی ١٩٧٩، دەبێتـە ئەندامـی یەدەگـی کۆمیتـەی ناوەنـدی، لـە مـاوەی دامەزرانـدنی پەرلەمـان و حکوومـەت کۆمەڵێـك پلـە و پایـەی پەرلەمـانی و حکوومـی وەردەگرێـت وەك (ئەنـدام پەرلەمـان، وەزیـری هەرێـم، پارێـزگاری هەولێر...تـاد)، ڕۆژی ١٨ی شـوباتی ٢٠٠١ لـە شـاری هەولێـر تیـرۆر دەکرێـت... بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: محەمـەد مـەلا قـادر، سـەربوردەی نەمـران...، ل٦٥.

(١) مینـە کوپـە، کوردێـکی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان بـوو، خەڵـکی گونـدی (کۆنـە لاجـانی)ی سـەر بـە پیرانشـار (خانە)بـوو، لـە سـەردەمی شـۆڕشی ئەیلـوول نزیـك بـووە لـە دەزگای سـاواك، لـە قۆناغـی دوای نسـکۆی ١٩٧٥، پەیوەنـدی بـە پارتـە سیاسـیەکانی کوردسـتان هەبـوو. بڕوانـە: مـلا بختیـار (حیکمـەت محەمـەد کەریـم)، یاخـی بـوون لەمێـژوو (لێکدانـەوەی ئاوەژوونەکـردنی ڕاسـتیەکان)، چاپخانـەی دانـاز، ١٩٩٨، ل١٧٢.

(٢) سـەید عەبـدوڵا، نـاوی تـەواوی (عەبـدوڵا محەمـەد عەلی)یـە، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٣٦، لەحاجـی ئۆمـەران، لـە سـەرەتای ژیـانی لـە بنەماڵەیـەکی جووتیـار و ئاژەڵـداری دەسـت پێـدەکات، لـە سـاڵی ١٩٥٨ دەسـت دەکات بـە کاری سـیاسی، سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بـە شـۆڕشی ئەیلـوول دەکات، لـە دوای ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر، لەگـەڵ بنەماڵەکـەی ئاودیـوی سـنووری ئێـران دەبـن بـۆ ماوەیـەکی کـەم، دواتـر دەگەڕێنـەوە ناوچـەی حاجـی ئۆمـەران، لـە شـەوی ٢٥/٢٤ گـوڵانی ١٩٧٦، لەگـەڵ ژمارەیـەك لـە پێشـمەرگەکانی تـر بـۆ دەسـت پێکـردنی خەبـات ڕوو لەشـاخ دەکات، لەشـەوی ٢٦/٢٥گـوڵانی ١٩٧٦ دەبێتـە قوربـانی، کـە ئەمـەش لـە ئەدەبیـاتی پارتیـدا بـە یەکـەم شـەهیدی شـۆڕشی گـوڵان دادەنرێـت. بڕوانـە: سـەید عەبدوڵـلا حاجـی ئۆمـەرانی یەکـەم شـەهیدی شـۆرەشی گـوڵان، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٣٧٨٢)،٢٠١١/٥/٢٦، ل١١.

بارزانیـش یارمـەتی و سەرپەرشـتی ئـەو مەفـرەزە و گشـت مەفـرەزەکانی دیکـەی کـرد کـە دوای ئـەوان هاتنـە گۆڕەپـانی خەبـاتی چەکـداری»[1]. کـە دواتـر ئـەم مەفرەزەیـە بـووە دەستپێشـخەر لـە هەڵگیرسـانەوەی شـۆڕش.

یەکـەم ئاسـتەنگ لـەم کاتـەدا، ڕووبـەڕووی (س.ك) بـووەوە، هەوڵـی ڕێکخسـتنەوەی (پـدك) لـە لایـەن (سـاواك)ەوە ئاشـكرا دەبێـت، مەسـعود بـارزانی دەنووسـێت: "دەزگای سـاواك بـە هـۆی خەفیـە نۆکەرەکانیـەوە بـەوەی زانیبـوو، ئێمـە هەڤالانمـان (جەوهـەر نامیـق، کەریـم سـنجاری)یمان بـە مەبەسـتی دەسـتدانەوە چالاکـی نوانـدن و دەسـت کردنـەوە بـە ڕێکخسـتن سـازی ناردوونەتـەوە بـۆ کوردسـتانی عێـراق، پاشـان ئەندامـانی چـالاک (عـارف تەیفـوور و حەمـە ڕەزا)ش لـە شـاری (نەغـەدە) گیـران، هەندێـك بەڵگـە کەوتنـە بەردەسـت (سـاواك)، ئـەو بەڵگانـە و هـی تریـش گەیەنرانـە لای مـن»[2]. دوای دەسـتگیرکردنی(عارف تەیفـوور و حەمـە ڕەزا)، هـەر یەکـە لـە جەوهـەر نامیـق و کەریـم سـنجاری لـە (نەغـەدە) خۆیـان شـاردەوە، پاشـان بـە نهێنـی لـە سـەر فەرمـانی مەسـعود بـارزانی، بـە هـاوکاری خەڵـکی باکـووری کوردسـتان ڕوویـان لـە ناوچـە سـنوورییەکانی باکـووری کوردسـتان کـرد[3]. لـەم بـارەوە کەریـم سـنجاری دەنووسـێت: " قۆنـاغ بەقۆنـاغ گەیشـتینە سـەر سـنوور، لـە ڕۆژی٢٠ی تشـرینی دووەمـی١٩٧٥، داخـلی باشـووری کوردسـتان بوویـن، لـە وێ سـەر لـە نـوێ دەسـتمان کـرد بـە ڕێکخسـتن و پەیوەندیکـردن بـە خەڵکـەوە ئەمـەش هەنگاوێـکی بـاش بـوو بـۆ ئـەوەی بتوانیـن پێشـمەرگە لـە سـەر هەیکـەلی مەفـرەزە ڕێـك بخەیـن»[4]. هـەر لـەم ماوەیـەدا بـۆ یەکـەم جـار بەیاننامـەی (س.ك) لـە باشـووری کوردسـتان بڵاودەکەنـەوە، کـە نزیکـەی ٦٠٠ دانـە بـوون[5].

سـەرکردایەتی کاتی لـە سـەرەتادا بـە شـێوەیەکی کاتی بـارەگای خـۆی لـە گوندی (سـنێ)

---

(١) فرەنسـۆ هەریـری، بـەردەوام بـوون یان سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش؟، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (١٦٥٢)، ١٩٩٣/٥/٢٣، ل٣.

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی...،ب٣، ل٢٥٠.

(٣) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عـارف تەیفـور، خـازر، ٢٠١٦/٣/٣. لـە هەمـان مـاوەدا دەزگای سـاواك ٣٢ ئەندامـانی تـری پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان ڕادەسـتی حکوومـەتی عێـراق دەکات .بڕوانـە: کریـس کۆچێـرا، بزووتنـەوەی نەتەوایـەتی کـورد...، ل٦٢.

(٤) برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (٣٦٩٥)، ٢٠٠٢/٥/٢، ل٣.

(٥) د.علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٧٦.

لـە ناوچـەی (میدیـات)ی باکووری کوردسـتان دامەزرانـد[١]. لـە درێـژی هەوڵەکانیـدا، لە کۆتایـی کانـوونی یەکەمی١٩٧٥مەسـعود بـارزانی ئـاگاداری هـەر یەکـە لە(عەبدولڕەحـمان ساڵح)[٢] و (محەمـەد خالـد بوسـەلی)[٣]دەکات، کـە ئـەوکات لە سـووریا بوون، بـۆ ئەوەی پەیوەنـدی بکـەن بـە(س.ك)ەوە لـە ناوچـەی (میدیـات)، دوای ئەمـە بـە چەنـد ڕۆژێـك لـە ڕێگـەی کـوردانی ڕۆژئـاواوە هـەر دووکیـان پەیوەنـدی بـە(س.ك)ەوە دەکـەن، دوای هەشـت ڕۆژ لـە مانەوەیـان، لـە سـەر داوای (س.ك)، (عەبدولڕەحـمان سـاڵح) جارێـکی تـر بـە ئـەرکی زیندووکردنـەوەی چالاکـی ڕێکخسـتنی پارتایـەتی و گەیانـدنی پەیامـی دامەزرانـدنی (س.ك) بـە ئەندامـەکانی (پـدك)، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـووریا، (محەمـەد خالـد بوسـەلی)ش بـە هەمـان ئـەرك ڕوو لـە باشـووری کوردسـتان دەکات[٤]. بـە هـۆی لەبـاری شـوێنەکە و، بـە ئاسـانی پەیوەندیکـردن بـە کوردسـتانەوە، (س.ك) ئەمـەی بـە دەرفـەت دەزانی لــە کۆتایــی١٩٧٥ دەســتەیەکی تــری پێشــمەرگەی چــالاك ڕەوانــەی ســووریا دەکات[٥]. لـەم سـەروبەندەدا ئەندامەکانی(پـدك) لـە سـووریا لـە چوارچێـوی لێژنەیـەك بەنێـوی (لێژنـەی شـەفەق)[٦]، درێـژە بـە کاروچالاکییـەکانی خۆیـان دەدەن. جێگـەی

---

(١) ئەسعەد عەدۆ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٨.

(٢) عەبدولڕەحـمان سـاڵح، یەکێـك بـوو لـە ئەندامـە چالاکـەکانی پـارتی لـە سـەردەمی شـۆڕشی ئەیلـوول، ڕۆڵێـکی بەرچـاوی لـە کـەرتی بادینانـدا هەبـووە. دوای نسـکۆی ١٩٧٥ بـە ماوەیـەکی کـورت، بـە هـاوکاری چەنـد ئەندامێـکی تـر سـەر لـە نـوێ کار بـۆ زیندووکردنـەوەی ڕیـزەکانی پـارتی دەکـەن لــە ســووریا، لــەم بارەیــەوە دەورێــکی بــاڵای بینیــوە لــە ســەرهەڵدانەوەی شــۆڕشی ٢٦ی گــوڵانی ١٩٧٦، پـاش ماوەیـەك لـە سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش لـە چالاکییـەکی لەشـکریدا لـە سـاڵی ١٩٧٨ دژی حکوومـەتی عێـراق برینـدار دەبێـت، دەکەوێتـە دەسـتی حکوومـەت، دواتـر گوللـە بـارانی دەکـەن. بڕوانـە: سـامی شـۆڕش، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٧٣.

(٣) محەمـەد خالـد بوسـەلی، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٤٥، لـە قـەزای زاخـۆ، سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بە شوڕشـەوە دەکات، لـە کـەرتی بادینـان دەسـتێکی بـاڵای هەبـووە لـە شـۆڕشی ئەیلـوول، چەندیـن پلـە و بەرپرسـیارەتییەکی سـەربازی وەردەگرێـت، هەروەهـا لـە سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕشی گـوڵان ڕۆڵێـکی بـاش دەگێڕێـت، تـا ئەمـڕۆش لـە سـەرکاری پێشـمەرگایەتی بەردەوامـە، نیشـتەجێی شـاروچکەی زاخۆیـە. بڕوانـە: سـعید خودێـدا علـو ئـەوی تـر، محمـود ئێزی...چەنـد تیرۆژکـەك ژ دور خەبـات و ژیانـاوی، چاپخانـا وەزارەتـا پـەروەردێ، هەولێـر ، ٢٠٠٤، ل٤؛ ئەسـعەد عـەدۆ، سـەرچاوەی پێشـوو ،ل٨١.

(٤) محمد خالد بوسلی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤.

(٥) بۆ زانینی ناوی ئەو پێشمەرگانە بڕوانە:أبو عنتر، المصدرالسابق، ص٢٩٢.

(٦) ئەندامـەکانی لێژنـەی شـەفەق لـە: (عەبدولڕەحـمان سـاڵح و سـەید حەمیـد محەمـەد خالـد

ئاماژەپێدانــە بەشــێکی گرنگــی ڕێکخســتنەوەی ڕیــزەکانی (پــدك) و ســەرهەڵدانەوەی خەبـاتی چەکـداری پەیوەنـدی بـە سـووریاوە هەبـوو، بـەڵام هـاوکات سـووریا هەمـوو هێـزە بەرهەڵستکارەکانی عێـراق بـە کـوردی و عـەرەبی، (س.ك) ی لـێ دەرچێـت، لـە ئامێـز گرتبـوو لـە چوارچێـوەی بەرەیـەك بەنێـوی (التجمـع الوطنـی العراقـی )[1]، کـە بـەرەی ناوبـراو جەخـت لـە سـەر بـە عێراقـی کـردنی شـۆڕشی چەکـداری دەکـرد[2].
سـەبارەت بـە ئەنـدام نەبـوونی (پـدك) لـە نێـو بـەرەی (تـوع)دا بیـروڕای جیـاواز هەیـە، هەندێکیـان پێیـان وایـە لـە کۆتاییـەکانی ١٩٧٥، (تــوع) دووجــار داوا لــە ئەندامــانی (س.ك)دەکات، کـە ببێتـە ئەنـدام لـە ڕیزەکانیـدا، بـەڵام ڕێکخسـتنی (س.ك) لـە سـووریا بەهــۆی ئاگادارنەبــوونی مەسـعود بــارزانی نەیانتوانیبــوو وەڵامێــکی ڕوون بدەنــەوە[3].
نەوشـێروان مسـتەفا دەنووسـێت: " (تـوع) پەیوەنـدی لـە گـەڵ بـارزانی و سـەرکردایەتی پـارتی بـاش بـوو، بـەڵام (تـوع) چـەپ و عـەرەب پەرسـت و دوژمنـی ئیسرائیـل بـوو، کـە ئەمـەش لەگـەڵ تێگەیشـتنی بـارزانی نەدەگونجـا، سـەرەڕای ئـەوەش بـارزانی و پـارتی خۆیـان لـە (تـوع) زلـتر زانیـوە»[4]. ڕایـەکی تـر هەیـە بـە هـۆی نەبـوونی متمانـە، (س.ك) بەشـداری نـاکات[5]. بـەڵام د.مەحمـوود عوسـمان پێـی وایـە (ینـك) ڕازی نەبـوو (س.ك)

---

بوسـلی و مەحمـود ئێـزدی و عـادل مـزۆری و ئەحمـەد رەمۆ...تـاد) پێکهاتبـوون. بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: سـەعید خودێـدا علـو، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٤٠.

(١) التجمـع الوطنـی العراقـی - تـوع، ڕێکخراوێـکی بەرەیـی بـوو، ئەندامـەکانی پێکهاتبـوون لـە: (پـارتی بەعـسی عـەرەبی سۆسیالیسـتی (قیـادە قطـر العراقـی) و بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی عـەرەبی و پـارتی کۆمۆنسـتی عێراقـی (قیـادە مەرکـەزی) و پـارتی سۆسیالیسـت، کۆنگـرەی نەتەوەیـی و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان. بڕوانـە: نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن، لـە کەنـاری دانوپـەوە...، ل٦٥.

(٢) د.جەمـال فەتحـوڵا، سـەرچاوەی پێشـوو ، ل١٠٩؛ بـۆ زانینـی هـۆکارەکانی بـە عێراقـی کـردنی شـۆڕش بڕوانـە: بـە عێراقـی کـردنی شۆڕشـەکەی کوردسـتان، ڕێبـازی نـوێ، ڕۆژنامـە، ژ:(١)، خـولی دووەم، تەممـــووزی ١٩٧٩، ل٤.

(٣) د.علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٦٧.

(٤) نەوشێروان مستەفا، لە کەناری دانوپەوە...، ل٦٥.

(٥) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عەدنـان موفتـی، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٧. عەدنان موفتی، نـاوی تەواو(عەدنان ڕەشـاد موفتی)ە،لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٤٩ لـە قـەڵای هەولێـر، لـە سـاڵی ١٩٦٣ پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی (ی.ق.ك)ەوە دەکات، لـە مـاوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٤) خەریـکی خوێنـدن دەبێـت لـە زانکـۆی موسـتەنسریە لـە بەغـدا، سـاڵی١٩٧٤ دەبێتـە پێشـمەرگە، سـاڵی ١٩٧٧ لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیـەکی (لێژنــەی ئامــادەکاری ـ پــارتی) دادەمەزرێنــن، ســاڵی ١٩٧٩ بــەدواوە دەبێتــە ئەندامــی مەکتــەبی

لـەم بەرەیـەدا بەشـداربێت [1]. بەپێـی سـەرچاوەکان لـە کاتی سـەردانی مەسـعود بـارزانی بـۆ سـووریا سـاڵی ١٩٧٦، بـە بـێ ئـەوەی مەسـعود بـارزانی داوای کردبێـت کـە ببـێ بـە ئەنـدام لـە (تـوع)دا، (تـوع) بـە مەسـعود بـارزانی ڕاگەیاندبـوو کـە ئەگـەر (پـدك)، بەیانێـك دەربـکات و پەیوەندییـەکانی خـۆی لەگـەڵ ئەمریـکا و ئیسرائیـل ڕیسـوا بـکات، ئـەوان ئامـادەن (س.ك) لەنـاو ڕیـزەکانی خۆیانـدا وەربگـرن، بـەڵام مەسـعود بارزانـی بـە تونـدی چوونـە نێـو ڕیـزەکانی (تـوع) و هـەر جـۆرە مەرجێـکی ئـەوانی ڕەتکردووەتـەوە[2]. لـەم سـەروبەندەدا (تـوع) چەنـد خولێـکی مەشـق و ڕاهێنـانی سـەربازی بـۆ ئەندامـەکانی (ینـك) دەکاتـەوە لـە سـووریا، ئەندامـەکانی (س.ك) لـە بـارەی کردنـەوەی ئـەم خولـە و چۆنیـەتی بەشـداریکردنیان، پەیامەکـە بـە (س.ك) دەگەیەنـن[3]. ئـاکام لـە سـەر داوای (س.ك) ئەندامـەکان بەشـداری لـەم خولانـە دەکـەن[4]. ئەنجـام نزیکـەی (١٢٠) کـەس لـە ئەندامـەکانی (پـدك) بەشـداری لـە دوو خـول دەکـەن، کـە لـە لایـەن (ئیبراهیـم عـەزو گەرگـەری)ەوە[5] سەرپەرشـتی دەکـرا، کـە هـەر خولێـك بـۆ مـاوەی ٤٥ ڕۆژ بـوو، بـەڵام لـە سـەروبەندی تەواوبـوونی خـولی دووەم، ئەندامـەکانی (ینـك) بـە ئاشـکرا هێـرش دەکەنـە سـەر مێـژووی شـۆڕشی ئەیلـوول و مسـتەفا بـارزانی، لـە بەرانبـەردا ئەندامـەکانی

سیاسـی (حسـك)، لـە سـاڵی ١٩٩٥ پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی (ینـك)ەوە دەکات، سـاڵی ١٩٩٧ دەبێتـە نوێنـەری یەکێتـی لـە قاهیـرە، سـاڵی ١٩٩٩ دەبێتـە وەزیـری شـارەوانی، دواتـر وەزیـری دارایـی، سـاڵی ٢٠٠٥ دەبێتـە سـەرۆکی پەرلەمـان، ئێسـتا ئەندامـی مەکتـەبی سیاسـی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتانە، لـە هەولێـر نیشـتەجێیە.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.محمود عوسمان، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.

(٢) د.علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٦٧.

(٣) سەعید خودێدا علو،سەرچاوەی پێشوو ، ل٤١.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، میحوەری خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٥) ئیبراهیـم عـەزو گەرگـەری، نـاسراوە بـە (جەبـار)، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٤٩ی دێـی گرگـر، ناحیـەی عیـن زالـە، لـە سـاڵی ١٩٦٩ کۆلێـژی ئەندازیـاری لـە زانکـۆی مووسـڵ تـەواو دەکات، لێپـرسراوی (ی.ق.ك) دەبێـت تـا دەرچـوونی لـە زانکـۆ، دوای تەواوکـردنی خوێنـدن لـە سـوپای عێـراق دەبێتـە ئەفسـەر، سـاڵی ١٩٧١ دەبێتـە ئەندامـی (کۆمەڵـەی مارکـسی ـ لینینـی) ، دواتـر دەبێتـە ئەندامـی یەکێتـی، سـەرکردایەتی یەکەمیـن دەسـتەی پێشـمەرگەکانی یەکێتـی لـە بادینـان دەکات لـە سـاڵی ١٩٧٦، لـە ڕۆژی ١٩ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٧٦ لەلایـەن سـەرکردایەتی کاتی دەکوژرێـت. بروانـە: سـەروەر عبدالرحـمان، سـەرچاوەی پێشـوو ، ل١٣٠.

(س.ك) دێنــە دەنــگ، دەكەونــە تۆمەتباركــردنی مێــژووی یەكــتر[1].

ئــەوەی ڕاســتی بێــت هــەر لــە ســەرەتاوە بە پێــی ئەدەبیــاتی (ینــك) ســەرهەڵدانەوەی (پــدك) بــە هــەر نــاو و شــێوەیەك بێــت لــە لایــەن ئەوانــەوە پەســەند نەبــووە، ئەگەرچــی نەوشــێروان مســتەفا ئامــاژە بــەوە دەكات جــلال تاڵەبــانی نامەیــەكی بــۆ مســتەفا بــارزانی دەربــارەی دامەزرانــدنی (ینــك)ەوە نوســیبوو، كــە تێیــدا دڵنیایــی بــە بــارزانی دەدات كــە نــەك دژی بــارزانی نابێــت بەڵكــو بــە چــاوی ســەركردەی بزاڤــی گــەلی كــورد ســەیری دەكات و پشــتیوانی دەبێــت لــە هــەر هەنگاوێــك كــە بنێیــت[2]، بــەڵام لــە هەمــان كاتــدا لــە تشــرینی دووەمــی ١٩٧٥ (ینــك) نامیلكەیــەك بــە ناونیشــانی: (یەكێتــی نیشــتمانی كوردســتان بۆچــی؟) بڵاوكــردەوە، تێیــدا بــە ئاشــكرایی بــاس لــە ســڕینەوەی (پــدك) و لەناوبــردنی بنەماڵــەی مســتەفا بــارزانی دەكات[3]. بــە جۆرێــك دژایەتیكــردنی (پــدك) و بنەماڵــەی بــارزانی و دژایەتیكــردنی حكوومــەتی عێراقــی خســتبووە یــەك تــای تــەرازوو، لــە بــەرەی دوژمنــی ســەرەكی دانــاون[4]. هــەر چەنــدە نەوشــێروان مســتەفا لــە بــارەی ئــەم نامیلكەیــەوە دەنووســێت: "پــارتی بانگەشــەی ئــەوە دەكات كــە یەكێتــی بــۆ لــە ناوبــردنی پــارتی دامــەزراوە كــە گوایــە ناكــۆكی ســەرەكی یەكێتــی لەگــەڵ پارتییــە، پــارتی دوژمنــی ســەرەكی یەكێتــی و كــوردە، ڕاســتییەكەی ئــەوە واهیمــەی ســەرانی پارتییــە، ئەگینــا شــتی وا لــە نــاو نامیلكەكــەدا نییــە»[5]. بــەڵام ڕاســتییەكەی ئەوەیــە (ینــك) لــەم نامیلەكەیــەدا، بــە هیــچ شــێوەیەك دژایــەتی خــۆی بەرامبەر(پــدك) و بنەماڵــەی بــارزانی نەشــاردبووەوە[6]، بــە كۆنەپەرســت و شكســتخواردوو دادەنێــت، هەروەهــا ئــەوەی مەترســیداربوو زیندووكردنــەوەی (پدك)یــش بــە هەمــوو شــێوەیەك ڕەتدەكــردەوە

---

(١) چاوپێكەوتن لەگەڵ فوئاد میرانی، دهۆك، ٢٠١٦/٣/٢٥.

(٢) د.علی تەتەر نێرەویی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٦١.

(٣) بــۆ زانیــاری زیاتــر بڕوانــە: پــارتی دیموكــراتی كوردســتان، شــەڕی ناوخــۆی كوردســتانی عێــراق چــۆن دەســتی پێكــرد و كــێ لێــی بەرپرســیارە؟ بڵاوكــراوەكانی مەكتــەبی دیراســات و توێژینــەوە، ب.ش، ١٩٩٧، ل٤١.

(٤) ڕێبازی نوێ، رۆژنامە، ژ: (٢)، خولی دووەم، مایسی ١٩٨٠، ل٢.

(٥) نەوشێروان مستەفا، لە كەناری دانوبەوە...ل٧١.

(٦) بــۆ زانینــی نــاوەڕۆكی نامیلكەكــە بڕوانە:یەكێتــی نیشــتمانی كوردســتان، چەند لاپەڕەیــەك لەمێژووی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، چ٢، سلێمانی ، ٢٠٠٥، ل١١٠بەدواوە.

و، بە ناپەسەند دەزانی[1]. ئەم بۆچوونەی (ینك) ببووە جێگای ڕەخنە و دڵگرانی کادیرانی (س.ك)، هەروەها ئەو هێرشانەی کە لە ڕۆژنامەکەی بە ناوی (الشرارە)[2] دەکرایە سەر (س.ك)، بەردەوام دەگەیشتە مەسعود بارزانی کە ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی بە چاوێکی تر و بە هەڵوێستێکی نوێ سەیری ئەم بزاڤە بکەن، لە ڕاستیدا ناکۆکی تەنیا لە ڕووی تیۆری ڕاگەیاندن نەوەستا، بەڵکو بە کردەوەش(ینك) داوای لە نووسینگەی کاروباری عێراق لە سووریا کرد، ئەندامەکانی(س.ك) لە سووریا دەربکەن کە ئامادە نەبوون بچنە ناو ڕیزەکانی(ینك)ەوە. بەڵکو سەربەخۆیی خۆی وەك ئەندامی (س.ك) دەپاراست[3]. هەروەها لەم بارەیەوە فوئاد میرانی کە ئەوکات وەك ئەندامێکی (س.ك) لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشەکە بوو، دەڵێت: "بە تۆمەتی تێکەڵاوکردنی دەست لە گەڵ حکوومەتی عێراق و ئیسرائیل و ئەمریکا، جەلال تاڵەبانی بە بەردەوامی ئەندامەکانی ئێمەی تۆمەتبار دەکرد، لە لایەن دەزگای هەواڵگری سووریا سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکرد»[4]. لە ئەنجامی خراپی ڕەوشی (پدك) لە سووریا بە هۆی هەڵوێستی (ینك)ەوە بە تایبەت، مەسعود بارزانی لە ڕێگەی نامەیەکەوە کادیرانی (پدك) ئامۆژگاری دەکات کە دان بەخۆدا بگرن و هەڵوێستی دژایەتی پیشان نەدەن، بەردەوامی بە کارەکانی ڕێکخستن بدەن، سەبارەت بەم نامەیە خالد بوسەلی دەنووسێت: "ئەم نامەیە بووە میکانیزمێکی کاریگەر و بەهێز بۆ پەیوەندیکردن بەخەڵکەوە و کۆکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر، خەڵکی ناوچەکەش بە هەموو شێوەیەك ئامادەبوون بۆ پشتگیریکردنی

---

(١) ی.ن.ك، بەیاننامە»جەماهیری زۆرلێکراوی کوردستان یەکگرن، هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق هەموو یەکگرن»، لە ١٩٧٦/٩/١.

(٢) ڕۆژنامەی الشرارة، زمانحاڵی (ی.ن.ك)بوو، لە کۆبوونەوەی یەکەمی دەستەی دامەزرێنەرانی (ی.ن.ك) بڕیاری دەرکردنی درا، جەلال تاڵەبانی بە خۆی ناوی ناوە (الشرارة) کە بە زمانی عەرەبی لە ژێر دروشمی: (ومن الشراره یندلع الهیب) دەردەچوو، یەکەمین ژمارە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥، لە سوریا دەرچوو، بە درێژایی ماوەی (١٩٧٥ – ١٩٧٩)، تاڵەبانی بە خۆی سەرپەرشتی دەکرد...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئارەزوو یوسف حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠ -٥١.

(٣) د.علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٦٣.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد میرانی، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥.

شـۆڕش و بـارزانی»[1]. ناکرێـت ئـەوەش لـە بیربکرێـت لـەم قۆناغـەدا (پـدك) لـە ڕووی پێگـەی جەماوەرییـەوە لـە سـەر ئاسـتی کـوردانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان و پەنابـەران پێگەیـەکی بەهێـزی هەبـوو، هەڵویسـت و سیاسـەتی (پدك)یـان بـە ڕێـزەوە دەنرخانـد، لـە لایەکـەوە بـە هـۆی خۆشەویسـتی بنەماڵـەی بـارزانی لـە لایـەن کـوردانی ڕۆژئـاوا، لـە لایـەکی تـرەوە بـە هـۆی بـوونی فشـار و سیاسـەتی سـەرکوتکاری ڕژێمـی بەعسـی سـووریا لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـە گشـتی، بـەڵام لـە ڕووی سیاسـییەوە (پـدك) دەسـەڵاتی ئەوتـۆی نەبـوو، تەنانـەت تـا کۆتایـی ١٩٧٥ هەوڵـی دەدا لـە ڕێگـەی (ینـك) ەوە پێکـەوە کاربکـەن لـە بـەر ئـەوە (ینـك) لـە لایـەك باڵادەسـت و پەیوەنـدی بـاشی لەگـەڵ حکوومـەتی سـووریا دامەزراندبـوو، لـە لایـەکی دیکەیشـەوە (پـدك) دڵنیابـوو لـەوەی بارودۆخـی ئـەم قۆناغـە پێویسـتی بـە خەبـاتی هاوبەشـە، بـەڵام وەك لە سـەرەوە ئامـاژەی پـێ درا ئاکامـی نەبـوو، بۆیـە لـە سـەرەتای سـاڵی١٩٧٦ پـاش ئاشـکرابوون و بەرفراوانبـوونی ڕێکخسـتنەکانی (پـدك) لـە سـووریا، (ینـك) گوشـارێکی زۆرتـر دەخاتـە سـەر (پـدك)، ئەنجـام لـە بەردەوامـی گوشـارەکانی، دەسـتەیەك لـە کادیـرانی (پـدك) سـووریا بەجـێ دێڵـن و پەیوەنـدی بـە(س.ك)ەوە دەکـەن لـە باشـووری کوردسـتان[2].

لـە ڕاسـتیدا هەڵومەرجـی ڕێکخسـتنی (س.ك)، ئامـادەکاری بـۆ دەسـتپێکردنی خەباتی چەکـداری، لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیـەکی تـر لـە ڕووی چەندایـەتی و چۆنایەتییـەوە جیـاواز بـوو، هـەر لـە سـەرەتاوە ناوچـەکانی بادینـان گرۆتینێـکی بەرچاویـان بەخـۆوە بینیـوە، لـە ئاوەدانکردنـەوەی ناوچەکـە بـە مەفـرەزەکان و دەسـتەی چەکـداری کـە زیاتـر بریتـی بـوون لـە پێشـمەرگەکانی شـۆڕشی ئەیلـوول، کەسـانی خـاوەن توانایـەکی بـاشی تەکنیـکی لەشـکری بەسـەر ناوچەکـەدا بڵاوکرابوونـەوە، بـۆ نموونـە هەریـەك لـە: (سـەید حەسـەن و عومـەر عـەلی و جاسـم جاسـم و محەمـەد گەودا...تـاد) لـە ناوچەکانی سـندی و گـولی لـە کـەرتی زاخـۆ، هەروەهـا لـە ناوچـەی دۆسـکی ژووروو (حەجـی عومەر دۆسـکی) لەگـەڵ مەفـرەزە سـەرەتاییەکان لـە سـازکردنی خەڵکـدا بـوون، لـە ناوچـەی دری و هـەرکی بنەجـی و بـارزان دەسـتەیەکی چالاکـی پێشـمەرگەی شـۆڕشی ئەیلـوول کـە لـە: (سیسـۆ دری و فەتحوڵـلا دری...تـاد) پێکهاتبـوون، لـە چالاکـی ڕێکخسـتنی پێشـمەرگە و

(١) خالدبوسلی، ڕۆڵی کورد...، ل٤٠؛ ئەسعەد عەدۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

(٢) د.هاشم رمضان، المصدرالسابق، ص٦٥.

پارتایەتیدا بوون[1]. هاوکات بۆ یەکەم جار لە دوای دەستگیرکردنی (عارف تەیفوور) لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥ لە لایەن (دەزگای ساواك)ەوە کە ئەوکات دیاری کرابوو وەك بەرپرسی لەشکری هەرێمی سوران، (س.ك) کەمال کەرکووکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە ڕاسپارد، کە پەیوەندی بە خەڵکی ناوچەکەوە بکات، بو ئەوەی هەرچی زووە دەست بە ئامادەکاری سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری بکەن[2]. لەم بارەوە کەمال کەرکووکی دەڵێت: " بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی ١٢ی ئایاری ١٩٧٦ گەیشتمە گوندی( بیلکو) نزیك قەلادزی کە بە تەنیا بووم هیچ کەس لە گەڵ مندا نەبوو، بەڵام وا بۆم دیاریکرابوو لە لایەن (س.ك)ەوە لە ناوچەکەدا پەیوەندی لە گەڵ پێشمەرگەیەکدا بکەم کە ئەویش (کەریم خوڕخوڕە) بوو کە پێکەوە (شێخ عەزیز شێخ یووسف)مان لە ئەشکەوتی( ڕەشێ) لە دۆڵی جاڤایەتی دۆزییەوە، جگە لە ئێمە هیچ پێشمەرگەیەك و مەفرەزە و گرووپێکی تر لە ناوچەکەدا نەبوو، لەوێش (فەقێ سمایل جاف) کە گەورەی عەشیرەتی جاف (گەورە پیاوی تیری میکایلی عەشیرەتی جاف- لێکۆڵەر) بوو بەخۆی و عەشیرەتەکەیەوە یارمەتییەکی زۆریان داین»[3]. هەروەها لە هەمان کاتدا، ئیدریس بارزانی هەستا بە ڕاسپاردنی (نادر هەورامی)[4] بۆ گەڕانەوەی ناوچەی هەورامان بۆ زیندوکردنەوەی سەر

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عن الإطلاق الأول لثورة گولان، خەبات، الجريدة، العدد:(٦٧٧)، ٣٦/ گولان/ ١٩٩٣، ص١٥.

(٢) د.کەمال کەرکوکی، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش؟ برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (١٦٥٢)، ١٩٩٣/٥/٢٣، ل٢.

(٣) د.کەمال کەرکوکی، سەرچاوەی پێشوو،ل٣.

(٤) نادر هەورامی، لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٢ لە ناوچەی هەورامان، دوای پێگەیشتنی دەبێتە سەرباز لە ناو سوپای عێراق، لە ساڵی ١٩٦٢ لە بادینان پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکات، دەبێتە پێشمەرگە تاکو ساڵی ١٩٦٣ لە بادینان دەمێنێتەوە، پاشان خۆی دەگوازێتەوە بۆ ناوچەی باڵەك تاکو ساڵی ١٩٦٥، چەند پلەیەکی سەربازی وەردەگرێت لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، لە شەڕێکدا لەگەڵ تاقمی (م.س)ی کۆن برینداردەبێت، دەکەوێتە دەستی چەکدارەکانی، دواتر ڕادەستی حکوومەتی عێراق دەکەن، تاکو ساڵی ١٩٦٦، دواتر ئازاد دەکرێت، جارێکی تر دێتەوە ڕیزی پێشمەرگە، لە دوای نسکۆی١٩٧٥، پەنابەری ئێران دەبێت، لە ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان، دەست بە ڕێکخستنی پارتایەتی دەکات، لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی لە ساڵی ١٩٧٩، بە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت، لە ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانی٢٠١٣ بە هۆی نەخۆشیەکی کوشندە کۆچی دوایی دەکات...بۆ زانیاری

لەنوێ ڕێکخستنی مەفرەزەکانی پێشمەرگە، پەیوەندیکردن بە خەڵکی ناوچەکەوە[1]. لە بارەی گەڕانەوەی نادر هەورامی، محەمەد مەلا قادر دەڵێت: " لە سەر ڕاسپاردەی ئیدریس بارزانی، لە ناوچەی هەورامان و شارباژێر، نادر هەورامی پەیوەندی بە (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە دەکات، سۆسیالیستەکان تا ڕادەیەك هەست دەکەن کە هەورامی مەیلی بە لای پارتیدا هەیە، بەڵام دەنگی لە گەڵ ناکەن، هەندێك لە هەڤالانی دێرینی پارتی، کە پێشمەرگەی ئەیلوول بوون، پەیوەندی پێوە دەکەن تا وای لێدێت کەرتێك دروست دەکات، دوای ئەوە پەرەدەسێنێت، ژمارەی پێشمەرگەکان زۆردەبن، بە ئاشکرا لە سۆسیالیست جیادەبێتەوەو وەك هێزێکی پارتی لە ناوچەکەدا چالاک دەبێت»[2]. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ڕایەکی تر هەیە جگە لەو مەفرەزەی نادر هەورامی هیچ مەفرەزە و هێزێکی تر لەو ناوچەیەدا بوونی نەبوو تاوەکو دوای سەرهەڵدانی شۆڕش ئینجا هێزی تر لەوانەش بزووتنەوە لە ناوچەکە پەیدادەبن[3]. ئەوەی ڕاستی بێت بەهێزی پێگەی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی خزمایەتی نادر هەورامی، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ڕێکخستن و زیندوبوونەوەی (پدك) لە ناوچەی هەورامان، تەنانەت لە ماوەی (١٩٧٧-١٩٧٩) وەك تاکە هێزی (س.ك) لە ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی دەمێنێتەوە[4]. بەم چەشنە لە زۆربەی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان مەفرەزەکانی پێشمەرگە کەوتبوونە خۆسازدان، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە ئامادەکاری دەستپێکردنی خەباتی چەکداری.

پاش بڵاوبوونەوەی مەفرەزە چەکدارەکان لە زۆربەی ناوچە سنوورییەکان، سەرباری ئەو هەڵومەرجە دژوارەی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییە کە بەگشتی لە قازانجی کورددا نەبوو، (س.ك) بڕیاری دا ڕۆژی ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦ دەستنیشان

---

زیاتر بڕوانە: محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران...، ل ل١٢٥ -١٢٨.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، میحوەری خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٢) محەمەد مەلا قادر، سەربوردەی نەمران...،ل١٢٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد مەلا قادر، پیرمام، ٢٠١٥/١٢/٢.

(٣) مەفرەزەی نادر هەورامی پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، بریتی بوون لە:(ئەبوبکر بانی بنوك و عومەر ڕەشید و فەهمی توفیق و سەرکەوت تەوفیق و فازڵ ڕەئووف ...تاد). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فازل رەئووف، بەرەو خۆر،ب.ش،٢٠٠١،ل٦٦.

(٤) چاوپێکەوتن لە گەل عارف تیفور،میحوەری خازر،٢٠١٦/٣/٣.

بـكات، بـۆ دەسـتپێكردنەوەی خەبـاتی چەكـداری و بـە فەرمـی ڕاگەیانـدنی شـۆڕش[1].

سـەبارەت بـە سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش، مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: " بـە ماوەیـەكی زۆر كـەم دوای نسـكۆی١٩٧٥، توانیـمان بنەمایـەكی نـوێ و پلانێـكی كارا بـۆ دەركـردنی هەندێـك بڕیـاری گرنـگ پەیوەسـت بـە درێـژەدان بـە بزووتنـەوەی چەكـداری بدەیـن، لـە سـەر ئـەم بنەمایـە مەفـرەزەی چەكـداری لـە پێشـمەرگە كۆنـەكان پێكهـات، كـە لـە شـەڕەكانی پێشـوودا نەبەردبـوون، لـە٢٦ی ئایـاری١٩٧٦ شـۆڕشی چەكدارییـان ڕاگەیانـد، كـە بـە نێـوی شـۆڕشی گـوڵان نـاسراوە»[2]. بـەڵام پێـش ئـەم بـەرواره، ( س.ك) لـە ڕۆژی ٢٥ی ئایـاری ١٩٧٦، یەكـەم بەیاننامـەی سـەبارەت بە سـەرهەڵدانەوەی خەبـاتی چەكداری بڵاوكـردەوە، كـە تێیـدا ڕایگەیاندبـوو: « ئـەی جەمـاوەری تێكۆشـەری كوردسـتان، پـارتی دیموكـراتی كوردسـتان هـەر لەسـاتەوەختی نسـكۆی ١٩٧٥ بەبـێ دابـڕان لـە خەبـات، بەردەوامیـدا بەدووبـارە داڕشـتنەوەی ڕێكخسـتنی ڕیـزەكانی خـۆی بەسـوودوەرگرتن لەئەزمـوونی پێشـوو، هەروەهـا وەك هەمیشـە پـارتی پابەنـدە بەدەرفـەت نـەدانی ڕژێـم و حەسـانەوە لـە كوردسـتان «، هەروەهـا بەهەمـوو هێـزەكانی گۆڕەپـانی خەبـات ڕاگەیاندبـوو: " كوردسـتان موڵـكی هیـچ لایەنیـك نییـە، بەڵكـو گۆڕەپـانی ڕاسـتەقینەی خەباتـە لەبـەردەم هەمـوو هێزیكی باشـووری كوردسـتان دژ بـە ڕژێم، پارتی تێدەكۆشـێت بـۆ پتەوكـردنی یەكڕیـزی نیشـتمانی، هـەر هێزێـك كۆسـپ بخاتـە بـەردەم ڕێـڕەوی بزاڤـی گـەلی كـورد، بەرپرسـیارە لـە مێـژوو، پـارتی وەڵامـی توونـد دەبێـت لەبەرانبـەر لادانی ڕێـڕەوی ڕاسـتەقینەی خەبـات»[3]. پـاش ڕاگەیانـدنی خەبـاتی چەكـداری لەلایـەن (س.ك) ەوە، هاشـم ڕەمـەزان پێـی وایـە: "یەكـەم گوللـەی دەسـت پێكـردنی خەبـاتی چەكـداری تـازە لـە ڕۆژی ٢٦ی ئایـاری ١٩٧٦، كاتێـك هێزەكانیـان بـە سـەركردایەتی (ئەبـو نـەوال) هێـرش دەكەنـە سـەر ڕەبیـەكی دوژمـن لـە ناوچـەی (كشـان- زاخـو)، ئـەو ڕۆژە لـە لایـەن (س.ك)ەوە بـە ڕۆژی دەسـت پێكردنـەوەی شـۆڕش دانـا، ئـەو بەیانـەش لەلایـەن (جەوهـەر نامـق سـالم)ەوە بـە نێـو (شـۆرەشی گـوڵان)ەوە دەرچـوو»[4]. هـەر بۆیـە دەبینیـن ڕۆژی ٢٦ی ئایـاری ١٩٧٦ لـە لایەن(پـدك)ەوە بـە مێـژووی دەسـتپێكردنەوەی

(١) كەریم سنجاری، بەردەوام بوون ...، ل٣.

(٢) د.جەمال فەتحوڵا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی...، ل١٠٥.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشكۆی ژمارە (٥).

(٤) هاشم رمضان ، المصدر السابق، ص٦٥.

خەبـاتی چەکـداری تـازە دادەنـێ، کـە لـە ئەدەبیاتیـدا بە(شـۆڕشی گـوڵان) نـاسراوە[1]. بـەڵام یەکـەم چەخماخـەی هەڵگیرسـانەوەی شـۆڕشی تـازە، لـە لایـەن ئـەو مەفـرەزە چەکدارانـەوە دەسـتی پێکـرد کـە پـاش ئامۆژگاریکـردنی مسـتەفا بـارزانی، بە سـەرکردایەتی مـەلا شـێم حەمـەدی حاجـی ئومـەرانی، لـە شـەوی ٢٥/٢٤ی ئایـاری ١٩٧٦ لـە ناوچـەی (حاجـی ئۆمـەران)ەوە، چـەکی بەرگـری هەڵدەگـرن، بـەرەو چیـا بەڕێدەکـەون، لە شـەوی ٢٦/٢٥ی ئایـاری ١٩٧٦، لـە شـوێنێك کـە نـاوی (دولـە زەوی)یـە کـە دەکەوێتـە بەرامبـەر گونـدی (شـیوە ڕەش) کـە تەنیـا دوو کیلۆمەتـر لـە سـەر سـنووری ئێرانـەوە دوورە، دەکەونـە بـەر کەمینەیەکی سـەربازانی عێـراق، پاش پێکدادان، سـەرئەنجام پێشـمەرگەیەك بـە نـاوی (سـەید عەبـدوڵا) دەبێتـە قوربـانی[2]. لـە بـارەی ئـەو مەفرەزەیـەوە مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: " ئـەو مەفرەزەیـەی کـە لـە ٢٦ی گـوڵان چوونـە چیـا و شـۆڕش دەسـتی پێکـردەوە، ئەنـدام و پێشـمەرگەی پـارتی بـوون، ڕاسـتەوخۆ پەیوەندییـان بـە ئـەوەوە هەبـووە، لـە لایـەن ئـەوەوە چـەك و یارمەتییـان بـۆ دابیـن کرابـوو»[3]. هەروەهـا عەلیکـو کـە خـۆی  بەشـداری  ئـەم مەفرەزەیـەی کـردووە، دەڵێـت: « لـە ڕێـگای نامـەی مسـتەفا بـارزانی ئێمـە مشـووری خۆمـان کـرد لـە ڕۆژی ٢٥ی گـوڵانی ١٩٧٦ وەشـاخێ کەوتیـن بـۆ ئـەوەی بەرپەرچـی پیلانەکـەی جەزائیـر بدەینـەوە، لـە شـەوی ٢٦/٢٥ی گـوڵان لـە قەندیـل شـۆڕبووینەوە، ئێمـە یەکـەم مەفـرەزەی شـۆڕشی گـوڵان بوویـن لـە

---

(١) الحـزب الديمقراطـی الکردسـتانی - العـراق، لمحـات مـن المسـار السياسـی للحـزب الديمقراطـی الکردسـتانی، مکتبـە الثقافـة والإعـلام الفـرع الأول، مطبعـة هـاوار، دهـوك ،٢٠٠٥، ص٢٠.

(٢) ئـەم مەفرەزەیـە پێکهاتبـوو لـە(٢٢) پێشـمەرگە، کـە یەکـەم مەفـرەزەی شـۆڕشی گـوڵان بـوو لـە هەرێمـی سـۆران، بریتـی بـوون لـە: (ئەحمـەد نـەبی محەمـەد و شـێخ عەبـدوڵا (شـێخ بنزێـری) و عـەلی نـەبی مەحمـود (علیکـو) و عـەلی شـێم حەمـەدی (عـەلی کـوردە) و عەبـدوڵا محەمـەد عـەلی (سـەید عەبـدوڵا) و حەمـە برایـم مەحمـود و عەبـدوڵا شـێم حەمـەد مـراد و عەبـدوڵا شـێخە عەبـدوڵا و نـەبی شـێم حەمـەد مـراد و حاجـی سـلێمان نـەبی و عەبدولڕەحـمان عـەلی شـێم حەمـەد و نـەبی نەبـی مەحمـود و برایـم برایـم و بـارزانی عـەلی نـەبی و عـەلی مـەلا برایـم و محەمـەد شـێخە عەبـدوڵا و عەبـدوڵا ڕەسـووڵ مسـتەفا و مسـتەفا ڕەسـووڵ مسـتەفا و مینـە خـدر حەمـەد و مەلاشـێم حەمـەد مـراد). بڕوانـە: مـەلا شـێم حەمـەدی حاجـی ئۆمـەرانی، سـەرەتای شـۆڕشی نوێـی سـاڵی ١٩٧٦ چـۆن دەسـتی پێکـرد؟!، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر ،٢٠١٣، ل ٢٧-٦٤؛ فرەنسـو هەریـری، بـەردەوام بـوون ...، ل٣.

(٣) لە: د.علی تەتەر نێرەوەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٧٨وەرگیراوە.

هەرێمی سۆران»[1]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بارەی دەستپێشخەریکردنی خەباتی چەکداری دوای نسکۆی١٩٧٥، بیروڕای جیاواز هەیە، هەندێك سەرچاوە پێی وایە ئەو مەفرەزەی کە ئاماژەی پێکرا، سەر بە (کۆمەڵە) بوون کە باڵێکی بەهێزی ناو (یەنک)ــە، بەڵام بێ ئاگاداری کۆمەڵە ڕوویان لە شاخ کرد و دەستیان بە شۆڕش کرد[2]. بەڵام لە بەرانبەردا ڕایەکی تر هەیە کە(یەنك) لە حوزەیرانی ١٩٧٦بە بۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێك بە سەر دامەزراندنیدا، هێزێکی چەکداری لە ناوچە سنوورییەکانی سووریا لە ڕێگەی تورکیاوە بۆ ناوچەکانی سنووری بادینان ڕەوانە کردووە، لە هەمان کاتدا وا بڕیاربوو سەرکردایەتی ناوخۆش (کۆمەڵە-لێکۆڵەر) ئەو دەستە چەکدارانەی کە ئامادەکرابوون بنێرێتە شاخ بۆ دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداری، کە بڕیاربوو لە ١ی حوزەیران دەستپێبکات، بەڵام لە بەر هەندێك هۆکار ئەم ڕۆژەی بۆ ٢٦ی حوزەیران دواخرا، کە لەم بەروارەوە یەکەمین مەفرەزەی چەکداری کۆمەڵە بەرەو شاخی سورێن بەرێ دەکەون[3]. کە واتە بەم پێیە بێت یەکەم مەفرەزە کە ڕووی لە شاخ کرد لە ناوچەی حاجی ئۆمەران سەر بە کۆمەڵە نەبووە، بە بەڵگەی ئەوە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە مانگێك لە دەستپێکردنی خەباتی چەکداری ئینجا کۆمەڵە ڕوو لە شاخ دەکات. جگە لەوەش هەندێك سەرچاوەی تر پێیان وایە کە ئەو مەفرەزەیە، سەر بە (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) بووە، بەڵام ئەوەی ڕوونە (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) یەکەمین بەیانی دامەزراندنی خۆی لە ئابی ١٩٧٦ بڵاودەکاتەوە[4]، دواتر لە چەند لایەکەوە دەچنە شاخ[5]. جەلال تاڵەبانی دەڵێت: " ئەو کۆمەڵە پێشمەرگانە( سەید عەبدوڵا – عەلیکو...تاد-

(١) علیکو، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش؟، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (١٦٥٣)، ١٩٩٣/٥/٢٤، ل٣.

(٢) ئارام قادر، شێرە کوڕانی قەندیل یەکەمین مەفرەزەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوون،چ٢، سلێمانی ، ٢٠٠٥، ل١٩ -٢٠.

(٣) ئەحمەد حەمەئەمین ئۆمەر، ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان کۆمەڵە وەك نمونە (١٩٧٠ – ١٩٨٨) توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، دکتۆرا (بڵاوکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٣٦.

(٤) سەروەر عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١.

(٥) ئەحمەد حەمە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

لێکۆڵـەر) پیوەندییـان بـە (عومـەر مسـتەفا )ەوە[1] هەبـوو کـە ئەندامێـکی سـەرکردایەتی بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان بـوو»[2]. ڕەنگـە هـۆکاری پشتبەسـتنی تاڵەبـانی بـەم مەفـرەزە چەکدارییـە کـە سـەر بـە بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتانن، ئـەو پەیوەندییـە بێـت کـە دوو ئەندامـی مەفرەزەکـە بـە نـاوی (مـەلا شـێم حەمـەد، حاجـی شـێخ بنزێـری)، بـە ئامانجـی دۆزینـەوەی پاڵپشـتی بـۆ دەسـتپێکردنەوەی خەبـاتی چەکـداری، لـە ڕۆژی٣٠ی ئـابی١٩٧٥، پەیوەنـدی بـە (عومـەر دەبابـە)وە دەکـەن لـە بەغـدا[3]. لـە وەڵامـی ئـەم بۆچوونـەی تاڵەبـانی، مـەلا شـێم حەمـەد دەنووسـێت: " هیـچ گۆڕانکارییـەك بەسـەر ڕێککەوتنەکـەی مـن و (عومـەر دەبابـە)دا نەهـات کـە پێشـتر گفتـی بـە ئێمـە دابـوو، هاوکارنەبـوو، بـەڵام لـە یەکـەم ڕۆژی شـوڕش ئیدریـس بـارزانی بـەو پـەڕی دڵسـۆزییەوە، چاودێـری جووڵانەوەکـەی دەکـرد کەمتەرخەمـی نەکـرد لـە یارمەتیـدان، هەروەهـا جێبەجێکـردنی پێویسـتییەکانمان»[4]. هـەر لـە سـەر ئـەم پرسـە، عەلیکـو دەڵێـت: " لـە سـەر فەرمـانی مسـتەفا بـارزانی، کەوتمـە قسـەکردن و کۆکردنەوەی هەرچـی خـزم و کـەس و ناسـیاو و باوەڕپێکراوەکانـە، هێنـدەی نەبـرد بـەرەو شـاخ بـە ڕێکەوتیـن دەسـتمان بەخەبـات کـرد»[5]. ڕەنگـە ڕای بەشـداربووانی ڕووداوەکـە لـە هەمـوو ڕایـەکی تـر نزیکتربێـت لـە یەکلایـی کردنـەوەی ڕاسـتی و دروسـتی بیـروڕا جیـاوازەکان وەك ئـەوەی مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: " ئـەو مەفرەزەیـە پێشـمەرگەی پـارتی بـوون، ئـەو ڕۆژەش بـە ڕۆژی شـۆڕشی گـوڵان لـە لایـەن پارتییـەوە ناولێـنراو، یەکەم

(١) عومـەر دەبابـە، نـاوی تـەواوی (عومـەر حاجـی سـوفی مسـتەفا)یە، لـە دایکبـووی سـاڵی١٩٢٣ی شـاری کۆیەیـە، لـە کۆنگـرەی دووەم و سـێیەم و چـوارەم و پێنجەمـی پـارتی، بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبژێـردرا، دوای نسـکۆی ١٩٧٥ لـە لایـەن حکوومـەتی عێراقـەوە بـۆ باشـووری عێـراق دوورەدەخرێتـەوە، لـە سـەرەتای هەڵگیرسـانی خەبـاتی چەکـداری ١٩٧٦، لـە سـەرەتادا لەگـەڵ بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان دەبێـت، بـەڵام زۆری پـێ ناچـێ دەچێتـە پـاڵ یەکێتـی، سـاڵی ١٩٩٢ لـە نـاو هۆڵـی کۆنگـرەی یەکەمـی یەکێتیـدا، لـە شـاری سلێمانی کۆچـی دوایـی دەکات. بڕوانـە: ممتـاز حەیـدەری و ئـەوانی تـر، قامـوسی نـاوی نەمـران، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر ،٢٠١٤، ل٣٤٨ -٣٤٩.

(٢) لە:د.علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٧٨وەرگیراوە.

(٣) مەلا شێم حەمەدی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨ -١٩.

(٤) مەلا شێم حەمەدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

(٥) علیکو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

شـەهیدیش (سـەید عبـدوڵا) بـوو»[1]. هەروەهـا دوای دەسـتپێكردنی شـۆڕش لـە لایـەن (س.ك)ەوە بـە ماوەیـەك ئەوجـا (ینـك) بـۆ یەكـەم جـــار لـە ١ی حوزیـرانی ١٩٧٦ بـە بۆنـەی تێپەڕبـوونی ساڵێك بـە سـەر دامەزراندنیـدا، یەكەمیـن دەسـتەی چەكداری خۆی بـە فەرمانـدەی (ئیبراهیـم عـەزۆ)، لـە سـووریا بـە ڕێگـەی توركیـاوە بـەرەو ناوچـەكانی بادینـان ڕەوانەكـرد، كـە سـەرجەمیان ٣٧ پێشـمەرگە بـوون[2]، ئـەم مێـژووە لـە لایـەن (ینـك)ەوە بـە ڕۆژی ڕاگەیانـدنی خەبـاتی چەكداری تـازە دادەنرێـت، كـە لـە ئەدەبیاتیـدا بـە شـۆڕشی نـوێ نـاسراوە[3]. كەواتـە بـو ماوەیـەك پـاش دەسـتپێكردنی شـۆڕش لـە لایـەن (س.ك)یـەوە ئـەوكات هێـزی تـر دەسـتیان بـە خەبـات كـرد، وەك ئـەوەی سـامی عەبدولڕەحـمان دەنووسـێت: "دەسـت پێكـردنی شـۆڕش لـە لایـەن پارتیـەوە بـوو بـە ڕێگـە خۆشـكەرێك بـۆ هێـزەكانی تـر، كـە ئـەوكات دەسـتمان بـە شـۆڕش كردبـوو هیـچ كـەس دەسـتی پێنەكردبـوو»[4]. پـاش گەیشـتنی هێـزەكانی (ینـك) بـۆ ناوچـەی بادینـان لـە ١ی حوزەیـرانی ١٩٧٦، لەگـەڵ هێـزەكانی (س.ك) تـووشی یـەك دەبـن، هاشـم ڕەمـەزان كـە لـە نزیكـەوە ئـاگاداری ڕووداوەكـە بـوو، دەنووسـێت: "هەركـە هێزەكـەی یەكێتـی گەیشـتنە ناوچەكـە، بـە هێـزەكانی پارتی(س.ك)یـان ڕاگەیانـد بـوونی هیـچ كەسـێك لـە ناوچەكـە قبـووڵ ناكەیـن، نـە بـە شـێوەی هـاوكاری، نـە بەشـێوەی بـەرەی لەشـكری، ئێمـە خـاوەن ناوچەكەیـن نـە كەسـێكی تـر»[5]. هەروەهـا هەندێـك سـەرچاوە بـاس لـەوە دەكـەن لـە كاتی گەیشـتنی ئـەو دەسـتە پێشـمەرگەیە ڕێكخرابـوون، لـە یەكـەم ڕۆژیشــدا بـە هێـرشی ڕاگەیانــدن و پڕوپاگەنـدەوە دژ بـە (س.ك) دەسـتیان پێكـرد[6]. ڕاسـتییەكەی بـێ هیـچ گومانێـك (ینـك) لـەو ڕوانگەیـەوە كاری دەكـرد كـە جارێـكی تـر (پـدك) زینـدوو نەبێتـەوە[7]. لـە هەمـان مانگـدا ئەندامێـكی پێشـووی (پـدك) بـە نـاوی

---

(١) مسعود بارزانی، تا دەرفەتم ...،ل١.

(٢) ی.ن.ك، قیادەی موەقەت لەچ بەرەیەك وەستاوە؟، تشـرینی دووەمی، ١٩٨٠، ل٧١.

(٣) عاصـم یونـس مجیـد، ایـران و القضیـة الكردیـة فـی العـراق (١٩٧٥ – ١٩٨٨)، القاهـره ، ٢٠١٥، ص١١٥.

(٤) سـامی عبدالرحـمان، هەكـە لایـەكی دەسـت بـە شـۆڕشی كـر و چهـێ پـێ خودیـت بـو ییّـت دی ب سـاناهی دكەفـت ئـەوژی چـەكی بهەلگـرن، مەتیـن، گۆڤـار، ژ: (٤٠)، گـوڵان، ١٩٩٥، ل١٣.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاشم رمضان، المصدرالسابق، ص ص١٧٨ -١٨٠.

(٦) د.علی تەتەر نێرۆەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٨٢.

(٧) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: فەیسـەڵ دەبـاغ، بـۆ شـێواندنی مێـژوو ئەوەی((فـازڵ بـەڕاك)) پێـی

(ئەحمەد یاسین) لە ناوچەی ڕێکەوتی باڵا لە لایەن ئەو هێزەی (ینك)ەوە کوژرا[١]، هاوکات لە گوندی (بێشیلی) سەر بە هەمان ناوچە، شوانێك دەکوژن کە سەر بە ڕێکخستنەکانی (س.ك) بوو[٢]. لە ڕاستیدا ئەم کردەوانەش دەبنە هۆی ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ (س.ك) زۆر ناخۆش ببێت و بە کوژرانی چەند کەسێکی تریش لە خەڵکی گوندی (دەهی) سەر بە ناوچەی ڕێکەوتی باڵا ناکۆکییەکان گەورەتر دەبن، ئەنجام لە شەڕێکی نێوان (س.ك) و(ینك)دا لە١٧ی تەمموزی ١٩٧٦، ئەو مەفرەزەیەی (ینك) چواریان لێ دەردەچێت و ئەوانی تر گشتیان دەکوژرێن[٣]، بەڵام لە هەندێك سەرچاوەی تردا ئاماژە بەوە دەکەن پێنج چەکداریان لەو مەفرەزەیە ڕزگاردەبن، دواتر لە ١٣ی ئایاری١٩٧٧ لە لایەن حکوومەتەوە دەستگیر دەکرێن، دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لە بەندیخانەی مووسڵ لەسێدارە دەدرێن[٤]. بەم شێوەیە هەر دوولا هەر لە یەکەم ساتی دەسپێکردنی شۆڕش لە جیاتی ئەوەی هاوسەنگەربن دژ بە دوژمنی ڕاستەقینەی کورد کە حکوومەتی عێراق بوو، کەوتنە گیانی یەکتر، دواتر ڕووداوی ناخۆش و خوێناوی لێدەکەوێتەوە.

هەڵبەت لەم قۆناغەدا، ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداری لە دژی حکوومەتی عێراق بە کارێکی قورس و دژوار دادەنرێت، لەبەر ئەوە حکوومەت تەواو لە باری سەرکەوتندا بوو، خاوەن توانایەکی زۆری سەربازی، ئابوورییەکی باش و چەکێکی پێشکەوتوو بوو، جگە لەوەش هەلومەرجی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ گەلی کورد لەبار نەبوو بە پێچەوانەوە حکوومەت لەم سەروبەندەدا جگە لە پشتگیری وڵاتانی هەرێمی، پشتگیرییەکی بەهێزی نێودەوڵەتی بە دەست هێنابوو[٥]. لە بارەی ڕۆژانی دەستپێکردنی شۆڕش مەسعود بارزانی دەڵێت: " هەر وەك (پەیمانی سنتو)[٦]زیندە

---

نەکرا ((ا.رەوشن)) دەیەوێت بیکات..؟، دەزگای ڕاگەیاندنی گوڵان، پیرمام،١٩٩٥ ،ل٨٢ بەدواوە.

(١) د.علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٨٢.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاشم رمضان، المصدرالسابق، ص ص١٧٨ -١٨٢.

(٣) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٨٢.

(٤) ئەو پێشمەرگانە بریتی بوون لە: (عەبدولڕەحمان سنجاری و ڕەشید میرانی و جاسم میرانی و ئەحمەد میرانی و عیزەدین سدیق خۆشناو). بڕوانە: عبداللە کریم محمود، مەفرەزە سەرەتاییەکان لە شەو زەنگەکاندا دەڤەری بادینانیان تەی کرد، ب.ش، ب.س، ل٦٥-٦٦.

(٥) د.جەمال فەتحوڵا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٧.

(٦) پەیمانی سنتو (CENTO)، لە بنەڕەتدا ناوی پەیمانی بەغدا بوو، لە نێوان عێراق و تورکیا و

بێتەوە وابوو»[1].

هەروەها لەو ئانوساتەی کە شۆڕش هەڵگیرسا وەك پێشتر باس کرا، سوپای عێراق بریتی بوو لە ١٦ تیپ، بەشێکی زۆری لە شوێنە گرنگەکانی کوردستاندا دامەزراندبوو، هەزاران قەڵای گەورە و سەربازگە و ڕەبیە و بازگەی تێدا دانابوو، شارەزاییەکی زۆر لە خاکی کوردستاندا پەیداکردبوو، چەکی نوێی کاریگەری خستبووە بەرنامەی کارەکانیەوە، هەروەها دوا لووتکەی کوردستانی داگیرکردبوو، تەواوی ناوچە نهێنییەکانی پێشمەرگەی پشکنیبوو[2]. سەرچاوەکان واپیشان دەدەن کە شۆڕشی گوڵان، بە پاڵپشتی گەلی کورد لە پارچەکانی تر کراوە و پشتی بە گەلی کورد و توانا ناوخۆییەکانی بەستبوو، نە تەنیا لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە پارچەکانی تری کوردستان، بە پلەیەك کوردانی باکووری کوردستان کە ڕۆڵێکی باشیان لە سەرهەڵدانەوەی شۆڕش هەبووە، لەوانە: (ماجد بەگی چەلی و یووسف بێرمانی و حاجی ساڵح ئاغا دۆسکی و حاجی ئەحمەد بەگ پنیانشی و پیرۆزی گۆران و مەلا مەحموود...تاد)[3]، لەم ڕووەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دابینکردنی کەلوپەل و تەنانەت پێداویستییە لەشکرییەکان. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانە ڕۆڵی تەتەر و نامەبەریان دەگێڕا، بەشێکیشیان بە

---

ئێران و پاکستان و بریتانیا لە ساڵی ١٩٥٥ بەسترا، کە لە ناوەڕۆکەوە دژی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردبوو لەو وڵاتانەی کە ئەندام بوون تێیدا، کە کورستانی بە سەردا دابەشکرابوو، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز ١٩٥٨، و دامەزراندنی کۆماری عێراق، لە ئاداری ١٩٥٩ عێراق لە پەیمانی بەغدا کشایەوە، بەوەش ناوەکەی گۆڕا بۆ پەیمانی (سەنتو)، بارەگاکەشی لە شاری بەغداوە بۆ (ئەنقەرە - تورکیا) گواسترایەوە. بڕوانە: فاروق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

(١) ڕاپۆرتی سیاسی و عەسکەری...،سەرچاوەی پێشوو.

(٢) سەروەر عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٥.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ یاسین تاها مەولود، ئاکرێ، ٢٠١٦/١/٢٤، یاسین تاها مەولود، بە مام یاسین ناسراوە، لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٧، لە گوندی زەنگەنای سەر بە قەزای بەردەڕەش، ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتیەوە دەکات، ساڵی ١٩٦٣ دەبێتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٦٨ لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە دەستگیر دەکرێت، دواتر بە هۆی ڕێککەوتنی (١١ی ئاداری١٩٧٠)ەوە ئازاد دەکرێت، دواتر لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە دەکاتەوە، ئێستا کارگێڕی لقی٩ی پارتییە لە شاروچکەی ئاکرێ، نیشتەجێی قەزای بەردەڕەشە. یاسین طە مولود، دەست نووسی (بڵاونەکراو).

چەکی خۆیەوە پێشمەرگە بوون لە ڕیزی شۆڕش[1]. لەم بارەوە مەسعود بارزانی دەڵێت: "بۆ تاریخ ئەیڵێم ئەگەر کۆمەکی پارتی دیموکراتی کوردستان – تورکیا و گەلی کورد لە کوردستانی سەروو (باکووری کوردستان - لێکۆڵەر)، هەروەها یارمەتی پارتی لە سووریا و لوبنان نەبایە مومکن نەبوو ئیعادەی تەنزیم بکرێتەوە پاش نەکسە»[2]. دوای ڕاگەیاندنی شۆڕش بە ماوەیەکی کەم (س.ك) ڕۆڵی کارای دەگێڕێ لە چەسپاندنی ڕیزەکانی خۆی، بە ڕێبازێکی تۆکمە و بەهێز جێگای خۆی لە ناو مەیدانی سیاسی و لەشکری باشووری کوردستاندا کردەوە، بە پێی بۆچوونی مەلا بەختیار: "سەرکردایەتی پارتی بە هێزێکی قورسەوە گەڕایەوە بۆ گۆڕەپانی خەبات پتر لە هەموو لایەنەکانی دیکە خەبات و چالاکی دەکرد، بە مەفرەزەی بچووکەوە لە کادیرە خوێندەوار و دڵسۆزەکانی خۆیانەوە دەستیان دا بە کاری پارتیزانی و زۆری نەخایاند هەر لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٦ بە دواوە سەراپای کوردستان چەکداری هەموو لایەنی تر لە ئامێز گرتەوە»[3]. هێزەکانی (س.ك) لە خەباتی چەکداریدا زیاتر شەڕی (پارتیزانی)یان[4]پەیڕەو دەکرد، وەك لەوەی شەڕی بەرەیی بکەن، هەر چەندە ئەمە ئەزموونێکی نوێ نەبوو، بەڵام لەم قۆناغەدا بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم شێوازەیان پەیڕەو دەکرد، هەروەها لەڕووی شەڕی پارتیزانییەوە، پێشمەرگەکان هەر ئەو پێشمەرگانە بوون کە لە شۆڕشی ئەیلولدا شارەزاییەکی باشیان لە شەڕی پارتیزانی بەدەست هێنابوو و سروشتی کوردستانیش بۆ شەڕی پارتیزانی زۆر لەبارە، پێکهاتەی مەفرەزەی پێشمەرگەیش لە ٢ یان ٣کەس پێك دەهات، بە پێی ئەو یاسا لە شکرییەی کە دەڵێت: " لە هەموو جێیەك هەبێ، لە هیچ جێگەیەکیش

(١) محمد خالد بوسلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

(٢) ڕاپۆرتی سیاسی و عەسکەری...،سەرچاوەی پێشوو.

(٣) مەلا بەختیار، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی...، ل٣٠٢.

(٤) شەڕی پارتیزانی، یەکێکە لە بناغەکانی خەباتی شۆڕشگێڕی گەلان لە پێناوی ئازادی، فەلسەفەی ئەو شەڕانە زیاتر هەڵمەتبردنی مەفرەزەی بچووك بچووکە بۆ سەر مۆڵگە و بنکەکانی هێزەکانی دوژمن، بە تایبەت لە دێهات و ناوچە دووره دەستەکان، لە هەمان کاتدا پێویستە هێزی پارتیزانەکان پەیوەندیان بە جەماوەر و بەرگری میللیەوە هەبێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا، بە هۆی لە باری سروشتی کوردستانەوە ئەم شێوازە خەباتە لە زۆربەی شۆڕشەکانی گەلی کورد پەیڕەو کراوە. بڕوانە: ئارەزوو یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

نەبـێ هەڵسـوكەوتیان دەكـرد»[1]. بـەو شـێوەیەش سـەریان لـە هێـزەكانی دوژمـن دەشـێواند و بـە شـێوەیەكی بەرچـاو لـە زۆر شـوێن تـووشی شكسـت دەبـوون و بەرانبـەر بـە گـورزی پێشـمەرگە خۆیـان نەدەگـرت. لـە ناوەڕاسـتی مانگـی حوزەیرانـدا بەشـێك لـە ئەندامـانی سـەركردایەتی گەیشـتبوونە ناوچـەكانی سـەر سـنووری زاخـۆ، شـەوی ١٩ -٢١ حوزەیـرانی ١٩٧٦، چەنـد چالاكییـەكی جۆراوجـۆر لـە دەوروبـەری زاخـۆ دژ بـە سـوپای عێـراق ئەنجـام دران، هـەر چەنـدە لـە سـەرەتادا بـە هـۆی هـەژاری شـۆڕش، سـەختی گەمارۆی سـەربازی لـە لایـەن حكوومـەتی عێراقـەوە، پێشـمەرگە پێـی نەدەكـرا لـە هەمـوو شـوێنێك كـردەوەی گـەورە و كاریگـەر ئەنجـام بـدات[2]. بـەڵام هـاوكات ئەنجامـدانی ئـەم جـۆرە چالاكییانـە دەنگدانـەوەی زۆری هەبـوو لـە سـەر هیوابـوونی خەڵـك بـە شـۆڕش و سـەلماندی وزە و ویسـتی كـورد كـە لـە پیلانـەكانی دوژمـن بەهێزترە.

پـاش بڵاوبوونـەوەی دەنگـی شـۆڕش، سـەدان جووتیاری خەڵـكی گوندەكانی كوردسـتان كـە وێـران كرابـوون، لەگـەڵ ئـەو ڕۆشـنبیرانە كـە لـە شـارەكاندا بـوون و دژی حكوومەت بـوون چوونـە نێـو ڕیـزی شۆڕشـەوە[3]، هەروەهـا بـە سـەدان كـەسی تریـش لـە شـوێنە جیاجیـاكان و ئـەو كوردانـەی كـە دوورخرابـوون بـۆ باشـووری عێـراق، پەیوەندییـان بـە شۆڕشـەوە كـرد، هـەر وەك لـە بەلاغـی كۆتایـی ڕاپـۆرتی سیاسـی كۆنگرەی ١١ی (پـدك) دا هاتـووە: "زۆری نەبـرد لـە دوای سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش، پێشـمەرگە و دڵسـۆزەكانی شـۆڕشی ئەیلـوول، هەریەكـە بـە گوێـرەی زروفی گونجـاو لـە شـوێنی خۆیـدا كەوتنـە

(١) یونـس ڕۆژبەیـانی، بـەردەوام بـوون یـان سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش؟، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (١٦٥٥)، ١٩٩٣/٥/٢٧، ل٣ ؛ چاوپێكەوتـن لەگـەڵ مـلازم یونـس ڕۆژبەیـانی، میحـوەری باشـیك، ٢٠١٦/٣/٢٠. یونـس ڕۆژبەیـانی، لـە دایكبـووی١٩٤٤، لـە گونـدی (زیلـكان)ی سـەر بـە قـەزای شـێخان، لـە ساڵی ١٩٦١دەچێتـە كۆلێـژی سـەربازی لـە بەغـدا، لـە هەمـان كاتـدا پەیوەنـدی بـە پارتیـەوە دەكات، ساڵی ١٩٧١ لـە لایـەن حكوومـەتی عێراقـەوە بـە تۆمـەتی ئەندامبـوون لـە پـارتی دەسـتگیر دەكرێـت، پـاش ماوەیـەك ئـازاد دەكرێـت، سـاڵی ١٩٧٤ دەبێتـە بەرپـرسی میحـوەری زۆزك، سـاڵی ١٩٧٦ پەیوەنـدی بـە شـۆڕش دەكاتـەوە، سـاڵی ١٩٧٩، لـە كۆنگـرەی (٩)ی پـارتی دەبێتـە ئەندامـی سـەركردایەتی، ساڵی ١٩٩٢ دەبێتـە ئەندامـی پەرلەمـان لـە سـەر لیسـتی پـارتی، سـاڵی ١٩٩٣ دەبێتـە وەزیـری ناوخـۆی هەرێمـی كوردسـتان ، لـە كۆنگـرەی (١٣)ی پـارتی لـە سـاڵی ٢٠١٠ جارێـكی تـر دەبێتـەوە ئەندامـی سـەركردایەتی، ئێسـتا لـە میحـوەری باشـیك لـە ئەركدایـە.

(٢) مسعود بارزانی، تا دەرفەتم دەبێ...،ل١.

(٣) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...،ل٨٠ .

خۆئامادەکردن بۆ مقاومەتی شۆڕشگێڕانە، هەر لەناو پەنابەرانی ئێران و تورکیا...تاد بگرە تا دەگاتە دەربەدەر و دوورخراوەکانی باشووری عێراق، لە ڕیزی جەماوەری کوردستان جموولی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەستی پێکرد»[1]. هەروەها یەکێک لەو هۆکارانەی کە خەڵک لە دەوری (س.ك) کۆکرایەوە بوونی ئەو سیاسەتە ناڕەوایانەی حکوومەت بوو بەرانبەر گەلی کورد، کە خۆی لە دەربەدەرکردن و وێران کردن...تاد دەبینییەوە، بەپێی سەرچاوەکان کە تەنیا لە ماوەی ئاداری ۱۹۷۵ تا سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری بە تۆمەتی کوردبوون نزیکەی ۳۰۰ هاولاتی دەربەدەر کرابوون و موڵك و ماڵیشیان لێ زەوت کرابوو، سەرەڕای ئەوەش بەوپەڕی دڕندایەتییەوە مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرد[2]. ئەمەش نموونەیەك بوو لە نێو سەدان نموونەی تری خراپتر لەمە.

هەڵبەت لە قۆناغە سەرەتاییەکانی شۆڕشدا گرنگترین ئەرکەکانی پێشمەرگە بریتی بوو لە پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن، مژدەی سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری، هەروەها هاندانی خەڵك بوو کە خۆیان لە حکوومەت دووربخەنەوە، خۆیان پێ نەفرۆشن، هاوکاری دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی حکوومەت نەکەن، هەروەها هانی خەڵکیان دەدا کە ڕێگە خۆش بکەن بۆ هاتنی پێشمەرگە بۆ ناو گوند و شارەکان[3]. ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییانە ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لە سەر خەڵك و خۆسازدان بۆ پەیوەندیکردن بە شۆڕش هەبوو، کە ئەمەش لە کاتێکدا بوو وەك لە پێشوودا باسکرا خەڵکی کوردستان بە گشتی لە سیاسەتی حکوومەت بێزار بووبوون، پێیان ئەستەم بوو بەم شێوەیە حکوومەت حورمەت و خاك و مافەکانی گەلی کورد لە سەر خاکی کوردستان پێشێل بکات، بۆیە بە چاوی بڕوا و متمانەوە دەیانڕوانییە کاروکردەوەکانی پێشمەرگە. هەروەها لە زۆربەی شوێنە سنوورییەکان، خەڵکی گوندەکان ماڵەکانیان کردبووە بارەگای پێشمەرگە و شوێنی حەوانەوەیان، تەنانەت پاسەوانی پێشمەرگەکانیشیان دەکرد، هەروەها ئامرازێك بوون بۆ گەیاندنی زانیاری لە بارەی جموولی سوپای عێراق بۆ مەفرەزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە

---

(۱) بەلاغی کۆتایی ڕاپۆرتی سیاسی، بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی(۱۱)ی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو، لە ٦ تا ٢٦ی ئابی ۱۹۹۳بەستراوە.

(۲) سەرکردایەتی کاتی، ڕێبازی بزووتنەوەی...، ل۷۷.

(۳) د.جەمال فەتحوڵا، سەرچاوەی پێشوو ، ل۱۰۹.

شـاخاوییەکان[١].

لـە چوارچێـوەی خەبـاتی چەکداریـدا، (س.ك) وەك شـێوازێك لـە شـێوازەکانی خەبـات گرنگـی زۆر بـە بـواری ڕاگەیانـدن درا، ئەگەرچـی لـەڕووی هونـەری، تەکنیـکی سـادە و سـاکاربوو، بـەڵام لـەم هەڵومەرجـە دژوارەدا دەوری خـۆی بینـی لـە گەیانـدنی پەیامـی ڕاستەقینەی خەبـات بـە جەمـاوەری کوردسـتان. لـەم بـوارەدا بـۆ یەکەمیـن جـار لـە ١ی تەممـووزی ١٩٧٦ (ڕۆژنامـەی خەبـات)ی دەرکـرد، یەکەمیـن ژمـارە لـەم خولـەدا ژمـارە (٥٢٧) بـوو، کـە لـە شـاری زاخـۆ بڵاوکرایـەوە، بـە دروشـمی: (خەبات لـە پێنـاو دیموکراتی بـۆ عێـراق، ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان) لـە بۆکسی لای ڕاسـت، لـە بۆکسی لای چەپیـش بـە دروشـمی: (یەکێتـی نیشـتمانی و خەبـاتی هاوبـەش لەگـەڵ هێـز و گرووپـە نیشـتمانپەروەر و پێشـکەوتنخوازەکانی وڵات ئامانجـی گـەلانی کـورد و عـەرەب دێتـە دی، پیلانـەکانی ئیمپرالیـزم و کۆنەپەرسـت و ڕەگەزپەرسـت لـە گـۆڕ دەنێـت)، نوسرابـوو[٢]. هەروەهـا لـە یەکـەم ژمـارەدا بـە ناوونیشـانی: (کاروانی ئەیلـوول بـەرەو پێـش ئـەڕوات) بابەتێـکی تێـدا بڵاوبووەتـەوە، کـە یەکـەم ژمـارە بـە زمـانی عـەرەبی بـوو، دواتـر بـە هـەر دوو زمـانی کـوردی و عـەرەبی بڵاودەکرایـەوە[٣] . لـەم ڕەوشـە دژوارەدا بەهـۆی نەبـوونی دەزگای ڕاگەیانــدن، تــا ڕادەیــەك ڕۆژنامــەی خەبــات ئــەم بۆشــاییەی پڕدەکــردەوە، کاریگـەری زۆری لـە سـەر خەڵـك و جۆشـدانیان هەبـوو بـە ئاراسـتەی پەیوەندیکـردن بـە ڕیـزەکانی پێشـمەرگەوە[٤]. دەتوانیـن بڵێیـن ڕۆژنامـەی خەبـات وەك زمـانی شـۆڕش

---

(١) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ ئیبراهیـم مسـتەفا یوسـف، دینارتـە، ٢٠١٦/٣/١٣. ئیبراهیـم مسـتەفا یوسـف، نـاسراوە بـە (فەقـی ئیبراهیـم چاربـوتی) لـە دایکبـووی ١٩٤٨ لـە گونـدی چاربـوت لـە دەڤـەری زێبـار، سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی پارتییـەوە دەکات، لـە مـاوەی (١٩٧٠ – ١٩٧٥) دەبێتـە پێشــمەرگە، دوای نسـکۆی ١٩٧٥، لــە باشــووری کوردســتان دەمێنێتــەوە، دوای ســەرهەڵدانەوەی شـۆڕشی گـوڵان، جارێـکی تـر پەیوەنـدی بـە شوڕشـەوە دەکات، تـا سـاڵی ٢٠٠٠ لـە پێشـمەرگایەتی بـەردەوام دەبێـت، دواتـر دەبێتـە وتـار خوێنـی مزگـەوتی گونـدی چاربـوت، ئێسـتاش هـەر لەسـەر ئـەم کارە بەردەوامـە، نیشـتەجێی هەمـان گونـدە.

(٢) ئەرسـەلان بایـز ئیسـماعیل، ڕاگەیانـدنی شـۆڕش و بزووتنـەوەی شـیعری کـوردی (١٩٧٥ – ١٩٩١)، چاپخانـەی ئۆفێسـتەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٣٢.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: فەلەکەدیـن کاکەیـی، صفحـات مـن إعـلام البارتـی منـذ عـام ١٩٧٤ حتـی إنتفاضـە آذار ١٩٩١، مەتیـن، مجلـە، العـدد:(٥)، شـباط، ١٩٩٦، ص ص٧٨ -٨٩.

(٤) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ مسـعود سرنی، دهـۆك، ٢٠١٥/١٢/١٣. مسـعود سرنی، نـاوی تەواوی (مسـعود

بــوو، ڕۆڵــی بەرچــاوی لــە دەرخســتنی هێــزی شــاراوەی (س.ك) و پێشــمەرگە هەبــوو، تــا ڕادەییــەك خەڵــك لــەو ڕێگــەوە ئاشــنای چالاكــی پێشــمەرگە و ســەركەوتنەكانیان دەبــوون[1]. هەروەهــا لــە ســەر ئاســتی دەرەوەش (س.ك) چەنــد گۆڤــار و ڕۆژنامــە و بڵاوكــراوە لــە مــاوەی (١٩٧٦-١٩٧٩) دەركــرد، لــە وانە):صــدی خەبــات، زۆزك، پێشــمەرگە لــە لایــەن لقــی٦ی (پــدك) لــە ئەوڕوپــا، گۆڤــاری زاگــرۆس لــە لایــەن لقــی٧ی (پــدك) لــە ئەمریــكا و كەنــەدا)، ڕێكخســتنەكانی (پــدك) لــە ڕێگــەی ئــەم بڵاوكراوانــەوە ڕۆڵێــكی باشــیان هەبــوو لــە گەیانــدنی پەیامــی كــورد بــە ڕای گشــتی جیهــان، هەروەهــا دووبــارە لــە ڕێگــەی ئــەم بڵاوكراوانــەوە ســەرهەڵدانەوەی شــوڕش و گەڕانــەوەی پێشــمەرگە بــۆ مەیــدانی خەبــات دەنگــی دابــووەوە لــە جیهــان[2].

حكوومــەت لــە چوارچێــوەی پیلانــەكانی خۆیــدا بــەردەوام هەوڵــی تێكــدانی پەیوەنــدی خەڵــك بــە (س.ك)ەوە دەدا، بــۆ ئموونــە لــەم كاتەدا(محەمــەد زمــام عەبدولــرەزاق) ســەرۆكی لێژنــەی هەماهەنگــی ئەمــن لــە پارێــزگای ســلێمانی داوا لــە بەڕێوەبەرایــەتی ئەمنــی ئۆتۆنۆمی(كارتــونی) كردبــوو كــە دەســتەی هاوڕەنــگ و هاوشــێوە بــە هەمــان جلوبەرگــی پێشــمەرگەوە دروســت بــكات، بــە نــاوی پێشــمەرگە كــردەوەی ناشــیرین و تێكدەرانــە و دوور لــە مامەڵــەی مرۆڤایــەتی ئەنجــام بــدەن و زۆری لــە خەڵــك بكــەن بــۆ ئــەوەی نــاوی پێشــمەرگە و(س.ك)، بــە خراپــی بڵاوببێتــەوە، بانگەشــەی خراپــی بــۆ بكــەن، بــۆ ئــەوەی خەڵكێــكی كەمتریــش پەیوەنــدی بــە ڕیزەكانیانــەوە بــكات، ناوبــراو داوا دەكات هاوكارییــەكی چاكــتر بــە كەســە بەرچــاوەكان و پیــاو ماقــوولان بدرێــت و لــەڕووی ســایكۆلۆژییەوە گرنگــی بــەو كەســانە بدرێــت كــە بــۆ باشــوور و ناوەڕاســتی

---

محیەدیــن تاهــر)ە، لــە دایكبــووی ســاڵی ١٩٦١، دەرچــووی ئامادەیــی پیشەســازی لــە شــاری دهــۆك، ســاڵی ١٩٨١ پەیوەنــدی بــە شۆڕشــەوە دەكات و دەبێتــە بێــژەر لــە دەنگــی ئێزگــەی گــەلی كوردســتانی عێــراق، تــا ســاڵی ١٩٩٢، ســاڵی ١٩٩٢ – ١٩٩٦ بووەتــە ئەندامــی لێژنــەی ئامێــدی، ســاڵی ١٩٩٧ دەبێتــە بەرپــرسی ڕێكخســتنی پێشــمەرگە لــە ســوپای یــەك، ئێســتە كارگێــڕی لقــی١ی پارتییــە و لەهەمــان كاتــدا بەرپــرسی نووســینگەی ڕاگەیانــدن و ڕۆشــنبیری لقــی یەكــە، نیشــتەجێی شــاری دهۆكــە.

(١) هێمــن حەســەن، ســەرەقەڵەمێك لــە مــەر ڕاگەیانــدن و چاپەمــەنی لــە شــۆڕشی گوڵانــدا، برایــەتی، ڕۆژنامــە، ژ: (٣٦٦٥)،٢٠٠٧/٥/١، ل٥.

(٢) بــۆ زانیــاری لەبــارەی ڕۆژنامــە و بڵاوكــراوەكانی دەرەوە بڕوانــە: وریا جــاف مێــژووی ڕۆژنامەگەریی پــارتی دیموكــراتی كوردســتان ١٩٤٦-١٩٩٦، بڵاوكــراوەی مەكتــەبی ناوەنــدی پــارتی، چاپخانــەی خەبــات، دهــۆك،١٩٩٦، ل٨٠ بەدواوە.

عێـراق ڕاگوێزرابـوون[1]. بـەڵام ئـەوی ڕاسـتی بێـت هەوڵەکانـی حکوومـەت کەڵـکی ئەوتـۆی نەبـوو بـۆ کۆنترۆڵکـردنی جەمـاوەر، نەیتوانیبـوو ڕێ لـە پەرەسـەندنی هاوسـۆزی خەڵـک بـۆ شـۆڕش بگرێـت. بەپێچەوانـەوە شـۆڕش بـەرەو گەشـەکردنی خێـرا هەنـگاوی دەنـا، پەیتـا پەیتـا بـوونی خـۆی لـە نـاو خەڵکـدا دەچەسـپاند، بـە تایبـەت پـاش کۆنفرانـسی ئـابی ١٩٧٦ لـە بەرلیـن، ئـەوکات (س.ك) بـە سیاسـەت و بەرنامەیـەکی نوێـوە گەڕایـەوە مەیـدانی خەبـات، کەوتـە هـەوڵ و کۆششـێکی زۆر بـۆ ئـەوەی وا لـە گـەلی کـورد و هێـزەکانی کوردسـتانی بگەیەنێـت کـە سـوودی زۆری لـە هەڵـەکانی پێشـوو و تێکشـکانەکەی وەرگرتـووە کـە دووچـاری شـۆڕشی ئەیلـوول هاتبـوو، بـە ڕێبازێـکی تـازەی خەبـات و چالاکـی جۆراوجـۆر تێدەکۆشـێت[2]. کـە واتـە هەسـتانەوەی (پـدك) تەنیـا خەبـاتی چەکـداری نەبـوو، بەڵکـو بـە خۆداچوونـەوە و ڕەخنەگرتنـی ئـەو لاوازییانـەش بـوو کـە لـە بـوارە جیاجیاکانـدا هەیبـوون[3].

بزاڤـی پێشـمەرگە لـە مانگـی ئـاب و ئەیلـوولی ١٩٧٦ لـە هەڵکشـاندابوو، تەنیـا لـەو مانگـەدا بـە دەیـان هەڵمەتیـان بـردە سـەر مۆڵگـە و ڕەبیـەکانی سـوپای عێـراق لـە ناوچـەکانی (سـلێمانی و کەرکـووك و خانەقیـن ...تـاد)، ئەگەرچـی چالاکییـەکان ئەوەنـدە گەورەنەبـوون، بـەڵام دەنگدانەوەیـەکی گـەورەی لـە سـەر ئاسـتی ناوخـۆ تەنانـەت دەرەوەش دروسـت کردبـوو[4]. بـۆ نموونـە لـەو ڕۆژانـەدا ڕۆژنامەنووسـێکی یۆنـانی بـە نـاوی (جـۆن ستەفاتۆن) وتارێـکی لـە گۆڤـاری پـارتی کرێـکارانی باڵـی چەپـڕەو لـە لەنـدەن بڵاوکـردەوە بەناوونیشـانی: " ئـەو کوردانـە نابەزن...کـەس ناتوانـێ کـورد ببەزێنـێ، کـەس ناتـوانی ئیرادەیـان بـۆ ئـازادی لاواز بـکات»[5]. ڕاسـتییەکەی سـەرهەڵدان و تەشـەنەکردنی خەبـات لـە لایـەن حکوومەتـەوە شـتێکی پێشـبینی نەکراوبـوو، لەبـەر ئـەوە حکوومـەت پێـی وابـوو شـۆڕش بـۆ هەتـا هەتایـە کۆتایـی هـات، بۆیـە هەمـوو

---

(١) د.علی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی حکوومەتی...،ب١، ل٥٠ -٥١.

(٢) فاتـح ڕەسـول، چەنـد لاپەڕەیـەك لـە مێـژووی خەبـاتی گـەلی کـورد ڕووداوو بەڵگەنامـە، ١٩٨٢ – ١٩٩٠، سـوید، ١٩٩٤، ل٣٥٣.

(٣) سـەرباز هەورامـی، ئەزمـونی سیاسـەتی هەرێمـی کوردسـتان لـە خوێندنەوەیـەکی فـرە ڕەهەنـدا، چاپخانـەی منـارە، هەولێـر، ٢٠٠٧،ل١٥٩.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانە:خەبـات، الجریـدة، العـدد: (٥٢٨)، ئەیلـوول ١٩٧٦، ص٤؛ خەبـات، الجریـدة، العـدد: (٥٣٠)، تشـرین الأول ١٩٧٦، ص٤ -٥.

(٥) گوڵان، گۆڤار، ژ: (٧٥)، ١٩٩٦/٦/١، ل٨.

شـێوازێکی توندوتیـژی گرتبووەبـەر بـۆ دامرکاندنـەوەی شـوڕش[١].

پـاش شـکاندنی ئـەو بێدەنگییـە، مەفـرەزەکانی (س.ك) لـە زۆربـەی ناوچـە سـنوورییەکان، ئاشـناییەکی زۆریـان لەگـەڵ جەمـاوەری گونـدەکان دامەزرانـد. لـە مانگـی ئـابی ١٩٧٦ مەفـرەزەی هێـزەکانی تـر لـە هەرێمـی سـوران پەیدابـوون، جگـە لـە پێشـمەرگەی (س.ك)، پێشـمەرگەی بزووتنـەوەی سۆسیالیسـت لەوانـە: (عـلی عەسـکەری)[٢] و(د.خالیـد سـەعید)[٣]...تاد، لەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگەیەکی هێـزەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجـدەران لـە ناوچەکـەدا پەیدابـوون، پێکـەوە لەگـەڵ هێـزەکانی (س.ك) کەوتنـە چالاکـی هاوبـەش دژی حکوومـەت [٤]. لـەم بارەیـەوە سـەید کاکـە دەنووسـێت: " لـە ڕۆژی ٨/ئاب/١٩٧٦بزووتنـەوەی سۆسیالیسـت بڕیـاری دا کـە بچێتـە شـاخ پـاش ئـەوە پەیوەندیـمان پـە پێشـمەرگەکانی پـارتی (س.ك)ەوە کـرد لـە قەندیـل»[٥].

هەڵبەتـە دوای گەیشـتنی ئـەم هێـزە لـە بـارەگای (س.ك) دادەنیشـن و دەکەونـە گفتوگۆکـردن لـە بـارەی پێکـەوە کارکـردن و بەهێزکـردنی یەکڕیـزی شـۆڕش بـۆ ئەنجامـدانی چالاکـی دژی حکوومـەتی عێـراق[٦]. لـە هەمـان کاتـدا (سـەعدی گچکـە) کـە ئـەوکات ئەندامـی سـەرکردایەتی بزووتنـەوەی سۆسیالیسـت بـوو، نامەیـەك بـۆ فرەنسـۆ

---

(١) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی عێراق...،ب١، ل٥٥ -٥٦.

(٢) عـلی عەسـکەری، یەکێـك بـوو لـە سـەرکردەکانی بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان ، لـە دایکبـووی ١٩٣٧، لـە تەمـەنی لاویـدا دەبێتـە ئەندامـی (ی.ق.ك)، لـە سـاڵی ١٩٦٤دەچێتـە پـاڵ باڵـی (م.س) ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا سـاڵی ١٩٧٠ ڕۆڵێـکی بـاش دەبینـێ لـە ئاشـتبوونەوەی باڵـی (م.س) لەگـەڵ مسـتەفا بـارزانی... بـۆ زیاتـر زانیـاری بڕوانـە: نەوشـێروان مسـتەفا ، لـە کەنـاری دانوپـەوە...، ل٣١٥.

(٣) د.خالیـد سـەعید، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٣٤، لـە تەمـەنی لاوێتـی تێکەڵـی کاری سیاسـی دەبێـت، دەبێتـە ئەندامـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، دوای شـۆڕشی ١٤ی تەمـووز١٩٥٨ دەبێتـە ئەندامـی لێژنـەی کۆیـەی پـارتی، سـاڵی ١٩٧٦ لـە دامەزرانـدنی بزووتنـەوەی سۆسیالیسـت ڕۆڵـی بـاڵای هەبـوو، لـە هەڵگیرسـانی شـۆڕشی تـازە ڕۆڵـی بـاشی دەبێـت، لـە هاوینـی ١٩٧٨ لـە شـەڕی هـەکاری لـە لایـەن سـەرکردایەتی کاتی دەکوژرێت...بـۆ زیاتـر زانیـاری بڕوانـە: هەمـان سـەرچاوە، ل٣١٨.

(٤) فرەنسـۆ هەریـری، بـۆ ئـەوەی مێـژوو بەچەواشــەیی نەنـووسرێ، لـە بڵاوکـراوەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان، هەولێـر، ١٩٩٥، ل٥.

(٥) سـەید کاکـە، چەنـد وتەیـەك بـە داوێنـی قسـەکانی جـلال تاڵەبـانی لـە یـادی دامەزرانـدنی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، گـوڵان، گۆڤـار، ژ: (٧٩)، ١٩٩٦/٧/١١، ل١٧.

(٦) ئەسعەد عەدۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

هەریـری دەنێرێـت، پاڵپشـتی و هـاوکاری خـۆی بـۆ (س.ك) و مسـتەفا بـارزانی دووپـات دەکاتـەوە[1]. لـە چوارچێـوەی ئـەم پەیوەندییـە، هێـزەکانی (س.ك) لەگـەڵ ئـەم دوو گرووپـە هەوڵـی پێکهێنـانی بەرەیـەکی لەشـکری هاوبـەش دەدەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نوێنـەری هەرسـێ لایـەن لەوانـە: (کەمـال کەرکـووکی لـە (س.ك)، ڕەسـووڵ مامەنـد و عـەلی عەسـکەری و خالیـد سـەعید لـە بزووتنـەوەی سۆسیالیسـت، مـولازم عومـەر عەبـدوڵا لـە کۆمەڵـەی ڕەنجـدەران) بەیانێـکی هاوبـەش دەردەکـەن کـە پوختەکـەی بریتـی بـوو لـە: (کارکـردنی هاوبـەش لـە یـەك سـەنگەر). لێرەدا تێبینـی ئـەوە دەکەیـن تـا ئـەو کات لـەم سـنوورەدا بارودۆخـی براکـوژی ناوچـەکانی بادینـان کاریگـەری نەرێنـی لـە سـەر یەکڕیـزی بزاڤـی پارتـە سیاسـییەکان نەبـوو، بـە پێچەوانـەوە چەنـدان چالاکـی هاوبـەش پێکـەوە ئەنجامـدەدەن[2]. بـەڵام ڕایـەکی تـر هەیـە کـە هەوڵـەکانی پێکهێنـانی بەرەیـەکی هاوبـەش لـە نێـوان ئـەم سـێ هێزانـەدا بـە هـۆی ناکۆکی لـە سـەر ژمـارەی ئەندامەکانیـان لـە نێـو بـەرەدا سـەری نەگـرت، بەپێـی قسـەی کەمـال کەرکـووکی: "هـۆکاری سـەرنەگرتنەکە ئەوەبـوو کـە( بزووتنـەوە و کۆمەڵـە) پێداگیربـوون لـە سـەر ئـەوەی دەبێـت ئـەوان هەردووکیـان ئەندامیـان هەبێـت لـە بـەرەدا، لـەم بارەشـدا ئـەوان دەبـوون بـە دوو ئەنـدام و پارتیـش یـەك، بۆیـە پـارتی قبووڵـی نەکـرد»[3]. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەرسێکیان لـە یـەك سـەنگەردا کاریـان دەکـرد، پەیوەندییـان لەگـەڵ یەکـتر ناکـۆك نەبـوو، بـەڵام ئـەم پەیوەندییـە نەبـوو بـە هـۆکاری چارەسـەری کۆتایـی کێشـەکانی نێـو لایەنـەکان، چونکـە هـەر دوولا (بزووتنـەوە و کۆمەڵـە) کـە دوو باڵـی (ینـك) بـوون، ڕۆڵیـان هەبـوو لـە شـەڕەکانی نێـوان (س.ك) و (ینـك) لـە سـنووری بادینـان، بـەڵام تـا ئـەوکات وەك بـاس کـرا کاریگـەری نەرێنـی لـە سـەر بزاڤـی کـوردی لـە هەرێمـی سـۆران دەرنەکەوتبـوو، لـە بـەر ڕۆشـنایی ئـەم پەیوەندییـەدا لـە ئـابی ١٩٧٦ مەفرەزەیـەکی هاوبـەشی (ینـك) بـە سـەرکردایەتی عـەلی عەسـکەری و لوقـمان حەمـەد ئاغـا و عەزیـز سـەرۆکوی و (س.ك)یـش بەسەرپەرشـتی کەمـال کەرکـووکی، لـە ناوچـەکانی (مـاوەت) لـە نـاو گونـدەکان دەسـووڕانەوە، حکوومـەت بەمـە زۆر دڵگـران بـوو کـە ئـاگاداری کاری هاوبـەش بـوو لـە نێـوان هێـزە کوردییەکانـدا، لـەم ماوەیـەدا

---

(١) فرەنسۆ هەریری، سەرهەڵدانەوە...، ل٣.

(٢) فرنسو هەریری، بۆ ئەوەی مێژوو...، ل٢٠.

(٣) د.کەمال کەرکووکی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣.

عـەلی عەسـکەری پەیوەندییـەکی پتـەوی لەگـەڵ (س.ك) دامەزراندبـوو، بـەڵام بـە هـۆی ڕووداوەکانی بادینانـەوە جـەلال تاڵەبـانی زۆر تـووڕە بووبـوو و بیـری تۆڵـەی لـە (س.ك) دەکـردەوە، عـەلی عەسـکەری تـرسی لەمـە هەبوو کـە ئاگری شـەڕی براکوژی ناوچەکەش بگرێتـەوە، هـەر بۆیـە بـۆ جـلال تاڵەبـانی نوسـیبوو: "کـورد تەنیـا یـەك دوژمنـی هەیـە ئەویـش (سـەدام حسـێن)ە، پێویسـتە دوژمنایـەتی و کینـەی نێـوان کـورد فەرامـۆش بکرێـت»، بـەڵام تاڵەبـانی بـە پێویسـتی زانیبـوو گرووپـەکانی (س.ك) لـە هەرێمـی سـۆران لـە نـاو بـەرن، بەهـوی ڕووداوەکانی بادینانـەوە[١]. بۆیـە دواتـر گـڕی تولەسـەندنەوە لـەو ناوچەیەشـدا پـەرە دەسـێنێت. کـە واتـە لێـرەدا هـەر زوو دەردەکەوێـت کـە لـە ڕووی کرداریـیـەوە (س.ك) و (ینـك) کاریـان بـە دروشـمی فرەحزبـی و پێکـەوە کارکردنیـان نەدەکـرد کـە بـە درێـژی ئـەم ماوەیـە بانگەشـەیان بـۆ دەکـرد[٢]. بـە پێچەوانـەوە بـە هـۆی ڕێکنەکەوتـن و خـۆ نەگونجانـدنی هـەر دوو حـزب لەگـەڵ سیسـتەمی فرەحزبـی ڕەنگدانـەوەی خراپـی لـە سـەر بزاڤـی گـەلی کـورد نـەك تەنیـا لـە باشـووری کوردسـتان بگـرە لـە پارچـەکانی تـری کوردسـتانیش دروسـت کـرد، دواتریـش ئـەم سیاسـەتە بـووە وێرانکارییـەکی گـەورە بـۆ کـورد و خاکەکـەی و زڕانـدنی ناوبانگـی. هـەر چەنـدە پـاش ئـەو بارگرژییـەی لـە نێـوان (س.ك) و (ینـك) لـە بادینـان لـە لایـەن زۆر کەسـایەتی و پـارت و بەرهەڵسـتکارەکانی دژی حکوومـەت، هـەوڵ هەبـوو ئـەم پرسـە بـە ئاشـتی و گفتوگـۆ چارەسـەر بکـەن، لەوانـە (تـوع) و سـەرکردایەتی هەرێمایـەتی عێراقـی حزبـی بەعـسی عـەرەبی سۆسیالیسـتی لـە سـووریا بـە سـەرکردایەتی (باقـر یاسـین)، لـە سـەر ئاسـتی ناوخۆشـدا مەسـعود بـارزانی، (جەوهـەر نامیـق) سـەرکردەی مەیـدانی شـۆڕش بانـگ کـردە لەنـدەن و ڕایسـپارد کـە دەبـێ دان بەخـۆدا بگـرن و نابێـت بارودۆخێـکی وا بڕەخسـێت کـە ناکۆکییـەکان قووڵتربـن و شـەڕی ناوخـۆی لـێ بکەوێتـەوە، هـەر لـە چوارچێـوەی هەوڵـی چارەسـەری ئـەم پرسـە، (عـەلی شـنگاری) نامەیـەکی جـلال تاڵەبـانی بـۆ مەسـعود بـارزانی بـردە لەنـدەن، مەسـعود بارزانیـش بـە دڵخۆشـییەوە پێشـوازی لـەو نامەیـە کردبـوو، پـاش زەمینەسـازی، چەنـد کۆبوونـەوە و گفتوگۆکـردن، سـەرئەنجام لـە بەهـاری ١٩٧٦ ڕێککەوتنـی مەیـدانی لـە نێـوان (س.ك) و (ینـك) بـە نێوەندگیـری (باقـر یاسـین) ئیمـزا کـرا، بـەڵام ئـاکام نـەك تەنیـا هیچـی لـێ بەرهـەم نەهـات بەڵکـو

---

(١) د.علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٨٨ -٨٩.

(٢) د.جەمال فتحوڵلآ تەیب، سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٤.

ناکۆکییەکان و پڕوپاگەندەکان و یەکتر شکاندن زیاتر تەشەنەی کرد، نەك لە سەر ئاستی تیوری بەڵکو چووە باری کردارییەوە، بە بڕیاری توند و جێبەجێکراو کەوتنە سەنگەر لە یەکتر گرتن، باشووری کوردستان لە سایەی ئەم سیاسەتەدا بە کردار لە ماوەی(١٩٧٧- ١٩٨٦) دابەشی دوو دەسەڵاتی دژ بە یەك بوو[١]. لە بارەی هۆکاری سەرنەگرتنی ئەم ڕێککەوتنە بیروڕای جیاواز هەیە، هەر دوولا یەکتر بە شکاندنی ڕێککەوتنەکە تۆمەتبار دەکەن، لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەنووسێت: "مستەفا بارزانی ڕێککەوتنەکەی قبووڵ نەکرد و پابەندی بەندەکان نەبوو»[٢]. بەڵام لە هەمان پرسدا، عارف تەیفوور دەڵێت: "سەرکردایەتی یەکێتی، بە بەردەوامی و بەڕاشکاوی بە ئێمەی ڕاگەیاند ئێوە وجوودتتان نییە لە کوردستان، لە سایەی چەند عەشیرەتێکی دواکەوتووی باکووری کوردستان خۆیان فەرز دەکەن بە سەر ئێمە، ئەمەش وای کرد کاردانەوەمان هەبێت، ڕێککەوتنەکە نەچێتە بواری جێبەجێ کردن»[٣]. لەم بارەیەوە د.مەحموود عوسمان دەڵێت: "هۆکاری سەرنەگرتنی ئەم ڕێککەوتنە، نەبوونی متمانەبوو لە گەڵ یەکتر، بە شێوەیەك هەردوو لایەن گومان و تێبینی زۆریان لە سەر یەکتری هەبوو»[٤]. بۆیە دەبینین ڕووداوەکانی دوایی ئەوەی سەلماند، کە ئەم بۆچوونە لە هەموویان نزیکترە لە ڕاستییەوە، بە جۆرێك هەر دوولا ناکۆکی و پرسی شەستاکانیان لە سەر یەکتری ساغ دەکردەوە.

وێڕای شەڕی ناوخۆ چالاکییە لەشکرییەکانی (س.ك) لە سەرەتای ١٩٧٧دا لە ئاستێکی باشدا بوو، مەفرەزەکانی پێشمەرگە دەگەیشتنە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بە تایبەت کاتێك ڕێکخستنی پارتایەتی لە ناوخۆی شارەکاندا بەهێز بوو، ژمارەیەك لە کادیرانی پێشووی (پدك) ئەرکی ڕێکخستنی ناوخۆیان لەئەستۆ گرتبوو، هەر لەبەر ئەوە ترسی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی حکوومەت زۆرتر بوو، بۆیە بە توندی کەوتنە چاودێریکردنی ئەندام و کادیرەکانی پێشووی (پدك) لە ناو شارەکاندا، لە هەر شوێنێك دەستیان پێگەیشتبایە بەوپەڕی دڕندایەتییەوە مامەڵەیان لە گەڵدا

(١) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٨٦.

(٢) نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوپەوە...، ل١٥٨.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.محمود عوسمان، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.

دەکردن، هەر لەم قۆناغەدا ژمارەیەك لە کادیرانی سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی[١]، ناو شار دەستگیرکران و دواتر لە سێدارە دران[٢]. پاش پەرەسەندنی شۆڕش، ژمارەی پێشمەرگە لە زیادبووندا بوو، ئەگەرچی هیچ ئامارێکی فەرمی لە بارەی ژمارەی پێشمەرگە لەم قۆناغەدا (١٩٧٦ - ١٩٧٩) لە بەردەستدا نییە، هەر بۆیە ڕای جیاواز هەیە کە هەندێك پێیان وایە ژمارەیان نزیکەی ١٥٠٠٠ هەزار پێشمەرگە بووە، لەم بارەوە عارف تەیفوور دەڵێت: " تەنیا لە سنووری هەرێمی سۆران نزیکەی (٨٠٠٠ - ٩٠٠٠) پێشمەرگە دەخەملێنران»[٣]. لە ڕاستیدا بوونی ئەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگە لەم ڕەوشە دژوارەدا ڕەنگە ئەستەم بێت. هەروەها لەم بارەوە ڕایەکی تر هەیە، کە نزیکەی١٤٠٠٠چواردە هەزار مەزەندە دەکرێت، کە بەشی زۆریان لە(بەرگری میللی)[٤]و پێشمەرگەکانی باکووری کوردستان پێکهاتبوون[٥].

لە ئەنجامی گەشەسەندن و بەرفراوانبوونی سنووری شۆڕش، پێویستی بە پێشمەرگە و کادیری زیاتربوو، بۆ دروست نەبوونی بۆشایی لە ناوچە ئازادکراوەکان،

---

(١) لە ئاداری ١٩٧٧، گروپێکی سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتی لە شارەکانی دهۆك، زاخۆ، سێمێل، بەغدا، ئاشکرا دەبێت کە سەرجەمیان ٧٤ کەس بوون، لە لایەن دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی حکوومەتەوە دەستگیر دەکرێن، (٨) لەو ئەندامانە لە سێدارە دەدرێن، ژمارەیەك لەوانە لە ژێر ئەشکەنجەدان گیانیان لە دەست دا...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گوڵان پێشمەرگە و بەرخوەدان (چەند سەرهەڵدانێ پێشمەرگەی)، چاپخانەی هاوار، دهۆك ، ٢٠١٠، ل١٠بەدواوە.
(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ تاهر هروری، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مسعود سرنی، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١٣.
(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، خازر، ٢٠١٦/٣/٣.
(٤) بەرگری میللی، بریتی بوو لەو هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕانە، کە بە فەرمی پێشمەرگە نەبوون، بەڵام ئەرکی بەرگریکردنیان لە ناوچە ئازادکراوەکان جێبەجێ دەکرد، هەندێك جاریش لە هێرشەکانی شۆڕش بۆ سەر دوژمن بەشدار دەبوون، ڕۆڵی باڵایان هەبوو لە دەستکەوتەکانی شۆڕش، لە کاتی شۆڕشی ئەیلوول ئەو ناوەیان بۆیان بەکارهاتبوو. بڕوانە: د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٢٨٢.
(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ توفیق ئاکرەیی، ئاکرێ، ٢٠١٦/٣/١٦. توفیق سەلیم، ناسراوە بە (توفیق ئاکرەیی)، لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٣ لە شارۆچکەی ئاکرێ، لە شۆڕشی ئەیلوول لە بواری ڕاگەیاندندا کار دەکات، دوای نسکۆی ئاداری ١٩٧٥، ئاوارەی ئێران دەبێت، ساڵی ١٩٨٠ دەبێتە کارگێڕی لقی٤ی پارتی لە سلێمانی، دواتر دەبێتە بەرپرسی چاپخانەی خەبات، ئێستاش کارگێڕی لقی٩ی پارتییە لە شاروچکەی ئاکرێ، نیشتەجێی هەمان شارۆچکەیە.

ئـەو کاتـە مەسـعود بـارزانی لـە ئەمریـکا بـوو لەگـەڵ بـاوکی بـۆ چارەسـەری نەخـۆشی، داوا لــە ئیدریــس بــارزانی دەکات چەنــد فەرماندەیــەکی شــۆڕشی ئەیلــوول ڕەوانــەی کوردســتان بــکات[1]. دواتــر ئیدریــس بــارزانی بــە نهێنــی بانگــی چەنــد کادیــر و فەرماندەیــەکی پێشــمەرگەی ئەیلــوول دەکات، دواتــر لــە ماڵــی محەمــەد مــەلا قــادر لــە (کــەرەج) لــە ڕۆژهــەڵاتی کوردســتان، لــە گەڵیــان کۆدەبێتــەوە[2]. خورشــید شــێرە یەکێـك بـوو لـە بەشـداربووی کۆبوونەوەکـە، لـە چاوپێکەوتنێکـدا دەڵێـت: "ئیدریـس بـارزانی نزیکـەی٦٠ فەرمانـدەی لەشـکری  بانـگ کـران، سـەرئەنجام بـارزانی بـە ئێمـەی ڕایگەیانـد ئەگـەر دەرگایـەك هەبێـت بـۆ گەڕانـەوە بـۆ باشـووری کوردسـتان کـەس هەیـە ئامادەبێـت، لـە وەڵامـدا  هیـچ  کـەس لەئێمـە لاریـمان نەبـوو، ئەوەبـوو لـە کۆتایـدا لێژنەیەکـمان پێکهێنـا بـە مەبەسـتی گـەڕان و ناونووسـکردن لـە نـاو پەنابـەران، دوای چەنـد هەفتەیـەك توانیـمان زیاتـر  لـە٦٣٠ کـەس ناونـووس بکەیـن»[3]. هەروەهـا هیـچ کەسـێك بەبـێ چاوپێکەوتنـی ئیدریـس بـارزانی بـۆ وڵات دانەدەبـەزی، لـە لایـەن ئــەو پێداویســتییە لەشــکری و داراییــەکانی بــۆ دابیــن دەکــرا، دواتــر بــە کۆمەڵێــك ئامۆژگارییـەوە ڕەوانـەی باشـووری کوردسـتان دەکـران[4]. پـاش تەواوکـردنی ئامـادەکاری، دیاریکـردنی شـوێن و ناوچـەکان، ئیدریـس بـارزانی لـە بەهـاری ١٩٧٧ بڕیـار دەدات بـە شـێوەی مەفـرەزەی بچـووك بچـووك بگەڕێنـەوە بـۆ ئـەو ناوچانـەی کـە لـە سـەری ڕێککەوتـوون، هەڵبـەت سـەرەتا بـە سەرپەرشـتی هەریەکـە لـە: (مسـتەفا نێروەیـی و عەریـف یاسـین و حەمیـد ئەفەنـدی)، کۆمەڵێـك پێشـمەرگەی بـۆ هەرێمـی بادینـان

---

(١) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ حەمیـد ئەفەنـدی، میحـوەری باشـیك، ٢٠١٦/٣/٢٠.حەمیـد ئەفەنـدی، نـاوی تـەواوی (حەمیـد حسـێن مـەلا) بـە (حەمیـد ئەفەنـدی) نـاسراوە، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٣٣ لـە ناوچـەی سیدەکان لـە ناحیـەی برادۆسـت، لـە سـەرەتادا پیشـەی مامۆسـتا بـوو، سـاڵی ١٩٦١ دەبێتـە پێشـمەرگە لـە ڕیـزەکانی شـوڕش، لـە کۆنگـرەی نۆیەمـی پـارتی سـاڵی ١٩٧٩ دەبێتـە ئەندامـی لێژنـەی مەرکـەزی، لـە کۆنگـرەی دەیـەم، یـازدەم تـا کۆنگـرەی ١٣ی پـارتی بـە ئەندامـی لێژنـەی مەرکـەزی هەڵدەبژێردرێــت، ســاڵی ١٩٩٩- ٢٠٠٠ بەرپــرسی دەزگای ئەیلــوول بــووە، ســاڵی (٢٠٠١ – ٢٠٠٦) دەبێتـە وەزیـری پێشـمەرگە، ئێسـتاش بەرپـرسی میحـوەری باشـیکە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد ملا قادر، پیرمام، ٢٠١٥/١٢/٢.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ خورشید شێرە، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٥.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالله حمید نعمان، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٤.

نـاردەوە[1]. هەروەهـا دەسـتەیەكی تـری پێشـمەرگە لـە ئێـران بـە سەرپەرشـتی (مـلازم یونـس ڕۆژبەیـانی) دەگەنـە ناوچەكـە، كـە ژمارەیـان ١٠ - ١٢ كـەس بـوو. سـەرەتا بڕیـار لـە سـەر ئـەوە درابـوو كـە بـەرەو هەرێمـی سـۆران بـەڕێ بكـەون، بـەڵام بـە هـۆی بارودۆخـی خراپـی ناوچەكـە و، چاودێـری توونـدی سـنووری، لـە سـەر داوای ئیدریـس بـارزانی بـەرەو هەرێمـی بادینـان چـوون[2]. هەڵبـەت دوای گەیشـتنی ئـەم پێشـمەرگانە خەبـاتی چەكـداری توونـدتـر دەبێـت، بـە ماوەیـەكی كـەم چەنـد كردەوەیـەكی سـەربازی دژی پێگـەكانی حكوومـەت ئەنجـام دەدەن، هەروەهـا ئومێدێـكی زۆر بـۆ خەڵـكی ناوچەكـە دەگەڕێننـەوە[3]. هـاوكات ئیدریـس بـارزانی، دەسـتەیەكی تـری پێشـمەرگە بـە سەرپەرشـتی هەریەكـە لـە: (تەحسـین شـاوێس و ئەسـعەد محەمـەد ساڵح ڕۆژبەیـانی و قـادر فـەرەج و مـولازم حەسـەن خۆشـناو و نەسرەدیـن مسـتەفا و عەبدولڕەحـمان حاجـی عـەلی و قـادر قـادر ...تـاد) بـۆ سـنووری سلێمانی، هەروەهـا (ئـازاد قەرەداغـی) لەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگەی تـر بـەرەو سـنووری دەوروبـەری كەركـووك، هەروەهـا (خورشـید شـێرە و ڕەسـووڵ فەقێ...تـاد) بـەرەو سـنووری هەولێـر بـەڕێ كـران، بـە شـێوەی مەفـرەزەی پارتیـزانی بچـووك بچـووك بـە سـەر ناوچەكـەدا دابـەش بـوون و دەسـتیان بـە چالاكـی لەشـكری، ڕێكخسـتنی پارتایـەتی كردبـوو[4].

هـەر چەنـدە لـە سـاڵی ١٩٧٧دا لێـك نزیكبوونەوەیـەك لـە نێـوان شـای ئێـران و ئیدریـس بـارزانی هەیبـوو، بـەڵام دەردەكەوێـت ئـەو پەیوەندییـە لـە قاڵبێـكی سیاسـیدا نەبـوو، بەڵكـو زیاتـر لـە چوارچێـوەی خۆشـكردنی گـوزەرانی پەنابەرانـدا بـوو[5]. لەبـەر ئـەوە حكوومـەتی ئێـران پەیامێـكی بـە ئیدریـس بـارزانی ئیمـزا كردبـوو كـە بەرپرسـە لـە جموجووڵـی گشـت پەنابـەران كـە ئـەو كات لـە شەسـت هـەزار كـەس زیاتربـوون

---

(١) چاوپێكەوتـن لەگـەڵ حمیـد ئەفەنـدی، میحـوەری باشـیك، ٢٠١٦/٣/٢٠؛ بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: مسـتەفا نێروەیـی، بـەردەوام بـوون یـان سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (١٦٥٨)، ١٩٩٣/٥/٣٠، ل٣.

(٢) یونـس ڕۆژبەیـانی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣؛ چاوپێكەوتـن لەگـەڵ مـلازم یونـس ڕۆژبەیـانی، میحـوەری باشـیك، ٢٠١٦/٣/٢٠.

(٣) كریس كۆچێرا، بزووتنەووەی نەتەوەیی...، ل٦٤.

(٤) یونـس ڕۆژبەیـانی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣ ؛ چاوپێكەوتـن لەگـەڵ خورشـید شـێرە، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٥.

(٥) چاوپێكەوتن لەگەڵ یاسین تاها مەولود، ئاكرێ، ٢٠١٦/١/٢٤.

کـە لـە سەرانســەری ئێـران دابـەش کرابـوون، بەپێـی نـاوەڕۆکی ئـەم پەیامـە: "هـەر پێشـمەرگەیەکی نـاو ئێـران هاتوچـۆی نـاو عێـراق بـکات، جـا بـۆ هـەر هۆیـەك بێـت ئـەوە ئێـران ئیدریـس بـارزانی بـە بەرپرسـیار دەزانێـت، یەکسـەر دەیگرێـت و دەیداتـە دەسـتی حکوومـەتی عێـراق»[١]. بـەم شـێوەیە ئێـران بـە هەمـوو شـێوەیەك دژی بزاڤـی گـەلی کـورد بـوو.

لـەم سـەروبەندەدا دەسـەڵات و پێگـەی (س.ك) لـە سـنووری هەرێمـی بادینـان لـە هەڵکشـاندا بـوو، بـەڵام هـاوکات لـە ناوچـەی سـنووری هەرێمـی سـۆران بـارودۆخ جیـاواز بـوو، بـە شـێوەیەك لـە خراپـی بـەرەو خراپـتر دەچـوو، لـەم بارەیـەوەش ڕای جیـاواز هەیـە، هەندێـك سـەرچاوە وای بـۆ دەچـن بـە هـۆی گەمـارۆی توونـدی ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر لـە سـەر سـنووری عێـراق و ئێـران دەرفـەتی ڕەوانەکـردنی پێشـمەرگە و ئەنجامـدانی چالاکـی لەبـار نەبـوو[٢]. بـەڵام ڕایـەکی تـر هۆیەکـەی بـو ئـەوە دەگەڕێنێتـەوە کـە سـەرکردە مەیدانییـەکانی (س.ك) لـە ناوچەکـەدا گوێڕایەڵـی یەکـتر نەبـوون و ناکۆکییـان لـە سـەر دەسـەڵات هەیبـوو[٣]. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەندێـك سـەرچاوە ئەگـەری لاوازی دەسـەڵاتی (س.ك) لـە سـنووری هەرێمـی سـۆران بـۆ بـوونی ناکـۆکی و ململانێـی نێـوان (س.ك) و (ینـك) دەگەڕێنـەوە، لـە چاوپێکەوتنێکـدا محەمـەد مـەلا قـادر دەڵێـت: "بـوونی لاوازی پـارتی لـە سـنووری هەرێمـی سـۆران باگراوندێـکی مێژوویـی هەیـە کـە بـۆ شەسـتەکان دەگەڕێتـەوە، هەروەهـا بـە هـۆی دەرکەوتنـی ناکـۆکی ئـەم دواییـەی (١٩٧٦-١٩٧٧)، نێـوان پـارتی و یەکێتـی، دەسـەڵاتی پـارتی لـە ناوچەکـەدا بـەرەو لاوازتـری بـرد»[٤]. سـەرەڕای ڕای جیـاواز لـە سـەر بـوونی لاوازی پێگـەی (س.ك) لـە سـنووری هەرێمـی سـۆران، ڕووداوەکانی دوایـی سـەلماندیان کـە گەڕانـەوەی سـەرکردایەتی (ینـك) بـۆ باشـووری کوردسـتان بڕیـاری پاککـردنی (س.ك) یـان دابـوو لـە هەرێمـی سـۆران و تەنانـەت لـە هـەر شـوێنێك کـە پێـی بکرێـت[٥].

---

(١) فەلەکەدین کاکەیی، کۆ بەرهەم، ب٨، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ،٢٠١٥، ل١٠٠.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ خورشید شێرە، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٥.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، خازر، ٢٠١٦/٣/٢٠.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد مەلا قادر، پیرمام، ٢٠١٥/١٢/٢.

(٥) مـەلا بەختیـار (حیکمـەت محەمـەد کەریـم)، یاخـی بـوون لـە مێـژوو (لێکدانـەوەی ئـاوەژوو نەکـردنی ڕاسـتیەکان)، چاپخانـەی دانـاز، ب.ش، ١٩٩٨، ل٧٤.

ئـاكام ئـەو پەیوەندییـە دۆسـتانەی نێـوان (س.ك) لەگـەڵ (بزووتنـەوە و کۆمەڵـە)، بـەرەو ئاقـاری دژیـەك دەبـات، هـەر وەك سـەید کاکـە دەنووسـێت: "لـە مانگـی ئـابی١٩٧٦ ( لـە دامەزرانـدنی بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان-لێکۆڵەر) تـا ئەیلـوولی ١٩٧٧( تـا گەڕانـەوەی سـەرکردایەتی یەکێتـی بـۆ باشـووری کوردسـتان-لێکۆڵەر) کـە دەکاتـە دوو سـاڵ و یـەك مانـگ لـە شـۆڕش، هیـچ گیروگرفتێـك لـە نێـوان پـارتی و بزووتنـەوە و کۆمەڵـە لـە ناوچەکـەدا نەبـوو»[1].

جـەلال تاڵەبـانی سـکرتێری گشـتی (ینـك)، لـە سـەر پێداگیـری (عـەلی عەسـکەری) لـە پایـزی ١٩٧٧دەگەڕێتـەوە بـۆ باشـووری کوردسـتان، چونکـە لـەو قۆناغـەدا وەرەی پێشـمەرگەکانی (ینـك) بـە هـۆی نەبـوونی ڕابـەری حزبـەوە ئەوەنـدە بەهێـز نەبـوو، (عـەلی عەسـکەری) ئـەو کات پەیوەنـدی خـۆی لەگـەل(س.ك) خۆشـکردبوو، ئـاگاداری ئەوەبـوو کـە هێشـتا جـەلال تاڵەبـانی لـە دیمەشـق بـوو بـە توونـدی دژایـەتی(س.ك) و بارزانییـەکان دەکات، بـۆ ڕێگریکـردن لـە شـەڕی بـرا کـوژی ناوبـراو بـۆ تاڵەبـانی دەنووسێت: "تەنیـا دوژمنـی میللـەتی کـورد حکوومـەتی عێـراق و (سـەدام)ە»[2]، بـەڵام جـەلال تاڵەبـانی لـە سـەر ئـەوە سـوور بـوو گشـت کۆمەڵـەکانی سـەر بـە(س.ك) لـە مەیـدان وەدەرنـێ. پـاش گەڕانـەوەی تاڵەبـانی، لـە ئـابی ١٩٧٧سـەرکردایەتی (ینـك)، لـە دۆڵـی (خواکـورك) لـە ناوچـەی سـێ سـنوور کۆبوونەوەیـەکی گشـتی سـازدا، مـەلا بەختیـار دەڵێـت: " لـە کووبونەوەکـەدا لـە بـارەی پـارتی بڕیـاری ئـەوە دەدەن، ئەگـەر دەسـتیان بـوو پێـش ئـەوەی لـە حکوومـەت بـدەن لـە سـەرکردایەتی کاتی بـدەن»[3]. لـەم هەڵومەرجـەدا بـۆ خۆشـکردنی ئاگـری دووبەرەکی،حکوومـەتی عێـراق لـە تشـرینی دووەمـی١٩٧٧ هەوڵـی گفتوگـۆ دەدات لەگـەڵ (ینـك)[4]. بـە پێـی سـەرچاوەکان حکوومـەت بە(ینـك)ی گوتبـوو بـە چ مافێـك ئێـوە داوای ئۆتۆنۆمـی دەکـەن، ئـەوە خەڵـکی تـر هەیـە بـڕۆن لەناویـان ببـەن، مەبەسـت (س.ك)ە، ئـەو کات فەرمـوون

---

(١) سەید کاکە، چەند وتەیەك لە داوێنی...، ل١٦.

(٢) دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد...، ل٥٦٥.

(٣) مەلا بەختیار، یاخی بوون لەمێژوو...، ل٧٤.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی گفتوگـۆکانی و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لـە گـەل حکوومـەتی عێـراق. بڕوانـە: د.عـلی تەتـەر، سیاسـەتی حکوومـەتی عێـراق ...،ب١، ل٥٢ بـەدواوە؛ عاصـم یونـس مجیـد، المصدرالسـابق، ص ص١١٩-١٣٥.

وەرن مفاوەزاتتـان لەگەڵـدا دەکەیـن[١]. بەپێـی بەیانێـکی (س.ك) کـە تێیـدا هاتـووە: " سـەرکردایەتی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لـە سـەر ئـەوە ڕازی ببـوو کـە حکوومـەت ڕۆڵـی پـێ بـدات لـە ئۆتۆنۆمـی کارتۆنی(ئوتونومـی ١٩٧٤- لێکۆڵـەر)، لـە بەرانبـەردا هەڵدەسـتێت بـە دژایـەتی کـردن و پاکتاوکـردنی سـەرکردایەتی کاتی لـە کوردسـتان»[٢]. بۆیـە دەبینیـن پـاش گەڕانـەوەی سـەرکردایەتی (ینـك) وەك نەوشـێروان مسـتەفا دەنووسـێت: "ئێمـە ئـاگاداری چەکـدارەکانی پارتیـمان کـرد، ئەبـێ واز لـە پـارتی بهێنـن، بێنـە ڕیـزی یەکێتـی، یـان ئەبـێ سـنووری سـۆران بەجـێ بهێڵـن»[٣]، ئەنجـام پـاش ماوەیـەك پێشـمەرگەکانی (س.ك) سـەر بـە بـارەگای سـەرکردایەتی هەرێمـی سـلێمانی و کەرکـووك کـە لـە (نـۆکان) لـە سـەر خـاکی ئێـران بـوو، بـە بـێ ئـەوەی خوێنـی کـورد بـدەن بەڕشـتن، ناوچەکـە بەجـێ دێڵـن، دوای چەنـد ڕۆژێـك لـە چۆڵکـردنی بارەگاکـە، خانووەکانیـان لـە لایـەن (ینـك)ەوە کـران بـە بـارەگای مەکتـەبی سیاسـی[٤]. هەروەهـا لـەم سـەروبەندەدا چەکـدارەکانی (ینـك) درێغییـان نەکـرد لـە پابەندبـوون بـە بڕیـاری مەکتـەبی سیاسـی حزبەکەیـەوە کاتێـك گوتبـووی: " لـە هـەر شـوێنێك بـن دژ بـە سـەرکردایەتی کاتی ڕابوەسـتن»، مـەلا بەختیـار دەڵێـت: "ئـەو کات کـە بڕیـاری مەکتـەبی سیاسـی گەیشـتە ئێمـە، لـە هەرلایـەك بۆمـان هەڵبکەوتبایـە بڕیارەکەمـان جێبەجـێ دەکـرد»[٥]. ئـاکام بـە سـەرکردایەتی مـەلا بەختیـار لە ١٢ی کانـوونی دووەمـی١٩٧٧، چەند پێشـمەرگەیەکی (س.ك) لـە نزیـك شـاروچکەی کۆیـە دەکـوژن[٦]. هەروەهـا لـە درێـژی هەوڵەکانیـدا، هێزەکانی(ینـك) هەڵمەتێـکی گشـتگیر و هەمەلایەنـە دژ بـە پێشـمەرگە و لایەنگـرانی (س.ك) دەسـتی پێکردبـوو، بـۆ نموونـە لـەم ماوەیـەدا حـەوت پێشـمەرگەی (س.ك) لـە نزیـك ناوچـەی (برادۆسـت) کـوژران، هـاوکات لـە ناوچـەی (قـەلادزێ) ش دوو پێشـمەرگەی تـر بـە نـاوی: (ئەحمـەد حەسـەن سـوفی و کوێخـا ڕەسـووڵ) بـێ سەروشـوێن دەکـەن، جگـە لـە وەش دوو هـاوڵاتی ئێـرانی کـە مەیلیـان بـەلای (س.ك)

---

(١) فرەنسۆ هەریری، بۆ ئەوەی مێژوو...، ل٥٨.

(٢) ح.د.ك – ق.م، لجنـة الاعـلام، بیـان «حـول مؤامـرة الجلالیـن والطغمـة التكریتیـه عـام ١٩٧٧»، فـی ١٩٧٧/١٢/٢٥.

(٣) نەوشێروان مستەفا، لەکەناری دانوپەوە...، ل١٩٥.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٩٦.

(٥) لە:د.علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٩٥وەرگیراوە.

(٦) هەمان سەرچاوە،ل٩٥.

دا هەبـوو، بـە نـاوی (ئەحمـەد نسـتانی و کەریـم نسـتانی) ڕادەسـتی (دەزگای سـاواك) دەکـەن[1]. هەروەهـا هەندێـك لـە بـارەگا و بنکـەی (س.ك) لـە سـلێمانی بـوون، لـە ناوچـەکانی (سـیوەیل و شـاخی سـورکیو)، بـە سـەرکردایەتی نەوشـێروان مسـتەفا چەنـد نامەیـەکی هەڕەشـەئامێزی بـۆ دەنێـرن، وەك خـودی نەوشـێروان مسـتەفا دەنووسـێت: " لـە نامەکـەدا پێـمان ڕاگەیانـدن، یـان بگەڕێنـەوە ڕیـزی یەکێتـی، یـان ناوچەکـە بەجـێ بهێڵـن و بـڕۆن بـۆ بادینـان، یـان خۆیـان بـۆ شـەڕ ئامـادە بکـەن، بـەڵام ئەمانـە شـەڕیان پـێ پەسـەند نەبـوو، خۆیـان ڕادەسـتی حکوومـەت دەکـەن»، هەروەهـا ناوبـراو دەنووسـێت: " ئـەم خەمەمـان بـە بـێ ماندووبـوون لەکـۆڵ بـووەوە»[2]. کەواتـە خەمـی هـەرە گـەورەی یەکێتـی ئـەوکات بـوونی پـارتی بـوو.

لـەم سـەروبەندەدا هێـزەکانی (ینـك)، بـە سـەرکردایەتی (تالـب ڕوسـتم) کـە ئـەوکات فەرمانـدەی هەرێمـی پشـدەر بـوو پەلامـاری هێـزەکانی (س.ك) دەدەن، لـە ناوچـەکانی سەردەشـت و ناوچـەکانی سـنووری هەورامـان و شـاخی سـورێن، ئەنجـام چارەنووسـیان وەك ناوچـەکانی تـری سـنووری هەرێمـی سـۆران لێهـات[3]. بەم شـێوەیە هێـزەکانی(س.ك) بـە ماوەیـەکی کـەم لـە دوای گەڕانـەوەی سـەرکردایەتی (ینـك)، لەناوچـەکانی سـلێمانی و دەوروبـەری پاکتـاو دەکرێـن، تاکـە هێـزی(س.ك) کـە لـەو سـنوورەدا مابـووەوە، هێـزی نـادر هەورامـی بـوو[4]. هەرچەنـدە وەك نەوشـێروان مسـتەفا دەنووسـێت: "یەکێتـی بڕیـاری هەڵوەشـانەوەی هێزەکـەی نـادر هەورامـی دابـووە دەسـت (تاهیـر عـەلی والی ) کـە ئـەوکات فەرمانـدەی هەرێمـی پێنجویـن و هەورامـان بـوو، بـەڵام ناوبـراو هێشـتا لەلایـەن مەکتـەبی سیاسـی بـوو نەگەڕابـووەوە هەرێمەکـەی خـۆی»[5]. بـەڵام لـەم بارەوە بۆچوونێـکی تـر هەیـە، کـە بەهێزتریـن هێـز لـە سـنووری هەورامـان هێزەکـەی نـادر هەورامـی بـوو، بـە هـۆی بەهێـزی پێگـەی کۆمەڵایـەتی کـە ژمارەیـەکی زۆری بەرگـری میلـلی لـە گەڵیـدا بـوو، (ینـك) نەیتوانیبـوو هێـرش بکاتـە سـەر ئـەو هێـزەی (س.ك) لـە

---

(١) ح.د.ك – ق.م، بیان»مـن حزبنـا الدیمقراطـی الکردسـتانی یکشـف مزیـداً مـن الحقائـق عـن مؤامـرة الجلالییـن الخیانیـە»، فـی شـباط/١٩٧٨.

(٢) نەوشێروان مستەفا، لە کەناری دانوپەوە...، ل٢١٨ -٢١٩.

(٣) هەمان سەرچاوە،ل٢١٩.

(٤) نەوزاد علی ئەحمەد، پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا، سوید، ٢٠١٠، ل١٣٢.

(٥) نەوشێروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە...، ل٢١٩.

ناوچەکـە[1]. کەواتـە بەپێـی ئـەوەی کـە باسـمان کـرد سـەرئەنجام دەردەکەوێـت لاوازی پێگـەی سـەرکردایەتی کاتی لـە سـنووری هەرێمـی سـۆران هۆکارەکـەی بابـەتی بـوو، نـەك خۆیـی.

لـە هەمـان کاتـدا بـزاڤ و چالاکییـەکانی (س.ك) لـە هەرێمـی بادینـان گەشـەیەکی بەرچـاوی بەخـۆوە دەبینـی بـە تایبـەت دوای گەڕانـەوەی (سـامی عەبدولڕەحـمان ) لـە لەنـدەن لـە پاییـزی ١٩٧٧، دامەزراندنـەوەی ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق لـە ناوچـەی (هـەرکی پێـداف) لـە سـەر سـنووری باکـووری کوردسـتان. شـایەنی باسـە یەکـەم وتـاری ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتان بـە ڕسـتەی»کۆتایی نەهاتـووە ـ لم تنتـە» دەسـتی پێکـرد، ئەمـەش لـە بەرانبـەر وتەکـەی ئەحمـەد حەسـەن بەکـر (١٩٦٨-١٩٧٩) بـوو کاتێـك لـە ئـازاری ١٩٧٥ لـە بـارەی شـۆڕشی کـورد گوتبـووی: "بـۆ هەتـا هەتایـە کۆتایـی هـات»[2]. لـەم بـارەوە سـامی عەبدولڕەحـمان دەڵێـت: " لـە دوای نسـکۆی ١٩٧٥ لەدڵی خۆمـدا گوتـم خودایـە ڕۆژێـك زووتـر بێـت وەڵامەکـەی (بەکـر) بدەمـەوە بـە (لم تنتـە) بەختـی مـن بـوو ئێزگـە مـن کردمـەوە، وەڵامـی (ئەحمـەد حەسـەن بەکـر)م دایـەوە و گوتـم سـەرۆك کۆمـاری عێـراق هەڵـەی کـرد، کۆتایـی نایـەت، کۆتایـی نایـەت، تـا مـافی گـەلی کـورد دێتـە دی»[3].

ڕاسـتییەکەی ڕۆڵـی ڕاگەیانـدن لـەم قۆناغـە هەسـتیارەدا گرنگـی خـۆی هەبـوو لـە بڵاوکردنـەوەی ڕۆشـنبیری و هۆشـیاری و بڵاوکردنـەوەی گیـانی کوردایـەتی و هـزری وڵاتپـەروەری لـە نـاو جەمـاوەری کوردسـتان، هەروەهـا ڕۆڵـی گرنگـی گێـڕا لـە گواسـتنەوەی دەنگوبـاسی پێشـمەرگە بـۆ جەمـاوەری کوردسـتان و بەرزکردنـەوەی ڕۆڵـی جەمـاوەر، تەنانـەت لـەم ماوەیـەدا ئێزگـەی ڕێنیشـاندەرێك بـوو بـۆ پێشـمەرگە لـە ڕێگـەی ئـەم ڕادیۆیـەوە بـە نـاوی نهێنـی بانگـی یەکتریـان دەکـرد و یەکتریـان دەنـاسی[4]، تەنانـەت وەك مینبەرێـك بـوو بـۆ گەیانـدنی هـەواڵ و چالاکـی و برووسـکە، جیـا لـە چەنـدان بابـەت و بـاسی دیکـە، هەروەهـا تـوانی پردێـکی نزیکـتر لـە نێـوان شـۆڕش و جەمـاوەر لـە ناوچـەکانی کوردسـتان دروسـت بـکات، هەروەهـا ڕۆڵێـکی گرنگی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، خازر، ٢٠١٦/٣/٣.

(٢) فەلەکەدین کاکەیی، صفحات من الإعلام...، ص٨١.

(٣) سامی عبدالرحمان، هەکە لایەکی دەست ...، ل١٤.

(٤) ئەرسەلان بایز، ڕاگەیاندنی شۆڕش...، ل١٣٢.

هەبوو لە بە درۆخستنەوەی هەواڵی هەڵبەستراوی حکوومەت و دوژمنی کورد کە لەم کاتەدا پڕوپاگەندەی ناڕەوایان بۆ شۆڕش و نەمانی (پدك)یان بڵاو دەکردەوە[1]. هەڵبەت دوای گەڕانەوەی (سامی عەبدولڕەحمان) بارەگای خۆی لە دۆڵی (گوستە)[2] دامەزراند، بارەگای (جەوهەر نامق) کە سەرکردایەتی مەیدانی شۆڕشی دەکرد، گواستەوە بۆ (کوماتە)[3]. بەم شێوەیە لەوکاتەدا لە سێکوچکەی سنوور تا دەگاتە سنووری عێراق و سووریا و تورکیا هەمووی لە ژێر دەستی (س.ك)دا بوو، کە بە ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژی دادەنرێت، کە ئەوکات نە تەنیا بۆ (س.ك)، بەڵکو بۆ هەموو هێزەکانی تریش گرنگی زۆری هەبوو بە تایبەتی بۆ گواستنەوەی چەك لە سووریاوە بۆ باشووری کوردستان کە دەبوایە لەو سنوورەوە تێپەڕێت.

حکوومەت سەخت دڵگران بوو لە پەرەسەندنەکانی بزاڤی چەکداری (س.ك)، بۆیە لەم ماوەیەدا تووندتر لە پێشوو لە بنکە و بارەگاکانیان دەدا[4]، هەروەها ئاگاداری هاتنی پێشمەرگە بوو بۆ ناو دێهات و ناوچەکە، بۆیە بەتووندی چاودێری خستبووە سەر گوندەکان، فەلەکەدین کاکەیی دەڵێت: " ئەگەر پێنج پێشمەرگە لە دێهاتێکدا بان حکوومەت بە ١٥ هێلیکۆپتەر بۆیان دەچوو»[5]، هەروەها بەو پەڕی دڕندایەتییەوە کەوتبووە تێکدانی گوندەکان و گوشار خستنە سەر خەڵکی گوندەکان، تا پەیوەندی بە پێشمەرگەوە نەکەن، ئەمەش جۆرێك بوو لە سیاسەتی لەباربردنی سەرچاوە و پاڵپشتی شۆڕش کە بەندبوو بە هاوکاری خەڵکی گوندەکانەوە، بەڵام حکوومەت لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو، بە بەڵگەی ئەوە هەر لەم ماوەیەدا هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی (زاخۆ، ئامێدی...تاد)، هەروەها ناوچەکانی ( ڕێکەوتی باڵا و نێروە و ڕێکان... تاد)،

---

(١) هێمن حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

(٢) گوستە، دۆڵێکە دەکەوێتە گۆشەی عێراق و تورکیا و ئێران، لە دیوی تورکیایە کە هاو سنوورە لەگەڵ باشووری کوردستان. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید ئەفەندی، میحوەری باشیك، ٢٠١٦/٣/٢٠.

(٣) کوماتە، لە نزیك ڕووباری خابورە، دەکەوێتە زنجیرە چیای کوماتە لە دیوی سنووری باکوری کوردستان. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، هەولێر، ٢٠١٦/٣/٢٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ تاهر هروری، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥.

(٤) کریس کۆچیرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ل٦٤.

(٥) فەلەکەدین کاکەیی، هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان مۆمێك داگیرسا پەردەی تاریکی دادڕی، گوڵان، گۆڤار، ژ: (٢٧٥)، ١٩٩٦/٦/١،ل١٠.

بەپاڵپشـتی خەڵکـی ناوچەکـە چەنـدان چالاکی لەشـکری ئەنجـام دران[١].

لـە گەرمـەی ململانـێ، لـە سـەرەتای سـاڵی١٩٧٨ (ینـك) بڕیـار دەدات بنکـە و بـارەگاکانی خـۆی بباتـەوە بـۆ ناوچـەی (برادۆسـت)، کـە گرنگییـەکی زۆری هەبـوو بـۆ هێنـانی چـەك، هەروەهـا ناوچەکـە عێـراق و ئێـران و تورکیـا پێکـەوە دەبەسـتێتەوە[٢]، کە لـە پاییـزی ١٩٧٧، بـە هـوی هێـزی (س.ك)ەوە چۆڵکرابـوو[٣]. بە ڕاسـتی هاتنی ئـەم هێزە بـۆ ناوچەکـە، بێگومـان ئاگـری شـەڕ لـە ناوچەکـەدا هەڵدەگیرسـێت بـە پێـی بەیانێـکی (س.ك) مەکتـەبی سیاسـی (ینـك)، لـە ڕۆژی ٨ی کانـوونی دووەمی١٩٧٨ڕاگەیاندبـوو: ”پێشـمەرگە نەبـەزەکانی یەکێتـی توانییـان زۆربـەی ناوچـەکانی کوردسـتان لـە تاقمـی سـەرکردایەتی کاتی پـاك بکەنـەوە ئـەم کردەوەیـە سـەربەرزییە و بـە شـادومان پێشـوازی لێکـراوە»[٤]. هاشـم ڕەمـەزان وای بـۆ دەچێـت کـە دوای پاکتاوکـردنی (س.ك) لە سـنووری هەرێمـی سـۆران، نـۆرەی بادینـان بوو، لـەم بـارەوە دەنووسـێت: ” تاڵەبـانی ڕایگەیاندبوو دەسـتمان بەسـەر بنکـە و بـارەگاکانی سـەرکردایەتی کاتیـدا گـرت لـە کـەرتی سـۆران، دەسـت بـە سـەر ئەوانەشـدا دەگریـن کـە لـە کـەرتی بادینـان مانـەوە»[٥]. ڕاسـتییەکەی (ینـك)، لـەو بڕوایـەدا بـوو دەتوانـن بـە ئاسـانی بـە سـەر ناوچەکـەدا تێپـەڕن جـا بـۆ هەر مەبەسـت و هۆیـەك بێـت، بـەڵام دوای ئـەم هەمـوو شـەڕانەی نێـوان هـەردوو حـزب، بـە هاتنـی یەکێتـی بـۆ ناوچەکـە دەسـتپێکردنی شـەڕ لەگـەل یەکـدی چاوەڕوانکـراو بـوو.

بەپێـی ئاماژەکـردنی سـەرچاوەکان لـەم ماوەیـەدا (ینـك) کەوتـە کۆکردنـەوەی زانیـاری لەسـەر هێـزەکانی (س.ك)، ژمـارە و جـۆری چەکـەکان. بەپێـی سـەرچاوەکان لێپـرسراوەکانی (ینـك) ژمـارەی هێـزی (س.ك)یـان بـە (٢٥٠ـ٣٠٠) پێشـمەرگە مەزەنـدە کردبـوو و بـە لاوازی و ناڕێـك و پێـکی لـە قەڵەمـی دابـوون، بۆیـە هێزێـکی هـەزار

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانە:أرنـا یسـجلون أرواع الإنتصـارات فـی کردسـتان، خەبـات، الجریـدة، العـدد: (٥٣٥)، تشـرين الأول ١٩٧٧، ص٦.

(٢) ی.ن.ك، قیادەی موەقـەت لـە چ بەرەیـەك وەسـتاوە؟،بەشی ڕاگەیانـدن، تشـرینی یەکـەم ١٩٨٠، ل١٢١.

(٣) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٩٧.

(٤) پ.د.ك- س.ك، بەیاننامە»دەسـت درێـژی ئـەم دوایـەی جاشـەکانی ٧٧ بـۆ سـەر هێـزە نیشـتمان پـەروەرەکانی کوردسـتان»، لـە ناوەڕاسـتی حوزەیـرانی ١٩٧٨.

(٥) هاشم رمضان، المصدر السابق، ص١٨٧.

کەسی ئامادەکرد[1]، بە سێ بەش ڕێکخران، هێزی یەکەم بە سەرپەرشتی (خالید سەعید وحسێن بابەشێخ )کە هێزەکەیان زیاتر لە ٣٢٠کەس بوو، هێزی دووەم بە سەرکردایەتی عەلی عەسکەری وچەند فەرماندەیەکی تر کە هێزەکەیان ٥٠٠ پێشمەرگە بوون، بەشی سێیەم کە ١٥٠ کەس بوون دەبوایە جەلال تاڵەبانی و چەند ئەندامێکی دیکەی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ئامادەکاری و پاسۆکیان لەگەڵ ئەم هێزەدا بووایە[2]. سەرئەنجام هێزی سێیەم بەڕێ نەکەوت، لەم بارەوە د.مەحموود عوسمان دەڵێت: "من پێشبینی ئەوەم دەکرد شەڕ دروست ببێت، بۆیە پێشنیارم کرد کە نەچین باشە، دوای بخەین تا بارودۆخێکی دیکە دێتە پێش، یان گەرنتیەك لە پارتی وەربگرین، ئەنجام من و جەلال تاڵەبانی و نەوشێروان لە حاجی ئۆمەران گەڕاینەوە لەگەڵ ئەم هێزە(هێزی سێیەم- لێکۆڵەر) نەڕۆیشتین»[3].

لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت ئایا بۆچی هێزی سێیەم نەڕویشتن ئەگەر ئامانجیان ئەرکێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی هەبوبێت؟ لە بەرامبەردا هەندێك لە سەرچاوەکان بە ڕاشکاوانە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە بە شێوەیەك لەم ماوەیەدا ناکۆکیەکی قوڵ لە ناو باڵەکانی (ینك)دا هاتبووە کایەوە، بە جۆرێك باڵی سەرکردایەتی بزووتنەوە لە سەر مەسەلەی بە عێراقیکردنی شۆڕش و هەڵگرتنی دروشمی ڕووخاندنی حکوومەتی عێراق ناکۆکی لەگەڵ هەر دوو باڵەکەی تردا هەبوو، بزووتنەوە پێی وابوو بەزرکردنەوەی ئەم دروشمانە و جێبەجێکردنیان لە توانای کورددا نییە، هەروەها مەسەلەی لەناوبردنی (س.ك)یان بە بەرژەوەندی نەدەزانی و سەرکردایەتی بزووتنەوە دژی ئەم بۆچوونە وەستانەوە[4]. سەرئەنجام ئەم ناکۆکییە بووە هۆیەك کە(ینك) سەرکردایەتی ئەم هێزانەی بە سەرکردەکانی بزووتنەوە وەك (عەلی عەسکەری و د.خالد سەعید) ڕابسپێرێت، تا لەم شەڕە بەشداربن[5]. بە گوێرەی سەرچاوەکان هەر دوو باڵەکانی تری (ینك) ترسی لە باڵی بزووتنەوە بە تایبەتی لە کەسایەتی عەلی عەسکەری هەبوو کە دەسەڵات لە دەست ئەندامەکانی

---

(١) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٩٧.

(٢) نەوشێروان مستەفا، لەکەناری دانوپەوە...، ل٢٦٨ -٢٦٩.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەحمود عوسمان، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.

(٤) د.علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٩٧.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٩٨.

وەك (جەلال تاڵەبانی و نەوشێروان مستەفا) دەربهێنێت. بۆیە ئەمەش لە قازانجی (جەلال تاڵەبانی و نەوشێروان مستەفا)دا بوو، بە جۆرێك چ ئەم هێزەی(پدك)ی لە ناو بەرن، یان (پدك) ئەم هێزەی بزووتنەوە لە ناو ببات[1]. بۆیە دەبینین هەر دوو هێزەکەی تر لە ١٩ی نیسانی ١٩٧٨ بە ڕێگەی دیوی ئێران دەکەونە ڕێ[2]، هەر وەك لە ئەدەبیاتی (ینك)دا هاتووە ئەم هێزانە بۆ گواستنەوەی چەك بۆ کوردستان دەچنە سووریا[3]، کە لە قامشلۆوە بۆ گوندە کوردنشینەکانی تورکیا نێردرابوو[4]. لە هەمان کاتدا تاڵەبانی بە نووسراو چەند ڕێنماییەکی بۆ عەلی عەسکەری نوسیبوو کە تێیدا داوای کردبوو هەموو بنکەکانی (س.ك) لە سەر ڕێگە لەناو ببەن، بەڵام عەلی عەسکەری نیازی نەبوو ئەم داوایە جێبەجێ بکات، بەڵام وێنەیەکی ئەم نامەیە گەیشتبووە دەستی سامی عەبدولڕەحمان[5]. لەم بارەوە سامی عەبدولڕەحمان دەڵێت: "بەر لەوەی هێزەکانی یەکێتی بێن بۆ سەر ئێمە، لە ڕێگەی کەسێك وێنەیەك لەم نامەیە گەیشتە دەستی ئێمە»[6]. بۆیە دەبینین پارتی ئامادەکاری بۆ وەڵامدانەوە و بەرگریکردن لە خۆی دەکات. ئەنجام لە حوزەیرانی ١٩٧٨ لە کاتی گەیشتنی ئەم هێزەی (ینك) بۆ ناوچەی هەکاری لە گەلیی (بازێ) لە باکووری کوردستان، شەڕێکی خوێناوی لە نێوان هێزەکانی (س.ك) و (ینك) ڕوو دەدات. ئاکام بەشی سەرەکی ئەم هێزە لە ناوچوون، هەندێکیان خۆیان ڕادەستی(س.ك) کرد، بەشێکی دیکە خۆیان ڕادەستی حکوومەت کرد، تەنیا ژمارەیەکی کەم ڕزگاربوون. بە گوێرەی سەرچاوەکان لە کاتی شەڕەکەدا ژمارەی هێزەکانی (ینك) گەیشتبووە ١٠١٣ کەس[7]. لە ڕاستیدا ئەم ڕووداوە تا ئەمڕۆش کاریگەری خراپ لە سەر پەیوەندی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ توفیق سەلیم، ئاکرێ، ٢٠١٦/٣/١٦؛ یاسین تاها مەولود، ئاکرێ، ٢٠١٦/١/٢٤.

(٢) نەوشێروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە...، ل٢٧٢.

(٣) ی.ن.ك، قیادەی موەقەت لە چ بەرەیەك...، ل١٣٠.

(٤) دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد...، ل٥٦٥.

(٥) المحامی الشیخ ساڵار مفید، علی عسکری والحکم للتاریخ،ب.م ، ب.س، ص١٨٥.

(٦) سامی عبدالرحمان، هەکە لایەگێ...، ل١٦.

(٧) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی هۆکاری ڕوودانی شەڕی هەکاری بڕوانە: شکیب عقراوی، سنوات المحنة فی کردستان أهم الحوادث السیاسیه و العسکریه فی کردستان والعراق من ١٩٥٨ إلی ١٩٨٠، مطبعة مناره أربیل، ٢٠٠٦، ص ص٤٥٥ -٤٦٠.

هێـزەکانی کوردسـتان هەیـە، بـۆ هیـچ نشـتیمانپەروەرێك مایـەی دڵخـۆشی نییـە.

سـەبارەت بـەم ڕووداوە (ینـك) بـە توونـدی (س.ك)ی تۆمەتبـار دەکات کـە بـە گـوێ و پیـلانی حکوومـەتی تورکیـا ئـەم کـردەوەی ئەنجـام داوە[1]. بـەڵام بـە پێچەوانـەوە بەپێی هەندێـك لـە سـەرچاوەکان (د.کەمـال فوئـاد) کـە ئـەو کات ئەندامـی مەکتـەبی سیاسی (ینـك) بـوو، ئـەو دەمـە نامەیـەکی بـۆ حکوومـەتی تورکیـا نووسـیبوو کـە لـە ڕۆژنامـەکانی تورکیاشـدا بڵاوبووبـووەوە، تێیـدا ناوبـراو جەخـت لە سـەر ئـەوە دەکاتەوە کـە هێزەکەی (ینـك) بـە ڕەزامەنـدی و ئـاگاداری تورکیـا چووبوونـە نـاو خـاکی ئـەو وڵاتـەوە، دواتـر ئـەم شـەڕە ڕوویـداوە[2]. مەحمـوود عوسـمان دەڵێـت: " لـەم ڕووداوە زیاتـر هێـزەکانی یەکێتـی ڕۆڵیـان هەبـووە، لـە بـەر ئـەوە یەکێتـی هەندێـك هێـزی سـەرکردایەتی کاتی لـە سـنووری سـۆران پاکتاوکردبـوو، لـەم کاتەشـدا هـەر دوولا لـە کەشـێکی براکوژیـدا بـوون، هەروەهـا نـاردنی ئـەو هێـزە کـە (٤٠٠)کـەس بـە چـەك و (٤٠٠) کـەس بـێ چـەك بـوون، بێگومـان سـەرکردایەتی کاتی وای لێکداوەتـەوە کـە بـۆ گێچـەڵ چووبـن، نـەك بـۆ هێنـانی چـەك، سـەرەڕای ئەوەیـش یەکێتـی بڕیـاری دابـوو جگـە لـە هێنـانی چـەك، لـە بادینـان بنکـە و بـارەگا دابنێـت، ئەمـەش شـتێکی سروشـتییە سـەرکردایەتی کاتی ڕێگـری لـە هێـزەکانی یەکێتـی بـکات»[3]. کەواتـە ئەگـەر نیـازەکانی (ینـك) هێنـانی چـەك بێـت لـە سـووریا، بـەڵام شـەڕی براکـوژی لـە نێـوان هـەردوو حـزب لـە گەرمـەدا بـوو، لـە بـەر ئـەوە ئاشـکرایە دوو سـاڵ پێـش ئـەوکات (١٩٧٦ - ١٩٧٧)، چەنـد جـار شـەڕ لـە نێـوان هـەر دوولادا ڕوویـدا، (ینـك) بـە درێـژای ئـەو کاتـە(س.ك) تۆمەتبـار دەکـرد کـە بـەردەوام ئـەوان لـە ئێمەیـان کوشـتووە، بـە تایبـەتی لـە ناوچـەی بادینـان، هـەر وەك مـەلا بەختیـار دەنووسـێت: "هێـزەکانی سـەرکردایەتی کاتی لەمـاوەی ١٩٧٧/٧/١٥، تـا ١٩٧٧/٨/٣٠ زنجیـرە تاوانێـك لـەو ناوچەیـە بەرانبـەر یەکێتـی ئەنجـام دەدا کـە بـە تـەواوی قڕکـراون»[4]. ئەگـەر ئـەم نـووسراوە لێـك بدەینـەوە دەردەکەوێـت ئـەو هێـزەی یەکێتـی بـۆ تۆڵەکردنـەوە و قڕکـردنی سـەرکردایەتی کاتی چـوون، نـەك بـۆ هێنـانی چـەك،

(١) ی.ن.ك، قیادەی موەقەت لە چ بەرەیەك...ل١٣٠.

(٢) سـیار محمـد صاڵـح، خوێندنەوەیـەکی شـەڕی ناوخـۆی کوردسـتانی عێـراق، سـەنتەری برایـەتی، گۆڤـار، ژ:(٢)،سـاڵی دووەم، ئەیلـوولی ١٩٩٧،ل ل٢٩،٢٤.

(٣) فوئاد سدیق، گەردەلوولی...،ب١، ل٦٠.

(٤) مەلا بەختیار، یاخی بوون لەمێژوو...، ل٧٨.

لـه بـەر ئـەوە ڕێـی تێناچێـت دوای کەمتر لەهەشـت مانـگ بـە سـەر ئـەو بارگرژییـەی کـە بـاس کـرا، لەگـەڵ نەبـوونی هیـچ ڕێککەوتنێـکی جێبەجێکـراو لـە نێـوان پـارتی و یەکێتـی هەتـا ڕۆژی بـەڕێ کەوتنـی هێزەکـە بـەرەو هـەکاری.

لـە بـارەی ئـەم ڕووداوە سـەید کاکـە دەنووسـێت: " ئـەو کـردەوەی مـام جـەلال و پاڵەوانـەکانی کۆمەڵـە بـەو حاڵـە هاتبـوون کـورد ڕزگار بکـەن بریـا بتـان دیتبـا کاتـێ ئـەو پیلانەیـان بـۆ سـەرکردایەتی کاتی و بزووتنەوە دروسـتکراوە»[1]. ڕاسـتییەکەی بەشـێکی ئـەم ڕووداوە پەیوەسـت بـوو بـە کێشـەکانی نـاو (ینـك)، وەك ئـەوەی پێشـتر بـاس کـرا، بەهـۆی ناکـۆکی نێـوان باڵـەکانی (ینـك) بـە تایبـەتی نێـوان (بزووتنـەوە و کۆمەڵـە)، بۆیـە لـە کاتی لەناوچـوونی زۆربـەی سـەرکردەکانی بزووتنـەوە کۆمەڵـە پێـی خـۆش بـوو، کـە مەیـدان بـۆ ئـەوان چـوڵ بـوو، هـەر وەك محەمـەدی حاجـی مەحمـوود دەڵێـت: "کادیـرانی کۆمەڵـە کارەسـاتی هەکارییـان پـێ ناخـۆش نەبـوو، چونکـە زۆربـەی هێـزەکانی بزووتنـەوەی تیاچـوو بـوون» [2]. ئەنجـام بـە ماوەیـەکی کـورت لـە لایـەن سـەرکردایەتی بزووتنـەوەوە زۆر کاردانـەوەی توونـدی لـێ دەکەوێتـەوە، بۆیـە لـە نـەورۆزی ١٩٧٩ بـە تـەواوەتی لـە (ینـك) جیادەبنـەوە[3]. لـە ئەنجامـی ئـەم ڕووداوی هـەکاری، تێبینـی ئـەوە دەکەیـن  پێـش هەمـوو شـتێك گـورزی کوشـندە بـەر بزاڤـی گـەلی کـورد کـەوت بـە شـێوەیەکی گشـتی بـۆ ئـەوکات و قۆناغـەکانی دواتـر، پەیوەندییـەکی ناخـۆش و توندوتیـژی لـە نێـوان هێـزە سیاسیەکانی کوردسـتان بـە جـێ هێشـت، کـە دەرئەنجامـی ئەمـە سیاسـەتی سـڕینەوەی یەکـتر و کوردکـوژی بـوو بـە کەلتـوور لـە فەرهەنگـی پارتـە کوردسـتانییەکاندا.

هــاوکات حکوومــەتی عێــراق بەوپــەڕی توونــدی و بــە هــاوکاری و پاڵپشــتی نۆکەرەکانیــان، لــە ناوەڕاســتی ١٩٧٨ هێــرش دەکاتــە ســەر گونــدە ئازدکــراوەکانی ژێــر دەســەڵاتی (س.ك)، زۆر بــە توونــدی دەکەوێتــە خاپورکــردنی گونــدەکانی ناوچــە ســنوورییەکان، هەروەهــا خەڵــکی ناوچەکــەش بــە تۆمــەتی هاوکاریکــردنی پێشــمەرگە

---

(١) سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٧، ل١٠٣.

(٢) لە:کاکلە ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤وەرگیراوە.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: سـەید کاکـە، بیـرەوەری پێشـمەرگەیەك...،ل١١٩؛ دیفیـد ماکـداول، مێـژووی هاوچەرخـی کـورد...، ل٥٦٨.

دەربەدەرکـران [1]، هەروەهـا بـە چـڕی کەوتـە پیادەکـردنی سیاسـەتی ڕاگواسـتن لـە ناوچەکـە، بەپێـی قسـەی سـەدام حسـێن کـە ڕایگەیاندبـوو: "پێویسـتە هەنـدێ پێویسـتی تـر تـەواو بکەیـن، کـە خـۆی لـە کۆنترۆڵکـردنی سـنوورەکاندا دەبینێتـەوە، تاکـە ڕێگـەش ڕاگواسـتنی خەڵـکی ناوچـە سـنوورییەکانە بـە قولایی٢٠کـم بـۆ ئـەوەی خەڵـك پەیوەنـدی بـە شـەڕانگێزەکانەوە (پێشـمەرگە- لێکۆڵـەر) نەکـەن»[2]. لـە چوارچێـوەی ئـەم سـتراتیژەدا، حکوومـەتی عێـراق لـە٢٨ی حوزەیـرانی ١٩٧٨ خەڵـکی ناوچـەکانی (نێـروە و ڕێـکان و ڕێکەوتـی باڵا...تـاد)، کـە هەمـوو ئـەو ناوچانـە پشـت و پەنـای پێشـمەرگە بـوون، بـۆ باشـوور و ناوەڕاسـتی عێـراق ڕاگوێـزران، بـە سـەدان گونـدی ناوچەکـەش سـووتێنران[3]. بەپێـی سـەرچاوەکان تەنیـا لـە مـاوەی مانگـی حوزەیـران و تەممـووزی١٩٧٨ زیاتـر لـە ١٥٠٠٠٠ سـەدو پەنجـا هـەزار کـەس ڕاگوێـزران، زیاتـر لـە٦٥٠ گونـد سـووتێنران[4]، لـە نـاو ڕاگوێزراوەکانـدا تەنیـا خێزانـە جووتیـارەکان بـە نزیکـەی ٢٨٠٠٠ خێـزان مەزەنـدە دەکرێـت کـە حکوومـەت خـۆی دانی بـەوەدا نـا کاتـێ لـە ڕۆژنامـەی فەرمـی حکوومـەتی عێـراق بـە نـاوی (الپـورە) لـە ڕێکـەوتی ١٨ی ئەیلـوولی١٩٧٨ بـڵاوی کـردەوە[5]. سـەرەڕای ئـەوەش حکوومـەتی عێـراق وەك هەمیشـە پەنـا بـۆ هێـزی دەرەکی دەبـات بـۆ دامرکانـدنی شـۆڕشی کـورد، لـەم سـەروبەندەدا لەگـەڵ حکوومـەتی تورکیـا ڕێککەوتنێـکی دوو قۆڵـی دەبەسـتن بـۆ لێـدانی هێـزی پێشـمەرگە و لەناوبـردنی بزاڤـی گـەلی کـورد[6]. بـەڵام بـە پێچەوانـەوە بـزاڤ و چالاکییـەکانی پێشـمەرگە لـە زۆربـەی ناوچـەکان لـە پەرەسـەندندا بـوو، بـە

(١) بـۆ زانینـی نـاوی گونـدەکان بڕوانـە: ح.د.ك، بیـان «حملـه التهجیـر الجدیـد مرحلـة خطیـرة مـن الطغمـة العنصریـة الشـاملة»، فـی تمـوز/١٩٧٨.

(٢) ح.د.ك – ق.م،» نـداء إلى كافـه القـوى التقدمیـة والدیمقراطیـة والعربیـة، تضامنـوا مـع شـعبنا الكـردی فـی سـبیل إیقـاف حملـه التهجیـر والتشـدید العنصریة»،فـی أوائـل حزیـران ١٩٧٨.

(٣) ح.د.ك – ق.م، لجنـة العلاقـات الخارجیـة، بیـان «طبیعـه النظـام العراقـی فـی تقیماتهـا السیاسـیه لهـذا النظـام»، فـی حزیـران ١٩٧٨.

(٤) پ.د.ك – س.ك، بەیاننامـە « کامـپ دیفیـد پیلانێکـە لـە دژی گـەلی فەلەسـتین و میللـەتی عـەرەب»، لـە ١١ ئەیلـوول ١٩٧٨.

(٥) ح.د.ك – ق.م، بیان «الشعب الكردی فی العراق»، فی ٥ آذار ١٩٧٩.

(٦) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: دیفیـد ماکـداول، مێـژووی هاوچەرخـی...، ل٥٧٨؛ لازاریـف.ن، سـەرچاوەی پێشـوو ، ل٥٦٠.

شـێوەیەك بەرفـراوانی چالاكـی پێشـمەرگە گەیشـتنە ڕادەیـەك حكوومـەتی عێـراق لـە پاییـزی ١٩٧٨ داوای گفتوگـۆ لـە (س.ك)دەكات[1]. بەمـەش دەنگدانـەوەی لێكەوتـەوە بـە تایبـەت لـە میدیـاكانی ئێـران ، بـەڵام (س.ك) ئـەم هەواڵـەی ڕەتكردبـووەوە كـە هیـچ گفتوگۆیـەكی نهێنـی لەگـەڵ حكوومـەتی عێراقـدا هەبووبێـت[2]. ئەمـەش ڕەنگـە لـە بـەر پاراسـتنی پەیوەندییـەكانی خـۆی بێـت لەگـەڵ ئێـران كـە ئـەوكات لەگـەڵ حكوومـەتی عێـراق ناكـۆك بـوو. لـەو كاتـەدا (س.ك) سـەرەڕای ئـەوەی كـە بـۆ پاڵپشـتیكردنی شـۆڕشی كـورد بڕیـاری دابـوو پشـت بـە ئێـران و هیـچ وڵاتێـكی تـر نەبەسـتێت، بـەڵام دەبینیـن هـەر زوو پێشـوازی لـە سـەركەوتنی شـۆڕشی گـەلانی ئێـران لـە شـوباتی ١٩٧٩دا كـرد و لـە سـایەی ئـەم پەیوەندییـەوە لـە مایـسی ١٩٧٩ بـە فەرمـی (س.ك) لەگـەڵ ئێـران ڕێككەوتـن دەبەسـتن، ئەمـەش زیاتـر پەیوەنـدی هەبـوو بـەو هەڵومەرجـە دژوارەی كـە پێیـدا تێدەپـەڕی لـە لایـەك، لـە لایـەكی دیكـەوە ڕەنگـە بـە هـۆی گۆڕینـی نەخشـەی ڕێككەوتننامـەی جەزائیـر و ڕووخـانی شـاوە بێـت، كـە بـە هـەر نرخێـك بێـت (س.ك) دژایـەتی شـای دەكـرد. لـە چوارچێـوەی ئـەم ڕێككەوتنـەدا (س.ك) تـوانی بەشـێك لـە چـەكی شـۆڕشی ئەیلـوول كـە لـە لایـەن ڕژێمـی شـاوە دەسـتیان بـە سـەردا گیرابـوو، بەدەسـت بهێنێتـەوە كـە بریتـی بـوو لـە (٥٠٠) تفەنگـی بڕنـەو كـە بـۆ دۆخـی ئـەوكات دەسـتكەوتێكی بـاش بـوو[3].

ڕاسـتییەكەی سـەركەوتنی شـۆڕشی گـەلانی ئێـران و ڕووخـانی ڕژێمـی شـا هەڵومەرجێـكی تـازەی لـە بـەردەم هێـزە سیاسـییەكانی ناوچەكـە بـە تایبـەتی (س.ك) هێنایـە ئـاراوە، لـە سـایەی ئـەم پەیوەندییـە سیاسـییەی كـە لەگـەڵ ئێـران دروسـت كـرا، تـوانی تـا ڕادەیـەك خـۆی لـە ئاوارەیـی ڕزگار بـكات، هەروەهـا كاریگـەری زۆری لـە سـەر ڕزگاركـردنی بزاڤـی گـەلی كوردیـش لـە توانـەوە هەبـوو. لەمـە بـەدوا (س.ك) بـە هـۆی نەبـوونی چاودێـری سـنووری لـە لایـەن ئێرانـەوە و، نـاردنی پێشـمەرگە بـۆ كوردسـتان، تـوانی بـە ڕێژەیـەكی بەرچـاو چالاكییـەكانی دژی حكوومـەت فـراوان بـكات[4].

---

(١) ئەسعەد عەدۆ، سەرچاوەی پێشوو ،ل٦٠.

(٢) ح.د.ك – ق.م، لجنة إعلام العلاقة الخارجية، بيان» تكذيب خبر»، فی١٠ نيسان/١٩٧٩.

(٣) فاروق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

(٤) مجیـد ڕزگاری، شـۆڕشی گـوڵان بـەردەوام بـوونی شـۆڕشی بەرخـودانی ئەیلـوول بـوو، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ:(٢١٧١)، ١٩٩٦/٦/٧،ل٤.

بە تایبەتی لە سنووری کەرتی سێ، کە بە درێژی هاوسنوور بوو لەگەڵ ئێران کە ناوچەکانی (هەورامان و بیارەو..تاد)، دەگرێتەوە[1]. لە نەورۆزی ١٩٧٩دا، بە مەبەستی بنەبڕکردنی شەڕی ناخۆیی و بەهێزکردنی سەنگەری ڕاستەقینەی شۆڕش دژی حکوومەت، (س.ك) داوا لە هەموو هێزە کوردستانییەکان بە(ینك)یشەوە دەکات بەرەیەکی نیشتمانی دامەزرێنرێت کە هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق لەخۆ بگرێت[2]. بەڵام ئەمە بە هۆی قووڵ بوونەوەی ناکۆکی ئاکامی نەبوو، بەتایبەت دوای ڕووداوەکەی هەکاری، بارگرژی نێوان (س.ك)و (ینك)، گەیشتبووە ئاستێك هیچ دەرفەتێکی بۆ لێك نزیکبوونەوە نەهێشتبووەوە، هەر وەك پشکۆ نەجمەددین دەنووسێت: "پڕیشکی هەکاری بووە پڕیشکی ئاگر و گڕی لە پووشی هەرچیا و نوێوالێك بەردا کە مەفرەزەی سەرکردایەتی کاتی تێدابوون، ئیدی بۆ ئەوەی ناکۆکییەکە خوێناویتر و گورزەکانی تۆڵە کوشندە و کاریگەرتر بن دەبوایە هەموو کەناڵەکان بۆ ڕەوایەتیدانی شەڕەکە وەگەڕ بخرێن، پاساوی ئایدولۆژی و سیاسیشی بۆ بدۆزرێتەوە، دەبوو ئەو مەسەلەیە بکرێتە قەناعەتێکی گومان هەڵنەگر کە بێ پاکتاوکردنی فیکر و جەستەی سەرکردایەتی کاتی و بنەماڵەی بارزانی هیچ دەرفەتێك بۆ ڕزگارکردنی کوردستان و سەرکەوتنی شۆڕشی نوێ نییە»[3]. لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت گرفت و دوژمنی یەکەم لە بەردەم یەکێتیدا پارتی و بنەماڵەی بارزانی بووە، نەك حکوومەت و بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کورد.

لەو ماوەیەدا بیری تۆڵەکردنەوە لە (س.ك) لە لایەن هێزەکانی (ینك)ەوە لە پێشتر توندتر دەبێت، (ینك) دوای ئەو ڕووداوە هەموو هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ پەلاماردانی (س.ك) لەو ناوچانەی کە دەستیان بۆ نەبردبوون لە سنووری ژێر دەسەڵاتی خۆی، لە نەورۆزی ١٩٧٩ لە (نۆکان)ەوە هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی (س.ك)، لە هەورامان و دەوروبەری، ئاکام شەڕێکی خوێناوی لە

(١) پ.د.ك – س.ك، هەرێمی سێ، «ڕاگەیاندنی سوپای ٥و ٦»، لە١٩٧٩/٥/٣.

(٢) پ.د.ك – س.ك، بەیاننامە «بانگەوازی نەورۆز»، لە٢١/ئازار/١٩٧٩.

(٣) پشکۆ نەجمەددین، ئەزمون و یاد ١٩٧٨ – ١٩٨٣، ب.ش، ٢٠١١، ل٤٨.

نێـوان هــەر دوولا ڕوودەدا[١]، نزیکــەی (٧٠) کــەس لــە هــەر دوولا دەبنــە قوربــانی[٢]. هــاوکات بـزاڤ و چالاکییـەکانی (س.ك) دژ بـە حکوومـەت لـە هەرێمـی بادینـان لـە پەرەسـەندندا بـوو، لـە کۆتایـی بەهـاری ١٩٧٩ چەنـد چالاکییـەك لـە ناوچـەکانی (دهـۆك و زاخـۆ و ئامێـدی و مێرگەسـۆر...تاد) ئەنجـام دەدات[٣]، وێـڕای هەوڵـەکانی حکوومـەت بـۆ ڕازیکـردنی خەڵـك بـە ئـاواتی پچڕانـدنی پەیوەنـدی لەگـەڵ پـارتی، کـە شـێوازی جۆراوجـۆری بـە کاردەهێنـا، لـە هەندێـك شـوێن نەرمـی نوانـدن، بەخشـینی پـارە و پـوول، لـە هەندێـك شـوێنی تـر بـە پێچەوانـەوە بـۆ ترسـاندنی خەڵـك سیاسـەتێکی نامرۆڤانـەی پەیـڕەو دەکـرد، بـەڵام لەمـەدا سـەرکەوتوو نەبـوو لـە دابـڕانی هـاوکاری و پاڵپشـتی و کۆنترۆڵکـردنی چالاکییـەکانی پـارتی.

لــە کۆتاییــدا ئــەوە دەردەکەوێــت کــە پــارتی دیموکــراتی کوردســتان، ســەرەڕای پەرتەوازەبــوون، لــە بەریــەك هەڵوەشــانەوەی ســەرجەم دامــودەزگاکانی شــۆڕش، لـــە ماوەیـــەکی کـــەم دوای نســـکۆی ئـــاداری ١٩٧٥ تـــوانی ســـەر لـــە نـــوێ بـــە پەیڕەوپرۆگرامێـکی تۆکمـە و بەهێـز و گونجـاو لەگـەڵ قۆناغـی دوای نسـکۆ، خـۆی لــە چوارچێــوەی ســەرکردایەتی کاتیــدا ڕێــك بخاتــەوە، ڕۆژی ٢٦/گوڵان/١٩٧٦خەبــاتی چەکـداری بـە نـاوی شـۆڕشی گـوڵان دەسـت پـێ بکاتـەوە. ئەگەرچـی لـەو ماوەیـەدا پــارتی تــووشی شــەڕی ناوخۆیــی و چەنــدان نەهامــەتی گــەورە و کێشــەی تــر بــوو، چەنــدان هەڵکشــان و داکشــان و، هــەوراز و نشــێوی هاتوونەتــە بــەردەم، بــەڵام ئەمانــە کاریگــەری ئەوتۆیــان لەبەردەمیــدا لــە پێنــاو هێنانــەدی ڕۆژی ســەرفرازی گـەلی کـورد نەبـوو، بـە پێچەوانـەوە بـە پاڵپشـتی جەمـاوەری کوردسـتان لەخەبـاتی لەشـکری و سـیاسی کۆڵـی نـەدا و بـە هیـچ جۆرێـك لـە ڕەوتی تێکۆشـان دوانەکـەوت و پیلانـەکانی دوژمـن و سیاسـەت و سـتراتیژی حکوومـەت هـەر زوو پووچـەڵ کرانـەوە و قۆناغێــکی نوێــی لــە مێــژووی بزاڤــی ڕزگاریخــوازی گــەلی کــورددا تۆمارکــرد.

(١) ح.د.ك – ق.م، بیان «حول اندحار عدوان الجلالیین پورتنا فی هەورامان»، فی١٠/نیسان/١٩٧٩.

(٢) پ.د.ك – س.ك، بەیاننامـە» گـەلی کـوردی تێکۆشـەر خائینـانی نەتەوەکەتـان ریسـوا کـەن»، لـە٢٤/ نەورۆزی/١٩٧٩.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە:ح.د.ك، تصریـح صحفـی» إسـقاط طائرتـی هلیکوبـتر، وقتـل ١٠٠ جنـدی فـی منطقـە دارت زاخـۆ»، فـی حزیـران ١٩٧٩.

## ب- ڕۆڵـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـه چالاکییەکانـی لەشکری دژی حکوومەتـی عێـراق:

پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـەم قۆناغـەدا، دەسـتپێکردنی خەبـاتی چەکداری و شـەڕی پارتیـزانی وەك قۆناغـەکانی پێشـوو، لـە ئەنجامـی نەهێشـتنی هیـچ ئەگـەر و پەراوێزێـك لـە بـەردەم سـەرکردایەتی پـارتی بـۆ گفتوگـۆ و چارەسـەری سیاسـییانەی مەسـەلەی کـورد، سـەرەڕای هەڵومەرجێـکی سـەخت و دژوار، بەهێـزی حکوومـەتی عێـراق لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە، نەبـوونی ژمارەیـەکی پێویسـتی پێشـمەرگە و خراپـی جـۆری چەك...تـاد، لـە بەرنامـە و پرۆگرامـی پارتەکـەی دا بـە باشـترین ڕێگـەی بەرپەرچدانـەوەی چەوسانەوەی نەتەوەیـی و سیاسـەتی نەگـۆڕ و ڕەگەزپەرسـتی حکوومـەت، چارەسـەری مەسـەلەی کـورد پەسـەندکرابوو. پـارتی لـەو مـاوە دیاریکـراوەدا بـە سـەدان چالاکـی لەشـکری دژی حکوومـەت ئەنجـام داون، ئەگەرچـی لـە ڕووی قەبـارەوە گەورەنەبـوون، بـەڵام لـە ڕووی کاریگەرییـەوە گـەورە و گرنـگ بـوون، لەبـەر ئـەوە تاکـە هێـزی واتایـی بەرزبوونـەوەی مۆراڵـی پێشـمەرگە و گـەلی کـورد بـوو لـە باشـووری کوردسـتان و تەنانـەت پارچـەکانی تـر، بـە پێچەوانـەوە تـا ڕادەیـەکی بـاش دابەزیـن و ورە ڕووخـاوی سـوپای عێراقیشـی لـێ کەوتبـووەوە. لێـرەدا لـە بـەر فـراوان نەبـوونی باسـەکە تیشـك دەخەینـە سـەر گرنگتریـن چالاکییـەکانی لەشـکری:

دوای دانـانی پرۆگرامـی شـۆڕش و چەسـپاندنی خەبـاتی چەکـداری و ڕێکخسـتنەوەی مەفـرەزەکانی پێشـمەرگەی پارتیـزانی بـە ماوەیـەکی کـەم توانییـان دەوری خۆیـان لـە ڕێکخسـتنەوەی نێـو خەڵکـدا ببینـن، ئـاکام بـە بڕیـاری تەوقیتکـراوی سـەرکردایەتی کاتی، لـە ڕۆژی ٢٦ی گـوڵانی ١٩٧٦ هـەر مەفرەزەیـەك شـوێنێکی بـە ئامانجکـراوی دیـاری کـرد، بـە فەرمـی خەبـاتی چەکـداری دەسـتی پێکـرد، لـە چالاکییـە دیـارەکانی ئـەم کاتـە لـە گونـدی (نـزۆر) لـە ناوچـەی گـولی لـە دەوروبـەری قـەزای زاخـۆ، بـە سەرپەرشـتی (کەریـم سـنجاری) لەگـەڵ کۆمەڵێـك پێشـمەرگە هێـرش دەکەنـە سـەر ڕەبیەیـەکی سـوپای عێـراق، لـەو هێرشـەدا توانییـان بـە تـەواوی ڕەبییەکـە خاپـور بکـەن، ئـەم چالاکییەیـش بـووە جێـی سـەرنجی ڕاگەیاندنـەکانی جیهـان[1]. لـە هەمـان کاتـدا لـە ناوچـەکانی دەوروبـەری سـلێمانی، ڕانیـە و قـەلادزێ، هەروەهـا لـە ناوچـەی (سـیدەکان

---

(١) کریم سنجاری، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی...، ل٣.

و چۆمان...تـاد) مەفـرەزەکانی پێشـمەرگە هێرشـان کردبـووە سـەر چەنـد ڕەبیەیـەك، ئەنجـام ژمارەیـەکی زۆر لـە سـەربازانی سـوپای عێـراق کوژرابـوون، هـەر چەنـدە حکوومـەت لـە هەندێـك لـەم ناوچانـە بـە پاڵپشـتی فڕۆکـە هێرشـیان کردبـووە سـەر هێـزەکانی پێشـمەرگە، بـەڵام بـە هـۆی سروشـتی جوگرافیـای ناوچەکـە و، پەیڕەوکـردنی شـەڕی پارتیـزانی لـە لایـەن پێشـمەرگەوە، هێرشـەکان وەك پێویسـت سـەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانیبـوو هیـچ گورزێـکی گاریگـەر لـە هێـزی پێشـمەرگە بوەشـێنن[1]. هێـزەکانی پێشـمەرگە دوای بەدەسـتهێنانی چەنـد سـەرکەوتنێك ورەیـان بـەرز دەبێـت، سـنووری چالاکییـەکانی پارتیـزانی بەرفـراوان دەکـەن، لـە ڕۆژی ١٨ی ئـابی ١٩٧٦ زنجیـرە هێرشـێك دەکەنـە سـەر چەنـد ڕەبیەیـەکی تـر لـە ناوچـەکانی (باتوفـە، شرانـش و دەشـت تـەخ... تـاد) لـە نزیـك زاخـۆ، لـەو هێرشـانەدا بـە دەیـان سـەرباز لـە سـوپای عێـراق کـوژران و برینـدار کـران، هەروەهـا لـە ٢٤ی ئـاب لـە گونـدی (زاوبنـا)ی نزیـك زاخـۆ، ٨ کـەس لـە سـوپای عێـراق کوژرابـوون، ٥ی تریـش بریندارکرابـوون، لـە ڕۆژی ٢٦ی ئابیـش، ڕەبیـەی (دەحلـك) لـە شرانـش، خاپـور کـرا، ئەنجـام ٩ کـوژراو و برینـداری سـوپای عێـراق لـێ کەوتبـووەوە[2].

چالاکییـەکانی پێشـمەرگە بەرفـراوانی بەخـۆوە بینـی، ڕۆژ نەبـوو پێشـمەرگە چالاکـی دژی بەرژەوەندییـەکانی حکوومـەت ئەنجـام نـەدات، لـە٤ی ئەیلـوولی ١٩٧٦ لـە گونـدی (ئـورە) لـە ناحیـەی کانی مـاسی ـ ئامێـدی، ڕووبـەڕووی هێزەکانی سـوپای عێـراق دەبنەوە، ئـاکام ١٠ کـەس لـە سـوپای عێـراق کـوژران، لـە هەمان کاتدا سـێ مەفـرەزەی پێشـمەرگە هێرشـیان کـردە سـەر سـێ ڕەبیـەی سـوپای عێـراق لـە ناوچـەکانی (سـەرخێ خەرشـێ و باسـکی شەشـدار و کـوخ بـازن گیـرا) لـە ناحیـەی شرانـش، لـەو هێرشـانەدا ژمارەیـەك لـە سـەرباز کـوژران و بریندارکـران، لـە ڕۆژی ١٢ی ئەیلـوول سـوپای عێـراق هێـرشی کـردە سـەر گونـدی (بانـك) لـە ناحیـەی باتوفـە، کـە ناوچەکـە پێشـتر لـە لایـەن حکوومەتـەوە چـووڵ کرابـوو، بـەڵام هێـزەکانی پێشـمەرگە بـە توونـدی ڕووبـەڕووی بوونەوە و ئـاکام ١١ کـەس لـە سـوپای عێـراق کـوژران، توانییـان پاشەکشـە بە هێـزەکانی سـوپای عێـراق بکەن

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ح.د.ك- ق.م،»بـلاغ عسـكری رقـم (١، ٢)«، أواسـط تمـوز ١٩٧٦، ص ص١٢ -١٤؛ صـدى خەبـات، العـدد:(١)، تشـرين الأول١٩٧٦، ص٥.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ح.د.ك-ق.م فـرع أوروبا،»بـلاغ عسـكری رقـم (٤)«، أيلـول ١٩٧٦،ص ص١٦-٢١؛ خەبـات، الجريـدة، العـدد:(٥٢٨)، ٢٠ أيلـول ١٩٧٦، ص٤.

بۆ ناوەنـدی ناحیـەی باتوفـە [١]. لـە ئەنجامـی پەرەسـەندنی چالاکییـەکانی پێشـمەرگە لـە ناحیـەی باتوفـە و دەوروبـەری زاخـۆ، سـوپای عێـراق لـە ناوەڕاسـتی ئەیلوولـی ١٩٧٦، بـە پاڵپشـتی ژمارەیـەکی زۆری سـەرباز هێـرشی کـردە سـەر گونـدی (ئەفلهـی) لـە ناحیەی ناوبـراو، بـەڵام هێرشـەکە سـەری نەگـرت و هێـزەکانی پێشـمەرگە توانییـان ٢٠ سـەباز لـە هێـزەکانی سـوپای عێـراق بکـوژن و ناچاریـان بکـەن لـە ناوچەکـە دووربکەونـەوە. ڕۆژی ١٩ی ئەیلـوول سـوپای عێـراق بەختـی خـۆی دووبـارە دەکاتـەوە و هێـرش دەکاتـە سـەر هەمـان گونـد، بـەڵام دووبـارە تێکدەشـکێت و، ناتوانێـت هێـزەکانی پێشـمەرگە لـە ناوچەکـە وەدەرنێـت، بـە پێچەوانـەوە بـە هـۆی جێگیرکـردنی پێگـەی خـۆی، هێـزەکانی پێشـمەرگە توانییـان گورزێـکی بەهێـز لـە هێـزەکانی سـوپای عێـراق بوەشـێنن[٢].

هەروەهـا لـە٢٠ی ئەیلـوولی ١٩٧٦ مەفرەزەیـەکی پێشـمەرگە هێـرشی کردبـووە سـەر چەنـد ڕەبیەیـەکی سـوپای عێـراق لـە هاوینـە هـەواری (بلکێـف) لـە ناحیـەی ئەتـرووش سـەر بـە قـەزای شـێخان، لـە ئەنجامـی ئـەم هێرشـەدا ٥ پۆلیـس کـوژران، ٦پۆلیـسی تریـش بریندارکـران، لـە ڕۆژی ٢٦ی ئەیلوولیـش لـە گونـدی (هـرور) لـە ناوچـەی کانی مـاسی، پێکدادانێـك لـە نێـوان پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق ڕوودەدات و ئـاکام چەنـد سـەربازێکی عێـراق دەکوژرێـن، لـە هەمـان کاتـدا لـە ناوچـەی (کانی مـاسی) سـوپای عێـراق هێـرش دەکاتـە سـەر گونـدی (بازیفـە)، بـەڵام پێشـمەرگەکان دێنـە دەسـت، دەتوانـن ٢٠ کـەس لـە سـوپای عێـراق بکـوژن، هەرچەنـدە لـەو ماوەیـەدا لـە نـاو ئامـاری کـوژراو و بریندارەکانـدا ڕێـژەی کـوژراو و برینـدارانی پێشـمەرگە زۆر کەمـە، یـان بەکەمـی بەرچـاو دەکەوێـت، ڕەنگـە ئەمـەش بـە هـۆی شـەڕی پارتیزانییـەوە بێـت، کـە گیـانی پێشـمەرگە پارێـزراو بـوو، لـە سـەرێکی تریشـەوە سروشـتی جوگرافـی یارمەتیـدەر بـوو بـۆ پاراسـتنی گیـانی پێشـمەرگە[٣]. هێـزەکانی پێشـمەرگە لـە بەردەوامـی چالاکییەکانـدا، ڕۆژی ٤ی تشـرینی یەکەمـی١٩٧٦ هێرشـیان کردبـووە سـەر ڕەبیـەی گونـدی (بێتـکار) لـە سـنووری ناحیـەی کانی مـاسی، توانیبوویـان ٣ کـەس لـە سـوپای

---

(١) خەبـات، الجريـدة، العـدد:(٥٢٨)، ٢٠ أيلـول ١٩٧٦، ص٥؛ صـدى خەبـات، العـدد:(١)، تشـرين الأول ١٩٧٦، ص٩.

(٢) ح. د. ك- ق.م، لجنة العلاقات الخارجية ،»بلاغ عسكري رقم (٥)»، ١٨ تشرين الأول، ١٩٧٦.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ح. د. ك – ق.م، لجنـة العلاقـات الخارجيـة ،»بـلاغ عسـكري رقـم (٦)»،٣٠ تشـرين الثانـي ١٩٧٦،ص٢٨.

عێـراق بکـوژن، هەروەهـا لـە ١٦ی تشـرینی یەکەمیـش لـە گونـدی (شـیش) لـە ناحیەی شرانـش، گورزێـکی توونـد لـە سـوپای عێـراق دەدەن، هێرشـکەیش ژمارەیـەك کـوژراو و برینـداری سـوپای عێراقـی لـێ دەکەوێتـەوە، دوای دوو ڕۆژ جارێـکی تـر هێـزەکانی پێشـمەرگە هێـرش دەکەنـە سـەر هەمـان ناوچـە، سـەرئەنجام ١٥ سـەرباز و نۆکـەری حکوومـەت دەکـوژن، هەروەهـا لـە هەمـان ڕۆژدا لە(چیـای سـەفین) نزیـك شـەقڵاوە، سـوپای عێـراق هێـرش دەکاتـە سـەر هێـزەکانی پێشـمەرگە، بـەڵام بـە هـۆی زاڵبـوونی هێـزەکانی پێشـمەرگە و سـەختی شـوێنەکەوە هێرشـەکە سـەرکەوتوو نابێـت و سـوپای عێـراق دووچـاری زیانێـکی زۆری گیـانی و مـاددی دەبێـت[1]. چالاکییـەکانی پێشـمەرگە هــەر وەك پێشــتر بــاس کــرا بچــووك بــوون، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا کاریگــەر و سەرتاسـەری بـوون، بەمـەش حکوومـەتی دووچـاری سەرلێشـێواوی کردبـوو، ڕۆژی ١١ی تشـرینی دووەمـی ١٩٧٦ لـە چالاکییـەکی پارتیزانیـدا، لە(چیـای قـەرەداغ) پێشـمەرگەکان توانییـان دەسـت بەسـەر ڕەبیەیـەکی سـوپای عێراقـدا بگـرن و ١٠ لـە سـەربازەکان بکوژن، سـوپای عێـراق بـە مەبەسـتی تۆڵەکردنـەوە لـە هێـزەکانی پێشـمەرگە، دوای چەنـد ڕۆژێك هێـرش دەکاتـە سـەر گونـدەکانی دەوروبـەری (ناحیـەی قـەرەداغ)، ژمارەیـەکی زۆر گونـد دەسـووتێنێت و خاپـور دەکات، بـەڵام هێـزەکانی پێشـمەرگە بەرپەرچـی ئـەم هێرشـە دەدەنـەوە و، ژمارەیـەك کـوژراو و برینـداری حکوومـەتی لـێ دەکەوێتـەوە[2]. هەروەهـا لـە هەمـان ڕۆژدا ژمارەیـەك لـە هێـزەکانی پێشـمەرگە کـە نزیکـەی ٣٧ پێشـمەرگە دەبـن دەچنـە نـاو گونـدی (گونـدەژۆر) لـە ناوچـەی چۆمـان، بـارەگای خۆیـان لـە بینـای قوتابخانـەی گوندەکـە دادەنێـن، بـەڵام دوای دوو ڕۆژ حکوومـەت بەبـوونی پێشـمەرگە لـە گوندەکـە دەزانێـت، بۆیـە شـەوی١٥ لەسـەر ١٦ی تشـرینی دووەمـی١٩٧٦، هێزێـکی گـەورەی کۆمانـدۆ لـە سـێ قۆڵـەوە هێـرش دەکەنـە سـەر گوندەکـە، ئـاکام چەنـد پێشـمەرگەیەك بـوون بـە قوربـانی و چەنـد پێشـمەرگەیەکی دیکەیـش برینـدار دەبـن، هەروەهـا پێشـمەرگەیەك بـە نـاوی (محەمـەد سـەعید گونـدەژۆری) لـە لایـەن سـوپای عێراقـەوە بەدیـل دەگیرێـت و دواتـر لـە هاوینـی ١٩٧٧ لـە زینـدانی ئەبـو غرێـب لـە سـێدارە دەدرێـت، پێشـمەرگە سـەرەڕای ئـەوەی چەنـد قوربانییەکیـان هەبـوو، بـەڵام

(١) خەبات، الجریدة، العدد:(٥٣٠)، ٢٠ تشرين الثانى ١٩٧٦، ص٨.

(٢) المصدر نفسه، ص٩.

توانییـان ٢٧سـەرباز بکـوژن و ٣٠ کـەسی دیکەیـش برینـدار بکـەن[١]. هەروەهـا پولێـك لـە هێـزەکانی پێشـمەرگە ڕۆژی ١٥ی تشـرینی دووەمـی ١٩٧٦ دەچنـە نـاو شـاری زاخـۆ، بـە سـەر سێ گرووپـدا دابـەش دەبـن، دواتـر هێـرش دەکەنـە سـەر بنکـەی پۆلیـس و بینـای دەڤـەرداری زاخـۆ، ئەنجـام ٢٥پۆلیـس دەکـوژن، هەروەهـا شـەوی ٢٥ لەسـەر ٢٦ی هەمـان مانـگ مەفرەزەیـەکی پێشـمەرگە لـە گونـدی (بنگـردان) نزیـك ڕەوانـدوز، بـە هـاوکاری خەڵـکی گوندەکـە کـە ژمارەیەکیـان ئافـرەت بـوون، ڕووبـەڕووی سـوپای عێـراق بوونـەوە، نزیکـەی دوو کاتژمێـر و نیـو شـەڕ لـە نێـوان هـەر دوولا بـەردەوام دەبێـت، ئەنجـام وەك ئـەوەی لـە سـەرچاوەکاندا هاتـووە هێـزەکانی پێشـمەرگە نزیکـەی ٦١ کـەس لـە سـوپای عێـراق دەکـوژن، دەسـت بەسـەر ژمارەیـەکی زۆر کەلوپـەلی سـەربازیدا دەگـرن کـە بریتـی بـوو لـە٤٤ کلاشـینکۆڤ و ٢٠ هـاون، لەگـەڵ ئامێرێـکی بێتـەل. هەروەهـا شـەوی ١٦ لەسـەر ١٧ی هەمـان مانـگ مەفرەزەیـەکی پێشـمەرگە هێـرش دەکاتـە سـەر ناحیـەی (بنگـرد) لـە قـەلادزێ، لـەو هێرشـەدا ١٣ کـەس لـە پیـاوانی حکوومـەت کـوژران و بریندارکـران و ئۆتۆمبێـلی بەڕێوەبـەری ناحیەکەیـش سـووتێنرا، لـەم چالاکییـەدا ٣ پێشـمەرگە برینداربـوون[٢].

لـە ئەنجامـی بەرفراوانبـوونی چالاکییـەکانی پێشـمەرگە، بـە هـۆی چالاکـی پارتیـزانی و بەردەوامـی لێـدانی بنکـە و بـارەگاکانی سـوپای عێراقـەوە، هێـزەکانی پێشـمەرگە توانییـان تـا ڕادەیـەکی بـاش خۆیـان پڕچـەك بکـەن، بەدرێژایـی مانگـی کانـوونی یەکەمـی ١٩٧٦ چەنـدان چالاکـی لـە ناوچـە جیاجیـاکانی کوردسـتان ئەنجـام دران، گەورەتریـن چالاکـی ئـەو ماوەیـە لـە ڕۆژی ٢٧ی کانـوونی دووەمـی ١٩٧٦، شـەڕێکی گـەورە لەنێـوان هێـزەکانی پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق ڕوویـدا، لەکاتێکـدا سـوپای عێـراق بەهـۆی سـوودوەرگرتن لـە کەشـوهەوای تـەم و مـژاوی، نزیکـەی ٥٠٠ سـەرباز بـە پاڵپشـتی ١٢ هیلیکۆپتـەری جەنگـی هێـرش دەکەنـە سـەر هێـزەکانی پێشـمەرگە لەگونـدی (شارسـتێن)[٣]، بـەڵام

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: کەریـم خـان گونـدەژوری، گونـدەژوری باڵەکایـەتی و داسـتانێك، برایـەتی، ژ: (٢٥٩١)،١٩٩٨/٥/٢٦، ل٣.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ح.د.ك – ق.م، لجنـة العلاقـات الخارجیـة ،»بـلاغ عسـکری رقـم (٧)»، ١٩٧٦/١٢/٢٣، ص ص٢٩ -٣٦؛ خەبـات، الجریـدة، العـدد: (٥٣١)، ٢٠٧٦/١٢/٢٠، ص١٠.

(٣) گونـدی شارسـتێن، دەکەوێتـە ناحیـەی مەرگـە لـە قـەزای قـەڵادزێ. بڕوانـە: فـازڵ ڕەئـووف، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٨٣.

هێـزەکانی پێشـمەرگە بـە سەرپەرشـتی د. کەمـال کەرکـووکی پێشـتر ئـاگاداری هێرشـەکە بـوون[1]، کـە سـەرجەمیان لـە ٣٥ پێشـمەرگە بـەدەر نەبـوون، سـەرەڕای بـوونی چەکـی سـووك کـە بریتـی بـوون لە بڕنـەو و کلاشـینکۆف...تاد بە سـەر چەند شـوێنێکی سـتراتیژی و گرنگـدا دابـەش دەبـن[2]، ئەنجـام بـە پاڵپشـتی خەڵـکی گوندەکـە، سـەرەڕای قوربانیدانی ٧ پێشـمەرگە و برینداربـوونی چەنـد پێشـمەرگەیەکی تـر لەوانـەش د.کەمـال کەرکـووکی، سـەرکەوتنێکی بـێ وێنەیـان لـە مـاوەی ئـەو قۆناغـەدا تۆمارکـرد، توانییـان(١٥٠) کـەس لە سـوپای عێـراق بکـوژن، لەگـەڵ تێکشـکاندنی ٣ فڕۆکـەی جەنگـی هەروەهـا کەلوپەلێـکی زۆری سـەربازی دەسـکەوتی پێشـمەرگە بـوو[3]. ئـەم جـۆرە چالاکییانـە لـەم قۆناغـەدا شـتێکی چـاوەڕوان نەکـراو بـوو بـۆ حکوومـەت، ئەمـە لـە کاتێکـدا بـوو بـە ئومێـدی لەناوبـردنی هەمیشـەیی (پـدك) و بزاڤـی گـەلی کـورد بـوو[4]. بەرانبـەر بـەم شکسـتە سـوپای عێـراق بـێ بەزەییانـە کەوتـە گیـانی خەڵـکی گوندەکـە و ٩ کـەس لـە دانیشـتووانی گوندەکـە بوونـە قوربـانی و ٣٥ کـەسی تریـش برینـدار کـران، (س.ك) لـە شـوباتی ١٩٧٧ لـە بـارەی ئـەم کارە دڕندانـەی حکوومەتـەوە نامەیـەکی ئاراسـتەی سـکرتێری گشـتی ئـەو کاتـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان (کـۆرت ڤالـد هایـم) کـرد، تێیـدا ئامـاری قوربـانی و برینـدارەکانی دانیشـتووانی گوندەکـە خرابـووەڕوو[5].

سـوپای عێـراق لـە بەهـاری ١٩٧٧، بـە ئامانجـی دەرخسـتنی توانـای هێزی سـەربازی و پەردەپۆشـکردنی شکسـتەکانیان و پاککردنـەوەی هێـزەکانی پێشـمەرگە، بـە پاڵپشـتی فڕۆکـەی هەلیکۆپتـەر هێرشـێکی بەربـڵاو دەکەنـە سـەر ناوچـەکانی (حاجـی ئۆمـەران، خوشـکان، مەلـەکان) و (دۆڵـی شـەهیدان) نزیـك سەنگەسـەر و(دۆڵـی شـاور) نزیـك ڕانیە،چەنـد ناوچەیـەکی تـری سـنووری سـلێمانی، ئەنجـام شـەڕێکی خوێنـاوی لـە نێـوان سـوپای عێـراق و هێـزەکانی پێشـمەرگە ڕوودەدات، لـە ناوچـە جیاجیـاکانی سـنووری

---

(١) خەبات، الجريدة، العدد: (٧٩٣)، ١٩٩٦/٨/٤، ص٥.

(٢) نەسرەدیـن مسـتەفا، یەکـەم تەقـە و یەکـەم داسـتان پـاش نسـکۆی ١٩٧٥ قوتابیـانی ڕێبـازی بـارزانی تۆماریـان کـرد، برایـەتی، ژ:(٢١٧٠)، ١٩٩٦/٥/٢١، ل٨.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ح.د.ك – ق.م، لجنـة العلاقـات الخارجية،»بـلاغ عسـكری رقـم (٩)»، ١٩٧٧/٢/٢٨، ص ص٤١ -٦١.

(٤) د.دلێـر ئیسـماعیل حقـی شـاوێس، شـۆڕشی ئەیلـوولی ١٩٦١ لاپەڕەیـەکی پڕشـنگدارە لـە مێـژووی هاوچەرخـی نەتەوەیـی کـورد، گـوڵان، گۆڤـار، ژ:(٢٩٦)، ٢٠٠٠/٩/١٤، ل٢٧.

(٥) بۆ زانینی ناوەکان وناوەڕۆکی نامەکە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٦).

بـه ئامانجكـراو، نزيكـەی ٧ڕۆژ بـەردەوام بـوو، لـە ئاكامـدا سـەرەڕای قوربانيـدانی ٢٤ پێشـمەرگە، هێـزەكانی پێشـمەرگە گورزێـكی گەورەيـان لـە هێـزەكانی سـوپای عێـراق وەشـاند و نزيكـەی٣٠٠ كـوژراو و برينـداری لێكەوتـەوە، لـە چەنـد ناوچەيەكيـش پاشەكشـێ بـە هێـزەكانی كـرا بـۆ شـوێنە سـەرەتاييەكانی خـۆی، هـەر لـەم سـەروبەندەدا هێـزەكانی پێشـمەرگە هێـرش دەكەنـە سـەر ڕەبيـەی (گـری حسـارێ) لـە ناحيـەی شـێروان سـەر بـە قـەزای مێرگەسـۆر، لـەو هێرشـەدا ٥ كـەس لـە سـوپای عێـراق كـوژران، ٣ی تريـش برينداركـران[١]. لـەم سـەروبەندەدا سـوپای عێـراق بـە پاڵپشـتی تانـك و زرێپـۆش چەنـد هێرشـێكی گـەورە دەكاتـە سـەر گونـدی (بيـر مـووسی) لـە ناحيـەی زاويتـە، گونـدی (بريفـكا) لـە قـەزای شـێخان، لـە ئەنجامـی پێشـڕەوی سـوپای عێـراق چەنـد مەفرەزەيـەكی پێشـمەرگە بەرۆكيـان دەگـرن، بەرپەرچـی هێزەكانيـان دەدەنـەوە و زيانێـكی زۆريـان لـێ دەدەن. لـە ٢ی نيسـانی ١٩٧٧ هێـزەكانی پێشـمەرگە لـە نزيـك گونـدی (حەقـەلا) لـە ناحيـەی كانی مـاسی، بۆسـەيەك بـۆ سـەربازەكانی عێـراق دەنێنـەوە، ئەنجـام ٣٠سـەرباز كـوژران و ژمارەيەكـی ديكەيـش برينـدار كـران، لـە هەمـان كاتـدا ڕەبيـەی (سـەر زێـر) لـە سـەر ڕێگـەی كانی مـاسی لـە لايـەن هێـزەكانی پێشـمەرگە هێرشی كرايـە سـەر و توانييـان ٦ سـەرباز بكـوژن لەگـەڵ برينداركـردنی ٨ كـەسی تـر، كـە چەنـد پلەدارێـك لەنـاو كـوژراو و بريندارەكانـدا هەبـوو. ڕۆژی ١٠ی هەمـان مانـگ سـوپای عێـراق بـەرەو ناوچـەی سـەيد سـادق ـ سلێمانی لـە هەوڵـی پێشـڕەويدا بـوو بـە ئامانجی چووڵكـردنی خەڵـكی دێهاتـەكانی دەوروبـەر و دابڕينـی دەسـتی يارمـەتی بـۆ پێشـمەرگە، بـەڵام لـە بەرامبەريـدا هێـزەكانی پێشـمەرگە ڕووبەڕوويـان دەبنـەوە، سـەرەڕای كـوژرانی چەنـد سـەربازێك، پێشـمەرگە ڕێگـەی نـەدا پێشـڕەوی بـكات بـۆ ناوچەكـە.

لـە بەردەوامـی كاروچالاكييەكاندا، لە ناوەڕاسـتی نيسـانی١٩٧٧ لە گونـدی (ئەفلهی) لە ناوچـەی سـندی لـە زاخـۆ كـە ناوچەيـەكی چووڵكراوبوو، هێـزەكانی پێشـمەرگە ڕووبەڕووی هێـزەكانی سـوپای عێـراق دەبنـەوە، سـەرئەنجام لـە ڕووبەڕووبوونەوەكـەدا ٨ كـەس لـە هێـزەكانی سـوپا كـوژران، چەنـد كەسـێكی ديكەيـش برينـدار بـوون[٢]. ئـەوی ڕاسـتی بێت

(١) بـۆ زانيـاری زياتـر بڕوانـە: ح.د.ك – ق.م، لجنـة العلاقـات الخارجية،»بـلاغ عسـكری رقـم (١٠)»، ١٩٧٧/٤/٢٥، ص ص٦٢ -٦٧.

(٢) بـۆ زانيـاری زياتـر بڕوانـە: ح.د.ك – ق.م، لجنـة العلاقـات الخارجية،»بـلاغ عسـكری رقـم (١١)»، ٢٤ آيـار ١٩٧٧، ص ص٦٨ -٧٢؛ خەبـات، الجريـدة، العـدد: (٥٣٥)، أواسـط آيـار ١٩٧٧، ص٦.

ئـەم جـۆرە چالاكییانـە كـە زۆربەیـان لـە نـاو جەرگـەی كوردسـتان ئەنجـام دران، ڕۆڵێـكی گرنگیـان هەبـوو لـە بەدەسـتهێنانی بـاوەڕی خەڵك، سـەرەڕای ئـەوەی كاریگـەری زۆری لە سـەر نەمـانی ورەی سـوپای عێـراق هەبـوو. ئەگـەر چی بـە بەردەوامـی هێـرشی بەربڵاوی دەكـردە سـەر هێـزەكانی پێشـمەرگە، بـەڵام كاریگـەری ئەوتـۆی نەكـردە سـەریان، بـۆ نموونـە: لـە ٥ی ئایـاری١٩٧٧ سـوپای عێـراق هێرشـێكی گەورەی كردە سـەر دۆڵـی (هرور) لەناوچـەی ڕێكەوتـی بـاڵا بـۆ لەناوبردنی بنكە و بارەگای پێشـمەرگە، ئاكام شـەڕێكی گەورە لەگـەڵ هێزێـكی پێشـمەرگە ڕوویـدا كـە لـە: ( ئەحمـەد شـانە و محەمەد گـەودا و حەجی قـادو و مـولازم عـەلی و ئەحمـەد چەلـكی و دهـام هـروری و محەمـەد عـەلی هـروری... تـاد) پێكهاتبـوون، ئەنجـام ٧٥ كـەس لـە سـوپای عێـراق كـوژران، لـە كاتێكـدا هێـزەكانی پێشـمەرگە هیـچ زیانێكیـان بەرنەكـەوت، وێـڕای بـە دەسـتهێنانی٣٠ كلاشـینكۆف لەگـەڵ ١٥٠٠ گوللـە و چەنـدان كەلوپـەلی دیكەی سـەربازی[١]، چەند ڕۆژێكی دواتر سـوپای عێراق ئاگادارکرانـەوە بەهـۆی نۆكەرەكانیانـەوە كە بارەگایەكی پێشـمەرگە لە ناوچـەی (بێلمبێر) [٢]هەیـە، دوای خۆسـازدان و پلاندارِشـتن لـە ڕۆژی ٢٥ی هەمـان مانـگ ، بـە هێزێـكی گـەورەوە كـە نزیكـەی ٥٠٠ سـەرباز، بە پاڵپشـتی ٩ فڕۆكـەی هەلیكۆپتەر، لەسـێ قۆڵەوە، باكـوور و ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوا ناوچەكەوە هێرشـیان كردەسـەر بارەگای پێشـمەرگە، بەڵام هێـزەكانی پێشـمەرگە توانییـان گورزێـكی كوشـندە لـە سـوپای عێـراق بـدەن، ٤٥ سـەرباز كـوژران، لەگـەڵ برینداركـردنی ٣٠ سـەربازی تـر[٣]. هەروەهـا دوای دوو ڕۆژی تر، جارێكی تـر سـوپای عێـراق هێـرشی كردە سـەر بارەگایـەكی تـری پێشـمەرگە لەناوچەی (گوفـك) [٤]، بـە پاڵپشـتی ٧ فڕۆكـەی جەنگـی، بـەڵام هێـزەكانی پێشـمەرگە بـە توونـدی ڕووبـەڕووی هێـزەكانی بوونـەوە سـەرەڕای بەهێـزی هێـرشی سـوپای عێـراق، و بەكارهێنـانی فڕۆكـەی جەنگـی، كەچـی بـە ناچـاری لـە ناوچەكـە پاشەكشـێیان كـرد. لـە هەمـان كاتدا هێـزەكانی

---

(١) هاشم رمضان، المصدر السابق، ص ص٧٨ -٨٦.

(٢) ناوچـەی بێلمبێـر، ناوچەیـەكی شـاخاوی یەكجـار دژوار و بـە هـەوراز و نشـێوە، دەكەوێتـە گونـدی هـرور لـە لای ڕۆژئـاوای ناوچـەی بـەرواری بـاڵا، پێنـج كیلۆمەتـر لـە سـنووری توركیـاوە دوورە. بڕوانـە: ئەسـعد عـدو، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٠٦.

(٣) محمـد خالـد بوسـلی، پیـرۆزی یـا ناڤـێ بارزانیـێ نەمـر مـە ئاگـرێ شورەشـا گوڵانـێ هەڵكـر، برایـەتی، ڕۆژنامـە،ژ: (٢١٦٩)، ١٩٩٦/٥/٢، ل٣.

(٤) ناوچـەی گوڤـك، دەكەوێتـە سـەر سـنووری باشـووری كوردسـتان، نزیكـەی ٥٠٠ مەتـر لـە كوردسـتانی باكـوورەوە دوورە. بڕوانـە: هاشـم رمضـان، المصـدر السـابق، ص٧٧.

پێشـمەرگە هێرشـیان کردە سـەر چەند ڕەبیەیەکی سـوپای عێراق لە گوندەکانی دەوروبەری ناحیـەی (باتوفـە)، ئـاکام ژمارەیـەك لـە سـەربازانی عێـراق کـوژران، هەروەها لـە هەفتەی یەکەمـی مانگـی حوزەیرانی١٩٧٧، زنجیرە هێرشـێکیان کردە سـەر ڕەبیەکانی سـوپای عێراق لـە گوندەکانی(جومـێ، ئاڵانـش و ئەسـتیلان) لـە ناوچـەی سـندی، نزیکـەی ٥٠ کـەس لـە سـوپای عێـراق کـوژران، لـە ڕۆژانی دواتـر سـوپای عێـراق هێرشی کردە سـەر گوندی(شـت یونـس) لـە قـەزای ئامێـدی، هێرشـەکە تـا ڕۆژی ١٥ حوزەیـران بـەردەوام بـوو، هێـزەکانی پێشـمەرگە توانییـان بـە توونـدی ڕووبـەڕووی ببنـەوە، بـە هـۆی سـەختی ناوچەکـەوە سـوپای عێـراق نەیتـوانی ڕووبـەڕووی پێشـمەرگە ببێتـەوە، ئەنجـام ٣٠ لـە سـەربازەکانی کـوژران و برینـدار کـران، لەگـەڵ تێکشـکاندنی فڕۆکەیـەکی هیلیکۆپتـەر[١]. لـە درێـژی چالاکییەکانـدا، لـە ئایـاری ١٩٧٨ مەفرەزیەکی پێشـمەرگە سـەر بـە لێژنەی ناوچـەی ئاکرێ لـە گونـدی (دوسـتەکا)[٢]، ڕووبـەڕووی هێـزەکانی عێـراق دەبنـەوە، بـۆ مـاوەی ٧ کاتژمێـر شـەڕوپێکدادان بـەردەوام دەبێـت، ئەنجـام ٥٠ کـەس لـە سـوپای عێـراق و نزیکـەی ٨٠ کـەسی تـر بریندارب‌ـوون، پێشـمەرگەش قوربانییەکی بە (ناوی حەسـەن کێسـتەیی) هەبوو، لەگـەڵ بریندارب‌ـوونی چەند پێشـمەرگەیەکی تـر[٣]. لە سـەرەتای حوزەیـرانی ١٩٧٨، هێزێکی پێشـمەرگە بەسەرپەرشـتی (جەوهـەر نامیـق)، هێرشـێکی توونـد دەکەنـە سـەر بـارەگای حزبـی بەعـس و چەنـد دامودەزگایـەکی تـری سـەر بـە ئەمن لـە ناوچەی (سەرسـەنگ) لە دهـوك، ئەنجـام ژمارەیـەك لـە پۆلیـس و سـەرباز کـوژران[٤].

لــە ئەنجامــی بەرفراوانبــوونی چالاکییــەکانی پێشــمەرگە لــە ناوچــە ســنوورییەکانی باشــووری کوردســتان و بەرفراوانبــوونی هــاوکاری بەرگــری میلــلی بــۆ پێشــمەرگە، هێزەکانــی ســوپای عێـراق ڕۆژی ١٥ی حوزەیـرانی ١٩٧٨ بـە بەشـداری ژمارەیـەکی زۆری ســەرباز و بــە پاڵپشــتی چەنــد فڕۆکەیــەکی جەنگــی هێرشــێکی بەرفراوانیــان کــردە ســەر گونــدەکانی (ناحیــەی شــێروان) لــە قــەزای مێرگەســۆر، لــە بەرانبــەردا هێــزەکانی

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ح. د. ك- ق.م، العلاقـات الخارجیـە «بـلاغ عسـکری رقـم (١٣)»، ٢٧/ آب ١٩٧٧، ص ص١-١١.

(٢) دوسـتەکا، دەکەوێتـە ناوچـەی عەشـیرەتی زێبـار، بـە دووری نزیکـەی ١٠ کیلۆمەتـر لەناحیـەی دینارتـە، سـەر بـە قـەزای ئاکرێیە.(لێکۆڵـەر).

(٣) هاشــم رمضــان، المصــدر الســابق، ص٩٠؛ چاوپێکەوتــن لەگــەڵ ئیبراهیــم یوســف، دینارتــە، ٢٠١٦/٣/١٣.

(٤) ح.د.ك –ق.م، لجنة العلاقات الخارجیة، «بیان صحفی»، کردستان فی ٢تموز١٩٧٨.

پێشـمەرگە بـە پاڵپشـتی خەڵـکی گونـدەکان بـە تایبـەتی گونـدی (هـەرکی و باسـیا)، بەرپەرچـی هێـزەکانی سـوپای عێراقیـان دایـەوە و مـاوەی چەنـد ڕۆژێـك شـەڕ بـەردەوام بـوو، ئەنجـام هێـزەکانی پێشـمەرگە توانییـان ١٠٠سـەرباز بکـوژن، لەگـەڵ تێکشـکاندنی چەنـد فڕۆکـەی جەنگـی[1]. ڕۆژی ٢٧ی تشـرینی دووەمـی١٩٧٨ بـە هـۆی تەشـەنەکردنی چالاکییـەکانی پێشـمەرگەوە لـە سـنووری کـەرتی سـێ (هەورامـان و دەوروبـەری)، لـە ژێر ڕۆشـنایی ڕاپەڕینـی گـەلانی ئێـران و والابـوونی سـنوور لـە بـەردەم هێـزی پێشـمەرگەدا، حکوومـەتی عێـراق دڵگـران دەبێـت، بۆیـە زۆر بـە چـڕی بـە پاڵپشـتی ژمارەیـەکی زۆر فڕۆکـەی جەنگـی و بـە هـاوکاری جاشـەکان هێـرشی کـردە سـەر بنکـە و بـارەگاکانی پێشـمەرگە لـە ناحیـەی ( بیـارە و خورمـاڵ و هەورامان...تـاد)، بـەڵام بـە بەشـداری ژمارەیـەکی زۆری پێشـمەرگە بـە توونـدی وەڵامـی هێرشـەکە درایـەوە و ئـاکام توانییـان ٢٠ کـەس لـە سـەربازانی عێـراق بکـوژن، لەگـەڵ بریندارکـردنی چەنـدانی تـر، لـە ئەنجامـی ئـەم شکسـتەدا ڕۆژی دواتـر سـوپای عێـراق دووبـارە هێـرشی کـردەوە سـەر هەمـان ناوچـە بـە ئامانجـی تۆڵەسـەندنەوە، بـەڵام ئـەم جـارەش وەك هەمیشـە سـەرکەوتوو نەبـوو، بـە پێـی ئامـارەکانی (پـدك) لـەم شـەڕەدا یـەك پێشـمەرگە بریندار‌بـوو، زیانـەکانی دوژمـن بریتـی بـوون لـە ٣٩ کـوژراو، لەگـەڵ تێکشـکاندنی یـەك هیلیکۆپتـەر، چەنـدان کەلوپـەلی سـەربازیش دەسـتکەوتی پێشـمەرگە بـوون [2].

لـە درێـژەی چالاکییـەکانی لەشـکری، ڕۆژی ١٧ی کانـوونی یەکەمـی ١٩٧٨ هێزەکانـی پێشـمەرگە لە(گـەلی ڕەشـاڤا)[3]، گورزێـکی کوشـندەیان لـە سـوپای عێـراق وەشـاند، ئەمـە لـە کاتێکـدا بـوو سـوپای عێـراق بەنیـازی هێرشـکردن بـوو بـۆ سـەر ناوچـەی (نەهێـلی) لـە قـەزای ئامێـدی و دەوروبـەری، بـەڵام لـە لایـەن خەڵـکی ناوچەکـەوە هـەواڵ و ئـاگاداری بـە هێـزەکانی پێشـمەرگە گەیەنرابـوو، بۆیـە زانیارییـان هەبـوو، پێشـوەخت خۆیـان ئامـادە کردبـوو، کاتێـك هێزەکانـی سـوپای عێـراق لـە نـاو گەلیەکـەدا تێپەڕدەبن،

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە:ح.د.ك– ق.م، بیان»حملـه التهجیـر الجدیـد مرحلـة خطیـرة مـن الطغمة العنصـرية الشـاملة»، کوردسـتان فـی ١٢ تمـوز١٩٧٨؛ ح.د.ك – ق.م، لجنـة العلاقـات الخارجیـة، «بیـان صحفـی»، کوردسـتان فی ٣/تمـوز/١٩٧٨.

(٢) ب.د.ك – س.ك، هەرێمی سێ»ڕاگەیاندنی سوپایی ژمارە(٣)»، کوردستان لە١٩٧٨/١٢/١.

(٣) گەلـی ڕەشـاڤا، نزیکـەی دوو کیلۆمەتـر لـە ناحیـەی دێرەلوکـەوە دوورە، گەلییـەکی کویـر و بەرتەسـکە ڕووبـاری زێـی گـەورەی بـە نـاودا تێدەپەڕێـت بـە درێژایـی کیلۆمەترێك...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانە: پێشـمەرگە، داسـتانا گەلیێ ڕەشـاڤا ل ١٩٧٨/٢/١٧، گۆڤار، ژ:(١٠)، حوزیـرانی ١٩٩٨،ل٢٨.

ئەگەرچــی ژمــارەی پێشــمەرگەکان ١٥کــەس بــوون، بــەڵام بــە شــێوەیەکی شــارەزایانە بــە ســەر چەنــد مەفرەزەیــەکی بچــووك بچووکــدا دابــەش دەبــن و، لــە کێــوی گەلیەکــە خۆیــان حەشــاردەدەن، بــە تەوقیــت گورزێــکی لــە نــاکاو لــەو هێــزە دەدەن، ئــاکام ٨٢ کــەس لێــی کــوژران و برینــدار کــران[١]. لــە کۆتاییــەکانی ١٩٧٨ هێــزەکانی پێشــمەرگە لــە ناوچــەی (بیــارە و ئەحمــەد ئــاوا و تەوێڵــە و پێنجویــن) دەیــان چالاکــی لەشــکری لــە دژی پێگــەکانی حکوومــەت ئەنجــام دەدەن[٢]، هەروەهــا لــە مــاوەی ٣ تــا ٢١ی نیســانی ١٩٧٩ لــە ناوچــەکانی (زەردەهــاڵ و کــورە گوریــان و خورمــاڵ و پێنجویــن و تەوێڵــە... تــاد) چەنــد ڕەبیەیــەکی ســوپای عێــراق تێکــدەدەن، بەمــەش توانییــان زیانێــکی زۆری گیانی بــە هێــزەکانی ســوپای عێــراق بگەیەنــن، ناوچەیــەکی بەرفراوانیــش ئازادبکــەن، ســەرەڕای ئــەوە کــە نــاو بەنــاو ســوپای عێــراق هێــرشی دەکــردەوە ســەریان، بــەڵام ئەنجــام لــە بەرژەوەنــدی پێشــمەرگە دەشــکایەوە[٣]. هــاوکات لــە گونــدی (دێــر ئالــوش)[٤]، هێــزەکانی پێشــمەرگە بــە توونــدی بەرپەرچــی هێرشــێکی ســوپای عێراقیــان دایــەوە، وێــڕای بــوونی ژمارەیەکــی کەمــی پێشــمەرگە بــە بــەراورد لەگــەڵ ســوپای عێــراق کــە لــە چەنــد هێزێــك پێکهاتبــوون لــە وانــە: هێــزی (زاویتــە و بامــەڕنی و ئەتروش...تــاد)، بــەڵام هێــزەکانی پێشــمەرگە بــە هــۆی پەیڕەوکــردنی شــێوازی شــەڕی پارتیــزانی و ســەختیی ناوچەکــەوە، ئەنجــام گورزێــکی کوشــندەیان لــە هێــزەکانی عێــراق وەشــاند، بــێ ئــەوەی زیــانی گیانییــان بەربکەوێــت خۆیــان ڕزگارکــرد[٥].

لە ئەنجامی شکستییە یەك لە دوای یەکەکانی سوپای عێراق، ڕۆژی ١٨ی ئایاری ١٩٧٩ حکوومەت بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی تورکیا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی پاراستنی سنووری

---

(١) بــۆ زانیــاری زیاتــر بڕوانــە: ح.د.ك – ق.م، لجنــة الإعــلام، «بــلاغ عســكری رقــم ١٧»، كوردســتان فــی ١٩٧٨/٧/٢٠.

(٢) بــۆ زانیــاری زیاتــر بڕوانــە: ب.د.ك – س.ك، هەرێمــی ســێ،»ڕاگەیاندنی ســوپایی ژمــارە (٥)»، لــە ١٩٧٩/٥/١٠.

(٣) ح.د.ك – ق.م، لجنــة العلاقــات الخارجیــة، بیــان» تنسـیق عسـكری عێـراق – تركـی ضـد الأكـراد»، فـی ٢٩/ئایـار/١٩٧٩.

(٤) گونــدی دێــر ئالــوش، دەکەوێتــە ناوچــەی مــزوری ســەر بــە پارێــزگای دهــۆك. بڕوانــە: ســعید خودێــدا علــو، ســەرچاوەی پێشــوو، ل٧١

(٥) خەلیـل کۆچـەر، داسـتانا (دێـر ئالـوش) ل شورەشـا گوڵانـا پێشـکەوتنخواز، پێشـمەرگە، گۆڤـار، ژ: (١٠٣)، تشــرینا ئێکی ٢٠٠٦، ل٥٨.

ساڵی ١٩٧٨ی نێوان هەر دوو وڵات، هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە[١]، لە گوندی (دری) لە ناحیەی شێروان، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە بە هۆی سروشتی جوگرافیای ناوچەکە کە یارمەتیدەربوو توانییان پاشەکشە بە هێزەکانی عێراق بکەن و نزیکەی ٢٠ لە سەربازەکانی بکوژن[٢]. بە ئامانجی تۆڵەکردنەوە و دەرکردنی هێزەکانی پێشمەرگە، سوپای عێراق ڕۆژی٢٠ی ئایاری١٩٧٩ بە هێزێکی گەورەی پیادە و بە پاڵپشتی ١٠ فڕۆکەی هێلیکۆپتەر، بە چاوساغی ژمارەیەك لە جاشی ناوچەکە، هێرشیان کردە سەر هەمان ناوچە، بە شێوەی هەڕەمەکی ناوچەکەیان بۆردومان کرد، بەو هۆیەوە چوار ئەندازیار کە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە دەستبەسەر بوون، بەر بوردومانەکە کەوتن و گیانیان لە دەست دا، بەڵام وەك پێشوو، دووچاری زیانێکی زۆری گیانی  و ماددی بوون، نزیکەی ٢٧ سەرباز کوژران، لەگەڵ بریندارکردنی ١٤ کەسی دیکە[٣]. هەروەها جارێکی دیکە ڕۆژی ٢٥ی هەمان مانگ، سوپای عێراق بە هێزێکی گەورەی سەربازی لەگەڵ چەند فڕۆکەیەکی جەنگی هێرش دەکاتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لەگوندەکانی (دەوشین وخواردین و گیر ) لە قەزای زاخۆ، دوای شەڕێکی گەورە لە نێوان هەر دوولادا کە تا ٢٩ی ئایار بەردەوام بوو، ئاکام هێزەکانی پێشمەرگە توانییان زیاتر لە ١٠٠ سەرباز بکوژن، جگە لە تێکشکاندنی دوو فڕۆکەی جەنگی و چەند ئۆتۆمبێلێك، ئاکام سوپای عێراق ناچار کرا لە ناوچەکە پاشەکشێ بکات[٤]. هەر لەم سەروبەندەدا سوپای عێراق بە سەرپەرشتی ئەفسەرێکی کۆنی عێراقی بە ناوی (ئەسعەد حەمو تەلەعفەری)، بە پشتیوانی چەند فرۆکەی جەنگی هێرشێکی بەربڵاو دەکاتە سەر بارەگای (پدك) لە چیای (کوماتە) لە سەر سنووری عێراق و تورکیا، ئەگەرچی ژمارەی پێشمەرگەکانی نێو بارەگاکە کەم بوون، نزیکەی ٣٠ تا٣٥ پێشمەرگە مەزەندە دەکران، بەڵام توانی گورزێکی کوشندە لە سوپای عێراق بوەشێنن، بە گوێرەی سەرچاوەکان نزیکەی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ریککەوتنەکە بڕوانە: لازاریف.ن، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل٥٦٠-٥٦٢.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ح.د.ك – ق.م، لجنة العلاقات الخارجیة، بیان «قوات الحكومە العراق تقتل ٤ مهندسین»، فی٣١/ئایار/١٩٧٩.

(٣) بۆ زانیاری لەبارەی ناو و شوێنی نێشتەجێ بوونی ئەندازیارەکان بڕوانە: ح.د.ك - ق.م، لجنة العلاقات الخارجیة، بیان « قوات الحكومة العراق تقتل ٤ مهندسین»، فی ٣١/ئایار/١٩٧٩.

(٤) ح.د.ك – ق.م، تصریح صحفی،» إسقاط طائرتی هلیكوبتر، ومقتل أكپر من ١٠٠ جندی فی معركە دارت بمنطقة زاخۆ»، فی ١٩٧٩/٦/١.

٢٠ تا ٢٥ سەربازی عێراق بکوژن[١]، هەروەها فڕۆکەیەکی هێلیکۆپتەر تێکشکێنرا، جگە لەوەش پێشمەرگە چەند کەلوپەلێکی سەربازی دەستکەوت لەوانە دوو دۆشکە و توپێکی ٦٠ ملم و یەك RBJ ژمارە٢، یەك بی کەیسی هەڵبەت وەك سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن ئەمە گەورەترین هێرش بوو لە ماوەی دەستپێکردنی شۆڕشی گوڵاندا[٢]. بەم چەشنە پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی (١٩٧٦- ١٩٧٩) سەدان چالاکی لەشکری لە دژی بەرژەوەندییەکانی حکوومەت ئەنجام داون. هەرچەندە ئەوکات چالاکییەکان ئەوەندە گەورە و بەهێز نەبوون، بەڵام کاریگەری تەواویان هەبوو بۆ گەڕانەوەی ئومێدی ئازادی بۆ گەلی کورد و پێشمەرگە، ڕۆڵێکی گرنگیشی هەبوو لە بەدەستهێنانی باوەڕی خەڵك، سەرەڕای ئەوەش کاریگەری زۆری لە سەر ورە ڕووخاوی سوپای عێراق هەبوو، هەر وەك مەسعود بارزانی لەم بارەوە دەنووسێت: "ڕاستە لەو کاتە ناخۆش و پڕ زەحمەتەدا نەدەکرا کردەی گەورەی وابکرێ کە دەنگ بداتەوە، بەڵام کاری هەرە گرنگی ئەوسا ئەوەبوو کە هەوڵ بدرێت نائومێدی لە ناو دڵی تێکۆشەران نەچەسپێ و خۆئامادە بکەن بۆ دەرفەتی داهاتوو کە هەر زوو مستەفا بارزانی پێشبینی دەکرد و پێشم وایە تا ڕادەیەکی زۆر لە بەجێهێنانی ئەو ئارمانجەدا سەرکەوتن بەدەست هێنراوە»[٣].

(١) پێشمەرگە، گۆڤار، ژ: (١٤)، گوڵان، ١٩٩٩،ل١٤ -١٥.

(٢) گوڵان پێشمەرگە و بەرخودان، سەرچاوی پێشوو، ل ل٦٩ -٧١.

(٣) مسعود بارزانی، تا دەرفەتم دەبی...، ل١.

# بەشی دووەم

## ڕۆلـی پارتــی دیموکراتــی کوردسـتان لـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گەلـی کــورد (١٩٨٠ - ١٩٨٥)

# باسی یەکەم
# ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەکێتی بەرهەڵستکاری عێراق

پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەدوای نسکۆی ١٩٧٥، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەبێت دان بە بارودۆخی نوێی باشووری کوردستاندا بنێت بەشێوەیەك کە ناتوانێت وەك قۆناغی پێشوو (١٩٤٦-١٩٧٥) وەك تاکە پارت سەرکردایەتی بزاڤی گەلی کورد بکات، بەڵکو پێی وابوو وەك پێویستییەکی مێژوویی دەبێت دان بە واقیعی فرەپارت و فرەئایدیۆلۆجیا و بیروباوەڕی جیاواز دابنێت [1]، هەر بۆیە بۆ پابەندبوون بەم واقیعە لەسەرەتای کاری خۆڕێکخستنەوەدا لە ئابی ١٩٧٦، بە فەرمی یەکێك لە بڕیارە سیاسییەکانی ستراتیژی نوێی پارتەکەی داڕێژرا لە سەر بنەمای کاری هاوبەش و کارکردن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی کە سەرجەم هێزە بەرهەڵستکارە نیشتمانییەکان لە ئامێز بگرێت[2]، بە هەموو شێوەیەك پاراستنی سیاسەتی پاوانخوازی سیاسی و سڕینەوەی یەکتر لە گۆڕەپانی خەباتدا ڕەتدەکردەوە، بەڵکو خۆی بەوە دانەنا کە تەنیا حزبە و نابێت حزبی تر هەبێت، بەهەمان شێوە خۆی دانەنا کە هەموو مافێك لەدەست ئەوە و هێزەکانی تر لەمافی خەباتکردن بێبەشن، بە پێچەوانەوە بە ڕوحیەتی خەباتی هاوبەش چەند پێشنیاری هاوکاری و تەبایی پێشکەش بەهەموو هێزەکانی کوردستانی کرد لە ساڵی (١٩٧٦-١٩٧٧)، بەڵام بەهۆی زیندووکردنەوەی ناکۆکییەکانی پێشوو و قووڵبوونی دوژمنایەتی مێژینە لەلایەن لایەنی بەرانبەر، هەوڵەکانی (پدك) لەو ماوەیەدا نەبوو بە کردار[3]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی ماوەی(١٩٧٧ – ١٩٧٩)، لە سەرجەم بۆنە نیشتمانی و حزبییەکاندا، داواکاری لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش ئاراستەی هەموو

---

(١) ڕاپۆرتی سیاسی یازدەمین ...، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) سەرکردایەتی کاتی ڕێبازی...، سەرچاوەی پێشوو.

(٣) ڕاپۆرتی سیاسی یازدەمین...، سەرچاوەی پێشوو.

هێـزە کوردسـتانییەکان دەکـرد، بـەڵام لەبـەر ئـەو هـۆکارەی لەسـەرەوە بـاس کـرا، بـە کردارکـردنی ئـەم هەڵوێسـتە لـەو قۆناغـەدا ئەسـتەم بـوو[1]. لـە یـادی هەڵگیرسـانی شـۆڕشی ٢٦ی گـوڵان، لـە ساڵی١٩٧٩ (پـدك) لـە بەیاننامەیەکدا داوای لەسـەرجەم هێـزە کوردسـتانییەکان کـرد کـە سـاڵی سـێیەمی شـۆڕش بکـەن بـە سـاڵی کۆتاییهاتنـی شـەڕی براکـوژی، پێکهێنـانی بەرەیـەکی نیشـتمانی و بەرزکردنـەوەی گیـانی هـاوکاری نەتەوایـەتی لـە پێنـاو ڕووخانـدنی حکوومـەتی عێـراق[2]، بـەڵام وەك دیـارە هیـچ هێزێـك ئامادەنەبـوو بەپیـری داواکارییەکـەی (پـدك)ەوە بچێـت، تەنانـەت هەندێکیـان بـوونی (پـدك) یـان لەمەیـدان بەپەسـەند نـەدەزانی، تەنهـا خۆیـی لـە مەیـدان دەبینییـەوە، بێگومـان ئەمـەش کاریگـەری گـەورەی لەسـەر دواکەوتنـی پـرۆژەی پـارتی و پەرەسـەندنی شـەڕی براکـوژی هەبـوو.

مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: "ئەسـاسی سـەرکەوتنی هـەر میللەتێـك یەکێتییـە، بەبـێ یەکێتـی مەحاڵـە سـەرکەوتن بـە دەسـت بێنـێ و بڕوامـان بـەوە هەیـە لـە بـەر زرووفی ناسـکی ئەمـڕۆی کوردسـتان ئەبـێ ئەحـزابی تریـش لـە مەیـدان هەبـێ»، هەروەهـا لـە درێـژی قسـەکانیدا بـارزانی گوتبـووی: "زۆر هەوڵمان دا کە بەرەیەکی کوردسـتانی دروسـت بێـت، بـەڵام جەماعـەتی تـری کوردسـتان (زیاتـر مەبەسـت یەکێتییە-لێکۆڵـەر) کۆسـپیان ئەخسـتە ڕێگـەوە ڕۆژبـەڕۆژ شـەڕی  براکوژییـان تەشـجیع ئەکـرد تـا گەیشـتە ئـەوەی شـتی زۆر دڵتەزێـن ڕووبـدات، ئێمـە تەحەمـولی هیـچ  بەرپرسـیارەتییەك ناکەیـن، لەبـەر ئـەوە ئـەرکی خۆمـان بـۆ ڕێککەوتـن جێبەجـێ کـرد و ئێسـتا (١٩٧٩ -  لێکۆڵـەر) هـەر هەمـان هەڵوێسـتمان هەیـە و بانگـەواز ئەنێریـن بۆ هەمـوو جەماعەت کـە بەرژەوەندی میللـەت بخەنـە سـەرەوەی هەمـوو شـتی تـر، بـە روحێـکی برایانـە بۆیـان ئەچینـە پێـش، داوا ئەکەیـن ئەوانیـش بێنـە پێـش بـۆ ئـەوەی هەمـوو جهودمـان تەوجیهـی دوژمنانمـان بکەیـن و میللـەتی کـورد لـە میحنـە ڕزگار بکەیـن»[3]. لـە درێـژی هەوڵەکانیـدا، (پـدك) پێکهێنـانی  بەرەیـەکی هاوبـەش لەنـاو یەکێـك لـە بڕیـارەکانی کۆنگـرەی نۆیەمـی پارتەکـە

(١) پ.د.ك – س.ك، بەیاننامـە « جەمـاوەری تێکۆشـەر هۆشـیاربن لەپیـلانی خۆفرۆشـان «، لـە ١٩٧٩/١/٢٨.

(٢) پ.د.ك – س.ك، بەیاننامـە» سـڵاو ڕێـز بـۆ شـۆڕشی ٢٦ی گـوڵانی پێشـکەوتنخواز لەبیـرەوەری سـێهەمیندا»، لـە٢٦ی گـوڵانی ١٩٧٩.

(٣) ڕاپۆرتی سیاسی و عەسکەری و تەنزیمی ...، سەرچاوەی پێشوو.

کـە لەتشــرینی دووەمــی ١٩٧٩ بەسـترا، جێـگای دەکاتـەوە[١]، کـە تیایـدا هاتبـوو: " لـە چوارچێـوەی سـنووری کوردسـتاندا ئێمـە هیـچ کاتێـك باوەڕمـان بـە بیروبـاوەڕی یـەك پـارتی نەبـووە و نییـە، بەڵکـو ئێمـە ئەبینیـن بـۆ ئـەوەی کـە ڕووبـەڕووی پیلانـەکانی ئیمپریالیسـت و ڕەگەزپەرسـتەکان ڕابووەسـتین پێویسـتمان بـە یەکگرتنـی هەمـوو پـارت و هێـزە نیشـتمانییەکانی کـوردە، لـە هەمـوو پەلـەکانی هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی عێـراق کـە لـە کوردسـتاندا هـەن، کـە ئەمـەش بێگومـان مەرجـی سـەرەکییە بـۆ سـەرکەوتنی بزووتنــەوەی نیشــتمانی کــوردی کــە لەهەمــان کاتــدا ئەبێتــە زامنێــك بــۆ ئــەوەی زۆربـەی جەمـاوەری کـورد بتوانێـت لـە جموجووڵـی سیاسـی بەشـداربێت و ڕێگـە لـە دوژمـن بگریـن لـە هەوڵـدان بـۆ دووبـەرەکی خسـتنە نـاو ڕیزەکانمـان، پاڵپشـتێکە بـۆ بەرزبوونـەوەی گیـانی فیـداکاری و خەباتکـردن، سـەرکردایەتی ئـەم بزووتنەوەیـەش لـە لایـەن جەمـاوەر و دوژمـن و دۆسـتانەوە بەخـاوەن مەسـەلەکە دێتـە پێش چاو و حسـابی گـەورە و زۆرتـری بـۆ دەکرێـت»[٢]. لـەم پێنـاوەدا دوای تەواوبـوونی کارەکانی کۆنگرەکـە، بانگەوازێــك ئاراســتەی هێــزە کوردســتانییەکان و[٣]، هێــزەکانی تــری بەرهەڵســتکاری عێـراق دەکات[٤]. بـەڵام وەك باسـمان کـرد لـەم سـەروبەندەدا بزاڤـی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان تـووشی دابەشـبوونێکی سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی بـوو، شـەڕی براکـوژی و کینـە و گومـان لـە یەکـتر لـە پەرەسـەندندا بـوو، بەجۆریـك لەجیـاتی نزیکبوونـەوە لەیەکـتر، تـووشی شـەڕێکی خوێنـاوی ناوخۆیـی درێژخایـەن بووبـوون.

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی بڕیـارەکانی کۆنگرەکـە بڕوانـە: بڕیـارە سیاسـیەکانی کۆنگـرەی نۆیەمـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە ٤-١٩٧٩/١١/١٠ بەسـتراوە.

(٢) ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتانی ـ عێـراق، ڕاپـۆرت «مەسـەلەی بـەرەی نیشـتمانی کـوردی کـە جەمـاوەر کۆبکاتـەوە و سـەرکردایەتی خەبـاتی چەکـداری بـکات مەسـەلەیەکی زۆر گرنـگ و سـەرەکییە و لەبـارەی خەبـات و خزمەتکـردنی جەماوەریشـەوە هـەر پارتـە و بەپێـی نـرخ و گـرانی خـۆی لەنـاو کۆمەڵـگادا دەوری خـۆی دەبینێـت»، لـە ١٩٨٠/٥/٣٠.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی نـاوەرۆکی بانگەوازەکـە بڕوانـە: ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتان ـ عێـراق «بانگەوازێـکی نیشـتمانی دیموکـراتی لـە عێراقـدا بـۆ بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کوردسـتانی عێـراق، کـە هۆیـەکی سـەرەکی نەگەیشـتنی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کـورد بەئامانجـەکانی تـا ئێسـتە دووبـەرەکی ناوخۆیـی و شـەڕی براکـوژی یە»، لـە١٩٨٠/٨/١.

(٤) م.س ـ ح.د.ك ،»نـداء مـن الحـزب الديموقراطـى الكردسـتانى إلى الشـعب العراقـى عامـة و شـعبنا الكـردى خاصـة وإلى الـرأى العـام العربـى والعالمـى»، فـى ١٩٨٠/٨/٢٣.

هەربۆیـە بەهـۆی پێشـهاتە سیاسـی و لەشـکرییەکانی نێـو مەیـدانی باشـووری کوردسـتان، گـرژی و ئاڵۆزییـەکانی نێـوان (پـدك) و (ینـك) بەتایبـەت، دەرفـەتی پێکـەوە کارکـردن ئەسـتەم بـوو، ئاسـان نەبـوو مـل بـۆ داواکاری یەکـتر شـۆڕبکەن، هەرچەنـدە (پـدك) لـەلای خۆیـەوە دەنووسێت: " ئێمـە بـە توونـدی دژی ناکـۆکی و دووبەرەکیـن و باوەڕمـان وایـە کـە خەباتێـکی سـەخت لـە پێشـە لـەم خەباتـەدا پێویسـتی بە یەکخسـتنی هەمـوو هێـزی خەباتکـەر هەیـە»[1]. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بەهـەر هۆکار و شـێوەیەك بێـت، (پدك)یـش لایەنێـکی گرنگـی شـەڕی ناوخـۆ بـوو[2]. لـە درێـژی تێکۆشـانی (پـدك) لـە پێنـاو دامەزرانـدنی بەرەیـەکی هاوبـەش، لـە یەکـەم هەنـگاودا لەگـەڵ (حسـیك) بـە هاوبـەشی لـە١٥ی ئـابی١٩٨٠ لـە بەیاننامەیەکـدا لەژێـر نـاوی: (بانگەوازێـکی مێژوویـی لەپێنـاو پێکهێنـانی بەرەیـەکی ئـازادی کوردسـتانی و بەرەیـەکی نیشـتمانی دیموکـراتی لـە عێراقـدا) بڵاودەکەنـەوە، تێیـدا دەڵێـن: "لـەم کاتـە هەسـتیارەدا لـە هەمـوو کاتێـکی تـری ڕابـردوو پێویسـتی بـە یەکگرتنـی هێـزی نیشـتمانی و دیموکـراتی و ئیسـلامییەکان هەیـە بـۆ ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس، داوا لـە هەمـوو هێـزەکانی گۆڕەپـانی خەبـات دەکەیـن کـە لـە ئاسـت بەرپرسـیاریەتی خۆیـان بـن و بەوپـەڕی دڵسـۆزی و هەسـت بـە بەرپرسـیاریەتی بـەرەو پیـری ئـەم بانگـەوازە مێژووییەمـان بێـن لـە پێنـاو دامەزرانـدنی حکوومەتێـکی نیشـتمانی ئیئتـلافی کـە لـە ژێـر سـێبەری ئـەم حکوومەتـەدا دروشـمی دیموکراتیـەت بـۆ عێـراق حوکمـی ئوتونومـی ڕاسـتەقینە بـۆ گـەلی کـورد بێتـە دی»[3].

پـارتی بـە تایبـەت پـاش هەڵگیرسـانی جەنگی عێـراق - ئێران لـە مـاوەی(١٩٨٠-١٩٨٨)، کشـانەوەی بەشـێکی گـەورەی هێـزی سـەربازی لـە کوردسـتان و سـەرقاڵبوونی حکوومـەتی عێـراق دژ بـە ئێـران و ، دروسـتبوونی بۆشـایی سـەربازی، پێویسـتی دامەزرانـدنی بـەرەی بەپێویسـتییەکی مێژوویـی دەزانی، بۆیـە ئەگـەر سـەرنج بدەیـن هەوڵـەکانی خـۆی لەگـەڵ هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی کوردسـتانی و عێراقـی چڕکردبـووەوە، کـە بەرەیـەکی فـراوان دامەزرێنـن[4]. بـەڵام وێـڕای هەوڵـەکانی (پدك)،(ینـك) زووتـر توانـی کار بـۆ دامەزرانـدنی

---

(١) د.عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٨٤.

(٢) فاتـح ڕەسـوڵ، چەنـد لاپەڕەیـەك لەمێـژووی خەبـاتی ی کـورد، ڕووداو و بەڵگەنامـە ١٩٨٢ -١٩٩٠، ب٣، سـوید ، ١٩٩٤، ل٣٥٧.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٧).

(٤) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٨٥.

بەرەیـەکی هاوبـەش بـکات، ڕۆژی ٢٢ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٧٩، لـە (ناوزەنـگ) لـە بنـاری قەندیـل، لـە بـارەگای (حـزبی بەعـس سـەرکردایەتی هەرێمـی عێراقـی)[١]، لەگـەڵ (حشـع)، (بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی عـەرەبی)[٢]، کۆبوونەوەیـەکی چوارقۆڵییـان ڕێکخسـت[٣]، سـەرئەنجام لـە سـەر چەنـد خاڵێـك ڕێککەوتـن لەوانـە:

- لە ئێستاوە ئەو چوار هێزە کۆبوونەوەی چوارقۆڵی مانگانە دەبەستن.
- پێکهێنـانی لێژنەیـەکی سـەرەکی، بەئامانجـی کارکـردن بـۆ دامەزرانـدنی بەرەیـەکی دیموکـراتی عێراقـی یەکگرتـوو، ئـەم لێژنەیـەش یەکـەم کۆبوونـەوەی خـۆی لـە ناوەڕاسـتی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٠ لـە دیمەشـق دەبەسـتێت.
- پێکهێنـانی شـاندێکی چوارقۆڵـی یەکگرتـوو بەنـاوی (شـاندنی بزووتنـەوەی نیشـتمانی عێراقـی) کـە سـەر لـە تـاران بـدات بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ نووسـینگەی ئیـمام خومەینـی و حکوومـەتی تـاران و سـەرجەم حـزب و هێـزە پێشـکەوتووخواز و ئایینییـەکانی عێـراق[٤].

لـە دووەم کۆبوونـەوەدا، لـە ٢٥ی کانـوونی یەکەمـی ١٩٧٩ ، لـە بەیاننامەکەیانـدا

---

(١) حـزبی بەعـسی سـەرکردایەتی هەرێمـی عێـراق، باڵـی چەپـی پـارتی بەعـس بـوو لـە شـوباتی ١٩٦٦ جیابوونـەوە، کاتێـك پـارتی بەعـس بـوو بـە دوو بەشـەوە، باڵـی ڕاسـتڕەو (سـەرکردایەتی نەتەوایـەتی) و باڵـی چەپـڕەو (سـەرکردایەتی هەرێمـی عێـراق)، دوای ئـەوەی باڵـی یەکـەم لـە سـاڵی ١٩٦٨دا لـە ڕێـی کودەتـاوە دەسـەڵات دەگرێتـە دەسـت، باڵـی دووەم ڕووبـەڕووی لێپرسـینەوە دەبنـەوە، بۆیـە زۆربـەی کادیـرانی سـەرکردایەتی هەرێمـی عێـراق وڵات بەجـێ دەهێڵـن و دەچنـە سـووریا. بڕوانـە: فـاروق محمـد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٣٤.

(٢) بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی عـەرەبی، چەنـد سـەرکردەیەك لـە یەکێتـی عـەرەبی سۆسیالیسـت بـە سـەرکردایەتی (عەبدولسـەلام عـارف) جیابوونـەوە، ڕێکخراوێـکی نهێنییـان بەنـاوی بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی عـەرەبی دامەزرانـد، لـە ئەیلـوولی ١٩٦٥ یەکـەم کۆنگـرەی خۆیـان لـە شـاری بەغـدا بەسـت، پاشـان سـوبحی عەبدولحەمیـد بـە سـکرتێر هەڵدەبژێـرن، دواتـر چەنـد کەسـایەتی سـەربەخۆ و لایەنگـرانی پارتـەکانی تـر پەیوەندییـان پێـوە دەکـەن .هەمـان سـەرچاوە، ل١٣٤.

(٣) الجبهـة الوطنیـة القومیـة الدیموقراطیـة هـی الجبهـه العریضـه الواسـعه، الشـراره، الجریـدة، العـدد:الأول، السـنه الثامنـه، آذار ، ١٩٨٢، ص١؛ بزووتنـەوە، ڕۆژنامـە، ژ:(١)،سـاڵی یەکـەم، کانـوونی دووەمـی ١٩٨٠، ل٢٩.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر لـە بـارەی ئـەم خاڵانـە بڕوانـە: سـەلام عبدوالکەریـم، ژیـانی سیاسـی لـە باشـووری کوردسـتان ١٩٧٥ – ١٩٩١، سـەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیسـتی و دروسـت بـوونی حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان وەك نموونـە، چاپخانـەی چوارچـرا، سـلێمانی ، ٢٠١١، ل٩٩.

هاتـووه کـه هــەوڵ دەدەن بـۆ دامەزرانـدنی بەرەیـەکی نیشـتمانی دیموکـراتی لـه حـزب و هێـز و کەسـایەتییە نیشـتمانی و نەتەوەیـی و دیموکراتـەکان لـه عێراقـدا لـه پێنـاو ڕووخانـدنی ڕژێـم و دامەزرانـدنی دەسـەڵاتێکی ئیئتـلاف دیموکـراتی، لـەم بەیاننامەیـەدا سـەپاندنی هـزری نەتەوەیـی عـەرەبی لـه لایـەن حـزبی بەعـس سـەرکردایەتی هەرێمـی عێراقـەوە بـەدی دەکرێـت، ئەگەرچـی بـاس لـه مـافی ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە دەکات بـۆ گـەلی کـورد، بـەڵام مەرجـی ڕاسـتەقینەی ئەوەبـوو تـا بـه شـێوەیەکی چالاکانـە بەشـداری جەنگـی نەتەوەیـی عـەرەبی لـه خەباتەکەیـدا دژ بـه ئیمپڕالیـزم و پیلانەکانیـان بـکات، بـەڵام بەچـاوی بەکرێگیـراو وەك ئامرازێـك سـەیری هێـزی کـورد دەکـرا، تەنیا بـۆ ئەوەی وەك سـەربازێك سـوود لـه هێـزی شۆڕشـگێڕی کـورد وەربگرێـت و لـه شـەڕی نەتەوەیـی عەرەبـدا بەشـداربێت[1]. ڕاسـتییەکەی پێکهێنـانی ئـەم بەرەیـە هــەر زوو ڕووبـەڕووی هەندێـك کێشـە بـوو، کـه لـه سـەرەتادا بـوون بـه ڕێگـر لـه پێکهێنـانی ئـەم بەرەیـە، لـەم ڕووەوە سـەرچاوەکان هـۆی سـەرەکی دروسـتکردنی ئـەم کۆسـپانە بـۆ حزبـی بەعسـی سـەرکردایەتی هەرێمـی عێراقـی دەگێڕنـەوە، لەبـەر ئـەوە پێـی وابـوو کـه دەبێـت:

- دەرگـە بـۆ هەمـوو تاقـم و گرووپێـك بکرێتـەوە، تەنانـەت ئەگـەر تەنیـا ناویـش بـن.
- بڕیـار وەرگرتـن بـه دەنگـی زۆرینـە بێـت، لێـرەدا مەبەسـت ئەوەبـوو بـه هیـچ شـێوەیەك بەرەکـە لـه ژێـر ئامـۆژگاری ئـەوان دەرنەچێـت.
- لـه بـارەی کوردسـتان و مافـە ڕەواکانی گـەلی کـورد ڕاوبۆچوونیـان بـه هیـچ شـێوەیەك لـه سـنووری ئـەو ئۆتۆنۆمییـە دەرنەدەچـوو کـه ڕژێمـی بەعـس قەوارەکەیـان بـۆ دانابـوو[2].

لەڕاسـتیدا پـارتی بەعـس سـەرکردایەتی هەرێمـی خـۆی بـه کوێخـای بەرهەڵسـتکاری عێـراق نیشـان دەدا، کـه لـه هەموو دانیشـتنەکاندا وا خۆیان دەردەخسـت کـه ڕێکخراوی نهێنـی بەهێـز لـه ڕیـزی بەعـسی حکمڕانـدا هەیـە، بـه تایبـەتی لـه نـاو دامـودەزگای عەسـکەری، کـه لـه ڕێگـەی ئـەم ڕێکخراوانـەوە ڕووداوی گـەورە ڕوودەدات لـه عێـراق

---

(١) فاتـح ڕەسـوڵ، چەنـد لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کوردمـان ڕووداو و بەڵگەنامە١٩٨٠-١٩٨١، سوید، ١٩٩١، ل٩٨-٩٩.

(٢) فاتـح ڕەسـوڵ، چەنـد لاپەڕەیـەك لەمێـژووی خەبـاتی گـەلی کوردمـان ڕووداو و بەڵگەنامـە١٩٨٠ – ١٩٨١، ب٢، سـوید ، ١٩٩٢، ل٢٢١.

و سـەدام و وابەسـتەكانی نامێنـن. لـەم بـارەوە فاتـح ڕەسـووڵ دەنووسـێت: " لـە ڕاسـتیدا هەمـوو شـتێ دروسـتكراوو درۆ بـوون»[1].

پـاش هەڵگیرسـاندنی جەنگـی عێـراق و ئێـران، گرتنـەوەی بـۆڕی نـەوتی عێـراق ـ سـووریا و ئەنجامـدانی چەنـدان وتوویـژ لـە نێـوان سـەرانی هێـزە بەرهەڵسـتكارانی عێراقی لەلایـەك، لەگـەڵ كاربەدەسـتانی سـووری و لیبی و فەلەسـتینی لە لایەكی تـرەوە[2]. ئەنجام لـە١٢ی تشـرینی دووەمـی ١٩٨٠ بـەرەی نیشـتمانی نەتەوەیـی دیموكـراتی (جوقـد)[3] لـە نێـوان هەشـت پـارتی بەرهەڵسـتكاری عێراقـی، پێكهێـنرا[4]. سـەبارەت بـە چارەسـەری مەسـەلەی كـورد لـە چوارچێـوەی ئـەم بەرەیـەدا، مـەلا بەختیـار دەنووسـێت: "بـەرەی (جوقـد) لـە بـارەی چارەسـەری سیاسـی و ئاشـتیانەی مەسـەلەی چارەنـووسی گـەلی كوردسـتان ناسـەلمێنێت، بۆیـە كـە نـاوی (الجبهـة الوطنیـة) هەڵبژێـرراوە، ئـەم (وطنیـة) ـە بەواتـای پاراسـتنی (وطـن) و گیـانی (وطنیـة)ی عێـراق داڕێـژراوە، هەروەهـا یەكسـەر دوای (الوطنیـة) نـاوی (القومیـة)ش هاتـووە لـە مەشـیاندا مەبەسـت (القومیـة العربیـة) لـە بەرئـەوە بـە گـەلانی عێـراق ناڵێـن (القومیـة العراقیـة)، بـەو ناوانـەش (الوطنیـە) ی عێراقـی سـەرەتا و پاشـان (القومیـة)ی عـەرەبی دوای ئـەوە لـە (الجبهـة الوطنیـة القومیـة) كەواتـە هەمـوو ئەگـەرەكانی چارەسـەری دیموكراتیانـەی كێشـەی كوردیـان ڕەتكردووەتـەوە»[5]. هـەر بۆیـە هـەر لـە ناوەكەیـدا هـزری ڕەگەزپەرسـتی و بیـری

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٢.

(٢) لـە مـاوەی یەكەمـی سـاڵی یەكەمـی جەنگـی نێـوان عێـراق و ئێـران، سـووریا ڕێگـەی بـە بەردەوامـی هەناردەكـردنی نـەوتی عێراقـی دا لـە ڕێگـەی بۆڕییەكانییـەوە بـۆ تەرابلـوس لـە لوبنـان و بانیـاس لـە سـووریا، بـەڵام بەخێرایـی دایخسـت، لـە٧ی تشـرینی یەكەمـی ١٩٨١ سـووریا وەك یەكـەم وڵاتی عـەرەبی پشـگیری خـۆی بـۆ ئێـران ڕاگەیانـد دژ بـە عێراق...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: فـاروق محمـد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٣٤.

(٣) پارتـە بەشـداربووەكان بریتـی بـوون لە:(ڕێكخـراوی سـوپای گـەلی ڕزگاری عێـراق و حزبـی شـیووعی عێـراق ویەكێتـی نیشـتمانی كوردسـتان و بزووتنـەوەی عـەرەبی سۆسیالیسـتی و پـارتی بەعـسی عـەرەبی سۆسیالیسـتی (سـەركردایەتی هەرێمـی عێراقـی) و پـارتی سۆسیالیسـتی عێـراق و پـارتی سۆسیالیسـتی یەكگرتـووی كوردسـتان ودیموكراتـە سـەربەخۆكان).بڕوانە: فاتـح ڕەسـوڵ، چەنـد لاپەڕەیـەك...، ب٢، ل٢٢٢.

(٤) الشراره، الجریدة، العدد:الأول، السنه(١١)، كانون الثانی ١٩٨٢، ص ١-٢.

(٥) مەلا بەختیار، یاخی بوون لەمێژوو...، ل٢٦٥.

تەسکی نەتەوەیی عەرەبی بە سەردا زاڵە، جگە لە پاراستنی بەرژەوەندی و خواستی پارتی بەعس و هێزەکانی تری بەرهەڵستکاری عەرەبی هیچ بەرژەوەندییەکی کورد لە ناو پەیڕەوپرۆگرامی بەرەی (جوقد)دا بەدی ناکرێت.

بەرەی (جوقد) لە ژێر دروشمی ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراسی و دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و بەستنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە عێراق بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبیەوە دامەزرا[١]. بەڵام ئاکام ئەوە دەردەکەوێت لە توانای حزبە عەرەبییەکانی ناو بەرەدا نەبوو کە ئەم دروشمانە جێبەجێ بکەن، بە هۆی نەبوونی پێگەیەکی سیاسی و لەشکری لە عێراق، بۆیە هەوڵی دەدا لە ڕێگەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردەوە، بە تایبەت (ینك) لە سەر حسابی پێشمەرگەکانی کار لە سەر جێبەجێکردنی ئەم دروشمە بکەن کە خاوەن پێگەیەکی بەهێزی سەربازی بوو لە کوردستان، کەواتە ئەرکی قورس دەکەوێتە سەرشانی هێزە کوردستانییەکانی ناو بەرە.

لە سەرەتای دامەزراندنی بەرەی (جوقد) پارت و کەسایەتییەکانی بەشداربووی بەرەکە بیروبۆچوونی جیاوازیان بەرانبەر بە شێوازی پێکهێنانی (جوقد) هەبوو، هەندێکیان بە هەنگاوێکی گرنگی دەزانی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ڕەفتار فاشی بەغدا[٢]. بەڵام هەندێك لایەنی تر بە بەرەیەکی لاوازیان لە قەڵەم دەدا، وەك نەوشێروان مستەفا دەنووسێت: " من خۆم هیوایەکی زۆرم پێی نەبوو، جۆری پێکهاتنی لایەنەکانی و توانای سیاسی و ڕێکخراوەیی و جەماوەرییان لە سەر ئەرز و جیاوازی بیروبۆچوونیان لە سەر پاشەڕۆژی عێراق وای لێکردبووم من هیوایەکی ئەوتۆم بەم بەرەیە نەبێت، لام واش بوو ئەم بەرەیە شتێکی لە ئەرکی قورسی سەرشانی ئێمە کەم ناکاتەوە»[٣]. هەڵبەت ئەوەی سەیر بێت ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بەرەی (جوقد)ەوە دەردەکەوێت کە لە بارەی بزاڤی گەلی کوردەوە بەرەیەکی لاواز و شەلە، لەبەر ئەوە (پدك) وەك خاوەن هێزێکی چەکدار و شۆڕشگێڕ و، هەبوونی ئەزموونێکی دوور و درێژی شۆڕشگێڕی، لەم بەرەیەدا پەڕاوێز خرابوو، بە

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئامانجەکان بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٨).

(٢) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٢، ل٢٢٣.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩ -١٩٨٣، چ٣، سلێمانی ،١٩٩٧، ل١٧٦.

هـۆی ڕازینەبـوونی (ینـك) و پـارتی بەعـسی سـەرکردایەتی هەرێمـی کـە ئامـادە نەبـوون (پـدك) بەشـداری تێـدا بـکات[1]. لـەم بـارەوە لەچاوپێکەوتنێکـدا د.مەحمـوود عوسـمان دەڵێـت: " یەکێتـی ڤیتـۆی لـە سـەر پـارتی هەبـوو و حـزبی بەعـسی سـووریاش لـە بـەر یەکێتـی جۆرێـك لـە ڤیتۆیـان هەبـوو، لـە بـەر ئـەوە پـارتی لـە کارەکـەی دوور بـوو»[2]. هەروەهـا مـەلا بەختیـار دەنووسـێت: "هێشـتنەوەی پـارتی بـە هەڵپەسـێرراویش کارێـکی خـراپ بـوو، دەبوایـە پـارتی ڕابکێشرابـا بـۆ نـاو (جوقـد)، لـە بـەر ئـەوە مەعقـوول نییـە لـە گەرمـەی چارەسـەرکردنی کێشـەکاندا پـارتی فەرامـۆش بکرێـت، هـەر بۆیـەش ئەنجـام دەرکـەوت (جوقـد) نەیتـوانی ئـەو هەمـوو کێشـە و تەنـگ و چەڵەمـە پەنـگ خواردووانە بنەبـڕ بـکات، بەڵکـو لـە هەنـاوی لایەنەکانـدا هـەر تەنـگ و چەڵەمـە و گیروگرفتـەکان تەحەکومیـان دەکـرد»[3].

سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی (پـدك) هـەر لەسـەرەتای ئامـادەکاری دامەزرانـدنی بـەرەوە، ئامادەبـوو شـان بەشـانی (ینـك) و هێـزەکانی تـر کار بـکات لەپێنـاو دژایەتیکردنی دوژمنـی سـەرەکی کـە ڕژێمـی بەعـس بـوو، هـەروەك مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: "ئامـادەم لـە گـەڵ جـەلال تاڵەبـانی دانیشـم بـۆ چارەسـەرکردنی گشـت ناکۆکییـەکان کـە لـە نێوانمانـدا هەیـە، هەروەهـا هەمـوو هێـز و توانـای خۆشـمان ڕێـك بخەیـن و پێکـەوە لـە یـەك سـەنگەردا دژی ڕژێمـی فـاشی عێـراق بوەسـتین»[4]. هەروەهـا لـە پێناو ڕێکخسـتنەوەی بزاڤـی نەتەوایـەتی کـورد و زیاتـر لـەت لـەت نەبـوونی، هـەر لەسـەرەتای ڕۆژی دامەزرانـدنی بـەرەی (جوقـد)ەوە، (پـدك) پشـگیری خـۆی بـۆ بەرەکـە ڕاگەیانـد و بـە دەرفەتێـکی گونجـاوی زانی بـۆ کۆکردنـەوەی سـەرجەم هێـزە ناڕازیبـووەکانی عێـراق، لـەم ڕووەوە هەوڵـەکانی خـۆی خسـتبووە گـەڕ بـۆ چوونـە نـاو بەرەکـە[5]. جگـە لـەوەش (حشـع) و (حسـیك)یش هاوهەڵوێسـت بـوون لـە بەشـداری پێکـردنی (پـدك) لەبـەرەی (جوقـد)دا، بـەڵام بەهـۆی هەڵوێسـتی نەگـۆڕی (ینـك)ەوە، کـە هەمـوو داواکارییـەکانی

(١) دیفید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی...، ل٥٦٨.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەل د.مەحمود عوسمان، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.

(٣) مەلا بەختیار، یاخی بوون...، ل٢٦٣.

(٤) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...، ب٢، ل٢٢٣.

(٥) سروە قـادر سـمایل، ئەزمـوونی کاری بەرەیی لە کوردسـتان – عێـراق ١٩٨٠ – ١٩٩٠ (توێژینەوەیەکی مێژوویـی – سیاسـییە)، نامـەی ماسـتەر (بڵاونەکـراوە)، کۆلێـژی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان، زانکـۆی کۆیـە، ٢٠١٠، ل٢٣.

سەبارەت بەبەشداری (پدك) ڕەتدەكردەوە، بەبیانووی ئەوەی كە پێویستە (پدك) پەیوەندی خۆی لە هەر یەكە لە ئێران و ئەمریكا و ئیسرائیل بپچڕێنێت، بەڵام سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن لەو ساتەدا هیچ جۆرە پەیوەندییەكی دۆستانە و لێك نزیكبوونەوەی (پدك) لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریكادا نەبوو[١]، بە پێچەوانەوە بە هۆی ئەو ئەزموونە تاڵەی كە لە قۆناغی پێشوو لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریكادا هەیبوو، هەروەها لەم قۆناغەدا لە ڕوانگەی ڕازیكردن و بەدەستهێنانی پاڵپشتی وڵاتانی عەرەبی، بە هەموو شێوەیەك دژی ئیسرائیل و ئەمریكا دەوەستا و بەردەوام لە ڕاگەیاندنەكانیدا سەركۆنەی دەكردن[٢]. سەبارەت بوونی پەیوەندی (پدك) لەگەڵ ئێران، ڕاستییەكەی ئەمەش تەنیا دۆزینەوەی بیانوو بوو، لەبەر ئەوە(ینك) لە سەروبەندی ئامادەكاری پێكهێنانی بەرە، هاوشێوەی (پدك) پەیوەندی لەگەڵ حكوومەتی ئێران هەبوو، بۆ نموونە: لە یەكەم ڕۆژی سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران ١٩٧٨ لە ڕێگەی بڵاوكراوەی (صوت الاتحاد)ەوە، پشگیری خۆی بۆ شۆڕش ڕاگەیاند و لە پەیوەندییەكی دۆستانەدا بوو[٣]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەوشیروان مستەفا دەنووسێت: " ئەگەر پارتی ئەم هەنگاوە نەهاوێت هەتا هەموو كوردستانی عێراق لە گەڵیدا ڕێككەون ئێمە دژایەتی دەكەین»[٤]. لەم بارەیەوە فوئاد مەعسووم ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكیتی، هەموو ئەو پێشنیارانەی (ینك) خستبووە بەردەم (پدك)، ڕەتدەكاتەوە و دان بەو ڕاستییەدا دەنێت و دەڵێت: "هەوڵ درا پارتیش بێتە ناو بەرەی (جوقد)ەوە، بەڵام لەبەر ئەوە كۆك نەبووین، كوژراو و گیراوێكی زۆرمان هەبوو، شەڕی ناوخۆ دەستی پێكردبوو، هەروەها ئێمە لە

---

(١) فاروق محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

(٢) ئێستگەی دەنگی كوردستانی ـ عێراق، وتار» ئەمریكا چی لە عێراق و ناوچەكە ئەوێ»، لە١٩٨٢/٤/١٣؛ بەرەی نیشتمانی دیموكراتی عێراق، بەیاننامە»داگیركردنی خاكی لوبنانی برا لەلایەن ئیسرائیلەوە بە توندی تاوانبار دەكەین. بە تێكۆشانی یەكگرتوومان داگیركردنە تازەكانی خاكی عەرەب لەلایەن ئیسرائیلەوە وردوخاش دەكەین»، لە٩ی حوزەیرانی ١٩٨٢.

(٣) صوت الاتحاد، بڵاوكراوەیەكی وەرزی بوو لەشێوەی ڕۆژنامەدا كە لە لایەن لقی ئەوروپای یەكێتی نیشتمانی كوردستان بە زمانی عەرەبی لە نێوان ساڵانی١٩٧٦- ١٩٨٣ دەردەچوو، ٨ ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارەی ١ی لە حوزەیرانی ١٩٧٦ دەریكرد، دوا ژمارەش لە كانوونی دووەمی ١٩٨٣ دەركرا. بڕوانە: فاروق محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

(٤) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٢، ل١٢٢ -١٢٣.

سـاڵی ١٩٧٦ کۆبوونەوەمـان کـرد، لـە لایـەن یەکێتـی جـەلال تاڵەبـانی و لـە لایـەن پـارتی مەسـعود بارزانییـەوە ڕێککەوتنـمان واژۆکـرد، بـەڵام دوای ئـەم ڕێککەوتنـە (ئیبراهیـم عـەزۆ) کـوژرا و کارەسـاتی هـەکاری ١٩٧٨ڕوویـدا، ئەمانـە هەمـووی کاریگـەری خۆیـان هەبـوو»[1]. کەواتـە پێـم وایـە وەرنەگرتنـی پـارتی لـە بـەرەی ناوبـراو هیـچ پەیوەنـدی بـەوەوە نەبـووە کـە گوایـە پـارتی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئەمریـکا و ئیسرائیـل هەیـە، بەڵکـو پەیوەنـدی بـە پابەندبـوونی یەکێتییـەوە هەبـوو لـە بـارەی بچووکردنـەوەی قەبـارەی پـارتی لـە گۆڕەپـانی خەباتـدا.

ڕاسـتییەکەی بەشـداری پێنەکـردنی (پـدك) لەبەرەکـەدا، کـە خـودی خـۆی خـاوەن هـزری داڕێـژەری پێکهێنـانی بەرەیـەکی نیشـتمانی دیموکـراتی عێراقـی بـوو، وەك بڕیـار لـە بەرنامـەی کاری پارتەکەیـدا چەسـپاندبووی، نەدەکـرا بـە تەنیـا دەستەوەسـتان لـە گۆڕەپـانی سیاسـی و چەکـداری بمێنێتـەوە. ئەحمـەد بانیخێـلانی کـە ئـەو کات ئەندامێـکی بـاڵای (حشـع)بوو، دەڵێـت: "پێـش دامەزرانـدنی بـەرەی (جوقـد)، پـارتی لـە گـەڵ (حشـع وحسـيك) کاری بـۆ بەرەیـەکی هاوبـەش کردبـوو، لـە ڕۆژی مۆرکـردنی بـەرەی (جوقـد)ەوە ئەوەمـان ڕاگەیانـد کـە دەسـت لـە دۆسـتایەتی پـارتی هەڵناگریـن، هاریـکاری دوو قۆڵـی لـە گەڵیـدا دەکەیـن»[2]. تەنانـەت عەزیـز محەمـەد دەڵێـت: «بـەو مەرجـەی (حشـع) بەرەی(جوقـد) ئیمـزا کـرد کـە پارتیش بەشـدار بێـت»[3]. هاوکات لەنێو(حسـيك)دا کێشـە و ناکـۆکی سـەری هەڵـدا، د.مەحمـوود عوسـمان بـە نـاوی (حسـيك)ەوە بەرەکـەی ئیمـزا کردبـوو، بـەڵام سـەرکردایەتی (حسـيك)، بـەشی زۆری ئەندامـانی لـە نـاوەوەی کوردسـتان لەگـەڵ ئـەم بەشـداریکردنەدا نەبـوون، لەوانـەش (ڕەسـووڵ مامەند) سـکرتێری ئەوکاتەی حـزب، ناڕەزایـی خـۆی لـە سـەر شـێوازی پێکهێنـانی بـەرەی (جوقـد) دەربـڕی[4]. بێگومان

(١) سروە قادر سمایل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

(٢) ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم، ستۆکهۆلم ، سوید ،١٩٩٧، ل٣٩٦.

(٣) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عەزیـز محەمـەد، هەولێـر، ٢٠١٦/١/٢١.عەزیـز محەمـەد، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٢٤ لـە گونـدی بێرکـۆت سـەر بـە پارێـزگای هەولێـر، لـە شـاری هەولێـر خوێنـدنی سـەرەتایی تـەواو دەکات، دواتـر دەبێتـە ئەندامـی حـزبی شـیووعی عێـراق، لـە مـاوەی ١٩٤٨ -١٩٥٨ لـە لایـەن ڕژێمـی ئەوسـای عێـراق خراوەتـە زینـدان، دوای ئازادکردنیـان دەبێتـە ئەندامـی لێژنـەی مەرکـەزی حـزبی شـیووعی عێـراق، لەمـاوەی١٩٦٤ـ١٩٩٣ سـکرتێری حـزبی شـیووعی عێراقـی بـوو، تـا ئەمـڕۆش ئەندامـی هەمـان حزبـە نیشـتەجێی شـاری هەولێـرە.

(٤) بەهرۆز گەلاڵی، ڕەسوڵ مامەند ٥٠ساڵ تەمەن ٣٣ ساڵ خەبات، چ٢، سلێمانی ،١٩٩٨، ل١١٣.

ئەمەش دەرفەتێکی گرنگ بوو لەبەردەم (پدك)دا، بۆیە دەبینین هەر زوو ئەوەی قۆستەوە، (حسیك)ی لەخۆی نزیك کردەوە[1]. بە هەمان شێوە (حسیك) بە هۆی پەیوەندی خراپی لەگەڵ (ینك) و سەرهەڵدانی شەڕی براکوژی لە نێوانیان، زاڵبوونی (ینك)ی بە سەر ناوچەکانی سنووری(حسیك)دا، چاوی لە(پدك)بوو هەر وەك محەمەدی حاجی مەحموود دەنووسێت: "هەندێك لە برادەرانی ئێمە(حسیك- لێکۆڵەر) چاویان لە پارتی و هێنانەوەی بوو، بەو نیازەی کە هێزێکی دژ بە یەکێتییە بە هاتنەوەیان هەندێك لەو قورساییەی سەر (حسیك) کەم دەبێتەوە، یان هەر هیچ نەبێت دەبێتە سەیرکەر»[2].

پاش ڕاگەیاندنی بەرەی (جوقد) و سوربوونی (ینك) لە دژایەتی وەرگرتنی (پدك) لە بەرەکەدا، (پدك) لەگەڵ هەر یەکە لە(حشع ـ حسیك) بڕیاری هەڵبژاردنی بژاردەی دووەم دەدن، کە پێشتر گەلاڵە کرابوو، هەر وەك ئەحمەد بانیخێلانی دەنووسێت: " ئێمە پێشتر پرۆژەی بەرەیەکی کوردستانیمان نووسیبوو دابومان بە (ینك) و (پدك) و (حسیك)، بەڵام (ینك) وەڵامی نەدایەوە، دواتر (پدك) و (حسیك) و (حشع) بە تەنیا چەند کۆبوونەوەیەکمان لە سەر سازکرد و ڕێککەوتین، بەڵام گوتمان بڵاوناکەینەوە تا بکرێت هەوڵ دەدەین پارتیش لە (جوقد)دا شوێنی بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر (جوقد) ڤیتۆیەکەی دژی پارتی بە تەواوەتی قەبووڵ کرد، بە بێ پارتی بەرەکە ڕاگەیەنرا، ئێمەش بەرەی خۆمان بڵاودەکەینەوە»[3]. هەروەها (حشع) هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی لەبەرەی (جوقد) نەبوو، پرس و ڕاوێژی پێ نەدەکرا، تەنانەت نوێنەری لە سەرکردایەتی بەرەدا نەبوو[4]، وێڕای ئەوەی کە ماوەی ٢ ساڵ بوو لەگەڵ (ینك) بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە هەوڵ و وتووێژدا بوو[5]. ڕاستییەکەی بوونی پەیوەندی لە مێژینەی نێوان (پدك) و (حشع) کاریگەری هەبوو

(١) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٨٩ .

(٢) سروە قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

(٣) ئەحمەد بانیخێلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٦.

(٤) ژیلوان عبداللە أحمد، حزبی شیووعی عێراق و ڕۆڵی لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٥ - ١٩٩١) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٣، ل٦٩.

(٥) حامد محمود عیسی، المشكلة الكردية فی الشرق الأوسط منذ بدايتها حتی سنه ١٩٩١، مطبعة أطلس، القاهره ،٢٠٠٥، ص٢٦٥.

لـە نزیکبوونـەوەی هـەر دوولا لـە یـەك ئاراسـتەدا[1]. لـە چوارچێـوەی هەوڵـەکانی (حشـع)، فاتـح ڕەسـووڵ ئامـاژە بـەوە دەکات کـە بەڵگەنامـەی بەرەیـەکی هاوبـەش بەناوونیشـانی: (بەڵگەنامـەی هاریـکاری) بـە نامەیـەکی تایبـەت لـە ڕۆژی ٢٧ی ئەیلـوول ١٩٨٠ ئاراسـتەی (پـدك) و (حسـیك) کـرا بـۆ دیراسـەتکردن[2]. کـە لـە قۆناغـی دواییـدا ئـەم پرۆژەیـە دەبێتـە بناغەیـەکی بـاش بـۆ ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی شـێوەی بەڕێوەبـردنی کاروبـاری هاوپەیمانێنـی نێـوان هەرسـێ حـزب.

پـارتی لـە ڕۆژی ٢٥ی تشـرینی یەکـەم ١٩٨٠، دواجـار بـە نامـەی ژمـارە (١١٨٢)ی مەکتـەبی سیاسـی، وەڵامـی (حشـع) دەداتـەوە، کە لـە نامەکـەدا هاتبوو: "پاش دیراسـەت و لێکۆڵینـەوەی مسـوەدەی قەواعیـدی کاری بەرەیـی نیشـتمانی، پارتیـمان پـێ خۆشـحاڵە بـە دەربڕینـی ڕەزامەنـدی تـەواوی لـە سـەر هەمـوو خاڵـەکانی ئـەو مسـوەدەیە کـە بـە ئەساسـێکی بـاشی ئەزانیـن بـۆ ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی و جـۆری بەڕێوەبـردنی کاروبـاری نێـوان ئـەو لایەنانـەی بەشـداری بەرەکـە ئەکـەن»[3]. لـە ڕۆژی ٢٦ی هەمـان مانـگ (حسـیك)یش وەڵامـی (حشـع) دەداتـەوە و پرۆژەکـەی پەسـەند دەکات[4]. هـەر چەنـدە هەندێـك لـە سـەرچاوەکان (حشـع) بـەوە تۆمەتبـار دەکـەن کـە ویسـتوویەتی سـوود لـە هێـزی (پـدك)و (حسـیك) وەربگرێـت، لـە بەرژەوەنـدی خـۆی بـە مەبەسـتی ڕاگرتنـی تـەرازووی هێـز لەنێـو بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـوردی بەکاربهێنرێـت [5]، هـەر وەك نەوشـێروان مسـتەفا دەنووسرێـت: " لـەم قۆناغـەدا (حشـع) هەوڵـی داوە بـە تیرێـك دوو نیشـان بپێکێـت»[6]. بەرانبـەر ئـەو تۆمەتانـە عەزیـز محەمـەد وەڵامـی دەداتـەوە، لـە چاوپێکەوتنێکـدا دەڵێـت: " ئـەو تۆمەتانـە بـە هیـچ شـێوەیەك لـە ڕاسـتییەوە نزیـك نیـن، بـە بەڵگـەی ئـەوەی کـە (حشـع) لـە کۆبوونـەوەی یەکەمـی دامەزرانـدنی (جوقـد) دا، هەڵوێسـتی خـۆی بـە ڕوون و ئاشـکرا دیـاری کردبـوو، کـە (حشـع) سـەربەخۆیە، پەیـمانی هـاوکاری لەگـەڵ پـارتی مۆر دەکات بـە تەنیـا ناهێڵێتەوە و خۆیشی نابەسـتێتەوە

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز محەمەد، هەولێر، ٢٠١٦/١/٢١.
(٢) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٢، ل٣٢٣.
(٣) لە:هەمان سەرچاوە، ل٣٣٣ وەرگیراوە.
(٤) هەمان سەرچاوە، ل٣٢٣.
(٥) سلام عبدولکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.
(٦) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری...، ل١٧٧.

بـە بـەرەی (جوقـد)ەوە کـە لـە بنەڕەتـدا بەرەیـەکی شـەل بـوو بـە بـێ بەشـداریکردنی پـارتی کـە پێگەیـەکی بـە هێـزی لـە گۆڕەپـانی کوردسـتاندا هەیـە»[1]. هەروەهـا کەریـم ئەحمـەد دەڵێـت: "لـەو قۆناغـەدا ئامانجـی (حشـع) دروسـتکردنی پـردی پەیوەنـدی و نێوندگیریکـردن بـوو لـە نێـوان پـارتی و یەکێتـی، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە و گیروگرفتـەکانی نێوانیـان یـان هـەر هیچ نەبـێ لێـك نزیکردنەوەیـەك دروسـت بێـت لـە نێـوان هـەر دوولادا»[2]. سـەرئەنجام دوای سـەرنەگرتنی هەوڵـەکانی (پـدك) و(حشـع) و (حسـيك) لـە بـارەی وەرگرتنـی (پـدك) لـە (جوقـد)دا، لـە بـارەی گەلاڵەکـردنی پـرۆژەی هـاوکاری، (پـدك) نامەیـەك بـۆ (حشـع) و(حسـيك) دەنێرێـت کـە پـرۆژەی هـاوکاری نێوانیـان ڕابگەیەنـن[3]. بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە ڕۆژی٢٧ی تشـرینی دووەمی١٩٨٠وەفـدی (حشـع و حسـيك) سـەردانی مەکتـەبی سیاسـی(پدك) لـە ڕاژان لـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات دەکـەن[4]، دوای ئەنجامـدانی کۆبوونەوەیـەکی سـێ قوڵـی، لـە ڕۆژی ٢٨ی تشـرینی دووەمـی ١٩٨٠پەیـمانی هـاوکاری مۆردەکـەن[5]. دواتـر بەنـاوی بـەرەی نیشـتمانی دیموکـراتی عێـراق (جـود) بـڵاوی دەکەنـەوە[6]. لـە کۆبوونەوەکـەدا مەسـعود بـارزانی

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز محەمەد، هەولێر، ٢٠١٦/١/٢١.

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ کەریـم ئەحمـەد، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٩. کەریـم ئەحمـەد، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٢٢ لـە پارێـزگای هەولێـر، لـە سـاڵی ١٩٣٩ لـە بەغـدا خوێنـدنی سـەرەتای تـەواو دەکات، دەرچـووی (خانـەی مامۆستایان)ــە. لـە مـاوەی (١٩٤٦ - ١٩٤٩) دەبێتـە مامۆسـتا، سـاڵی ١٩٤٤ پەیوەنـدی بـە حزبـی شـیووعی عێراقـەوە دەکات، ساڵی ١٩٥١ دەبێتـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی، سـاڵی (١٩٥٣ - ١٩٥٦) دەبێتـە سـکرتێری حزبـی شـیووعی، لـە مـاوەی (١٩٥٦-١٩٥٧) لـە لایـەن ڕژێمـی پادشـای عێـراق خراوەتـە زینـدان، دوای ئازادکـردنی دەگەڕێتـەوە نـاو ڕیـزەکانی پارتەکـەی وەك ئەندامـی مەکتـەبی سیاسـی دەسـت بەکاردەبێـت تـا ئێسـتاش ئەندامـی هەمـان پارتـە و نیشـتەجێی قـەزای کۆیەیـە.

(٣) ئەحمەد بانیخێلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٦.

(٤) لـەم کۆبوونـەوەدا نوێنـەری (پـدك) پێکهاتبـوون لـە: مەسـعود بـارزانی و عـەلی عبـدوڵا و محەمەد سـاڵح جومعـە و ڕۆژ نـوری شـاوێس و نوێنـەری (حسـيك)یش بریتـی بـوو لـە: ڕەسـوڵ مامەنـد و نوێنـەری (حشـع)یش پێکهاتبـوون لـە: ئەحمـەد بانیخێـلانی و فاتـح ڕەسـوڵ) بڕوانـە: فاتـح ڕەسـوڵ، چەنـد لاپەڕەیـەك...،ب٢، ل٢٣٥.

(٥) م.س - ب.د.ك، بەياننامـە» ٢٦ی گـوڵان ـ شـۆڕشی هەمـوو نیشـتمانپەروەررانی کوردسـتان و عێراقـە»، لـە٢٦ی گـوڵان ١٩٨٣.

(٦) ئەحمەد بانیخێلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٦؛ فوئاد سدیق، گەردەلوولی...،ب٢، ل١٤٠.

گوتبـووی: "ئێمـە دژی هیـچ لایەنێـك نیـن دەمانەوێـت خزمـەت بکەیـن گەلەکەمـان لـەم دەربـەدەری و دەردەسـەرییەی کـە تێیـدا دەگوزەرێنێت ڕزگاربکەیـن، وێڕای ئـەوە کـە هەندێـك لایـەن زیاتـر مەبەسـت (ینك)ـە بـە توونـدی دژایەتیـمان دەکـەن کەچـی ئێمـە بـاش دانمـان بەخـودا گرتـووە، حسـابی ورد بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی و سەرخسـتنی بزاڤـی نەتەوایـەتی دەکەیـن»[1].

پـاش مۆرکـردنی بـەرەی (جـود)، بـۆ یەکـەم جـار ئـەم هەواڵـە لـە بەیـانی ڕۆژی ٢٩ی تشــرینی دووەمــی ١٩٨٠ وەك مژدەیـەك لـە ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتانی عێراقـەوە هەواڵێـك بەناوونیشـانی: (مـژدەی خـۆشی و خەبـات و سـەرکەوتنی ئیـرادەی گـەل) بڵاوکرایـەوەو ڕاگەیانـد: "بـەرەی نیشـتمانی دیموکـراتی عێراقـی لـە پێنـاو ڕووخانـدنی ڕژێمـی فاشسـتی سـەدام تکریتـی و، دامەزرانـدنی دیموکـراسی و ئـازادی و حوکمـی زاتی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان دامـەزراوە»[2]. ئامانجـی سـەرەکی بـەرەی (جـود) بریتـی بـوو لـە ڕووخانـدنی ڕژێمـی دکتاتـۆری بەعـس و دامەزرانـدنی حکوومەتێـکی ئیئتـلافی نیشـتمانی کـە لـە هەمـوو حـزب و هێـزە تێکۆشـەرەکانی دژ بـە ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـت و دکتاتـۆری پێکدێـت، مەسـەلەی کـورد بـە شـێوەی دیموکراتییانـە دروسـت لـە سـەر بنچینـەی داننـان بـە مـافی نەتەوەیـی ڕەوای کـورد و کەمایەتییـەکان و هەروەهـا شـوێنەواری سیاسـەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیـی و بـە عەرەبکـردن و ڕاگواسـتن لەنـاو ببرێـت و گـەلی کـورد تـەواوی مـافی ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینەی پـێ بدرێـت[3]، هەروەهـا بـەرەی (جـود) کۆمەڵێـك بنەمـای پەیوەنـدی لـە نێـوان پارتـە هاوپەیمانـەکانی نـاو بـەرە دانابـوو کـە خـۆی لـەوەدا دەبینیـەوە، پارتـە بەشـداربووەکان سەرپشـکن هـەر کاتێـك بیانەوێـت دەتوانـن لـە بەرەکـە دەربچـن، هەروەهـا ئـازادن لـە بەسـتنی هاوپەیـمانی دوو لایـەنی، یـان فرەلایەنانـە لەگـەڵ پارتـەکانی دەرەوەی بـەرە، بـە مەرجێـك زیـانی بـۆ یەکێتـی بەرەکـە نەبێـت، هەروەهـا نابێـت هیـچ پارتێـکی بەشـداربوو دەسـت لـە کاروبـاری ناوخـۆی پارتـەکانی هاوپەیـمان وەربـدات، واتـە هـەر پارتێـك سـەربەخۆیی خـۆی پارێـزراو دەبێـت، هەموویـان یەکسـانن لـە سـەرکردایەتی کـردنی بەرەکـە، دەرگـەی

(١) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٢، ل٢٣٦؛ د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٩١.

(٢) ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی -عێـراق، هـەواڵ» مـژدەی خـۆشی خەبـات و سـەرکەوتنی ئیـرادەی»، لە ١٩٨٠/١١/٢٩.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئامانجەکانی بەرە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٩).

بـەرە بـۆ هەمـوو پارتـەكانی تـر واڵایـە، لەگـەڵ چەنـد بنەمایـەكی تـری گرنـگ[1]. هەروەهـا لـە درێـژی چالاكییەكانیـدا، سـاڵی١٩٨٤ڕۆژنامەیەك وەك زمانحاڵـی بـەرە بـە نـاوی (كفـاح الجبهـە)[2]، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٨٥ ڕۆژنامەیـەكی تریـش بـە نـاوی (صـدی جود)دەركـرد، كـە چالاكییـە هاوبەشـەكانی بـەرەی لەخـۆ دەگـرت[3].

ڕاسـتییەكەی دامەزرانـدنی بـەرەی (جـود) سـەركەوتنێكی گەورەبـوو بـۆ (پـدك) و هاوپەیمانـانی، هەروەهـا پێویسـتییەكی مێژوویـی بـوو بـۆ ئـەو قۆناغـە هەسـتیارە كـە بزاڤـی گـەلی كـوردی پێـدا تێدەپـەڕی[4]. بـەڵام لـە سـەرێكی تریشـەوە بـووە هـۆی قووڵبـوونی زیاتـری ناكـۆكی و گومـان لـە یەكترکـردن لـە نێـوان هێـزە كوردسـتانییەكان، بـە تایبـەت لـە لایـەن (ینـك)ەوە هەڵوێسـتی نەرێنـی و دوژمنانـەی لـە بەرانبـەر دامەزرانـدنی بـەرەی (جـود) وەرگـرت، دژایەتیكـردنی خـۆی بـۆ لایەنـەكانی نێـو بـەرەی (جـود) نەشـاردەوە، تەنانـەت دامەزرانـدنی بـەرەی (جـود) بـە كودەتایـەكی سیاسـی بـۆ سـەر (جوقـد) و لاوازكـردنی لەقەڵـەم دەدا[5]. بـەڵام لـە لایـەكی تـرەوە سـەرچاوەكانی نزیـكی (ینـك) ئـەم دژایەتیكردنـەی (ینـك) بەرانبـەر بـە (پـدك) لـە بـارەی ئەنـدام نەبـوون لە(جوقـد) بـە هەڵەیـەكی گـەورە لەقەڵـەم دەدەن[6]. كەواتـە بەدیـدی بەنـدە بـژاردەی یەكەمـی (پـدك) بـە هـۆی هەڵوێسـتی (ینـك)ەوە سـەری نەگـرت، بۆیـە بـژاردەی دووەم كـە خـۆی لـە دامەزرانـدنی (جـود) دەبینـی، هەڵبژێـردرا. هـەر لـەم چوارچێوەیـەدا مەسـعود بـارزانی دڵگـرانی خـۆی لەبـارەی ڕاگرتنـی (پـدك) لـە بـەرەی (جوقـد)دا پیشـان دابـوو و گوتبـووی: ”چ پێویسـتی هەبـوو كـە پـارتی لـەو بەرەیـە دووربـێ، لـە درێـژی قسـەكانیدا دووپـاتی دەكاتـەوە كـە بـەرەی (جـود) بـۆ ململانـێ و دژایـەتی و دوژمنایەتیكـردنی هیـچ هێـز و لایەنێـك دانەمـەزراوە و ئامانجەكـەی ڕوونـە

(١) بـۆ زیاتـر وەردەكاریـەكانی بنەمـاكانی پێوەنـدی لـە نێـوان پارتـەكانی بـەرەی (جـود) بڕوانـە: علـی سـنجاری، القضیـة الكوردیـة وحـزب البعـث العربـی الأشـتراكی فـی العـراق، ج٢، مطبعـة خانـێ، دهـۆك ، ٢٠٠٩، ص٢٤٦.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: لمـاذا كفـاح الجبهـە؟، كفـاح الجبهـە، الجریـدة، العـدد:(١)، شـباط ١٩٨٤، ص ص١ ، ٦.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: كفاح الجبهە، جریدە، العدد:(٨)، آب ١٩٨٥، ص٥.

(٤) مەلا بەختیار، یاخی بوون...، ل٢٦٢.

(٥) جەلیلی جەلیل و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٧.

(٦) مەلا بەختیار، یاخی بوون...، ل٢٦٣.

کـە لەپێنـاو دژایەتیکـردنی ڕژێمـی بەعـس و ڕووخانـدنی دامـەزراوە»[1]. کەواتـە لـە قسـەکانی مەسـعود بـارزانی دەردەکەوێـت پەراوێزخسـتنی پـارتی لـە بـەرەی (جوقـد)دا هۆکارێـکی گرنـگ بـووە لـە دامەزرانـدنی بـەرەی (جـود).

سـەرچاوەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە هەڵوێسـتی (جـود) بەرانبـەر بـە (جوقـد) زۆر دۆسـتانە بـووە، بـە بەڵگـەی ئـەوەی لـە بەیاننامـەی کۆتایـی نووسـیویەتی: "ئێمـە ئامـادەی گفتوگـۆو دانیشـتنین، بـۆ ئـەوەی هـەردوو بـەرە (جوقـد ـ جـود) بکەیـن بەیـەك بـەرە»[2]. هەروەهـا لـە بـارەی ئـەو تۆمەتانـەی کـە ئاراسـتەی (جـود) دەکرێـت کـە گوایـە بـۆ دژایـەتی (جوقـد) دروسـت بـوو، لـە وەڵامـی پرسـیارێکدا عەزیـز محەمـەد دەڵێـت: "ئـەم تۆمەتانـە هیـچ ڕاسـتی و بنەمایەکیـان نییـە، لـە بـەر ئـەوە دوای ڕاگەیانـدنی بـەرەی (جـود) بەیاننامەیەکـمان دەرکـرد لـە سـەر ڕەزامەنـدی پـارتی، بـە حەڵکـردنی بـەرەی (جـود) بـەو مەرجـەی پـارتی لـە بـەرەی (جوقـد)دا وەربگیرێـت، بـەڵام یەکێتـی بەمـەش ئامادەنەبـوو ئەندامبـوونی پـارتی پەسـەند بـکات»[3]. کـە واتـە هیـچ بەهانەیـەکی سروشـتی لـە بەردەسـت یەکێتـی نییـە، کـە گوایـە دروسـتکردنی بـەرەی (جـود)، جێگـرەوەی بـەرەی (جوقـد)ە، یاخـود کودەتایەکـە بەسـەر (جوقـد) و لاوازکـردنی یەکێتـی.

ئـازاد تۆفیـق ئـەوکات ئەندامـی( کۆمەڵـەی مارکـسی ـ لینینـی) بـوو، لـەم بـارەوە دەڵێـت: " دامەزرانـدنی بـەرەی (جـود) بـۆ دژایەتیکـردنی هیـچ هێزێـکی بەرهەڵسـتکار نەبـوو، بەڵکـو ئـەوەی یەکێتـی بـە دژایـەتی بـۆ سـەرخۆی، بـەرەی (جوقـد) دەزانی، سـەرچاوەکە لـەوە هەڵقوڵابـوو کـە شـەڕی براکـوژی لـە نێـوان پـارتی و یەکێتـی لە ئـارادا بـوو، بۆیـە بـە هـەر شـێوەیەك بوایـە یەکێتـی بـە دژایـەتی بەرانبـەر بەخـۆی لەقەڵـەم دەدا»[4]. بەپێـی سـەرچاوەکان بـەر لـە واژۆکـردنی بـەرەی (جـود) لـە لایـەن پارتـەکانی

(١) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٩١.

(٢) شـاخەوان شـۆڕش، قـادر شـۆڕش چـل سـاڵ خەبـات و تێکۆشـان ، ب.ش، زسـتانی (٢٠٠١ – ٢٠٠٢)، ل١٤٠.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز محەمەد، هەولێر، ٢٠١٦/١/٢١.

(٤) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ ئـازاد تەوفیـق، هەولێـر، ٢٠١٦/٥/٥. ئـازاد تۆفیـق، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٦٠ی شـاری هەڵەبجـە، خـاوەن بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـە لـە بـواری زانسـتە ڕامیارییـەکان، سـاڵی ١٩٧٢ پەیوەنـدی بـە کۆمەڵـەی مارکسی لینینـەوە دەکات تـا سـاڵی ١٩٨٦، دواتـر دەبێتـە ئەندامـی

نـاو بـەرەوە (ینـك)ی لـە دامەزرانـدنی بـەرەی (جـود) ئـاگادار کرابـوو[1]، کـە (جـود) یاریـدەرە بـۆ (جوقـد) نـەك جێگـرەوە[2]. بـەڵام بـە پێچەوانـەوە یەکێتـی خـۆی بـە جێگـرەوەی خەبـاتی پـارتی و هەمـوو هێـزەکانی تـری نێـو بەرەی(جـود) دەزانی و بۆیـە ئەگـەر سـەرنج بدەیـن بەهیـچ شـێوەیەك یەکێتـی قەناعـەتی بـەم بۆچوونـە نەدەهـات، بەڵکـو سـەرجەم پارتـەکانی نـاو بـەرەی (جـود) بـە دوژمنـی خـۆی دەزانی.

لـەم کاتـەدا ئامانجـی سـەرەکی (پـدك) پتەوکـردنی یەکێتـی بەرهەڵسـتکاری عێراقـی بـوو، هـەر بۆیـە لـە سـەرەتادا هەمـوو ڕێگەیـەکی گرتەبـەر، کە ئـاکام خـۆی لـە پێکهێنانی (جـود)دا بینییـەوە[3]، لـەم ڕوانگـەوە بـە درێژایـی ئـەو قۆناغـە دەرگـەی گفتوگـۆ بـۆ چارەسـەری ئاشـتیانە، دوور لـە بەکارهێنـانی چـەك لـە بـەردەم (ینـك)و هەمـوو هێزەکانی تـری بەرهەڵسـتکاری عێـراق لـە سـەر پشـت بـوو، هـەر وەك مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: " ئامادەینـە بـۆ هەمـوو ڕێککەوتنێـك لـە گـەڵ یەکێتـی بـۆ ئـەوەی چارەسـەرێك بـۆ ناکۆکییـەکانی نێوانمـان بدۆزینـەوە، بـەڵام یەکجـارەکی پـارتی لـە گـەڵ ئـەوەدا نییـە گـەلی کوردمـان بـۆ ٤٠٠ سـاڵ زیاتـر بگەڕێتـەوە بـۆ دواوە، جارێـکی تـر بکەوینـە دروسـتکردنی ئەمـارات، دابەشـکردنی ناوچـەکان بەسـەر بادینـان و سـۆران»[4]. پـاش ماوەیـەکی کـەم لـە ڕاگەیانـدنی بـەرەی (جـود)، ئەندامێتـی (حسـیك)و (حشـع)یان لە(جوقـد)دا سـڕکرد، ئەمـە لـە کاتێکـدا بـوو کە جـلال تاڵەبـانی زانیبـووی هـەردوو لایـەنی هاوپەیمان(حسـیك) و (حشـع) لەگـەڵ (پـدك) بەرەیـەکی نوێیـان پێکهێنـاوە، زۆر تـووڕە بووبـوو، سـەرئەنجام بـە پاڵپشـتی حزبـی بەعسـی سـەرکردایەتی هەرێمـی عێراقـی ئەو بڕیـارەی دەرکردبـوو[5]، لـە بـەر ئـەوە لـە بەنـدەکانی ڕاگەیانـراوی بـەرەی (جوقـد)دا هاتبـوو، کـە هیـچ پارتێـك

---

ئـالای شـۆڕش، پـاش یەکگرتنـەوەی یەکێتـی و ئـالای شـۆڕش لـە سـالانی نەوەتـەکان، دەبێتـە ئەندامـی مەڵبەنـدی ١ی یەکێتـی لـە مـاوەی (١٩٩٤ ـ ١٩٩٩)، ئێسـتە ئەندامـی مەکتـەبی ڕاگەیانـدنی یەکێتیـە، نیشـتەجێی شـاری سـلێمانییە.

(١) فاتـح ڕەسـوڵ، بنچینـەی مێـژووی بیرۆکـەی چـەپ لـە کوردسـتان، چ٢، چاپخانـەی چوارچـرا، سـلێمانی ،٢٠٠٥، ل٣٦٣.

(٢) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...، ب٢، ل٢٣٧.

(٣) ڕاپـۆرتی گشـتی بڕیـارو ڕاسـپاردەکانی بەلاغـی کۆتایـی کۆنگـرەی دوازدەمـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لە٦-١٩٩٩/١٠/١٤بەسـتراوە.

(٤) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...، ب٢، ل٢٠٩.

(٥) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٩٢.

ناتوانێـت ببێتـە ئەندامـی هیـچ بەرەیـەکی تـر[1]. بـە پێـی سـەرچاوەکان (ینـك) هەوڵێـکی زۆری هەڵوەشـاندنەوەی بـەرەی (جـود) و لاوازکـردنی پێگـەی (پـدك) دەدات، بـە تایبەت ناکۆکییـەکانی ناوخـۆی (حسـیك)ی بـە دەرفـەت وەرگـرت، لـە کاتێکـدا هەوڵـی دەدا کـە (مەحمـوود عوسـمان) لـە (حسـیك) جیابکاتـەوە، کـە بڕیاربـوو لـە ٦ی ئایـاری ١٩٨١ کۆنگـرەی (حسـیك) ببەسـتێت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـڕی (٣٠٠)هـەزار تۆمەنیـان بـە قـەرز پێـی دابـوو تـا کاروبـاری خـۆی بەڕێـوە ببـات، هەروەهـا لـە سـەرێکی تریشـەوە (ینـك) هەوڵـی دەدا سـەرچاوەی هـاوکاری (حسـیك) و (ڕەسـووڵ مامەنـد) لـە ئێـران وشـك بـکات، بـەم شـێوەیە بـەرەی (جـود) هەڵبووەشـێنێتەوە، وایـش دانرابـوو ئەگـەر لـە هەڵبژاردنـەکانی کۆنگـرەدا مەحمـوود عوسـمان سـەرکەوتبایە بڕیاربـوو بچێتـە نـاو ڕیـزەکانی (ینـك)ەوە، بـەڵام ئەنجـام لـە کۆنگـرەدا کـە لـە ١٠ ـ ١٥ی ئایاری ١٩٨١ بەسـترا، باڵـی (ڕەسـووڵ مامەنـد) سـەرکەوت و (مەحمـوود عوسـمان) خـۆی هەڵنەبـژارد[2]. بەمـەش پیـلانی (ینـك)ی لەباربـرد، پـاش کۆنگـرەی (حسـیك)[3]، ڕەسـووڵ مامەنـد و لایەنگـرانی لەنـاو بـەرەی (جـود)دا مانـەوە و بەسـەر حزبـدا زاڵ بـوون، د.عـلی تەتـەر دەنووسـێت: «مەحمـوود عوسـمان بەنهێنـی لـە گـەڵ یەکێتـی ڕێککەوتبـوو کـە لەبەرەی (جـود) پاشەکشـە بـکات، سـەرکردایەتی پـارتی سـەرکۆنە بـکات و لـە یەکێتـی نزیـك ببێتـەوە»[4]. بـەڵام ئـەوەی یەکێتـی چاوەڕوانی دەکـرد، سـەرکەوتنی بـە دەسـت نەهێنـا، بەڵکـو بـەرەی (جـود) فراوانتربـوو.

بێگومـان دوای سـڕکردنەوەی ئەندامێتـی (حسـیك) و (حشـع) کاریگـەری گـەورەی لـە سـەر لاوازکـردنی بـەرەی (جوقـد)، سـەقامگیر و فراوانتربـوونی بـەرەی (جـود)دا هەیبـوو[5]. جگـە لـەوەش بـەرەی (جـود) لـە ڕووی شـێواز و ڕێکخسـتنەوە، بەڕێوەبـردنی ئـەرك و کاروبارەکانیـان عەمـەلی تربـوو لـە (جوقـد)[6]. هـەر وەك نەوشـێروان مسـتەفا

(١) ژیلوان عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

(٢) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٩٠.

(٣) پـارتی سۆسیالیسـتی یەکگرتـووی کوردسـتان - حسـیك، لـە کۆنگـرەی خـۆی کـە لـە ئایـاری ١٩٨١ بەسـترا، (یەکگرتوو)ەکەیـان لابـرد و بـوو بە(پـارتی سۆسیالیسـتی کوردسـتان - حسـك) ...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: کرمانـج گونـدی، سـی ٣٠سـاڵ خەبـات و وڵاتێـکی وێـران، ب.ش، سـوید،١٩٩٠، ل٧٥.

(٤) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٩٠.

(٥) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری...، ل١٧٧.

(٦) بەهرۆز گەڵاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

دەنووسـێت: "بـەرەی (جوقـد) زیاتـر لـە وەی دەزگای خەبـات بـێ  بـۆ ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس، بـوو بـە دوکانی پـارە پەیداکـردن، هەندێـك لـەم لایەنانـە بـە نـاوی پێکهێنـانی لەشـکر و ڕێکخسـتنی خەبـاتی نهێنییـەوە پـارەی زۆریـان لـە لیبیـا وەرگـرت»[١].
دامەزرانـدنی بـەرەی (جـود) هـەر زوو لـە ئەوڕوپـاش دەنگـی دایـەوە و حزبـە چەپڕەوەکانی ئەوڕوپـا ئەمەیـان بـە کارێـکی ئەرێنـی و پـڕ بەهـا لێکدەدایـەوە، بووبـووە جێـگای ڕاگەیانـدنی بـەشی زۆری دەزگاکانی ڕاگەیانـدن لـە وڵاتـانی ئەوڕوپـا[٢]. بـەڵام لـە لایـەکی تـرەوە سـەرەڕای ئـەوەی کـە پەیمانەکـە پـڕە لەخاڵـی پێشـکەوتنخوازانە کـە لـە بەرژەوەنـدی گـەلانی عێـراق، کـورد و عەرەبـدا بـوو، لـە هەمان کاتـدا هەڵگری دروشـمی دژ بـە ئیمپرالیـزم و زایۆنیـزم و کۆنەپەرسـتی بـوو بـۆ ڕازیکـردنی لایەنـە عەرەبییـەکان بـۆ ئـەوە بێنـە نـاو ڕیـزی (جـود)ەوە. ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی ئەرێنـی نەبـوو لـە ئاسـت ڕۆژئـاوا و جیهـان بەگشـتی، لـە بـەر ئـەوە ئـەم دروشـمانە لـە توانـای خـۆی زیاتربـوو بـە هیـچ  شـێوەیەك پێـی نەدەکـرا جێبەجێیـان بـکات، تەنیـا بـە ناوبـوو کـە هێـرش کرابـووە سـەر زۆر وڵات. بێگومـان ئەمـەش ئـەرکی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد نەبـوو، بـە پێچەوانـەوە بـەم شـێوەیە دوژمنـی زۆرتـر بـۆ بزاڤـی کـورد پەیـدا دەبـوو، بـە تایبـەت لـە لایـەن وڵاتـانی ڕۆژئـاوا کـە هەڵگـری ئـەم جـۆرە دروشـمانە بـە تیـرۆر لـە قەڵـەم دەدرا[٣]، بـە چاوێـکی خـراپ سـەیری بزاڤـی بـەرەی (جـود)ی دەکـرد.

لـە٥ی نیسـانی ١٩٨١، لـە هەفتەنامـەی (ئوبزێرڤـەر)ی چاپی لەندەن ڕۆژنامەنووسـێکی فەرەنـسی بەنـاوی (پاتریـك سـتیل) بەناوونیشـانی: (کـوردەکان چوونـە نـاو پەیمانێـکی تیرۆریسـتی دژ بـە سـەدام) وتارێـکی نووسـیبوو، وتارەکـە سـەبارەت بـە هـاوکاری نێـوان (پـدك) و (حزبـی دەعـوەی ئیسـلامی)[٤] دەدوێـت، ئینجـا دەچێتـە سـەرباسی

(١) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری...، ل١٧٧.

(٢) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٩٢ .

(٣) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٩٣.

(٤) حزبـی دەعـوەی ئیسـلامی، سـاڵی ١٩٥٧ یەکـەم کۆبوونـەوەی خـۆی لـە ماڵـی سـەید موحسـن ئەلحەکیـم لـە شـاری (نەجـەف) بەسـت، دەسـتەی دامەزرێنەری ئـەم پارتـە پێکهاتبـوون لە:(محەمەد باقـر ئەلسـەدر و محەمـەد باقـر ئەلحەکیـم و محەمـەد مەهـدی ئەلحەکیـم و مورتـەزا عەسـکەری و محەمـەد سـادق ئەلقامـوسی)، ئـەم پارتـە لـە مێـژووی خۆیـدا چەنـد جارێـك تـووشی لـەت لـەت بـوون و لێکـترازان بـووە، دوا گـرووپ لێـی جیابـووەوە پارتێـکی سیاسـی بەنـاوی (دەعـوەی ئیسـلامی ـ ڕێکخسـتنی عێـراق)ی دروسـت کـرد، سـاڵی ٢٠٠٨ ئیبراهیـم جەعفـەری (وەزیـری ئێسـتای دەرەوەی

بـەرەی (جـود)و لـەو بـارەوە ئامـاژە بـەوە دەكات: " كـورد و جەنـگاوەرانی شـیعە و شـیووعی پێكـەوە لـە پەیمانێكـدا دژی سـەدام دەجەنگـن، هەروەهـا تێیـدا مەتـرسی ئـەم هاوكاریانـەی پـارتی و هێـزە بەرهەڵسـتكارانی تـری عێـراق بـۆ سـەر ڕژێمـی سـەدام پیشـان دەدات» [١]. لـەو كاتـەدا وڵاتەكانـی ڕۆژئـاوا هێـزە چەكـدارەكانی ئیسـلامی و شـیووعییان بـە تیرۆرسـت لـە قەڵـەم دەدا، بۆیـە بەشـداریكردنی كـورد لەگـەڵ ئـەو حزبانـە و هەڵگرتنـی ئـەم جـۆرە دروشـمانە كـە باسـمان كـرد، زۆرجـار قـورس لـە سـەر (پـدك) و بزاڤـی گـەلی كـوردا دەكەوتـەوە، د.عـەلی تەتـەر دەنووسـێت: "پـارتی و كـورد بـە گشـتی ناچـار بـوون لـە گـەڵ ئـەو لایەنـە هـاوكار و هاوهەڵوێسـت بێـت كە دۆسـت بێـت، یـان دوژمنـی دوژمنەكـەی بێـت»[٢].

مەسـعود بـارزانی لـە بـارەی پەیوەنـدی لەگـەڵ هێـزە ئیسـلامییەكان و هێـزەكانی تـری بەرهەڵسـتكاری عێـراق، لـە گفتوگۆیەكـدا لەگـەڵ گۆڤـاری (الموقـف العربـی) چاپـی قوبـرس لـە٢٧ی نیسـانی١٩٨١ ئامـاژە بـەوە دەكات كـە بزاڤـی ئایینـی هێزێـكی سیاسـی بەرهەڵسـتكاری بنەڕەتییـە و هـەر بەرەیـەك بەبـێ ئـەوان تـەواو نابێـت، هەروەهـا لـە گۆڤـاری (الهـدف)ی فەلەسـتینی لـە چاوپێكەوتنێكـدا لـە٢٧ی ئایـاری ١٩٨١ گوتبـووی: "بـۆ سـەركەوتن بـە سـەر ڕژێمـی بەغـدا و لـە پێنـاو عێراقێـكی دیموكراتیـدا، پێویسـتە هێـزە سـەرەكییەكانی عێـراق یەكبگـرن، كـە بریتـی بـوون لـە بزاڤـی نەتەوایـەتی كـورد، بزاڤـی نەتەوایـەتی عـەرەب، بزاڤـی چـەپ كـە لەحزبـی شـیووعیدا خـۆی دەنوێنێـت و بزاڤـی ئیسـلامی عێـراق «. لـە درێـژەی چاوپێكەوتنەكـەدا بـارزانی ئامـاژە بـەوە دەكات: " گـەلی كـورد ناتوانێـت مافـە ڕەواكان بـە دەسـت بهێنێـت تەنیـا لـە ژێـر سـایەی ڕژێمێـكی دیموكـراتی نیشـتمانی عێراقیـدا نەبێـت، بـۆ گەیشـتن بـەم ڕاسـتییە باوەڕمـان بەوەیـە كـە خەبـاتی هاوبـەشی گـەلی عێـراق بەكـورد و عـەرەب و كەمایەتییەكانـەوە باشـترین زامنـی سـەركەوتنە» [٣]. پـارتی بـۆ بەهێزكـردنی خەبـاتی بەرهەڵسـتكاری دژ بـە حكوومـەت و

---

عێـراق) جیابـووەوە و ڕێكخراوێـكی سیاسـی بەنـاوی (بزووتنـەوەی چاكسـازی نیشـتمانی) ڕاگەیانـد، ئێسـتاش نـوری مالـكی (سـەرۆك وەزیـرانی پێشـووی عێـراق) سـەرۆكی پـارتی دەعـوەی ئیسـلامییە. بڕوانـە: فـاروق محمـد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٩٠.

(١) ئێزگـەی دەنگـی كوردسـتانی عێـراق، ڕاپـۆرت» هێـزەكانی موعـارەزەی نیشـتمانی یەكیـان گـرت ئیـتر...وای بەحاڵـی ڕژێمـی فاشسـتی بەغـدا»، لـە١٩٨١/٦/١٧.

(٢) د.علی نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٩٣.

(٣) ئێزگـەی دەنگی كوردسـتانی عێـراق، وتـار» هۆشیاری و وریایی مەرجێكی گرنگی سـەركەوتنە»،

زیاتـر وەشـاندنی گـورزی کوشـندە لـە ناوەنـدەکانی هەسـتیار و دامـودەزگاکانی سـوپای عێـراق[1]، لـە بەهـاری ١٩٨١، لەگـەڵ چەنـد پارتێـکی تـری دەرەوەی بـەرەی (جـود) بەرەیـەکی لـە ژێـر نـاوی: (بـەرەی ڕزگاری نیشـتمانی ئیسـلامی لـە عێـراق) دا پێکهێنـا[2]. ئامانجـی سـەرەکی بەرەکـە بریتـی بـوو لـە دامەزرانـدنی عێراقێـکی ئـازاد و بەهێـز لـە ژێـر سـایەیدا برایـەتی تـەواو لـە نێـوان گشـت ڕۆڵـەکانی عێـراق بـەدی بێـت لـە پێنـاو ئـازادی دەربڕینـی بیروبـاوەڕ هەروەهـا بەربەرەکانـێ کـردنی هەمـوو شـێوەکانی ئیسـتعماری ئابـووری و سیاسـی و عەسـکەری و هەبـوونی ئیمپریالیسـتی لـە عێراقـدا و هـاوکاری و پاڵپشـتیکردنی بزووتنـەوەکانی ڕزگاری ئیسـلامی، عـەرەبی لـە سـەرووی هەمووانـەوە شـۆڕشی ئیسـلامی ئێـران. سـەبارەت بـە مەسـەلەی کـورد ئامـاژە بەچارەسـەری کێشـەی کـورد کرابـوو لـە چوارچێـوەی عێراقێـکی دیموکراتـدا[3]. دامەزرانـدنی بـەرەی ناوبـراو لـە سـەرەتادا دەنگدانەوەیـەکی بـاشی هەبـوو، (لیـوا ڕوکـن حەسـەن نەقیـب) بـۆ سـەرکردایەتیکردنی بـەرە هەڵبژێـردرا[4].

مەسـعود بـارزانی لـە٢٨ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٨١، بـۆ پاڵپشـتیکردنی هەوڵـەکانی (حەسـەن نەقیـب )و فراوانکـردنی بـەرە، نامەیـەك ئاراسـتەی ناوبـراو دەکات، تێیـدا پشـگیری خـۆی بـۆ کۆکردنـەوەی هەمـوو هێـزەکانی ئیسـلامی و سیاسـی و نیشـتمانی دەردەبڕێـت و بـە تاکـە زامنـی سـەرکەوتن و ڕووخانـدنی حکوومـەتی عێـراق لـە قەڵـەم دەدات[5]. بـەڵام ڕاسـتییەکەی بـەرەی ناوبـراو لەئاسـت ئـەو ڕاگەیاندنـەدا

---

لـە١٩٨١/٦/٤؛ ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق، وتـار» ئەرکـە ئەساسـییەکانی ئـەم قۆناغـە کامانـەن؟»، لـە ١٩٨١/٦/١٣.

(١) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٩٧.

(٢) پارتـە بەشـداربووەکانی نـاو بـەرەی ڕزگاری نیشـتمانی ئیسـلامی بریتـی بـوون لـە: (حزبـی دەعـوەی ئیسـلامی ، بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی عێـراق و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و یەکێتـی دیموکـراتی کوردسـتان و ژمارەیـەك لـە بەعسـییەکانی لایەنگـری سـووریا) ...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: عـلی سـنجاری، القضیـة الكردیـة...، ص ص٢٤٧ -٢٥٢.

(٣) بـۆ زیاتـر زانیـاری لەبـارەی ئامانجـەکانی بـەرەی ڕزگاری نیشـتمانی ئیسـلامی.بڕوانە: بەیـانی ڕزگاری نیشـتمانی ئیسـلامی لـە عێراقـدا، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٥٤٠)، گـوڵان و حوزەیـرانی ١٩٨٠، ل٤-٥.

(٤) کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی...، ل٨٣.

(٥) نامـەی مسـعود بـارزانی بـۆ لیـوا روکـن حسـن مصطفـی النقیـب لـە ١٩٨١/١٠/٢٨، دەق لـە: دەنگوبـاسی کوردسـتان، ژ(٣٦)، لـە٦ی تشـرینی دووەم ١٩٨١، ل١ وەرگیـراوە.

نەبوو، بەماوەیەکی کورت بە هۆی بیروبۆچوونی جیاواز لە نێوان هێزەکانی شیعە و سونەکانی بەشداربوو، ناکۆکی ناوخۆیی لە ناو بەرە سەر هەڵدەدات، لایەنە شیعەکان بە هۆشداری ئێران ڕازی نەبوون لە ژێر ڕێبەرایەتی کەسایەتییەکی سونەدا دان بەم ڕێکخستنە سیاسییەدا بنێن، سەرەڕای ئەوەیش کە سەرکردایەتی بەرە (حەسەن نەقیب) سەردانی تاران دەکات بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی ئێران، بەڵام ئاکامی نابێت و ئێران هەموو جۆرە مامەڵەیەکی لەگەڵ ئەم بەرەیەدا ڕەتکردەوە، ئەگەرچی لە لایەن سووریاوە پشتگیری لێ دەکرا و توانی بۆ ماوەیەك کارەکان بەلاوازی بەڕێوەببات[1]. بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (صوت الثورە العراقیە) دەرکرد، بەڵام ئەنجام کاریگەری بەرەکە زۆری نەخایاند لەساڵی ١٩٨٤ بەتەواوی لەناوچوو[2]. هەرچەندە ئەم هەوڵە سەرەتاییانە بەهاتنی گرووپە ئیسلامییەکان بۆ ناو بەرەی دژ بە ڕژێمی عێراق، سەرنەکەوت، بەڵام بۆ یەکەم جار بوو بەدەستپێشخەری (پدك) هێزە شیعەکان و کۆمۆنستەکان لە دەوری یەك مێزدا کۆبکاتەوە[3]. لەم قۆناغەدا (پدك) وا لێکی دەدایەوە بۆ سەرکەوتنی بە سەر ڕژێمی بەغدا، پێویستە بەبێ جیاوازی هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق (ئیسلامی و چەپ و نەتەوەیی) بەپێی قەبارەی خۆی لە دەوری یەك بەرەدا یەکبگرن[4]، لەم بارەوە مەسعود بارزانی دەڵێت: "ئامانجی پارتی یەکخستنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقییە»[5]. لە٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٨١ بۆ یەکەم جار لێژنەی باڵای بەرەی (جود)[6] کۆدەبێتەوە، لە کۆبوونەوەکەدا بە شێوەیەکی تێروتەسەل و پڕ لەتێگەیشتن و لێکۆڵینەوە، باری سیاسی ئەوسای عێراق و، ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی

---

(١) علی سنجاری، القضیة الکردیة...، ص ص٢٤٩ -٢٥٢ ؛ کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی...، ل٨٤.

(٢) علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل١٩٧.

(٣) سروە قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٤) ئێزگەی دەنگی کوردستانی- عێراق، وتار» ئەرکە ئەساسییەکانی ئەم قۆناغە کامانەن؟»، لە١٩٨١/٦/١٣.

(٥) ڕاپۆرتی گشتی بڕیار و ڕاسپاردەکان...، سەرچاوەی پێشوو.

(٦) لیژنەی باڵای بەرەی (جود) لە کەسی یەکەمی حزب پێکهاتبوو، بەڵام لەکاتی ئامادەنەبوونی، کەسی پلەی دووی ناو حزب شوێنی دەگرتەوە، لە گەل ئامادەبوونی چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی. چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد ملا قادر، پیرمام، ٢٠١٥/١٢/٢.

ناوەڕاستی هەڵسەنگاند[1]، چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد بۆ دامەزراندنی چەند لێژنەیەك لە پارێزگاکانی کوردستان و، دانانی دەستوورێکی چەسپاو بۆ چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ جەماوەر و هەماهەنگی نێوان پێشمەرگە و ئەندامەکانی سەر بە پارتەکانی ناو بەرەی (جود)، هەروەها بڕیاری پتەوکردنی یەکڕیزی پێشمەرگەکانی پارتە بەشداربووەکان درا لەگەڵ یەکتر، بەشێوەیەك گیانی برایەتی و خەباتیان لە پێناو یارمەتیدانی یەکتربێت لە گۆڕەپانی جەنگدا دژ بە حکوومەتی عێراق[2].

هەروەها لەچوارچێوەی درێژەدان بە چەسپاندنی خەباتی هاوبەش لە هێزەکانی تری بەرهەڵستکار، بەتایبەت لە (ینك)، سکرتاریەتی بەرەی (جود)[3]، بە پێی بڕیاری لێژنەی باڵا، لە٢٦ی ئایار ١٩٨١ کۆدەبێتەوە، چەند بڕیارێك دەدات لەوانە بەردەوامیدان بە توانای بەختکردن و تێکۆشان بۆ دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ (ینك)، لەم ڕێگەیەوە زەمینە سازبکرێت بۆ دروستکردنی هەموو شێوەیەکی هاوکاری سیاسی و لەشکری تا ئەو کاتەی دەتوانرێت هەر دوو بەرە (جود- جوقد) لە یەك بەرەدا یەکتر بگرنەوە، هەروەها بڕیاری دەستنیشانکردنی نوێنەری لایەنەکان بۆ لێژنەی پارێزگاکانی کوردستان، لەگەڵ چەند بڕیارێکی تر کە گشتیان

---

(١) لەم کۆبوونەوەدا نوێنەرانی (پدك) لە:(مسعود بارزانی ـ سەرۆك و عەلی عبدوڵا ـ سکرتێر و ڕەئیس عبدوڵا و ئازاد بەرواری و محەمەد ساڵح جومعە ئەندامانی م ـ س) پێکهاتبوون و نوێنەرانی (حشع)یش بریتی بوون لە:(عەزیز محەمەد ـ سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی و ئەحمەد بانیخێلانی و فاتح ڕەسووڵ و ئەبو حکمەت ئەندامانی م ـ س) و نوێنەرانی (حسك) لە: (ڕەسوڵ مامەند سکرتێری حزب و لەگەڵ چەند ئەندامێکی تری م ـ س) پێکهاتبوون. بڕوانە: وتاری ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق، لە ١٩٨١/١/٣١.

(٢) ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق، وتار» لەپێناو پتەوکردنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی دا»، لە ١٩٨١/٦/٢٦.

(٣) بەرەی (جود) لەدوو سکرتاریەت پێکهاتبوو:

- دەستەی سکرتاریەت لە کوردستان بریتی بوون لە:(فەلەکەدین کاکەیی، ڕۆژ نوری شاوێس، فازڵ میرانی لە(پدك)، و ئەبو حیکمەت (یوسف حەنا) لە(حشع)، مەلا ناسح لە(حسك). چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد مەلاقادر، پیرمام، ٢٠١٥/١٢/٢.

- دەستەی سکرتاریەت لە دەرەوە (سووریا ) بریتی بوو لە:(غازی زێباری، ئازاد بەرواری لە(پدك)، عادل مراد و عەدنان موفتی لە (حسك)، جەوهەر شاوێس و یەکێکی تر لە (حشع) ). چاوپێکەوتن لەگەڵ عەدنان موفتی، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٧.

تایبـەت بـوون بـە پاراسـتنی یەکڕیـزی بزاڤـی گـەلی کـورد[١]. هەروەهـا ڕۆژی ١٨ی تەممـووزی ١٩٨١ (پـدك) لەگـەڵ (حشـع) (حسـك) دووەم کۆبوونـەوەی لێژنـەی بـاڵای (جـود) ئەنجـام دەدات[٢]، چەنـد ڕێنماییـەك دەربـارەی پەیوەنـدی لەگـەڵ جەمـاوەر و چینـی گشـتی دەرکـران، لەوانـە:

- پێویسـتە پێشـمەرگە بەپێـی توانـا یارمـەتی جووتیـاران بـدات و بەرگـری لـە بەرژەوەندییەکانیـان بـکات.
- بـە پێـی توانـای خـۆی بەرەی(جـود) یارمـەتی خێـزانی پێشـمەرگەی شـەهید و هەمـوو پێشـمەرگەکانی تـر بدات.
- بـە توونـدی ڕاوەسـتان دژی گەیانـدنی ئـازاردان بـە هاونیشـتمانیانی بـێ تـاوان بـۆ مەبەسـتی تایبـەتی، یـان بنەماڵەیـی.
- وەرگرتنـی سـزادانی توونـدی دەرهـەق هـەر پێشـمەرگەیەك، یـان لێپـرسراوانی سیاسـی، یـان لەشـکری ئەوانـەی لـە پـاش لێکۆڵینـەوە دەردەکەوێـت کـە تاوانیـان کـردووە[٣].

هەڵبـەت دامەزرانـدنی بـەرەی (جـود) هـەر زوو ڕەنگدانـەوەی ئەرێنـی لـە سـەر پەرەپێـدانی خەبـاتی چەکـداری و جەمـاوەری دژ بـە ڕژێـم هەیبـوو، لـە بەسـتنی یەکـەم کۆبوونـەوەی بـەرە تـا بەسـتنی کۆبوونـەوەی دووەم لـە حوزەیـرانی١٩٨١ خەبـات و گیـانی بەرەیـی قوڵتربـوو، لـە چەنـدان بـارەوە خەبـاتی (جـود) بـەرەو پێشـەوە چـوو، بـۆ نموونـە: لێژنـەی بـەرە لـە پارێـزگای (دهـۆك ـ مووسـڵ) چەنـدان چالاکـی ئەنجـام دەدا، هەروەهـا لـە ناوچـە جیاجیـاکانی کوردسـتان چەنـدان چالاکـی لەشـکری دژی حکوومەت ئەنجـام درا[٤]. لـە ئەنجامـی ئـەم جـۆرە چالاکییانـەوە دەنگدانەوەیـەکی خێـرا لـە سـەر

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: سـکرتاریەتی بـەرەی نیشـتمانی دیموکـراتی عێراقی،»ڕاگەیانـدنی کۆبوونـەوەی بـەرەی نیشـتمانی دیموکـراتی عێـراق «، لـە١٩٨١/٣/٢٦؛ دەنگوبـاسی کوردسـتان، ژ(١٨)، ٢٨/ئایـار/١٩٨١، ل٣ -٤.

(٢) لێژنـەی بـەرزی بـەرەی نیشـتمانی دیموکـراتی عێراقی،»بەیـانی بـەرەی نیشـتمانی دیموکـراتی بـۆ گـەلی تێکۆشـەر»، لـە ٨/تمـوز/١٩٨١.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر لـە بـارەی بڕیارەکانـەوە بڕوانـە: بـەرەی نیشـتمانی دیموکـراتی عێراقـی، ئامۆژگاریـەکانی لیژنـەی بـەرزی بـەرەی نیشـتمانی دیموکـراتی عێراقـی دەربـارەی پێوەنـدی لەگـەڵ جەمـاوەردا، لـە ١٩٨١/٧/٨.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانە:عملیـات مشترکە لقـوی جود، اخبـار کردسـتان، العـدد:(٢٠)،١٩٨١/٧/١٤،

ئاستی عێراق هەروەها وڵاتانی ڕۆژئاوا هەبوو، لەم بارەوە گۆڤاری (سەندای تایمز) ی چاپی لەندەن لە١٥ی ئایاری ١٩٨١ وتارێکی بە ناوونیشانی: (کوردەکان دەبنە هەڕەشەیەکی تازە بۆ سەر عێراق)، تێیدا هاتبوو: "چالاکی شۆڕشگێرانەی کورد لە پێناو ئۆتۆنۆمی لە عێراقدا لە ناوچە کوردییەکانی عێراقدا پەرەی سەندووە، کاری ڕاستەوخۆی ئەو هاوکارییە تازەیە لە سەر وەزع ئەوەیە کە چالاکی پێشمەرگەکانی کورد لە عێراق گەشە دەکات، کە ساڵەهای ساڵ، ناو بەناو بەردەوام بوون، بەڵام ئەم جارە هەست دەکرێت کە نیاز وایە هێزەکانی سوپای عێراق تووشی شەڕێکی بەربڵاو بکرێت» هەروەها لە بەشێکی تری وتارەکەدا هەبوو: " لە کوردەکان ٥٠٠٠ پێنج هەزار چەکداریان هەیە، دەرفەتی چاکیان لە پێشدایە تا سەرکەوتنی عەسکەری گرنگ وەدەست بێنن، لە بەر ئەوە سەدام حسێن لە١٣ فیرقەی سوپا، ٩ فیرقەی ڕەوانەی جەنگ لەگەڵ ئێران کردووە»[1]. بەڵام لەلایەکی تریشەوە دەکرێت لە بیرمان نەچێت، بە دامەزراندنی بەرەی (جود) و ئامادەبوونی (جوقد) لەیەك کاتدا، ئەندازەی شەڕی ناوخۆ فراوان بوو، بە جۆرێك وای لێهاتبوو کوردستان بووبووە مەیدانی هاوپەیمانی دژ بەیەك[2].

مەکتەبی سیاسی (پدك) لە بەیاننامەیەکدا لە تەمموزی ١٩٨١، جارێکی تر ئامادەیی خۆی دەردەبڕی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەگەڵ (ینك)، لە پێناو سوودوەرگرتن لەو کەلێنەی کە لە کوردستان دروست بووە بە هۆی کشانەوەی بەشێکی زۆری هێزەکانی سوپای عێراق لە باشووری کوردستان بۆ بەرەکانی جەنگ لەگەڵ ئێران[3]. بەڵام ئەنجامی نەبوو، تا دەهات پەیوەندییەکان ئاڵۆزتر دەبوون و، باشترین هەل و هەڵکەوتی سیاسی و سەربازی بۆ سوودوەرگرتن لە شەڕی عێراق و ئێرانی لە دەست دا[4]. هەروەها بە هۆی خۆ بەیەکتر خەریك کردنەوە، بە تایبەت لەو شوێنانەی کە دەسەڵاتی (ینك)یان بە سەردا زاڵ بوو، شەڕی براکوژی بوو

ص٤-٥.

(١) بزووتنەوەی کوردایەتی و ڕۆژنامەکانی جیهانی و ناوچەیی، خەبات، ڕۆژنامە، ژ(٥٤٧)، ئەیلوولی ١٩٨١، ل٩.

(٢) بۆ زیاتر لەبارەی شەڕی ناوخۆ بڕوانە:هەمان بەش، باسی چوارەم.

(٣) م.س ـ پ.د.ك، بەیاننامە»بەیانێکی گرنگ بۆ گەلی عێراقی قارەمان»، لە١٩٨١/٧/١٧.

(٤) مەلا بەختیار، یاخی بوون لەمێژوو...، ل١٦٧.

بـەكاری ڕۆژانـەی هەمـوو هێـزەكان و دەرفەتێـكی لەبارتـر بـۆ جموجووڵـی حكوومـەت و دوژمنـانی گـەلی كـورد ڕەخسـا بـۆ خۆشـكردنی ئاگـری دووبـەرەكی و لاوازكـردنی بزاڤـی كـورد[١]. بەڕاسـتی هـەر لـە سـەرەتای ئـەم قۆناغـە، پێویسـتییەكی مێژوویـی بـوو كـە (ینـك) ڤیتۆكـەی لـە سـەر (پـدك) هەڵگتربـا، بـوونی (پـدك) لـە (جوقـد)دا قبـووڵ كرابـا، ئـەوكات یـەك بـەرە دەبـوو، بەمـەش زەمینـەی چارەسـەری سیاسـی و ئاشـتیانەی نێـوان (پـدك) و (ینـك) لـە بـار دەبوو، یـان هەر هیچ نەبووایـە ململانێیـەكان خاوتردەبـوون[٢]. كەواتـە لـە كەیـسی شـەڕی ناوخـۆ بـە پلـە یـەك (ینـك) تاوانبـارە، هـەروەك فاتـح ڕەسـووڵ دەنووسـێت: " ئۆباڵـی بەرپرسـیاری یەكـەم لـە شـەڕی براكـوژی و كارەسـاتە خوێناوییـەكان لەئەسـتۆی یەكێتیدایـە»[٣].

هەڵبـەت (پـدك) ڕۆڵێـكی گرنگـی هەبـووە لـە فراوانكـردنی قـەوارەی بـەرەی (جـود)، لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٨٢ دەتوانێـت حزبـی (پاسـۆك) بهێنێتـەوە نـاو بەرەكـە، لـەم بارەوە عەبـدوڵا ئاگریـن دەڵێـت: " لـە سایەی ئـەو پەیوەندییـە مێژووییـەی لـە گـەڵ پارتـی، هەروەهـا بـە هـۆی ئامانجـە نەتەوەییـەكانی (جـود)ەوە، (پاسـۆك) پەیوەنـدی بـە بەرەی (جـود)ەوە دەكات»[٤]. بـەڵام هەندێـك لـە سـەرچاوەكانی تـر ئامـاژە بـەوە دەكات كـە بـە هـۆی دژایەتیكـردنی (ینـك) و زاڵبـوونی بـە سـەریدا، (پاسـۆك) ناچـار دەبێـت پەیوەنـدی بە(جـود)ەوە بـكات[٥]. لەم هەڵومەرجە دژوارەدا، نەبـوونی یەكڕیزی نێوان بەرەی (جوقد) لەگـەڵ (جـود) لەلایـەك و، شـەڕی عێـراق ـ ئێـران لـە لایەكی تـرەوە، هەریەكە لە سـووریا

(١) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...، ب٢، ل٢٢٦.

(٢) شاخەوان شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

(٣) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك ...، ب٣، ل٣٥٧.

(٤) چاوپێكەوتـن لەگـەڵ عەبـدوڵا ئاگریـن، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٧. عەبـدوڵا ئاگریـن، لـە دایكبـووی سـاڵی ١٩٤٩ی شـاری سـلێمانی، خوێنـدنی سـەرەتایی و ئامادەیـی لـە هەمـان شـار تـەواو كـردووە، دواتـر دەچێتـە بەغـدا لـەوێ پەیمانگـەی ئەندازیـاری تـەواو دەكات، سـاڵی ١٩٦١ دەبێتـە ئەندامـی پـارتی گـەلی كـورد، دوای نسـكۆی ١٩٧٥ لـە لایـەن حكوومەتـەوە بـۆ خـواروی عێـراق دەگوێزرێتەوە، لـەوێ تـا ١٩٧٩ دەبێتـە مامۆسـتا، سـاڵی ١٩٩٤ بڕوانامـەی ماسـتەر لەبـواری شـیعری سیاسـی كـوردی بەدەسـت دەهێنێـت، سـاڵی ١٩٩٩ بڕوانامـەی دكتـۆرا لەبـواری چیـرۆكی كـوردی بەدەسـت دەهێنێت، ئێسـتاش لەكۆلێـژی زمـان، زانكـۆی سـەلاحەددین مامۆسـتایە و نیشـتەجێی شـاری هەولێـرە.

(٥) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: برایـم جـەلال، چەپكێـك لـە مێـژووی كۆمەڵـە، چاپخانـەی چوارچـرا، سـلێمانی ، ٢٠٠١، ل١٢٦.

و لیبیا کەوتنە هەوڵ و تێکۆشان بۆ پتەوکردنی یەکێتی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان[1]. بۆ ئەم مەبەستە ئیدریس بارزانی وەك نوێنەری (پدك)، لەگەڵ شاندی (ینك) و هێزەکانی تری بەرهەڵستکار لە شام و تەرابلوس چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجام دەدات[2]، ئاکام ڕۆژی ١ی شوباتی ١٩٨٣ لە شاری تەرابلوسی پایتەختی لیبیا بە بەشداری (١٩)گرووپ و پارتی کوردستانی و عێراقی کۆدەبنەوە، سەرئەنجام ڕۆژی ٦ی هەمان مانگ، هەموو پارتە بەشداربووەکان ڕێککەوتننامەیەك واژۆدەکەن[3]، لە سەر بنیاتنانی بەرەیەکی بەرفراوان ڕێکدەکەون[4]. لە هەمان کاتدا بڕیار درابوو ڕۆژی ٢٥ی شوباتی ١٩٨٣، نوێنەری (١٩) لایەنەکە لە شام کۆبوونەوەی داهاتوو ئەنجام بدەن، ئینجا هەردوو بەرەی (جود) و (جوقد) بکەن بە یەك بەرە، بەڵام لە ئەنجام بەرهەمی نەبوو، لەم بارەوە نەوشیروان مستەفا دەنووسێت: "پێش وادەی کۆبوونەوەکە (حشع) لەڕێککەوتنی تەرابلوس پەشیمان بووەووەو، کۆبوونەوەکەی شامی تێکدا»[5].بە دیدی بەندە ئەم ڕایە لاوازە لە بەر ئەوە لەو کاتەدا(حشع) لە سەر ئاستی سیاسی و لەشکری ئەو ڕۆڵەی نەبوو کە بتوانێ پرۆژەیەکی وا گەورە و گرنگ تێکبدات، ڕاستیەکەی دەبوو هەر دوو پارتی سەرەکی کوردستانی (پدك) وبە تایبەت (ینك) ئیرادەی هەنگاونان بەرەو ئاشتی لەئاستێکی باشدا نەبوو. لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، لە بارەی پاشگەزبوونەوەی (حشع)، عەزیز محەمەد دەڵێت: "پاشگەزبوونەوەی (حشع) لە بەر ئەوەبوو کە کۆمەڵێك پارت و گرووپی عەرەبی بەشداربوون، نەمان دەناسین سەر بەکام لایەنن، وابەستەی چ دەوڵەتێکن، جێگای تێبینی و گومان بوون بۆیە (حشع) کشایەوە»[6]. بەڵام ڕاستییەکەی ئەم پاشگەزبوونەوە و خۆ دوورخستنەوە لە ڕێککەوتنەکەی تەرابلوس زیانی زۆر و زەبەندی بە کاروانی بزاڤی دیموکراتی و بەرهەڵستکاری عێراقی و کوردستانی گەیاند، هەروەها بێ بڕوایی و گومان

---

(١) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان...، ل٢٧٩.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٨٠.

(٣) بۆ زانینی ناوی پارتە بەشداربووەکان بڕوانە: فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...، ب٣، ل١٧٩؛حامد محمود، المصدر السابق، ص٢٧٠.

(٤) فاتح ڕەسوڵ، لەکاروانێکی دوور و درێژدا» کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ»، ستۆکهۆڵم ، ١٩٩٧، ل٢٤٤.

(٥) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان...، ل٢٧٩.

(٦) عەزیز محەمەد،(پێوەندی تەلەفۆنی)، هەولێر، ٢٠١٦/٥/١٣.

لـە یەکتریکـردن زیـادی کـرد[1]. سـەرەڕای ئـەوەی کـە (حشـع) دان بـەوەدا دەنێـت کە لە ڕێککەوتنـی ترابلـوس پاشـگەزبووەوە، کـە چـی لەبەیاننامەیەکـدا بەرەی (جـود) (ینك)ی بـە هەڵگیرسـاندنەوەی شـەڕی ناوخـۆ تۆمەتبـار دەکات کـە لـە ١٦ی شـوبات، واتـە دوای ١٠ڕۆژ، بـە سـەر ئیمزاکـردنی ڕێککەوتنەکەدا، (ینك) هێرش دەکاتە سـەر هێـزەکانی (پدك) و لایەنـەکانی (جـود) لـە دەشـتی هەولێـر و کۆیە[2]. لەم سـەروبەندەدا حکوومـەتی عێراق لـە بارودۆخێـکی لەشـکری خراپـدا بـوو لەگـەڵ ئێـران، بـە هـۆی خەریکبـوونی هێـزەکانی کـورد بـە ململانـێ ناوخۆییەکانەوە هیچ سـوودیان لـەم دەرفەتە وەرنەگرت، لـەم ڕووەوە سـەدام حسـێن بەشـانازی و دڵنیاییەوە دەیگـووت: "حزبە کوردییەکان هیـچ کارێکیان لە دەسـت نایـە، چونکـە لەناوخۆیانـدا دژی یەکـن»[3].

لـەم کاتـەدا پارسـەنگی هێـز بـەلای ئێرانـدا کەوتبـوو، بۆیـە حکوومـەت هەوڵـەکانی خـۆی خسـتەگەڕ بـە هـەر شـێوە و نرخێـك بێـت کـوردەکان بـەلای خۆیـدا ڕابکێشـێت، یـان هـەر هیـچ نەبێـت بەرەیـەکی جەنگـی لـە کـۆڵ خـۆی بکاتـەوە، ئەنجـام لـە کۆتایـی١٩٨٣دا، تـوانی لەگـەڵ (ینـك) بکەوێتـە دانوسـتاندن. بەمـەش هـەر زوو لـە لایـەن (پـدك) و لایەنـەکانی (جـود) کاردانـەوەی خێـرا و توونـدی لێکەوتـەوە[4]، تەنانـەت بـەرەی (جوقـد)، کـە هـاوکات (ینـك) لایەنێـکی سـەرەکی ئـەم بەرەیـەی پێـك دەهێنـا، لـە بەیاننامەیـەکی فەرمـی لـە٢٥ی کانـوونی یەکەمـی ١٩٨٣، سـەرکۆنەی (ینـك) دەکات، کـە بـە پێشـێلکاریکردن بەرانبـەر (جوقـد) تۆمەتبـاری دەکات، ئەندامێتـی (ینـك) لـە (جوقـد) هەڵدەپەسـێرێت، لـەم بارەیـەوە ڕایگەیانـد: "هەڵوێسـتی یەکێتـی لەگـەڵ حکوومـەت گوزارشـت لـە ڕاوبۆچـوونی بـەرەی (جوقـد) نـاکات»[5]. دواتـر لـە٢٣ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٤ بـە فەرمـی بڕیـاری دەرکـردنی (ینك)یان دەرکـرد[6]. ڕاسـتییەکەی

---

(١) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٣، ل١٨٤.

(٢) سـكرتارية الجبهـة الوطنيـة الديمقراطيـة العراقيـة، بيان«حـول الإعتـداءات عـلى انصارهـا فـى سـهل أربيـل و كويسـنجق»، فـى ٢٤شـباط/١٩٨٣.

(٣) دیفید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی...، ل٥٧٠.

(٤) بـۆ زانیـاری لـە بـارەی هەڵوێسـتی بەرەی(جـود) بەرامبـەر گفتوگۆی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان لەگـەڵ حکوومـەت. بڕوانـە: هەمـان بـەش، بـاسی پێنجـەم، لقی ب.

(٥) جوقـد، بيـان» حـول المفاوضـات المذلـه التـى أقـدم عليهـا الإتحـاد الوطنـى الكردسـتانى مـع النظـام الفاشـى العميـل فـى العـراق»، فـى ١٩٨٣/١٢/٢٥.

(٦) جوقـد، بيـان» حـول طـرد الإتحـاد الوطنـى الكردسـتانى مـن الجبهـة الوطنيـة القوميـة

پاش دەرکردنی (ینك) لە بەرەی (جوقد) بەرەکە لاواز دەبێت، هیچ کاریگەری و چالاکی سیاسی و لەشکری بەرانبەر بە حکوومەت نانوێنێت. مەسعود بارزانی لە٣ی ئەیلوولی ١٩٨٤ سەردانی لیبیا دەکات، لەلایەن موعەمەر قەزافی سەرۆکی ئەو وڵاتە(قائد الثورە الفاتح-لێکۆڵەر) پێشوازی لێ دەکرێت و لەو گەشتەیدا مەسعود بارزانی هەوڵی دا بە هاوکاری لیبیا پەرە بەکاری بەرەیی بدات و بەرەی (جود) فراوانتر بکات[1]، هەروەها بۆ هەمان مەبەست لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤، لەگەڵ وەفدێکی بەرەی (جود) سەردانی سووریا دەکات و، لەگەڵ سەرۆکی ئەو وڵاتە، (حافظ الأسد) کۆبوونەوەیەك ئەنجام دەدات، ئاکام توانی پشگیری وڵاتان و پاڵپشتی بەرهەڵستکارەکانی عێراق بەدەست بهێنێت[2]. لە درێژایی هەوڵەکانی مەسعود بارزانی بۆ فراوانکردنی کاری بەرەیی لە عێراق و کوردستان، بە ڕەزامەندی لایەنەکانی تری ناو (جود) لە سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٨٤، سێ پارتی تر هاتنە ناو بەرەی (جود)ەوە[3]، بە شێوەیەکی فەرمی لە١٣ی مانگ لە ناو ڕیزەکانی بەرەی (جود) وەرگیران[4]. ئەم ڕووداوەش تواناکانی (پدك) و بەرەی (جود) ی بەرەو دوولایەن برد: یەکەمیان بەهێزکردنی (جود)و، فراوانکردنی چوارچێوەی خەباتی چەکداری دژ بەحکوومەت، دووەمیان کارکردن بۆ دروستکردنی بەرەیەکی نیشتمانی فراوان، هەروەها بەمەش گرفتێکی تری ناو پرسی کورد چارەسەربوو، کە لە (ساڵی ١٩٨٤)[5](پدگك) لەلایەن (پدك)ەوە لە سنووری بادینان دەرکرابوو،

الديمقراطية»، فی ١٩٨٤/١/٢٣.

(١) قائد ثورة الفاتح يلتقی بالرفيق مسعودبارزانی، اخبار كردستان، العدد:(١٢٥)، تشرين الثانی ١٩٨٤،ص٢.

(٢) الرئيس الأسد يستقبل وفد (جود)، كفاح الجبهه، جريده، العدد:(٤)، تشرين الثانی ١٩٨٤، ص ص١ -١١؛ دەنگدانەوەی سەفەری سەرۆکی پارتیمان بۆ دیمەشق، دەنگوباسی کوردستان، ژ:(١٢٦)، لە ١٩٨٤/١٢/٥، ل٢.

(٣) پارتەکان بریتی بوون لە: پارتی سۆسیالیستی عێراق و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی دیموکراتی عێراق.بڕوانە: كفاح الجبهه، الجريدة، العدد(٤)، تشرين الثانی ١٩٨٤، ص١١.

(٤) جود، بيان»من الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية حول الانظمام ثلاث أحزاب وطنية إلى (جود)» فی ١٣/تشرين الثانی /١٩٨٤.

(٥) پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان (پدگك)، لە هاوینی ١٩٨٢، بە سەرپەرشتی کەریم شنگاری (وەزیری ئێستای ناوخۆی هەرێم)، بە هێزێکی زۆرەوە بە بێ رەزامەندی پارتی دیموکراتی

پەیوەندییـان لەگـەڵ یەکـدی زۆر ناخـۆش بـوو، سـەرەڕای ئـەوەی لـە لیبیـا و سـووریا و ئێـران چاوپێکەوتـن لەنێـوان ئیدریـس بـارزانی و سـامی عەبدولڕەحـمان لـە کۆتایـی ١٩٨٢ کرابـوو، بـەڵام هەنـگاوی یەکلاکـەرەوەی چارەسـەر هاتنـی (پدگك)بـوو بـۆ نـاو بـەرەی (جـود)، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش تـا کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٧ (پـدك) ڕێگـەی پـێ نـەدا بـۆ ناوچـەی بادینـان بگەڕێتـەوە[1]، بەمـەش بـەرەی (جـود) بـوو بـە بەرفراوانتریـن و کاریگەرتریـن هێـزی بەرهەڵسـتکار دژ بـە حکوومـەت.

بـەم چەشـنە دەردەکەوێـت کـە پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان کاراکتەرێـکی سـەرەکی بـوو لـە کۆکردنـەوەی هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی عێـراق، بـە تایبـەت لەچوارچێـوەی بـەرەی (جـود)دا، کـە ئەمـەش تاقیکردنەوەیـەکی دیموکـراتی و تـازە و گرنـگ بـوو لـە سـەر گۆڕەپـانی کوردسـتان و عێـراق بـە گشـتی. هـەر چەنـدە بـە دامەزرانـدی بـەرەی (جـود) بزاڤـی گـەلی کـورد بـۆ ماوەیـەك دووچـاری ململانێـی ناوخۆیـی و شـەڕی براکـوژی بـوو، بـەڵام هـاوکات لـە بـواری خەبـاتی سیاسـی و لەشـکری دژی حکوومـەت و پاڵپشـتی جەمـاوەر و بەرەوپێشـبردنی بزاڤـی نەتەوایـەتی هەروەهـا بەگژداچـوونی دووبـەرەکی ناوخۆیـی خەباتێـکی زۆری کـرد و قوربانییـەکی زۆری داوە. هـەر لەئەنجامی ئەمەیشـدا لـە قۆناغـی دوایـی ئـەم ماوەیـە، ئاشـتبوونەوەی گشـتی نێـو هێـزە کوردییـەکان بەرهـەم دێـت.

---

کوردسـتان وەك هێـزی سـەرەکی ناوچەکـە، لـە سـووریاوە ڕوو لـە ناوچـەی زاخـۆ دەکـەن، سـەرئەنجام ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ هێـزەکانی پـارتی لـە ناوچـەی سـەنات ـ زاخـو، ڕوویـدا، لـە ئاکامـدا دووچـاری شکسـت دەبـن و ناوچەکـە بەجـێ دەهێڵـن و جارێـکی تـر ڕوو لـە سـووریا دەکەنـەوە، ناگەڕێنـەوە تـا ئاشـتبوونەوەی سـاڵی ١٩٨٧. چاوپێکەوتـن لەگـەڵ فوئاد میرانی، دهـوك، ٢٠١٦/٢/٢٥. ناوبـراو ئـەوکات بەرپـرسی لێژنـەی ناوچـەی زاخـۆ، سەرپەرشـتیاری هێـزی پێشـمەرگەی پـارتی بـوو لـەو ناوچەیـەدا.

(١) د.علی نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...،ل٣٥٨.

# باسی دووەم
# ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چالاکییەکانی لەشکری دژی حکوومەتی عێراق

پـاش هەڵگیرسـانی شـۆڕشی گـەلانی ئێـران و، سـەرکەوتنی بـە سـەر حکوومـەتی شـادا لـە شـوباتی ١٩٧٩، بارودۆخـی سیاسـی و لەشـکری (پـدك) گۆڕانـكاری بـە سـەردا هـات، پەرەسـەندنی بەرچـاوی بەخـۆوە بینـی، هـەر وەك محەمـەد مـەلا قـادر دەنووسێت: " شـۆڕشی ئێـران بـۆ پـارتی نیعمەتێـك بـوو، بـووە هـۆكاری ئـەوەی ببووژێتـەوە»[١]. سـەرکەوتنی شـۆڕشی گـەلانی ئێـران لـە کاتێکدا بوو(پـدك) بـۆ دووبـارە خۆڕێکخسـتنەوەی لەشـکری پشـتی بـە توانـای مرۆیـی پەنابـەران بەسـتبوو، کـە پێشـتر حکوومـەتی شـا بـە هەمـوو شێوەیەك ڕێگـری چالاکـی سیاسـی و لەشـکری لـێ گرتبـوو، بـەڵام بـە سـەرکەوتنی شـۆڕش دۆخێـکی نـوێ لـە ئێـران هاتـە ئـاراوە، بەخێـر بـە سـەر (پـدك)دا شـکایەوە و لـەم ڕەوشـە نوێیـەدا زۆر سـوودمەندبوو، وێـڕای ئـەوە پێشـمەرگە لـەڕووی چەندێتیـەوە زیـادی کردبـوو، هـاوکات لـەڕووی چۆنیەتیشـەوە زیاتـر بـەورە و ئومێدبـوون بـە بـەراورد لەگـەڵ پێشـوو[٢].

هەروەهـا لـەم قۆناغـەدا بەپێـی هەموارکردنـەوەی پەیڕەوپرۆگرامـی ناوخـۆی (پـدك) لـە کۆنگـرەی نۆیەمـی دا، ڕێکخسـتنی پێشـمەرگایەتی گۆڕانـكاری بەسـەرداهات، چالاکـی لقـەکان لـە شـوێنی هەرێمـەکان دەسـتی پێکـردەوە[٣]، هەروەهـا بەرپـرسی لقـەکان کـە

---

(١) محمد ملا قادر، سەربردە – کورتەیەك لەبیرەوەرییەکان، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠٠٩، ل١٣٩.

(٢) فاروق محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

(٣) لقـەکانی پـارتی لـەو کاتـەدا بریتـی بـوون لـە: (لقـی یـەك ـ لـە سـنووری بادینـان (جرجیـس حەسـەن) لێپـرسراو، لقـی دوو ـ لـە سـنووری هەولێـر (خورشـید شـێرە) لێپـرسراو، لقـی سـێ ـ لـە سـنووری کەرکـووك (مـلازم یونـس ڕۆژبەیـانی) لێپـرسراو، لەگـەڵ دامەزرانـدنی چەنـد لقێـکی تـر لـە دەرەوەی سـنووری باشـووری کوردسـتان کـە زیاتـر ئـەرکی ڕێکخسـتنی پارتایـەتی لـە ئەسـتۆ بـوو). چاوپێکەوتـن لەگـەڵ مـلازم یونـس، میحـوەری باشـیك، ٢٠١٦/٣/٢٠.

هـاوکات ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی بـوون، هـەردوو ئـەرکی (ڕێکخسـتنی پارتایـەتی و پێشـمەرگایەتی) لـە ئەسـتۆ گرتبـوو، بـە جۆرێـك لەگـەڵ ئـەو قۆناغـەدا بگونجێـت، سەرپەرشـتی و هەڵسـووڕاندنی کاروبارەکانیـان دەکـرد[1]. لـەم کاتـەدا حکوومـەتی عێـراق هەمـوو شـێوازێکی دڕندانـەی گرتبـووە بـەر بـۆ سـنووردارکردنی چالاکییـەکانی (پـدك) و هێـزەکانی تـر، بـەڵام سـەری نەگـرت و بزاڤـی لەشـکری لـە زاخـۆ تـا خانەقیـن، نـەك تەنیـا لـە گونـدەکان بەڵکـو لـە شـارە گەورەکانیشـدا لـە هەڵکشـاندا بـوو، هێـزی پێشـمەرگە لـە ئـاداری١٩٨٠ لـە دەوروبـەری خانەقیـن، قـەڵادزێ، ئامێـدی و چۆمـان لەگـەل چەنـد ناوچەیـەکی تـر، بەدەیـان چالاکـی لەشـکری دژ بـە پێگـەکانی حکوومـەت ئەنجـام دەدەن[2]. هەرچەنـدە چالاکییـەکان لـە سـەرەتادا لـە بـزاڤ و چالاکـی بچووکـدا خۆیـان دەنوانـد، بـەڵام بـە ئەندازەیـەکی فـراوان بـوون، لەهەمـان کاتـدا ئـەو چالاکییانـە بـێ قوربـانی نەبـوون، لـە٢٤ی نیسـانی١٩٨٠، هێزێـکی هاوبـەشی هـەر دوو لقـی ٣ و ٥ی (پـدك) لـە کاتی گەڕانەوەیـان لـە چالاکیـەکی دژ بـە حکوومـەت، تـووشی کەمینێـك دەبـن، ئەنجـام ژمارەیـەك سـەرکردەی پێشـمەرگە دەبنـە قوربـانی[3]. پێشـمەرگەکانی (پـدك) بـە ماوەیـەکی ڕێـژە کـورت توانییـان لـە زۆربـەی ناوچـەکان گـورزی بـە زەبـر لـە سـوپای عێـراق بوەشـێنن، لـە ئامارێـکی لەشـکری (پـدك)دا ئامـاژە بـەوە کـراوە لـە مانگـی تشـرینی دووەمـی ١٩٧٩ تـا تەممـووزی ١٩٨٠، ١٠٨ چالاکـی لەشـکری ئەنجـام دراون، لـە کـوێ ئـەم چالاکییانـە ٨٥٠ سـەربازی عێـراق کـوژراون، ٢٠١٨ی تریـش بریندارکـراون، هەروەهـا ٢٩ پۆلیـس و ٧٩ جـاش کـوژراون لەگـەڵ بریندارکـردنی چەنـدان کـەسی تـری سـەر بـە حکوومـەت[4]، هەروەهـا لـە مانگـی ئـاب تـا ئەیلـوولی ١٩٨٠، نزیکـەی ٢٩ چالاکـی لـە شـوێنە هەسـتیارەکان ئەنجـام دراون، لـەم چالاکیانەشـدا نزیکـەی ١٨٩ سـەرباز کـوژراون و، دەیـان کـەسی تـر بریـندار کـراون، جگـە لـەوەی

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان ـ عێـراق، پەیـڕەوی ناوخـۆی پـارتی لـە کۆنگـرەی نۆیەمـی پارتیـدا کـە لـە تشـرینی دووەمـی ١٩٧٩ بەسـترا، بڕیـار لەسـەردراوە.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانە:اخبـار کردسـتان، العـدد:(١)، ١٩٨٠/٣/٨، ص١؛ اخبـار کردسـتان، العـدد:(٣)، ١٩٨٠/٤/١٧، ص١- ٢.

(٣) قوربانییـەکان بریتـی بـوون لـە: (وەلی عـەلی و عەبـدوڵا شـێخ ڕەزا و ڕەئـووف ئەرگـوشی و عەبدوڵا ڕەشـید و شـوکری عەبدولڕەحـمان و مەحمـود ڕەوانـدوزی و قـادر سـەعید و ئەحمـەد محەمـەد و قـادر محەمـەد ). بڕوانـە: اخبـار کردسـتان، العـدد:(٦)، آب ١٩٨٠، ص١٤.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٥٤١)، گەلاوێژ و ئاب ١٩٨٠، ل٨.

چەنـدان کەلوپـەل و کەرەسـتەی سـەربازیش دەسـتکەوتی پێشـمەرگە بـووە[١]، دواتـر بەو چەکانـە چەنـد گـورزی بـە زەبـر و کوشـندە لـە دژی حکوومـەت دەوەشـێنن. هێزێـکی پێشـمەرگە (پـدك) لەسـەرەتای تشـرینی یەکەمـی ١٩٨٠ دەچێتـە گونـدی (قەلاتـوکان)[٢]، بـەڵام (ینـك)، بەهاتنـی ئـەم هێـزە بـۆ ئـەم ناوچەیـە کـە لەژێـر دەسـەڵاتی ئەودابـوو، ئاسـوودە نەبـوو، لـە کاتێکـدا لـە١٩ی تشـرینی یەکەمـی١٩٨٠، هێـزەکانی حکوومـەت بـە توونـدی پەلامـاری هێـزەکانی (ینك)دابـوو لـە کێـوی مامەنـد، (ینك)ڕووبـەڕووی شـەڕێکی دژوار دەبێـت لەگـەڵ حکوومـەت، ئـەم هێـزەی (پـدك) پەیوەنـدی بە(ینـك) ەوە دەکات کـە ڕێگایـان بـدەن لـەم شـەڕەدا هاوکاریـان بکـەن دژی حکوومـەت، بـەڵام (ینـك) ڕەتدەکاتـەوە، وەك نەوشـیروان مسـتەفا دەنووسـێت: "بـە هێـزەکانی پارتیـم وت پێویسـتیمان بـە یارمـەتی ئێـوە نیـە، بـەشی هـەر دوولاتـان ئەکەیـن»، هەروەهـا ناوبـراو دەنووسـێت: "بـە هێـزەکانی خۆمانـم ووت ڕێگایـان نـەدەن بپەڕنـەوە و حیـز فرسـەتی بکـەن»[٣]، ئەنجـام هێـزەکانی (پـدك) بـۆ ئـەوەی توونـدوتیـژی لـێ نەکەوێتـەوە، بـە ناوبژیـوانی (حشـع)، بەپێـی ڕێککەوتنێـك، لـە ناوچەکـە کشـانەوە[٤]، دواتـر ئـەم هێـزە لەناوەڕاسـتی تشـرینی دووەمـی ١٩٨٠دا هێرشـێکی بەرفـراوان دەکەنـە سـەر ناوچـەی حاجـی ئۆمـەران و دەوروبـەری، دوای ڕووبەڕووبوونەوەیـەکی سـەخت لەگـەڵ هێـزەکانی سـوپای عێـراق، وێـڕای ئـەوەی ١٣ پێشـمەرگە لـەم شـەڕەدا بـوون بەقوربـانی[٥]، گورزێـکی بەهێـز لـە هێـزەکانی سـوپای عێـراق درا، نزیکـەی ٥٠٠ سـەرباز و جـاش کـوژران[٦].

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: اخبـار کردسـتان، العـدد:(٧)، ئەیلـوول ١٩٨٠، ص ص٧ -١٧؛ ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق، لێکۆڵینـەوە «لـە زاخـۆ تـا خانەقین....شۆڕشـەو ڕاپەڕیـن!»، لـە١٩٨٠/٩/٩.

(٢) قەلاتـوکان، دەکەوێتـە بنـاری شـاخی قەندیـل، نزیـك شـارۆچکەی سەنگەسـەر.بڕوانە: فاتـح ڕەسـوڵ، چەنـد لاپەڕەیـەك...،ب٢، ل٢١٣.

(٣) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان...، ل١٧٥- ١٧٦.

(٤) بەنـدەکانی ڕێککەوتنەکـە بریتـی بـوون لـە: (پێویسـتە یەکێتـی و پـارتی جەنگـی ڕاگەیانـدن دژی یەکـتر ڕابگـرن، ڕاوەسـتاندنی شـەڕ بـۆ مـاوەی ٣ مانـگ لەگەڵ یەکـدی، لای ڕۆژئـاوای ڕێـگای هاملتون بـۆ پـارتی و لای ڕۆژهـەڵاتی بـۆ یەکێتـی)... بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: هەمـان سـەرچاوە،ل١٧٧.

(٥) قوربانییـەکان بریتـی بـوون لـە: (فەتـاح ئاغـا و سـەعید تۆمـاری و زمناکـۆ کەریـم و عبـدوڵا میـرزا و جەمـال یەزدیـن و ئەحمـەد ئـاودەل و فەیـزۆ زێبـاری و تێـلی زێبـاری و مـەلا ڕەسـووڵ و سـلێمان عبـدوڵا و عـەلی سـورچی و شـاکر عـەزۆ و قـادر ئیسـلام ). بڕوانـە: ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتان ـ عێـراق، وشـە «بـەراتی نەجـات بەخوێـن نـووسراوە»، لـە ١٩٨٠/١١/٢٣.

(٦) اخبــار کردســتان، العــدد:(٩)، کانــون الاول١٩٨٠، ص١٥؛ چاوپێکەوتــن لەگــەڵ مامەنــد مامــە

بـە بۆنـەی ئـەم سـەرکەوتنە گەورەیـەوە، مەسـعود بـارزانی برووسـکەیەکی پیرۆزبایـی سـەرکەوتن ئاراسـتەی گشـت پێشـمەرگە و لقـەکانی (پـدك) و جەمـاوەری کوردسـتان دەکات[1]. بەپێـی ئامارێـکی ڕۆژنامـەی (خەبـات) هێـزی پێشـمەرگە تـا کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٠،٧٧چالاکییـان لـە ناوچـە جیـاوازەکانی کوردسـتان ئەنجـام دابـوو[2]، بـە هـۆی زیادبـوونی چالاکییـەکانی پێشـمەرگە، بـە تایبـەت لـە سـنووری پارێـزگای دهـۆك، (نامیـق ڕەقیـب سـورچی) پارێـزگاری ئەوکاتـەی دهـۆك بـوو، لـە٣ی کانـوونی یەکەمـی١٩٨٠ دان بـەوەدا دەنێـت بزاڤـی شۆڕشـگێڕان زۆر بـووە و داوا لە دامـودەزگا حکومییـەکان دەکات لـە پـاش تەواوبـوونی کار، پێویسـتە هەمـوو ئامێـرە حکومییـەکان بگەیەنێنـە نزیکتریـن خاڵـی لەشـکری لەبـەر ئـەوەی ئێـواران ناوچەکـە لـە کۆنتڕۆڵـی حکوومـەت دەردەچـوو و پێشـمەرگە بـە سـەر ڕێگەکانـدا زاڵ دەبـوون[3]. هەروەهـا پێشـمەرگەکانی سـەر بـە لقـی٢ لـە کانـوونی دووەمـی ١٩٨١ چەنـد چالاکییـەکی پارتیـزانی لـە سـەر ڕێگـەی (ڕەوانـدوز ـ مێرگەسـۆر) ئەنجـام دەدەن بەپێـی هەواڵـەکانی (پـدك) زیاتـر لـە ٥٠ سـەرباز دەکـوژن [4]. چالاکییـە لەشـکرییەکان بـەردەوام بـوون، بەپێـی سـەرچاوەکان لـە مانگـی کانـوونی دووەم و کۆتایـی شـوباتی ١٩٨١، هێـزەکانی پێشـمەرگە ٤١ چالاکـی دژ بـە مۆڵگـە و سـەنگەرەکانی حکوومـەت ئەنجـام دەدەن، نزیکـەی ٢٨٠ سـەرباز و جـاش دەکـوژن، جگـە لـە زیانێـکی زۆری مـاددی، هەروەهـا ٦پێشـمەرگەش دەبـن بەقوربـانی و ٦ی تریـش لـە لایـەن سـوپای عێراقـەوە بەدیـل دەگیرێـن [5]. لـە بەهـاری ١٩٨١ بزاڤـی

---

خـەلی، میحـوری باشـیك، ٢٠١٦/٣/٢٠. مامەنـد مامـە خـەلی، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٥٣ لـە قـەزای چۆمـان، لەسـاڵی ١٩٦٩ پەیوەنـدی دەکات بەڕیـزەکانی پـارتی، لـە سـاڵی (١٩٧٣ تاکـو ١٩٧٥) دەبێتـە پێشـمەرگە، لـە سـاڵی ١٩٧٧ پەیوەنـدی دەکات بەڕیـزەکانی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان، لـە ساڵی ١٩٧٩ دووبـارە دەگەڕێتـەوە نـاو ڕیـزەکانی پـارتی، لـە مـاوەی (١٩٩١ – ٢٠١٤) چەنـد پلەیـەکی سـەربازی وەردەگرێـت، ئێسـتا خانەنشـینە، دانیشـتووی شـاری سـورانە.

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر لـە بـارەی نـاوەڕۆکی بروسـکەکەوە بڕوانـە: نامـەی سـەرۆکی پارتیـمان هەڤاڵـی خۆشەویسـت مسـعود بـارزانی بـۆ گشـت پێشـمەرگە و لقـەکانی پارتیـمان بـە بۆنـەی شـەڕەکانی حاجـی ئۆمەرانـەوە، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٤٤)، کانـوونی یەکـەم ١٩٨٠، ل١.

(٢) ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق، ڕاپۆرت»خولاسـەی چالاکیـەکانی لـە شـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان لـە چـوار مانگـی دوایـی سـاڵی ١٩٨٠»، لـە١٩٨٠/١٢/٢٨.

(٣) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی عێراق...،ب١، ل٩١.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(١٢)، ١٩٨١/١٢/٢، ص٢ -٣.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٤٩)، شوبات ١٩٨١، ل ل١، ٤.

پێشـمەرگە لـە زیادبووندا بـوو، لـە ناوەڕاسـتی مانگـی ئـاداردا هێـزەکانی پێشـمەرگەی سـەر بـە لێژنـەی ناوچـەی دهـۆك لەنێـوان (بامـەڕنی و سەرسـنگ) ڕووبـەڕووی هێزێـکی سـوپای عێـراق دەبنـەوە، شـەڕوپێکدادانێکی قـورس بـۆ مـاوەی چەنـد کاتژمێرێـك لـە نێـوان هــەر دوولادا بــەردەوام دەبێــت، ئــاکام ٣٥ کــەس لەسـوپای عێـراق دەکــوژن و ١٨ی تریـش برینـدار دەکـەن، هەروەهـا لـەم شـەڕەدا ٢ پێشـمەرگە بـە نـاوی (مووسـا محەمـەد عومـەر و حـازم فەتـاح عەبدولەعزیـز) دەبـن بـە قوربـانی، لـە هەمـان کاتـدا هێـزەکانی لقـی٤ زنجیـرە هێرشـێك دەکەنـە سـەر ڕەبیـەکانی دوژمـن لـە ناوچـەی (هـانی قـووڵ و ویـلان و پـردی زەڵـم و ئەحمـەد ئـاوا) لـە سـنووری هەڵەبجـە، ئـاکام نزیکـەی ٢٠ سـەرباز دەکـوژن، ٣٠ی تریـش برینـدار دەکـەن، هـاوکات فەرماندەیـەکی پێشـمەرگە بـە نـاوی (ئەحمـەد شـەمێرانی) دەبێتـە قوربـانی، ٢ پێشـمەرگەی تریـش برینـدار دەبـن[(١)]. هەروەهـا لـە کۆتایـی مانگـی ئـاداری ١٩٨١، پێشـمەرگەکانی لقـی١ هێـرش دەکەنـە سـەر چـوار زیـلی سـەربازی و چەنـد ڕەبیەیـەکی سـوپای عێـراق نزیـك ناحیـەی (باتوفـە) لــە قــەزای زاخــۆ، لــەم چالاکییــەدا نزیکەی٢٤٠کــەس لــە حکوومــەت دەکوژرێــن، ٢پێشـمەرگەش بـە نـاوی (حەسـەن عومـەر و سـالح عیسـا) بـوون بـە قوربـانی[(٢)]. لـەم سـەروبەندەدا چالاکیـەکانی هاوبـەشی بـەرەی (جـود) ڕەنگدانەوەیـەکی کاریگـەری لـە سـەر گەشـەکردنی چالاکـی لەشـکری دژ بەحکوومـەت و وەشـاندنی زەبـری کوشـندە هەبـوو، لـە نیسـانی ١٩٨١ هێزێـکی هاوپەیـمانی (جـود) هێرشـێکی بەربـڵاوی کـردە سـەر ڕەبیـەکانی سـوپای عێـراق لـە ناوچـەی (دەرکار) لـە قـەزای زاخـۆ، ئـاکام تـوانی زیانێـکی زۆری گیـانی بـە هێـزەکانی سـوپای عێـراق بگەیەنـن کـە لـە نێوانیانـدا ٣ ئەفسـەری پلـە بـاڵا هەبـوو بەنـاوی (نـاسر عـەلی و جـەواد کازم و عەبـاس مەتـەر عوبید)[(٣)]. لـە ئەنجامی هەڵکشـانی چالاکییـەکانی پێشـمەرگە بـە تایبەت لـە دەوروبـەری شـارەکان، حکوومەت بۆ سـنووردارکردنی ئەنـدازەی چالاکییـەکان و تـرس خسـتنە نـاو خەڵـك، لـە کۆتایـی بەهـاری ١٩٨١، ژمارەیـەك لـە ئەندامـانی (پـدك) لـە شـاری دهـۆك دەسـتگیردەکات، دواتـر لـە

(١) اخبار كردستان، العدد:(١٤)، ١٢/نيسان ١٩٨١، ص٢.

(٢) المصدر نفسه،ص٣.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر لـە بـارەی زیانـەکانی سـوپای عێـراق بڕوانـە: دەنگوبـاسی کوردسـتان، ژ:(١٥)، ٢٣/نیسـان١٩٨١، ل١ -٢.

زینـدانی مووسـڵ لـە سـێدارەیان دەدات[١]. لـە چوارچێـوەی چالاکییـە هاوبەشـەکان، لـە ئایـاری ١٩٨١ پێشـمەرگەکانی (پـدك) لەگـەڵ هێزێـکی (حشـع) زنجیـرە هێرشـێك دەکەنـە سـەر بـارەگای لیـوای (بێگوفـا) و بـارەگای (سریـەی چەقـەلا) و بـارەگای سریـەی نێـوان (چەقـەلا و بریفـکا) لەگـەڵ چەنـد ڕەبیەیـەکی تـر لـە نزیـك دهـۆك، توانـرا ٥٦سـەرباز بکـوژن و ٥٩ی تریـش بریـندار بکـەن[٢]. گەشـەکردنی بزاڤـی (پـدك) لـە ڕۆژنامـە بیانیەکانـدا جێـگای گرنگیـدان بـوو، بـۆ نموونـە: ڕۆژنامـەی (ئۆبزێرڤـەر) ی چاپـی لەنـدەن ڕۆژی ١٩ی نیسـانی ١٩٨١، وتارێـکی دەربـارەی چالاکییـەکانی هێـزی بەرهەڵسـتکاری دژ بـە حکوومـەت نوسـیبوو، تێیـدا هاتبـوو: "هێـزە شۆڕشـگێڕەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانی ـ عێـراق کاریگەرتریـن هێـزی بەرهەڵسـتکارە بەرانبـەر بـە حکوومـەت»[٣]. لـە بەردەوامـی چالاکییەکانـدا، لـە حوزەیـرانی ١٩٨١هێـزەکانی (پـدك) لـە چەنـد چالاکییـەکی هاوبەشـدا، لـە ناوچـەی (باڵـەك و، چۆمـان) و دەوروبـەری، توانییـان ٣٥ سـەرباز و، پۆلیـس و هێـزەکانی ئەمـن بکـوژن، لـە گـەڵ پێگەیانـدنی زیانێـکی زۆری مـاددی[٤]. بەرانبـەر ئـەم چالاکیيانـە حکوومـەت بـە توونـدی کەوتـە گیـانی سـڤیلی خەڵـکی (چۆمـان و دهـۆك)، بـە دەیـان ئافـرەت و منـداڵ و خێـزانی پێشـمەرگە دەسـتگیرکران و بـۆ زیندانـەکانی (مووسـڵ و ئەبوغرێـب) دوورخرانـەوە، وێـڕای ئـەوەش بەدەیـان کـەسی تـر گوللەبـاران کـران[٥]. بـەم شـێوەیە حکوومـەت بـۆ سـنووردارکردنی چالاکـی پێشـمەرگایەتی بـەردەوام بـوو لـە دەستبەسـەرکردن و گرتنـی کەسـوکاری پێشـمەرگە، بەپێـی هەواڵێـکی (پـدك) کـە لـە ئابـی ١٩٨١ بڵاوکرابـووەوە، لـەم سـەروبەندەدا حکوومـەت زیاتـر لـە ٦٠٠ ئافـرەت و منـداڵ و کەسـوکاری پێشـمەرگەی لـە بنکـەی پۆلیـسی (فەزیلیـە) لـە بەغـدا بەنـد کردبوون[٦].ئـەم سیاسـەتەی حکوومـەت کاریگـەری نەبـوو لـە کەمکردنـەوەی چالاکییـەکانی پێشـمەرگە، بەپێـی زانیـاری

(١) بۆ زانینی ناوەکان بڕوانە: دەنگوباسی کوردستان، ژ: (١٨)، ٢٨/ئایار١٩٨١، ل٤.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانە:اخبـار کردسـتان،العدد: (١٩)،١٩٨١/٦/١٠،ص٣؛ مەتیـن، گۆڤـار، ژ: (٤)، حوزەیـرانی ١٩٨١، ل٣.

(٣) اخبار کردستان، العدد: (١٦)، ٢/ئایار/١٩٨١، ص٦.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژ: (٢٠)، ١٩٨١/٧/١٤، ل٤.

(٥) ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق، وتـار «ڕژێمـی تاوانبـاری صـدام ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ تـاوانی گەورەتـر و زیاتـر دەکا!»، لـە ١٩٨١/٧/١٥.

(٦) دەنگوباسی کوردستان، ژ: (٢٣)، ١٩٨١/٨/١٩، ل٥.

سـەرژمێری و لـێ وردبوونـەوەی بـەشی عەسـکەری سـەر بەمەکتـەبی سیاسـی، لـە سـەرەتای مانگـی ئـادار تـا ئەیلـوولی ١٩٨١، هێـزەکانی پێشـمەرگە نزیکـەی٢٣٨ چالاکـی لەشـکرییان دژی حکوومـەت نوانـدووە، لـە ناویانـدا ١٨ چالاکـی بـە هاوبـەشی لەگـەڵ هێـزەکانی تـری (جـود) بـووە، لـەو چالاکییانـەدا نزیکـەی١٢٥١ کـەس لـە سـوپا و پۆلیـس و جـاش کـوژراون، هەروەهـا ژمارەیـەك پێشـمەرگەش بوونـە قوربـانی[1].

تووندوتیـژی حکوومـەت لە ڕادەی چالاکییەکانی پێشـمەرگەی کەم نەکـردەوە، بە پێی ئامارێـکی لەشـکری (پـدك) کـە لـە تشـرینی یەکەمـی ١٩٨١ بڵاوکرابـووەوە، تێیـدا ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە لـە مانگـی تەممـووز تـا تشـرینی یەکەمـی ١٩٨١، هێـزەکانی پێشـمەرگە ١٩٢ چالاکییـان دژ بـە بەرژەوەندییـەکانی حکوومـەت ئەنجام داوە، لـەو چالاکییانەدا ٧٣٧ سـەرباز و پۆلیس و، ٢٩٠ ئەفسـەری پلەدار، ١٧ کادیری حزبی بەعس کوژراون، هەروەها ٤٨ پێشـمەرگەش ببوونـە قوربانی[2]، ٤٨ی تریش بریندارکرابـوون[3]. لەم قۆناغەدا هێزەکانی پێشـمەرگە زیاتـر لـە پێشـوو، وێـڕای بەردەوامـی چالاکـی لەشـکری، دەسـتی کردبـوو بـە دەسـتگیرکردنی پسـپۆڕانی بیـانی، بـە ئامانجـی لاوازکـردنی پێگـەی سیاسـی حکوومـەت و لاوازکـردنی دەسـەڵاتی، کـە پاراسـتنی ئـەو پسـپۆڕانەی لـە ئەسـتۆ بوو لـە لایەك، لـە لایەکی دیکەیشـەوە دامەزرانـدنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەو دەوڵەتانـەی کـە خـاوەن کارمەنـدە گیراوەکانـن، هـاوکات گەیانـدنی دەنگـی پـرسی کـورد بـۆ ڕای گشـتی جیهـان، لەبـەر ئەوە وڵاتـانی خـاوەن گیـراوەکان لە ڕۆژنامـەکانی خۆیاندا باسـیان دەکرد بەمـەش دەنگدانەوەی دروسـت دەکـرد لەسـەر ئاسـتی دەرەوە[4]. لـە٢٥ی تشـرینی دووەمـی ١٩٨١، لەسـەر ڕێگـەی گشـتی نێـوان (هەولێـر و عەنکاوە) لەنزیـك فڕۆکەخانـەی هەولێـر ٣ ئەندازیاری نەمسـاوی بەنـاوی (مـورو، توفـان، ئۆتـو) لـە لایـەن پێشـمەرگە دەستبەسـەرکران، دواتـر ئـەم هەواڵـە ڕۆژی ٤ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨١ لـە چەنـد ڕۆژنامەیەکی جیهانیـدا دەنگی دایـەوە، بەرانبـەر بـە ئازادکردنیـان (پـدك) داوای لـە حکوومەتی نەمسـا کرد، کـە تواناکانی خـۆی بەکاربهێنێـت بۆ گوشـار خسـتنە سـەر حکوومەتی عێراق بـۆ ئازادکـردنی ٢٠٠ خێزانی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەنگوباسی کوردستان، ژ:(٣٠)، ١٩٨١/٩/٢١، ل٣.

(٢) بۆ زانینی ناوی قوربانییەکان بڕوانە: خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٥٤٧)، ئەیلوول١٩٨١، ل ل٣ ، ٨.

(٣) ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق، ڕاپـۆرت «سـەرژمێری دەربـارەی چالاکـی پێشـمەرگەکانمان لـە گەلاوێـژەوە تـا تشـرینی یەکـەم ١٩٨١»، لـە ١٩٨١/١١/١٩

(٤) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٢٥٣.

کـورد کـە لـە گرتووخانـەی یـەك لەنێـوان (دهـۆك ـ زاخـۆ) دەستبەسـەر کرابـوون[1]. لـە هەمـان کاتـدا سـەرکردایەتی (پـدك) بەڵێنـی بـە حکوومـەتی نەمسـا دابـوو، کـە ئـەو ٣ کەسـە بداتـە دەسـت نوێنـەری وڵاتی نەمسـا، لەبەر ئـەوە متمانـەی بە حکوومـەتی عێراق نەبـوو نـەوەك لـە دوای ئازادکردنیـان لـە لایـەن حکوومەتـەوە بکوژرێـن و ئۆباڵەکـەی بخاتـە ئەسـتۆی (پـدك)، کـە ئـەم کارەش لـە دەرەوە وەك کارێـکی تیرۆرسـتی دەژمێـررا[2]. لـەم بـارەوە مەسـعود بـارزانی لـە چاوپێکەوتنێـکدا، لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا کـە ئایـا گرتنـی بیانییـەکان نەدەبـووە هـۆی ژماردنی شـۆڕشی کـورد لـە چوارچێوەیەکی تیرۆرسـتیدا، لەوەڵامـدا گوتبـووی: "هیـچ کاتێـك گرتنـی بیانییـەکان بـە ڕاسـپاردەی ئێمـە نەبـووە، لـە کاتێـکدا کـە هەندێـك بیـانی میـسری و پاکسـتانی کـە لـە سـاڵی ١٩٧٩ لـە گـەڵ سـەربازی عێراقـی گیرابـوون دواتـر ئازادکران بە دەسـتی ڕژێم کـوژران، تاوانەکەی خسـتە پاڵ ئێمە، سـاڵی ١٩٨٠یـش ٣ ئەندازیـاری نەمسـاوی گیران باوەڕمـان نەبوو ئازادیـان بکەین، نەوەك حکوومـەت بیانکوژێـت، سـەرۆك وەزیـرانی نەمسـا نامەیـەکی بـۆ نووسـیم نوێنەکەرەیـان هاتـە لای ئێمـە و ئازادکـران»[3]. هەروەهـا لـەم کاتـەدا بـە هـۆی خراپـی بارودۆخـی جەنگـی عێـراق لەگـەڵ ئێـران، ڕۆژانە ژمارەیـەکی زۆر لـەو کوردانەی کە خواسـتیان نەبوو بەشـداری جەنگـی عێـراق و ئێـران بکـەن، وێـڕای گوشـارەکانی حکوومـەت، وازیـان لـە ڕیـزەکانی سـوپای عێـراق دەهێنا و پەیوەندییان بـە ڕیزەکانی (پدك)ەوە دەکـرد، بۆ نموونە: شـەوی ١١|١٢ی کانـوونی یەکەمـی ١٩٨١، نزیکـەی ٨٠ کـەس وازیـان لـە ڕیزەکانی سـوپای عێـراق هێنـا و پەیوەندییـان بـە ڕیزەکانی پێشـمەرگەی لقـی٤ی پارتییەوە کـرد[4]. بێگومان ئەمانـە نموونەیەکـن لـە ناو چەنـدان نموونەی تر، کە لە ڕاسـتییەکەی ئەمەشـدا کاریگەری لـە سـەر گەشـەکردنی شـۆڕش و ورەبـەرزی پێشـمەرگە هەبوو.

لەکانـوونی دووەمـی ١٩٨٢هێـزەکانی پێشـمەرگەی لقـی١ لـە ناوچـەی (بـەرواری باڵا)، چالاکییـەکی دژی حکوومـەت ئەنجـام دەدەن، ئـاکام فەرمانـدەی لیـوای باتوفـە و ١٥ سـەربازی تـر کـوژران، ٢٥ی تریـش برینـدار بـوون، هـاوکات ٢پێشـمەرگە بوونـە قوربـانی

---

(١) بـۆ زیاتـر زانیـاری بڕوانـە: دەنگوبـاسی کوردسـتان، ژ: (٤٧)، ١٩٨٢/١/١٠، ل١-٢؛ دەنگوبـاسی کوردسـتان، ژ: (٦١)، ١٩٨٢/٣/١٠، ل١.

(٢) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی عێراق...،ب١، ل١٠٩.

(٣) لە: د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٤٥ وەرگیراوە.

(٤) بۆ زانینی ناوەکان بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(٤٦)، ١٩٨٢/١/٤، ص١١ -١٢.

و ٥ی تریـش بریـنـدار بـوون، دوای ئـەم چالاکییـە هێـزەکانی پێشـمەرگە چالاکییـەکانی خۆیـان بـۆ ناوەنـدی ناحیـەی (باتوفـە) گواسـتەوە، ڕۆژی ٨ی مانـگ، هێرشـیان کـردە سـەر بـارەگای فەوجـی (باتوفـە) و زیانێـکی زۆری گیانییـان بەهێـزەکانی سـوپای عێـراق گەیانـد[١]. هەروەهـا دواتـر هێرشـێکی توونـد دەکەنـە سـەر بـارەگای سـەربازی (گـردی باهیفـکی) لـە نزیـك باتوفـە، ١٥ سـەرباز دەکـوژن، ٤ی تریـش بریـندار دەکـەن، هەروەها لـە کۆتاییـەکانی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٢، پێشـمەرگەکانی لێژنـەی ناوچـەی زاخـۆ بـە نەخشـەیەکی پـلان بـۆ داڕێـژراو لـە یـەك کاتـدا هێـرش دەکەنـە سـەر٣ ڕەبیـەی سـوپای عێـراق لـە دەوروبـەری گونـدی (زریـزەی) سـەر بەهەمـان ناحیـە و، پاشەکشـێ بـە هێـزەکانی سـوپای عێـراق دەکـەن لـە ناوچەکـەدا[٢]. لـە درێـژەی کاروچالاکییـەکانی پارتیـزانی دژ بەحکوومـەت، لـەم کاتـەدا بـە ڕێژەیـەکی فـراوان چالاکییـەکان بـۆ ناوەنـدی شـارەکان دەگوازنـەوە، لـە ناوەڕاسـتی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٢، پێشـمەرگەکانی سـەر بـە لێژنـەی ناوچـەی دهـۆك، دەچنـە ناوەنـدی شـاری دهـۆك چەنـد گورزێـکی کوشـندە لـە شـوێنە هەسـتیارەکانی حکوومـەت دەوەشـێنن، زیانێـکی زۆر بـە دامـودەزگاکانی حکوومـەت دەگەیەنـن[٣]. هەروەهـا لـە هەمـان کاتـدا هێـزەکانی سـەر بـە لێژنـەی ناوچـەی شـێخان دەچنـە ناوەنـدی ناحیـەی (ئەلقـوش)، هێـرش دەکەنـە سـەر بـارەگای ئەمـن و بنکـەی پۆلیـس و ئـاکام ٢٣کـەس لـە هێـزەکانی ئەمـن و پۆلیـس دەکـوژن، لـە شـوباتی١٩٨٢ هێزێـکی هاوبـەشی (جـود) لـە قـەزای (سـەید سـادق) لـە دژە هێرشـێکدا ١٠ سـەربازی سـوپای عێـراق دەکـوژن لەگـەڵ بریندارکـردنی ژمارەیـەکی تـر[٤]. لـە ئەنجامـی پەرەسـەندنی چالاکییـەکان لـە نێوەنـدی شـارەکاندا، حکوومـەت شـوێنە ئامانـج لێکـراوەکانی پێشـمەرگە مینڕێـژ دەکات، هەروەهـا هاتوچۆکـردن لـە شـاری هەولێـر و چەنـد ناوچەیـەکی تـر لەکاتژمێـر ٧ی ئێـوارە تـا بەیـانی قەدەغـە دەکات[٥]، بـە ئامانجـی کۆنترۆڵکـردنی شـارەکان و، ڕێگریکـردن لـە هاتنـی پێشـمەرگە بـو نـاو شـارەکان، بـەڵام

(١) بۆ زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: اخبار كردستان، العدد:(٥٠)، ١٩٨٢/١/٢٤، ص٣ -٤.

(٢) بـۆ زانیـاری لەبـارەی زیانـەکانی سـوپای عێـراق بڕوانـە: اخبـار كردسـتان، العـدد:(٥١)،١٩٨٢/١/٢٧، ص ص٢ -٤.

(٣) بـۆ زانیـاری لەبـارەی زیانـەکانی سـوپای عێـراق بڕوانە: اخبـار كردسـتان، العـدد:(٥٣)، ١٩٨٢/٢/١٠، ص٢.

(٤) اخبار كردستان، العدد:(٥٥)،١٩٨٢/٢/١٨، ص٥.

(٥) اخبار كردستان، العدد:(٥٦)، ١٩٨٢/٢/٢٢، ص ص١ ،٣.

حکوومـەت نەیتوانیبـوو ڕێگـە لـە هێـزەکانی پێشـمەرگە بگرێـت، هێزێـکی پێشـمەرگە لـە ناوەڕاسـتی شـوباتی ١٩٨٢ دەچنـە نـاو شـاری دهـۆك، لـە نزیـك گۆڕسـتانی مەسـیحییەکان لـە تەنیشـت بـازاڕی گشـتی شـارەکە، چالاکییـەکی کاریگـەر لە(هێـزەکانی میلـلی)[1] دەوەشـێنن و ژمارەیـەك لـە هێـزەکانی دەکـوژن و برینـدار دەکـەن، دواتـر هێـرش دەکەنـە سـەر هێـزەکانی سـوپای عێـراق لـە دووڕیانەکـەی (زاخـۆ ـ دهـۆك)، ئـاکام ٢٥سـەرباز دەکوژرێـن، ١٠ی تریـش برینـدار دەکرێـن، هەروەهـا لـە هەمـان کاتـدا لـە ناحیـەی (زاویتـە) هێزێـکی پێشـمەرگەی سـەر بـە لێژنـەی ناوچـەی شـێخان هێـرش دەکەنـە سـەر بـارەگای فەوجـی (زاویتـە)، ئەفسـەرێك و پێنـچ سـەربازی تـر دەکـوژن لەگـەڵ دەسـت بەسـەرداگرتنی ژمارەیـەکی زۆری کەلوپـەل و کەرەسـتەی سـەربازی[2]. حکوومـەت تووندتـر لـە ڕۆژانی پێشـوو هەمـوو شـێوازێکی تووندوتیـژی لـە سـێدارەدان و گوللەبـاران کـردن بەرانبـەر پێشـمەرگە و، خێزانەکانیـان بـە کار دەهێنـا و، بـە دەیـان ئەندامـی (پـدك) و لاوی کـورد ڕۆژانـە لـە ژێـر ئەشـکەنجەدا گیانیـان لـە دەسـت دەدا، بـەڵام لـە نوانـدنی چالاکـی پێشـمەرگەی کـەم نەکـردەوە، لـە ژێـر ڕۆشـنایی خراپـی بارودۆخـی حکوومـەت لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە، سیاسـی و سـەربازی و ئابـووری و بێـزاری خەڵـك بـە گشـتی لێـی، ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ چالاکییـەکانی پێشـمەرگە لـە پەرەسـەندندا بـوو[3]. لـە مانگـی نیسـانی ١٩٨٢ لـە ناوچـەی (گەلاڵـە)، هێـزەکانی سـەر بـە لقـی٢ لـە ڕووبەڕووبوونەوەیـەکی سـەختدا لەگـەڵ سـوپای عێـراق کـە بـە پاڵپشـتی فڕۆکـە بۆردومـانی پێشـمەرگە دەکـرا، هێـزەکانی پێشـمەرگە وێـڕای بـوونی چەنـد قوربانییـەك، ١٥ سـەرباز و ٣جاشـیان کوشـت، جگـە بریندارکـردنی چەنـد کـەسی تـر لـە

(١) هێـزی میلـلی (جیـش الشـعبی)، ئـەو هێـزە لـە٨ی شـوباتی ١٩٧٠ بـە بڕیـاری ژمـارە (٣٥٥)ی ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە عێـراق دامـەزرا، ئـەم هێـزە دامەزراوێـکی حـزبی بەعـس بـوو، زۆرجـار بـە میلیشـیا ناودەبرێـت، لـە توێـژە جیـاوازەکانی گـەلانی عێـراق بـە کوردیشـەوە لـە لایـەن بەعـس بـە زۆرەملـێ و نایاسـایی پێکهێنرابـوو، ئـەم هێـزە لـە ناوەڕاسـتی حەفتـاکانی سـەدەی ڕابـردوو ژمـارەی چەکـدارەکانی گەیشـتبووە نزیکـەی ٥٠ پەنجا هـەزار کـەس، ڕێژەیەکیـش لـەو چەکدارانـە لـە ڕەگـەزی مێینـە بـوون. بڕوانـە: ئـارەزوو یوسـف، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٨٦؛ سروە قـادر، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٤.

(٢) اخبار کردستان، العدد:(٥٧)، ١٩٨٢/٢/٢٨، ص٣ -٤.

(٣) اخبار کردستان، العدد:(٧١)، ٢نیسان ١٩٨٢، ص١ -٢.

هێـزەکانی حکوومـەت، هـاوکات فڕۆکەیـەکی سـەربازی تێکشـکێنرا[1]. هەروەهـا لـە هەمـان کاتـدا هێـزەکانی پێشـمەرگە، لـە چالاکییـەکی پارتیزانیـدا لـە ناحیـەی (بامـەڕنی) ٢٣ی کەسـیان لـە سـوپای عێـراق کوشـت [2]. لـە کۆتایـی ئایـاری ١٩٨٢هێزێـکی سـوپای عێـراق بـە پاڵپشـتی تانـك و ٨ فڕۆکـەی جەنگـی هێـرش دەکاتـە سـەر هێـزە هاوبەشـەکانی(جود) لـە سـەر ڕێگـەی (سـلێمانی ـ هەڵەبجـە)، لـە ئەنجامی ئەو هێرشـەدا ٣ پێشـمەرگە دەبنـە قوربـانی، ١٦ی تریـش برینـدار دەکرێـن، بەپێـی هەواڵـەکانی (پـدك) لـەو هێرشـەدا ٤٠ کـەس لە هێـزەکانی سـوپای عێـراق دەکوژرێـن[3]. ساڵی١٩٨٢ چالاکییە هاوبەشـەکانی (پـدك) لەگـەڵ لایەنـەکانی تـری (جـود) لـە زیادبوونـدا بـوون، هەروەهـا ژمـارەی لایەنگیـرانی لـە بەرزبوونـەوەدا بـوو، خەڵـك بـە بەردەوامـی پشـتگیری لـێ دەکـرد، لـە ئـابی ١٩٨٣ ڕۆژنامـەی (خەبـات) سـەرژمێرییەکی چالاکییـەکانی پێشـمەرگەی خسـتبووە ڕوو، وەك وەڵامێـك بـۆ پەرپەچدانـەوەی سیاسـەتی هوڤانـەی حکوومـەت و، بەرزکردنـەوەی مۆراڵـی خەڵـك و پێشـمەرگە، کـە لـەم سـەرژمێریەدا هاتبـوو لـە٢٢ی مانگـی حوزەیـرانی ١٩٨٢ تـا ٢٣ی حوزەیـرانی١٩٨٣، واتـە لـە مـاوەی سـاڵێکدا، پێشـمەرگەکانی (پـدك)، ٦٠٨ چالاکـی بـە تەنیـا و، ٢٤ی هاوبـەش لـە گـەڵ لایەنـەکانی (جـود) دژی سـوپا و جـاش و دامـودەزگاکانی حکوومـەت ئەنجـام دابـوون، زیانـەکانی حکوومـەت لـەو ماوەیـەدا بریتـی بـوو لـە کـوژرانی ٥٩ ئەفسـەری پلەبـاڵا و ٢٠٦٣ سـەرباز و کەسـانی سـەر بـە حکوومـەت، لەگـەڵ بریندارکـردنی ٩٩٢ کـەس و، بەدیـل گرتنـی (١١٤)کـەسی تـر، هـاوکات ئـەم چالاکییانـەش بـە بـێ قوربانیـدان نەبـوو، پێشـمەرگە ١٠٧ قوربـانی و٧٦ برینـداری هەبـوون[4]. حکوومـەتی عێـراق لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی نـاڕەوای خۆیـدا ڕۆژ بـە ڕۆژ پرۆسـەی بـە عەرەبکـردنی لـە ناوچـە کوردییـەکان پـەرە پـێ دەدا، بـە تایبـەت لـە مـاوەی جەنگـی عێـراق ـ ئێـران، بـە هەلێـکی بـاش بـۆ جێبەجێکـردنی ئـەم پرۆسـەیە زانیبـوو، لـە بەرانبەریشـدا (پـدك) و هێـزە کوردییـەکان

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اخبار كردستان، العدد:(٧٩)، ٥/أيار/١٩٨٢، ص٢.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی زیانـەکانی حکوومـەت بڕوانـە: اخبـار كردسـتان، العـدد:(٨٣)، ٢١/ أيـار/١٩٨٢، ص١ -٢.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر وزانینـی نـاوی پێشـمەرگەکان بڕوانـە: اخبـار كردسـتان، العـدد:(٨٥)، ٢٢/ حوزيـران/١٩٨٢، ص٢ -٣.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: چالاکیی لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٥٤٨)، ٢ی ئـاب ١٩٨٣، ل٣.

هەوڵیان دەدا سنوورێك بۆ ئەم سیاسەتە دابنرێت و، بەرگری لە خاکی کوردستان بکرێت، بۆیە ناچار دەبوون پەنایان بەرهێز دەبرد، لەبەر ئەوە حکوومەت هیچ مافێکی بۆ کورد نەهێشتبوو، لە سەر ئاستی دەرەوەش کەس نەبوو بەرگری لە مافی گەلی کورد بکات، وێڕای ئەوەی چەندان جار (پدك) هۆشداری دابوو بەو عەرەبانەی کە هاتبوونە سەر گوندەکانی کورد، بە تایبەتی لە زاخۆ و سێمێل کە چۆڵیان بکەن، بەڵام ئەو هۆزانە بە هاندانی حکوومەت لە مانەوە بەردەوام بوون، تەنانەت چەکداریش کرابوون و زوڵم و ستەمیان لەخەڵکی ناوچەکە دەکرد[١]. بەرانبەر ئەم مامەڵەیە و مانەوەیان لە شوێنەکە، هێزێکی پێشمەرگە لە٢ی شوباتی ١٩٨٣ هێرشیان کردە سەر کۆمەڵگەی (باستکێ و باتێلی) لە نێوان زاخۆ و سێمێل، کە عەرەبی هاوردەیان لێ بوو، ئاکام شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگە و جاشەکانی هەردوو کۆمەڵگە بە هاوکاری سوپای عێراق ڕوودەدات، ئەنجام ٧جاش کوژران و، ٧ی دیکەیش بریندارکران، هەروەها ١٥سەربازی عێراق کوژران، لەگەڵ بریندارکردنی ژمارەیەکی تر[٢]. حکوومەتی عێراق وەك هەمیشە لە کاتی تەنگانە و پەرەسەندنی چالاکی شۆڕشگێڕی کورد هانای بۆ وڵاتانی کورد بە سەر دابەشکراودا دەبرد، لە بەرانبەریشدا ئەو وڵاتانە ئەوەیان بە دەرفەت زانیوە بە بیانوی پاراستنی ئاسایشی سنوور و وڵاتەکەیان بە گشتی، ساڵی ١٩٨٣ حکوومەتی تورکیا، بەپێی ڕێککەوتنە نهێنیەکەی ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ حکوومەتی عێراق[٣]، بە بیانوی بە دواداچوونی چەکدارانی (پ.ك.ك)، خۆی بۆ هێرشێك ئامادە دەکات بۆ سەر باشووری

(١) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی...، ب١، ل١٢٤.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژ:(١٠١)، ٢٨/شوبات/١٩٨٣، ل٨.

(٣) حکوومەتی عێراق ـ تورکیا ساڵی ١٩٨٢ بە نهێنی ڕێککەوتننامەیەك مۆردەکەن، گرنگترین بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەش بریتی بوون لە: هێزەکانی هەردوولا (عێراق ـ تورکیا) دەتوانن بە مەبەستی چاودێری و ڕاودونانی تیرۆریستان بە قسەی خۆیان واتە (پێشمەرگە و چەکدارانی کورد) بچنە ناو خاکی یەکتر، ئەم ڕێککەوتننامەیە بنەماکانی هاوکاری و هەماهەنگی ئاسایش و سەقامگیری نێوان هەردوولا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم و بیروباوەڕەکانی و چالاکی تێکدەرانە و ڕێگرتن لە هەوڵەکانی ئەو کەسانەی ئەم کارانە دەکەن لەخۆ دەگرت، هەروەها ڕادەستکردنی تاوانباران و هەڵگەڕاوەکان بۆ یەکتر لە کاتی دەستگیرکردنیان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گۆران ئیبراهیم ساڵح، دۆزی کورد لە بازنەی پێوەندییەکانی ئەمریکا و عێراقدا (٦ی ئازاری ١٩٧٥ – ٢ی ئاب ١٩٩٠)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ،٢٠١٣، ل٢٢٤.

کوردستان، کە بە هەموو شێوەیەك لە گیانی سەروەری نیشتمانی و ئەو پرنسیپانەوە دووربوو کە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بڕیاریان لە سەر داوە[١]. لە بەرانبەردا بەرپرسانی (پدك) لە لقی١ ئاگاداری ئەم پیلانە بوون، بۆیە کەوتنە باری ئامادەباشیەوە لەو شوێنانەی کە تورکیا هێزەکەی بۆ سەر باشووری کوردستان ئامادەکردبوو، بە تایبەت هەردوو لێژنەی ناوچەی دهۆك و لێژنەی ناوچەی زاخۆ و بە پاڵپشتی هێزی بارەگای لقی١، کە چالاکترین و کاریگەرترین هێزی (پدك)بوون[٢]. لەو کاتەدا بارەگای لقی١ کەوتبووە گوندی (کوماتە) لە سەر سنووری باشووری کوردستان و باکووری کوردستان، هاوکات بارەگای کەرتی بادینانی (حشع)یشی لێ بوو، وێڕای ئەوەش بە سەدان خێزان و بنەماڵەی پێشمەرگە بە سەر ناوچەکەدا بڵاوبووبوونەوە، هەر بۆیە سەرکردایەتی (پدك) لەو کاتەدا بە بەرژوەندی نەدەزانی کە لە هەموو لایەکەوە لە شەڕێکی دژواردا بوو، بەرەیەکی تری شەڕ لە پشتەوە بکاتەوە، بۆیە بارەگای لقی١ بۆ ناوچەی (زەندورە) لە نزیك ئامێدی، بە ماوەیەکی کەم دواتر بۆ گەلی (زێوە شکان) [٣] گواستنەوە. دوای خۆئامادەکردنی تورکیا بۆ هێرشی سەربازی لە٢٦ی ئایاری ١٩٨٣ بە (٨ ـ ١٠) هەزار سەرباز بە قووڵایی چەند کیلۆمەترێك هێرشی بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی (پدك) هێنا لە بادینان، لەم هێرشەدا هێلیکۆپتەرەکانی تورکیا و عێراق بەشداربوون. لە هەمان کاتدا حکوومەتی عێراق ڕایگەیاند ئەمە بە ئاگاداری و ڕەزامەندی ئەوان بووە و بە شێوەیەك بە ئەندازەی (٥)کم، بۆ ماوەیەکی کاتی هێزەکانی تورکیا دەتوانن بێنە ناو خاکی عێراقەوە، بەڵام دواتر حکوومەتی تورکیا ئەو (٥)کم بە ڕەزامەندی حکوومەتی عێراق بۆ (٣٠)کم زیادی کرد[٤]. لە بەرانبەردا هێزەکانی (پدك) لەگەڵ لایەنەکانی تری (جود) لە٢٨ی ئایاری ١٩٨٣، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا بە توندی ئەو هێرشەیان سەرکۆنەی کرد و، هۆشدارییان

---

(١) میهردادی ئیزەدی، چەردە باسێك لە بارەی کوردانەوە، و: ئەمین شوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ،٢٠٠٧، ل٤٩١.

(٢) د.علی تەتەر، بزاڤی...، ل٢٩٨.

(٣) گەلی زێوەشکان، دەکەوێتە ناوچەی ئامێدی، لە لای ڕۆژهەڵاتەوە دەکەوێتە ناوچەی نەهێلی و لە لای ڕۆژئاواوە دەکەوێتە ناوچەی بەرواری باڵا.بڕوانە: فەهیم عبداللە، گەلیێ زێوەشکان یان بنگەهی خەباتا هەفپشك و کوردایەتیێ؟ ؛ مەتین، گۆڤار، ژ: (٤٠)، گولانی١٩٩٥، ل١٨ - ١٩.

(٤) روبرت أولسن، المصدر السابق، ص٤٨.

بـه تورکیـا دا کـه لـه سـەر ئـەو سیاسـتە نـەڕوات و دەسـتبەجێ هێـزە پەلاماردەرەکانی بکشـێنێتەوە[1]. هێـزەکانی تورکیـا لـە دوو تـەوەرەوە بـە٤ کیلۆمەتـر لـە نـاو خـاکی باشـووری کوردسـتان هاتنـە پێشـەوە، لـەو کاتـەدا مەسـعود بـارزانی فەرمـان بـە پێشـمەرگەکان دەدات کـە بەرەنگاریـان ببنـەوە، لـە هێڵـی (مەرگەهـی) لـە سـنووری زاخـۆ، هێـزەکانی سـوپای تورکیـا بـە چـەکی سـووك و هێلیکۆپتـەر هاتنـە پێـش، لـە بەرانبـەردا هێـزەکانی پێشـمەرگە کـە ژمارەیـان نزیکـەی ٧٠٠ تـا ٨٠٠کـەس بـوو ڕاوەسـتابوون، کـە ویسـتیان زیاتـر بێنـە پێـش پێشـمەرگە ڕێگەیـان لـێ گرتـن، کاتێـك هێـزەکانی تورکیـا زانییـان کـە ئـەم شـەڕە مسـۆگەرە، بەرپرسـانی سـەربازی تورکیـا هـەوڵ دەدەن لەگـەڵ بەرپرسـانی پێشـمەرگە گفتوگـۆ بکـەن، بـەڵام بەرپرسـانی پێشـمەرگە ئەوەیـان ڕەتکـردەوە و داوایـان کـرد سـوپای تورکیـا دەسـتبەجێ پاشەکشـێ بـکات، یـان بـۆ شـەڕ ئامادەبێـت، تەنانـەت (پـدك) وەك پێشـتر بـاس کـرا، نەیدەویسـت شـەڕ ڕووبـدات، لەپشـتەوە بەرەیـەکی تـری جەنـگ دروسـت بێـت، لەلایـەکی تریشـەوە ئـەم شـەڕە هیـچ بەرژەوەندییـەکی کـوردی تێـدا نەبـوو، بۆیـە تەنیـا دەسـتووری بەرگـری بـە پێشـمەرگە دابـوو، لـەو کاتـەدا ئەفسـەرێکی هەواڵگـری بـە نـاوی (محەمـەد سـەعید) کـە کـورد بـوو تەتەرێـکی نـارد بـۆلای پێشـمەرگە و گوتبـووی ئەگـەر شـەڕمان لەگـەڵ دەکـەن بـە زوویـی دەگەڕێینـەوە، پـاش دوو سـێ ڕۆژ بـە بـێ هیـچ دەسـتکەوتێك پاشەکشـێ دەکـەن[2]. لـەم بـارەوە فوئـاد میـرانی کـە لـەو کاتـەدا بەرپـرسی لێژنـەی ناوچـەی زاخـۆ بـوو، لەچاوپێکەوتنێکـدا دەڵێـت: "هێـزەکانی تورکیـا هەوڵـی پێشـڕەوییان دەدا بـۆ ناوچـەکانی بادینـان، بـەڵام کاتێـك ئێمـە لـە ڕێگـەی نـاردنی ئەندامێـکی لێژنـەی ناوچەکـە بـە نـاوی (زێڕەڤـان کوڤـلی) بـۆلای ئـەوان، هۆشـداریمان پـێ دان کـە ناوچەکە چـۆڵ بکـەن، بـە پێچەوانـەوە بـە توونـدی وەڵامیـان دەدەنـەوە، پاشـان بـە ماوەیـەکی کـەم دوای ئەمـە بەبـێ شـەڕ ناوچەکـە چـۆڵ دەکـەن»[3]. لـە تەوەرەکـەی دیکـە لـە (کوماتـە) بـەرەو لقـی١ هاتـن، بـەڵام کاتێـك لەشـکری تـورك لـە خابـوور پەڕینـەوە و هاتنـە نـاو خـاکی باشـووری کوردسـتان لـە گونـدی (کوفێـکی) نێـوان قـەزای ئامێـدی و زاخـۆ تـووشی بەرگـری پێشـمەرگەی (پـدك) و (حشـع)دەبن، بـە توونـدی لێیـان درا،

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ناوەرۆکی بەیاننامەکە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(١٠).

(٢) د.عەلی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٠٠.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد میرانی، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥.

ئەنجام بەبێ گەیشتن بە هیچ ئامانجێك هێزەكانی توركیا لەوێش پاشەكشێیان كرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توركیا لە ڕاگەیاندنەكانی خۆیدا ئەم هێرشەی زۆر گەورە و كاریگەر و سەركەوتوو پیشان دابوو كە گوایە زیانی گیانی زۆری بە هێزەكانی پێشمەرگە گەیاندووە[١]. لە بەرانبەردا لقی١ لە ڕوونكردنەوەیەدا كە ڕۆژی٣ی حوزەیران بڵاوی كردبووەوە، هەواڵەكە بە دوور دەردەخات كە توركیا لە هەواڵەكاندا بڵاوی كردبووەوە كە گوایە زیانی هێزەكانی شۆڕشگێڕان بە سەدان كەس و هەزاران بە دیلگیراو لە قەڵەم دابوو، لە ڕوونكردنەوەكەی (پدك)دا ڕەتدەكاتەوە كە هیچ پێشمەرگە بەدیل گیرابێ، ئەوەی ڕاست بێت تەنیا ئەوەیە كە تەرمی پێشمەرگەیەك بە دەست هێزە پەلاماردەرەكانی توركیا كەوتبوو، كە لە شەڕێكی نابەرانبەردا لەسەر سنوور شەهید بووبوو[٢]. مەسعود بارزانی لە بارەی خۆڕاگری و سەركەوتنیان لە بەرگریدا، لە ٥ی حوزەیران نامەیەكی پیرۆزبایی ئاراستەی لقی١ دەكات، لە نامەكەدا هاتبوو: " فاشستەكانی ئەنقەرە مەبەستیان جێبەجێكردنی ئەو ئاواتە چەپەڵە بوو، كە فاشستەكانی بەغدا نەیانتوانی بەدی بهێنن»[٣]. هەروەها هەر بەم بۆنەیەوە لقی١ سوپاسنامەیەكی ئاراستەی جەماوەری خۆڕاگری ناوچەكە كرد لە بارەی دەربڕینی ئامادەیی خۆیان بۆ هەر بەرەنگاربوونەوەیەك[٤]. لە سەروبەندی پاشەكشێی هێزەكانی توركیا، سوپای عێراق بۆ دەرخستنی توانا سەربازییەكانی خۆی، بە هێزێكی گەورەوە كە لە چوار سریەی مەغاویری فەیلەقی یەك پێكهاتبوون، هێرشیان كردە سەر هەردوو گوندی (بانەسوور و زێوكاعەبو) لە ناحیەی مانگێشك، بە تۆمەتی پەیوەندی و هاوكاریكردنی (پدك) و بە شێوەیەكی هوڤانە كەوتبووە گیانی خەڵك، بەرانبەر بەوە هێزێكی پێشمەرگە بە هاوكاری خەڵكی ناوچەكە بە توندی بەرپەرچی ئەو هێزە دەداتەوە، هێزەكانی سوپای عێراق لە ناو گوندەكاندا ئابلوقە دەدات، دواتر هێزێكی تری سوپای عێراق بە مەبەستی شكاندنی ئابلوقەكە و وەدەرنانی هێزەكانی پێشمەرگە، بە

(١) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٠١.

(٢) پ.د.ك، لقی یەك»ڕوونكردنەوەیەك لەلقی یەكی پارتیمانەوە لە پارێزگەكانی دهۆك، نەینەوا»، لە١٩٨٣/٦/٣.

(٣) نامەی مسعود بارزانی بۆ/ لقی یەكی پارتی دیموكراتی كوردستان لە١٩٨٣/٦/٥.

(٤) بۆ زانیاری زیاتری ناوەڕۆكی سوپاسنامەكە بڕوانە: پ.د.ك، لقی یەك»سوپاسنامە بۆ جەماوەری بادینان»، لە١٩٨٣/٦/٦.

پاڵپشـتی چـوار هێلیکۆپتـەری سـەربازی هێـرش دەکەنـە سـەر هێـزەکانی پێشـمەرگە، بـەڵام لـەم تاقیکردنەوەیـەدا نەیانتـوانی سـەربکەون، هێـزەکانی پێشـمەرگە توانییـان بـە دەیـان کەسـیان لـێ بکـوژن و بەدیـل بگـرن[1]. بەرانبـەر ئـەم سـەرکەوتنە مەسـعود بـارزانی نامەیـەکی پیرۆزبایـی سـەرکەوتن بـۆ هێـزەکانی پێشـمەرگەی لقـی١ و خەڵـکی ناوچەکە دەنێرێت و، پاڵپشتی خەڵکی ناوچەکە بەرز دەنرخێنێت[2].

هێـزەکانی پێشـمەرگە بـۆ سـەلماندنی دەسـەڵاتی خۆیـان بەرانبـەر بـە حکوومـەت، لـە کۆتایـی تشـرینی دووەمـی ١٩٨٣ لـە ناوچەرگـەی شـاری دهـۆك چەنـد چالاکییـەکی لەشـکری ئەنجـام دەدەن، هـاوکات ٣پسـپۆری فەرەنـسی بـە نـاوی (جیـن کریسـتۆفۆ، رۆبـەرت لۆرتـن، ئیفزمـووی) دەستبەسـەر دەکرێـن[3]. ئـەم هەواڵـە لـە ئەوروپـا، بەتایبـەت لـە فرەنسـا بـە خێـرا دەنـگ دەداتـەوە، بـە تایبـەت لـە کاتێکـدا کـە (پـدك) لـە ڕاگەیاندنێـکی ڕۆژنامەوانیـدا ئـەم هەواڵـە بڵاودەکاتـەوە، تێیـدا ئامادەیـی خـۆی لـە بـارەی ئازادکردنیـان دەردەبڕێـت بەرانبـەر بـەوە حکوومـەت ٥٧ ئەندامـی (پـدك) ئـازاد بـکات، کـە پێشـتر دەسـتگیرکرا بـوون، هەروەهـا ٨٠٠٠ هەشـت هـەزار بارزانییـە دوورخـراوەکان بگێڕێنێتـەوە کـە لـە تەممـووزی ١٩٨٣ لـە پارێـزگای هەولێـر بـۆ باشـووری عێراقـی گواسـتبوونەوە[4]، بـەڵام حکوومـەت ئامادەنەبـوو مەرجـەکان جێبەجـێ بـکات، بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـەرکردایەتی (پـدك) داوا لـە حکوومـەتی فەرەنسـا دەکات لـە ڕوانگـەی ئـەو پەیوەندییـە تونـدەی لەگـەڵ حکوومـەتی عێراقـدا هەیـەتی توانـاکان وەگەڕبخـات بـۆ جێبەجێکـردنی مەرجەکانیـان[5]. لـەم بـارەوە ئیدریـس بـارزانی لـە وەڵامێـکی ڕۆژنامەنـووسی فەرەنـسی (کریـس کوچێـرا) لەبـارەی ئازادکـردنی ئـەم پسـپۆرانە گوتبـووی: "حکوومـەتی فەرەنسـا یەکێکـە لـەو حکوومەتانـەی کـە پشـتیوانی حکوومـەتی عێـراق دەکات، کاریگـەری لـە سـەر عێـراق هەیـە، دەتوانێـت ئـەم کاریگەرییـە لـە بەرژەوەنـدی ئێمـەی کـورد بەکاربهێنێـت، ئـەو کوردانـە مەبەسـت

(١) بۆ زانینی ناوەکان بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(١٠٤)، ١٥/حوزەیران/١٩٨٣، ص١٣-١٤.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی نـاوەڕۆکی نامەکـە بڕوانـە: الرفیـق المناضـل مسـعود بارزانـی یوجـه رسـالة شـکر إلی الرفـاق فـی الفـرع الأول، اخبـار کردسـتان، العـدد:(١٠٥)، ٤تمـوز ١٩٨٣، ص١ -٢.

(٣) بۆ زیاتر بڕوانە: دەنگوباسی کوردستان، ژ:(١١٠)، ١٩٨١/١٢/٣١.

(٤) بـۆ زیاتـر زانیـاری دەربـارەی ئەنفـال کـردنی بارزانییـەکان بڕوانـە: د.عـلی تەتـەر، سیاسـەتی حکوومـەتی...،ب١، ل١٣٥بـەدواوە.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٥٤٩)، کانونی دووەمی ١٩٨٤، ل٥.

(بارزانییەکان- لێکۆڵەر) بێ تاوانن، ئەمانەوێت حکوومەتی فەرەنسا گوشار بخاتە سەر حکوومەتی عێراق بۆ ئازادکردنیان»[1]. بەڵام ئاکام حکوومەتی فەرەنسا بە پیری داواکاری (پدك)ـەوە نەهات، هەر بۆیە پسپۆڕەکان زوو ئازاد نەکران، بەڵام دواتر بە هۆی داواکاری پاپا و برونۆ کرایسکی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی نەمسا ئازادکران[2]. ئەمەش بووە سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لە گەڵ پاپا یوحنا پۆلسی دووەم پاپای فاتیکان و حکوومەتی نەمسا و، گەشەکردنی پەیوەندییەکان لە قۆناغەکانی دواتر[3].

لەو کاتەدا هیچ شوێنێکی باشووری کوردستان و ناوچەکانی بادینان بە تایبەت، بۆ سەرباز و لایەنگرانی حکوومەت هێمن نەبوو، بەڵکو بزاڤێکی بەرچاو دژ بە بەرژەوەندییەکانی حکوومەت لە ئارادابوو، بە پێچەوانەوە ناوچەکانی سنووری سۆران کە زیاتر (ینك) بە سەریدا زاڵ بوو، ڕێگەی نەدەدا هیچ هێزێکی دیکەی کوردی لەو ناوچەیە چالاکی دژ بە حکوومەت ئەنجام بدات، لەگەڵ (پدك) و لایەنەکانی تری (جود) لە ململانێ و شەڕی ناوخۆییدا بوون، کە ئەمە لە کاتێکدا بوو (ینك) لەگەڵ حکوومەت لە گفتوگۆدا بوو، حکوومەتیش وەك بینەر سەیری ڕووداوەکانی دەکرد، ئاگری شەڕی ناوخۆی خۆش دەکرد[4]. لەم کاتەدا لایەنەکانی (جود) و بە تایبەتی (پدك) پاش ئاشکرابوونی گفتوگۆکانی (ینك) لەگەڵ حکوومەت، چالاکییەکانی زۆرتر کردبوو، چ وەك ئامانجێکی سەرەکی و ڕاستەقینەی شۆڕش، چ وەك سەلماندنی ئەوەی کە گفتوگۆی تاك لایەنی ناتوانێت گۆڕەپانی کوردستان ئارام بکات[5]، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو پڕوپاگەندانەی (ینك) بتاوێنێتەوە کە بە هۆی سەرکەوتنەکانی بە سەر لایەنەکانی (جود)دا لە هاوینی ١٩٨٣ لە(پشت ئاشان)، وەك هێزی یەکەم و کاریگەر خۆی دەردەخست، گوایە دەتوانێت شوێنی (پدك) بگرێتەوە، ئەم سەرکەوتنەی وەك بەڵگەیەك خستبووە بەردەم حکوومەت

(١) کریس کۆچێرا، مسيرة الكرد الطويلة، ت: ديانا حبيب حرب، ئاراس، هەولێر ، ٢٠١٤، ص٦٥٠.

(٢) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٣٥.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەنگوباسی کوردستان، ژ:(١١٢)، شوبات ١٩٨٤، ل٣؛ دەنگوباسی کوردستان، ژ:(١١٩)، ناوەڕاستی ئابی ١٩٨٤، ل ل ١ ،٥؛ د.ڕزگار، نوێنەری پاپای و خاچا سوور بۆ وەرگرتنا دیلان، پێشمەرگە، گۆڤار، ژ:(٥)، گولان/١٩٩٧، ل٢٨.

(٤) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوزای...، ل٣٤١.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٣٤١.

کـە دەتوانێـت بـە هێـز خـۆی زاڵ بـکات، کـە ئەگـەر ڕێککەوتـن کـرا گەرەنتـی بـە حکوومـەت بـدات، بەجۆرێـك دەتوانێـت دەسـەڵاتی خـۆی بـە سـەر گشـت ناوچـەکانی کوردسـتاندا بسـەپێنێت[١]. بـە پێـی ئامارێـکی لەشـکری (پـدك) لـە مـاوەی مانگـی حوزەیـران تـا کۆتایـی کانـوونی دووەمـی١٩٨٣ هێـزەکانی پێشـمەرگەی(پدك) بەتەنیـا ٢٢١ چالاکـی و بـە هاوبـەشی ١١ چالاکییـان دژ بـە سـوپا و دامـودەزگاکانی حکوومـەت ئەنجـام داوە، هەروەهـا ٢١٦ چالاکـی تـری جەمـاوەری لـە ناوەنـدی شـارەکان ئەنجـام دراون، زیانـەکانی حکوومەتیـش بریتـی بوونـە لـە ٦٨٣ کـوژراو، ٤٤٥ بریـندار لەگـەڵ بەدیـل گرتنـی ٦٥ کـەس، پێشـمەرگەیش ١١٩قوربـانی و٥٣ بریندارهەبـوون[٢]. هەروەهـا لـەم کاتـە بـە دواوە سـەربازانی عێـراق وێـڕای ئـەوەی گوشـار و چاودێرییـەکی زۆریـان لـە سـەر بـوو، ڕۆژانـە پەیوەندییـان بـە هێـزەکانی (پـدك)ەوە دەکـرد، بـۆ نموونـە: لـە نیسـانی ١٩٨٤ ژمارەیـەکی زۆر لـە سـەربازانی عێـراق ڕوو لـە ناوچـە ئازادکـراوەکان دەکـەن و لـە ڕیـزەکانی (پـدك) خۆیـان تەیـار دەکـەن[٣]. هـاوکات بـە هـۆی ناڕەزایـی بەرانبـەر مانــەوەی (ینــك) لەگــەل حکوومــەت، ژمارەیــەك لــە پێشــمەرگەکانی ئــەو حزبــەش پەیوەندییـان بـە ڕیـزەکانی (پـدك)ەوە کردبـوو لـە سـنووری سـلێمانی[٤]، لـەم بـارەوە دیفیـد ماکـداول دەنووسـێت: "بـە هـۆی دانوسـتان لـە گـەڵ حکوومـەت و، ڕاگرتنـی شـەڕ لـە گەڵـی، یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لایەنگـرانی خـۆی لـە دەسـت دا، نزیکـەی ٣٠٠٠ سـێ هـەزار لـە پێشـمەرگەکانی وازیـان لـێ هێنـاو چوونـە نـاو ڕیـزەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان»[٥]. لـەو ماوەیـەدا حکوومـەت هەوڵێـکی زۆری دابـوو سـوود لـە دەرفـەتی گفتوگـۆ لە(ینـك) وەربگرێـت و بـە هەمـوو توانایەکـەوە هێـرش بکاتـە سـەر

(١) د.کاظـم حبیـب، لمحـات مـن نضـال حرکـة التحـرر الوطنـی للشـعب الکـردی فـی کردسـتان العــراق، ئــاراس، أربیــل ،٢٠٠٥، ص٣٩٧.

(٢) بـۆ زیاتـر لـەم بـارەوە بڕوانـە: چالاکیـی لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٤٩)، کانـوونی دووەمـی ١٩٨٤، ل٣.

(٣) بــۆ زانینــی نــاوەکان بڕوانــە: دەنگوبــاسی کوردســتان، ژ: (١١٤)، ١٩٨٤/٤/٢،ل٣؛ دەنگوبــاسی کوردســتان، ژ:(١١٥)، ١٩٨٤/٤/٣٠، ل٣.

(٤) بـۆ زانینـی نـاوەکان بڕوانـە: التحـاق مجموعـة مـن مسـلحی جـلال طالبانـی، اخبـار کردسـتان، العـدد:(١١٢)، أواخـر شـباط ١٩٨٤، ص٢.

(٥) دیفید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد...، ل٥٧٤.

ئەو ناوچانەی کە دەسەڵاتی (پدك)یان بە سەردا زاڵە[1]، لەو ڕوانگەی ئەوەی کە لە هەولێر و سلێمانی گوشاری لە سەر نەماوە بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە (ینك) باڵادەست بوو، حکوومەت بەشی هەرە زۆری جاشەکانی سلێمانی و هەولێر، لەوانەش فەوجەکانی (ئەنوەر بەگی بێتواتە و محەمەد خزووری سلێفانەیی) کۆکردەوە[2]، شەوی ١٥ لە سەر ١٦ی ئایاری ١٩٨٤ کە ژمارەیان نزیکەی ١٠٠٠ هەزار کەس دەبوو، لە دوو لاوە هێرش دەکەنە سەر ناوچەکانی (بێتاس و ئەرمشت ) وچەند ناوچەیەکی تری دەوروبەری زاخۆ، کە لەژێر دەسەڵاتی (پدك)دا بوون، بەڵام لەم هێرشەدا پێشمەرگەکان بە پاڵپشتی بەرگری میللی ڕووبەڕوویان دەبنەوە و وەڵامی هێرشەکە دەدەنەوە و دووچاری شکستێکی گەورەیان دەکەن، بەیانی ١٦ی مانگ جارێکی تر بەختی خۆیان تاقی دەکەنەوە و بەپاڵپشتی چەند هێلیکۆپتەرێکی جەنگی هێرش دەکەنەوە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام وەك پێشوو ناچار دەبن و دەگەڕێنەوە مۆڵگەکانیان و ناتوانن سەربکەون[3]، هەروەها جارێکی تر شەوی ١٩ لەسەر٢٠ی ئایار ١٩٨٤، هێزێکی زۆر لە جاشەکانی (ئەنوەر بەگی بێتواتە و شێخ سابیر سورچی و محەمەد کەلحێ ڕێکانی و جەوهەر هەرکی) لە گەڵ دوو سریەی سەربازی هێزی تایبەت، کە ژمارەیان نزیکەی ٣٠٠٠ سێ هەزار کەس دەبوو بە پاڵپشتی ٧ فڕۆکەی جۆری مێگ و ٧ هێلیکۆپتەری سەربازی و چەند تانك و زرێپۆش هێرش دەکەنە سەر ناوچەکانی (فایدە) و گوندەکانی دەوروبەری لە پارێزگای دهۆك، هێزەکانی پێشمەرگەی لێژنەی ناوچەی دهۆك لەگەڵ پێشمەرگەکانی لێژنەی ناوچەی شێخان بە هاوکاری ژمارەیەکی زۆری بەرگری میللی بە توندی ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بەپێی هەواڵەکانی (پدك) لەو هێرشەدا زیاتر لە ٦٠ کەس لە جاش و سەرباز کوژران و بریندارکران، پێنج پێشمەرگەش لە لایەن سوپای عێراقەوە بەدیل گیران[4].

(١) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی بڕیارەکان بڕوانە: د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی عێراق...،ب١، ل٢١٠.

(٢) هەمان سەرچاوە،ل٢١١.

(٣) بۆ زانینی زیانی جاشەکان بڕوانە: پووچەڵکردنی گشت هێرشەکانی جاشەکانی دوژمن، دەنگوباسی کوردستان، ژ: (١١٧)، ١٥ی حوزەیرانی ١٩٨٤، ل ل١-٣.

(٤) پێشمەرگە بە دیلگیراوەکان بریتی بوون لە:(سدیق مستەفا ئیسماعیل و سوبحی سەفەر سەعدون و سەفەر محەمەد سدیق و شاکر شەریف و بەهجەت عەبدولقادر). بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٧.

حکوومـەتی عێـراق بـۆ تۆڵەسـەندنەوە لـە بەرانبـەر ئـەم شکسـتانە، لـە سـەر ڕاسـپاردەی عیــزەت دووری (جێگــری ســەرۆکی ئەنجوومــەنی ســەرکردایەتی شــۆڕش-لێکۆڵەر) لــە کۆبوونەوەیەکـدا لەگـەڵ سـەرۆك جاشـەکان بڕیـاری دا ئازووقـە لـە ناوچە ئازادکـراوەکان ببڕێـت، ئـەوە بـوو لێژنـەی ئەمنـی پارێـزگای دهـۆك لـە١٨ی حوزیـرانی ١٩٨٤ بڕیـاری بڕینـی ئازووقـەی لـە هەمـوو ئـەو ناوچانـە دەرکـرد کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکوومـەت نەمابـوون[١]. سـوپای عێـراق جارێـکی تـر لـە٢٨ی ئـابی ١٩٨٤ بـە پاڵپشـتی جاشـەکانی (هـەرکی و زێبـاری و گـۆران...تـاد)، بـە هـاوکاری ٨ فڕۆکـەی جەنگـی و هێـزی زرێپـۆش هێـرش دەکەنـە سـەر گونـدەکانی (زێـوکا عەبـو و بابوفـکی و نامشـکی و ئورمانـا) و چەنـد گونـدی تـری دەوروبـەری ناحیـەی مانگێشـك، هێـزەکانی (پـدك) وەك هێزێـکی سـەرەکی لـە (حشـع) و (حسـك) بەهـاوکاری خەڵـکی ناوچەکـە، بەرپەرچـی سـوپای عێـراق و جاشــەکان دەدەنــەوە و، دووچــاری شکســتێکی گەورەیــان دەکــەن و، ٤٥ کــوژراو لــە مەیـدانی جەنـگ دەکەونـە دەسـتی پێشـمەرگە، بـەڵام ئـەم هێرشـە بـە بـێ زیـان نەبـوو، چـوار پێشـمەرگەی (حشـع) دەبنـە قوربـانی، لەگـەڵ برینداربـوونی پێنـج پێشـمەرگەی دیکـەی (حشـع) و یـەك پێشـمەرگەی (حسـك)، هەروەهـا جارێـکی دیکـە بەیـانی ٣١ی ئـاب، هێـرش دەکەنـە سـەرهەمان ناوچـە و ئەنجـام ٨١ کـەسی دیکـە لـە حکوومـەت بـە دەسـتی هێـزەکانی پێشـمەرگە دەکوژرێـن و ٤ی دیکەیـش برینـدار دەکرێـن[٢]. بـە مەبەسـتی تۆڵەکردنـەوە بەرانبـەر بـە زیانـەکان، سـوپای عێراق لـە٢ی ئەیلـوولی ١٩٨٤ بە هێزێـکی گـەورەی پـڕ چـەك و بـە بەشـداری ژمارەیـەکی زۆری جاشـەکان و بـە پاڵپشـتی هێـزی ئاسـمانی، هێرشـیان کـردە سـەر بـارەگای لێژنـەی ناوچـەی دهـۆك لـە گونـدی (گێڵناسـکی) و لـە ئەنجامـی شـەڕێکی سـەخت لەگـەڵ هێـزی پێشـمەرگەی لقـی١، ١٠٢ کـەس لـە جـاش و سـەرباز کـوژران و، ١٧٥ کـەس برینـدار کـران[٣]. ئـەم چالاکییـە جیـاواز بـوو لـە چـاو چالاکییـەکانی پێشـوو، هـەروەك نەجمەدیـن یووسـفی دەڵێـت: " ئەمـە یەکەمیـن چالاکـی بەرەیـی بـوو لەمێـژووی شـۆڕشی ٢٦ی گـوڵان لەگـەڵ هێـزەکانی

---

(١) د.علی نێروەیی، سیاسەتی حکوومەت...، ل٢٠٣.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: كفاح الجبهه، الجريدة، العدد:(٣)، ايلول ١٩٨٤، ص ص١ ،٧.

(٣) بــۆ زانینــی نــاوەکان بڕوانــە: اخبــار كردســتان، العــدد:(١٢١)، ١٠/أيلــول/١٩٨٤، ص ص٥، ٧؛ چاوپێکەوتــن لەگــەڵ حبیــب محمــد ورمــلی، دهــۆك، ٢٠١٥/١٢/٩. ناوبــراو لەوکاتــەدا بەرپــرسی لێژنــەی ناوچــەی دهــۆك بــوو.

حکوومـەت»[١]. هەروەهـا شـەوی ٢٧ – ٢٨ی ئەیلـوولی ١٩٨٤ هێزێـکی گـەورەی جاشـەکان کـە پێکهاتبـوون لـە جاشـەکانی: (محەمـەد خـزووی و سـالح بێسـفکی و سـابیر سـورچی و فـارس مسـتەفا عـەلی مـزۆری و کازم عومەرخـان و سـمۆ ڕێـکانی و نـووری سـواری) بـە سەرپەرشـتی فەرماندەیـی فیرقـەی کۆمانـدۆی مووسـڵ و بـە بەشـداری چەنـد گـەورە بەرپرسـێکی سـەربازی و، بـە بەکارهێنـانی هێـزی ئاسـمانی بـۆ جـاری دووەم هێـرش دەکەنـە سـەر گونـدی (بێتـاس و ئەرمشـت و بافیـا) لـە دەوروبـەری زاخـۆ، ئەنجـام شـەڕێکی سـەخت لەگـەڵ هێـزی پێشـمەرگە و خەڵـکی ناوچەکـە ڕوودەدات،، ئەنجـام تەنیـا لـەوەدا سـەرکەوتوو دەبـن کـە زۆر بـێ شـەرمانە پیرەژنێـکی تەمـەن ٧٠ سـاڵ بـە نـاوی (جەواهیـر) لـە خانووەکـەی خۆیـدا دەسـووتێنن[٢].

لـەم قۆناغـەدا دەبینیـن حکوومـەت زیاتـر پشـتی بـە جاشـەکان بەسـتبوو، جگـە لـەوەی کـە بـەشی زۆری سـوپاکەی خەریـکی جەنـگ بـوو لەگـەڵ ئێـران، حکوومـەت نیازێـکی خراپـی لـە پشـت ئـەم سیاسـەتەوە هەبـوو، کـە هەوڵـی دەدا کـورد بـە دەسـتی کـورد بکوژرێـت، کـە لـە هـەر دوو لاوە حکوومـەت سـوودمەند بـوو، ئەمە لە لایـەك، لە لایـەکی دیکـەوە دەبـووە مایـەی دروسـتبوونی کێشـەی کۆمەڵایـەتی نێـوان عەشـیرەتەکانی کـورد.

لـە ئەنجامـی سـەرنەکەوتنی تاقیکردنـەوەکانی حکوومـەتی عێـراق، بـۆ سـەرقاڵکردنی هێـزەکانی پێشـمەرگەی (پـدك) لـە پشـتەوە بـە ئـاگاداری حکوومـەتی عێـراق، سـوپای تورکیـا جارێـکی دیکـە لـە ئایـاری١٩٨٤، لـە چوارچێـوەی ڕێککەوتنامەکـەی پێشـتر کـە بـاس کـرا، بـە بیانـوی لێـدانی هێـزە چەکـدارەکانی (پ.ك.ك)[٣]، هێـرش دەکاتـە سـەر ناوچـە ئازادکـراوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی (پـدك) لـە سـنووری لقـی١، بـەڵام بـە

---

(١) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ نەجمەدیـن یوسـفی، دهـۆك، ٢٠١٥/١٢/١٣ .ناوبـراو لەوکاتـەدا بەرپـرسی لقی١،سەرپەرشـتیاری هێـزی پێشـمەرگە بـوو.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: دەنگوبـاسی کوردسـتان، ژ: (١٢١)، ١٠ی ئەیلـوولی ١٩٨٤، ل ل٦ -٨؛ دەنگـی پێشـمەرگە، گۆڤـار، ژ: (١٢٩)، کانـوونی یەکـەم ٢٠٠٨، ل٣٤.

(٣) یەکەمیـن جووڵانـەوەی چەکـداری پـارتی کرێـکارانی کوردسـتان (پ.ك.ك) لـە ژێـر نـاوی (تەقـە بکـە و ڕاکـە)، لـە ١٥ی ئـابی ١٩٨٤ دژ بـە سـوپای تورکیـا ئەنجـام دا لـە شـەرناخ و ئـاروخ و شـیروان لـە ویلایـەتی سـەعرەد و شـارۆچکەی شـەمدینان لـە ویلایـەتی هـەکاری ...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ئیبراهیـم داقوقـی، کـوردی تورکیـا، و: هیمـەت عەزیـز کاکەیـی، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر ، ٢٠١٢، ل٢٥٨ -٢٥٩.

سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکەی پێشوو، لە ژێر گوشاری پێشمەرگەدا، بە بێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەشکری، سوپای تورکیا بە ناچاری پاشەکشێ دەکات [1]. حکوومەتی عێراق بە هەموو شێوەیەك نەیتوانی لە ڕادەی چالاکییەکانی پێشمەرگە کەم بکاتەوە، بەپێی ڕۆژنامەی (خەبات) لە مانگی ئایاری ١٩٨٤ تا سەرەتای تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ واتە لە ماوەی پێنج مانگدا، ٢٨١چالاکی جۆراوجۆریان دژ بە حکوومەت ئەنجام داون. لە نێو ئەم چالاکییانەدا نزیکەی ٦٧٣ سەرباز و جاش و پیاوانی حکوومەت کوژران و ٦٤٩ی تریش بریندارکران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند پێشمەرگەیەك بوونە قوربانی[2].

لەم کاتەدا لە ژێر کاریگەری پەرەسەندنەکانی شۆڕش لە باشووری کوردستان و، دروستبوونی شەڕی چەکداری (پ.ك.ك) لە باکووری کوردستان دژ بە تورکیا، وەزیری دەرەوەی تورکیا لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی سەربازی سەردانی عێراق دەکات بۆ گفتوگۆکردن لە سەر بارودۆخەکە[3]. لە درێژەی گفتوگۆکاندا، حکوومەتی عێراق و تورکیا لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤ ڕێککەوتنی پێشوو نوێ دەکەنەوە، بە مەبەستی هاوکاری و هەماهەنگی یەکتر بۆ پاراستنی ئاسایشی هەردوو وڵات[4]. بە واتا گشتییەکەی واتە لەناوبردنی بزاڤی گەلی کورد. هاوکات مەکتەبی سیاسی (پدك)یش بۆ ئامادەباشی بۆ هەر هێرش و دەستدرێژییەکی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان ڕۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤، لە بانگەوازێکدا داوا لە هێزەکانی (جود) و سەرجەم بارەگا و لق و ناوچە و جەماوەری سنووری لقی١ دەکات کە لەوپەڕی هۆشیاری و ئامادەباشیدا بن بەرانبەر هەر دەستدرێژییەکی تورکیا [5]. ڕۆژی ١٩ -٢٠ی مانگ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا سنووری باشووری کوردستانیان بەزاند و، چەند ناوچەیەکیان بۆردومان کرد، لەوانە ناوچە سنوورییەکانی بادینان،

---

(١) گۆران ئیبراهیم ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد میرانی، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٥٢)، ١٩٨٤/١١/٢١، ل٣.

(٣) ئەلیزا مارکوس، مێژووی پەکەکە، و: ماجد خەلیل، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ،٢٠١٤، ل١٩٥.

(٤) گۆران ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ناوەرۆکی بانگەوازەکە بڕوانە: م.س – پ.د.ك، بانگەواز» پارتیمان وەك کێوێکی ئاگرین بەرامبەر هێرشی ڕژێمی فاشی تورکیا ڕادەوەستێ»، لە ١٩٨٤/١٠/١٧.

هەروەهـا (مێرگەسـۆر و برادۆسـت)، چەنـد ناوچەیـەکی تـری سـنووری هەولێـر[1]. بـەڵام ئـەم جـارەش لـە ژێـر کاردانـەوەی (پـدك) و، هێـزەکانی بـەرەی (جـود) بـە پاڵپشـتی جەمـاوەری ناوچەکـە بەبـێ هیـچ دەسـتکەوتێك پاشەکشـێ دەکـەن[2]. بەرانبـەر ئـەم پیلانـەی حکوومـەت پێشـمەرگەکانی لقـی١ بـۆ سـەلماندنی ئازایـەتی خۆیـان لـە یـەك کاتـدا هێرشـیان کـردە سـەر چەنـد بنکـە و بارەگایـەکی گرنگـی حکوومـەت و جـاش لـە ناوچـەکانی (بامـەڕنی و ئاکـرێ)، هەروەهـا ناوچـەی (نەهلـە) لـە سـنووری عەشـیرەتی زێبـار [3]، بـە پاڵپشـتی خەڵـکی ناوچەکـە بـە دەیـان سـەرباز و جـاش کـوژران و بریندارکـران، چەنـد ناوچەیـەکی گرنـگ و ستراتیژیشـیان لـە هێـزەکانی سـوپای عێـراق پـاك کـردەوە[4]، ڕۆژانی دواتریـش هێرشـێکی توونـد دەکەنـە سـەر ٤ سـەنگەری سـوپای عێـراق لـە (سـەرێ ئامێـدی)، ئەنجـام دەسـتی بـە سـەردا دەگـرن[5]، لـە کاتی دەسـت بەسـەردا گرتنـی ئـەم سـەنگەرانەیش چەنـد کەلوپەلێـکی سـەربازی دەکەوێتـە دەسـت پێشـمەرگە، کـە ١٦ دەمامـکی دژی غـازی ژەهراوییـان تێـدا بـوو، مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) لـەو بـارەوە لـە بانگەوازێکـدا هـەر یەکـە لـە (پێرێـز دی کویـلار) سـکرتێری گشـتی ئەوسـای نەتـەوە یەکگرتـووەکان و، خاچـی سـووری نێودەوڵـەتی، ئـاگادار دەکاتـەوە لـەوەی کـە حکوومـەتی عێـراق بـە نیـازی بەکارهێنـانی غـازی ژەهـراوی دژ بـە هێـزە شـەڕکەرەکانی ناوچەکـە، مەبەسـت زیاتـر (پـدك)و گـەلی کـورد بـووە [6]. لـە ناوەڕاسـتی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٥ هێزێـکی هاوبـەشی لێژنـەی ناوچـەی زاخـۆ لەگـەڵ مەفرەزەیـەکی (حشـع)، هێـرش دەکەنـە سـەر بـارەگای فیرقـەی زاخـۆ، لـەو هێرشـەدا ١٢ سـەرباز کـوژران کـە ژمارەیەکیـان ئەفسـەری پلـە بـەرز بـوون[7].

---

(١) م.س - ح.د.ك،»تصريح صحفی»، فی ١٩٨٤/١٠/٢٣.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد میرانی، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٤.

(٣) ناوچـەی نەهلـە، ناوچەیـەکی بەرفراوانـە، دەکەوێتـە سـنووری عەشـیرەتی زێبـار، لـە نێـوان زنجیـرەی چیـای پێـرس و چیـای ئاکـرێ هەڵکەوتـووە، نزیکـەی ٧٠ گونـد لەخـۆ دەگرێـت، سـەنتەری ناوچەکـە ناحیـەی دینارتەیـە کـە ١٥کـم لـە قـەزای ئاکـرێ دوورە.(لێکۆڵـەر).

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نەهلەی خۆڕاگر، دەنگوباسی کوردستان، ژ:(١٢٧)،١٩٨٤/١٢/٣١،ل٤.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەنگوباسی کوردستان، ژ:(١٢٦)،١٩٨٤/١٢/٥، ل ل١ ، ٦.

(٦) بـۆ دەقـی بانگەوازەکـە بڕوانـە:م.س- ح.د.ك، نداء»حـول استعمال العدو للغازات السامة»،فی ١٩٨٤/١١/٤.

(٧) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اخبار كردستان، العدد: (١٢٨)، أواخر شباط ١٩٨٥، ص ص١ -١٠.

لــەو کاتــەدا هێــزەکانی (جــود) بــە گشــتی و (پــدك) بەتایبــەتی مەترســییەکی گەورەیــان لــە ســەر حکوومــەت دروســت کردبــوو، ســنووری ســووریا تــا ســنووری ئێــران لــە ژێــر کۆنترۆڵیانــدا بــوو و قووڵایــی هەندێــك شــوێن دەگەیشــتە دەیــان کیلۆمەتــر، بەرانبــەر بــە کەمکردنــەوەی مەترســییەکان، حکوومــەت ژمارەیــەکی زۆر لــە یەکــەکانی ســوپا، لەگــەڵ دەیــان هــەزار جــاش ڕادەســەپێرێت کــە لــە بــەرەکانی جەنــگ دژ بــە شۆڕشــگێڕان بجەنگــن[1]. هــاوکات شــاڵاوێکی گرتنــی ئەندامــانی (پــدك) و هاوڵاتیــانی ســڤیل دەســت پێــدەکات، بــە پێــی ســەرچاوەکانی (پــدك) لــە شــوباتی١٩٨٥، ١٠٠ هــاوڵاتی و ئەندامــانی (پــدك) لــە شــاری مووســڵ دەســتگیرکران، ١٤٠ی دیکەیــش لەســێدارە دران[2]. ڕادیــۆی (لەنــدەن) ئێــوارەی ٢٥ی شــوباتی ١٩٨٥ ڕاپۆرتێــکی ڕۆژنامەڤــانی لــە ســەر بزاڤــی گــەلی کــورد بڵاودەکاتــەوە، تێیــدا ئامــاژە بــەوە کرابــوو: "پــارتی دیموکــراتی کوردســتان کــە مەســعود بــارزانی ســەرۆکایەتی دەکات هێزێــکی ســەرەکی شــەڕکەری کــوردە، هێزێــکی لەشــکری چەکــداری ١٠ هــەزار کــەسی لــە بەردەســتدایە و ٢٠هــەزاری دیکەیــش لــە جووتیــارەکان وەك بەرگــری میلــلی لــە پشــتە»[3].

لــەم کاتــەدا ئەنــدازەی چالاکییــە لەشــکرییەکانی (پــدك) لــە هەڵکشــاندا بــوو، بــۆ نموونــە: لــە مــاوەی مانگــی ئــادار و نیســانی ١٩٨٥، ٩٧ چالاکــی جۆراوجۆریــان دژ بــە حکوومــەت ئەنجــام دابــوو[4]. بــۆ بەرپەرچدانــەوەی کاریگــەری پێشــمەرگە، لــە ١٩٨٥ هێــزە ئەمنییــەکان لــە زۆربــەی ناوچــەکان دەســت بــە هەڵمەتێــکی دەســتگیرکردن و ڕاونــانی خێــزان و بنەماڵــەی پێشــمەرگە دەکــەن، لــە ئەنجامــی ئــەم شــاڵاوەدا ژمارەیــەك ڕاپێچــی زینــدان کــران و ١٤ ئەندامــی چالاکــی (پــدك)

(١) د.علی نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٧٨.

(٢) بــۆ زانینــی نــاوی ئەندامــەکانی پــارتی دیموکــراتی کوردســتان بڕوانــە: مــن جرائــم النظــام ومرتزقتــە، اخبــار کردســتان، العــدد: (١٢٩)، أواخــر آذار ١٩٨٥، ص٥؛ عــلی صالــح المیــرانی، موقــف جریــدة (دەنگــی کــورد ـ صــوت الاکــراد) مــن التطــورات الاوضــاع السیاســیە فــی کوردســتان ١٩٧٧ـ١٩٩٧، مطبعــة جامعــە دهــوك، دهــوك،٢٠١٠،ص٦٠.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ڕاپۆرتەکە بڕوانە: د.علی نێروەیی، بزاڤی...، ل٣٧٨.

(٤) بــۆ زانیــاری زیاتــر لەبــارەی ئــەم ئامــارە بڕوانە:خەبــات، ڕۆژنامــە، ژ: (٥٥٦ – ٥٥٧)، مــارت و نیســان ١٩٨٥، ل٣.

لـە سـێدارە دران[١]. حکوومـەت بەمەشـەوە ڕانەوەسـتا، بەڵکـو لـە سـەرەتای مانگـی تەممـووزی ١٩٨٥، بـە شـێوەیەکی زۆر دڕندانـە و دوور لـە ڕەوشـتی مرۆڤایـەتی هێـزە ئەمنییـەکان دەسـتیان بـە دەرکـردنی بنەماڵـە و خێـزانی پێشـمەرگەکان کـرد، کـە بـە نزیکـەی ٩٠٠٠ نـۆ هـەزار خێـزان مەزەنـدە دەکـران، کـە زۆرتـر ئافـرەت و منـداڵ و بەسـاڵچوویان لەخـۆ دەگـرت، بـۆ ناوچـە ئازادکـراوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی (پـدك)و هێـزەکانی تـر[٢]. هەروەهـا توونتـر لـە پێشـوو، حکوومـەت ئابڵووقـەی خستە سـەر ناوچـە ئازادکـراوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی (پـدك) و هێـزەکانی تـری بەرهەڵسـتکار، بـە هیـچ شـێوەیەك ڕێگـەی نـەدەدا کەلوپـەل و سـووتەمەنی و پێداویسـتییەکانی دیکـەی ڕۆژانـە بگاتـە ناوچـە ئازادکـراوەکان[٣]. لـە ئەنجامـی ئەوەیشـدا ڕەوشی (پـدك) و بەڕێوەبـردنی کاروبارەکانیـان لـە جـاران قورسـتر دەبـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو دەسـتکەوتەی حکوومـەت چاوەڕێـی دەکـرد نەهاتـەدی، بەڵکـو ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پێشـمەرگە زیاتـر و بەزەبـر و کوشـندەتر تێدەکۆشـا، هێزێـکی پێشـمەرگەی لقـی١ لـە ئەیلـوولی ١٩٨٥، هێرشـێکی گـەورە دەکاتـە سـەر بـارەگای فیرقـەی زاخـۆ، لـە سـەروبەندی هێرشـەکەدا (عەدنـان خەیـروڵا تلفـاح)[٤]، چەنـد فەرماندەیـەکی تـری سـوپای عێـراق لـە تـرسی هێرشـەکە هەڵدێـن، ئـاکام ژمارەیـەك سـەرباز کـوژران و بریندارکـران، جگـە لـە دەسـت بەسـەردا گرتنـی کەلوپەلێـکی زۆری سـەربازی[٥]. لـە درێـژەی کاروچالاکییەکانیانـدا، جارێـکی دیکـە پێشـمەرگەکانی لقـی١ لـە ناوەڕاسـتی ئەیلـوولی ١٩٨٥، هێـرش دەکەنـە سـەر لیـوای ناحیـەی (باتوفـە) ، بـارەگای فەوجـی

---

(١) بۆ زانینی ناوەکان بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(١٣٣)، تموز١٩٨٥، ص٢.

(٢) لـە دەرکـردنی خێـزانی پێشـمەرگە لـە پەرەسـەندنی کاری بەرهەڵسـتکاری چیـتر نادروونـەوە، دەنگوبـاسی کوردسـتان، ژ:(١٣٣)، تەممـوزی١٩٨٥، ل ل١ ،٧.

(٣) برسـی هێشـتنی خەڵـکی کوردسـتان لـە پایـەداری و خۆراگرییـان کـەم ناکاتـەوە، دەنگوبـاسی کوردسـتان، ژ: (١٣٤)، ئـابی ١٩٨٥،ل١.

(٤) عەدنـان خەیـروڵا تلفـاح، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٤٠ی شـاری تکریـت. سـاڵی ١٩٦٠ دەچێتـە کۆلێـژی سـەربازی، سـاڵی ١٩٧٠ کۆلێـژی ئـەرکان تـەواو دەکات، خـاوەن دوو بڕوانامەی بەکالۆریوسـە لەوانـە: زمـانی ئینگلیـزی و یاسـا و ڕامیـاری، ناوبـراو لـە بنەماڵـەی (سـەدام حسێن)ـە، بـرای ساجدەی خێـزانی سـەدام بـوو، لـە (١٩٧٧/١٠/١٥ ـ ١٩٨٨/٥/٥) وەزیـری بەرگـری عێـراق بـوو، ڕۆژی ٥ی ئایـار١٩٨٨ (١٩٨٩- لێکۆڵـەر) لـە لایـەن حزبـی بەعسـەوە دەکوژرێـت. بڕوانـە: برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (١٦٣٨)، ١٩٩٣/٥/٧، ل٣.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(١٣٥)، أیلول ١٩٨٥، ص ص١ ،٦.

(کانی مـــاسی و رافینـــا) لـــە قـــەزای ئامێـــدی، بـــە پێـــی هەواڵـــەکانی (پـــدك) لـــەو هێرشـانەدا زیانێـکی زۆری گیـانی بـەر هێـزەکانی سـوپای عێـراق کـەوت[1]. لـەو کاتـەدا کۆنترۆڵـی ناوچـەکانی بادینـان تـا ڕادەیـەکی بـاش لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکوومـەت دەرچووبــوو، ڕۆژانــە هێــزەکانی پێشــمەرگە لــە ناوەنــدە هەســتیارەکان چالاکییــان ئەنجـام دەدا، لـە ناوەڕاسـتی تشـرینی یەکەمـی ١٩٨٥ هێزێـکی لێژنـەی ناوچـەی ئامێـدی زنجیـرە هێرشـێك دەکەنـە سـەر بـارەگای فەوجـی (سـوتکی) و چەنـد بنکـە و بارەگایـەکی تـری سـوپای عێـراق لـە قـەزای ئامێـدی، لـەو چالاکییانـەدا، سـەرەڕای ئــەوەی چەنــد پێشــمەرگەیەك دەبنــە قوربــانی ســەرکەوتنێکی گــەورە بەدەســت دەهێنـــن[2]. لەبـــارەی چالاکییـــە لەشـــکرییەکانی (پـــدك)ەوە، ڕۆژنامەنـــووسی بریتـــانی (گویـن رۆبەرتـس) لـە ڕۆژنامـەی (فاینانشـڵ تایمـز) لـە سـەر داوای سـەرکردایەتی (پـدك)، لـە مانگـی تشـرینی یەکـەم و دووەمـی ١٩٨٥، سـەردانی کوردسـتانی کردبـوو، لـە هەڵسـەنگاندنی هێـرشی هێـزی پێشـمەرگە بـۆ سـەر فەوجـی (سـوتکی)، دەڵێـت: "ئەگـەر ئـەم چالاکییانـە لـە گـەڵ چالاکییـە گەورەکانـی جەنگـی کەنـداو بـەراورد بکرێـن، بێگومـان بچووکـن، بـەڵام کاریگەرییـان زۆر گـەورە و کوشـندە بـووە، حکوومـەتی عێـراق توانـای ڕێگرتـن لـە پێشـڤەچوونەکانی کـوردی نەبـوو تـا ئـەو کاتـە حکوومـەتی عێـراق بـە زۆر دڕندایـەتی ناوەنـدی شـارەکانیان پاراسـت بـوو، بـەڵام شـەو دەسـەڵاتیان زۆر لاواز بـووە، هێـزەکانی کـوردی زۆر دلێرانـە لـە دووری چەنـد کیلۆمەترێـك لـە ڕێگـە سـەرەکییەکان کاریـان دەکـرد»[3]. بـە پێـی ئاماژەکـردنی ڕۆژنامـەی (خەبـات)، تەنیـا چالاکییـەکانی (پـدك) لـە ناوەنـدی شـارەکان لـە مـاوەی تـەواوی ١٩٨٥، بریتـی بـوون لـە٤١٣ چالاکـی، کـە لـەم ماوەیـەدا ٧٦٠ پۆلیـس و کەسـانی سـەر بـە حکوومـەت کـوژراون[4]. لـە تشـرینی دووەمـی ١٩٨٥ هێزێـکی پێشـمەرگە بـە پاڵپشـتی (ی.ق.ك) زنجیـرە هێرشـێك دەکەنـە سـەر سـەنگەرەکانی سـوپای عێـراق لـە گونـدەکانی (کونـە ڕێڤـی و دەروکا بەرانـا و سـوارە بەنـا) لـە

(١) بـۆ زانیـاری لەبـارەی زیانـەکانی سـوپای عێـراق بڕوانـە: اخبـار کردسـتان، العـدد:(١٣٥)، ایلـول١٩٨٥، ص٧.

(٢) بۆ زانینی ناوی قوربانییەکان بڕوانە: ڕزگاری، گۆڤار، ژ: (٨)، تشرینی یەکەم ١٩٨٥، ل٧.

(٣) لە: د.علی نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٣٨ وەرگیراوە.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٨٨ – ٥٥٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٦، ل٣.

دەوروبـەری ناحیـەی باتوفـە، لـە چەنـد لایەکـەوە پەلامـار دەدەن، هەرچەنـدە بـۆ پەرچدانـەوەی ئـەم هێرشـە هێزێـکی گـەورەی سـوپای عێـراق لـە بـارەگای لیـوای( باتوفـە) کـە پێکهاتبـوون لـە: ١٧زیـلی سـەربازی هێـزی تایبـەت هێـرش دەکەنـە سـەر هێـزی پێشـمەرگە، بـەڵام نەیانتـوانی شکسـت بـە هێـزەکانی پێشـمەرگە بێنـن[1]، بـەم چەشـنە چالاکییـە لەشـکرییەکانی پـارتی بـەردەوام بـوو، وێـڕای گرتنەبـەری هەمـوو ڕێگەیـەك، حکوومـەت لـە کۆنترۆڵکـردنی شـۆڕش سـەرکەوتوو نەبـوو، بـە پێچەوانـەوە دواتـر وای لێهـات لـە سـایەی گەشـەکردنی چالاکـی هێـزی پێشـمەرگە، هیـچ شـوێنێك بـۆ حکوومـەت لـە کوردسـتان ئـارام و جێگـەی دڵنیایـی نەبـوو.

(١) بـۆ زانیـاری لـە بـارەی زیانـەکانی سـوپای عێـراق بڕوانـە: اخبـار کردسـتان، العـدد:(١٣٧)، تشـرین الثانـی / ١٩٨٥، ص٣.

# باسی سێیەم
# ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی کوردستان

خۆپیشـاندان و ڕاپەڕینـە جەماوەرییـەکان داواکاری هەسـت و ویـژدانی گـەل بـوو دژ بـە دامـودەزگا سـەرکوتکەرەکانی حکوومـەتی عێـراق، لەبەرانبـەر ئـەو سیاسـەتە هۆڤـەی کـە لـە باشـووری کوردسـتان پەیـڕەوی دەکـرد، بەتایبـەتی پـاش دەسـتپێکردنی جەنگـی هەشـت سـاڵەی لەگـەڵ ئێـران، حکوومـەتی عێـراق ئـەوەی بـە دەرفـەت وەرگـرت بـۆ جێبەجێکـردنی سیاسـەتی بـە عەرەبکـردن و بەعسـکردن و ڕاگواسـتنی تـاکی کـورد و سـڕینەوەی ناسـنامەی نەتەوایـەتی، تەنانـەت بـە شـێوەیەك بـوو هەوڵـی تێکـدانی سروشـتی کوردسـتانی دەدا، هەروەهـا ڕۆژانـە دەسـتیان بەخوێنـی کـورد بـە گەنـج و لاو...تـاد سـوور دەبـوو، بۆیـە لەئەنجامـی ئـەو گوشـار و مەیدانخوازییـە، بڵێسـەی ڕق و تووڕەیـی جەمـاوەر دەسـتی پێکـرد بـۆ وەڵامدانـەوەی[1]. سـەبارەت بـە ڕۆڵـی (پـدك) لـە هانـدان و جوشـدانی جەمـاوەر و ئاراسـتەکردنی، هـەر لـە سـەرەتای ئـەم قۆناغـەدا خەبـاتی جەمـاوەری بـە یاریـدەدەری بەهێزکـردنی خەبـاتی لەشـکری لەقەڵـەم دەدا، بۆیـە بـە پێویسـتییەکی مێژوویـی دەزانی بەهـەر شـێوە و نرخێـك بێـت لـەم خەباتـە دانەبڕێـت و لەناوەنـدی شـارەکان لـە ڕێگـەی پشـگیری و هانـدانی جەمـاوەرەوە کار بـۆ لاوازکـردنی حکوومـەت بـکات، بەپێـی بەنـدی دووەمـی پرۆگرامـی ناوخـۆ حـزب، (پـدك) بەبـێ جیـاوازی خـۆی بـە نوێنـەری بەرژەوەنـدی جەمـاوەر بـە هەمـوو چیـن و توێژەکانییـەوە دەزانـێ[2]، خەبـاتی جەمـاوەری و پاڵپشـتیکردنی وا لێکدەدایـەوە: "خەبـاتی جەمـاوەری وەك کانییـە ئاوێکـە کـە هیـچ کات لـە بـن نایـەت، بەڵکـو هـەر چەنـد بەکاربهێنرێـت

---

(١) ئێزگەی دەنگی کوردستانی ـ عێراق، بەرنامەی» بڵێسەی ڕقی جەماوەری «، لە١٩٨٠/١٠/١٠.

(٢) پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان...، سەرچاوەی پێشوو.

ئـەو هەمیشـە بەهێزتـرو باشـتر و بەرفراوانـتر دەبێـت»[1]. بۆیـە وێـڕای ئـەوەی کـە ڕاپەڕینـە جەماوەرییـەکان تـا ڕادەیـەکی باش خۆبەخۆیـی بـوون، سـیفەتێکی سروشـتییان هەبـوو، دەبینیـن لـە ڕۆڵـی پارتـە سیاسییەکان بـەدەر نەبـوون، هەریـەك بەپێـی قەبـارە و توانـای خـۆی درێغـی نەکردبـوو، (پدك)یـش وەك پارتێـکی هەڵقـوڵاوی نـاو جەمـاوەر هـەر لـە سـەرەتاوە بـە پلـە یـەك لـە ڕێگـەی ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکانی سـەر بـە پارتەکـەی بـە تایبـەتی(ی.ق.ك) لـەڕووی ڕێکخسـتن و هاندانیـان، هەروەهـا پاراسـتنی گیانیـان لـە لایـەن هێـزی پێشـمەرگەوە، ڕۆڵـی بـاشی نوانـدووە، بەگڕوتینێـکی زۆرەوە خـۆی خزاندبـووە نـاو شـارەکان، بـەڵام دەکرێـت ئـەوەش لـە بیـر نەکەیـن (پـدك) وەك سـەرچاوەکان ئامـاژەی پـێ دەکـەن، هـەر لەسـەرەتادا هاوشـێوەی خەبـاتی سیاسـی، لـە ڕووی خەبـاتی جەماوەریشـەوە دووچـاری چەنـد بەربەسـتێك بـوو ، یەکێـك لەوانـە کادیر و ئەندامـانی (پـدك) لـە نـاو شـارەکان ڕووبـەڕووی لـە ناوچـوون و تیرۆرکـردن بوونـەوە لـە لایـەن (ینك)ـەوە، بـە تایبـەتی لـە ناوچـەکانی سـلێمانی، هەمـوو ئـەو شـوێنانەی کـە (ینـك) بەسـەریدا زاڵ بـوو، ئەمەیـش لەکاتێکـدا بـوو (پدك) لەسـەر ئاسـتی جەماوەریش پێگەیـەکی بـەرزی هەبـوو، ژمـارەی لایەنگـرانی لـە بەرزبوونـەوەدا بـوو[2]، لـەم بـارەوە د.فائیـق گوڵپـی کـە ئـەوکات ئەندامێـکی چالاکـی (ینـك) بـوو، دەنووسـێت: "لەنـاو شـارەکانی باشـووری کوردسـتان پـارتی گەورەتریـن ڕکابـەری یەکێتـی بـوو، بۆیـە یەکێـك لـە بەرنامـەکانی یەکێتـی لـەو کاتـەدا، ئەوەبـوو کـە زۆرتریـن بەرپـرس و کادیـرانی پـارتی لـە نـاو شـارەکاندا لـە نـاو ببـات، بـۆ ئـەوەی لـە شاریشـدا ببێتـە تاکـە ڕێکخسـتنی باشـووری کوردسـتان، بۆیـە هـەر لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٠وە ژمارەیـەك لـە ئەنـدام و بەرپـرس و پێشـمەرگەی پـارتی لـە نـاو شـاری سـلێمانی تیرۆرکـران بـۆ ئـەوەی ڕکابـەری پـارتی لەنـاو ببـات، خـۆی ببێتـە تاکـە هێـزی سیاسـی لـە باشـووری کوردسـتان»[3]. لەبـەر ئـەوە دەبینیـن لـە سـەرەتای ئـەم قۆناغـەوە بـە هـۆی ئـەم ڕەوشـەوە پێگـەی پـارتی

---

(١) جۆشـدانی جەمـاوەر لەجەنگـی نیشـتمانی کوردسـتانی عێراقـدا، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٥٤١)، گەلاوێـژ و ئـابی ١٩٨١، ل٤.

(٢) فرەنسـۆ هەریـری، بـۆ ئـەوەی مێـژوو بەچەواشـەیی نەنـووسرێ...، ل٦٠؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ خورشـید شـێرە، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٥. ئـەوکات ناوبـراو بەرپـرسی لقـی٢ی پـارتی بـوو.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر و زانینـی نـاوی پێشـمەرگە و کادیـرە تیرۆرکـراوەکانی پـارتی بڕوانـە: د.فائیـق گولپـی، سیاسـەتی نەتەوەپەرسـتی داگیرکـەران و پەرچەکـرداری خێڵـەکی کـورد، چاپخانـەی ڕەنـج، سـلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٥٨.

لـەم بـارەوە هاوشـێوەی خەبـاتی سیاسـی و لەشـکری لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیـەکی تـر جیاوازبـوو.

بەپێـی ئاماژەکـردنی هەواڵـەکانی (پـدك) دیارتریـن خۆپیشـاندان و دەربڕینـی ناڕەزایی جەمـاوەری، لـە ڕێکەوتـی ١١ی ئازاری١٩٨١دەسـتی پێکـرد، کاتێـك بـە بۆنـەی ١١ی ئـاداری١٩٧٠وە، بـە هانـدانی ڕێکخسـتنی نهێنـی (پـدك) لـە سـەرووی هەموویشـیان ئەندامـانی (ی.ق.ك)، ژمارەیـەکی زۆری قوتابیـان و لاوان بـە بەشـداری زۆربـەی چیـن و توێـژەکانی شـاری دهـۆك بـە چەنـدان دروشـمی نەتەوەیـی لەوانـە: (کوردسـتان یـان نەمـان، مسـتەفا بـارزانی پاڵـەوانی نەتـەوەی کوردە...تـاد)، دژی سیاسـەتی حکوومـەت ڕژانـە سـەر شـەقامەکان و هوتافیـان دەکێشـا، هـەر چەنـدە هـەر زوو هێـزەکانی پولیـس و ئەمـن بـڵاوە بـە جەمـاوەر دەکـەن، بـەڵام دوای چەنـد ڕۆژێـك بـە بۆنـەی یـادی نـەورۆزەوە بـە بەشـداری سـەدان قوتـابی و لاو و کاسـبکار، بـەدەم سروودی (ئـەی ڕەقیـب)ەوە بـە زۆربـەی شـەقامەکانی شـارەکەدا بڵاودەبنـەوە، هـاوکات بـۆ گڕوتیـن خسـتنە نێـو ڕیـزەکانی خۆپیشـاندەران، ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی (پـدك) شـەوی ٢٠|٢١ی ئـادار چەنـد چالاکییـەك دژ بـە بـارەگای ئەمـن ئەنجـام دەدەن، بەپێـی ئامـاژەکان ٧کـەس لـە هێـزەکانی ئەمـن کـوژران، بـەڵام دواتـر هێـزە ئەمنییـەکان بـە توونـدی ڕووبـەڕووی خۆپیشـاندەران دەبنـەوە و، شـارەکە گەمـارۆدەدەن[١]. لـەم قۆناغـەدا وێڕای ئامانجـی ڕاستەقینەی خەبـات، (پـدك) هەوڵـی دەدا لـە ڕێگـەی هانـدان و پشـتگیری جەمـاوەری نـاو شـار زیاتـر جێگـەی خـۆی لـە نـاو میللەتـدا بکاتـەوە و، بـە سـەر گرفتـە بابەتییـەکانی نـاو باشـووری کوردسـتاندا زاڵ بێـت کـە ئەمـەش دەبـووە دەروازەیـەك بـۆ چـوونی پێشـمەرگە بـۆ ناوەنـدی شـارەکان و ئەنجامـدانی چالاکـی دژ بـە دامـودەزگاکانی حکوومـەت[٢]، لـەم ڕوانگەیـەوە بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـە لـە بایەخـدان بـە خەبـاتی جەمـاوەری دوورەپەرێـز نەبـووە، جگـە لـەوەی ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی (پـدك) کـە لـە نـاو شـارەکان ڕۆڵـی باشـیان بینیـوە لـە هانـدانی جەمـاوەر و لـە ڕێگـەی بڵاوکردنـەوەی پەیامـی (پـدك) و هەڵواسـینی دروشـمەکانی، سـەرکردایەتی (پدك)یـش بەبەردەوامـی لەسـەر هێـڵ بـوو لـە هۆشـیارکردنی قوتابیـان و لاوان و چینـی گشـت شـارەکان،

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(١٤)، ١٢/نیسان/١٩٨١، ص٥.

(٢) ئێزگەی دەنگی کوردستانی – عێراق ،بەیاننامە»جەماوەری دڵی شۆڕشە»، لە٣٠/١/١٩٨٢.

هانیـان دەدا کـە زەبـرو زۆری حکوومــەت کاری تـێ نــەکات[1]. لـە٢٦ی حوزەیـرانی ١٩٨١ لـە شـاری سـلێمانی خۆپیشـاندانێکی بەرفـراوان لـە ژێـر دروشـمی: (سـەرکەوتن بـۆ پێشـمەرگە قارەمانــەکان و نەمـان و سەرشـۆڕی بـۆ دوژمنـی کـورد و کوردسـتان) بەرپابـوو، خۆپیشـاندانەکە پەیتـا پەیتـا پـەرەی سـەند تـا زۆربـەی شـەقامەکانی شـارەکەی گرتـەوە، بـەڵام دواتـر هێـزەکانی پۆلیـس و ئەمـن هەوڵیـان دا بـڵاوە بـە خۆپیشـاندەران بکــەن، بەمــەش پێکــدادان لەنێــوان خۆپیشــاندەران و هێــزەکانی ئەمــن ڕوودەدات، لـە هەمـان کاتـدا بەهـۆی مامەڵەکـردنی خراپـی هێـزەکانی ئەمـن لـە شـاری هەولێـر، جەمـاوەری شـارەکە تووڕەیـی و بێـزاری دەردەبڕێـت و، ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی (پدك) و لایەنـەکانی دیکـە دەرفەتەکـە دەقۆزنـەوە و چەنـدان بڵاوکـراوە و بەیاننامـەی حزبەکـەی بڵاودەکەنـەوە، تێیـدا هـانی جەمـاوەری شـارەکە دەدەن بـۆ ئەنجامـدانی خۆپیشـاندان و ڕاپەڕیـن دژ بـە حکوومـەت، هـاوکات بـۆ پاراسـتنی گیـانی خۆپیشـاندەران و، ئەنجامـدانی چالاکـی، هێزێـکی پێشــمەرگەی بـارزان ســەر بــە باڵـی ڕاسـتی لقـی٢، بەسـەختی دەربــازی نــاو شــاری هەولێــر دەبــن[2]. حکوومــەت بــۆ ســنووردارکردنی چالاکــی جەمـاوەری و بزاڤـی نـاو شـارەکان، هەمـوو ڕێگەیـەك دەگرێتەبـەر، بـە تایبـەتی لەشـاری سـلێمانی، پـاش زیادبـوونی چالاکـی جەمـاوەری و، چەکـداری و گەشـەکردنی جموجووڵـی ڕێکخسـتنی نهێنـی (پـدك)و لایەنـەکانی دیکـەی کوردسـتان و بڵاوبوونـەوەی دیـاردەی کوشـتنی پیـاوانی حکوومـەت لـە کۆتایـی بەهـاری ١٩٨١، دەسـەڵاتدارانی حکوومـەت لـە کۆبوونەوەیەکـدا بڕیـار دەدەن زانکـۆی سـلێمانی بـۆ هەولێـر بگوێزنـەوە[3]. ناوەکـەشی بـۆ زانکـۆی سـەلاحەددین دەگـۆڕن، هـەر چەنـدە ئـەو پیلانەیشـیان هەبـووە بـۆ شـاری تکریـت بیگوازنـەوە، بـەڵام لـە ژێـر گوشـاری جەمـاوەری کوردسـتان پلانەکـە سـەری نەگـرت[4]. لـە درێـژەی هەڵوێسـتەکانی نەتەوەپەرسـتی حکوومـەتی عێـراق سـاڵی ١٩٨٢ بڕیـار دەدات قوتابیـی کـورد لـە زانکـۆی سـەلاحەددین وەرنەگیرێـن و، وەرگرتنیـان بەکارێـکی نـاڕەوا دەبینێـت، جگـە لـەوەش بڕیـاری گواسـتنەوەی قوتابییـە کـوردەکانی زانکـۆی سـەلاحەددین بـۆ زانکـۆکانی بەغـدا و مووسـڵ و بـەسرا و، دەرکـردنی مامۆسـتایانی

---

(١) زاگرۆس، گۆڤار، ژ:(٧)، ئەیلوول ١٩٨٢، ل٤٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(٢٠)، ١٩٨١/٧/٤، ص١٠ -١١.

(٣) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی عێراق ...،ب١،ل١٥٥.

(٤) اخبار کردستان، العدد:(٣٥)، ١٩٨١/١٠/١٦، ص٥.

کـورد دەدات، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی تووڕەبـوونی قوتابیـانی زانکـۆی ناوبـراو، بە پاڵپشـتی ڕێکخـراوی (ی.ق.ك)، دەسـت بـە مانگرتـن دەکـەن و داوای هەڵوەشـاندنەوەی بڕیارەکـە دەکـەن، کـە پێـش هەمـوو کـەس قوتابیانی کـورد لـە زانکـۆی سـەلاحەددین وەربگیرێن و مامۆسـتایانی کـورد لەسـەر کارەکەیـان بـەردەوام بـن[1]. هەڵبـەت (ڕۆڵـی ئێزگـەی دەنگی کوردسـتانی ـ عێـراق) لـە هانـدانی خۆپیشـاندانە جەماوەرییەکان پێویسـتە لـە بیرنەکرێت، بەتایبـەتی لـە ناوچـەی بادینـان بـە هـۆی نزیـکی لـە شـوێنەکەی، ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لـە سـەر جەمـاوەری ناوچەکـە هەبـوو[2]. هەروەهـا وێـڕای دووری شـوێنەکە و کەمـی هێـزی کارکـردنی ئێزگـەی ناوبـراو کـە بریتـی بـوو لـە (٤٠٠)وات، لەسـەر شـەپۆلێکی کـورتی ٤٩مەتـر پەخشـی بەرنامـەکانی دەکـرد[3]، تـا ڕادەیـەکی بـاش کاریگـەری لـە سـەر جەمـاوەری شـارەکانی تـر هەبـوو[4]. بەرانبـەر بـە گواسـتنەوەی زانکـۆی سـلێمانی بـۆ هەولێـر، ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی ـ عێـراق لـە١٣ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٢، وتارێـك بـە ناوونیشـانی: (جەمـاوەری کوردسـتان لـە دوژمنـان بـە هێزتـرە) بڵاودەکاتـەوە، بـە توونـدی حکوومـەتی عێـراق سـەرکۆنەی دەکات، لـە وتارەکـەدا ئامـاژە بـەوە کـراوە: "ئامانجەکـەی حکوومـەت بـەم کارە ناهێتـەدی کـە پیـاوان و نۆکەرانیـان پارێـزراو بـن، بەڵکـو جەمـاوەری هەولێـر هەمـان پلـەی شۆڕشـگێڕی شـاری سـلێمانی کۆڵنەدەریـان هەیـە»، هەروەهـا هـانی جەمـاوەری شـاری  سـلێمانی و هەولێـر و کوردسـتان بەگشـتی دەدات کـە هاوخەبـات بـن لەگـەڵ پێشـمەرگە و گیـانی خۆیـان بخەنـە سـەر دەسـت بـۆ لەناوبـردنی پیلانـەکانی حکوومـەت[5]. لـە ئەنجامـی پەرەسـەندنی چالاکـی جەمـاوەری و بزاڤـی نهێنـی ناوەنـدەکانی شـار، حکوومـەت لـە٢٨ی تەممـووزی ١٩٨٢ بـۆ دروسـتکردنی

(١) بۆ زانیای زیاتر بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(٩٦)، ٣٠تشـرین الاول ١٩٨٢، ص٢.

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عیـزەت فنـدی، دهـۆك،٢٠١٦/٢/٢٤. ناوبـراو ئەندامێـکی چـالاکی پـارتی بـوو لـە خۆپیشـاندانەکانی شـاری هەولێـر.

(٣) بـۆ زیاتـر لـەم بـارەوە بڕوانـە: مسـعود سرنی، ڤێـرە دەنگـی کوردسـتانی عێراقـە، چاپخانـا هـاوار، دهـۆك ، ٢٠١٣، ل٩.

(٤) قارەمـان حەیـدەر ڕەحـمان، بزوتنـەوەی ڕۆشـنبیری کـوردی لەشـاری هەولێـر، (١٩٧٥ ـ ١٩٩١)، لێکۆڵینەوەیـەکی مێژوویـە، ماسـتەر، (بڵاوکـراوە)، کۆلێـژی ئەدەبیـات زانکـۆی سـەلاحەددین، ٢٠١٤، ل١١٨.

(٥) ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی ـ عێـراق، وتار»جەمـاوەری کوردسـتان لـە دوژمنـان بەهێزتـرە «، لە١٩٨٢/١/١٣.

تـرس و کەمکردنـەوەی ڕادەی بزاڤـی نـاو شـارەکان، ٨ ئەندامـی (پـدك) لـە زینـدانی ئەبـو غریـب لـە سـێدارە دەدات[(١)]، پێشـتریش ٢٧ی ئەندامـی دیکـەی لـە بەندیخانـەی مووسـڵ لەسـێدارە دابـوو[(٢)]. بـەڵام ئـەم سیاسـەتە ڕۆڵـی (پـدك) و هێـزەکانی دیکـەی لـە هانـدانی جەمـاوەری کوردسـتان سـنووردار نەکـرد، لـە کانـوونی دووەمـی ١٩٨٢، دژی بـە شـداریکردن لـە جەنگـی عێـراق لەگـەڵ ئێـران، لـە شـاری سـلێمانی خۆپیشـاندانێکی گـەورەی جەمـاوەری لـە ژێـر دروشـمی: (دیموکـراتی بـۆ عێـراق و، ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان)، بـە بەشـداریکردنی قوتابیـان و لاوان و کاسـبکاران و گشـت چیـن و توێـژەکانی شـارەکە بەرپابـوو، خۆپیشـاندەران بـۆ ماوەیـەك بـەردەوام بـوون، بـەڵام دواتـر هێـزەکانی ئەمـن وەك پیشـەی ڕۆژانـە ڕووبەڕوویـان دەبنـەوە و، چەنـد ئەندامێکی (پـدك) و، ژمارەیـەك لـە کچـە بەشـداربووانی خۆپیشـاندان دەسـتگیر دەکـەن[(٣)]، دواتـر هەڵمەتێـکی تـری دەسـتگیرکردن لـە نـاو قوتابخانـەکان دەسـت پێدەکـەن، بـە تایبـەتی لـە نـاو قوتابخانـەی (ئامادەیـی سـلێمانی کچـان) و، بەوپـەڕی بێشـەرمانەوە سـووکایەتی بـە قوتابیـان دەکـەن[(٤)]، لـە ئەنجامـی ئـەم هەڵوێسـتەی حکوومـەت بـۆ ڕۆژی دواتـر قوتابیـانی قوتابخانـەی (ناوەنـدی کوردسـتان) ڕژانـە سـەر شـەقامەکان و بـە ئاراسـتەی خۆپیشـاندەران ڕۆیشـتن و داوای ئازادکـردنی گیراوەکانیـان دەکـرد، لـەو ڕۆژەدا بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی (ئامادەیـی سـلێمانی کچـان) بـە نـاوی (گێـلاس عەبدولقـادر) ڕێگـەی بـە قوتابیـانی قوتابخانەکـە نـەدا بـۆ دەربڕینـی ناڕەزایـی بڕژێنـە سـەر شـەقامەکان، بـەڵام سـوودی نەبـوو، بۆیـە دواتـر پەیوەنـدی بـە هێـزەکانی پۆلیـس و ئەمنـەوە دەکات، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی هێـزەکانی ئەمـن بـە سـەختترین شـێوە وەڵامـی داواکارییـەکانی خۆپیشـاندەران بدەنـەوە، بەمـەش پێکـدادان لـە نێـوان هـەر دوولا ڕوودەدات، ئـاکام بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی ناوبـراو دەکوژرێـت[(٥)]، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی زیاتـر تووڕەکـردنی هێـزەکانی ئەمـن و بـە توونـدی بڵاوەیـان بـە خوپیشـاندەران بکـەن، دواتـر هەڵمەتێـکی دەسـتگیرکردنی بەشـداربووانی خۆپیشـاندانەکە

(١) د.علی نێروەیی، سیاسەتی حکوومەتی...،ب١،ل١٠٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اخبار كردستان، العدد:(٢٢)، ١٩٨١/٨/٨، ص٨.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اخبار كردستان، العدد:(٤٨)، ١٩٨٢/١/١٤، ص٢.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: اخبار كردستان، العدد:(٥٢)، ١٩٨٢/٢/١، ص٧.

(٥) ئارەزوو یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

دەست پێدەکەن و، چەند کەسێك دەستگیر دەکەن، ژمارەیەکیان ئەندامی (پدك) بوون، تەنانەت هەندێکیان لەژێر ئەشکەنجەداندا دەبنە قوربانی[1].

لەم کاتەدا حکوومەت بە هۆی خراپی بارودۆخی جەنگی لەگەڵ ئێران، بە توندی مامەڵە لەگەڵ جەماوەری کوردستان دەکات، بە بیانووی ئەوەی کە ئامادەنەبوون لە شەڕەکەدا بەشداربن[2]. سەدام حسێن لە بارەی ئەم هەڵوێستەی جەماوەری کوردستان دێتە دەنگ و تووڕەیی خۆی دەردەبڕێت، دەڵێت: "شەرمەزارییە بۆ عەرەب بەرگری لەخاکی کوردستان بکات، لەو کاتەی کوردە عێراقییەکانی کوردستان وەستاون و سەیریان دەکەن»[3]. لەم سەروبەندەدا بە هۆی خراپی بارودۆخی حکوومەتی عێراق و، لاوازبوونی پێگەی لە کوردستان، لە نەورۆزی ١٩٨٢دا (پدك) بانگەوازێك بە ناوونیشانی: (با یەك بگرین ڕژێمی دکتاتۆری سەدام ڕۆژێك زووتر بخەین) بڵاودەکاتەوە کە تێیدا داوا لە جەماوەری کوردستان و عێراق، تەنانەت سەربازانی عێراق دەکات، چی تر خزمەتی حکوومەت نەکەن، پەیوەندی بە ڕیزەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی نیشتمانەوە بکەن[4]. بە هۆی ئەو قەیرانە سەربازییەی کە تێی کەوتبوو، حکوومەت بڕیاری بە زۆر ناونووسکردنی قوتابیان و لاوانی بۆ بەرەکانی جەنگ دەرکرد، لە١ی نیسانی١٩٨٢ بەڕێوەبەری گشتی قوتابخانەکانی شاری هەولێر بۆ ئەم مەبەستە دەچێتە ئۆردوگای (قوشتەپە)، داوا لە خەڵکی ئۆردوگاکە دەکات، خۆیان ناونووس بکەن، بە پێچەوانەوە پێویستە ماڵەکانیان چۆڵ بکەن و لە عێراق نەمێننەوە، بەڵام ئەم داواکارییەی لە لایەن خەڵکەوە ڕەتکرایەوە، لەو کاتەدا لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بۆمبێك فڕێ دەدرێتە ناو بینای قوتابخانەی ئۆردوگاکەوە، بەوەش ژمارەیەك لە قوتابی دەبنە قوربانی، لە هەمان کاتدا بە هەمان شێوە لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی داواکار حکوومەت لە شاری هەولێر، هەمان کردەوە لە(قوتابخانەی ناوەندی کوڕان) ئەنجام دەدات و

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر و ناوی قوربانییەکان بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(٥٤)، ص٣.

(٢) ئێزگەی دەنگی کوردستانی ـ عێراق، لێکۆڵینەوە»بۆچی ئیمپرالیست بەرگری لەڕژێمی سەدامی فاشیست دەکەن»،لە١٩٨٢/٢/١٧.

(٣) لە:ئۆفرا بینکیو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧١وەرگیراوە.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ناوەرۆکی بانگەوازەکە بڕوانە: ئێزگەی دەنگی کوردستانی ـ عێراق، بانگەواز» با یەکبگرین ڕژێمی دکتاتۆری سەدام ڕۆژێك زوتر بخەین»، لە٢٢/ئازار/١٩٨٢.

بەو هۆیەوە چەند قوتابییەك دەبنە قوربانی[١]. ئەم هەڵوێستەی هێزە ئەمنییەکان دەبێتە هۆی تووڕەبوون و دەربڕینی بێزاری، نەك تەنیا لە شاری هەولێر، بەڵکو تووڕەیی جەماوەری کوردستان دەتەقێتەوە و، جەماوەری زۆربەی شارەکانی باشووری کوردستان بێزاری خۆیان دەردەبڕن، وەك لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە نزیکەی دوازدە هەزار قوتابی و لاو لە سەرتاسەری شارەکانی باشووری کوردستان دەڕژێنە سەر شەقام[٢]. لە درێژی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا، لە٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ بە مەبەستی یادکردنەوەی کارەساتی ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ کە بە ڕۆژی (ماتەمینی نەتەوەیی کورد)[٣] ناسراوە، بەپێی پلانێکی نەخشە بۆ داڕێژراوی پێشوەخت لە لایەن ڕێکخستنەکانی (پدك)ەوە بەپێی ئەو ڕێنمایی و ئاگادارییانەی کە لە لایەن سەرکردایەتی حزبەکەیەوە بۆیان هاتبوو[٤]، بە پاڵپشتیکردنی هێزی پێشمەرگە، وێڕای ئەوەی کە حکوومەت کردبوویە پیشەی سالانە لەو ڕۆژەدا شارەکە بە تانك و هێزی سەربازی و پۆلیس...تاد تەنی بوو، کە چی جەماوەری شارەکە لە ژێر دروشمی: (بژی هێزی پێشمەرگە دوژمن نزیکی مەرگە و بژی حوکمڕانی گەل بۆ گەل...تاد)، خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازدا و بەرەو گۆڕستانی شارەکە بەڕێکەوتن، هەرچەندە هێزەکانی پۆلیس و ئەمن بە توندی ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوە و، خەڵتانی خوێن کران[٥]، چەند ئەندامێکی (پدك) لەوانە: (ماموستا سنەوبەر، ئامینەسوور)

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم ڕووداوانە بڕوانە: اخبار كردستان، العدد:(٧٦)، ٢٢/ نیسان/١٩٨٢، ص٣.

(٢) ئۆفرا بینگۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠.

(٣) لە کاتژمێر ٩:٤٥ خولەکی ڕۆژی٢٤ی نیسانی ١٩٧٤، حکوومەتی عێراق بە دوو فڕۆکەی سەربازی هێرشیان هێنایە سەر شاری قەڵادزێ لە پارێزگای سلێمانی، بە ئامانجی لێدانی شوێنە مەدەنییەکان وەك قوتابخانە، ناوەندە ڕۆشەنبیرییەکان...تاد، لە ئەنجامی ئەم هێرشە دڕندانەدا (١٣٤)کەس بوونە قوربانی و (١٥٢)ی تریش بریندارکران کە زۆربەیان قوتابی و مامۆستا و ئافرەت و منداڵ بوون، مستەفا بارزانی ئەم ڕۆژەی بە ڕۆژی ماتەمینی نەتەوەیی کورد ناساند. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئێزگەی دەنگی کوردستانی-عێراق، «ڕۆژی ماتەمینی نەتەوەیی کوردستان»، لە١٩٨١/٤/٢١.

(٤) جەبار قادر گەیلانی، قەڵادزێ لە نێوان کارەسات و خۆپیشاندان‌دا، خەباتی قوتابیان، گۆڤار، ژ: (٣٥)، ل٩؛ د ساڵڤەگەڕا خوپیشاندانا باژێرێ قەڵادزێ دا، دەنگی پێشمەرگە، گۆڤار، ژ: (١٠٩)، نیسانی ٢٠٠٧، ل٧١.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد خدر، ڕۆژانی پێشمەرگایەتی، ب.ش، ١٩٩٩، ل٣٣.

بوونــە قوربــانی[١]، جەمــاوەری شــارەکە لــە جووڵــە نەخســت بەڵکــو لــە بەیــانی ڕۆژی دواتــر بەمەبەســتی ناشــتنی تەرمــی قوربانیــانی ڕۆژی پێشــوو، خۆپیشــاندانێکی گەورەتــر و بەتیــن تریــان ســازدا[٢]، دواتــر ئــەم شــارە بــوو بــە دەروازەیــەکی گرنــگ، بەپشــتیوانی ڕێنوێنــی ڕێکخســتنەکانی (پــدك) و هێــزەکانی تری(جــود)، لــە زۆربــەی شــارەکانی تــری کوردســتان، تەنانــەت ژمارەیــەك لــە ئــۆردوگاکانی زۆرەملــێ هەمــان ئاراســتەی شۆڕشــگێڕی گیرایەبــەر[٣]. لــە ڕۆژی ٢ی ئایــاری ١٩٨٢ لــە شــارۆچکەی ڕانیــە خۆپیشــاندانێکی جەمــاوەری بەرفــراوان لــە ژێــر دروشــمی: (الجنــود اخواننــا الفاشیســت اعداونــا) بەرپابــوو، هەڵبــەت شــێوازی بەڕێوەبــردنی ئــەم خۆپیشــاندانە بــە بــەراورد لــە ئــەوانی پێشــوو جیاوازبــوو، ئەندامــانی (پــدك) و هێــزە بەرهەڵســتکارەکانی تــری عێــراق ڕاســتەوخو بەشــێوەیەکی هاوبــەش ســەرکردایەتی ڕاپەڕینەکەیــان دەکــرد، هــەر بۆیــە بــە شــێوەیەکی خێــرا خۆپیشــاندانەکە تەشــەنەی کــرد و، مەترســییەکی زۆری خســتبووە ســەر دامــودەزگاکانی حکوومــەت لــە ناوچەکــە، لەبــەر ئــەوە هێــزەکانی پۆلیــس و ئەمــن بــە توونــدی و بەشــێوەیەکی هەڕەمــەکی کەوتنــە گوللەبــاران کــردنی خۆپیشــاندەران، ئــاکام ژمارەیــەك بوونــە قوربــانی کــە ژمارەیەکیــان ئەندامــی (پدك) بــوون، جگە لــە برینداركردنی دەیــان ئەندامــی تــر[٤]. بــە هــۆی ئــەو سیاســەت و هەڵوێســتەی هێــزەکانی ئەمنــەوە، ڕۆژی دواتــر واتــە ٣ی ئایــار جارێــکی تــر جەمــاوەری شــارەکە ڕاپەڕیــن، هەروەهــا لــە هەمــان ڕۆژدا، جەمــاوەری شــاری (هەولێــر و هەڵەبجــە وچوارقورنــە ...تــاد)، هەمــان هەڵوێســتی جەمــاوەری ڕانیەیــان گرتەبــەر و دەســتیان بــە ڕاپەڕیــن و خۆپیشــاندان کــرد، بــەڵام هــەر زوو وەك جــارانی پێشــوو هێــزەکانی پۆلیس و ئەمــن خۆپیشــاندەرانیان خەڵتانی خوێــن کــرد، بەپێــی هەواڵــەکانی (پــدك) تەنیــا لــە شــاری هەولێــر نزیکــەی (١٥٠) کــەس بەدەســتی هێــزەکانی ئەمــن بــوون بەقوربــانی، جگــە لــە برینــدار و دەســتگیرکراوەکان[٥].

---

(١) ســعد عەبــدوڵا، نەوشــیروان مســتەفا لەشــیری هەتــا پیــری، چابخانــەی وەزارەتی ڕوشــنبیری، هەولێــر،١٩٩٨،ل٥٤.

(٢) ئێزگــەی دەنگــی کوردســتانی ـ عێــراق، وتار»خەبــات و ڕاپەڕینــی جەمــاوەری شــارولادێ لــە کوردســتان ڕۆژی ســەرکەوتن نزیــك دەکاتــەوە»، لــە١٩٨٢/٥/٥.

(٣) جەبار قادر گەیلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

(٤) بــۆ زانینــی نــاوەکان بڕوانــە: محمــد خــدر، ســەرچاوەی پێشــوو، ل٣٤؛ ئەحمــەد بانیخێــلانی، ســەرچاوەی پێشــوو، ل٤٤٦.

(٥) بــۆ زانیــاری زیاتــر بڕوانــە: ئێزگــەی دەنگــی کوردســتانی- عێــراق، وتــار» خەبــات و ڕاپەڕینــی

بـە بۆنـەی پەرەسـەندنی خۆپیشـاندانە جەماوەرییەکانـەوە، (پـدك) لـە ڕێگـەی ئێزگـەی دەنگــی کوردســتانی ـ عێراقــەوە ڕۆژی ٦ی ئایــاری ١٩٨٢، بانگەوازێــکی بــۆ گشــت چیـن و توێـژ و پێکهاتـەی کوردسـتان و عێـراق بڵاوکـردەوە، تێیـدا داوای لـە هەمـوو ڕۆشـنبیر و کاسـبکار و کرێکاران...تـاد، کـرد بەیـەك دەنـگ بـە ئاراسـتەی دژی ڕژێمـی عەفلەقـی بجووڵێنـەوە، هەروەهـا لـە بەشـێکی تـری بانگەوازەکـەدا، داوا لـە مـەلا و پیـاوانی ئایینـی کـرد دەنگیـان لەگـەڵ دەنگـی جەمـاوەری شۆڕشـگێڕ یەکبخـەن، لـە بڵندگـۆی مزگەوتەکانـەوە هـانی جەمـاوەر و فتـوای ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس بـدەن و بەشـداری خۆپیشـاندانەکان بکـەن[1]. بـە ڕاسـتی ئـەم بانگـەوازە ڕەنگدانـەوەی خێـرا لـە سـەر فراوانبـوونی دەنگـی بێـزاری دژ بـە سیاسـەتی حکوومـەت هەیبـوو، سـەرەڕای پەیڕەوکـردنی سیاسـەتی سـەرکوتکردن و توونـدوتیژی...تـاد، حکوومەت نەیتوانـی لە ڕادەی چالاکییـەکانی جەمـاوەر کـەم بکاتـەوە، بۆیـە بـۆ گەیشـتن بـەو ئاواتـەی کـە چـاوەڕوانی دەکـرد، لـەم کاتـەدا شـێوازێکی تـری گرتەبـەر، ئەویـش بەکارهێنـانی پیـاوانی ئایینـی وەك کارتێـك بەکاردەهێنـا، لەبـەر ئـەوە پیـاوانی ئاینـی هـەم کاریگـەری لەسـەر جەمـاوەر و پێگەیـەکی بەهێـزی کۆمەڵایـەتی هەبـوو، هـاوکات دژ بــە هــزری سۆسیالیســتی و چـەپ بـوون کـە بـەشی هـەرە زۆری هێـزە کوردسـتانییەکان بڕوایـان پـێ بـوو، لـەم سـۆنگەیەوە حکوومـەت گرنگییـەکی تایبـەتی بـە ڕۆڵـی ئـەوان دابـوو، بـەڵام لـە ڕاپۆرتێـکی بەڕێوەبەرایـەتی ئەمـن دەردەکەوێـت کـە ئـەو مـەلا و پیـاوە ئایینییانـەی ئـەو کارەیـان دەکـرد جەمـاوەر خـۆشی نەدەویسـتن، بەچاوێـکی سـووك و نـزم سـەیریان دەکـردن[2]. لـە تشـرینی دووەمـی ١٩٨٢ دەسـەڵاتدارانی حکوومـەت لـە شـاری سـلێمانی و هەولێـر و کەرکـووك، بـۆ ئـەوەی خۆپیشـاندانی پشـتگیری لـە سـەدام حسـێن و شـەڕی عێـراق لەگـەڵ ئێـران سـازبدەن، بـە زۆر قوتابیـان و لاوان ...تـاد کۆدەکاتـەوە، بەپێـی هەواڵەکانی (دەنگوبـاسی کوردسـتان) ڕێکخسـتنەکانی لایـەنی (جـود) بـۆ پەرپەچدانـەوەی سیاسـەتی حکوومــەت، چەنــدان چاپەمــەنی بــەرەی (جــود) بڵاودەکەنــەوە و، ئامادەســازی بــۆ خۆپیشـاندانێکی بەرهەڵسـتکاری دەکـەن، ئەوەبـوو دواتـر بـە پێچەوانـەی خواسـتەکانی

---

جەماوەری شارو لادێ لەکوردستان ڕۆژی سەرکەوتن نزیك دەکاتەوە»، لە١٩٨٢/٥/٥.

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر لـە بـارەی نـاوەڕۆکی بانگەوازەکـەوە بڕوانـە: ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی- عێـراق،» بانگەوازێـك»، لـە١٩٨٢/٥/٦.

(٢) د.علی نێروەیی، سیاسەتی حکوومەتی عێراق...، ب١، ل١٢٣.

حکوومــەت خۆپیشــاندانێکی بەرفــراوانی ســازدا[1].

خۆپیشــاندانە جەماوەرییــەکان بــەردەوام بــوون، لــە ئــاداری ١٩٨٣ بــۆ پاراســتنی گیـانی خۆپیشـاندەران و بەرزکردنـەوەی مورالّیـان، هێزێـکی پێشـمەرگەی (پـدك) کـە لـە ٢٥ کـەس پێکهاتبـوون، دەچنـە نـاو جەرگـەی شـاری دهـۆك، لـە دژی دامـودەزگاکانی حکوومـەت لـە گـەڕەکی: (حـی الشرطـە و بەڕۆژکـێ و نزیـك بـارەگای دەڤـەرداری دهۆك...تـاد)، چەنـد چالاکییـەکی لەشـکری ئەنجـام دەدەن[2]، لەئاکامـدا دەنگدانـەوەی گـەورەی لێکەوتـەوە و، بـوو بـە ئەگـەری ئـەوەی جەمـاوەری شـاری دهـۆك دژ بـە سیاسـەتی سـەرکوتکاری و، ڕاپێچکـردنی گەنـج و لاوەکانی کـورد بـە زۆر بـۆ بەرەکـەکانی شـەڕ، بـە سەرپەرشـتی ئەندامـانی (ی.ق.ك)، خۆپیشـاندانێکی جەمـاوەری سـازبکەن و، بە ڕێپێوانێـکی هێمنانـە بـەرەو شـاری هەولێـر بـەڕێ بکـەون، بـەڵام لـە دووڕیـانی (هەولێـر ـ مووسـڵ) نزیـك (کەڵـەکی یاسـین ئاغـا)، هێزێـکی ئەمـن ڕێگەیـان لـێ دەگرێـت، دواتـر پێکـدادان لـە نێـوان هـەر دوولادا ڕوودەدات، بەپێـی (دەنگوبـاسی کوردسـتان) هەمـان کات (نامیـق ڕەقیـب سـورچی) پارێـزگاری ئەوسـای دهـۆك لەگـەڵ بەڕێوەبـەری ئەمنـی دهـۆك بـە هێزێـکی زۆر دەچێتـە نـاو بارودۆخەکـە و، بڕیـاری لێـدان و دەسـتگیرکردنی خۆپیشـاندەران دەدات، ئـاکام ژمارەیـەك خۆپیشـاندەر دەسـتگیردەکرێن، بـەڵام دواتـر بـە هـۆی گوشـاری قوتابیانـەوە بـە ناچـاری بڕیـاری ئازادکـردنی گیـراوەکان دەدرێـت[3].

ئێـوارەی ٢٣ی نیسـانی ١٩٨٣ هێزێـکی پێشـمەرگەی (پـدك) بـۆ ئامادەسـازی بـۆ ئەنجامـدانی خۆپیشـاندان بەمەبەسـتی یادکردنـەوەی ڕۆژی ماتەمینـی نەتەوەیـی کـورد (٢٤ی نیسـانی ١٩٧٤)، دەچنـە نـاو ئـۆردوگای (قەدشـێ)، بەیـانی ڕۆژی دواتـر قوتابیـان و لاوانی ئۆردوگاکـە بـە ڕێنوێنـی پێشـمەرگە خۆپیشـاندانێك سـاز دەکـەن و، بەخێـرا خۆپیشـاندنەکە پەرەدەسـێنێت، بەپێـی هەواڵـەکانی (پـدك) بـۆ دامرکاندنـەوە و بڵاوەپێکـردنی خۆپیشـاندەران، حکوومـەت هێزێـکی زۆر لـە فڕۆکەخانـەی (بامـەڕنی) یـەوە ڕەوانـەی شـوێنی ڕووداوەکـە دەکات، بـەڵام خۆپیشـاندەران بـە سـەرکەوتوویی

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(٩٧)، ٢٩/تشرین الثانی  ١٩٨٢، ص٤.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانە:چالاکییـەك د جەرگـی دهـوکێ دا، دەنگـی پێشـمەرگە، گۆڤـار، ژ: (١١٣)، ئـادار ٢٠٠٧، ل٣٤.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:اخبار کردستان، العدد:(١٠٣)، ١٤/مایس ١٩٨٣، ص ص١ ،٧.

یادەکـە زیندوودەکەنـەوە و تـا ئێـوارەی هەمـان ڕۆژ بـەردەوام دەبـن[1]. بەردەوامـی حکوومـەت لـە ناونووسـکردنی خەڵـك بـە زۆر بـۆ بـەرەکانی جەنـگ دژ بـە ئێـران، وا دەکات خۆپیشـاندان و ناڕازاییـەکان درێژەیـان هەبێـت، لەئەیلـوولی ١٩٨٣جەمـاوەری شـارۆچکەی ئاکـرێ دژ بەهەڵوێسـت و داواکاری حکوومـەت خۆپیشـاندانێکی بەرفـراوان سـاز دەدەن و، بـە توونـدی سـەرکۆنەی سـەدام حسـێن دەکـەن لـە هەڵگیرسـاندنی شـەڕ لەگـەڵ ئێـران و، ڕایدەگەیەنـن: "ئێمـە ئامادەنیـن بەرگـی سـەربازی بـۆ ڕژێمـی فـاشی بەعـسی بکەینەبـەر، نامانەوێـت بەخۆڕایـی بەبـێ هیـچ بەرژوەنـدی نیشـتمانی ببیـن بـە سـووتەمەنی قادسـیە دۆڕاوەکـەی سـەدام» بـەڵام زۆر نابـات، بـە هـۆی ئـەم هەڵوێسـتە نیشـتمانپەروەرییەی شـارەکەوە، هێـزە ئەمنییـەکان بەوپـەڕی دڕندایەتییـەوە بـڵاوە بـە خۆپیشـاندەران دەکـەن، بێجگـە لـە دەسـتگیرکراوەکان، هەروەهـا بەشـێکی زۆریـش پەیوەنـدی بـە هێـزەکانی پێشـمەرگەوە دەکـەن لـە شـاخەکانی دەوروبـەری شـارۆچکەکە[2].

هەڵبـەت ڕەوشی سـەربازی عێـراق وەك پێشـتر بـاس کـرا لـە ئاسـتێکی خـراپ و ناهەمـواردا بـوو، بـە هـۆی زۆری کـوژراوەکان لـە بـەرەکانی جەنـگ و، شـکانی هێـز لـە بەرژەوەنـدی ئێـران، ورەی چەکـدارانی عێـراق لـە دابەزینـدا بـوو، ڕۆژانـە سـەرباز و چەکـدارانی سـەر بـە حکوومـەت پەیوەندییـان بـە ڕیـزەکانی پێشـمەرگەوە دەکـرد، بـۆ نموونـە: لـە تشـرینی یەکەمـی ١٩٨٣، (نـاسر بەگـی ڕێکەوتـی) ئەندامـی ئەنجوومـەنی نیشـتمانیی عێـراق بـە ١٠٠ چەکـدار و ٢٠٠ کـەسی بـێ چـەك لەگـەڵ ژمارەیـەکی زۆر ئۆتۆمبیـل و کەلوپـەلی سـەربازی پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی (پـدك)ەوە دەکـەن[3]. بـۆ قەرەبـوو و پڕکردنـەوەی ڕیـزەکانی سـوپا، حکوومـەت هەوڵـی دەدا بـەزۆر بـە تایبـەتی لـە ڕێگـەی سـەرۆك جاشـەکانەوە، بـە بیانـووی پاراسـتنی نیشـتمان، گەنـج و لاوی کـورد بـۆ ڕیـزەکانی بـەرەی جەنـگ ناونـووس بـکات، بـەڵام لـە بەرانبـەردا بـزاڤ و چالاکییـە جەماوەرییـەکان دژ بـەو سیاسـەتە ڕۆژ بـە ڕۆژ فراوانـتر دەبـوو، لـە بەردەوامی پەرەسـەندنەکانی خۆپیشـاندان و دەربڕینـی بێـزاری، هێـزەکانی ئەمـن لـە٢٨ی کانـوونی یەکەمـی١٩٨٣، شـەش ئەندامـی (پدك)یـان لـە شـاری دهـۆك لـە گۆڕەپـانی لاوان لـە

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اخبار کردستان، العدد(١٠٣)، ٤ی مایس/١٩٨٣ ص٣.
(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:اخبار کردستان، العدد:(١١٨)، تشـرین الاول، ١٩٨٣، ص٢.
(٣) اخبار کردستان، العدد:(١٠٩)، أواخر تشـرين الثانی ١٩٨٣، ص٤.

پێش چاوی خەڵکی شارەکە گوللەباران کران، هەروەها لە هەمان کاتدا لە شاری (مووسڵ)یش ٣٢ ئەندامی دیکەیان لەسێدارەدان[١]. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤دا حکوومەت بڕیاردەدات هەر کەسێك ساڵی لەدایکبوونی ١٩٦٦ بێت واتە ١٨ساڵ پێویستە خزمەتی سەربازی بکات، لە ڕیزی هێزی میللی خۆی ناونووس بکات، هەڵبەت پێشتر ئەوانەی تەمەنی ١٩ تا ٣٨ ساڵ بوون مەرجی خزمەتکردنی سەربازی بەسەردا سەپاندبوون، نیازی حکوومەت لەم بڕیارە نوێیە بە تایبەت لەم کاتەدا کەمکردنەوەی ڕێژەی قوتابیان و لاوان بوو، لەبەر ئەوە ئەم چینە سەرمایەیەکی بەهێز و پێشەنگ بوون لە چالاکییەکانی ناو شارەکاندا، یەکێك لەو دروشمانە کە حکوومەت لەم کاتەدا بەرزی دەکردەوە بریتی بوو لە: (هەر عێراقییەك پرۆژەیەکی هەمیشەییە بۆ مردن) [٢]. واتە پێویستە هەموو عێراقییەك بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان و سەروەری عێراق لە ئامادەباشیدا بێت.

لە سەرەتای ساڵی١٩٨٤دا سەرکردایەتی (پدك) فەرمانێکی بەپەلەی ئاراستەی سەرجەم لقەکانی پارتەکەی کرد، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ناو شارەکان کە ڕاستەوخو سەرپەرشتی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان بکەن، لەم بارەوە فازڵ ڕەئووف کە ئەوکات یەکێك بوو لەو ئەندامانە، دەنووسێت: "لەم کاتەدا بارودۆخ لەباربوو بۆ پارتی کە بتوانێت بە شێوەیەکی فراوانتر ڕۆڵ بگێڕێت و جێگەی خۆی لەناو جەماوەر بکاتەوە، بەتایبەتی لە سلێمانی و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، لەبەر ئەوە لەم کاتەدا یەکێتی سەرقاڵی دانوستاندن بوو لەگەڵ حکوومەت، گوێی بەو ڕاپەڕینە نەدەدا، هاوکات لەبەر تووڕەیی جەماوەر نەیدەتوانی دژایەتیش بکات»[٣]. هەر لەو بارەوە لە چاوپێکەوتنێکدا ئازاد تەوفیق دەڵێت: "یەکێتی بەهۆی پابەندی بوون بە دانوستاندن لەگەڵ حکوومەت، دژی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان هەڵسوکەوتی دەکرد کە ئەمەش کاردانەوەی خراپی لێ کەوتەوە لەبارەی دابەزینی لایەنگرانی، بووە هوی فراوانبوونی دەستەڵات و ڕۆڵی پارتی  و لایەنەکانی دیکە لە سلێمانی ودەوروبەری»

---

(١) بۆ زانینی ناوەکان بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(١١١)، أواخر کانونی الثانی  ١٩٨٤، ص٥.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: موالید٦٦ مرشحون للموت، اخبار کردستان، العدد:(١١١)، أواخر کانون الثانی ، ص٩.

(٣) فازل رەئووف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦.

[1]. هەروەها جەمال نەبەز دەنووسێت: "کاربەدەستانی یەکێتی، دەچوونە سەر شەقامەکان ئامۆژگاری قوتابیان و خوێندکارانیان دەکرد کە خۆپیشاندان لەدژی بەعس سازنەکەن، بڵاوەی پێ بکەن بەبیانووی ئەوەی زیان بەوتوویژ دەکەوێت، لەسەرێکی تریشەوە لە ڕادیۆکەی خۆیەوە لە دژی پارتە بەشداربووەکان دەدوان»[2].
بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین بە هۆی سیاسەتی یەکێتی لەم کاتە بەدواوە پارتی توانیبووی لە شاری سلێمانی و دەوروبەری بکەوێتە خەبات و نواندنی چالاکی، زیاتر لە پێشوو پێگەی خۆی لەو ناوچەیەدا بەهێزبکات.

بەبۆنەی یادی نەورۆز و، سەری ساڵی کوردی، ڕۆژی ٢١ی ئاداری١٩٨٤جەماوەری شاری کەرکووك بە ڕێنوێنی ڕێکخستنەکانی (پدك) و لایەنەکانی دیکەی (جود)، خۆپیشاندانێکی بەرفراوانیان سازکرد و بەدەم سروودی (ئەی رەقیب)ەوە هوتافیان دەکێشا، خۆپیشاندانەکە هەر زوو پەرەی سەند و زۆربەی گەڕەکەکانی شارەکە وەك: (ڕەحیم ئاوا و بولاق و تەپەی مەلا عبدوڵا و ئیمام قاسم...تاد)، گرتەوە[3]. هاوکات هەر بەمەبەستی زیندووکردنەوەی یادەکە، لە شاری دهۆك بە سەرپەرشتی (ی.ق.ك)، ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری شارەکە، کە نزیکەی ٥٠٠ کەس مەزەندە دەکرا، ڕژانە سەر شەقامەکان بە شێواز و دروشمی جۆراوجۆر کەوتنە دژایەتیکردنی هێزە ئەمنییەکانی حکوومەت[4]، لە ماوەیەکی کەمدا دەنگۆی خۆپیشاندانەکە سنووری شارەکەی بڕی، بە هەمان شێوە جەماوەری شارەکانی ( زاخۆ و سێمێل و ئامێدی و شێخان)، هەروەها ئۆردوگا زۆرەملێکانی(دێرەلوك، تەلەکەپەر، هیزا و دەرکار عەجەم) لە زاخۆ، بەهەموو چین و توێژەکانەوە، بە بەشداری چەند ڕێکخراوێکی پێشمەرگەی سەر بە لقی١ ئاگری نەورۆزیان بە خۆپیشاندانی دژی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد تەوفیق، هەولێر، ٢٠١٦/٥/٥.ناوبراو لەو کاتەدا ئەندامی (کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی) بوو کە باڵێکی بە هێزی پێکهاتەی یەکێتی بوو، ئەرکی ڕێکخستنی جەماوەری بوو لەشاری هەڵەبجە.

(٢) جەمال نەبەز، ئێستە و پاشەڕۆژی نەتەوەیی کورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراق و ئێراندا، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٩٩.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کرکوك وإنتفاضە نوروز، اخبار کردستان، العدد:(١١٣)، آذار ١٩٨٤، ص ص١، ٤.

(٤) نەورۆزی ئەمساڵ ڕاپەڕینێك بوو، خەبات، ڕۆژنامە،ژ:(٥٥١)، کۆتایی نیسانی١٩٨٤، ل٦.

حکوومـەت هەڵکـرد[١]. لـەم سـەروبەندەدا سـەرۆکایەتی زانکـۆی سـەلاحەددین، بەپێـی بڕیـاری (١٠٧)ی (وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا) کـە لـە سـەرەتای نیسـانی ١٩٨٤ دەرکرابـوو، گوشـار دەخاتـە سـەر قوتابیـانی زانکـۆی سـەلاحەددین، بـۆ ئـەوەی پابەنـدی بڕیارەکە بن و، خۆیـان لەنـاو ڕیـزەکانی هێـزی میلـلی ناونـووس بکـەن و، بـۆ مـاوەی ٢٥ڕۆژ مەشـقی سـەربازی بکـەن، پاشـان پەیوەنـدی بەبـەرەکانی جەنگـەوە بکـەن[٢]، هەروەهـا ڕۆژی ١٠ی نیسـانیش بـە وادەی ناونووسـکردن دیـاری کرابـوو، بەپێچەوانـەی پابەندبـوون، هەڕەشـەی دەرکـردنی قوتابیـان کرابـوو لـە زانکـۆی ناوبـراو، بەڵام لـە بەرانبـەردا قوتابیان بـە توونـدی بڕیارەکەیـان ڕەتکـردەوە و بڕیاریـان دا مانبگـرن، بەرانبـەر بـە هەڵوێسـتی قوتابیـان، سـەرۆکایەتی زانکـۆ بڕیـاری دا٢٠٠ قوتـابی و چەنـد مامۆسـتایەك دەربکرێـن، بـەڵام مانگرتنەکـە فراوانـتر دەبێـت و، لـە لایـەن قوتابیـان و بەشـێك لـە مامۆسـتایان کاردانـەوەی توونـدی لـێ دەکەوێتـەوە، دواتـر مانگرتنـی قوتابیـان بـۆ ڕاپەڕینێـکی جەمـاوەری بـە بەشـداری ژمارەیـەکی زۆری خەڵـکی شـارەکە وەکـو کرێـکار و خـاوەن دوکان و کاسـبکار...تاد، گـۆڕا، کاتێـك ڕژانـە سـەر شـەقامەکان و داوای ڕەتکردنـەوەی بڕیارەکـە و گێڕانـەوەی قوتـابی و مامۆسـتایانی زانکـۆ و چەنـد داواکاریـەکی تریـان دەکـرد، بـەڵام بەرانبـەر بـەوە هێـزەکانی ئەمـن ڕووبەڕوویـان دەبنـەوە و نزیکـەی ٨٨ قوتـابی و بەشـداربووانی ڕاپەڕینەکـە دەسـتگیر دەکـەن، هەندێکیـان لـە ژێـر ئەشـکەنجەداندا گیـان لـە دەسـت دەدەن[٣]. بـە هـۆی هەڵوێسـتی قوتابیـانی زانکـۆی سـەلاحەدین، قوتابیـانی دهـۆك و زاخـۆ هەمـان هەڵوێسـت وەردەگـرن، بـە مەبەسـتی دەربڕینـی ناڕەزایـی بەرانبـەر ئـەو سیاسـەتەی حکوومـەت، لـە٢٠ی نیسـان١٩٨٤، نزیکـەی ١٠٨ ئۆتۆمبێـلی پـڕ لـە قوتـابی بـە بەرزکردنـەوەی ئـاڵای زەرد، هەروەهـا بەپێـی هەواڵـەکانی (دەنگوبـاسی کوردسـتان) هـەر ئۆتۆمبیلێـك وێنەیـەکی مستەفا بـارزانی و مەسعود بارزانی لەگـەڵ وێنـەی (لەیـلا قاسـم)[٤]، بـە جامـی ئۆتۆمبیلەکانـەوە هەڵواسـیبوو، ڕوویـان کردە

(١) احتفـالات البيشـمركه والجماهيـر بمناسـبه نـوروز، اخبـار كردسـتان، العـدد:(١١٣)، آذار ١٩٨٤، ص٢.

(٢) ئارەزوو یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: الانتفاضـات الثوريـة الطلبـة جامعـه صـلاح الديـن و دهـوك، اخبـار كردسـتان، العـدد:(١١٥)،١٩٨٤/٤/٣٠، ص١.

(٤) لەیـلا قاسـم حەسـەن، لـە دایکبـووی ٢٧ی کانـوونی دووەمـی ١٩٥٠ لـە قـەزای خانەقیـن، لەسـەرەتای لاوێتـی پەیوەنـدی بـە ئەندامـانی (پ.ق.ك) و (پ.د.ك)ەوە دەکات، سـاڵی ١٩٧١

(گـەلی زەنتـە) لـە نێـوان قـەزای ئاکـرێ و ناحیـەی دینارتـە، سـەرئەنجام بـە بەشـداری خەڵــکی ئاکــرێ و دەوروبــەری خۆپیشــاندانێکی بەرفــراوان ســازدەکەن، بــە هــۆی گەورەیــی خۆپیشــاندانەکەوە حکوومــەت نەیتوانیبــوو بارودۆخەکــە کۆنتــڕۆڵ بــکات، خۆپیشـاندانەکە تـا ئێـوارەی هەمـان ڕۆژ بـەردەوام دەبێـت[1]. بـەڵام لـە کاتی گەڕانـەوەی قوتابیـانی خۆپیشـاندەر بـۆ شـاری دهـۆك لـە خاڵـی پشـکنینی شـارەکە ٥٤ قوتـابی لـە لایـەن هێـزەکانی حکوومەتـەوە دەسـتگیر دەکرێـن[2]، چەنـد ئەندامێـکی (پدك)یـش بـە تۆمـەتی سـازدانی جەمـاوەر لـە شـاری دهـۆك لەسـێدارەدەدرێن[3]. پـاش بڵاوبوونـەوەی هەواڵــی دەســتگیرکردنیان، ڕۆژی ٢٢ی نیســانی١٩٨٤ قوتابیــانی ئامادەیــی (برایــەتی) لــە شـاری دهـۆك دژ بـە ڕەفتـارەکانی هێـزەکانی سـوپای عێـراق ناڕەزایـی خۆیـان دەربـڕی و لـە چوونـە قوتابخانـە مانیـان گـرت، ڕژانـە سـەر شـەقامەکانی سـەرەکی شـارەکە، پاشـان بــەرەو نەخۆشــخانەی گشــتی شــارەکە بەڕێکەوتــن، دواتــر قوتابیــانی قوتابخانــەکانی (مەمـی ئـاڵان ـ هێڤـی کچان..تـاد) دەسـتیان بـە خۆپیشـاندان کـرد[4]، بـەو بۆنەیـەوە (ی.ق.ك ـ لقــی دهــۆك، نینــوی) بانگەوازێــك بڵاودەکاتــەوە، وێــڕای سەرزەنشــتکردنی سیاسـەتی حکوومـەت، داوا لــە جەمــاوەری شــاری دهــۆك دەکات ڕێگــەی شــارەکانی هەولێـر و سـلێمانی بگرنەبـەر بـۆ لەباربـردنی ڕژێمـی دکتاتـۆری بەعـس، هەماهەنگـی و پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێکخسـتنەکانی (پـدك) و بـەرەی (جـود) بەهێـز بکـەن و، ڕیزەکانیـان زیاتــر ڕێکبخــەن[5]. هەروەهــا لــە هەمــان ڕۆژدا واتــە ٢٦ی نیســان ١٩٨٤، مەســعود بــارزانی لــە بانگەوازێکــدا ســەرەڕای پیرۆزبایــی کــردن لــە جەمــاوەری کوردســتان لــە

---

لەکۆلێـژی ئـاداب لەزانکـۆی بەغـدا وەرگیـراوە، هـەر لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٤هەوڵـی دا گۆڤارێـك دەربـکات، بـەڵام حکوومـەتی عێـراق مۆڵـەتی پـێ نـەدا، شـەوی ٢٩ی نیسـانی١٩٧٤ لەگـەڵ ژمارەیـەك هاوڕێیـانی لـە لایـەن حکوومـەتی عێراقـەوە لـە سـێدارە دەدرێـت. بڕوانـە: فرسـت طیـب، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٦٥.

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:الإنتفاضە الثورة...المصدر السابق، ص٧ -٨.

(٢) پێشمەرگە، گۆڤار، ژ: (٥)، گوڵان ١٩٩٧، ل٢٣.

(٣) بــۆ زانینــی نــاوەکان بڕوانــە: الاعدامــات مســتمرة بحــق أعضــاء حزبنــا، اخبــار کردســتان، العــدد:(١١٥)، ١٩٨٤/٤/٣٠، ص١٣.

(٤) الإنتفاضە الثورة ...، المصدر السابق، ص٧.

(٥) بۆدەقـی بانگەوازەکـە بڕوانـە: اتحـاد طلبـة کردسـتان ـ العـراق - فـرع (دهـوك ـ نینوی)،»نـداء إلی جماهیـر الطلبـة»، فـی ٢٦/نیسـان/١٩٨٤.

خۆڕاگری و بەرگریکردندا، بە هەمان شێوە داوا لە هەموو گەلی کورد لە باشووری کوردستان و جەماوەری شار و دێهاتەکان دەکات ڕاپەڕن و پشتگیری خۆی بۆ قوتابیان دەرببڕن، ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت بارزانی لە بەشێکی تری بانگەوازەکەدا داوا لە گشت پێشمەرگە و ئەندامانی حزبەکەی دەکات پێکەوە لەگەڵ هێزەکانی (جود) ڕوو لە ناوەندی شارەکان بکەن بۆ پاراستنی گیانی قوتابیان و هەرچی زووتر دەستی کوشندە و کاریگەرتر لە دامودەزگاکانی حکوومەت بوەشێنن[١]. ئەگەر چی حکوومەت هەوڵێکی زۆری دەدا کە نەهێڵێت دەستی پێشمەرگە بگاتە ناو شارەکان، تا کاری ڕێکخستن ئەنجام نەدەن، بۆ ئەوەی جەماوەر لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتدا بمێنێت[٢]. بەڵام هەوڵەکان شکستیان هێنا، لەدوای بانگەوازی بارزانی، لەسەرەتای مانگی ئایاری ١٩٨٤ یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگەی بو پشتگیریکردنی لە پەیامەکەی بارزانی و پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران لەکاتی بەرهەڵستکاری کردنی هێزەکانی پولیس و ئەمن لە گەڵیاندا، دەچنە ناو شاری سلێمانی، لەو بارەوە فازڵ ڕەئووف، دەنووسێت: "وێڕای پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران، شەوانە لەبارەگای (هێزی میللی و مەرکەزی ئازادی شارەکە، فریاکەوتنی ئیسکان)مان دەدا»[٣]. هەروەها هێزێکی لقی١ بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری بارزانی، لە٧ی ئایار ١٩٨٤ بارەگای لیوای دهۆك و ڕەبیەکانی دەوروبەری تۆپباران دەکەن و ژمارەیەك لە سەربازانی عێراق دەکوژرێن و بریندار دەکرێن[٤]. ئەو جۆرە کردەوانەش دەبنە فاکتەرێك بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر، بەرفراوانبوونی خەباتی ناوشارەکان.

ڕۆژی ١٢ی ئایاری ١٩٨٤، جارێکی دیکە قوتابیانی شاری سلێمانی و دهۆك، بە مەبەستی پشتگیرکردنی هەڵوێستی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لەئەندام و لایەنگرانی (پدك) و بەرەی (جود)، بەدەم داوای ئازادکردنی قوتابییە گیراوەکان و، گێڕانەوەی مامۆستایان و قوتابیانی کورد بۆ زانکۆی ناوبراو

---

(١) بۆ دەقی بانگەوازەکە بڕوانە: نداء قيادة حزبنا الرفيق المناضل مسعود البارزاني، اخبار كردستان، العدد:(١١٥)، ١٩٨٤/٤/٣، ص١.

(٢) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی عێراق...، ب١،ل١١٥.

(٣) بۆ زانینی ناوی پێشمەرگەکان بڕوانە: فازڵ ڕەئووف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: من نشاطات الجيش الثوري الكردستاني - البيشمركه، الوطن(وڵات)، العدد:(٧)، تموز ١٩٨٤، ص٣.

کە پێشتر لە لایەن حکوومەتەوە دوورخرابوون، خۆپیشاندانێکی هێمنانە سازدەکەن، داوایان لە حکوومەت کرد بڕیاری بە زۆرەملێ سەربازی هەڵوەشێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە حکوومەت بە هێزێکی زۆری پۆلیس و ئەمنەوە هێرش دەکاتە سەریان و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی گوللە بارانیان دەکات، ئەنجام ٧کەس لە خۆپیشاندەران دەبنە قوربانی، ٣٥ی دیکەیش بریندار دەکرێن[١]. بەپێی بەیانێکی بەرەی (جود) لەو کاتەدا بۆ ڕازیکردنی حکوومەت لەخۆی، (ینك) لە ڕێگەی ڕادیۆی خۆیەوە هێرش دەکاتە سەر (پدك) و لایەنەکانی (جود)، بە سازکردن و بەشداریکردنی خۆپیشاندانەکە تۆمەتباریان دەکات، گوایە دژی ئاشتی و سەقامگیری کاردەکەن[٢]، لە لایەکی دیکەیشەوە ئامۆژگاری جەماوەری شارەکەی دەکرد خۆپیشاندان لە دژی حکوومەت ساز نەدەن[٣]. بەڵام ئەم هەڵوێستەی (ینك) کاریگەری لە سەر جەماوەر دروست نەکرد، تەنانەت نەیتوانی لایەنگرانی خۆیشی کۆنتڕۆڵ بکات، بەڵکو شان بەشانی ئەندام و لایەنگرانی(پدك) و پارتەکانی دیکەی بەرەی(جود) لە دەربڕینی ناڕەزایی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان بەشداربوون.

توندوتیژی حکوومەت و هەڵوێستی هاوپەیمانانی کاری نەکردبووە سەر جەماوەری سلێمانی، بەیانی ڕۆژی دواتر جەماوەری شارەکە خۆپیشاندانێکی گەورەتر و فراوانتریان ساز دا، بەپێی هەواڵەکانی (پدك) بە نزیکەی ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار خۆپیشاندەر مەزەندە دەکران، بەدروشمی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی وێنەی مستەفا بارزانی لە زۆربەی گەڕەکەکانی سلێمانی وەك ( چوارباغ، مەڵکەندی، تووی مەلیك...تاد)، سووڕانەوە، دژی حکوومەت هوتافیان دەدا، خۆپیشاندەران بەمەشەوە ڕانەوەستان بەڵکو بە پشتگیری و بەشداریکردنی پێشمەرگەکانی (پدك) هێرشیان بردە سەر بنکەی هێزی میللی و چەند دامودەزگایەکی تری حکوومەت، ئەنجام ژمارەیەك کەسانی سەر بەحکوومەت کوژران، هەرچەندە هێزەکانی ئەمن بە توندی ڕووبەڕوویان بوونەوە، بەڵام خۆپیشاندەران کوڵیان نەداو بەردەوام بوون، هاوکات دانیشتووانی (قەلادزێ و سەید سادق و چوارتاو هەڵەبجە...

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:اخبار کردستان، العدد:(١١٦)، ٢٤/أیار/١٩٨٤، ص ص١،٧.

(٢) جود، بیان «حول الاحداث الأخیرة فی کردستان – العراق»، فی العشرین من شهر آیار، ١٩٨٤.

(٣) جمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

تـاد)، پشـتگیری خۆیـان بـۆ قوتـابی و جەمـاوەری سـلێمانی دەربـڕی، لەهەمـان ڕۆژدا مەفرەزەیـەکی پێشـمەرگەی (پـدك) بـۆ زیاتـر جۆشـدانی جەمـاوەری ڕاپەڕیـوی سـلێمانی هێـرش دەکاتـە سـەر بنکـەی پۆلیسـی سـلێمانی و، چەنـد ناوچەیـەکی تـر لـە نـاو جەرگـەی شـارەکە، ئەنجـام ٣پۆلیـس دەکوژرێـن، خۆپیشـاندەران بـەم شـێوەیە لـە ڕۆژانی ١٤ و ١٥ تـا ١٧ی مانـگ بـەردەوام بـوون، سـەرەڕای چەنـد قوربانییـەك، بـەڵام ئەوەیـان بـۆ حکوومـەت سـەلماند کـە گـەلی کـورد کـوڵ نـادات[1]. بەرانبـەر بـە ڕۆڵـی پێشـمەرگەی (پـدك)و لایەنـەکانی (جـود) و سـەرکەوتنەکانی لـە پشـتگیریکردنی جەمـاوەری ڕاپەڕیـو لـە شاروشـارۆچکەکانی کوردسـتان[2]، ڕێکخـراوی (ی.ق.ك) لـە بەیاننامەیەکـدا کـە ڕۆژی ١٥ی ئایـار بڵاوکرابـووەوە، ڕۆڵـی (پـدك) و هێـزەکانی (جـود) بـەرز دەنرخێنێـت لـە پاراسـتن و پشـتگیریکردنی جەمـاوەری ڕاپەڕیـوی سـلێمانی و شـارەکانی تـری کوردسـتان[3].

لـەو کاتـەدا خۆپیشـاندانەکان سەرانسـەری کوردسـتانیان گرتبـووەوە، مەسـعود بـارزانی لـە ٢١ی ئایـاری ١٩٨٤ سـڵاو نامەیـەك ئاراسـتەی گشـت قوتـابی و جەمـاوەری کوردسـتان دەکات، بەبۆنـەی خۆڕاگـری و کوڵنـەدان بەرانبـەر ڕژێمـی فـاشی و نۆکەرانیـان، لـە نامەکـەدا بـارزانی هـانی زیاتـری جەمـاوەری کوردسـتان دەدات کـە بـەردەوام بـن تـا ئـەو کاتـەی ئامانجـی سـەرەکی گـەلی کـورد بـەدی دێـت، کـە خـۆی دەبینێتـەوە لـە ڕووخانـدنی حکوومـەتی عێـراق و دامەزرانـدنی حکوومەتێـکی دیموکـراتی کـە گـەلی کـورد لـە سایەیدا بـە ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـگات[4]. حکوومـەت لـەم کاتـەدا وای لێـك دەدایـەوە کـە بەگفتوگـۆ و هەماهەنگـی لەگـەڵ (ینـك) دەتوانێـت ناوچـەکانی کوردسـتان، یـان هـەر هیـچ نەبێـت ئـەو شـوێنانەی کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی (ینـك) دان ئـارام بکاتـەوە، بـە ئـارەزووی خـۆی هاتوچـۆ بـکات، بـەڵام ئـەوەی چـاوەڕوانی دەکـرد سـەری نەگـرت و، لـە هیـچ شـوێنێکی باشـووری کوردسـتان لـە خـۆی دڵنیـا نەبـوو، بـە تایبـەت ڕووداوەکانی ئـەو کاتـەی سـلێمانی و ناوچـەکانی دیکـە بـە هـۆی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(١١٦)، ٢٤/ئایار/١٩٨٤، ص٧ -٨.

(٢) ی.ق.ك، بەیاننامە «بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن»، لە ١٩٨٥/١٠/١.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر لـە بـارەی نـاوەرۆکی بەیاننامەکـە بڕوانـە: اتحـاد طلبـة کردسـتان – العـراق، بیان»مجـداً للإنتفاضـة ضـد الفاشـیة والحـرب»، فـی ١٩٨٤/٥/١٥.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی نـاوەرۆکی نامەکـە بڕوانـە: نـص رسـالة التحیـە التـی وجهھـا رئیـس حزبنـا – الرفیـق المناضـل مسـعود البارزانـی إلی طلبـة وجماهیـر کردسـتان.دەق لـە: الوطـن(وڵات)، العـدد:(٧)، تمـوز١٩٨٤، ص٥ وەرگیـراوە.

ڕۆڵـی (پـدك) و، لایەنـەكانی (جـود)ەوە ئـەو ڕاسـتییەیان سـەلماند، تەنانـەت بەشـێكی زۆر لـە پێشـمەرگەكانی (ینك)یـش هـانی جەماوەریـان دەدا و بەخۆشـیان بەشـدارییان دەكـرد[1]. ئەمـەش باشـترین بەڵگەیـە كـە حكوومـەت ناتوانێـت بـە گفتوگـۆی تـاك لایەنـە جەمـاوەری كوردسـتان و بەرهەڵسـتكاری عێراقـی كۆنتـڕۆڵ بـكات، لـەو بـارەوە لـە چاوپێكەوتنێكـدا ئـازاد تەوفیـق دەڵێـت: "خوپیشـاندانە جەماوەرییـەكان بوونـە فاكتەرێـك كـە كۆتایـی بـە دانوسـتاندنی نێـوان حكوومـەت و یەكێتـی بێـت»[2]. بەرانبـەر بـە كاریگـەری فراوانبـوونی خۆپیشـاندانەكان، لـە سـەر داوای ڕێكخـراوەكانی سـەر بـە (پـدك)، لـە ١- ٣ی حوزەیـرانی ١٩٨٤ كۆبوونەوەیـەكی فـراوان لـە نێـوان قوتابیـان و لاوانی سـەر بـە هێـزەكانی بـەرەی (جـود)، لـە بـارەگای (حشـع) لـە ناوچـەی برادۆسـت لـە (لـولان) بەسـترا[3]، لـە نـاو خۆیانـدا بڕیاریـان دا لێژنـەی هەماهەنگـی بـاڵای ڕێكخـراوە جەماوەرییـەكان لـە سەرتاسـەری عێراقـی دامەزرێنـن، بـە ئامانجـی ڕێكخسـتن و سەرپەرشـتیكردنی ڕاپەڕیـن و خۆپیشـاندانەكان[4]. ئـەم هەنـگاوە كاریگـەری لـە سـەر زیاتـر پەرەسـەندن و گشـتگیریكردنی ڕاپەڕیـن و خۆپیشـاندانە جەماوەرییـەكان هەبـوو، نـەك تەنیـا لـە باشـووری كوردسـتان بەڵكـو بـەم هەنـگاوە لـە دەرەوەی چوارچێـوەی سـنووری باشـووری كوردسـتان، لـە زۆر شـوێنی دیكـەی عێـراق هــەر زوو دەنگـی دایـەوە[5]. تەنانـەت لـە سـەر ئاسـتی ئەوڕوپـا و ئەمریـكاش، بـۆ نموونـە: لە ٦ی تشـرینی یەكەمـی ١٩٨٤ لـە كاتی سـەردانی(تارق عەزیـز) وەزیـری دەرەوەی ئەوسـای عێـراق بـۆ ئەمریـكا لـەكاتی كۆبوونـەوە لەگـەڵ سـەرۆكی ئەمریـكا لە(كۆشـكی سـپی)، ڕێكخـراوە جەماوەرییـەكانی (پـدك) بـە هاوبـەشی لایەنـەكانی (جـود) بـە بەشـداری زیاتـر لـە١٥٠

---

(١) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٥١.

(٢) چاوپێكەوتن لەگەڵ ئازاد تەوفیق، هەولێر، ٢٠١٦/٥/٥.

(٣) ڕێكخـراوە بەشـداربووەكانی كۆبوونەوەكـە بریتـی بـوون لـە: (یەكێتـی لاوانی دیموكراتی كوردسـتان، یەكێتـی قوتابیـانی كوردسـتان، یەكێتـی لاوانی سۆسیالیسـتی كوردسـتان، یەكێتـی لاوانی دیموكـراتی لـە كوردسـتانی عێـراق، یەكێتـی قوتابیـانی گشـتی لـە كوردسـتان و عێـراق)، بـۆ زیاتـر لـە بـارەی كۆبوونەوەكـە بڕوانـە: اجتـماع المنظـمات الطلابیـة والشـبابیة الدیمقراطیـة الكردسـتانیة والعراقیـة فـی ١-٣ حزیـران١٩٨٤، اخبـار كردسـتان، العـدد:(١١٧)، ١٥/حوزیـران/١٩٨٤، الصفحـة الأخیـرة.

(٤) فرست طیب عبدالله، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٠٣.

(٥) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: زێرەڤـان محمـد، هەندێـك لـە بەڵگەنامـەكانی ڕژێـم دژی قوتابیـان ڕاپـۆرتی سـاڵی ١٩٨٤، خەبـاتی قوتابیـان، گۆڤـار، ژ:(٤٨)، تەمـوزی ٢٠٠١،ل٤٥.

کـەس بەرانبـەر کۆشـکی سـپی، لەژێـر دروشـمی: (دیموکـراتی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کـورد، بمـرێ سـەدامی دکتاتـۆر)، لەگـەڵ چەنـد دروشـمێکی تری نیشـتمانی و شۆڕشـگێڕی خۆپیشـاندانێکیان سـازکرد[1]. ئـەم جـۆرە چالاکییانەش لـەدەرەوە، دەنگۆی نارەزایـی کـوردی گەیانـدە ڕای گشـتی جیهـان، هەروەهـا لەسـەر ئاسـتی حـزبی، (پـدك) لـە ناوەڕاسـتی ئـاداری ١٩٨٥، بەپێـی پێویسـتی شـارەکان چەنـد ڕێکخـراوی جەمـاوەری بەتایبـەتی قوتابیـان و لاوان دادەمەزرێنێـت، بـۆ ئـەوەی زیاتـر بتوانێـت لـە سـازکردنی زەمینـەی دەنگـی نارەزایـی نـاو شـارەکان ڕۆڵ بگێڕێـت بـە ئاراسـتەی دژایەتیکـردنی دامـودەزگاکانی حکوومـەت[2]. خۆپیشـاندان و ڕاپەڕینـە جەماوەرییـەکان لـە زۆربـەی شاروشـارۆچکەکانی کوردسـتان بەدرێژایـی سـاڵانی ١٩٨٥-١٩٨٧ بـە پشـتیوانی و ڕێنوێنـی (پـدك) و هێـزە هاوپەیمانـەکانی درێژەیـان هەبـوو[3].

بـەم شـێوەیە پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان وەك ئامانجێـکی ڕاسـتەقینەی شـۆڕش، هـەم لـە ڕێگـەی ڕێکخسـتنی نهێنـی پارتایـەتی و پێشـمەرگایەتی و هـەم ڕێکخـراوەکانی سـەر بە پارتەکـەی بەتایبـەت یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان، ڕۆڵێـکی چالاکـی نوانـد لـە تێکۆشـان و سـازدانی خۆپیشـاندان و ڕاپەڕینـە جەماوەرییـەکان. هەرچەنـدە خۆپیشـاندان و ڕاپەڕینـە جەماوەرییـەکان وەك پێویسـت نەگەیشـتنە ئامانجـی سـەرەکی خۆیـان، بـەڵام دیـواری ترسـیان شـکاند و گیـانی بەرسـینگ گرتـن و ڕووبەڕوونـەوەی ڕژێمیـان پێشـانی دوژمنـانی گـەلی کـورد دا کـە گـەلی کـورد هەرگیـز دەسـتەمۆو ملکەچـی دڕندایـەتی ڕژێمـی فـاشی بەعـس نەبـووە و نابێـت، هەروەهـا زەمینەیـەکی لەباریـان بـۆ هاتنـی پێشـمەرگە بـۆ ناوشـارەکان و لاوازکـردنی پێگـەی حکوومـەت لـە باشـووری کوردسـتان ڕەخسـاندبوو.

---

(١) بـۆ زیاتـر زانیـاری بڕوانـە: تظاهـره فـی واشـنطن، کفـاح الجبهـة، الجریـدة، العـدد: (٢٥)، کانـون الثانـی ١٩٨٥، ص٣.

(٢) جەعفـەر مسـتەفا مەعـروف، گوڵبژێرێـك لـە یاداشـتەکانم، ب٢، چاپخانەی زانکۆی سـەلاحەددین، هەولێر ،١٩٩٩،ل١٦.

(٣) ڕاپـۆرتی سـیاسی کۆمیتـەی ناوەنـدی لـە لایـەن سـکرتێری حـزب مامۆسـتا عـەلی عەبدوڵا پێشـکەش کـرا، پەسـەند کـراوی دەیەمیـن کۆنگـرەی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان – عێـراق لـە ٢ -١٩٨٩/١٢/١٢ بەستراوە.

## باسی چوارەم
## ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شەڕی ناوخۆی کوردستان

شەڕی ناوخۆیی و ناکۆکی لەسەر دەسەڵات و ململانێی سیاسی و حزبی، مۆرکێکی دیاری شۆڕشی ١٩٧٦ بوو، ئەو ململانێیە پاش پەیدابوونی پارتە نوێیەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی پەیدابوو. (پدك) کە بۆ ماوەیەکی درێژ تاکە پارتی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و خاوەن خەباتێکی مێژوویی بوو ژمارەیەکی زۆر قوربانی دابوو، ئەستەم بوو بەئاسانی مەیدان بۆ پارتێکی نوێ کە تا ئەو کاتە ڕۆڵی لە بزاڤی کوردیدا نەبوو چۆڵ بکات، دەسەڵات لە دەست بدات[١]. هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا پارتە نوێیەکان بە تایبەتی (ینك) بە هەموو شێوەیەك بوونی (پدك)یان لە گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستان ڕەتدەکردەوە[٢]. جێگای ئاماژەیە لەساڵی ١٩٨٠ بەدواوە تەنیا شەڕی ناوخۆی نێوان (پدك) و (ینك) نەبوو، بەڵکو باشووری کوردستان تا ڕادەییەك بوو بە گۆڕەپانی گەرمی شەڕی ناوخۆ، بە تایبەتی دروستکردنی بەرەی (جود) لە لایەن (پدك، حسيك، حشع)ەوە، کە لە لاپەڕەکانی پێشتر ئاماژەمان پێدا، (ینك) زۆر نیگەرانی کردبوو وا لێکدەدایەوە بەرەی (جود) بۆ لەباربردنی (ینك)و بەرەی (جوقد) دروست بووە، بۆیە(ینك) لە بەرانبەر دامەزراندنی بەرەی (جود) بە توونەی دژایەتی خۆی ڕاگەیاند، بەمەش لایەنە بەشداربووەکانی شەڕی ناوخۆ زۆرتر و فراوانترکران[٣]. بۆیە ئەگەر سەیری مێژووی ئەوکاتە بکەین لە پاش پێکهێنانی ئەم دوو بەرەیە، باشووری کوردستان دەبێتە مەیدانی دوو هاوپەیمانی دژ بەیەك[٤]، لەو کاتەدا (ینك) لە سەر ئەو بنەمایە کاری دەکرد ئەوەی دۆستم نەبێت دوژمنمە لەبەر ئەوە لەنێو هێزە کوردییەکان بەتەنیا مابووەوە، هەرێمی (سۆران)یشی بەموڵکی خۆی دەزانی، بۆیە کەوتە دژایەتیکردن و دەرکردنی هەموو هێزەکانی لایەنگر و هاوپەیمانی (پدك) بە تایبەتی (حسيك)

(١) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...،ل٢٧٩.

(٢) پارتی دیموکراتی کوردستان، شەڕی ناوخۆی...، ل٤٢.

(٣) کاکل ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

(٤) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطى الكردستانى...، ص١٦٩ -١٧٠.

و (حشع) له ناوچەکەدا[١].

ڕاستییەکەی بەشێکی گرنگی ململانێی نێوان هێزە کوردییەکان پەیوەندی بە کێشە مێژووییەکانەوە هەیە، بە تایبەت لە نێوان (پدك) و بەشێك لە سەرکردایەتی (ینك)، کە مێژووەکەی بۆ ساڵانی شەستەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها بەشەکەی دیکەیش پەیوەندی بەپێشهات و گۆڕانکارییە سیاسی و پێشڤەچوونەکانی لەشکری هێزە کوردییەکانەوە هەبوو بە شێوەیەکی گشتی[٢]. لەم بارەوە مەسعود بارزانی دەڵێت: "دەبێت ئەو ڕاستییە دووپات بکەینەوە کە ناکۆکی و ململانێ لە کوردستان لەسەر دەسەڵات بووە، ناکۆکیەکانی دیکە لەو خاڵەوە سەریان هەڵداوە و دەستیان پێ کردووە»، هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا بارزانی دەڵێت: "سەرکردایەتی یەکێتی هەر لەدامەزراندنیەوە هەوڵی داوە لەڕێگەی سەربازی و بەزەبری لوولەی تفەنگ گیروگرفتی دەسەڵات یەکلا بکاتەوە، گۆڕەپانی کوردستان پاوان بکات، حزبەکانی دیکە لە مافی خەبات لە پێناو ئازادی گەلەکەیدا بێبەش بکات»[٣]، هەر لەم بارەوە کەریم ئەحمەد لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "ململانێی سەرەکی لەپێناو حوکمڕانی بوو، لە بەر ئەوە هەر لایەك دەسەڵاتی کەوتە دەست هەموو شتەکانی تر وەك باج، گومرکانە...تاد، دەکەوێتە دەست»[٤]. لە١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٨١ کۆمیتەی سەرکردایەتی (ینك)، بەیاننامەیەك بە ناوونیشانی: (با یەکێتی ڕیزەکانی ناو بەرە بپارێزین) بڵاودەکاتەوە، تێیدا بە توندی ڕەخنەی لە(حسیك) و (حشع) گرتبوو، هاوکات بەرەی (جود)یشی بە دروستکەری بێگانە و سەرچاوەی ناکۆکی لە قەڵەم دابوو [٥]. لە ڕاستیدا ئەمەش بووە مایەی تێکچوونی پەیوەندییەکانی (ینك) لە گەڵ (حسیك) و (حشع) لەلایەك و، خراپتربوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (پدك) لەلایەکی دیکەوە، بەرانبەر بەوە تا دەهات پەیوەندییەکانی(پدك) لەگەڵ لایەنەکانی

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٩؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز محەمەد، هەولێر، ٢٠١٦/١/٢١.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: د.کاظم حبیب، المصدر السابق، ص٣٦٩.

(٣) ڕاپۆرتی گشتی بڕیار و ڕاسپاردەکان- بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی دوازدەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە٦-١٤/١٠/١٩٩٩ بەستراوە.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٩.

(٥) بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە١٩٨١/١/١٠، دەق لە: فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك..، ب٢، ل٢٦٨وەرگیراوە.

(جـود) بەهێزتـر دەبـوون، لـە٢٨ی کانـوونی دووەمـی١٩٨١ لایەنـەکانی (جـود) لـە بـارەگای (پـدك) لـە(ڕاژان) کۆبوونەوەیـەك سـازدەدەن، ڕەوشی کوردسـتان و عێـراق بـە گشـتی و پەیوەندییـەکانی نێـوان هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتان تاوتـوێ دەکـەن، لـە کۆبوونەوەکـەدا مەسـعود بـارزانی نیگـەرانی خـۆی لـە بـارەی تێکچـوونی پەیوەنـدی نێـوان هێـزەکانی کوردسـتانی دەردەبڕێـت و، ئامادەیـی خـۆی بـۆ هاوکاریکـردنی (ینـك) و هەموو هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی تـری عێـراق بـۆ دامەزرانـدنی بەرەییەکی فـراوان دەخاتـە ڕوو[1].

هەڵبـەت چەقـی ململانـێ و شـەڕی ناوخـۆ لـە سـنووری هەرێمـی سـۆران بـوو، بـە تایبـەت شـوێنە سـتراتیژییەکان کـە (ینـك) دەسـتی بەسـەردا گرتبـوون، یەکـەم پێکدادانی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان (ینـك) لەگـەڵ هێـزەکانی بەرەی(جـود)، لـە٢٢ی حوزەیـرانی١٩٨١ لـە گونـدی (مامەخـەلان) لـە ناوچـەی شـارباژێڕ دەسـتی پێکـرد، ئـاکام ٢ پێشـمەرگەی (جـود) و ١ پێشـمەرگەی (ینـك) کـوژران، دواتـر لـە گونـدی (گـەردی) لـە شـارباژێڕ لـە بۆسـەیەکی هێـزەکانی (جـود)دا ٦پێشـمەرگەی (ینـك) کـوژران[2]. بـەم شـێوەیە شـەڕی ناوخـۆ پەیتـا پەیتـا پـەرەی سـەند، لـە١٥ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨١ هێزێـکی پێشـمەرگەی (ینـك) هێـرش دەکەنـە سـەر پێشـمەرگەکانی (پـدك) لەگونـدی (پـەرسی خـواروو) لـە ناوچـەی هەورامـان، بـەڵام سـەرکەوتن بەدەسـت ناهێنـن، دوای١٥ ڕۆژ جارێـکی تـر هێزێـکی گـەورەی (ینـك) دووبـارە هێـرش دەکاتـەوە سـەر هەمـان هێـزی (پـدك) بـە ئامانجـی دەرکردنیـان لـە ناوچەکـەدا، ئەنجـام ٣ پێشـمەرگەی (پـدك) و ٦ پێشـمەرگەی (ینـك) کـوژران[3]. بـەڵام لـە هەندێـك سـەرچاوەدا ژمـارەی کـوژراوان زیاتـر لەمـە مەزەنـدە دەکرێـت، هـەر وەك فاتـح ڕەسـووڵ دەنووسـێت: "بـەم دوایـە لە سـوید بیسـتم کـە تەنیـا پێشـمەرگە کـوژراوەکانی (ینـك) ١٤ کـەس بـوون»[4]. هێـزەکانی (ینـك) بـە سـەرکردایەتی (حەمـە ڕەش)، لـە٧ی نیسـانی١٩٨١ لـە گوندی(پـەرخ) لـە شـارباژێڕ

---

(١) لـەم کۆبوونەوەیـەدا، نوێنـەرانی (پـدك) پێکهاتبـوون لـە: (مسـعود بـارزانی و عـەلی عەبـدوڵا و د.محەمـەد سـاڵح جومعـە و ئـازاد بـەرواری) و نوێنـەری (حشـع) بریتـی بـوو لە:(عەزیـز محەمـەد و یوسـف حەنـا و ئەحمـەد بانیخێـلانی وفاتـح ڕەسـوڵ) و نوێنـەرانی (حسـیك) لـە: (ڕەسـوڵ مامەنـد و عەزیـز عەقـراوی و مـەلا ناسـح و مسـتەفا خوخـێ) پێکهاتبـوون. بڕوانـە: فاتـح رەسـول، چەنـد لاپەڕەیـەك...،ب٢، ل٣٢٨؛ ئەحمـەد بانیخێـلانی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٩٩.

(٢) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتر...، ل٢٠٧.

(٣) بۆ زانینی ناوەکان بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(١٢)، ١٩٨١/٣/٢، ص١.

(٤) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٢، ل٣٤٥.

پەلامـاری هێزێـکی پێشـمەرگەی لقـی ٤ی (پـدك) دەدەن، بـەڵام بـە هـۆی ئـاگاداری پێشـوەختەوە هێـزەکانی (پـدك) ڕووبەڕوویـان دەبنـەوە و ئەنجـام ٨ کـەس لـە هێـزەکانی (ینـك) بەدیـل دەگیرێـن، لەگـەڵ کـوژرانی پێشـمەرگەیەکی تـر، دوای چەنـد ڕۆژێـکی تـر بـە مەبەسـتی تۆڵەکردنـەوە لـە هێـزەکانی (پـدك) لـە گونـدی (بانـە) لـە هەمـان ناوچـە، هێـزەکانی (ینـك) هێـرش دەکەنـەوە سـەر هێزێـکی (پـدك)، ئەنجـام ٢پێشـمەرگەی (پـدك) و٧ پێشـمەرگەی (ینك)یـش کـوژران و ١٢ی تریـش بریندارکـران[١]. لـە١٤ی ئـابی ١٩٨١ لـە گونـدی (شـیرەمەڕ) لـە دەوروبـەری خورمـاڵ، پێکدادانێـك لـە نێـوان هێـزەکانی (پـدك) و (ینـك) ڕوویـدا و، ٢ پێشـمەرگەی (پـدك) و ٤ پێشـمەرگەی (ینك)یـش کـوژران کـە دوویـان فەرمانـدەی کـەرت بـوون[٢]. هەروەهـا لـە٢٣ی مانـگ، لـە پێکدادانێکـدا لـە نێـوان هێـزەکانی (ینـك) لەگـەڵ (حسـك) لـە (کانییـە ڕەشـە) لـە دۆڵـی جافایـەتی، ٦پێشـمەرگەی (حسـك)، کـە لـە ناویانـدا (شـێرکۆ شـێخ عـەلی) فەرمانـدەی سـەربازی بـوو، لەگـەڵ ٧ پێشـمەرگەی (ینـك) کـە لـە ناویانـدا فەرماندەیـەکی سـەربازی بـە نـاوی (جەمـال عـەلی باپیـر) هەبـوو، کـوژران، بێجگـە لـە برینداربـوونی چەنـد پێشـمەرگەیەکی دیکـەی هـەر دوولا[٣]. لـە بـارەی ئـەم ڕووداوەوە فاتـح ڕەسـووڵ دەنووسـێت: "جەمـال عـەلی باپیـر ڕۆژی ٢٣ی ئـابی ١٩٨١ بـە نامـە داوای میوانـداری لـە شـێرکۆ شـێخ عـەلی دەکات بـۆ خـواردنی نـانی نیـوەڕۆ، دواتـر داواکـەی قبـووڵ دەکات، شـێرکۆ لـە گـەڵ چەنـد پێشـمەرگەیەك دەچنـە میوانـداری، بـەڵام کاتێـك دەگەنـە شـوێنی مەبەسـت، دوای پشـوودان، جەمـال عـەلی باپیـر بـە شـێوەیەکی یەکجـار نـاڕەوا و نامرۆڤانـە لـە نـاو بـارەگای خۆیـان دەکەونـە گیـانی شـێرکۆ و دەیکـوژن، دواتـر لـە لایـەن بـرای شـێرکۆوە لـە هەمـان کاتـدا جەمـال عـەلی باپیـر دەکوژرێـت»[٤]. شـەڕی ناوخـۆ و گیـانی تۆڵەسـەندنەوە درێـژەی هەبـوو، لـە٤ی ئەیلـوولی ١٩٨١ پێشـمەرگەیەکی (حشـع) بەنـاوی (عەبـدوڵا ماویـلی) لـە لایـەن هێزێـکی (ینـك)ەوە دەکوژرێـت، دواتـر هێزێـکی

(١) بـۆ زانینـی نـاوی دیلـەکانی یەکێتـی و کـوژراوەکانی هـەردوولا بڕوانـە: م.س-پ.د.ك،»ڕوونکردنەوەیـەك دەربـارەی هەڵوێسـتی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و دەسـتدرێژی چەکـدارەکان لەناوچـەی شـارباژێر»، لـە١٩٨١/٤/٢٨.

(٢) ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی ـ عێـراق، ڕاپـۆرت «تاقمـی جـلال بەردەوامـن لەگفتوگـۆ لەگـەڵ ڕژێمـی صـدام دا»، لـە١٩٨١/٨/٣٠.

(٣) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتر...، ل٢١٠ ؛ سەلام عبدولکریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

(٤) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٢، ل٣٤٤.

(حشـع) بـە مەبەسـتی تۆڵەسـەندنەوەی هێـرش دەکاتـە سـەر پێشـمەرگەکانی (ینـك) و ٧ کەسـیان دەکوژرێـن[١]. بـەم شـێوەیە شـەڕی ناوخـۆ تەشـەنەی کـرد، دوای کـوژرانی (شـێرکۆ شـێخ عـەلی)، هێزێـکی (حسـك) بـە سـەرکردایەتی (سـەید کاکـە) لەشکرکێشـییەك دەکاتـە سـەر هێـزەکانی (ینـك) لەناوچـەی (خۆشـناوەتی و سـماقولی و نازەنیـن )و هەمان کات هەرێمـی ٨ی (حسـك)یش لـە دەشـتی هەولێـر ئـاگادار دەکات، کـە ئەندامـانی (ینـك) لـەوێ چـەك بکـەن و ڕاوبنێـن، بەمـەش شـەڕێکی گـەرم لـە نێـوان هـەر دوولا لـە دۆڵـی سـماقولی تـا دەگاتـە (چیـای کـۆسرەت)[٢]، دەسـت پێـدەکات[٣]. لـە تشـرینی دووەمـی ١٩٨١، هێزێـکی (ینـك) بـە سـەرکردایەتی (نەوشـێروان مسـتەفا) لـە گونـدی (دۆڵەڕەقـە) نزیـك ڕانیـە هێرشـێکی توونـد دەکاتـە سـەر هێـزەکانی (حسـك)و ئەنجـام فەرماندەیـەکی پێشـمەرگەی (حسـك) بەنـاوی (عـەولا سـوور) لەگـەڵ ٧ پێشـمەرگەی تـری دەکوژرێـن[٤]. هەمـان کات لـە لایـەن (ینـك)ەوە کـە پێشـتر ئامـاژەی پـێ دراوە، بڕیارێـکی توونـد سـەبارەت بـە (پـدك) دەردەکرێـت، بـە هـۆی مەتـرسی پەرەسـەندنی پێگـەی لەشـکری و جەمـاوەری (پـدك) لـە ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی (ینـك)دا، کـە پوختەکـەی بریتـی بـوو لـە: (تیرۆرکـردنی هەمـوو ئـەو کەسـانەی کـە پەیوەندییـان بـە پارتییـەوە هەیـە)، کـە دواتـر بـە کـرداری توونـدتر لـە پێشـوو بـە سـەرکردایەتی (نەوشـێروان مسـتەفا) کار لـە سـەر جێبەجێکـردنی بڕیارەکـە دەکرێـت و، بـە دەیـان ئەنـدام و لایەنگـرانی (پـدك) دەکوژرێـن[٥]. بەرانبـەر بـە سیاسـەتی پاوانکـردن و هێـرش و پەلامـارەکانی (ینـك) بـۆ سـەر هێـزەکانی لایەنـەکانی (جـود) لـە ناوچـەی سـلێمانی و ئـەو شـوێنانەی کـە (ینك)یـان بەسـەردا زاڵ بـوو، بـوو بـە هاندەرێـك کـە لایەنـەکانی (جـود) پێکـەوە بـە هاوبـەشی چالاکـی دژ بـە (ینـك) ئەنجـام بـدەن، ئەوەبـوو لـە٨ی

---

(١) ژیلوان عبداللە، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

(٢) چیـای کـۆسرەت، شـاخێکی سـەختە دەکەوێتـە ڕۆژئـاوای دەریاچـەی دوکان لـە سـنووری قـەزای ڕانیـە، نزیکـەی ٣٠ کیلۆمەتـر لەقـەزای کۆیـەوە دووره. بڕوانـە: فاتح رەسـول، چەند لاپەڕەیـەك...،ب٣، ل٢٥٠.

(٣) سەید کاکە، بیروەری...،ل ل١٥٥ -١٥٧؛ د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٢٤٤.

(٤) بـۆ زانینـی نـاوەکان بڕوانـە: ئـازاد کاکل، ئـازارەکانی شـەڕی ناوخـۆ لەیاداشـتی پێشـمەرگەیەك (١٩٨٢ – ١٩٨٣)، چاپخانـەی ماردیـن، هەولێـر ، ٢٠١١، ل٦٤.

(٥) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: د.فائیـق گولپـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٥٨؛ فەرەنسـۆ هەریـری، بـۆ ئـەوەی مێـژوو...، ل٥٨.

تشــرینی دووەمــی ١٩٨١، هێـرش دەکەنـە سـەر هێـزەکانی (ینـك) لەگونـدی (وەرتـێ)[١]، دەوروبــەری و ئەنجـام ١٠ پێشــمەرگەی (ینـك) برینداردەکرێـن لەگـەڵ بەدیـل گرتنـی چەنـد پێشـمەرگەیەکی تـر[٢].

لــەم هەڵومەرجــە دژواردا جــەلال تاڵەبــانی لــە٢٨ی تشــرینی دووەمــی ١٩٨١، بانگەوازێـك بـە نـاوی: (بانگـەوازی کوردایـەتی) لـە (ئێزگـەی دەنگـی شـۆڕشی عێـراق) بڵاودەکاتـەوە[٣]، ئـەوەی تایبـەت بێـت بـە (پـدك)، لـە سـێ لایەنـەوە لێـی دەدوێـت، سـەرەتا (پـدك) و بنەماڵـەی بـارزانی، دووبـارە وەك هەمـان سیاسـەتی پێشـوو بـە خێڵـەکی و بـورژوازی و مشـەخۆری ناویـان دەهێنێـت، بێگومـان بەمـەش (پـدك) لـەلای خۆیـەوە زیاتـر توونـدتـر و گومانـاوی دەبێـت بەرانبـەر بـە (ینـك)، کـە لـە سـەر هەمـان سروشـتی پێشـوو دەچێـت. هەروەهـا لـە لایـەکی تـرەوە هێـرش دەکاتـە سـەر بـەرەی (جـود) کـە بـە دروسـتکەری دەسـتی جاشـایەتی خیانەتـکاری سـەرکردایەتی(پدك) دروسـت کـراوە، داوایـش لــە (حسـك و حشـع) دەکات ئیدانـەی (پـدك) و بنەماڵـەی بـارزانی بکـەن و لـە بـەرەی (جـود) دووربکەونـەوە، کـە لـە ژێـر پـەردەی بـەرەدا چـەکی کوردکوژیـان داوەتـە دەسـت چەنـدان کـوردی سـاویلکە و هەڵخەڵەتـاو، هەروەهـا داوایـش لـە هـەر دوو حــزبی ناوبــراو دەکات بــۆ نــاو بــەرەی (جوقـد) بگەڕێنـەوە[٤]. لێـرەدا پێـم وایـە (ینـك) هـەوڵ دەدات ئۆباڵـی شـەڕی ناوخـۆ تەنیـا بخاتـە ئەسـتۆی پـارتی و لـە سـەرێکی دیکەیشـەوە هەوڵـی تێکـدانی بـەرەی (جـود) و بـە تەنیـا هێشـتنەوەی پـارتی دەدات. بـەڵام بـە پێچەوانـەوە ڕووداوەکانی دواتـر ئـەوە دەردەخـەن کـە هێـزی پـارتی و بـەرەی

---

(١) وەرتـێ، گوندێـکی گەورەیـە، دەکەوێتـە ڕۆژهـەڵاتی بنـاری شـاخی کارۆخ نزیـك قـەزای ڕەوانـدوز. بڕوانـە: فاتح ڕەسـوڵ، چەنـد لاپەڕەیـەك...،ب٣، ل٥٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(٣٨)، ٢٦تشـرين الثانی ١٩٨١، ص١-٢.

(٣) ئێزگــەی دەنگــی شــۆڕشی عێــراق، ئێزگــەی یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان بــوو، لەبنەڕەتــدا هــەر بەنـاوی (ئێزگـەی یەکێتـی نیشـتمانی)بوو، بـۆ یەکەمجـار لـە نـەورۆزی ١٩٧٩بەخـشی خـۆی ڕادەگەینـێ، دوای چەنـد مانگێـك ناوەکـەی دەگـۆڕێ بـۆ (ئێزگـەی دەنگـی شـۆڕشی عێـراق) کـە لـە لایـەن مامۆسـتا جەعفـەر (فـازڵ کەریـم) سەرپەرشـتی دەکرا...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: وصفـی حسـن ردێنـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٧٦.

(٤) یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان، بانگــەوازی کوردایــەتی، چاپخانــەی شــەهید ئیبراهیــم عــەزۆ، کانــوونی یەکــەم ١٩٨١.

(جـود) لـە گۆڕەپـانی خەبـات پتەوتـر و کاریگەتـر دەبـن.

هەروەهـا لـە بەشـێکی دیکـەی بانگەوازەکـەدا هاتـووە: "یەکێتـی ئـەوە پەسـەند دەکات هەمـوو هێـزەکان بـە سـەرکردایەتی پـارتی بـۆ کوردسـتانی عێـراق بگەڕێنـەوە تـا لـە دژایەتیکـردنی حکوومـەتی فاشـیدا بەشـداری بکـەن، بـەو مەرجـەی دەسـت لـە کاروبـاری ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان وەرنـەدات و پەیوەنـدی لـە گـەڵ ئێـران بپچڕێنێـت و هەڵویسـتی خـۆی بەرانبـەر بە(حـدکا) بگۆڕێـت»[1]. بەرانبـەر ئـەم بۆچوونـە کـە گوایـە (پـدك) دەسـت لـە کاروبـاری ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان وەردەدات، مەسـعود بـارزانی ڕەتدەکاتـەوە و، دەڵێـت: " پـارتی دەسـتیان نەخسـتووەتە نـاو کاروبـاری ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، بەڵکـو ئـەوەی دەیکـەن لـە ناچارییـە، ئەرکیـان فـرە قورسـە بـە هـۆی بـوونی زیاتـر لـە ٤٠ هـەزار خێـزانی پەنابـەرەکان کـە لـەوێ نیشـتەجێ بـوون»[2]. ڕاسـتییەکەی پێشـنیارەکانی (ینـك) بـۆ (پـدك) لـە کاتێکـدا بـوو کە پـاش هـەوڵ و کوششـێکی زۆر (ینك) لـە کێبڕکـێ لەگـەڵ (پـدك) نەیتوانـی پەیوەنـدی لەگـەڵ حکوومـەتی ئێـران دامەزرێنێـت، هـەر وەك جەمـال نەبـەز دەنووسـێت: "جـەلال تاڵەبـانی هەوڵێـکی زۆریـان دا کـە خۆیان لەڕژێمـی ئیسـلامی ئێـران نزیـك بکەنـەوەو هـاوکات کـوڕەکانی بـارزانی (ئیدریـس بـارزانی و مەسـعودبارزانی- لێکۆڵـەر) و لایەنگـران و پێشـمەرگەکانیان لـە پێـش چـاوی ڕژێمـی ئیسـلامی ئێـران سـووك و ڕیسـوا بکـەن بەتۆمـەتی ئـەوەی کـە گوایـە ئەمانـە نۆکـەری شـای ئێـران و ئیسرائیـل و ئەمریکانـە، بـەڵام (ینـك) لـەم تاقیکردنەوەیـەدا سـەرنەکەوت، بـە پێچەوانـەوە کـوڕانی بـارزانی دۆسـتایەتییان لـە گـەڵ ئێـران پتەوتـر کـرد»[3]. کەواتـە لێـرەدا ئـەوە دەردەکەویـت دوای سـەرنەکەوتنی تاقیکردنەوەکـەی لەگـەڵ ئێـران، یەکێتـی بنەماڵـەی بـارزانی و پـارتی بـە گشـتی بـە تومـەتی دەسـتوەردان لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان تۆمەتبـار دەکات. لێـرەدا ئـەو پرسـیارە دروسـت دەبێـت ئایـە سـەرکەوتنی یەکێتـی لـەو تاقیکردنەوەیـە دەبـووە ئەگـەری چـی؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بـۆ لێکدانـەوە و ویـژدانی خوێنـەر بەجێمهێشـتووە.

پارتـەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان هـەر لـە سـەرەتای سـەرکەوتنی شـۆڕشی گـەلانی

---

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) لە: فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٢، ل٣٢٨وەرگیراوە.

(٣) جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

ئێـران لـە شـوباتی ١٩٧٩ لـە بەیانێـکی (هەشـت مادەیـی)[١]، بـە پاڵپشـتی نەیـارانی (پدك)، بـە فەرمـی دژایەتیکـردنی خۆیـان بەرانبـەر بـە (پـدك) و بنەماڵـەی پێشـمەرگەی (پـدك) و پەنابـەرانی کـورد دەربـڕی[٢]. کـە چـی بەرانبـەر بـەوە (پـدك) بـۆ پابەندبـوونی زیاتـر بـە برایـەتی کـوردانی ڕۆژهـەڵات، لـە کۆنگـرەی نۆیەمـی پارتەکـەی دا کـە لـە تشـرینی دووەمـی هەمـان سـاڵ بەسـترا، لـە یەکێـك لـە بڕیارەکانـدا ئامـاژە بـەوە کـراوە: "پـارتی پاڵپشــت و هــاوکار بێــت لەگــەڵ نوێنــەرانی کــورد لــە ڕۆژهــەڵاتی کوردســتان بــۆ چارەسـەرکردنێکی ئاشـتی و دیموکراتیانـەی کێشـەی کـورد لەگـەڵ حکوومـەتی ئێـران»[٣]. بــەڵام ئــەوەی لــە پارتــەکانی ڕۆژهــەڵاتی کوردســتان دەبینیــن لــە ســەر هەڵوێســتی خۆیـان بـەردەوام دەبـن، جەمـال نەبـەز دەنووسـێت: "دوای ئـەوەی کـە یەکێتـی لـە ئێــران ســەرنەکەوت کەوتــە پەیوەنــدی و دۆســتایەتی لــە گــەڵ پارتــەکانی ڕۆژهــەڵاتی کوردسـتان و تـوانی لـە تیژکـردنی کـوردەکانی ئێـران لـە دژایەتیکـردنی لایەنگـری پـارتی و بنەماڵـەی بـارزانی و پەنابـەری کـورد لـە ئێـران دەورێـکی وا ببینـن ئـەو بەیانـە دەربکـەن (گەلاڵـەی ٨ مـاددەی شـاری مەهاباد-لێکۆڵـەر)، بـۆ دەرکـردنی پەنابـەرانی کـورد و پـارتی لـە ئێـران»[٤]. لـەم ڕووەوە مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: "مـاددەی ٨ (گەلاڵـەی ٨ مـاددەی شـاری مەهاباد-لێکۆڵـەر) باشـترین بەڵگەیـە لـە ڕۆژانی یەکەمـی سـەرکەوتنی شـۆڕش پارتـەکانی ڕۆژهـەڵات دوژمنایـەتی خۆیـان بەرانبـەر بـە پـارتی ئاشـکرا کـردووە»، هەروەها ناوبـراو ئامـاژە بـەوە دەکات: "نەکـەس داوای لـە ئێمـە کـردووە دەسـت لـە ناوخـۆی ئێـران و شـەڕ بکەیـن و نـە ئێمـە ئامادەینـە ئـەوە بکەیـن شـەڕی ئێمـە لـە گـەڵ ڕژێمـی عێراقـە و ئێمـە سـوپاسی هەمـوو دۆسـتێك دەکەیـن کـە یارمەتیـمان بـدات بگەڕێینـەوە بـۆ وڵاتی خۆمـان (باشـووری کوردسـتان- لێکۆڵـەر)»[٥]. بـەڵام لـە چوارچێـوەی پەیوەندی

(١) بەیاننامـەی ٨ ماددەیـی، بـە گەلاڵـەی ٨ ماددەیـی مەهابـاد نـاسراوە، پوختەکـەی بـەم چەشـنەیە بوو:(چارەسـەرکردنی پـرسی کـورد لـە سـەر بنەمـای خودموختـاری، دەرکـردنی سـەرکردایەتی پـارتی و بنەماڵـەی پێشـمەرگەکانی لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان...تاد) .بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: د.هۆشـمەند عـلی محمـود، ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان– لێکۆڵینەوەیـەك لەدۆخـی سیاسـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد (١٩٧٩ – ١٩٨٩)، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێـر ، ٢٠١٢، ل٩٢.

(٢) جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

(٣) بڕیارە سیاسیەکانی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی...، سەرچاوەی پێشوو.

(٤) جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

(٥) مسـعود بـارزانی سـەرۆکی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانی ـ عێراق،»ڕوونکردنەوەیـەك بۆ گـەلی کوردی

دۆستایەتی (پدك) لەگەڵ حكوومەتی ئێران، پارتەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە دژایەتیكردن و دەركردنی (پدك) بەردەوام بوون، لەم ڕووەوە ئەحمەد بانیخێلانی دەنووسێت: " لە كۆتایی ١٩٨١سەردانی (حدكا)مان كرد بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە، وەفدی (حدكا) بە تووند و سەرگەرمانە ملی پێوەنا و گوتی ئێمە ڕێگە بە هیچ هێزێكی كوردستانی عێراق، مەبەست (پدك)ـە، نادەین بۆ دۆستایەتیكردنی حكوومەتی خومەینی بە ئارەزووی خۆیان بە وڵاتەكەماندا هاتوچۆ بكەن و ئەگەر تا ئێستا چاوپۆشیمان لە هەندێك شت كردووە لە مەودوا بێدەنگ نابین»[1]. لە بەردەوامی ناكۆكیەكاندا، شەڕی نێوان (حدكا) لەگەڵ (پدك) دەست پێ دەكات، نەك لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، بەڵكو(حدكا) بە پاڵپشتی حكوومەتی عێراق لە پاییزی ١٩٨١ لەسەر خاكی باشووری كوردستان هێرش دەكاتە سەر هێزەكانی (پدك) لە ناوچەی (كێلەشین) لە سێ كوچكەی سنوور، هەروەها لە هەمان كاتدا لە هەر دوو شاری (شنۆ و مەهاباد) لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان پەلاماری پەنابەرانی كورد دەدات[2]. بەم چەشنە شەڕی ناوخۆیی نێوان هەر دوولادا سەر هەڵدەدات، لەو كاتە بەدواوە بە توووندی پەرە دەسێنێت كاتێك لە تەممووزی ١٩٨١ (حدكا) لە لایەن (پدك)ەوە بە دەرهێنانی تەرمی (مستەفا بارزانی) تۆمەتبار دەكرێت[3]، (حدكا) یش حاشای نەكرد و تەنانەت بە هیچ شێوەیەك باسیان نەكرد، لەم كاتەدا مەسعود بارزانی گوتبوو: "حەزناكەم براكوژی بكەین، بەڵام ئێمە چەند كەسێكمان دیاری كردووە كە گۆمانیان لەسەر هەیە و سەر بە(حدكا)ن، داوامان لە قاسملۆ كرد ڕادەستی ئێمەیان بكەن بۆ ئەوەی لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ بكەین هەر وەڵامیان نەداوینەوە»[4]. بۆیە دواتر پێكدادانی توووند لە نێوان هەر دوولا ڕوودەدات، بە درێژایی ماوەی چەند ساڵێكی خایاند و، سەرئەنجام بە زیانی هەر دوولا تەواو

قارەمان»، لە١٩٨٠/٧/٢.

(١) ئەحمەد بانیخێلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢١.

(٢) اخبار كردستان، العدد:(٣٣)، ١٩٨١/١٠/١٧، ص١.

(٣) ئێزگەی دەنگی كوردستانی ـ عێراق، ڕاپۆرت»تەرمی پیرۆزی بارزانی نەمر كەوتەوە دەستمان و سەركردایەتی پارتی دووپاتی دەكاتەوە ئەو تاوانە گەورەیە بەبێ سزا ناچێت»، لە١٩٨١/٧/٢.

(٤)(٤) لە: عەبدولڕەحمان شەرەفكەندی (هەژار)، چێشتی مجێور، پاریس ، ١٩٩٧، ل٥٧٤ وەرگیراوە.

بـوو[١]. ڕاسـتییەکەی شـەڕی نێـوان (حـدکا) لەگـەڵ (پـدك) ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لـە سـەر پەرەسـەندنی شـەڕی ناوخـۆی باشـووری کوردسـتان دروسـت کردبـوو، (حـدکا) کەوتـە پاڵپشـتیکردنی (ینـك) بـە هـۆی ئـەو پەیوەندییـەی کـە لـە گەڵیـدا دروسـتی کردبـوو، شـەکیب عەقراوی دەنووسێت: "یەکێك لـە ئەنجامـەکانی (شـەڕی هـەکاری)[٢] لـە سـاڵی ١٩٧٨ لەنێـوان پـارتی و یەکێتـی، بـووە هـۆی دروسـتبوونی ڕق و کینـەی زۆر لـە لایـەن کـوردەکانی ئێـران (حـدکا) و بـووە هـۆی هەڵگیرسـانی شـەڕی ناوخـۆ لـە گـەڵ بارزانییەکان(پارتی-لێکۆڵـەر)»[٣]. دەبێـت ئەوەشـمان لـە بیـر نەچێـت ئێـران و عێـراق لای خۆیانــەوە کاریگــەری خراپیــان لــە ســەر قوڵبوونــەوەی ناکــۆکی نێــوان پارتــە کوردییـەکانی باشـووری کوردسـتان بـە تایبـەتی نێـوان (پـدك) و (ینـك) هەبـوو، کـە هـەر یەکـەو پاڵپشـتی هێزێـکی دەکـرد، ئێـران پاڵپشـتی (پـدك) و، عێراقیـش پاڵپشـتی (ینـك) ی دەکـرد، بەمـەش گـرژی و ناکـۆکی نێـوان (جـود) و (ینـك) تـا دەهـات تەشـەنەی دەکـرد[٤]. بەپێـی هەواڵێـکی (دەنگوبـاسی کوردسـتان) لـە پاییـزی ١٩٨١، وەزیـری بەرگری عێـراق فەرمـان بەهەمـوو کەرتـەکانی سـوپای عێـراق دەکات، لـە ناوچـەکانی کوردسـتان یارمـەتی مـاددی و سـەربازی هێـزەکانی (ینـك) بـدەن دژ بـە هێـزەکانی (پـدك)[٥]. تەنانەت عـەلی بچکـول کـە ئـەو کات ئەندامـانی سـەرکردایەتی (ینـك) بـوو دان بـەو ڕاسـتییەدا دەنێـت و دەڵێـت: "یەکێتـی لـە گـەڵ ڕژێمـی بەعـس ڕێککەوتبـوو بـۆ ئـەوەی پـارەو چـەکی بداتـێ تـا بتوانـێ شـەڕی هێـزی پـارتی و پارتـەکانی تـری کـوردی بـکات»[٦]. ئەگـەر چـی لـە گەرمـەی شـەڕی ناوخـۆدا (ینـك) داوای وتووێـژ لـە هێـزەکانی بـەرەی (جـود) دەکـرد، هـەر یەکـە لـە (مەحمـوود عوسـمان و جـەلال تاڵەبـانی و ئەحمـەد بانیخێـلانی) لـە سـەر چەنـد خاڵێـك ڕێـك دەکـەون، یەکێـك لەوانـە هەمـان مەرجەکـەی پێشـووی (ینـك) بـوو کـە داوای دەکـرد (پـدك) ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان بـە تایبـەت شـاری (شـنۆ) بـە تـەواوی چـۆڵ بـکات، بـەڵام (پـدك) ئەمـەی ڕەتکردبـووەوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو شـوێنانە تاکـە دەروازەی (پـدك) بـوو کـە لەوێـوە هاتوچـۆی باشـووری کوردسـتان

(١) اخبار کردستان، العدد:(٣٨)، ٢٦ تشرین الاول ١٩٨١، ص٤.

(٢) بۆ زانیاری لەبارەی شەڕی هەکاری بڕوانە:بەشی یەکەم ، باسی دووەم، لقی أ.

(٣) شکیب عقراوی، المصدرالسابق، ص١٤٧.

(٤) د.هوشمەند علی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٨.

(٥) دەنگوباسی کوردستان، ژ:(٣١)، ١٩٨١/٩/٨، ل٤.

(٦) لە: کاکل ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧وەرگیراوە.

بـكات[1]. فاتـح ڕەسـووڵ دەنووسـێت: "سـەرکردایەتی پـارتی بـە بەردەوامـی بەرگرییـان لـە هەڵوێسـتەکانی خۆیـان دەکـرد، بەڵگـەی زۆریشـیان دەهێنایـەوە، ئـەو بەڵگانەیـان دەخسـتەڕوو ڕاسـتییان تێـدا بـەدی دەکـرا، کـە لـە لایەکـەوە ئـەرکی سـەر شـانیان گەلێـك سـەخت و گـران بـوو، لەلایـەکی دیکەیشـەوە یەکێتـی شـەڕی پـێ دەفرۆشـت»[2].

دواجـار ئـەم هەوڵانـە سـەریان نەگـرت، بەڵکـو شـەڕی ناوخـۆ درێـژەی هەبـوو، لـە کانـوونی دووەمـی١٩٨٢ لـە گونـدی (بەردینـە) نزیـك سـەرچنار لـە شـەڕوپێکدادانێکدا، هێـزەکانی (ینـك) ٢کـەس لـە هێـزەکانی (پـدك) کـوژران[3]، لـە مانگـی شـوباتی١٩٨٢ بـە هـۆی نزیکبوونـەوەی (حشـع) و (ینـك) نیمچـە ئارامییـەك لـە نێـوان هـەر دوولادا هاتـە ئـاراوە، ئەمەیـش بـوو بـە فاکتەرێـك بـۆ لێـك نزیکبوونـەوەی هەمـوو پارتـەکان، ڕۆژی ٤ی ئـاداری ١٩٨٢ هـەردوو حـزبی (حشـع) و (ینـك) لـە بـارەگای (ینـك) کۆدەبنـەوە، هەوڵـی لێـك نزیکبوونـەوەی پارتـەکانی بـەرەی (جـود) لەگـەڵ (ینـك)دەدەن، لـە٩ی ئـاداری ١٩٨٢مەکتـەبی سیاسـی (ینـك) بەناوی(جـەلال تاڵەبانی)یـەوە نامەیـەکی ئاراسـتەی (حسـك)کرد بـۆ ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییەکانیـان، لـە لایـەکی دیکەیشـەوە (ینـك) (محەمـەد حەمـە باقـی)[4]، نـارد بـۆ لای سـەرکردایەتی (حشـع) بـۆ ئـەوەی یارمـەتی بدرێـت سـەردانی (پدك)بـکات[5]. بـە درێژایـی مانگـی ئـادار و نیسـانی هەمـان سـاڵ (محەمـەد حەمـە باقـی) بـە هـۆی (حشـع)ەوە دوو جـار سـەردانی سـەرکردایەتی (پـدك) لـە(ڕاژان) دەکات و نامەیـەکی جـەلال تاڵەبـانی پـێ بـوو کـە ئـەو ڕازیبـوو ناوبـراو ڕۆڵـی نێوبژیـوانی ببینێـت، بـۆ جـاری دووەم مەسـعود بارزانـی پێشـوازی لـێ دەکات و پێـی

---

(١) ئەحمەد بانیخێلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٧.

(٢) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٣، ل٢٨.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژ: (٥٣)، ١٩٨٢/٢/١٠، ل٢.

(٤) محەمـەد حەمـە باقی، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٤٦ی شـاری سلێمانی، پەیمانگـەی کشـتوکاڵی لـە سـاڵی ١٩٧٨ لـە هەولێـر تەواوکـردووە، لـە شەسـتەکان ئەندامـی قوتابیـان، بەرپـرسی لێژنـەی ناوچەی ڕزگاری لـە دۆڵـی جافایـەتی و گەرمیـان بـوو، پـاش ڕێککەوتننامـەی جەزائیـری ١٩٧٥، حکوومـەتی عێـراق ٣ جـار دەسـتگیری کردبـوو، لـە١٨ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٨٠ بـە هـۆی بـە دواداچـوونی لەلایـەن حکوومەتـەوە دەچێتـە شـاخ، لـە٥ی کانـوونی یەکەمـی١٩٨٠ لەگـەڵ چەنـد کەسـێکی تـر یەکێتـی نووسـەرانی کوردسـتانیان دامەزراندنبـوو. بڕوانـە: د.عـلی تەتـەر، بزاڤـی ڕزگاریخـوازی ...،ل٢٨٠.

(٥) ژیلوان عبدالله ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩ -٨٠.

دەڵێـت: "ئـەوان لـە گـەڵ (حشـع) هاوپەیمانــن و دەبێـت ئەوانیــش لــە پــرۆژەی ئاشـتبوونەوەدا بـن»، دواتـر بـارزانی هـەر یەکـە لـە محەمەد سـالح جومعـە و فەلەکەدین کاکەیـی ئەندامـانی مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەستنیشـان دەکات[١]. فاتـح ڕەسـووڵ دەنووسـێت: "ڕاسـتی گەشـتەکەی حەمـە باقـی بـە بۆچوونـم نەخشـەی سـەرەکی سـەرکردایەتی یەکێتـی ئەوەبـوو کـە بـەرەی (جـود) بنکـوڵ بـکات، پووچـەڵ بێـت و پارسـەنگی بـۆلای (جوقـد) ڕابکێشـێت»[٢]. بۆیـە بـارزانی سـەرەڕای ئـەوەی بـەم هەوڵـە دڵخـۆش دەبێـت، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا متمانەی بـە هەوڵـەکانی (ینـك) نەبوو، هـەر بۆیـە داوای کردبـوو کـە ڕۆشـنبیران و نووسـەران بکەونـە ناوبژیـوانی و بـۆ گـەلی کـورد ئاشـکرا بکـەن کـە کـێ لـەم کارەدا کۆتایـی کـردووە، سـەرچاوەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن نەوشـێروان مسـتەفا داوای کردبـوو (حەمـە باقـی) خـودی مەسـعود بـارزانی ببینێـت، لەبـەر ئـەوە بـارزانی هـەم پێـی خۆشـە شـەڕی ناوخـۆ نەمێنێـت، هـەم خـاوەن قسـەی خۆیـەتی[٣]. پـاش هەوڵـەکانی (حەمـەی باقـی) و هێـزە سیاسـییەکان، دواجـار (پـدك) لـە ڕێگـەی ئەندامێـکی سـەرکردایەتی (حشـع) ەوە بەنێـوی (یوسـف حنـا)[٤]، (ینـك) ئـاگادار دەکاتـەوە کـە (پـدك) ئامادەیـە بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـەکان لـە گەڵیـدا کۆببێتــەوە[٥]. ئەنجـام لـە مانگـی تەممـووزی١٩٨٢، لـە بـارەگای (حشـع) لە(پشـت ئاشـان) لـە بنـاری قەندیـل هـەر دوو حـزب کۆدەبنـەوە و نوێنـەرانی (پـدك) لـە:

(١) د.على تەتەر، بزاڤى ڕزگاریخوازی...، ل٢٨٠.

(٢) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٣، ل٥٠.

(٣) د.على تەتەر، بزاڤى ڕزگاریخوازی...،ل٢٨١

(٤) یوسـف حەنـا، نـاوی تـەواوی (یوسـف حەنـا یوسف)ــە، بـە (ئەبـو حیکمەت)نـاسراوە، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٢١ لـە شـارۆچکەی شـەقڵاوە لـە بنەماڵەیـەکی ئایینـی مەسـیحی، لـە سـاڵی ١٩٤٢ پەیوەنـدی بـە (حشـع)ەوە دەکات دواتـر لـە سـەر هەڵوێسـتی سیاسـی لـە سـاڵی ١٩٤٩ لـە لایـەن حکوومـەتی ئەوسـای عێـراق دەسـتگیر دەکرێـت بـۆ مـاوەی ١٠سـاڵ زینـدانی دەکرێـت، لـە سـاڵی ١٩٨٠ ناوبـراو دەبێتـە نوێنـەری (حشـع) لـە سـکرتاریەتی بـەرەی (جـود)، لـە سـاڵی ١٩٩٣ لەگـەڵ کۆمەڵێـك لـە ئەندامـانی (حشـع) پارتێـك بـە نـاوی (پـارتی کاری سـەربەخۆیی) دروسـت دەکات، دواتـر پارتێـکی تـر بەنـاوی (پـارتی کاری دیموکـراتی کوردسـتانی) دروسـت دەکات، لـە کابینـەی سـێیەم و چوارەمـی حکوومـەتی هەرێـم دەبێتـە وەزیـری کشـتوکاڵ، دواتـر بـەر لـە چەنـد مانگێـك پێـش کۆچـی دوایـی پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردستانــەوە دەکات، لـە٢٦ی ئەیلـوولی ٢٠٠٩ کۆچـی دوایـی دەکات...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: محمـد ملاقـادر، سـەربوردەی....، ل١٣٥.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەل محەمەد مەلاقادر، پیرمام، ٢٠١٥/١٢/٢.

(محەمــەد مەلاقــادر و مەغديــد ئەحمــەد) پێكهاتبــوون، نوێنــەرانی (ينك)يــش بريتــی بــوون لــە: (فەرەيــدون عەبدولقــادر و د.خــدر مەعســووم)، دوای ڕاگۆڕينــەوە و تاوتوێكــردنی هەڵومەرجــی ســەختی كوردســتان و عێــراق و ناوچەكــە بــە گشــتی و پەيوەنــدی نێــوان پارتــەكان، ئــاكام لــە٢٨ی تەممــووز، ڕێككەوتنێــك ئيمزادەكــەن[1]. بــە پێــی ڕێككەوتنەكــە ســەرجەم كێشــە و گرفتەكانيــان بــە ڕێگــەی سياســی و گفتوگــۆ بــێ ئــەوەی پەنــا بەرنــە بــەر چــەك، چارەســەر بكــەن و كوردســتان لــە خانەقينــەوە تــا زاخــۆ مەيدانێــكی ئــازاد بێــت بــۆ چالاكــی سياســی و پێشــمەرگەی هەمــوو لايەنــەكان، هەروەها هێــزكانی (پــدك) و (ينــك) بــە ئــاگاداری و هەماهەنگــی يەكــدی دەتوانن بچنــە ناوچەكانی يەكــدی، بــەڵام بەبــێ دەســتێوەردان لــە كاروبــاری يەكــتر تــا زەمينــەی پــتر لێــك نزيكبوونــەوە و شــێوەی فەرمانڕەوايــی ناوچەكــە وەك خــۆی دەمێنێتــەوە[2]. لــەو كاتــەدا ئومێدێــكی زۆر لــە لايــەن خەڵــكی كوردســتان دروســت بــوو بــە ئاشــتبوونەوەی هــەر دوو هێــزی ســەرەكی كوردســتان، پــاش ئــەم ڕێككەوتنــە (پــدك) بــە لێپــرسراوی (مــەلا محەمــەد قــادر) بــارەگای خــۆی لــە نزيــك ڕەوانــدوز لــە گوندی(وەرتــێ) كــردەوە، هەروەهــا بــە لێپرسراويــەتی (نــادر هەورامــی و قــادر قــادر) هێزەكانيــان هێنايــەوە ســلێمانی[3]. بــۆ يەكــەم جــار پــاش ئــەم هەنــگاوە (پــدك) لەگــەڵ (ينــك) بەهاوبــەشی لــە شــەوی ٢٤ لەســەر ٢٥ی ئــابی ١٩٨٢ دەچنــە نــاو شــاری ســلێمانی لــە گــەڕەكی (ســەركارێز) چالاكييــەكی لەشــكری دژ بــە هێزێــكی ميلــلی ئەنجــام دەدەن، ٣ كــەس لــە هێــزەكانی ميلــلی دەكوژرێن لەگــەڵ برينداركــردنی٧ كــەسی تــر[4]. هەروەهــا لــە ئەيلــوولی ١٩٨٢جارێــكی تــر هــەر دوولا بــە هێزێــكی هاوبــەش دەچنــە نــاو (ســەيد ســادق) و چالاكييــەكی لەشــكری دژ بــە دامــودەزگاكانی حكوومــەت ئەنجــام دەدەن و زيانێــكی گيــانی و مــاددی  پێدەگەيەنــن[5]. ڕێككەوتنــی (پشــت ئاشــان) تــا ڕادەيــەكی بــاش گــرژی و ئاڵۆزييــەكانی نێــوان هەمــوو پارتــەكانی خاوكــردەوە كــە بــۆ ماوەيــەك پێكــەوە چالاكی لەشــكری بــە زەبر و كوشــندەيان لــە حكوومــەت دەوەشــاند، لــە٢٩ی تشــرينی يەكەمــی ١٩٨٢ هێزێــكی هاوبــەشی (پــدك)

---

(١) ئەحمــەد محمــود علــی، مێــژووی كــورد لەســەدو دوازدە ســاڵدا، چاپخانــەی دەريــا، ســلێمانی ، ٢٠١٣، ل٩٣٤.

(٢) بۆ زانياری زياتر بڕوانە:پاشكۆی ژمارە (١٢).

(٣) نەوشيروان مستەفا، پەنجەكان يەكتری...، ل٢٦٢.

(٤) بۆ زانياری زياتر بڕوانە: دەنگوباسی كوردستان، ژ: (٩٣)، ١ی ئەيلوولی ١٩٨٢، ل٤.

(٥) بۆ زانياری زياتر بڕوانە:دەنگوباسی كوردستان، ژ: (٩٥)، تشرينی  يەكەمی ١٩٨٢، ل٥.

و (حسك) لەگەڵ (ینك) بە پاڵپشتی بەرگری میللی ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای عێراق دەبنەوە کە بە پاڵپشتی جاش و هێزی ئاسمانی هێرشیان هێنابووە سەر گوندی (فەقێیان و دۆڵی ئاکۆیان)، ئەنجام ١٦کەس لە حکوومەت کوژران، کە تەرمەکانیان لە مەیدانی جەنگ بەجێ مابوون و ١٥کەسی تریش بریندارکران و ١٠کەسیش بەدیل گیران[١].

لەم کاتەدا بە ماوەیەکی کورت دوای ئاشتبوونەوەی (پدك) و (ینك) بزاڤ و چالاکی پێشمەرگە لە دژی بەرژەوەندییەکانی حکوومەت بەزەبر و کوشندەتر بوون، بەڵام بەداخەوە زۆری نەخایاند جارێکی تر ئاگری شەڕ لە نێوان پارتە کوردییەکاندا هەڵگیرسا کە بەرپرسیاری یەکەم لە ئەستۆی (پدك) و (ینك)بوو، وێڕای ئەوەی کە بیروڕای جیاواز هەیە لەسەر پابەندنەبوون بەڕێککەوتنەکەوە، بە وتەی نەوشێروان مستەفا: " لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ نوێنەرانی (حشع) لە٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢ لەبارەگای (حشع) لە (پشت ئاشان)، نوێنەرانی (حشع) بە وەفدی (ینك)یان ڕاگەیاندبوو کە (پدك) قبووڵ ناکات (ینك) هێز بنێرێت بۆ بادینان، لە بەر ئەوە ڕێککەوتنی پشت ئاشان ڕێککەوتنێکی ناوچەییە بادینان ناگرێتەوە»[٢]. بەڵام لە بەرانبەردا (پدك) لەگەڵ لایەنەکانی (جود) ،(ینك)ی بە پابەند نەبوون و دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆ تۆمەتبار دەکەن [٣]. بە بۆچوونم، هەر یەکە لەحکوومەتی عێراق و ئێران ڕۆڵیان لە هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆ هەبوو، لەبەر ئەوە هەردوو دەوڵەت لە جەنگی دژ بەیەکدا بوون، بە شێوەیەك ئێران پێی خۆش نەبوو پارتی لە یەکێتی نزیك بێتەوە، لەکاتێکدا کە یەکێتی هاوپەیمانی دژەکەی بوو، ئەویش (حدکا)بوو کە بە کرداری دژی ئێران دەجەنگا، هەروەها حکوومەتی عێراق لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ یەکێتی، پێی خۆش نەبوو یەکێتی لێی دووربکەوێتەوە، نەوەك پێکەوە لەگەڵ پارتی و لایەنەکانی (جود) لە دژی حکوومەت ڕابوەستن، هەروەها لە سەرێکی دیکەیشەوە کوردکوژی لە قازانجی هەر دوو

(١) بۆ زانینی ناوی دیلەکان بڕوانە: اخبار کردستان، العدد:(٩٧)، ٢٩ی تشرین الثانی ١٩٨٢، ص٨ -٩.

(٢) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری...، ل٢٦٢.

(٣) سکرتاریەتی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراق،بەیاننامە»لەپێناو پووچەڵکردنی پیلانەکانی ڕژێمی فاشیست»، لە١٩٨٣/٤/٢٢.

دەوڵەتدا بوو کە مێژوویەکی درێژیان دژ بە بزاڤی گەلی کورد هەیە، بۆیە پێم وایە ئێران و عێراق ڕۆڵی کاریگەریان لە چاندنی تۆوی دووبەرەکی و هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆی کوردستان هەبوو.

دووبارە هێزە کوردییەکان کەوتنە گیانی یەکتر، لە تشرینی دووەمی ١٩٨٢ لە گوندی (چەرمەگا) لە دەوروبەری شارباژێر، پێکدادانێك لە نێوان هێزەکانی (ینك) لەگەڵ (پدك) ڕوودەدات و بەو هۆیەوە ٤ پێشمەرگەی (پدك) و ٧ پێشمەرگەی (ینك) بوون بە قوربانی شەڕی ناوخۆ، دواتر لە٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢، مەڵبەندی ٢ی (ینك) بە فەرمی (پدك)یان لە ناوچەکە ئاگادار کردەوە کە لە سەرتاپای ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و شارباژێر بکشێنەوە[١]. لەم سەروبەندەدا دەرفەتێکی تر هاتە پێشەوە بە پاڵپشتی لیبیا و سووریا، کە تا ڕادەیەك چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرا ئەگەر هەر هیچ نەبێت لانی کەم (جود) و (ینك) لە یەك نزیك بکەنەوە و، سنوورێك بۆ شەڕی ناوخۆ دابنێن[٢]. بەڵام ئەنجام هیچ لە بارەکە نەگۆڕا، بەڵکو بە پێچەوانەوە پارتە سیاسییەکان لە سەر سیاسەتی پێشوو بەردەوام بوون، گومان لە یەکترکردن زیاتربوو، ئەمەش لەو کاتەدا دەرکەوت کە هێزێکی (پدك) بە سەرکردایەتی (حەسو میرخان ژاژۆکی)، لە شوباتی ١٩٨٣ بۆ ئەنجامدانی چالاکی دژ بە حکوومەت، ڕوویان لە بناری قەندیل کرد، بەمەش (ینك) کە بارەگای سەرکردایەتی لەوێ بوو، بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی و(حدکا)ش دەزانی، بۆیە هەوڵ درا لە ڕێگەی (حشع)ەوە (پدك) ناوچەکە چۆڵ بکات[٣]. ئەنجام بە نێوەندگیری (حشع)، لە سەر فەرمانی مەسعود بارزانی بۆ ئەوەی شەڕی براکوژی ڕوونەدات، ئەو هێزە لە ناوچەکە بۆ گوندی (شیناوە)[٤]، لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکشێنەوە[٥]. بەڵام لە هەمان کاتدا هێزیکی (ینك) هێرش دەکاتە سەر پێشمەرگەکانی (جود) لە دەشتی هەولێر و ٨ پێشمەرگەی (جود) دەکوژرێن لەگەڵ بەدیل گرتنی چەند

---

(١) جەعفەر مستەفا، گوڵبژێرێك ...، ل ل٧٧-٨٠؛ نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان...، ل٢٦٢.

(٢) م.س-پ.د.ك ،»ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی بەیاننامەی هێزە نیشتمانی و نەتەوەپەروەر و پێشکەوتنخوازەکان کە لەشەشی شوباتدا لە تەرابلوس دەرچوو»، لە١٩٨٣/٢/١٣.

(٣) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٣، ل٢٢١ -٢٢٢.

(٤) شیناوە، گوندێکی خێڵی مەنگوڕەکانە، کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی شاری خانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان . بڕوانە: فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٣، ل٢٢١ -٢٢٢.، ل٥٥.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ خورشید شێرە، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٥.

پێشـمەرگەی تـر، کـە ئەمـەش یەکـەم پێکـدادان بـوو لـە دوای واژۆکـردنی (ڕێککەوتنـی ١٩ قۆڵییەکـەی تەرابلـوس)[١]، بـەو هۆیـەوە ڕێککەوتننامەکـەی تەرابلـوس بـێ نـرخ بـوو و هیـچ ئەگـەر و زەمینەیـەکی بـۆ نزیکبوونـەوەی (ینـك) و لایەنـەکانی (جـود) نەهێشـتەوە[٢].

ڕۆژی ١ی نیسـانی ١٩٨٣هێزێـکی پێشـمەرگەی(پدك) ، لـە سـەر ڕێگـەی نێـوان سـلێمانی- چوارتـا، دەکەونـە کەمینێـکی (ینـك)ەوە، ئەنجـام (جـەزای عـەلی کاتـب)[٣]، چەنـد پێشـمەرگەیەکی تـر دەکرێنـە ئامانـج و دەکوژرێـن[٤]، لـە ڕۆژی دواتـر هێـزەکانی (پـدك) لـە گونـدی (گورەدێـم) لـە ناوچـەی شـارباژێڕ، لـە تۆڵـەی ڕووداوەکـە بۆسـەیەك بـۆ هێـزەکانی (ینـك) دەنێنـەوە و ئـاکام ٨ پێشـمەرگەی (ینـك) دەکوژرێـن[٥]، هەروەهـا لـە هەمـان ڕۆژدا هێزێـکی (ینـك) بـۆ پاککردنـەوەی ناوچـەی شـارەزوور لـە پێشـمەرگەکانی (پـدك) هێـرش دەکاتـە سـەر بارەگاکەیـان سـەرئەنجام ژمارەیـەك لـە پێشـمەرگەکانی دەکوژرێـن[٦]. بـەم شـێوەیە گەرمـتر لـە شـوێنەکانی دیکـە، شـارباژێڕ

---

(١) بۆ زانیاری لەبارەی ڕێککەوتنی ١٩ی تەرابلوس بڕوانە:هەمان بەش، باسی یەکەم.

(٢) (جـود) فـی أربیـل، نداء»حـول أعـمال الإتحـاد الوطنـی الكردسـتانی ضـد أطـراف الجبهـة»، فـی السـادس عـشر مـن شـباط ١٩٨٣.

(٣) جـەزای عـەلی کاتـب، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٤٤ لـە شـاری سـلێمانی، لـە سـاڵی ١٩٦٢ پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی پـارتی دەکات، لـە سـاڵی ١٩٦٥دەبێتـە پێشـمەرگە، لـە مـاوەی (١٩٦٥ – ١٩٧٥) چەنـد پلەیـەکی پێشـمەرگایەتی وەردەگرێـت، لـە پـاش نسـکۆی ١٩٧٥ بـە ماوەیـەکی کـەم لـە ئاوارەیـی دەگەڕێتـەوە بـۆ شـاری سـلێمانی، لـە سـاڵی ١٩٨١ پەیوەنـدی بـە شـۆڕشی گوڵانـەوە دەکات و دەبێتـە ئەندامـی لقـی٤ی پـارتی، بەرپـرسی لێژنـەی ناوچـەی سـلێمانی، لـە ڕۆژی ١ی نیسـانی ١٩٨٣ لـە لایـەن یەکێتـی کـوژرا. بڕوانـە: نەمـری و سـەربەرزی بـۆ کاك جـەزای عـلی کاتـب، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٤٩)، ٢ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٤، ل ل٣ ،٨.

(٤) ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی ـ عێـراق ،هـەواڵ «ڕقـی چەکـدارانی یەکێتـی بـەو ڕادەیـەی گەیشـت کـە ١٠ چەکـداری خۆیـان کوشـت کـە لەگـەڵ شـەهیدی نەمـر جـەزای عـلی کاتـب دابـوون»، لە١٩٨٣/٤/٥.

(٥) مسـتەفا چـاوڕەش، یادەوەرییـەکان، چاپخانـەی سـەردەم، ب.ش، ٢٠١٤، ل٢٣٠ ؛ جەعفەر مسـتەفا، گوڵبژێرێك ...، ل٨٧.

(٦) ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی ـ عێـراق، هـەواڵ» شـەڕفرۆشی دەسـت درێـژی کاری چەکـدارەکانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان بەسـەر هێـزەکانی پارتیـمان لەناوچـەی شـارباژێڕ خزمـەتی یەکێتـی نـاکات»، لـە١٩٨٤/٤/٣.

بـوو بـە مەیـدانی جەنگـی ناوخۆیـی، هـەر چەنـدە لـە١١ی نیسـانی١٩٨٣بە مەبەسـتی خاوکردنـەوەی گـرژی و دوورکەوتنـەوەی شـەڕی براکـوژی لـە ناوچەکـە، پیاوماقـوولانی ناوچەکـە، لەگـەڵ نوێنـەرانی پارتـەکان لەوانـە: نوێنـەری (پـدك) شـەوکەت لهـۆنی، نوێنـەری (حشـع) عەبـدوڵا مـەلا فـەرەج، نوێنـەری (ینـك) ئاسـۆ شـێخ نـووری، لەگـەڵ نوێنـەری (حسـك) کۆدەبنـەوە[١]. بـەڵام کۆبوونەوەکـە هیـچ ئاکامـی نەبـوو، لـەم بـارەوە نەوشـێروان مسـتەفا دەنووسـێت: "لێپـرسراوانی پـارتی ناوبژیوانەکەیـان ڕەتکـردەوە»[٢]، بـەڵام لـە بەرانبـەردا فاتـح ڕەسـووڵ دەنووسێت: "لـە ئەنجامـی کۆبوونەوەکـە هەمـوو پارتـەکان ڕێککەوتـن کـە هەمـوو هێـزەکان کۆتایـی بـە شـەڕی ناوخـۆ و دەسـت لـە پاوانکـردن هەڵگـرن، بـەڵام ئەنجـام یەکێتـی ڕازی نەبـوو بـە ڕاشـکاوی دەریانبـڕی کـە دەسـەڵاتی سـەرەکی لـە ناوچەکـەدا لـە دەسـتی ئەواندایـە، بەهیـچ شـێوەیەك مـاوە نـادەن پێشـمەرگەکانی پـارتی لەناوچەکـە بمێننـەوە»[٣]. بـە بۆچوونـم ئەمـەی دوایـی لـە جێـی خۆیدایـە، چونکـە ئـەو کات یەکێتـی ناوچەکـەی بـە موڵـکی خـۆی دەزانی.

پێکـدادان و شـەڕی ناوخۆیـی تـا دەهـات لـە پەرەسـەندندا بـوو، لـە١٥ی نیسـانی ١٩٨٣ لـە (دۆڵـی خەلـەکان)[٤]، پێکدادانێـك لـە نێـوان (پـدك) و(ینـك) ڕوودەدات، ئەنجـام ٥ پێشـمەرگەی (ینـك) دەکوژرێـن[٢]. لـە ڕۆژی ١٩ی نیسـانی ١٩٨٣ لـە (شـاخی سـورکێو)[٥]، شـەڕێکی قـورس لـە نێـوان هێـزەکانی (ینـك) لەگـەڵ بـەرەی (جـود) بـە بـێ بەشـداری (حشـع) ڕوویـدا، هێـزەکانی (ینـك) توانییـان (پـدك) و (حسـك) دووچـاری شـکان بکـەن، بەرانبـەر بـەوە لـە٢٧ی نیسـانی ١٩٨٣ هێـزەکانی (پـدك) لەگـەڵ (حسـك) و (پاسـۆك) و (حشـع) هێـرش دەکەنـە سـەر مەڵبەنـدی ٤ی (ینـك) لـە بالیسـان[٦]، ٢٣

(١) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...،ب٣، ل٢٤٥.

(٢) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان...، ل٢٥٨.

(٣) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...، ب٣، ل٢٤٥-٢٤٦.

(٤) دۆڵـی خەلـەکان، دۆڵێـکی بەرفراوانـە و کەوتووەتـە نێـوان شـاخی هەیبـەت سـوڵتان لـە ڕۆژئـاوا، شـاخی کـۆسرەت لـە ڕۆژهـەڵات، لـە شـارۆچکەی خەلەکانـەوە دەسـت پـێ دەکات تـا دەگاتـە دووڕیـانی کۆیـە ـ ڕانیـە. بڕوانـە: فاتـح ڕەسـوڵ، چەنـد لاپەڕەیـەك...،ب٣، ل٢٥١.

(٥) شـاخی سـورکێو، زنجیـرە شـاخێکە دەکەوێتـە نێـوان شـارباژێڕ و قـەزای بانـە لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان. بڕوانـە: هەمـان سـەرچاوە، ل٢٥٠.

(٦) صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ العراق السياسی الحديث، بيروت ، ٢٠٠١، ص١٨٥.

پێشـمەرگەی (ینـك) دەكوژرێـن، ٣٢ی دیكەیـش برینـدار دەكرێـن[١]. كەریـم ئەحمـەد دەڵێـت: "سـەرەتا (حشـع) بڕیـاری دابـوو بەشـداری لـەم هێرشـەدا نـەكات، بـەڵام دواتـر لـە ژێـر گوشـاری پـارتی و لایەنـەكانی (جـود) بەشـداریمان كـرد، بـە پێچەوانـەوە ئەندامێتـی ئێمەیـان لـە (جـود)دا دەسـڕییەوە»[٢]. پـاش ئـەم شكسـتە (ینـك) هێزێـكی گـەورە بـە سـەركردایەتی (نەوشـێروان مسـتەفا) كۆدەكاتـەوە، بـۆ پەلامـاردانی بـارەگای سـەركردایەتی (حسـك) و (حشـع) و (پاسـۆك) لـە (قرناقـە و پشـت ئاشـان) لـە نێـوان قـەلادزێ و چیـای قەندیـل، دوای ئامادەكارییـەكی زۆر لـە١ی ئایـاری ١٩٨٣ [٣]، لـە لایـەن (ینـك)ەوە هێرشـیان كرایـە سـەر لەژێـر دروشـمی: (تۆڵـە بەسـەبرە بـەڵام بەزەبـرە) [٤]، ئەنجـام شكسـتێكی گـەورە بـەر هێـزەكانی (حشـع) و (حسـك) و (پاسـۆك) كـەوت، ٦٤كـەس لـە (حشـع) و ١٣كـەس لـە (حسـك)، چەند كەسێكی (پاسـۆك) كـوژران و دەیان كـەس لـە (ینـك) كـوژران، هەروەهـا بەتـەواوی بـارەگاكانی ئـەم پارتانـە كەوتنـە دەسـتی (ینـك) [٥]. لـە ئەنجامـی ئـەم شـەڕەوە دوو بەرپـرسی گـەورەی (حشـع) لەوانـە: (كەریـم ئەحمـەد، ئەحمـەد بانیخێـلانی) كەوتنـە دەسـتی (ینـك) [٦]، پاشـماوەی هێـزەكانی (جـود) كشـانەوە بـۆ ناوچـە سـنوورییەكانی ئێـران[٧]. بەرانبـەر بـەم هێرشـە لـە٦ی ئایـاری ١٩٨٣ لایەنـەكانی (جـود) لـە بەیاننامەیەكـدا بـە توونـدی سـەركۆنەی سیاسـەتی (ینـك) دەكـەن و ڕایانگەیانـد: " هێـزەكانی یەكێتـی بـە پاڵپشـتی و ئـاگاداری حكوومـەتی عێـراق ئـەم هێرشـەی ئەنجـام داوە»[٨]. هەروەهـا لـە١٥ی ئایـاری ١٩٨٣، مەكتـەبی سیاسـی (پـدك) بەجیـا لـە بەیاننامەیەكـدا سەرزەنشـتی ئـەم كـردەوەی (ینـك)دەكات، بـە سـەرچاوەیەكی تێكـدەر لـە برایـەتی كـورد و عـەرەب لـە قەڵـەم دەدات [٩]. لـە بـەر ئـەوە زۆربـەی

---

(١) أوك، بيان «تديب تأمر أطراف (الجود) على وحدة الصف الوطنى»، فى تموز١٩٨٣.

(٢) چاوپێكەوتن لە كەریم ئەحمەد، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٩.

(٣) على سنجارى، القضية الكردية...،ج٢، ص٢١١.

(٤) چاوپێكەوتن لەگەڵ مسعود عبدالخالق، هەولێر، ٢٠١٦/١/٢١.

(٥) صلاح الخراسان، المصدر السابق، ص١٨٥.

(٦) محمد خدر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

(٧) فاتح ڕەسوڵ، لە كاروانێكی...، ل٢٤٤.

(٨) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشكۆی ژمارە (١٣).

(٩) م.س ـ ح.د.ك، بيـان» (أوك) اعـداء الأخـوة العربيـة الكرديـة و(شرطـى) الدكتاتوريـة عـلى السـاحه الكردسـتانيه»، فـى ١٥/ئايـار/١٩٨٣.

قوربانیـانی ئـەم شـەڕە عـەرەب بـوون و زیاتـر سـەر بە(حشـع)بوون.

لـەو کاتـەدا کەریـم ئەحمـەد، کـە ئـەوکات لای (ینـك) دەستبەسـەر بـوو، لـە گـەڵ جـەلال تاڵەبـانی، لـە ٥ی ئایـاری ١٩٨٣ بەیاننامەیـەکی هاوبـەش ئاراسـتەی هێـزەکانی (ینـك) و (حشـع) دەکـەن کـە دەسـتبەجێ شـەڕ ڕابگـرن لەگـەل یەکـدی[١]. بـەڵام لـە وەڵامـدا سـەرکردایەتی (حشـع) ئـەم پێشـنیارە ڕەتدەکاتـەوە، پێیـان وابـوو کەریـم ئەحمـەد دیلـە و دەسـەڵاتی دەرکردنی هیـچ ڕێککەوتـن و بەیاننامەیەکی نییـە[٢]، هەروەها لـە١٠ی ئایـار مەڵبەنـدی سـلێمانی (ینـك) و بەرپرسـانی (حشـع) لـە سـلێمانی بەیانێکیـان دەرکـرد لـە سـەر ئـەوەی ڕێککەوتبـوون (حشـع) لـە سـلێمانی و دەوروبـەری لـە گـەڵ هێـزەکانی دیکـەی (جـود) تێکـەڵاو نەبێـت، بـەڵام ئەویـش سـەری نەگـرت و، (حشـع) وای لێکدەداتـەوە کـە ئـەم ڕێککەوتنـە لـە بەرژوەنـدی (ینك)دایـە[٣].

پاش ئەو شکسـت و کارەسـاتەی بە سـەر هەر سـێ پـارتی ناو بەرەی (جـود)دا هاتبوو، جارێکی تر هەوڵی ڕێکخسـتنەوەی هێزەکانیان دەدەن، بۆ ئەم مەبەسـتە لە١ی حوزەیرانی ١٩٨٣، سـکرتاریەتی بـەرەی (جـود) لـە مەکتەبی سیاسـی (پـدك) لـە (ڕاژان) کۆدەبێتەوە و، بڕیـار دەدات کـە پەلـە بکرێـت بـە زووتریـن کات هێـزەکانی (جـود) بگەڕێنـەوە بنـاری قەندیـل، لـە هەمـان کاتـدا کۆمیتەیـەکی سـەربازی بـۆ سەرپەرشـتی و ڕێکخسـتنەوەی هێـزەکانی پارتـەکانی ناوبـەرەی (جـود) دروسـت دەکرێـت[٤]، کـە بڕیـاری دابوو لـە مانگی حوزەیرانـدا هێـزەکانی بگەڕێنەوە بۆ کێوی قەندیل بۆ هێرشـکردنە سـەر بنکە و بارەگاکانی (ینـك)، بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش هێزێـکی (پـدك) بـەڕێ کەوتبـوو بـەرەو (کونـە مشـکێ)[٥]، بـەڵام لەبـەر بارودۆخـی سـەختی (پـدك) لـەکاتی خۆیـدا هێرشـەکە ئەنجـام نـەدرا، کە لە چـوار لاوە لـە شـەڕدابوو، لـە لایـەك (ینـك)، (حـدکا) لە دەشـتی (وەزنـێ) لەگـەڵ (پدك)

---

(١) کەنـدال و ئـەوانی تـر، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٤٠٩؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ کەریـم ئەحمـەد، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٩.

(٢) ژیلوان عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٨٩.

(٤) بـۆ زانینـی نـاوی ئەندامـەکانی کۆمیتـەی سـەربازی (جـود) بڕوانـە: فاتـح ڕەسـوڵ، چەنـد لاپەڕەیـەك...،ب٣، ل٣٠٤.

(٥) کونـە مشـکێ، گوندێـکی بچـووکی نزیـك سـنووری ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانە، چەنـد کاتژمێرێـك لـە ناوزەنگـەوە دوورە. بڕوانـە: فاتـح ڕەسـوڵ، چەنـد لاپەڕەیـەك...،ب٢، ل٢٣٥.

لـە شـەڕدابوون، لـە ناوچـەی بادینـان لەگـەڵ حکوومـەتی عێـراق لـە شـەڕێکی دژواردابوو، هـاوکات تورکیـاش بەڕێکـەوت لەگـەڵ عێـراق هێـرشی کردبـووە سـەر سـنووری لقـی١ و ناوچـە ئازادکـراوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی (پـدك) لە سـنووری بادینـان[1]. بۆیە هێرشـەکەی لە کاتی خۆیـدا ئەنجـام نـەدا، جارێکی تر کۆمیتەی سـەربازی (جود)، بـە ئامادەبوونی ئیدریس بـارزانی، لـە ڕۆژانی ٢٨- ٢٩ی حوزەیـرانی ١٩٨٣ لـە کێـوی قەندیـل کۆدەبنـەوە و چەنـد بڕیارێـك دەدەن، یەکێـك لەوانـە ئامـادەکاری بەپەلـە بکرێـت بـۆ گێڕانـەوەی هەندێـك ناوچـەی گرنـگ و سـتراتیژ بـۆ ژێـر دەسـەڵاتی هێـزەکانی (جـود) بـۆ پاراسـتنی ناوچەکـە، بـۆ ئـەوەی بتوانـن بـە ئاسـانی پلانی گرتنـەوەی شـوێنە لە دەسـتچووەکان جێبەجـێ بکەن، ئەنجـام لـە سـەرەتای مانگی ئـابی ١٩٨٣ هێزەکانی (جـود) گەڕانەوە ناوچـەی (قەلاتوکان و پشـت ئاشـان...تاد)، لـە بنـاری قەندیـل، بـەڵام ئـەوەی کە (جـود) چاوەڕێی دەکـرد بەدی نەهـات، لەبـەر ئـەوەی فڕۆکـە جەنگییـەکانی عێـراق بـە توونـدی ناوچەکەیـان بۆردومـان دەکـرد، لـە لایـەکی دیکەیشـەوە (جـود) پشـتی بە ئێـران بەسـتبوو، پێشـبینی ئـەوە دەکرا کـە هێـزەکانی ئێـران لە هێرشی حاجـی ئۆمـەران زۆر بچنە پێش و حکوومـەتی عێراق خۆی نەگرێـت و، لـە ناوچەکـە دەربکرێت و هێزەکانی (پدك) بەرەو دۆڵـی باڵەیان بچن و ئینجا ناوچەکـە لـە (ینـك) وەربگرنـەوە، بـەڵام عێـراق لـەو کاتـەدا بەرگرییەکی باشی کـرد و توانی هێـرشی ئێـران ڕابگرێـت[2]. ئەمـەش کاریگـەری خراپی لە سـەر ئەو نەخشـەیە هەیبوو کە هێـزەکانی (جود) دایانڕشـتبوو، بـە پێچەوانەی ئەوەی هێزەکانی (پـدك)و لایەنەکانی (جود) چاوەڕێیـان دەکـرد، لـە٣١ی ئـابی١٩٨٣، هێـزەکانی (ینـك) هێرشـیان کـردە سـەر هێزەکانی (جـود) لـە شـاخی (کونـە کوتـر)[3] کـە تـەواوی ئـەم زنجیـرە شـاخە لە دەسـت هێـزەکانی (پدك)دا بوو بە سـەرکردایەتی (حەسـو میرخان ژاژۆکی)، ئەنجام دەسـت بەسـەر شاخەکەدا دەگـرن و هەمـوو پێشـمەرگەکانی(پدك) کـە ژمارەیـان ٤٦ کـەس بـوو کـوژران[4]، دوویـان فەرمانـدەی کۆمـاری کوردسـتان و شـۆڕشی ئەیلوول بـوون لەوانە: (حەسـو میرخان ژاوژکی

---

(١) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...،ل٢٨٨.

(٢)د.علی تەتەر، هەمان سەرچاوە...، ل٢٨٩.

(٣) کونـە کۆتـر، لوتکـەی شـاخێکی بـەرزە کەوتووتـە نێـوان گونـدی ئینـدز و کوێلـە لـە ڕۆژئـاوای شـاخی قەندیـل و لـە لقێـکی شـاخی قەندیـل دەژمێردرێـت .بڕوانـە: فاتـح ڕەسـوڵ، چەنـد لاپەڕەیـەك...،ب٣، ل٣٢٢.

(٤) بۆ زانینی زانیاری زیاتر لەبارەی زیانەکانی شەڕەکە بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ل٣٣٣ -٣٤٦.

و عەبدولڕەحیـم جەسـیم) [1]، هەروەهـا لـە تۆڵـەی شـەڕی هـەکاری ١٩٧٨، لاشـەکانیان پارچـە پارچـە و شـوێن بزرکـران [2].

هەڵبەت شـــەڕی دووەمی پشت ئاشان بە بەراورد لەگەڵ شـــەڕەکانی دیکەی ناوخۆ جیاوازبـــوو، بە ئاشـــکرا جەنگی (عێـــراق ـ ئێران) کاریگەری لەســـەر بـــوو، لایەنەکانی شـــەڕکەر لە لایـــەن عێـــراق ـ ئێرانەوە پشـــتگیری دەکـــران، بە جۆرێـــك حکوومەتی عێراق پاڵپشـــتی (ینـــك) و، حکوومەتی ئێران پاڵپشـــتی (جود)ی دەکـــرد[3]. لەم بارەوە ئازاد کاکل بەشـــداربووی شـــەڕەکە، دەنووســـێت: "ڕژێمی بەعس بەتەواوی هاوکاری و پاڵپشـــتی یەکێتی دەکـــرد، ئێرانیش هـــاوکاری تـــەواوی بەرەی (جـــود)ی دەکرد»، هەروەها ناوبراو دەنووســـێت: "من بەچـــاوی خۆم هەندێك (پاســـداری ئێران)م بینی جیهازی کوڵەپشـــتیان پێ بـــوو، هەروەها ئاماژە بـــەوە دەکات هێلیکۆپتەرەکانی ڕژێمی بەعـــس دەهاتن ڕەمیـــان لە هێزەکانی (جـــود) دەکرد»[4]. هەر لەم بارەوە ســـەید کاکە کە ئەوکات لە شـــەڕەکەدا لێپرسراوی هێزەکانی (حســـك) بوو، دەنووســـێت: "ڕۆژانە ٤ ـ ٥ فڕۆکەی جەنگـــی عێراق لە جۆری بیلاتـــوز لە هێزی (جود)یـــان دەدا، جگە لەوەش فیشـــەك و چـــەك و تفاقیان بۆ یەکێتی دابیـــن دەکرد»[5]. لە بارەی هێـــزەکانی ئێرانەوە فاتح ڕەســـووڵ دەنووســـێت: "بەهاتنی ســـەرباز و پاســـدارانی ئێران لەپـــاڵ هێزەکانی پارتی، ناڕەزایی و نیگەرانی (حشـــع) لێ کەوتەوە، بۆ ئەم مەبەســـتە بـــە نووسراو داوای لـــە لێژنەی بـــاڵای (جود)کرد ئەگەر هێزەکانی ئێـــران دوورنەخرێنـــەوە ئێمە ئامادەنین لەژێر فەرماندەکانی ئێران شـــەڕ بکەیـــن»[6]. ئەم ناکۆکییەش درێژەی کێشـــا، کاریگەری ئەرێنی لە ســـەر (ینـــك) هەبوو بـــۆ کۆکردنـــەوە و ئامادەکردنی هێز بۆ هێرشـــکردنە ســـەر هێزەکانی (جود)[7]. دواجار هێـــزەکانی (ینك) لە ئەیلـــوولی ١٩٨٣ لە٨ قۆڵەوە کە ژمارەیـــان نزیکەی ٢٣٠ چەکدار بوو هێرشـــێکی لەناکاو دەکەنە ســـەر هێزەکانی (جود)

(١) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتر...، ل٣٢٠.

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ مسـعود عەبدولخالـق، هەولێـر، ٢٠١٦/١/٢١. لـەو کاتـەدا ناوبـراو بەشـداربووی شـەڕەکە بـوو لـە ڕیـزی هێـزەکانی یەکێتـی.

(٣) فاروق محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

(٤) ئازاد کاکل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

(٥) سەید کاکە، بیرەوەری...، ل٢٠٨.

(٦) فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...، ب٣، ل٣١٩.

(٧) هەمان سەرچاوە، ل٣٢٠.

و ئەنجام هێــزەکانی (جــود) نەیانتوانی ســەربکەون[1]، ڕووبــەڕووی زیانێکی گەورەی گیــانی و ماددەی بوونەوە، پاشــان بۆ ســنوورەکانی دیــوی ئێران پاشەکشــێیان کرد[2]. ســەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن یەکێك لە هۆیەکانی ســەرکەوتنی (ینك) لەم شەڕەدا بۆ بــەرزی ورەی شــەڕکەرانی دەگەڕێتەوە بە هۆی ســەرکەوتنیان لەشــەڕی یەکەمی پشــت ئاشــان، هەر وەك مەســعود بارزانی دەڵێت: " لە تاکتیکەکاندا یەکێتی لە پارتی ســەرکەوتووتر بوو، کاتێك کە هێــزەکانی پارتی بە فەرماندەی (حەســو میرخان ژاژوکی) لــە مانگی شــوباتی ١٩٨٣، دەیانتوانی ســەرکردایەتی یەکێتی بگرن، بــەڵام ئەم کارەیان نەکرد لە ســەرداوای هێزە کوردســتانییەکان، بۆ ئەوەی شــەڕی براکــوژی ڕوونەدات، پارتی هێزەکانی کشــانەوە لەناوچەکــە»[3]. لەم ڕووەوە جەلال تاڵەبانی بە قادر ڕەشــید بەرپرسی (حشــع)ی گوتبــوو، لەو کاتــەدا هێزێکی وایــان نەبوو کە بتوانــن بەرگری لــە خۆیان بکــەن، لە ناوزەنــگ تەنیا ٥٠ پێشــمەرگەی (ینك) هەبوو، بەڵام (حەســو میرخــان) هێزێکی گــەورەی لە گەڵ بــوو، بۆیە تاڵەبــانی بە کەریم ئەحمــەد و قادر ڕەشــیدی گوتبوو: " ئەگەر (حشــع) نەبوایە حەســو میرخان ناوزەنگــی دەگرت»[4]. هەر چەندە ئــەم شــەڕە دوژمنایەتییەکی ئەوتۆی دروســت کرد لە نێــوان لایەنەکانی (جــود) لەگەڵ (ینك) تــا کۆتایی ئەم قۆناغە، وێرای بوونی شــەڕی ناوبەنــاو لە نێوان هێزەکانی (جود) بە تایبەتی (پدك) و (ینك)، هیچ شــەڕێکی هاوشــێوەی پشــت ئاشــان بەزەبر و کاریگــەر ڕوونادات[5].

بەم شــێوەیە لەژێر تیشــکی هەلومەرج و دەرفەتێکی لەبار، کە گەورەترین دەرفەتی سیاســی و لەشکری بوو بۆ ســوودوەرگرتن لە شــەڕی عێراق ـ ئێران، بەڵام بە داخەوە لە ســایەی بەرهەمی هزری هێزە سیاســییەکانی باشــووری کوردســتان ئەم دەرفەتەی لە دەســت گەلی کورد چوو لــەو پارچەیەدا، لــەم ڕووەوە پارتی دیموکراتی کوردســتان ســەرەڕای ئەوەی کە لە زۆربــەی کات و بۆنەدا خۆی وەك هێزێکی ئاشــتی و بڕوابوون

(١) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان ...، ل٣١٨ -٣١٩.

(٢) ئازاد کاکل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

(٣) لە: د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٢٩٠وەرگیراوە.

(٤) لە: هەمان سەرچاوە، ل٢٩٠ وەرگیراوە.

(٥) بــۆ زانیــاری زیاتــر بڕوانــە: ئێمــە و یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان، خەبــات، ڕۆژنامــە، ژ:(٥٥٨ – ٥٥٩)، کانــوونی دووەمــی ١٩٨٦، ل١١.

به دیالۆگ و خەبــاتی هاوبەش پیشـــان دەدا، بەڵام لەڕووداوەکانــدا دەردەکەوێت کە بەشــێکی گرنگی شـــەڕی ناوخۆ پێکدەهێنێت و، بێ هیچ گومانێك بەم شـــەڕە زیانێکی گەورەی بە پێشـــڤەچوونی بزاڤی گـــەلی کورد و ناوبانگی پارتی و هێزە کوردســـتانییەکان بەگشـــتی گەیاند و، بەشـــێکی زۆری وزە و توانـــای هێزی کورد بەدرێژایـــی ئەو ماوەیە لەدژی یەکتر بـــە فیڕۆدرا.

# باسی پێنجەم

# هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و باشووری کوردستان

## أ- هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران:

جەنگی عێراق ـ ئێران (١٩٨٠ ـ ١٩٨٨) بە درێژترین جەنگ لە مێژووی هاوچەرخی جیهان دادەنرێت، هۆکاری هەڵگیرسانی ئەم جەنگە گەلێك زۆرن لەوانەش هۆکاری سیاسی و ئابووری و ئایدۆلۆجی ...تاد، بەشێکی سەرەکی هەڵگیرسانی جەنگەکە پەیوەندی بە کێشە مێژووییەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەوە هەبووە، بەشێکی دیکەیش پەیوەندی بە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەوە هەیبووە کە لە ناوخۆی هەریەك لەو دوو دەوڵەتەدا سەری هەڵدا، گرنگترین کێشەی مێژوویی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە کێشەی سنووری بوو، کە بەدرێژایی مێژوو ڕەنگدانەوەی خراپی لە سەر پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەت هەبووە[1]. هەڵبەت کێشەی سنوور پەیوەندی بە لایەنی سێیەمەوە هەبوو کە ئەویش نەتەوەی کوردە، لە سەر خاکی کوردستان. ئاشکرایە کێشەی سنوور لەنێوان ئەم دوو وڵاتە دراوسێیە مێژوویەکی دووری هەیە کە بۆ سەردەمی حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانی (١٣٠٠ ـ ١٩٢٣) و دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١ ـ ١٧٢٢) دەگەڕێتەوە، بەدیاریکراوی لە دوای شەڕی چالدیران لە ساڵی ١٥١٤ لە نێوان هەر دوولا، بەردەوام لەسەر خاکی کوردستان لە کێشە و لەشکرکێشیدا بوون بۆ سەریەکتر، بەڵام پاش لێکدانی هەرسێ ویلایەتی بەغدا و بەسرە و مووسڵ لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی (١٩١٤- ١٩١٨) و دامەزراندنی

(١) هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی دراوسێ ئێران و تورکیا و سوریا (١٩٩١- ٢٠٠٣)، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٦٩.

دەوڵـەتی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٢١ لـە سـەر نەخشـەی ئـەم ویلایەتانـە، لـەو کاتـەوە پەیوەندییـەکانی عێراق لەگـەڵ ئێـران لـە دۆخێـکی باشـدا نەبـوو[١]، بەپێچەوانـەوە دوای ڕووخـانی ڕژێمـی پاشـایەتی عێـراق لـە١٤ی تەممـووزی ١٩٥٨ دۆخەکـە ئاڵۆزتربـوو، لەبـەر ئـەوە عێـراق لـە پەیـمانی بەغـدای ١٩٥٥ هاتـە دەرەوە، دوای کودەتـای یەکەمـی بەعسییەکان لـە٨ی شـوبات١٩٦٣ پەیوەندییەکانیـان بـەرەو گـرژی و ئاڵـۆزی زیاتـر چوو، لەتەممـووزی ١٩٦٨ و ئـاداری ١٩٦٩دا حکوومـەتی عێـراق و ئێران چەندان دانوسـتاندنیان لەگـەڵ یـەك سـازدا ، بـەڵام بـێ ئەنجـام بـوون، ئێـران بـەردەوام داکـۆکی لـە سـەر ئـەوە دەکـرد کـە دەبوایـە عێـراق دان بەمافـەکانی ئێرانـدا لـە شـەتولعەرەب بنێـت، کـە لـە زۆر کۆنـەوە ناکۆکییـان لـە سـەر هەبـوو[٢]. دوای واژۆکـردنی ڕێککەوتنامـەی جەزائیـر لـە ٦ی ئـاداری ١٩٧٥، وا هەسـت دەکـرا کـە ململانێـی نێـوان هـەر دوولا کۆتایـی هـات، بـەڵام وای نەبـوو لەبـەر ئـەوە سـەدام حسـێن بـە ناچـاری بـۆ لەباربـردنی شـۆڕشی کـورد سـازشی بـۆ ئێـران کردبـوو، دەسـتبەرداری بەشـێکی گرنگـی خـاکی عێـراق بـوو بـۆ ئێـران، بۆیـە سـەدام حسـێن وەك ئامانـج بـەردەوام لـە هەوڵـی گەڕانـەوەی سـەروەری خـاکی عێراقـدا بـوو، بـە تایبـەت لەکاتێکـدا کـە عێـراق ڕەوشی تـازەی ئێـرانی بـە دەرفـەتی زێڕین دەزانی کـە تـازە ڕژێمـی شـا ڕووخابـوو، ڕژێمێـکی نـوێ (کۆمـاری ئیسـلامی) دروسـت بووبـوو، لـەم ڕووەوە سـەرجەم دامـودەزگاکانی دەوڵـەتی ئێـران ڕۆڵیـان نەمابـوو، ئێـران بـە قۆناغێـکی لاوازدا تێدەپـەڕی، دواتـر چەنـدان پێشـهاتی دیکـە بەدوایـدا هـات، عێـراق یـەك لایەنـە هەڵوەشـانەوەی ڕێککەوتنامـەی جەزائیـر ڕادەگەیەنێـت، بـە ئامانجـی گێڕانـەوەی بارودۆخەکـە بـۆ بـەر لـە ڕێککەوتنامـەی ناوبـراو[٣]. ئەمـەش گرنگتریـن فاکتـەری هەڵگیرسـانی جەنگـی نێـوان عێـراق و ئێـران بـوو، کـە لـە بنەڕەتـدا لـە سـەر کـورد ڕێکخرابـوو، کـە لـە سـەرەوە بـاس کـرا، بەپێـی ڕێککەوتنەکـە عێـراق لـە سـەر بەشـێکی گرنگـی خاکەکـەی سـازشی بـۆ ئێـران کردبـوو بـۆ لەناوبـردنی هەتاهەتایـی شـۆڕشی کـورد، بـەڵام هـەر زوو سـەرەڕای هەوڵـەکانی عێـراق و ئێـران، لـە سـەردەمی

---

(١) د.دلێـر حەقـی شـاوێس، شـەڕی عێـراق و ئێـران بەشـێوەیەکی دیکـە بەردەوامـە، گـوڵان، گۆڤـار، ژ: (٢٩)، ٢٠٠٠/٨/١٠، ل١٧.

(٢) د.جمال فەتحوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠.

(٣) ئیبراهیـم خلیـل ئەحمـەد و ئـەوی تـر، مێـژووی ئێـران و تورکیـا (توێژینەوەیـەك لەمێـژووی تـازە و هاوچـەرخ)، و: بەهادیـن جـەلال مسـتەفا، چ٢، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١١، ل٢٤٠.

شـادا، (پـدك) شـۆڕشی ٢٦ی گـوڵانی ١٩٧٦ هەڵگیرسـاند، بەمـاوە ڕێژەیـەکی کەمیـش بەهێـزی شـۆڕشی کـورد لـە کۆنتڕۆڵـی هـەر دوولا دەرچـوو، کـە ئەمـەش بەخراپـی بەسـەر خـودی سـەدام حسـێندا شـکایەوە کـە خـۆی بـەدۆڕاوی گـەورە دەزانی. بۆیـە بـە هـەر شـێوە و نرخێـك بێـت چاوەڕێـی هەلێـك بـوو کـە ئـەو ناوچانـە بگەڕێنێتـەوە کـە پێشـتر بەناچـاری دەسـتبەرداریان بووبـوو، بـە تایبـەتی پـاش سـەرکەوتنی شـۆڕشی گـەلانی ئێـران، (سـادق تەباتەبائـی) وتەبێـژی فەرمـی ئەوسـای کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، لـە ١٩ی حوزەیـرانی ١٩٧٩ ڕایگەیانـد کـە ئێـران ملکەچـی ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر نابێـت[١]. بەمـەش پەیوەندییـەکانی نێوانیـان ئاڵۆزتـر دەبێـت و دەرگـە لەبـەردەم سـەدام حسـێندا دەکاتـەوە، بەپێـی دیـدی (پـدك) هەڵگیرسـانی جەنگـی عێـراق ـ ئێـران هـەر لـە ڕۆژی مۆرکـردنی ڕێککەوتننامـەی جەزائیـرەوە کەوتبـووە زکی دایکییـەوە[٢]. دوای ئـەم پێشـهاتانە ناوبەنـاو شـەڕوپێکدادان لەنێـوان هـەردوو وڵات دەسـت پێـدەکات، بەپێـی بەشـێك لـە سـەرچاوەکان لـە مـاوەی دوای ڕووخـانی ڕژێمـی شـای ئێـران تـا ١٩٨٠ لـە سـنوورەکانی نێـوان عێـراق ـ ئێـران ٥٦٠ پێکـدادان تۆمارکـراوە[٣]. لـەم بـارەوەش سـەرکردەکانی هـەردوو دەوڵـەت یەکتریـان بـە تۆپبارانکـردنی لاکـەی تـر تۆمەتبـار دەکـرد، هـاوکات عێـراق داوای لـە ئێـران دەکـرد کـە هێـزەکانی خـۆی لـە (زەینولقـەوس و سـەیف سـەعد) لـە سـەر سـنووری نێـوان هـەر دوولا بکێشـێتەوە، بـەڵام داواکـەی عێـراق لـە لایـەن ئێرانـەوە ڕەتکرایـەوە، بەرانبـەر بـەوە عێـراق ئـەو ناوچانـە بوردومـان دەکات[٤]. ڕۆژی ٤ی ئەیلوولی ١٩٨٠ ئێرانیـش ناوچـەکانی (خانەقیـن و زرباتیـە) تۆپبـاران دەکات[٥]. بـەڵام تـا ئیسـتا بـە فەرمـی شـەڕ لەنێـوان هـەر دوولادا هەڵنەگیرسـابوو.

(١) سـۆزان نـاسر مسـتەفا، ئۆپراسـیۆنێن ئەنفالـێ ل کوردسـتانێ دەرئەنجـام و کاردانەڤـە (٢٣ی شـوبات ـ ٦ی ئەیلـوول ١٩٨٨) ڤەکۆلینـەکا مێژوویيـە، نەمایـەکا ماستەرێ (بـلاڤ نەکـری)، بـۆ جڤـاکا کولیـژا ئادابـێ لـە زانکۆیـا دهـۆك هاتیـە پێشکێشـکرن، ٢٠١٢، ل٩.

(٢) ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق، وتار «وێنەکانی صدام و گوبلز یەکن»، لە١٩٨٠/١٢/٢٧.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: د.صالـح مـلا عمـر عیـسی، قەیـران خوڵقێنـی زلهێـزەکان لە کوردسـتان ـ عێـراق، و: سـلێمان تاشـان، مەکتـەبی ناوەنـدی دیراسـات و پێگەیانـدنی حـزبی، هەولێـر، ٢٠٠٨، ل٢٠٠.

(٤) فاروق محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.

(٥) خانەقیـن و زرباتیـە، دوو ناوچـەی گرنگـی سـنووری بـوون، بـە پێـی ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر، ئێـران دانی بـەوەدا نابـوو کـە ئـەم ناوچانـە خـاکی عێراقـن، بەڵێنـی دابـوو ناوچەکـە چـۆڵ بـکات، بـەڵام لـە بەڵێنەکـەی پاشـگەز بووەوە.بڕوانـە: سـۆزان نـاسر، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٠.

لـە١٧ی ئەیلـوولی ١٩٨٠ (ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش) لـە کۆبوونەوەیـەکی ئاسـایی خۆیـدا بەفەرمـی بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی ڕێککەوتنەکـە دەدات، سـەدام حسـێن لەبـەردەم (ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش)دا وتارێـکی دوورودرێـژی دا، لەسـەر شاشـەی تەلەڤزیـۆن لەپێـش چـاوی هەمـوو دنیـا وێنەیـەکی ڕێککەوتننامەکـەی دڕانـد و داوای لـە ئێـران کـرد مامەڵـەی ئاسـایی لەگـەڵ ئـەو بڕیـارەی عێـراق بـکات و شـەڕ لـە نێـوان هـەر دوولادا هەڵنەگیرسـێت[١]. لەچوارچێـوەی ئـەم پەیوەندییـەدا، دواجـار ڕۆژی ٢٢ی ئەیلـوولی ١٩٨٠ عێـراق هێرشـێکی ئاسـمانی چڕوپـڕ دەکاتـە سـەر چەنـد فڕۆکەخانەیـەکی وڵاتی ئێـران[٢]، کـە سـەرچاوەکان مەزەنـدە دەکـەن بـە١٩٢ فڕۆکە بەشـدارییان تێـدا کـردووە. حکوومـەتی عێـراق وای دانابـوو کـە دەتوانێـت لـە چەنـد هەفتەیەکـدا بـە چەنـد پرۆسـەیەکی جەنگـی سـەرکەوتنی گـەورە بەدەسـت بهێنێـت، سـەرەڕای سـەرکەوتنە سـەرەتاییەکان، عێـراق نەیتـوانی ئامانجـەکانی بـەدی بهێنێـت تەنیـا بەشـێکی کـەم نەبێـت، کـە بارودۆخەکـە بەپێچەوانـەی چـاوەڕوانی عێـراق، لـە بەرژەوەنـدی ئێرانـدا شـکایەوە و نەیتـوانی چـۆك بـە ئێرانـدا بـدات[٣].

هەڵگیرسـاندنی جەنـگ کاریگـەری لـە سـەر هێـز و دەوڵەتـانی ناوچەکـە هەبـوو، هێـزەکانی دژی عێـراق، هێـزەکانی دژی ئێـران لـە بەرانبـەردا کەوتنـە جـووڵان و وەرگرتنـی هەڵوێسـت، هێـز و پارتـە سیاسـییەکانی باشـووری کوردسـتانیش هـەر یەکەیـان لـەلای خۆیـەوە بەپێـی تێگەیشـتن و دیـدی خـۆی کەوتنـە هەڵوێسـت وەرگرتـن و هەوڵـدان بـۆ کەڵـك وەرگرتـن لـە تەقینـەوەی ناکۆکییـەکانی نێـوان عێـراق ـ ئێـران، ئەویـش چ بـە دروسـتکردنی بـەرە (محـور) لەگـەڵ هێـز و پارتـەکانی تـردا دژ بـە ڕژێمـی عێـراق[٤]. کـە ئەمەیـش شـتێکی سروشـتی بـوو لەبـەر ئـەوە دوژمنـی سـەرەکی کـورد بـووە، هەمـوو کوردێـك ئـارەزووی لەناوچـوونی ئـەم ڕژێمـە هەبـوو.

سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی (پـدك) لـە یەکەمیـن بەیاننامەیـدا ڕۆژی ٢٣ی ئەیلـوولی

---

(١) کامەران بابان زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٤؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:پاشکۆی ژمارە (١١).

(٢) روبـر أولسـن، المسالة الكردية فى العلاقات التركية ـ الإيرانية، ت: د.محمد إحسان، مطبعة وزارە التربية، أربيل ، ٢٠٠١، ص٤٦؛ د.جـمال فەتحـوڵا، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٢٨.

(٣) چارلـز تریـپ، چەندلاپەڕەیـەك لـە مێـژووی عێـراق، و:محەمـەد حوسـێن ئەحمـەد و ئـەوی تـر، چ٣، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٣،ل٣٢٩.

(٤) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری...، ل٢٤٩.

١٩٨٠ دەربارەی هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان عێراق ـ ئێران، واتە یەك ڕۆژ دوای هەڵگیرسانی جەنگەکە، حکوومەتی عێراق بە تاوانکار و خەتاباری سەرەکی هەڵگیرساندنی جەنگ ناساند، لەبەیاننامەکەدا هاتبوو: "هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران دەستدرێژیکارانە و ناڕەوایە، دژی خواست و ئیرادە و بەرژەوەندی باڵاکانی گەلانی عێراقە، هەروەها لەبەشێکی دیکەدا هەڵگیرساندنی جەنگەکە بەمەترسی نەك تەنیا دژی گەلانی ئێران، بەڵکو بۆ سەر بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و تەواوی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە لە قەڵەم دابوو، لە سەرێکی تریشەوە هۆشداری دابوو کە شەڕەکە مەترسییەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندی و ئاسایشی گەلانی جیهان بەگشتی دروست دەکات، هاوکات وای بۆ دەچوو کە هەڵگیرساندنی جەنگ لەلایەن عێراقەوە ئەلقەیەکە لەپلانەکانی ئیمپرالیزم»[1]. مەسعود بارزانی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری (الهدف)ی فەلەستینی گوتبووی: "شەڕی ڕژێمی عێراق دژی ئێران واتا شەڕێکی ئەمریکی زایونستییە، لەلایەن ئەمریکاوە ئامادەیی بۆ کراوە کە بە هاوکاری ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بەرپاکرا دژ بە گەلان و گشت ڕژێمێکی پێشکەوتنخواز، هێزێکی تێکۆشەری دژ بە ئیمپرالیزم (ئێران- لێکۆڵەر)»[2]. بەپێی سەرچاوەکان ئەم بۆچوونەی (پدك) ڕاست دەرچوو، لەبەر ئەوە پاش ڕاوەستانی شەڕ ئەم بۆچوونە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایشیش لە٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ پەسەندکرابوو، ئەم جەنگە بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی گەلان، (سەدام حسێن)یش بە دەستپێشخەری جەنگ ناساندبوو[3]. هەروەها بۆچوونەکەی (پدك) سەلماندی کە ئەم شەڕە جگە لە کاوڵکاری و ماڵوێرانی و زیانی گیانی و ماددی هیچی دیکەی لە بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە نەبوو و هەموو زەرەرمەند بوون و پاشان بوو بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاشتی و تەناهی هەموو گەلانی ناوچەکە و لە سەر ئاستی جیهانیش کاریگەری دیاری هەبوو[4].

(١) بۆ زیاتر لە بارەی ناوەڕۆکی بڕوانە: سەدام ناوچەکەی تێوەگلاند،خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٥٧٢ – ٥٧٣)، تشرینی دووەمی١٩٨٧، ل١.

(٢) ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق، وتار «پارتیمان پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران دەکات»، له١٩٨١/٦/١٦.

(٣) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٦٥.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٦٦.

هەروەهـا (پـدك) هـەر زوو چاوەڕوانی ئـەوەی دەکـرد کـە ئـەم جەنگـە دژ بـە بزاڤـی گـەلی کـورد و تەنانـەت بـە هەڕەشـە بـۆ سـەر خـودی ناسـنامەی نەتـەوەی کـوردە، نـەك تەنیـا دژی گـەلانی ئێرانـە. بـە بەڵگـەی ئـەوە سـەدام حسـێن لـە١٧ی ئەیلـوولی ١٩٨٠ لـە کۆبوونـەوەی (ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش) ئاماژەی بـۆ ئەمـە کردبوو، کـە یەکێك لـە هـۆکارەکانی هەڵوەشـاندنەوەی ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر بـۆ ئـەوە دەگەڕێنێتـەوە کـە ئێـران ڕێگـەی بەسـەرکردایەتی کـورد داوە پـاش کۆچـی دوایـی مسـتەفا بـارزانی کـوڕەکانی (ئیدریـس بـارزانی و مەسـعود بـارزانی) لـە ئەمریـکا بگەڕێنـەوە بـۆ ئێـران[1]. ڕاسـتییەکەی ئەمـە تەنیـا پڕوپاگەنـدە و لـە درۆ بـەو لاوە هیچـی تـر نەبـوو، سـەدام بـۆ پەردەپۆشـکردنی ئـەو هەڵەیـەی کـە پێشـتر لەگـەڵ شـای ئێـران کـردی، تاقیکردنـەوەی جەنـگ لەگـەڵ ئێـران هـەر ئەنجـام دەدا.

هەروەهـا سـەعدوون حەمـادی وەزیـری ئەوسـای دەرەوەی عێـراق، لـە ١٦ی تشـرینی یەکەمـی١٩٨١، لـە ئەنجوومـەنی ئاسـایشی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، دەربـارەی هەڵگیرسـاندنی جەنـگ لـە وتارێکـدا سـووکایەتی بەگـەلی کـورد دەکات، ئۆباڵـی هەڵگیرسـاندنی جەنـگ لەلایـەن عێراقـەوە دەخاتـە ئەسـتۆی کـورد[2]. حکوومـەتی عێـراق نـەك تەنیـا لەسـەر ئاسـتی ڕاگەیانـدن بەڵکـو هـەر زوو وەك ئـەوەی لـە بۆچوونەکـەی (پـدك)دا بـەدی دەکرێـت بەکـرداری سـەلماندی کـە ئـەم شـەڕە لـەدژی گـەلی کوردیشـە، کـە پـاش دوو ڕۆژ دوای هەڵگیرسـاندنی جەنـگ، فڕۆکـە جەنگییـەکانی عێـراق هێـرش دەکەنـە سـەر (زێـوە)و بـە توونـدی بۆردومـانی دەکـەن، کـە گەورەتریـن ئـۆردوگای پەنابـەرانی کوردبـوو لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، ئـاکام ١٥ منـداڵ و ئافـرەت بـوون بـە قوربـانی، هەروەهـا جارێـکی تـر لـە٧ و ٨ی تشـرینی دووەمـی ١٩٨٠ هێـرش دەکەنـەوە سـەر هەمـان شـوێن، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی کـە ئـۆردوگا لەبـەر مەتـرسی دووبـارە بۆردومانکـردن چـۆڵ کرابـوو، تەنیـا ئـەم جـارە کوڕێـکی پەککەوتـووی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان بـوو بـە قوربـانی[3]. جگـە لەوەیـش بـە درێژایـی مـاوەی جەنـگ، چەنـد جاری دیکـە پەلامـاری ئۆردوگاکـە دەدرێتـەوە، بـەڵام لـە هەموویـان کاریگەرتـر لـە بەرەبەیـانی

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١١).

(٢) ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق، لێکۆڵینەوە«مەسـەلەی کـورد لەوڵاتـە یەکگرتووەکانـدا»، لە١٩٨٠/١٠/١٧.

(٣) د.جمال فەتحوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣.

٩ی حوزەیـرانی ١٩٨٥ فڕۆکـەکانی عێـراق هێـرش دەکەنـە سـەر ئـۆردوگای ناوبـراو، ئەنجـام ١٢٠ کـەس بوونـە قوربـانی و ٣٠٠ کـەسی تـر برینـدار کـران[١]. بـەڵام لـە هەندێـك سـەرچاوە ئامـاری قوربانیـان بـە ٢٠٠ کـەس و بریندارەکانیـش بـە ٣٠٠ـ٤٠٠ مەزەنـدە دەکرێـت[٢]. هەروەهـا لەلایـەکی تریشـەوە (پـدك) هەڵگیرسـاندنی جەنگـی نێـوان عێـراق ـ ئێـران، بـە دەرفەتێـکی گونجـاو و کـەم وێنـە دەزانی لـە بەردەم هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی کوردسـتانی و عێـراق[٣]. لـەو پێنـاوەدا لـە ڕۆژی ٢٩ی ئەیلـوولی ١٩٨٠، لـە ڕێگـەی ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێراقـەوە، پەیامێـك بـۆ سـەرجەم هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی کـورد و عـەرەب بڵاودەکاتـەوە، لـە پەیامەکـەدا هاتبـوو: "ئـەم دەرفەتـە لەبـارە لەدەسـت مـەدەن، توانـا و هێزەکانیـان یەکبخـەن بـۆ ڕووخانـدنی ڕژێمـی دکتاتـۆری بەعـس و دامەزرانـدنی ڕژێمێـکی دیموکراتی ئیئتلافی هەڵبژێـردراو کـە لەسایەیدا گەلی کـورد بەمافی ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینەی خـۆی بـگات»[٤]. بێگومـان هەڵگیرسـاندنی جەنگـی عێـراق ـ ئێـران کاریگـەری گـەورەی لـە سـەر بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان هەبـوو، دەرفەتێـکی گرنـگ بـوو لـە بـەردەم هێـزە کوردسـتانییەکاندا، لەبـەر ئـەوە حکوومـەتی عێـراق ناچاربـوو بەشـێکی زۆری هێـزەکانی بـۆ بـەرەکانی جەنگـی دژ بـە ئێـران گواسـتەوە، بـە تایبـەتی فڕۆکـە جەنگییـەکانی عێـراق، کـە بەرانبـەر هێـزی پێشـمەرگە چەکێـکی کاریگـەر و کوشـندە بـوون و، زۆربەیـان بەجەنگـی ئێرانـەوە سـەرقاڵ بـوون، ئەمـەش دەرفەتێـکی گونجـاو بـوو لـە بـەردەم (پـدك) و هێـزەکانی تـری کوردسـتانی، کـە ئـەوەی لـە سـاڵی ١٩٧٤دا بـە شـەڕ نەیانتـوانی بـە دەسـتی بێنـن پێـی بگـەن[٥]. بـەڵام بەداخـەوە بـە هـۆی سـەرقاڵ بـوون بـە شـەڕی ناوخـۆ، هێـزە کوردسـتانییەکان نەیانتوانیبـوو وەك پێویسـت سـوود لـەم دەرفەتـە وەربگـرن، کـە بـە

---

(١) م.س - پ.د.ك، بەیان»یـادی شـەهیدانی ئـۆردوگای زێـوەش هەتاهەتایـە هـەر زینـدوو ئەمێنێتەوە»لـە١٩٨٥/٦/١٢؛م.س -پ.د.ك، بەیاننامـە» بەبۆنـەی چلەمیـن ڕۆژی شـەهیدانی ئۆردوگـەی زێـوە، هـەزاران سـڵاو بۆگیـانی پـاکی شـەهیدە نەمرەکانمـان»، لـە ١٩٨٥/٧/١٩.

(٢) محەمەد مەلا قادر، سەربوردە...، ل١٦٩.

(٣) ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق، وتـار» ڕژێمـی بەعـس دوژمنێـکی سەرسـەختی نەتـەوەی کـوردە»، لـە ١٩٨٠/١٠/٢.

(٤) ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق، وتـار» ئۆباڵـی وێـران کـردن و کوشـتاری شـەڕ لەئەسـتۆی ڕژێمـی بەعسـە»، لـە ١٩٨٠/٩/٢٩.

(٥) فاروق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

هـۆی ئـەم جەنگـەوە هاتبـووە ئـاراوە[١]. بێگومـان ئەمـەش کاریگـەری خراپـی لـە سـەر بزاڤـی گـەلی کـورد و دەنگـۆی سیاسـی کـورد بەجێهێشـت.

دەکرێـت ئـەوەش بڵێیـن هەڵوێسـتی (پـدك) بـەم شـێوەیە بەرانبـەر بـە ئێـران ئـەوە ناگەیەنێـت کـە (پـدك) دڵنیابـوو لـە ڕووی ئامانجـە سـتراتیژەکانەوە لەگـەڵ ئێـران دەگەنـە یـەك، بـەڵام لەسـەر ئـەو بنەمایـە بـوو هەرچـی دوژمنـی دوژمنمـە دۆسـتمە کـە ئەمـەش لەجێـی خۆیـدا بـوو بـۆ ئـەوکات کـە هەمـوو کـورد ئـاواتی لەناوبـردنی ڕژێمـی بەعـس بـوو، ئـەم هەڵوێسـتەی (پدك)یـش تەنیـا لـە ئاسـتی تیـوری و هەڵوێسـت وەرگرتنـی دژ بـە حکوومـەتی عێـراق ڕانەوەسـتا، بەڵکـو بەپێـی هەندێـك سـەرچاوە هێـزەکانی (پـدك) شـان بەشـانی هێـزەکانی ئێـران لـە سـاڵی ١٩٨٣ هێـرش دەکەنـە سـەر ناوچـەی حاجـی ئۆمـەران و دەسـتی بەسـەردا دەگـرن[٢]. بـەڵام لـە بەرانبـەردا (پـدك) نکۆڵـی لـەوە دەکات، لـەم بـارەوە کریـس کۆچێـرا دەنووسـێت: " ئەگـەر بەشـداری پێشـمەرگەکانی پـارتی لـەم هێرشـەدا جێگـەی بـاوەڕ نەبێـت، هـەر نەبێـت ئەگـەری ئـەوە زۆرە کـە پێشـمەرگەکانی پـارتی نەخشـەی ڕێنوێنییـان هەبـووە «، هەروەهـا لـە درێـژەی نووسـینەکانیدا ناوبـراو ئامـاژە بـەوە دەکات کـە یەکێـك لـە نزیکـەکانی مەسـعود بـارزانی لـەم بـارەوە دەڵێـت: "بارودۆخـی ئێمـە نالەبـارە ڕێگەیـەکی دیکەمـان نییـە»[٣]. هەروەهـا لـەم بـارەوە مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: " ئێمـە لەشـەڕی حاجـی ئۆمـەران بـەو شـێوەیەی کـە حکوومـەتی عێـراق بـاسی لـێ دەکات بەشـداریمان نەکـردووە، کـە ئـەوکات هێزەکانمـان لە(ناودەشـت)[٤]بوون، بـەرەی شـەڕی ئێمـە لەگـەڵ ئـەوان جیـاواز بـوو»[٥]. هەروەهـا قسـەکەرێك لـە مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) کـە نـاوی لە سـەرچاوەکەدا نەهاتـووە، دەڵێـت: "ئـەوکات هێـزەکانی (پـدك) لـە نـاو دەشـت لەگـەڵ

(١) علی سنجاری، القضیة  الکردیة...، ج٣، ص٥٦.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: مایـکل ام غینـتر، کـورد العـراق، ت: عبدالسـلام محمـد رؤوف، ط٦، مطبعـة ئـاراس، اربیـل ، ٢٠١٢، ص٦٢ ؛ هـادی علـی، الشـعب الکـردی والسیاسـات الدولیـة فـی القـرن العشـرین کوردسـتان العـراق نموذجـاً (دراسـە تحلیلیـة ناقـدة)، ب.م، ب.س، ص١٤٤.

(٣) کریس کوچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ل٩٣.

(٤) ناودەشـت، دۆڵێکـە کەوتووەتـە ڕۆژئـاوای چیـای قەندیـل، درێژیەکـەی ٢٥کـم دەبێـت، چەنـد گوندێـك تێـدا هەڵکەوتـووە، لـە هەموویـان ناودارتـر گونـدی (پشـت ئاشان)ـە. بڕوانە: فاتح ڕەسـوڵ، چەنـد لاپەڕەیـەك...، ب٣، ل٩٨.

(٥) لە: د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣١١ وەرگیراوە.

هێـزەکانی (ینـك) لەشـەڕدا بـوون، بەرەکەیـان جیـاواز بـوو، بۆیە(پـدك) بەرپرسـیار نییـە لـە داڕشـتنی سیاسـەتی ئێـران بەرانبـەر بـە حکوومـەتی عێـراق»[1]. بەهەر شـێوەیەك بێت ئەمـە بـە زیانێـکی گـەورە بەسـەر (پـدك) و کەسـوکاری پێشـمەرگەکانی شـکایەوە و، لـە لایـەن سـەدام حسـێنەوە کاردانـەوەی توونـدی لـێ کەوتـەوە، بەوپـەری دڕندایـەتی، بـەو خەسـڵەتەی پێـی دەنـاسرا ئاگـری ڕق و کینـەی تۆڵـەی بەسـەر بنەماڵـەی پێشـمەرگەکانی (پـدك)دا پرژانـد، بەتایبـەتی هـۆزی بـارزان، بـە تۆمـەتی ئـەوەی لـە هێرشـەکەی حاجـی ئۆمـەران لـە گـەڵ هێـزەکانی ئێـران بەشـدارییان کـردووە[2]. بـە شـێوەیەکی هۆڤانـە ڕۆژی ٣٠ی تەممـووزی ١٩٨٣، نزیکـەی ٨٠٠٠ هەشـت هـەزار نێرینـەی هـۆزی بـارزان لـە سـەرووی تەمـەن٧ سـاڵی، لـە ئـۆردوگا زۆرە ملێیـەکانی (بەحرکـە و قوشـتەپە)، بـۆ باشـووری عێـراق شـوێن بزرکـران[3]. بەرانبـەر ئـەم کارەسـاتە سـەدام حسـێن لـە وتارێکدا دەڵێـت: "بارزانییـەکان سـزای توونـدی خۆیـان وەرگـرت و ڕەوانـەی دۆزەخ کـران»[4]. مەسـعود بـارزانی لـە پاییـزی ١٩٨٤ لـە پرسـیارێکی گۆڤـاری (الحریـە)دا، کـە ئایـە ئـەوان لـە گرتنـی حاجـی ئۆمـەران هـاوکاری ئێرانیـان کردبـوو؟ لـە وەڵامـدا گوتبـووی: "ئێـران هێزێـکی زۆری مرۆیـی هەبـوو و پێویسـتی بەهێـزی ئـەوان نەدەکـرد، ئـەو قسـانەی کـە لەسـەر زاری سـەدام حسـێن بڵاوبووبـووەوە تەنیـا بیانوویـەك بـوو بـۆ بێسـەر و شـوێن کـردنی بارزانییـەکان»[5].

لـەم سـەروبەندەدا پارسـەنگی هێـز بـەلای ئێرانـدا کەوتبـووەوە، حکوومـەتی عێـراق دەیوسـت بـە هـەر شـێوە و نرخێـك بێـت کـورد لـە ئێـران دوور بخاتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە هەمـوو هێزێـك هەوڵـی دەدا (پـدك) وەك هێزێـکی گـەورە و کاریگـەر لەلایـەك، لەلایـەکی تریـش بەهـۆی بـوونی پەیوەنـدی پتـەوی لەگـەڵ ئێـران، بـەلای

(١) ڕاگەیانـدنی قسـەکەرێك لـە مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان ـ عێـراق، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٥٤٨)، ئـابی ١٩٨٣، ل١.

(٢) د.محمداحسان، کوردستان و دوامة الحرب،ط٢، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠١، ص٥٣.

(٣) بـۆ زانیـاری و وردەکاری زیاتـر بڕوانـە: ڕێبـوار ڕەمـەزان بـارزانی، ڕەهەنـدە کۆمەڵایەتییـەکانی سیاسـەتی ڕاگواسـتنی بارزانییـەکان بـۆ باشـووری عێـراق لەسـەردەمی بەعسـدا، چاپخانـەی منـارە، هەولێـر ، ٢٠٠٩، ل ل٦١ -٧٤.

(٤) فاشـیزمەکان تاوانێـکی دڕندانـە دەرهـەق بـە بارزانییـەکان ئەنجـام دەدەن، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٤٩)، کانـوونی دووەم/١٩٨٤، ل١٠.

(٥) لە:د.علی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی حکوومەتی عێراق...،ب١، ل١٤١ وەرگیراوە.

خۆیـدا ڕابکێشـێت، بـە قسـەی خورشـید شـێرە: "حکوومـەتی عێـراق بەسـەرکردایەتی پـارتی وتبـوو تەنیـا بـە پاڵپشـتی هێـزەکانی ئێـوە دەتوانیـن پارێـزگاری لـە سـەروەری خـاکی عێـراق بکەیـن بەرانبـەر بـە داگیرکـەران»[١]. سـەرچاوەکان لـەم ڕووەوە ڕای جیاوازیـان هەیـە، هەندێکیـان ئامـاژە بـەوە دەکـەن (پـدك) بـەو مەرجـەی ئامـادەی گفتوگـو بـوو لەگـەڵ حکوومـەت کـە چارەنـووسی بارزانییـە گیـراوەکان دیـاری بـکات، کـە دواجـار بەهـۆی مانـەوەی بارزانییـەکان، کوردە بێسـەرو شـوێن کـراوەکانی تـر وەك خـۆی، (پـدك) ئامادەنەبـوو دانوسـتان بـکات[٢]. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕایـەکی تـر هەیە ئامادەنەبـوونی (پـدك) بـۆ وابەسـتەی بـەرەی (جـود) دەگەڕێتـەوە، بەتایبـەتی (پـدك) و (حسـك) بـە سیاسـەتی ئێرانـەوە[٣]. پێدەچێـت بیانـووی (پـدك) بـۆ شـوێن بزرکـردنی بارزانییـەکان نەبێـت، بـەو شـێوەی کـە بـاس دەکرێت، بـە بەڵگـەی ئەوەی سـەرچاوەکان هەوڵـەکانی حکوومـەت بـۆ دانوسـتان لەگـەڵ (پـدك) بـۆ سـاڵی١٩٨٢دەگەڕێنەوە، واتـە پێـش ئەنفالکـردنی بارزانییـەکان[٤]. هەروەهـا لـەو کاتـەدا (پـدك) وای لێکدایـەوە ئەگـەر سـەدام حسـێن بەسـەرکەوتن لەشـەڕدا لـە دەسـەڵات بمێنێتـەوە، گـەلی کـورد قەلاچـۆ دەکات، بـەڵام ئەگـەر ئێـران سـەرکەوێت، بـە هاتنـە سـەرکاری ڕژێمێـکی ئیسـلامی لەبەغـدا گـەلی کـورد درێـژە بـە ژیـانی خـۆی دەدات[٥]. ئەنجـام (پـدك) لەگـەڵ لایەنەکانی تـری (جـود)، لـە١٦ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٣بەفەرمـی ڕایگەیانـد: "بەهیـچ شـێوەیەك ئامـادەی گفتوگـۆ نیـن لەگـەڵ حکوومـەتی عێـراق»[٦]. هەڵگیرسـانی جەنـگ لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکاندا وێـڕای گەرمـی ململانێـی ناوخۆیـی هێـزە کوردییـەکان لـە بەرژەوەنـدی کـورددا بـوو، بـزاڤ و چالاکـی پێشـمەرگە لـە پەرەسـەندندا بـوو، بـەڵام لـە قۆناغـی دوایـی هەمـوو ئـەو بۆچوونـە چاوەڕوانکراوانـەی (پـدك) کـە لـە بەیـانی یەکەمیـدا بـۆ ڕای گشـتی خرابـووە ڕوو، ڕاسـت دەرچـوو، ئـەم جەنگـە مەینـەتی و کارەسـاتی زۆری

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ خورشید شێرە، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٥.

(٢) سروە قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

(٣) خلیـل محمـد بـرواری، نشـوء وتطـور الحركـة القوميـة الكرديـة و دور البارزانـي، ب.م، ب.س، ص٩٦؛ هـادي علـي، المصـدر السـابق، ص١٤٤.

(٤) کریس کوچێرا، بزووتنەوەی ...، ل٩١.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٩٤.

(٦) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: سـكرتارية الجبهـة الوطنيـة الديمقراطيـة العراقيـة، بـلاغ إجتـماع سـكرتارية ، فـي ١٦/كانـون الثانـي ١٩٨٣.

لەگـەڵ خـۆی هێنـا، بـە  تایبـەتی بـۆ گـەلی کـورد نـەك لـە باشـووری کوردسـتان بەڵکـو لەپارچـەکانی تری کوردسـتانیش[1]. بەشـێوەیەکی گشـتی جەنگـی عێراق ـ ئێـران کاریگەری دوو لایـەنی لـە سـەر کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان و بزاڤـی گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان هەبـوو، وەك مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: "جەنگـی عێـراق و ئێـران هـەم کاریگـەری نەرێنـی هـەم ئەرێنـی هەبـوو، کـە لایـەنی نەرێنـی بریتـی بـوو لـە کـوژرانی ژمارەیـەکی زۆر لـە خەڵـکی سـڤیل و، دووبـارە سـەرهەڵدانەوەی (دیاردەی جاشـایەتی)[2] بە شـێوەیەکی فراوانـتر لەکوردسـتان و وێرانکـردنی گونـدەکانی کوردسـتان. هەروەهـا بیانـووی دایـە دەسـت حکوومـەت کـە چـەکی کیمیایـی دژ بـە کـورد بەکاربێنێـت، لـە هەموویـش ناخۆشـتر ئەنجامـدانی ئۆپراسـیونەکانی ئەنفـال دژ بـە کـورد و کوردسـتان بـوو، بـەڵام هەندێـك هـۆکاری ئەرێنیـش هەبـوو کـە بـووە هـۆی پەرەسـەندن و زیندووبوونـەوەی بیـری نەتەوایـەتی و ڕزگاریخـوازی بـە شـێوەیەکی فراوانـتر لـە کوردسـتاندا، هەروەهـا بـووە هـۆی ئـەوەی کـە عێـراق لـە ئەنجامـی ئـەم جەنگـە بچێتـە نـاو خـاکی کوێتـەوە کـە پاشـان ڕاپەڕینـی جەمـاوەری سـاڵی ١٩٩١ی لـێ کەوتـەوە»[3].

لەکۆتاییـدا ئـەوە بەدیاردەکەوێـت هەڵوێسـت وەرگرتنـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بەرانبـەر بـە جەنگـی ناوبـراو هەڵوێسـتێکی لەجێـی خۆیـدا بـوو، کـە تـا کۆتایـی جەنـگ، زۆربـەی پێشـبینییەکانی وەك خـۆی دەرچـوو کـە لـە سـەرەتای هەڵگیرسـاندنی ئـەم جەنگـە بڵاوکرابـووەوە، هەروەهـا وێـڕای ئـەوەی کـە بـە مەتـرسی دەزانی، لـە هەمـان کاتـدا هەوڵـەکانی خـۆی چڕکردبـوو بـۆ کۆکردنـەوەی هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی کـورد و عـەرەب، کـە ئـەم دەرفەتـە بقۆزنـەوە بـە سـوودوەرگرتن بـە قازانـج و بەرژەوەنـدی بزاڤـی گـەلی کـورد، لـە پێنـاو ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس و دامەزرانـدنی ڕژێمـی دیموکـراتی، کـە کـورد و گشـت گـەلانی تـری عێـراق بـە مافـە ڕەواکانی خۆیـان شـادبن.

---

(١) لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٧.

(٢) بـۆ زانیـاری لەبـارەی بەرفـراوان بـوونی دیـاردەی جاشـایەتی بڕوانـە: د.عـلی نێروەیـی، سیاسـەتی حکوومـەتی ...،ب١،ل ل١٧٥-١٨٩.

(٣) لە:د.علی نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل١٧٨وەرگیراوە.

## ب- هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر گفتوگۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق:

بەهۆی ئەوەی شۆڕش لە پێناوی بەدیهێنانی خواست و ئامانجی گەلی کورد بەرپابووە، بۆیە شتێکی ئاساییە لە هەندێك لە وێستگەکانی شۆڕش گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەت بکرێت. بۆ ئەوەی چەندی بکرێت بتوانرێت خواست و ئامانجەکان لە ڕێگەی دیالۆگی ئاشتیانەوە بەدی بهێنرێت، جا ئەم دانوستانە لەسەر داوای دەسەڵاتدارانی حکوومەت بێت، یان لە ئەنجامی پێشنیاری شۆڕش بێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ واتە بە هۆی ناوبژیکەرێك بۆ ئەوەی وەك لایەنی سێیەم دوو لایەنی بەرانبەر یەکدی بگەیەنێتە ڕێککەوتن [1]. گفتوگۆکردن بۆ چارەسەرەی کێشەی کورد، هەمیشە دەرگای شۆڕش و سەرکردایەتی کورد بەرانبەر بە حکوومەت والابووە، بۆنموونە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١- ١٩٧٥)، چەندان دانوستان لەگەڵ حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا کردووە، بەڵام درێژترین ماوەی دانوستان لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤) بوو کە چوار ساڵی خایاند، ئامانج لەمەش چارەسەری کێشەی کورد بوو بۆ ئەوەی حکوومەت بزانرێت داخوازی و ئامانجی گەلی کورد چییە؟ لە بەر ئەوە قسەکردن و ڕاگۆڕینەوە لەسەر داخوازی و ئامانجەکان کرۆکی بنەڕەتی گفتوگۆکانە لەنێوان حکوومەت و شۆڕش[2]. بەڵام هەموو جارێك سیاسەتی حکوومەتی عێراق لە گفتوگۆکان، ئەوەی سەلماندووە کە بۆ خاپاندنی کورد و، بەدەستهێنانی کاتێکی گونجاو بووە، بۆ لێدانی بزاڤی کورد، پاش خۆڕێکخستنەوە و پڕچەککردنی هێزەکانی سوپای خۆی، بۆیە نەبوونی بڕوا و متمانە بە حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، جۆرە بێ باوەڕییەکی لای کورد دروست کردبوو[3]، گەلی کورد پێی وابوو ئەو مافەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی (کارتوونی ١٩٧٤) پێدراوە زۆر کەمە و تەنانەت حکوومەتیش هەستی بەوە دەکرد، بۆیە نووسەرانی بەعسی هان دابوو کە لەسەر تەواوبوون و هەمە لایەنانەی ئۆتۆنۆمی بدوێن و بنووسن، پێی وابوو کە دوژمنەکانی دژ بە ئۆتۆنۆمی (کارتونی) ڕادەوەستن و بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن،

---

(١) کاکلە ڕەش، سەرچاوی پێشوو، ل٦٤.

(٢) برایم جلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٧ -٤١١.

(٣) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی عێراق...،ب١، ل١٤٧.

بەبیانــووی ئــەوەی کــە ناتــەواوە و ئــارەزووەکانی کــورد بەجــێ ناگەیەنێــت، پــەکی بخــەن[1]. بــە بۆچــوونی حــزبی بەعــس کــورد لــە مــافی سروشــتی زیاتــری هەبــووە، بەبیانــووی ئــەوەی هیــچ میللەتێــك لــە جیهانــدا نەبــووە کــە مافێــکی تایبــەت لەنــاو مافێــکی گشــتیدا هەبێــت[2]. بــەڵام وەك پێشــتر ئامــاژەی پــێ درا، کــورد پێــی وابــوو کــە ئــەم مافــەی لــە ژێــر دەســەڵاتی ئــەم ئۆتۆنۆمییــە کەمــە و تــەواو نییــە، بۆیــە نــاوی لێنابوو ئۆتۆنۆمــی کارتــۆنی، حکوومەتیــش هەســتی بــەو ناڕازیبوونــەی کردبــوو، هەوڵــی دەدا کــورد بێنێتــەوە نــاو گەمــەی گفتوگــۆ لــە ســەر ئۆتۆنۆمییــەك کــە حکوومــەت بــە ڕەوای دەبینێــت و لــە بەرژەوەندییەکەیــدا بێــت، جارێــکی تــر خــۆی بــە بــاشی ڕێــك بخاتــەوە و مــاوەی گفتوگۆکــردن لەگــەڵ کــورد لــە بەرژەوەنــدی خۆیــدا بــەکار بهێنێــت[3]. بــە تایبــەت پــاش شکســتی ســوپای عێــراق بەرانبــەر بــە هێــزەکانی ئێــران لــە خوڕەمشــەهر ســاڵی ١٩٨٢، هاتنــی هێــزەکانی ئێــران لــە تەممــووزی ١٩٨٣ بــۆ ناوچــە ســنوورییەکانی عێــراق بــە تایبــەتی دوای دەستبەســەرداگرتنی حاجــی ئۆمــەران، پێشــڕەویکردنی هێــزەکانی ئێــران بــۆ نــاو خــاکی باشــووری کوردســتان حکوومــەتی عێــراق لــە مەترســیدا بــوو[4]، هەروەهــا لــەو کاتــەدا لــە هەمــوو شــار و شــارۆچکەکانی کوردســتاندا خۆپیشــاندانی جەمــاوەری دژی حکوومــەت لــە ئــارادا بــوو[5]، لــە لایــەکی دیکــەوە بــزاڤ و چالاکییــە لەشــکرییەکانی هێــزە کوردییــەکان لــە هەڵکشــاندا بــوو، بۆیــە لــە هەمــوو لایەکــەوە حکوومــەت هەســتی بــە مەتــرسی ڕاســتەقینە کردبــوو، دەیویســت بەهــەر شــێوەیەك بێــت کــورد بــەلای خۆیــدا ڕابکێشــێت، یــان هــەر هیــچ نەبێــت پارتێــکی کــوردی بکاتــە هاوســەنگەر دژی هێــزەکانی دژ بەخــۆی[6]. هەوڵــەکانی حکوومــەت بــۆ گفتوگــۆ لەگــەڵ (پــدك) کــە پێشــتر بــاس کــراوە، ئەنجامــی نەبــوو، بۆیــە گفتوگــۆی لای(ینــك) ئامادەتــر دەبینــی[7]، بەتایبــەتی دوای ئــەو ســەرکەوتنە بەرچاوانــەی ئێــران لەبــەرەی باشــووری کوردســتان بــە دەســتی هێنابــوون، ئەگــەری ڕووخانــدنی حکوومــەتی عێــراق و دامەزراندنی

---

(١) د.على تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل ٣١٩ .
(٢) د.على تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی...،ب١، ل١٤٧.
(٣) د.على تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٢٠.
(٤) گۆران ئیبراهیم ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.
(٥) سروە قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.
(٦) جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.
(٧) فاروق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

حکوومەتێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران لە عێراق مەترسی بۆ سەرخودی (ینك)یش دروست کردبوو، لە بەر ئەوە لە لایەکەوە (ینك) وەك هێزێکی عەلمانی دژی سەرکەوتنی ئێران و دامەزراندنی حکوومەتێکی ئیسلامی بوو لە عێراق، لەبەر ئەوە هەموو دەرگاکان لە بەردەم (ینك) دادەخران و ئایندەی ناڕوشنتر دەبوو، لەلایەکی دیکەوە لەو کاتەدا پەیوەندییەکانی ئێران و (ینك) بە تەواوەتی گرژییان تێکەوتبوو، بەهۆی هاوکاری هێزەکانی (ینك) لەگەڵ (حدکا) دژی ئێران، بەپێی هەندێك سەرچاوە ئێران هەڕەشەی گرتنی سەرکردایەتی (ینك)ی دەکرد، بە تایبەتی لەو کاتەی کە هێزەکانی ئێران لە ئەیلوولی ١٩٨٣ سنووری ناوچەکانی دەوروبەری پێنجوێنیان بەزاندبوو، ئەوە بووبووە مایەی نیگەرانی (ینك)، بەمەترسی بۆ سەر خۆی لە قەڵەم دەدا[١]. لەئەنجامی ئەمەشەوە مەڵبەندی یەکی(ینك) کەوتبووە مەترسییەوە، بۆیە سەرکردایەتی (ینك) داوای لە لێپرسراوی مەڵبەندی یەك (بەکر حاجی سەفەر)کرد، فەرمان بە هێزەکانی (ینك) بکات، پەلاماری سوپای عێراق نەدەن، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لەخۆی بکات، بەر لە هێرشەکانی ئێران بگرێت، لەبەر ئەوە بەهاتنی هێزەکانی ئێران بۆ ناوچەکە دەبووە هۆی ئەوەی کە مەڵبەندی یەکی (ینك) و تیپەکانی شارباژێڕ چۆڵ بکەن[٢]. هەروەها هاوکات (ینك) لەگەڵ هێزەکانی بەرەی (جود) لە ململانێیەکی دژوار و خوێناویدا بوو، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن بۆ ئەوەی حکوومەتی عێراق متمانەی بە(ینك) بێت، کە نوێنەری کوردی بێ ڕکابەرە، بە توندی کەوتبووە دژایەتیکردنی لایەنەکانی (جود) و سەرکەوتنەکانی بەسەر (جود)دا بەتایبەتی (پشت ئاشان) لە ئایاری ١٩٨٣ وەك بەڵگەیەك خرابووە بەردەم حکوومەت، کە دڵنیای بکات (ینك) دەتوانێت سەرکردایەتی کورد بکات و، جێگەی پارتەکانی تر بەتایبەتی (پدك) بگرێتەوە[٣]، لەم بارەوە جەمال نەبەز وای بۆ دەچێت: "ئەم هێرشەی بۆ سەر لایەنەکانی (جود) بەهاوکاری حکوومەت بوویێت، کە لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەی (ینك) بوو بۆ گفتوگۆکردن»[٤]. حکوومەت دەیویست بەم پیلانە پەیوەندییەکانی نێوان هێزە

(١) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٢١.

(٢) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکانی یەکتری...، ل٣٣٠.

(٣) د.کاظم حبيب، المصدر السابق، ص٣٧٩.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

کوردییـەکان لـە دۆخێـکی خـراپ خراپـتر بـکات، ناکۆکییـەکانی ناوخۆیـی قووڵـتر بـکات، بۆیـە بـەو مەرجـەی گفتوگـۆی دەکـرد لەگـەڵ (ینـك)، کـە تەنیـا ئـەوان بەسـەر گۆڕەپـانی سیاسـی و لەشـکری باشـووری کوردسـتان زاڵ بـن[1]. دواجـار (ینـك) گەیشـتە ئـەو بڕوایـەی کـە هێـزەکانی زۆر مانـدوون، بیریـان لـەوە دەکـردەوە ئەگـەر بـۆ ماوەیـەکی کاتیـش بێـت لەگـەڵ حکوومـەتی عێـراق ئاگربەسـت بکـەن، کـە ئـەوکات هێـزەکانی (ینـك) لـە تەنگانـەدا بـوون بەپێـی ئـەوەی کـە نەوشـێروان مستەفا دەنووسـێت: " ئێمـە ناچاربوویـن شـەڕ لەگـەڵ عێـراق ڕابگریـن، لـە کاتێکـدا ئێمـە لـە سـێ لاوە لەشـەڕ گلابوویـن، شـەڕ لەگـەڵ عێـراق، شـەڕ لەگـەڵ ئێـران، شـەڕ لەگـەڵ (جـود)، زۆرکـەس بـە باشـیان ئەزانـی کاتـێ ئامۆژگارییـان ئەکردیـن بـۆ ماوەیەکیـش بـێ شـەڕ لەیەکـێ لـەم مەیدانانـەدا سـارد بکەینـەوە»[2]. لـەم کاتـەدا بەهـۆی هەڵوێسـت و سیاسـەتی (ینـك)ەوە دۆسـتێکی وای لـە ناوچەکـەدا بۆخـۆی نەهێشـتبوو، بەتەنیـا مابـووەوە لەگـەڵ هەمـوو هێـزەکانی کـوردی و عـەرەبی بەرهەڵسـتکار لەشـەڕدا بـوو، هـەروەك کاکل ئەحمـەد کـە ئـەوکات ئەندامـی (ینك)بـوو لەنـاو باڵـی کۆمەڵـە، دەنووسـێت: "وای لـێ هاتبـوو کاتـێ شـەڕێك ڕوویدابـا بـێ سـێ و دوو پرسـیاری دەکـرد یەکێتـی لەگـەڵ کـێ؟ بـەڵام لـە هەموویـان دژوارتـر شـەڕی براکـوژی بـوو لەگـەڵ لایـەنی جـود»[3]. هەروەهـا ئەرسـەلان بایـز دەنووسـێت: "لـەو کاتـەدا یەکێتـی لـە هەمـوو لاوە ئابلوقـە درابـوو، تەنیـا ڕێگـە گفتوگۆکـردن لـە گـەڵ ڕژێمـی عێـراق بـوو»[4]. بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا نەوشـێروان مسـتەفا لەلایـەکی دیکـەوە دەنووسـێت: "یەکێتـی لـە زەعیفیـەوە، یـان لـە ئەنجامـی شـکان و کۆڵدانـدا نەکەوتـە گفتوگـۆ، بەڵکـو لـەو کاتـەدا کـە داخـلی گفتوگۆبـوو، هـەم لـە ڕووی پێشـمەرگەییەوە لـە سـەرکەوتندا بـوو، هـەم لـە ڕووی سیاسـییەوە لـە هەڵوێسـتێکی بەهێـزدا بـوو»[5]. لـەو سـەروبەندەدا (ینـك) پەیامێـك بـۆ ئەندامـانی دەرەوە دەنێرێـت کـە پوختەکـەی بریتـی بـوو لـە: "ئێمـە لـە٣ لاوە لـە شـەڕەوە گلاویـن، هەوڵـی زۆرمـان داوە لەگـەڵ (جـود) پێـك بێیـن، سـەری نەگرتـووە، لەگـەڵ سـووریا و

---

(١) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٢١.

(٢) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری...، ل٣٣١ -٣٣٢.

(٣) کاکل ئەحمەد، سەرچاوی پێشوو، ل٦٧.

(٤) د.ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕۆژانی سەخت، ب٢، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤٧.

(٥) نەوشـیروان مسـتەفا، خولانـەوە لەناوبازنـەدا (دیـوی نـاوەوەی ڕووداوەکانی کوردسـتانی عێـراق ١٩٨٤ ـ ١٩٨٨)، چ٢، چـاپ و بڵاوکـراوەی مەڵبەنـدی ئـاوەدانی کوردسـتان، ب.ش، ١٩٩٩، ل٦٤.

لیبیا و فەلەستینەکان هەوڵ بدەن شەڕی ئێمە و (جود) ڕابگرن ئەگینا ناچارین بە خۆمان هەوڵ بدەین شەڕ لەگەڵ عێراق ڕابگرین»[١]. مەسعود بارزانی ئەم هەڵومەرجەی کە (ینك) ناچار کردووە گفتوگۆ بکات ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: "هیچ بنەمایەکی بۆ نییە، لەبەر ئەوە لەو دۆخە پێویست بوو گفتوگۆ لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان بکەن، نەك لەگەڵ گەورەترین دوژمنی کورد»[٢]. ئەنجام بەناوبژیوانی (عەبدولڕەحمان قاسملۆ)کە ئەوکات دژی (پدك) و بەرهەڵستکارێکی سەختی ئێران بوو، لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی١٩٨٣، سەرکردایەتی (ینك) بە شێوەیەکی فەرمی بڕیاری گفتوگۆکردنی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا[٣]. لە چوارچێوەی چەسپاندنی دڵنیایی بەرانبەر بە حکوومەت (ینك) وەك هەنگاوی یەکەم لە کانوونی یەکەمی١٩٨٣، بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ دەدات لەگەڵ حکوومەت، لە بەرانبەردا سەدام حسێن فەرمانی بە هێزە چەکدارەکانی عێراق دەدا چالاکی سەربازی دژی چەکدارەکانی (ینك) ڕابگرن[٤]. هەروەها (ینك) تا ئەو کات خۆی لە ڕیزی بەرهەڵستکاری نیشتمانی دەزانی و دروشم و ستراتیجی دژ بە ئاراستەی حکوومەت بوو، ئیعلانی شۆڕشێکی عێراقی کردبوو لەپێناو ڕووخاندنی حکوومەتی عێراق، بەڵام بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ حکوومەت، گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە ستراتیجی خۆیدا دەکات و، دروشمی ڕووخاندنی حکوومەت لا دەبات، ناوی ڕادیۆیەکەی لە دەنگی شۆڕشی عێراقەوە بۆ دەنگی گەلی کوردستان دەگۆڕێت[٥]، ئەمەش بووە دەروازەیەك وەك (ینك) باسی دەکات بۆ دەربازبوون لەو قەیرانەی کە تێی کەوتبوو[٦]. گفتوگۆی (ینك) لەگەڵ حکوومەت هەر زوو لە لایەن هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق و وڵاتانی هەرێمییەوە بەگشتی کاردانەوەی خێرای لێ کەوتەوە، هەر یەکە بە پێی دید و خوێندنەوەی خۆی بەپێی ئەو قۆناغەی کە بارودۆخەکەی پێدا تێپەڕ دەبوو، لێکی دەدایەوە، سەبارەت بە هەڵوێستی (پدك) کە ئەوکات لایەنێکی سەرەکی و بەهێزی ناو بەرەی

---

(١) نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتر...، ل٣٣٢.

(٢) لە: د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٢٤ وەرگیراوە.

(٣) بۆ زیاتر وردەکارییەکانی گفتوگۆی یەکێتی لەگەڵ حکوومەتی عێراق بڕوانە: سروە قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٩ -٥٤.

(٤) نەوشیروان مستەفا، خولانەوە لەناو بازنەدا...، ل٩.

(٥) کاکل ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩ -٧٠.

(٦) برایم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٢.

(جـود) بـوو، بـە هاوبـەشی لەگـەڵ هاوپەیـمانی نـاو بـەرە، لـە٤ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٤ لــە بەیاننامەیەکـدا بــە توونـدی ئــەم هەڵوێسـتەی (ینــك)ی ســەرکۆنەکرد و، سـەرکردایەتی (ینك)یـشی بەجاش و خیانەتـکار لـە میللـەت و گـەلانی عێـراق و نۆکـەری ڕژێمـی بەعـس[1] و، بە(دیماگۆگییـەت)[2]، لـە قەڵـەم دا، ڕایشـیگەیاندبوو: "یەکێتـی ناتوانێـت بـەو ئاراسـتەیە ڕابەرایـەتی بزاڤـی کـورد بـکات، بـە پێچەوانـەوە ئـەم گفتوگۆیـە لـە بەرژەوەنـدی گـەلی کـورد و گـەلانی تـری عێراقـدا نییـە، کار بـۆ خوڕاگرتـن و، بەهێزکـردنی ڕژێمـی بەعـس دەکات «[3]، لـە هەمـان کاتـدا ١٤ پـارت و ڕێکخـراوەکانی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان بـە (پدك)یشـەوە، لەبەیاننامەیەکـدا ئـەم هەڵوێسـتەی (ینك)یـان بـە ناپـاك و، دژی خواسـتەکانی گـەلی کـورد لێکدایـەوە[4]. لـەو کاتـەدا بـە تایبـەتی (پـدك) تووندتـر لـە پێشـوو هێـرشی ڕاگەیانـدنی دەکـردە سـەر (ینـك)، کاتێـك کـە حکوومـەتی عێـراق لەسـەر سیاسـەتی پێشـوو بـەردەوام بـوو بەرانبـەر بـە کـورد، بۆنموونە: تەنیـا ڕۆژی ٧ی ئـاداری ١٩٨٤، ١٦سـەربازی هەڵاتـووی کـوردی نـاو سـوپاکەی گوللەباران کـرد[5]. ئەمــەش نموونەیەکــە لەنــاو چەنــد نموونەیــەکی تــر، نەوشــێروان مســتەفا دەنووسـێت: "پـارتی و لایەنـەکانی (جـود) ئـەم ڕووداوەیـان کـردە بیانـوو بـۆ هێرشـکردنی زۆرتـر بـۆ سـەر یەکێتـی و تاوانباریـان دەکـرد بـە هـاوکاری لەگـەڵ بەعـس»[6]. لـە وەڵامـی پرسـیارێکدا کـە ئایـە هەڵوێسـتی (پـدك) بەم شـێوەیە بەرانبـەر بـە گفتوگۆکردنی (ینـك) لەگـەڵ حکوومـەت چـوون دەخوێنێتـەوە؟ لەوەڵامـدا د.مەحمـوود عوسـمان ئـەم هەڵوێسـتەی (پـدك) بـە هەڵوێسـتێکی دروسـتی دەزانێـت و دەڵێـت: " ئـەم گفتوگۆیـە

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١٤).

(٢) دیماگۆگییـەت، زاراوەیـەکی سیاسـییە، بـەو کەسـانە دەگوترێـت کـە لـە ڕێگـەی بەڵێنـی بـە درۆ و بـێ بنەمـا و هەروەهـا لـە ڕێگـەی هەڵگێڕانـەوەی ڕاسـتییەکان، سـەرنجی خەڵـك و بـۆلای خۆیـان ڕادەکێشـن بـۆ ئـەوەی لـە لایـەن ئەوانـەوە پشـتیوانییان لـێ بکرێت...بڕوانـە: زاهیـر محەمـەدی و ئـەوی تـر، قامـوسی سیاسـی ئـارەش (فەرهەنگـی سیاسـی)، چاپخانـەی وەزارەتی پـەروەدە، هەولێــر،٢٠٠٦، ل٢١٣.

(٣) پ.د.ك، بـەشی ڕاگەیانـدنی مەکتـەبی سیاسـی، ڕابەرایـەتی کوردایـەتی بەسـەنگەر گۆڕیـن و دیماگوگیـەتی غوبلـزی ناکرێـت، ئایـاری ١٩٨٤.

(٤) بۆ زانینی ناوی ئەو پارت و ڕێکخراوانە و زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١٥).

(٥) نەوشیروان مستەفا، خولانەوە...، ل٢٩.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

شـەرعی نەبـوو، گوزارشـتی لـە خواسـت و بەرژەوەندییـەکانی گـەلی کـورد نەدەکـرد بەپێچەوانـەوە لـە خزمـەتی بەهێزکـردنی بەعسـدا بـوو»[1]. هەروەهـا عەدنـان موفتـی هەمـان بۆچـوونی هەبـوو، دەڵێـت: "دەبوایـە بـژاردەی یەکەمـی گفتوگـۆ لەگـەڵ هێـزە کوردییـەکانی نـاو بـەرەی (جـود) بووایـە نـەك لەگـەڵ سەرسـەخترین دوژمنـی کـورد»[2]. هەروەهـا هەندێـك سـەرچاوەی نزیـك لە(پـدك) وای پیشـان دەدەن ئەنجامـدانی گفتوگۆکـردن لـەو سـاتەدا لـە لایـەن (ینـك)ەوە بەهێزکـردنی خـۆی بـوو بـۆ لێـدانی هێـزەکانی بـەرەی (جـود) و لەسـەرووی هەمووانـەوە پـارتی[3]، ئـەم بۆچوونـەی (پـدك) لەجێـی خۆیـدا بـوو لەبـەر ئـەوە پـاش ئاشـتبوونەوەی هێـزە کوردییـەکان یەکێـك لـە ئەندامـانی سـەرکردایەتی (ینـك) بەنـاوی (عـەلی بچکـۆڵ) دان بـەو ڕاسـتییەدا دەنێـت، دەڵێـت: "هیچـی تـر ویژدانـم قبـووڵ نـاکات ئـەو تاوانـەی یەکێتـی لەمیللـەت و هەڤاڵەکانـم بشـارمەوە هـەر لـە سـاڵی ١٩٨٠وە ئێمـە لـە گـەڵ ڕژێـم ڕێککەوتیـن کـە پـارە و چـەك و تفاقـمان بداتـێ بـۆ ئـەوەی شـەڕی هەمـوو حزبـەکان بکەیـن، جـا ئـەوە بـوو دەسـتمان بەشـەڕی هەمـوو حزبـەکان کـرد، عێراقیـش بـڕوای بـە ئێمەکـرد کـە لـە گەڵیـدا ڕاسـتین دەنـا دوور نەبـوو ڕژێمـی عێـراق، کوردسـتان بـۆ هەمـوو حزبـەکانی کـوردی بەجـێ بهێڵێـت و لەگـەڵ ئێـران شـەڕ بـکات»[4]. بێگومـان ئەگـەر لەوکاتـەدا (ینـك) وەك (پـدك)و لایەنـەکانی (جـود) بـە تـەواوی هەڵوێسـتی دژی حکوومـەت بوایـە، بارودۆخـی عێـراق زۆر ئاڵۆزتـر دەبـوو، هـەروەك جلال تاڵەبانی سـەبارەت بـە گفتوگۆکانی لەگـەڵ حکوومـەت دەڵێـت: "یەکێتـی ئیسـپاتی کـردووە کـە لـەکاتی تەنـگاوی و تەنگوچەڵەمـەدا بـۆ پاراسـتنی عێـراق و سـەروەری عێـراق درێغـی نەکـردووە»[5]. لەژێـر کاریگـەری هەڵوێسـتی(پدك) و هاوپەیمانـانی، تـا دەهـات لایەنگرانی(ینـك) لـە نزمبوونـەوەدا بـوون[6]. نەوشـێروان مسـتەفا دەنووسـێت: " لـە پێشـوو کـەس گلەیـی لـە یەکێتـی نەئەکـرد، لەبـەر ئـەوە هیـچ پەیوەندییـەکی لـە گـەڵ حکوومـەت نەبـوو، بـەڵام

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەحمود عوسمان، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەدنان موفتی، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٧.

(٣) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ محەمـەد مـەلا قـادر، پیرمـام، ٢٠١٥/١٢/٢؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ خورشـید شـێرە، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٥.

(٤) لە: سەید کاکە، بیروەری پێشمەرگەیەك...، ل٢٤٤ وەرگیراوە.

(٥) لە: د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٢٤ وەرگیراوە.

(٦) دیفید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی...، ل٥٧٤.

ئێستا خەڵك بەگشتی گلەییان لێ ئەكرد لە بەر ئەوە لە گفتوگۆدابوو»[1]. بەتایبەتی لەو كاتەدا كە(جلال تاڵەبانی ) لە هەفتەنامەی (الطليعة العربية)[2]، لە ژمارە (٦٥)، لە٦ی ئابی ١٩٨٤، گوتبووی: "صدام حسين هو الحكم وليس الخصم»[3]، (پدك) و هاوپەیمانانی ئەم ڕستەیەی (جەلال تاڵەبانی)یان كردبووە سەردێری هەواڵەكە، بارودۆخ ئامادەتر بوو بۆ ڕەخنەگرتن و، هێرشكردنە سەر سەركردایەتی (ینك) بەمەش ڕاگەیاندنەكانی (پدك) دەنگدانەوەیەكی زۆری نارەزایی خستبووە نێو لایەنگرانی (ینك)، تەنانەت لەناو بنگە و بارەگاكاندا ڕەخنەی توندی لە جەلال تاڵەبانی ئەگیرا[4]. لەم بارەوە مەكداول دەنووسێت: " لەو ماوەیەدا یەكێتی لایەنگرانی خۆی لەدەستدابوو، بە هەزاران پێشمەرگە ڕیزەكانی بەجێ هێشت»[5]. لەماوەی گفتوگۆكاندا هیچ گۆڕانكارییەكی ستراتیجی لە هەڵوێستی حكومەت ڕووی نەدا، هەر چەندە (ینك) زۆر هەوڵی ئەوەی دا كە نیازپاكی و جددی بوونی خۆی بۆی نیشان بدات تا گەیشتە ئەوە جەلال تاڵەبانی لە هەمان هەفتەنامە (الطليعة العربية) گوتبووی: " لەپشتەوە خەنجەر لە سوپای عێراق نادەین، لەكاتێكدا كە بەرگری لەنیشتمان بكات»[6]. بەپێی سەرچاوەكان لەو كاتەدا تارق عەزیز وەزیری دەرەوەی ئەوسای عێراق، لەهەمان هەفتەنامەدا گوتبووی: "جەلال تاڵەبانی هاتووەتە ڕیزی نیشتمان ئەگەر نیازی پاك بێت ئەوە كورسییەكی لە بەرەی ئۆتۆنۆمی (ئوتونومی كارتۆنی-لێكۆڵەر) دەدەینێ»[7]. بەرانبەر بەم وتەیەی وەزیری دەرەوەی عێراق، وەك هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر تاڵەبانی، ژمارەیەك لە ئەندامانی

---

(١) نەوشیروان مستەفا، خولانەوە لەناوبازنەدا...، ل٢٩.

(٢) الطليعة العربية، ئەم هەفتەنامەیە لە لەندەن بە پارەی حكومەتی عێراق دەردەچوو لەم ماوەیەدا بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی چوو بۆ سورداش...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٧٧.

(٣) سبيل انتصار الحركة التحررية الكردية، من منشورات قسم الإعلام فى المكتب السياسى للحزب الديمقراطى الكردستانى ـ العراق، أواخر ايلول١٩٨٤، ص٨٤.

(٤) نەوشیروان ، خولانەوە...، ل٧٨.

(٥) دیفید ماكداول، مێژووی...، ل٥٧٤.

(٦) لە:كاكلە ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١ -٧٢ وەرگیراوە.

(٧) ئەحمەد كەریم، بەدواداچوونێكی وتارەكەی هەر تاڵەبانی دەتوانێ سەرۆكی ڕژێم ڕۆژێ بكاتە(حەكەم) و ڕۆژێ بكاتە (خەصم) ،گوڵان، گۆڤار، ژ:(٧٩)، ١٩٩٦/٧/١١، ل١٩.

(ینـك) حزبەکـەی بەجـێ دەهێڵـن، ڕێگەیـەکی تـر دەگرنەبـەر. لەژێـر کاریگـەری ئـەم بارودۆخـە و، نەبـوونی ئاسـۆیەکی ڕوون و ئاشـکرا لـە جێبەجێکـردنی داواکارییـەکانی (ینك) لـە لایـەن حکوومەتـەوە، سـەرکردایەتی (ینك)یـش لـە گفتوگـۆکانی بـێ ئومێـد بووبـوو، لەژێـرەوە هەوڵـی دەدا لەگـەڵ (پـدك)و لایەنـەکانی (جـود) ئاشـت ببێتـەوە تـا لـەکاتی تێکچـوونی گفتوگـۆ ئـەو فشـارە لـە سـەرخۆ لابـدات، بۆیـە چەنـد جـار هەوڵـی دابـوو کە بـە ڕێگەی(محەمـەدی حەمـەی باقـی و فەرەیـدون دارتـاش) پەیوەنـدی بـە (پـدك) و (حشـع)ەوە بکـەن، بـەڵام هـەردوو حـزب مەرجێـکی بـۆی دانرابـوو ئەویـش کـە دەبێـت (ینـك) گفتوگـۆکان لەگـەڵ حکوومـەت ببڕێـت، لەبەرانبـەردا نەوشـێروان دەنووسـێت: "مەرجەکـەی ئێمـەش ئەوەبـوو کـە پـارتی دەسـت لـە پەیوەنـدی ئێـران هەڵبگرێـت»[1]. بـەڵام دەبینیـن کـە (ینـك) دواتـر لـە ماوەیـەکی کـەم لـە کۆتاییهاتنـی گفتوگـۆ پەیوەنـدی بـە ئێـران و بـەو دەسـەڵاتدارانەی ئێرانـەوە دەکات کـە لـە پەیوەندیـدا بـوون لەگـەڵ پـارتی[2]. جارێـکی تـر لـە ئـابی ١٩٨٤ لەژێـر بـاری نائومێـدی بەرانبـەر جێبەجێکـردنی داواکارییـەکانی لـە لایـەن حکوومەتـەوە، (ینـك) ئامادەیـی خـۆی دەربـڕی بـۆ ئاشـتبوونەوەی گشـتی، هـەر وەك نەوشـێروان دەنووسـێت: "بـەو مەرجـەی ئامادەیـی خۆمـان بـۆ ئاشـتبوونەوەی گشـتی دەربـڕی، هێـزەکانی (جـود) ڕێـز لـە بڕیـاری ڕاگرتنـی شـەڕ لەگـەڵ حکوومـەت بگـرن تـا ئـەوکات ئاگربـڕ هەیـە، بەتایبـەتی لـە ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی یەکێتـی هێـرش نەکـەن بـۆ سـەر هێـزەکانی سـوپای عێـراق» [3]. لـەم بـارەوە د.مەحمـوود عوسـمان دەڵێـت: "سـەرکردایەتی یەکێتـی چاوەڕێـی ئـەوەی دەکـرد لەگـەڵ حکوومـەت ئەگـەر هیـچ نەبـێ وەك ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠، شـتێك بـە نـاوی خـۆی تۆمـار بـکات»[4]. بـەڵام لـە بەرانبـەردا (جـود) وەڵامێـکی توونـدی پـێ دابـوو کـە بـۆ پەلامـاردانی هێـزەکانی سـوپای عێـراق، پابەنـدی هیـچ مـەرج و بڕیارێـك نابـن[5]. بـەم شـێوەیە هیـچ گۆڕانکارییـەك لـە هەڵوێسـتی حزبـەکان ڕوو نـادات، جگـە لـەوە جارێـکی تـر لـە٤ی تشـرینی دووەمـی ١٩٨٤ وتەبێژێـك بـە نـاوی مەکتەبی سیاسـی

(١) نەوشیروان مستەفا، خولانەوە...، ل٣٢.

(٢) جەمال نەبەز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

(٣) نەوشیروان مستەفا، خولانەوە لەناوبازنەدا...، ل٧٨.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.محمود عوسمان، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.

(٥) نەوشیروان مستەفا، خولانەوە لەناوبازنەدا...، ل٧٨.

(ینـك) ڕایگەیانـد: "یەكێتـی بـۆ بەرپەرچدانـەوەی هێرشـە ناڕەواكـەی توركیـا بـۆ سـەر خـاكی باشـووری كوردسـتان، ئامادەیـە هێزێـكی پێشـمەرگە ڕەوانـەی بادینـان بـكات»، لـە وەڵامیـدا وتەبێـژی (پـدك) لـە بەیاننامەیەكـدا ڕایگەیانـد بـوو: "پـارتی ئـەم هەڵوێسـتەی بـە ئەرێنـی و خۆشـحاڵی پێشـوازی لـێ دەكات و بەخێرهاتنـی هێـزەكانی یەكێتـی دەكات بـۆ بادینـان و گشـت ناوچـە ئازادكـراوەكانی تـری ژێردەسـەڵاتی، بـەڵام پێویسـتە یەكێتـی دەسـتبەرداری گفتوگۆكـردن بێـت لەگـەڵ حكوومـەت و، ئاشـتبوونەوە لەسـەر ئەسـاسی ڕووخانـدنی ڕژێمـی سـەدام بێـت»[1]. ئەنجـام (ینـك) لـە هەوڵەكانیـدا سـەرنەكەوت بـە هـۆی پابەندبـوون بـە گفتوگۆكـردن لەگـەڵ حكوومـەت، بـەوەش دەرفـەتی زێڕیـن بـۆ حكوومـەتی عێـراق ڕەخسـا، سـەرەڕای ماندبـوونی سـوپاكەی بەهـۆی شـەڕكردن لەگـەڵ ئێـران، زۆر بـە ئاسـانی تـوانی دەسـت بەسـەر شـوێنە سـتراتیژەكانی ژێـر دەسـەڵاتی (ینـك) دا بگرێتـەوە[2]. گفتوگـۆی نێـوان (ینـك) لەگـەڵ حكوومـەت نزیكـەی سـاڵێك درێـژەی هەبـوو، بـەڵام بەبـێ ئـەوەی هیـچ دەسـتكەوتێكی گرنـگ و سـتراتیژ بـۆ گـەلی كـوردی لـێ بكەوێتـەوە، لـە كۆتایـی دانوسـتاندنی وەفدێـكی توركیـا بـە سـەرۆكایەتی (وەحیـد خەلـەف ئۆغلـو) وەزیـری دەرەوەی ئەوكاتـەی توركیـا، لـە كانـوونی یەكەمـی١٩٨٤ سـەردانی بەغـدا دەكات هۆشـداری بـە حكوومـەتی عێـراق دەدات لـەوەی هـەر جـۆرە ڕێككەوتنێـك لەگـەڵ (ینـك)دا دەبێتـە هـۆی داخسـتنی بـۆڕی هەناردەكـردنی نـەوتی عێـراق بـۆ دەرەوە، بەمـەش دانوسـتاندن شكسـتی هێنـا و دوای چەنـد ڕۆژێـك تاڵەبـانی بەغـدای بەجـێ دەهێڵێـت، بـۆ باشـووری كوردسـتان دەگەڕێتـەوە[3]. پـاش ئـەوە بـێ هیوایـی و ڕەشـبینی و نائومێـدی زیاتـر باڵیـان بەسـەر سـەركردایەتی (ینـك)و پێشـمەرگە و لایەنگرانیـدا ڕاكێشـا[4]. ئـاكام سـەركردایەتی (ینـك) گەیشـتە ئـەو بڕوایـەی كـە ڕژێمـی فـاشی بەغـدا هیـچ مافێـك سـوودی تێدابێـت بـە كـورد نـادات، بۆیـە ناچـار دەبێـت كۆتاییهاتنـی گفتوگـۆی خـۆی لەگـەڵ حكوومـەت لـە١٥ی كانـوونی دووەمـی١٩٨٥ یـەك

---

(١) م.س ـ پ.د.ك، بەیاننامە»بەلـێ بـا لەسـەر ئەسـاسی ڕووخانـدنی ڕژێمـی سـەدام ئاشـت بینـەوە»، لە١٩٨٤/١١/٨.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەوە بڕوانە: فاتح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك...، ب٣، ل٣٨٣.

(٣) مایكل أم غیتر، المصدر السابق، ص٥٩؛ فاروق محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.

(٤) فەیسـەل دەبـاغ، هـەر تاڵەبـانی دەتوانـێ سـەرۆكی ڕژێـم ڕۆژێ بكاتـە (حەكـەم) و ڕۆژێ بكاتـە (خەصـم)، گـوڵان، گۆڤـار، ژ: (٧٩)، ١٩٩٦/٧/١١، ل١٨.

لایەنـە ڕابگەیەنێـت و، ئۆباڵـی شکسـتەکەی دەخاتـە ئەسـتۆی تورکیـا[1]. ڕاسـتییەکەی ناکرێـت ئۆباڵـی سـەرنەگرتنی گفتوگـۆ بـە تـەواوەتی بخەینـە ئەسـتۆی تورکیـا، بەڵکـو حکوومـەتی عێـراق کـە لـە سـەرەتاوە نیـازی ڕێککەوتنـی نەبـوو، بەڵکـو خافڵکـردنی سـەرکردایەتی یەکێتـی و، بەکارهێنـانی هێـزەکانی بـوو بـۆ سـوودوەرگرتن لـە پێنـاوی بەرژەوەندییەکانی خۆی، دژی لایەنی بەرانبەر.

پـارتی لەگـەڵ هێـزەکانی (جـود) لـە بەیاننامەیـەکی هاوبەشـدا کـە لـە کانـوونی دووەمـی ١٩٨٥ بڵاوکرابـووەوە ئـەم هەڵوێسـتەی (ینـك)ی سـەبارەت بـە ڕاگرتنـی گفتوگـۆ، بـە هەنگاوێـکی گرنـگ و ئەرێنـی لـە قەڵـەم دا، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا لـە هەڵوێسـتی (ینـك) دڵنیـا نەبـوون و تێبینـی زۆری لەسـەر هەبـوو وەك ئـەوەی لـە بەیاننامەکـەدا هاتبـوو: "بـەرەی (جـود) وای دەبینـی، کـە هێشـتە زووە بـۆ حوکمـدان لەسـەر هەنـگاوی سـەرکردایەتی یەکێتـی و ڕاسـتگۆیی نیەتـەکانی، لـە بـەر ئـەوە بەیاننامەکـەی دەربـارەی کۆتاییهێنـان بـە وتوویـژ بەردەوامبـوونی لـە ڕێبـازی لاتەریـکی و دوورەپەرێـزی نەتەوەیـی پێـوە دیـارە، خـۆی نەبەسـتووەتەوە بـە بنەمـای وازهێنـانی یەکجـاری لـە ڕێبـازی سـەوداکردن و هـەوڵ دەدات بیانـوو بـۆ گفتوگۆیەکـە بهێنێتـەوە، ئەمـە و قسـە لەئامانجـەکانی بزووتنـەوەی نیشـتمانی عێراقـی نـاکات کـە بریتییـە لـە ڕووخانـدنی ڕژێمـی دکتاتـۆری و دامەزرانـدنی حکوومـەتی نیشـتمانی دیموکـراتی ئیئتلافی کـە دیموکـراتی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کـورد مسـۆگەر بـکات»[2]، ڕاسـتییەکەی ئـەم بۆچوونـە وەك خـۆی بـوو، سـەرەڕای ڕاگرتنـی گفتوگـۆ، (ینـك) بـە تـەواوەتی خـۆی بـە بنەمـای ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس نەبەسـتبووەوە، هـەروەك کاکل ئەحمـەد دەنووسـێت: " لـە١٩ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٥، بەئامادەبـوونی جـەلال تاڵەبانی لـە چیـای ئاسـۆس، خـولی دووەمـی کادیـرانی پێشـکەوتووی کۆمەڵـە سـازکرابوو. لـە وەڵامـی پرسـیارێکدا کـە ئاراسـتەی جـەلال تاڵەبـانی کرابـوو لەلایـەن کادیرێـکی کۆمەڵـە، کـە ئایـا یەکێتـی دروشـمی ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس بـەرز دەکاتـەوە ئەگـەر شـەڕ دەسـتی پـێ کـرد؟ لـە وەڵامـدا گوتبـووی: نەخێـر ئەگـەری ڕێککەوتنیـش هەیـە»[3].

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١٦).

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: بـەرەی نیشـتمانی دیموکـراتی عێراقـی، بەیاننامە»دەربـارەی ڕاگرتنـی ووتوێـژ لـە نێـوان یەکێتـی و ڕژێمـی دکتاتـۆری»، لـە کۆتایـی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٥.

(٣) کاکل ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

بـەڵام ئەمـە سـەری نەگـرت، پـاش چەنـد ڕۆژێـك بـە تـەواوەتی گفتوگـۆکان کۆتایـی هـات بەبـێ هیـچ دەسـتکەوتێکی نیشـتمانی جگـە لـە هەندێـك پـارە و چەنـد دەسـکەوتی تـری کەسـی نەبێـت.

لەکۆتایـدا ئـەوە دەردەکەوێـت کـە پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان هـەر لـە سـەرەتاوە خـاوەن هەڵوێسـتێکی کوردایـەتی ڕوون بـووە و، چـاوەڕوانی ئـەوە کرابـوو بەپێـی ئـەو ئەزموونـەی کـە لەگـەڵ حکوومـەتی عێراقـدا هەیبـوو، جگـە لـە خـۆ بەهێزکـردن و پڕچەککـردن دووبـارە خۆڕێکخسـتنەوەی ڕیـزەکانی سـوپا و پێداچوونـەوەی سیاسـەت و سـتراتیجی تایبـەتی خـۆی، ئـەوەی سـوود و بەرژەوەنـدی گـەلی کـوردی تێـدا بـەدی بکرێـت پێـی نـادات، هـەر بۆیـە لـەم ڕوانگەیـەوە پـارتی هیـچ لـە هەڵوێسـتی دژ بەرانبـەر سیاسـەتی یەکێتـی لـە گفتوگـۆی تاکلایەنـەی لەگـەڵ حکوومـەت بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـە نەشـاردبووەوە، بـەو مەرجـەی ئامادەیـی ئاشـتبوونەوە بـوو لەگـەڵ یەکێتی کـە لەسـەر بنەمـای ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس بێـت، هـەر وەکـو لـە قۆناغـەکانی دوای کۆتاییهاتنـی گفتوگـۆکانی یەکێتـی لەگـەل حکوومـەت، گەشـێکی دۆسـتانە لـە نێـوان هـەر دوو حـزب هاتبووەکایـەوە کە سـەرئەنجام ئاشـتەوایی گشـتی نێـو هێزە کوردسـتانییەکان لێکەوتـەوە.

# بەشی سێیەم

## ڕۆلی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (١٩٨٦ - ١٩٩١)

# باسی یەکەم

# ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاشتبوونەوەی نێوان پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان

کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە بەرزکردنەوەی دروشمی ئاشتبوونەوەی گشتی لە لایەن هەر حزب و هێزێکەوە بێت خزمەتێکی مێژوویی مەزن بە بەرژەوەندی بەرزی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەکات، بێگومان یەکێك لە هۆکارە سەرەکی و کاریگەرییەکان کە بە درێژایی مێژووی بزاڤی گەلی کورد بووەتە کۆسپ و ڕێگری لە بەردەم بە ئەنجام نەگەیشتنی ئاواتی سەربەخۆیی کورد، دوو بەرەکی و کێشەی سڕینەوە و سەنگەر جیاکردنەوە و سەنگەر لە یەکتر گرتن و تێکدانی یەکڕیزی و هاریکاری نێوان سەرکردە و چینە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کورد بووە، کە ئەمەش هەمیشە لە لایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە بە دەرفەت لە بەرژەوەندی خۆیاندا سوودی لێ وەرگیراوە و بووەتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتن بە سەر خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد، سالانی (١٩٧٦ - ١٩٨٦) باشترین نموونەی زیندووی ئەو سەردەمەی بزاڤی گەلی کورد بوو لە باشووری کوردستان[١]. بەمەش جگە لە زیانی زۆری مرۆیی و ماددی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی مەیدانی خەبات، ببووە هۆی ئەوەی هێزە کوردییەکان کاتێکی زۆری لە بار بەفیڕۆ بدەن و سوود لە لاوازبوونی توانا سەربازییەکانی حکوومەتی عێراق لە ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە ماوەی (١٩٨٠ ـ ١٩٨٦)دا وەرنەگرن، کە ئەو کات حکوومەت لە شەڕێکی زۆر سەختدا بوو لەگەڵ ئێران و لە بەرانبەریدا ڕۆژ بەڕۆژ لە تێکشکاندابوو[٢].

---

(١) سەلام ناوخۆش بەکر، دۆزی کورد لەنێوان بەرداشی مارکسیەت و دیموکراسیەتدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٠١.

(٢) ئاراس عبدالرحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان ـ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر (بڵاوکراوە)، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل٩٣.

بێجگـە لـەوەش هـەر لـەو ماوەیـەدا لـە زۆربـەی شـارو شـارۆچکەکانی خۆپیشـاندان و ڕاپەڕینـی جەمـاوەری سـەری هەڵدابـوو، زۆر بـە توونـدی بەگـژ دەسـەڵاتدارانی بەعـس لـە ناوچەکـەدا دەجووڵانـەوە[1]. بۆیـە بـە دیـدی بەنـدە هەلومەرجـی ئـەو قۆناغـە لـە هەمـوو کاتێـك زیاتـر لەبـار بـوو بـۆ یەکگرتنـی پـارت و لایەنـەکانی کوردسـتانی، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە بـە هـۆی زیندووکردنـەوەی کێشـە مێژووییـەکانی نێـوان هێـزە کوردییـەکان، بەتایبـەتی لـە نێـوان پـارتی و یەکێتـی، نەیانتوانیبـوو وەك پێویسـت سـوود لـەم دەرفەتـە زێڕینـە وەربگـرن.

بەڕاسـتی ململانێـی نێـوان پارتـە کوردسـتانییەکان وەك لـە لاپـەڕەکانی پێشـتر بـاس کـرا، کارێـکی وای کـرد لـە بـڕی فراوانکـردنی پەیوەنـدی ئاشـتەوایی و ئەنجامـدانی چالاکـی لەشـکری و سیاسـی هاوبـەش لەگـەڵ یەکـتر، قۆناغێـکی درێژخایـەنی دوژمنایەتییـان تێپەڕانـد، بەتایبـەتی لـە مـاوەی  دانوسـتانەکانی (ینـك) لەگـەڵ حکوومـەتی عێـراق[2]، کـە لـەو کاتـەدا توونـدتر لەهەمـوو کاتێـك کوردسـتان ببـوو بـە مەیـدانی ململانێـی ناوخۆیـی لـە نێـوان (جـود) و (ینـك)دا، بەمـەش هەمـوو ئەگـەرەکانی چارەسـەری ئاشـتییانەی کێشـە ناوخۆییـەکانی کوردسـتان لەبـار بردبـوو.

هـەر چەنـدە (ینـك) لـە گەرمـەی دانوسـتانەکان لەگـەڵ حکوومـەت، چەنـد جارێـك ژێـر بەژێـر هەوڵـی ئاشـتەوایی لەگـەڵ (پـدك) و لایەنـەکانی (جـود) دەدا[3]. بـەڵام لـە بەرانبـەردا (پـدك) مەرجێـکی بـۆ سـەرکردایەتی (ینـك) دانابوو کـە پەیوەندی خـۆی لەگەڵ حکوومـەت بپچڕێـت، وەك ئامانجـی ڕاسـتەقینەی شـۆڕش، دروشـمی ڕووخـانی ڕژێمـی بەعـس هەڵبگرێـت و ئینجـا بێتـە سـەرمێزی گفتوگـۆ[4]. بـۆ نموونـە: لـە٤ی تشـرینی دووەمـی ١٩٨٤، وتەبێژێـك بـە نـاوی مەکتـەبی سیاسـی (ینـك) ڕایگەیانـد: "یەکێتـی ئامادەیـە هێزێـکی گـەورە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی پەلامـارەکانی سـوپای تورکیـا بـۆ سـەر ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی پـارتی، ڕەوانـەی دەڤـەری بادینـان بـکات بـۆ هـاوکاری

(١) ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی...، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١٤).

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: سـامی شـورش، کردسـتان والأکـراد، الحرکة القومیـە والزعامة السیاسـیة، إدریـس بارزاني....نموذجاً، مطبعـة وزارة التربیة،أربیل ، ٢٠٠١، ص١٦٤.

(٤)  نەوشێروان مستەفا، خولانەوە...، ل٣١.

هێـزەكانی پـارتی»[١]، لـە بەرانبـەردا مەكتـەبی سیاسـی (پـدك) هەڵوێسـتەكەی(ینك) بـە ئەرێنـی لـە قەڵـەم دا و ڕایگەیاندبـوو: "پـارتی ئامادەیـە پێشـوازی لـە هێـزەكانی یەكێتـی بـكات بـۆ دەڤـەری بادینـان و هەمـوو ناوچـەكانی تـری ژێـر دەسـەڵاتی، بـەو مەرجـەی ئاشـتبوونەوە و هاتنیـان لەسـەر بنەمـای دەسـتبەداری گفتوگـۆ و هەڵگـری دروشـمی ڕووخـانی ڕژێمـی بەعـس بێـت» [٢]. بـەڵام سـەر ئەنجـام بەهـۆی مكوڕبـوونی یەكێتـی لەگفتوگـۆ هیچـی لـێ بەرهـەم نەهـات.

بەپێـی ئاماژەكـردنی سـەرچاوەكان لـەو قۆناغـەدا (پـدك) زیاتـر لـە پێشـوو پـەرۆشی ئاشـتی بـوو لەگـەڵ (ینـك)[٣]. بۆیـە ئەگـەر سـەرنج بدەیـن ئـەوكات (پـدك) لـە بەرزكردنـەوە و دروشـمی ئاشـتەوایی لـە ڕادیـۆ و ڕۆژنامەكانیـدا درێغـی نەكردبـوو[٤]، لـەم بـارەوە ئیدریـس بـارزانی لـە وەڵامـی پرسـیارێكدا دەربـارەی دیـدی (پـدك) لـە یەكگرتنـی هێـزە كوردسـتانییەكان گوتبـووی: " ئاشـتەوایی و یەكگرتنـی هێـزە كوردسـتانییەكان ئاواتێـكی پیـرۆزە، ئێمـە لەچوارچێـوەی ڕێبـازی پارتیـدا هەوڵـمان داوە كـە پارتـە كوردییـەكانی كوردسـتانی عێـراق یەكبگـرن، ئامادەیـن بـۆ هـاوكاری و یەكێتـی لـە گـەڵ هـەر هێـز و ڕێكخـرا وێـكی تـر كـە ئامادەبێـت دژی ڕژێمـی سـەدام لەپێنـاو ئامانجـە سـەرەكییەكانی گـەلی كـورددا خەبـات بكەیـن»[٥]. لـەم كاتـەدا (ینـك) زیاتـر لـە هەمـوو هێـزەكانی تـر پێویسـتی بـە ئاشـتبوونەوە هەبـوو، لەبـەر ئـەوە لەلایـەك لـە بەرهەمداربـوونی گفتوگـوكان لەگـەڵ حكوومـەت بـێ ئومێـد بووبـوو، لەلایـەكی تـرەوە نەیتوانیبـوو هێـزەكانی (پـدك) و هاوپەیمانـەكانی لـە ناوچـەكانی ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی وەدەربنێـت وەك ئـەوەی كـە دانرابـوو[٦]. بێجگـە لـەوەش وێـڕای دابـڕان لـە هێـزە

(١) م.س ـ پ.د.ك،» ڕاگەیاندراو»، لە٦ی تشـرینی دووەمی ١٩٨٤.

(٢) بەلێ با لەسەر ئەساسی ڕووخانی ڕژێم...، سەرچاوەی پێشوو.

(٣) چاوپێكەوتن لەگەڵ مسعود عەبدولخالق، هەولێر، ٢٠١٦/١/٢١.

(٤) ئایـا یەكێتـی نیشـتمانی كوردسـتان بەئاشـتبوونەوەی گشـتی ڕازییـە؟، سـەفین، گۆڤـار، ژ:(٤)، ئەیلـوولی ١٩٨٦، ل١١.

(٥) فەرهـاد شـاكەلی، ئیدریـس بـارزانی- یەكگرتنـی هێـزە كوردسـتانیەكان ئاواتێـكی پیـرۆزە، K٢١، گۆڤـار، ژ:(٧)، ٢٠١٠، ل٢٩٨؛ یەكگرتنـی هێـزە كوردسـتانیەكان ئاواتێـكی پیـرۆزە- گفتوگۆیـەك لەگـەڵ ئیدریـس بـارزانی، گـوڵان، گۆڤـار، ژ:(٢٤٣)، ١٩٩٩/٩/١٦،ل١٦.

(٦) چاوپێكەوتن لەگەڵ عەزیز محەمەد، هەولێر، ٢٠١٦/١/٢١.

کوردییەکان بەگشتی، (ینك) بەهۆی نزیکبوونەوە لەگەڵ حکوومەتی عێراق[1]، هیچ پەیوەندییەکی فەرمی لەگەڵ وڵاتانی سووریا و لیبیا و ئێران و گشت دۆستانی پێشوو نەمابوو، کەواتە لەم نێوەندەدا یەکێتی بەتەنیا مابووەوە، تا ئەوکات تاکە هێزی ناکۆك بوو لەگەڵ گشت هێزەکانی باشووری کوردستان.

پارتی وەك پێشوو بەردەوام پێداگیری لە سەر ئەوە دەکرد هەنگاوی یەکەم بە مەبەستی زەمینەسازی بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ و هەنگاونان بۆ ئاشتەوایی گشتی، پێویستە (ینك) لە پەیوەندی و هەماهەنگی دووربکەوێت لەگەڵ حکوومەتی عێراق[2]. بەڵام بەهۆی جدی بوونی لایەنەکان لەسەر هەڵوێستەکانیان، هیچ بەرەوپێشچوونێك لە بارەی ئاشتەوایی دروست ڕوونادات، تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ کاتێك گفتوگۆکانی (ینك) لەگەڵ حکوومەت شکستی هێنا[3]، بەمە ئیرادەیەکی گشتی ئاشتبوونەوەی نێوان هێزە کوردستانییەکانی لێکەوتەوە، (پدك) و هاوپەیمانەکانی ناو بەرەی (جود) ئەم مێژوویەیان بە سەرەتایەکی گرنگ بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ (ینك) لە قەڵەم دا[4]. بۆیە دەتوانین وای لێك بدەینەوە کە بە کۆتاییهاتنی گفتوگۆکانی (ینك) لەگەڵ حکوومەت زەمینەی ئاشتەوایی ڕاستەقینە سەری هەڵدا. یەکەم جار پاش کۆتاییهاتنی گفتوگۆکان، (ینك) لە ڕێگەی (شەوکەتی حاجی موشیر)ەوە[5]،

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەحمود عوسمان، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.

(٢) بەلێ با لەسەر ئەساسی ڕووخانی ڕژێم...، سەرچاوەی پێشوو.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١٦).

(٤) جود،»بیان اللجنة العلیا للجبهة الوطنیة الدیمقراطیة العراقیة«، فی أواخر تموز ١٩٨٥.

(٥) شەوکەتی حاجی موشیر، ناوی تەواوی (شەوکەت موشیر محەمەد مەحمود)ـە، لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی ناوچەی شارەزوورە، ساڵی ١٩٥٦ دەچێتە قوتابخانە، بەڵام دواتر بەهۆی کاری سیاسی واز لە خوێندن دەهێنێت و ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندی بە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتییەوە دەکات، دوای نسکۆی ١٩٧٥ دەبێتە ئەندام لە (کۆمەڵەی مارکسی لینینی)، ساڵی ١٩٧٦ ـ ١٩٧٩ لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە چەند جارێك دەستگیر دەکرێت، ساڵی ١٩٧٩ دەچێتە ڕیزی پارتی، ساڵی ١٩٨٠ بۆ نێو ڕیزەکانی یەکێتی دەگەڕێتەوە و تا کۆتایی تەمەنی لە نێو ئەم حزبەدا بەردەوام دەبێت، لە ماوەی (١٩٨٠ ـ ٢٠٠٣) چەند پلەیەکی سیاسی و سەربازی گرنگ لەناو ڕیزەکانی یەکێتی وەردەگرێت، کۆتا پلە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی و فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی بوو، لە شوباتی ٢٠٠٣ لەلایەنی گرووپی (جند الاسلام)ەوە کوژرا... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چ٢، لە بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٤٥٧.

لـە شـوباتی ١٩٨٥ نامەیـەك بـۆ محەمـەدی حاجـی مەحمـوود بەرپـرسی (حسـك) لـە ناوچـەی سـلێمانی، بـە مەبەسـتی ئاشـتبوونەوە دەنێرێـت، لەنامەکـەدا دوو پێشـنیاری تێدابـوو لەوانـە:

- گەڕانەوەی محەمەدی حاجی مەحموود بۆ ناو ڕیزەکانی یەکێتی.
- ئەگـەر گەڕانــەوە قەبــووڵ نەبـوو، ئـەوا ڕێککەوتنــی ئاشـتبوونەوە لــە سـنووری سـلێمانی ئەنجـام بدرێـت[١].

لـە وەڵامـی نامەکـەدا محەمـەدی حاجـی مەحمـوود پێشـنیاری دووەمـی پەسـەندکرد بـوو، ئامادەیـی خـۆی بـۆ ئاشـتبوونەوە لەگـەڵ (ینـك) پیشـاندا نـەك تەنیـا لـە سـنووری سـلێمانی بەڵکـو لەگــەڵ (حسـك) ئاشـتبوونەوەیەکی گشـتی بێـت لـە سەرتاسـەری کوردسـتان[٢]. پـاش ئاڵوگۆڕکـردنی چەنـد نامەیـەك لـە نێـوان هـەر دوولا، ئەنجـام ڕێککەوتننامەیـەکی ناوچەیـی لـە ڕۆژی ٢١ی ئـاداری١٩٨٥ لـە گونـدی (ناوگـردان)ی نزیـك شـارۆچکەی سـەید سـادق ئیمـزا دەکـەن، لەسـەر چەنـد خاڵێـك ڕێـك دەکـەون[٣]. هەرچەنـدە ئەمـە هەنگاوێـکی گرنـگ بـوو بـۆ ئاشـتبوونەوەی هەمـوو هێـزەکانی تـر لەگـەڵ (ینـك) بـەڵام هـەر زوو ناڕەزایـی (پـدك) و هاوپەیمانـەکانی جگـە لـە (پاسـۆك)ی لـێ کەوتـەوە، لەبـەر ئـەوە پێیـان وابـوو ڕێککەوتنـی ناوچەیـی هەڵوێسـتی لایەنـەکانی (جـود) لەبـەردەم (ینـك)دا لاواز دەکات[٤]، بۆیـە پێیـان خـۆش نەبـوو لایەنێـك بـە تەنیـا لەگـەڵ (ینـك) گفتوگـۆ بـکات بـە مەبەسـتی ئاشـتبوونەوە[٥]. لەبـەر ئـەوە بەپێـی ڕێککەوتـن و پرنسـیپەکانی بـەرەی (جـود) هیـچ هێزێـکی نـاو بـەرە نەیدەتـوانی هاوپەیـمانی دوولایـەنی، یـان فرەلایـەنی لەگـەڵ پارتـەکانی دەرەوەی بـەرە ببەسـتێت، ئەگـەر گەرەنتـی نەبێـت بـۆ مانـەوەی یەکڕیـزی بـەرە[٦]. بۆیـە ئـەم هەنـگاوە لای بەرەی (جـود) بەگشـتی جێگـەی گومـان بـوو، لەگـەڵ هێزیـکی وەك یەکێتـی کـە بـەردەوام

---

(١) نامـەی شـەوکەتی حاجـی موشـیر بـۆ محەمـەدی حاجـی مەحمـوود لـە١٩٨٥/٢/١. دەق لە:سـلام عبدالکریـم ، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٧٠ وەرگیـراوە.

(٢) نامـەی محەمـەدی حاجـی مەحمـوود بۆ شـەوکەتی حاجـی موشـیر لـە ١٩٨٥/٢/٢. دەق لە:هەمان سـەرچاوە، ل١٧٠ وەرگیراوە.

(٣) بۆ زانینی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە بڕوانە: ژیلوان عبدالله احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

(٤) نەوشێروان مستەفا، خولانەوە...، ل١١٦.

(٥) فاروق محەمەد، سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٧.

(٦) علی سنجاری، القضیة الکردیة...، ج٢، ص٢٤٦.

جێگـەی متمانـەی یەکـتر نەبـوون.

دواجـار بـە پێچەوانـەی ڕێککەوتنـی (جـود)، بـە مەبەسـتی فراوانکـردنی ڕێککەوتنـی بەهـاری ١٩٨٥، شـاندێکی (حسـك) کـە لە:(قـادر جەبـاری و محەمـەد شـاکەلی و محەمەد ڕەحیـم (خالـە حاجـی) ) پێکهاتبـوو لە١٨ ـ ٢٤ی نیسـانی ١٩٨٦ سـەردانی مەکتەبی سیاسـی (ینـك) لـە (یاخسـەمەر)یان کـرد، ئـاکام ڕێککەوتنێکیـان لەگـەڵ (ینـك) ئیمـزا کـرد[١]، بەپێـی ڕێککەوتنەکـە سـەرکردایەتی (ینـك) کاری سیاسـی، پێشـمەرگەیی، ڕێکخراوەیـی و ڕاگەیانـدنی لـە هەمـوو ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی بۆ(حسـك) سـەلماند، (حسـك)یـش ئـەوەی سـەلماند بـوو کـە ڕێـز لـە واقیـع بگرێـت و دەسـت نەخاتـە نـاو کاروبـاری فەرمانڕەوایـی ناوچەکـە و کۆکردنـەوەی گومـرگ، بـەڵام (ینـك) لـە داهـاتی گومـرگ بەشـێکی بـۆ ژیـان و خەرجـی پێشـمەرگە و بـارەگاکانی (حسـك) تەرخـان کردبـوو[٢].

سـەرەڕای ناڕازەیـی (پـدك) و لایەنـەکانی تـری (جـود)، ئـەم ڕێککەوتنـە تـا ڕادەیـەك هەڵومەرجی ڕەخسـاند بۆ ئاشـتبوونەوەی گشت هێزەکانی(جود) لەگەڵ (ینك)، بەبەڵگەی ئـەوە لـە کۆبوونـەوەی بـەرەی (جود) لـە نیسـانی١٩٨٦ بە بەشـداری نوێنـەرانی (پدك) کە هـەر یەکـە لە:(محەمـەد مەلا قـادر و فرنسـۆ هەریری) بـوون، جگـە لەجەختکردنەوە لە سـەر پتەوکـردنی پەیوەنـدی هاوپەیمانێتـی لـە نێـوان پارتـەکانی بـەرەی (جـود)، بڕیاریـان دابـوو کـە هەندێـك ڕێ بۆ دەسـت پێکـردنی گفتوگۆ لەگەڵ (ینـك) بگرنەبـەر[٣]. هەروەها جگـە لـە (حسـك) هـەر لـەم ماوەیـەدا شـاندێکی (پاسـۆك)یش کـە لە:(کەریـم سـەلام و شـەماڵ و بێسـتون) پێکهاتبـوون، بە مەبەسـتی کۆتاییهێنان بە ناکۆکییـەکان لەگەڵ (ینك)، لـە ١٠ ـ ١٢ی ئایـاری ١٩٨٦ سـەردانی (یاخسـەمەر)یان کـرد و ڕێککەوتنێکیـان ئیمزاکـرد، ئەنجـام کۆتایـی بـە شـەڕ و کێشـەی نێـوان ئـەم دوو لایەنـە هـات و (پاسـۆك) بـە ئازادی بـارەگای خـۆی بۆ نزیـك بـارەگاکانی (ینك) گواسـتەوە[٤].

---

(١) ژیلـوان عبداللـە احمـد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٢٣؛ سـەلام عبدالکریـم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٧٣.

(٢) نەوشێروان مستەفا، خولانەوە...، ل١١٥.

(٣) عـن إجتـماع سـکرتاریە اللجنـة العلیـا لـ(جـود)، اخبـار کردسـتان، العـدد:(١٤٢)، نیسـان ١٩٨٦، ص١؛ محمـد شـاکەلی، لـە بزووتنـەوە بـۆ حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان (١٩٧٦ – ١٩٩٣)، چاپخانـەی کارۆخ، کەرکـوك ،٢٠١١، ل١٣٩-١٤٠.

(٤) نەوشێروان مستەفا، خولانەوە...، ل١١٦.

لەچوارچێـوەی پەیوەندییەکانیـدا، شـاندێکی بـاڵای (حسـك) بە سـەرۆکایەتی (ڕەسـووڵ مامەنـد) لـە١٣ی تەممـووزی ١٩٨٦ لەگـەڵ وەفـدی (ینـك) بـە سـەرۆکایەتی جـلال تاڵەبـانی کۆدەبنـەوە، لـەم کۆبوونەوەیـەدا شـاندی (حسـك) لای وابـوو کـە (ینـك) لـە بەرانبـەر ئاشـتبوونەوە لەگـەڵ (پـدك) سـاردە و پێویسـتە جدیـتر بێـت، بـۆ ئـەوەی (ینـك) بیسـەلمێنێت کـە (ینـك) جدییـە (حسـك)ی ڕاسـپاردبوو کـە بـۆ کاری ناوبژیـوانی کۆبوونـەوەی هاوبـەش و ئاشـتبوونەوەی (ینـك) و (پـدك)، تێبکەوێـت[١]، بـۆ ئـەوەی هەنـگاوی دووەم لەگـەڵ (پـدك) ئەنجـام بدرێت[٢].لـەم بـارەوە فاتـح ڕەسـووڵ دەنووسـێت: "دوای ئاڵوگۆڕکـردنی چەنـد نامەیـەك بەنێوەندگیـری (حسـك) لەنێـوان (پـدك) و (ینـك)، پەیوەندییـەکانی نێـوان هـەردوولای تـا ڕادەیـەك ئاسـایی کـردەوە»[٣]. بـەڵام لـە بەرانبـەردا نەوشـێروان مسـتەفا ئەمـە ڕەتدەکاتـەوە، دەنووسـێت: «هەوڵـەکانی (حسـك) لـەم نێوەنـدەدا بـێ ئەنجـام بـوو»[٤].

هەڵبـەت لـەو کاتەدا وێـڕای ئەوەی کە ئومێدێـکی زۆر بۆ ئاشـتبوونەوە و، کۆتاییهاتنی شـەڕی ناوخـۆ لـە لای گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان، بگـرە لـە پارچـەکانی تریـش پەیـدا بووبـوو، (ینـك) بەکـردەوە لـە شـەڕدا بـوو دژی لایەنـەکانی (جـود) بەگشـتی و (پـدك) بەتایبـەتی، لـە هاوینـی ١٩٨٦ هێـزەکانی (ینـك) لـە دەشـتی هەولێـر پەلامـاری هێـزەکانی پێشـمەرگەی (پدك)یـان دابـوو، ئەنجـام چەنـد پێشـمەرگەیەك لـە هـەر دوولا بـوون بـە قوربـانی[٥]، جگـە لـەوەش چەنـد جـاری تـر بـە مەبەسـتی دەرکـردنی هێـزەکانی (پـدك) لـە ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی پەلامـاری پێشـمەرگەکانی (پـدك) دەدات و بـە دەیـان پێشـمەرگە دەکاتـە ئامانـج، بـۆ نموونـە لـە ناوەڕاسـتی ئەیلـوولی ١٩٨٦ لـە دەشـتی هەولێـر نزیـك کەندێنـاوە، هێـزەکانی (ینـك) پەلامـاری هێزێـکی (پدك)یـان دابـوو، ئەنجـام نزیکـەی ١٠ پێشـمەرگە بـوون بـە قوربـانی و چەنـدان کـەسی تریـش

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل١١٦.

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ عەدنـان موفتـی، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٧. ناوبـراو ئەندامـی شـاندی (حسـك) بـوو لـەم کۆبوونەوەیەدا.

(٣) فاتح رەسول، چەند لاپەڕەیەك...، ب٣، ل٤٣٨.

(٤) نەوشێروان مستەفا، خولانەوە...، ل١١٧.

(٥) بـۆ زانینـی نـاوەکان و زانیـاری زیاتـر بڕوانە:ئاشـتبوونەوەی گشـتی یـان خۆشـکردنی شـەڕی براکـوژی!، سـەفین، گۆڤـار، ژ: (٣٨)، تەممـوزی١٩٨٦، ل٣.

بریندار کرابوون[1]. ئەمەش نموویەك بوو لەنێو چەندان نموونەی تر.

هەر بۆیە (پدك) پێی وابوو، (ینك) دەیەوێت لەنێوان لایەنەکانی (جود) دووبەرەکی دروست بکات و هاوپەیمانانی (جود) لێك جودا بکاتەوە[2]. بەدیدی بەندە ئەم بۆچوونە لە شوێنی خۆی بوو، لەبەر ئەوە لەلایەك (ینك) توانبوو (حسك) و (پاسۆك) بە ڕێککەوتنی ناوچەیی، بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لەلایەکی ترەوە بەکردار لە پەلاماردانی هێزەکانی (پدك) بەردەوام بوو، بەتایبەت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پێشتر تاڵەبانی لە نامەیەکدا بۆ محەمەد ڕەحیم (خاڵە حاجی)کە ئەو کات بەرپرسی ئەوسای پەیوەندییەکانی (حسك) بوو، نووسیبووی: "یەکێتی بڕیاریان داوە لەگەڵ هیچ لایەنێك بە تەنیا ڕێککەوتنی هاوکاری واژۆ نەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ پارتی، هەموو لایەنەکانی (جود) نامەی ئاشتەوایی ناردووە»[3].

لە ڕاستیدا بەبێ ئاشتبوونەوەی (پدك) و (ینك)، وەك بە هێزترین دوو هێزی سەرەکی سەر گۆڕەپانی سیاسی و چەکداری باشووری کوردستان، ئاشتبوونەوەی گشتی نەدەبوو، لەبەر ئەوە سەرچاوەی شەڕی ناوخۆ و هەموو کێشە و گرفتەکانی تر بە ئاستی پەیوەندی هەر دوولاوە بەسترا بوونەوە، وەك فەرەنسۆ هەریری دەنووسێت: "کاتێك کە ئێمە (پارتی و یەکێتی-لێکۆڵەر) لەشەڕ و ململانێدا بووین هێزە کوردستانییەکان سەریان لێ شێوابوو، حەزیان دەکرد پەیوەندییان لەگەڵ هەردووکماندا باش بێ و بەچاوێکی ڕێزەوە سەیری هەڵوێستی ئەوان بکەین، بەڵام بە هۆی ململانێی نێوان ئێمە ئەوەی هاوکاری یەکێتی کردبا ئێمە ڤیتۆمان لەسەر دادەنا و بە پێچەوانەوە ئەوەی دۆستایەتی ئێمەی کردبا لەلایەن یەکێتی ڤیتۆیان لەسەر دادەنا»[4]. کەواتە ئاشتبوونەوەی ڕاستەقینەی نێو هێزە سیاسییەکان بەم

---

(١) بۆ زانینی ناوەکان و زانیاری زیاتر بڕوانە: دیسان کورد کوشتن، سەفین، گۆڤار، ژ: (٤٠)، ئەیلوول/١٩٨٦، ل١٠.

(٢) د.علی نێرەوەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٤١٦.

(٣) نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ محەمەد رەحیم لە ١٩٨٦/٤/١٦، دەق لە: سروە قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨وەرگیراوە.

(٤) فرەنسۆ هەریری، ئاشتبوونەوەی یەکێتی و ئێمە و دیموکرات بۆ دووربینی و نەتەوەپەروەری کاك ئیدریس دەگەڕێتەوە، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٢٢٦٦)، ١٩٩٧/١/٣٠، ل٥.

دوو هێـزەوە بەندبـوو.

هـاوکات بەهـۆی نەبـوونی بـڕوا و متمانـە بەیەکـتر کارێـکی ئاسـان نەبـوو تەنانـەت هـەردوو حـزب نەیاندەتـوانی بـێ ناوبژیـوانی، هیـچ دەستپێشـخەری و بەرەوپێشـچوونێك بـە مەبەسـتی ڕێککەوتـن لەگـەڵ یەکـدی ئەنجـام بـدەن[١]. بـۆ ئـەم مەبەسـتە (پـدك)، بەتایبـەت کەسـایەتی ئیدریـس بـارزانی لـە چوارچێـوەی ئـەو پەیوەندییـە سیاسـییەی کـە لەگـەڵ ئێـران هەیبـوو، هەوڵـی دابـوو لـەو ڕێگەیـەوە کەشـێکی سیاسـی ئاسـایی لەگـەڵ سـەرکردایەتی(ینك) دروسـت بـکات[٢]. جگـە لـەوەش پێشـتر ئیدریـس بـارزانی لـە ڕێگـەی چەنـد کەسایەتییەوە لەوانـەش (حاجـی حاجـی برایـم ) کـە ئـەوکات یەکێـك لـە ئەندامـانی چالاکـی (پـدك) بـوو لـە هەرێمـی سـوران، لـە سـەرەتای ١٩٨٦چەنـد جارێـك نامـەی (ئیدریـس بـارزانی) لـە بـارەی ئاشـتبوونەوە و تەبایـی و برایـەتی گەیاندبـووە دەسـتی هـەر یەکـە لـە: (فەرەیـدوون عەبدولقـادر و عەبـدوڵا مـام عـەلی) نوێنـەرانی (ینـك)، ئـەم هاتوچۆیـە لـە نێوانیانـدا تـا ئاشـتببوونەوە بـەردەوام بـوو[٣]. هـەر لـەم چوارچێوەیـەدا کەریـم ئەحمـەد دەڵێـت: "بـۆ وەڵامدانـەوەی لێدوانەکـەی سـەدام حسـێن کاتێـك وتبـووی : کـورد بـە یـەك شـت ڕزگاری دەبـێ، ئەویـش یەکبوونیانـە بـەڵام مـن تەحەدایـان دەکـەم ئەگـەر یەکبگـرن ، ئیدریـس بـارزانی سـەردانی بـارەگای سـەرکردایەتی (ینـك)ی کـرد، دواتـر جـەلال تاڵەبـانی لـە گـەڵ خـۆی بـردە ئێـران و لـە گـەڵ لێپـرسراوانی ئێـران پێکـی هێنایـەوە، دوای ئـەوەی گەیشـتنە یـەك و تەقـاروب»[٤]. سـەبارەت بـەم پرسـە فەرەیـدوون عەبدولقـادر کـە ئـەوکات ئەندامـی شـاندی (ینـك) بـوو، دەڵێـت: "ئیدریـس بـارزانی مەسـئوولانە دەوری تاریخـی خـۆی تێـدا بینـی، کـە هەموومـان بـەو ڕەنـج و ماندووبـوون و بـەو گیانـە دڵسـۆزەی ئـەو قەرزاریـن»[٥].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ توفیق ئاکرەیی، ئاکرێ، ٢٠١٦/٣/١٦.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانە:حاجـی حاجـی برایـم، یـادی ڕاپەڕیـن بـێ یادکردنـەوەی ئیدریـس بـارزانی مەغـدور دەبـێ، برایـەتی، ڕوژنامـە، ژ:(٣٣٣٣)، ٢٠٠١/٣/١٧.

(٤) کەریـم ئەحمـەد، ڕێـڕەوی تێکۆشـان، و:جـەلال دەبـاغ، چاپخانـەی ڕەهەنـد، سـلێمانی، ٢٠٠٦، ل٣١٣؛ فوئـاد سـدیق، گەردەلـوولی..،ب١، ل٢٠٠؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ کەریـم ئەحمـەد، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٩.

(٥) ناجـی سـعید ئەرگـوشی، کۆچـی ئیدریـسی جوانەمـەرگ لەکۆمەڵێـك دیکۆمێنتـدا، چاپخانـەی ڕۆژهــەڵات، هەولێـر، ٢٠١٥، ل١٩٠.

بەپێــی ســەرچاوەکان لــە تشــرینی یەکەمــی ١٩٨٦دا شــاندێکی (ینــك) کــە لــە: (فەرەیـدوون عەبدولقـادر و د.کەمـال خۆشـناو و دارا حەفیـد و ڕەفعـەت عەبدولڕەحمان و شـێردڵ حەوێـزی ) پێکهاتبـوون، بـە سـەرۆکایەتی جـەلال تاڵەبـانی سـەردانی تـارانی کرد و دوای بەسـتنی ڕێککەوتننامـەی سیاسـی و سـەربازی لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـدا[١]، لـە هەمـان کاتـدا سـەرۆکی ئەنجوومـەنی شـۆرای ئیسـلامی ئێـران بـە فەرمـی (ئیدریـس بـارزانی) بـۆ تـاران دەعـوەت کردبـوو، ئەنجـام شـاندی هـەردوو حـزب، (پـدك) بـە سـەرۆکایەتی (ئیدریـس بـارزانی) ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی و (ینـك) بـە سـەرۆکایەتی جـەلال تاڵەبـانی سـکرتێری گشـتی، بـە ناوبژیـوانی تـاران لـە ڕۆژانی (٧ ـ ٨)ی تشــرینی دووەمــی ١٩٨٦ کۆبوونــەوە و ســەبارەت بــە ئاشــتبوونەوەی گشــتی لــە کوردســتان و بەتایبـەتی لەنێـوان هـەردوو حزبـی سـەرەکی کـە گەرەنتـی ئاشـتبوونەوەیەکی سـەرەکی بـوون لـە کوردسـتاندا، کەوتنـە دانوسـتاندن[٢]. دوای تاوتوێکـردنی پێشـهاتە گرنگـەکانی کوردسـتان و ناوچەکـە بەگشـتی، هـەر دوولا بـە مەبەسـتی هاوکاریکـردن و ئەنجامـدانی چالاکـی سیاسـی و لەشـکری هاوبـەش و کۆتاییهێنان بە کێشـەکانی نێوانیـان، ڕێککەوتنێکی ئاشـتیان واژۆکـرد[٣]. بۆیـە سـەرچاوەکان ئامـاژە بـە ڕۆڵـی نێوەندگیـری ئێـران دەکـەن لـە ئاشـتکردنەوەی (پـدك) و (ینـك)، بەتایبـەتی دوای پێکهاتنــی (ینــك) لەگــەڵ ئێــران[٤]. هــەروەك نەوشــێروان مســتەفا دەنووسـێت: "تـا یەکێتـی لەگـەڵ ئێـران ڕێکنەکـەوت، ڕێککەوتنـی نێـوان پـارتی و یەکێتـی نەهاتـە ئـارا»[٥]. پـاش ڕێککەوتنەکـە (پـدك) و (ینك) بەیاننامەیـەکی دووقۆڵییـان دەرکـرد[٦]، لـە سـەر چەنـد خاڵێـك ڕێککەوتبـوون لەوانـە:

- هەوڵـی تـەواو و بـەردەوام بـۆ بەگەڕخسـتنی هەمـوو توانـای هـەر دوولا بـەرەو ڕووخـانی ڕژێمـی بەعـس.

---

(١) سروە قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

(٢) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٤١٨.

(٣) ژێـرار شـالیان، تراژیدیـای کـورد (ڕاپۆرتێك بـۆ نەتەوە یەکگرتـووەکان)، و: وریـا رەحمان،چاپخانەی خانـێ، دهۆك، ٢٠١٠، ل١١٧.

(٤) فوئاد سدیق، گەردەلوولی...،ب١، ل٢٠٠.

(٥) نەوشێروان مستەفا، خولانەوە...، ل١١٨.

(٦) بەلاغــی هاوبــەشی کۆبوونــەوەی ١٩٨٦/١١/٧، خەبــات، ڕۆژنامــە، ژ:(٥٦٧ – ٥٦٨)، تشــرینی یەکـەم و دووەم/١٩٨٦، ل ل١ ،١٢؛ ڕێبـازی نـوێ، ڕۆژنامـە، ژ: (١٠ و ١١)، خـولی پێنجەم،تشــرینی یەکـەم و دووەمـی ١٩٨٦، ل ل١ ، ٣.

- دابینکـردنی ئـازادی چالاکـی سیاسـی، عەسـکەری، ڕێکخراوەیـی هـەر دوولا لەهەموو ناوچـەکانی باشـووری کوردسـتان بـۆ گەشـەپێدانی خەبات.
- وەسـتاندنی چالاکـی ڕاگەیانـدنی هـەر دوولا لـەدژی یەکـتر چ چالاکـی ڕاسـتەوخۆ بێـت، یـان ناڕاسـتەوخۆ.
- ڕێگەگرتن لە شەڕی براکوژی و حەڕامکردنی[١].

هـاوکات مەسـعود بـارزانی لـە بانگەوازێکـدا جگـە لـە ئاگادارکـردنی گشـت لـق و لێژنـە و ناوچـەکانی حزبەکـەی، داوای لـە جەمـاوەری کوردسـتان کردبـوو بـۆ چەسـپاندنی گیـانی ئاشـتی و برایـەتی لەنێـو هێـز و لایەنـەکانی بەرهەڵسـتکاری کوردسـتانی و عێراقـی بەوپـەڕی توانـاوە هـەوڵ بـدەن تـا بەئەنجـام گەیشـتنی گشـت ئاواتـەکانی گـەلی کـورد[٢]. لـەو ڕۆژانـەدا سـەرکردایەتی (پـدك) و (ینـك)، کۆمیتەیـەکی بەرزیـان بـۆ دانـانی ڕێوشـوێنی جێبەجێکـردنی ڕێککەوتنەکـە، لـە سـەرکردایەتی هـەر دوولا دیـاری کـرد[٣]. دواجـار لەپێنـاوی یەکخسـتنی هێـزی پێشـمەرگە، گشـت دامـودەزگاکانی شـۆڕش، پڕۆژەیـەکی هەمەلایەنـەی سیاسـی و لەشـکری و ڕاگەیانـدن بە نـاوی (پـرۆژەی هاوکاری) یـان ئیمزاکردبـوو، کـە زۆر ڕاسـت و دروسـت ڕێگەچارەیـان بـۆ گەورەتریـن کۆسـپ و کێشـەی نـاو بزاڤـی گـەلی کـورد دۆزیبـووەوە، ئـەم پرۆژەیـە سـێ لایـەنی سـەرەکی بەخـۆوە دەگـرت لەوانـە:

### أ ـ لایەنی سیاسی:

هیـچ لایـەك لـەم دوو لایەنـە دژی یەکـتر لەگـەڵ لایـەنی سـێیەم ناچێتـە نـاو هیـچ سـنوورێکی سیاسـی ئەگـەر ڕێککەوتنێـکی لەسـەر نەبێـت، هـەر دوولا هـەوڵ بـدەن گەشـە بـە خەبـاتی هەمەلایەنـەی بـدەن بـۆ ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس و مسـۆگەرکردنی مافـەڕەواکانی گـەلی کـورد. هەروەهـا پێویسـتە هـەر دوولا لەهەمـوو کاروبارێـکی شـۆڕشی گـەلی کـورددا هەماهەنگییـەکی هاوبـەش بکـەن بەتایبـەت لـە هـاوکاری و دۆسـتایەتی لەگـەڵ هێـزی عێراقـی و دۆسـتەکاندا. کۆبوونـەوەی دەوری کۆمیتـەی بـەرزی هاوبـەش

(١) إتفـاق تاريخـي بيـن حزبنـا والإتحـاد الوطنـي الكردسـتاني، اخبـار كردسـتان، العـدد:(١٥٠)، تشـرين الثانـي /١٩٨٦، ص٦.

(٢) بـۆ دەقـی بانگەوازەکـە بڕوانـە: خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٦٧ – ٥٦٨)، تشـرینی یەکـەم و دووەم/١٩٨٦،ل ل١ ، ١١.

(٣) بەلاغی هاوبەشی کۆبوونەوەی ١٩٨٦/١١/٧...، سەرچاوەی پێشوو.

بـە لایـەنی کەمـەوە سـاڵی دوو جـار بـۆ قووڵکـردن و پتەوکـردنی پەیوەنـدی دوو قۆڵـی و چارەسـەرکردنی ئـەو گیروگرفتانـە، یـان ئـەو پرسـە گرنگانـەی کـە لـە ڕەوتی خەباتـدا دێنـە پێشـەوە، بگیرێـت، هەوڵـدان بـۆ یەکخسـتنی هێـزەکانی کوردسـتانی و عێراقـی و پێکهێنانی بەرەیـەکی نیشـتمانی بەرفـراوانی عێراقـی و، شـۆڕکردنەوەی گیـانی ئـەم ڕێککەوتنـە بـۆ هەمـوو ئاسـتەکان و حورمـەت گرتـن لـە ئەنـدام و لایەنگـرانی یەکـتر[1].

## ب ـ لایەنی لەشکری:

ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی هـەر دوولا بـۆ چالاکـی سیاسـی و لەشـکری و ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندنیـان ئـازادە و پێویسـتە هـەر دوولا یارمـەتی یەکـتر بـدەن تـا ڕێکخـراو و هێزەکانیـان لـەو ناوچانـەدا بتوانـن بەچـاکی دەوری خۆیـان بنوێنـن بـێ ئـەوەی کۆسـپ بـۆ یەکـتر سـاز بکـەن. هێـز و ڕێکخـراوەکانی هـەر دوولا کاتێـك دەچنـە ناوچـەی یەکـتر پێویسـتە ئـاگاداری یەکـتر بکـەن و هەماهەنگـی پێکـەوە بکـەن. هەروەهـا هـەوڵ بـدەن چالاکـی هاوبـەشی پێشـمەرگانە ئەنجـام بـدەن تـا زەمینـەی هـاوکاری هەمـە لایەنـە و برایـەتی بـۆ پێشـەوە بچێـت و کاریگـەری ئەرێنـی لـە سـەر کۆمـەڵانی خەڵـك و هێـزەکانی پێشـمەرگە دروسـت بـکات، بـۆ زەمینـە خۆشـکردنی یەکخسـتنی هێـزی پێشـمەرگە لـە ئاینـدەدا، پێشـمەرگەی هـەر دوولا دەتوانـن خۆیـان بـۆ لای ئـەوی تـر بگوێزنـەوە بەبـێ چـەك مەگـەر بـە بەڵگـە چەکەکـە هـی خـۆی بێـت و مەرجـی ئـەوە ڕەچـاو بکرێـت کـە تـاوانی دەرحـەق لایـەك لـەو دوولایەنـە نەکردبێـت. لـە مەسـەلەی حوکمـڕانی ناوچـەکان و گومرگـدا تـا هەڵومەرجێـکی لەبارتـر پێویسـتە لەناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی یەکـتردا، واقیعـی ئـەوکات حورمـەت بگـرن، پێکهێنـانی دادگای هاوبـەش بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی کۆمـەڵانی خەڵـکی کوردسـتان[2].

## ج ـ لایەنی ڕاگەیاندن:

ڕاگرتنـی هەمـوو جـۆرە کارێـکی ڕاگەیانـدن و پڕوپاگەنـدە چ ڕاسـتەوخۆ، یـان ناڕاسـتەوخۆ لـە دژی یەکـتر. هەڵمەتێـکی ڕاگەیانـدنی هاوبـەش بـە هەمـوو جۆرێـك و

---

(١) جەمال مورتکە، چیا خۆی دەنووسێتەوە، ب٥، چاپخانەی هێمن، ب.ش، ٢٠١٢، ل١٣٩.

(٢) پـڕۆژەی هـاوکاری نێـوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك)، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٦٧ – ٥٦٨)، تشـرینی یەکـەم و دووەمـی١٩٨٦، ل ل١ ،٥؛ مەتیـن، مجلـة، العـددان: (٦٣ – ٦٤)، تشـرین الأول و تشـرین الثانـی ١٩٨٦، ص٨.

لەهەمـوو ئاسـتەكاندا بكرێـت هـەم بۆ چەسـپاندنی گیانی ئـەم ڕێككەوتنە و گەشـەپێدانی، هـەم بـۆ ناسـاندنی پرسـی كـورد لـە نـاوەوە و لـە دەرەوەی وڵات، ڕەخنەگرتـن لەیەكـتر لـە كۆبوونـەوە هاوبەشـەكاندا نـەوەك لـەدەزگاكانی ڕاگەیاندنـدا، هەروەهـا هـاوكاری ڕاگەیانـدن لـە ڕووی هونەرییـەوە[1].

لـە ڕاسـتیدا ئـەم ڕێككەوتنـە دەنگدانەوەیـەكی ئەرێنـی و گرنگـی هەبـوو، لەبـەر ئـەوە لەلایـەك بـە ناوبژیـوانی كاربەدەسـتانی ئێـرانی كرابـوو كـە لەوكاتـەدا هـەردوولا هاوپەیـمانی ئێـران بـوون، بەمـەش بەئاسـانی نەیاندەتـوانی پاشـگەز ببنـەوە، لەلایـەكی تـر وەك پێشـتر بـاس كـرا، شـەڕ و ئاشـتی لەنێـوان ئـەم دوو هێـزەدا كاری لـە لایەنـەكانی تریـش دەكـرد، لـە ئەنجامـی ڕێككەوتنـی ئـەم دوولایەنـە كۆتایـی بـە شـەڕی ناوخـۆ هێنـا و ئاشـتەواییەكی سەرتاسـەری لـێ بەرهـەم هـات[2].

سـەرچاوەكانی سـەر بـە (ینـك) وایـان پیشـان دەدا كـە ئـەم ڕێككەوتنـە لـە ژێـر گوشـار و ڕۆڵـی گرنگـی ئێرانـدا بـووە[3]، وەك جـەلال تاڵەبـانی دەڵێـت: "دیسـان ئێمـە بە ناوبژیـوانی كۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لـە گەڵیـان (پـارتی- لێكۆڵـەر) ئاشـت بووینـەوە»[4]. بـەڵام لـە بەرانبـەردا فەرەنسـۆ هەریـری ئەندامـی شـاندی (پـدك) ئەمـە ڕەتدەكاتـەوە[5]، بەپێچەوانـەوە دەڵێـت: "هەڵبەتـە ئـەو وەختـە ئێـران بـۆ دوژمنایەتیكـردنی سـەدام كـە لەشـەڕدابوون، ڕەنگـە حـەزی كردبێـت پـارتی و یەكێتـی لـە یەكـدی نـەدەن و نێوانیـان باشـبێت، بـەڵام لـەو بڕوایـەدا نیـم ئێـران ئـەو جـۆرە ئاشـتبوونەوەیەی پـێ خـۆش بووبێـت» هەروەهـا ناوبـراو ئامـاژە بـەوە دەكات: "هەرگیـز هیـچ گوشـارێكی لەسـەر پـارتی و ئیدریـس بـارزانی نەبـووە بـۆ ئاشـتبوونەوە لەگـەڵ یەكێتـی، جگـە لـە گوشـاری كوردایـەتی و دیـدی نەتەوەیـی كـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە پاڵـی پێـوە نـاوە»[6]. بـە هەمـان شـێوە فـازڵ میـرانی ئەندامـی شـاندی (پـدك)، دەڵێـت: "ڕەنگـە كەسـانێك وا بزانـن ئـەم ڕێككەوتنـە بـە پاڵەپەسـتۆی ئێـران كـرا، كەچـی ئێـران تەنیـا فاكتەرێـكی

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:پاشكۆی ژمارە (١٧).

(٢) نەوشێروان مستەفا، خولانەوە...، ل١١٨.

(٣) ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، ب٣، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١١، ل٨٨.

(٤) لە: فاروق محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧ وەرگیراوە.

(٥) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٤١٨.

(٦) فەرەنسۆ هەریری، ئاشتبوونەوەی یەكێتی و ئێمە...، ل٣.

هاندەربوو، ئیدریس بارزانی و نفوزی لە ناو پارتی و بزاڤی نەتەوەیی کورد ڕۆڵی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا وای کرد ئەم ڕێککەوتنە لەدایك ببێت و ئیمزا بکرێت»[1]. هەروەها مەسعود بارزانیش لە چاوپێکەوتنێکدا گوتبووی: " ئێران زۆرپێی ناخۆش بوو کە هەر دوولای بەهێزی کورد ڕێك بکەون و بە ڕواڵەت واپیشانی دەدا کە پێیان خۆشە، بەڵام لە دەروونیدا پێی ناخۆش بوو لەبەر ئەوە ئەم پەیمانە لە ئایندەدا دەبوو بەگرفتێك بۆ ئامانجە ستراتیجیەکانی ئێران لە عێراق»، هەروەها لە درێژی قسەکانیدا بارزانی گوتبووی: "جگە لە کورد و حزبە سەرەکییەکانی، کە ڕەگەزی سەرەکی ئەم پێکهاتەبوون، حزبی سۆسیالیستی فەرەنسی بە سەرۆکایەتی فەرەنسوا میتران و حزبی سۆسیالیستی نەمساوی و سویدی و چەند مامۆستایەکی کورد لە دەرەوەی وڵات ڕۆڵێکی ئەرێنییان هەبوو، بەڵام لە هەموویان گرنگتر ئیرادەی هەردوو حزب بوو»[2]. بۆیە دەتوانین بڵێین ئێران فاکتەر و ڕێڕەوێکی گرنگی تێپەڕبوونی سەردەمی ناکۆکی و ناسەقامگیری نێوان هەردوو حزب بوو، بەڵام ئەوەی کاریگەری و ڕۆڵی سەرەکی دەبینی لەم پرۆسەیەدا ویستی پارتی و هاوپەیمانەکانی بوو لەگەڵ یەکێتی لەبەر ئەوە لە کۆبوونەوەی نیسانی١٩٨٦، پارتی لەگەڵ لایەنەکانی (جود) ئامادەبوونی خۆیان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکێتی دەربڕی بوو، جگە لەوە هەر لەکاتی گفتوگۆکانی یەکێتی لەگەڵ حکوومەتیش هەر ئەو مەرجانەیان دانابوو کە پێویستە یەکێتی پەیوەندییەکەی لەگەڵ حکوومەت نەهێڵێت. ئینجا پارتی ئامادەیە لەگەڵی دابنیشێت، هەر بۆیە لە دوای ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی گەورە دژ بەحکوومەت لەلایەن یەکێتییەوە، پارتی گەیشتبووە ئەو باوەڕە کە ئیتر یەکێتی بە تەواوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەت نەماوە.

ئەو ڕێککەوتنە مێژووییەی نێوان هەردوو حزبی سەرەکی کوردستان بووبووە مایەی ئومێدێکی زۆرتر بۆ سەرکەوتنی بزاڤی گەلی کورد لە لایەن جەماوەری کوردستان و هەموو هێزە کوردستانییەکان زۆر بە دڵخۆشییەوە وەریانگرت[3]. هەروەها لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنی جیهانی دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروست کردبوو،

---

(١) فازڵ میرانی، کاك ئیدریس هەمیشە قەڵغانێك بوو بۆ ئەو کەسانەی ئەرك و ئیشوکاری پێ دەسپاردن، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (٢٢٦٦)، ١٩٩٧/١/٣٠، ل٣.

(٢) لە:د.علی نێروەیی، بزاڤی...، ل٤١٨ -٤١٩ وەرگیراوە.

(٣) ڕێباز، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨؛ فازڵ رەئووف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

بۆ نموونە: ڕۆژنامەی (ئوبزێرڤەر)ی لەندەنی لە٢ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦، وتارێکی لەسەر خەباتی کورد بڵاوکردبووەوە تێیدا نوسیبووی: "ڕێککەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەسەڵاتی حکوومەتی بەغدای لەسەر باکووری عێراق (باشووری کوردستان-لێکۆڵەر) لاوازکردووە»[١].

لەپێناو دامەزراندنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە و زیاتر پەرەپێدانی دۆستایەتی لە نێوانیاندا، شاندێکی (پدك) کە پێکهاتبوولە: (فازڵ میرانی و فرەنسۆ هەریری و عەبدوڵا ئاغا و ئازاد قەرەداغی وحاجی حاجی برایم و عەبدوڵا محەمەد ئەمین)[٢]، بە سەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٩٨٦ سەردانی مەکتەبی سیاسی (ینك) لە (یاخسەمەر)یان کرد، ڕۆژی ١ ـ ٤ی مانگ، لەگەڵ تاڵەبانی سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێککەوتنی دوو قۆڵی نێوان هەر دوولا کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا جەختیان کردبوو لەسەر بەردەوامی خەباتی چەکداری هاوبەش بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی بەعس و، هەماهەنگی سیاسی لە کوڕ وسمینارەکانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان و هەروەها وەرگرتنی هەندێك بڕیار سەبارەت بە هاتوچۆی پێشمەرگەی هەر دوولا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان و بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی لێژنەیەکی هەماهەنگی نێوان هەردوو حزب لەسەر ئاستی لق و مەڵبەندەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە و بڵاوکردنەوەی بزاڤ و چالاکی سیاسی و لەشکری بۆ پتەوکردنی گیانی هەماهەنگی و برایەتی و نەهێشتنی شوێنەواری ساڵەکانی ناکۆکی و ناسەقامگیری نێوانیان[٣].

پاش ئاشتبوونەوەی (پدك) و (ینك)، ئێران هەوڵی دا هەموو هێزەکانی بەرهەڵستکاری کوردستانی و عێراقی لە کۆنگرەیەکی فراواندا کۆبکاتەوە، ئەوەبوو لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٦، حکوومەتی تاران لەسەر ئاستی باڵا کۆنگرەیەکی فراوانی بۆ هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق لەژێر ناوی (کۆنگرەی سەرکەوتنی گەلی عێراق

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کێشەی کورد لەڕاگەیاندنی جیهانیدا، خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٦٩)، کانوونی یەکەمی ١٩٨٦، ل١١.

(٢) فرەنسۆ هەریری، ئاشتبوونەوەی...، ل٣.

(٣) م.س ـ پ.د.ك، نووسراوی ژ: (١٠٨)، بۆ گشت لیژنە و ناوچەکانی تێکۆشەرمان، لە ڕۆژی ١٩٨٧/١/١٢.

ـ مؤتمـر نـصرة الشـعب العراقـي) بەسـترا[1]. بـە ئامادەبـوونی نزیکـەی ٢٠٠٠ کـەسی عێراقـی و بەرپرسـانی بـاڵای ئێـران، خەڵـکی بیانیـشی تێدابـوو[2]. لە پارتـە کوردسـتانییەکان هـەر یەکـە لـە (پـدك) و (ینـك) و (حسـك) و ڕێکخـراوە کوردییـە ئیسـلامییەکان بـە بانگهێشـتی فەرمـی حکوومـەتی تـاران بـۆ بەشـداریکردن لەکۆنگرەکـەدا دەعـوەت کرابـوون، شـاندی (پـدك) کـە پێکهاتبـوو لـە: (عـەلی عەبـدوڵا و محەمـەد مـەلا قـادر و فـازڵ میـرانی و فەلەکەدیـن کاکەیـی و عوسـمان قـازی و شـەوکەت بامـەڕنی)[3]، بـە سـەرۆکایەتی ئیدریـس بـارزانی و شـاندی (ینـك) بـە سـەرۆکایەتی نەوشـێروان مسـتەفاو، شـاندی (حسـك) بـە سـەرۆکایەتی ڕەسـووڵ مامەنـد، لـە کۆنگرەکـەدا بەشـدابوون[4]. کـە ئەمـەش بـۆ یەکەمیـن جـار بـوو ئـەم سـێ پارتـە بەتەبایـی و یەکگرتوویـی لـە کۆنگرەیـەکی فەرمیـدا لەگـەڵ پـارت و ڕێکخـراوە بەرهەڵسـتکارەکانی عێراقـی بەشـداری بکـەن.

هەرچەنـدە مەسـعود بـارزانی بـە ڕەسـمی لەلایـەن عـەلی خامەنـەئی سـەرۆك کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بانگهێشـت کرابوو، بـەڵام لەوکاتەدا بارزانی لەسـەنگەری پێشـمەرگایەتیدا بـوو لـە سـنووری بادینـان، لەبـەر ئـەوە ئامـادەی کۆنگرەکـە نەبـوو، بـەڵام بـە نامەیـەکی تایبـەت وەڵامـی بانگهێشـتنامەی خامەنەئـی دابـووەوە و وێـڕای سوپاسـگوزاری، تێیـدا نووسـیبووی: "پێویسـتە کۆنگرەکـە لەسـەر دوو تـەوەری گرنـگ داکـۆکی و پێداگیـری بـکات، کـە ئەویـش بریتیـن لـە: درێـژەدان بـە خەبـات بەهەمـوو شـێوەکانی تـا ڕووخـانی ڕژێمـی سـەدام. هەروەهـا مـاوەدان بەگـەلی عێـراق کـە بەخـۆی شـێوازی فەرمانڕەوایـی داهاتـووی وڵات هەڵبژێرێـت، بەرژەوەنـدی و مافـە ڕەواکانی گـەلی کـورد و گـەلانی تـری عێراقـی تێـدا بپارێزرێـت»[5]. کـە دواتـر هەمـوو ئـەم پرسـانە لـە بڕیـارەکانی کۆنگـرە

---

(١) سـەرباز هەورامـی، بـارزانی نەمـر لـە١٠٠ سـاڵەی بوونیـدا کۆمەڵێـك وتـار، بڵاوکـراوەی ئـاراس، هەولێـر، ٢٠١٤، ل٥٨.

(٢) حامید گەوهەری، ئیدریس بارزانی وبارزانییەکان...، ل٢٩١.

(٣) م.س ـ پ.د.ك، نـووسراوی ژ:(١٠٩)، بـۆ گشـت لـق و ناوچـەکانی تێکۆشـەرمان، لـەڕۆژی ١٩٨٧/١/١٣.

(٤)(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر لـە بـارەی نـاوەرۆکی نامەکـە بڕوانـە: رسـالة رئیـس حزبنـا للمؤتمـر، اخبـار کردسـتان، العـدد:(١٥١)، کانـون الأول/١٩٨٦، الصفحـة الأخیـرة.

(٥)(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد مەلا قادر، پیرمام، ٢٠١٥/١٢/٢.

دەردەکەوێت. کۆنگرەکە بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ بەردەوام بوو[١]. لە کۆنگرەکەدا سەرۆکی شاندنی (پدك)، ئیدریس بارزانی بە ڕەزامەندی پارتە کوردییەکان، بەناوی گەلی کورد وتارێکی پێشکەش کردبوو، تێیدا پەنجەی بۆ کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ ڕاکێشابوو، گوتبووی: " گەلی کوردستان داوای چی کردووە تا بەم جۆرە دڵڕەقانەیە لەناو ببرێت؟ ئایا لە مافی ئاسایی و ساکار زیاتر داوای کردووە کە مرۆڤایەتی بۆ هەموو گەلانی دنیای دیاری کردووە؟ ئایا لە مانەوەی تەعبیر کردن لە بوونی نەتەوەیی خۆی زیاتر داوای کردووە؟ بزووتنەوەی کوردی تەنیا داواکاری بەڕێوەبردنی ناوچە زۆرینە کوردنشینەکانی کردووە، ئەمە چ زیان و زەرەرێکی هەیە؟ ئایا گەلانی دیکەی ئیسلام و گەلانی جیهان لەم مافە سادە و ساکارە بێ بەشن؟ لەگەڵ کۆمەڵێك پرسیاری دیکەی خستبوونەڕوو»[٦]. بەڕاستی ئەم هەڵوێستە جوامێری و نەتەوایەتی و خۆنەویستی ئیدریس بارزانی بەدیار دەخات.

بەپێی سەرچاوەکان لە سەروبەندی کۆتایی کارەکانی کۆنگرەدا نیازێك لەلایەن هێزە ئیسلامییەکان دروست بووبوو کە مەسەلەی کورد بکەن بە مەسەلەیەکی لاوەکی لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەکەدا، فازڵ میرانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پدك) کە ئامادەی کۆنگرەکە بوو، دەڵێت: "لەبەرامبەر ئەم جوڵەیەدا ئیدریس بارزانی بە توندی هەڵوێستی خۆی دەربڕی، ڕایگەیاند ئێمە لەگشت مەسەلەکاندا هەڵوێستمان بەرانبەر ئێوە ئەرێنی بووە، ئێستا دەتانەوێت بەدەنگدان مەسەلەی کورد بکەن بە مەسەلەیەکی لاوەکی کە ئەمەی باسمان کرد ئاماژەی لایەنی کەمی داواکارییەکانی پارتە کوردستانییەکانە، ئەگەر قبووڵتانە بیخەنە ناو بەلاغەکە، بە پێچەوانەوە ئێمە لەهەموو ئیلتزاماتەکانمان پاشەکشێ دەکەین، کۆنگرەکە بەجێ دەهێڵین و بەیانێکیش بەو مانایە دەردەکەین»[٢]. دواتر وەك میرانی دەڵێت: "دوای ئەم هەڵوێستەی ئیدریس بارزانی، لایەنی بەرانبەر داواکارییەکانی پارتە کوردییەکانی پەسەندکرد»[٣]. بەڵام کەچی دەبینین لە ڕاگەیاندراوی کۆتایی کۆنگرەکە جگە لە دابینکردنی مافی گەلی کورد وەك مافێکی گشتی لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوو،

---

(١)(٦) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی دەقی وتارەکە بڕوانە: حامید گەوهەری، ئیدریس بارزانی وبارزانییەکان...، ل ل٢٩٣ -٢٩٩.

(٢) فازڵ میرانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

(٣) فازڵ میرانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

هەمـوو ڕێگەیـەك لـە بـەردەم مـافی چـارەی خۆنووسـینی گـەلی کوردسـتان گیرابـوو[1].
ڕاسـتییەکەی گرنگـی ئـەم کۆنگرەیـە بـۆ کـورد لـەوەدا دەردەکەوێـت یەکبـوونی کـوردی سـەلماند، کـە بـۆ یەکـەم جـار هێـزە کوردسـتانییەکان لـە بـەردەم بەرپرسـانی بـاڵای ئێـران و هەمـوو ئـەو پـارت و ڕێکخراوانـەی کـە بەرهەڵسـتکاری حکوومـەتی عێـراق بـوون، بـە یـەك دەنـگ پێداگیرییـان لـە مافـە ڕەواکانی گـەلی کـورد کردبـوو.

پـاش ئـەم ڕێککەوتنـی ئاشـتییە، مەسـعود بـارزانی ڕۆژی ٢٩ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٧، بـۆ یەکـەم جـار نامەیـەك ئاراسـتەی جـەلال تاڵەبـانی دەکات، تییـدا دەڵێـت: "زۆر خۆشـحاڵم کـە ئەبینـم ئیـرادەی گـەلی کـورد سـەرکەوت، هەرچەنـدە ئاشـتەوایی نێـوان هـەردوو حـزب زۆر دواکـەوت، بـەڵام دوژمنـی گـەلی کـورد مـردنی خـۆی تێـدا ئەبینـێ هـەر بۆیـە لـەم سـۆنگەیەوە دوژمنانمـان هەمـوو هەولێـك ئـەدەن بـۆ تێکـدانی ڕێککەوتنەکـە، بۆیـە ئەبـێ هەموومـان زۆر وریاتـر بیـن و ماوەیـان پـێ نەدەیـن کار لەسـەر جێبەجێکـردنی ئـەم پیلانـە بکـەن»، هەروەهـا بـارزانی لـە کۆتاییـدا نوسـیبووی: « هەرچـی لـە توانامـدا بێـت درێغـی ناکـەم بـۆ سـەرکەوتنی ڕێککەوتنەکـە و دامەزرانـدنی ڕوحـی برایـەتی و هـاوکاری لـە کوردسـتاندا»[2].

لـەم کاتـە هەسـتیارەدا ئیدریـس بـارزانی ئەندامـی مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) کـە لـە دواییـن ڕۆژەکانی تەمـەنی خۆیـدا کـە فاکتەرێـکی سـەرەکی ڕێکخسـتنەوەی نێـو ماڵـی کـورد بـوو، ڕۆڵێـکی بەرچـاوی بینـی بـوو لـە گەیشـتنی (پـدك) و (ینـك) بـە ڕێککەوتنـی ئاشـتی کـە گەرەنتـی سـەرەکی بـوون بـۆ ئاشـتبوونەوەیەکی گشـتی[3]، کـە هـەر لەبـەر ئەمـەش لەسـەر زاری جـەلال تاڵەبـانی ناسـناوی (ئەندازیـاری ئاشـتی- مهنـدس السـلام) پێـی بەخـشی بـوو[4]. ئێـوارەی ڕۆژی ٣١ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٧، لـە تەمـەنی ٤٣

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: قـرارات المؤتمـر، اخبـار کردسـتان، العـدد:(١٥١)، کانـون الأول١٩٨٦، الصفحـة الأخیـرة.

(٢) نامـەی مسـعود بـارزانی بـۆ جـلال تاڵەبـانی لـە١٩٨٧/١/٢٩ دەق لـە: سروە قـادر، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٦٢ وەرگیـراوە.

(٣) مایـکڵ گەنتـەر، فەرهەنگـی مێژوویـی کورد،و:مـام کاکل، بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێـر، ٢٠٠٧، ل٥٧.

(٤) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ محەمـەد مـەلا قـادر، پیرمـام، ٢٠١٥/١٢/٢؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ نەجمەدین یووسـفی، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١٣.

ساڵیدا کۆچی دوایی کرد[1]، بێگومان کۆچکردنەکەی بۆ کورد زیانێکی مەزن بوو بە تایبەت لەو کاتەدا، هەروەك جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "زیانێکی گەورە بە پارتی و یەکێتی و شۆڕشی گەلی کورد کەوت»[2]. وێڕای لە دەستدانی نەخشەداڕێژی ئاشتەوایی، ئیدریس بارزانی خەبات و سووربوونی  کورد بەردەوام بوو.

پاش ئاشتبوونەوەی هەر دوو حزبی سەرەکی کوردستان، زەمینەیەکی گونجاوتر بۆ ئاشتبوونەوەی لایەنەکانی تری (جود) لەگەڵ (ینك) ڕەخسا، لەبەر ئەوە شەڕ و ئاشتی لەنێو ئەم دوو هێزە ڕاستەوخۆ کاری لە لایەنەکانی تریش دەکرد، یان بە مانایەکی تر سەرچاوەی بنەڕەتی کێشە و گرفتەکانی کوردستان بۆ چارەسەری کۆتایی بەسترابووەوە بە هەر دوو حزب[3]. لەو کاتەدا هەوڵەکانی (پدك) بۆ ئاشتبوونەوەی گشت هێزەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان چالاکتر بوو، لە کانوونی دووەمی١٩٨٧ پێشنیاری مەکتەبی سیاسی (حشع) دەکات کە لەگەڵ (ینك) کۆبێتەوە بە ئاواتی ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی بۆ ئاشتبوونەوە و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان[4]. هەرچەندە ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پێشتر ئەحمەد بانیخێلانی کە ئەوکات بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووك و سلێمانی (حشع)بوو، لە هاوینی ١٩٨٦ بە نوێنەرایەتی (حشع) ڕێککەوتنێکی ناوچەیی لەگەڵ (ینك) ئیمزا کردبوو، بەڵام ئاکام هیچی لێ سەوز نەبووبوو، هەر بۆیە گرژی و کێشەکانی نێوانیان بەردەوامی هەبوو، ڕێککەوتنی دوو قۆڵی نێوان هەر دوولا بۆ دوای ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی دواکەوت[5].

---

(١) اللجنة المركزية للحزب الديمقراطی الكردستانی ـ العراق، بیان» الأمة الكردية تفقد أبنائها الأوفياء»، فی ١٩٨٧/٢/١؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سەفەر یووسف میرخان ژاژۆکی، ئیدریس بارزانی ئەو سەرکردەیەی مێژوو لەیادی ناکات، چ٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ب.ش، ٢٠١٢، ل٧ بەدواوە.

(٢) رسالة تعزية من الرفيق الأمين العام للإتحاد الوطنی الكردستانی إلى الأخ مسعود بارزانی، الشرارة، الجريدة، العدد:(٢)،السنه(١٢)، شباط/ ١٩٨٧، ص٢؛ بێوار عبدالرحمن، کەشکۆڵی شەهیدێك، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدە، هەولێر ، ٢٠٠٤، ل٢٥.

(٣) فەرەنسۆ هەریری، ئاشتبوونەوەی...،ل٣ ؛ فازڵ ڕەئووف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨.

(٤) فاتح ڕەسول، چەند لاپەڕەیەك...، ب٣، ل٤١٩؛ ئەحمەد بانیخێلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٨.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نەوشیروان مستەفا، خولانەوە ...، ل١١٧ ؛ ئەحمەد بانیخێلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٤- ٥٣٥.

لەبەردەوامـی هەوڵـەکانی (پـدك)، ئەنجـام شـاندێکی (حشـع) کـە لـە: عەبدولـڕەزاق السـافی و ئەحمـەد بانیخێـلانی و شـاندی (ینك)کـە لە:فەرەیـدوون عەبدولقـادر و چەنـد کەسـایەتی تـر پێکهاتبـوون، لـە٥ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٧ سـەردانی مەکتـەبی سیاسـی (پدك)یـان لـە ڕاژان کـرد و بـە ناوبژیـوانی مەسـعود بـارزانی کۆبوونـەوە[١]. هەروەهـا لەهەمـان کاتـدا لـە سـایەی ئـەم کەشـە سیاسـییەی کـە لـە سـەرتاپای کوردسـتان ڕەنگـی دابـووەوە، لـە نیـوەی دووەمـی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٧ مەکتـەبی سیاسـی (ینـك) و (پـدگك) بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی ناکۆکییـەکان لەسـەر چەنـد خاڵێـك ڕێککەوتـن[٢]. هەروەهـا جارێـکی تر بە مەبەسـتی چەسـپاندنی ڕێککەوتن و دۆسـتایەتی زیاتـری نێوانیان، هـەر دوولا لـە شـوباتی ١٩٨٧ لـە نـاوەوە و دەرەوەی کوردسـتان چەنـد کۆبوونەوەیەکیان ئەنجـام دابـوو، لەکۆتایـی کۆبوونەوەکـەدا بەیاننامـەی تەبایـی و ڕێزلێنـان لـە بەنـدەکانی ڕێککەوتنـی نێوانیـان لـە ڕاگەیاندنـەکانی خۆیانـدا بڵاوکردبـووەوە[٣]. بـەم جـۆرە کێشـەی نێـوان ئـەم دوو پارتـە کۆتایـی هـات و لاپەڕەیـەکی دۆسـتایەتی دەسـتی پێکـرد.

لــە درێــژی هەوڵەکانی(پدك)،هــەر یەکــە لــە (ینك)و(حشـع)، بــە ئامادەبــوونی مەســعود بــارزانی لــە ســەر چەنــد خاڵێــك ڕێککەوتــن[٤]. بــەڵام بەپێــی ئاماژەکــردنی ســەرچاوەکان ئــەم ڕێککەوتننامەیــە بــە بــاشی دەوامــی نەکــرد، بەدرێژایــی مانگــەکانی شـوبات و حوزەیـران و تەممـووزی ١٩٨٧ بارودخێـکی ناتەندروسـت لـە نێـوان هــەردوو حـزب پەیـدا بووبـوو، (حشـع) و (ینـك)ی تۆمەتبـار دەکـرد کـە هـاوکاری زۆر نزیکیـان لەگـەڵ سـوپای پاسـدارانی ئێـران بووەتـە هـۆی کاردانـەوەی زۆر توونـدی حکوومـەتی عێــراق بەرانبــەر ناوچــە ئازادکــراوەکان[٥]. بۆیــە لــە ڕۆژی ١٩ی حوزەیــرانی ١٩٨٧ مەکتـەبی سیاسـی (ینـك) لـە یاداشـتێکدا داوای ئەنجامـدانی دانیشـتن و گفتوگـۆی لـە (پـدك) و پارتـەکانی تـر کردبـوو، بـۆ بەمەبەسـتی ڕێزلێنـان و جێبەجێکـردنی بەنـدەکانی

(١) چاوپێکەوتــن لەگــەڵ خورشــید شــێرە، هەولێــر، ٢٠١٦/١/١٥؛ چاوپێکەوتــن لەگــەڵ کەریــم ئەحمــەد، هەولێــر، ٢٠١٦/١/١٩.

(٢) بــۆ زانینــی دەقــی ڕێککەوتنەکــە بڕوانــە: ڕاگەیانــدنی ڕێککەوتنــی دوو قۆڵــی نێــوان یەکێتــی نیشـتمانی کوردسـتان و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان ، لـە شـوباتی ١٩٨٧.

(٣) بەیاننامـەی تەبایـی نێـوان یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و پـارتی دیموکـراتی گـەلی کوردسـتان، لـە ١٩٨٧/٢/٨.

(٤) بۆ زانینی دەقی ڕێککەوتنەکە بڕوانەك ژیلوان عبدالله احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.

(٥) د.علی نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی ...، ل٤٢٨.

ڕێککەوتنەکە[١]، لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتبوونەوە لەنێوان هەردوو حزب، جارێکی تر مەسعود بارزانی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی تر بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان (ینك) و (حشع) دێنە سەر هێڵ، ئەنجام توانییان هەر دوولا لەیەکتر نزیك بکەنەوە لە سەر مەسەلە گشتییەکانی خەبات و نەهێشتنی کێشەکانیان[٢]، دواتر کێشەی نێوان ئەم دوولایەنەش بە یەکجارەکی کۆتایی پێهات.

لەهەمان کاتدا مەکتەبی سیاسی (پدك) و (پدگك) بە مەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوانیان و ئەنجامدانی کاری هاوبەش ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد[٣]، ئەگەر چی (پدگك) لایەنێکی ناو بەرەی (جود) بوو[٤]، بەڵام لەو کاتەدا وەك پێشتر باس کرا (پدك) ڕێگە نادات (پدگك) بۆ ناوچەی بادینان بگەڕێتەوە، تا بەستنی ڕێککەوتنامەی ئاشتی نێوان هەر دوولا لە پایزی ١٩٨٧[٥]. بەمەش کۆتایی بە پەیوەندی سارد و ئاڵۆزی نێوانیان هات، پەیوەندی ئاسایی و دۆستایەتی لە نێوان هەردوو حزب دروست بوو. بەم جۆرە قۆناغی ناسەقامگیری و شەڕی ناوخۆی نێوان هێزە کوردستانییەکان کۆتایی پێهات، بە ئازادی هەموو پارتەکان هێز و بارەگاکانی خۆیان گواستەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتر[٦]. بەم چەشنە ئاشتبوونەوەی گشتی لە باشووری کوردستان هاتەکایەوە و، لاپەڕەیەکی نوێی پەیوەندی پارتی و هێزەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی خەبات لە باشووری کوردستان هەڵدرایەوە.

هەڵبەت (ینك) وای پیشان دەدا کە پێشتر بەس خۆیان لە باشووری کوردستان لە خەباتدا بوون، هەروەك جەلال تاڵەبانی لە دەقی وتارەکەی یۆبێلی زێڕیندا، دەڵێت: "کە پاش ئەو ڕێککەوتنە نۆرەی هاوکاری و هاریکاری یەکتر دەستی

---

(١) سروە قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

(٢) کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی..،ل١١٣؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اعلان الاتفاق بین الاوك والحشع، الشرارة، الجریدة، العدد:(٢)، السنه (١٢)، شباط/١٩٨٧،ص٣.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هەڤاڵ (سامی عبدالرحمن)، بەرەی کوردستانی، ڕۆژنامە، ژ: (١٧)، ساڵی (٣)، شوباتی ١٩٩٠، ل٥.

(٤) گەل (الشعب)، الجریدة، العدد: (١١)، کانون الأول١٩٨٤ ،ص ص١ ،١٣.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد میرانی، دهۆك، ٢٠١٦/٣/٢٥.

(٦) یادگار عبداللە هەمەوەندی، ڕەهەندە سیاسیەکانی پرۆسەی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی،نامەی ماستەر، (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، ٢٠٠٨، ل٦٥.

پێکرد ئەوەبوو ڕێگەمان دان(مەبەست پارتییە-لێکۆڵەر) بێنەوە کوردستانی ئازاد کە لەسێ پارێزگەدا هەولێر و سلێمانی و کەرکووك هەر هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لێ بوو»[١]. جگە لەوەش ئەم بۆچوونە لە زۆربەی نووسینەکانی نەوشیروان مستەفاشدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە دوای ڕێککەوتنەکە ناوبراو دەنووسێت: ”لقەکانی پارتی لە سلێمانی و هەولێر و کەرکووك هێز و بەتالیۆن و بارەگاکانیان هێنایەوە ناو کوردستانی عێراق»[٢]. ڕاستییەکەی بوونی (پدك) لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بەو شێوەیە نەبوو، کە وەك ئەوان باسی دەکەن، بەڵکو بەردەوام لەو ناوچانە لە چالاکیدا بوو لە دژی حکوومەت بەڵام بە ڕێژەیەکی دیاریکراو، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تەنیا خۆیان لە کوردستان هەبوون، (پدك) و لایەنەکانی تر لە دەرەوەی کوردستان بوون، بەڵکو ئەم بۆچوونە ئەوەمان پێ دەڵێت بەلاوەنانی خەبات و هەبوونی سیاسی و چەکداری (پدك) و لایەنەکانی دیکەی (جود)ـە لە هەر سێ پارێزگای و ڕۆڵی گەشەپێدراوی ناوچەی بادینانە، بەتایبەت لە ماوەی دانوستانەکانی (ینك) لەگەڵ حکوومەت، کە بە یەکێك لە گەرمترین و بەرفراوانترین ناوچەکانی شۆڕش بوو، پاش برانیشی ڕووبەرێکی زۆر لە سنووری تورکیا و ئێران لەژێر دەسەڵاتی (پدك)دا پارێزراو بوو، هێزی سەرەکیشی هەر لە کوردستان بوو و بەبەردەوامی خەریکی شەڕ و چالاکی لەشکری دژواربوون دژ بە حکوومەت.

لە ڕاستیدا حکوومەتی عێراق بە ئاشتبوونەوەی گشتی تەنگەتاو بووبوو، لەبەر ئەوە بەماوەیەکی کەم دوای یەکگرتنی هێزە کوردستانییەکان بە کردەوە سیاسەتی جینۆساید (کورد قڕان)ی پیادەکرد، هەموو هێز و توانای خۆی بە مەبەستی پاکتاوکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەبێ جیاوازی لایەنە بەرهەڵستکارەکان، تەرخان کرد، لەناو شارەکانیشیدا بە دڕندانەترین شێوە، پەلاماری هاوڵاتیانی کوردستانی دەدا، لەو کاتەدا بە سەدان فەوجی خەفیفیان لە چڵکاوخۆر و کرێگرتەکان پێکهێنا، هەزاران مەفرەزەی تایبەت و سیخوڕ لە دەوری دەزگا سەرکوتکەرەکانی خۆی کۆکردبوونەوە، ڕۆژانە بەوپەڕی دڕندایەتی بەر دەبوونە گیانی جەماوەری بە هەڵوێست و ناحەزی حکوومەت[٣]، سەرەڕای هەموو ئەو زەبروزەنگە

(١) لە: د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٤٢٣ وەرگیراوە.

(٢) نەوشێروان مستەفا، خولانەوە...، ل١١٨.

(٣) محەمەد خدر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فیبی مار، مێژووی نوێی

توقێنەرانـە حکوومـەت نەیتوانیبـوو چالاکـی بەرهەڵسـتکارانەی هێـزە کوردسـتانییەکان بەگشـتی، (پـدك) و (ینـك) بەتایبـەتی بەربەسـت بـکات، بەپێچەوانـەوە دەیـان مۆڵگـەی سـوپای عێـراق و چەنـدان شـوێنی گرنـگ و سـتراتیژی لـە لایـەن هێـزی پێشـمەرگەوە ئازادکرابـوون.

لـە کۆتاییـدا ئـەوە دەردەکەوێـت کـە هـەر لـە بنەڕەتـدا پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان وەك بنەمـا ویسـتی ئاشـتبوونەوە و قووڵکـردنی پەیوەنـدی هـاوکاری و تەبایـی لـە پێنـاو گەیشـتن بـە دامەزرانـدنی بەرەیـەکی نیشـتمانی بەهێـز لەگـەڵ هەمـوو هێـزەکانی نێـو گۆڕەپـانی سیاسـی و چەکـداری کوردسـتان بەگشـتی هەبـوو، بـەو مەرجـەی کـە هەڵگری دروشـمی ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس بێـت وەك دروشـمی ڕاسـتەقینەی شـوڕش، بۆیـە دەبینیـن دوای پچڕانـدنی پەیوەنـدی لەگـەڵ حکوومـەت و هەڵگرتنـی دروشـمی ڕووخانی رژێمـی بەعـس لـە لایـەن یەکێتییـەوە، هیـچ لەمپەرێـك نامێنیـت و، پـارتی ئامادەبـوونی خـۆی بـۆ ئاشـتبوونەوە و ڕێککەوتـن لـە گەڵـی دەردەبڕێـت، دواتریـش ڕۆڵێـکی گرنـگ لـە ئاشـتکردنەوەی هێـزەکانی تـری (جـود) لـە گـەڵ یەکێتـی دەگێڕێـت، بەمـەش یەکێـك لـە ناخۆشـترین و خراپتریـن دیـاردەی نێـو بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد کـە ناکـۆکی و شـەڕی ناوخـۆ و سـەنگەر جیاکردنـەوە لەیەکـتر بـوو، بـۆ ماوەیـەك کۆتایـی پێهـات و بناغـەی تەبایـی و هـاوکاری چەنـد سـاڵەی نێـوان هێـزە کوردسـتانییەکان دامـەزرا.

---

عێـراق، و: حەمـە شـەریف حەمـە غەریـب و ئـەوی تـر، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٠، ل٣٢٢.

## باسی دووەم
## ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چالاکییەکانی لەشکری دژی حکوومەتی عێراق

حکوومـەتی عێـراق لـە پرۆسـەی سیاسـەتی سـەرکوتکردن و بەعەرەبکـردن و ڕاگواسـتنەوە و هەمـوو شـێوازەکانی دیکـەی ڕەگەزپەرسـتانە بـەردەوام بـوو[١]. ئەمـە وای کـرد خەبـات و چالاکـی لەشـکری وەك تاکە ئامـراز لـە بەرگریکـردنی گـەلی کـورد و خـاکی کوردسـتان درێـژەی هەبێـت و چالاکـی زیاتـر و بەزەبرتـر بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە سەرانسـەری باشـووری کوردسـتان دژ بـە بەرژەوەندییـەکانی حکوومـەت ئەنجـام بـدەن، وێـڕای نوانـدنی چالاکـی بچـووك لـە چەنـدان ناوچـەی جیاجیـا، هێـزەکانی پێشـمەرگەی (پـدك) چەنـدان شـەڕی گـەورە و قورسـیان لـە دژی حکوومـەت ئەنجـام دابـوو، تەنانەت لـە نـاو شـارە گەورەکانیشـدا ڕۆژانـە چالاکییـان ئەنجـام دەدا.

حکوومـەتی عێـراق ڕۆژانـە بـە توونـدی بـە پاڵپشـتی چـەکی قـورس و جۆراوجـۆر لـە هەمـوو لایەکـەوە پەلامـاری شۆڕشـگێڕانی دەدا، بـەڵام نەیتوانیبـوو سنوورێك لـە بـەردەم بەرفراوانبـوونی ئەنـدازەی چالاکییـەکانی پێشـمەرگە دابنێـت و، بارگرژی کوردسـتان هێمن بکاتـەوە، بەڵکـو پێشـمەرگەکان بەرگرییـەکی قارەمانانەیـان دەکـرد، ڕۆژانە دەیـان چالاکی بـێ وێنەیـان ئەنجـام دەدا[٢]. هەرچەنـد وەك لـە لاپـەڕەکانی پێشـوودا بـاس کـرا، هیـچ کات نەدەکـرا توانـا لەشـکرییەکانی (پـدك) لەگـەڵ توانـای حکوومـەت بەراوردبکرێـت، بـەڵام وره بـەرزی و بڕوابـوون بـە مەسـەلەی کـورد و توانـای هێـزی بەرگـری میللـی، وزە و توانـای بـە شۆڕشـگێڕەکان بەخشـیبوو، لـەو کاتـەدا ئاسـانتر لـە سـاڵانی دیکـە دەسـتیان دەگەیشـتە ناوەنـدە هەسـتیار و دامـودەزگا گرنگـەکانی حکوومـەت، لـە شـوباتی ١٩٨٦

(١) ڕژێمـی فـاشی کوردسـتانێکی بـێ کـوردی دەوێ، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٦٧ ـ ٥٦٨)، تشـرینی یەکـەم و دووەمـی ١٩٨٦، ل٩.

(٢) أخبار كردستان، العدد:(١٣٩)، كانون الثاني ١٩٨٦، ص٦.

هێزێـكی پێشـمەرگەی سـەر بەلقـی١ی (پـدك) چالاكییـەكی پارتیـزانی لـە دژی بـارەگای فەوجـی (بێبـا) نزیـك ئامێـدی ئەنجـام دا، بەپێـی هەواڵـەكانی (پـدك) جگـە لـە خاپوورکـردنی تـەواوی بـارەگای فەوجەكـە، لـەو چالاكییـەدا ٢٠ سـەرباز كوژرابـوون[١]. لەهەمـان كاتـدا هێزێـكی پێشـمەرگە بـۆ سـەلماندنی هێـز و توانـای خـۆی دەچێتـە نـاو جەرگـەی شـاری دهـۆك و، گورزێـكی كوشـندەی لـە بـارەگای پارێـزگای دهـۆك دابـوو، ١٥ پاسـەوان و كەسـانی سـەر بەحكوومـەت كوژرابـوون[٢]، جگـە لـەوەش ڕۆژی ١٣ی شـوبات، بـە بۆنـەی ڕۆژی ١٨ی شـوبات یـادی دامەزرانـدنی ڕێكخـراوی (ی.ق.ك)ەوە، ئەندامـانی سـەر بـە ڕێكخراوەكـە بـە پاڵپشـتی هێـزی پێشـمەرگە چەنـد چالاكییـەكی لەشـكرییان لەنـاو سـەنتەری شـاری دهـۆك ئەنجـام دابـوو[٣]، بەهـۆی دەنگدانـەوەی ئـەو چالاكییانـەوە مەسـعود بـارزانی برووسـكەیەكی پیرۆزبایـی و سـەركەوتن، ئاراسـتەی تۆمـاركارانی ئـەو چالاكییانـە دەكات و، بـە سـەركەوتنێكی گـەورە لـە قەڵەمـی دابـوو[٤]. بـە ڕاستی ئەنجامـدانی ئـەم جـۆرە چالاكییانـە بـۆ حكوومـەتی دەردەخسـت كـە دەسـتی پێشـمەرگە دەگاتـە هەمـوو ناوچـەكان.

لـەم قۆناغـەدا وێـڕای سـەرقاڵبوونی حكوومـەتی عێـراق بـە شـەڕ لەگـەڵ ئێـران بـە هەمـوو شـێوەیەك لـە هەوڵدانـدا بـوو بـۆ كۆنترۆڵكردنـەوەی ناوچـە ئازادكـراوەكانی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە، بـەڵام ئـەوەی چاوەڕێـی دەكـرد بـەدی نەدەهـات، بـە پێچەوانـەوە (پـدك) و، هێـزەكانی تـری كـوردی بەهیچ شێوەیەك بواریان بەكەسـانی سـەر بەحكوومـەت نـەدەدا بـە ئـازادی لـە شـارەكانی كوردسـتان هاتوچـۆ بكەن و بحەسێنەوە، یـان بـە واتایـەكی تـر هیـچ شـوێنێك بـۆ دارودەسـتەكانی حكوومـەت جێگـەی دڵنیایـی و مانـەوە نەبـوو، ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ چالاكییـەكانی پێشـمەرگە لـە هەڵكشـاندا بـوون، لـەم بـارەوە ئیدریـس بـارزانی لـە چاوپێكەوتنێكـدا گوتبـووی: "حكوومـەت لەهـەوڵ و ئـاواتی ئـەوەدا بـوو، ناوچـە ئازادكراوەكانیـش لەدەسـت ئێمـە نەمێنێـت، بـەڵام ئێمـە كـە شـەڕ دەكەیـن شـەڕێكی پارتیزانانەیـە و، توانیـمان بـۆ ڕژێمـی سـەدام بسـەلمێنین

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:أخبار كردستان،العدد: (١٤٠)، شباط ١٩٨٦، ص ص١ ،٧.

(٢) المصدر نفسه، ص٧.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: عملیـات بطولیـة فـی قلـب دهـوك، أخبـار كردسـتان، العـدد:(١٤٠)، شـباط ١٩٨٦، ص٤.

(٤) بۆ دەقی بروسكەكە بڕوانە: المصدر نفسه، ص٤.

بەڵـێ ناتوانێـت کۆنتـڕۆڵ لەسـەر کوردسـتان بـکات، لەبـەر ئـەوە ئەگـەر لـە خاڵێـکی دیاریکراویـش شـەڕ نەکرێـت دەتوانیـن لـە خاڵێـکی تـر شـەڕبکەین»[1]. لـەم قۆناغـەدا بـە هـۆی سـەختی بارودۆخـی جەنـگ لەگـەڵ ئێـران، بـە زۆری بەشـداری پێکـردنی کـورد لـە بـەرەکانی شـەڕ، بێـزاری سـەرباز و چەکـدارانی نێـو سـوپای عێـراق زیاتـر تەشـەنەی کردبـوو، بۆیـە ڕۆژانـە چەکـدارانی حکوومـەت ڕیـزەکانی سـوپا بەجـێ دەهێشـت و پەیوەندییـان بـە ڕیـزەکانی شـۆڕش و پێشـمەرگەکانی (پدك)ـەوە دەکـرد، بـۆ نموونـە: لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٦ تـا شـوباتی هەمـان سـاڵ بەدەیـان کـەس بەچەکـەوە پەیوەندییـان بـە ڕیـزەکانی پێشـمەرگەی (پدك)ـەوە کردبـوو[2]. ئـەم دیاردەیـە لەنێـو سـوپای عێـراق بەردەوامـی هەبـوو.

لەدرێـژەی چالاکییەکانـدا، لـە ئـاداری ١٩٨٦ هێزەکانی پێشـمەرگە چەنـد چالاکییەکیان لە(ئامێـدی و زاویتـە و زاخـۆ و باتوفـە) تۆمـار کردبـوو، جگـە لـە کـوژرانی نزیکـەی ٥٠ کـەسی سـەر بـە حکوومـەت، چەنـدان کـەسی تـر لـە لایـەن پێشـمەرگەوە بەدیـل گیرابـوون و سـەدان پارچـە چـەکی جۆراوجـۆر دەسـتکەوتی پێشـمەرگە بـوو[3]. بـەم جـۆرە شـۆڕش لـە بەردەوامیـدا بـوو، لـە سـەرەتای نیسـانی ١٩٨٦ ڕێکخسـتنەکانی ناوخـۆی (پـدك) لەسـەر فەرمـانی مەسـعود بـارزانی هێرشـیان کردبـووە سـەر پەیکـەری سـەدام حسـێن کـە کاتی خـۆی لـە شـوێنی گـەورە شـاعیری نەتـەوەی کـورد، (ئەحمـەدی خـانی ١٦٥٠ ـ ١٧٠٧) دانرابـوو[4]. بزاڤـی لەشـکری (پـدك) لـە بەرەوپێشـڤەچووندا بـوو، بەپێـی ئامارێـکی لەشـکری کـە لـە ڕۆژنامـەی (خەبـات)دا خرابـووە ڕوو، تەنیـا لـە مانگـی نیسـانی ١٩٨٦ سی و هەشـت چالاکـی ئەنجـام درابـوو کـە لـە نێویانـدا ١١ چالاکـی لەنێـو شـارەکاندا بـوو، لـەو چالاکییانـە نزیکـەی ٦٤کـەس لـە سـەرباز و جـاش کـوژرا بـوون،

---

(١) ڕادیـۆی دەنگـی کـوردی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران (تـاران)، چاوپێکەوتـن لەگـەڵ ئیدریـس بـارزانی، ١٩٨٦/١٢/٣٠.

(٢) بـۆ زانینـی نـاوەکان بڕوانـە: التحاقـات بصفـوف الثـورة، أخبـار كردسـتان، العـدد:(١٤١)، آذار ١٩٨٦، ص٣.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر و نـاوی بەدیـل گیـراوەکان بڕوانـە: إقتحـام خمـس مواقـع للعـدو، أخبـار كردسـتان، العـدد:(١٤١)، آذار ١٩٨٦، ص٤.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ڕۆڵـەکانی پـارتی تۆڵـەی خـانی دەکەنـەوە، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٥٦٢ – ٥٦٣)، نیسـان و ئایاری ١٩٨٦، ل٦.

جگـە لـە برینـدار و بەدیلگیراوێـکی زۆر[١]. لـە ئەنجامـی سـەرکەوتنەکانی پێشـمەرگە، تـا دەهـات سـەرباز و چەکـدارانی حکوومـەت ورەیـان لـە دابەزینـدا بـوو، لـە١٤ی ئایـاری ١٩٨٦ هێـزەکانی پێشـمەرگە هێـرش دەکەنـە سـەر (ناحیـەی مانگێشـك)[٢]، لـەم چالاکییـەدا ١٢٠٠ پێشـمەرگە و ١٥٠٠ کـەس لـە هێـزی بەرگـری میلـلی بەشـدارییان کردبـوو، لەماوەیـەکی کەمـدا توانـرا دەسـت بەسـەر شـارۆچکەکەدا بگـرن[٣]. بەپێـی هەواڵـەکانی (دەنگوبـاسی کوردسـتان) لـە ئەنجامـی ئـەم چالاکییـەدا ١٣٠٠چەکـداری حکوومـەت پەیوەندییـان بـە ڕیـزەکانی شـۆڕش کردبـوو[٤]، هەروەهـا نزیکـەی ١٠٠کـەس لـە هێـزەکانی حکوومـەت کوژرابـوون[٥]،٤٠ کەسـیش بەدیـل گیرابـوون کـە لـە نێویانـدا فەرماندەیـەکی سـەربازی بـوو[٦]، حکوومـەت لـە تۆڵـەی گرتنـی ناحیـەی مانگێشـکدا کـە لەژێـر دەسـتی فەوجـی ٢٤ی موستەشـار(جعفەر بێسـفکی)دا بـوو کـە بـۆ ماوەیـەك بـە دڵسـۆزی خزمـەتی حکوومـەتی کردبـوو، لـە ٣١ی ئایـاری ١٩٨٦ لـە نـاو مانگێشـکدا بـە ئامادەبـوونی ژمارەیـەکی زۆر لـە سـەرۆك جاشـەکان، گوللـە بـارانی کـرد[٧]. دوای ئـەم کردەوەیـە براکـەی بـە نـاوی (سـەیفوڵا بێسـفکی) و کوڕەکـەی پەیوەنـدی بـە (پـدك) ــەوە دەکـەن[٨]. بـە بۆنـەی ئـەم سـەرکەوتنە گەورەیـەوە، (ینـك) لـە هەڵوێسـتێکی کوردایەتیـدا لـە ١٩ی ئایـاری ١٩٨٦ لـە ڕێگـەی (دەنگـی گـەلی کوردسـتان)ی سـەر

(١) هەمـان سـەرچاوە، ل٤؛ بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: أخبـار کردسـتان، العـدد:(١٤٣)، نیسـان ١٩٨٦، ص٥.

(٢) ناحیەی مانگێشك، شوێنێکی ستراتیژییە دەکەوێتە نێوان دهۆك و ئامێدی و زاخۆ.( لێکۆڵەر)

(٣) مانگێـش في قبضـة الثـورة، أخبـار کردسـتان، العـدد:(١٤٥)، حوزیـران ١٩٨٦، ص ص١، ٥؛ شـیمال زیبێـر محمـود (شـیمال زێبـاری)، هنـدەك راسـتێین فەشـاری دشۆڕشـا گولانـێ دا، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر ،٢٠١٥، ل٣٣٤.

(٤) مانگێش فی قبضة الثورة...، ص٥.

(٥) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: بۆچـی (مانگێش)مـان چـۆڵ کـرد؟ خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٦٢ – ٥٦٣)، نیسـان و ئایـاری ١٩٨٦، ل٨.

(٦) بـۆ زانینـی نـاوەکان بڕوانـە: مـن أسری العـدو في مانگێـش، أخبـار کردسـتان، العـدد: (١٤٥)، حزیـران١٩٨٦، ص٣.

(٧) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: اعـدام المرحـوم جعفـر بیسـفکی، أخبـار کردسـتان، العـدد: (١٤٥)، حزیـران/١٩٨٦، ص٩.

(٨) مەتیـن، مجلـة، العـدد: (٥٨)، آیـار١٩٨٦، ص٧ -٨؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ شـیمال زێبـاری، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٦.

بـەو حزبـە، پیرۆزبایـی لـە لقـی ١ی (پـدك) دەكات[١]. بـە ڕاسـتی ئەمـە موژدەیـەكی خـۆش بـوو بـۆ سـەرجەم گـەلی كـورد بـۆ لێـك نزیكبوونـەوەی هـەر دوو حزبـی سـەرەكی كوردسـتان.

لـەو كاتـەدا هێـزەكانی (پـدك) لـە زۆربـەی شـوێنە گرنگـەكانی كوردسـتان بەگشـتی و ناوچـەكانی هاوسـنووری توركیـا بەتایبـەتی دەسـەڵاتی خۆیـان پتەوكردبـوو، جگـە لـە شـارە گـەورەكان، بـە ئێـوارە و شـەوان هەمـوو ڕێگـە سـەرەكییەكان لـە ژێـر كۆنتڕۆڵـی پێشـمەرگەی (پـدك)دا بـوون[٢]، ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ چالاكییـەكانی لەشـكری (پـدك) لـە فراوانبوونـدا بـوو، بەپێـی ئامارێـكی ڕۆژنامـەی (خەبـات)، هێزەكانی(پدك)لەمانگـی ئـادار تـا تەممـووزی ١٩٨٦، توانیویـەتی١٤٠ چالاكـی لەشـكری ئەنجـام بـدات و لـە ئەنجامـی ئـەو چالاكییانـەدا،٢٢٧ كـەس لـە سـەرباز و جـاش و كەسـانی تـری سـەر بەحكوومـەت كوژرابـوون، ٢٢٢كـەسی تریـش برینـدار كرابـوون، هەروەهـا ١٠٧ كەسـیش لـە لایـەن پێشـمەرگەوە بەدیـل گیرابـوون لەگـەڵ دەستبەسـەرداگرتنی ژمارەیـەكی زۆری كەلوپـەل و كەرەسـتەی جۆراوجـۆری لەشـكری[٣]. بەهـۆی گەشەسـەندنی شـۆڕش، حكوومـەتی عێـراق لـە گەڕاندنـەوەی دەسـەڵاتی خـۆی بـۆ سـەر ناوچـە ڕزگاركـراوەكانی ژێـر دەسـەڵاتی (پـدك) بـێ ئومێـد بووبـوو، بۆیـە جارێـكی تـر لەگـەڵ حكوومـەتی توركیـا لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی پیلانگێـڕی بەرانبـەر بـە بزاڤـی كـورد، لـە ١٥ی ئـابی ١٩٨٦ بـە فڕۆكـە كەوتـە بۆردومانكـردنی چەنـد ناوچەیـەكی سـەر بـە پارێزگـەی هەولێـر وەك مێرگەسـۆر، ناوچـەی شـێروان...تاد، هەروەهـا گونـدەكانی (حەفـت تەنیـن و سـنات و نـزدور) لـە سـنووری زاخـۆ، ئەنجـام چەنـدان خانووبـەرە ڕووخـان و زیانێـكی زۆر بـە ڕەز و بـاخ و ئاژەڵـی ناوچەكـە كـەوت[٤]. لـە یەكـەم كاردانـەوەدا مەسـعود بـارزانی بـە توونـدی ئـەم پەلامارانـەی سـەركۆنەكرد و بـە پیلانێـكی نێودەوڵـەتی بـۆ سـەر گـەلی

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: إنعـكاس إنتصـار (مانگێـش) فـی صحافـة المعارضـة، أخبـار كردسـتان، العـدد:(١٤٥) حزیـران/١٩٨٦،ص١٠.

(٢) د.علی نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٤٠٤.

(٣) عملیـات الجیـش الثـوري الكردسـتاني، خەبـات، الجریـدة، العـدد:(٥٦٤ – ٥٦٥)، حزیـران و تمـوز ١٩٨٦، ص٣؛ بـۆ وردەكاری زیاتـر بڕوانـە: أخبـار كردسـتان، العـددان:(١٤٣ – ١٤٤)، ٥ و١٩٨٦/٦، ص ص١- ٩.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: عـدوان تركـی جدیـد، أخبـار كردسـتان، العـدد:(١٤٧)، آب ١٩٨٦، ص٧؛ كفـاح الجبهـة، الجریـدة، العـدد:(٩)، تشـرین الأول، ١٩٨٦، ص١.

کـورد ناسـاندو ڕاگەیانـد: "پێویسـتە حکوومـەتی تورکیـا دەسـت بەجـێ لـە باشـووری کوردسـتان بکشـێتەوە، بـە پێچەوانـەوە لـەکات و سـاتێکی گونجـاو چاوەڕێـی وەڵامێـکی توونـدبێـت»[1]. بێجگـە لـەوە (پـدك) و هاوپەیمانـەکانی نێـو (جـود) لـە ڕاگەیانراوێـکی هاوبەشـدا ئـەم هەڵوێسـتەی حکوومـەتی عێراقیـان بـە مەترسـییەکی گـەورە لـە قەڵـەم دا و داوایـان لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ڕای گشـتی جیهـان کـرد، کـە هەڵوێسـت وەربگـرن بەرانبـەر ئـەم داگیرکارییـە و، گوشـار بخەنـە سـەر حکوومـەتی تورکیـا کـە لـە ناوچەکـەدا بکشـێتەوە[2]. لـە ئاکامـدا تورکیـا بەبـێ هیـچ دەسـتکەوتێك لەژێـر گوشـاری هەڵوێسـتی پـارتی لـە ناوچەکـە کشـایەوە.

حکوومـەتی عێـراق لـە سـەرکەوتنەکانی(پدك) زۆر هەراسـان بووبـوو، سـەرەڕای گرتنەبـەری هەمـوو شـێواز و پیلانگێڕییـەکانی، هێـزەکانی پێشـمەرگەی لـە جووڵـە نەخسـت. لـە ئەنجامـی شکسـتەکانی حکوومـەت تـا دەهـات سـەرباز و چەکـدارانی حکوومـەت ڕیـزەکانی میرییـان بەجـێ دەهێشـت و پەیوەندییـان بـە (پـدك)و هێـزەکانی پێشـمەرگەوە دەکـرد، بـۆ نموونـە: تەنیـا لـە مانگـی ئـابی ١٩٨٦دا ٣٤٢کـەس پەیوەندییـان بـە (پدك)ـەوە کردبـوو کـە ژمارەیەکیـان کەسـانی پلە بـاڵا بـوون[3]. بێگومان لـە ئەنجامی بەردەوامـی بەجێهێشـتنی ڕیـزەکانی سـوپای عێـراق، بەتایبـەت لەکوردسـتان بۆشـایی لـە نـاو ڕیـزەکانی سـوپادا دروسـت بووبـوو، بەمـەش تـا ڕادەییـەکی بـاش گومـانی بەهێـزی سـوپای عێـراق لـە لایـەن پێشـمەرگەوە دەڕەوانـدەوە.

مەسـعود بـارزانی بـۆ ئـەوەی لـە نزیکـەوە سـەرکردایەتی بـزاڤ و چالاکییـەکانی پێشـمەرگە بـکات، لـە ئەیلـوولی ١٩٨٦ گەیشـتبووە ناوچـەی بادینـان[4]، بـۆ مـاوەی ٦مانـگ لـە ناوچەکـەدا مابـووەوە، لـەو ماوەیـەدا ڕاسـتەوخۆ سـەرکردایەتی چالاکییـەکانی پێشـمەرگەی دەکـرد[5]. کـە ئەمـەش یەکـەم جـار بـوو لـە سـەردەمی شـۆڕشی گـوڵان،

(١) تصريح رئيس حزبنا، خەبات، الجريدة، العدد:(٥٦٦)، آب١٩٨٦، ص٣.

(٢) جـود، بيـان» تصريـح الجبهـة الوطنيـة الديمقراطيـة العراقيـة حـول العـدوان التركـی»، في آب ١٩٨٦.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانە:مـە تیـن، مجلـة، العـددان:(٦٣ – ٦٤)، تشـرين الأول و تشـرين الثـاني ، ١٩٨٦، ص٦.

(٤) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی...، ب١، ل٢٢٥.

(٥) حسـين عثـمان کەلـەش (بابـێ کۆڤـانی)، پێشـمەرگەیەك ژیـان و بیرهاتـن (١٩٦١ – ١٩٩١)،

ناوبـراو سـەردانی ناوچەکـە و باشـووری کوردسـتان بـکات. بـە هاتنـی بـارزانی زیاتـر گیـانی خۆڕاگـری و ئومێـد و ورەبـەرزی لای پێشـمەرگە و هێـزی بەرگـری میلـلی و جەمـاوەری ناوچەکـە دروسـت بووبـوو[١]. هـاوکات (لێژنـەی پشـکنینی ناوەنـدی)[٢]، لـە سـەر فەرمـانی بـارزانی بەپێـی پێویسـتی قۆناغەکـە گۆڕانکارییـەکی گشـتگیر لەئاسـتی لـق و لێژنـە و ڕێکخـراوەکانی پارتەکـەی دەکات[٣]. هەروەهـا سـەر لەنـوێ نەخشـەی فراوانکـردنی چالاکـی لەشـکری لـە سەرتاسـەری باشـووری کوردسـتان داڕێژرابـووەوە، لـەم چوارچێوەیـەدا بـارزانی هەوڵـی دابـوو جۆرێـك لێکتێگەیشـتن و نزیکبوونـەوە لەگـەڵ موستەشـارەکانی ناوچەکـە بەتایبـەتی دروسـت بـکات، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە ڕێگەی(شـیمال زێباری)یـەوە نامـەی تایبـەتی بـۆ ٣٠ موستەشـار نووسـیبوو، پێـی ڕاگەیاندبـوون: "ئێمـە دڵنیایـن کـە ئێـوە لەناچـاری چەکتـان بـۆ حکوومـەت هەڵگرتـووە، ئەگـەر لەتواناتانـدا نەبـوو خزمـەتی شـۆڕش بکـەن، دوژمنایـەتی شـۆڕش و بەشـداری هێرشـەکانی حکوومـەت لەسـەرکوتکردن گـەلی کـورد و خاپوورکـردنی کوردسـتان نەکـەن، دڵنیاتـان دەکەیـن ئـەم بارودۆخـە کاتییـەو دواجـار سـەرکەوتن پشـکی کـوردە»[٤]. لـەم قۆناغـەدا بارودۆخـی (پـدك) هـەم لـە سـەر ئاسـتی سیاسـی هـەم لەشـکری لەگـەڵ

---

چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٥، ل٢٧.

(١) سـوبحی عوبەیـدوڵا ڕەشـاڤایی، دلوپـەك ژ خەباتـا پێشـمەرگەی (بیرهاتنێـن سـوبحی عوبەیـدوڵا ڕەشـاڤایی)، چاپخانـا پارێزگاهـا دهـۆکی، دهـۆك،٢٠١٤، ل٦٦.

(٢) لێژنـەی پشـکنینی ناوەنـدی، ئـەم لێژنەیـە لـە ئەندامێـکی مەکتەبـی سیاسـی و دوو ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی پێکهاتبـوو، ئـەرك و دەسـەڵاتەکانی بریتـی بـوون لـە پتەوکـردنی شـیرازەی ڕێکخسـتن و گـورج و گۆڵـی ئەندامـانی حـزب لەسـەرجەم ئۆرگانەکان...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٥٦٩)، کانـوونی یەکـەم ، ١٩٨٦، دوا لاپـەڕە.

(٣) بـۆ زانیـاری لەبـارەی گۆڕانکارییـەکان بڕوانە:سـەردار داود، خالـد بـانی پێشـمەرگەو تێکۆشـەرێ شۆڕشـێن (ئەیلوول،گـوڵان و سـەرهەڵدان)، چاپخانـا هـاوار، دهـوك، ٢٠١٦،ل٦٩-٧٠ ؛ عوسـمان کەلـەش، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٣٠؛ فـازل رەئـووف، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٧٤.

(٤) شـیمال زێبـاری، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٤٢؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ شـیمال زێبـاری، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٦. شـیمال زێبـاری، نـاوی تـەواوی (شـیمال زوبێـر مەحموود)ـە، لەدایکبووی سـاڵی ١٩٥٧ی دەڤـەری زێبـارـ ئاکـرێ، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەنـدی بـە ڕیـزەکانی شۆڕشـەوە دەکات، هەمـان سـاڵ دەبێتـە بەرپـرسی لێژنـەی ناوچـەی ئاکـرێ، سـاڵی ١٩٨٤- ١٩٨٧ دەبێتـە بەرپـرسی لێژنـەی ناوچـەی شـێخان، ناوبـراو بەشـداری چەنـد داسـتانێکی گـەورەی وەك کانـی مـاسی و دێرەلوکی...کـردووە، ئێسـتایش پلـەی لیـوای هەیـە، نیشـتەجێی شـاری دهۆکـە.

ساڵەکانی پێشــوو جیاوازبــوو، ڕووبەرێــکی زۆرتــر کەوتبــووە ژێــر دەســەڵاتی هێــزەکانی. بێگومـان بـە هاتنـی مەسـعود بـارزانی بـۆ ناوچەکـە نیگەرانییـەکی زۆری لای حکوومـەت دروسـت کردبـوو، بۆیـە لـە ڕێگـەی هێـرشی ئاسـمانییەوە چەنـدان هەوڵـی بـێ ئاکامیـان دا، بەجۆرێـك هێرشـەکان تـا کۆتایـی گەشـتەکەی مەسـعود بـارزانی لـە حوزەیـرانی١٩٨٧، بـۆ سـەر سـنووری ناوچـەی بادینـان بـەردەوام بـوون[١].

هەندێــك لــە ســەرچاوەکان بــاسی ئــەوە دەکــەن لــە مــاوەی مانــەوەی مەســعود بــارزانی لــە ناوچەکــەدا، ژمارەیــەکی زۆر خەڵــکی ناوچەکــە پەیوەندییــان بــە ڕیــزەکانی شـۆڕش و (پدك)ــەوە کردبـوو، بـۆ نموونـە: تەنیـا ژمـارەی پێشـمەرگە لـە گونـدی (سـوارە و سـپیندار) لـە ڕێکەوتـی ژێـری دەگەیشـتە ٣٠٠- ٤٠٠ پێشـمەرگە[٢]، مەسـعود بـارزانی لە چاوپێکەوتنێکیـدا سـەبارەت بـە ژمـارەی هێـزەکانی ژێـر دەسـەڵاتی پارتەکـەی گوتبـووی: "شـۆڕشی گـوڵان بـە٣٠ پێشـمەرگە دەسـتی پێکـرد کـە لـە ئیسـتادا ژمارەیـان دەگاتـە زیاتـر لـە ١٠ هـەزار کـەس، جگـە لـە٣٠ هـەزار بەرگـری میللـی»[٣]. هـەر بۆیـەش لـەو کاتــەدا پێشــمەرگەکانی چالاکــی گەورەتــر و لــە ســنوورێکی بەرفراوانــتر ئەنجــام دەدا. لـە تشـرینی یەکەمـی١٩٨٦ جگـە لـە هێزێـکی گـەورەی (پـدك) وەك هێـزی سـەرەکی و مەفرەزەیـەکی (حسـك) هێرشـێکی بەربڵاویـان کردبـووە سـەر هێـزەکانی حکوومـەت لـە گونـدی (ترپەسـپیان) لـە نزیـك ڕێگـەی گشـتی هەولێـر ـ مەخمـوور[٤]. لـە ئەنجامـدا شـەڕێکی گـەورە لەگـەڵ حکوومـەت بەپاڵپشـتی زیاتـر لـە ١٠٠ ئۆتۆمبیـلی سـەربازی و ١٠ تانــك و ٥٠ زریپــۆش بەرگرییــەکی دژواریــان دەکــرد، بــەڵام ئەنجــام دووچــاری شکســتێکی گــەورە بــوون و ، ١٥٠کــەس لەمەیــدانی شــەڕەکە کوژرابــوون، هەروەهــا دواجـار پێشـمەرگە توانییـان دەسـت بـە سـەر گوندەکـەدا بگـرن[٥]. دواتـر لـە تۆڵـەی شکسـتەکە، حکوومـەت بـە هێزێـکی گـەورە کـە لـە ١٢ فڕۆکـەی هێلیکۆپتەری سـەربازی و چەنـد فڕۆکەیـەکی جـۆری پیلاتـۆز پێکهاتبـوون، بێجگـە لـە بەشـداریکردنی زیاتـر لـە

(١) جەمیـل محەمـەد شـیلادزی، گونـدێ شـیلادزی ژلایـێ (جوگـرافی ـ ئابـووری ـ جڤـاکی ـ ڕامیـاری) ـڤە، چاپخانا هـاوار، دهـۆك، ٢٠١٢، ل٢٠٠.

(٢) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٤٠٩.

(٣) کردستان پرێـس «تلقـی بالرفیـق مسـعود البارزانـی»، أخبـار کردسـتان، العـدد:(١٥٠)، تشــرین الثـاني ، ١٩٨٦، الصفحـة الأخیـرة.

(٤) داستانێکی قارەمانانە، سەفین، گۆڤار، ژ: (٤١ – ٤٢)، تشـرینی یەکەم و دووەم ١٩٨٦، ل١٣.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل١٤.

٣٠٠٠ سێ هەزار چەکدار، لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر هێزی پێشمەرگە لە گوندەکە، بەڵام ئەم جارەش شکستیان خواردبوو، بەپێی هەواڵەکانی (پدك) لەو هێرشەدا ٢٧٠کەس لە سوپای عێراق کوژرابوون، ٣٠٠ کەسیش بریندارکرابوون[١]، ٢فڕۆکەی سەربازیش لە لایەن پێشمەرگەوە تێکشکێنرابوون[٢]، ئەنجامی ئەم جۆرە چالاکییانە شوێنی (پدك)یان لەناو جەماوەری کوردستان فراوانتر کردبوو، هاوکات ئەم چالاکییانە بەبێ قوربانی نەبوون، بەپێی ئامارێکی (پدك) لە مانگی ئەیلوول تا تشرینی دووەمی ١٩٨٦ حەفتا و شەش پێشمەرگە و هێزی بەرگری میللی بوون بە قوربانی، بەدەیان پێشمەرگەش بریندار کرابوون[٣]. لە درێژەی چالاکییەکاندا، هێزێکی گەورەی پێشمەرگە لەگەڵ زاخۆ لەسەر ڕێگەی نێودەوڵەتی (عێراق ـ ئەوروپا) لە بەرەبەیانی١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦ چالاکییەکی لەشکری دژ بە سوپای حکوومەت ئەنجام دا، ئەنجام جگە لە کۆنترۆڵکردنی ڕێگاکە بارەگای لیوای ٣٨ و ٣ خاڵی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی گەلی خاپوورکرد، بەپێی هەواڵەکانی (پدك) لەو چالاکییەدا زیاتر لە ١٠٠ سەرباز کوژران و بریندارکرابوون[٤]. لە هەمان کاتدا هێزێکی تری پێشمەرگە بۆ ماوەیەك دەستیان بەسەر چەند گەڕەکێکی شاری (دهۆك)دا گرتبوو، ژمارەیەك کەسانی سەر بە حکوومەت بەدیل گیرابوون[٥]. بەمەش ترسێکی زۆری لای دەسەڵاتدارانی حکوومەت لە شارەکاندا دروست کردبوو، ئەنجامدانی چالاکی لە لایەن پێشمەرگەوە دژ بە حکوومەت بەردەوام بوو، تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ تێکڕای چالاکی لەشکری لەو ساڵەدا گەیشتبووە ٢٣٤ چالاکی هەمەجۆر لە سەرانسەری کوردستان، لەو چالاکییانەدا زیانە مرۆییەکانی حکوومەت

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە،ل١٥بەدواوە.

(٢) فی عملیة بطولة... ثوارنا الأبطال یسقطون طائرتي هیلیکوبتر، ولات (الوطن)، العدد: (٩)، کانون الثاني ١٩٨٧، ص١٢.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تۆمارگای شەهیدان، خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٦٧ – ٥٦٨)، تشرینی یەکەم و دووەم ١٩٨٦، ل١٣؛ بۆ زانینی ناوەکان بڕوانە: سجل الشهداء، أخبار کردستان، العدد:(١٤٨)، ایلول ١٩٨٦، ص٣.

(٤) فی زاخو.... أکبر وأعنف معرکة فی الثورة الکردیة، أخبار کردستان، العدد: (١٥٠)، تشرین الثاني ١٩٨٦، ص ص١ ،٧.

(٥) لەسەرکەوتنەکانی پارتیمان، خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٦٧ – ٥٦٨)، تشرین یەکەم و دووەم ١٩٨٦، ل٣.

بریتـی بـوون لـە ٧٦٦ کـوژراو و ٥٨٥ بریـندار و ١٠٣ کـەس بەدیـل گیرابـوون، بێجگـە لـە زیانێـکی گـەورەی مـاددی[١].

پـاش ئاشـتبوونەوەی گشـتی، چالاکـی سیاسـی و پێشـمەرگایەتی لـە ڕووی چەندایـەتی و چۆنیەتییـەوە گۆڕانێـکی گـەورەی بەسـەردا هاتبـوو، لـەو کاتـەدا ڕۆژنامەنـووس (مارتـن سـیف) لـە ڕۆژنامـەی (واشـنتن پۆسـت)ی ئەمریـکی وتارێـکی لـە سـەر شـۆڕشی کـورد و ڕۆڵـی (پـدك) نووسـیبوو، تێیـدا گوتبـووی: " لـە سـاڵی ١٩٨١ـــەوە پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان ناوچـە ئازادکـراوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی چەنـدان بەرانبـەر زیـادی کـردووە»، هەروەهـا لـە درێـژەی وتارەکـەدا ئامـاژەی بـەوە کردبـوو: "وەرەی پێشـمەرگەی پـارتی بـەرزە و لەلایـەن سـووریا و لیبیـا لـە ڕێگـەی ئێرانـەوە یارمـەتی دەدرێـت و بەرگریکـردنی پێشـمەرگەکان پـەرەی سـەندووە و سـوپای عێـراق بـەرەو لاوازی دەڕوا»[٢]. حکوومـەتی عێـراق لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٧ بەپێـی نەخشـەیەکی داڕێـژراو بـە هێزێـکی زۆری پیـادە و بـە پاڵپشـتی فڕۆکـەی جەنگـی لـە ٥ ـ ٩ و ١٢ ـ ١٨ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٧، دوو هێـرشی گـەورەی کردبـووە سـەر ناوچـە ئازادکـراوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی (پـدك) لـە هـەردوو شـاروچکەی (شـێخان) و (ئاکـرێ)، لـە بەرانبـەردا جگـە لـە پێشـمەرگەی (پـدك) کـە هێـزی سـەرەکی بـوو، مەفرەزەیـەکی (حشـع) و (حزبـی دەعـوەی ئیسـلامی) لـە بەرەنگاربوونـەوەی هێرشـەکەدا ڕۆڵێـکی چالاکیـان بینیبـوو و توانیـان هێزەکانـی بـە زیانێـکی زۆری گیـانی و مـاددی تێکبشـکێنن[٣]. بەهـۆی ئـەم سـەرکەوتنە گەورەیـەوە مەسـعود بـارزانی برووسـکەیەکی پیرۆزبایـی سـەرکەوتنی بـۆ هەمـوو ئـەو هێزانـە نـارد کـە لـە تۆمارکـردنی ئـەم سـەرکەوتنەدا بەشـدارییان کردبـوو[٤]. لـەو کاتـەدا بزاڤێـکی هاوبـەشی لەشـکری بەهێـزی دژ بەحکوومـەت دەسـتی پێکردبـوو، لـە شـوباتی ١٩٨٧ هێزێـکی هاوبـەشی (پـدك) و (ینـك) و (حشـع) و (حسـك) بـە توونـدی ڕووبـەڕووی سـوپای عێـراق بووبوونـەوە، ئەمـە لەکاتێکـدا بـوو سـوپای عێـراق بـە

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٦٩)، کانوونی یەکەم ١٩٨٦، ل ل٣، ١١.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: کێشـەی کـورد لـە ڕاگەیانـدنی جیهانیـدا، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٦٧ – ٥٦٨)، تشـرین یەکـەم و دووەمـی ١٩٨٦، ل ل٦ ، ١٠.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ملاحـم جدیـدة لأبطـال کردسـتان فـی الشـیخان وعقـرة، أخبـار کردسـتان، العـدد: (١٥٢)، کانـون الثانـی ١٩٨٧،ص١.

(٤) بۆ زانینی دەقی بروسکەکە بڕوانە: المصدر نفسه، ص١.

مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی بارەگاکانی هێزە کوردستانییەکان لەبناری قەندیل لەدوو لاوە هێرشی کردبووە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگەکان توانییان زیانێکی زۆری مرۆیی بە هێزەکانی حکوومەت بگەیەنن و کەلوپەلێکی زۆری سەربازیشیان دەستکەوتبوو[١]. ئەمەش بۆ یەکەمین جار بوو لەو قۆناغەدا هێزە سەرەکییەکانی کوردستان لە یەك سەنگەردا بەرگری لەخاکی کوردستان و گەلی کورد بکەن.

هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر فەرمانی مەسعود بارزانی، لە ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی مستەفا بارزانی لە سەرەتای ئاداری ١٩٨٧ لەچەند ناوچەیەکی جیاجیای کوردستان، چەندان چالاکی لەشکرییان ئەنجام دابوو، لەو چالاکییانەدا جگە لە کوژرانی ژمارەیەکی زۆری سەربازانی سوپای عێراق، ٣٣ سەرباز بەدیل گیرابوون[٢]. لەو کاتەدا حکوومەتی تورکیا هاوشێوەی عێراق لە گەشەکردنی بزاڤی کورد نیگەران بووبوو، هەر بۆیە جارێکی تر بە ڕەزامەندی حکوومەتی عێراق، لە٤ی ئاداری ١٩٨٧ فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا هێرشیان کردبووە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی (پدك)[٣]، لە گوندەکانی (سەنات و ئاڵانش و ئورە و کشان...تاد) لە سنووری زاخۆ. ئەنجام چەند هاوڵاتییەکی سڤیل کوژران و بریندارکران، وێڕای زەرەر و زیانێکی زۆری ماددی[٤]. لەو کاتەدا مەسعود بارزانی لە ڕاگەیاندنێکدا بۆ سەرجەم لق و پێشمەرگەی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و، هێزەکانی بەرگری میللی، داوای کردبوو: "ئامادەکاری بکەن بۆ وەڵامدانەوەی هێرشە ناڕەواکەی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان»[٥]. پێش ئەنجامدانی ئەم هێرشە، بە دوو ڕۆژ سەرکردایەتی (پدك) و لایەنەکانی (جود) ئاگاداری پیلانەکە بوون، بۆیە ئامادەکاری تەواویان

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی زیانەکانی حکوومەت بڕوانە: عمليات جبهوية، أخبار كردستان، العدد:(١٥٣)، شباط ١٩٨٧، ص٥.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الثورة تطلق سراح (٣٣) أسيراً، أخبار كردستان، العدد: (١٥٤)، آذار ١٩٨٧، ص٢.

(٣) نەوزاد عەبدوڵڵا، دۆزی کورد لە عێراقدا و میکانزمەکانی چارەسەرکردنی دوای ٢٠٠٣، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل٧٩.

(٤) م.س - ح.د.ك ،»تصريح صحفي»، في ١٩٨٧/٣/٧.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ناوەرۆکی نامەکە بڕوانە: رسالة الرفيق المناضل مسعود البارزاني، أخبار كردستان، العدد: (١٥٤)، آذار ١٩٨٧، ص ص١، ٩.

بـۆ هـەر ئەگەرێـك كردبـوو[١]. بەپێـی ئـەو دۆكیومێنتانـەی كـە لـە حكوومـەتی عێـراق بەجـێ مـاون، دەردەكەوێـت كـە حكوومـەتی عێـراق هەندێـك كـەسی هـان دەدا كـە لەسـەر سـنووری توركیـا و عێـراق هەندێـك چالاكـی لەشـكری بنوێنـن بـۆ ئـەوەی توركیـا هێـرش بكاتـە سـەر ناوچـە ئازاكـراوەكانی ژێـر دەسـەڵاتی (پـدك)، بـە بەڵگـەی ئـەوە لـەو كاتـەدا پێشـمەرگەی (پـدك) چەنـد كەسـێكیان دەسـتگیركردبوو كـە دانیـان بـەوەدا نابـوو كـە لـە لایـەن هەواڵگـری عێراقـەوە نێـردراون كـە ئـەو كارە بكـەن[٢]. بێجگـە لـەوەش لـە دۆكیومێنتـەكانی لەشـكری عێـراق ئـەوە دەردەكەوێـت، پێـش ئەنجامـدانی هێرشـەكەی توركیـا چـوار فڕۆكـەی ئـەو وڵاتـە بەئـەركی هەواڵگـری و وێنـەی ناوچـەكانی نـاو سـنووری باشـووری كوردسـتان دەگـرن، حكوومـەتی عێـراق بێجگـە لـە ئاسـانكاری داوای لـە هێـزەكانی كردبـوو كـە تەقـە لـەو فڕۆكانە نەكـەن چونكـە فڕۆكەی دۆسـتانن[٣].

ڕاسـتییەكەی هێـرشی ئـەو جـارەی توركیـا جگـە لـە كـوژرانی ژمارەیـەك لەخەڵـكی سـڤیلی ناوچەكـە، نەیتوانیبـوو بـە هێـزی پیـادە هیـچ پێشـڕەوی بـكات. لـە بەهـاری ١٩٨٧دا هێـزەكانی پێشـمەرگەی (پـدك) نـەك تەنیـا لەناوچـەی بادینـان، بەڵكـو لـە بەشـێكی گرنگـی سـتراتیژی ناوچـەی سـۆرانیش دەسـەڵاتی خۆیـان پتەوكردبـوو، لـە شـوێنی زۆر گرنـگ چالاكییـان ئەنجـام دەدا[٤]. سیاسـەت و پیلانـەكانی حكوومـەت لـە ئاسـتی بەرفراوانبـوونی بـزاڤ و چالاكییـەكانی شۆڕشـگێڕان كەمـی نەكردبـوو، بـە پێچەوانـەوە دەسـەڵاتی حكوومـەت لـە كوردسـتان زۆر لاواز بووبـوو، بـۆ سـەلماندنی ئـەو ڕاسـتییە لە٦ی ئـاداری١٩٨٧ لـە ناوەنـدی شـاری دهـۆك پێشـمەرگە چەنـد چالاكییەكـی لەشـكری دژ بـە هێـزەكانی حكوومـەت ئەنجـام دا، لـەو چالاكییانـەدا ٣٧ سـەرباز و پۆلیـس كوژرابـوون و ٣٠كەسـیش بریندارکرابـوون[٥]. بۆیـە ئەگـەر سـەرنج بدەیـن لـەو كاتـەدا هیـچ شـوێنێك بـۆ دارودەسـتەكانی حكوومـەت لـە باشـووری كوردسـتان پارێـزراو نەبـوو، هـەر بۆیـەش بیـری لـەوە كـردەوە كـە توونتریـن شـێوازی مامەڵـە دژ بـە گـەلی

(١) جود، بيان»حول التهديدات التركية ضد بلادنا»، في ٢/آذار /١٩٨٧.

(٢) د.على نێروەیی، سیاسەتی حكوومەتی...، ب٢، ل٤٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٤٢.

(٤) جـون بلـوك ، لا اصدقـاء سـوى الجبـال (التاريـخ المأسـاوي للكـورد)، ت: حكيـم عبداللـه، مطبعـة هـاوار، دهـوك، ٢٠٠٩، ص١٨٣.

(٥) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: عمليـة بطوليـة فـي قلـب دهـوك، أخبـار كردسـتان، العـدد:(١٥٤)، آذار ١٩٨٧، ص٧.

کورد بەگشتی پێڕەو بکات، بۆ ئەم مەبەستە (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) لە ٢٩ی ئاداری ١٩٨٧ بڕیاری ١٦٠ی دەرکرد، بەپێی ئەو بڕیارە (عەلی حەسەن مەجید)[١]، دەسەڵاتی بێ سنووری پێ درا لە کوردستان[٢]. بەمەش ناوبراو لە ماوەی (٢٩ی ئادار ـ ٢٢ نیسانی ١٩٨٩) بوو بە دەسەڵاتداری ڕەهای کوردستان، کە بە یەکێك لە خوێناویترین دەسەڵاتەکان لە جیهاندا دەژمێررێت، لەو ماوەیەدا کوردستان زۆر ڕووداوی کارەساتباری خوێناوی بەخۆوە بینی کە هەندێك لەو ڕووداوانەش بەدەگمەن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تومارکراون، لەوانەش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی بەرفراوان، هەر بۆیە بە ناوی (عەلی کیمیایی) ناوبانگی دەرکرد[٣]. لە دەرئەنجامی ئەمەش گەورەترین تاوانی نامرۆڤانەی لێ کەوتەوە.

پاش ئاشتبوونەوەی گشتی وەك پێشتر باس کرا، هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەیەکی باشتر و کوشندەتر چالاکییە لەشکرییەکانیان ئەنجام دەدا، شەوی ٢٠/١٩ی نیسانی ١٩٨٧ هێزێکی گەورەی هاوبەشی پێشمەرگەکانی (پدك) و (ینك) و (حشع) و (حسك) لەگەڵ (پاسۆك) هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی (قەرەداغ)، ئەنجام ١٠٠ سەرباز و جاش کوژرابوون و ١١٠ کەسیش بەدیل گیرابوون، بەڵام هاوکات پێشمەرگەش چەند قوربانییەکی هەبوو[٤]. بەهۆی ئەم سەرکەوتنە گەورەیەوە،

(١) عەلی حەسەن مەجید، ساڵی ١٩٤٠ لەدایك بووە و ئامۆزای (سەدام حوسێن)ی سەرۆك کۆماری پێشووتری عێراقە، لە٢٩ی ئاداری١٩٨٧ کرایە بەرپرسی (نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور)، ڕۆڵێکی گەورەی لە شاڵاوی جینۆساید و کیمیابارانکردنی ناوچە کوردییەکاندا هەبووە، دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ساڵی (٢٠٠٣)، لە٢١ی ئابی هەمان ساڵدا دەستگیر کرا، لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٧)، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەسەر تاوانی شاڵاوەکانی ئەنفال بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد، لە٢٥ی شوباتی٢٠١٠ جێبەجێ کرا. بڕوانە: گۆران ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦.

(٢) میدل ئێست وۆچ، جینۆساید لەعێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: سیامەندی موفتی زادە،چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٨٠؛ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بڕیارەکان بڕوانە:پاشکۆی ژمارە (١٨).

(٣) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکومەتی عێراق لەسایەی بەڵگەنامە فەرمیەکاندا (١٩٧٥ – ١٩٩١)، ب٢، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆك، دهۆك، ٢٠١٠، ل١١؛ سۆزان ناسر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٧٠)، حوزەیران ١٩٨٧، ل٣ و ١٦؛ الشرارە، الجریدة، العدد: (٤)، السنه (١٢)، نیسان ١٩٨٧، ص ص١ ،٣.

مەسـعود بـارزانی برووسـکەیەکی پیرۆزبایـی ئاراسـتەی مەکتـەبی سیاسـی (ینـك) و سـەرجەم پارتـە بەشـداربووەکان کردبـوو، تێیـدا ئـەو یەکگرتنـەی بـە هەنگاوێکی گرنـگ لـە قەڵـەم دابـوو، بـۆ تۆمارکـردنی سـەرکەوتنی کۆتایـی بەسـەر حکوومـەتی عێراقـدا[١].

هـاوکات لـە چوارچێـوەی چالاکـی هاوبـەش هـەر دوو مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) و (ینـك) بانگەوازێـکی هاوبەشـیان بـۆ جـاش و چەکـدارەکانی حکوومـەت دەرکردبـوو، بـە مەبەسـتی بەجێهێشـتنی ڕیزەکانـی خـۆی، تێیـدا هاتبـوو: "بانگـەواز و دەنگـمان لـە ئێوەیـە کـە چیـتر نەبنـە داردەسـتی ڕژێمـی فـاشی و خزمـەتی نەخشـە و پیلانـەکانی نەکـەن، بگەڕێنـەوە بـۆ بـاوەشی شـۆڕش و نیشـتمان» [٢]. هەروەهـا لـە ناوەڕاسـتی نیسـانی ١٩٨٧دا مەسـعود بـارزانی لـە ڕێگـەی بانگەوازیکـەوە لێبووردنێـکی گشـتی بـۆ چەکـدارەکانی حکوومـەت دەرکرد،تێیـدا ڕایگەیاندبـوو: "داواتـان لێدەکەیـن ڕیـزەکانی دوژمـن بەجـێ بهێڵـن و بگەڕێنـەوە ڕیـزەکانی شـۆڕش و شـان بەشـانی هێـزە کوردسـتانییەکان بچنـەوە بەگـژ ڕژێمـی فاشـیدا»[٣]. هەروەهـا مەسـعود بـارزانی لـە٢٨ی نیسـانی ١٩٨٧، نامەیـەکی ئاراسـتەی سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـرد، کـە نـاوی گشـت گونـدە وێرانکـراوەکان و قوربانیـانی چـەکی کیمیایـی ئـەو گوندانـەی لەخـۆ گرتبـوو[٤]. بەپێـی بەیاننامەیـەکی (پـدك) پـاش ماوەیـەکی کـەم بەسـەر بانگەوازەکـەی بـارزانی لەبـارەی لێبـووردنی گشـتی لـەو کاتـەوە تـا ئایـاری ١٩٨٧ واتـە کەمـتر لـە مانگێك، بەسـەدان چەکـداری حکوومـەت بەپیـری بانگەوازەکـەوە دێـن، پەیوەنـدی بـە ناوچـە ڕزگارکـراوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی (پدك)ـەوە دەکـەن[٥].

چالاکییـە هاوبەشـەکانی (پـدك) و هێـزەکانی تـر لـە بەهـاری١٩٨٧ زیـادی کردبـوو،

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی نـاوەڕۆکی بروسـکەکە بڕوانـە: أبطـال (جـود) یسـطرون ملحمـة بطولية رائعـة في (قـرداغ) ورئیـس حزبنـا یهنـئ، أخبار كردسـتان، العـدد: (١٥٥)، نیسـان ١٩٨٧، ص ص١ ،١٠.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی نـاوەڕۆکی بانگەوازەکـە بڕوانە: بانگـەواز لەلایـەن (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) بـۆ چەکـدارە کـوردە هەڵخەڵەتـاوەکانی ڕژێمـی بەعـسی عەفلەقـی، سـەفین، گۆڤـار، ژ: (٤٧)، نیسـانی ١٩٨٧، ل٦.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی دەقـی بانگەوازەکـە بڕوانـە: خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٧٠)، حوزەیـران١٩٨٧، ل٤.

(٤) گۆران ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩.

(٥) م.س ـ پ.د.ك، بەیاننامە»یادی یانزەمیـن ساڵی شـۆڕشی ٢٦ی گـوڵان بەشـانازی و سـەربەرزییەوە دەکەینـەوە»، لـە٢٦ی ئایـاری ١٩٨٧.

شـەوی ٤/٥ی ئایـاری ١٩٨٧ هێزێـکی (پـدك) هێرشـیان بـردە سـەر فەوجـی ١١١ی (سـوتکی) لـە قـەزای ئامێـدی و ڕەبیـەکانی دەوروبـەری، ئەنجـام جگـە لـە خاپوورکـردنی ڕەبییەکـە، ٥٩ سـەرباز کـوژران و برینداركرابـوون، ٥٦كەسـیش بەدیـل گیرابـوون، هەروەهـا پێشـمەرگە دەسـتی بەسـەر ژمارەیـەك ئۆتۆمبیـلی سـەربازی و پارچـە چـەکی جۆراوجـۆردا گرتبـوو[1]. لـەم سـەروبەندەدا حکوومـەت بـۆ بەرگریکـردن لـە دەسـەڵاتی خـۆی و بـۆ دانـانی سنوورێك بـۆ چالاکـی لەشکری، دەسـتی بـە هێـرشی کیمیابارانکـردنی گونـدەکانی کوردسـتان کـرد، بەتایبـەتی لـە (قەندیـل و دۆڵـی بالیسـان)، چەنـد ناوچەیـەکی تـر لـە ناوچـەی سـۆران بـە تایبـەتی[2]، سوپای عێـراق لـە ناوچـەی بادینـان لـە بەرگریکردنـدا بـوو، (پـدك) بـە مەبەسـتی کەمکردنـەوەی هێرشـەکانی حکوومـەت لـە ناوچـەی سـۆران، چالاکییـە لەشـکرییەکانی لـە بادینـان زیاتـر کـرد، شـەوی ٢٦ ـ ٢٧ی ئایـار١٩٨٧، لەگـەڵ مەفرەزەیـەکی (حشـع) هێرشـیان بـردە سـەر فرۆکەخانـەی (بامـەڕنی) و ڕەبیـەکانی دەوروبـەری، ئەنجـام بـارەگای فـەوج و ١٣ ڕەبیـە گیـران و زیاتـر لـە١٠٠ سـەرباز و جـاش کوژرابـوون، ٥٨كەسیش بەدیـل گیرابـوون. هـاوکات پێشـمەرگە دەسـتکەوتێکی زۆری لەشـکری دەسـتکەوتبوو، لـەو چالاکییـەدا پێشـمەرگە ٢ قوربـانی هەبـوو[3]. لای خۆیـەوە حکوومـەت بـۆ تۆڵەسـەندنەوە خەڵـکی سـڤیلی دەکـردە ئامانـج، بۆیـە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بارودۆخـی کوردسـتان ئاڵۆزتـر دەبـوو، بێـزاری خەڵـك زیاتـر گـڕی دەسـەند، لـە ئایـاری١٩٨٧دا لـە چەنـد شـارو شـارۆچکەیەکی کوردسـتان خۆپیشـاندان دژ بـە دامـودەزگاکانی حکوومـەت دەسـتی پێکـرد[4]، بـۆ زیاتـر جۆشـدانی خەڵـك، مەسـعود بـارزانی بانگەوازێـکی گرنگـی ئاراسـتەی خۆپیشـاندەران و جەمـاوەری کوردسـتان کـرد، تێیـدا داوای کردبـوو لـە خۆپیشـاندان بـەردەوام بـن و پێشـمەرگەش

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی نـاوی دیلـەکان بڕوانـە: إنتصـار عسـكری كبیـر فـی سـوتكی، أخبـار كردسـتان، العـدد: (١٥٧)، آیـار١٩٨٧، ص ص١ ، ١٤؛ شـیمال زێـباری، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٨١.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی نـاوی گونـدەکان بڕوانـە: ڤالا فەریـد، المسـؤولیة المدنیـة الدولیـة عـن جریمـة الإبـادە الجماعیـە ـ دراسـە تطبیقیـة عـلى حالـة كوردسـتان العـراق، مطبعـة جامعـە صـلاح الدیـن، أربیـل ،٢٠٠٤، ص ص١٩٢-١٩٥.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی نـاوی قوربانیـانی پێشـمەرگە و دیلـەکانی حکوومـەت بڕوانـە: ملحمـة بامـرنی صفحـة مشرقـة فـی تاریـخ ثورتنـا، أخبـار كردسـتان، العـدد:(١٥٧)، آیـار١٩٨٧،ص ص١ ، ١٣.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: الإنتفاضـات الجماهیریـة فـی كردسـتان، أخبـار كردسـتان، العـدد: (١٥٧)، آیـار١٩٨٧، الصفحـة الأخیـرة.

بە هەموو شێوەیەك هاوكارییان دەكات، لە كۆتاییدا گوتبووی: "مردن لەكوردستان زۆر باشترە لە ژیانێكی سەرشۆڕی لە ژێر سێبەری عەفلەقی خوێنڕێژ، لە كۆمەڵگایە زۆرەملێیەكان لە سنووری ئۆردن و سعوودیە»[1]. لە لایەكی تریشەوە هێزی پێشمەرگە ژمارەیەك چالاكی گەورە ئەنجام دابوو، لە درێژەی ئەو چالاكییانەدا لە٣٠ی ئایاری١٩٨٧ هێرشێكی بەرفراوانی بردە سەر فەوجی١١٠ی (شرانش) و ٤ بارەگای سریە و ٢٣ ڕەبیەی دەوروبەریان ئاگر تێبەردا، بەپێی (دەنگوباسی كوردستان) تەنیا لەو چالاكییەدا زیاتر لە ١١٠سەرباز كوژران و ٥٣ كەسیش بەدیل گیرابوون و پێشمەرگەش چەند قوربانییەكی هەبوون[2].

حكوومەتی عێراق كە پێشتر پلانی بۆ لێدانی بارەگاكانی پێشمەرگە لە ناوچەی بادینان دانابوو، پاش كۆبوونەوەیەك لە ٤ی حوزەیرانی١٩٨٧ بە ئامادەبوونی ئەفسەری ناوەندی لێكۆڵینەوە و پلاندانان، فڕۆكەوانی سوپا، حكوومەت بە بەرژەوەندی نەزانیبوو بارەگاكانی (پدك) لە (كانی ڕەش) لە باكووری ڕۆژهەڵاتی قەزای مێرگەسۆر بە هۆی نزیكبوون لە سنووری توركیا و گەلی (رەش) بەهۆی نزیكبوون لە چیای (كەوێتە) لە ڕۆژهەڵاتی مێرگەسۆر، كە فەوجێكی لەشكری عێراقی لێ بوو، كیمیاباران بكرێن، بەڵام بارەگای لقی١ لەگوندی (زێوە)، سەرەڕای نزیكبوونی لە سنووری توركیا بۆ لێدان دەستنیشان كرابوو[3]. فڕۆكەكانی عێراق لە٥ی حوزەیرانی١٩٨٧ گەلی زێوەیان لە ناوچەی نێرە بە چەكی كیمیایی بۆردومان كرد، كە بێجگە لە بارەگای (پدك)، بارەگای (حشع) و حزبەكانی تریشی لێ بوو، بۆمبە كیمیاییەكان نزیك بارەگای (حشع) كەوتن و ژمارەیەك لە ئەندامانی بوونە قوربانی و ژمارەیەكیش بریندار بوون[4]. بەرانبەر بەوە هێزەكانی (پدك) لە٩ی حوزەیران چەند چالاكییەكی لەشكرییان لە ناوچە جیاجیاكانی بادینان ئەنجام دابوو، بەپێی سەرچاوەكان لەو چالاكییانەدا ژمارەیەكی زۆری سەرباز كوژران و بریندار كرابوون،

---

(١) لە: د.علی تەتەر، سیاسەتی حكوومەتی عێراق...، ب٢، ل٤٦ وەرگیراوە.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أخبار كردستان، العدد:(١٥٨)، حزیران ١٩٨٧، ص١ ؛ پێشمەرگە، گۆڤار، ژ: (١٢)، ئادار١٩٩٩، ل٣٥.

(٣) د.علی تەتەر نێروەیی، چەند ڤەكۆلینەك ل دۆر مێژوویا كورد و كوردستانێ، دهۆك ،٢٠١٢، ل٢٣٧.

(٤) د.علی تەتەر نێروەیی، چەند ڤەكۆلینەك ل دۆر مێژوویا كورد و كوردستانێ، دهۆك ،٢٠١٢، ل٢٣٧.

هەروەهــا ١٨ کەســیش بەدیــل گیرابــوون، ژمارەیــەك کەلوپــەلی لەشــکری دەســت پێشــمەرگە کەوتبــوون[١]. لــەو کاتــەدا حکوومــەت نــەك تەنیــا لــە بادینــان، بەڵکــو لــە ناوچــەکانی دیکــەی کوردســتان لــە هێرشــەکانی (پــدك) و هاوپەیمانــەکانی پارێــزراو نەبــوو، شــەوی ١٦ ـ ١٧ی حوزەیــرانی١٩٨٧ لــە پارێزگــەی هەولێــر هێرشــیان کردبــووە ســەر هێــزەکانی حکوومــەت لــە قــەزای مێرگەســۆر و دەوروبــەری، بێجگــە لــە کــوژراوەکان ١٣١ ســەرباز بەدیــل گیرابــوون[٢]. بــەم شــێوەیە چالاکییــەکانی پێشــمەرگایەتی بــەردەوام بــوو، بەپێــی ئامارێــکی لەشــکری (پــدك) کــە لــە حوزەیــرانی هەمــان ســاڵ خســتبوویە ڕوو تەنیــا لــەو مانگــەدا پێشــمەرگە توانیبوویــان ٦٨ چالاکــی جۆراوجــۆر ئەنجــام بــدەن، لــەو چالاکییانــەدا ٢١١ ســەرباز و پیــاوی حکوومــەت کوژرابــوون، ٢٩٢ کەســیش بەدیــل گیرابــوون، پێشــمەرگەش ٥٣ قوربــانی هەبــوو[٣]. لــەو ماوەیــەدا بەهــۆی دەســتکەوتێکی زۆری ســەربازی و دۆســتایەتی نێــوان هێــزەکانی کوردســتانی، پێشــمەرگە بــە شــێوەیەکی تووندتــر و کاریگەرانــە هێرشــیان دەبــردە ســەر پێگــەکانی ســوپای عێــراق، لەکۆتایــی تەممــووزی ١٩٨٧ بــە فەرمــانی فەرماندەیــی گشــتی، مەســعود بــارزانی هێــزەکانی پێشــمەرگەی لقــی ٣ و ٤ی (پــدك) هێرشــێکی گەورەیــان کــردە ســەر فەوجــی (باســەرا) و ڕەبیــەکانی دەوروبــەری لەســەر ڕێگــەی ســەرەکی چەمچەمــاڵ ـ ســەنگاو[٤]، لــە ئەنجامــدا نزیکــەی ١٥٠ ســەرباز کــوژران، ٧٠ ســەربازیش بەدیــل گیرابــوون، بێجگــە لە تێکشــکاندنی هێلیکۆپتەرێــك و ســەدان پارچــە چەکی ســووك و مامناوەندیــش دەســتکەوتی پێشــمەرگە بــوو[٥]. پێشــمەرگە لــە لێــدانی پێگــەکانی حکوومــەت بــەردەوام بــوو، بەپێــی ئامارێــکی ڕۆژنامــەی (خەبــات)، تەنیــا لــە مانگــی تەممــووزدا ٨٥ چالاکــی ئەنجــام دابــوو، لــەو ماوەیــەدا ٢٧٤ چەکــداری حکوومــەت کوژرابــوون، ١٤١ کەســیش بەدیــل گیرابــوون، هەروەهــا پێشــمەرگەش ٧ قوربــانی و ٢٨ برینــداری هەبــوو[٦]. لــە قۆناغــی پــاش

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:أخبار کردستان، العدد: (١٥٨)، حزیران ١٩٨٧، ص ص٥ ،٦.

(٢) أخبار کردستان، العدد:(١٥٨)، حزیران ١٩٨٧، ص ص١ ،٨.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر  و زانینی ناوی قوربانیانی پێشمەرگە بڕوانە: المصدر نفسە، ص٣.

(٤) چاوپێکەوتــن لەگــەڵ حەمیــد ئەفەنــدی، میحــوری باشــیك، ٢٠١٦/٣/٢٠. ناوبــراو ئــەو کات بەرپــرسی لقــی٤ی پــارتی لــە ســلێمانی و سەرپەرشــتیاری هێــزی پێشــمەرگە بــوو لەناوچەکــەدا.

(٥) بــۆ وردەکاری زیاتــر بڕوانــە: إبــادة فــوج فــی (بــاسرة)، أخبــار کردســتان، العــدد:(١٥٩)، تمــوز ١٩٨٧، ص١.

(٦) بــۆ زانیــاری زیاتــر بڕوانــە: عملیــات الجیش الثــوری الکردســتانی، خەبــات، الجریدة، العــدد:(٥٧١)،

ئاشـتبوونەوەی گشـتی، چالاکییـەکانی (پـدك) لـە ناوچـەی سـۆران بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لـە پەرەسـەندندا بـوون، لـە ئابـی ١٩٨٧ هێـزەکانی (پـدك) هێرشـیان بـردە سـەر فەوجـی (ئەحمـەد ئـاوا) و ٦٨سریـە و ڕەبیـەی دەوروبـەری، بەگوێـرەی سـەرچاوەکان نزیکـەی ٣٠٠ سـەرباز کـوژران و برینـدار کرابـوون، ٤٢ سـەربازیش بەدیـل گیرابـوون، لـە هەمـان کاتـدا لـە پارێـزگای دهۆکیـش هێرشـیان کـردە سـەر فەوجـی ٨٧ بێبـاد، لـە ئەنجامـدا وێـڕای گرتنـی بـارەگای فـەوج و ١٠ بـارەگای سریـە و چەنـد ڕەبیەیـەك ٧٥کـەس کوژرابـوون کـە سـەرۆك جاشـێکیان تێـدا بـوو نـاوی (سـەعید خەلیـل سلێڤانەیی) بـوو، ٤٥ کەسـیش بەدیـل گیرابـوون[١]. هەروەهـا بـە بۆنـەی سـالگەڕدی دامەزرانـدنی (پـدك) ەوە، هێـزەکانی لقـی٢ لەگـەڵ چەنـد ئەندامێـکی (ی.ق.ك) لـە دەوروبـەری پارێزگـەی هەولێـر نزیـك شـەقڵاوە لـە چالاکییێـەکی پارتیزانیـدا ١١ ڕەبیەیـان خاپوورکردبـوو، ٧٤ سەربازیشـیان کوشـتبوو، پێشـمەرگەش ٦ قوربـانی هەبـوو[٢].

سـەرەڕای بەکارهینـانی هێـزی زۆر و پڕچـەك بـە چـەکی پێشـکەوتوو، لـەو کاتـەدا حکوومـەت لـە زۆربـەی هێرشـەکان بـۆ سـەر پێشـمەرگە شکسـتی خواردبـوو، لـەو هێرشـەی کـە لـە١٧ی ئـاب، بەبەشـداری ٢٠ تانـك و چەنـد فڕۆکەیـەکی جەنگـی، بردبوویـە سـەر هێـزەکانی هاوپەیـمانی (پـدك) و (ینـك) لـە ناوچـەی (سـورداش)، کـە چـی دووچـاری شکسـتێکی گـەورە بـوو بـوو، لـەو هێرشـەدا پێشـمەرگەکان توانییـان ٦٠ سـەرباز بکـوژن و بـە تـەواوی هێزەکـە لەناوچەکـە دووربخەنـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا پێشـمەرگەی هـەردوو حـزب چەنـد قوربانییەکیـان هەبـوو[٣]. حکوومـەت لـە پەرەسـەندنی چالاکییـەکانی هاوبـەشی هێـزە کوردسـتانییەکان هەراسـان بووبـوو، شـەوی ١٣ ـ ١٤ی ئەیلـوولی ١٩٨٧، بێجگـە لـە هێـزی (پـدك) وەك هێـزی سـەرەکی، هێزێـکی بچـووکی (حشـع) هێرشـێکی توونـدی فرەلایـەنی نەخشـە بـۆ داڕێـژراوی پێشـوەختیان بـردە سـەر فەوجـی (کانـی مـاسی) و ڕەبیـەکانی دەوروبـەری، لەئەنجامـدا ٥ فەوجـی

---

تموز ١٩٨٧، ص٣.

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أخبار کردستان، العدد: (١٦٠)، أواسط آب ١٩٨٧، ص ص٣، ٧.

(٢) بـۆ زانینـی نـاوەکان بڕوانـە: سـيطرة عـلى (١١) موقعـاً بيـن شـقلاوة و هيـران، أخبـار كردسـتان، العـدد:(١٦١)، أواخـر آب ١٩٨٧، ص١.

(٣) بـۆ زانینـی نـاوەکان بڕوانـە: دحـر تقـدم للعـدو فـی سـورداش، أخبـار كردسـتان، العـدد:(١٦١)، أواخـر آب ١٩٨٧، ص ص١ ،٨.

سـوپا و ٧٠ ڕەبیـە و سـەنگەری سـوپای عێـراق  بـە درێژایـی ٣٠کـم ڕێگـەی (کانـی مـاسی ـ بێکوڤـا) گیـرا، بـۆ مـاوەی هەفتەیـەك لەژێـر دەسـتی پێشـمەرگەدا مایـەوە[١]. بەپێـی سـەرچاوەکانی نزیـك لـە ڕووداوەکـە ٥٠٠ چەکـداری حکوومـەت کوژرابـوون، ٦٠٠کـەسی تـر لەگـەڵ ئامـر فـەوج و چەنـد ئەفسـەرێکی پلـە بـاڵا و سـەرۆك جـاش بەدیـل گیرابـوون[٢]، پێشـمەرگەش ٩ قوربـانی و ٨ برینـداری هەبـوون[٣].

مەسـعود بـارزانی بەهـۆی ئـەم سـەرکەوتنە گەورەیـەوە وەك پێشـتر، برووسـکەیەکی پیرۆزبایـی سـەرکەوتنی ئاراسـتەی گشـت پێشـمەرگە بەشـداربووەکانی ئـەم چالاکییـە کـرد[٤]. حکوومـەت لـە تۆڵـەی ئـەم شکسـتە بەسـێ هـەزار سـەرباز و جـاش بەپاڵپشـتی چـەکی قـورس لـە سـێ قۆڵـەوە پەلامـاری گونـدی (ئەرەدنـا)ی نێـوان کانی مـاسی و بامەڕنی دابـوو، بـەڵام وەك سـەرچاوەکان بـاسی دەکـەن پێشـمەرگە بـە پاڵپشـتی خەڵـکی گوندەکە هێرشـەکەیان دووچـاری شکسـت کـرد و زیاتـر لـە١٧٢ سـەرباز کـوژران و پێشـمەرگە دەسـتی بەسـەر ژمارەیـەکی زۆر کەلوپـەلی لەشـکریدا گـرت، لـەم هێرشـەدا پێشـمەرگەش ٣ قوربـانی و ٧ برینـداری هەبـوو، کـە هەندێکیـان خەڵـکی گوندەکـە بـوون[٥]. سـوپای عێـراق لـە شکسـتێکی گـەورەدا بـوو، هێـزەکانی پێشـمەرگە لـە٢٧ی ئەیلـوول لـە چالاکییـەکی بەرەییـدا لـە ئەتـروش ٥ فـەوج خاپـوور  دەکـەن و ٥٣ چەکداریـش بەدیـل

(١) فەهیـم عبداللـە حمـو، ژ پشـکنین و چاڤدێـری بـۆ داسـتانا کانی مـاسی، مەتیـن، گۆڤـار، ژ:(١٢٨)، ئەیلـوول٢٠٠٢، ل ل١٠ -١٢؛ چاوپێکەوتـن أودی دوغانـی، هەولێـر ٢٠١٦/١/١٩. ناوبـراو ئەندامـی مەفـرەزەی (حشـع)بوو لـەم چالاکییـەدا. أودی دوغـانی، نـاوی تـەواوی (أودی حەسـەن عەلی)ـە، لەدایکبـووی سـاڵی ١٩٦٣ لـە گونـدی دوغـان سـەر بەناحیـەی ئەرقـوش، سـاڵی ١٩٧٢ پەیوەنـدی بـە (حشع)ـەوە دەکات و چەنـد بەرپرسـیاریەتییەك لەنـاو حزبەکەیـدا وەردەگرێـت، ئێسـتە بەرپـرسی کۆمیتـەی (حشع)ـە لەقـەزای شـێخان، نیشـتەجێی هەمـان ناوچەیـە.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر و نـاوی تـەواوی دیلـەکان بڕوانـە: أخبـار كردسـتان، العـدد:(١٦٢)، أيلـول١٩٨٧، ص ص٤ -٩.

(٣) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ فەهیـم عەبـدوڵا حەمـو، دهـۆك، ٢٠١٥/١٢/١١، ناوبـراو لـەم چالاکییـەدا بریندارکـرا و چاوێـکی لەدەسـت داوە.

(٤) بـۆ زانینـی دەقـی بروسـکەکە بڕوانـە: بمناسـبه الإنتصـار الكبيـر فـی كانـی ماسـی- مسـعود بارزانـی رئيـس الحـزب يهنـئ الفـرع الأول، أخبـار كردسـتان، العـدد:(١٦٣)، أيلـول١٩٨٧،ص١.

(٥) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: عەبدوڵـڵا دەرویـش عـەلی، ئەرەدنـا بەرپەرێـکی فەشـارتی ژ دیـروکا دەڤـەرا ئامێـدی، دهـۆك، ٢٠٠٠، ل١٦٤.

دەگـرن[١]. بـەم شـێوەیە چالاکییـەکانی دژ بـە حکوومـەت لـە هەڵکشـاندا بـوون.

لـەو ماوەیـەدا بەهـۆی سـەرکەوتنە یـەك لـەدوای یەکـەکانی هێـزەکانی پێشـمەرگەوە، بـواری دەسـت گەیشـتن بەچـەك و تەقەمـەنی بـۆ پێشـمەرگە ڕەخسـابوو، ئەمەیـش وای کـرد چالاکـی زۆرتـر لـە سـنوورێکی بەرفـراوان ئەنجـام بـدەن، بەپێـی ئامارێـکی ڕۆژنامەی (خەبـات) تـا تشـرینی دووەمـی ١٩٨٧، پێشـمەرگەی (پـدك) بـە تەنیـا نزیکـەی ٦٥٦ چالاکـی جۆراوجۆریـان ئەنجـام دابـوو، کـە لـەو ماوەیـەدا ٣٤٢٣ سـەرباز و جـاش کوژرابـوون و ٣٢٢٠ کەسـیش بریندارکرابـوون، هەروەهـا پێشـمەرگەیش ١١٨ قوربـانی و ٢٨١بریندـاری هەبـوو[٢].

چالاکییـە لەشـکرییەکانی پێشـمەرگەی (پـدك) لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٧ لـە زیادبوونـدا بـوون، مەسـعود بـارزانی بـە سـاڵی گەورەتریـن و فراوانتریـن چالاکییـەکانی پێشـمەرگەی دادەنێـت[٣]. لـە گەرمـەی خەباتـدا هێـزەکانی پێشـمەرگە بـۆ جـاری دووەم لـە١٨ی تشـرینی دووەمـی١٩٨٧ هێرشـیان بـردە سـەر فەوجـی (شـەرانش) لـە زاخـۆ، زیاتـر لـە ٤٠ سـەرباز کوژرابـوون، ٤٥ کەسـیش بەدیـل گیرابـوون، جگـە لـەوەش بەدەیـان پارچـە چـەکی سـووك و قـورس دەسـتکەوتی پێشـمەرگە بـوو[٤]. بەڵگەنامـەکانی فەرمـی حکوومـەت ئامـاژە بـەوە دەکـەن، لـەو دەمـەدا چالاکییـەکانی (پـدك) گەیشـتبووە نـاو شـاری بەغـداش[٥]، بەپێـی ئامارێـکی (لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان) لـە مـاوەی مانگـی کانـوونی یەکەمـی١٩٨٧، (پـدك) نزیکەی١٣٧چالاکـی جۆراوجـۆری دژ بەسـوپا و دامـودەزگاکانی حکوومـەت ئەنجـام دابـوو[٦]. پێشـمەرگە سـاڵی نوێـی ١٩٨٨ی بـە چەنـدان چالاکـی گـەورە دژ بـە پێگـەکانی سـوپای عێـراق پیـرۆز کـرد، شـەوی ١٠ ـ ١١ی کانـوونی دووەمـی ١٩٨٨، هێـزی پێشـمەرگەی لقـی ٣ی (پـدك) لـە چالاکییـەکی

(١) بـۆ زانینـی نـاوەکان بڕوانـە: إنتصـار مشـهود للبیشـمرکه فـی أتـروش، أخبـار کردسـتان، العـدد:(١٦٤)، تشـرین الأول ١٩٨٧، ص١ ،٧.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٥٧٢ – ٥٧٣)، تشرینی دووەمی١٩٨٧، ل٣.

(٣) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٤٤٥.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: الاسـتیلاء عـلى مقـر فـوج شرانـش، أخبـار کردسـتان، العـدد:(١٦٥)، تشـرین الثـاني ١٩٨٧، ص ص١ ،٨.

(٥) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٤٥٥.

(٦) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٥٧٤)، کانوونی یەکەمی ١٩٨٧، ل٣.

لەشـكريدا توانييـان دەسـت بەسـەر بـارەگای فەوجـی (مەنديلـە) و ٧ خاڵـی لەشـكری نزيـك (چەمچەمـاڵ) دابگـرن، لـەم چالاكييـەدا ١٤٠ سـەرباز و جـاش كوژرابـوون، ٥٢ كەسـيش بەديـل گيرابـوون، پێشـمەرگە ٥ قوربـانی دابـوو[١]، هەروەهـا شـەوی دواتـر واتـە ١١ ـ ١٢ی هەمـان مانـگ لـە سـەر فەرمـانی بـارزانی، پێشـمەرگەی لقـی ١ی (پـدك) بـە بەشـداری هـەر پێنـج لێژنـەی (دهـۆك، ئاكـرێ، ئامێـدی، زاخـۆ، گـوڵان) لـە چەنـد قۆڵێكـەوە هێرشـيان كـردە سـەر پێگـە و بـارەگاكانی حكوومـەت لە(ناحيـەی دێرەلـوك) و ڕەبيـەكانی دەوروبـەری لـە ڕۆژهـەڵاتی ئامێـدی، سـەرەڕای ناهاوتايـی هێـزی پێشـمەرگە بەرانبـەر بـە سـوپای پـڕ چـەك و تەقەمـەنی بـە بەشـداری هێـزی ئاسـمانی، بـە ماوەيـەكی كـورت توانيبوويـان تـەواوی ناوچەكـە كۆنتـڕۆڵ بكـەن، بەپێـی گێڕانـەوەی فەرمانـدەكانی پێشـمەرگەی بەشـداربوو لـەو چالاكييـەدا زياتـر لـە ٥٠٠ سـەرباز و جـاش كـوژران و برينداركـران[٢]، ٥٧٢ كەسـيش بەديـل گيرابـوون[٣].

مەسـعود بـارزانی وەكـو هەميشـە بەبۆنـەی سـەركەوتن و خۆڕاگـری هێـزی پێشـمەرگە لـە ئەنجامـدانی ئـەم دوو داسـتانە كـەم وێنەيـە، برووسـكەيەكی پيرۆزبايـی ئاراسـتەی پێشـمەرگەكانی لقـی ١ و ٣ی كـرد و ئـەم چالاكييانـە بـە هەنگاوێـكی گرنـگ لـە سـەركەوتن بەسـەر حكوومـەت ناسـاندبوو[٤]. حكوومـەت بـۆ تۆڵەكردنـەوە لـەو شكسـتانە، لـە ناوەڕاسـتی شـوباتی ١٩٨٨ بـە فڕۆكـە گونـدەكانی دەوروبـەری شـاروچكەی (شـێخان و ئامێـدی و ئاكـرێ) و چەنـد ناوچەيـەكی ئازادكـراوی ژێـر دەسـەڵاتی (پـدك) ی بۆردومـان كـرد، لـە ئەنجامـی ئـەم بۆردومانـەدا ژمارەيـەك لـە پێشـمەرگە و هـاوڵاتی بووبـوون بـە قوربـانی[٥].

لـە درێـژەی ئـەو چالاكييانـەی كـە پێشـمەرگە ئەنجامـی دەدان، وەك سـاڵانی پێشـوو

---

(١) بـۆ زانيـاری زياتـر و زانينـی نـاوی قوربانيـانی پێشـمەرگە بڕوانە:خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٥٧٥)، كانـوونی دووەمـی ١٩٨٨، ل١٧.

(٢) شـكری نێروەيـی، داسـتانا دێرەلـوكی، پێشـمەرگە، گۆڤـار، ژ: (٧)، كانوونـا دوويـی ١٩٩٨، ل١٧ =١٨؛ حەسـەن مەجيـد، داسـتانا دێرەلـوكی، پێشـمەرگە، گۆڤـار، ژ:(٣)، كانوونـا دوويـی ١٩٩٦، ل١٠.

(٣) بۆ زانينی ناوەكان بڕوانە: مەتين، مجلە، العدد:(٦٩)، كانون الثانی ١٩٨٨، ص ص١ ،٧.

(٤) بـۆ زانينـی دەقـی بروسـكەكە بڕوانـە: بروسـكەكانی سـەرۆكی پارتيـمان، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٧٥) كانـوونی دووەم ١٩٨٨، ل ل١ ،١٣.

(٥) بـۆ زانينـی نـاوی قوربانييـەكان بڕوانـە: أخبـار كردسـتان، العـدد:(١٧٢)، ١٦ – ١٩ شـباط ١٩٨٨، ص٢.

بـه بۆنـەی سـاڵیادی کۆچـی دوایـی مسـتەفا بـارزانی چەنـد چالاکییـەکی لەشـکرییان لـە دەوروبـەری (زاخـۆ و دهـۆك) ئەنجـام دا، جگـە لـە کـوژراوەکان ٣٦ سـەرباز و جـاش بەدیـل گیرابـوون[١]. بەپێـی سـەرژمێرییەك کـە لـە ڕۆژنامـەی (خەبـات) خرابـووە ڕوو، تەنیـا لـە مانگـی شـوباتی ١٩٨٨ پێشـمەرگەکانی (پـدك) توانیبوویـان ٤٥ هێـرشی جۆراوجـۆر بکەنـە سـەر دامـودەزگاکانی حکوومـەت، هـەر لـەو ماوەیـەدا زیـانی مرۆیـی حکوومـەت ١٢٩کـوژراو، ٢١٥ برینـدار و ١١٧دیـل بـوو، پێشـمەرگەش ١١ قوربـانی دابـوو و بـە سـەدان پارچـە چـەکی جۆراوجـۆری دەسـتکەوتبوو[٢].

لـەو کاتـەدا چالاکییـەکانی پێشـمەرگە ترسـێکی زۆرتریـان خسـتبووە نـاو ڕیـزەکانی سوپای عێـراق و چەکـدارانی، بـە تایبـەت لـە بـەرەکانی جەنگ لە کوردسـتان[٣]، سـەرەڕای نەبـوونی هیـچ هاوسـەنگییەك لـەڕووی ژمـارەی چـەك و جـۆر و ئاسـتی چەکـەکان، پێشـمەرگە خـاوەن چـەکی کلاسـیك وەك کلاشـینکوف و بڕنو...تـاد بـوو، حکوومـەت هیـچ سـەرکەوتنێکی گـەورەی بەدەسـت نەهێنابـوو، بۆیـە پـاش پێداچوونـەوەی بەرنامەیـەکی هەمـە لایەنانـە و داڕێـژراو لـەڕووی بەشـداربووان و چـەکی بەکارهێـنراودا لـە ڕووبەڕێـکی زۆری بەرفـراوانی کوردسـتان ئۆپەراسـیۆنەکانی ئەنفـال بـە سـەرکردایەتی (عـەلی حەسـەن مەجیـد) و بـە بەشـداری فەیلەقـەکانی (١ و ٥) و بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی ئەمـن و هەواڵگـری سـوپا و فەوجـە جاشـەکان[٤]، لـە ٨ قۆناغـدا دەسـتیان پێکـرد[٥].

---

(١) بۆ زانینی ناوەکان بڕوانە: أخبار کردستان، العدد:(١٧٢)، ص٥.

(٢) چالاکییـەکانی لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان، خەبـات، ڕۆژنامـە، شـوبات ١٩٨٨، ل٣؛ بـۆ زانینـی قوربانیانـی پێشـمەرگە بڕوانـە: سـجل الشـهداء، أخبـار کردسـتان، العـدد:(١٧٢)، شـباط ١٩٨٨، ص٤.

(٣) حسـین عوسـمان (أبـو کۆڤـان)، ڕۆڵـی ڕاگەهاندنـێ د شۆڕشـا گوڵانـێ دا، چاپخانـا شـەریعێ، دهـۆك، ٢٠٠١، ل٤٣.

(٤) د.علی تەتەر ، سیاسەتی حکوومەتی...، ب٢، ل١٠٠.

(٥) قۆناغەکانی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال بریتی بوون لە:

- قۆناغی یەکەم: لە ٢٣ی شوبات ـ ١ی نیسانی١٩٨٨ ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی گرتەوە.
- قۆناغی دووەم: ٢٢ی ئادار ـ ١ی نیسانی ١٩٨٨ ناوچەکانی (قەرەداغ و سەنگاوە) گرتەوە.
- قۆناغـی سـێیەم: لـە٧ی نیسـان ـ ٢٠ نیسـان ١٩٨٨ ناوچـەکانی گەرمیـان گرتـەوە، کـە بـە ترسـناکترین قۆناغـی ئەنفـال دادەنرێت.
- قۆناغـی چـوارەم: لـە٣ی ئایـار ـ ٢٦ی ئـابی ١٩٨٨، دەشـتی کۆیـە و تـەق تـەق و شـوان و شـێخ بزێنـی گرتـەوە.
- قۆناغـی پێنجـەم و شەشـەم و حەوتـەم: لـە١٥ی ئایـار ـ ٢٦ی ئابـی ١٩٨٨ ناوچـەکانی سـماقولی،

لەڕاستیدا ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال بۆ چەند ئامانجێکی سەرەکی نەخشە و پلانی بۆ کێشرابوو، لەوانە بۆ نەهێشتنی بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە و قڕکردنی تەواوی خەڵکی کوردستان[1]. هێزەکانی حکوومەت بۆ یەکەم جار لە٢٣ی نیسانی ١٩٨٨دا بە سەرکردایەتی لیوا (سوڵتان هاشم ئەحمەد)[2]، ئۆپەراسیۆنی ئەنفالیان بەچەکی کیمیایی دژ بە گوندەکانی دۆڵی جافایەتی لەوانە (چوخماخ و سەرگەڵوو و بەرگەڵوو...تاد) ئەنجام دا، هێزەکانی هاوپەیمانی (پدك) و (ینك) و (حشع) بۆ ماوەی ٣ هەفتە لەو سنوورەدا بەرگرییان کرد، بەڵام دواتر بەهۆی نا هاوسەنگی لە هەموو ڕوویەکەوە لەنێوان هەردوو هێزی شەڕکەردا، پێشمەرگە زیاتر بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی نەیانتوانی بەرگری لەو ناوچانە بکەن، تەنیا توانیبوویان بەشێکی زۆری خەڵکی ناوچەکە بۆ ناوچەکانی تری ئازادکراو بگوێزنەوە[3]. بەڵام لەهەمان کاتدا کە پرۆسەی ئەنفالی یەك بەڕێوەدەچوو، لە ناوچەکانی تر پێشمەرگە لەسەر چالاکییەکانی دژ بەحکوومەت بەردەوام بوون، بۆ نموونە لە ١٥ تا ٢١ی ئادار هێزەکانی (پدك) و (حشع) بە تەواوەتی بەسەر دەوروبەری (شەقڵاوە)دا زاڵ بووبوون، بەچەکی قورسەوە چووبوونە ناو شار و بە توندی لە خاڵەکانی جەیش

---

دۆڵی بالیسان ...تاد گرتەوە.

- قۆناغی هەشتەم: لە٢٥ی ئاب ـ ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ ناوچەکانی بادینان و سنووری شاری مووسڵ واتە (دهۆك ـ زاخۆ ـ ئامێدی تا سنووری باکووری تورکیا- لێکۆڵەر) دەگرتەوە. بڕوانە: جەمیل عیسا، لەگەڵ ڕووداوەکاندا، چاپخانەی شەهاب، ب.ش، ٢٠١٥، ل ل١٢٣ -١٢٤. بۆ زیاتر وردەکاری لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال بڕوانە: سۆزان ناسر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦ بەدواوە.

(١) حسن بديوى، لكن مأساة حلبجة!! خطوة على الطريق إلى البيت الكردى الكبير، مطبعة الحاج هاشم، أربيل، ٢٠١٣، بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئامانجەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی باشووری کوردستان بڕوانە: جمیل عیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

(٢) سوڵتان هاشم ئەحمەد، لە دایکبووی ١٩٤٤ لە شاری مووسڵ، پاش دەرچوونی لە پەیمانگەی ئاسایشی نەتەوەیی لە بەغدا لە ساڵی ١٩٧٥ چووەتە ناو دەزگای هەواڵگری لەشکری، لە جەنگی عێراق ـ ئێران ڕۆڵێکی باڵای هەبوو، بە تایبەتی لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالدا دیارترین ئەفسەری لەشکری بوو، لە نیسانی ١٩٩٥ بووبووە سەرۆك ئەرکانی سوپا، لە تەممووزی هەمان ساڵدا بووبووە وەزیری بەرگری عێراق، لە گەرمەی ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق، لە بەرواری ١٩ی ئەیلوولی ٢٠٠٣ لە ڕێی هێزەکانی پارتییەوە تەسلیم بە هێزی هاوپەیمانان بوو لە مووسڵ. بڕوانە: د.علی نێروەیی، سیاسەتی حکوومەتی...، ب٢، ل ١٠٦.

(٣) سۆزان ناسر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩ - ٧٠.

و جـاش و حکوومەتیـان دەدا[1]. هەروەهـا هـاودەم لـە سـنووری بادینانیـش چالاکییـە لەشـکرییەکانی دژ بـە حکوومـەت درێژەیان هەبوو، لە ناوەڕاسـتی ئـاداری ١٩٨٨، هێزێکی هاوبـەشی (پـدك) و (حشـع) هێرشـیان بـردە سـەر فەوجـی ١٤٣ لەسـەر ڕێگـەی سـەرەکی (ئامێـدی ـ دێرەلـوك)، لـەو چالاکییـەدا ئامـر فـەوج و چەنـد ئەفسـەرێکی پلە بـاڵا و زیاتر لـە ٣٠ سـەرباز کوژرابـوون، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا پێشـمەرگەش قوربانییـەك و چەنـد برینداریـکی هەبـوون[2]. لـە گەرمـەی پرۆسـەی ئەنفالـدا هێـزەکانی (پـدك) و (ینـك) و پارتـەکانی تـر ڕۆژی ١٥ی ئـازار بـە پاڵپشـتی هێـزەکانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران توانییـان هێـزەکانی حکوومـەت لـە هەڵەبجـە وەدەربنێـن[3]. بـەڵام لەبـارەی بەشـداریکردنی هێـزەکانی (پـدك) لـە چوونـە نـاو هەڵەبجـە لـە لایـەن (حەمیـد ئەفەنـدی) کـە ئـەوکات سەرپەرشـتیاری هێـزی (پدك)بوولـە ناوچەکـەدا، ڕەتدەکاتـەوە، دەڵێـت: "پێشـمەرگەی ئێمـە تـا ناحیـەی سـیروان نزیـك هەڵەبجـە، لـەو چالاکییـەدا بەشـداربوون»[4]. ڕۆژی دواتـر واتـە ١٦ی ئـاداری ١٩٨٨ حکوومـەتی عێـراق شـاری هەڵەبجـەی بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان بــە بۆمبــی کیمیایــی بۆردومــان کــرد[5]، لــە ئەنجامــی ئــەو بۆمبارانــەدا زیاتـر لـە ٥٠٠٠ کـەس کـوژران هەروەهـا برینداربـوونی هـەزاران کـەسی دیکەیـشی لـێ کەوتـەوە[6]، کـە ئەمـەش بـە دڕەندەتریـن ڕووداو لەسـەر ئاسـتی جیهـانی دەژمێررێـت، کـە بـە دەگمـەن لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا ڕوویـداوە.

لەهەمــان کاتــدا ناوچــەی بادینــان ناوچەیــەکی گەرمــی شــۆڕش بــوو، هێــزەکانی پێشـمەرگە لـە کۆتایـی ئـاداردا لـە گونـدی (هاریـك) لـە ناوچـەی زێبـار، بـە پاڵپشـتی خەڵـکی ناوچەکـە توانییـان فەوجـی ٣٣ تەفروتوونـا بکـەن، بێجگـە لـە کوژراوێـکی زۆر بەدەیـان چەکـدار بەدیـل گیرابـوون، هەروەهـا بەسـەدان پارچـە چـەکی جـودا جـودا

(١) د.علی نێروەیی، سیاسەتی حکوومەتی...، ب٢، ل١٠٧.

(٢) بۆ زانینی ناوەکان بڕوانە: أخبار کردستان، العدد: (١٧٣)، ١ – ١٥ آذار ١٩٨٨، ص٤.

(٣) شـەوکەت حاجـی موشیر،کارەسـاتی کیمیا بـارانی هەڵەبجـە ـ کورتـە باسـێکی جوگـرافی، ئابـووری، کۆمەڵایـەتی، سیاسـی، سـلێمانی، ١٩٩٨، ل١١٧؛ نەوشـێروان مسـتەفا، خولانـەوە...، ل١٤٤.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید ئەفەندی، میحوری باشیك، ٢٠١٦/٣/٢٠.

(٥) م.س ـ ح.د.ك، بیان» هلبجە....هیروشیما کردستان»، فی ١٩٨٨/٣/٣٠.

(٦) بەیـان ئەحمـەد حسـین، هوزانا بەرگـری لـە سـەردەمی شۆڕشـا گوڵانـێ ١٩٧٦ - ١٩٩١، چاپخانـا خانـێ، دهـۆك، ٢٠٠٧، ل٦٣.

کەوتبوونە دەستی پێشمەرگە[1]. هەر لەو ماوەیەدا هێزەکانی (پدك)، نەك تەنیا لە ناوچەی بادینان بەڵکو لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان چەندان چالاکی لەشکرییان ئەنجام دابوون[2]. بەڵام ڕاستییەکەی پاش سەرکەوتنی هێزەکانی عێراق لە پرۆسەی ئەنفالی یەك، ورەی سوپای عێراق زۆر بەرز بووبوو، پاش ٣ ڕۆژ لە هێرشێکی بەرفراوانی ئاسمانیدا بارەگای (پدك) و پارتەکانی تر لە چیاکانی (قەرەداغ) بە چەکی کیمیایی بۆردومان کران، هێزەکانی پێشمەرگە بەرانبەر بە هێرشی فرۆکە و چەکی کیمیایی نەیانتوانی خۆیان ڕابگرن[3]، هێرشەکە کوژرانی چەند پێشمەرگە و زیاتر لە٦٠ هاوڵاتی و برینداربوونی چەندان کەسی تری لێ کەوتەوە[4]. هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەیەکی جیاوازتر لە ناوچەکانی دیکە چالاکییان جێبەجێ دەکرد، تەنانەت لەو هەلومەرجەدا بەپێی هەواڵەکانی (پدك)، چالاکییەکانی (پدك) گەیشتبووە ناوەندی شاری مووسل[5]. وێڕای بەردەوامی توندی ئەم هێرشانە، حکوومەت نەیتوانیبوو لە تێکشاندنی هێزەکانی (پدك) هەموو ئەو ئامانجانەی کە چاوەڕوانی دەکرد، سەربکەوێت، هەر بۆیە (عەلی حەسەن مەجید) لە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ئەندامانی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور و پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، لە١٥ی نیسانی ١٩٨٨ ڕاگەیاندبوو: " هاوینی داهاتوو نابێ هیچ گوندێك لێرەو لەوێ بمێنێتەوە، کۆمەڵگەکانی لێ بەدەر بێت، ئێمە دەبێ ئەو خەڵکە بخەینە کۆمەڵگەکانەوەو چاویشمان لەسەریان بێ، چیتر نایەڵین لە گوندەکان بژین و تێکدەران (پێشمەرگە- لێکۆڵەر) بتوانن سەردانیان بکەن»[6]. کە دواتر وەك خۆی جێبەجێی دەکات.

لەژێر کاریگەری ئەو دۆخە ناهەموارەی کوردستانی گرتبووەوە، پاش هەموو ئەو

---

(١) بۆ زانیاری زۆرتر و ناوی دیلەکان بڕوانە: أخبار كردستان، العدد: (١٧٥)، ١ - ١٥ نيسان ١٩٨٨، ص٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عمليات الجيش الثوري الكردستاني ، أخبار كردستان، العدد: (١٧٥)، ١ - ١٥ نيسان ١٩٨٨، ص ص٣ ، ٦.

(٣) عبدالله كريم محمود، رياح السموم و الأنفال، ت: هيوا محمد ڕەسول، دار سردم للطباعة و النشر، سليماني، ٢٠١٣، ص٤٦ - ٤٧.

(٤) بۆ زانینی ناوەکان بڕوانە:أخبار كردستان، العدد: (١٧٤)، ١٦ ـ ٣١ آذار ١٩٨٨، ص ص٤ ،٨.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عمليات التنظيم الداخلي، أخبار كردستان، العدد: (١٧٦)، ١٦ - ٣٠ نيسان ١٩٨٨، ص٢.

(٦) لە: د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی...، ب٢، ل١٢٥وەرگیراوە.

هەوڵانـەی لـە سـاڵی ڕابـردووەوە هاتبوونـە کایـەوە بـۆ پێکهێنـانی بەرەیـەکی یەکگرتـوو کـە هەمـوو هێـز و پـارت و ڕێکخـراوەکانی کوردسـتانی دژ بـە حکوومـەت ڕێـك بخـات، ئەوەبـوو ئەنجـام بـەرەی کوردسـتانی[١]، لە هەفتـەی یەکەمـی ئایـاری ١٩٨٨دا ڕاگەیەنرا[٢]. لـەو کاتەشـدا حکوومـەتی عێـراق هەمـوو جـۆرە چەکێـکی کۆمەڵکـوژی لـە ناوچـەکانی کوردسـتان بەکاردەهێنـا، پرۆسـەکانی بـە عەرەبکـردن و ڕاگواسـتن و کوشـتاری بەکۆمـەڵ و بەکارهێنـانی گازی ژەهـراوی بەشـێکی زۆری کوردسـتانی گرتبـووەوە[٣]. هەرچەنـدە ئـەم هەنـگاوە درەنـگ کـەوت، کـە لـەو کاتەدا بەهـۆی هێـرشی کیمیاییـەوە ورەی پێشـمەرگە و بەرگـری میلـلی دابەزیبـوو، تەنانـەت لـە زۆر شـوێن بەتایبـەتی لـە سـنووری هەرێمـی سـۆران کـە نەیانتوانیبـوو بەرانبـەر هێـرشی فڕۆکـە و تانـك و چـەکی کیمیایـی بەرگەبگـرن و بـۆ ناوچـە پارێـزراوەکان پاشەکشـێیان کردبـوو، بـەڵام هێـزە کوردسـتانییەکانی نـاو بـەرە لـە یـەك سـەنگەر بەیەکگرتوویـی درێژەیـان بـە خەبـاتی لەشـکری دەدا، لـە٢٦ی تەممـووزی ١٩٨٨ بـە فەرمـی بڕیـاری بەرگرییـان دابـوو، هەروەهـا بڕیاریـان دابـوو ئەوانـەی کـە ناتوانـن بەرگـری بکـەن بـا لەگـەڵ خێزانەکانـدا پەنـا ڕوو لـە ئێـران و شـوێنە پارێـزراوەکان بکـەن[٤]. حکوومـەت بـەو پلانـەی زانیبـوو بۆیـە بەهێـزی ئاسـمانی ناوچـەکانی (بالـوکا و بالیسـان و مەلـەکان و هیـران و سـماقولی... تاد) و چەنـد ناوچەیەکی تـر لـە سـنووری هـەردوو پارێزگـەی سـلێمانی و هەولێـر بـە توونـدی بـە چـەکی کیمیایـی بۆردومـان کـرد، لـە ئەنجامـدا کـوژراو و برینداری‌ـکی زۆری لـێ کەوتـەوە[٥]. ئەنجـام حکوومـەت سـەرکەوت و تـوانی دەسـت بەسـەر ناوچەکـەدا بگرێـت، ئـەوەی کـە ڕزگار نەبـوو لـە لایـەن حکوومەتـەوە شـوێن بـزر کـرا. بـەڵام بـەشی زۆری پێشـمەرگە لـەو ناوچەیـەدا لەسـنووری ئێـران پەڕینـەوە[٦]، کـە ئەمـەش شـتێکی ڕەوابـوو کـە بـە چەکێـکی

---

(١) بەرەی کوردستانی لە باسی سێیەمی هەمان بەش بەدرێژی باس کراوە.

(٢) شـێخ جەمـال شـێخ نـوری، بیرەوەرییەکانـم لـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەدا (١٩٧١ – ١٩٨٣)، سـلێمانی ، ١٩٩٨، ل١٢٩.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی ڕەوشی باشـووری کوردسـتان بڕوانـە: مـن جرائـم القتـل العـام فـی کردسـتان ـ العـراق عـام ١٩٨٧، مطبعـة خەبـات، ١٩٨٨، ص ص١-٣٧.

(٤) سۆزان ناسر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

(٥) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: إستشـهاد العشـرات بالقنابـل الکیمیاویة والفسـفوریة، أخبار کردسـتان، العـدد:(١٨٢)، ١١ – ١٢ تموز١٩٨٨، ص١٩٦.

(٦) د.علی تەتەر: سیاسەتی حکوومەتی ...، ب٢، ل١١٧.

ساده و ساكار لە توانایاندا نەبوو بەرگەی چەكی كیمیایی و مودێرن بگرن.

سەبارەت بە پەڕینەوەی هێزە كوردییەكان، بەتایبەتی (پدك) لە سنووری سۆران بۆ ئێران، محەمەد مەلا قادر دەنووسێت: "شەڕی عێراق ـ ئێران بەرەو ڕاوەستان دەچوو، عێراق خۆی بۆ شەڕی پێشمەرگە تەرخان دەكرد، بۆیە سەركردایەتی بەرەی كوردستانی بڕیاری دا كە هێزەكانی بكشێننەوە بەرەو سنووری ئێران، لایەنەكان پێش پارتی چەند ڕۆژێك بەپێی بەرنامەیەك كە بۆ خۆیان كێشابوو، كشانەوە. لقی٢ و هێزەكانی تری پارتی لە٢٨ی ئاب ١٩٨٨ بە تەواوەتی لەچەند قۆڵێكەوە دەستیان بە كشانەوە كرد، لەم كشانەوەیەدا بێ زیان بوون»[1] . هەڵبەت بە بڕیاری ٥٩٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی[2]، هەردوو وڵاتی شەڕكەر (عێراق ـ ئێران) لە١٨ی تەمموزی ١٩٨٨ ئاگربەستی فەرمییان سەبارەت بە ڕاوەستانی جەنگ پەسەند كرد[3]. دواتر لە٨ی ئاب جەنگی هەشت ساڵەی نێوان هەردوو وڵات كۆتایی هات[4]. لەكاتی ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەو كاتەدا كۆمیتەی ناوەندی (پدك) لە١١ ـ ٢٠ی تەمموزی ١٩٨٨، خەریكی شەشەمین كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بوو، لەو بارەیەوە بەفەرمی هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند، لە بەلاغی كۆتایی كۆبوونەوەكەدا ئاماژە بەوە كراوە: " لە ساتەوەختی سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق ـ ئێران، پارتی بەجەنگی دەستدرێژی كارانە و ناڕەوای لە قەڵەم دابوو و لە هەموو بەڵگەنامە جۆربەجۆرەكانی پارتی و دواییان بەڵگەنامەی بەرەی كوردستانی عێراقییە، كە ئێمە تێدەكۆشین بۆ كۆتاییهێنان بەم جەنگە و بەرقراركردنی ئاشتییەكی دیموكراتی دادپەروەرانە لەنێوان هەردوو دەوڵەتی دراوسێ و دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانە لە نێوانیاندا و هاوكاری و پاڵپشتی نێوان گەلانی هەردوو وڵات لە خەباتیاندا دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و كۆنەپەرستی. هەروەها ئەم بەڵگەنامەیە جەخت لەوە دەكاتەوە كە خەباتی بەرەی كوردستانی سەربەخۆیە و هیچ پەیوەندییەكی

(١) محمد مەلا قادر،ساڵێك لە شێخ وەسانان و یاداشتەكانی ڕۆژانی ئاوارەیی لە ئێران، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ،٢٠١٦، ل١٥٧.

(٢) Democrat Parti Kurdistan ـ Iraq "presser runqu،، in .٨,١٩٨٨ .٢

(٣) د.علی تەتەر، سیاسەتی حكوومەتی...، ب٢، ل١٤٩.

(٤) لە هەڵوێست دا یەكین هەروەك لەسەنگەردا، خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٥٨١)، تەموزی١٩٨٨، ل١.

بـه شـەڕی (عێـراق ـ ئێران)ــەوە نییـە»[١]، لەلایـەکی دیکـەوە جەخـت لەسـەر ئـەوە کرابـووەوە: " گـەلی کـورد هیواخـوازە کـە ئـەم جەنگـە بـە شـێوەیەکی شـەرەفمەندانە و لەسـەر بناغـەی ئاشـتییەکی دیموکراتیانـەی دادپـەروەر کـە ڕێـز لـە خواسـتی گـەلی عێـراق بـە کـورد و عـەرەب و کەمەنەتەوەییەکانـەوە بگرێـت، کۆتایـی پـێ بێـت و مـاف و ئازادییەکانیـان بپارێزرێـت، دیکتاتۆرییـەت بڕووخێـت و دیموکـراسی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینەش بـۆ کوردسـتان جێبەجـێ بکرێـت»[٢]. بـەڵام لەهەمـان کاتیشـدا (پـدك) بـاشی دەزانی کـە چ کارەسـاتێك چـاوەڕوانی گەلی کـورد دەکات، بۆیـە ڕایگەیاندبوو: "پـارتی پلـەی تێکچـوونی بـارودۆخ و مەتـرسی هەڕەشـەکانی کـە چـاوەڕوانی گـەلی کـورد بـوون بـاش دەزانـێ» [٣]. هـەر لـە بـەر ئـەوە داوای لـە ئەندامـان و هێـزی پێشـمەرگە و بەرگـری میلـلی و جەمـاوەری کوردسـتان کردبـوو کـە ئامادەبـاشی بگەیەننـە بەرزتریـن پلـەی وریایـی و ئامـادەکاری بـۆ یەکگرتنـی ڕیـزەکان تـا سـەرکەوتن و بەدیهێنـانی گشـت ئامانجـەکان[٤]. هەروەهـا مەسـعود بـارزانی لـە ١٩ی تەممـووزی ١٩٨٨، نامەیـەکی بـۆ سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ناردبـوو، تێیـدا نووسـیبووی: " گـەلی کـورد درێـژە بـە شـۆڕش دەدا تـا مسـۆگەرکردنی مافـەڕەواکانی نەتەوەیـی کـورد «[٥]. دوای وەسـتانی جەنـگ سـوپای عێـراق باشـترین دەرفـەتی دەسـتکەوت و هەمـوو هێـزەکانی لـە ناوچـە جیاجیـاکانی بادینـان کۆکـردەوە بـۆ سـەرکوتکردنی جووڵـە و چالاکییـەکانی پێشـمەرگە و لەباربـردنی شـۆڕش بـە یەکجـارەکی[٦]. ئەمەیـش لـە کاتێکـدا بـوو کـە (پـدك) و هێـزە کوردسـتانییەکان بـێ پشـتیوان مابوونـەوە، جگـە لـەوەش سـوپای عێـراق لـەو کاتـەدا هێـز و توانـای گـەورەی بـە دەسـت هێنابـوو، ڕاسـتییەکەی حکوومـەت دەیویسـت بـەم شـاڵاوانە دوا چارەسـەری بنـەڕەتی کێشـەی کـورد لـە عێراقـدا بـکات[٧]. بێگومـان ئـەو بۆچوونـەی (پـدك) کـە لەبـارەی وەسـتانی جەنگـی عێـراق ـ ئێرانـەوە،

---

(١) کۆمیتـەی ناوەنـدی ـ پ.د.ك «ڕاگەیانـدراوی کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان»، لـە٢٠ی تەممـوزی ١٩٨٨.

(٢) درێژە بە خەبات لەهەلومەرجی تازەدا، خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٨١)، تموزی ١٩٨٨، ل ل١ ،٧.

(٣) أخبار كردستان، العدد: (١٨٢)، ١٦ ـ ٣١ تموز ١٩٨٨، ص١١.

(٤) المصدر نفسه، ص١١.

(٥) لە هەڵوێست دا یەکین هەروەك لەسەنگەردا...، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

(٦) هێرش عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢ ؛ فاروق محمد محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

(٧) گۆران ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١.

دەرئەنجامەکانی لە سەر کورد خستبووە ڕوو، زۆر لەجێی خۆیدا بوو، تەنیا یەك ڕۆژ دوای ئاگربەست، واتە ڕۆژی ١٩ی تەمموز، حکوومەتی عێراق هێرشێکی توندی بۆ سەر هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق بەگشتی و هێزەکانی (پدك) بە تایبەتی لەناوچەکانی سیدەکان و مێرگەسۆر و ناوچەکانی سنووری لقی١ لە بادینان دەست پێکرد[١]، بە دیاریکراوی بۆ سەر ئەو شوێنانە کە لە ڕابردوودا حکوومەت لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی بێ ئومێد بووبوو،حکوومەت بۆ ئەوەی سێ کوچکەی سنووری تورکیا و عێراق و ئێران بگرێت و بە تەواوەتی ڕێ لە پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی (پدك) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی بادینان ببڕێت[٢]، لە هەمان ڕۆژدا، واتە ١٩ی تەمموز هێرشی کردە سەر ناوچەکانی (گەلی خواکوڕك )و دەوروبەری ئەنجام شەڕێکی گەورە ڕوویدا بەجۆرێك تا ٥ی ئەیلوولی هەمان ساڵ درێژەی هەبوو، کە لەو ماوەیەدا بەدەیان هێرشی بەربڵاوی سوپای عێراق بە هەموو جۆرە چەکێکی مودێرن، لەوانەش چەکی کیمیایی، کرایە سەر ئەو ناوچەیە[٣]. لەو شەڕە گەورەیەدا مەسعود بارزانی فەرماندەی گشتی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکرد، بەخۆیشی لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا بوو، ڕۆڵێکی باڵای بینیبوو[٤].

لەو شەڕەدا هێزەکانی حکوومەت لە فەیلەقی (١ و ٥) پێکهاتبوون و زیاتر لە

---

(١) ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی لە لایەن سکرتێری حزب مامۆستا عەلی عەبدوڵا پێشکەشکرا پەسەندکراوی دەیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق لەماوەی ٢ - ١٩٨٩/١٢/١٢بەستراوە.

(٢) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٥٤٧؛ د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی...، ب٢، ل١٥٣.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خواکوڕك.... داستانا قارەمانان!، خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٨٣)، سەرەتاکانی ئەیلوولی ١٩٨٨، ل٥؛ رشید سلیم، خواکوڕك مەبدەئو خۆڕاگری، مێرگەسۆر، گۆڤار، ژ: (٥)، ئابی ٢٠٠٨، ل٩.

(٤) جەمال مورتکە، سەرۆك بارزانی لە شەڕی خواکوڕکدا ڕۆڵێکی زۆر باڵای بینی، هەولێر، ڕۆژنامە، ژ: (١٦٣٩)، ٢٠٠٣/٥/٢٦، ل٤؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عیماد عەبدولقادر محەمەد، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١١. ناوبراو یەکێك بوو لە ئەندامانی ڕێکخراوی (ی.ق.ك) کە بەشداربوو لە داستانی خواکوڕك. عیماد عەبدولقادر محەمەد، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠لە ناوچەی دۆسکی ژوری. ساڵی ١٩٧٥ بنەماڵەکەی ئاوارەی ئێران بوو، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕێکخراوی (ی.ق.ك)ەوە دەکات، دواتر دەبێتە پێشمەرگە تا ئەمڕۆ، نیشتەجێی شاری دهۆکە.

٣٠ فەوجی جاش و کەتیبەی تۆپخانە و هاون و ٣ کەتیبەی تانك و چەند سریەیەکی فڕۆکەی جەنگی و هێلیکۆپتەر و یەکەکانی جەنگی کیمیایی بەشداربوون[١]، هێزەکانی (پدك) جگە لە هێزەکانی بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش، هێزەکانی لقی ٢ و ٣ و ٤ و هەردوو هێزی حەمرین و ئاوارە و لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی سەر بەپارتەکە پێکهاتبوون[٢]. هەروەها لەم شەڕەدا جگە لە هێزی (پدك) وەك هێزی سەرەکی و کاریگەر، مەفرەزەیەکی (حشع) و(پدگك) و(ئاش)[٣]، بەشداربووبوون[٤]، لەو کاتەدا سەرکردایەتی شۆڕش، مەسعود بارزانی ئەرکێکی قورسی کەوتبووە سەر شان و کە گیانی دەیان هەزار پێشمەرگە و خێزانەکانیان بەرپرس بوو، بۆیە بە گیانێکی شۆڕشگێڕانە و فیداکارانە لەژێر پاڵەپەستۆی کوردایەتی بۆ ڕزگارکردنی هەزاران خێزانی پێشمەرگە بۆ ئەوەی پیشانی ڕای گشتی بدات کە شۆڕشی کورد هیچ پەیوەندییەکی بە شەڕی عێراق و ئێرانەوە نییە، ئەم شەڕە بەرگرییەی ڕێکخستبوو، هەروەك خودی مەسعود بارزانی دەڵێت: ”پێشمەرگە دەیوست بسەلمێنێ کە لەهەر بارودۆخێکدا ئامادیە بەرگری لە کورد بکات، بێ ئەوەی پشت بە شەڕی عێراق و ئێران ببەستێت، پێشمەرگە بڕیاریدا بوو تا ڕزگاربوونی دوا هاوڵاتی لەناوچە ئازادکراوەکان بەردەوامی بە بەرگری بدات»[٥].

هەروەها مەسعود بارزانی لە٦ی ئابی١٩٨٨بە مەبەستی جۆشدان و خۆڕاگری

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حول ملحمة خواكورك، أخبار كردستان، العدد: (١٨٥)، ١ - ١٥ أيلول ١٩٨٨، ص٣.

(٢) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکووەتی...،ب٢، ل١٥٦؛ عباس غەزالی میرخان، خواکورك ١٩٨٨ و ڕاپەڕینی ١٩٩١، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٨.

(٣) ئاڵای شۆڕش (ئاش)، دوای گفتوگۆکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٣ بەدواوە، لە ناو ڕیزەکانی یەکێتیدا چەند بیروڕای جیاواز دروست دەبێت، ئەنجام لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك مەسەلەی سیاسی و ئایدۆلۆژی...تاد، چەند ئەندامێکی نێو باڵە جیاوازەکانی یەکێتی لەوانە: (مەلا بەختیار و سالار عەزیز و عیماد ئەحمەد...تاد)، ئەو پارتە دادەمەزرێنن و بەردەوام دەبن تاوەکو ساڵانی نەوەتەکان دواتر بەشی زۆری ئەندامەکانی دەچنەوەی ڕیزی یەکێتی و کۆتایی بەحزبەکەیان دێنن...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حەسەن بارام، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

(٤) ئارەزوو یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

(٥) لە:د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی...، ب٢، ل١٥٨ وەرگیراوە.

زیاتـر لـە بەرگریکردنـدا، نامەیـەکی ئاراسـتەی هێـزەکانی پێشـمەرگە کـرد لـە بـەرەکانی شـەڕ، تێیـدا هاتبـوو: "ئـەوە نزیکـەی سـێ هەفتەیـە هێـزەکانی پێشـمەرگە بـەروکی دوژمنیـان گرتـووە، کـە بـە ١٥ لیـوای پیـادە و کۆمانـدۆ و هێـزی تایبـەت و ٣٠ فەوجـی جـاش بەشـدارییان کـردووە و هێرشـەکەیان بـە پشـتگیری تۆپخانـە و تانـك و هێـرشی هەوایـی هەتاکـو چـەکی کیمیاییـش دەسـتی پێکـردەوە، بـەڵام نەیانتوانیـوە ئامانجـی دارێژراویـان بەجـێ بگەیەنـن و سـەدان کـوژراو و برینـدار و دیلیـان لـێ کەوتـووە"[١].

هەروەهـا لـە نامەکـەدا ئامـاژە بـەوە کرابـوو کـە ئەفسـەرێکی کۆمانـدۆ پـاش کـوژرانی یادنامەکـەی کەوتبـووە دەسـت پێشـمەرگە، تێیـدا نوسـیبووی: " لەژیـانی خۆمـدا بەرگـری وام نەبینیـوە»[٢]. جگـە لـەوەش بەهـۆی بەکارهێنـانی چـەکی قەدەغەکـراو، لەوانـە کیمیایـی، مەسـعود بـارزانی لـە٨ی ئـاب بـە نـاوی سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی یاداشـتێکی بـۆ سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان نـارد، تێیـدا داوای وەسـتاندنی شـەڕی کۆمەڵکـوژی دژ بـە گـەلی کـورد و، چارەسـەرێکی دیموکراتییانـەی کێشـەی کـوردی کردبـوو[٣]، هـاوکات بـۆ هەمـان مەبەسـت نامەیـەکی بـۆ (ڕۆناڵـد ڕێگان) سـەرۆك کۆمـاری ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا و (میخائیـل گۆرباچـۆڤ )سـکرتێری حـزبی شـیووعی سـۆڤیەت و چەنـد سـەرۆك وڵاتێـکی تـر ناردبـوو، کـە بەرانبـەر بـەم کارەساتانە هەڵوێسـت وەربگـرن[٤].

راسـتییەکەی گەورەیـی شـەڕی خواکـورك و خۆڕاگـری پێشـمەرگە لـە بەرگریکردنـدا دەنگدانەوەیـەکی گـەورەی لـە ڕاگەیانـدنی هەرێمـی و جیهـانی، بەتایبـەتی ئەوڕوپـا، دروسـت کردبـوو[٥]. لـەو شـەڕەدا پێشـمەرگە بـۆ مـاوەی نزیکـەی دوو مانـگ لـە سـەنگەری بەرگریـدا، سـەرکەوتنێکی کـەم وێنـەی تۆمارکـرد، بەپێـی گێڕانـەوەی (پـدك)

(١) رسـالة رئيـس الحـزب إلى الجيـش الثـوري الكردسـتاني، أخبـار كردسـتان، العـدد: (١٨٣)، ١ ـ ١٩٨٨/٨/١٥، ص ص١ ، ٦.

(٢) أخبار كردستان، العدد: (١٨٣)، ١ ـ ١٩٨٨/٨/١٥، ص٦.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی دەقـی ناوەرۆکەکـە بڕوانـە، بـەرەی کوردسـتانی، ڕۆژنامـە، ژ: (١)، سـاڵی یەکـەم، ئەیلـوول ١٩٨٨،ل ل١، ١١.

(٤) بۆ دەقی نامەکان بڕوانە: خەبات، الجريدة، العدد: (٥٨٢)، أواسط آب ١٩٨٨،ص ص٣ ، ٥.

(٥) بـۆ زانیـاری زیاتـر و نـاوی ئـەو ڕۆژنامـە و گۆڤارانـە کـە داسـتانەکەیان تێدا تۆمارکراوە بڕوانـە: هكـذا قالـت الصحـف والأذعـات العالميـة، أخبـار كردسـتان، العـدد: (١٨٥)، ١ ـ ١٥/أيلـول ١٩٨٨، ص ص٢ ،٨.

زیاتـر لـە ٨٤٥٠ چەکـداری حکوومـەت کـوژرا و برینداركرابـوون، لاشـەی زیاتـر لـە ١٠٠٠یـان کەوتبـووە چنگـی پێشـمەرگە[١]، بێجگـە لـە بەدیـل گیراوێـکی زۆر، ٤ هێلیکۆپتـەری لەشـکری تێکشـکێنرابوون و سـەدان پارچـە چـەکی جۆراوجـۆر کەوتبـووە دەسـتی پێشـمەرگە[٢]، پێشـمەرگەش ٢٨ قوربـانی و چەنـد بریندارێـکی هەبـوون[٣]، بـەم شـێوەیە پێشـمەرگە دوور لـە پشـتیوانی بیـانی گەورەتریـن سـەرکەوتنی لـە مێـژووی شـۆڕشی گوڵانـدا تۆمارکـرد.

بـە هـۆی بەردەوامـی حکوومـەت لـە سیاسـەتی کۆمەڵکـوژی و بەکارهێنـانی چـەکی کیمیایـی بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان، مەسـعود بـارزانی جارێـکی تـر لـە ١٥ی ئـاب لـە ڕێگـەی یاداشـتێکەوە ئەنجوومـەنی ئاسـایشی نێـو نەتەوەیـی ئـاگادار دەکاتـەوە، تێیـدا داوا دەکات بەرانبـەر بـەم کارە دڕندانانـە بێدەنـگ نەبـن و پـرسی کـورد بـە شـێوەیەکی ئاشـتی و دادپەروەرانـە لـە چوارچێـوەی عێراقێـکی دیموکراتیـدا چارەسـەر بکرێـت[٤]. بـەڵام ڕاسـتییەکەی لـە ژێـر کاریگـەری بەرژەوەنـدی خۆیـان، هیـچ وڵاتێـك ئامادەنەبـوو دەسـتبەرداری بەرژەوەندییـەکانی خـۆی بێـت لەگـەڵ حکوومـەتی عێـراق، بۆیـە ئـەم سیاسـەتە بـە بـێ هیـچ کاریگـەری یەکلاکـەرەوەی جیهـانی، بـە ئاسـانی بـۆ حکوومـەت تێپـەڕی، درێـژەی بـە ئۆپەراسـیۆنەکانی ئەنفـال دەدا، لـە٢٥ی ئابـی١٩٨٨ فراوانتریـن ئۆپەراسـیۆنی ئەنفـالی بـۆ سـەر سـنووری بادینـان دەسـت پێکـرد، بەتایبـەتی ناوچـە ئازادکـراوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی شـۆڕش[٥]. ئـەم ئوپەراسـیۆنە بـە دوا قۆناغـی ئەنفـال ناودەبرێـت، لـە مـاوەی ٢٥ی ئـاب ـ ٦ی ئەیلـوولی ١٩٨٨ بـەردەوام بـوو[٦]، بـۆ یەکـەم جـار ئـەم ئۆپەراسـیۆنە بـە لێـدانی ٨٠ مووشـەکی کیمیایـی بـۆ سـەر گـەلی (زێوەشـکان)

---

(١) خواکوڕك داستانا قارەمانان...، ل١٣.

(٢) بۆ زانیاری و وردەکاری و زانینی ناوی دیلەکان بڕوانە: حول ملحمة خواكورك...، ص ص٣ ،٧.

(٣) بـۆ زانینـی نـاوەکان بڕوانـە: م.س ـ ح.د.ك»بـلاغ عسـكري حـول ملحمـة خواكـورك»، فـي أيلـول١٩٨٨، ص ص٤ ـ ٦.

(٤) Massoud Barzani Appeals to the nation of the security council، Iraq Kurdistan frount political leadership، Kurdistan، Iraq، August ١٩٨٨ ،١٥.

(٥) عومـەر تروانـشی، بیرەوەریێـت پێشـمەرگایەتیێ د شۆڕشـا گوڵانێـدا، چاپخانـا کوردسـتان، زاخـۆ، ٢٠٠٦، ل١٤٤؛ بـۆ وردەکاری زیاتـر لـە بـارەی ئەنفـالی بادینـان بڕوانـە: عـلی بەنـدی، ئەنفالکـردنی بەهدینـان، ب٢، چاپخانـەی زانـا، دهـۆك، ٢٠٠٣، ل١٤٠ بـەدواوە.

(٦) عبدالله كريم محمود، المصدر السابق، ص٣٧.

لـه قـەزای ئامێـدی دەسـتی پێکـرد[١] ، بێجگـە لـە بـارەگای لقـی ١ی (پـدك)، بـارەگای (حشـع) و مەڵبەنـدی ٤ی (ینـك) و چەنـد هێزێـکی دیکـەی بەرهەڵسـتکاری لـێ بـوو[٢]. ئەنجـام ٣ پێشـمەرگەی (حشـع) بوونـە قوربـانی، ٤ی تریـش برینداربوون[٣].حکوومـەتی عێـراق بـە توونـدی کەوتـە بۆمبابارانکـردنی گونـد و گـەلی و دۆڵـەکانی ناوچـەی بادینـان، لـە ٢٩ی ئـاب فڕۆکـە جەنگییـەکانی عێـراق بەچـەکی کیمیایـی هێرشـیان کـردە سـەر گـەلی (بـازی)[٤]، ئـاکام کارەسـاتێکی گـەورەی لـێ کەوتـەوە، نزیکـەی ١٣٠٠ کـەس کـوژران، جگـە لـە برینـدار و شـوێن بزرکـردنی سـەدان کـەسی تـر[٥] بـە هـۆی ئـەم کارەسـاتە گەورەیـەوە، جارێـکی تـر مەسـعود بـارزانی هەمـان ڕۆژ، واتـە لـە ٢٩ی ئـاب، بانگەوازێـکی بـە پەلـەی بـۆ سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئاراسـتە کـرد، تێیـدا وێـڕای داواکـردنی گوشـار خستنەسـەر عێـراق بـۆ وازهێنـان لـە بەکارهێنـانی چـەکی کیمیایـی و شـێوازەکانی تـری چـەکی جینۆسـاید لـە کوردسـتان، داوای کردبـوو داوا لـە حکوومـەتی تورکیـا بکرێـت ڕێگـە بـەو خێزانانـە بـدات کـە لـە جینۆسـاید ڕزگاربووبـوون، لـە سـەر سـنوور مابوونـەوە، بچنـە نـاو خـاکی وڵاتەکەیـان و ڕێ بـە گەیشـتنی هـاوکاری و یارمـەتی مرۆیـی بـە تایبـەتی بـۆ برینـداران بدرێـت[٦]. بـەڵام لـە بەرانبـەردا، سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە ٣١ی ئـاب ڕایگەیاندبـوو: "پـرسی کـورد لـەم قۆناغـەدا جێگای گفتوگۆکـردن نییـە لەنێـو ئـەو گفتوگۆیانـەی کـە لـە نێـوان عێـراق و ئێـران دەکرێـت»[٧]. بـەڵام دوو ڕۆژ پـاش بانگەوازەکـەی بـارزانی، ڕادیـۆی تـاران ڕایگەیانـد: "کـە میـر حسـێن

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: جرائـم مروعـة فـی محافظـات دهـوك ونینـوی وأربیـل، أخبـار کردسـتان، العـدد:(١٨٥)، ١ - ١٩٨٨/٩/١٥، ص٦.

(٢) فەهیم عبدالله، گەلیێ زێوەشکان یان بنگەهی هەڤپشك...، ل١٩.

(٣) سۆزان ناسر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

(٤) گـەلی بـازی، دەکەوێتـە باکووری چیـای مەتیـن لـە ناوچـەی بـەرواری بـاڵا لـە قـەزای ئامێـدی و تەنیـا ٣٠ کیلۆمەتـر لـە سـنووری تورکیـا دووره...بڕوانـە: (گـەلی بـازی)... حلبجـة أخـری فی کردسـتان، أخبـار کردسـتان، العـدد:(١٨٥)، ١ ـ ١٥ أیلـول ١٩٨٨، ص٩.

(٥) میدل ئێست وۆچ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٢ -٤٦٣.

(٦) بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربـارەی دەقـی بانگەوازەکـە بڕوانـە: مـن القیـادة السیاسـیة للجبهـة الکردسـتانیة العراقیـة، مسـعود البارزانـی، «نـداء إلی السـید بیریـز دیکویـلار، السـکرتیر العـام لهیئـة الأمـم المتحـدة والسـادة ال أعضـاء الدائمیـون فـی مجلـس الأمـن الدولـی»، فـی ٢٩ آب ١٩٨٨.

(٧) أحادیـث المسـؤولین الحکومییـن و الشـخصیات السیاسـیة، أخبـار کردسـتان، العـدد:(١٨٥)، ١ - ١٥ أیلـول ١٩٨٨، ص ص٢ ، ٧.

مووســەوی ســەرۆك وەزیــرانی ئێــران لــە کاتی چاوپێکەوتــن لەگــەڵ نزهــەب کاندمیــر بریــکاری وەزیــری دەرەوەی تورکیــا گوتبــووی هێــرشی عێــراق بــۆ ســەر کــورد زۆر دڕندانەیــە و بەپێــی هەڵوێســتێکی مرۆڤانــە، لەســەر ئــەوان و هەمــوو وڵاتــانی جیهــان پێویســتە، کــە ئــەوەی لــە توانــادا بێــت یارمــەتی گــەلی زوڵملێکــراوی کــورد بــدەن»[١]، بێجگـە لـەوەش چەنـد وڵاتێـکی تـر و ڕێکخراوێـکی مـرۆڤ دۆسـت پاڵپشـتی خۆیـان بـۆ گـەلی کـورد ڕاگەیانـد[٢]. بـەڵام حکوومـەتی عێـراق لـە بەکارهێنـانی چـەکی کیمیایـی و شـێوازەکانی تـری قڕکـردن بـەردەوام بـوو، ئـاکام وێـڕای ئـەو بەرگرییـە گەورەیـەی کـە پێشـمەرگەکانی (پـدك) و چەنـد پارتێـکی تـر بـە سەرپەرشـتی مەسعود بارزانی کـە لە١٩ی تەممـووز تـا ئەیلـوول لـە ناوچـەی خواکـوڕك بەرانبـەر بـە هێرشـبەرانی سـوپای عێـراق کردیـان، پێشـمەرگە نەیتـوانی خـۆی بەرانبـەر سـەختی چـەکی کیمیایـی ڕابگرێـت، تەنیـا بەرگـری پێشـمەرگە لـەو کاتـەدا ئەوەندەبـوو کـە جەمـاوەری ناوچـە ئازادکـراوەکانی خۆیـان بـۆ دیـوی سـنووری تورکیـا و ئێـران ڕزگار بکـەن [٣].

پـاش چـوار ڕۆژ لـە دەسـت پـێ کـردنی ئۆپەراسـیۆنی ئەنفالی ٨ لـە ٢٩ی ئەیلـوول(٢٩ی ئاب-لێکۆڵـەر) [٤]. بـەڵام لـە هەندیك سـەرچاوەی تـردا ئاماژە بـەوە کراوە تـا٥ی ئەیلوول، بـارەگای لقـی١ی(پـدك) چـۆڵ نەکرابـوو [٥]. لـەم سـەروبەندە دژوارەدا برووسـکەیەکی مەسـعود بـارزانی گەیشـتە لقـی١ کـە دەریدەخسـت کـە ئـەو پەیوەنـدی بـە ڕێکخـراوی خاچـی سـووری نێودەوڵەتـی کـردووە و تورکیـا ڕێگـەی داوە کـە پەنابـەران بچنـە نێـو خـاکی ئـەو وڵاتـەوە[٦]، لەبـەر ئـەوە یەکـەم شـاڵاوی پەنابـەران لـە ٢٥ و ٢٦ی مانـگ گەیشـتبووە سـەر سـنوور وەك پێشـتر بـاس کـرا، لـە سـەرەتادا تورکیـا ڕێـی پێنەدابـوون بچنـە نێـو خـاکی ئـەو وڵاتـەوە، بەپێـی ڕاگەیانـدنی (پـدك) تورکیا سـنوورەکانی داخسـتبوو، بـەم شـێوەیە کـورد کەوتبـووە داوێـکی گـەورەوە، لەلایـەك عێـراق بـە چـەکی کیمیایـی لێـی دەدا و لەلایـەکی دیکـەوە تورکیـا ڕێـی لـێ گرتبـوون[٧].

---

(١) المصدر نفسه ، ص٢.

(٢) المصدر نفسه،ص٣.

(٣) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی...، ب٢، ل١٦٩.

(٤) سۆزان ناسر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

(٥) رشید سلیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

(٦) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٥٥٨.

(٧) د.علی تەتەر، سیاسەتی حکوومەتی...، ب٢، ل١٧٠.

هەڵبەت دوای گەیشتنی سەرکردایەتی لقی ١ی (پدك) بۆ سەر سنووری تورکیا، لە ناوچەی دۆسکی ژووروو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئامێدی، لە ١ی ئەیلوول ئەو کەسانەی تا ئەوکات ڕزگار نەبووبوون، زۆر بەسەختی توانییان ڕزگاربن[١]، کە نزیکەی ٦٥٠٠٠ ـ ٨٠٠٠٠ کەس لە خێزانی بنەماڵەی پێشمەرگە، مەزەندە دەکران[٢] جگە لەوەش نزیکەی ٤٠٠٠٠ کەس[٣]، بەڵام هەندێك سەرچاوەی تر ئاماژە بەوە دەکەن نزیکەی ٣٠٠٠٠ کەس، بە ناچاری خۆیان ڕادەستی حکوومەتی عێراق کرد[٤]. بەمەش جارێکی تر هاوشێوەی ساڵی ١٩٧٥، پێشمەرگەی (پدك) و لایەنەکانی تر لەگەڵ دەیان هەزار خەڵکی ناوچە ئازادکراو و کارەساتبارەکانی کوردستان ئاوارەی ئێران[٥] و تورکیا بوون[٦]. پاش ئەم کارەساتە بە بڕیاری سەرکردایەتی (پدك) بۆ مانەوەی شۆڕش، شەڕ لە بەرگرییەوە بۆ قۆناغی پارتیزانی دەستی پێکردەوە بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە خەباتی چەکداری بدرێت[٧].لەم بارەوە مەسعود بارزانی دەڵێت: "دوای دەربازبوونی خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان لە سنووری ئێران و تورکیا، بڕیارمان دا هێزەکانی پێشمەرگە بەسەر گرووپی بچووك بچووکدا دابەش بکرێت و دەست بە شەڕی پارتیزانی بکەن بۆ ئەوەی بۆ حکوومەتی فاشی ئاشکرا بکەین کە بە زۆری و چەکی کیمیایی شۆڕشی کورد لەناو ناچێت»[٨]. بەڵام وەکو دیار هێزی سەرەکی (پدك) و پارتەکانی تری کوردستانی وەك ئاماژەی پێکرا ئاوارەی ئێران و تورکیا بوون، چالاکییە لەشکرییەکانی (پدك) بێجگە لە چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی کە لە ناوچەکانی زێبار و ئاکرێ و چەند ناوچەیەکی تری سنووری لە چالاکیدا

(١) د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٥٥٨.

(٢) میدل ئێست وۆچ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٦.

(٣) م.س ـ پ.د.ك، بەیاننامە»٢٥ی ئابی خوێناوی»،لە٢٢ی ئابی ١٩٨٩.

(٤) ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی...، سەرچاوەی پێشوو.

(٥) ڕەزا زبێر زێباری، زێباری و دیروك ـ ڕاستی و ڕوویدان، چاپخانا هاوار، دهۆك، ٢٠١٢، ل ل٩٩، ١٠٩.

(٦) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ڕەوشی پەنابەران لە تورکیا بڕوانە: کریم حبیب حاجی، مذكراتی فی ثورتی أیلول و گولان المجیدتین، مطبعة خانی، دهوك، ٢٠١٣، ص ص٦٧، ٨١.

(٧) جەمال مورتکە، چیا خۆ دەنووسێتەوە ...، ل٦٢.

(٨) چاوپێکەوتنی (بەربانگ) لەگەڵ هەڤاڵ مسعود بارزانی، خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٩٩)، گەلاوێژی ١٩٨٩، ل٧.

بـوون، هیـچ هێزێـكی پێشـمەرگەی (پـدك) لـە باشـووری كوردسـتان نەمابـوو[1]، تـا داگیركـردنی كوێـت لـە ٢ی ئـابی ١٩٩٠ لـە لایـەن عێراقـەوە[2]. ئینجـا هێـزی سـەرەكی پارتـەكان بە(پدك)یشـەوە گەڕانـەوە نـاو گۆڕەپـانی ڕاستەقینەی خەبـات، كـە دەرئەنجـام ڕاپەڕینـی بەهـاری ١٩٩١ی كوردسـتانی لـێ كەوتـەوە[3].

بـەم جـۆرە جارێـكی دیكـە لەژێـر كاریگـەری ئـەو بارودۆخـەی كـە ئامـاژەی بـۆ كـرا، (پـدك) و بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی كـورد بـۆ ماوەیـەكی كاتی بـەرەو خامـۆش و شكسـت بـرد، لـەو بارەیـەوە هاوشـێوەی نسـكۆی ئەیلـوول لـە ئـاداری ١٩٧٥، بیـروڕای جیـاواز هەیـە، هەندێـك سـەرچاوە پێیـان وایـە ئـەوەی لـە سـاڵی ١٩٨٨، بـە تایبـەتی دوای ڕاوەسـتانی جەنگـی عێـراق ـ ئێـران بەسـەر شـۆڕشی كـورددا هـات، لـە ڕوویەكـەوە دووبـارە بوونەوەیـەكی دەقاودەقـی هەمـان ڕووداو و چارەنـووس بـوو كـە لـە سـاڵی ١٩٧٥ بـە سـەر گـەلی كـورد و شـۆڕشی ئەیلوولـدا هـات[4]. سـامی عەبدولڕەحـمان پێـی وایـە: " پاشەكشـەی ١٩٨٨ لـە هەندێـك بـارەوە لـە شكسـتی ١٩٧٥ ناخۆشـترە، لـەو كاتـەدا كـوردەكان لـە شـوێنی ژیـانی خۆیـان لـە كوردسـتان دەژیـان و ئەگـەری سـەرهەڵدانەوەی خەبـات زۆر بـوو، بـەڵام ئێسـتا هەلومەرجەكـە زۆر دژوارتـرە، خەڵـك یـان لـە شـارە گەورەكانـە، یـان لـە كۆمەڵگـەكان دەژیـن. لـە پانتایـی هەشـت هـەزار كیلۆمەتـری چوارگۆشـە لـە كوردسـتانی عێـراق، ئێمـە تەنیـا چەنـد بەشـێكی یەكجـار كەمـی دەوروبـەری شـارەكامنان لەژێـر دەسـتدایە»[5]، هەروەهـا لەلایـەكی تـرەوە دەڵێـت: " لـە ڕووی مرۆییـەوە ئـەم كارەسـاتە زۆر لـە كارەسـاتی ١٩٧٥ قووڵـترە، بـەڵام ئـەوەی گرنـگ بـوو هەرەسـێكی فیكـری و مەعنـەوی ڕووینەدابـوو، بەڵكـو بـە پێچەوانـەوە سـووربوونێكی تـەواو هەبـوو لـە درێژەپێـدانی خەبـات لەلایـەن هەمـوو

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: شـیمال زێبـاری، سـەرچاوەی پێشـوو،ل٥٣؛ چاوپێكەوتـن لەگەڵ شـیمال زێباری، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٩.

(٢) د.حسـین شریـف، الـشرق الأوسـط فـی ظـل النظـام الدولـی الجدیـد (١٩٨١ – ١٩٩٥)، ط٢، الهیئـە المصـریە، ١٩٩٦، ص١٠٨.

(٣) بـۆ زانیـاری لەبـارەی ڕاپەڕینـی بەهـاری ١٩٩١ی باشـووری كوردسـتان بڕوانـە: هەمـان بـەش، بـاسی چـوارەم.

(٤) فاروق محمد محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤.

(٥) كریس كۆچێرا، بزووتنەوەی...، ل١٢٤ -١٢٥.

حزبـەکان و تـەواوی سـەرکردایەتی حزبەکانـەوە»[١]. ئـەم دیـدە نزیکـە لـە ڕاسـتییەوە لـە بـەر ئـەوە سـەرکردایەتی (پـدك) هـەر لـە ڕۆژی یەکەمـی ڕاگەیانـدنی ئاگربەسـت لـە١٨ی تەممـووزی ١٩٨٨، بڕیـاری درێژەپێـدانی شـۆڕشی دابـوو کـە بـە هـەر شـێوە و جۆرێـك بێـت[٢]. مەسـعود بـارزانی لـە وەڵامێـکی ئـەو پرسـیارەدا کـە چ جیـاوازی و لێکچوونێـك لـە نێـوان شکسـتی١٩٧٥ و ١٩٨٨دا هەیـە؟ گوتبـووی: "بەگوێـرەی دۆخـی میللـەتی کـورد لـەڕووی عەمەلییـەوە کارەسـاتی ئـەم جـارە گەورەتـر و قووڵـتر بـوو، بـەڵام بەگوێـرەی جووڵانـەوەی سیاسـی دروسـت بـوو، چەنـد حزبێـك دروسـت بـوون بـۆ ماوەیـەك کەوتنـە گیـانی یەکـتر و تۆمەتیـان ئاراسـتەی یەکـتر دەکـرد، بـەڵام ئـەم جـارە هیـچ نەبـێ بـە یەکڕیـزی لێـی دەرچوویـن، بـە مانایـەکی تـر دووبـەرەکی و ناکـۆکی دروسـت نەبـوو بـە یەکگرتوویـی ڕووبـەڕووی شکسـتەکە بووینـەوە، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی برینـەکان زوو سـاڕێژ ببنـەوە و قووڵـتر نەبنـەوە، ئەمـە جیاوازییەکەیـە»[٣]. هەروەهـا سـەبارەت بـە هـۆکاری شکسـتی ئـەم جـارەی شـۆڕش لـە ١٩٨٨، مەسـعود بـارزانی بـۆ چەنـد فاکتەرێـکی سـەرەکی دەگەڕێنێتـەوە لەوانـە:

- بەکارهێنـانی چـەکی کیمیایـی بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە کوردسـتان، کـە ئەمـەش بووبـووە هـۆی ئـەوەی پێشـمەرگە و بەرگـری میلـلی توانـای ئـەوەی نەبێـت بەشـێوەی پێویسـت بەرگـەی بگرێـت.
- نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی کە زۆر درەنگ دامەزرا.
- تێکەڵاوبـوونی پـرسی کـورد لەگـەڵ شـەڕی عێـراق و ئێـران و سـووتانی گـەلی کـورد بەئاگـری شـەڕەکە بەتایبـەت دوای وەسـتانی شـەڕی نێـوان هـەردوو وڵات.
- نەبـوونی پاڵپشـتی و بـێ دەنگبـوونی جیهـان بەرانبـەر بـەم زوڵمـەی کـە لـە گـەلی کـورد دەکـرا[٤].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ سامی عەبدولڕەحمان...، ل ل٦ ،٧.

(٢) لە هەڵوێستدا یەکین هەروەکو لەسەنگەردا...، ل١٥.

(٣) ڕۆژنامەکەمـان چـاوی بـە هەڤـاڵ مسعود بـارزانی دەکەوێـت، بـەرەی کوردسـتانی، ڕۆژنامـە، ژ: (١٦)، سـاڵی سـێیەم، کانـوونی دووەمـی ١٩٩٠، ل٥.

(٤) ڕاگەیانـدنی بـەرەی کوردسـتانی لەگـەڵ هەڤاڵ مسعود بـارزانی، لەبڵاوکـراوەی چاپخانـەی خەبات، شـوبات، ١٩٩٠، ل٩-١٠؛ حـوار مـع المناضـل مسـعود البارزانـی، الـشرارة، الجريـدة، العـدد: (٢)، السـنه (١٥)، شـباط ١٩٩٠، ص٢.

هــەر لــەم بارەیــەوە بــارزانی دەڵێــت: ”دوای وەســتاندنی شــەڕی عێــراق و ئێــران بەرگــری و خۆڕاگــری پێشــمەرگەی پــارتی پەنجــا ڕۆژی خایانــد، کــە ڕژێــم زانی ناتوانێــت هیــچ بــکات دوو فەیلەقــی تریــشی نــاردە ســەرمان، بــە گشــت جــۆرە چەکێــکی ئاســمانی لەدژمــان بەکارهێنــا. کــە زانییــان هــەر هیچیــان پــێ ناکرێــت چــەکی کیمیاییــان بەکارهێنــا»[1]. هــەر بۆیــە ئەنجــام پێشــمەرگە نەیتــوانی خــۆی بەرانبەر چــەکی کۆمەڵکوژی کیمیایــی ڕابگرێــت[2]. بۆیــە دەتوانیــن بڵێیــن، بۆچوونەکــەی بــارزانی لــە شــوێنی خۆیــدا بــوو، بەبەڵگــەی ئــەوەی تــا ئــەوکات واتــە لــە ئــابی ١٩٨٨، حکوومــەت لــە گەڕانــەوەی دەســەڵاتی خــۆی لــە ناوچــەکانی ژێــر دەســەڵاتی پــارتی بەتایبــەتی، بــێ ئومێــد بووبــوون بۆیــە بــۆ گێڕانــەوەی دەســەڵاتی خــۆی بــۆ ناوچــە ئازادکــراوەکانی ژێــر دەســەڵاتی پــارتی و هێــزەکانی تــر پەنــای بــردە بــەر بەکارهێنــانی چــەکی کیمیایــی، کــە تاکــە هــۆکاری ســەرەکی بــوو بــۆ گەیشــتن بــە ئامانجەکــەی خــۆی.

لەکۆتاییــدا دەگەینــە ئــەوەی کــە پارتی دیموکراتی کوردســتان لە مــاوەی(١٩٨٦ - ١٩٨٨) دا ڕۆڵێــکی گرنگــی لــە نوانــدنی چالاکــی لەشــکری دژ بــە بەرژەوەندییــەکانی حکوومــەتی عێــراق بینیــوە، بــە تایبــەتی پــاش ئاشــتبوونەوەی گشــتی دەیــان چالاکــی گــەورە گــەورەی ئەنجــام دابــوو، بــە شــێوەیەك لــە هیــچ شــوێنێکی باشــووری کوردســتان بەرژەوەندییــەکانی حکوومــەت و نۆکــەرانی پارێــزراو نەبــوون لــە بەرانبەریــدا. بــەڵام دواجــار بــە هــۆی بەکارهێنــانی هەمــوو جــۆرە چەکێــکی مۆدێــرن و شــێوازەکانی جینۆســاید لەوانــەش چــەکی کیمیایــی، پــارتی و گشــت هێــزەکانی ســەر گۆڕەپــانی خەبــات لــە باشــووری کوردســتان بــەرەو پاشەکشــێ بــرد، حکوومــەت جارێــکی تــر دەســتی بــە ســەر هەمــوو ناوچــەکانی ژێــر دەســەڵاتی پــارتی و شــوێنەکانی تــری مەبەســتدا گــرت، هــەر بۆیــە دەکرێــت بڵێیــن شکســتی ئــەم جــارەی پــارتی و شــۆڕش پێچەوانــەی نســکۆی شــۆڕشی ئەیلــوولی ١٩٧٥، شکســتێکی لەشــکری بــوو نــەك سیاســی.

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ مسعود بارزانی، خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٩٩)، گەلاوێژی ١٩٨٩، ل٦.

(٢) ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی...، ل١٠.

# باسی سێیەم
# ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی

ئەگەر چاوێك بە بارودۆخی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە دوای نسکۆی ئاداری ١٩٧٥دا بخشێنین دەبینین دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم چەند پارتێکی سیاسی خاوەن ئایدیۆلۆژیای نوێ لە گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستان پەیدابوون، پاش پەیدابوونی پارتە نوێکان ناکۆکییەکی قووڵ لە نێو پارتە کوردستانییەکاندا دروست بوو، تا ئەوکات(پدك)یش بۆ ماوەیەکی درێژ تاکە ڕێبەری بزاڤی گەلی کورد بوو لە گۆڕەپانی سیاسی و لەشکری باشووری کوردستان و، خاوەن خەباتێکی دوورودرێژ بوو، ئامادەنەبوو بە ئاسانی مەیدان بۆ پارتێکی نوێ چوڵ بکات، کە هیچ ڕۆڵێکی لە بزاڤی گەلی کورددا نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر زوو درکی بە هەستیاری بارودۆخەکە کردبوو، گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە ئەو هەلومەرجە پێویستی بەکاری بەرەی هاوبەش هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی هەر لە کۆنفرانسی ئابی (١٩٧٦) و سەرەتای کاری خورێکخستنەوە، یەکێك لە بڕیارە گرنگەکانی کۆنفرانسەکە لەسەر پێویستی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی داڕێژرابوو[١]، لە سەر ئەم ڕێبازە بەڕێوە دەڕۆیشت و تێدەکۆشا کە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی ببێت بەبەردی بناغە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوانی عێراقی، ئینجا درێژە بە بزاڤی شۆڕشگێڕانە بدەن، لەپێناو ڕزگارکردنی عێراق لە ڕژێمی دیکتاتۆری و دابینکردنی مافە ڕەواکەی گەلی کورد، لە درێژی هەوڵەکانیدا، (پدك) لە کۆنگرەی نۆیەمی خۆی لە ساڵی ١٩٧٩، ئەو شێوازە نوێیەی خەبات لە یەکێك لەبڕیارە سەرەکییەکانی کۆنگرەدا چەسپاند و بە مەرجێکی بنەڕەتی بۆ سەرکەوتنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەزانی. لەبەر

(١) ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد...، سەرچاوەی پێشوو.

ئـەوە (پـدك) پێـی وابـوو هـەردوو بـەرە بارودۆخـی بابـەتی و ناوخۆیـی دیموکـراتی و ئیسلامی عێراقـی دەسـەپێنێت[1]، بـە تایبـەت دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی بـە هـۆی ئـەو شـەڕ و ناکۆکییـە ناوخۆییـەی کـە گەیشـتبووە ئاسـتێکی خوێنـاوی و مەترسـیدار کـە پێویسـتییەکی قۆناغەکـە بـوو، بـەڵام لـە جیاتی دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی، لـەو کاتـەدا دوو بـەرەی عێراقـی (جوقـد)و (جـود) دامـەزران[2]، بەمـەش بـۆ ماوەیـەکی درێـژ نەیانتوانیبـوو لـە یـەك بـەرەدا کاربکـەن، بگـرە لەجیـاتی نزیکبوونـەوە، بـۆ ماوەیـەکی دووردرێـژ بووبـوون بـە دوو بـەرەی دژ بەیـەك و هیـوا و ئومێـدی دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی لەوکاتـەدا کۆتایـی هاتبـوو.

پـارتی لـە کۆنگـرەی دەیەمیـدا کـە لـە سـاڵی (١٩٨٩) بەسـترابوو[3]، لـە ڕاپۆرتی سیاسـی کۆمیتـەی ناوەندیـدا، ئـەو هۆکارانـەی کـە ڕێگربـوون لـە بـەردەم دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی و نەهاتنـەدی بـەرەی بەرفـراوانی عێراقـی بـۆ چەنـد فاکتەرێـکی ناوخۆیـی و دەرەکی دەگەڕێنێتـەوە لەوانـە:

أ- **فاکتەری ناوخۆیی بریتی بوون لە:**

- شەڕی ناوخۆی نێوان هێزە کوردستانییەکان.
- کەمتەرخەمـی خـودی بەرهەڵسـتکاران بـە گشـتی وەك دیراسـەت نەکـردنی بـاری گشـتی و پێداویسـتییەکان و کـزی و لاوازی گیـانی دیموکـراتی لەنێـوان هێـزە عێراقییەکانـدا کـە میراتێـکی گشـتی عێراقـی بـوو.
- نەرێنییـەکانی کـۆنی کاری سیاسـی لـە عێـراق، وەك پاوانـکاری و یـەك لایـەنی و تەسـکبینی و ڕەچاوکـردنی بەرژەوەنـدی زۆر تەسـکی حزبایـەتی.

---

(١) بەلاغـی کۆتایـی هاتنـی کۆنگـرەی نۆیەمـی پـارتی...، سـەرچاوەی پێشـوو، ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتانی ـ عێـراق، وتـار «لەسـاڵەکانی خەبـات و ئومێـد»، لـە١٩٨١/١/٢.

(٢) مەتین، مجلة، العدد: (٥)، تشرین الثاني ١٩٨٢، ص ص١ ،٣.

(٣) پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان کۆنگـرەی دەیەمـی خـۆی لـە مـاوەی نێـوان (٢ ـ ١٢) کانـوونی یەکەمـی ١٩٨٩ لـە شـاری (مەرگـەوەڕ) لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان بەسـترا، لـە کۆنگرەکـەدا جارێـکی تـر بـە کـۆی دەنـگ مەسـعود بـارزانی وەك سـەرۆکی پـارتی هەڵبژێردرایەوە...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە:ح.د.ك، اللجنـة المرکزيـة، البـلاغ الختامـی للمؤمـر العـاشر للحـزب الديمقراطـی الكردسـتانی، فی١٩٨٩/١٢/١٢.

**ب- فاکتەری دەرەکی بریتی بوون لە:**

- گوشـاری دەرەوە کـە لـە بەرژەوەنـدی یەکگرتنـی هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی عێـراق نەبـوو لـە جیـاتی یارمەتیـدان بـۆ دروسـتکردنی بـەرەی یەکگرتـوو، چەنـدان تـەوەر (محـاور) دروسـت کرابـوون.
- هەڵوێسـت لـە شـەڕی عێـراق ـ ئێـران، بـە تایبـەتی لـە سـاڵی ١٩٨٣ تـا تەواوبـوونی شـەڕ، هێـزە بەرهەڵسـتکارەکان نەیانتوانیبـوو لەسـەر هەڵوێسـتێکی یەکگرتـوو ڕێـک بکـەون.
- جیـاوازی لـە هەڵوێسـت بەرانبـەر پـرسی کـورد و ئاینـدەی دەسـەڵات لـە عێراقـدا[1].

ئەمانـە ئـەو هۆکارانـە بـوون کـە پـارتی بـە هـۆی سـەرەکی دانەمەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی و بـەرەی بەرفـراوانی عێراقـی دادەنێـت.

هەڵبـەت پـاش کۆتاییهاتنـی ململانێـی نێو هێـزەکانی کوردسـتانی، بەتایبەتی ئاشـتەوایی نێـوان (پـدك) و (ینـك) لـە تشـرینی دووەمـی ١٩٨٦، ئەنجامـدانی چالاکـی سیاسـی و لەشـکری هاوبـەش سـەرەتایەکی لەبـاری ڕەخسـاند بـۆ پێکهێنـانی بـەرەی کوردسـتانی، لـە بـەر ئـەوە هێـزەکانی تـری نێـو مەیـدانی شـەڕ و ململانێـی ناوخـۆ، لەژێـر کاریگـەری و دۆخـی خراپـی پەیوەنـدی ئـەم دوو لایەنـەدا بـوون، بـە جۆرێـك زەمینـە ڕەخسـاندن بـۆ پێکهێنـانی بـەرە بەبـێ هەنـگاوی هاوبـەشی ئـەم دوو لایەنـە وەك دوو هێـزی سـەرەکی سـەر گۆڕەپـانی سیاسـی و لەشـکری کوردسـتان، نەدەبـوو[2].

دوا بـە دوای ئـەم هەنـگاوە و دواتـر بـە ئاشـتبوونەوەی سەرتاسـەری قۆناغێـکی نوێـی خەبـات لـە نێـو هێـزە سیاسـییەکانی باشـووری کوردسـتاندا دەرکـەوت، لـەم ڕووەوە سـەرکردایەتی (پـدك) لەژێـر پاڵەپەسـتۆی بیـری نەتەوەیـی و بەرپرسـیارەتی مێژوویـی لەلایـەك و گـۆڕانی هەڵومەرجـی هەرێمـی لەلایـەکی دیکـەوە، ڕۆڵێـکی گرنگـی گێڕابـوو لـە پێنـاو یەکبـوونی خەبـاتی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان[3]. هەروەهـا لـەو کاتـەدا بەگشـتی تێبینـی ئـەوە دەکەیـن لای گشـت هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتانی ئیرادەیـەکی گشـتی دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی هاتبـووە کایـەوە، لـە

(١) ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی...، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) ڕێبازی نوێ، ڕۆژنامەی، ژ:(١٢)، خولی دووەم، کانوونی یەکەمی ١٩٨٦، ل ل١ ،٨.

(٣) پتەوتربـێ یەکبـوونی خەبـاتی ڕزگاریخـوازی کـورد، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٥٧٤)، کانـوونی یەکەمـی ١٩٨٧، ل٧.

نیسـانی ١٩٨٧جـەلال تاڵەبـانی سـکرتێری گشـتی (ینـك) لـە پێنـاو دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی، پەیامێـکی ئاراسـتەی مەسـعود بـارزانی و سـەرکردایەتی زۆربـەی هێـزە کوردسـتانییەکان کردبـوو[١]. لـە وەڵامـی پەیامەکـەدا، مەسعود بـارزانی بـە برووسـکەیەك ئامادەیـی پشـگیریکردنی پارتەکـەی لـەم بارەیـەوە دەربـڕی، بـۆ تاڵەبـانی نوسـیبوو: " پێکهێنـانی بـەرەی کوردسـتانی پێویسـتییەکی گرنگـی مێژووییـە و تاکـە سـەرچاوەی هێـزە بـۆ تێپەڕانـدنی گـەلی کـورد لـەو قۆناغـە مەترسـیدارە و پووچەڵکـردنی هەمـوو ئـاوات و پیلانـەکانی دوژمنانمانـە»[٢]. بێجگـە لـەوە لایەنـەکانی تریـش هـەر یەکـە لای خۆیـەوە بـە هەڵوێسـتێکی ئەرێنـی وەڵامـی پەیامەکـەی (جـەلال تاڵەبانی)یـان دابوویـەوە[٣].

هەنـگاوەکانی دامەزرانـدنی بـەرە بـەردەوام بـوون، دوای ئاڵوگۆڕکـردنی بیـروڕا لەنێـوان لایەنـە سیاسـییەکان بـۆ ئەنجامـدانی دانیشـتنێکی گشـتی و گفتوگۆکـردن بەمەبەسـتی گرتنەبـەری چۆنیـەتی پێکهێنـانی بـەرە، دواجـار بـۆ ئـەم مەبەسـتە نوێنـەری سـەرکردایەتی پێنـج حـزب کـە لە:(پـدك و ینـك و حسـك و پـدگك و پاسـۆك) پێکهاتبـوون، بـۆ یەکەمیـن جـار پێکـەوە لـە بـارەگای مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان[٤]، لـە ڕۆژی ١٨ی تەممـووزی١٩٨٧ کۆبوونـەوە، ڕۆژی ٣٠ی هەمـان مانگیـش بەیاننامەیەکیـان لـەو بارەیـەوە بڵاوکردبـووەوە، کـە تێیـدا هاتبـوو: " کۆبوونـەوە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی دروسـتی ڕژێـم و جەنگـە زۆرداریەکـەی گەیشـتە ئـەوەی کـە پەنابـردن بۆ چـەکی خەباتی تاقیکـراو و چـەکی بـەرەو یەکێتـی هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی عێراقـی، بەتایبـەتی یەکێتـی هێـزە کوردسـتانییەکان کـە ڕۆژانـە ڕاسـتەوخۆ ڕووبـەڕووی شـاڵاوی دڕندانـەی سـەربازی و سیاسـی و ڕاگەیانـدن و دەروونی ڕژێـم ئەبنـەوە، دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی بەپێویسـت زانی بـوو»[٥]، هەروەهـا لـە بەشـێکی تـری بەیاننامەکـەدا ئامـاژە بـەوە کرابـوو : " پێویسـتە کۆمیتەیـەکی سـەرکردایەتی بـۆ لێکۆڵینـەوە و داڕشـتنی بەرنامـە و پەیـڕەوی

(١) بـۆ زانینـی دەقـی پەیامەکـە بڕوانـە: الجبهـة الوطنية الكردسـتانية، الشـرارة، الجريـدة، العدد:(٤)، السـنه (١٢)، نيسان ١٩٨٧، ص١.

(٢) الأحـزاب الكردسـتانيه تؤيـد إقـتراح الأخ الأميـن العـام حـول الجبهـة الكردسـتانية، الشـرارة، الجريـدة، العـدد: (٥)، السـنه (١٢)، مايـس١٩٨٧، ص ص١ ،١٠.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: حزبـە کوردسـتانیەکان پێشـنیاری پێکهێنـانی بـەرەی کوردسـتانی دەکەن، ڕێبـازی نـوێ، ڕۆژنامـە، ژ: (٥)، خـولی پێنجـەم، مایـسی١٩٨٧، ل٢.

(٤) فەرەنسۆ هەریری، ئاشتبوونەوەی یەکێتی و ئێمە...، ل٣.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی دەقی بەیاننامەك بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١٩).

ناوخـۆ و بەدواداچـوونی کارەکانی دامەزرێـت هەتـا ئـەو کاتـەی بـەرە دامەزرێـت»[١].
هەروەهـا هـەر لـەم کۆبوونەوەیـەدا لایەنـە بەشـداربووەکان ڕایانگەیاندبـوو: « بـەرەی کوردسـتانی هەنگاوێـکی گەورەیـە بـەرەو بـەرەی نیشـتمانی فـراوانی عێراقـی»[٢].

لەپێنـاو زیاتـر هەنگاونـان بـۆ بەسـتنی بـەرەی کوردسـتانی، مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) لـە سـاڵیادی دامەزرانـدنی حـزب لـە ڕۆژی ١٦ی ئـابی ١٩٨٧ لـە بەیاننامەیەکـدا ڕایگەیانـد: "پـارتی بـۆ واژۆکـردن و چەسـپاندنی هـەر جۆرێـك لـە جـۆرەکانی کاری نیشـتمانی هاوبـەش، لـە هەماهەنگـی مەیدانییـەوە بگـرە تـا دەگاتـە شـێوەی ڕێکوپێـکی بەرەیـی، هــەوڵ دەدا و تێدەکۆشــێ لەپێنــاو ڕێککەوتنێـکی نیشــتمانی سەرانســەری و پێکهێــانی بـەرەی کوردسـتانی عێراقـی»[٣]. بۆیـە لـەو سـۆنگەیەوە جارێـکی تـر، شـاندێکی (پـدك) کـە لـە: (فەلەکەدیـن کاکەیـی و زەعیـم عـەلی و عزەدیـن ڕێکەوتـی و ئـازاد بـەرواری و فەرەنسـۆ هەریـری) پێکهاتبـوو [٤]، لـە سـەرەتای ئەیلـوولی ١٩٨٧، سـەردانی لایەنـەکانی تـری کـرد لـە گونـدی (گوێـزان ) لـە داوێنـی چیـای قەندیـل و لەگـەڵ مەکتـەبی سیاسـی (ینـك) کۆبوونـەوە، کۆبوونەوەکـەی ئـەم جـارە شـاندی (حشـع)یش ئامادەبـوو[٥]. لـە کۆبوونەوەکـەدا بەشـداربووان سـەبارەت بـە گرنگـی دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتان دید و بۆچـوونی خۆیـان خسـتبووە ڕوو، هەروەهـا بەرنامـەی کاری پـرۆژەی بـەرە تاوتـوێ کـرا کـە پێشـتر لـە کۆبوونـەوەی ١٨ی تەممـووزی هەمـان سـاڵ لـە لایـەن سـەرکردایەتی هێزە سیاسـییەکانەوە خرابـووە ڕوو[٦]. ئـەم کۆبوونەوەیـە گرنگـی و تایبەتمەنـدی لەوەدابـوو بـۆ یەکـەم جـار پـاش شـۆڕشی ئەیلـوول هەمـوو هێـزە نیشـتمانی و نەتەوەیـی کـورد لەژێـر چەتـری یـەك ئامانـج کۆبکاتـەوە.

لەوکاتـەدا مەسـعود بـارزانی کـە هـەر لـە ئەیلـوولی سـاڵی ١٩٨٦، بـەرەو سـنووری

(١) ڕێبازی نوێ، ڕۆژنامە، ژ:(١٨)، ئابی ١٩٨٧، ل٩.
(٢) الشرارة، الجريدة، العدد: (٧)، السنه(١٢)، تموزی ١٩٨٧، ص٥.
(٣) م. س – ح.د.ك، بيان»٤١ عاماً من الكفاح والتضحيات»، فی ١٦/آب/١٩٨٧.
(٤) د.علی نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٥٢٦.
(٥) کۆبوونەوەیـەکی گرنـگ و پـرۆژەی بـەرەی کوردسـتانی، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٧٢ – ٥٧٣)، تشـرینی یەکـەم و دووەمـی١٩٨٧، ل٢.
(٦) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی پرۆژەکـە بڕوانـە: صابـر علـی أحمـد، مسیره العمـل الجبهـوی للحـزب الديمقراطـی الكردسـتانی ـ العـراق ١٩٧٥ ـ ١٩٨٨، مطبعـة خەبـات، حزيـران١٩٨٨، ص٨٦.

ناوچـەی بادینـان چووبـوو، بـۆ بـارەگای سـەرکردایەتی حزبەکـەی دەگەڕێتـەوە لـە ڕاژان، وێـڕای خەریـکی گفتوگـۆ لەگـەڵ لایەنەکانی تر، لـە چاوپێکەوتنێـکی ڕادیۆییـدا بانگەوازێکی بـۆ جەمـاوەری کوردسـتان ناردبـوو، لـە بەشـێکیدا هاتبـوو: "ئـەرکی ئـەم قۆناغەمـان یەکگرتـن و ڕێکخسـتنی ڕێزەکانمانـە و خەریکیـن بـەرەی کوردسـتانی دابمەزرێنیـن کـە بەردێـکی بناغـە بێـت بـۆ بەرەیـەکی نیشـتمانی عێراقـی گشـتی بـۆ پەرەسـەندنی خەبـاتی گەلەکەمـان چ لـەڕووی سیاسـی چ لـەڕووی لەشـکری و ڕاگەیاندنـەوە، بۆیـە لـەو ڕوانگەیـەوە داواتـان لێدەکـەم هەمووتـان بەیـەك دەنـگ هەڵسـتن دەسـت بدەنـە دەسـتی یەکـتر بـۆ ئـەوەی ڕۆژێـك زووتـر میللەتەکەمـان ڕزگاربـێ لەجەنگـی ڕەگـەز پەرستانەی ڕژێـم کـە ئەویـش تەنیـا بـە ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـسی دابیـن ئەکرێـت»[1].

لـەو چوارچێوەیـەدا دوابـەدوای زنجیـرە کۆبوونەوەیـەك لەنێـو لایەنـە سیاسـییەکان، جارێـکی تـر لـە ڕۆژانی ٥ و ٦ی ئەیلـوولی ١٩٨٧ شـاندێکی بـاڵای (پـدك) کـە لـە (عـەلی عبـدوڵا و ڕۆژ نـووری شـاوێس و نێچیرڤـان بـارزانی) پێکهاتبـوو، بە سـەرۆکایەتی مەسـعود بـارزانی لەگـەڵ شـاندێکی (ینـك) کـە لە(د.کەمـال خۆشـناو و محەمـەد تۆفیـق و ئـازاد هەورامـی) پێکهاتبـوو، بـە سـەرۆکایەتی جـەلال تاڵەبـانی کۆبوونـەوە، لـە کۆبوونەوەکـەدا هـەر دوولا جەختیـان لەسـەر گەشـەپێدانی بەردەوامـی پەیوەنـدی تێکۆشـانی دووقۆڵـی و تەواوکـردنی بـەرەی کوردسـتانی بـۆ جۆشـدانی خەبـات لەپێنـاو ڕووخانـدنی ڕژێمـی بەعـس و ڕزگارکـردنی گـەلی کـورد لـە مەتـرسی جەنگـی لەناوبـردن و هێنانەکایـەی ڕژێمێـکی گەلی و سـەربەخۆ کـە گشـت مافـەکانی گـەلی کـورد دابیـن بـکات، کـردەوە[2]. لـە درێـژەی هەوڵەکانیـدا، جارێـکی تـر مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) لـە ساڵیادی هەڵگیرسـاندنی شـۆڕشی ١١ی ئەیلـوول، لـە بەیاننامەیەکـدا مکوڕبـوونی حزبەکـەی لـە سـەر ڕێککەوتنێـکی نیشـتمانی و دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی دووپـات کـردەوە، کـە بـە هەنگاوێـکی سـەرەتایی گرنـگ بـۆ ڕووخانـدنی حکوومـەتی عێـراق لەقەڵەمـی دەدا[3].

---

(١) مسـعود بـارزانی، ئـەرکی ئـەم قۆناغەمـان، یەکگرتـن و ڕێکخسـتنی ڕێزەکانمانـە، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٥٧٢ ـ ٥٧٣)، تشـرینی دووەمی ١٩٨٧، ل ل١ ،٩.

(٢) بـلاغ اللجنـة العليـا المشـتركة للحـزب الديمقراطـی الكردسـتانی ـ العـراق والإتحـاد الوطنـی الكردسـتانی،فی ٥ و ١٩٨٧/٢/٦.

(٣) بـۆ زیاتـر زانیـاری دەربـارەی دەقـی بەیاننامەکـە بڕوانـە: م.س ـ ح.د.ك، بیـان «فـی الذكـری المجيـده الـ(٢٦) لانـدلاع ثـورة ١١ أيلـول الوطنيـة الكرديـة»، فـی ١١ أيلـول ١٩٨٧.

پاش ئەنجامـدانی چەنـد دانیشـتن و گفتوگـۆ بـە مەبەسـتی ئەنجامـدانی ڕێککەوتـن و دامەزرانــدنی بــەرەی کوردســتانی، لــەو نێوەنــدەدا (حشــع) زۆر نیگــەران بووبــوو، هەڵوێسـتێکی نێگەتیڤـی بەرانبـەر ئـەو پرۆژەیـە گرتەبـەر و ناڕەزایـی خـۆی دەربـڕی، کـە لـە کۆبوونـەوەی سـەرەتای ئەیلـوولی ١٩٨٧ گفتوگـۆی لەسـەر کرابـوو، لـەو بارەیـەوە کەریـم ئەحمـەد دەنووسـێت: " بـە پێویسـتم زانی کـە کۆششـێکی فیکـری و سیاسـی ئەنجـام بـدەم بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئۆتۆنۆمـی و بـەرەی کوردسـتانی وتارێکـم نـووسی بەسـەر دێـری کام ئۆتۆنۆمـی و کام بـەرەی کوردسـتانی دەوێـت»[1]، کـە لـەو وتـارەدا ناوبـراو نوسـیبووی: "پێویسـتە ئـەو بـەرەی کوردسـتانییەی دەمانەوێـت بەرەیـەکی نەتەوەیـی گەلاکەوتـوو نەبـێ، بەڵکـو لـە چوارچێـوەی بەرەی نیشـتمانی دیموکراتی وڵاتدا بێـت»[2]. هـەر بۆیـە (حشـع) دەیوسـت بەرەیـەکی عێراقـی بێـت، نیگـەران بـوو لـەوەی کـە دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی ببێتـە هـۆی دابـڕانی زیاتـر لـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی عـەرەبی و ببێتـە ئەگەرێـك بـۆ پڕوپاگەنـدەی زیاتـر بـۆ حکوومـەتی عێـراق دژ بەبزاڤـی ڕزگاریخـوازی، لەبـەر ئـەوە ڕایـان وابـوو دەبێـت ئـەم بەرەیـە ببێتـە بەرەیـەکی نیشـتمانی فـراوان و پێـی وابـوو کـە دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی لەسـەر بنەمـای بیانـووی پێنەگەیشـتنی بـارودۆخ بـۆ دامەزرانـدنی بەرەیـەکی بەرفـراوانی نیشـتمانی کـە بـاس دەکـرا، بـە بیانوویـەکی نابەجـێ لـە قەڵـەم دەدا وای دەبینـی کـە دەتوانـن بـەرەی بەرفـراوانی عێراقـی دابمەزرێنـن.

حزبـی شـیووعی پێکهێنـانی بەرەیـەکی بەرفـراوانی نیشـتمانی بـە بنەمایـەکی بابـەتی سیاسـی قۆناغەکـە دەزانی، پێشـتر سـەرکردایەتی (حشـع) لـە ڕۆژی ٢٨ی تەممـووزی ١٩٨٧بـە نامەیـەك داوای لـە مەسـعود بـارزانی کردبـوو کـە تواناکانی بەکاربێنێـت بـۆ دامەزرانـدنی بەرەیـەکی بەرفـراوانی نیشـتمانی عێراقـی[3]. سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی مەسـعود بـارزانی و حزبەکـەی هـەر لەسـەرەتای ئـەم قۆناغـەوە دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی بـە بـەردی بناغـە دادەنـا بـۆ هەنگاونـان بـۆ پێکهێنـانی بەرەیـەکی نیشـتمانی

---

(١) کەریـم ئەحمـەد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣١٤؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ کەریـم ئەحمـەد، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٩.

(٢) ژیلوان عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ناوەڕۆکی نامەکە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٢٠).

بەرفـراوانی عێراقــی[١]. لەبــارەی وەڵامدانــەوەی مەســعود بــارزانی، کەریــم ئەحمــەد دەڵێـت: " بـارزانی وەڵامـی داواکاری ئێمـەی دایـەوە پشـتگیری لـە پرۆژەکـەی ئێمەکـرد و پرۆژەکـەی پێشـوو کـە خرابـووە ڕوو ڕەتکرایـەوە و پرۆژەکـەی ئێمـە بـووە ئەسـاس بـۆ گفتوگـۆ کـە بەرنامـەی بـەرەی کوردسـتانی لەسـەر پێکهـات»[٢]. بـەڵام کەچـی دواتـر دەردەکەوێـت بـواری دروسـتبوونی بـەرەی بەرفـراوانی نیشـتمانی عێـراق لـەم قۆناغـەدا نەبـوو، لەبـەر ئـەوە ئـەو پارتانـەی لەخەبـاتی چەکداریـدا بـوون و بـە کـردار بوونیـان هەبـوو تەنیـا لەکوردسـتان بـوون، بـەڵام دوای مشـتومڕێکی زۆر لەنـاو (حشـع)دا، ئەنجام لقـی هەرێمـی کوردسـتانی حزبەکـە ڕازی بـوون کـە بەشـداری لەبـەرەی کوردسـتانیدا بکـەن[٣]. هەندێـك لـە سـەرچاوەکان وا پیشـان دەدەن بەهـۆی هەڵوێسـتی (حشـع)، دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی بـۆ ماوەیـەك دواکـەوت، هـەروەك محەمـەد شـاکەلی دەڵێـت: " ئــەوەی تۆزێـك وەسـتاند بـرادەرانی (حشـع) بـوون، بەئیعتبـاری ئـەوەی بـەرەی کوردسـتانی لەگـەڵ عێراقـدا ناگونجێـت، لەبـەر ئـەوە ئـەوان حزبـی شـیووعی عێراقیـن، بۆیـە دواتـر پێشـنیارمان بـۆ کـردن فەرعـی کوردسـتانی بەشـداربێت لەبـەرەی کوردسـتانیدا»[٤].

پـارتی لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٨بەیانێـکی بـە ناوونیشـانی: (بـەرەی کوردسـتانی دەبـێ دابمەزرێـت) دەرکـرد، تێیـدا گوتـراوە: "پـارتی سـوورە لەسـەر پێکهێنـانی بەرەی کوردسـتانی و ئامادەیـە لەگـەڵ هێـزەکانی کوردسـتانی ڕێـك بکـەوێ لـە سـەر هـەر ئاسـتێك بێـت لـە بچووکتریـن کاری هەماهەنگـی و هـاوکاری بگـرە تـا بگاتـە یەکخسـتنی هێـزەکان، دامـودەزگاکانی شـوڕش و تەکتیـکی خەبـات و شـێوەکانی ئـەو خەباتـە»[٥]. بێگومـان ئـەو ڕاگەیاندنـە پـەرۆشی پـارتی دەردەخـات لـەزوو هەنگاونـانی کـردارەکی بـۆ هاتنەکایـەی بـەرەی کوردسـتانی.

---

(١) م. س ـ ح.د.ك، بيان « فی ذکری الخالدين»، فی ١آذار ١٩٨٨.

(٢) فوئـاد سـدیق، گەردەلـولی...،ب١، ل٢٠٠ ؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ کەریـم ئەحمـەد، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٩.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی هەڵوێسـتی حزبـی شـیوعی لـە بەرانبـەر دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی بڕوانـە: ژیلـوان عبداللـە، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٣٣ بـەدواوە.

(٤) لە: هەمان سەرچاوە، ل١٣٤وەرگیراوە.

(٥) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: بـەرەی کوردسـتانی دەبـێ دابمەزرێـت، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٥٧٥)، کانـوونی دووەمـی ١٩٨٨، ل٥.

ئەگـەر سـەرنج بدەینـە ڕەوشی ئـەو کاتـەی کوردسـتان و عێـراق دەبینیـن کـە حکوومـەتی عێـراق لـە لووتکـەی بەهێزیـدا بـوو، بـەشی زۆربـەی وڵاتـانی دونیـا و ڕۆژئـاوا بەگشـتی هاوسـۆزی بـوون، هەروەهـا باڵادەسـتی لـە جەنگـدا دژی ئێـران بـە چنـگ هێنابـوو[١]، لـە سـەرێکی تریشـەوە بەتووندتریـن شـێوە بەپێـی بەرنامەیـەکی پلان بـۆ داڕێـژراو کەوتبـووە پیادەکـردنی سیاسـەتی تووندوتیـژی دژ بـە کۆمـەڵانی خەڵـکی کوردسـتان و وێرانکـردنی گونـد و شـارۆچکەکانیان و گشـت ناوچـە کوردنشـینەکان، بـە تایبـەتی کیمیابارانکـردنی شـاری هەڵەبجـە و پرۆسـەی ئەنفـال کـە لـە مانگـی نیسـانی ١٩٨٨ گەیشـتبووە سـەرخودی حزبـەکان خۆیـان[٢]. بـەم جـۆرە مەتـرسی سیاسـەتەکانی حکوومـەت لەخـودی لایەنـە سیاسـییەکانی کـوردی نزیـك بووبـووەوە.

بێگومـان هەمـوو ئـەو بارودۆخەش هـۆکاری یاریدەدەربـوون بۆ ئەوەی سیاسـییەکانی کوردسـتانی هەوڵەکانیـان چڕبکـەن، پێکهێنـانی بـەرەی کوردسـتانی بکـەن بـە ئەمـری واقیـع[٣]. هـەروەك جـەلال تاڵەبـانی دەڵێـت: "شـەقی زەمانـە پێـی کردیـن»[٤]. هەروەهـا لـە بەیاننامـەی دامەزرانـدنی بـەرەی کوردستانیشـدا گوتـراوە: " دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی دەرهاوێشـتەی ئـەو بارودۆخـە سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتییـە بـوو کـە بەهـۆی تووندبوونـەوەی سیاسـەتەکانی حکوومـەتی عێـراق لەکوردسـتاندا هاتبـووە ئاراوە و مەتـرسی بـۆ سـەر لەناوبـردنی بزاڤـی نەتەوەیـی کـورد و وێرانکـردنی خـاك و ناوچـەکانی کوردسـتان دروسـت کردبـوو»[٥]. کـە واتـە جگـە لـە ویسـتی (پـدك) و هێـزەکانی تـر کـە هـەر لـەدوای پرۆسـەی تەبایـی و ئاشـتبوونەوەی گشـتی لـە سـۆنگەی هەسـتکردنێکی مێژوویـی بەرانبـەر بـە چارەنـووسی گـەلی کـورد و کێشـە ڕەواکـەی ئامادەیـی خۆیـان بـۆ دامەزرانـدنی یەکێتییـەکی سیاسـی کوردسـتانی دەربڕیبـوو، سیاسـەتی قڕکـردنی کـورد لـە سـەر دەسـتی ڕژێمـی فاشـی بەعـس زیاتـر هـانی پارتـە سیاسـییەکانی کوردسـتانی دا کـە گـوێ لەیەکـتر بگـرن، ڕۆژێـك زووتـر بیـر لـە پێکهێنـانی بـەرەی کوردسـتانی بکەنـەوە.

بۆیـە لەژێـر تیشـکی سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتانەی حکوومـەتی عێـراق و بەکارهێنـانی

---

(١) محمد خدر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

(٢) سلام عبدالكريم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨.

(٣) کاکلە ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.

(٤) لە:محمد خدر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤ وەرگیراوە.

(٥) الشرارة، الجريدة، العدد:(٣)، السنه (١٣)،مايس ١٩٨٨، ص ص١١ -١٢.

چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی بەرفراوان، (پدك) و هێزەکانی تر بۆ گوشار خستنە سەر حکوومەت و پاراستنی چارەنووسی گەلی کورد، لەکۆتایی نیسان و سەرەتای ئایاری ١٩٨٨دا کۆبوونەوەیەکی گرنگ ئەنجام درا[١]، ئەنجام گەیشتنە بڕیاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانی عێراقی وەك تاکە ڕێگەی کاریگەر بۆ سەرکردایەتیکردنی بزاڤ و یەك پارچەکردنی هێز و دامودەزگاکانی شۆڕشی کوردی، لە پێناو بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی حکوومەتی عێراق[٢]، بێگومان ئەمەش مژدەیەکی دڵخۆشکەر بوو بۆ هەموو تاکێکی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و تەنانەت پارچەکانی تری کوردستان[٣].

سەرەڕای ئەوەی کە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ئاواتی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی بوو، کەریم ئەحمەد لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا چ هێزێکی کوردی سەرەتا هەنگاوی بۆ دروستکردنی بەرەی کوردستانی نا چ وەك فیکر چ وەك کردار، دەڵێت: "سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەتایبەتی کەسایەتی ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی باشی بینیبوو لە ڕێگە خۆشکردنی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، ئینجا حزبەکانی تر دەستیان کرد بە پڕوپاگەندەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە بۆ کوردستان» [٤]. هەرچەندە وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی دەیەمی (پدك)دا گوتراوە، بەرەی کوردستانی لە١٢ی ئایاری ١٩٨٨ کەوتە چالاکی[٥]، بەڵام یەکەمین کۆبوونەوە لە ٧ تا ٩ی حوزەیران، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حزبەکانی ناو بەرە کە لە: مەسعود بارزانی لە (پدك)، نەوشێروان مستەفا لە (ینك)، عەزیز محەمەد لە (حشع)، ڕەسووڵ مامەند لە (حسك)، مولازم کەریم لە (پاسۆك)، سامی عەبدولڕەحمان لە (پدگك) پێکهاتبوون، لە یەکێك

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:چەند بەشێك لەبەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، ڕێبازی نوێ، ڕۆژنامە، ژ:(٥)، خولی شەشەم، مایس ١٩٨٨، ل٣ -٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بیان حول انبثاق الجبهة الكردستانية العراقية، مطبعة خەبات، آيار ١٩٨٨، ص ص١ ، ٩.

(٣) خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٥٧٩ ـ٥٨٠)، ئایار و حوزەیران، ١٩٨٨، ل ل١ ،٦.

(٤) فوئاد سدیق، گەردەلوولی...،ب١، ل٢٠١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٩.

(٥) ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی...، سەرچاوەی پێشوو.

لـە بـارەگاكانی (حشـع) لـە ناوچـەی خواكـوڕك سـازدا[1]، سـەرئەنجام ئیمزایـان لەسـەر بـەرەی كوردسـتانی كـرد[2]، هەروەهـا بێجگـە لـە جەختكـردن لەسـەر توونددوتۆڵكـردنی پەیوەنـدی سیاسـی و لەشـكری و خەبـاتی هاوبـەشی نێوانیـان، لایەنـە كوردسـتانییەكان بانگەوازێكیـان ئاراسـتەی چەكـدارانی كـورد كـرد بەتایبـەتی ئەوانـەی لـە پـاڵ ڕژێـم چەكیـان هەڵگرتبـوو، داوایشـیان لـێ كـردن ڕیـزەكانی ڕژێـم بەجـێ بهێڵـن و بەشـداری لـە خاپووركـردن و شـاڵاوەكانی ئەنفـال و لەشـكركێشی نەكـەن[3]. ڕاسـتییەكەی گرنگـی ئـەم بانگـەوازە لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە كـە بـەم پەیامـە ئەوەیـان پیشـانی حكوومـەتی عێراقـدا كـە هێـزە كوردسـتانییەكان تەبـا و یەكڕیـزن و، كۆتایـی بـە كێشـە ناوخۆییـەكان هاتـووە.

دامەزرانـدنی بـەرەی كوردسـتانی جگـە لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی عێـراق كـە دەنگدانەوەیـەكی گـەورەی لـێ كەوتـەوە، لـە ڕاگەیاندنـەكانی جیهانیشـدا تـا ڕادەیـەكی بـاش دەنگـی دابـووەوە، بۆنموونـە: دوای ڕاگەیانـدنی بـەرە ڕۆژنامـەی (ئینـدی پێنـدت) ی لەنـدەنی لەسـەر ڕەوشی كوردسـتان و عێـراق وتارێـكی بڵاوكردبـووەوە، نووسـیبووی: "مەسـعود بـارزانی پێشـەوای پـارتی دیموكـراتی كوردسـتان و چەنـد پارتێـكی تـری كوردسـتانی بەرەیـەكی یەكگرتوویـان پێكهێنـاوە و لـە پێنـاو مـافی چارەنـووسی نەتەوەیـی كـورد لـە عێـراق تێدەكۆشـن»[4].

سـەركردایەتی سیاسـی بـەرەی كوردسـتانی لـە ماوەیـەكی كەمـدا كەوتـە خەبـات و تێكۆشـان نـەك تەنیـا لـە مەیـدانی سیاسـی و چەكـداری باشـووری كوردسـتان، بەڵكـو لەسـەر ئاسـتی دەرەوەش هەوڵێـكی زۆری دابـوو بـۆ گەیانـدنی كێشـە و ئـازارەكانی كـورد

---

(1) فاتح ڕەسوڵ، بنچینەی مێژوویی...، ل٢٦٦ ؛ ژیلوان عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

(2) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: القیـادة السیاسـیة للجبهـة الكردسـتانیة العراقیـة ،»بـلاغ صـادر عـن إجتـماع القیـادة السیاسـیة للجبهـة الكردسـتانیة العراقیـة»، حزیـران ١٩٨٨؛ ڕاگەیاندنێـك لـە كۆبوونـەوەی سـەركردایەتی سیاسـی بـەرەی كوردسـتانی، ڕێبـازی نـوێ، ڕۆژنامـە، ژ:(٦)، خولی شەشـەم، حوزەیـرانی ١٩٨٨، ل ل١ ،٤.

(3) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی نـاوەرۆكی بانگەوازەكـە بڕوانـە: بانگەوازێـك لـە سـەركردایەتی سیاسـی بـەرەی كوردسـتانییەوە بـۆ چەكـدارانی دیفـاع وطنـی و تەشـكیلاتەكانی تـری جاشـایەتی، بـەرەی كوردسـتانی، ڕۆژنامـە، ژ: (١)، سـاڵی یەكـەم، ئەیلـوول ١٩٨٨، ل٤.

(4) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی دەنگدانـەوەی بـەرە لەڕاگەیانـدنی جیهـانی بڕوانـە: كێشـەی كـورد لـە ڕاگەیانـدنی جیهانیـدا، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٥٨١)، تەمـووزی ١٩٨٨، ل٥.

بـە ڕای گشـتی جیهـانی، لـە یەکەم بزاڤـی دەرەوەدا لـە کۆتایـی مانگی ئایـاری ١٩٨٨، واتە کەمـتر لـە مانگێـك بەسـەر دامەزراندنیـدا، یاداشـتێکی گشـتگیری ئاراسـتەی کۆبوونـەوەی لووتکـەی نێـوان (میخائیـل گۆرباچـۆڤ ) ئەمینـداری گشـتی حـزبی شـیووعی سـۆڤیەتی و (ڕۆنالـد ڕێـگان) سـەرۆکی ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا کـرد، داوای کـرد بەرانبـەر چەوسـاندنەوەی گـەلی کـورد لـە لایـەن حکوومـەتی عێراقـەوە هەڵوێسـت وەربگـرن، کێشـەی کـورد بـە شـێوەیەکی ئاشـتی و دیموکراسـییانە چارەسـەر بکـەن[1]. بـەڵام لـەو کاتـەدا کـورد هیـچ سـۆز و پاڵپشـتییەکی دەرەکی نەبـوو، بەڵکـو زۆربـەی وڵاتـانی خـاوەن بەرژەوەنـدی هاوپەیـمان و دۆسـتی حکوومـەتی عێـراق بـوون.

لەهەمـان کاتـدا مەسـعود بـارزانی بەنـاوی بـەرەی کوردسـتانییەوە، یاداشـتێکی ئاراسـتەی نەتەوەیەکگرتـووەکان و ئەنجوومـەنی ئاسـایشی نێودەوڵـەتی و حـزب و ژمارەیـەکی زۆری ڕێکخـراو و کەسایەتییە مـرۆڤ دۆسـتەکانی جیهـان کـرد، کـە بەرانبـەر سیاسـەتی جینوسـایدکردن بێدەنـگ ڕانەوەسـتن، پشـتگیری لـە گـەلی کـورد بکـەن[2]. لـە ئەنجامـی هەوڵـەکانی مەسـعود بـارزانی، سـەرچاوە بیانییـەکان بەتایبـەتی لـە ڕادیـۆ و ڕۆژنامـە سـەرەکییەکانی ئەوروپا ڕۆڵـی (پـدك) بەگشـتی و بـارزانی بـە تایبـەتی لـە بـارەی گەیانـدنی کێشـەی کـورد بەڕای گشـتی جیهـان بە شـێوەیەکی بەرفـراوان بڵاوکردبـووەوە[3]. بەمـەش تـا ڕادەیـەك پـرسی کـورد خـۆی لـە نـاو ڕووداوەکانی جیهانـدا بینیبـووەوە و، توانیبـووی هاوسـۆزیەك لـە دەرەوە دروسـت بـکات کـە گـوێ لـە داواکاری گـەلی کـورد بگـرن.

**بـەرەی کوردسـتانی لەپێنـاو کۆمەڵێـك ئامانجـدا تێدەکۆشـا، گرنگترینیـان ئەمانـە بـوون:**

- ڕووخانـدنی حکوومـەتی دیکتاتـۆری عێـراق و دامەزرانـدنی حکوومەتێـکی هاوپەیـمانی نیشـتمانی دیموکـراسی کـە بـڕوای بـە مافـەکانی گـەل و ئازادییـە دیموکراسـییەکان

(١) بـۆ زانینـی دەقـی یاداشـتەکە بڕوانـە: یاداشـتی بـەرەی کوردسـتانی بـۆ کۆبوونـەوەی مۆسـکۆ، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٥٧٩ ـ ٥٨٠)، ئایـار و حوزەیـران١٩٨٨، ل ل٢ ، ١٣.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی نـاوەڕۆکی یاداشـتەکە بڕوانە: بـەرەی کوردسـتانی، ڕۆژنامە، ژ:(١)،سـاڵی یەکەم، ئەیلـوولی١٩٨٨، ل٩.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر و نـاوی ئـەو ڕادیـۆ و ڕۆژنامانـە بڕوانـە: دەنگدانـەوەی مەسـەلەی ڕەواکەمـان لەجیهانـدا، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٥٨٢)، سـەرەتای ئەیلـوولی١٩٨٨، ل٣.

هەبێـت و گشـت مافـە ڕەواکانی گـەلی کـورد لەخـۆ بگرێـت.

- کۆتاییهێنـان بـە سـیماکانی دیکتاتۆرییـەت لـە دامـودەزگاکانی دەوڵـەت و لابـردنی سیاسـەتی چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی دژی گـەلی کـورد و کەمـە نەتەوایەتییـەکان و هەڵوەشـاندنەوەی جیـاوازی نەتەوەیـی و ئایینی...تـاد.
- سـڕینەوەی ئاسـەواری بەعەرەبکـردن و گێڕانەوەی سـەرجەم ڕاگوێـزراوان و ئاوارەکان و دوورخـراوەکان لـە نـاوەوە و دەرەوە بـۆ شـوێنی نیشـتەجێبوونیان و گێڕانـەوەی گشـت مـاف و پێداویسـتییەکانیان.
- گێڕانـەوەی وڵات بـۆ بارودۆخـی دەسـتووری و دیموکـراسی و لـە ڕێگەی دانانی یاسـای دیموکـراسی بـۆ هەڵبـژاردنی ئەنجوومـەنی نیشـتمانی، کـە دەسـتووری هەمیشـەیی لەسـەر بنەمـای مـافی هەڵبـژاردنی گشـتی و ڕاسـتەوخۆ و یەکسـان و بەدەنگـدانی نهێنـی و لەسـەر بنەمـای جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکانی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری دابڕێژرێـت.
- دەسـتەبەرکردنی ئازادیـی ڕۆژنامـەوانی و بڵاوکردنـەوە و خۆپیشـاندان و مانگرتـن... تاد لەگـەڵ چەنـد ئامانجێـکی تر کـە بە پـرسی دیموکـراسی و دابینکـردنی بەرژەوەندییەکانی گـەلی کـورد و گشـت پێکهاتـەکانی عێراقەوە پەیوەسـتن[1].

**بـەرەی کوردسـتانی عێراقـی سیاسـەتی دەرەوەی لەسـەر چەنـد خاڵێـك داڕێـژرا، لەوانـە:**

- پەیڕەوکـردنی سیاسـەتێکی دژ بـە ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم و ڕەگەزپەرسـتی و پابەندبـوون بـە پرەنسـیپی ئاشـتییانە لـە نێـوان وڵاتـانی خـاوەن ڕژێمـە کۆمەڵایەتییـە جۆراوجـۆرەکان کـە سـەربەخۆ و سـەروەری نیشـتمانی لە سـەر بنەمـای بەرژەوەندییە هەمـە لایەنـەکان لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان بپارێزێـت.
- پشـتگیرکردنی هەمـوو بزاڤێـکی ڕزگاریخـوازی شۆڕشـگێڕی جیهـانی و بەشـداریکردن لەخەبـاتی دژ بـە ئیمپریالیـزم و ڕەگەزپەرسـتی[2].

سـەرچاوەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن هـەر حزبێك لـەو حزبانـەی نێوبەرەی کوردسـتانی لـە خەباتکردنـدا ئامانجـی تایبـەتی خۆی هەبـوو، (پدك)یـش وەك هێزێکی نێوبـەرە داوای

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی ئامانجـەکانی بـەرە بڕوانـە: وثائـق الجبهـة الكردسـتانية العراقيـة، مطبعـة خەبـات، آيـار١٩٨٨، ص ص٢٠ ،٢٧.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: صابر علي أحمد، المصدر السابق، ص١١٨.

ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینەی دەکـرد بـۆ کوردسـتان و حزبـەکانی تریـش هەریەکـە و دروشـمی تایبـەتی خـۆی هەبـوو[1]. بـەڵام لەهەمـان کاتـدا ئەمـە ئـەوە ناگەیەنێـت کـە (پـدك) بـڕوای بـە مـافی چـارەی خۆنووسـین نییـە، بەڵکـو تەنیـا ڕێگـەی چارەسـەری کێشـەی کـورد بەدانـانی مـافی چـارەی خۆنووسـین وەك چارەسـەرێکی بنـەڕەتی بـۆ کێشـە ڕەواکـەی گـەلی کـورد لەعێـراق زانیـوە، هـەروەك مەسـعود بـارزانی لـە وەڵامـی پرسـیارێکدا کـە ئایـا (پـدك) دروشـمی ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـەرز دەکاتـەوە لەکاتێکـدا کـە بـەرەی کوردسـتانی دروشـمی مـافی چـارەی خۆنووسـین بـۆ گـەلی کوردسـتان بەرزدەکاتـەوە، وا نابینـن کـە نەگونجانێـك لـە نێـو ئـەم دوو دروشـمەدا هەیـە؟، گوتبـووی: "مـن هیـچ نەگونجانێـك لەنێـو ئـەو دوو دروشـمەدا نابینـم، لەبـەر ئـەوە ڕژێمـی بەعـس دەڵێـت گوایـە ئۆتۆنۆمـی داوە بەکـورد، زۆر جاریـش لەلایـەن زۆر لایـەنی دەوڵییـەوە ڕووبەڕووی ئـەو پرسـیارە دەبینـەوە، بـەڵام دەپرسـین ئەمـە چ ئۆتۆنۆمییەکـە کـە لەژێـر سـێبەریدا کوردسـتان وێـران دەکـرێ و دەبـێ ئێمـەی کـورد بـۆ جیهـان بسـەلمێنین کـە گـەلی ئاشـتیخواز و ئازادیخوازیـن، عاشـقی شـەڕ و چـەك نیـن، هـەر وەك دوژمنانمـان واپیشـان دەدەن، بـەڵام ئێمـە کـە چـەك بـەرز دەکەینـەوە بـۆ بەرگریکردنـە لـە بـوونی خۆمـان وەك گـەل و نەتەوەیـەك بـەرزی دەکەینـەوە بـۆ ئـەوەی بـۆ خەڵـکی دنیـا بسـەلمێنین کـە ڕژێـم ئۆتۆنۆمـی بـە ئێمـە نـەداوە، بەڵکـو ئۆتۆنۆمـی دەکات بـە پەنـا و بیانوویـەك بـۆ تواندنـەوەی گـەلی کـورد، ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی دیکـەوە مـافی چـارەی خۆنووسـین شـەقڵ و پرۆژەیـەکی بەرفـراوان لەخـۆ دەگرێـت، دەکرێـت ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بێـت و دەشـکرێت بگاتـە ڕادەی سـەربەخۆیی تـەواو. ئێمـە وەك پـارتی شـەقڵی مـافی چـارەی خۆنووسـین وەك مافێـکی ڕەوای گـەلی کـورد بڕوایـەکی تەواومـان پێـی هەیـە»[2].

هەروەهـا مەسـعود بـارزانی لەسـاڵی ١٩٩٠ لەچاوپێکەوتنێـکی تـر لەگـەڵ ڕۆژنامـەی بـەرەی کوردسـتانی لـەم بارەیـەوە گوتبـووی: "میللـەتی کـورد وەك هـەر نەتەوەیـەك لەدنیـادا دەبێـت بگاتـە مـافی سـەربەخۆیی و لـە هیـچ میللەتێکی تـری خاوەن سـەربەخۆ کەمـتر نییـە»[3]. ئەمـەش بەڵگـەی ئـەو ڕاسـتیەیە کـە پـارتی مـافی چـارەی خۆنووسـین

(١) کریس کۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد...، ل١١٤.

(٢) عمـر محمـد عامـر بـەرواری، گوتـار و چاڤپێکەڤتنێنـن هێـژا مسـعود بـارزانی ١٩٩٠ – ١٩٩٥، چاپخانـەی خەبـات، دهـۆك ، ١٩٩٧، ل١٦٧.

(٣) ڕۆژنامەکەمان چاوی بە هەڤاڵ مسعود بارزانی...، ل٤.

وەك چارەسەرێكی هەمیشەیی بۆ كێشەی كورد لە عێراقدا زانیوە. بەڵام بۆ ئەو قۆناغە بەتایبەت، ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بە گونجاوتر زانیوە، وەك مەسعود بارزانی لە١٢ی نیسانی١٩٩٢ لە وتارێكدا بۆ جەماوەری شاری هەولێر گوتبووی: "دنیا(وڵاتانی خاوەن بڕیار-لێكۆڵەر) تا ئەو كات بە ئۆتۆنۆمی زیاتر ڕازی نین كە ئێمە داوای بكەین و لەوە زیاتر داوا بكەین پشتمان ناگرن، بۆیە ئەبێ ئێمە واقع بینانە بین و نابێ یاری بە چارەنووسی میللەت بكەین و دژی تەیاری دەولی مەلە بكەین و ئەبێ حەكیمانە مامەڵە بكەین»[1]. لە درێژی كاروچالاكییەكاندا، لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٨٨ بۆ بڕیاردان لەسەر پەیڕەوپڕۆگرام و پێكهێنانی دامودەزگاكانی بەرە، لایەنەكانی بەرەی كوردستانی كۆبوونەوە[2]. ئەنجام لەسەر چەند خاڵێك ڕێككەوتن، لەوانە:

- ئیمزاكردن لەسەر پەیڕەوپڕۆگرامی ناوخۆیی بەرەی كوردستانی[3].
- پێكهێنانی دەزگاكانی سەركردایەتی بەرەی كوردستانی.
- دیاریكردنی پشك و كارئاسانی پارتە هاوپەیمانەكان لەڕووی دارایی و كارگێڕی و هونەرییەوە.
- دەستنیشانكردنی بارەگای بەرەی كوردستانی[4].
- هەروەها هەر لایەنێك لەو لایەنانەی ناو بەرەی كوردستانی نوێنەری خۆیان دیاریكرد بەم جۆرە:
- بۆ نووسینگەی جێبەجێكردن، فازڵ میرانی، فەرەنسۆ هەریری لە (پدك)، ئەبو حیكمەت لە (حشع)، جەبار فەرمان لە (ینك)، قادر جەباری لە (حسك)، جەبار فەیلی لە (پدگك) و مولازم شوان لە (پاسۆك).
- بۆ نووسینگەی ڕاگەیاندن، فەلەكەدین كاكەیی لە (پدك)، ئەرسەلان بایز لە

(١) بەیانامەیەك لە كۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردنی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە دەربارەی ئەو باس و خواسانەی لە سەر ئۆتۆنۆمی و مافی چارەی خۆنووسین هاتوونەتە گۆڕێ، لە٢٢ی نیسانی ١٩٩٢.

(٢) بەرەی كوردستانی: بنیاتنانی وڵات لەسەر بنچینەی دیموكراتی، خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٨٢)، سەرەتای ئەیلوولی ١٩٨٨، ل ل١ ،٧.

(٣) بۆ زانیاری و وردەكاری لەبارەی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆیی بەرەی كوردستانی بڕوانە: صابر علی احمد، المصدر السابق، ص ص١١٩ - ١٢٣.

(٤) ژیلوان عبدالله احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

(ینـك)، سـەعد عبـدوڵا لـە (حسـك) و پاڵـە لـە (پـدگك).

- بـۆ نووسـینگەی لەشـکری، مـولازم عـەلی لە(پـدك)، مـولازم عومـەر لـە (ینـك)، ئیبراهیـم سـۆفی لـە (حشـع)، شـێروان شـێرەندی لـە (حسـك)، سـەلام لـە (پـدگك) و مـولازم شـوان لـە (پاسـۆك)[١].

هەروەهـا لایەنـەکان بڕیاریـان لەسـەر پشـکی دارایـی پارتـە هاوپەیمانـەکان دا، کـە تێیـدا پشـکی (پـدك) بـە٣٠٪[٢]، بـەڵام لـە هەندێـك لـە سـەرچاوەی تـر بـە ٦٠٠٠ هـەزار دینـار مەزەنـدە دەکـرێ، دیاریکـرد بـۆ ماوەیـەکی دیاریکـراو، جگـە لـە دیاریکـردنی پشـکی دارایـی هـەر حزبێـك لـەو حزبانـەی نێـو بـەرە، لایەنـەکان بڕیاریـان دا بـڕی ٦٠٠٠٠ هـەزار دینـار لـە ژێـر دەسـتی نووسـینگەی جێبەجێکـردنی بـەرەدا بێـت بەمەبەسـتی دروسـتکردنی بـارەگا و کڕینـی ئامێـری چـاپ و پێداویسـتییەکانی تـر[٣]، هەروەهـا جاریـکی تـر لایەنـەکانی نێـو بـەرە جەختیـان لەسـەر پێکهێنـانی بـەرەی نیشـتمانی بەرفـراوانی عێراقـی کـردەوە کـە گشـت هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی عێـراق لـە ڕەوت و تەیـارە جیاجیـاکان لەئامێـز بگرێـت[٤]. لـەو پێنـاوەدا (پـدك) بـە ئـاگاداری لایەنـەکانی نێـو بـەرەی کوردسـتانی لـە مـاوەی نێـوان کانـوونی یەکەمـی ١٩٨٨ تـا شـوباتی ١٩٨٩ چەنـد کۆبوونەوەیـەکی لەگـەڵ هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی عـەرەبی عێراقـی ئەنجـام دابـوو[٥]، بـۆ ئـەو مەبەسـتە لـەو ماوەیـەدا چەنـد جارێـك مەسـعود بـارزانی لـە دیمەشـق لەگـەڵ بەرپرسـە بـاڵاکانی سـووریا و سـەرکردایەتی هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی عێـراق چەنـد چاوپێکەوتـن و گفتوگـۆی سـاز دابـوو[٦]، بەڵام سـەرئەنجام وێـڕای بەردەوامـی هەوڵەکانی مکـوڕی (پـدك) بـە تایبـەتی و لایەنـەکانی نێـو بـەرەی کوردسـتانی بەگشـتی نەیانتوانیبـوو گشـت هێـزەکانی بەرهەڵسـتکاری عێـراق لـە چوارچێـوەی یەکێتیـەکی سیاسـی و لەشـکری کۆبکەنـەوە و، بـەرەی نیشـتمانی بەرفـراوانی عێراقـی دابمەزرێنـن، مەسـعود بـارزانی لـە

(١) سلام عبدالكريم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانە:خیانـەتی ئابـووری لەبـەرەی کوردسـتانییەوە تـا سـەردەمی نـەوت ،لڤیـن، گۆڤار ،ژ:(٣٣٥)،٢٠١٦/٨/١،ل٢١.

(٣) سلام عبدالكريم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

(٤) بەرەی کوردستانی: بنیاتنانی وڵات لەسەر بنچینەی دیموکراتی...، ل٧.

(٥) سروە قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

(٦) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: زيـارە هامـە لرئيـس حزبنـا إلى دمشـق، إخبـار كردسـتان، العـدد:(١٩٠)، كانـون الأول ١٩٨٨، ص ص١، ٦.

چاوپێکەوتنێکـدا لەگـەڵ ڕۆژنامـەی (الـشراره)ی ئۆرگانی(ینـك) لـە شـوباتی ١٩٩٠، لـەم بارەیـەوە گوتبـووی: ”هەنـگاوەکانی دامەزرانـدنی بـەرەی نیشـتمانی بەرفـراوانی عێراقـی، دەتوانـم بڵێـم ٨٠٪ کارەکان تـەواو بووبـوون، بـەڵام لەکۆتاییـدا هەندێـك شـتی تـازە هاتـە پێشـەوە و سـەرنجمان بـۆ ئـەوە چـوو کـە مەسـەلەکە پێویسـتی بەکاتێـکی زیاتـر هەیـە بـۆ دیراسـەتکردنی پرۆژەکـە بۆیـە گفتوگـۆکان لـەو ڕادەیـەوە وەسـتان»[1]. لـە چاوپێکەوتنێـکی تـردا لەبـارەی هەوڵـەکانی نەبەسـتنی ئـەم بەرەیـە، بـارزانی ئامـاژە بـەوە دەکات: ”بەهـۆی بیروبۆچـوونی جیـاواز و ناکـۆکی نێـو هێـزەکانی تـری بەرهەڵسـتکاری عێراقـی (پارتـە عەرەبییەکان-لێکۆڵـەر)، بەرهەمێـکی ئەوتـۆی لـێ سـەوز نەبـوو و هەوڵـەکان شکسـتیان هێنـا»[2]. بـەم شـێوەیە هەنـگاوەکانی پێکهێنـانی بـەرەی بەرفـراوانی عێراقـی گەیشـتە قۆناغـی بنەبەسـت و، سـەری نەگـرت.

لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتانی جگـە لـە دەرکـردنی بەیاننامـەی تایبـەت بـە بۆنـەی ڕاوەسـتانی شـەڕی عێـراق ـ ئێـران و شـەڕی قەلاچۆکـردن لـە باشـووری کوردسـتان، لـە چوارچێـوەی بـەرەی کوردسـتانیدا، لـە٨ی ئـابی ١٩٨٨ لـە بەیاننامەیەکـدا ڕایانگەیاندبـوو: ” گـەلی کـورد و هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتانی ئاواتەخـوازە ئـەم جەنگـە بـە شـێوەیەکی ئاشـتی و دیموکـراسی کـە مافـەکانی کـورد و عەرەب و سـەرجەم گـەلانی عێـراق بپارێزێت، کۆتایـی پـێ بێـت، هەروەهـا لـە بەشـێکی دیکـەدا ئامـاژە بـە درێـژەدان بـە خەبـات بـە شـێوەی سـەربەخۆ تەنیـا پشـت بەخـۆ بەسـتن کـردووە کـە بـەرەی کوردسـتانی درێـژە بەبزاڤـی شۆڕشـگێڕی دەدات تـا سـەلماندنی مافـە ڕەواکانی گـەلی کـورد»[3]. بەپێـی هەندێـك  لـە سـەرچاوەکان پـاش چەنـد مانگێـك لـە پێکهێنـانی بـەرەی کوردسـتانی لەسـەر پێشـنیاری عەزیـز محەمـەد سـکرتێری (حشـع) بۆچارەسـەرکردنی کێشـەی سـەرۆکایەتی بـەرەی کوردسـتانی، کـە ماوەیـەك لـە ئارادابـوو، مەسعود بـارزانی و جـەلال تاڵەبـانی ڕێککەوتبـوون کـە بـارزانی بەرپـرسی بـەره بێـت لـە نـاوەوە و تاڵەبـانی بەرپـرسی

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حوار مع المناضل مسعود البارزاني...، ص٥.

(٢) عمر محەمەد بەرواری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـری نـاوەڕۆکی بەیاننامەکـە بڕوانـە: سـەرکردایەتی سیاسـی بـەرەی کوردسـتانی عێراقـی، بەیاننامـە «سـەبارەت بـە ڕاگرتنـی شـەڕی عێراق ـ ئێـران و سـەبارەت بە شـەڕی قەڵاچۆکردن لەکوردسـتانی عێراقـدا»، لـە٨ی ئـاب ١٩٨٨.

بـەرە بێـت لـە دەرەوە[1]. بـەڵام هەندێـك سـەرچاوەی تـر ئەمـە رەتدەكەنـەوەو وای پیشـان دەدەن بـە ڕەزامەنـدی هەمـوو پارتـەكانی نـاو بـەرەی كوردسـتانی (پـدك)و (ینـك) ڕێككەوتبـوون و ئـەم پرسـەیان بـەو شـێوەی كـە ئامـاژە پـێ كـرا یەكلایـی كردبـووەوە[2]، كێشـەی سـەرۆكایەتی بـەرە چارەسـەر كـرا، كـە ئەمـە لەكاتێكـدا بـوو حكوومـەتی عێـراق ئـەم كێشـەیەی وەك هەلێـك وەرگرتبـوو بـۆ تێكـدانی یەكڕیـزی هێـزەكانی نـاو بـەرە بەگشـتی و نێـوان (پـدك) و (ینـك) بەتایبـەتی، بەپێـی بەڵگەنامەیـەكی فەرمـی حكوومـەتی عێـراق لـەو بـارەوە (ئەنجوومـەنی ئاسـایشی نەتەوەیـی عێـراق) بڕیـاری دەركردبـوو بەپێـی بڕیارەكـە پێویسـت بـوو هەمـوو دەزگا ئەمنییـەكان، سـەرچاوە و هاوكارانیـان لەنـاو پارتـە كوردسـتانییەكان هـان بـدەن بـۆ لـە ناوبـردن و تێكـدانی بـەرەی كوردسـتانی بەتایبـەتی بابـەتی سـەرۆكایەتی بـەرە بـۆ دروسـتكردنی ناكـۆكی نێـوان بـارزانی و تاڵەبـانی، داوای كردبــوو كــە ئــەم بابەتــە گەورەتریــن بایــەخ و گرنگــی پــێ بدرێــت و زۆر بەپەلـە جێبەجـێ بكرێـت[3]. بێگومـان ئەمـەش نموونەیـەكی هەوڵـە سـەرنەكەوتووەكانی حكوومـەت بـوو لەنـاو چەنـدان نموونـەی تـر كـە بـەردەوام دەیدا بـۆ تێكـدانی پەیوەندی نــاو هێــزە كوردییــەكان بەگشــتی و هــەردوو هێــزی ســەرەكی پــارتی و یەكێتــی بــە تایبـەتی. هەروەهـا لەلایـەكی دیكـەوە حكوومـەتی عێـراق بـۆ شكسـت پێهێنـانی هەوڵـی یەكخسـتنی لایەنـەكان لـە هاوینـی ١٩٨٨، د.موكـەڕەم تاڵەبـانی، ڕاسـپارد بەمەبەسـتی زەمینـە خۆشـكردن بـۆ دەسـتپێكردنی گفتوگـۆی لەگـەڵ (پـدك) و پارتـەكانی تـر[4]، پـاش ماوەیـەك د.موكـەڕەم تاڵەبـانی داواكاری لایەنـەكانی نـاو بـەرە بەچەنـد خاڵێـك دەخاتـە بـەردەم حكوومـەتی عێـراق بـۆ ڕەخسـاندنی زەمینـە بـۆ ئەنجامـدانی دانوسـتاندن، لەوانـە:

- دەستبەجێ شەڕ ڕابگرێت بۆ ئاسانكاری دەركردنی بڕیارێك لەمەڕ ئاشتەوایی.
- دەركردنێكی لێبووردنێكی گشتی، ئازادكردنی زیندانی سیاسی و ڕاگیراوەكان.
- دەسـت هەڵگرتـن لـە وێرانكـردنی گونـد و ناوچـە كوردنشـینەكان، شـاڵاوەكانی ئەنفـال[5].

---

(١) چاوپێكەوتن لەگەڵ عەزیز محەمەد، هەولێر، ٢٠١٦/١/٢١.

(٢) محەمەد مەلاقادر، سەربوردە...،ل١٩٦؛فازڵ رەئووف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢.

(٣) د.علی نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٥٣٧.

(٤) ژیلوان عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.

(٥) فاروق محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

حکوومـەتی عێـراق لەسـەر سیاسـەتی خـۆی بـەردەوام بـوو، پـاش ماوەیـەك سـەدام حسـێن لەپەیوەندیـەکی تەلەفۆنیـدا بـە د.موکـەڕەم تاڵەبـانی گوتبـوو: "ڕازی نابیـن لەسـەر ڕاگرتنـی جەنـگ لەگـەڵ تێکدەرەکانـدا ( هێـزە کوردسـتانییەکان-لێکۆڵەر) دوای ئـەوەی ئـەو ڕێگـە لادەرەیـان گرتەبـەر لـە مامەڵـە کـردن لەگـەڵ بێگانـەدا دژ بـە عێـراق» هەروەهـا ناوبـراو گوتبـووی: " لـە ئێسـتە بـەدواوە ڕێگـەی کارکردنیـان پـێ نادەیـن، بـەڵام ئەگـەر دەیانەوێـت لەگـەڵ کاروانەکـە بـن، دەبێـت ئـەوە بسـەلمێنن و بەرنامەکەیـان ڕابگەیەنـن، ئـەو کاتـە دەڵێیـن بەڵـێ یـان نەخێـر»[1]. بێگومـان ئەمـەش نائامادەیـی حکوومـەتی عێـراق بـۆ چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد دەردەخـات. بـەڵام هـاوکات لـە٦ی ئەیلـوول١٩٨٨ واتـە پـاش کۆتاییهاتنـی شـاڵاوەکانی ئەنفـال، بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی دەوڵەتـان و جەمـاوەر لەناوخـۆدا، حکوومـەتی عێـراق بڕیـاری لێبـووردنی گشـتی بـۆ هەمـوو کـوردەکان دەرکـرد جگـە لـە جـەلال تاڵەبـانی نەبێـت[2]. سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی پـاش شـیکردنەوەی بڕیـاری لێبووردنی گشـتی حکوومـەت[3]، لـە٨ی ئەیلـوول لـە بەیاننامەیەکـدا ڕایگەیاندبـوو: "بـۆ ڕەخسـاندنی هەلومەرجـی هەڵکەوتـوو بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە ڕەواکـەی کـورد بـە شـێوەیەکی ئاشـتییانە و دیموکراسـی، پێویسـتە حکوومـەت دەسـت لـە سیاسـەتی بەعەرەبکـردن و سـەرکوتکردن و زیندانیکردن..تـاد، هەڵبگرێـت، بەڵکـو کاربـکات بـۆ ئاوەدانکردنـەوەو لابـردنی بـاری ناتەبایـی و چەسـپاندنی دیموکراسـیەت لـە کوردسـتان و عێراقـدا» [4].

هەرچەنـدە هەندێـك لـە سـەرچاوەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە هێـزەکانی نـاو بـەرەی کوردسـتانی بە(پدك)یشـەوە، لـە ناوەڕاسـتی ئەیلـوولی١٩٨٨ ڕەزامەندییـان لەسـەر ئەنجامـدانی گفتوگـۆ بەبـێ هیـچ مەرجێـکی پێشـوەخت لەگەڵ حکوومـەت دەربڕیبـوو[5]. بـەڵام مەسـعود بـارزانی ئـەوە ڕەتیدەکاتـەوە، لـە چاوپێکەوتنێـکدا لەبـارەی گفتوگۆکـردن

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢١٧.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانە:حول»قـرار العفـو العـام» الأخيـرة الصـادر عـن النظـام، إخبـار كردسـتان، العـدد:(١٨٥)، ١ ـ ١٥أيلـول١٩٨٨، ص٥.

(٣) إذاعــه صـوت كردسـتان ـ العـراق،» ملاحظـا أوليـة حـول قـرار رد العفـو العـام الصـادر مـن السـلطة»، فـی ١٩٨٨/٩/٩.

(٤) بـۆ زانیـاری زیاتـری نـاوەرۆکی بەیاننامەکـە بڕوانـە: بەیاننامـەی سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی، بـەرەی کوردسـتانی، ڕۆژنامـە،ژ:(٢)، سـاڵی یەکـەم، تشـرینی دووەمـی ١٩٨٨، ل ل١ ، ١٢.

(٥) فاروق محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧.

لـە گـەڵ حکوومـەت دەڵێـت: "دروشـمی ڕژێمـی عێـراق نەهێشـتنی میللـەتی کـوردە، بـاوەڕی بـە دیموکـراسی و چارەسـەرکردنی کێشـەی کورد بەئاشـتی نییـە، ڕق و دوژمنایەتی سـەدام حسـێن و ڕژێمەکـەی بـۆ میللـەتی کـورد بـەری چـاوی تاریـك کـردووە، لەبـەر ئـەوە باوەڕیـان بەهیـچ ڕێگەیـەکی ئاشـتییانە نییـە لەگـەڵ ئـەو ڕژێمـە، ئەگینـا هـەر چارەسـەرێکی ئاشـتییانە هەبـێ بـەلای ئێمـەوە لـە شـەڕ گرنگـترە»[1]. بـە تایبـەت ئەمـە لـەدوای ئـەوە هـات هەمـوو ئـەو تاوانانـە کـە بـە فەرمـانی سـەدام حسـین و ڕژێمەکـەی بەرانبـەر بەگـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان ئەنجـام دابـوو، هـەر لەکیمیابارانکـردن و ئەنفـال و ڕاگواسـتن تـا دەگاتـە خاپوورکـردنی هـەزاران گونـد و دەربـەدەر و ئاوارەکردنی هـەزاران خێـزانی کـورد لـە ناوچـە کوردنشـینەکان[2]. بـەم جـۆرە بەهـۆی نائامادەیـی حکوومـەت و نەبـوونی نیـازی چارەسـەری کێشـەی کـورد زەمینـەی گفتوگـۆ لەنێـوان هێـزەکانی بـەرەی کوردسـتانی و حکوومـەت شکسـتی هێنـا.

هەرچەنـدە بـەرەی کوردسـتانی عێراقـی لـە سـاتەوەختێکی درەنـگ هاتەکایـەوە، بەتایبـەتی لەکاتێکـدا کـە هێـزەکانی (پـدك) و پارتـەکانی تـری کـوردی لەسـەر گۆڕەپـانی سیاسـی و لەشـکری کوردسـتان توانـا و قورسـایی پێشـوویان نەمابـوو[3]، بـەڵام لـە هەمان کاتـدا، تاکـە نموونـەی یەکڕیـزی و بەرگریکـردن بـوو بەرانبـەر بەدوژمنـی سـەرەکییان کـە حکوومـەتی عێـراق بـوو، هـەروەك مەسـعود بـارزانی لـە چاوپێکەوتنێـکی ڕۆژنامەوانیـدا گوتبـووی: "درەنـگ دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی کاریگـەری گـەورەی هەبـوو لەسـەر شکسـتی١٩٨٨، بـەڵام ئـەوەی گرنـگ بـوو بەیەکڕیـزی لێـی دەرچوویـن»[4]، جگـە لەوەش بـەرەی کوردسـتانی لـەو قۆناغـەدا بایـەخ و گرنگـی تایبـەتی خـۆی هەبـوو، کـە دەکرێـت لـە چەنـد خاڵێکـدا ئامـاژە بـە هەندێکیـان بدەیـن، وەك:

- پێکهێنـانی بـەرەی کوردسـتانی، بـۆ یەکـەم جـار ڕووداوێـکی گـەورە و مـەزن بـوو لـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کوردیـدا و هەمـوو هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتانی بـۆ هەسـتکردنی بەرپرسـیارێتی مێژوویـی ئـەو قۆناغـە بزوانـد.

---

(١) چاوپێکەوتنی هەڤاڵ مسعود بارزانی...، ل١٠ ، ١١.

(٢) إذاعـه صـوت کردسـتان ـ العـراق، «هـل هـو محـض إختـلاف؟ أم إبـادة عنصريـة؟»، فـی ١٩٨٨/٩/٣.

(٣) شێخ جەمال شێخ نوری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.

(٤) ڕۆژنامەکەمان چاوی بەهەڤاڵ مسعود بارزانی...، ل٤.

- تـا ڕادەیـەکی زۆر لـەو قۆناغـەدا کۆتایی بە شـەڕ و ململانـێ سیاسـی و چەکدارییەکانی نـاو لایەنـەکانی نـاو بزاڤـی کـوردی هێنـا و تـوانی پێکـەوە کۆیـان بکاتـەوە و خەبـات و تێکۆشـانیان بـەرەو ئاراسـتەی حکوومـەتی عێـراق یەکبخـات و لاپەڕەیـەکی نوێـی لـە پەیوەنـدی سیاسـی نێـوان لایەنـەکانی کـوردی لە باشـووری کوردسـتان کـردەوە.
- پاڵنەرێـکی سـەرەکی بـوو لـە گەڕاندنـەوەی ئومێـد بـۆ کۆمـەڵانی خەڵـکی کوردسـتان، کـە بەهـۆی سیاسـەتەکانی ڕاگواسـتن و ئەنفـال و کیمیابـاران و قڕکـردنی کـورد لـە لایـەن بەعسـەوە پیـادە دەکـرا، بەهۆیـەوە مرۆڤـی کـورد تـووشی جۆرێـك لـە ڕەشـبینی و نائومێـدی کردبـوو.
- لـە ڕووی دامـودەزگا و کاری کارگێڕییـەوە، ئەگـەر چـی کەموکورتی هەبـوو، بـەڵام لـە هەمـوو بـەرەکانی تـر باشـتربوو، چونکـە سـەرجەم هێـزە سیاسـییەکانی سـەرگۆڕەپانی کوردسـتانی تێـدا بەشـدابوون.
- تـوانی لـەو قۆناغـەدا سـەرکردایەتی بزاڤـی گـەلی کـورد، وەسـتانەوە بـەڕووی سیاسـەتەکانی حکوومـەتی عێـراق بـکات، کـە لـەو قۆناغـەدا توونـدتریـن سیاسـەتی جینۆسـاید و قڕکـردنی گـەلی کـوردی پەیـڕەو دەکـرد[١].
- هەروەهـا لـەو قۆناغـەدا چەنـدان چالاکـی لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوەدا ئەنجام دا، ئەگەرچـی بەهێـز نەبـوون، بـەڵام لەهەمـان کاتـدا ئاماژەیـەکی گرنـگ بـوون بـۆ بەردەوامـی دان بەخەبـات و تێکۆشـان لەلایـەك و ناسـاندنی دۆزی ڕەوای گـەلی کـورد بەجیهـانی دەرەوە و بنیاتنـانی پەیوەنـدی دیپلۆمـاسی و پەیداکـردنی پشـتگیری دەرەکی لەلایـەکی دیکـەوە[٢].
- لـە قۆناغـەکانی دواتـردا بـەرەی کوردسـتانی تـوانی کاروبـاری سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و کارگێـڕی ناوچـە ئازادکـراوەکانی کوردسـتان ڕێکبخـات و کۆمیتـەی هاوبـەش بـۆ بەڕێوەبردنیـان پێکبهێنێـت، سـەرەڕای ڕێکخسـتنی کاروبـاری دارایـی و وەرگرتنـی بـاج و گومـرگ.
- تـوانی تـا ڕادەیـەك کۆتایـی بـە فـرە لەشـکری و فـرە هێـزی چەکـداری بهێنێـت و هەموویـان بەتایبـەت لـە ڕاپەڕینـی بەهـاری ١٩٩١دا یەکبخـات، لەکاتێکـدا دیـاردەی فـرە لەشـکری هـۆکاری سـەرەکی دۆخـی ناتەبایـی و شـەڕ و ناکـۆکی لایەنـەکانی نـاو

---

(١) سلام عبدالکریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.

(٢) محمـد مـلا قـادر، خەباتنامـە...، ل٨٢ ؛ بـۆ زانیـاری لەبـارەی چالاکییـەکانی بـەرەی کوردسـتانی لەنـاوەوە دەرەوەی کوردسـتان بڕوانـە: سروە، سـەرچاوەی پێشـوو،ل ٧٢ -٨٥.

بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نەتـەوەی کـوردی بـوو[1].

- هەروەهـا بـەرەی کوردسـتانی ڤیتـۆی لەسـەر هیـچ پارتێـکی تـری سیاسـی نەبـوو کـە بەشـداری لـە بـەرە بکـەن و ڕۆڵیـان هەبێـت لەخەبـاتی بەرهەڵسـتکاری.
- لـە سـەر بنەمـای پاراسـتنی مـافی گشـت پێکهاتـەکانی عێـراق دامـەزرا بـوو، کـە ئەمـەش نموونەیـەکی جـوانی دیموکـراسی و پێکـەوە ژیانـە لەمێـژووی کوردسـتان.
- دەرکـردنی یاسـای ڕابەرایەتیکـردنی بزاڤـی گـەلی کـورد، کـە دواتـر بـوو بـە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێـم.
- دەرکـردنی یاسـای تایبـەت بـە هەڵبـژاردنی پەرلەمـانی کوردسـتان، کـە دواتـر جێبەجـێ کـرا، پەرلەمـان و حکوومـەتی هەرێمـی کوردسـتانی لـێ بەرهـەم هـات[2].

بێگومـان بـەرەی کوردسـتانی جگـە لـە لایەنـە باشـەکانی لـە هەڵـە و کەموکورتیـش بەدەرنەبـوو، لەوانـە جگـە لەوەی کـە دامـودەزگای جێبەجێکردن و کارگێـڕی و ڕاگەیاندن و دارایـی هەبـوو، بـەڵام تـا ڕادەیـەك لـە بڕیـاردان و یەکلایکردنـەوەی کێشـەکاندا سسـت بـوو، بەتایبـەت لەقۆناغـی سـەرەتاییدا زیاتـر وەك بەرەیـەکی ڕاگەیانـدن دەکەوتە بەرچـاو، هەروەهـا یەکێـکی تـر لـەو ڕەخنانـەی ئاراسـتەی پەیڕەوپرۆگرامـی بـەرە دەکـرا، ئەوەبـوو کـە لـەو بەڵگەنامەیـەدا هیـچ ئاماژەیـەکی بـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـوردی لـە پارچـەکانی تـری کوردسـتان نەدابـوو[3]. بـەڵام سـەرباری تێبینـی و ڕەخنـە و سـەرنج بـە بـاری سـوود و کەڵـك بـۆ بزووتنـەوەی کـورد و پـرسی کـورد و کۆمـەڵانی خەڵـکی کوردسـتان شـکایەوە، پـاش چەنـد مانگێـك دوای دامەزرانـدنی کەوتـە جموجـووڵ و چالاکـی و تـوانی سـەرکردایەتی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد لەئەسـتۆ بگرێـت، لـەو ماوەیـەدا کۆمەڵێـك چالاکـی جگـە لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ، لەسـەر ئاسـتی دەرەوەش

---

(١) سلام عبدالكريم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.

(٢) چاوپێکەوتـن لەگـەڵ تـارق جامبـاز، هەولێـر، ٢٠١٦/١/١٦. تـارق جامبـاز، نـاوی تـەواوی (تـارق محەمـەد سـەعید جامباز)ـە، لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٤٨ی شـاری هەولێـر، خـاوەن بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـە لەبـواری یاسـا، لـە هەشـتاکان پەیوەنـدی بـە ڕیـزی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتانەوە دەکات، لەخـولی یەکـەم و دووەمـی پەرلەمـانی کوردسـتان دەبێتـە ئەندامـی پەرلەمـانی کوردسـتان لەسـەر لیسـتی یەکێتـی، سـاڵی ١٩٩٨ سـەندیکای ڕۆژنامەنوسـان دادەمەزرێنێـت، خـاوەن چەندیـن پەرتـووکی جیاجیایـە، نیشـتەجێی شـاری هەولێـرە.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ژیلوان عبدالله احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

ئەنجـام دا[١]. هەروەهـا لـە ڕووی ڕاگەیاندینیشـەوە لـە ئەیلـوولی ١٩٨٨ ڕۆژنامەیـەکی بەنـاوی (بـەرەی کوردسـتانی) دەرکـرد، مانگانـە دەردەچـوو[٢]، هەروەهـا لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٨ بـەرەی کوردسـتانی ڕادیۆیـەکی بەنـاوی (ڕادیـۆی بـەرەی کوردسـتانی) دامەزرانـد[٣]، کـە وەك مینبەرێـك بـوو بـۆ دووبـارە گەڕاندنـەوەی ئومێـد و گەیانـدنی دەنگـی هـەواڵ و چالاکـی پێشـمەرگە بـە کۆمـەڵانی خەڵـکی کوردسـتان بەمـەش پردێـکی نزیکـتر وەك سـاڵانی پێشـوو لـە نێوان شـۆڕش و خەڵـکی کوردسـتان دروسـت کرد[٤].بەرەی کوردسـتانی لەمـاوەی کارکردنیـدا دوو جـۆرە ئاراسـتەی گرتبـووە بـەر یەکـەم بریتـی بـوو لـە ئاراسـتەی دیپلومـاسی و کردنـەوەی کەناڵـی وتوویـژ لەگـەڵ حکوومـەتی عێـراق بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد، بەتایبـەت نـاردنی (مەحمـوود عوسـمان) بـۆ توونـس بـۆ بینینـی بەرپرسـانی ڕێکخـراوی ڕزگاریخـوازی فەلەسـتین، بەتایبـەت (یـاسر عەرەفـات)، کـە ئـەو کات لـەو نێوانـەدا کەوتبـووە هەوڵـی ناوبژیوانیکـردن، بـەڵام ئەنجـام بەهـۆی ئامادەنەبـوونی حکوومـەت بـۆ گفتوگـۆ و چارەسـەری مافـەڕەواکانی گـەلی کـورد وەك خـۆی، ئـەم ئاراسـتەیە شکسـتی هێنـا[٥].دووەم ئاراسـتەش بریتـی بـوو لـە ئاراسـتەی ناوخـۆ بـۆ خەباتکـردن لـە ڕیـزی هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی حکوومـەتی عێـراق بـۆ گەیشـتن بەشـێوازێکی کارکـردنی هاوبـەش کـە دواتـر پێکهێنـانی (لێژنـەی هاوبـەش)ی لـێ کەوتـەوە و لـە ڕۆژی٢٧ی کانـوونی یەکەمـی ١٩٩٠ بەیاننامـەی دامەزرانـدنی دەرکـرد[٦]،

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: وثائـق و نشـاطات الجبهـة الکردسـتانیة العراقیـة، مـن منشـورات الجبهــە الکردســتانیه العراقیــە، کانــون الأول ١٩٨٩، ص ص٢-٣١.

(٢)(٤) محمد ملا قادر، خەباتنامە...، ل٨٢.

(٣) ڕادیـۆی بـەرەی کوردسـتانی، لـە ڕۆژی ١٢ی کانـوونی یەکەمـی ١٩٨٨ دەسـت بەکاربـوو، بـارەگا و سـتۆدیۆ لـە( ڕاژان – ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان)بوون و کارمەنـدەکان جگـە لـە ئەندامـانی پـارتی کـە پێکهاتبـوون لـە: (حەمیـد سـوری و د.ڕزگار و بـارزان ملاخالد...تـاد)، هـەر حزبێـك لەحزبـەکانی نێـو بـەرە کارمەنـدی خـۆی هەبـوو جگـە لـەوەش چەنـد بێژەرێـکی لەخـۆ دەگـرت هـی پـارتی بریتـی بـوون لـە: (بەهجـەت ئاڤـدەل، فەهیـم عەبـدوڵا حمو...تـاد). بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: وصفـی ردێنـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٨٤؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ فەهیـم عەبـدوڵا، دهـۆك، ٢٠١٥/١٢/٩.

(٤) دەنگی بەرەی کوردستان، خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٨٦)، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، ل١٢.

(٥) سلام عبدالکریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.

(٦) لێژنــەی کاری هاوبــەش پێکهاتبــوو لــە: (حــزبی بەعــسی ســەرکردایەتی هەرێمــی عێــراق و ئەنجوومـەنی بـاڵای شـۆڕشی ئیسـلامی عێـراق و حـزبی دەعـوەی ئیسـلامی و حـزبی شـیوعی عێراقـی و بـەرەی کوردسـتانی و چەنـد هێزێـکی تـری سیاسـی)، ئـەم پێنـج هێـزە مـافی ڤیتۆیـان هەبـوو،

بـەڵام سـەرئەنجام بەهـۆی بـوونی بیـروڕای جیـاوازی هێـز و لایەنـە عەرەبییـەکانی نـاو ئـەو لێژنەیـە مافـەکانی کـورد لـە ئاینـدەی عێـراق و هەندێـك بابـەتی تـر ئـەم هەوڵـە بەرهەمێـکی ئەوتـۆی لـێ نەکەوتـەوە و سـەرکەوتوو نەبـوو[1]. بۆیـە بـەرەی کوردسـتانی هەوڵـەکانی لـە چوارچێـوەی پشـت بەخۆبەسـتن و بـە پاڵپشـتی کۆمـەڵانی خەڵـکی کوردسـتان چڕکـردەوە، کـە ئەمـە ئەزموونێـکی سـەرکەوتووبوو، تـا گەیشـتە ئـەوەی سـەرکردایەتی ڕاپەڕینـی بەهـاری ١٩٩١ بـکات.

بەگوێـرەی ئـەوەی کـە ئاماژەمـان پـێ کـرد، لـە کۆتاییـدا دەگەینـە ئـەوەی کـە پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان سـەلماندی کـە خـاوەن ڕێبازێـکی پێشـکەوتنخوازانەی ڕوونـە و بـڕوای بـە کار و خەبـاتی سیاسـی و لەشـکری هاوبـەش هەیـە، بەمـەش هەمـوو ئـەو تۆمەتانـەی بەرپـەرچ دایـەوە کـە بـە پاوانخـواز و کۆنەپەرسـت و ناووناتـۆرەی تـر لـە لایـەن هەندێـك لـەو هێزانـەی کـە بـوون بـە هاوپەیـمان لـە ناوبـەرەی کوردسـتانی، دەدرایـە پـاڵ. وەکـو دیـار پـارتی لـە هەڵومەرجێـکی پـڕ کارەسـاتی دوای نسـکۆی ئـاداری ١٩٧٥ بـەدواوە، ئامادەیـی بـۆ بەسـتنی بەرەیـەکی کوردسـتانی دەکـرد، بـەڵام بەهـۆی ڕووداو و پێشـهاتە سیاسـی و لەشـکرییەکانی کوردسـتان و هاودەنـگ نەبـوونی هێـزەکانی کوردسـتانی، نەیتوانیبـوو وەك پێویسـت ڕۆڵـی خـۆی ببینێـت، بـەڵام پـاش ئاشـتبوونەوەی گشـتی ڕۆڵێـکی کاریگـەری گێڕابـوو لـە کۆکردنـەوەی هێـزە کوردسـتانییەکان لـە چوارچێـوەی بەرەیـەکی سیاسـی کوردسـتانی. هەرچەنـدە بـەرەی کوردسـتانی دواکـەوت بـەڵام لەهەمـان کاتـدا خاڵێـکی گرنـگ و وەرچەرخـان بـوو لـە مێـژووی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد، لاپەڕەیـەکی نوێـی لـە پەیوەنـدی سیاسـی نێـو لایەنـەکانی نێـو گۆڕەپـانی خەبـاتی باشـووری کوردسـتان کـردەوە، ڕۆڵێـکی بەرچاوی لـە سـەرکردایەتیکردنی شـۆڕشی کـورد و ڕووبەڕووبوونـەوەی پێشـهاتەکانی دواییـدا بینـی، بـە تایبـەت ڕاپەڕینـی ئـاداری ١٩٩١.

---

نوێنەرایـەتی سـەرکردایەتی لێژنەکەیـان دەکـرد. بڕوانـە: ژیلـوان عبداللـە احمـد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٤١.

(١) سلام عبدالکریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.

# باسی چوارەم

# ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی باشووری کوردستان

ڕاپەڕینە جەماوەرییە مەزنەکەی ئاداری ١٩٩١ی گەلی کورد لە باشووری کوردستان کە لە شاری ڕانیەوە کڵپەی سەند و لەماوەی چەند ڕۆژێکدا سەرجەم شار و شارۆچکە و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی گرتەوە و دەسەڵاتی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی ڕاماڵی، کە دەرئەنجامی ئەمەش تەنیا وەرچەرخانێکی گەورەی سیاسی نەبوو کە بەهۆیەوە نەخشەی سیاسی لە عێراقدا گۆڕی، بەڵکو وەرچەرخانێکی مەزنی کولتوور و کۆمەڵایەتیش بوو بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، ئەوەبوو دواتر گۆڕانکاری بەرچاوی لە بوارەکانی دیکەی وەك دیبلۆماسی و ئابووری و ئاوەدانی لێکەوتەوە بە تایبەت دوای ڕووخانی یەکجارەکی ئەو ڕژێمە لە ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣دا.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق ـ ئێران لە ٨ی ئابی ١٩٨٨، حکوومەتی عێراق بە شێوەیەکی دڕندانە و بە بەکارهێنانی هێزێکی یەکجار زۆر بە پاڵپشتی تانك و فڕۆکە و چەکی کیمیایی کەوتبووە پیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوکردن و گۆڕینی مۆرکی مێژوویی و نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان[1]، لە ڕێگەی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و بەبەعسیکردن هەروەها شاڵاوەکانی ئەنفال، جگە لەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان و سیستماتیك دەستی کرد بە وێرانکردن و خاپوورکردنی دەیان گوند و دێهات لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان و ناوچە سنوورییەکان بەتایبەتی کە تا ئەوکات شوێنی حەوانەوە و کۆمەکی پێشمەرگە و خۆسازدانی هێزەکانی کوردستانی

---

(١) م.س ـ پ.د.ك، بەیاننامە»کارەساتی هەڵەبجە لەکەی نەنگە بەنێو چاوانی ڕژێمی سەدامەوە»، لە١٢ی ئاداری ١٩٨٩.

بـوو، ئیـدی لـەو قۆناغـە بـەدواوە پەناگـە و شـوێنێك بـۆ پێشـمەرگە نەمایـەوە[1]. بەمەش تـا ڕادەیـەك جۆرێـك لـە نائومێـدی خسـتبووە نێـو ڕیـزەكانی شۆڕشـگێڕانی كـورد و هێـزە سیاسـیەكانی كوردسـتانەوە.

لـەو بارودۆخـە دژوارەدا بـە تایبـەتی لـە گەرمـەی پرۆسـەی شـاڵاوەكانی ئەنفـال و بەكارهێنـانی چـەكی كیمیایـی بـە شـێوەیەكی بەربڵاو لـە لایـەن حكوومەتـەوە كـە پێشـتر بـاس كـراوە، دۆخێـكی خـراپ و پـڕ لەمەتـرسی بـۆ سـەر بزاڤـی كـورد و مانـەوەی خـودی ڕەگـەزی كـورد هاتبـووە ئـاراوە، بـە جۆرێـك هێـزە سیاسییەكانی كوردسـتان نەیانتوانیبوو خۆیـان بەرانبـەر چـەكی كیمیایـی حكوومـەت ڕابگـرن، ئـاكام بێجگـە لـە هێشـتنەوەی هەندێـك مەفـرەزەی پارتیـزانی كـە بـە شـێوەی نهێنـی لـە ڕێكخسـتنی پارتایەتی بـەردەوام بـوون، ناچاربووبـوون جارێـكی تـر بـۆ ناوچـە سـنوورییەكان و دەرەوەی باشـووری كوردسـتان پاشەكشـێ بكـەن[2]. سـەبارەت بـە هێـزەكانی (پـدك) لـە كاتی شـاڵاوەكانی ئەنفـال و، دوا بەرگریكـردن لـە سـەرجەم بـەرەكان دژ بەحكوومـەت بریتـی بـوو لـە (شـەڕی خواكـوڕك)[3]، كـە لـە مـاوەی ١٩ی تەممـووز تـا ٥ی ئەیلـوولی ١٩٨٨ واتـە ٤٩ ڕۆژ درێـژەی هەبـوو، دواتـر بـە نەخشـەیەكی لەشـكری داڕێـژراو، بـە بڕیـاری مەسـعود بـارزانی فەرمانـدەی گشـتی لەشـكری شۆڕشـگێڕی كوردسـتان، هاوشـێوەی لایەنـەكانی تـر ڕوو لـە ناوچـە سـنوورییەكان و وڵاتـانی ئێـران و توركیـا دەكـەن[4]، بەمـەش جارێـكی تـر بارودۆخێـكی ئاڵـۆز و دژوار باڵـی بەسـەر بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی كـورد و كۆمەڵانـی خەڵـكی كوردسـتاندا كێشـا.

لـەو كاتـەدا شـیرازەی ڕێكخسـتنی لەشـكری شۆڕشـگێڕی كوردسـتان وەك تاكـە هێـزی سـەرەكی (پـدك) هاوشـێوەی سـەرجەم لایەنـە سیاسـییەكانی تـر، سیاسـەتی حكوومـەتی

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر و نـاوی سـەرجەم ئـەو گوندانـەی كـە لـە ساڵی ١٩٨٨ لـە لایـەن حكوومەتـەوە خاپووركرابـوون بڕوانـە: مـن جرائـم القتـل العـام في كردسـتان العـراق عـام ١٩٨٨، مطبعـة خەبـات، شـباط ١٩٨٩، ص ص٥ ،٣٨.

(٢) محمـد مـلا قـادر، سـاڵێك لـە شـێخ وەسـانان ...، ل١٥٧؛ چاوپێكەوتـن لەگـەڵ شـیمال زێبـاری، هەولێـر ٢٠١٦/١/١٦. ناوبـراو بـۆ ماوەیـەكی درێـژ دوای شكسـتی ١٩٨٨، لەگـەڵ چەنـد مەفرەزەیـەكی پارتیـزانی لـە ناوچـەی بادینـان بەتایبـەت لـە سـنووری زێبـار لـە چالاكـی دابـوو.

(٣) بۆ زانیاری لە بارەی شەڕی خواكوڕك بڕوانە: هەمان بەش، باسی دووەم.

(٤) رشید سلیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

عێراق کاری لێ کرد و دووچاری لاوازی و لێکترازانی کردبوو، بەشێوەیەك سەرکردایەتی (پدك) و هێز و ئەندام و لایەنگرانی وەك ساڵانی (١٩٧٥ ـ ١٩٧٩) لە یەکتر دابڕابوون، بەڵام بە ماوەیەکی زووتر و جیاوازتر لەو سەردەمە، هەوڵ و تەقەلاکانیان خستبووە گەڕ بۆ جۆشدانی خەباتی سیاسی و لەشکری و بەرپەچدانەوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حکوومەتی عێراق، بە شێوەیەکی نوێ هێزەکانی خۆی ڕێکخستنەوە، شان بەشانی لایەنەکانی تر کەوتە خەبات و تێکۆشان بۆ تێپەڕاندنی ئەو ڕەوشە دژوارە کە ڕووبەڕووی گەلی کورد و بزاڤی کورد بووبووەوە، لەو پێناوەدا بۆ یەکەمین جار لە سەرەتای بەهاری ١٩٨٩ جارێکی تر بارەگای خۆی لە کێوی قەندیل[١]، چەند ناوچەیەکی سنووری بادینان دامەزراند و هەر لەو ماوەیەشدا دەستی کردبوو بە ناردنەوەی مەفرەزەی پارتیزانی بۆ ناوەوەی کوردستان، ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان[٢]. لەو کاتەدا حکوومەتی عێراق وەك ساڵانی دوای نسکۆی ئاداری ١٩٧٥، بە هەزاران رەبیە و سەربازگە و شوێنی سەربازی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و شوێنە سنوورییەکان دامەزراندبووەوە، بەمەش نە تەنیا دەرفەتی هاتوچۆ لەبەردەم پێشمەرگەدا کەم بوو، بەڵکو زۆر ئەستەم بوو ڕێگەی هاتوچۆ بۆ خۆی بدۆزێتەوە[٣]. هەروەها وێڕای ئەمەش لەو کاتەدا (پدك) و لایەکانی تری بەرەی کوردستانی دووچاری کۆسپێکی تر بووبوون، ئەویش بوونی هێزەکانی (پەکەکە) بوو، کە هەر لە ساڵی١٩٨٧ گرژی و ئاڵۆزی کەوتبووە نێوانیان[٤]، بەپێی سەرچاوەکان (پەکەکە) بەردەوام بە هەماهەنگی دەزگای هەواڵگری عێراقی کێشەیان لە بەردەم هاتوچۆی پێشمەرگە، بە تایبەتی لە سنووری بادینان دروست دەکرد، زۆرجار پێشمەرگەیان دەستگیر دەکرد و ڕادەستی هەواڵگری عێراقیان دەکرد، بۆنموونە: لە بەهاری ١٩٨٩ چەند پێشمەرگەیەکی سەر بەمەفرەزەکانی (پدك) لەوانە: (سەعدوڵا ئاڤدەل و ئەحمەد قادر...چەندانی تر)، کاتی خۆی لە سنووری بادینان دابەزین بۆ ناوەوەی کوردستان دەستگیرکران و دواتر ڕادەستی حکوومەتی عێراق کران و

---

(١) جمال مورتکە، چیا خۆی دەنووسێتەوە...، ل٥٧.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم مستەفا، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١١.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ أودی دۆغانی، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٧.

(٤) بۆ زانینی هۆکارەکانی تێکچوونی پێوەندی نێوان پارتی و پەکەکە بڕوانە: م. س ـ ح.د.ك، بلاغ» حول بروتوكول التعاون مع حزب العمال الكردستاني (پ. ك .ك)»، في ١١ شباط ١٩٨٧.

تـا ئەمـڕۆ چارەنووسـیان بـە نادیـاری ماوەتـەوە، کـە ئەمـەش نموونەیـەك بـوو لەنێـو چەنـدان نموونـەی تـری هاوشـێوە[1]. بـەڵام ئـەم کردەوانـە و سیاسـەتی حکوومـەتی عێراق کاریگـەری ئەوتـۆی لـە بـەردەم (پـدك) و هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لەپێنـاو درێـژەدان بەخەبـات دروسـت نەکـرد، بـە پێچەوانـەوە لـە تێکۆشـان بـەردەوام بـوون.

مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) لە١ی ئـاداری ١٩٨٩ لـە بەیاننامەیەکدا بە بۆنـەی دەیەمین بیـرەوەری کۆچـی دوایـی مسـتەفا بـارزانی، ڕایگەیاندبـوو: "پـارتی یـادی نەمران»مسـتەفا بـارزانی و شـەهیدانی کوردسـتان» زینـدوو دەکاتـەوە بـە درێـژەدان بەخەبـاتی لـە شـکری و سیاسـی و جەمـاوەری و هەمـوو شـێوازەکانی تـری بەرگـری لـە پێنـاو بەدیهێنـانی مافـەکانی گـەلی کـورد»[2]. ڕاسـتییەکەی ئەمـە هێمایـەکی ئـەو ڕاسـتییەن کـە پـارتی لـە خەبـات دانەبڕابـوو، بەڵکـو لەبـەر ڕوشـنایی بارودۆخـی ئەوسـای کوردسـتان و ناوچەکـە، لاوازی تێکەوتبـوو.

هەروەها(پـدك) هـەر لەسـەرەتای ئـەم قۆناغـەوە گرنگییـەکی زۆری بـە ڕێخسـتنە نهێنـی و شـانە چەکدارەکانی نـاو شـار دەدا، کـە دواتـر ئەمانـە بـوون بە پـردی پەیوەندی لـە نێـوان شـار و شـاخ واتـا (جەمـاوەر و پێشـمەرگە)، هەروەهـا ئامرازێـکی بـاشی هۆشـیارکردنەوەی جەمـاوەری نـاو شـارەکان، بێجگـە لـەوەش جـار جـار بـە تایبـەت لـە کاتێکـدا کـە حکوومـەت ئامـادەی گفتوگـۆ و دانوسـتاندن نەبـوو لەگـەڵ سـەرکردایەتی سیاسـی بـەرەی کوردسـتانی، بـە مەبەسـتی سـەلماندنی بـوونی خەبـات و گەیانـدنی پەیامـی پێشـمەرگە بـە جەمـاوەر و تەیارکردنیـان بـۆ قۆناغـی داهاتـوو، چالاکـی لەشـکریش لـە دژی حکوومـەت و بەرژەوەندییەکانیـان ئەنجـام دەدا[3]. بێگومـان ئـەم جـۆرە چالاکییانـەش کاریگـەری زۆریـان لەسـەر ئاگادارکردنـەوەی جەمـاوەر و دروسـتکردنی کاکڵـەی ڕاپەڕیـن کردبـوو.

لـە درێـژەی کاروچالاکییەکانیـدا، لـە سـەرەتای مانگـی تەممـووزی ١٩٨٩ بـە بڕیـاری

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم مستەفا، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١١.

(٢) م.س ـ ح.د.ك، بیـان» الذکـری العـاشرة لرحیـل مؤسـس حزبنـا وقائـد حرکتنـا الکردیـة»، فـی ١/ آذار /١٩٨٩.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر و زیانـەکانی حکوومـەت بڕوانە:چالاکییـەکانی پێشـمەرگە، بـەرەی کوردسـتانی، ڕۆژنامـە، ژ:(١٢)، ئەیلـوولی١٩٨٩، ل٢٢؛ چالاکییـەکانی پێشـمەرگە، بـەرەی کوردسـتانی، ڕۆژنامـە، ژ:(١٣)، تشـرینی یەکەمـی ١٩٨٩، ل ل١٧ ، ١٩.

سـەرکردایەتی (پـدك)، چەنـد مەفرەزەیـەکی پارتیـزانی دادەبەزنـەوە باشـووری کوردسـتان، پەیوەندییـان کردبـووەوە لەگـەڵ ئـەو پێشـمەرگانەی کـە لـە کوردسـتان مابوونـەوە[1]. یەکێـك لـەو مەفرەزانـە بریتـی بـوو لـە مەفرەزەیـەکی هاوبـەشی لێژنـەی دەشـتی هەولێـر کـە پێشـمەرگەکان بریتـی بـوون لـە: (خـدر سـوارە ـ بەرپـرس و مەهـدی عەزیـز و جەعفـەر سـادق و خالـد سـەعید و شـێخ محەمـەد و عـادل بەکـر و کەریـم خـدر و کاکل زاهیـر و عوسـمان مەحمـوود و شـوان کاکل و دلاوەر ئۆمەر...تـاد) ، لەگـەڵ لێژنـەی شـەقڵاوە کـە پێشـمەرگەکانی بریتـی بـوون لـە: (جەمـال مورتکـە ـ بەرپـرس و ئاسـۆ حاجـی و نەجـات شـێخانی و هەڤـاڵ هـەژار و دڵشـاد مـاوەرانی و وریـا شـێخ وەسـانی و سـەید پەپوولە...تـاد)، بەشـێك لەمانـە خۆیـان دەگەیەننـەوە ناوچـەکانی دەوروبـەری هەولێـر و شـەقڵاوە و چەنـد شـوێنێکی تـری ناوچەکـە و پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی نـاو شـارەوە دەکـەن و پـاش ماوەیـەك لەمانـەوە و هاتوچـۆ بـۆ بـارەگای سـەرەکی خۆیـان دەگەڕێنـەوە لـە کێـوی قەندیـل[2].

مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) لـە١٣ی ئـابی ١٩٨٩ جارێـکی تـر لـە بەیاننامەیەکـدا بەبۆنـەی ڕۆژی لەدایکبـوونی حزبەکـەوە، سـووربوونی خـۆی لـە درێـژەدان بەخەبـات پیشـانیدا و ڕایگەیانـد: "پـارتی بەهەماهەنگـی لایەنـەکانی تـری بـەرەی کوردسـتانی و هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی تـری عێـراق بەرانبـەر بـەو واقیعـە دژوارە ڕانەوەسـتاوە، بەڵکـو بڕیـاری خۆڕاگـری و مقاوەمـەت و درێـژەدانی هەمـە جـۆرەکی شـیاوی خەباتیـان داوە»[3]. هەروەهـا لـە بەشـێکی تـری بەیاننامەکـدا گوتـراوە: «پـرسی کـورد لـە عێـراق پرسـێکی سیاسـییە و هیـچ کاتێـك سیاسـەتی کوشـتن و بڕیـن و زەبـر و زەنـگ و وێرانـکاری

(١) بـۆ یەکەمیـن جـار ئـەم مەفرەزانـە پەیوەنـدی بـە مەفرەزەیـەکی لێژنـەی شـەقڵاوە و باڵەکـەوە دەکـەن کـە لـە قووڵایـی باشـووری کوردسـتان، بـە تایبـەت لـە ناوچـەکانی وەك: (دۆڵـی بالیسـان و شـەقڵاوە و هەریـر و سـەروچاوە و رانیە...تـاد) مابوونـەوە، کـە پێکهاتبـوون لـە: (زریـان شـێخ وەسـانی و بڵنـد ئیسـماعیل و لەتیـف مـەلا حاجـی ڕەسـووڵ و حەسـەن حەمـەد علی وەرتی و حاجـی عـەلی حەمـزە وەرتی...تـاد). بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: جـمال مورتکـە، چیـا خـۆی دەنووسـێتەوە...، ل٥٩.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: جـمال مورتکـە، نووسـینەوەی ڕۆژە سـەختەکانی خەبـات سـاڵی ١٩٨٩، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٢٧٩٧)، ٢٠٠٨/٣/٢٤ ل٥؛ خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٢٨٠١)، ٢٠٠٨/٣/٢٨، ل٥.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـری نـاوەرۆکی بەیاننامەکـە بڕوانـە:م.س ـ ح.د.ك، بیـان» ١٦ آب وحـدة الحركـة التحرریـة الكردیـة»، فـی ١٣/ آب/١٩٨٩.

ڕێگەی ڕاستەقینەی چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد نادۆزێتەوە»[١]. بە دیدی بەندە حکوومەتی عێراق لەم قۆناغەدا وەك قۆناغەکانی پێشوو بەرانبەر بە چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کورد شکستی هێناوە و لە ژێر بیری تەسکی نەتەوایەتی و عەرەب پەرستی، نەیتوانیبوو چارەسەرێکی سیاسی و ئاشتییانە و لە ڕێگەی گفتوگۆوە بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە، بە پێچەوانەوە بەکیمیابارانکردن و گشت شێوازەکانی تری دوور لە بنەماکانی مافی مرۆڤ بێ توانایی خۆی بەرانبەر بەم پرسە پیشان دابوو.

لە بەردەوامی چالاکییەکانیدا، (پدك) لەماوەی ٢ ـ ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٩ لە ژێر دروشمی: (تووندوتۆڵکردنی خەبات لە پێناو دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینه بۆ کوردستان)، دەیەمین گۆنگرەی خۆی بەست، چەند بڕیارێك دەرکرد لەوانە بڕیاری درێژەدان بەخەباتی سیاسی و لەشکری و جەماوەری و تووندوتۆڵکردنی شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەبات، لەگەڵ چەند بڕیارێکی تری گرنگ بە جۆرێك کە لەگەڵ خەبات و ڕەوشی ئەو کاتەدا بگونجێت[٢]. بەمەش پارتی جارێکی تر توانی خۆی ڕێکبخاتەوە، کە لە ئەنجامی شکستی ١٩٨٨ تووشی لاوازی و گرفتی گەورە بووبوو.

دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییە مەزنەی کە بە سەر ناوچەکەدا هاتبوو، بە تایبەت کاتێك کە حکوومەتی عێراق بۆ قەرەبووی زیانە ئابوورییەکانی جەنگی یەکەمی کەنداو(عێراق ـ ئێران) و بەو پێیەی وڵاتی کوێت وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی سامانی سروشتی و نەوتاوییە، لە٢ی ئابی ١٩٩٠ پەلاماری کوێتی دا و داگیری کرد[٣]. ئەم ڕووداوە لە مێژوودا بە جەنگی دووەمی کەنداو ناسراوە[٤]. ئەنجام بە خێرایی گۆڕانێکی گەورە بەسەر ناوچەکەدا هات، هەڵوێستی زۆرێك لە وڵاتانی دنیا بەرانبەر

(١) ١٦ آب وحدة الحركة...،المصدرالسابق.

(٢) البلاغ الختامی للمؤتمر العاشر...،المصدر السابق؛ بۆ زانیاری و وردەکاری زیاتر بڕوانە:حبيب محمد، تاريخ الحزب الديمقراطی الكردستانی ...، ص ص١٧٢ -١٨٥.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:چالز تریب، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، و: محمد حسێن، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ،٢٠١٣، ل٣١٧.

(٤) فازل هەورامی، کورد باجی پەلاماردانی کوێت دەدات، هەولێر، ڕۆژنامە، ژ: (١٢٥٧)، ٢٠١٤/٣/٤، ل٧.

بـه حکوومـەتی ڕەفتـار فـاشی عێـراق گـۆڕانی بەسـەردا هـات، بـە تایبـەتی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا و ئەمریـکا هـەر زوو هاتنـە سـەرخەت و داوایـان لـە عێـراق کـرد دەستبەجێ سـوپاکەی لـە کوێـت بکێشـێتەوە[١]. بـەڵام سـوپای عێـراق نـەك هـەر نەکشـایەوە، بەڵکـو ڕۆژی ٨ی ئـابی١٩٩٠ بـە پێـی بڕیـاری ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش وڵاتی کوێـت وەك پارێزگایـەك خرایـە پـاڵ عێـراق[٢]، بـەم بڕیـارەش ناوچەکـەی زیاتـر بـەرەو ئاڵـۆزی بـرد.

ڕاسـتییەکەی هەڵگیرسـانی جەنگـی دووەمـی کەنـداو لـە لایـەن حکوومـەتی عێراقـەوە دەرفەتێـکی گونجـاوی لـە بـەردەم بـەرەی کوردسـتانیدا ڕەخسـاند، (پدك)یـش وەك هێـزەکانی تـری بـەرەی کوردسـتانی کەوتـە وەرگرتنـی هەڵوێسـت، لـەو بارەیـەوە ڕۆژی ٣ی ئـاب واتـە دوای یـەك ڕۆژ، بـەرەی کوردسـتانی بەیاننامەیـەکی بڵاوکـردەوە، تێیـدا وێـڕای ئـەوەی بـە توونـدی ئیدانـەی داگیرکـردنی کوێتـی کـرد، داوایشـی کردبـوو سـوپای عێـراق لـە کوێـت بکشـێتەوە و کێشـەکان بـە ئاشـتی و دانوسـتاندن چارەسـەر بکرێـن[٣]. هـاوکات لەگـەڵ هەمـوو ئـەو گۆڕانکارییانـەی بەسـەر پەیوەندییـە نێـو دەوڵەتییەکانـدا هـات بـۆ دژایەتیکـردنی عێـراق، سـەرکردایەتی سیاسـی بـەرەی کوردسـتانی بەپێـی تێگەیشـتنی بارودۆخەکـە بـە گونجـاوی زانی چالاکییـە لەشـکرییەکانی لـە دژی سـوپای عێـراق بوەسـتێنێت[٤]. بـە شـێوەیەك تـا کێشـەی کـورد تێکـەڵاوی تەنگوچەڵەمـەی کوێـت نەکرێـت، و نەشـکرێتە کارتی گوشـار و پاڵەپەسـتۆ لـە لایـەن وڵاتـانی ڕۆژئـاوا و ئەمریـکا دژی عێـراق وەك قۆناغـەکانی پێشـوو، کـە لـە دواییـدا بـەشی کـورد هـەر مەینـەتی و چەوسـانەوە و کارەسـات بێـت و کێشـەکەشی دژوارتـر و بـێ چارەسـەربوون بمێنێتـەوە، بۆیـە لـەم نێوەندەدا(پدك)یـش وەك لایەنـەکانی تـری بـەرەی کوردسـتانی جگـە لـە حاڵـەتی بەرگـری چالاکییـە لەشـکرییەکانی دژ بەهێـزەکانی حکوومـەتی عێـراق ڕاگـرت، لـەم بـارەوە هۆشـیار زێبـاری کـە ئـەوکات وتەبێـژ و ئەندامـی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بـوو ، لـە چاوپێکەوتنێکـدا گوتبـووی: "نامانەوێـت سـەر

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: مصطفـى أحمـد ابـو الخيـر، تحالـف العولمـة العسـكرية والقانـون الدولي،القاهـرة ، ٢٠٠٥، ص٤٨.

(٢) تەنگوچەڵەمەی کەنداو، بەرەی کوردستانی، ڕۆژنامە، ژ: (١٩)،ساڵی دووەم، ئابی ١٩٩٠، ل٢.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـری نـاوەڕۆکی بەیاننامەکـە بڕوانـە: القيـادة السياسـية للجبهـة الكردسـتانية العراقيـة، بيـان» تصريـح الجبهـة الكردسـتانية العراقيـة حـول غـزو نظـام صـدام للكويـت»، فـى ١٩٩٠/٨/٣.

(٤) بەرەی کوردستانی، ڕۆژنامە، ژ: (٢٣)، ساڵی سێیەم، کانوونی یەکەمی١٩٩٠، ل ١ ،٢٠.

لـه نـوێ بەڵگەیـەکی هەڵپەرستمان بـۆ دەرچـێ و هەڵسوکەوتمان وەك خەنجـەر لێـدان لەپشـتەوە لێـك بدرێتـەوە»، هەروەهـا ناوبـراو گوتبـووی: "بۆچـی؟ دەبـێ ئێمـە بـۆ بەرژەوەنـدی ئـەوانی دیکە(ئەمریـکا و هاوپەیمانـەکان- لێکۆڵـەر) پێـش لەشـکر بیـن، لەکاتێکـدا ئێمـە لـە ئامانجـەکانی ئەمریـکا دڵنیـا نیـن»[1]. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە پـارتی لـە ڕووداوەکانی ١٩٧٥ و ١٩٨٨ لـە بـارەی هەڵوێسـتی ئەمریـکا و ڕۆژئـاوا ئەزموونێـکی زۆریـان وەدەسـت هێنـاوە.

هەروەهـا لەهەمـان کاتـدا هوشـیار زێبـاری ئامـاژە بـەوە دەکات: "پـرسی کـورد سـەربەخۆ و جیـاوازە، پێویسـتە بـە فەرمـی بناسرێـت، ڕێککەوتنێـکی سیاسـی لەبـارەی پلـە و پایـەی کـورد لـە دەوڵـەتی عێـراق بێتـە ئـاراوە، کـە گشـت بەرژەوەندییـەکانی گـەلی کـورد دابیـن بـکات»[2]. بـەڵام ئـاکام بـە هـۆی داخسـتنی هەمـوو دەروازەکانی گفتوگـۆ لـە لایـەن حکوومەتـەوە، درێـژەدان بـە خەبـاتی سیاسـی و لەشـکری و جەمـاوەری لـە لایـەن پـارتی و هاوپەیمانـەکانی بەباشـترین بـژاردە بـۆ گەیشـتن بـە دوا خاڵـی کێشـەکان و چەسـپاندنی مافـەکانی گـەلی کـورد لـە قەڵـەم دا و درێـژەی پـێ دا.

لەڕاسـتیدا سیاسـەتی نەرمـی نواندنی سـەرکردایەتی سیاسـی بـەرەی کوردسـتانی لەبارەی ڕاگرتنـی جموجووڵـی لەشـکری دژ بەحکوومـەت لـەلای ڕێکخسـتنە نهێنییـەکان لـە نـاو شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان مایـەی دڵگرانی و ناڕەزایـی بـوو، بەردەوام سـەرکردایەتی حزبەکانیـان ئـاگاداری دەکردنـەوە کـە لـە ناوخۆی کوردسـتان هەڵومەرجێـکی زۆر گۆنجاو لـە ئارادایـە بـۆ جێبەجێکـردنی نەخشـەی دووەم، کـە ڕاپەڕینـی سەرتاسـەری بـوو[3]. بـەڵام تێبینـی ئـەوە دەکەیـن ئـەم نەرمـی نواندنـەی بـەرەی کوردسـتانی بەرانبـەر بـە حکوومـەت و سـوپاکەی، کاریگـەری بـاشی لەسـەر گواسـتنەوەی بەشـێکی زۆری سـەرباز و چـەکی قـورس لـە کوردسـتان بـۆ بەشـداری پێکـردنی لـە جەنگـی کوێـت هەبـوو [4]. بـە دیـدی بەنـدە ئەمـە لـە بەرژەوەنـدی گەشەسـەندنی بزاڤـی پارتـە سیاسـیەکانی کوردسـتاندا بـوو، پێشـمەرگەکان لـە ناوچـە سـنوورییەکان بـە شـێوەیەکی بەرفراوانـتر و ئازادانەتـر هاتوچۆیـان دەکـرد، بەهـۆی چۆڵکـردنی هەندێـك ناوچـەی کوردسـتان بـە

---

(١) لە:کرێس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ل١٤٣ وەرگیراوە.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٣٩.

(٣) ئاراس عبدالرحمان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١١٠.

شـێوەیەکی ئاسـانتر توانییـان خۆیـان بگەیەننـەوە نـاوەوەی کوردسـتان.

لـە هاوینی١٩٩٠چەنـد مەفرەزەیـەکی تـری پارتیـزانی وەك: (کاکەمیـن نەجـار و موشـیر گـوانی و ڕەسـووڵ ئەحمـەد و عەبدولڕەحـمان مـەلا ڕەسـووڵ و موزەفـەر سیدەکی و خالد شـێخە...تاد) لـە سـنووری لقـی ٢ی (پـدك)، دادەبەزنـەوە دۆڵـی ڕۆسـتێ و حەسـەن بـەگ و دیانـا و ناوچـەکانی دەوروبـەری، جگـە لـەوەش لـە ١٩ی ئـابی ١٩٩٠ واتـە ١٧ ڕۆژ بـە سـەر داگیرکـردنی کوێتـدا تێپەڕیبـوو، چەنـد مەفرەزەیـەکی تـری پێشـمەرگە لەوانـە: (هەڤـاڵ ئـاوار و ئیبراهیـم دەراشی و هەڤـاڵ چەلەنگ...تـاد)، لەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگەیەکی تـر بـە سەرپەرشـتی جەمـال مورتکـە کـە ئـەو کات کارگێـڕی لقـی٢ و بەرپـرسی بـەشی سـەربازی لێژنـەی ناوچـەی شـەقڵاوە بـوو، جەولەیـەکی بەرفراوانیـان بـۆ ناوچـەکانی (خۆشـناوەتی و شـەقڵاوە و هەریـر و باسرمـە) و چەنـد شـوێنێکی دیکـە دەسـت پێکـرد، بـە مەبەسـتی تووندوتۆڵکـردنی پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی ناوچەکـە و ئاگادارکردنەوەیـان بـۆ خۆئامادەکـردن بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هـەر ڕووداو و گۆڕانکارییـەك کـە لـە داهاتـوودا ڕووبـدات. پـاش چەنـد ڕۆژێـك دوای بەدەسـتهێنانی ئامانجـەکان، ئینجـا بەشـێك لـەو پێشـمەرگانە بـە مەبەسـتی گەیاندنی هەواڵـی بارودۆخی ناوچەکـە و جموجووڵـی حکوومـەتی عێـراق و گۆڕانکارییەکانیـان، بـە سـەرکردایەتی حزبەکـەی و فەرمانـدەکانی لەشـکری، گەڕابوونـەوە بـۆ بـارەگای سـەرەکی هێـزی پێشـمەرگەی لقـی٢ لـە قەندیـل کە ئـەو کات (نـادر هەورامـی) بەرپرسی بوو، بەشـەکەی تریـش لـە کوردسـتان، بـە دیاریکـراوی لـە ناوچـەکانی (خۆشـناوەتی و بالیسـان و ڕانیـە) و گونـدەکانی دەوروبـەری مابوونـەوە، بـە نهێنـی بەردەوامییـان بـە چالاکـی و ڕێکخسـتنی جەمـاوەر و پارتایـەتی دابـوو[1]. بـەم چەشـنە (پـدك) پـەرە بـە ڕێکخسـتنەکانی دەدا، لـە کۆتایـی هاوینـی ١٩٩٠ پۆلێـکی تـری پێشـمەرگەی پارتیـزانی سـەر بـە لقـی ٢ لەوانـە: (خـدر سـوارە و یاسـین عەبدولقـادر و شـەهید تەحسـین و مەهـدی عەزیـز و بەختیـار شـەهید تەحسـین...تاد) کـە پێشـتر بەشـێك لەمانـە هاتوچـۆی کوردسـتانیان کردبـوو، لـە قەندیـل بـەڕێ دەکـەون لـە ڕێگـەی دۆڵـی باڵەییـان بـۆ سـەر بۆڵـی ناوچـەی زارگـەلی و لێـوژە لـە بنـاری قەندیـل، خۆیـان دەگەیەننـە دەوروبـەری (هەولێـر و ڕانیـە و دۆڵـی بالیسـان) و چەنـد شـوێنێکی تـر و ئامـۆژگاری و ڕێنماییـەکانی سـەرکردایەتی حزبەکـە بـە

---

(١) جەمـال مورتکـە، نووسـینەوەی ڕۆژە سـەختەکانی خەبـات، سـاڵی ١٩٨٩، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٢٧٨٩)، ٢٠٠٨/٣/٢٥، ل٥.

شانە چەکدارەکان و ڕێکخستنەکانی ناو شار دەگەیەنن، بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ هاوکاری و هاریکاریکردنی پێشمەرگە وئەگەرەکانی داهاتوو[1].

ئامادەسازی (پدك) لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی بەردەوام بوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جموجووڵ و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بەهێزتر و بەرفراوانتر دەبوون لە دژی سوپا و دامودەزگاکانی حکوومەت[2]. لە هەمان کاتدا لە هاوینی ١٩٩٠، لقی٣ی(پدك) کە ئەو کات (ئازاد قەرەداغی) بەرپرسی بوو، بە مەبەستی داڕشتنی چوونی مەفرەزەکانی پێشمەرگە بۆ ناو شار و شارۆچکەکانی کوردستان و پەیوەندیکردن بە ڕێکخستنەکانی ناوخۆی کوردستان لە سەر داوای سەرکردایەتی حزبەکە کۆدەبنەوە، ئاکام ئەم بڕیارانەی خوارەوە دەدەن:

أ- ناردنی نووسراوێکی زۆر و بەپەلە بۆ (سەید غەریب جەباری) کە کادیرێکی (پدك) بوو لە چەمچەماڵ، بەهۆی (ساڵح خڕە) بە ڕێگەی شارەزوورەوە ڕەوانە بکرێت تا ئاگاداری هەر یەکە لە: ( وریا ئەحمەد مامە و ئەحمەد قەرخی شێخە ڕەسووڵ) بکاتەوە کە هەر دووکیان ئەندامی ڕێکخستنی نهێنی بوون، لە بەرنامەی نوێی (پدك) و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر و کەسایەتی دیاری سنووری لقەکە کە کەرکووك و دەوروبەری دەگرێتەوە.

**ب**- هەروەها ناردنی چەند ئەندامێکی چالاک بۆ چەند شوێنێکی دەرەوەی سنووری لقی٣ بە مەبەستی ڕێکخستنی پارتایەتی لەوانە:

- عەبدولڕەحمان مەحموود ناسراوە بەمەلا مەحموود بۆ ناوچەی حاجی ئاوا.
- خالد سەید وەسیم بۆ ئۆردوگای (خەبات)[3].

---

(١) جەمال مورتکە، چیا خۆی دەنووسێتەوە...، ل٨٦.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: چالاکییەکانی بەرەی کوردستانی، ڕۆژنامە، ژ: (١٩)،ساڵی دووەم، ئابی ١٩٩٠، ل ل١١ ،١٨.

(٣) ئۆردۆگای خەبات، کۆمەڵگەیەکی زۆرەملێ لە شێوەی بەندیخانە بوو لە سەر ڕێگەی هەولێر ـ مووسل نزیك پردی کەڵەك، دانیشتووانەکەی پێکهاتبوو لە خەڵکی پشدەر و دیبەگە، لە ڕووی سەربازییەوە شوێنێکی گرنگی حکوومەتی عێراق بوو...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مامۆستا عومەر هەمزە، لە دە ساڵەی ڕاپەڕیندا ـ پشدەر و پریشکی ڕاپەڕین، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٣٣٢٦)، ٢٠٠١/٣/٤، ل٢٧.

● هەڤاڵ ئیسماعیل ناسراوە بە مام ئاغا بۆ ئۆردوگای دارەتوو نزیك هەولێر[(١)].

هەروەهـا لـەو چوارچێوەیـەدا، لـە ناوەڕاسـتی تشـرینی یەکەمـی١٩٩٠ دەسـتەیەك لـە پێشـمەرگەکانی لقـی٣ کـە بریتـی بـوون لـە: (نـادر عەبـدوڵا و مـەلا فائـق بازیـانی و حەمـە ڕێگـر و ئەحمـەد حاجـی محەمـەد و نـەوزاد محەمەد...تـاد) کـە گشـتیان ٢١ کـەس بـوون، خۆیـان دەگەیەننـەوە ناوچـەی (جافایـەتی)، لـەوێ بارەگایـەکی کاتـی دادەمەزرێنـن، پاشـان هێزەکانیـان بـۆ دوو بـەش دابـەش دەبـن، بەشـێکیان بـە هـاوکاری و چاوسـاغی خەڵـکی ئـەو ناوچانـە ڕوویـان لـە بازیـان و سـلێمانی کـرد و بەشـەکەی تریـش لـە چەمچەمـاڵ و گونـدەکانی دەوروبـەر گیرسـابوونەوە[(٢)]. لـەم بارەیـەوە مـەلا فائـق بازیـانی کـە یەکێـك بـوو لـەو پێشـمەرگانە، دەنووسـێت: "بـەر لـەوەی دابەزیـن بـۆ نـاوەوەی کوردسـتان چاومـان بـە مەسـعود بـارزانی کـەوت و دوای پێـدانی ڕێنمایـی پێویسـت نامەیـەکی زۆری داینـێ کـە  ژمارەیـان ٢٨٠ دانـە بـوو تـا بیانگەیەنینـە دەسـتی کەسـانی دیـار و کۆمەڵایـەتی وەك سـەرۆك هۆز و موستەشـار و هەروەها خەڵکی ڕۆشـنبیر و چەکـدارانی ڕژێـم»[(٣)]. پـاش ئەنجامـدانی ئـەم ئەرکـە، بازیـانی ئامـاژە بـەوە دەکات ئـەم نامانـە بوونـە مایـەی ڕێکخسـتنی جەماوەرێـکی زۆر لـە کەسـایەتی دیـاری کۆمەڵایـەتی و ڕووناکبیـر و چەکـدارانی حکوومـەت لـە ڕیـزەکانی (پـدك) و سـازکردنی ڕاپەڕیـن[(٤)]. هـاوکات لقـی ٢ی (پدك)یـش بـە درێژایـی مانگـی تشـرینی یەکـەم و دووەمـی ١٩٩٠ چەنـد کادیـر و پێشـمەرگەیەکی دیـار لەوانـە: (غـازی دەرگەلەیـی و عەبدولڕەحـمان مـەلا ڕەسـووڵ و کەمـال وەرتی و بابەکـر فەقـێ ئەحمـەد و شـێخەڵا ئیبراهیم...تـاد)، بـە پێـدانی چەنـدان نامـەی مەسـعود بـارزانی و نێچیرڤـان بـارزانی و مەکتـەبی سیاسـی حزبەکـەی، ڕەوانـەی نـاوەوەی کوردسـتان کردبـوون، ڕۆڵێـکی گرنگیـان بینیبـوو لـە دروسـتکردنی هەماهەنگـی لـە نێـوان جەمـاوەر و پێشـمەرگە[(٥)].

---

(١) نەجـات حەسـەن، شـەڕە سـەرەکیەکەی معەسـکەر خالیـد پێشـمەرگەکانی پـارتی کردیـان، گـوڵان، گۆڤـار، ژ:(٢٧١)، ٢٠٠٠/٣/٢٠، ل١٥.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل١٥-١٦.

(٣) مـەلا فائـق بازیـانی، ئـەرکی هـەرە گەورەمـان سـازکردنی ڕاپەڕیـن بـوو، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٢٧٩٤)، ٢٠٠٨/٣/١٨، ل٥.

(٤) خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٢٧٩٤)، ٢٠٠٨/٣/١٨، ل١٦.

(٥) شـێخەڵا ئیبراهیـم، ڕاپەڕیـن بـە پـلانی سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی و بەهەماهەنگی لەگـەڵ جەمـاوەری خۆڕاگـردا بەڕێوەچـوو، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ:(٣٣٢٨)، ٢٠٠١/٣/١١، ل٣.

سـەرچاوەکان وای پیشـان دەدەن کـە خۆئامادەکـردنی (پـدك) لـە سـاڵی ١٩٩٠ خـۆ ئامادەکردنێـکی ڕێکوپێـك و بەرنامـە بـۆ داڕێـژراو بـوو، هـەروەك عومـەر عوسـمان کـە ئـەو کات بەرپـرسی لقـی٢ بـوو، دەنووسـێت: "لـە سـاڵی١٩٩٠ بەپێـی نەخشـە و پـلان و بـە تەوجیهـی مەسـعود بـارزانی و مەکتـەبی سیاسـی مەفرەزەکانمـان زۆرتـر کـرد و پەیوەندیـمان بـە جەمـاوەر و بـە شـانەکانی ڕێکخسـتن لەئاسـتی ڕێکخـراو، هـەر لـە مەخمـوور و دیبەگـە و پـردێ و کۆیـە و بەڕانـەتی و نـاو هەولێـر و شـەقڵاوە و کەڵـەك و ڕەوانـدوز و مێرگەسـۆر و خەلیفان...تـاد، ڕۆژ بـە ڕۆژ بەهێزتـر ڕێکوپێکـتر بـوو»[1]. بـەم جەشـنە پـارتی پـەرەی بـە ڕێکخسـتنەکانی دەدا و، خـۆی بـۆ پێشـهاتەکانی داهاتـوو ئامـادە دەکـرد.

سـەرکردایەتی سیاسـی بـەرەی کوردسـتانی لـە مـاوەی نێـوان ٢٧ی تشـرینی یەکـەم تـا سـەرەتای تشـرینی دووەمـی ١٩٩٠، بـە ئامادەبـوونی نوێنـەری هەمـوو لایەنـەکانی نـاو بـەرە زنجیـرە کۆبوونەوەیـەکی سـەبارەت بـە ئەگـەرەکانی داهاتـوو سـازدا، ئـاکام بەیاننامەیـەکی بڵاوکـردەوە و جەختیـان لەسـەر چەنـد پرسـێکی گرنـگ کـردەوە لەوانـە: درێـژەدان بـە تێکۆشـان لـە پێنـاو چارەسـەرکردنی کێشـەکانی عێـراق بەپێـی ویسـتی گـەل بـە جۆرێـك کـە مـافی ڕەوای گـەلی کـورد لـە سـەر بناغـەی جێبەجێکـردن و پێشخسـتنی ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ و بەشـداربوونی کـورد لــە دەسـەڵاتی ناوەنــدی عێـراق، دابیـن بـکات[2]، هەروەهـا جەختیـان کردبـووەوە لـە درێـژەدان بـە هەمـوو شـێوەکانی خەبـات و، چەسـپاندنی دەزگاکانی بـەرەی کوردسـتانی و چالاککردنیـان و، ڕێکخسـتنەوەی هێـزی پێشـمەرگە، هەروەهـا فراوانکـردنی خەبـاتی جەمـاوەری و پەرەدان بـە ڕێکخسـتنەکانی ناوخـۆ، و خۆئامادەکـردن بـۆ سـوود وەرگرتـن و وەڵامدانـەوەی هـەر گۆڕانێـکی لـە نـاکاو کـە ناوچەکـە بگرێتـەوە[3]. هەروەهـا لەکۆتایـی پاییـزی ١٩٩٠ چەنـد کۆبوونەوەیـەکی دووقۆڵـی لـە نێـوان (پـدك) و (ینـك) وەك دوو هێـزی سـەرەکی و

---

(١) عومـەر عوسـمان، ڕۆژی ڕزگارکـردنی کەرکـووك ڕۆژێـکی لەیـاد نەچـووە، گـوڵان، گۆڤـار، ژ: (٢٧١)، ٢٠٠٠/٣/٢٠، ل١١.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـری نـاوەڕۆکی بەیاننامەکـە بڕوانـە: بەیاننامـەی کۆبوونـەوەی بـەرەی کوردسـتانی عێراقـی، کوردسـتانی نـوێ، ڕۆژنامـە، ژ:(٦٠٩)، سـاڵی سـێیەم، تشـرینی دووەم ١٩٩٣، ل١ ،١٥.

(٣) کێشـەی کـورد لـە قەیـرانی کەنـداو جیـاوازە، ڕێبـازی نـوێ، ڕۆژنامـە، ژ: (١١)،خـولی شەشـەم، تشـرینی دووەمـی١٩٩٠، ل ل١، ١٤.

کاریگـەر ئەنجـام دران، هـەر لـەو کاتـەدا سـەرکردایەتی (پـدك) بڕیـاری دا هـەر لقێـکی (پـدك) کـە ئـەوکات لەچـوار لقـی سـەرەکی پێکهاتبـوو، بـە پەلـە ژمارەیـەك لـە کادیـر و پێشـمەرگەکان بنێرێتـەوە سـنووری خـۆی، بـە مەبەسـتی دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی کاروبـارەکان و لـە نزیکـەوە تێگەیشـتن و هەڵسـەنگاندنی ڕەوشـەکە[1]، گەیانـدنی نامەکانی مەسـعود بـارزانی و مەکتـەبی سیاسـی، بـۆ هێـڵ و ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی نـاو شـار و ئـەو کەسـانەی لایەنگـر و دۆسـتی دێرینـی مسـتەفا بارزانیـن و ئـەو شـانە چەکدارانـەی کـە کاتی خـۆی لـە لایـەن مەکتـەبی سیاسـی حزبەکـەوە لـە نـاوەوەی کوردسـتان دروسـت کرابـوون، لـە سـەرێکی تریشـەوە بـە ئامانجـی دووبـارە هۆشـیارکردنەوەی جەمـاوەری کوردســتان بــە ئاراســتەی گیــانی نەتەوایــەتی و کوردایــەتی[2]، ئەمــە لەکاتێکــدا بــوو ئەنجوومـەنی ئاسـایشی نێودەوڵەتـی لـە٢٩ی تشـرینی دووەمـی ١٩٩٠ بڕیـاری ٦٧٨ دژ بـە عێـراق دەرکـرد، بەپێـی بڕیارەکـە ئەگـەر تـا ١٥ی کانـوونی دووەمـی ١٩٩١ سـوپاکەی لــە خــاکی کوێــت نەکێشــێتەوە، ئــەوە دەشــێت هاوپەیمانــان هێــز دژ بــە عێــراق بەکاربهێنــن[3]. دوابـەدوای ئـەو گۆڕانکارییـە، لـە سـەرەتای کانـوونی یەکەمـی ١٩٩٠، مەسـعود بـارزانی بـە مەبەسـتی ئەنجامـدانی کۆبوونەوەیـەکی بەرفـراوان لەسـەر ئاسـتی سـەرکردایەتی حزبەکـەی، برووسـکەیەکی ئاراسـتەی هـەر چـوار لقـی (پـدك) کـرد کـە لـە شـوێنی دیاریکـراو ئامادەبـن بـۆ ئـەوەی لـە بارودۆخـی ئەوسـای باشـووری کوردسـتان و عێـراق بەگشـتی ئـاگادار بکرێنـەوە[4]. ئـاکام کۆمیتـەی ناوەنـدی کۆبوونەوەیـەکی فـراوانی سـازکرد، بێجگـە لـە (ئەندامـانی کۆمیتـەی ناوەنـدی)[5]، چەنـد فەرماندەیـەکی لەشـکری

(١) خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٢٨٠٠)، ١٩٩٩/٣/١٨، ل٢.

(٢) ئاراس عبدالرحمان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: ولیـام ئەندەرسـن و ئـەوی تـر، ئاینـدەی عێـراق، و: کامیـار سـابیر، چاپخانــەی ڕەنــج، ب.ش، ٢٠٠٨، ل١٤٤.

(٤) عومەر عوسمان، ژیانی کوردێك، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٥١.

(٥) ئەندامــانی کۆمیتــەی ناوەنــدی پــارتی لــەو کاتــەدا بریتــی بــوون لــە: (نێچیرڤــان بــارزانی و فەلەکەدیـن کاکەیـی و ڕۆژ نـوری شـاوێس و فـازڵ میـرانی و جەوهـەر نامـق و هۆشـیار زێبـاری و جەرجیـس حەسـەن و عەبدولمهەیمـن بـارزانی و حەمیـد ئەفەنـدی و مەسـعود سـاڵەیی و ڕێبـوار یەڵـدا و عزەدیـن بـەرواری و ئـازاد قەرەداغـی و زەعیـم عـەلی و پیـرۆت ئەحمـەد و قـادر قـادر، قـادر عەبدولعەزیـز (قەچـاخ) و عـەلی بابـە و محەمـەد سـالح جومعـە و عومـەر مێرگەسـۆری و کومـال کەرکـوکی). بڕوانـە: محمـد مـلا قـادر، خەباتنامـە...،ل٨٧.

و كادیـرانی سیاســی كـە نزیكـەی ٥٠ كـەس بـوون، ئامادەبـوون[1]. هەروەهـا هــەر لەچوارچێوەی خۆئامادەكـردن و سـازدانی ڕاپەڕینـی جەمـاوەری، لـە ناوەڕاسـتی كانـوونی یەكەمـی١٩٩٠، مەسـعود بـارزانی بـۆ ئەنجامـدانی چەنـد كۆبوونەوەیـەك بڕیـاری دا بـۆ چەنـد ڕۆژێـك بچێتـە سـەركردایەتی (ینـك) لـە (قاسـمەڕەش) لـە سـەر سـنووری عێـراق و ئێـران، ئەمـەش هەنگاوێـكی گـەورە بـوو بـۆ هەماهەنگـی و تەبایـی و ئیسـپاتكردنی ئاشـتی نێـو هێـزەكانی كوردسـتان ، ئەنجـام لێژنەیەكیـان بـە نـاوی (لێژنـەی پـرۆژەی ئەگـەرەكان) پێكهێنـا[2]، هـاوكات بـە سەرپەرشـتی مەسـعود بـارزانی[3]، كۆبوونەوەیـەكی بەرفـراوانی سـەركردایەتی بـەرەی كوردسـتانی بـە مەبەسـتی تاوتوێكـردنی گۆڕانكارییـەكانی ناوچەكـە و ڕێكوپێكـردنی بەرنامـە و نەخشـەی ڕاپەڕینـی جەمـاوەری لـە سەرانسـەری كوردســتان و گرێــدانی دەســەڵاتی ڕاپەڕیــن بــە هێــزی پێشــمەرگە و دامەزرانــدنی پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ جەمـاوەری كوردسـتان سـازدرا[4]. ئـەم كۆبوونەوەیـە بـۆ مـاوەی ٣ ڕۆژ بـەردەوام بـوو[5]. دوای ئـەم كۆبوونەوەیـە، گشـت لێپـرسراوانی سیاسـی و لەشـكری هێـزەكانی نـاو بـەرە، بـە فەرمـانی مەسـعود بـارزانی كۆبوونەوەیـەكی گرنـگ و بە پەلەیـان سـازدا و كۆتـا نەخشـەی بەرەنگاربوونـەوەی پاشـماوەی هێـزەكانی حكوومـەت و چۆنیـەتی مامەڵەكـردن لەگـەڵ جەمـاوەر و دامـودەزگاكانی دەوڵـەت داڕێـژرا، چەنـد بڕیارێـك دەركـرا[6]، گرنگترینیـان بریتـی بـوو لەمانـەی خـوارەوە:

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

(٢) لـەو لێژنەیـەدا: نوێنـەری پـارتی بریتـی بـوو لـە فەلەكەدیـن كاكەیـی، هـی یەكێتـی فەرەیـدون عەبدولقـادر بـوو. بڕوانـە: فرەنسـۆ هەریـری، جەمـاوەر خـاوەنی ڕاسـتەقینەی ڕاپەڕینـە و شـەخسی سـەرۆك بـارزانی سـەرۆكایەتی بـەرەكانی شـەڕی بەرگـری دەكـرد، گـوڵان، گۆڤـار، ژ: (٢٧٠)، ٢٠٠٠/٣/١٥، ل١٥؛ بـۆ زانینـی ئـەو ئەگەرانـە كـە دیـاری كرابـوون بڕوانـە: ئـاراس عبدالرحمان، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٠٦.

(٣) قـادر قـادر، چەمكێـك لەبیرەوەرییـەكانی ڕاپەڕیـن و ڕزگاركـردنی شـاری سـلێمانی، برایـەتی، ڕۆژنامە، ژ: (٣٠٣٧)، ٢٠٠٠/٣/٩، ل٢.

(٤) لـەو كۆبوونەوەیـەدا نوێنـەرانی پـارتی دیموكـراتی كوردسـتان لـە: عەبدولعەزیـز تەیـب ـ بریـكاری بەرپـرسی لقـی١ و عومـەر عوسـمان بەرپـرسی لقـی٢ و ئـازاد قەرەداغـی بەرپـرسی لقـی٣ و قـادر قـادر بەرپـرسی لقـی٤ لەگـەڵ فەرەنسـۆ هەریـری پێكهاتبـوون. بڕوانـە: فرەنسـۆ هەریـری و جەمـاوەر خـاوەنی ڕاسـتەقینەی ڕاپەڕینـە...،ل١٦.

(٥) فازڵ رەئوف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢.

(٦) قادر قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

- لێبووردنی گشتی بۆ هەموو ئەو کوردانەی کە چەکداری حکوومەت بوون، لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عەفو دەکرێن، بە مەرجێك لەکاتی پێویستدا هاوکاری پێشمەرگە و جەماوەر بکەن.
- لە ئاستی هەموو پارێزگاکانی کوردستان هەیکەلی سەرکردایەتی ڕاپەڕینی دارشت.
- وەك سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ڕاستەوخۆ دابەزین بۆ سەرپەرشتی مەیدانیی ڕاپەڕین.
- هەموو کەلوپەلەکانی فەرمانگە حکوومی و کۆمپانیاکان بە تەواوەتی بپارێزێن، لەبەر ئەوە موڵکی میللەتە.
- هەوڵ بدرێت گیانی تەبایی و برایەتی زیاتر پتەو بکرێت و پێشمەرگە بەناوی بەرەی کوردستانی ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات و تەنیا بەناوی بەرەی کوردستانی ڕەفتار بکات، نەك بەناوی تاك حزب.
- هەروەها بەهیچ شێوەیەك بوار نەدرێت بەناوی تۆڵەسەندنەوەوە کێشەی تایبەتی ڕووبدات.
- کەلوپەلی سەربازگەکان کۆبکرێنەوە و هەوڵ بدرێت لەکاتی پێویستدا سوودیان لێ وەربگیرێت.
- بە ناوی بەرەی کوردستانی نامە ئاراستەی هەموو سەرۆك جاش و کەسانی دیاری کوردستان بکرێت بۆ هاوکاری پێشمەرگە و جەماوەر هان بدرێن و پشتگیری لە ڕاپەڕین بکەن، لەگەڵ چەند خاڵێکی تر کە بڕیاریان لەسەر دابوو[1].

لەو کاتەدا بەتایبەت هەر دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە سەرەتایەك بوو بۆ زیاتر جووڵاندنی هێزی بەرهەڵستکاری عێراقی بەگشتی و بەرەی کوردستانی بەتایبەت، چونکە لێرەوە ڕای گشتی جیهانی و نێودەوڵەتی دژی هەڵسوکەوتەکانی حکوومەتی عێراق بەردەوام بوو، لای خۆیانەوە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەبارەی ئاکامەکانی مەترسی داگیرکردنی کوێت ئاگادارییان بە حکوومەتی عێراق دەدا، دواجار کۆنگرێسی ئەمریکا ڕۆژی ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ بڕیاری بەکارهێنانی هێزی

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جمال مورتکە، لە بیرەوەری هەڤدە ساڵەی ڕاپەڕین و ئازادکردنی شاری کەرکووکی دڵی کوردستان، خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٢٧٩٥)، ٢٠٠٨/٣/١٩، ل١٣.

لـە دژی عێـراق دا[١]. بەیـانی ڕۆژی دواتـر واتـە ١٣ی کانـوونی دووەم، مەسـعود بـارزانی بـە مەبەسـتی دوورخسـتنەوەی کارەسـاتی ڕوودانی جەنـگ، بانگەوازێـکی بـە پەلـەی ئاراسـتەی هـەر یەکـە لـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتی و کۆمەڵگـەی عـەرەبی و ئیسـلامی و خـودی سـەدام حسـێن سـەرۆك کۆمـاری عێـراق، نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـرد، لـە بانگەوازەکـەدا مەسـعود بـارزانی داوای چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەکان دەکات و دەڵێـت: "بانگـی سـەدام حسـێن سـەرۆك کۆمـاری عێـراق دەکەیـن بـۆ درێـژەدان بـە هـەوڵ و کۆشـشی دیبلۆمـاسی و ئاشـتییانە، بـوونی ئێمـە لـە سـەنگەری بەرهەڵسـتکاری سیاسـی شـتێکە و چارەنـووسی گـەل و دەوڵـەت شـتێکی دیکەیـە، ئێمـە بـەر لـە هەمـوو شـتێك دەربەسـتی بـارودۆخ و بەرژەوەنـدی دواڕۆژی گـەلی عێراقیـن، ئەمـەش لـە سیاسـەتمان شـتێکی بنەڕەتییـە، ئێمـە لـەو سـاتە مێژوویانـەدا، لەگـەڵ هەسـت و ویسـت و ئـارەزووە بنەڕەتییـەکانی گـەلی عێـراق و گـەلی کـورد لـە ئاشـتی و ئـازادی ئێـك دەگرێتـەوە»[٢]. ئـەم بانگـەوازەی مەسـعود بـارزانی هەڵوێسـتی مەردانـەی کـورد دەردەخـات، کـە لـەو کاتـەدا ئـەوە دەگەیەنێـت کـە هەمیشـە کـورد لـە هەوڵـی ئـەوەدا بـوو دوور لـە سیاسـەتی چەواشـەگەرایی، بـە زمـانی ئاشـتی کێشـەی کـورد لـە عێـراق چارەسـەر بکرێـت.

مانـەوەی حکوومـەتی عێـراق لـە داگیـرکاری کوێـت، گوێنـەدان بـە ئاگادارکردنـەوە و ئامۆژگارییـەکانی ڕای نێودەوڵـەتی بەگشـتی و ئەمریـکا و هاوپەیمانـەکانی بەتایبـەتی، بارودۆخــی لێــدان و هێرشــکردنە ســەر عێراقــی کــردە ئەگەرێــکی نزیــك[٣]. دواجــار کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتی بـە توونـدی هاتـە دەنـگ و هاوپەیمانییەتیـەکی ٣٠ وڵات بـە ســەرکردایەتی ئەمریــکای پێکهێنــا، ڕۆژی ١٧ی کانــوونی دووەمــی ١٩٩١ هەڵمەتێــکی توونـدی سـەربازی بـە نـاوی (ئۆپەراسـیۆنی گەردەلـوولی بیابـان)[٤]، بـۆ سـەر عێـراق

(١) سلام عبدالكريم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەبـارەی نـاوەرۆکی بانگەوازەکـە بڕوانـە: مسـعود بـارزانی» نـداء البارزانـی يناشـد جميـع الأطـراف عـلى حـل أزمـة الخليـج سـلميا»، فـی ١٩٩١/١/١٣.

(٣) سلام عبدالكريم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨.

(٤) ئۆپەراسـیۆنی گەردەلـوولی بیابـانOperation Desert strom-، بریتـی بـوو لـەو شـاڵاوە گەورەیـە کـە لـە کانـوونی دووەمـی ١٩٩١ بـۆ ڕزگارکـردنی کوێـت و دەرکـردنی هێـزەکانی عێـراق لـەو وڵاتـە لەلایـەن هێـزەکانی هاوپەیمانانـەوە بـە سـەرکردایەتی ئەمریکا بەڕێوەچـوو، ئەنجام هێـزەکانی عێراقی ناچارکـرد لـە کوێـت پاشەکشـێیان کـرد. بڕوانـە: مایـکل کیـلی، هەڵەبجـە و ئەنفـال لـە بەڵگەنامـە

دەست پێکرد و گورزێکی کوشندەی لە سوپای عێراق دا[1]. بەمەش (پدك) لەگەڵ لایەنەکانی تری بەرە چالاکانەتر کەوتە کارکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەرەکانی دوای هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق، لە لایەکی تریشەوە مەسعود بارزانی لە هەڵوێستێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتیدا، لە ڕوانگەی بەتەنگەوە هاتن و پەرۆشی بۆ بەرژەوەندی گەلی عێراق و پاراستنی گیانیان دوو بانگەوازی گرنگی دەرکرد، یەکێکیان بۆ جەماوەری کوردستان، تێیدا داوای کرد کە بە گەرمی پێشوازی لە جەماوەری لێ قەوماوی خوارو و ناوەڕاستی عێراق بکەن و دەرگاکان بخەنە سەر پشت بۆ پاراستنیان لەو بارودۆخە نالەبارەی بەسەریان هاتووە، کە لەترسی مەرگ ڕوو دەکەنە کوردستان، هەروەها ئەوی دیکەیشی ئاراستەی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد دەربارەی کردنەوەی دەرگای مەرزەکان بۆ بردنی پێویستی خواردەمەنی و کەلوپەل و پێداویستی تری ڕۆژانە بۆ ناوەوەی باشووری کوردستان، کە ئەنجام کۆماری ئیسلامی پەسەندی کرد[2]. بەپێی سەرچاوەکان ئەم هەڵوێستەی بارزانی لە لایەن گەلی عێراق، تەنانەت لەناو سەران و دامودەزگاکانی حکوومەتی عێراق بەگشتی، بەگرنگی هەڵسەنگێرا و بەرز نرخێنرا و بوو بە سوود و فریاکەوتنێکی گەورەی لێ قەوماوان بەگشتی[3]. لە لایەکی دیکەوە دوابەدوای چەند کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بۆ خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین، لە سەرەتای شوباتی ١٩٩١ (پدك) بڕیاری دا بەشێوەیەکی بەرفراوان بچنە ناوەوەی کوردستان[4]، بۆ ئەو مەبەستە هەر چوار لقی سەرەکی کە پێکهاتبوون لە: لقی١ لە سنووری بادینان، لقی ٢ لە سنووری هەولێر، لقی٣ لە سنووری کەرکووك و لقی٤ لە سلێمانی، بەسەر سێ بەرەدا دابەش کران، بەم شێوەیە:

- بەرەی هەولێر لە لایەن(محەمەد مەلا قادر و عومەر عوسمان و عەبدولموهەیمن بارزانی و خورشید شێرە)ەوە سەرپەرشتی دەکرا.

---

نهێنیەکانی ئەمریکادا، و: وریا ڕەحمانی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، ل٤٢٣.

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، صدام حسین پانۆرامای سیاسەتی خوێناوی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١، ل٨٤.

(٢) فازل ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٨٢.

(٤) محمد ملا قادر، خەباتنامە...، ل٨٨.

- بـەرەی سـلێمانی ـ کەرکـووك لـە لایـەن (نێچیرڤـان بـارزانی و ڕەشـید عـارف و نـادر هەورامـی و قـادر قـادر و دەروێـش ئاغـا و ئـازاد قەرەداغـی)ەوە سەرپەرشـتی دەکـرا.
- بـەرەی بادینـان (دهـۆك ـ مووسـڵ)لە لایـەن (بابەکـر زێبـاری و زەعیـم عـەلی و کەمـال کەرکـووکی و نەجمەدیـن یووسـفی و عەبدولعەزیـز تەیـب و قـادر قاچـاخ)ەوە سەرپەرشـتی دەکـرا[١].

لـەو کاتـەدا (پـدك) لەپـاڵ لایەنـەکانی تـری بـەرەدا تـا ڕادەیـەکی بـاش خـۆی بـۆ سـەرهەڵدانی ڕاپەڕیـن ئامادەکردبـوو، لـە٢٤ی شـوباتی ١٩٩١ کاتێـك سـوپای هاوپەیمانـان هێـرشی زەمینـی دژ بـە سـوپای عێـراق دەسـت پێکـرد[٢]. ڕۆژی ٢٦ی هەمـان مانـگ سـوپای عێـراق بـە تـەواوەتی لـە کوێـت وەدەرنـرا، بێجگـە لـە کـوژراوەکان، نزیکـەی ٢٥٠٠٠ بیسـت و پێنـج هـەزار سـەربازی عێراقـی و ڕۆژی ٢٧ی مانگیـش نزیکـەی ٣٠٠٠٠ سی هـەزار سـەربازی تـر لـە لایـەن هێـزەکانی هاوپەیمانانـەوە بەدیـل گیرابـوون، زۆربەی هێـزەکانی سـوپای عێـراق گەمارۆدرابـوون و هێـزی زەمینـی هاوپەیمانـان نزیکـەی ١٦٠ کـم لـە شـاری ناسرییـەوە لـە خـوارووی عێـراق هاتنـە پێشـەوە و بەشـێکی زۆری خـاکی عێراقیـان داگیرکـرد[٣]، ئیـدی لـەو کاتـەدا ئەگـەری ڕووداوی گـەورە و گـۆڕانـکاری بنـەڕەتی لـە عێـراق و ناوچەکـەدا بـوو بـە واقیـع و زەمینەیـەکی لەبـار و گونجـاو ڕەخسـا بـۆ ئـەوەی ڕاپەڕینـی گـەلانی عێـراق بەگشـتی و گـەلی کـورد بەتایبـەتی دەسـت پێبـکات، لـەو ڕۆژەدا واتـە ڕۆژی٢٧ی شـوبات، هێـزەکانی (پـدك) و لایەنـەکانی تـر دەسـتیان بـە جموجـووڵ کـرد، هـەر یەکـە و لەشـوێنی دیاریکـراو کـە پێشـتر دەستنیشـانکرابوو دابەزینـە خـوارێ و خۆیـان گەیانـدەوە دەوروبـەری شاروشـارۆچکەکانی کوردسـتان[٤]. کـە ئەمـەش لـە کاتێکـدا بـوو پێـش هێـرشی هاوپەیمانـان بـە چەنـد ڕۆژێـك بـۆ سـەر عێـراق، (جـۆرج بـۆش)ی سـەرۆکی ئەوکاتـەی ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا داوای لـە گـەلانی عێـراق بـە کوردیشـەوە کـرد لـە دژی سـەدام حسـین ڕاپـەڕن و لـە هەمـان کاتیشـدا بەڵێنـی پێـدان کـە هەمـوو پاڵپشـت و هاوکارییەکیـان بـکات[٥].

---

(١) محمد ملا قادر، سەربردە،...، ل١٩٥ -١٩٦؛ عومەر عوسمان، ڕۆژی ڕزگارکردنی کەرکووك،...، ل١١.

(٢) خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٢٨٠٠)، ١٩٩٩/٣/١٨، ل٢.

(٣) سلام عبدالکریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠.

(٤) ئاراس عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

(٥) مهدی جبرائیل فقی محمد و ئەوی تر، سیاسەتی پارێزگارە نوێیەکانی ئەمریکا و کاریگەری

هەڵبـەت چەنـد ڕۆژێـك پێـش دەسـتپێكردنی ڕاپەڕیـن و هەڵسـانەوەی جەمـاوەری کوردسـتان، مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) چەنـدان نامـەی مەسـعود بـارزانی و هـی مەکتـەبی سیاسـی بـۆ کەسـایەتییە نـاودارەکانی شـار و سـەرۆك عەشـیرەتەکان و سـەرۆك جـاش و موستەشـارەکان، ڕادەسـتی بەرپـرسی هـەر چـوار لقـەکانی حزبەکـەی کـرد، بـۆ ئـەوەی هـەر لقێـك لـە ڕێگـەی ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی سـنووری خـۆی بـۆ نـاوەوەی کوردسـتان بـەڕێ بـکات، لـە نامەکانـدا داوای لـەو کەسـانە کردبـوو کـە لـە کاتی پێویسـتدا هـاوکاری و هاریـکاری پێشـمەرگە و جەمـاوەری کوردسـتان بکـەن و لـە ڕاپەڕینـی گـەلی کـورددا کاریگـەری بنوێنـن و قۆڵـی مەردانەیـان هەڵماڵـن بـۆ ڕاماڵینـی هێـزی حکوومـەت لـە سـەرجەم شاروشـارۆچکەکانی کوردسـتان، هەروەهـا لـە نامەکانـدا هـانی جەمـاوەر و بەڵێـن و مـوژدەی سـەرکەوتنی پـێ دابـوون[1]، لـەو ڕووەوە قـادر قـادر دەنووسـێت: "ئێمـە لـە سـنووری لقـی٤ تەخویـل کرایـن بـۆ گەیانـدنی پەیامـی ڕاپەڕیـن و پەیوەندیکـردن بـەو کەسـانەی کـە سـەرکردایەتی حزبەکەمـان بـە پەسـەندی دەزانی و جێگـەی متمانـە بـوون و بەخێرایـی کەوتینـە خـۆ، نزیکـەی ١٥٠٠ نامەمـان بـە سـێ شـێوەی جیـاواز لـە ناوەرۆکـدا نووسرابـوو: هەڤـاڵان و لایەنگـرانی پـارتی ، دڵسـۆزان و نیشـتمانپەروەران، چەکـدارانی نـاو حکوومـەت کـە پێشـتر پەیوەندییـان بـە ڕێکخسـتنەکانی پارتییـەوە هەبـوو، هاوپێـچ لەگـەڵ وێنەیـەکی مسـتەفا بـارزانی، ئاراستەی جەمـاوەری کوردسـتان کـرد، بەگەیشـتنی نامـەکان ڕێکخسـتنەکانی شـارو شـانە چەکدارەکانمـان بەڵێنـی ئامادەبـوون و خۆبەختکردنیـان پـێ ڕاگەیاندیـن»[2]. بێگومـان ئەمانـەش لـە کاتی سـەرهەڵدانی ڕاپەڕینـدا هێـز و توانایـەکی باشـیان بـە پـارتی و بـەرەی کوردسـتانی بەخـشی. هەروەهـا جگـە لەمانـە پێشـتریش لـە لایـەن لقـی٤ەوە بـە هـۆی چەنـد کادیرێـکی (پـدك)ەوە لەوانـە: (کاوە مـارف و محەمـەد سـەلیم و مەحمـوود وەندرینەیی...تـاد)، چەنـد نامەیـەکی پوخـت بـۆ ڕێکخسـتنەکان و شـانە چەکـدارەکان لـە سـنووری سـلێمانی گەیاندبوونـە شـوێنی مەبەسـت[3]. هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا محەمـەد سـابیر هەمەوەنـدی کـە ئـەوکات ئەفسـەری تانـك بـوو بـە پلـەی نەقیـب لـە سـوپای

---

لەسەر هەرێمی کوردستان، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٧٧.

(١) قادر قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٣.

عێراق دەنووسێت: " لە شەڕی داگیرکردنی کوێت چەند ئەندامێك لە ڕێکخستنەکانی پارتی هاتنە لام تا بۆ سازدانی ڕاپەڕین هاوکار بم لەگەڵیاندا، منیش ئامادەیی خۆم پیشان دا، دوای شەش مانگ ڕاپەڕین دەستی پێکرد»[1]. کەواتە پێش دەست پێکردنی ڕاپەڕین ڕێکخستنەکانی پارتی لە سازدانی ڕاپەڕین و ئاراستەکردنی جەماوەر دژ بە حکوومەت ڕۆڵێکی باشیان بینیبوو.

لە بەردەوامی تەیارکردن و سازدانی جەماوەر بە ئاراستەی خەبات، مەکتەبی سیاسی (پدك) لە٢٥ی شوباتی ١٩٩١ لە ڕێگەی خانەوە (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، بە هۆی کادیرێکی حزبەوە بە ناوی (عەبدولڕەحمان عەلی کوردە)، چەند نووسراوێکی تر کە بریتی بوون لە ٢٥ نامەی تایبەت و ٤٨ نامەی مەکتەبی سیاسی، بۆ کەسایەتی دیار و سەرۆك هۆز و پیاوانی ئایینی و موستەشارەکانی سنووری هەولێر و ڕەواندوز و دەوروبەری ڕەوانەکران، کە دواتر بە هۆی چەند کەسانی دیاری ناوچەکە لەوانەش (عیزەت سلێمان بەگ دەرگەلی)[2]، گەیاندبوونیانە دەستی چەند کەسایەتییەکی دۆستی (پدك) لەوانە: (مامەند دیلزی حاجی عومەر و حاجی کانەبی ژوژلی و عەزیز خان برایم ئەحمەد و شاباز سرێشمەیی و شێخ محەمەد خەلیفانی و مستەفا ئەحمەد شێرکاوەیی و مەلا سەعید مەلا وەیسی و جەمیل خدر ئاغا سورچی...تاد) و چەند سەرۆك جاش و موستەشارێك وەك: (محەمەد قادر ئاغا و شێخ شوش و بەهرامی شێمەی هاروونی و عومەر ئاغای سورچی و حسێن ئاغای سورچی و حاجی فایەق ئاغا) و چەند کەسایەتییەکی تر هەروەها نامەیەکی تایبەتی نێچیرفان بارزانی دایە دەست زەید ئاغای سورچی، بە مەبەستی هاوکاری و خۆئامادەکردن و ئاگاداربوون لە بەرنامەی ڕاپەڕین، لەو بارەیەوە عیزەت سلێمان بەگ دەڵێت: "زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانە کە ئاگادارکران بڕیاری هاوکاری خۆیان لەگەڵ داین و چەندێکیان وەڵامیان وابوو نە پەیوەندیتان پێوە

(١) محمد سابیر هەمەوەندی، بە دەبابەکانی دوژمن سەنگەرەکانمان شکاند، خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٢٨٠١)، ١٩٩٩/٣/٢١، ل٣.

(٢) عیزەت سلێمان بەگ دەرگەلەیی، کەسایەتییەکی دیاری ناوچەی سۆران و دۆستی نزیکی مستەفا بارزانی بوو، سلێمان بەگی باوکی لەگەڵ بارزانی چووبووە سۆڤیەت و لە بارزانی نزیك بوو. بڕوانە د.علی نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی...، ل٣٢٢.

ئەکەین نە شەڕیش لەگەڵتان دەکەین»[١]. بەپێی سەرچاوەکان زۆربەی نامەکانی مەسعود بارزانی و مەکتەبی سیاسی لە ماوەی ٢٥ی کانوونی دووەم تا کۆتایی شوباتی ١٩٩١، واتە چەند ڕۆژێك بەر لە دەستپێکردنی ڕاپەڕین، گەیشتبوونە دەستی ئەو کەسانەی کە مەبەستیان بوو نامەکانیان بۆ بچێت[٢]. ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ١٩٩١پاش ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان هەموو ئامانجەکانیان لە عێراق بەدەستهێنا، لەگەڵ حکوومەتی عێراق ئاگربەستیان ڕاگەیاند، دواتر شەڕ کۆتایی هات[٣]. لەو کاتەدا دانیشتووانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، بەتایبەتی ناوچەکانی شیعەنشین هاوشێوەی باشووری کوردستان، بە هۆی خراپی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی... تاد، لەدەست دەسەڵاتدارانی حکوومەت دەیانناڵاند، لە دەرفەتێك دەگەڕان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕەوشە خراپە و حکوومەت، ئەوەبوو ڕۆژی ١ی ئاداری ١٩٩١ ڕاپەڕین لە بەسرە بەرەو شارەکانی تری عێراق دەستی پێکرد[٤]، کە ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ دەست پێکردنی ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان. لەهەمان ڕۆژدا مەکتەبی سیاسی (پدك) لە بەیاننامەیەکدا هانی جەماوەر و هێزەکانی بەرەی کوردستانی و بەرهەڵستکارانی تری عێراقی دابوو کە یەکڕیزی خۆیان پتەو بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حکوومەت و خۆئامادەکردن بۆ قۆناغی داهاتوو[٥]. هەرچەندە هەندێك لە سەرچاوەکان وا لێکدەدەنەوە کە ڕاپەڕینی باشووری کوردستان بەهۆی دەستپێکردنی ڕاپەڕین لە باشووری عێراق سەری هەڵدا، خۆ بەخۆ نەبوو[٦]. بێگومان ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی کوردستان ڕووداوێکی کوتوپڕ نەبوو، ڕاستە ڕاپەڕینی باشووری عێراق و کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی و نێودەوڵەتی زەمینە خۆشکەربوون،

---

(١) عیزەت سلێمان بەگ دەرگەلەیی، ڕاپەڕینی ١٩٩١/٣/١٠ی ڕەواندز و گرتنی تەواوی سنووری ف ق (٣٣)، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (١٥٩٣)، ١٩٩٣/٣/١٢، ل٣.

(٢) ئاراس عبدالرحمان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

(٣) خەلات موسا یوسف، پارت و ڕەوتێن ئیسلاما سیاسی ل هەرێما کوردستانا عێراقێ ٥ ئادارا ١٩٩١ ـ ٩یَ نیسانا ٢٠٠٣، چاپخانا زانکۆیا دهۆکێ، دهۆك، ٢٠١٢، ل٣٠٤.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠؛ دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد...، ل٥٥٥.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ناوەرۆکی بەیاننامەکە بڕوانە: م.س ـ پ.د.ك، بەیاننامە»لەیادی نەمراندا»،١٥ی ئاداری ١٩٩١.

(٦) کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی...،ل١٤٧.

بـەڵام فاکتـەری بەهێـز و ڕەگ و ڕیشـەی ڕاسـتەقینەی ڕاپەڕینەکـە سیاسـەتی نارەوایانـەی دەسـەڵاتدارانی عێـراق و مامەڵەکردنیـان لەگـەڵ گـەلی کوردسـتان بـوو[1]، کـە بووبـووە هـۆی ئـەوەی تێکـڕای چیـن و توێـژەکانی کوردسـتان و تەنانـەت ئەوانـەی کـە ڕۆژێـك لـە ڕۆژانیـش پشـتیوان و هاوسـەنگەری حکوومـەت بـوون بەشـدارییەکی کاریگـەر لەڕاپەڕینـدا بکـەن.

ڕاسـتییەکەی ڕاپەڕینـی خەڵـکی باشـووری عێـراق فاکتەرێـکی بەهێـزی هانـدانی خەڵـکی باشـووری کوردسـتان بـوو، بـەڵام ئـەوەی کاریگەربـوو ڕۆڵـی سـەرەکی دەبینـی جەمـاوەری کوردسـتان و ڕەتکردنـەوەی ژێردەسـتەیی بـوو لـە سـایەی یەکڕیـزی و یەکدەنگـی بـەرەی کوردسـتانی کـە پێشـتر وەك بـاس کـرا بەرنامەیـەکی سیاسـی و لەشـکری داڕێشـتبوو[2]، بـە بەڵگـەی ئـەوەش ئەگـەر ڕاپەڕینـی جەمـاوەری کوردسـتان بەرنامەیـەکی تۆکمـە و داڕێـژراوی لـە پشـتەوە نەبوایـە نـەك هـەر سـەرنەدەکەوت، بەڵکـو هەندێـك شـار و شـوێن و بنکـەی پتـەو هەبـوون، کـە دواتـر باسـیان دەکەیـن، لەوانـە بـوو دەسـتیان بـە سـەردا نەگیرابایـە و بـە ئاسـانی ئـازاد نەکرابـان. جگـە لـەوەش پێشـتر مەسـعود بـارزانی لـە سـاڵی ١٩٨٨ لـە گەرمـەی شـەڕی خواکوڕکـدا پێشـبینی ڕووداوێـکی مـەزنی هاوشـێوەی ڕاپەڕیـن کردبـوو، کاتێـك لـە وتارێکـدا بـۆ پێشـمەرگەکان گوتبـووی: "بـارودۆخ لـە عێـراق وانامێنێـت و بـۆ قازانجـی جەمـاوەر و میللـەتی عێـراق دەگەڕێتـەوە، چونکـە لەوانەیـە دوای وەسـتانی شـەڕ (شـەڕی عێـراق ـ ئێـران- لێکۆڵـەر)، سـوپای عێـراق نەوەسـتێت و پـەل بهاوێژێـت بـۆ هەندێـك لا «، هەروەهـا لـە درێـژەی قسـەکانیدا بـارزانی بـە پێشـمەرگەکان و هێـزە کوردسـتانیەکانی ڕاگەیاندبـوو: "پێویسـتە بـۆ هەمـوو ئـەو گۆڕانـکاری و ئەگەرانـە خۆمـان ئامـادە بکەیـن بـۆ هەڵوێسـت وەرگرتن و چۆنیـەتی مامەڵەکـردن لەگـەڵ پێشـهاتە نوێیەکانـدا»[3]. ئەوەبـوو دواتـر عێـراق کوێتـی داگیرکـرد، ئـەو پێشـبینییەی بـارزانی کـە هـەر لـە سـاڵی ١٩٨٨ ئامـاژەی پـێ کردبـوو،

(١) د.دلێـر اسـماعیل حەقـی شـاوێس، ڕاپەڕیـن ڕووداوێـکی کـت و پـڕ نەبـوو!، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (٣٠٤٦)، ٢٠٠٠/٣/٨، ل٦؛ بـۆ زانیـاری و وردەکاری زیاتـر لـە بـارەی هـۆکارەکانی سـەرهەڵدانی ڕاپەڕیـن لـە باشـووری کوردسـتان بڕوانـە: ئـاراس عبدالرحـمان مسـتەفا، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ل٥٩-٩١.

(٢) سـاڵار عوسـمان، شـوێنی وونکـردنی حەقیقەتـەکانی ڕاپەڕین...بـۆ؟، گـوڵان، گۆڤـار، ژ: (٢٧٠)، ٢٠٠٠/٣/١٥، ل١٨.

(٣) د.حەسـەن محەمـەد سـورە، ڕاپەڕیـن دوا قۆناغـی خەبـاتی شـاخ و سـەرەتای دەسـەڵاتی سیاسـی کـورد، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (٣٠٤٣)، ٢٠٠٠/٣/٥، ل٢؛ فرەنسـۆ هەریـری، جەمـاوەر خـاوەنی...، ل١٥.

هاتـەدی و گۆڕانێـکی گرنـگ لـە عێـراق و ناوچەکـەدا سـەری هەڵـدا، بۆیـە دەکرێـت بڵێیـن سـەرکردایەتی کـورد گەلێـك پێـش سـەرهەڵدانی ڕاپەڕینـی خەڵـکی باشـووری عێـراق، پێشـبینی ئـەو ڕووداوەی کردبـوو، هـەر لـەو کاتەشـەوە بـۆ ئـەوەی ڕاپەڕیـن ببێتـە کارێـکی حەتمـی و مسـۆگەر لـە کوردسـتان بـە بەرنامـە و پـلان کاری بـۆی دەکـرد.

مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) بـە فەرمـانی مەسـعود بـارزانی، ڕۆژی ١ی ئـاداری ١٩٩١ سـەرەڕای سـەختی ڕێگـە و بانـە سـنوورییەکان، بەهـۆی سـەرما و سـۆڵە و بـوونی مینێـکی زۆر، مەفرەزەیـەکی تـری پارتیـزانی کـە لـە: (مـەلا ڕەسـووڵ گەزنەیـی فەرمانـدەی مەفـرەزە و عەبدولڕەحـمان مـەلا ڕەسـووڵ و ئەحمـەد خـەلانی و قـادرە سـووری ڕۆسـتایی و حسـێن مەجید...تـاد) پێکهاتبـوون، بـەرەو ناوچـەی سـۆران (دیانـا) بـەڕێ کرابـوون و بـە چاوسـاغی کەسـایەتی (محەمـەد ئەمیـن ناوەنـدی) خۆیـان گەیاندبـووە شـوێنی مەبەسـت و پەیوەندییـان بـە ڕێکخـراوە نهێنییـەکانی (پـدك)ەوە کردبـوو، وەك: (ڕێکخــراوی کــۆڕەك، نــەوڕۆز، کێــوە ڕەش، هەندرێــن، شــەهید د.عەبدولڕەحــمان، شـەهید سـەید عەبـدوڵا حاجـی ئۆمەرانی...تـاد) و کۆمەڵێـك هێڵـی نهێنـی و شـانەی چەکـداری، لـە ڕێگـەی ئەوانـەوە بەمەبەسـتی خۆئامادەکـردن بـۆ دەسـتپێکردنی ڕاپەڕیـن، نووسراوێـکی زۆری مەسـعود بـارزانی و مەکتـەبی سیاسـی (پـدك) ئاراسـتەی کەسـایەتی و سـەرۆك عەشـیرەتەکانی ناوچەکـە کردبـوون[١]، دوابـەدوای ئەمـە ڕۆژی ٤ی ئـادار ١٩٩١ مەسـعود بـارزانی جگـە لـەوەی کـە سـەرۆکی (پـدك) بـوو، سـەرۆکی بـەرەی کوردسـتانی و فەرمانـدەی لەشـکری کوردسـتان بـوو، میحـوەرەکانی هێـزی پێشـمەرگە جووڵانـد، جموجووڵـی پێشـمەرگە بـە شـێوەیەکی خێـرا و زۆر بەرفـراوان بـۆ ئـەو ناوچانـەی کـە پێشـتر لـە سـەریان ڕێککەوتبـوون، دەسـتی پێکـرد[٢]. هـەروەك حەمیـد ئەفەنـدی دەنووسـێت: " لـەو ڕۆژەدا واتـە ٤ی ئـادار ١٩٩١، هێزێـکی زیاتـر لـە ١٥٠٠ پێشـمەرگە لـە بـارەگای سـەرکردایەتی پـارتی لـە گونـدی ڕاژان لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان بـەرەو گونـدی قاسـمەڕەش، لەوێـوە بـۆ گونـدەکانی دەوروبـەری شـارۆچکەی قـەڵادزێ

---

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: عبدالرحـمان مـەلا ڕەسـوڵ، پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی ڕاپەڕیـن ڕێزلێنانـە لـە یـەك ڕێـزی و هاوهەڵوێسـتی جەمـاوەر لـە ڕۆژانی ڕاپەڕینـدا، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ:(٣٣٢٨)، ٢٠٠١/٣/١١، ل٦.

(٢) محەمەد ملا قادر، خەباتنامە...، ل٨٩.

دابەزیــن»[١]. دوای خۆئامادەکــردنی  هێــزە کوردســتانییەکان، بەپێــی ســەرچاوەکان ســەرکردایەتی سیاســی بــەرەی کوردســتانی ڕۆژی ٧ی ئــادار ١٩٩١ی بــۆ دەســتپێکردنی ڕاپەڕیــن دەستنیشــان کــرد[٢]. بــەڵام لــەو کاتــەدا ئەگــەر ســەرنج بدەیــن ڕقــی جەمــاوەری کوردســتان هێنــدە پەنگــی خواردبــووەوە نەتوانــرا بەرزەفــت بکرێــت، ڕۆژی ٤ی ئــادار، هــاوکات لەگــەڵ دابەزینــی هێــزی پێشــمەرگە بــۆ نــاوەوەی کوردســتان، جموجــووڵ لەنــاو خەڵــکی ئــۆردوگای خەبــــــات[٣]، کۆمەڵــگای حاجیــاوا و بازیــان[٤]، شــارۆچکەی چوارقوڕنــە و چەنــد شــوێنێکی تر دەســتی پێکــرد[٥]. بەیــانی ڕۆژی٥ی ئاداریــش جەماوەری شــاری ڕانیــە دژ بــە حکوومــەت ڕاپەڕیــن و، هێرشــیان بــردە ســەر بنکــە و بــارەگاکانی[٦]. لەگــەڵ دەســتپێکی جموجووڵــی خەڵــکی ڕانیــە مەفرەزەیــەك لــە پێشــمەرگەکانی ســەر بــە

---

(١) حمیــد ئەفەنــدی، یەکگرتنــی حزبــە کوردســتانیەکان هانــدەری ڕاپەڕینــی جەمــاوەری گەلەکەمــان بــوو، برایــەتی، ڕۆژنامــە، ژ:(٣٣٢٦)، ٢٠٠١/٣/٤، ل٧؛ چاوپێکەوتــن لەگــەڵ حەمیــد ئەفەنــدی، میحوەری باشیك، ٢٠١٦/٣/٢٠.

(٢) محەمەد عەوڵا، ڕاپەڕین، هەولێر، ڕۆژنامە، ژ:(١٨٥٤)، ٢٠١٤/٣/٥، ل٨.

(٣) ڕۆژی ٤ی ئــاداری ١٩٩١ لــە ئــۆردوگای خەبــات لــە ســەر ڕێگــەی (هەولێــر ـ موســڵ)، بــە هــۆی خراپــی گــوزەرانی خەڵــك دەمەقالــێ لــە نێــوان هاوڵاتیــان و پیــاوانی حکوومــەت ڕوو دەدات، پاشــان پێکــدادان لــە نێــوان هــەر دوولادا دروســت دەبێــت، ئــاکام پیاوێــکی حکوومــەت بــە نــاوی (عــەلی حوســێن) دەکوژرێــت و دوو هــاوڵاتی بــە نــاوی (بەختیــار عومــەر حەســەن خەڵــکی قــەڵادزێ و محەمــەد فــارووق گەلاڵــی)، دەبنــە قوربــانی، ئــەم ڕووداوەش بــووە هــۆی ســەرهەڵدانی ڕاپەڕینــی جەمــاوەری ئــۆردوگای ناوبــراو، بــەڵام دوای ٣ ڕۆژ بــە توونرتریــن شــێوە لەلایــەن حکوومەتــەوە ڕاپەڕینەکــە ســەرکوت کــرا، بــەڵام زۆری نەخایانــد مەفرەزەیــەکی (پــدك) کــە لە:(مــەلا شــورتە و رەقیبــە ســوور و عادلــە ڕەش و مــەلا عومــەری و خــدر ســوارە...تاد) پێکهاتبــوون و بــە پاڵپشــتی جەمــاوەر بــە یەکجــارەکی ناوچەکــە کۆنترۆڵکرا...بــۆ زانیــاری زیاتــر بڕوانــە: کرێــکار شــاکر قــادر، ناحیــەی خەبــات، ئــۆردۆگا زۆرە ملێیــەکانی لەیــادی ١٥ ســاڵەی ڕاپەڕینــدا، برایــەتی، ڕۆژنامــە، ژ:(٣٣٣٣)، ســاڵی دووەم،٢٠٠١/٣/١٧، ل٦.

(٤) بــۆ زانیــاری زیاتــر بڕوانــە: عوســمان عــەلی، نەعرەتــەی کۆمەڵــگای خەبــاتی نــوێ تاجــی ســەروەری ڕاپەڕینــە، برایــەتی، ڕۆژنامــە، ژ:(٣٣٢٦)، ٢٠٠١/٣/٤، ل٦.

(٥) عبــدوڵا ڕەش، ڕانیــە و شــاری بەرخــودان و ڕاپەڕیــن، برایــەتی، ڕۆژنامــە، ژ:(٢٥٤٤)، ١٩٩٨/٣/١١، ل٣.

(٦) حەســەن جــاف، بــۆ ڕاپەڕیــن شــکۆ و ســەربەرزی و چەپــکی خۆشەویســتی و ئەمــەك، برایــەتی، ڕۆژنامــە، ژ:(١٥٨٧)، ١٩٩٣/٣/٥، ل٢؛ ئەحمــەد ســەپان، ٥ی ئــازار زنجیــرەی دیــلی و زۆرداری لەئەســتۆدارنی، کوردســتانی نــوێ، ڕۆژنامــە، ژ:(٣٣٣)، ١٩٩٣/٣/٥، ل٥.

لێژنـەی ناوچـەی قەڵادزێـی (پـدك) بـۆ پاراسـتنی گیـانی جەمـاوەری ڕاپەڕیـو و ڕامماڵینـی پاشـماوەی هێـزەکانی حکوومـەت، بـە پاڵپشـتی جەمـاوەری شـارەکە خۆیـان گەیاندبـووە شـارەکە و ڕۆڵـی بەرچـاوی لـە بەرەنگاریـدا بینـی[١]. هەر لەوێـوە پەیوەندی ڕاسـتەوخۆی شـانە چەکـدارەکان و ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی (پـدك) لـە شـاری ڕانیـە لەگـەڵ پێشـمەرگە دەسـت پێـدەکات، (ئەحمـەدی سـاڵح بـەگ) لێپـرسراوی سـەرەکی شـانە چەکـدارەکانی (پـدك) بـوو لـەو شـارە، دیارتریـن شـانە چەکدارەکانیـش بریتـی بـوون لـە شـانەکانی ماکـۆك، شـەهید ئـاوارە و لەگـەڵ شـانەکانی کێـوە ڕەش[٢]. دواتـر بەهـۆی تەشـەنەکردنی ڕاپەڕیـن، لـە لایـەن سـەرکردایەتی (پـدك)ەوە میحوەرێـکی تـری پێشـمەرگە لـە قـەڵادزێ و ڕانیـە کرایـەوە، کـە لـە لایـەن حەمیـد ئەفەنـدی، مەحمـوود محەمـەد و حاجـی دیلوەیـی و چەنـد فەرماندەیـەکی تـری لەشـکری سەرپەرشـتی دەکـرا[٣]. لـەم میحـوەرەدا ژمـارەی پێشـمەرگەکان هـەروەك حەمیـد ئەفەنـدی کـە خـۆی سەرپەرشـتیاری ئـەو میحـوەرە بـوو، لـە چاوپێکەوتنێکـدا دەڵێـت: " لـە نێـوان ٧٠٠ ـ ٨٠٠ کـەس بـوو»، بـە شـێوەی گـرووپ گـرووپ بەسـەر ناوچەکـەدا دابەشـکرابوون، ڕۆڵـی باشـیان لـە ڕامماڵینـی پاشـماوەی حکوومـەت و هانـدانی جەمـاوەری و پاراسـتنی گیانیـان، لـە ناوچەکـەدا هەبـوو [٤].

هەڵبـەت مەسـعود بـارزانی وەك یەکەمیـن سـەرکردەی بـەرەی کوردسـتانی لەگـەڵ دەسـتەیەکی سـەرکردایەتی بـەرە، لـە ڕۆژانی سـەرەتای دەسـت پێکـردنی ڕاپەڕیـن، لـە ڕێگـەی (قـەڵادزێ)وە گەیشـتبووە شـاری ڕانیە، لەوێوە ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی ڕاپەڕینی دەکـرد، ڕۆڵـی بەرچـاوی لـە جۆشـدانی جەمـاوەری ڕاپەڕیـو و بەرزکردنـەوەی ورەی خەڵـکی ناوچەکـەدا بینیبـوو[٥]، هـاوکات فاکتەرێـکی بەهێـزی بەردەوامبـوونی ڕاپەڕیـن بـوو، پێشـتریش دەوری بەرچـاوی هەبـوو لـە پەیوەندیکـردن بە کەسـایەتییە نـاودارەکانی

---

(١) هیـوا قـادر گەیـلانی، ڕاپەڕیـن خەبـاتی ڕزگاریخـوازی کوردسـتانی بـردە قۆناغێـکی نـوێ، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ:(٣٣٢٧)، ٢٠٠١/٣/٥، ل٦.

(٢) ئاراس عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.

(٣) محمد ملا قادر، خەباتنامە...، ل٨٩؛ محمد ملا قادر، سەربردە...، ل١٩٥.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید ئەفەندی، میحوەری باشیك، ٢٠١٦/٣/٢٠.

(٥) یونـس ڕۆژبەیـانی، تەنهـا بـە یەکخسـتنی ڕیـزەکانی گـەلی کوردسـتان دەتوانیـن دەسـتکەوتەکانی ڕاپەڕیـن بپارێزیـن، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (٣٣٢٥)، ٢٠٠١/٣/٣، ل٧؛ برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ:(١٦٠١)، ١٩٩٣/٣/٢١، ل٦.

کوردستانەوە[1]، هەروەها هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ جەماوەردابوو، لەو کاتەدا تا ئازادکردنی سەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستان[2]. هەروەها چەند ڕۆژێك پاش دەستپێکردنی ڕاپەڕین بە مەبەستی ڕێکخستنی جەماوەر لە شاری ڕانیە، نوێنەری پارتە سیاسییەکان و چەند کەسایەتییەکی بێلایەن لێژنەیەك لە ژێر ناوی لێژنەی ڕاوێژکاری جەماوەر پێکهێنرا، لەم لێژنەدا (عوسمان ئەحمەد بەردەشانی ) وەك نوێنەری (پدك) دیاری کرا، هەروەها لەهەمان کاتدا لێژنەی ڕاگەیاندنی ڕاپەڕین کە بە (ئێزگەی دەنگی ڕاپەڕین) ناوی دەبرد، لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە لەسەر هەردوو شەپۆلی کورتی (٤١ و ٤٥) دامەزرێنرا، ڕۆژانە بۆ ماوەی چوار کاتژمێر هەواڵ و چالاکییەکانی پێشمەرگە و جەماوەری بڵاودەکردەوە، دەزگایەکی گرنگ بوو بۆ سازدان و ڕێکخستنی خەڵك و ئاراستەکردنی بەرەو ئازادکردنی کوردستان[3]. جگە لەوەش هەر حزبێك لەو حزبانەی ناو بەرەی کوردستانی ئێزگەی تایبەتی خۆی هەبوو، (پدك)یش خاوەن ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق بوو، ڕۆژانی ڕاپەڕین بۆ یەکەمین جار ناوەکەی بوو بەدەنگی (بەرەی کوردستانی)، ڕۆژانە زیاتر لە ١٢ کاتژمێر کاری دەکرد، زۆرجار درێژەی دەکێشا خۆی لە٢٠ کاتژمێر کارکردن دەدا، هەروەها ڕۆژانە بانگەواز و هەواڵ و چالاکییەکانی پێشمەرگە و جەماوەر و حزبە هاوپەیمانەکانی ناو بەرەی پێدەگەیشت و بڵاوی دەکردنەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە ڕۆڵی هیچی لە هێزی پێشمەرگە کەمتر نەبوو، ڕۆژانە وەك پێشمەرگە و وەك جەماوەر لەناو جەرگەی ڕاپەڕیندا بوو، سات بە سات بەهۆی ئامێرە بێتەلەکانی لقەکانی (پدك)ەوە، بە تایبەتی بێتەلی مەسعود بارزانی هەواڵی ڕاپەڕینی بەگوێی جەماوەری شار و شارۆچکەکانی کوردستان ڕادەگەیاند و ئامرازێکی کاریگەربوو بۆ بەجۆش خستنی گیانی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستان، قووڵکردنەوە و پەیوەستکردنی جەماوەر بە هێزی پێشمەرگە و ئامادە و تەیارکردنی بۆ بەرفراوانکردنی مەودای

---

(١) محمد عبدوڵا، ڕاپەڕین ـ هۆکار...سەرهەڵدان...سەرکەوتن، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٣٠٤٩)، ٢٠٠٠/٣/١٣، ل٣؛ عوسمان ڕیشە، ڕاپەڕین... لە پێشبینیەوە بۆ بوو بە واقع لەوێشەوە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (٣٠٤٣)، ٢٠٠٠/٣/٥، ل٥.

(٢) بارزان مەلا خالید، ڕاگەیاندن داینەمۆی ڕاپەڕین، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٣٠٤٨)، ٢٠٠٠/٣/١٢، ل٦.

(٣) ژیلوان عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

ڕاپەڕین[١]. پێم وایە ئێزگەی پارتی لەپاڵ ئێزگەی هێزەکانی تر، تاکە هێزی کاریگەری واتایی (مەعنەوی)بوون بۆ سازدانی جەماوەر وهەروەها ئەو پردە مەحکەم و توونـد و قایمە بوو کە بەدرێژایی ڕۆژانی ڕاپەڕین پێشمەرگە و جەماوەری پێکەوە بەستبووەوە.

دوای ئازادکردنی شاری ڕانیە و دەوروبەری لە داگیرکەران و بەرزەفت کردنی هەموو دامودەزگاکانی حکوومەت، ڕێکخستنە نهێنییەکانی (پدك) لە شاری بازیان لەوانە: (حسێن مەحموود مام وەسو و حسێن موختار نوورەدینی و عومەر نوورەدینی و محەمەد ڕەسووڵ و حەسەن پیرۆت و یووسف ڕەشید...تاد) و چەند کەسایەتی تر کە پێشتر لە لایەن لقی٤ەوە ئاگادار کرابوون، کەوتنە خۆ بۆ سازدانی ڕاپەڕینێکی جەماوەری بە مەبەستی ئازادکردنی شارەکە لە دەسەڵاتی حکوومەت[٢]. ڕۆژی ٦ی ئادار بە پاڵپشتی ڕۆڵی قارەمانانەی جەماوەری بازیان و هێزەکانی تر ڕاپەڕین و بە ماوەیەکی کورت ناوچەکەیان لە دەسەڵاتی حکوومەت پاك کردەوە[٣]. لە هەمان کاتدا ڕێکخستنە نهێنییەکانی (پدك) لە شاری سلێمانی دەستیان بە جموجووڵ و خۆسازدان دژی دەسەڵاتی حکوومەت و بەیەکەوە گرێدانی هێزی پێشمەرگە و جەماوەری شارەکە کردبوو[٤]، لە لایەکی دیکەیشەوە بە مەبەستی پەلەکردن لە چوونە ناو شاری سلێمانی و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە و وەرەبەرزکردنەوەی جەماوەر بە گشتی، لە سنووری لقی٤ کە (سلێمانی و دەوروبەری دەگرتەوە) لەژێر فەرماندەی قادر قادر، سێ میحوەری سەرەکی پێکهێنا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- میحوەری (هەڵەبجە و دەڤەری شارەزوور) بە سەرپەرشتی (عوسمان قادر منەوەر) ناسراوە بە (خاڵە عەفان) کە لە ڕۆژی ٦ی ئادار ١٩٩١ گەیشتبووە بناری شارەزوور.
- میحوەری (دوکان و دۆڵی سورداش) بە سەرپەرشتی (فازڵ ڕەئووف) لەهەمان

---

(١) بارزان مەلا خالد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عمر نورەدینی، ڕۆژێکی مزر ـ بیرەوەرییەکانم لە٦ی ئاداری ١٩٩١ ڕاپەڕینی بازیان، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (٢١٥٩)، ١٩٩٦/٣/٨، ل٦.

(٣) هیوا قادر گەیلانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

(٤) محمود محەمەد، سڵاو لە (٥)ی ئازار و سڵاو لەدەروازەی ڕاپەڕین، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٣٠٤٣)، ٢٠٠٠/٣/٥، ل٥.

ڕۆژ بـەرەو شـوێنی دیاریکـراو بـەڕێ کـەوت.

- میحـوەری (سـلێمانی) بـە سەرپەرشـتی (کەمـال حەسـەن) بـوو، کـە هـەر لـە٥ی ئـادار بـەرەو سـلێمانی دەسـتی بـە جووڵـە کردبـوو[١].

بەیـانی ڕۆژی ٧ی ئـاداری ١٩٩١ جەمـاوەری شـاری سـلێمانی بـە چیـن و توێـژە جیاوازەکانـەوە بـە هانـدانی پێشـمەرگەو ڕێکخسـتنەکانی (پـدك) و لەگـەڵ پارتـە سیاسـییەکانی نـاو بـەرەی کوردسـتانی، پەلامـاری دامـودەزگاکانی حکوومـەتی عێراقیـان دا[٢]، لـە ماوەیـەکی کەمـدا جگـە لـە کـوژرانی هەندێـك بەرپـرسی بـاڵای بەعـس لەوانـە بەڕێوەبـەری ئەمنـی سـلێمانی بـە نـاوی (العقیـد خلـف عبـد أحمـد الحدیثـی) و پارێـزگاری شـارەکە، گشـت کاربەدەسـتانی تـری حکوومـەت شـارەکەیان بەجێهێشـت[٣]، لـەو ڕۆژانـەدا نێچیرڤـان بـارزانی کـە ئـەوکات بەرپـرسی میحـوەری کەرکـووك ـ سـلێمانی پـێ سـپێررابوو، بـە هێزێـکی زۆرەوە خۆی گەیاندبووە شـاری سـلێمانی و هەوڵ و کۆشـشی خـۆی خسـتبووە گـەڕ، دواتـر لـە گـردی سـەیوان بـە ئامادەبـوونی ژمارەیـەکی زۆری جەمـاوەر، وتارێـکی پێشـکەش کـرد، مـوژدەی سـەرکەوتنی ڕاپەڕینـی بـە جەمـاوەر دا[٤]، بەمـەش جموجووڵـی جەمـاوەر بەرفـراوانی بەخۆیـەوە بینـی و هەمـوو ئـەو شـوێنانەی کـە مابـوون لـە شـارەکە زووتـر و بـە ورەیـەکی بەرزتـر پەلامـار دران، دواتـر کۆنتڕۆڵـی شـارەکە بەتـەواوەتی کەوتـە دەسـتی سـەرکردایەتی سیاسـی بـەرەی کوردسـتانی[٥]. پـاش چەنـد ڕۆژێـك لـە ئازادکـردنی شـاری سـلێمانی، چەنـد شـوێنێکی گرنـگ لەوانـە: دائیـرەی ئەمـن ، بنکـەی جەیـشی شـەعبی و چەنـد شـوێنی تـر لەنـاو شـاری سـلێمانی، لـە لایـەن پێشـمەرگە و ڕێکخسـتنەکانی (پـدك) بـە شـێوەیەکی کاتی کـران بـە بـارەگای حـزب[٦]. دوای ئازادکـردنی شـاری سـلێمانی، ڕۆژی ٨ی ئـادار لقـی ٤ی (پـدك) لەگـەڵ لایەنـەکانی بـەرەی کوردسـتانی کۆبوونەوەیـەکی سـازدا، بـە مەبەسـتی داڕشـتنی بەرنامـە، جووڵەکـردن بـەرەو

---

(١) قادر قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر و نـاوی پێشـمەرگە و ڕێکخسـتنەکانی پـارتی بڕوانـە: فـازل ڕەئـوف، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ل٢٨٤ -٢٩٢.

(٣) ئاراس عبدالرحمان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

(٤) فازل ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

(٥) د.دلێـر اسـماعیل حەقـی شـاوێس، مـارت لـە یـادەوەری کوردسـتانیاندا، هەولێـر، ڕۆژنامـە، ژ:(١٨٧٥)، ٢٠١٤/٤/٨، ل٩.

(٦) قادر قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

شارۆچکەی چەمچەماڵ پشوونەدان بە هێزەکانی حکوومەت لە شارەکەدا، لەئاکامی کۆبوونەوەکە چەند بڕیارێکی گرنگ دەرکرابوون لەوانە:

- پارێزگاریکردن لە گیان و ماڵی هاوڵاتیان، ماوە نەدرێت هیچ کەسێك دەستدرێژی بکاتە سەر کەسانی تر بۆ تۆڵەسەندنەوە، کە ئەمەش هەر لە دەستپێکی ڕاپەڕین لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بڕیاری لە سەر درابوو، بۆ ئەوەی لە شارەکەدا ئاڵۆزی ڕوونەدات.
- پاراستنی ژیانی دیلەکان و چاودێریکردنیان لەڕووی مرۆڤایەتییەوە بۆ ئەوەی بسەلمێنن کە دژایەتییان تەنیا لەگەڵ ڕژێمی حوکمڕانە، نەك سەربازان و پیاوانی حکوومەت، لەگەڵ چەند بڕیارێکی تری گرنگ کە هاوکاربوون بۆ سەرخستنی ئەو پلانەی کە لە کۆبوونەوەی ئەم دواییەدا داڕێژرابوو[1].

دوای ڕێککەوتن و جووڵەپێکردنی هێزی پێشمەرگە، لە هەمان ڕۆژدا هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەر و ئازادکردنی شارۆچکەی چەمچەماڵ [2]، جەماوەری شارەکانی هەڵەبجە، عەربەت، زەڕایەن، پیرەمەگروون، لەگەڵ ناوچەیەکی تری دەوروبەری سلێمانی ڕاپەڕین و توانیان تا ئێوارەی هەمان ڕۆژ گشت ئەو ناوچانە لە پاشماوەی حکوومەتی ڕەفتار فاشی عێراق پاك بکەنەوە[3]. بەیانی ڕۆژی دواتر، لە٩ی ئادار جەماوەری شاری کەلار، دەربەندیخان، کۆیە و شەقڵاوە هەڵمەتیان بردەسەر دامودەزگاکانی بەعس و بە تەواوەتی کۆنترۆڵ کرابوون، ڕۆژانی ١٠ - ١١ی ئادار جەماوەری کفری، قەرەهەنجیر و، حاجی ئۆمەران، چۆمان و ڕەواندوز، خەلیفان، مێرگەسۆر، باسرمە لەگەڵ شاری هەولێریش ڕاپەڕین، توانییان هەر زوو لە بەرانبەر بەرگرییەکی کەم توانا، گشت ئەو ناوچانە ئازاد بکەن و هەموو بنکە و دامودەزگاکانی کۆنترۆڵ بکەن[4]. سەبارەت بە ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕینی جەماوەر لە شاری هەولێر، سەرچاوەکانی نزیك لە (پدك) وا پیشان دەدەن پێشتر لە لایەن ڕێکخستنە نهێنییەکانی (پدك) لەوانە ئەندامانی ڕێکخراوی شەهیدانی قەندیل و ڕێکخراوی دەنگی ئازادی و چەند ڕێکخراوێکی تر، بە هەماهەنگی لەگەڵ هەندێك لە حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی، بە تایبەتی ئەندامانی سەر

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٢.

(٢) کوردستانی نوێ، ڕۆژنامە، ژ:(٣٧)، ساڵی یەکەم، ١٩٩٢/٣/٨، ل٤.

(٣) د.دلێر ئیسماعیل، مارت لە یادەوەریی...، ل٦.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٦.

بـە (حشـع) بەرنامەڕێـژی کرابـوو[1]، هـاوکات لـە ژێـر کاریگـەری سـەدای ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق ڕۆژی ٦ی ئـاداری ١٩٩١، خۆپیشـاندانێکی جەمـاوەری لـە ناوەڕاسـتی بـازاڕی شـێخەڵا (ناوەنـدی شـاری هەولێـر - لێکۆڵـەر) سـازکرا[2]، جەماوەرێـکی زۆر لـە دەوری کۆبووبوونـەوە و، بـەرەو کۆڵانـەکانی سـێتاقان و سـەیداوە کشـا، بەپێـی سـەرچاوەکان تـا دەهـات خەڵـکی شـارەکە لـە دەوری کۆدەبوونـەوەو خۆیـان دەخزانـدە نێـو جەماوەرەکـەوە، دواتـر لـە لایـەن خۆپیشـاندەرانەوە بنکـەی پۆلیـسی سـەیداوە درایـە بـەر ڕێژنـەی گوللـە، بەردبـاران کـرا[3]، بۆیـە دەکـرێ بڵێیـن لـەو ڕۆژەدا ڕق و کینـەی پەنگخـواردووی جەمـاوەری هەولێـر تەقیبـووەوە.

لـە سـەرێکی تریشـەوە لـە١٠ی ئـادار لـە ڕێگـەی (خالـد ڕەسـووڵ)ەوە کـە کادیـری ڕێکخسـتنی نهێنـی (پـدك) بـوو، پەیوەنـدی بـە چەکـدارەکانی باڵەخانـەی پارێـزگای هەولێـرەوە کـرد، هـەروەك (کرمانـج عەبـدوڵا) کـە ئـەوکات بەرپـرسی ڕێکخـراوی (شـەهیدانی قەندیـل) بـوو، دەنووسـێت: "کاتێـك خالد ڕەسـووڵ پەیوەندی بـە چەکدارانی ڕژێمـەوە کـرد لەبینـای پارێزگـە، وشـەی نهێنـی بـۆ دانـان، کـە هـەر کاتێـك ئێمـە بچیـن و وشـە نهێنییەکـە بدرکێنیـن و ئـەوان چەکەکانیـان تەسـلیم بـە ئەندامـانی ئێمـە بکـەن و ئەنجـام کاتێـك هەڵمەتمـان بـرد بـۆ باڵەخانـەی پارێزگـە، دوای درکانـدنی وشـەی نهێنـی چەکـدار و پاسـەوانەکانی پارێزگـە چەکەکانیـان تەسـلیم بـە ئێمـەی کـرد»[4]. هەروەهـا لـە درێـژی کاروچالاکیەکانیـدا، شـەوی ١٠ ـ ١١ی ئـادار واتـە چەنـد کاتژمێرێـك پێـش ڕاپەڕیـن لـە شـارەکەدا، کۆبوونەوەیـەك لە ماڵی (خالد ڕەسـووڵ) ئەنجـام درا و ئەرکەکان دابـەش کـران[5]، لەهەمـان شـەودا لـە ڕێگـەی (سـەلاح مـەزن) کـە کادیـری ڕێکخسـتنی (حشـع)بوو، حزبەکەیـان سـەبارەت بـەو جێگـە و شـوێنە دیاریکراوانـە ئـاگادار کـردەوە کـە بـە نیازبـوون ئـەرکی خۆیـان تێـدا جێبەجـێ بکـەن، ئـەو جێگەیانـەش بریتـی بـوون

(١) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: کرمانـج عەبـدوڵا، ڕۆڵـی ڕێکخسـتنەکانی پارتیـمان لـە ئازادکـردنی هەولێـردا، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ:(٣٣٢٨)، ٢٠٠١/٣/١١، ل٧.

(٢) کرمانـج عەبـدوڵا، ڕۆڵـی ڕێکخسـتنەکان لـە ئازادکـردنی هەولێـردا، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (٣٠٤٨)، ٢٠٠١/٣/١٢،ل٧.

(٣) مەهـدی خۆشـناو، هەولێـر لـە١١ی ئـاداردا زەبـری کوردانـەی خـۆی وەشـاند، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (٣٠٤٨)، ٢٠٠٠/٣/١٢، ل٦.

(٤) کرمانج عەبدوڵڵا، ڕۆڵی ڕێکخستنەکان لە ئازادکردنی ...، ل٣.

(٥) هەمان سەرچاوە...، ل٧.

لـە ڕێگـەی شـەقڵاوە تـا عەنـكاوە و پارێـزگای هەولێـر[1]. هەروەهـا پێـش ئـەو ماوەیەش ڕۆژی ٨ی ئـادار لـە لایـەن مەسـعود بارزانییـەوە نزیكـەی ١٠٠ پێشـمەرگەی چـالاك بـە سەرپەرشـتی بەرپـرسی لقی٢كـە ئـەوكات (عومـەر عوسـمان)بوو، بـە مەبەسـتی چوونـە نـاو شـاری هەولێـر ڕاسـپێردرابوون، هـاوكات ڕۆژی ١١ی ئاداریـش بـۆ ئازادكـردنی شـاری هەولێـر دیاریكرابـوو[2]. ئەوەبـوو لەشـەوی ١٠ ـ ١١ی ئـادار چەنـد مەفرەزەیـەكی لقـی٢ گەیشـتبوونە ناوەنـدی شـاری هەولێـر[3]. هەروەهـا لـەو دەمـەدا پێویسـتە ڕۆڵـی ئێزگەی دەنگـی كوردسـتانی ـ عێراقیـش لـە سـازدانی ڕاپەڕینـی شـاری هەولێـر لـە بەرچـاو بگریـن كـە ئامرازێـكی گرنـگ بـوو بـۆ هانـدانی جەمـاوەر، لـەم بارەیـەوە بـارزان مـەلا خالـد كـە ئـەوكات لـە ئێزگـەی ناوبـراو بێـژەر بـوو، دەنووسـێت: "مەسـەلەی (١١)ی ئـادار بـۆ مـن تایبەتمەنـدی خـۆی هەبـوو، مـن خەڵـكی هەولێـرم و نزیكـەی ١٦سـاڵ بـوو كەسـوكاری خـۆم نەدیتبـوو، خوێـن لـە شـادەمارەكانم بـۆ هەولێـر دەجـووڵا، هـانی جەمـاوەر و پێشـمەرگەكانی (ئەیلوول)مـان دەدا، بـاسی مێـژووی هەولێـر و شـاعیرەكانی وەك (كانی) و (جاهید)مـان دەكـرد، بـاسی چەنـد شـتێكی تـری كـۆنی شـارەكەمان دەكـرد»[4].
ڕاسـتییەكەی ئـەم پڕوپاگەندانـە و سـەدای ئێزگـەی دەنگی كوردسـتانی ـ عێـراق هاوكاری بـاشی ڕاپەڕینـی كردبـوو، هـەروەك عومـەر عوسـمان دەنووسـێت: "پـاش ئـەوەی هەموو ڕێكخسـتنەكانی لقـی ٢ ئـەرك و كاتژمێـری سـفریان بـۆ دانرابـوو بەهـۆی پەیامـی نهێنـی ئێزگەییـەوە پەیوەندییـان پێوەكـرا، مەفـرەزەكان و هێـزی پێشـمەرگە كەوتنـە جێبەجێكـردنی بەرنامـەی ئازادكـردنی شـاری هەولێـر»[5]. دواجـار لـە كاتژمێـر (٦:١٥) شـەش و چارەگـی بەیـانی ڕۆژی ١١ی ئـادار پێشـمەرگە و ڕێكخسـتنە نهێنییـەكانی (پـدك) بـە پشـتیوانی جەمـاوەری چەكـداری شـارەكە، بـۆ یەكـەم جـار لـە گـەڕەكی سـورچیان دەسـتیان بـە هەڵمەتـبردن كـرد بـۆ سـەر بنگـە و دامـودەزگاكانی حكوومـەت[6]. بەیـانی هەمـان ڕۆژ ئـەو پێشـمەرگانەی كـە مەسـعود بـارزانی ڕاسـپاردبوون، لـە شـارۆچكەی

---

(١) هەمان سەرچاوە...، ل٣.

(٢) هەمان سەرچاوە...، ل٧.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عومەر عوسمان، ژیانی كوردێك...، ل١٥٣.

(٤) عومەر عوسمان، ڕۆژی ڕزگاركردنی كەركوك...، ل١١.

(٥) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: بـارزان مـەلا خالـد، لـە ڕاپەڕینـدا ئێزگـەی دەنگـی كوردسـتانی عێـراق بەسـەنگی بـاوی خۆیـەوە هانـدەری جەمـاوەر بـوو، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (٣٣٢٨)، ٢٠٠١/٣/١١، ل٣.

(٦) كرمانج عەبدوڵڵا، ڕۆڵی ڕێكخستنەكان...، ل٣.

(پیرمام)ەوە خۆیان گەیاندبووە ناو شاری هەولێر[1]. جگە لەوەش هێزێکی تری پێشمەرگەی هاوبەشی بەرەی کوردستانی بە سەرپەرشتی خورشید شێرە و چەند فەرماندەیەکی لەشکری حزبەکانی تر گەیشتبوونە ناوەندی شارەکە[2]، بە ماوەیەکی کەم بە پشتیوانی و ڕێنوێنی ڕێکخستنەکانی ناوخۆ تا کاتژمێر ٧:٣٠ ی بەیانی، هێزەکانی (پدك) دەستیان بە سەر باڵەخانەی پارێزگا و چەند شوێنێکی تردا گرت و بارەگای لقی ٢ی حزب بە شێوەیەکی کاتی لە ناو باڵەخانەی پارێزگا دانرا[3]. هاوکات لەگەڵ بەرفراوان بوونی جموجووڵی جەماوەر، ئێوارەی هەمان ڕۆژ واتە ١١ی ئادار لەسەر داوای مەسعود بارزانی هێزێکی پێشمەرگەی لقی٤، کە لە٧٠٠ پێشمەرگە زیاتر پێکهاتبوو، بە سەرپەرشتی حەمید ئەفەندی، لە سنووری سلێمانییەوە بەرەو شاری هەولێر هاتبوون، دواتر لەناو شارەکە تێکەڵاوی جەماوەر و هێزەکانی تری پێشمەرگە بووبوون[4]. دوابەدوای ئەمە پاش کاتژمێرێك لە بەرگریکردن بەرانبەر بە هێزەکانی حکوومەت و چەندان جار بە بۆمبابارانکردنی هێلیکۆپتەر، بە خوێنی ٤ پێشمەرگە و برینداربوونی ٦کەسی تر[5]، توانییان دەست بەسەر بارەگای فەیلەقی ٥ی سوپای عێراقدا بگرن[6]، زیاتر لە٥٠ ئەفسەر و سەرباز و پیاوانی حکوومەت بەدیل گیرابوون و لە ماوەیەکی یەکجار کورتدا بە پشتیوانی جەماوەر و لەپاڵ هێزەکانی تری بەرە تەواوی شاری هەولێر ئازاد کرا[7]. بە ڕاستی ئازادکردنی شاری هەولێر بەتایبەتی لەڕووی مێژوویی سیاسی بۆ خەڵکی هەولێر و کوردستان بەگشتی مانای تایبەتی و کوردانەی خۆی هەبوو، سەرکەوتنێکی یەکجار گەورە بوو لەبەر

---

(١) بۆ زانینی ناوی ئەو پێشمەرگانە بڕوانە: عومەر عوسمان، ژیانی کوردێك...، ل١٥٣.

(٢) فەرماندەکانی لەشکری پارتی لەگەڵ ئەم هێزە بریتی بوون لە: (وەستا یونس و جەمال مورتکە و عەبدولڕەحمان حاجی عەلی و خدر سوارە و نەجمەدین گورونی و عەبدولمهەیمن بارزانی). چاوپێکەوتن لەگەڵ خورشید شێرە، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٥.

(٣) کرمانج عەبدوڵڵا، ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی پارتیمان...، ل٧.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید ئەفەندی، میحوەری باشیك، ٢٠١٦/٣/٢٠.

(٥) عومەر عوسمان، ڕۆژی ڕزگارکردنی کەرکووك...، ل١١؛ مهدی خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

(٦) عومەر عوسمان، یادی ڕاپەڕین لە کەشکۆڵی پێشمەرگەیەکدا، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٢١٥٩)، ١٩٩٦/٣/٨، ل٧.

(٧) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عومەر عوسمان، هەولێر لە ١١ی ئاداری ١٩٩١ دا، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (٣٣٢٨)، ٢٠٠١/٣/١١، ل٦.

ئـەوە لـەڕووی بایەخـی سیاسـی لـە دوای شـاری بەغـدای پایتەختـی عێـراق دەهـات، کـە لـە سـاڵی ١٩٧٤ لـە لایـەن حکوومـەتی عێراقـەوە دامـودەزگاکانی ئۆتۆنۆمـی (کارتـۆنی سـاڵی ١٩٧٤)یـان تێـدا دامەزرانـد، هەولێریـان کردبـووە پایتەختـی ئـەو ئۆتۆنۆمییـە کـە بەشـێکی زۆری باشـووری کوردسـتانی لەخـۆ دەگـرت.

هـەر وەك لەسـەرچاوەکاندا هاتـووە لـە ڕۆژانی یەکەمـی ئازادکـردنی شـاری هەولێـر زۆربــەی هێــزەکانی کوردســتانی دەســەڵاتی خۆیــان لــە شــارەکەدا دامەزرانــد، لــەو چوارچێوەیـەدا (پدك)یـش زیاتـر لـە ٧٥ بنکـە و بـارەگای کـردەوە، نزیکـەی٥٠ مەفـرەزە و بەتالیـۆنی پێشـمەرگەش ڕێکخسـتن، درێژەیـان دا بـە تەیارکـردن و ڕێکخسـتنی خەڵـك بـە ڕیـزەکانی پێشـمەرگە[1]. ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ جەمـاوەری کوردسـتان بـە هـاوکاری و ڕێنوێنـی ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی پارتـەکانی بەرەی کوردسـتانی، گـەرم و گوڕتر و بەجۆشـتر دەهاتنـە مەیـدان و شـار لـەدوای شـار ئـازاد دەکـران. دوای ئازادکـردنی شـاری هەولێـر لـە بەیـانی ڕۆژی ١٢ی ئـاداری١٩٩١ گلپـەی ڕاپەڕیـن گەیشـتە سـنووری بادینـان[2]، بـۆ یەکەمیـن جاریـش جەمـاوەری (شـارۆچکەی ئاکـرێ)[3]و دەوروبـەری ڕاپەڕیـن[4]. لـە ڕۆژانی دواتـر ئاگـری ڕاپەڕیـن بـەرەو تـەواوی ناوچـەکانی بادینـان ڕۆیشـت. ڕاسـتییەکەی شـارۆچکەی ئاکـرێ شـوێنێکی گرنـگ و پـڕ بایـەخ بـوو لـە لایـەن حکوومـەتی عێـراق، لەچـاو شـوێنەکانی تـر جیـاوازی خـۆی هەبـوو لەبـەر ئـەوە نزیـك بـوو لـە سـنووری خـۆی لـە لایـەك، لەلایـەکی تریـش ناوچـەی بادینـان و سـۆرانی بەیەکـەوە گـرێ دەدا، بۆیـە بـۆ ماوەیـەکی زۆر حکوومـەت لـە هەوڵـی دابـڕانی ئاکـرێ و ناوچـەی بادینانـدا بـوو

---

(١) عومەر عوسمان، ژیانی کوردێك...، ل١٥٩.

(٢) یاسـین هێـژا، ١٢ی ئـاداری ١٩٩١ ڕۆژی ئازادکـردنی ئاکـرێ، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٤٠١٨)، ٢٠١٢/٣/١٢، ل٥.

(٣) شـارۆچکەی ئاکـرێ، لـە سـەر ئاسـتی کوردسـتان و عێـراق پێگەیـەکی جوگـرافی گرنگـی هەیـە، دەکەوێتـە باکـووری ڕۆژهـەڵاتی شـاری مووسـڵ، لـە لای باکـووری شـارەکە چیـای شـیرین و دەشـتی زێیـە، لـە لای ڕۆژهەڵاتـەوە زێـی گەورەیـە، لـە ڕۆژئـاوەوە تـا ڕووبـاری خـازرو دەوروبـەری دەگرێتەوە...بـۆ زانیـار زیاتـر بڕوانـە: جمبـد شـکری بابکـر ئاکرەیـی، ئاکـرێ (عقـرە) فـی العهـد الملکـی، مطبعـة حاجـی هاشـم،أربیل، ٢٠٠٨، ص٢٢.

(٤) جەوهـەر عـلی عەزیـز، سـەرهەلدانا ئاکـرێ و گوهرینـا ڕەوشـا کارگێڕیـا قـەزا ئاکـرێ، سـیپە، گۆڤـار، ژ:(٤٥)، ٢٠١٣/٣/٢، ل٨.

لەگـەڵ شـوێنەکانی تـری کوردسـتان[1]. لـەم ڕوانگەیـەوە حکوومـەت بـۆ بەرگریکـردن لـە ئاکـرێ و ڕێگرتـن لـە ئازادکـردنی ناوچەکـە، چەنـدان فەوجـی سـەرباز و جـاش و مەفـرەزەی تایبـەت لـە ناوچەکـەدا جێگیرکرابـوون، بـەڵام بەهـۆی بـەرزی ئاسـتی ڕق و کینـەی جەمـاوەر و کاریگـەری ئازادکـردنی شـاری هەولێـر بەتایبـەتی بەهـۆی نزیـکی لـە ناوچەکـەوە، دەسـەڵاتی کۆنترۆڵکـردنی لەدەسـت حکوومـەت دەرچووبـوو، شـەوی ١٢/١١ ی ئـادار واتـە چەنـد کاتژمێرێـك پێـش ڕاپەڕیـن سـەدان کـەس لـە چەکـدارانی حکوومـەت بـۆ مووسـڵ و چەنـد ناوچەیـەکی تـری ژێردەسـتی ڕژێـم هەڵاتبـوون، تـا ڕادەییـەك ناوچەکـە چـۆڵ کرابـوو[2]. هەروەهـا چەنـد ڕۆژێـك پێـش ڕاپەڕیـن زۆربـەی لایەنـەکانی بـەرەی کوردسـتانی لـە ئاکـرێ و دەوروبـەری لـە خۆئامادەکردنـدا بـوون بـۆ ڕاپەڕیـن، لـەم نێوەنـدەدا ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی (پـدك) لەوانـە: (ڕێکخـراوی چیـا، ڕوناهـی، ئەحمـەدێ خانـێ، گارە، پیـرس، فیـراس و هەوار...تـاد)، ئاگادارکردنـەوە لـە لایـەن سـەرکردایەتی حزبـەوە بـە هـۆی پیاوماقـولانی ناوچەکـەوە، لـە ڕۆژانی ٨-١٠ی ئـاداری ١٩٩١ چەنـد کۆبوونەوەیەکیـان سـازکرد و تێیانـدا بەرنامەیـەکی تۆکمـە و ئامـادەکاری تـەواوی کـردەی ئازادکـردنی شـارۆچکەکەیان ڕێکخسـتبوو[3]، پێشـتریش لـە ڕێگـەی ڕیـش سـپی و هەندێـك لـە پێشـمەرگەکانی شـۆڕشی ئەیلـوول و کەسـانی دیـاری ناوچەکـەوە، وەك: (مسـتەفا زێباری(دوسـتەکی) و عەبـد ولقەهـار ئاغـا زێبـاری و لەزگیـن ئاغـا زێبـاری و برقـی ئاغـا زێبـاری، تاهیـر کادانی، میکایـل باشـقالی) لـە (ناحیـەی دینارتـە)[4] و (شـەهاب سـورچی و شـێخ دیفـاع سـورچی و حەجـی مـەزو و چەنـد کەسـانی تـر) لە(ناحیـەی بجیـل)[5]، چەنـدان شـانەی چەکداریـان لـە دانیشـتوانی ناوچەکـە دروسـت کـرد، بەپێـی قسـەی مسـتەفا زێبـاری نزیکـەی ٨٠٠ کـەس مەزەنـدە

---

(١) یاسـین هێـژا، ١٩٩١/٣/١٢ ڕۆژی ئازادکـردنی ئاکـرێ و بـەردەڕەش و دەوروبـەری، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٢٧٨٨)، ٢٠٠٨/٣/١٢، ل٥.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ غیاس خالد زێباری، دینارتە، ٢٠١٦/٣/١٠

(٣) سـاڵح محەمـەد تەیـرو، ئاکـرێ بـوو کلیـل و دەروازەیـا سـەرهەڵدانا دەڤـەرا بادینـان، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ:(٤٠١٨)، ٢٠٠٩/٣/١٢، ل٥.

(٤) ناحیـەی دینارتـە، دەکەوێتـە دۆڵـی نەهلـە لـە بنـاری چیـای پیـرس، نزیکـەی ١٥ کیلۆمەتـر دووره لـە قـەزای ئاکرێ.(لێکۆڵەر)

(٥) ناحیـەی بجیـل، دەکەوێتـە ڕۆژهـەڵاتی ئاکـرێ، بـە دووری کەمـتر لـە١٢ کیلۆمەتـر لـە سـەنتەری قـەزای ئاکرێ.(لێکۆڵـەر)

دەكـرا[١]. لەهەمـان كاتـدا هەوڵـی پەیوەندیكـردن بـە مستەشـار و چەكـدارانی حكوومـەت و سـەرۆك هـۆزەكانی ناوچەكـە دابـوو، زۆربەیـان بڕیاریـان دابـوو پشـتیوانی جەمـاوەری ڕاپەڕیـو و هێـزی پێشـمەرگە بكـەن، هـەروەك سـەعدو مـەلا مەحمـوود كـە ئـەوكات یەكێـك بـوو لـە چەكـدارانی سـەر بە(فەوجـی یـەك)[٢]، لـە چاوپێكەوتنێكـدا دەڵێـت: "پێـش ڕاپەڕیـن بەچەنـد ڕۆژێـك لـە كۆبوونەوەیەكدا لەتیـف ئاغـا زێبـاری بـە ئێمـەی ڕاگەیانـد وەك پێشـمەرگە پاڵپشـتی دانیشـتووانی شـارەكە و جەمـاوەری ڕاپەڕیـو بكـەن سـەر ئەنجـام زیاتـر لـە ١٠٠٠ كـەسی چەكـدار بەشـداریمان لـە ڕاپەڕینـدا كـرد و چووینـە ڕیـزی پێشـمەرگەكانی پـارتی»[٣]. بێگومـان بەمـەش كەلێنێـكی گـەورە لەنێـو چەكـدارانی حكوومـەت و دەسـەڵاتی حكوومـەت دروسـتكرابوو، بەچـەك و كەلوپەلێـكی زۆری سـەربازی كەوتبوونـە هـاوكاری و هەماهەنگـی لەگـەڵ جەمـاوەری ڕاپەڕیـو و هێـزی پێشـمەرگە.

هەروەهـا ناكـرێ ڕۆڵـی ئێسـتگەی دەنگـی كوردسـتانی- عێـراق لەبـەر چـاو نەگیـرێ، جگـە لـە ئـاگاداری و ڕێنوێنیكـردنی ڕێكخسـتنە نهێنیـەكانی شـارەكە، هاوشـێوەی شـارەكانی تـر توانـرا بـە باشـترین شـێوە جەمـاوەر ڕێكبخـا زیاتـر و زووتـر بیانڕێژتـە سـەر جـادە و كوچـە و كـۆڵانی شـارۆچكەكە[٤]. دواجـار بـۆ ئـەوەی ڕاپەڕینـی ئاكـرێ

(١) چاوپێكەوتـن لەگـەڵ مسـتەفا زێبـاری (دوسـتەكی)، ئاكـرێ، ٢٠١٦/٩/٣. مسـتەفا زێبـاری، نـاوی تـەواوی (مسـتەفا تاهـا عیسـا)یە، لـە دایكبـووی ١٩٣٥ لـە دەڤـەری زێبـار، سـاڵی (١٩٦٣ ـ ١٩٧٥) پێشـمەرگە بـوو بـە چەنـد پلەیـەكی جۆراوجـۆر لـە ڕیـزی شـۆڕشی ئەیلـوول، سـاڵی (١٩٧٥ ـ ١٩٧٨) ڕژێمـی بەعـس بـۆ باشـووری عێراقـی دوور خسـتبووەوە، سـاڵی ١٩٧٨ بـۆ نـاو شـۆڕش دەگەڕێتـەوە، ئێسـتە ئەندامـی لێژنـەی كۆمەڵایەتییـە لـە لقـی ٩ی پـارتی و نیشـتەجێی ئاكرێیـە.

(٢) فەوجـی یـەك لـە لایـەن لەتیـف ئاغـا زێبـاری و قـەدری ئەحمەدئاغـا زێبـاری سەرپەرشـتی دەكرا... بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: دەرسـیم دیبەگەیـی، ئینسـكلوپیادی تاوانبـارانی ئەنفـال و كـورد و جینوسـایدكردنی كوردسـتان، هەولێـر ،٢٠١١، ل٢٤٥ بـەدواوە.

(٣) چاوپێكەوتـن لەگـەڵ سـەعدو مـەلا مەحمـود، دینارتـە، ٢٠١٦/٨/٢٤، سـەعدو مـەلا مەحمـود، لـە دایكبـووی ١٩٤٣ لـە قـەزای ئاكـرێ، لـە سـەرەتای شەسـتەكان تاوەكـو نسـكۆی ئـازاری ١٩٧٥ لـە ڕیـزی شـۆڕشی ئەیلـوول پێشـمەرگە بـووە، لـە دوای نسـكۆ تاوەكـو ڕاپەڕینـی ١٩٩١ چەكـداری حكوومـەت بـوو لـە فەوجـی ١ لـە قـەزای ئاكـرێ، لـە ئێستاشـدا خەریـكی كشـتوكاڵە، دانیشـتووی گونـدی ئامادایـە لـە ناحیـەی دینارتـە.

(٤) سـاڵح محەمـەد تەیـرو، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٥؛ چاوپێكەوتـن لەگـەڵ مسـتەفا زێبـاری، ئاكـرێ، ٢٠١٦/٩/٣.

بێتـە ئەگەرێـکی حەتمـی و مسـۆگەر، ڕێکخسـتنە نهێنیـەکانی (پـدك) لـە شـەوی ١٢/١١ی ئـادار کۆدەبنــەوە و ســەرجەم ئــەو لایەنانــەی پێشــتر پەیوەنــدی پێوەکرابــوو ئــاگادار دەکەنـەوە لـە تەوقیـدی ڕاپەڕیـن کـە بریتـی بـوو لـە کاتژمێـر ٧:٣٠ی خولـەکی بەیـانی ڕۆژی ١٢ی ئـادار[١]، ئەوەبـوو لـە کاتی خۆیـدا شـانە چەکدارەکانی (پـدك) لەوانە: (سـمایل مەحمـوود و کەریـم خێلافـی و عوبەیـد ئیسـماعیل و عومـەر سـلێمان و ئەمیـن نەعـۆ و سـەعدو شـوشی...تاد)، بـە سەرپەرشـتی سـوفی باپیـر کـە ئـەوکات بەرپـرسی ڕێکخـراوی چیـا بـوو، پەلامـاری دامـودەزگاکانی حکوومـەت درا[٢]، بـۆ ماوەیـەکی کـورت، بـە پاڵپشـتی (کۆمیتەیشۆڕشـگێڕی)[٣]، جەمـاوەر و لایەنـەکانی تـر دەسـتیان بەسـەر شـوێنە گرنگـەکانی ناوچەکـەدا گرتبـوو[٤]. لـە بەیـانی هەمـان ڕۆژدا دەسـتەیەك لـە هێـزی پێشـمەرگەی لقـی ٢ی(پـدك) ڕێـگای هەولێـر (زێـی گـەورە)ەوە گەیشـتبوونە شـاری ئاکـرێ[٥]، و تێکـەڵاوی جەمـاوەری ڕاپەڕیـو ببـوون، جەمـاوەری شـارەکەش شۆڕشـگێڕانەتر بەشـدارییان کـرد و هێرشـیان بـردە سـەر بـارەگاکانی حکوومـەت، لـە ماوەیـەکی کەمـدا توانـرا سـنووری ناحیـەی (دینارتـە و بجیـل) و سـەنتەری قـەزای ئاکـرێ بـە تـەواوەتی ئـازاد بکرێـت[٦]. ڕۆژانی دواتریــش دەســتەیەکی پێشــمەرگەی لقــی١ کــە لە:(بابەکـر زێبــاری، عەبــدوڵا قـادو زێبـاری، مەحمـوود زێبـاری (هـەرنی)، شـیمال ئاکرەیی...تـاد) پێکهاتبـوون، خۆیـان گەیاندبــووە ئاکــرێ و بــارەگای (پدك)یــان کردبــووەوە و، دەســەڵاتی خۆیــان جێگیــر کردبـوو[٧]. هـاوکات لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی دەنگـی ڕاپەڕیـن لـە قـەزای ئاکـرێ، کاتژمێـر ٨ی بەیــانی ژمارەیــەك لــە پێشــمەرگەکانی شــۆڕشی ئەیلــوول لەوانــە: عــادل مســتەفا

---

(١) ئـازاد مسـتەفا، دیـرۆك بەسـەدەها شـاهد...ئاکرێ دەروازەیـا سـەرهەڵدانا بەهدینانـە، ئەڤـرۆ، هەفتەنامــە، ژ: (١١٤٢)، ٢٠١٣/٣/١٣، ل١٢.

(٢) ساڵح محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

(٣) کومیتـەی شۆڕشـگێڕی، پێکهاتەکـەی بریتـی بـوو لـە خەڵکـی دڵسـوز وشۆڕشـگێڕی ناوچەکـە، ئەرکیـان سـازدان و دامەزرانـدنی دەزگایـەکی کارگێـڕی بـوو تاوەکـو دەسـەڵاتی بـەرەی کوردسـتانی دەگاتــە ئاکرێ...بڕوانــە: ئــاراس عبدالرحــمان، ســەرچاوەی پێشــوو، ل١٥٨.

(٤) ئەلەنـد ئاکرەیـی، چەنـد یـا گرنگـە سـەرهەڵدانا ئاکـرێ بهێتـە دیکیومێنـت کـرن، سـیپە، گۆڤـار،ژ:(٥٧)، ئــادار٢٠١٤، ل٧.

(٥) جمال مورتکە، بیرەوەری هەفدەمین...،ل١٢.

(٦) د.کریـم کەکـو، سـەرهەڵدانا ئاکـری١٢ی ئـاداری ١٩٩١ و گوڕانکارییـن سیاسی و کارگێـڕی، سیپە، گۆڤـار، ژ:(٤٥)، ئـاداری ٢٠١٣،ل٨.

(٧) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ساڵح تەیرو،سەرچاوەی پێشوو،ل٥.

سەعید، مەلا بەهجەت قادر...تاد، کە ئەوکات سەر بە ڕێکخراوی ئاگرین بوون، لە (ناحیەی بەردەڕەش)[1]، بە پشتیوانی جەماوەر و هێزەکانی تری کوردستانی، ئاگری ڕاپەڕینیان هەڵکرد، تا ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەشی سەرەکی سنووری بەردەڕەش لە دەستی حکوومەت ئازاد دەکرێت[2]، بە ئازادبوونی شاروچکەی ئاکرێ و ناوچەکانی دەوروبەری ئەو پیلانە لە گۆڕ نرا کە حکوومەت پێشتر داڕشتبوو بۆ جیاکردنەوەی ناوچەی بادینان و سۆران لەیەکتری.

تادەهات بازنەی ڕاپەڕین فراوانتر دەبوو، جەماوەری کوردستانیش تامەزرۆیانەتر بەشدارییان لە ڕامالینی دکتاتۆریەت دەکرد، بەیانی ڕۆژی ١٣ی ئاداری ١٩٩١ بە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی و شانە چەکدارەکانی(پدك)، جەماوەری شارۆچکەی شێخان و ئەلقوش ڕاپەڕین[3]، سەرەڕای بوونی چەند قوربانییەك، توانییان تا ئێوارەی هەمان ڕۆژ تەواوی ناوچەکە لە دەسەڵاتی بەعس پاك بکەنەوە[4]. ڕۆژانی دواتر جەماوەری سنوورەکە تێکەڵاوی جەماوەری ڕاپەڕیوی دهۆك بوون. لە هەمان ڕۆژدا، ١٣ی مانگ ئاگری ڕاپەڕین گەیشتە شارۆچکەی زاخۆ[5]، وەك زۆربەی شارەکانی تر

---

(١) ناحیەی بەردەڕەش، ناسراوە بە(العشائر السبعة ـ حەوت هۆزەکان)، یەکێکە لە کۆنترین ناحیەکانی سەر بە قەزای ئاکرێ، (ئێستە بووەتە قەزا)، خاوەن پێگەیەکی جوگرافی گرنگە هەولێر و مووسڵ و چەند شوێنێکی تر بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ڕووبەرێکی بەرفراوانی کشتوکاڵی لەخۆ دەگرێت...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.عبدالفتاح علی یحیی البوتانی، ثلاث سنوات دراسة في بردرەش (نبذە تاریخیة، ذکریات، مشاهدات، انطباعات، ملاحضات)، مطبعة محافظە دهوك، دهوك، ٢٠١٤،ص٢٢٥.

(٢) تەیار عادل گۆران، وەکو ئەڤرۆ سەرهەڵدانا بەهدینان و بەردەرەش دەستپێکرد، ئەڤرۆ، هەفتەنامە، ژ:(١١٤١)، ٢٠١٣/٣/١٢، ل٥؛ سعید مەموزینی، بەردەرەش...دەروازەی سەرهەڵدانا بادینان، خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٣٢٢٣)، ٢٠١٥/٣/١٦، ل١٣.

(٣) یاسین هێژا، ڕاپەڕینی جەماوەری شاری دهۆك و دەڤەری بادینان لەساڵی ١٩٩١دا، خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٣٤٢٢)، ٢٠١٠/٣/١٥، ل٥.

(٤) قوربانییەکان بریتی بوون لە:(محەمەد جەمیل و بشار تەمەر حسێن و عەبدولڕەحمان ئیبراهیم و نەجمەدین عەزیز و یوسف عەزیز و حەسەن سدیق و حەمید ئەحمەد ئەمین و سەفەر حەمید ئەحمەد و ئیسکان حەمید ئەحمەد و جەعفەر محەمەد و محەمەد ساڵح). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عیسا نسری، سەرهەڵدانا شێخان و ئەلقوش، ئەڤرۆ، هەفتەنامە، ژ:(١١٤٢)، ٢٠١٣/٣/١٣، ل١٢.

(٥) برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٣٠٤٩)، ٢٠٠٠/٣/١٣، ل٦.

پێشتر لە لایەن ڕێکخستنە نهێنییەکانی (پدك)ەوە، وەك: (ڕێکخراوی مزگین و کاوە و سمکۆ و ستێرا گەش و ئادار و پێشکەڤتن...تاد)، نزیکەی ٤٠٠ ـ ٥٠٠ شانەی چەکداری لە جەماوەری ناوچەکە ڕێکخستبوو[١]، هەروەها چەند ڕۆژێك بەر لە ڕاپەڕین، سەرکردایەتی (پدك) لە ڕێگەی دۆستانی مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە پەیوەندی لەگەڵ چەند موستەشار و کەسانی سەر بەحکوومەت لەوانە: (عیسمەت دینو سندی و خالد شێخۆ و سەلمان سندی ...تاد)، دروستکردبوو[٢]، کە زیاتر لە ٣٠٠ کەسی چەکداریان لەگەڵ بوون[٣]، بەم چەشنە(پدك) ئامادەسازی باشی بۆ ڕاپەڕین کردبوو، هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕین هێزێکی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی(عەلی قادر و وەحید حیفزولا)، گەیشتبوونە زاخۆ بە ماوەیەکی زۆر کورت بە پشتیوانی هێز و بازووی جەماوەر و لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی، ئێوارەی هەمان ڕۆژ شارەکە ئازادکرا[٤]. ڕاستییەکەی ئازادکردنی قەزای زاخۆ گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبوو لەبەر ئەوە لەلایەکەوە زاخۆ بە یەکێك لە دەروازە گرنگەکانی باشووری کوردستان دادەنرێت بە ڕووی ئەوروپا و جیهانی دەرەوە[٥]، لەلایەکی دیکەشەوە دەرگا لە بەردەم ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانی جیهان بۆ ناو خاکی کوردستان کرایەوە، کە بە ئازادی ڕووماڵی ڕووداوەکان بکەن، کە پێشتر لە لایەن حکوومەتەوە هەموو دەرگایەکیان لەبەردەمدا داخستبوون، بێگومان بەهاتنی

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەبیب کەلەش عەلی، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥. ناوبراو فەرماندەیەکی لەشکری بوو لە کاتی ڕاپەڕین لە کەرتی زاخۆ. حەبیب کەلەش عەلی، لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٤ی ناحیەی باتیفا لە قەزای زاخۆ، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکات تا نسکۆی ئاداری ١٩٧٥، دوای نسکۆ وەك زۆربەی خەڵکی کوردستان ئاوارەی ئێران دەبێت و لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی١٩٧٦ دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان و چەکی بەرگری هەڵدەگرێ تا ١٩٩١، خاوەن چەند پەرتووکە لە بواری مێژوو، ئەدەب و شیعر، ئێستا بەرپرسی لێژنەی ڕاوێژکاری سەر بە لقی ١ی پارتی و نیشتەجێی ناحیەی باتیفایە لە قەزای زاخۆ.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەبیب کەلەش عەلی، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عصمت دینو، سەربورا خەباتکەرەکی د شۆڕشا ئیلونا کورد ١٩٥٩-١٩٩١ (بیرهاتنێن عصمت دینو بەنستانی ـ سندی) و: عبداللە زەرۆ، چاپخانا پارێزگا دهۆکێ، دهۆك ، ٢٠١٤، ل ل٨٣ ،٨٧.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ حبیب کلش علی، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥.

(٥) خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٢٧٨٩)، ٢٠٠٨/٣/١٣، ل٥.

ڕۆژنامەنووسانی بیانیش تا ڕادەیەك كاریگەری دروستكرد لە گەیاندنی دەنگی ڕاپەڕین و ئازارەكانی كورد بە ئەورووپا و جیهان بەگشتی[١]. لەو ڕۆژەدا شەپۆلی ڕاپەڕین لە فراوانبووندا بوو، هاوكات لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەری شارۆچكەی شێخان و ئەلقوش و زاخۆ، جەماوەری دەربەندیخان، باوەنوور، مەخموور، جەباری، پردێ و لەگەڵ جەماوەری ناوچەی گەرمیان بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە و ڕێكخستنەكانی (پدك)و بەرەی كوردستانی، ڕاپەڕین و هەر زوو تەواوی ئەو ناوچانە كەوتبوونە ژێر كۆنترۆڵی پێشمەرگە و جەماوەری كوردستان[٢]، بێگومان ئازادكردنی ئەم شوێنانە بە تایبەت پردێ و ناوچەی گەرمیان ڕاپەڕینی بردبووە قۆناغێكی گرنگ و نوێ، هیوای جەماوەری ڕاپەڕیوی بە ئازادی و ئازادبوون زیاتر كرد و گەیشتن بە شاری كەركووك زیاتر كردەوە لەبەر ئەوە بەئازادبوونی پردێ و گەرمیان ناوچە ئازادكراوەكانی تری كوردستان بە ناوچەكانی كەركووكەوە گرێ دایەوە.

پاش شكاندنی ئەو بێدەنگییەی لە ناوچەی بادینان، بەیانی ڕۆژی ١٤ی ئاداری ١٩٩١ جەماوەری شاری دهۆك بە هەموو چین و توێژە جیاوازەكانی شارەكەوە شان بە شانی پێشمەرگە و شانە چەكدارەكانی (پدك) وەك هێزێكی سەرەكی لەپاڵ لایەنەكانی تر هاتنە دەست و پەلاماری دامودەزگا سەركوتكەرەكانی حكوومەتی عێراقیان دا[٣]، ئەمە لەكاتێكدا بوو جەماوەری شارەكە هاوشێوەی شارەكانی تر حكوومەتی عێراق بەهەموو شێوەیەك سیاسەتی سەركوتكردن و ڕاگواستنی بەسەردا دەسەپاندن. هەرچەندە سەركردایەتی بەرەی كوردستانی بڕیاری لەسەر ئەوە دابوو ڕۆژی ١٥ی ئادار ڕاپەڕین لە شاری دهۆك ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی بەرپابوونی ڕاپەڕین لە زاخۆ و ناوچەكانی تری دەوروبەری دهۆك لە لایەك و لە لایەكی ترەوە نەوەك حكوومەتی عێراق ڕەشبگیری لە شارەكەدا ئەنجام بدات كە بڕیاری لەسەر دابوو هاوشێوەی شاری كەركووكی لێ بكرێت[٤]، كە دواتر باسی دەكەین.

هەڵبەت چەند هەفتەیەك بەر لە ڕاپەڕین چەند موستەشار و كەسانی دیاری

---

(١) رشید، ڕزگاركردنی شاری زاخۆ ـ دەنگی سەرهەڵدانێ گەهاندە جیهانێ، خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٣٤٢٣)، ٢٠١٠/٣/١٦، ل١٣.

(٢) خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٢٧٨٩)، ٢٠٠٨/٣/١٣، ل٥.

(٣) خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٣٤٢٢)، ٢٠١٠/٣/١٥، ل٥.

(٤) ئاراس عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

سـەر بـە حكوومـەت وەك: (ئیبراهیـم عـەلی حـاج مەلـو و حیكمـەت عابـد مـزۆری و مەجیـد ڕەبەتـكی و حسـێن حەبیـب و عـادل ڕێكەوتـی و سـەعید حسـێن و مسـتو خوركـێ ...تـاد)، لـە لایـەن سـەركردایەتی (پـدك)ەوە پەیوەندییـان پێـوە كرابـوو، ئەوانیـش زۆربەیـان بەڵێنیـان دابـوو لـە كاتی ڕاپەڕینـدا هـاوكاری پێشـمەرگە و جەمـاوەری ڕاپەڕیـو بكـەن، هەروەهـا ئەمانـە لای خۆیانـەوە پەیوەندییـان بـە دەیـان ئامـر مەفـرەزە و ئامـر فـەوج و ئامـر سریـەوە كردبـوو، كـە بـۆ هەمـان مەبەسـت كۆكرابوونـەوە و كاریگـەری زۆریـان لـە سـەركەوتنی ڕاپەڕینـی دهـۆك دروسـت كـرد[١].
هـەر لـە چوارچێـوەی ئامـادەكاری و خۆسـازدان، ڕۆژی ١٢ی ئـاداری ١٩٩١ نامەیـەك لـە لایـەن (كەمـال كەركووكی)یـەوە كـە ئـەوكات ئەندامـی كۆمیتـەی ناوەنـدی (پـدك) و بەرپـرسی بـەرەی كوردسـتانی بـوو لـە زاخـۆ بـوو، گەیشـتبووە دەسـتی (ئیبراهیـم عـەلی حـاج مەلـۆ) كـە بانگەوازێـكی مەسـعود بـارزانی بـۆ عەشـیرەتەكانی ناوچەكـەی تێـدا نووسرابـوو[٢]، هـاوكات هێزێـكی پێشـمەرگەی (پـدك) بـە سەرپەرشـتی (وەیـس بـانی) لـە ڕێگـەی دەروازەی(ئیبراهیـم خەلیـل)ەوە گەیشـتبوونە نـاو شـاری دهـۆك[٣].
دواجـار شـەوی ١٤/١٣ی ئـادار ڕێكخسـتنە نهێنییـەكانی (پدك) لـە ماڵـی (ئیبراهیـم عـەلی حـاج مەلـۆ) كۆبوونەوەیەكیـان سـازدا، لـە كۆبوونەوەكـەدا كاتژمێـری سـفر و شـوێنە بـە ئامانجكـراوەكان دەستنیشـان كـران كـە بریتـی بـوون لـە: كەلهـا نزاركـێ و مەركـەزی بەرۆشـكێ و بـارەگای فیرقـەی بەعـس و بـارەگای لیـوای بەعـس لـە شـوێنی فرۆشـگەها مـازی، بنكـەی پۆلیـس و پارێـزگا، دادگا لەگـەڵ چەنـد شـوێنێكی تـر لـە سـەنتەری شـارەكە، هەروەهـا هێـزی پێشـمەرگە و شـانە چەكـدارەكان بـە سـەر چەنـد بـەرە و شـوێنێكی گرنـك دابەشـكران، لەوانـە:

- ئیبراهیـم خەلـوەی و محەمـەد عـەلی دێـركی چەنـد چەكدارێـكی تـر لـە كەسـە

(١) چاوپێكەوتـن لەگـەڵ مسـتەفا زێبـاری، ئاكـرێ، ٢٠١٦/٩/٣ چاوپێكەوتـن لەگـەڵ ئەحمـەد زەرۆ، دهـۆك، ٢٠١٦/٩/٢٨. ئەحمـەد زەرۆ، نـاوی تـەواوی (ئەحمـەد عەبدوڵا)یـە، لـە دایكبـووی سـاڵی ١٩٤٤ی قـەزای زاخـۆ، سـاڵی ١٩٦٧ـ ١٩٦٨ بـەشی زمـانی كـوردی لـە زانكـۆی بەغـدا تـەواو دەكات، سـاڵی (١٩٧١ ـ ١٩٨٦) دەبێتـە جێگـری سـەرۆكی سـەندیكای نووسـەران لقـی دهـۆك، خـاوەن ٢٤ پەرتووكـە لـە بابەتـە جۆراوجـۆرەكان وەك: (زمـان، ئەدەبیـات، فۆلكلور...تـاد)، ئێسـتەیش خـاوەنی كتێبخانـەی دهۆكـە لـە شـاری دهـۆك و نیشـتەجێی هەمـان شـارە.

(٢) ئاراس عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٦٠.

نزیکـەکانی بـۆ کەلهـا نزارکـێ.

- مـەلا قاسـم ئیمنیـکی و عومـەر ئیمنیـکی و ژمارەیـەك لەچەکـدارانی سـەر بـە عەشـیرەتەکەی بـۆ مەرکـەزی بەرۆشـکێ.
- بـە سەرپەرشـتی شـێخ عـەلی، دەسـتەیەك لـە کادیـر و پێشـمەرگەی لێژنـەی ناوچـەی شـێخان بـۆ بـارەگای فرقـەی بەعـس و بـارەگای لیـوای بەعـس بـە سـەر سـێ بـەرەی بچووکـدا دابـەش کـران لەوانـە:
- بـەرەی یەکـەم پێکهاتبـوو لـە: (خەلیـل کۆچـەر و جەمـال ئیمینـکی و حەمیـد پیرموس و محەمـەد زاویتەیـی و چەنـد کـەسی تـر کـە ژمارەیـان ١٢ کـەس بـوو ).
- بـەرەی دووەم پێکهاتبـوو لـە: (محەمـەد سـەعید شـەهی و نەجـم شـێخ هەسـنی و ئەحمـەد شـەهی و خەلیـل پیرمـوس و چەنـد کـەسی تـر ).
- بـەرەی سـێیەم پێکهاتبـوو لـە: (وەحیـد خـورکی و محەمـەد سـالح بینارینـکی و محـو سـالح خـورکی و شـێخ عـەلی کەلێنـی و ئەیـووب بیهـی لەگـەڵ ١٥ کـەسی تـر)، هەروەهـا هێزێـکی پشـتیوان بـە سەرپەرشـتی (سـەعید زاویتەیـی و شـێخ ئەحمـەد و جەمـال هەسـنکی و عابـد ئێتـوتی) بـۆ ئـەم بەرانـە دامەزرانـد، جگـە لـەوەش چەنـدان بۆسـە لـە شـوێنی گرنـك و هەسـتیار دانرابـوون لەوانـە: بۆسـەیەك لـە نێـوان گەڕەگـی ماڵتـا و بـارەگای لیـوا دانـرا، بـە ئامانجـی قەدەغەکـردنی هاتوچـۆی هێـزی حکوومـەت لـەکاتی ڕاپەریـن، کـە لـە لایـەن (سـەعید بریفـکی) سەرپەرشـتی دەکـرا. هەروەهـا بۆسـەیەکی تـر لـە گەڕەگـی شـندۆخا دانـرا، کـە لـە لایـەن سـدیق نـسری و محەمـەد سـەلیم بەڕێـوە دەبـرا و، گرووپێـکی تـر لـە شـێوەی مەفـرەزە کـە هـەر یەکـە لـە: (لوقـمان کەریـم و سـەعید کابێـرکی و عـەلی کابێـری و سـالح بـانی ...تـاد) لەخـۆ دەگـرت، ئەوانـە ڕاسـپێردران هێـرش بکەنـە سـەر بـارەگای جەیـش شـەعبی لـە نزیـك نەخوشـخانەی ئـازادی[1].

هەروەهـا لـە هەمـان کاتـدا لقـی١ی (پـدك) دەیـان شـانەی چەکـداری لـە نـاوەوە و دەوروبـەری شـاری دهـۆك دروسـت کردبـوو، هـەر وەك سـەگڤان ڕەشـید کـە بەرپـرسی یەکێـك بـوو لـە شـانە چەکـدارەکانی (پـدك)، دەڵێـت: "دوای ئـەوەی پێشـمەرگە هاتنـە ناوچەکـە لـە لایـەن لقـی١ەوە پەیوەندیـمان پێـوە کـرا و شـانەیەکی چەکداریـمان بـە نـاوی (دلبریـن) پێکهێنـا، کـە لـە ٩کـەس پێکهاتبـوو لەوانـە: من، ئاشـتی، یوسـف ئیبراهیم

---

(١) محەمـەد سـعید شـەهی، سـەرهەڵدانا دهوکـێ و نەخشـە و ئەنجـام، ئەڤـرۆ، هەفتەنامـە، ژ:(١٣٢)، ٢٠٠٦/٣/١٥،ل٤.

و کامیـل ئەمیـن و مسـتەفا نزارکـێ و حەسـەن نزارکـێ و ئیحسـان تاهیـر و شـۆڕش عەبدولقاهـر و لاوك مەهـدی، پێـش سـەرهەڵدانی ڕاپەڕیـن لـە گـەڵ چەنـد ئەندامێـکی ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی پەیوەندیـمان بـە یەکـترەوە کـرد لەوانـە: حەسـەن نیعمـەت و عومـەر محەمـەد عـەلی و عەبـدوڵا باجلـوری و عـەلی باجلـوری، بەرنامـەی ڕاپەڕینـمان دارشـت»[1]. پـاش ئامـادەکاری تـەواوی کـردەی ڕاپەڕیـن، کاتژمێـر ٤ی بەیـانی ڕۆژی ١٤ی ئـاداری ١٩٩١، بەپێـی ئـەو تەوقیتـەی کـە لـە کۆبوونـەوەی شـەوی ڕابـردوو (١٣/١٢) دیـاری کرابـوو، لـە ڕێگـەی وشـەی نهێنـی ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێراقـەوە، یەکـەم گوللـەی (RBG) ئاراسـتەی بنکـەی پۆلیـسی بەروشـکێ کـرا، دواتـر لـە هەمـوو بـەرە و خاڵـەکانی تـر دەسـتیان بـە تەقەکـرد و بەپێـی ئـەو نەخشـەی دارێژرابـوو هێرشـیان بـردە سـەر دامـودەزگاکانی بەعـس، لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی دەنگـی تەقـە جەماوەرێـکی زۆر ڕژانـە سـەر شـەقام و کوچـە و کۆڵانـەکانی شـارەکە و شـان بەشـانی پێشـمەرگە هێرشـیان کـردە سـەر بنکـەی ئەمـن و بـارەگای فیرقـەی بەعـس و جەیـشی شـەعبی، ڕاپەڕینـی دهـۆك بـۆ مـاوەی ٣ڕۆژ بـەردەوام بـوو، ڕۆژی یەکـەم تەنیـا سـەنتەری شـار و چەنـد شـوێنێکی تـر ئـازاد کـران، ڕۆژانی ١٥ و ١٦ی ئاداریـش جەمـاوەری ڕاپەڕیـو هێـزی پێشـمەرگە بـەرەو سـەربازگەی فایـدە و جـادەی بەدریکـێ نزیـك شـێخان ڕۆیشـتن و تـەواوی شـارەکە لـە پاشـماوەی حکوومـەتی داگیرکـەر، ئازادکـرا [2]، بەمـەش سـنووری بادینـان بـە ناوچـە ئازادکـراوەکانی تـری کوردسـتان بەسـترایەوە و ئاراسـتەی هێـز بـۆ ئازادکـردنی کەرکـووك گـۆڕا.

ڕاسـتییەکەی ئازادکـردنی باشـووری کوردسـتان بـە بـێ کەرکـووك تـەواو نەبـوو، دوابـەدوای ئازادکـردنی دهـۆك و ناوچـەکانی بادینـان، مەسـعود بـارزانی بڕیـاری لـە سـەر ئازادکـردنی کەرکـووك دا، فەرمـانی دا بـە هەمـوو هێـزەکانی بـەرەی کوردسـتانی، گشـت هێـزەکانی ئاراسـتەی ئازادکـردنی شـاری کەرکـووك بکرێـن[3]، ئەمـە لەکاتێکـدا بـوو هـەر وەك پێشـتر بـاس کـرا هێـزی پێشـمەرگە و جەمـاوەری کوردسـتان، بەشـێکی گرنگـی

---

(١) لە: ئاراس عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١وەرگیراوە.

(٢) محمـد سـعید، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٤؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ مەسـعود سرنی، دهـۆك، ٢٠١٥/١٢/١٣. ناوبـراو ئـەوکات لـە ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی ـ عێـراق بێـژەر بـوو.

(٣) عومـەر عوسـمان، ڕزگارکـردنی کەرکـووك گەلێـك جیـاوازی هەبـوو لەگـەڵ شـارەکانی تـر، برایـەتی، ڕۆژنامـە، ژ: (٣٣٣٦)، ٢٠٠١/٣/٢٠، ل٦.

دەوروبەری کەرکووك بە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بەسترابووەوە، بە جۆرێك لە زاڵگەی کەرکووك ـ سلێمانی نزیك کەوتبوونەوە[١]، لە لایەکی تریشەوە جموجوڵی جەماوەر و لایەنگرانی بەرەی کوردستانی لە ناوەوەی کەرکووك لە هەڵکشاندابوو، کە پێشتر بەرنامە و نووسراو لە لایەن حزبەکانی بەرەوە ئاگادارکرابوون. ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق بە فەرمانی فەرماندەی گشتی حکوومەت لە باکوور (عەلی حەسەن مەجید)، بۆ ئەوەی کۆسپ بخاتە بەردەم پەرەسەندنی ڕاپەڕین بۆ ناو شاری کەرکووك و ڕێگرتن لە ئازادکردنی ئەو شارەی کوردستان، بڕیاری ڕەشبگیری کوردانی دابوو، بەپێی بڕیارەکە دەبوو هەموو نێرینەیەکی کورد لە تەمەنی نێوان (١٦ تا ٦٠) ساڵی بگیررێت[٢]، بەپێی سەرچاوەکان تەنیا لە ماوەی ١٠ ـ ١٥ی ئاداری ١٩٩١ نزیکەی ٥٠٠٠ پێنج هەزار کورد گیران[٣]، کە زۆربەیان لە گەڕەکە کوردنشینەکان بوون لە وانە: (ڕەحیم ئاوا و تەپە و شۆریجە و ئازادی... تاد)، جگە لەوەش بۆ چاودێریکردنی جموجوڵی جەماوەر بە سەدان مەفرەزە لە گەڕەکە کوردییەکان بڵاوکرابوونەوە[٤]، سەرەڕای ئەمە، وا دیار بوو حکوومەت ئەو متمانەی نەبوو بتوانێت بەرانبەر بە هێرش و پەلاماری پێشمەرگە و خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان خۆیان بگرن، لە ناوەوەش جەماوەر بەرزەفت بکەن، بۆیە وەك دوایین هەوڵ بۆ بەرگریکردن لە کەرکووك لە ناوەڕاستی ئاداری هەمان ساڵ هێزێکی گەورە کە بریتی بوو لە چەند لیوایەکی پیادە و بە پشتیوانی تانك و تۆپ، لە کەرکووکەوە بەرەو شارۆچکەی چەمچەماڵ هێرشیان کرد بە مەبەستی گرتنەوەی شارۆچکەکە و هێرشکردن بەرەو سلێمانی، بەڵام لە لایەن هێزی پێشمەرگە لە نزیك چەمچەماڵ تێکشکاند و چەند سەرباز و ئەفسەرێکیان لێ بەدیل گرتن و دەستکەوتێکی زۆری لە تانك و تۆپ و چەکی قورسیان بەدەست

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: قادر قادر، گرو کڵپەی بابە گوڕگوڕ موژدەی سەرکەوتنی بەخشی، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٣٣٣٦)، ٢٠٠١/٣/٢٠، ل٧.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تارق کارێزی، (٩) ڕۆژ ڕەشبگیری لە کەرکووك، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٣٣٣٠)، ٢٠٠١/٣/١٣، ل٦.

(٣) دەرسیم تەوفیق، دڵی کوردستان لە پێشوازی ڕاپەڕیندا، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٢٧٩٩)، ١٩٩٩/٣/١٧، ل٣.

(٤) مستەفا ئەحمەد محەمەد، کەرکووك.... بووکی کوردستان، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٢٨٠١)، ١٩٩٩/٣/٢١، ل٣.

هێنا[١]. لە ئەنجامی ئەمەش گیانی بەرهەڵستکاری زیاتر جۆشی سەند، هاوکات لە شاری هەولێر و دەوروبەریشی ژمارەیەکی زۆری جەماوەری چەکدار و پێشمەرگە بە بەشداری چەند فەرماندەیەکی لەشکری گەیشتبوونە شارۆچکەی پردێ لە سەر ڕێگەی کەرکووك ـ هەولێر، بە مەبەستی هێرشکردن بۆ سەر شاری کەرکووك[٢]، لەو کاتەدا مەسعود بارزانی بارەگای تایبەتی خۆی لە شارۆچکەی پیرمام دامەزراند، هەنگاو بە هەنگاو چاودێری چالاکییەکانی بەرەی کوردستانی دەکرا[٣]. ڕۆژی ١٧ی ئادار بۆ ئەوەی لە نزیکەوە سەرپەرشتی ڕاپەرین و بزاڤ و چالاکییەکانی پێشمەرگە بکات، مەسعود بارزانی خۆی گەیاندبووە شارۆچکەی پردێ، لە هەمان ڕۆژدا لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی بەرەی کوردستانی لەوانە: نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی و حەسەن کوێستانی و چەند کەسایەتی تر کۆبوونەوەیەك ئەنجام درا، لەو کۆبوونەوەیەدا نەخشە و پلانی ئازادکردنی کەرکووك داڕێژرا و شوێنی سەرجەم مۆڵگەکانی حکوومەت لەکاتی هێرشکردن بۆ سەر شاری کەرکووك دەستنیشان کرابوون[٤].

هەروەها ڕۆژی ١٧ی ئاداری ١٩٩١ لە برووسکەیەکدا بۆ لەشکری کوردستان و جەماوەری ڕاپەڕیو و هێزە شۆڕشگێڕەکانی بەرە، مەسعود بارزانی ڕایگەیاندبوو: "بە هەر نرخێك بێت، ئەبێ کەرکووك ئازاد بکرێت»[٥]. بۆ ئەم مەبەستەش شەوی ٢٠/١٩ی ئادار بۆ ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر شاری کەرکووك دیاری کرد[٦]. پێش ئەنجامدانی هێرشەکە لە چوارچێوەی پلانەکەدا، سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بڕیاری دا لە چەند قۆڵەوە لەوانە:

- **قۆڵی یەکەم:** لە ڕێگەی (هەولێر بۆ کەرکووك)ەوە کە هێزەکانی دهۆك و هەولێر لەوێوە هێرش بکەن.

---

(١) محەمەد سابیر هەمەوەندی، بە دەبابەکانی دوژمن سەنگەرەکانمان شکاند، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٢٨٠١)، ١٩٩٩/٣/٢١، ل٣.

(٢) ئاراس عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

(٣) عومەر عوسمان، ڕزگارکردنی کەرکووك...، ل٦.

(٤) ئاراس عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

(٥) محەمەد سعید شەهی، سەرچاوەی پێشوو،ل٤.

(٦) دەرسیم تەوفیق، بارزانی نەمر:»ئەگەر تەنیا کوردێکیش لە کەرکووکدا نەمێنێ هەر کوردستانە»، برایەتی، ڕۆژنامە، ژ:(٢٨٠٠)، ١٩٩٩/٣/١٨، ل٥.

- **قۆڵـی دووەم**: لـە ڕێگـەی (سـلێمانی بـۆ کەرکـووك)ەوە بێـت کـە هێـزەکانی سـلێمانی و قـەزا و ناحیـەکانی دەوروبـەری لەوێـوە هێرشـەکە ئەنجـام بـدەن[١].

سـەبارەت بـە هێـزەکانی (پـدك) لـە قۆڵـی سـلێمانی ـ کەرکـووك، لـە لایـەن نێچیرڤـان بـارزانی و چەنـد فەرماندەیـەکی لەشـکری کە پێکهاتبوون لـە: (قادر قادر و نـادر هەورامی و خالـە عەفـان و دەروێـش ئاغـا و نەجـات حەسـەن و ئـازاد قەرەداغـی و مـام هێـرش)ەوە سەرپەرشـتی دەکـرا[٢]، هێزەکەیـان بریتـی بـوو لـە ٣٠٠ پێشـمەرگەی پارتیـزانی، کـە هەموویـان قاڵبـووی شـۆڕشی شـاخ بـوون[٣]. هەروەهـا قۆڵـی (هەولێـر ـ کەرکـووك)یـش لـە لایـەن (محەمـەد مـەلا قـادر و عومـەر عوسـمان) و چەنـد فەرماندەیـەکی تـر سەرپەرشـتی دەکـرا[٤]. هەندێـك لـە سـەرچاوەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن تەنیـا ژمـارەی پێشـمەرگە و جەمـاوەری چەکـداری (پـدك) لـە یەکێـك لـە بـەرەکانی بـەرەو کەرکـووك، لـە٣٠٠٠٠ سی هـەزار چەکـدار تێپەڕانـد بـوو[٥].

هەڵبـەت هاوشـێوەی شـارەکانی تـری ئازادکـراو، پێـش ئەنجامـدانی هێـرش بـۆ سـەر شـاری کەرکـووك، چەنـد مەفرەزەیـەکی پێشـمەرگەی (پـدك) گەیشـتبوونە شـارەکە و بـە هەماهەنگـی لایەنـەکانی تـر بـە تایبـەت (ینـك) تـا ڕادەیـەکی بـاش بەرنامەڕێـژی ڕاپەڕیـن کرابـوو[٦]. هەروەهـا وەك شـارەکانی تـر ئێزگـەی (پـدك)، ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی ـ عێـراق وەك کەناڵێـکی بەهێـز لـە جۆشـدان و کۆکردنـەوەی جەمـاوەر و بانگەشـەکردن بـەرەو یـەك ئامانـج و ئازادکـردنی شـارەکە ڕۆڵێـکی گرنگـی هەبـوو[٧]، هەروەهـا هۆکارێـکی گرنـگ بـوو بـۆ سـەرهەڵدانی ڕاپەڕیـن لـە شـاری کەرکـووك، دواجار شـەوی ٢٠/١٩ی ئـادار بەپێـی تەوقیتـی دیاریکـراوی پێشـوەختی بـەرەی کوردسـتانی، پێشـمەرگە لـە هەمـوو قۆڵێکـەوە هێرشـەکەیان ئەنجـام دا[٨]. لـەو ئاسـتەنگانەی لـە

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئاراس عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

(٢) فازل ڕەئوف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢؛ نەجات حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

(٣) قـادر قـادر، بیـرەوەری نـەورۆزی نێـو نەورۆزەکان...چـرۆزەی ئومێـد و هیـوا، گـوڵان، گۆڤـار، ژ:(٢٧١)، ٢٠٠٠/٣/٢٠، ل١٣.

(٤) عومەر عوسمان، ژیانی کوردێك...، ل١٥٩؛ محمد ملا قادر، سەربردە...، ل١٩٨.

(٥) دەرسیم توفیق، دڵی کوردستان...، ل٣.

(٦) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەرسیم توفیق، بارزانی نەمر...، ل٥.

(٧) بارزان مەلا خالد، ڕاگەیاندن داینەمۆی...، ل٦.

(٨) دەرسیم توفیق، بارزانی نەمر...، ل٥.

سـەرەتادا ڕووبـەڕووی هێـزی پێشـمەرگە بـووەوە بەتایبـەت لـە میحـوەری کەرکـووك ـ سـلێمانی، بریتـی بـوو لـە زاڵگـەی کەرکـووك ـ سـلێمانی کـە موقاوەمـەتی حکوومـەت زۆربـوو، ڕێگـە نەبـوو هێـزەکانی پێشـمەرگە بچنـە نـاوەوەی کەرکـووك لـەم بـەرەوە، بـەڵام دواتـر لەکاتژمێـر ٤:٣٠ تـا ٥ی ئێـوارە لـە لایـەن (کەتیبـەی دەبابـەی شـۆڕش)[١]، بـە توونـدی لـە زاڵگەکـە درا بـۆ مـاوەی نیـو کاتژمێـر هێـزەکانی حکوومـەت شـوێنەکەیان چـۆڵ کـرد[٢]. لـە هەمـان کاتـدا بەپێـی سـەرچاوەکان پێشـمەرگەی (پـدك) وەك یەکـەم هێـز و دەسـتەی بـەرەی کوردسـتانی چوونـە نـاو شـارەوە، هـەر ئـەو شـەوە گەڕەکـەکانی ڕەحیـماوە، ئـازادی، شـۆریجە و چەنـد جێگەیـەکی دیکـە ڕزگارکـران[٣]. هەروەهـا بـە سـەدان مەفـرەزەی پێشـمەرگە لـە نـاو شـارەکەدا بڵاوبوونـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەرهەڵسـتی جەمـاوەر بـە هـۆی دەنـگ و سـەدای ڕادیـۆی (پـدك) و حزبـەکانی تـر، تـا دەهـات زیاتـر جـۆشی دەسـەند و تێکـەڵاوی پێشـمەرگە بـوون و شـان بەشـانیان هێرشـیان دەکـردە سـەر دامـودەزگاکانی حکوومـەت[٤]. بـۆ بەیـانی ڕۆژی ٢٠ی مانـگ نزیکـەی ٩٥٪ شـاری کەرکـووك ئـازاد کـرا و زۆربـەی شـوێنەکان کەوتنـە ژێـر کۆنتڕۆڵـی هێـزی پێشـمەرگە و جەمـاوەری شـارەکە[٥]، تەنیـا (سـەربازگەی خالد)[٦]مابـووەوە،

---

(١) کەتیبـەی دەبابـەی شـۆڕش، ڕۆژی ١٦ی ئـاداری ١٩٩١ لـە لایـەن بـەرەی کوردسـتانی بڕیـاری دامەزرانـدنی لـە سـەر درا، کـە چەنـدان جـۆرە چـەکی قـورس و پاشـماوەی سـوپای عێراقـی لـە ژێـر دەسـتدابوو، پێکهاتەکـەی بریتـی بـوو لـە جەمـاوەری چەکـداری کوردسـتان و عەقیـد محەمـەد سـابیر سەرپەرشـتی ئـەو هێـزەی دەکـرد، ڕۆڵێـکی گرنگـی هەبـوو لـە ڕزگارکـردنی شـاری کەرکوك...بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: عقیـد محەمـەد سـابیر هەمەوەنـدی، ڕۆڵـی کەتیبـەی ئیسـناد لـە ڕزگارکـردنی شـاری کەرکـووك، گـوڵان، گۆڤـار، ژ: (٢٧١)، ٢٠٠٠/٣/٢٠، ل١٧.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٧

(٣) ساسـان دەروێـش، نـەورۆز و ڕزگارکـردنی کەرکـووکی دڵـی کوردسـتان، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٢٧٩٦)، ٢٠٠٨/٣/٢٠، ل٣.

(٤) مستەفا ئەحمەد محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

(٥) محەمـەد سـابیر هەمەوەنـدی، ئیـرادەی بەهێـزی جەمـاوەر و پێشـمەرگە تـوانی شـورای ئاسـنی بەعـس لـە کەرکـووك بڕووخێنـێ، خەبـات، ڕۆژنامـە، ژ: (٢٧٩٥)، ٢٠٠٨/٣/١٩، ل٧.

(٦) سـەربازگەی خالـد، یەکێـك لـە گەورەتریـن سـەربازگەکانی حکوومـەتی عێـراق بـوو، سـەدان تانك و فڕۆکـەی جەنگـی و تۆپـی نەمسـاوی و دۆشـکای دوو لوولـە و چـوار لوولـە و بـە هـەزاران سـەربازی تێدابـوو، کەوتبـووە نێـوان کەرکـووك و مووسـڵ، ڕاسـتەوخۆ لـە لایـەن (عـەلی حەسـەن مەجیـد و عیـزەت دووری) و دەیـان فەرمانـدەی سـەربازی گـەورەی حکوومـەتی عێراقـەوە سەرپەرشـتی

دواتــر بــۆ ڕزگارکــردنی ئــەو ســەربازگەیەیش ڕۆژی ٢٣ی ئــادار ١٩٩١ کۆبوونەوەیــەکی بــەرەی کوردســتانی بــە بەشــداری چەنــد فەرماندەیــەکی لەشــکری لەوانــە: دەروێــش ئاغـا لـە (پـدك)، مـولازم عومـەر عەبـدوڵا لـە (ینـك)، هـاوڕێ سـەید عـەلی جەبـاری لـە (حشـع)، سـەید قـادر جەبـاری لـە (حسـك) و مامۆسـتا کامـەران لـە (پاسـۆك) ئەنجـام درا، لــە کۆبووەوەکــەدا بڕیــار درا کاتژمێــر ٣:٣٠ شــەوی ٢٥ی ئــادار ١٩٩١ لــە ســێ بــەرەوە هێــرش بکرێتــە ســەر ســەربازگەی ناوبــراو، بــەرەی یەکــەم بــە سەرپەرشــتی (شــەوکەت حاجــی موشــیر و نــووری حەمــە عــەلی)، بــەرەی دووەم بــە سەرپەرشــتی (دەروێـش ئاغـا) و بـەرەی سـێیەمیش بـە سەرپەرشـتی (مـولازم عومـەر عبـدوڵا)، لەگـەڵ هێزێــکی تریــش کــە لــە کۆمەڵێــك تۆپــی گــەورە و بچــووك پێکدەهــات کــە ئەرکیــان ئــەوە بــوو پێــش جووڵانــدنی بــەرەکان، ســەربازگەکە تۆپبــاران بــکات[1]. ئەنجــام لــەو کاتــەی کــە دیــاری کرابــوو، ســەرەڕای بــوونی تێبینــی لــە ســەر ئــەو کاتــە لــە لایــەن (پــدك)ەوە[2]، هێرشــەکەیان لــە کاتی خــۆی ئەنجــام دا، شــەڕ زۆر بــە قــورسی و دژواری لـە نێـوان هـەر دوولادا دەسـتی پێکـرد، سـوپای عێـراق بـە پشـتیوانی تانـك و زرێپـۆش و چەنـدان جـۆرە چـەکی قـورس بەرگـری دەکـرد، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا جگـە لـە بـەرەی سـێیەم نەبێـت کـە بەهـۆی بـوونی تەلبەنـد و تانـك و تۆپبارانێـکی زۆر نەتوانـرا پێشـڕەوی بــکات، بــەرەکانی تــر پێشــڕەوییەکی باشــیان کــرد[3]، بــە تایبــەتی بــەرەی دووەم کــە لــە لایـەن (پـدك)ەوە سەرپەرشـتی دەکـرد، لەوێـوە هـەر زوو هێـزی پێشـمەرگە چوونـە نـاو سـەربازگەی خالـد[4]. لـەم بارەیـەوە (نەجـات حەسـەن) کـە فەرمانـدەی لەشـکری (پدك)بـوو لـەو هێرشـەدا دەڵێـت: " لـەکاتی هێرشـکردن بـۆ سـەربازگەی خالـد بـە ٢٠٠٠ دوو هــەزار پێشــمەرگە و جەمــاوەری چەکــدار هێرشــمان بــرد، هــەر زوو چووینــە نــاو قاعـەکانی سـەربازگەکە، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی لـە بـەرەکانی تـرەوە پێشـڕەویان نەکـرد ناچــار بڕیــاری بــە پاشەکشــێ درا»[5]. بەپێــی ئاماژەکــردنی پێشــمەرگەکانی بەشــداربوو شـەڕ و پێکـدادان لـە نێـوان هێـزی پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق تـا ٢٨ی ئـادار درێـژەی

---

دەکرا...بڕوانە: ئاراس عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

(١) ئاراس عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨ - ١٦٩.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نەجات حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

(٣) ئاراس عبدالرحمان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

(٤) ساسان دەروێش، سەرچاوەی پێشوو،ل٣.

(٥) لە: ئاراس عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩ وەرگیراوە.

هەبـوو[١]، هــەر لــەو ماوەیــەدا ٢١ پێشــمەرگەی (پـدك)[٢]، نزیکــەی ٢٥٠ هــاوڵاتی بوونـە قوربـانی[٣]. دواجـار سـوپای عێـراق بـە پشـتیوانی چەنـد فڕۆکەیـەکی جەنگـی و بـە پاڵپشـتی چەنـدان جـۆرە چـەکی قـورس، شـەوی ٢٨ی ئـادار هێرشـێکی بەرفـراوانی بـۆ سـەر پێشـمەرگە و جەمـاوەری شـارەکە ئەنجـام دا، سـەرئەنجام بـە بڕیـاری سـەرکردایەتی سیاسـی بـەرەی کوردسـتانی، هێـزی پێشـمەرگە لـە شـاری کەرکـووك بـەرەو شـاری سـلێمانی و ناوچـەکانی دەوروبـەری پاشەکشـەی کـرد[٤].

سـەبارەت بـە هـۆکارەکانی پاشەکشـەکردنی پێشـمەرگە لـە شـاری کەرکـووك سـەرچاوەکان بـۆ چەنـد خاڵێـکی دەگێڕنـەوە، لەوانـە:

- لاوازی چـەکی پێشـمەرگە بەرانبـەر ئـەو هەمـوو ئیمکاناتـەی حکوومـەتی عێـراق هـەر لـە تـۆپ و تانکـەوە بگـرە تـا بەکارهێنـانی فڕۆکـەی جەنگـی.
- تـرسی سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی لـە بەکارهێنـانی چـەکی کیمیایـی، چونکـە پێشـتر لـە شـاری هەڵەبجـە ئەزموونیـان هەبـوو.
- هەروەهـا پاراسـتنی بەرژەوەنـدی گیـانی و ماڵـی خەڵـکی کەرکـووك، لەبـەر ئـەوە حکوومـەتی فـاشی لـە پێنـاو لەدەسـت نـەدانی کەرکـووك، بـە شـێوەیەکی دڕندانـە و هەڕەمـەکی بـە تۆپـی دوورهاوێـژ و کۆپتەر...تـاد، شـارەکەی بۆردومـان کـرد، بۆیـە بـە مەبەسـتی ڕاوەسـتاندنی ئـەم هێرشـانە بـەرەی کوردسـتانی ئـەو بڕیـارەی دا[٥].

بـەڵام سـوپای عێـراق نـەك هـەر ڕانەوەسـتا، بەڵـکو یەکـە سـوپاییەکانی بـە تـەواوی تەکنولۆژیـا جەنگییەکانیـەوە لـە تۆپـی قـورس و تانـك و زرێپـۆش بـە پاڵپشـتی هێلیکۆپتـەرە جەنگییـەکان و بەکرێگیـراوانی (موجاهیدینـی خەلـق)[٦]، هێـرش کرایـە

---

(١) ساسان دەروێش، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

(٢) سـەلاح دەلـۆ، ئاگـری نـەورۆز و ئازادیـمان لـە زەمبـور و دڵـی کوردسـتاندا کـردەوە، برایـەتی، ڕۆژنامــە، ژ: (٢٨٠٠)، ١٩٩١/٣/١٨، ل٣.

(٣) نیزامەدیـن گلی، ڕزگارکـردنی کەرکـوك ـ پـرۆژەکانی سـڕینەوەی سـیمای کوردانـەی ئـەو شـارەی ڕەتکـردەوە، برایـەتی، ڕۆژنامــە، ژ: (٣٣٣٦)، ٢٠٠١/٣/٢٠، ل٣.

(٤) مەلا فائق بازیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥؛ ساسان دەروێش، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

(٥) محەمـەد سـابیر هەمەوەنـدی، ئیرادەی بەهێـزی...، ل٧؛ بـو زانیـاری زیاتـر بڕوانە:هـاوڕێ قـادر ڕەسوڵ، لێکولینەوەیـەك لەسـەر ڕاپەرینەکـەی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان، هۆڵندا،١٩٩٤،ل ل٤٠-٥٦.

(٦) ڕێکخـراوی موجاهیدینـی خەلـق، لـە ساڵی ١٩٥٦ دژی ڕژێمـی محەمـەد ڕەزا شـای ئێـران (١٩٤١

سەر کەرکووك و ناوچەی گەرمیان[1]، توانییان لە٢٩ی ئاداردا کەرکووك زۆربەی ئەو ناوچەیەی ئازاد کرابوون داگیر بکاتەوە[2]. ئاکام خەڵکی ناوچەکە لە ترسی دڕندایەتی سوپای عێراقی داگیرکەر ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت و هاتنە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و ناوچەکانی تری کوردستان. بەڵام دوای ئەوەی حکوومەتی عێراق دڵنیابوو لەوەی کە هێزەکانی هاوپەیمانان و جیهانی دەرەوە هیچ کاردانەوەیەکی بەرانبەر سوپای عێراق نییە، درێژەی بە ئۆپەراسیۆنەکانی دا و بە خێرا پەلاماری ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆکیشی دا و یەك لە دوای یەك کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی سوپای عێراق. خەڵکی سڤیلی کوردستانیش لەبەر ئەوەی ئەزموونێکی تاڵیان لەگەڵ حکوومەت و زۆرداریيەکانیدا هەبوو، بۆیە بە گەورە و بچووك، ژن و پیاو، شارەکانیان بەجێهێشت و پەنایان بۆ ناوچە سەختەکان برد، بە هەزاران کەس بوونە قوربانی و بێسەر و شوێن کران، هەروەها بەهۆی سەرما و بەفر و بارانەوە هەزارانی تریش لەناوچوون، سەدان کەسیش لە خێزانەکانیان دابڕان و چارەنووسیان بە نادیاری ماوەتەوە[3]. لە ئەنجامی بەردەوامی شاڵاوی سوپای عێراق و هەڵبژاردنی بێدەنگی لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەرانبەر بە کورد، ڕۆژی ٣١ی ئاداری١٩٩١[4]، بەپێی هەندێك سەرچاوەکانی تر ڕۆژی ١ی نیسانی١٩٩١، بەشێکی

ـ ١٩٧٩)، دامەزرێنرابوو، مەسعود ڕەجەوی سەرکردایەتی دەکرد، ئامانجیان ڕووخاندنی ڕژێمی شا و کۆتایهێنان بە هاوپەیمانێتی نێوان ئەمریکا و ئێران بوو، بۆ ئەم مەبەستە خەباتی چەکداری بە ڕەوا دەزانی، ئەم گرووپە ڕۆڵی هەبوو لەسەرخستنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بەڵام بە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازی لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی ئێران، ساڵی ١٩٨١ دەستی کردەوە بە خەباتی چەکداری لە دژی ڕژێمی ئێران، نزیکەی ١٢ هەزار هاوڵاتی ئێرانی بوونەتە قوربانی ئەو ململانێیە. ئەم گرووپە لە ساڵی ١٩٨٦ەوە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە پەنادران و تەواوی پشتگیری سەربازییان لێ کرد و شوێنێکیان لە نزیك سنووری ئێران و لە پارێزگای دیالە بەناوی (کەمپی ئەشرەف) بۆ تەرخان کرابوو، بووبوونە کارتێك بە دەستی حکوومەتی عێراق دژ بە هێزە بەرهەڵستکارەکانی خۆی. بڕوانە: هێرش عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

(١) د.دلێر اسماعیل حەقی شاوێس، کۆڕەوە ملیۆنییەکەی بەهاری ١٩٩١، هەولێر، ڕۆژنامە، ژ:(١٨٦٥)، ٢٠١٤/٣/٢٥، ل٨.

(٢) لیام ئاندرسن، تەنگەژەی کەرکووك (سیاسەتی ئیتنیکی لە کێشمەکێش و چارەسەرە تەوافوقییەکاندا)، و: ئومێد عوسمان، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣، ل٧٢.

(٣) د. دلێر اسماعیل حەقی شاوێس، کۆڕەوە ملیۆنییەکەی ...، ل٨.

(٤) علی بەندی، تراژیدیا کۆچا ملیۆنی جیهان هشیار کر، ئەڤرۆ، هەفتەنامە، ژ: (٨٣)، ٢٠٠٥/٣/٣٠، ل٣.

زۆری خەڵکی کوردستان بەهۆی ئەو ڕەوشە دژوارەوە بە پاڵپشتی پێشمەرگە، کۆڕەوە ملیۆنییەکەی ئەنجام دا، جارێکی تر ڕوویان لە وڵاتانی تورکیا و ئێران کردەوە[1].
لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت ئایە دوای ڕزگارکردنی یەك لەدوای یەكی شارو شارۆچکەکانی کوردستان هەرچی کەرەستە و کەلوپەلی سوپای عێراق وەك تۆپی قورس و تانك و زریپۆش و سەدان پارچە چەكی تری جۆراوجۆر کەوتنە دەستی هێزی پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان، ئەی بۆچی سوپایەكی داتەپیوی تێکشکاوی ورە ڕووخاوی وەك سوپای عێراق توانی گشت شارو شارۆچکەکانی ئازادکراوی ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی بە ماوەیەكی ڕێژە کورت و بە کەمترین کات و زیان کۆنترۆڵ بکاتەوە!؟

بەپێی سەرچاوەکان لەو کۆڕەوەدا ڕۆژانە ١٠٠ ـ ٢٠٠ کەس دەبوونە قوربانی[2].
ڕاستییەکەی ئەم کۆڕەوە بە ماوەیەكی کورت لە هەموو گۆشەیەكی جیهان دەنگی دایەوە، لە ناو لاپەڕەی بەشێكی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و تەلەفزیۆنەکانی بیانی هەواڵ و دیمەنی کارەساتەکەی پەخش دەکرا[3]. بەمەش دیمەنی جەرگبڕ و خەفەتەکانی ئەم کارەساتە مرۆییە هەستی مرۆڤایەتی گەلانی جیهانی هەژاند، بۆیە داوایان لە حکوومەتەکانیان کرد تا نەتەوەی کورد لە مەترسی کوشتن و مردن ڕزگار بکەن و چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە بدۆزرێتەوە[4]، هاوکات ڕێکخستنەکانی (پدك) و پارتە سیاسییەکانی تری کوردی و دڵسۆزانی کورد لە دەرەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕابوو لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین و گەیاندنی کێشەی کورد بە دامودەزگا و ڕێکخراوەکانی مرۆڤدۆست و وڵاتانی خاوەن بڕیار[5]. ئەنجام تا ڕادەیەكی باش ڕای گشتی جیهان و وڵاتانی بڕیار بەدەست بەلای کورد و کێشەکەیدا ئاراستەی

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد صالح عقراوی، الكرد والدولة المستقلة وفق المعاهدات والمواثق الدولية، أربيل، ٢٠٠٥، ص٢٦٢.

(٢) هێرش عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

(٣) کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی ...، ل١٥٣.

(٤) چنار سعد عبدالله، کاریگەری باری سیاسی لەسەر گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کورد دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لێکۆڵینەوەیەكی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٢١.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، ئاکرێ، ٢٠١٦/٤/١٧. ناوبراو ئەوکات کارگێڕی لقی ٦ی پارتی بوو لە ئەوروپا.

وەرگرت[١]، ناچاربوون ئاورێك لە نەتەوەی بەشمەینەتی كورد بدەنەوە، بە تایبەتی فەرەنسا و بریتانیا ئەو كات كێشەی كوردیان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ورووژاند[٢]. ئاكام ئەنجوومەنی ئاسایش لە٥ی نیسانی ١٩٩١ بڕیاری ٦٨٨ی دەركرد[٣]. هەر چەندە دەركردنی ئەو بڕیارە درەنگ كات بوو، بەڵام هاوكات گرنگییەكی تایبەتی و مێژوویی بۆ گەلی كورد لە باشووری كوردستان هەبوو، چونكە ئەوە یەكەم جاربوو دوای یەكەمین جەنگی جیهان (١٩١٤- ١٩١٨) و (پەیمانی سیڤەر)[٤] ەوە، بەو جۆرە ناوی كورد لە بەڵگەنامەیەكی گرنگی نێودەوڵەتی وەك ئەنجوومەنی ئاسایش بەو شێوەیە ئاماژە بە كێشەی كورد بكرێت، هەروەها ڕێگە خۆشكەربوو بۆ دەركردنی چەند بڕیارێكی تر وەك ناوچەی ئارام و دژەفڕین، هەروەها دواتر ئەم بڕیارانە هاوكاربوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتری خەڵكی كوردستان بەرانبەر بە

(١) جەزا تەوفیق تالب و ئەوی تر، پاكتاوكردنی ڕەگەزی كورد لە ناوچە كوردییەكانی ژێر دەسەڵاتی حكوومەتی عێراق (١٩٩١ ـ ٢٠٠٣)، كەركووك، گۆڤار، ژ:(٢)ساڵی سێیەم ،٢٠٠٣، ل١١٦.

(٢) چیمەن صالح، ڕزگاركردنی دڵی كوردستان سەرەتای پڕۆسەی ئازادییەكی یەكجارەكی، خەبات، ڕۆژنامە، ژ:(٢٨٠١)، ١٩٩٩/٣/٢١،ل٣.

(٣) دوای كۆچە ملیۆنییەكەی كورد، بەدەستپێشخەری چەند دەوڵەتێك لەوانە: (فەرەنسا و بریتانیا)، لە ٤ ـ ٥ نیسانی١٩٩١ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٨٨ دەری كرد، بۆ ئەوەی عێراق دەستبەجێ سەركوتكردن لە ناوچە كوردنیشینەكانی عێراق (باشووری كوردستان) بوەستێنێت و لەگەڵ چەند ئاماژەیەكی تری گرنگ، ئەم بڕیارە بە زۆرینەی (١٠) دەنگ لە كۆی (١٥) دەنگ دەرچوو، هەرسێ دەوڵەتی (كوبا، یەمەن، زیمبابۆی) دژی بڕیارەكە دەنگیان دا، دوو دەوڵەتی (هندستان و چین) دەنگیان نەدا، ئەنجوومەنی ئاسایش ئیدانەی ڕاونان و سەركوتكردنی خەڵكی سڤیلی كرد و ئەم كارەی حكوومەتی عێراق بە هەڕەشە دانا بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی...بڕوانە: نەوزاد عەبدوڵا هێتوتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣؛ چنار سعد عبداللە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

(٤) پەیمانی سیڤەر، لە١٠ی ئابی١٩٢٠ بە بەشداری هەر یەكە لە وڵاتانی فەرەنسا، ئیتالیا، یۆنان، دەوڵەتی عوسمانی...تاد، لە شاری سیڤەر لە فەرەنسا ئیمزاكرا. لەپەیمانەكەدا بە شێوەیەكی ڕوون و ئاشكرا پێدانی دەسەڵاتی سەربەخۆ بۆ كوردستان بڕیاری لەسەر درابوو، ئەو بڕیارەش خۆی لەسێ بەندی یاساییدا دەبینێتەوە، كە بریتی بوون لە بەندی (٦٢، ٦٣ ،٦٤ )، كە ئەمەش یەكەمین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتییە بەو شێوەیە باس لە مافی كورد بكات...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سەعیدێ سڵو، كوردستان و بەهرا كوردا د ڕێكەفتنادا، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ٢٠٠٥، ل٢٠ -٢١.

حکوومـەتی عێـراق[١]. لـە ئەنجامیشـدا بـەرەی کوردسـتانی خـۆی لەنـاو وتووێـژ لەگـەڵ حکوومەتـدا دیتـەوە[٢]، لـە١٦ی نیسـاندا بەفەرمـی لـە لایەن وڵاتـانی هاوپەیـمان ناوچەی ئـارام لـە سـەر ڕووی هێڵـی پـانی پلـە٣٦ بـۆ کـوردان دانـرا، جگـە لـە چەنـد ناوچەیـەك نەبێـت بـەشی زۆری سـنووری پارێـزگای هەولێـر و سـلێمانی و دهـۆکی دەگرتـەوە، بەمـەش وردە وردە خەڵـك بـۆ زێـد و نیشـتمانی خۆیـان گەڕانـەوە، پـاش سـەرنەگرتنی وتووێـژی نێـوان حکوومـەت و بـەرەی کوردسـتانی، حکوومـەت کەوتـەوە ژێـر گوشـاری خەڵکـەوە[٣]. ئەنجـام بـۆ فەشـەل پێهێنـانی بـەرەی کوردسـتانی لـە کاری بەڕێوەبـردن و سـازکردنی بۆشـایی کارگێـڕی و ناکـۆکی سـازکردن لـە سـەر دەسـەڵات لـە لایـەن هێـزەکانی بـەرەی کوردسـتانی لەلایـەك و ڕاوەسـتاندنی کاری ڕۆژانـەی خەڵـك و لـەو ڕێگەیەشـەوە جەمـاوەر بـکات بەگـژ بـەرەی کوردسـتانی و هێـزی پێشـمەرگەدا لـە لایـەکی دیکـەوە[٤]، حکوومـەتی عێـراق لـە پاییـزی ١٩٩١دا سـەرجەم دامـودەزگاکانی خـۆی لـە کوردسـتان کێشـایەوە و کوردسـتانی ئازادکـراوی ئابڵۆقـەی ئابـووری دا[٥]. هەروەهـا بـۆ ماوەیـەك بۆشـاییەکی کارگێـڕی لـە کوردسـتان هاتـە ئـاراوە، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە، ئـەوەی حکوومـەت چـاوەڕوانی نەدەکـرد بڕیـارکانی بـەرەی کوردسـتانی پاڵپشـتی جەماوەربـوو بـۆ بـەرە. کاتێـك بـەرەی کوردسـتانی کەوتـە خـۆ ڕێکخسـتنەوە و جێبەجێکـردنی کاروبـاری ڕۆژانـەی خەڵـك[٦]، دواتریـش لـە کانـوونی یەکەمـی١٩٩١ بـەرەی کوردسـتانی کۆبـووەوە و بڕیـاری سـازکردنی هەڵبـژاردنی گشـتی بـۆ هەڵبـژاردنی ئەنجوومەنی نیشـتمانی کوردسـتان (پەرلەمـان) و ڕابـەری بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد درا[٧]. کـە پێشـتر

(١) د.دلێر اسماعیل، کۆڕەوە ملیۆنییەکەی...، ل٨.

(٢) بـۆ زانیـاری و وردەکاری لەبـارەی دانوسـتانەکانی بـەرەی کوردسـتانی و حکوومـەتی عێـراق بڕوانـە: ئـاراس عبدالرحـمان، سـەرچاوەی پێشـوو،ل ل١٨٦-١٩٦.

(٣) بـۆ زانیـاری زیاتـر بڕوانـە: د.پیـل پـارك، سیاسـەتی تورکیـا بەرانبـەر بـە باکووری عێـراق و:بـەرزانی مـەلا تەهـا، چاپخانـەی چوارچـرا، سـلێمانی، ٢٠١٠، ل٤٩.

(٤) د.دلێـر اسـماعیل حەقی شـاوێس، هەڵبـژاردنی پەرلەمـانی کوردسـتان، هەولێر، ڕۆژنامـە، ژ:(١٩٠٣)، ٢٠١٤/٥/٢٠،ل٩.

(٥) عبدالسـلام بـەرواری، أثـر التغیـر الإجتماعـی عـلی الأحـزاب الکوردسـتانیة، منظـور سوسـیولوجی وتحلیـل مقـارن، مطبعـة ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٣، ص١٠٨.

(٦) د. دلێر اسماعیل، هەڵبژاردنی پەرلەمان...، ل٩.

(٧) سیار محمد صالح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

مەسعود بارزانی لە وتارە مێژووییەکەیدا لە١٦ی ئاداری ١٩٩١، بەرانبەر جەماوەری شارۆچکەی (کۆیە) پەنجەی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و چەسپاندنی ئیرادەی گەل ڕاکێشابوو، گوتبووی: "ئێمە نەهاتووین ببینە حاکم لەسەرتان ئێوەی جەماوەر ڕاپەڕینتان کردووە و ماوەیەکی دی بارودۆخەکە ئاسایی ببێتەوە ئێمە هەڵبژاردن دەکەین و کام لایەن ئێوە پێتان باش بوو سەرکردایەتی بکات بە ئازادی دەنگی پێ بدەن»[1]. ئەوە بوو لە١٩ی ئایاری ١٩٩٢ پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام درا و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی ـ عێراقیشی لێ کەوتەوە[2]. لێرەدا وێڕای پێشینەیەکی ناکۆك و شەڕی ناوخۆیی نێو هێزە

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فرەنسۆ هەریری، جەماوەر خاوەنی...، ل٦.

(٢) لەو پرۆسەیەدا جەماوەری کوردستان لە کەرنەڤاڵێکی کەم وێنەدا بۆ یەکەم جار ئازادانە بۆ دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەریان بەرەو سندوقی دەنگدان بە ڕێکەوتن کە ژمارەیان ملیۆنێك دەنگدەربوو بۆ هەڵبژاردنی ١٠٥ نوێنەر بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان)، ١١ حزب و ڕێکخراو لەو هەڵبژاردنەدا بەشدارییان کرد، کە بەسەر ٦ لیستدا دابەش بووبوون، کە بریتی بوون لە: (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی شیووعی عێراق، پارتی سۆسیالیستی کورد، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ڕێکخراوی پاك، ڕێکخراوی تێکۆشین). ڕاستییەکەی هەر دوو حزبی سەرەکی، پارتی و یەکێتی بووبوونە جێی چاوی خەڵك، لەبەر ئەوە ئەو دوو حزبە دوو تەرەفی سەرەکی و جەماوەری و بە دەسەڵاتی نێو بەرەی کوردستانی بوون و پرۆسەی هەڵبژاردن، پێگە و نفووزی هەریەك لەو دووانەی ساغ دەکردەوە، لەو پرۆسەیەدا پارتی وەك حزبێکی متمانە بەخۆ بە تەنیا لیست هاتە کۆڕی هەڵبژاردنەوە، کەچی یەکێتی ئیئتلافی لەگەڵ (زەحمەتکێشان و پارتی سۆسیالیستی کورد) بەیەکەوە و چەند ئیئتلافێکی تر هاتنە ناو هەڵبژاردنەوە، ڕۆژی ٢٣ی هەمان مانگ ئەنجامی هەڵبژاردن ڕاگەیەنرا، ئاکام پارتی ٥١٪ دەنگەکانی بە دەست هێنا و وەك حزبی یەکەم بردیەوە و، یەکێتی و هاوپەیمانەکانی ٤٩٪ی دەنگەکانی بە دەست هێنا. هەروەها سەبارەت بە هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، سەرۆکی پارتی، مەسعود بارزانی زۆرترین دەنگی بە دەست هێنا کە ڕێژەکەی بریتی بوو لە ٤٧,٥٪ دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان)، ڕۆژی ٤ی حوزەیرانی ١٩٩٢ یەکەم کۆبوونەوەی خۆی سازدا و دواتر پارتی لەبەر بەرژەوەندی باڵای گەلی کورد و پاراستنی سەقامگیری کوردستان نیوە بەنیوە لەگەڵ یەکێتی ڕازی بوو، بەمەش ڕۆژی ٤ی تەمموزی ١٩٩٢ لە سەر بنەمای شەریکایەتی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دامەزراند و لە٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ پەرلەمانی کوردستان بڕیاری فیدڕالیزمی لە چوارچێوەی عێراقدا پەسەند کرد... بڕوانە: د. دلێر اسماعیل حەقی شاوێس، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان...، ل٩؛ بۆ زانیاری

سیاسـییەکانی کوردسـتان، ئەزمـوونی ڕاپەڕینـی بەهـاری ١٩٩١ سـەلماندی کـە یەکێتـی هێـزەکانی گـەل و پتـەوی بـەرەی ناوخـۆ زامنـە بـۆ سـەرکەوتن و بەدیهێنـانی ئاواتـەکانی خەڵـکی کوردسـتان، هەروەهـا ئـەوەش دەرکـەوت کـە خەڵـکی کوردسـتان هەرگیـز مـل بـۆ زۆردار و داگیرکـەران کـەچ نـاکات.

لـە کۆتاییـدا ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بەهـۆی هەبـوونی هەڵوێسـتێکی یەکگرتـوو لەنێـو هێـزە سیاسـییەکاندا، لەژێـر کاریگـەری گۆڕانکارییـەکانی ناوچەکـە، تـوانی لـە ڕێگـەی ڕێکخسـتن و شـانە نهێنییـەکانی نـاو شـارەکانی کوردسـتان و پێشـمەرگەکان، لـە پـاڵ لایەنـەکانی تـری بـەرەی کوردسـتانی بـە بەرنامەیـەکی تۆکمـە، جەمـاوەری کوردسـتان سـاز و ئامـادە بـکات و ڕاپەڕیـن بخولقێنێت و ڕۆڵێـکی گرنـگ و بەرچـاو و کاریگەرانـە لـە بەشـداریکردنی ڕاپەڕیـن و قۆناغـەکانی دواییـدا ببینێـت.

---

زیاتـر و وردەکاری لـە بـارەی خشـتەی ئاکامـەکانی هەڵبـژاردنی ئەنجوومـەنی نیشـتمانی کوردسـتان (پەرلەمـان) .بڕوانـە: د.بەختیـار غفـور بالـەکی، پەرلەمـان و کاری پەرلەمـانی، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێـر، ٢٠١٣، ل٧ بـەدواوە.

# ئەنجام

- پـارتی دیموكـراتی كوردسـتان وەكـو پارتێـكی نەتەوەیـی ڕێبەرایـەتی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی كـوردی لـە مێـژووی هاوچەرخـی كـورد هـەر لـە سـاڵی ١٩٤٦ەوە، كـە سـاڵی دامەزراندنێتـی، تاوەكـو ١٩٧٥ كردبـووە ئەسـتۆ، بـە دیاریكراویـش مـاوەی (١٩٧٠ - ١٩٧٤) بەكـردەوە دەسـەڵاتی كارگێـڕی باشـووری كوردسـتان لـە دەسـتیدا بـوو، هەروەهـا گەورەتریـن شـۆڕشی لـە باشـووری كوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٦١ دژی حكوومـەتی عێـراق هەڵگیرسـاند كـە بـە شـۆڕشی ١١ی ئەیلـوول نـاسراوە، ئـەم شۆڕشـە بـەردەوام بـوو تاوەكـو پیلانگێڕیەكـەی جەزائیـر لـە٦ی ئاداری ١٩٧٥ كـە لـە نێـوان عێـراق - ئێـران دژی شـۆڕشی كـورد بەسـترا، لـە ئەنجامـی ئـەم پیلانـە و لەژێـر كاریگـەری چەنـد هـۆكاری نەرێنـی ناوخـۆی پـارتی، نسـكۆی شـۆڕشی ئەیلـوولی و هەڵوەشـانەوەی پـارتی بـە دوایـدا هـات.
- پاش نسـكۆی شـۆڕشی ئەیلـوول، واتـا دوای نزیكەی (٣٠) سـاڵ لەخەبات و تێكۆشـان، پـارتی ڕووبـەڕووی بارودۆخێـكی ناهەمـوار بـووەوە، ئەمـەش وایكـرد سـەركردایەتی پـارتی تـووشی ئاوارەیـی بێـت، ئەوەبـوو مسـتەفا بـارزانی و بەشـێك لـە ئەندامـانی سـەركردایەتی ئـاوارەی ئێـران بـوون و بەشـێكی دیكەشیان ڕوویـان لـە ئەوروپا كـرد، لـەو نێوەنـدەدا هەندێكیـان لـە دەوری مسـتەفا بـارزانی كۆبوونـەوە و سـەرئەنجام لە نیسـانی(١٩٧٥) بـە ڕاوێـژی مسـتەفا بـارزانی، لـە ژێـر سەرپەرشـتی ئیدریـس بـارزانی و مەسـعود بـارزانی، پـارتی دووبـارە لـە چوارچێـوەی ڕێكخسـتنێكی نـوێ لـە ژێـر نـاوی سـەركردایەتی كاتی بـە فۆڕمێـكی نـوێ بەپێـی پێویسـتی ئـەو قۆناغـە مێژووییـەی كـە گـەلی كـورد لـە باشـووری كوردسـتاندا پێـدا تێدەپـەڕی خـۆی ڕێكخسـتەوە، دووبـارە گەڕایـەوە مەیـدانی خەبـات و تێكۆشـان.
- پـارتی لـە مـاوەی (١٩٧٦ -١٩٩١) بـە شـێوەیەكی گشـتی بـە دوو قۆناغـی جیـاوازدا تێپـەڕ بـوو، یەكەمیـان مـاوەی سـاڵانی(١٩٧٦ - ١٩٧٩) كـە نـاسراوە بـە قۆناغـی سـەركردایەتی كاتی، دووەمیشـیان مـاوەی سـاڵانی(١٩٧٩ - ١٩٩١)كـە بـە قۆناغـی بوژانـەوەی پـارتی دەناسرێـت.
- قۆناغـی سـەركردایەتی كاتی بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ درێـژەی كێشـا، كـە تیایـدا پـارتی

چەندین هەڵشکان و داشکان و ڕووداوی گرنگ و کارەساتی نەخوازراوی بەخۆوە بینی، ناوەکەشی گوزارشت بوو لەو بارودۆخە، لەو ماوەیەدا پارتی لە دۆخێکی خراپ و ئاوارەییدا (ئێران – ئەوروپا..تاد)بوو، دەرفەتی بەستنی کۆنگرەی نوێی حزبی نەبوو، هەروەها ژمارەیەك لە ئەندامانی پێشووی سەرکردایەتی کە لە کۆنگرەی هەشتەمدا لە ساڵی(١٩٧٠) هەڵبژێردرابوون، ڕێگایەکی تریان گرتەبەر و وازیان لە پارتی هێنا، بۆیە بە شێوەیەکی کاتی لەسەر بنەمای دەستنیشانکردن لە ژێر ناوی سەرکردایەتی کاتی خۆی ڕێکخستەوە تاوەکو دەرفەتێك دەگونجێ بۆ بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی حزب.

- لەم قۆناغەدا خۆڕێکخستنەوەی پارتی تەنها خۆڕێکخستن نەبوو بۆ هەڵگیرساندنی خەباتی چەکداری، بەڵکو بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی شۆڕشی ئەیلوول و بەخۆداچوونەوە و ڕەخنەگرتنی ئەو خاڵە لاوازانەش بوو کە لە بوارە جیاجیاکاندا هەیبوون .
- یارمەتی و هاوکاری خەڵکی پارچەکانی تری کوردستان ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە هەڵسانەوەی پارتی و ئامادەکاری بۆ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، ئەوەتا خەڵکی باکووری کوردستان پاڵپشتی مادی و مەعنەوی پارتیان دەکرد کە خۆی لە هاندان و بەشداریکردن لە شۆڕش و دابینکردنی پێداویستیەکانی پێشمەرگە دەبینیەوە .
- لە خەباتی نهێنی ناوشارەکاندا، ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی ڕۆڵێکی باشیان هەبوو لە ساغکردنەوەی ڕیزەکانی پارتی و دوورخستنەوەی خەڵك لە هاوکاریکردنی حکوومەتی عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو ئاستەدا نەبوون کە بتوانن زەمینە بڕەخسێنن بۆ هاتنی پێشمەرگە بۆ ناو شارەکان تاوەکو ساڵانی هەشتاکان.
- لە سەر ئاستی دەرەوەش، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، فاکتەرێکی سەرەکی بوو لە هەڵسانەوەی پارتی، بە تایبەتی بەستنی کۆنفرانسی (بەرلین)ی ئابی(١٩٧٦) کە بەشێوەیەکی شەرعی گشت ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی جێگیر کرد، هەروەها کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ڕۆڵیان هەبوو لە گەیاندنی پەیامی پارتی بەڕای گشتی جیهان و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە سیاسیەکانی لە سەر ئاستی ئەوروپا بە گشتی.
- دوای خۆڕێکخستنەوە لە سەر ئاستی سیاسی، پارتی لە ڕۆژی ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦، جارێکی تر شۆڕش ئاگری هەڵکرد، کۆتی ئەو گەمارۆیەی شکاند کە لە ئەنجامی

مۆرکـردنی ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر تـووشی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان هاتبـوو.

- سیاسـەتی پـارتی لـە قۆناغـی نوێـی خەباتـدا گۆڕانـکای بـە سـەردا هـات کـە ئەویـش کاری پێکەوەیـی بـوو لەگـەڵ پارتـەکانی دیکـەی کوردسـتان، ئەمـەش پێچەوانـەی قۆناغـی پێشـووی سـاڵانی(١٩٤٦- ١٩٧٥) بـوو، ئـەم گۆڕانکارییـە دەرئەنجامـی هەڵومەرجـی ئەوسـای باشـووری کوردسـتان بـوو کـە خـۆی لـە دامەزرانـدنی چەنـد حزبێـکی دیکـەی کـوردی دەبینیـەوە، ئەمـەش لـە سـۆنگەی بەرژەوەنـدی نەتەوەییـەوە سـەرچاوەی دەگـرت.
- لـە مـاوەی قۆناغـی سـەرکردایەتی کاتی، سـێ ئاراسـتەی جیـاواز لـە نێـو ڕیـزەکانی پارتیـدا بـوونی هەبـوو، یەکەمیـان بریتـی بـوو لـە ئاراسـتەی (ڕاسـتڕەو) کـە لـە لایـەن ئیدریـس بـارزانی سـەرکردایەتی دەکـرا، دووەمیـان ئاراسـتەی (چەپ)بـوو کـە لـە لایـەن سـامی عبدولڕەحـمان سـەرکردایەتی دەکـرا، سـێیەمیش بریتـی بـوو لـە ئاراسـتەی مـام ناوەنـد (نەتەوەیـی) کـە لـە لایـەن مەسـعود بـارزانی سـەرکردایەتی دەکـرا، لـە نێـو ئاراستەکانیشـدا بەتایبـەتی ئاراسـتەی چەپـڕەو لەگـەڵ ڕاسـتڕەو بـە درێژایـی ئـەو قۆناغـە ململانـێ و ناکۆکیـەکی هـزری بەردەوامـی هەبـوو، بـەڵام دواجـار لـە کۆنگـرەی نۆیەمـی پـارتی بـە دەرچـوونی باڵـی چەپـڕەو لـە ڕیـزەکانی پـارتی ئـەو ناکۆکییـە بـۆ دواجـار کۆتایـی پێهـات.
- دوای نزیکـەی(٩) سـاڵ بـە سـەر کۆنگـرەی هەشـتەمیدا، لەژێـر کاریگـەری هەمـوو ئـەو گۆڕانکاریانـەی کـە لـە ئێرانـدا ڕوویـدا کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی خـۆی لـە سـەرکەوتنی شـۆڕشی گـەلانی ئێرانـدا دەبینیـەوە، پـارتی لـە تشـرینی دووەمـی ١٩٧٩ کۆنگـرەی نۆیەمـی خـۆی لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان سازدا، تیایـدا بـۆ جـاری یەکـەم مەسـعود بـارزانی لـە تەمـەنی (٣٣)سـاڵیدا بـە سـەرۆکی پـارتی هەڵبژێـردرا، نـاوی بنـەڕەتی کە(پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان)ە گەڕایـەوە شـوێنی خـۆی، دوای ئـەم هەنـگاوەش کۆتایـی بـە قۆناغـی سـەرکردایەتی کاتی هـات.
- سـەرهەڵدان و سـەرکەوتنی شـۆڕشی گـەلانی ئێـران لـە شـوباتی ١٩٧٩، کاریگـەری گـەورە و ڕاسـتەوخۆی لـە سـەر شـێوازی خەبـاتی پارتـە کوردییـەکانی باشـووری کوردسـتان بەگشـتی و پـارتی بەتایبـەت دروسـت کـرد، بـە جۆرێـك ئـەم ڕووداوە لـە کاتێکـدا بـوو پـارتی بـۆ دووبـارە خۆڕێکخسـتنەوە پشـتی بـە توانـا مرۆییـەکانی پەنابـەران دەبەسـت، کـە پێشـتر حکوومـەتی شـا بـە درێژایـی مـاوەی (١٩٧٥ – ١٩٧٩)، بـە هەمـوو شێوەیەك ڕێگـری چالاکـی سیاسـی و لەشـکری لێکردبـوو، بـەڵام

بـە ڕوخـانی شـا و دامەزرانـدنی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لـە شـوێنی، دۆخێـکی نـوێ هاتـە ئـاراوە کـە پـارتی سـوودی زۆڕی لێبینـی، بـە شـێوەیەك بـووە هـۆی دووبـارە گەشـەکردنەوەی بزاڤـی پـارتی دژ بــە خواسـت و بەرژەوەندییــەکانی حکوومــەتی عێـراق.

- جەنگـی عێـراق - ئێـران (١٩٨٠ - ١٩٨٨)، ڕەنگدانـەوەی ئەرێنـی و نەرێنـی لـە سـەر سیاسـەتی پـارتی هەبـوو، بـە شـێوەیەك ئێـران کاریگـەری گـەورەی هەبـوو لـە سـەر شـێوازی خەبـات و تێکوشـانی بەرامبـەر حکوومـەتی عێـراق و پەیوەنـدی لەگـەڵ حزبـەکانی تـری کوردسـتانی و هەروەهـا قوڵبوونـەوەی شـەڕی ناوخـۆی نێوحزبـە کوردسـتانییەکان. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم جەنگـە فاکتەرێـکی گرنـگ بـوو بـۆ گەشـەکردنی بزاڤـی سیاسی لەشـکری پـارتی، کـە بـە شـێوەیەکی بەهێزتـر و کاریگەرتـر لـە سـنوورێکی بـەر فراوانـتر لـە گۆڕەپـانی خەبـات جێگای خـۆی کردبـووەوە.
- پـارتی کاراکتەرێـکی سـەرەکی بـوو لـە کۆکردنـەوەی هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی عێـراق، بـە تایبـەت لەبـەرەی (جـود)، کـە ڕۆڵێـکی گرنگـی هەبـوو لـە دامەزراندنیـدا. وێـڕای ئـەوەی بـە دامەزرانـدنی بـەرەی (جـود) ململانـێ و شـەڕی ناوخـۆ گەرمـتر بـوو لـە قۆناغـی (١٩٧٥ - ١٩٧٩) ، لـە بـواری خەبـاتی سیاسـی و لەشـکری دژی حکوومـەت و پاڵپشـتی جەمـاوەر و بـەرەو پێشـڤەچوونی شـوڕش ڕەنگدانـەوەی گـەورەی هەبـوو، هەروەهـا لـە بەگژداچوونـەوەی شـەڕی ناوخـۆ خەباتێـکی زۆری کـرد، لـە درێـژەی ئـەم هەوڵانـەش شـەڕی ناوخـۆ کۆتایـی هـات، ئاشـتبوونەوەی گشـتی لێکەوتـەوە.
- پـارتی وەك بنەمـا ویسـتی ئاشـتبوونەوە و قوڵکـردنی پەیوەنـدی لـە پێنـاو گەیشـتن بـە دامەزرانـدنی بەرەیـەکی نیشـتمانی بەهێـز لەگـەڵ هەمـوو هێـزەکانی نێـو گۆڕەپـانی سیاســی و چەکـداری باشــووری کوردســتان بــە گشــتی هەیبــوو، بــەڵام بەهــۆی قبووڵنەکردنـەوەی پـارتی لـە گۆڕەپـانی خەبـات لـە لایـەن پارتـە کوردییـەکان بەگشـتی و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان بەتایبـەتی، پـارتی بـە درێژایی مـاوەی (١٩٧٦ - ١٩٨٦)، کەوتبـووە نێـو میـدانی شـەڕی ناوخـۆ و لـە ململانێیـەکی توونـد و خوێناویـدا بـوو.
- هـەر چەنـدە پـارتی لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکانی شـۆڕشی گـوڵان، بـە سـوودوەرگرتن لـە ئەزمـوونی شـۆڕشی ئەیلـول، تەنیـا پشـتی بـە گـەلی کـورد و توانـای خـۆی بەسـت، بـەڵام ئـەم سیاسـەتە تـا سـەر بـەردەوام نابـێ، بەڵکـو دووبـارە کەوتـەوە نێـو هەڵەی پێشـوو، بـە درێژایـی مـاوەی جەنگـی عێـراق - ئێـران، وەك پێویسـت پشـتی بـە گەلی کـورد نەبەسـت، بەڵکـو ئومێـدی بـە ئێـران هەبـوو لەبـەر ئـەوە لەگـەڵ حکوومـەتی عێـراق لـە جەنگدا بـوو.

- لـەو مـاوە مێژووییـە دیارکـراوەدا، بـەشی سـەرەکی سـەرکردایەتی و دامـودەزگاکانی پـارتی لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان مایـەوە ئەمـەش پێچەوانـەی بڕیـارەکانی کۆنفرانـسی ئـابی ١٩٧٦، بڕیـارەکانی کۆنگـرەی نۆیەمـی ١٩٧٩ بـوو، بەپێـی ئـەو بڕیارانـە دەبوایـە ئەندامـانی سـەرکردایەتی بگەڕێنـەوە بـۆ باشـووری کوردسـتان و ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی چالاکییـە لەشـکرییەکان بکـەن.
- پـارتی لـە ڕێـگای ڕێکخسـتنە نهێنیـەکان و ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان بـە تایبـەتی ڕێکخـراوی (ی.ق.ك)، بـە دیاریکـراوی لـە مـاوەی (١٩٨٠-١٩٨٦)، ڕۆڵێـکی گرنگـی لـە سـازدان و بەشـداریکردنی خۆپیشـاندان و ڕاپەڕینـە جەماوەرییـەکانی کوردسـتان هەبـوو. هـەر چەنـدە جەمـاوەری خۆپیشـاندەر نەگەیشـتنە ئامانجـی سـەرەکی خـۆی بـەڵام دیـواری ترسـیان شـکاند، تـا ڕادەیـەکی بـاش ڕێـگای چـوونی پێشـمەرگە بـۆ ناوەنـدی شـارەکان خۆشـکرد کـە لـەو ماوەیـەدا ڕۆژانـە بـە دەیـان چالاکـی دژی بەرژەوەندییـەکانی حکوومـەت ئەنجـام دەدرا.
- لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان وەك تاکـە هێـزی فەرمـی پـارتی، بـە پاڵپشـتی بەرگـری میلـلی، بـە چـەکی سـادە و لـە دۆخێـکی هەسـتیاردا بەرامبـەر سـوپای پـڕ چـەکی پێشـکەوتووی حکوومـەتی عێـراق، بـە درێژایـی ئـەو مـاوە مێژووییـە دیاریکـراوە، بـە تایبـەتی مـاوەی نێـوان (١٩٨٦ – ١٩٨٨)، چەندیـن داسـتانی گـەورە و کـەم وێنـەی لـە مێـژووی شـۆڕشی گولانـدا تۆمـار کـرد بـە شـێوەیەك لـە سـەر ئاسـتی ناوخـۆ و دەرەوە دەنگدانـەوەی گـەورەی لێکەوتـەوە.
- ئاشـتبوونەوەی گشـتی نێـو هێـزەکانی کوردسـتان بـە بـێ ئاشـتبوونەوەی پـارتی و یەکێتـی وەك دوو هێـزی سـەرەکی سـەر گۆڕەپـانی سیاسـی و چەکـداری باشـووری کوردسـتان، ئاشـتبوونەوەیەکی گشـتی نەدەبـوو لـە بـەر ئـەوەی سـەرچاوەی شـەڕی ناوخـۆ و هەمـوو کێشـە و گرفتـەکانی تـر بەسـترا بـووەوە بـە ئاسـتی پەیوەنـدی نێـوان هـەر دوولا، لـەم نێوەنـدەدا پـارتی لـە مـاوەی (١٩٨٠ – ١٩٨٦)، پەیوەندییـەکی دۆسـتانەی لەگـەڵ هەمـوو هێـزەکانی تـر لـە چوارچێـوەی بـەرەی (جـود)دا دروسـتکردبوو، هەموویـان لەخەباتـدا بـوون دژی حکوومـەتی عێـراق بـۆ بەدیهێنـانی یـەك ئامـانج ، بـەڵام لـەو مـاوە مێژووییـەدا، پەیوەنـدی پـارتی و یەکێتـی لـە شـەڕێکی خوێناویـدا بـوو، بـەڵام دوای وەسـتاندنی گفتوگـۆ لەگـەڵ حکوومـەت و هەڵگرتنـی دروشـمی ڕووخـانی ڕژێمـی بەعـس وەك دروشـمی ڕاسـتەقینەی شـۆڕش لـە لایـەن یەکێتییـەوە، بـە نێوەندگیـری ئێـران لـە تشـرینی دووەمـی ١٩٨٦، ڕێککەوتننامـەی ئاشـتەوایی لـە نێـوان پـارتی و یەکێتـی هاتـە ئـاراوە، بـە ماوەیـەکی کـەم دوای ئـەم

هەنـگاوە ئاشـتبوونەوەی گشـتی نێـو سـەرجەم هێـزە کوردسـتانییەکان هاتـە ئـاراوە و کۆتایـی بـە قۆناغـی ناسـەقامگیری و شـەڕی ناوخـۆی هـات.

- پـاش ئاشـتبوونەوەی گشـتی، لـە پـاڵ لایەنـەکانی تـری کوردسـتانی پـارتی ڕۆڵێـکی گرنگـی بینـی لـە دامەزرانـدنی بـەرەی کوردسـتانی، هەرچەنـدە بـەرەی کوردسـتانی دواکـەوت بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا خاڵێـکی گرنـگ و وەرچەرخـان بـوو لـە مێـژووی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد لـەم قۆناغـەدا، لەبـەر ئـەوە بـۆ یەکەمجـار لـە دوای نسـکۆی شـۆڕشی ئەیلـوول لـە ئـاداری ١٩٧٥، هەمـوو هێـزە کوردسـتانییەکان لـە چوارچێـوەی یـەك ئامانـج کۆبوونـەوە.
- بـە هـۆی پەلامـاردانی باشـووری کوردسـتان لـە لایـەن حکوومـەتی عێـراق لـە ڕێـگای بەکارهێنـانی هەمـوو جـۆرە چەکێـکی مۆدێـرن و کیمیابـاران و پرۆسـەکانی ئەنفـال لـە ناوچـە جیـاوازەکانی کوردسـتان، هەروەهـا وەسـتانی جەنگـی عێـراق - ئێـران لـە ئـابی١٩٨٨، پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان وەکـو هەمـوو هێـزەکانی تـری بـەرەی کوردسـتان، دووچـاری شکسـتێکی گـەورەی هاوشـێوەی سـاڵی ١٩٧٥بـوو، بـەڵام نـەك سیاسـی بەڵکـو سـەربازی، لـە ئەنجامـدا حکوومـەتی عێـراق دەسـتی بـە سـەر هەموو ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی پـارتی و شـوێنەکانی تـری مەبەسـت داگـرت.
- پـارتی بـە هـۆی هەبـوونی هەڵوێسـتێکی یەکگرتـوو لـە نێـو هێـزە سیاسـییەکان، لەژێـر گۆڕانکارییـەکانی ناوچەکـە لـە نموونەیـان جەنگـی دووەمـی کەنـداو لـە هاوینـی١٩٩٠، تـوانی بـە هێزێـکی گـەورەوە بگەڕێتـەوە باشـووری کوردسـتان، لـە ڕێگـەی پێشـمەرگە و ڕێکخسـتن و شـانە نهێنییـەکانی نـاو شـارەکانی کوردسـتان، لە پاڵ لایەنـەکانی تـری بـەرەی کوردسـتانی بـە بەرنامەیـەکی تۆکمـە، جەمـاوەری کوردسـتان سـاز و ئامـادە بـکات و ڕاپەڕینـی ئـاداری ١٩٩١ی باشـووری کوردسـتان بخولقێنـێ، هەروەهـا ڕۆڵێـکی گرنـگ و بەرچـاو و کاریگـەری هەبـوو لـە بەشـداریکردنی ڕاپەڕیـن و قۆناغـەکانی دوایـدا.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: بەڵگەنامەکان

### أ- بڵاونەکراوەکان بە زمانی کوردی:

- پ.د.ك – س.ك، لێژنــەی پەیوەندییــەکانی دەرەوە، بەیاننامە»دەســت درێــژی ئــەم دوایــەی جاشــەکانی ٧٧ بــۆ ســەر هێــزە نیشــتمان پــەروەرەکانی کوردســتان»، لــە حوزەیــرانی ١٩٧٨.
- بەیاننامە»کامـپ دیفیـد پیلانێکـە لـەدژی گـەلی فەلەسـتین و میللـەتی عـەرەب»، لـە ١١ی ئەیلـوولی ١٩٧٨.
- ڕاگەیاندنی سوپایی ژمارە ٣»، لە١٩٧٨/١٢/١.
- جەماوەری تێکۆشەر هۆشیاربن لە پیلانی خۆفرۆشان»، لە١٩٧٩/١/٢٨.
- گــەلی کــوردی تێکۆشــەر خائینــانی نەتەوەکەمــان ڕیســواکەن»، لــە٢٤ی نــەورۆز ١٩٧٩.
- بانگەوازی نەورۆزی کوردستان»، لە ٢١/آژار١٩٧٩.
- برووسکەنامە» بۆ گشت هەرێم و کەرتەکان»، لە ئازاری ١٩٧٩.
- بەیاننامە «ڕاگەیاندنی سوپایی ژمارە ٥»، لە ١٩٧٩/٥/١٠.
- ڕاگەیاندنی سوپایی ژمارە ٥ و ٦»،لە١٣ی ئایاری ١٩٧٩.
- سـڵاو ورێــز بــۆ شــۆڕشی ٢٦ی گـوڵانی نیشـتمانی پێشـکەوتنخواز لەبیـرەوەری سـێ هەمیــن دا»، لــە ٢٦ی گــوڵانی ١٩٧٩.
- جــود، بەیاننامــە» ئامۆژگارییــەکانی لێژنــەی بــەرزی بــەرەی نیشــتمانی دیموکــراتی عێراقــی دەربــارەی پەیوەنــدی لەگــەڵ جەمــاوەردا»، لــە ١٩٨١/٥/٨.
- داگیرکــردنی خــاکی لوبنــانی بــرا لەلایــەن ئیسرائیلــەوە بەتونــدی تاوانبــار دەکەیــن، بەتێکۆشـانی یەکگرتومـان داگیرکردنـە تـازەکانی خـاکی عـەرەب لەلایـەن ئیسرائیلـەوە وردو خــاش دەکەیــن»، لەحوزەیــرانی ١٩٨٢.

- لەپێناو پوچەڵکردنی پیلانەکانی ڕژێمی فاشیست»، لە٢٢ی نیسان ١٩٨٣.
- م.س- پ.د.ك ، بەیاننامــە» بەیانێــکی گرنــگ بــۆ گــەلی عێراقــی قارەمــان»، لــە١٩٨١/٧/١٧.
- شــۆڕشی ٢٦ی گــوڵان شــۆڕشی هەمــوو نیشــتمان پــەروەر و پێشــکەوتنخوازانەی کوردســتان و عێراقــە»، لــە١٩٨٣/٥/٢٦.
- یــادی شــەهیدانی ئــۆردوگای (زێــوە)ش هەتاهەتایــە هــەر زینــدو ئەمێنێتــەوە»، لــە١٩٨٥/٦/١٢.
- ڕوونکردنەوەیــەك دەربــارەی بەیاننامــەی هێــزە نیشــتمانی و نەتەوەپــەروەر و پێشــکەوتنخوازەکان کــە لــە٦ی شــوباتدا لەتەرابلــوس دەرچــووە»، لــە١٩٨٣/٢/١٣.
- کارەســاتی هەڵەبجــە لەکــەی نەنگــە بــە نێوچــاوانی ڕژێمــی ســەدامەوە»، لــە١٢ی ئــاداری ١٩٨٩.
- ٢٥ی ئابی خوێناوی»، لە ٢٢ی ئابی ١٩٨٩.
- لەیادی نەمراندا»، لە ١ی ئاداری ١٩٩١.
- بەیاننامەیــەك لــە کۆمیتــەی ناوەنــدی هەڵبــژاردنی پــارتی دیموکــراتی کوردســتانەوە دەربــارەی ئەوبــاس و خواســانەی لــە ســەر ئۆتۆنۆمــی و مــافی چــارەی خۆنوســین هاتوونەتــە گــۆڕێ، لــە٢٢ی نیســان ١٩٩٢.

------------------------------

## ب- بڵاونەکراوەکان بە زمانی عەرەبی:

- ح.د.ك – ق.م ، فرع أوروبا ، «بلاغ عسكرى رقم ١ و ٢» ، فى تموز ١٩٧٦.
- بلاغ عسكرى رقم ٤»، فى أيلول ١٩٧٦.
- لجنه العلاقات الخارجية ، « بلاغ عسكرى رقم٥»، فى ١٨ تشرين الأول١٩٧٦.
- فرع أوروبا ، «بلاغ عسكرى رقم ٦»، فى تشرين الثاني ١٩٧٦.
- بلاغ عسكرى رقم ٧»، في ١٢/٢٣/ ١٩٧٦.
- بلاغ عسكرى رقم ٩»، في ١٩٧٧/١٢/٢٨.
- بلاغ عسكرى رقم ١٠»، في ١٩٧٧/٤/٢٥.

- بلاغ عسكرى رقم ١١»، في ٢٤/آيار/١٩٧٧.
- بلاغ عسكرى رقم ١٣»، في ٢٧/آب/١٩٧٧.
- بيان»فـى الذكـرى الحاديـة والثلاثيـن لتأسـيس حزبنـا الديمقراطـي الكردسـتاني المناضـل»،في ١٦/آب/١٩٧٧.
- إلى ثـورة أيلـول مدرسـة الأجيـال لمناسـبة ذكرهـا السادسـة عشـر»، في ١١/أيلـول/١٩٧٧.
- حول مؤامرة الجلاليين والطعمة التكريتية عام ١٩٧٧»، فى ١٩٧٧/١٢/٢٥.
- مـن حزبنـا االديمقراطـى الكردسـتانى يكشـف مزيـداً مـن الحقائـق عـن مؤامـرة الجلاليـن الخيانية»،فـى أوائـل شـباط ١٩٧٨.
- نـداء» إلى كافـه القـوى التقدميـة واالديمقراطيـة والعربيـة – تضامنـو مـع شـعبنا الكـردي فـى سـبيل إيقـاف حملـة التهجيـر والتشـديد العنصريـة»، أوائـل حزيـران ١٩٧٨.
- بيـان» طبيعـة النظـام العراقيـة فـى تقيماتهـا السياسـية لهـذا النظـام»، في حزيـران١٩٧٨.
- لجنة الإعلام، «بلاغ عسكرى رقم١٧»، فى تموز ١٩٧٨.
- بيـان «حمـل تهجيـر الجديـدة مرحلـة خطيـر مـن الطعمـة العنصريـة الشـاملة»، في ١٢تمـوز ١٩٧٨.
- لجنـة العلاقـات الخارجيـة، تصريـح صحفي»فشـل حملـة الربيعيـة للنظـام العراقـى عـلى مواقـع البيشـمركة»،في حزيـران ١٩٧٩.
- مكتـب سكرتاريـة الجبهـة الطلبـة الكردسـتانيين فـى أمريـكا و كنـدا، بيان»حـول الإعتـداء الأثيـم الـذي تعـرض إليـه السـيد مسـعود البارزانـى فـى فينـا»، فـى ١٩٧٩/١/٢٠.
- ح.د.ك – ق.م ، فـرع أوروبـا ، لجنـة الإعـلام ، بيان»حـول وجـود عـن حزبنـا فـى إيـران»، في آذار١٩٧٩.
- بيان» الشعب الكردي في العراق»، ٥/آذار/١٩٧٩.
- حول إندما عدوان الجلاليين ثورتنا فى هورامان»، في ١٠ نيسان١٩٧٩.
- لجنـة علاقـات الخارجيـة، بيـان «قـوات الحكومـة العـراق تقتـل ٤ مهندسـين» في ٧

آيـار١٩٧٩.

- تنسيق عسكري عراق – تركى ضد الأكراد»، فى ٢٩/آذار/١٩٧٩.
- لجنة الأعلام، «بلاغ عسكرى رقم ٢١»، فى ٤حوزيران ١٩٧٩.
- بيـان « إنتخـاب مسـعود البـارزاني رئيسـاً، والمناضـل سـامى عبدالرحمـن سـكرتير عـام للحـزب الديمقراطـى الكردسـتانى – ق.م»، فـى ١٩٧٩/٧/٥.
- م.س- ح.د.ك، نـداء «مـن الحـزب الديمقراطـى الكردسـتانى إلى الشـعب العـراق عامـة وشـعبنا الكـردى خاصـة وإلى الـرأى العـام العربـى والعالمـى»، في آب١٩٨٠.
- بيــان» أوك» الأعــداء الأخــوة الكرديــة و (شرطــى) الدكتاتوريــة عــلى الســاحة الكردســتانية»، فــى ٣/آيــار/١٩٨٣.
- اللجنـه المركزيـه للحـزب الديمقراطـى الكردسـتانى – العـراق، بيـان « الأمـة الكرديـة نفقـد أبنائهـا الأوفيـاء»، في ١٩٨٧/٢/١.
- م.س- ح.د.ك، بيان» ٤١ عاماً من الكفاح والتضحيات»، في ١٦/آب/١٩٨٧.
- في الذكــرى المجيــدة الــ(٢٦) لأنــدلاع ثــورة أيلــول الوطنيــة الكرديــة»، في ١١/ أيلــول/١٩٨٧.
- في الذكرى الخالدين»، في آذار ١٩٨٨.
- للذكرى العاشرة لرحيل مؤسس حزبنا وقاد حركتنا الكردية»،في ١ آذار١٩٨٩.
- ١٦ آب وحدة الحركة التحررية الكردية»،في ١٣/آب/١٩٨٩.

------------------------------

## ج- بڵاوكراوەكان بە زمانی كوردی:

- پ.د.ك – س.ك، ڕێبــازی بزووتنــەوەی ئازادیخوازانــەی كــورد هەڵســەنگاندنی شـۆڕشی ئەیلـوول و بەرنامـەی نوێـی پـارتی دیموكـراتی كوردسـتان، ڕاپـۆرتی سیاسـی سـەركردایەتی كاتی پـارتی دیموكـراتی كوردسـتان لەلایـەن كۆنفرانـسی پـارتی یـەوە لـە (١١ – ١٥)ی ئــابی ١٩٧٦ بەســتراوە.
- ی.ن.ك، بەیاننامە»جەماهیــری زۆرلێكــراوی كوردســتان یەكبگــرن، هەمــوو هێــزە پێشــكەوتن خــوازەكانی عێــراق یەكبگــرن»، لــە١٩٧٦/٩/١.
- ڕاپـۆرتی سیاسـی و عەسـكەری و تەنزیمـی سـەرۆكی پـارتی هەڤـاڵ مسـعود بـارزانی

بـۆ كۆنگـرەی پارتیـمان – پـارتی دیموكـراتی كوردسـتان لەمـاوەی ٤ – ١١/ تشـرینی دووەمـی ١٩٧٩بەسـتراوە.

- بڕیـارە سیاسـیەكانی كۆنگـرەی نۆیەمـی پـارتی دیموكـراتی كوردسـتانی – عێـراق بەسـتراوە لـە ٤ – ١٩٧٩/١١/١١.
- بەلاغـی كۆتایـی هاتنـی كۆنگـرەی نۆیەمـی پـارتی دیموكـراتی كوردسـتانی – عێـراق، كۆمیتـەی ناوەنـدی، ١٩٧٩/١١/١١.
- پ.د.ك، پەیـڕەوی نـاوی پـارتی لەكۆنگـرەی نۆیەمـی پـارتی دا كـە لەتشـرینی دووەمـی١٩٧٩ بڕیـاری لەسـەر دراوە.
- سـكرتاریەتی بـەرەی نیشـتمانی دیموكـراتی عێراقـی، بەیاننامە»ڕاگەیانـدنی كۆبوونـەوەی بـەرەی نیشـتمانی دیموكـراتی عێراقی «، لـە١٩٨١/٣/٢٦.
- لێژنـەی بـەرزی بـەرەی نیشـتمانی دیموكـراتی عێراقـی، بەیاننامـە «بەیـانی بـەرەی نیشـتمانی دیموكـراتی عێراقـی بـۆ گـەلی عێراقـی تێكۆشـەر»، لـە ١٩٨١/٧/١٨.
- مسـعود بـارزانی- سـەرۆكی پـارتی دیموكـراتی كوردسـتان- عێـراق «ڕوونكردنەوەیـەك بـۆ گـەلی كـوردی قارەمـان»، لـە ١٩٨١/٧/١.
- پ.د.ك، لقـی یـەك «ڕوونكردنەوەیـەك لـە لقـی یـەكی پارتیمانـەوە لەپارێـزگاكانی دهـۆك – نەینـەوا «، لـە ١٩٨٣/٦/٣.
- نامەی مسعود بارزانی بۆ لقی یەكی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ١٩٨٣/٦/٥.
- پ.د.ك، لقی یەك « سوپاسنامە بۆ جەماوەری بادینان» ، لە ١٩٨٣/٦/٦.
- م.س - پ.د.ك، بەیاننامـە «پارتیـمان وەك كێوێـكی ئاگریـن بەرامبـەر هێـرشی ڕژێمـی فـاشی توركیـا ڕادەوەسـتێ»، لـە ١٩٨٤/١/١٧.
- »ڕاگەیاندراو»، لە ٦ی تشـرینی دووەمی ١٩٨٤.
- بەیاننامـە «بەڵـێ بـا لەسـەر ئەسـاسی ڕووخانـدنی ڕژێمـی سـەدام ئاشـتبینەوە»، لـە١٩٨٤/٧/٨.
- بـەرەی نیشـمانی دیموكـراتی عێراقـی ، بەیاننامـە» دەربـارەی ڕاگرتنـی ووتووێـژ لـە نێـوان یەكێتـی و ڕژێمـی دیكتاتـۆری»، لـە كۆتایـی كانـوونی دووەمـی ١٩٨٥.
- م.س - پ.د.ك، بەیاننامە»بەبۆنـەی چلەمیـن ڕۆژی شـەهیدانی ئـۆردوگای زێـوە، هـەزاران سـڵاوڕێز بـۆ گیـانی پـاكی شـەهیدە نەمرەكانمـان»، لـە١٩٨٥/٧/١٩.

- ی.ق.ك، بەیاننامە «بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن»، لە١٩٨٥/١٠/١.
- م.س - پ.د.ك، نـوسراوی ژمـارە: (١٠٨) بۆگشـت لێژنـە و ناوچـەکانی تێکۆشـەرمان، لـە ڕۆژی ١٩٨٧/١/١٢.
- نـوسراوی ژمـارە: (١٠٩) بۆگشـت لێژنـە و ناوچـەکانی تێکۆشـەرمان، لـە ڕۆژی ١٩٨٧/١/١٣.
- بەیاننامە»یادی شۆڕشی ٢٦ی گـوڵانی پیرۆز بەشـانازی و سـەربەرزییەوە دەکەینەوە»، لە٢٦ی ئایـار ١٩٨٧.
- ڕاگەیانـدنی ڕێککەوتنـی دوو قۆڵـی نێـوان یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانی – عێـراق، لـە شـوباتی ١٩٨٧.
- بەیاننامـەی تەبایـی نێـوان نێـوان یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانی -عێـراق، لـە١٩٨٧/٢/٨.
- کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان-عێراق «ڕاگەیانـدراوی کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانی – عێـراق»، لـە٢٠ تمـوز ١٩٨٨.
- سـەرکردایەتی سیاسـی بـەرەی کوردسـتانی عێـراق، بەیاننامـە» سـەبارەت بەڕاگرتنـی شـەڕی عێـراق - ئێـران و سـەبارەت بـە شـەڕی قەلاچۆکـردن لەکوردسـتانی عێراقـدا»، لـە٨ی ئـاب ١٩٨٨.
- ڕاپـۆرتی سیاسـی کۆمیتـەی ناوەنـدی لەلایـەن سـکرتێری حـزب مامۆسـتا عـلی عەبدوڵا پێشکەشـکرا پەسـەندکراوی دەیەمیـن کۆنگـرەی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتانی – عێراق لەماوەی ٢ – ١٩٨٩/١٢/١٢.
- بەلاغـی کۆتایـی ڕاپـۆرتی سیاسـی - بڕیـار و ڕاسـپاردەکانی کۆنگـرەی (١١)ی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان- یەکگرتـوو، لـە٦ – ٢٦/ئـاب ١٩٩٣ بەسـتراوە.
- ڕاپـۆرتی گشـتی بڕیـار و ڕاسپاردەکانی بەلاغـی کۆتایـی کۆنگرەی دوازدەهەمـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان – عێـراق لـە ٦ – ١٩٩٩/١٠/١٤ بەسـتراوە .

------------------------------

## د- بڵاوکراوەکان بە زمانی عەرەبی:

- ح.د.ك – ق.م، لجنة الأعلام ،»تصريح صحفي»، فی ١٠ حزيران ١٩٧٨.

- لجنة العلاقات الخارجية ، «تصريح صحفي»، في حزيران ١٩٧٨.
- بيان صحفي»، في ٣ تموز ١٩٧٨.
- بيان صحفي»، تموز ١٩٧٨.
- بيـان» طبيعـة النضـام العراقـي ومحـاول إغتيـال عضـو القيـادة المؤقتـة»، في كانـون الثـاني ١٩٧٩.
- مسعود البارزانى ، «تصريح صحفي»، في ٢/آذار/١٩٧٩.
- سـكرتارية الجبهـة الوطنيـة الديمقراطيـة العراقيـة « بـلاغ إجتـماع سـكرتارية جـود»، في كانـون الثـاني ١٩٨٣.
- جـود في أربيـل ، «نـداء حـول أعـمال الإتحـاد الوطنـي الكردسـتاني چـد أگـراف الجبهــة»، في شــباط ١٩٨٣.
- أوك، بيـان» تدريـب تأمـر أطـراف (الجـود) عـلى وحـدة الصـف الوطنـي»، في تمـوز ١٩٨٣.
- إتحـاد الطلبـة كردسـتان – العـراق، فـرع (دهـوك – نينـوى) ، «نـداء إلى الجماهيـر الطلبـة»، في ٢٦ى نيسـان ١٩٨٤.
- جـود، بيان»حـول الأحـداث الأخيـرة في الكردسـتان -العـراق»، في العشريـن مـن شـهر آيـار١٩٨٤.
- إتحـاد الطلبـة كردسـتان – العـراق ، بيـان» مجـداً للإنتفاضـة ضـد الفاشـية والحـرب»، في ١٩٨٤/٥/١٥.
- جـود، بيـان « لتتضامـن الجهـود مـن أجـل أسـقاط النضـام الفـاشي ومـن أجـل تحقيـق السـلام وإنقـاذ عراقنـا الحبيـب»، في آيـار ١٩٨٤.
- م.س – ح.د.ك، «نداء إلى الرأى العام العالمي»، في ١٩٨٤/١٠/١٧.
- تصريح صحفي»، في ١٩٨٤/١٠/٢٣.
- جـود، بيـان» مـن اللجنـة الجبهـة الوطنيـة الديمقراطيـة العراقيـة حـول انضـام ثـلاث أحـزاب وطنيـة إلى جـود»، في ١٣ تشريـن الثـاني١٩٨٤.
- م.س - ح.د.ك، «نــداء حــول إســتعمال العــدو للغــازات الســامة»، في تشريــن الثــاني١٩٨٤.

### ه- بەزمانی ئینگلیزی:

- Democrat Parti Kurdistan – Iraq “presser runqu، in ٨,١٩٨٨ .٢.

- Massoud Barzani Appeals to the nation of the security council، Iraq Kurdistan frount political leader ship، Kurdistan، Iraq، ١٥،August١٩٨٨.

------------------------------

## دووەم: بڵاوکراوەی حزبی و بەرەییەکان

### أ- بەزمانی کوردی:

- ی.ن.ك، قیادەی موەقەت لەچ بەرەیەك وەستاوە؟، تشرینی دووەمی ١٩٨٠.
- بانگەوازی کوردایەتی، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، کانوونی یەکەمی ١٩٨١.
- پ.د.ك – بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی، ڕابەرایەتی کوردایەتی بەسەنگەر گۆڕین و دیماکۆگیەتی غولبزی ناکرێت، ئایاری ١٩٨٤.
- شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە؟، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٩٧.
- کورتە باسێکی مێژوویی و جوگرافی و ئابووری، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە، ژمارە: (٣٣)، ئایاری١٩٩٨.
- ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی لەگەڵ هەڤاڵ مسعود بارزانی، لەبڵاوکراوەی چاپخانەی خەبات، شوبات١٩٩٠.
- ی.ن.ك، چەند لاپەڕەیەك لەمێژوویی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- نفسینگەها ڕەوشەنبیری و ڕاگەهاندنا لقا ئێکا پارتا دیمکراتا کوردستانێ، ڕێبازی پارتی و بارزانی، ئیسگەهێن گرنگ و سەرەکی د(١٠٠) خالآندا، چاپێ ئێکی، چاپخانا هاوار، دهۆك ،٢٠١٤.

## ب- بەزمانی عەرەبی:


- سبيل إنتصار الحركة التحررية الكردية، من منشورات قسم الأعلام في المكتب سياسي الحزب الديمقراطي الكوردستاني – العراق، أواخر أيلول ١٩٨٤.
- بيان حول إنبثاق الجبهة الكردستانية العراقية، مطبعة خەبات، آيار١٩٨٨.
- وثائق الجبهة الكردستانية العراقية، مطبعة خەبات، آيار١٩٨٨.
- من جرائم القتل العام في كردستان العراق عام ١٩٨٧، مطبعة خەبات، ١٩٨٨.
- من جرائم القتل العام في كردستان العراق عام ١٩٨٨، مطبعة خەبات، شباط ١٩٨٩.
- وثائق ونشاطات الجبهة الكردستانية العراقية، من منشورات الجبهة الكردستانية العراقية، كانون الأول ١٩٨٩.
- ح.د.ك، المنظمات الجماهيرية الكردستانية (١٩٥٣ – ١٩٩١)، دراسة أولية، الطبعة الأول، من منشورات الحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٩١.
- ح.د.ك، لمحات من المسار السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني، مكتب الثقافة والأعلام – الفرع الأول، مطبعة هاوار، دهوك، ٢٠٠٥.


------------------------------

## سێیەم: بیرەوەری و یاداشتەکان

### أ- بەزمانی کوردی:


- ئارام قادر خەبات، شێرە کوڕانی قەندیل یەکەمین مەفرەزەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوون، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- ئازاد کاکل، ئازارەکانی شەڕی ناوخۆ لە یاداشتی پێشمەرگەیەك (١٩٨٢ – ١٩٨٣)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٢.
- ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕۆژانی سەخت، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد ١٩٧٨- ١٩٨٣، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١١.
- جەعفەر مستەفا معروف، گوڵبژێرێك لەیاداشتەکانم ١٩٨٠ – ١٩٨٤، بەرگی

یەکـەم، هەولێـر، ١٩٩٩.

- گوڵبژێرێـك لەیاداشـتەکانم، بەرگـی دووەم، چاپـی یەکـەم، چاپخانــەی زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر، ١٩٩٩.

- جـمال مورتکـە، چیـا خـۆی دەنوسـێتەوە (نووسـینەوەی ڕۆژە سـەختەکان ١٩٨٨)، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی هێڤـی، هەولێـر ٢٠٠٧.

- حەمیـد ئەبوبەکـر بەدرخـان، ئەسـعەد خەیـلانی دەفتـەری بیرەوەرییـەکان هەڵدەداتـەوە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی هێڤـی، هەولێـر ٢٠١٤.

- حسـین کلـش (بابـێ گۆڤـانی)، پێشـمەرگەیەك ژیـان و بیرهاتـن (١٩٦١ - ١٩٩١)، چاپـێ ئێـکی، چاپخانـا خانـێ، دهـۆك، ٢٠١٥.

- خورشـید شـێرە، خەبـات و خوێـن- بیرەوەرییـەکانی سـاڵانی خەبـاتی پێشـمەرگایەتی، چاپـی سـێ یـەم، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر، ٢٠١٥.

- خۆشـەوی عـلی باپیـر، ئاوارەیـی و ژیـانی کۆڵەمەرگـی لەهەندەرانـدا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر، ٢٠١١.

- ڕێبـاز، قەندیـل بەغـدای هەژانـد، بەرگـی سـێیەم، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١١.

- سـەردار داود، خالـد بـانی پێشـمەرگە و تێکۆشـەرێ شۆڕشـێن (ئەیلـوول و گـوڵان و سـەرهەڵدانێ)، چاپـێ ئێـکی، چاپخانـا هـەوار، دهـۆك، ٢٠١٦.

- سـوبحی عوبەیـدوڵا ڕەشـاڤایی، دلۆپـەك ژ خەباتـا پێشـمەرگەی (بیرهاتنێـن سـوبحی عوبەیـدوڵا ڕەشـاڤایی)، چاپـێ ئێـکی، چاپخانـا پارێزگەهـا دهـۆکی، دهـۆك، ٢٠١٤.

- سـید کاکـە، بیـرەوەری پێشـمەرگەیەك، چاپـی یەکەم، چاپخانـەی وەزارەتی ڕۆشـنبیری، ١٩٩٧.

- شـێخ جـمال شـێخ نـوری، بیرەوەرییەکانـم لـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەدا (١٩٧١ - ١٩٨٣)، بەرگـی یەکـەم، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، ١٩٩٨.

- عصمـەت دینـو، سـەربورا خەباتکـەرەکی دشۆڕشـا ئیلونـا کـورد ١٩٥٩ - ١٩٩١، بیرهاتنێـن عصمـەت دینـۆ بەنسـتانی - سـندی)، و: عەبـدوڵا زەرۆ، چاپـی یەکـەم، چاپخانـا پارێزگەهـا دهـۆکی، دهـۆك، ٢٠١٤.

- عمـر تراونـشی، بیرەوەرییـت پێشـمەرگایەتیی دشۆڕشـا گوڵانێـدا، چاپـێ ئێـکی، چاپخانا

کوردســتان، زاخۆ، ٢٠٠٦.

- عومـەر عوسـمان، ژیـانی کوردێـك، بەرگـی یەکـەم، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر، ٢٠٠٨.
- فاتـح رسـول، چەنـد لاپەڕەیـەك لـە مێـژووی خەبـاتی گـەلی کـورد - ڕووداو و بەڵگەنامـە ١٩٨٢ - ١٩٩٠، بەرگـی سـێ یـەم، چاپـی یەکـەم، سـوید، ١٩٩٤.
- چەنـد لاپەڕەیـەك لەمێـژووی خەبـاتی گـەلی کوردمـان ڕوودا و بەڵگەنامـە، بەرگـی یەکـەم، چاپـی یەکـەم، سـوید، ١٩٩١.
- چەنـد لاپەڕەیـەك لەمێـژووی خەبـاتی گـەلی کوردمـان ڕووداو و بەڵگەنامـە ١٩٨٠ - ١٩٨١، بەرگـی دووەم، چاپـی یەکـەم، سـوید، ١٩٩٢.
- لەکاروانێـکی دوور و درێـژدا- کورتـەی خەبـات و ئەزمـونی پەنجـا سـاڵ، چاپـی یەکـەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧.
- فازڵ رەئووف، بەرەوخۆر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠١.
- کەریـم ئەحمـەد، ڕێـرەوی تێکۆشـان، و: جـەلال دەبـاغ، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕەهەنـد، سـلێمانی، ٢٠٠٦.
- کرمانـج گونـدی، سـی ٣٠سـاڵ خەبـات و وڵاتێـکی وێـران، چاپـی یەکـەم، سـوید، ١٩٩٠.
- محمد خدر، ڕۆژانی پێشمەرگایەتی، چاپی یەکەم، ١٩٩٩.
- محمـد شـاکەلی، لەبزووتنـەوە بـۆ حـزبی سوسیالیسـتی کوردسـتان (١٩٧٦ - ١٩٩٣)، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی کارۆخ، کەرکـووك، ٢٠١١.
- محمـد مـلا قـادر، سـاڵێك لـە شـێخ وەسـانان و یاداشـتەکانی ڕۆژانی ئاوارەیـی لەئێـران، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر، ٢٠١٦.
- سـەربردە - کورتەیـەك لەبیرەوەرییـەکان، چاپـی یەکـەم، بڵاوکـراوەی ئـاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
- سەربوردەی نەمران، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.
- مستەفا چاوڕەش، یادەوەرییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، ٢٠١٤.
- مـلا شـێم حەمـەدی حاجـی ئۆمـەرانی، سـەرەتای شـۆڕشی نوێـی سـاڵی ١٩٧٦ چـۆن دەسـتی پێکـرد؟!، چاپـی دووەم، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر،٢٠١٣.

- نەوزاد علی ئەحمەد، پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا، چاپی یەکەم، سوید، ٢٠١٠.
- نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن، پەنجـەکان یەکـتری ئەشـکێنن دیـوی نـاوەوەی ڕووداوەکانی کوردسـتانی عێـراق، ١٩٧٩ - ١٩٨٣، چاپـی سـێیەم، سـلێمانی، ١٩٩٧
- خولانـەوە لەنـاو بازنـەدا (دیـوی نـاوەوەی ڕووداوەکانی کوردسـتانی عێـراق ١٩٨٤ - ١٩٨٨)، چاپـی دووەم، چـاپ و بڵاوکـراوەی مەڵبەنـدی ئـاوەدانی کوردسـتان، ١٩٩٩.
- لـە کەنـاری دانوپـەوە بـۆ خـرێ ناوزەنـگ دیـوی نـاوەوەی کوردسـتانی عێـراق (١٩٧٥ - ١٩٧٨)، چاپـی دووەم، چاپخانـەی زانکـۆی سـلێمانی، ١٩٩٧.

------------------------------

## ب- بەزمانی عەرەبی:

- كريـم حبيـب حاجـی، مذكـراتي في ثـورتي أيلـول و كـولان المجدتيـن، الطبعـة الأول، مطبعـة خـانی، دهـوك، ٢٠١٣.
- محسن دزەيی، أحداث عصرتها، الجزء الثاني، دار ئاراس، اربيل، ٢٠١٣.

------------------------------

## چوارەم: دەستنوس

- بیرەوەریەکانی فوئاد میرانی، پارێزراوە لە ئەرشیفی ناوبراو.
- بیرەوەرییەکانی یاسین تەها مولود، پارێزراوە لەماڵی ناوبراو.

------------------------------

## پێنجەم: سەرچاوەی زانکۆیی (ماستەر و تێزی دکتۆرا)

### أ- ماستەر:

- ئـارەزوو یوسـف حەسـەن، ڕۆڵـی ئـۆرگانی ناوەنـدی پارتـەکان لەبزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد (١٩٧٥ - ١٩٩١) (پ.ك.ع)، (پ.د.ك)، (ی.ن.ك) وەك نمونـە، نامـەی ماسـتەر (بڵاونەکـراو)، کۆلێـژی ئەدەبیـات، زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر، ٢٠١٥.
- ئـاراس عبدالرحـمان مسـتەفا، ڕاپەڕینـی ئـاداری ١٩٩١ لـە باشـووری کوردسـتان - لێکۆڵینەوەیـەکی مێژوویـی سیاسـییە، نامـەی ماسـتەر (بڵاوکـراوە)، کۆلێـژی زانسـتە کۆمەڵایەتیـەکان، زانکـۆی کۆیـە، ٢٠٠٨.

- ژیلوان عەبدوڵا احمد، حزبی شوعی عێراق و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٥- ١٩٩١) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، شوباتی٢٠١٣.
- سروە قادر سمایل، ئەزمونی کاری بەرەیی لە کوردستانی - عێراق ١٩٨٠ - ١٩٩٠، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٠.
- سۆزان ناسر مستەفا، ئۆپڕاسیۆنێن ئەنفالی ل کوردستانێ دەرئەنجام و کاردانەڤە (٢٣ی شوبات - ٦ی ئەیلوول١٩٨٨) ڤەکۆلینەکا مێژوویە، ناما ماستەرێ (بلاڤ نەکری)یە، کۆلێژا ئادابێ، زانکۆیا دهۆك، دهوك، ٢٠١٢.
- چنار سعد عەبدوڵا، کاریگەری باری سیاسی لەسەر گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەی کورد دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ - لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیە لەهەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٢.
- فاروق محەمەد محەمەد ئەمین، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥ - ١٩٨٩) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر (بڵاوکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٣.
- قارەمان حەیدەر رەحمان، بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لەشاری هەولێر (١٩٧٥ - ١٩٩١) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، ماستەر (بڵاوکراو)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٤.
- نجم الدین عەبدوڵا اسماعیل، بارودۆخی سیاسی شاری هەولێر لە نێوان ساڵنی (١٩٧٠ - ١٩٧٩)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، نامەی ماستەر (بڵاوکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٤.
- یادگار عەبدوڵا هەمەوەندی، ڕەهەندە سیاسیەکانی پرۆسەی ئەنفال لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا - لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨.

## ب- تێزی دکتۆرا:


- ئەحمــەد حمەئەمیــن ئومــەر، ڕەوتی چــەپ لەباشــووری کوردســتان کۆمەڵــە وەك نمونــە (١٩٧٠ – ١٩٨٨)، توێژینەوەیــەکی مێژوویــی سیاســیە، دکتــۆرا (بڵاوکــراوە)، کۆلێــژی ئەدەبیــات، زانکــۆی ســەلاحەددین، هەولێــر، ٢٠١٤.


------------------------------

## شەشەم: پەرتوك

### أ- بەزمانی کوردی:


- أحمـد بـاوەڕ، دۆزی کـورد لەپەیوەندییـەکانی نێـوان عێـراق و ئێرانـدا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی سـەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤.
- أحمــد محمــود عــلی، مێــژووی کــورد لەســەد و دوازدە ســاڵدا، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی دەریــا، ســلێمانی، ٢٠١٣.
- أسـعد عــەدۆ، مێــژووی شــۆڕشی گــوڵان (١٩٧٦/٥/٢٦)، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر، ٢٠١٥.
- ئاریــان ابراهیــم محمــد، ڕۆژنامــەی برایــی برایــەتی (١٩٦٧ – ١٩٧٤)، و ڕۆڵــی لەپێشخســتنی ئــەدەب و ڕۆشــنبیری کوردیـدا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێــر، ٢٠٠٥.
- ئـازاد عوبێـد سـالح، کاریگـەری شـۆڕشی ئەیلـوول لەسـەر پێشخسـتنی ڕۆژنامـەوانی کــوردی لەباشــووری کوردســتاندا (١٩٦١ – ١٩٧٥)، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی ڕۆشــنبیری، هەولێــر، ٢٠٠٧.
- ئامانـج حسـن احمـد، برایـم ئەحمـەد و ڕۆڵـی لەبزاڤـی ڕزگاری و ڕووناکبیـری گـەلی کـورد (١٩١٤ – ٢٠٠٠)، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕەنج، سـلێمانی، ٢٠٠٩.
- ئەحمــەد حمەئەمیــن، چەنـد لاپەڕەیــەك لەمێــژووی نــوێ و هاوچەرخــی عێــراق، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر، ٢٠١٠.
- ئەرســەلان بایــز ئیســماعیل، ڕاگەیانــدنی شــۆڕش و بزووتنــەوەی شــیعری کــوردی (١٩٧٥ – ١٩٩١)، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی ئۆفســێتی ڕوون، ســلێمانی، ٢٠٠١.
- ئەلیــزا مارکــوس، مێــژووی پەکەکــە، و: ماجـد خەلیـل، چاپـی یەکـەم، چاپخانــەی گەنــج، ســلێمانی، ٢٠١٤.

- ئۆفـرا بینگیـو، کـوردی عێـراق - بنیاتنـانی دەوڵەتێـك لەنـاو دەوڵەتـدا، و: سـۆران مسـتەفا کـوردی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ئـاراس، هەولێـر، ٢٠١٣.
- د.ئیبراهیـم خلیـل ئەحمـەد و خلیـل عـلی مـراد، مێـژووی نێـوان ئێـران و تورکیـا (توێژینەوەیـەك لەمێـژووی تـازە و هاوچـەرخ)، و: بەهادیـن جـەلال مسـتەفا، چاپـی دووەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١١.
- ئیبراهیـم داقوقـی، کـوردی تورکیـا، و: هیمـەت عەزیـز کاکەیـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٤.
- بەهادیـن ئەحمـەد، سـەرەتایەك بـۆ مێـژووی ڕاگەیانـدنی کـوردی، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، ٢٠١٠.
- بەهـەرۆز گەلاڵـی، رسـول مامەنـد ٥٠ سـاڵ تەمـەن٣٣ سـاڵ خەبـات، چاپـی دووەم، سـلێمانی، ١٩٩٨.
- کوردایەتی و هەڵوێست، بەرگی یەکەم، ١٩٩٦.
- د.بەختیـار غفـور بالـەکی، پەرلەمـان و کاری پەرلەمـانی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێـر، ٢٠١٣.
- بەیـان ئەحمـەد حسـێن، هوزانـا بەرگـری لەسـەردەمێ شۆڕشـا گوڵانـێ ١٩٧٦ - ١٩٩١، چاپخانـا هـاوار، دهـوك، ٢٠٠٧.
- برایـم جلال،چەپکێـك لـە مێـژووی کۆمەڵـە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی چوارچـرا، سـلێمانی، ٢٠١١.
- بێـوار عبدالرحـمان، کەشـکۆڵی شـەهیدێك، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتی پـەروەردە، هەولێـر، ٢٠٠٤.
- پـاول شیسـمەن ، لەژێـر ئـاڵای کوردسـتاندا ژیـان و ڕێبـازی مـەلا مسـتەفا بـارزانی، و: ئـەردەلان گـۆران (هەورامـی)، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی موکریـانی، هەولێـر، ٢٠١٤.
- پیتەر گالبێرد، کۆتایی عێراق، و: مەروان کاکل ، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.
- جەلیـلی جەلیـل و ئـەوانی تر،شۆڕشـەکانی کـورد لەسـەردەمی نوێـدا، و: بەهادیـن جـەلال مسـتەفا، چاپـی سـێیەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٥.
- جەمـال نەبـەز، ئێسـتە و پاشـەڕۆژی نەتـەوەی کـورد لەبەرگـری جەنگـی عێـراق و

ئێرانـدا، چاپـی دووەم، هەولێـر، ٢٠٠٨.

- جەمیل عیسی، لەگەڵ ڕووداوەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٥.
- جەمیـل محەمـەد شـیلادزی، گونـدی شـیلادزێ ژلایـێ (جوگـرافی و ئابـووری و چڤـاکی و ڕامیاری)ڤـە، چاپـێ ئێـکی، چاپخانـا هـاوار، دهـۆك، ٢٠١٢.
- جـلال تاڵەبـانی، کوردسـتان و بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد، چاپـی یەکـەم، بڵاوکـراوەکانی کتێبخانـەی جـمال عـلی باپیـر، بەیـروت، ١٩٧٠.
- جلال ئەمین بەگ، جوگرافیای کوردستان، چاپی یەکەم، ١٩٩٨.
- د.جـمال فەتحوڵـلا تەیـب، بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد لەباشـووری کوردسـتان (١٩٧٥/٣/٢١ – ١٩٨٠/١١/٢٨) لێکۆڵینەوەیـەکی مێژوویـی سیاسـیە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێـر، ٢٠١٢.
- حامید گەوهەری، کوماری کوردستان١٩٤٦/١/٢٢-١٩٤٦/١٢/١٧،چاپی یەکەم،چابخانەی شەهاب،هەولێر،٢٠١٠.
- ئیدریس بارزانی و بارزانیەکان باشتر بناسین، چاپی یەکەم، ستۆکهۆلم، ٢٠١٤.
- حبیـب حمـد کریـم، چەنـد لاپەڕەیـەکی خەبـاتی گـەلی کـورد و مێـژووی کۆنگـرەکانی (٤ – ٥ -٦ – ٧ – ٨)ی پـارتی، و: گـوزاد ڕۆژبەیـانی، ١٩٩١.
- حەسـەن بـارام، موسـوعەی پارتـە سیاسـیەکانی کوردسـتان و عێـراق (١٩٠٨ – ٢٠٠٥)، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕەهەنـد، سـلێمانی، ٢٠١٢.
- حیکمـەت محمـد کریـم (مـەلا بەختیار)،شـۆڕشی کوردسـتان و گۆڕانکارییـەکانی سـەردەم «خەبـاتی شـاخەکان یـان ڕاپەڕینـی شـارەکان»، چاپـی دووەم، چاپخانـەی دلێـر، ٢٠١٥.
- خـەلات مـوسی یوسـف، پـارت و ڕەوتێـن ئیسـلاما سیاسـی ل هەرێـما کوردسـتانا عێراقـی ٥ ئـازار ١٩٩١ – ٩ێ نیسـانا ٢٠٠٣، چاپـی ئێـکی، چاپخانـا زانکۆیـا دهوکـێ، دهـوك، ٢٠١٢.
- دانـا ئادامـز شـمیدت، سـەفەرێك بـۆ نـاو پیـاوە ئـازاکان لەکوردسـتان، و: ئەبوبەکـر سـالح اسـماعیل، چاپـی دووەم، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر، ٢٠٠٩.
- دەنیـس دارگـول، بیسـتانێن زێریـن، و: رشـاد بێجرمـانی، چاپـێ ئێـکی، چاپخانـا هەوار، دهۆك، ٢٠١٠.

- دیفید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٢.
- ژیدار شالیان، تراژیدیای کورد (ڕاپۆرتێك بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، دهۆك، ٢٠١٠.
- ڕەزا زبێر زێباری، زێباری و دیرۆك - ڕاستی و ڕوودان، چاپێ ئێکی، چاپخانا هاوار، دهۆك، ٢٠١٢.
- ڕەفیق رەحمان مام خول، مستەفا بارزانی ڕۆڵ و هەڵوێستی لەپێشهاتە سیاسییەکاندا (١٩٥٨ - ١٩٧٠)، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.
- ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق لەسەردەمی بەعس دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.
- زانیار سەردار قرگەیی، مێژووی خۆی لە بارزانی دەوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٢.
- ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان ومێژوو، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، هەولێر، ١٩٩٨.
- سامی شۆڕش، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی....ئیدریس بارزانی نمونەیەك، و: د. ڕزگار، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانا، دهۆك، ٢٠٠٥.
- سەرباز هەورامی، بارزانی نەمر لە١٠٠ ساڵەی بوونیدا کۆمەڵێك وتار، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٤.
- ئەزمونی سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەخوێندنەوەیەکی فرەڕەهەندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.
- سەروەر عبدالرحمان عومەر، یەکێتی نیشتمانی کوردستان (١٩٧٥ - ١٩٧٦)، دامەزراندن و دەست پێکردنی شۆڕش، چاپی یەکەم، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- سەعد عەبدوڵا، نەوشیروان مستەفا لەشیری هەتا پیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.

- سـەفەر یوسـف میرخـان ژاژوکی، بـۆ بنیاتنانـەوەی ئەمـرۆی کوردسـتان، چاپـی یەکەم، ٢٠١٠.
- ئیدریـس بـارزانی ئـەو سـەرکردەیەی مێـژوو لەیـادی نـاکات، چاپـی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠١٢.
- سـەلام ناوخـۆش بەکـر، دۆزی کـورد لەنێـوان بـەرداشی مارکسـیەت و دیموکراسـیەتدا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٢.
- سـعید خودێـدا علـو و قـادر حسـن عیـدو، محمـود ئێزدی....چەنـد تیروژکـەك ژ دوور خەبـات و ژیانـا وی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـا وەزارەتـا پـەروەردێ، هەولێـر، ٢٠٠٤.
- سـعید سـلۆ، کوردسـتان و بەهـرا کـوردا د ڕێککەفتنـادا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی خەبـات، دهـوك، ٢٠٠٥.
- سلام عبدالکریم، ژیانی سیاسـی لەباشـووری کوردسـتان ١٩٧٥ – ١٩٩١ – سـەرهەڵدانی ڕەوتی سوسیالیسـتی و دروسـت بـوونی حزبـی سوسیالیسـتی کوردسـتان وەك نمونـە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی چوارچـرا، سـلێمانی، ٢٠١١.
- سـۆزان کەریـم مسـتەفا، بەعسـیزم و کـورد – توێژینەوەیـەکی مێژوویـی سیاسـی یـە ١٩٤٧ – ١٩٧٥، دەزگا و چـاپ و پەخـشی حەمـدی، سـلێمانی، ٢٠٠٧.
- شـاخەوان شـورش، قـادر شـۆڕش چـل سـاڵ خەبـات و تێکۆشـان، چاپـی دووەم، زسـتانی (٢٠٠١ – ٢٠٠٢).
- شـەعبان عـلی شـەعبان، هەندێـك زانیـاری سیاسـی و مێژوویـی، چاپـی سـێیەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٣.
- شـەوکەت حاجـی مشـیر، کارەسـاتی کیمیابـارانی هەڵەبجـە – کورتـە باسـێکی جوگـرافی و ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و سیاسـی، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، ١٩٩٨.
- شـوکریە تەیمـور، ژیاننامـەی سـکرتێرەکانی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان (١٩٥٣ – ٢٠١١)، لەبڵاوکـراوەکانی مەکتـەبی سـکرتاریەتی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی روکسـانا.
- شـێرکۆ فەتحـوڵا عومـەر، پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد لەعێراقـدا، و: سـوارە قەلادزەیـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی شـەهید ئـازاد هەورامـی، ٢٠١٣.
- شـیمال زبێـر محمـود (شـیمال زێبـاری)، هنـدەك ڕاسـتیێن فەشـارتی دشۆڕشـا گوڵانـێ

دا، چاپێ ئێکی، چاپخانا ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥.

- چالز تریب، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی عێراق، و: محەمەد حسین ئەحمەد و ئەوی تر، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

- گۆران ئیبراهیم سالح، دۆزی کورد لەبازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراقدا (٦ی ئازار ١٩٧٥ – ٢ی ئاب ١٩٩٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

- گوڵان پێشمەرگە و بەرخودان (چەند سەرهاتیەکێ پێشمەرگەی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوار، دهۆك، ٢٠١٠.

- عباس غزالی میرخان، خواکورك ١٩٨٨ و ڕاپەڕینی ١٩٩١، هەولێر ١٩٩٩.

- عبدالرحمان شەرەفکەندی (هەژار)، چێشتی مجێور، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧.

- عەبدولا دەروێش علی، ئەرەدنا بەر پەرەیەکێ فەشارتی ژدیرۆکا دەڤەرا ئامێدی، چاپێ ئێکی، دهۆك، ٢٠٠٤.

- عەبدولا کریم، مەفرەزە سەرەتاییەکان لەشەوە زەنگەکاندا دەڤەری بادینان تەی کرد.

- عرفان عزیز عرفان، ڕۆژنامەنوسی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

- کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

- علی بەندی، ئەنفالکردنی بادینان، بەرگی دووێ، چاپێ ئێکی، چاپخانا زانا، دهوك، ٢٠٠٣.

- د.علی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەکوردستانی عێراق لەساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران (١٩٨٠ – ١٩٨٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.

- سیاسەتی حکوومەتی عێراق لەسایەی بەڵگەنامە فەرمیەکاندا (١٩٧٥ – ١٩٩١)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆك، دهۆك، ٢٠١٠.

- سیاسەتی حکوومەتی عێراق لەسایەی بەڵگەنامە فەرمیەکاندا (١٩٧٥ – ١٩٩١)،

بەرگــی دووەم، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی زانکــۆی دهــۆك، دهــۆك، ٢٠١٠.

- چەنــد ڤەکۆلینــەك ل دۆر مێژوویــا کــورد و کوردســتانێ، چاپــێ ئێــکی، دهــۆك، ٢٠١٢.

- علی عەبـدوڵا، مێـژووی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان - عێـراق تـا بەسـتنی کۆنگـرەی سـێ یەمـی، ئەیلـوول ١٩٦٨.

- عوســمان رســول حەســەن (عوســمان سەنگەســەری)، بەشــێك لەژیــانی ســەرکردە نەمــرەکانی کوردســتان، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی ســیما، ســلێمانی، ٢٠١٤.

- عومـەر حمـد عامـر ڕێکەوتـی، گوتـار و چاڤپێکەفتنێـن هێـژا مسعود بـارزانی (١٩٩٠ - ١٩٩٥)، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی خەبـات، دهـۆك، ١٩٩٧.

- عومـەر سـلیم باجلـوری، دلۆپـەك ژ خەباتـێ، چاپـێ ئێـکی، چاپخانـا خانـێ، دهـۆك، ٢٠١٢.

- فاتــح رســول، بنەچــەی مێژوویــی بیرۆکــەی چــەپ لەکوردســتان، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی چوارچــرا، ســلێمانی، ٢٠٠٥.

- د.فـازڵ حسـین و ئـەوانی تـر، مێژوویـا عێراقـا هەڤچـەرخ، و: شـەفین محمـد نبـاتی، چاپخانـا پارێـزگا دهـۆکی، دهـۆك، ٢٠١٤.

- د.فائیــق گولپــی، سیاســەتی نەتەوەپەرســتی داگیرکــەران و پەرچەکــرداری خێڵــەکی کــورد، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی ڕەنــج، ســلێمانی، ٢٠١٠.

- فەرەیـدون عبدالرحیـم، بارودۆخـی سیاسـی کوردسـتان - عێـراق (١١ی مـارت ١٩٧٠ - ١١ی مـارتی١٩٧٤)، هەولێـر، ٢٠٠٨.

- فەلەکەدیــن کاکەیــی، کــۆ بەرهــەم، بەرگــی هەشــتەم، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر، ٢٠١٥.

- فەیســەڵ دەبــاغ، بــۆ شــێواندنی مێــژوو ئــەوەی (فازڵ بــەڕاك) پێــی نەکرا (أ. ڕەوشــەن) دەیــەوێ بیــکات، چاپــی یەکــەم، دەزگای ڕاگەیاندنی گوڵان، پیرمـام، ١٩٩٥.

- فرەنســۆ هەریــری، بــۆ ئــەوەی مێــژوو بــە چەواشــەیی نەنــوسرێ، لەبڵاوکــراوەکانی پــارتی دیموکــراتی کوردســتان، چاپــی یەکــەم، هەولێــر، ١٩٩٥.

- فرســت تەیــب، مێژوویـا ئێکەتیـا قوتابیێــن کوردســتانێ دنــاف بــەرا ئــادارا ١٩٧٠ - نیســانا ١٩٩١ێ، چاپــی ئێــکی، چاپخانــا هــەوار، دهــۆك، ٢٠١٢.

- فوئـاد سـدیق، گەردەلـوولی سیاسـەت، بـەشی دووەم، چاپـی دووەم، چاپخانـەی خانـێ، دهـۆك، ٢٠٠٨.
- گەردەلـوولی سیاسـەت، بەشـی یەکـەم ، چاپـی دووەم، چاپخانـەی خانـێ، دهـۆك، ٢٠٠٨.
- فیبـی مـار، مێـژووی نوێـی عێـراق، و: حەمەشریـف حەمـە غەریـب ، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٠.
- کاکل ئەحمـەد (کاکل ڕەش)، یەکێتـی و ململانـێ - توێژینەوەیـەکی سیاسـی و ڕەخنەییـە لەبەشـێکی گرنگـی شـۆڕشی ڕزگاریخـوازی گـەلی کـورد.
- کامـەران بابـان زادە، ڕێککەوتنامـەی جەزائیـر و ڕەهەنـدەکانی لەسـەر کێشـەی کـورد لـە کوردسـتانی باشـوور، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی کەمـاڵ، سـلێمانی، ٢٠١٣.
- کاوانی ئەنـور مەسـیفی، صـدام حسـێن پانۆڕامـای سیاسـەتی خوێنـاوی، چاپـی یەکـەم، چاپخانەی شـەهاب، هەولێـر، ٢٠١١.
- کەنـدال وئـەوانی تـر، گەلێـکی پەژمـوردە و نیشـتمانێکی پـەرت، و: م.گۆمەیـی، سـوید، ١٩٩٨.
- کریـس کۆچێـرا، بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد و ویسـتی سـەربەخۆیی، و: حەسـەن ڕەسـتگار، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٣.
- کوردلـە سـەدەی نـۆزدە و بیسـتەمدا، و: حمـە کەریـم عـارف، چاپـی شەشـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١١.
- کـون کوگلـن، صـدام و ژیـانی نەهێنـی، و: لقـمان باپیـر، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠٠٩.
- د.کوینتـەر دێشـنەر، کـورد گـەلی لەخشـتەبراوی غـەدر لێکـراو، و: حمـە کریـم عـارف، چاپـی یەکـەم، بڵاوکـراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێـر، ٢٠١٤.
- لازاریـف. ن، مێـژووی کوردسـتان، و: وشـیار عبدوڵـلا سـەنگاوی، چاپـی پێنجـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠٠٥.
- لیـام ئەندەرسـن، ئاینـدەی عێـراق، و: کامیـار سـابیر، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕەنج، ٢٠٠٨.

- ليام ئەندەرسن،تەنگژەی کەرکووك (سیاسەتی ئیتنیکی له کێشمەکێش و چارەسەره تەوافوقیەکاندا)، و: ئومێد عوسمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.
- مایکل گەنتەر، فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مام کاکل، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
- مایکل کیلی، هەلەبجە و ئەنفال لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا، و: وریا رەحمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣.
- مەغدید فەیاز، بەشێك لەبیرەوەرییەکانی مام جلال، چ١، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووك، کەرکووك، ٢٠٠٩.
- مەلا بەختیار (حیکمەت محمد کریم)، یاخی بوون لەمێژوو (لێکدانەوەی ئاوەژونەکردنی ڕاستیەکان)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، ١٩٩٨.
- محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حزبایەتی لەکوردستانی باشووردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٤.
- محەمەد ملا قادر، خەباتنامە (کورتە مێژووی پارتی و کلتوری بارزانی نەمر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆك.
- مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٣١ – ١٩٥٨)، بەرگی یەکەم.
- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٦١ – ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم.
- مهدی جبرائیل فقی محمد وئەوانی تر، سیاسەتی پارێزگارە نوێیەکانی ئەمریکا و کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٩.
- مهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق (١٩٤٥ – ١٩٥٨)، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- میدل ئێست ووچ، جینوساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد، و: سیامەند موفتی زادە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ١٩٩٩.

- میهـردادی ئیـزەدی، جـەردە باسـێك لەبـارەی کوردانـەوە، و: ئەمیـن شـوان، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و پەخـشی سـەردەم، سـلێمانی، ٢٠٠٧.
- نازنـاز عبدالقـادر، سیاسـەتی ئێـران بەرامبـەر بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتـەوەی کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق (١٩٦١ – ١٩٧٥)، چاپـی دووەم، چاپخانـەی ئـاراس، هەولێـر، ٢٠١٢.
- د.نبیـل پـارك، سیاسـەتی تورکیـا بەرامبـەر بـە باکووری عێـراق، و: بـەرزانی مـەلا تەها، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی چوارچرا، سـلێمانی، ٢٠١٠.
- نـەوزاد عبدوڵـلا هێتـوتی، دۆزی کـورد لەعێراقـدا و میکانزمـەکانی چارەسـەرکردنی دوایـی ٢٠٠٣، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی خانـێ، دهـۆك، ٢٠٠٩.
- نجـم سـەنگاوی، خەبـاتی چەکـداری و ڕامیـاری نەتـەوەی کـورد (١٨٨٠ – ١٩٩٤)، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی پەیوەنـد.
- کوردسـتان و سـەرکردە و ڕاپەڕیـن وشۆڕشـەکانی (١٩٦٩ – ١٩٩٥)، چاپـی یەکـەم، ٢٠١٤.
- هـاورێ قـادر ڕەسـوڵ، لێکولینەوەیـەك لەسـەر ڕاپەرینەکـەی بەهـاری ١٩٩١ی باشـووری کوردسـتان،چ١، هولّنـدا،١٩٩١.
- هـاوکار کریـم محمـد شریف،شـۆڕشی ئەیلـوول – لێکۆڵینەوەیـەکی مێژوویـی لەڕێکخسـتن و چالاکیـە سـەربازییەکان، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر، ٢٠١٢.
- د.هۆشـمەند عـلی محمـود، ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان – لێکۆڵینەوەیـەك لـە دۆخـی سیاسـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد (١٩٧٩ – ١٩٨٩)، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێـر، ٢٠١٢.
- هێـرش عەبـدوڵا حمـە کەریـم، پەیوەندییـە سیاسـییەکانی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و دەوڵـەتی دراوسـێ ئێـران و تورکیـا و سـوریا ١٩٩١ – ٢٠٠٣، چاپـی یەکـەم، ئەندێشـە بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، سـلێمانی، ٢٠١٣.
- د.واحـد عمـر محێدیـن، دانوسـتانەکانی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتـەوەی کـورد و حکوومەتـەکانی عێـراق (١٩٢١ – ١٩٦٨)، چاپـی یەکـەم، بڵاوکـراوەکانی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان، سـلێمانی، ٢٠٠٦.
- وریـا جـاف، مێـژووی ڕۆژنامەگـەری پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان (١٩٤٦ – ١٩٩٦)،

چاپــی یەکــەم، بڵاوکــراوەی مەکتــەبی ناوەنــدی پــارتی، چاپخانــەی خەبــات، دهــۆك، ١٩٩٦.

- وصفــی حســن ردێنــی، ڕادیــۆ و تەلەفزیونێــت کــوردی (١٩٣٩ - ٢٠٠٣)، چاپــی یەکــەم، چاپخانــا زانــا، دهــۆك، ٢٠١١.
- ولیــام ئیگلتــون جوبیــر، حکوومــەتی میلــلی کوردســتان (مهابــاد-١٩٤٦)، و:ســەید محەمــەدی ســەمەدی، چ١،چابحانــەی شــفان، ســلێمانی ،٢٠١٢.

-----------------------------

**ب- بەزمانی عەرەبی:**

- أركان حمـه أميـن الـزرداوى، نشـأة وتطـور الجمعيـات والأحـزاب والتيـارات السياسـية الكرديـة فـى العـراق، الطبعـة الأول، مـن دار جيـا للطباعـة والنـشر، بغـداد، ٢٠٠٩.
- جمبـد شـكرى بابكـر ئاكرەيـى، ئاكـرێ (عقـره) فـى عهـد الملكـى، الطبعـة الأول، مطبعــة حاجــى هاشــم، أربيــل، ٢٠٠٨.
- جــون بلــوك ، لا أصدقــاء ســوى الجبــال (التأريــخ المأســاوى للكــورد)، ت: حكيــم عەبــدوڵا، مطبعــة هــاوار، دهــوك، ٢٠٠٩.
- حامـد محمـود عيـسى، القضيـه الكرديـة فـى العـراق مـن الأحتـلال البريطانـى حتـى الغــزو الأمريكــى ١٩١٤ - ٢٠٠٣، ٢٠٠٥.
- المشـكلة الكرديـة فـى الـشرق الأوسـط منـذ بدايتهـا حتـى سـنه ١٩٩١، الطبعـة الأول، القاهـرة، ٢٠٠٥.
- حبيــب محمــد كريــم، تأريــخ الحــزب الديمقراطــى الكردســتانى - العــراق فــى محطــات رئيســية ١٩٤٦ - ١٩٩٣، الطبعــة الأول، مطبعــة خەبــات، دهــوك ، ١٩٩٨.
- حسـن بديـوى، لكـن مأسـاة حلبجـة!! خطـوة عـلى الطريـق إلى البيـت الكـردى الكبير، الطبعـة الأول، مطبعـة الحاج هاشـم، أربيـل، ٢٠١٣.
- خليـل محمـد طاهـر بـروارى، نشـوء وتطـور الحركـة القوميـة الكرديـة ودور البارزانى، الطبعة الأول.
- د.كاظـم حبيـب، لمحـات مـن النضـال حركـة التحـرر الوطنـى للشـعب الكـردى فـى كردسـتان العـراق، الطبعـة الثانـى، ئـاراس، أربيـل، ٢٠٠٥.

- د.محمد إحسان، كوردستان و دوامة الحرب، الطبعة الثانى، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠١.
- ديفيد ماكداول، الكرد - شعب أنكر عليه وجوده، ت: عبدالسلام النقشبندى، الطبعة الأول، مطبعة ئاراس، أربيل، ٢٠١٢.
- رفيق سالّح، كتابات فى المسألة الكردية، الجزء الثانى، الطبعة الأول، مطبعة شفان، سليمانى، ٢٠٠٨.
- روبرت أولسن، المسألة الكردية فى العلاقات التركيه - الإيرانيه، ت: د.محمد إحسان، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠١.
- سامى شورش، كردستان و الأكراد - الحركة القومية والزعامة السياسية - إدريس البارزانى....نموذجاً، الطبعة الأول، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠١.
- شاكر و خدو محوى، المسألة الكردية فى العراق المعاصر، ت: عبدى حاجى، الطبعة الأول، مطبعه خانى، دهوك، ٢٠٠٨.
- شكيب عقراوى، سنوات المحنه فى كردستان، أهم الحوادث السياسية والعسكرية فى كردستان والعراق من ١٩٥٨ إلى ١٩٨٠، الطبعة الأول، مطبعة مناره، أربيل، ٢٠٠٦.
- شيخ سالّح حفيد، على عسكرى و الحكم للتاريخ.
- صابر على أحمد، مسيرة العمل الجبهوى للحزب الديمقراطى الكردستانى العراق ١٩٧٥ - ١٩٨٨، مطبعة خەبات، حزيران، ١٩٨٨.
- صلاح الخرسان، صفحات من التأريخ العراق السياسى الحديث، الطبعة الأول، بيروت، ٢٠٠١.
- ڤالا فريد، المسؤوليه المدنية الدولية عن جريمة الإباده الجماعية - دراسه تطبيق على حالة كوردستان العراق، الطبعة الأول، مطبعة جامعه صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٤.
- عاصم يونس مجيد، إيران و القضية الكردية فى العراق ١٩٧٥ - ١٩٨٨، الطبعة الأول، القاهرة، ٢٠١٥.
- عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية فى نصف قرن ١٩٠٨ - ١٩٥٨، الطبعة الأول، بغداد، ١٩٨٩.

- عبدالسلام بـرواری، أثـر التغيـر الإجتماعـى عـلى الأحـزاب الكردسـتانيه منظـور سوسـيولوجی وتحليـل مقـارن، الطبعـة الأول، مطبعـة رۆژهـەلات، أربيـل، ٢٠١٣.
- عبدالفتـاح علـى البوتانـى، وثائـق عـن الحركـة القوميـة الكرديـة التحرريـة، الطبعـة الأول، مطبعـة وزاره التربيـه، أربيـل، ٢٠٠١.
- ثـلاث سـنوات دراسـيه فـى بـردەرەش (نبـذه تاريخيـه، ذكريـات، مشـاهدات، إنطباعـات، ملاحظـات، الطبعـة الأول، مطبعـة محافظـه دهـوك، دهـوك، ٢٠١٤.
- عەبدوڵا كريـم محمـود، ريـاح السـموم والأنفـال، ت: هيـوا محمـد رسـول، الطبعـة الأول، دار سردم، سـليمانی، ٢٠١٣.
- علـى سـنجاری، الحركـة التحرريـة الكورديـة – موقـف وآراء، الطبعـة الأول، مطبعـة خەبـات، دهـوك، ١٩٩٧.
- القضيـه الكرديـة وحـزب البعـپ الإشـتراكی فـى العـراق، الجـزء الثانـى، الطبعـة الأول، مطبعـة خـانى، دهـوك، ٢٠٠٩.
- علـى سـاڵح الميرانـى، موقـف جريـده (دەنگـى كـورد – صـوت الأكـراد) مـن تطـورات الأوضـاع السياسـية فـى كوردسـتان ١٩٧٧ – ١٩٩٧، الطبعـة الأول، دهـوك، ٢٠١٠.
- كريـس كوچيـرا، مسـيره الكـرد الطويلـة، ت: ديانـا حبيـب حـرب، الطبعـة الأول، آراس، هەولێـر، ٢٠١٤.
- كـمار عـلى السـمر، شـمال العـراق ١٩٥٨ – ١٩٧٥ دراسـه سياسـية، الطبعـة الأول، المركـز العربـى للأبحـاث ودراسـة السياسـيات، بيـروت، ٢٠١٢.
- ليـث عبدالحسـين الزبيدی،ثـوره ١٤ تمـوز فـى العـراق، الطبعـة الثانـى، بغـداد، ١٩٨١.
- مايـكل إم غينـتر، كـورد العـراق، ت: عبدالسـلام محمـد رۆوف النقشـبندی، الطبعـة السـادس، مطبعـة ئـاراس، أربيـل، ٢٠١٢.
- محمـد سـاڵح عقـراوی، الكـرد والدولـة المسـتقلة وفـق المعاهـدات والمواثـق الدوليـة، الطبعـة الأول، مطبعـة بـاك، أربيـل، ٢٠٠٥.
- مصطفـى أحمـد أبـو الخيـر، تحالـف العولمـة العسـكرية والقانـون الدولـى، الطبعـة الأول، القاهـره، ٢٠٠٥.
- نجـم الديـن يوسـفى، ثـوره أيلـول المجيـدة، الطبعـة الأول، مطبعـة كليـه شريعـة،

.١٩٩٥

- هـادی علـی، الشـعب الكـردی و السیاسـات الدولیـة فـی القـرن العشـرین كوردسـتان العـراق نموذجـاً (دراسـه تحلیلیـه ناقـدة)، الطبعـة الأول.
- هاشـم ڕەمـەزان (أبـو عنـتر)، المحترقـون الكـرد (الحیـاة والمـوت)، الجـزء الأول، مطبعة حاجـی هاشـم، أربیـل ، ٢٠٠٥.

-------------------------------

## حەوتەم: لێكۆڵینەوە و وتاری ڕادیۆكان:

### یەكەم: ئێستگەی دەنگی كوردستان - عێراق:

#### أ- بەزمانی كوردی:

- ئێسـتگەی دەنگـی كوردسـتانی-عێراق، ڕاپـۆرت» مەسـەلەی بـەرەی نیشـتمانی كـوردی كـە جەمـاوەر كۆبكاتـەوە و سـەركردایەتی خەبـاتی چەكـداری بـكات مەسـەلەیەكی زۆر گرنگـە و سـەرەكیە و لەبـارەی خەبـات و خزمەتكـردنی جەماوەریشـەوە هـەر پارتـە و بەپێـی نـرخ و گـرانی خـۆی لەنـاو كۆمەڵـگادا بـەدەوری خۆی هەڵدەسـتێت»، لە١٩٨٠/٥/٣٠.
- وتـار «بانگەوازێـكی نیشـتمانی دیموكـراتی لەعێراقـدا بـۆ بزوتنـەوەی ئازادیخـوازی كوردسـتانی عێـراق، كـە هۆیـەكی سـەرەكی نەگەیشـتنی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی كـورد بەئامانجـەكانی تـا ئێسـتا دووبـەرەكی ناوخۆیـی و شـەڕی براكـوژی یـە»، لـە١٩٨٠/٨/١.
- لێكۆڵینەوە»لە (زاخۆ)وە تا (خانەقین)شۆڕش و ڕاپەڕین!»، لە ١٩٨٠/٩/٩.
- وتـار» ئۆباڵـی وێرانكـردن و كوشـتاری شـەڕ لەئەسـتۆی ڕژێمـی بەعسـە»، لـە١٩٨٠/٩/٢٩.
- ڕژێمی بەعس ڕژێمێكی سەر سەختی نەتەوەیی كوردە»، لە١٩٨٠/١٠/٢.
- بەرنامە» بڵێسەی ڕقی جەماوەری گەل»، لە١٩٨٠/١٠/١٠.
- ووشە» بەراتی نەجات بە خوێن نوسراوە»، لە١٩٨٠/١١/٢٣.
- وتار» وێنەكانی صدام و گوبلزی یەكن»، لە١٩٨٠/١٢/٢٧.
- ڕاپـۆرت» خولآسـەی چالاكیـەكانی لەشكرىشۆڕشـگێڕی كوردسـتان لەچـوار مانگـی

دوایــی ســاڵی ١٩٨٠»، لــە١٩٨٠/١٢/٢١.

- لێکۆڵینەوە» مەسەلەی کورد لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا»، لە١٩٨٠/١٠/١٧.
- وتار» لەساڵەکانی خەبات و ئومێد»، لە١٩٨١/١/٢.
- پەیام» سەرکەوتن بۆشۆڕشی پیرۆزی گەلانی ئێران»، لە١٩٨١/٢/١٢.
- وتار» ئەمریکا چی لەعێراق و ناوچەکە ئەوێ»، لە١٩٨١/٤/١٣.
- ڕۆژی ماتەمینی نەتەوەیی گەلی کوردستان»، لە١٩٨١/٤/٢١.
- هۆشیاری و وریایی لەگەڵ مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنە»، ١٩٨١/٦/٤.
- ڕژێمی بەعس ئیعتراف بە خەتەرنشۆڕشی کورد لەخۆ دەکات»، لە١٩٨١/٦/٥.
- ئەرکە ئەساسییەکانی ئەم قۆناغە کامانەن؟»، لە١٩٨١/٦/١٣.
- پارتیمان پشتیوانی لەشۆڕشی گەلانی ئێران دەکات»، لە١٩٨١/٦/١٦.
- ڕاپــۆرت» هێـزەکانی موعاریـزەی نیشـتمانی یەکیـان گـرت ئیـتر....وای بەحاڵـی ڕژێمـی فاشسـتی بەغدا»، لــە١٩٨١/٦/١٧.
- وتار» لەپێناو پتەوکردنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقدا»، لە١٩٨١/٦/٢٦.
- ڕاپــۆرت» تەرمــی پیــرۆزی بــارزانی نەمــر کەوتــە دەســتمان و ســەرکردایەتی پــارتی دووپاتدەکاتــەوە ئــەو تاوانــە گەورەیــە بەبــێ ســزا ناچێــت»، لــە١٩٨١/٧/٢.
- وتــار» ڕژێمــی تاوانبــاری ســەدام ڕۆژ لــەدوای ڕۆژ تــاوانی گەورەتــر و زیاتــر دەکا!»، لە١٩٨١/٧/١٥.
- ڕاپــۆرت» تاقمــی جــلال بەردەوامــن لەگفتوگــۆ لەگــەڵ ڕژێمــی صــدام دا»، لــە١٩٨١/٨/٣٠.
- ســەرژمێریەك دەربــارەی چالاکــی پێشــمەرگەکامنان لەکۆتایــی گەلاوێــژەوە تاکــو تشــرینی یەکــەم ١٩٨١»، لــە١٩٨١/١١/١٩.
- وتار» جەماوەری گەل دڵشۆڕشە»، لە١٩٨٢/١/٣٠.
- لێکۆڵینــەوە» بۆچــی ئیمپریالیســت بەرگــری لەڕژێمــی ســەدامی فاشیســت دەکــەن»، لە١٩٨٢/٢/١٧.
- وتــار» خەبــات و ڕاپەڕینــی جەمــاوەری شــارو لادێ لەکوردســتان ڕۆژی ســەرکەوتن نزیــك دەکاتــەوە»، لــە ١٩٨٢/٥/٥.

- بانگەوازێـك» بایەکبگریـن ڕژێمـی دیکتاتـۆری سـەدام ڕۆژێـك زوتـر بخەیـن»، لە٢٢ی ئاياری ١٩٨٢.
- هـەواڵ « ڕقـی چەکـدارانی یەکێتـی بـەو ڕادەیـەی گەیشـت کـە ١٠ چەکـداری خۆیـان کوشـت کـە لەگـەڵ شـەهیدی نەمـر جـەزای علی کاتـب دابـوون»، لـە١٩٨٣/٤/٥.
- شــەڕفرۆشی دەســت درێــژی کاری چەکــدارانی یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان بــۆ ســەر هێــزەکانی پارتیــمان لەناوچــەی شــارباژێڕ خزمــەتی گــەل و یەکێتــی نــاکا»، لــە١٩٨٤/٤/٣.

------------------------------

**ب- بەزمانی عەرەبی:**

- إذاعـه صـوت کردسـتان العـراق، « هـل هـو محـض إختـلاف؟! أم إبـاده عنصـرية»، فــی ١٩٨٨/٩/٣.
- ملاحضا أولیه حول قرار (العفو العام الصادر من السلطه)»، فی ١٩٨٨/٩/٩.

------------------------------

**دووەم:**

ڕادیــۆی دەنگــی کــوردی کۆمــاری ئیســلامی ئێــران (تاران)»چاوپێکەوتــن لەگــەڵ ئیدریــس بــارزانی»، لــە ١٩٨٦/١٢/٣٠.

------------------------------

## هەشتەم: ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:

### یەکەم: ڕۆژنامە:

**أ- بە زمانی کوردی:**

- خەبات: ( ئۆرگانی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق)ە

- خەبات، ڕۆژنامە، ژ: (٥٤٠)، گوڵان و حوزەیران١٩٨٠.
- ژ: (٥٤١)، گەولاێژ و ئابی ١٩٨٠.
- ژ: (٥٤٤)، کانوونی یەکەم١٩٨٠.

- ژ: (٥٤٧)، ئەیلوولی١٩٨١.
- ژ: (٥٤٨)، ٢ی ئابی ١٩٨٣.
- ژ: (٥٤٩)، کانوونی دووەمی١٩٨٤.
- ژ: (٥٥١)، کۆتایی نیسانی١٩٨٤.
- ژ: (٥٥٢)، ١٩٨٤/١١/٢١.
- ژ: (٥٥٣)، کانوونی یەکەمی١٩٨٤.
- ژ: (٥٥٦ - ٥٥٧)، مارت و نیسانی١٩٨٥.
- ژ: (٥٥٨ - ٥٥٩)، کانوونی دووەمی١٩٨٦.
- ژ: (٥٦٢ - ٥٦٣)، نیسان و ئایاری١٩٨٦.
- ژ: (٥٦٤ - ٥٦٥)، حوزەیران و تەموزی١٩٨٦.
- ژ: (٥٦٧ - ٥٦٨)، تشرینی یەکەم و دووەمی١٩٨٦.
- ژ: (٥٦٩)، کانوونی یەکەمی١٩٨٦.
- ژ: (٥٧٠)، حوزەیرانی ١٩٨٧.
- ژ: (٥٧٢ - ٥٧٣)، تشرینی یەکەم و دووەمی١٩٨٧.
- ژ: (٥٧٤)، کانوونی یەکەمی١٩٨٧.
- ژ: (٥٧٥)، کانوونی دووەمی ١٩٨٨.
- ژ: (٥٧٩ - ٥٨٠)، ئایار و حوزەیرانی١٩٨٨.
- ژ: (٥٨١)، تەمموزی١٩٨٨.
- ژ: (٥٨٣)، سەرەتای ئەیلوولی١٩٨٨.
- ژ: (٥٨٦)، کانوونی یەکەمی١٩٨٨.
- ژ: (٥٩٩)، گەلاوێژی١٩٨٩.
- ژ: (٢٧٨٨)، ٢٠٠٨/٣/١٢.
- ژ: (٢٧٨٩)، ٢٠٠٨/٣/١٣.
- ژ: (٢٧٩٤)، ٢٠٠٨/٣/١٨.

- ژ: (٢٧٩٥)، ٢٠٠٨/٣/٩.
- ژ: (٢٧٩٧)، ٢٠٠٨/٣/٢٤.
- ژ: (٢٨٠٠)، ٢٠٠٨/٣/٢٧.
- ژ: (٢٨٠١)، ٢٠٠٨/٣/٢٨.
- ژ: (٣٤٢٢)، ٢٠١٠/٣/١٥.
- ژ: (٣٤٢٣)، ٢٠١٠/٣/١٦.
- ژ: (٣٧٨٢)، ٢٠١١/٥/٢٦.
- ژ: (٤٠١٨)، ٢٠١٢/٣/١٢.

● برایەتی: (ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق)ە

- برایەتی، ڕۆژنامە، ژ: (١٥٨٦)، ١٩٩٣/٣/٥.
- ژ: (١٥٩٣)، ١٩٩٣/٣/١٢.
- ژ: (١٦٠١)، ١٩٩٣/٣/٢١.
- ژ: (١٦٣٨)، ١٩٩٣/٥/٧.
- ژ: (١٦٤٨)، ١٩٩٣/٥/١٨.
- ژ: (١٦٥٠)، ١٩٩٣/٥/٢١.
- ژ: (١٦٥١)، ٢٢ی ئایاری١٩٩٣.
- ژ: (١٦٥٢)، ١٩٩٣/٥/٢٣.
- ژ: (١٦٥٣)، ١٩٩٣/٥/٢٤.
- ژ: (١٦٥٥)، ١٩٩٣/٥/٢٥.
- ژ: (١٦٥٧)، ١٩٩٣/٥/٢٧.
- ژ: (١٩٥١)، ١٩٩٤/٥/٢٦.
- ژ: (٢٠٧٠)، ١٩٩٤/١٠/٢٣.
- ژ: (٢٠٧١)، ١٩٩٤/١٠/٢٤.

- ژ: (٢١٥٤)، ١٩٩٦/٣/٨.
- ژ: (٢١٥٩)، ١٩٩٦/٣/١٢.
- ژ: (٢١٦٩)، ١٩٩٦/٥/٢٤.
- ژ: (٢١٧٠)، ١٩٩٦/٥/٢٥.
- ژ: (٢١٧١)، ١٩٩٦/٦/٧.
- ژ: (٢١٧٤)، ١٩٩٦/٦/٣٠.
- ژ: (٢١٧٦)، ١٩٩٦/٧/١٥.
- ژ: (٢٢١٤)، ١٩٩٦/١١/١٤.
- ژ: (٢٢٣٧)، ١٩٩٨/١/٢٦.
- ژ: (٢٢٦٦)، ١٩٩٨/١/٣٠.
- ژ: (٢٢٧٥)، ١٨ى شوباتى١٩٩٨.
- ژ: (٢٥٩١)، ١٩٩٨/٥/٢٦.
- ژ: (٢٦٣٥)، ٢٨ى تموزى١٩٩٨.
- ژ: (٢٧٨٩)، ١٩٩٩/٣/١٦.
- ژ: (٢٧٩٦) ١٩٩٩/٣/١٧.
- ژ: (٢٧٩٩) ١٩٩٩/٣/١٨.
- ژ: (٢٨٠٠)، ١٩٩٩/٣/٢٠.
- ژ: (٢٨٠١)، ١٩٩٩/٣/٢١.
- ژ: (٣٠٤٣)، ٢٠٠٠/٣/٥.
- ژ: (٣٠٤٦)، ٢٠٠٠/٣/٨.
- ژ: (٣٠٤٨)، ٢٠٠٠/٣/١٢.
- ژ: (٣٠٤٩)، ٢٠٠٠/٣/١٣.
- ژ: (٣٣٢٥)، ٢٠٠١/٣/٣.
- ژ: (٣٣٢٦)، ٢٠٠١/٣/٤.

- ژ: (٣٣٢٧)، ٢٠٠١/٣/5.
- ژ: (٣٣٢٨)، ٢٠٠١/٣/١١.
- ژ: (٣٣٢٩)، ٢٠٠١/٣/١٢.
- ژ: (٣٣٣٠)، ٢٠٠١/٣/١٣.
- ژ: (٣٣٣٣)، ٢٠٠١/٣/١٧.
- ژ: (٣٣٣٦)، ٢٠٠١/٣/٢٠.
- ژ: (٣٣٣٧)، ٢٠٠١/٣/٢١.
- ژ: (٣٦٩٤)، ٢٠٠٢/٥/٢٥.
- ژ: (٣٦٩٥)، ٢٠٠٢/٥/٢٦.

● ڕێبازی نوێ: (ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ە

- ڕێبازی نوێ، ڕۆژنامە، ژ: (١)، ساڵی یەکەم، خولی یەکەم، تەممووزی١٩٧٦.
- ژ: (٢)، ساڵی یەکەم، خولی یەکەم، تشرینی دووەمی١٩٧٦.
- ژ: (١١)، خولی دووەم، تەممووزی ١٩٧٩.
- ژ: (٢)، خولی دووەم، مایسی١٩٨٠.
- ژ: (٤)، خولی چوارەم، نیسانی ١٩٨٤.
- ژ: (١٠ و ١١) خولی پێنجەم، تشرینی یەکەم و دووەمی١٩٨٦.
- ژ: (١٢)، خولی پێنجەم، کانوونی یەکەمی١٩٨٦.
- ژ: (٤)، خولی پێنجەم، نیسانی ١٩٨٧.
- ژ: (٥)، خولی پێنجەم، مایسی١٩٨٧.
- ژ: (٨)، خولی پێنجەم، ئابی ١٩٨٧.
- ژ: (٥)، خولی شەشەم، مایسی ١٩٨٨.
- ژ: (٦)، خولی شەشەم، حوزەیران١٩٨٨.
- ژ: (١١)، خولی شەشەم، تشرینی دووەم ١٩٩٠.

- بزووتنـەوە: (ئـۆرگانی بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان)ە، ڕۆژنامە، ژ: (١)، سـاڵی یەکەم، کانـوونی دووەمی١٩٨٠.

**بەرەی کوردستانی: (ئۆرگانی بەرەی کوردستانی عێراق)ە**

- بەرەی کوردستانی، ڕۆژنامە، ژ: (١)، ساڵی یەکەم، ئەیلوولی١٩٨٨.
- ژ: (٢)، ساڵی یەکەم، تشـرینی دووەمی١٩٨٨.
- ژ: (١٢)، ساڵی دووەم، ئەیلوولی١٩٨٩.
- ژ: (١٣)، ساڵی دووەم، تشـرینی یەکەمی١٩٨٩.
- ژ: (١٦)، ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی١٩٩٠.
- ژ: (١٧)، ساڵی دووەم، شوباتی١٩٩٠.
- ژ: (١٩)، ساڵی دووەم، ئابی١٩٩٠.
- ژ: (٢٣)، ساڵی سێ یەم، کانوونی یەکەمی ١٩٩٠.

- کوردستانی نوێ (ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ە

- کوردستانی نوێ، ڕۆژنامە، ژ: (٣٧)، ساڵی یەکەم، کانوونی دووەم، ١٩٩٢.
- ژ: (٣٣٣)، ساڵی دووەم، ١٩٩٣/٣/٨.
- ژ: (٦٠٩)، ساڵی سێ یەم، تشـرینی دووەم، ١٩٩٤.

- هەولێر:(ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە لەهەولێر دەردەچێت)

- هەولێر، ڕۆژنامە، ژ: (١٢٥٧)، ٢٠١٣/٣/٤.
- ژ: (١٦٣٩)، ٢٠١٣/٥/٢٦.
- ژ: (١٨٥٤)، ٢٠١٤/٣/٥.
- ژ: (١٨٦٩)، ٢٠١٤/٣/٢٥.
- ژ: (١٨٧٥)، ٢٠١٤/٤/٨.
- ژ: (١٩٠٣)، ٢٠١٤/٥/٢٠.

- ئەڤرۆ: (هەفتەنامەیەکی سەربەخۆیە، ل دهوکێ دەردکەفیت)

- ئەڤرۆ، هەفتەنامە، ژ: (٣٢)، ٢٠٠١/٣/١٥.
- ژ: (٨٣)، ٢٠٠٥/٣/٣٠.
- ژ: (١١٤١)، ٢٠١٤/٣/١٢.
- ژ: (١١٤٢)، ٢٠١٤/٣/١٣.

------------------------------

**ب- به زمانی عەرەبی:**

- خەبات، الجريدة، العدد: (٥٢٨)، ٢٠/أيلول/١٩٧٦.
- العدد: (٥٣٠)، تشرين الأول١٩٧٦.
- العدد: (٥٣١)، ١٩٧٦/١٢/٢٠.
- العدد: (٥٣٥)، أواسط آيار١٩٧٧.
- العدد: (٥٣٦)، آذار/١٩٧٨.
- العدد: (٥٦٦)، آب ١٩٨٦.
- العدد: (٥٧١)، تموز١٩٨٧.
- العدد: (٥٨٢)، أواسط آب/١٩٨٨.
- العدد: (٦٧٧)، ٢٦كولان، ١٩٩٣.
- العدد: (٧٩٣)، ١٩٩٦/٦/٤.
- العدد: (٧٩٤)، ١٩٩٦/٨/١٢.

● الشراره: (الجريدة المركزيه للإتحاد الوطنى الكردستانى)

- الشراره، الجريدة، العدد: (١)، السنه الثامن، آژار١٩٨٢.
- العدد: (٢)، السنه (١١)، كانون الثانى ١٩٨٥.
- العدد: (٢)، السنه (١٢)، شباط ١٩٨٧.
- العدد: (٤)، السنه(١٢)،نيسان ١٩٨٧.
- العدد: (٥)، السنه(١٢)،مايس١٩٨٧.

- العدد: (٧)،السنه(١٢)، تموز١٩٨٧.
- العدد: (٣)، السنه (١٣)، مايس ١٩٨٨.
- العدد: (٢)، السنه (١٥)، شباط١٩٩٠.

● كفاح الجبهة: (الجريده الجبهه الوطنيه الديمقراطيه العراقيه «جود»)

- كفاح الجبهة، الجريدة، العدد: (١)، شباط ١٩٨٤.
- العدد: (٣)، أيلول١٩٨٤.
- العدد: (٤)، تشرين الثانی١٩٨٤.
- العدد: (٥)، كانون الثانی١٩٨٥.
- العدد: (٨)، آب ١٩٨٥.
- العدد: (٩)، تشرين الأول١٩٨٦.

● **گەل (الشعب): (لسان حال الحزب الشعب الديمقراطی الكردستانی)، العدد: (١١)، كانون الأول ١٩٨٤.**

------------------------------

**دووەم: گۆڤار:**

**أ- به زمانی كوردی:**

● مەتين: (ئۆرگانی لقی١- پارتی ديموكراتی كوردستان)ه

- مەتين، گۆڤار، ژ: (٤)، حوزەيرانی١٩٨١.
- ژ: (٤٠)، گوڵانی١٩٩٥.
- ژ: (١٢٨)، ئەيلوول٢٠٠٢.

● گوڵان: (هەفتەنامەيەكی سياسی گشتيه، دەزگای ڕۆشنبيری و ڕاگەياندنی گوڵان لە هەولێر دەری دەكات)

- گوڵان، گۆڤار، ژ: (٧٤)، ١٩٩٦/٥/٢١.

- ژ: (٧٥)، ١٩٩٦/٦/١.
- ژ: (٧٩)، ١٩٩٦/٧/١١.
- ژ: (١٧٦)، ١٩٩٨/٥/٣٠.
- ژ: (٢٢٧)، ١٩٩٩/٥/٢٩.
- ژ: (٢٤٣)، ١٩٩٩/٩/١٦.
- ژ: (٢٧٠)، ٢٠٠٠/٣/١٥.
- ژ: (٢٧١)، ٢٠٠٠/٣/٢٠.
- ژ: (٢٩١)، ٢٠٠٠/٨/١٠.
- ژ: (٢٩٦)، ٢٠٠٠/٩/١٤.

● پێشمەرگە: (گۆڤارەکا لەشکریە سیاسیە ڕەوشەنبیریە گشتی یە پشکا ڕێکخستنا سوپایی ١ ل دهوکێ دەردئێخیت)

- پێشمەرگە، گۆڤار، ژ: (٣)، کانوونا دوویی ١٩٩٦.
- ژ: (٥)، گوڵان ١٩٩٧.
- ژ: (٧)، کانوونا دوویی١٩٩٨.
- ژ: (١٠)، حوزەیران١٩٩٨.
- ژ: (١٢)، ئادار١٩٩٩.
- ژ: (١٤)، گوڵان١٩٩٩.
- ژ: (١٠٣)، تشرینی یەکەم، ٢٠٠٦.

● دەنگی پێشمەرگە: (گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیریی گشتییە فەرماندەی لەشکری کوردستان مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە، دەری دەکات)

- دەنگی پێشمەرگە، گۆڤار، ژ: (١٠٩)، نیسانی ٢٠٠٧.
- ژ: (١١٣)، ئایاری٢٠٠٧.
- ژ: (١٢٢)، ئایاری٢٠٠٨.

- ژ: (١٢٥)، ئابی٢٠٠٨.
- ژ: (١٢٩)، کانوونی یەکەمی٢٠٠٨.
- ژ: (٧٦١)، تەموزی٢٠٠٤.

● خەبـاتی قوتابیـان: (گۆڤاریـکی ڕۆشـنبیری ڕێکخراوەیـی مانگانەیـە ئـۆرگانی یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان)ە

- خەباتی قوتابیان، گۆڤار، ،ژ: (٥)، ئابی ١٩٩٦.
- ژ: (١٠)، مایسی١٩٩٦.
- ژ: (١٢)، ئاب١٩٩٦.
- ژ: (٣٥)، نیسانی١٩٩٦.
- ژ: (٣٦)، ٢٥ی حوزەیرانی٢٠٠٠.
- ژ: (٤٣)، ١٨ی حوزەیرانی٢٠٠١.
- ژ: (٤٨)، تموزی ٢٠٠١.
- ژ: (٥٠)، تشـرینی یەکەمی ٢٠٠١.
- ژ: (٦٢)، کانوونی یەکەمی٢٠٠١.
- ژ: (١٠٩)، حوزەیرانی٢٠١٢.

● زاگـرۆس: (ئـۆرگانی لقـی ٧ی پـارتی لـە ئەمریـکا و کەنـەدا)، گۆڤـار، ژ: (٧)، ئەیلـوولی١٩٨٢.

● ڕزگاری :(ئـۆرگانی لقـی٨- پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان)، گۆڤـار، ژ: (٨)، تشـــرینی دووەمـی١٩٨٢.

● سەفین: (ئۆرگانی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستانی – عێراق)ە

- سەفین، گۆڤار، ژ: (٣٨)، تەموزی١٩٨٦.
- ژ: (٤٠)، ئەیلوولی١٩٨٦.
- ژ: (٤١ - ٤٢)، تشرین یەکەم و دووەمی١٩٨٦.
- ـژ: (٤٧)، نیسانی١٩٨٧.

- سـەنتەری برایـەتی: (گۆڤارێـکی زانسـتی وەرزییـە... گرنگـی بـە لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی و داهێنـانی فکـری دەدات – لەهەولێـر دەردەچێـت)، گۆڤـار، ژ: (٢)، ئەیلـوولی١٩٩٧.
- برایەتی: (گوڤارێکی گشتی سیاسی)ە

- برایەتی، گۆڤار، ژ:(٣)، ئابی١٩٧٠.
- ژ:(١١)، شوباتی ١٩٧١.

- لڤین، گۆڤار، ژ: (٣٣٥)، ٢٠١٦/٨/١.
- K٢١ (گۆڤارێـکی کلتـووری و زانسـتی و مێژوویـی و بەڵگەنامەیـی و نەتەوەیـی وەرزی ئـازادە)

- K٢١، گۆڤار، ژ: (٧)، ٢٠١٠.
- گۆڤار، ژ: (١٧)، ٢٢ی نیسانی٢٠١٣.

- سـیپە: (گۆڤـارەکا ڕەوشـەنبیری گشـتی یـا هەیڤانەیـە – لقێ٩-پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان دەردئێخیـت)

- سیپە، گۆڤار، ژ: (٤٥)، ٢٠١٣/٣/١٢.

**ژ: (٥٧)، ئادار ٢٠١٤.**

- **دهـۆك :(گۆڤـارەکا ڕەوشـەنبیری گشـتی یـا وەرزییـە ل دهوکـێ دەردکەفیـت)، گۆڤـار، ژ: (٢٢)، شـوباتا ٢٠١٤.**
- **کەرکـووك : (گۆڤارێـکی ڕووناکبیـری گشـتی وەرزییـە، کۆمەڵـەی ڕووناکبیـری و کۆمەڵایـەتی پارێـزگای کەرکـووك دەریـدەکات)، گۆڤـار، ژ: (٤)، سـاڵی چـوارەم، بەهـاری ٢٠١٣.**
- مێرگەسـۆر: (گۆڤارێـکی ڕۆشـنبیری گشـتییە لـە مێرگەسـۆر دەردەچێـت)، گۆڤـار، ژ: (٩)، ئـابی٢٠٠٨.

### ب- به زمانی عەرەبی:

- مەتین، مجله، العدد: (٥١)، آذار ١٩٨٦.
- العدد: (٥٨)، آيار١٩٨٦.
- العدد: (٦٣ - ٦٤)، تشرين الأول و الثاني١٩٨٦.
- العدد: (٦٩)، كانون الثاني ١٩٨٨.

------------------------------

## نۆیەم: بڵاوکراوەی دەنگوباس (نشرة إخبارية)

### أ- بەزمانی کوردی:

- دەنگوبـاسی کوردسـتان: (بـەشی ڕاگەیانـدنی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان -عێـراق دەریـدەکات)
- دەنگوباسی کوردستان، ژ: (١٥)، نیسانی ١٩٨١.
- ژ: (١٧)، ٢٣ی نیسانی ١٩٨١.
- ژ: (١٨)، ٢٨ی ئایار ١٩٨١.
- ژ: (٢٠)، ١٩٨١/٧/١٤.
- ژ: (٢٣)، ١٩٨١/٨/١٩.
- ژ: (٣٠)، ١٩٨١/٩/٢.
- ژ: (٣١)، ١٩٨١/٩/٨.
- ژ: (٣٦)، ٦/تشـرینی دووەمی ١٩٨١.
- ژ: (٤٧)، ١٩٨٢/١/١٠.
- ژ: (٥٣)، ١٩٨٢/٢/١٠.
- ژ: (٦١)، ١٩٨٢/٣/١٠.
- ژ: (٩٣)، ١ی ئەیلوولی ١٩٨٢.
- ژ: (٩٥)، تشـرینی یەکەم، ١٩٨٢.
- ژ: (١٠١)، ٢٨/شوبات/١٩٨٣.

- ژ: (١١٠)، ١٩٨٣/١٢/٣١.
- ژ: (١١٢)، شوبات ١٩٨٤.
- ژ: (١١٤)، ١٩٨٤/٤/٢.
- ژ: (١١٥)، ١٩٨٤/٤/٣٠.
- ژ: (١١٧)، ١٠ی حوزەیران ١٩٨٤.
- ژ: (١١٩)، ناوەڕاستی ئاب١٩٨٤.
- ژ: (١٢١)، ١٠/ئەیلوول١٩٨٤.
- ژ: (١٢٦)، ١٩٨٤/٢/٥.
- ژ: (١٢٧)، ١٩٨٤/١٢/٣١.
- ژ: (١٣٣)، تموزی ١٩٨٥.
- ژ: (١٣٤)، ئابی ١٩٨٥.

------------------------------

**ب- بەزمانی عەرەبی:**

- إخبار كردستان، العدد: (١)، ١٩٨٠/٣/٨.
- العدد: (٣)، ١٩٨٠/٤/١٧.
- العدد: (٤)، ١٩٨٠/٥/٢.
- العدد: (٥)، ١٩٨٠/٥/٢٨.
- العدد: (٦)، آب ١٩٨٠.
- العدد: (٧)، أيلول١٩٨٠.
- العدد: (٩)، تشرين الثاني – كانون الأول١٩٨٠.
- العدد: (١٢)، ١٩٨١/٢/٢.
- العدد: (١٤)، ١٢/نيسان/١٩٨١.
- العدد: (١٦)، ٢/آيار/١٩٨١.
- العدد: (١٩)، ١٩٨١/٦/١٠.

- العدد: (٢٠)، ١٩٨١/٧/٤.
- العدد: (٢٢)، ١٩٨١/٨/٨.
- العدد: (٣٥)، ١٩٨١/١٠/١٦.
- العدد: (٣٨)، ٢٦/تشرين الثاني/١٩٨١.
- العدد: (٤٦)، ١٩٨٢/١/٤.
- العدد: (٤٨)، ١٩٨١/١/١٤.
- العدد: (٥٠)، ١٩٨٢/١/٢٤.
- العدد: (٥١)، ١٩٨٢/١/٢٧.
- العدد: (٥٢)، ١٩٨٢/٢/١.
- العدد: (٥٣)، ١٩٨٢/٢/١٠.
- العدد: (٥٤)، ١٩٨٢/٢/١٤.
- العدد: (٥٥)، ١٩٨٢/٢/١٨.
- العدد: (٥٦)، ١٩٨٢/٢/٢٢.
- العدد: (٥٧)، ١٩٨٢/٢/٢٨.
- العدد: (٧١)، ٢ نيسان ١٩٨٢.
- العدد: (٧٦)، ٢٢ى نيسان١٩٨٢.
- العدد: (٧٩)، ٥/آيار/١٩٨٢.
- العدد: (٨٣)، ٢١/آذار/١٩٨٢.
- العدد: (٨٥)، ٢٢حزيران١٩٨٢.
- العدد: (٩٦)، ٣٠ تشرين الأول١٩٨٢.
- العدد: (٩٧)، ٢٩ تشرين الثاني١٩٨٢.
- العدد: (١٠٣)، ١٤ مايس١٩٨٣.
- العدد: (١٠٤)، ١٥ حزيران١٩٨٣.
- العدد: (١٠٥)، ٤ تموز١٩٨٣.

- العدد: (١٠٩)، أواخر تشرين الثاني١٩٨٣.
- العدد: (١١١)، أواخر كانون الثاني١٩٨٤.
- العدد: (١١٢)، أواخر شباط ١٩٨٤.
- العدد: (١١٣)، آذار١٩٨٤.
- العدد: (١١٥)، ٣٠/نيسان/١٩٨٤.
- العدد: (١١٦)، ٢٤/آيار/١٩٨٤.
- العدد: (١١٧)، ١٥/حزيران/١٩٨٤.
- العدد: (١٢١)، ١٠/أيلول/١٩٨٤.
- العدد: (١٢٥)، تشرين الثاني ١٩٨٤.
- العدد: (١٢٩)، أواخر شباط ١٩٨٥.
- العدد: (١٢٩)، أواخر آذار ١٩٨٥.
- العدد: (١٣٣)، تموز١٩٨٥.
- العدد: (١٣٥)، أيلول١٩٨٥.
- العدد: (١٣٧)، تشرين الثانى١٩٨٥.
- العدد: (١٣٩)، كانون الثانى١٩٨٦.
- العدد: (١٤٠)، شباط ١٩٨٦.
- العدد: (١٤١)، آذار١٩٨٦.
- العدد: (١٤٢)، نيسان١٩٨٦.
- العدد: (١٤٣ - ١٤٤)، ١ و ٥ و ١٩٨٦/٦.
- العدد: (١٤٥)، حزيران١٩٨٦.
- العدد: (١٤٧)، آب ١٩٨٦.
- العدد: (١٤٨)، أيلول١٩٨٦.
- العدد: (١٥٠)، تشرين الثاني١٩٨٦.
- العدد: (١٥١)، كانون الأول١٩٨٦.

- العدد: (١٥٢)، كانون الثاني١٩٨٧.
- العدد: (١٥٣)، شباط١٩٨٧.
- العدد: (١٥٤)، آذار١٩٨٧.
- العدد: (١٥٥)، نيسان١٩٨٧.
- العدد: (١٥٧)، آيار١٩٨٧.
- العدد: (١٥٨)، حزيران١٩٨٧.
- العدد: (١٥٩)، تموز١٩٨٧.
- العدد: (١٦٠)، أوساط آب ١٩٨٧.
- العدد: (١٦١)، أواخر آب١٩٨٧.
- العدد: (١٦٣)، أيلول١٩٨٧.
- العدد: (١٦٤)، تشرين الأول١٩٨٧.
- العدد: (١٦٥)، تشرين الثاني١٩٨٧.
- العدد: (١٧٢)، ٢٩ شباط ١٩٨٨.
- العدد: (١٧٣)، ١-١٥/آذار/١٩٨٨.
- العدد: (١٧٤)، ١٦ – ٣١/آذار/١٩٨٨.
- العدد: (١٧٥)، ١ – ١٥/نيسان/١٩٨٨.
- العدد: (١٧٦)، ١٦ – ٣٠/نيسان/١٩٨٨.
- العدد: (١٧٧)، ١ – ١٥/مايس/١٩٨٨.
- العدد: (١٨١)، ١١ – ١٥/تموز/١٩٨٨.
- العدد: (١٨٢)، ١٦ – ٣١/تموز/١٩٨٨.
- العدد: (١٨٣)، ١ – ١٩٨٨/٨/١٥.
- العدد: (١٨٥)، ١ – ١٥/ أيلول/١٩٨٨.
- العدد: (١٩٠)، كانون الأول١٩٨٨.
- زوزك :(نشرة إخبارية دورية يصدرها الحزب الديمقراطى الكردستانى – فرع

أوروبــا) ،العــدد: (٧)، آذار، ١٩٧٦.

- صـدى خەبـات :(نشرةدوريـة تصدرهـا لجنـة العلاقـات الخارجـی للحـزب الديمقراطی الكردسـتانی)، العـدد: (٢١)، تشرين الأول١٩٧٦.
- الوطـن (ولاّت) :(نـشرة الدوريـة يصدرهـا الحـزب الديمقراطـی الكردسـتانی - فـرع السـادس أوروبـا)
- الوطن(ولاّت)،العدد:(٧)، تموز١٩٨٤.
- العدد:(٩)، كانون الثاني١٩٨٧.

------------------------------

## دەیەم: قاموس و ئینسکلۆپیدیا

### أ- قاموس:

- قامـوسی نـاوی نەمـرەکان، بەرگـی یەکـەم، ئامادەکـردن و سەرپەرشـتی مومتـاز حەیـدەری و ئـەوانی تـر، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٤.
- قامـوسی سیاسـی ئـارەش (فەرهەنگـی سیاسـی)، چاپـی یەکـەم، ئامادەکـردنی زاهیـر محەمـەدی و ئـەوانی تـر، چاپخانـەی وەزارەتی پـەروەردە، هەولێـر، ٢٠٠٦.

------------------------------

### ب- ئینسکلۆپیدیا:

- ئینسـکلۆپیدیای یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، چاپـی دووەم، لەبڵاوکـراوەی ئەکادیمیـای هۆشـیاری و پێگەیانـدنی کادیـران، سـلێمانی، ٢٠١٣.
- دەرسـیم دیبەگەیـی، ئینسـکلۆپیدیای تاوانبـارانی ئەنفـال و کـورد و جینۆسـایدکردنی باشـووری کوردسـتان، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠١١.

## یازدەیەم: چاوپێکەوتنەکان و پەیوەندی تەلەفۆنی

### أ- چاوپێکەوتن لەگەڵ:

- ئازاد تەوفیق، هەولێر، ٢٠١٦/٥/٥.
- ئیبراهیم مستەفا محەمەد، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١١.
- ئیبراهیم یوسف مستەفا، دینارتە، ٢٠١٦/٣/١٣.
- أحمد زەڕۆ، دهۆك، ٢٠١٦/٩/٢٨.
- أودی دوغانی، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٩.
- تەوفیق ئاکرەیی، ئاکرێ، ٢٠١٦/٣/١٦.
- سربست باپیری، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١٠.
- قادر قاچاخ، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١١.
- فهیم عەبدوڵا حمو، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/٩.
- کریم حبیب ورملی، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/٩.
- تارق ئاکرەیی، ئاکرێ، ٢٠١٦/٤/١٧.
- حمید ئەفەندی، میحوری باشیك، ٢٠١٦/٣/٢٠.
- مسعود سڕنی، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١٣.
- نجم الدین یوسفی، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١٣.
- ملازم یونس، محیوری باشیك، ٢٠١٦/٣/٢٠.
- یاسین تاها مولود، ئاکرێ، ٢٠١٦/١/٢٤.
- محەمەد ملا قادر، پیرمام، ٢٠١٥/١٢/٢.
- د.محمود عثمان، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.
- عدنان موفتی، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٧.
- عارف تەیمور، میحوری خازر، ٢٠١٦/٣/٣.
- فوئاد میرانی، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥.
- تاهر هروری، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥.

- عەبدوڵا حمید نعمان، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥.
- محمد ساڵح فتاح زندی، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١١.
- شەفیق قەزاز، سلێمانی، ٢٠١٥/١٢/١٩.
- محمد بافی، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١١.
- خورشید شێرە، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٥.
- عبدالسلام ڕێکەوتی، هەولێر، ٢٠١٦/٣/٢٧.
- مامەند مامەخەلی، میحوری باشیك، ٢٠١٦/٣/٢٠.
- عبدوڵلا ئاگرین، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٧.
- عزیز محمد، هەولێر، ٢٠١٦/١/٢١.
- کەریم ئەحمەد، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٩.
- مستەفا زێباری(دوستەکی)، ئاکرێ، ٢٠١٦/٩/٢٣.
- مسعود ملا محمود، دینارتە، ٢٠١٦/٨/٢٤.
- مسعود عبدالخالق، هەولێر، ٢٠١٦/١/٢١.
- عیماد عبدالقادر محمد، دهۆك، ٢٠١٥/١٢/١١.
- شیمال آغا زێباری، هەولێر، ٢٠١٦/١/١٦.
- عزیز فندی، دهۆك، ٢٠١٦/٣/٣.
- حبیب کەلەش، دهۆك، ٢٠١٦/٢/٢٥.
- غیاس خالد زێباری، دینارتە،٢٠١/٣/١٠.

-------------------------------

### ب- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ:

- عیسی زێوەیی، دهۆك، شەوی ٢٠١٦/٣/١١.
- عزیز محەمەد، هەولێر، ٢٠١٦/٥/٣.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژماره (١)

یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان - سەرکردایەتی کاتی

- ب -　　　　　　　　　　　　　-أ-






سەرچاوە:

بنکەی ژین - سلێمانی

## پاشكۆی ژماره (٢)

نامەی بارزانی بۆ خومەینی بە بۆنەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران



حضرة آية الله العظمى روح الله الخميني
﴿إن ينصركم الله فلا غالب لكم﴾
صدق الله العظيم

إن انتصار إخواننا المسلمين الإيرانيين على الظلم والطغيان بزعامتكم يعتبر نصراً لجميع المضطهدين في العالم ويعتبر بصورة خاصة أكبر انتصار للشعب الكردي المضطهد... إن الثورة الإسلامية في إيران بزعامتكم التي قطعت جذور الطغيان والدسائس التي تعرض لها شعبنا الكردي في العراق تعتبر معجزة خارقة للعادة... وبهذه المناسبة التاريخية أتقدم بالتهنئة إليكم وللحكومة الإسلامية وللشعب الإيراني المسلم وأدعو إلى الله تعالى أن يوفقكم، وأتمنى أن يتمتع الشعب الإيراني المسلم بالحرية ورضاء الله وأن يستقر العدل الرباني في إيران بدلاً من التعسف والأنانية.

نهنئ الثورة الإسلامية من صميم قلوبنا ونأمل أن تعتبرونا جزءاً من المجاهدين في هذا الطريق المقدس.. وسلام الله عليكم ورحمته وبركاته.

أخوكم في الدين
مصطفى البارزاني
1979/2/11

**بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی جوقد**

سەرچاوە:

فـاروق محمـد محمدئەمیـن، سیاسـەتی ئێـران بەرامبـەر جوڵانـەوەی ڕزگاریخـوازی كـورد لـە باشـووری كوردسـتان (١٩٧٥ - ١٩٨٩)

## پاشکۆی ژمارە (٣)

بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان - سەرکردایەتی کاتی دەربارەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران

- ب -



بژی شورشی ئیرانی قارەمان
بژی یەکیتی نیوان گەلی ئیران وگەلی کورد
بروخی رژیمی فاشیستی وئیمپریالی و صهیونی و داگیرکاری و کونە پەرستی

لیژنەی پەیوەندی یەکانی دەرەوە
پارتی دیموکراتی کوردستان
سەرکردایەتی کاتی
١٤/شوبات/١٩٧٩

- أ -



سەرچاوە:

لە ئەرشیفی م.س - پارتی دیموکراتی کوردستانی - عێراق

## پاشکۆی ژماره (٤)

بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان - سەرکردایەتی کاتی دەربارەی کۆچی دوایی کردنی مستەفا بارزانی

- أ -



وفاة القائد الوطني البارز مصطفى البارزاني

ببالغ الحزن والاسى نعلن وفاة السيد مصطفى البارزاني، رئيس حزبنا الديمقراطي الكوردستاني وابرز قائد وطني كوردي في هذا القرن، عن عمر يناهز السادسة والسبعين وبالسكتة القلبية في ... يوم الخميس المصادف ١/٣/١٩٧٩.

ان وفاة البارزاني هي خسارة جسيمة لحزبنا ولحركتنا الوطنية ولشعبنا الكوردي في كل مكان.

لقد قضى القائد الراحل كل حياته مناضلا عنيدا ضد مضطهدي وظالمي شعبنا الكوردي ليس في كوردستان العراق فحسب بل في جميع أجزاء كوردستان، وكافحا من اجل حصول شعبنا على حقوقه القومية والديمقراطية. لقد شارك البارزاني بنشاط في الحركة الوطنية في كوردستان - ايران - بعد الحرب العالمية الثانية، وكان شخصية بارزة في جمهورية مهاباد، وبعد نجاح الشاه واسياده الامبرياليين في القضاء على هذه الجمهورية الفتية، عاش القائد البارزاني لاجئا في الاتحاد السوفيتي حتى عودته الى العراق بعد ثورة - ١٤ - تموز التي ايدها بقوة حتى انحرافها عن خطها الديمقراطي.

ان البارزاني هو القائد المؤسس لحزبنا عام ١٩٤٦ وقائد ثورة شعبنا الكوردي في العراق ضد الدكتاتورية والظلم ومن اجل نيل شعبنا حقوقه القومية والديمقراطية ومن اجل حياة ديمقراطية في جميع اجزاء العراق. وبعد انقلاب - ٨ - شباط الاسود عام ١٩٦٣، فتح البارزاني مناطق الثورة امام جميع القوى والشخصيات الوطنية والديمقراطية والتقدمية العراقية وقدم لها كل عون ومساعدة للتخلص من بطش ارهاب السلطة العراقية ولكي تواصل نضالاتها. وكان القائد الراحل من مؤيدي تمتع الاقليات القومية والدينية في كوردستان وفي العراق بحقوقها المشروعة ومن مساندي نضال وحقوق الشعوب المتحررة والمضطهدة في كل مكان، ومن المؤمنين بالنضال المشترك بين الشعب الكوردي والشعوب التي يعايشها. وقد اكد عمليا وقوفه مع الشعب الفلسطيني والشعوب العربية، وخاصة اثناء العدوان الاسرائيلي عام ١٩٦٧ حيث اصدر اوامره الى فصائل الانصار الكوردية بوقف القتال وابلغ الحكومة العراقية عن استعداده من القيام بأية اعمال عسكرية تضامنا مع الشعوب العربية، ومرة اخرى اثناء العدوان الاسرائيلي عام ١٩٧٣ حيث ابلغ الحكومة العراقية باستعداده الكامل لكل خطوة ايجابية تتخذها الحكومة للتضامن مع الشعوب العربية ومع منظمة التحرير الفلسطينية واستعداده للمشاركة في هذه الخطوات.

وتوصل البارزاني الى اتفاقية - ١١ - آذار ١٩٧٠ مع الحكومة العراقية من اجل العمل على قيام الحياة الديمقراطية في العراق وفي سبيل تثبيت الحقوق القومية والديمقراطية لشعبنا الكوردي، بالرغم من مؤامرات الشاه والدوائر الامبريالية. هذه الاتفاقية التي تراجعت عنها ونسفتها الحكومة العراقية.

وبعد انهيار ثورة ايلول نتيجة المؤامرة الامريكية الشاهنشاهية التكريتية، عاش البارزاني في ايران لفترة من الزمن تحت ظروف صعبة، وبسبب عدم ثقته بالشاه المتآمر وتدهور صحته واصابته بمرض سرطان الرئة، ذهب الى الولايات المتحدة الامريكية للعلاج الطبي وبقي هناك بسبب متطلبات هذا العلاج.

بهذه المناسبة الحزينة والمؤسفة جدا، نقدم الى ابناء شعبنا واخوانه واصدقائه ... الى عائلة القائد الفقيد تعازينا الحارة واسفنا العميق، ونعاهدهم باننا سوف نستمر على النضال الذي شارك فيه وقاده البارزاني لاكثر من نصف قرن، حتى يتحقق النصر النهائي، وسيبقى البارزاني رمزا للتصميم والصمود لنضال شعبنا من اجل نيل حقوقه وستبقى ذكراه رمزا خالدا لكفاحه ضد مضطهدي امتنا، للاجيال القادمة. ان وفاته تدعونا الآن اكثر من اي وقت مضى الى

- ب -



رص صفوف الحركة الوطنية الكوردية والحركة الديمقراطية العراقية لتحقيق اهدافها الوطنية والتقدمية المشتركة.

وقد ايد البارزاني ثورة الشعب الايراني بكل قوة ومن صميم قلبه، و... جدا بانتصار الثورة على الشاه ونظامه واسياده الامبرياليين، وارسل برقية تأييد الى سماحة آية الله الخميني يوم ١٩٧٩/٢/١١، وكان يريد العودة الى ايران بعد هروب الشاه وانتصار الثورة، وكان مقررا ان يعود الى هناك يوم ١٩٧٩/٣/١.

انا نحني رؤوسنا اجلالا لذكرى القائد الوطني الراحل مصطفى البارزاني، رئيس حزبنا وابرز قائد وطني في الحركة التحررية الكوردية خلال القرن العشرين.

الحزب الديمقراطي الكوردستاني
- القيادة المركزية -
١٩٧٩/٣/١

سەرچاوە:لە ئەرشیفی م.س - پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق

## پاشکۆی ژماره (٥)

یەکەمین بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان – سەرکردایەتی کاتی لەبارەی سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان

- أ -



- ب -


بيان الحزب الديمقراطي الكردستاني - القيادة المؤقتة - بمناسبة اندلاع
الثـــورة في كردستان العراق
أيها الشعب العراقي الأبي ... يا جماهير أمتنا الكردية المناضلة

سەرچاوە:

لە ئەرشیفی م.س – پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق

## پاشکۆی ژماره (٦)

نامەی پارتی دیموکراتی کوردستان – سەرکردایەتی کاتی بۆ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی کوشتاری شارستێن لەلایەن حکوومەتی عێراق

- أ -



- ب -



سەرچاوە:

لە ئەرشیفی م.س – پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق

## پاشکۆی ژماره (٧)

بانگەوازی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سوسیالیستی کوردستان لە پێناو پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی لە عێراقدا

- أ -


مەكتەبی سیاسی
حزبی سوسیالیستی یەكگرتووی كوردستان

مەكتەبی سیاسی
پارتی دیموكراتی كوردستانی عیراق

- ب -


بانگەوازێكی مێژووی
لە پێناو پێكهێنانی بەرەی ئازادی كوردستان
وە بەرەیەكی نیشتمانی دیموكراتی لە عیراقدا


سەرچاوە:

لە ئەرشیفی م.س – پارتی دیموکراتی کوردستانی – عێراق

## پاشکۆی ژمارە (٨)

بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی جوقد

- أ -



- ب -



- ج -



سەرچاوە:

سروە قادر سمایل، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستان - عێراق (١٩٨٠ - ١٩٩٠)

## پاشکۆی ژمارە (٩)

بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی جود


- أ -



- ب -



- ج -



سەرچاوە:

لەئەرشیفی م.س - پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق

## پاشکۆی ژمارە (١٠)

بەیاننامەی بەرەی (جود)

دەربارەی هاتنی هێزەکانی تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق

- أ -


بەیانی ( جود ) دەربارەی هاتنی
هێزەکانی تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق :

بەشێکی تازەیە لەو پیلانە گەورەیە کە دەگێڕێتە سەر
وڵاتەکەمان و جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلەکەمان

ئەی هاونیشتمانییان !

ئەی ڕۆڵەکانی گەلە تێکۆشەرەکەمان بە کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانەوە !

دەسەڵاتی دیکتاتۆری تورکیا دوێنێ ڕایگەیاند کە هێزە چەکدارەکانی هاتنە ناو خاکی عێراق ، بە بەهانەیەکی ڕیسوابوو ، بەهانەی ڕاونانی کەسانێ لەناو خاکی تورکیادا کە دەستی لێ دەوەشێنن .

ئەم ڕاگەیاندنە بێزارە و بەستێی جەماوەری گەلەکەمانی بزواندووە ، چونکە دەستدرێژکارییەکی نالەبارە بۆ سەر سەربەخۆیی نیشتمانیمان و حورمەتی خاکی وڵاتەکەمان و بە مەترسییەوە هەڕەشە ئەکا لە دابڕینی پارچەیەک لە خاکی وڵات بۆ بەیەنی کردنی تەماعی کۆنی جەندرمەکانی تورک لە خاکە پیرۆزەکەماندا .

هەروا ئەم دەستدرێژکارییە بوتە هۆی بێزارەی کوروکۆمەڵەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی عەرەبی و ناوچەکە چونکە بەهانەیەکی خەتەرە ، مەترسی ئەوەی لێ ئەوەشێتەوە ئەم جۆرە دەستدرێژکارییانە دژ بە وڵاتانی تریش ئەنجام بدرێن ، بۆ نموونە دژ بە سووریای برادەر .

لەکاتێکدا کە جەماوەری گەلی عێراق و نەتەوەی عەرەب ئەم دەستدرێژکارییە زۆردارانە تاوانبار ئەکەن ، حوکمڕانە فاشستەکانی بەغدا بە هەڵوێستە نەرم جەنەرە ناعیرینەکەیانەوە دێنە پێش ، هەڵوێستی دەستتێکەڵاوکردنی تاوانبارانە لەگەڵ جەندرمەکانی تورک دژ بە سەربەخۆیی نیشتمانی و کەرامەتی گەل ، ئەوەبوو بێشەرمانە ڕایانگەیاند کە ئەو دەستدرێژکارییە بە ئاگاداری و ڕەزامەندی ئەوان بووە . وە هەوڵیان داوە تاوانە چەپەڵەکەیان سووک نیشان بدەن بەوەی کە گوایە بە ئەندازەی پێنج کیلۆمەتر و بە هۆیەکی کاتی ڕێگەیان داوە بە هێزەکانی تورکیا بێتە ناو خاکی عێراق ، لە کاتێکدا کە جەندرمەکانی تورک ئاشکرایان کردووە کە نیازی دەستدرێژکاری و تەماعیان لە خاکی عێراقدا هەیە .

بەدیهێنانی ئەم دەستدرێژییە ستەمکارەکە لەم کاتەدا و ئاراستەبوونی هێزەکانی تورکیا بۆ عەرفروەتن بە هێزی پێشمەرگەی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی ( جود ) لەناو خاکی عێراق وەدەرکەوت کردنی جەماوەری کوردی گوندەکانی سەر سنوور وەکو بەشێک لەو ستەمکارییە نالەبارەی کە فاشستەکانی تورک دژ بە گەلی کورد لە تورکیا ڕەوای دەبینن ، سروشتی ئەم دەستدرێژکارییە ئاشکرا ئەکا کە بەشێکە لەو پیلانە گەورەیەی ئەگێڕێتە سەر وڵاتەکەمان و جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلەکەمان .

حوکمی دیکتاتۆری بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوودا ئیسپاتی کردووە کە ناتوانێ بەرەنگاری پێشمەرگە نەبەزەکانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی ( جود ) لەناوچەی بادینان ببێتەوە . هەروا ئەو پێشمەرگە ئازەمانانە کە دەسیان خستیان بەسەر هێزەکانی ڕژێم و چەکەکانیا هێناوە و زەبری کاریگەریان پێ گەیاندووە ، وە لە ناوچەیەک کار ئەکەن کە هێزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ( یەنک ) ی تیا نییە ( یەنک ) کە چەکدارەکانی خیانەت ... دژ بە بەرەی نیشتمانی دیموکراتی ( جود ) لەبیانی ...

- ب -


ئاراستەیان بکا بۆ خەبات دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری .

هەر بۆیەش ئامەکەی سەدام حوسێن ، ئەگەر بەترخی لەدەستداتی سەربەخۆیی نیشتمانیش بێ ، پەنای بردوتە بەر حوکمڕانانی تورکیا ، کە داردەستی ئیمپریالیستە ئەمریکییەکان و پەیمانی باکووری ئەتلەسی ( ناتۆ ) ی دەستدرێژکارە ، بۆ تەنگاو کردنی هێزەکانی ( جود ) و جەماوەری فراوانی کورد کە لە دەوری کۆبوونەتەوە .

بەرەی نیشتمانی دیموکراتی لە کاتێکدا ئەو دەستدرێژکارییە تاوانبار ئەکا ، بە حکوومەتی تورکیا هۆشیار ئەدا تا لەسەری نەڕوا و داوای لێ ئەکا دەستبەجێ هێزە پەلامارەدەرەکانی بکێشێتەوە و ڕێز بنێ لە سەربەخۆیی نیشتمانیی عێراق و مافی گەلەکەمان لە خاکە پیرۆزەکەیدا .

بەرەی نیشتمانی دیموکراتی بەناوی جەماوەری گەل بە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانەوە بە توندی هەڵوێستی حوکمڕانە فاشستەکانی بەغدا تاوانبار ئەکا و ڕائەگەیەنێ کە دان نانێ بە هەر ڕێککەوتن‌نامەیەکا بە هەر ئەندازەیەک سەربەخۆیی نیشتمانی لەکیس بدا کە لەگەڵ حکوومەتی تورکیا دەیبەستن .

بەرەی نیشتمانی دیموکراتی لە پێشمەرگە و لایەنگرانی ( یەنک ) داوا ئەکا وورد ببێتەوە لە نیدانەکانی ئەم دەستدرێژکارییە و پەیوەندیی بە کردەوە دڕندانەکانی سەرکردایەتییان دژ بە بەرەی نیشتمانی دیموکراتی و جووڵانەوەی نیشتمانی عێراقی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی کوردەوە ، و پەیوەندیی لەگەڵ پیلانەکانی تاقمی دیکتاتۆری تاکڕەوی بەغدا و کوروکۆمەڵەی ئیمپریالیستی .

بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی جەماوەری گەلی عێراق بانگ ئەکا تا بە توندی دەنگی بێزاری دژ بە دەستدرێژی تورکیا و دەستتێکەڵاوی ئەرمەبەری حوکمڕانانی بەغدا لەگەڵ حوکمڕانانی تورکیا بەرز بکەنەوە . وە لە هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی عەرەبی بە حزب و ڕێکخراو و حکوومەتە نیشتمانییەکانیانەوە لە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهانیش داوا ئەکا هاوڕێی گەلی عێراق و هێزە نیشتمانییەکانی بکەن لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم دەستدرێژکارییە .

بەرەی نیشتمانی دیموکراتی بڕوای پتەوی هەیە کە بە زەبری خۆڕاگریی هێزە نیشتمانییەکانی گەلەکەمان و هاوکاری هێزە دۆستە عەرەبی و جیهانییەکان ، ئەو دەستدرێژکارییە و گشت پیلانی ئیمپریالیستی ، تۆنەپەرستی ، دیکتاتۆرییەکان هەر تێکدەشکێن و گەلە تێکۆشەرەکەمان هەر سەردەکەوێ .

بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی
( جـــود )
٢٨ / ئایـــار / ١٩٨٣

سەرچاوە:

لەئەرشیفی م.س - پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق

## پاشكۆی ژماره (١١)

بەشێك لە وتاری سەدام حسێن لە کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە بۆنەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر

- أ -

الاميركية ، وكل القوى الامبريالية في العصر الحديث ضد الامة العربية ، ايجاد الكيان الصهيوني في ظل ظروف تاريخية معروفة ، من أجل الابقاء على تجزئة الامة العربية واضعافها وبالتالي تسهيل مهمة استغلالها والسيطرة عليها .

وبعد ان قام الكيان الصهيوني في أرض فلسطين المحتلة ، تكونت له مصالحه وأطماعه وسياساته الخاصة التي يلتقي بعضها مع مصالح الامبريالية وأطماعها وسياساتها في حين يكتسب البعض الاخر منها خصوصية معينة . ولم يكن الكيان الصهيوني منذ قيامه وحتى الآن محميا من قبل الامبريالية العالمية فحسب ، وانما كانت الصهيونية العالمية المتنفذة في بلدان عديدة في العالم ، والتي تملك وسائل خطيرة للنفوذ والتأثير ، تخدم هذا الكيان وتمده بأسباب القوة ، وتسهل له مخططاته التوسعية والعدوانية ضد الامة العربية ، فلم يعد الكيان الصهيوني مخفرا اماميا للامبريالية فحسب ، وانما صار ـ في الوقت نفسه ـ مخفرا أماميا أيضا للصهيونية العنصرية ، ولأطماعها ومصالحها العدوانية والتوسعية ، في هذه المنطقة الحيوية من العالم .

لقد أدى الكيان الصهيوني مهمته خلال السنوات الثلاثين الماضية ، منذ قيامه وحتى اليوم ، في تكريس التجزئة في الوطن العربي ، وفي اضعاف قدرات الأمة على النهضة والتقدم ، كما قام ـ حيثما اتيحت له الفرصة ـ بالعدوان والتوسع في الأرض العربية .

غير ان الطليعة الواعية في الأمة العربية التي تتابع بحرص ووعي ، مخططات الصهيونية العالمية ، وتناضل ضدها ، تدرك بأن القوى الامبريالية ، والصهيونية ، لم تعد تكتفي بالتجزئة التي فرضتها على الامة العربية في بداية هذا القرن ، وانما صارت تعمل على اعادة تجزئة الأقطار العربية ، بحيث لا يكون أحد أجزائها القائمة في الوقت الحاضر ، أو أي جزأين متحدين منها يشكل احدهما عمقا سوقيا للآخر ، ويقفان على حدود التماس مع الكيان الصهيوني ، قادرين على تهديد الكيان الصهيوني أو منع خططه التوسعية وأطماعه في الوطن العربي .

- ب -

خطاب

السيد الرئيس صدام حسين

في الجلسة الاستثنائية للمجلس الوطني العراقي يوم ١٧-٩-١٩٨٠

حول الغاء اتفاقية الجزائر لعام ١٩٧٥

نص الخطاب :

بسم الله الرحمن الرحيم

ايها الاخوة ، أعضاء المجلس الوطني :

بناء على قرار مجلس قيادة الثورة ، فقد دعوناكم الى هذه الجلسة الاستثنائية لاطلاعكم على قضايا مصيرية تهم الوطن والأمة ، ايمانا من قيادة الحزب والثورة بدوركم الفعال في تصليب الارادة الوطنية والدفاع عن حقوق الشعب وسيادة الوطن ، وتأكيدا للممارسة الديموقراطية التي نعتز بها ، باعتبارها ركنا أساسيا من أركان تجربتنا الثورية ، وتعبيرا أصيلا عن الصلة المتينة بين الجماهير وقيادة الحزب والثورة والمؤسسات الوطنية القيادية .

ايها الاخوة :

ان قضايانا ومشكلاتنا الوطنية والقومية لا تنفصل عن تاريخنا الوطني والقومي ، القديم والمعاصر ، فلابد من دراسة تاريخنا ، واستنباط الدروس الاساسية منه في التعرف على الحقائق الجوهرية في الوقت الراهن .

لقد استخدم الاستعمار ، عبر العصور الماضية كل الوسائل المتاحة لديه من أجل اضعاف الامة العربية واخضاعها لسيطرته ، واستغلال أرضها وخيراتها ، وكان أخطر ما فعله الاستعمار البريطاني والفرنسي ، والامبريالية

- ت -

وعلى هذا الأساس تم التفاوض مع ايران ، وتم توقيع اتفاقية ٦ آذار عام ١٩٧٥ .

لقد كانت تلك الاتفاقية ، في حينها ، حلاً مهماً ، فبعد اعلانها مباشرة انهارت قوات التمرد العميل ، واستسلم المتمردون ، وبلغت الاسلحة التي سيطر عليها الجيش (١٥٣,٠٠٠) قطعة سلاح ، عدا الاسلحة الايرانية الكثيرة التي سحبها الايرانيون خلال أسبوعين هي المهلة التي اعطيت لسحبها ، ومع ذلك ، وبعد انتهاء مدة الاسبوعين ، بقي عدد كبير من المعدات والاسلحة الايرانية ، التي اضطر الجيش الايراني الى تركها ، فاستولى عليها جيشنا .

أيها الاخوة :

لقد كانت اتفاقية آذار ١٩٧٥ في حينها قراراً شجاعاً ، وحكيماً ، قراراً وطنياً ، وقومياً .

ان الشجاعة لا يعبر عنها بالاستخدام المقتدر للمدفع والسيف ، في مواقع المواجهة الامامية للعدو في الدفاع او الهجوم فحسب ، وانما يعبر عنها كذلك ، ومن موقع القيادة بوجه خاص ، بالقرار السياسي الشجاع ، في الدفاع عن الشعب والامة ، والحفاظ على السيادة ، عندما لا يكون السيف وحده ، والمدفع وحده ، قادرين على تحقيق هذه الاهداف .

لقد انقذ هذا القرار ، في ضوء تلك الظروف ، العراق من مخاطر جدية كانت تهدد وحدته وأمنه ومستقبله ، واتاحت الفرصة لشعبنا للمضي في ثورته ، والمضي في عمليات البناء والنهوض ، والوصول الى مستوى عال من القوة والتقدم والرفاهية ، يحفظ شرف العراقيين وسيادتهم ، ويضع العراق القوي المقتدر على طريق خدمة الامة العربية ، ورسالتها الخالدة .

ولم يكن القرار استسلاماً لواقع مرير ، رغم ان الواقع كان مريراً وخطيراً ، وانما كان اختراقاً لصعوبة الواقع بفعل قيادي مقتدر ومتوازن مع حسابات الظروف والامكانات .

- پ -

لقد كانت اتفاقية آذار بنت ظروفها ، وقد فهمها شعبنا ، واعتبرها ـ في اطار تلك الظروف ـ انتصاراً عظيماً ، واستقبلها بفرح عظيم ، ورغم ان جيشنا كان يقاتل ببسالة في الخنادق ، ولا يعرف المتاعب المريرة التي اشرنا اليها عن النفس في عطائه البطولي ، وكان يلحق بالمرتدين الخونة الضربات الموجعة ، فقد استقبل الاتفاقية هو الآخر بفرح عظيم ، لانه ادرك مغزاها بالنسبة لوحدة الوطن ومستقبله ، وقدر ظروفها الموضوعية .

أيها الاخوة :

بعد توقيع اتفاقية آذار جرت مفاوضات واتصالات عديدة ، من اجل وضع بنودها موضع التطبيق وبخاصة تلك التي تتعلق بتخطيط الحدود وتثبيت الدعائم الحدودية ، والشؤون الاخرى ذات الطابع الفني ، وقد تم توقيع البروتوكولات الاساسية الثلاثة المستندة على الاتفاقية وهي بروتوكول تحديد الحدود النهرية ، بروتوكول اعادة تخطيط الحدود البرية ، وبروتوكول الامن على الحدود ، وقد استفاد الجانب الايراني ، في وقت مبكر ، من اتفاقية الحدود النهرية في شط العرب ، بينما تطلب الامر وقتاً اضافياً بالنسبة لتطبيق البروتوكول الخاص بالحدود البرية ، وكان ذلك أمراً اعتيادياً ، وقد تعطلت اجراءات تسليم الاراضي فيما بعد ، بسبب الظروف التي كان يعيشها النظام الايراني السابق عامي ١٩٧٨ و١٩٧٩ ، ثم جاءت السلطة الايرانية الجديدة ، وبقيت اراضينا تحت سيطرة الطرف الآخر ، وقد قدرنا بان النظام الجديد يحتاج الى زمن لكي ينفذ الالتزامات التي تترتب عليه بموجب الاتفاقية ، غير اننا ، ومنذ اليوم الاول لوصول الزمرة الحاكمة في ايران الى السلطة ، لمسنا منها مواقف عدوانية ، واخلالاً بعلاقات حسن الجوار ، وسرنا نسمع منهم التصريحات المتلاحقة عن عدم التزامهم باتفاقية آذار وفي وقت مبكر جداً ، خرقت الزمرة الحاكمة في ايران بنداً اساسياً من بنود الاتفاقية ، عندما استقدمت قيادة التمرد العميل من امريكا الى ايران ، وكان العميل البارزاني

- ج -



واولاده يتهاوون للعودة الى ايران ، واستئناف نشاطهم العدواني ضد العراق ، ولكنه توفي عند اوليائه ، نعنيه الامريكان . فعاد ابناؤه وقادة التمرد العميل الى ايران واتخذوها منطلقا لتهديد أمن العراق ووحدته الوطنية ، باسناد صريح من السلطات الحاكمة فيها .

ان كل تصرفات حكام ايران منذ وصولهم الى السلطة وحتى اليوم ، تؤكد اخلالهم بعلاقات حسن الجوار ، وعدم التزامهم ببنود اتفاقية آذار ، لذلك ، فانهم يتحملون المسؤولية القانونية الكاملة عن انهيار هذه الاتفاقية بحكم الشرعية .

ان الاتفاقية – برغم الظروف الصعبة التي احاطت بالعراق عند توقيعها – كانت تستند على عناصر متوازنة وقد اعتبر الاخلال بأي عنصر من عناصرها ، اخلالا بروح الاتفاقية ..

ولما كان حكام ايران قد اخلوا بهذه الاتفاقية منذ بداية عهدهم بتدخلهم ... والتمسك في شؤون العراق الداخلية ، واسنادهم ، كما فعل الشاه من قبل ، واسنادهم لرؤوس التمرد المدعوم من اميركا والصهيونية ، والامتناعهم عن اعادة الاراضي العراقية التي اضطررنا الى تحريرها بالقوة ، فانني اعلن امامكم اننا نعتبر اتفاقية ٦ آذار لعام ١٩٧٥ ملغاة ، وقد اتخذ مجلس قيادة الثورة قراره بذلك ، وهكذا ينبغي ان تعود العلاقات القانونية في شط العرب الى ما كانت عليه قبل ٦ آذار ١٩٧٥ ، ويعود هذا الشط ، كما كان عبر التاريخ ، عراقيا وعربيا ، بالاسم ، والحقيقة ، مع كل حقوق التصرف بالسيادة الكاملة عليه .

ايها الاخوة :

لقد اثبت العراق ، في علاقاته مع العالم اجمع ، انه يلتزم التزاما شريفا بكل تعهداته ، كما اثبت ايضا انه لا يسكت ازاء اي شكل من اشكال ...

- ح -




العراق مستعدان ، اتم الاستعداد ، لخوض كل المعارك الباسلة مهما كانت فيها التضحيات من اجل الحفاظ على الشرف والسيادة .

لقد اتخذنا قرارنا التاريخي باستعادة سيادتنا الكاملة على ارضنا ومياهنا ، وسنتصرف بقوة واقتدار ضد كل من يتحدى هذا القرار المشروع .

اننا نؤكد لكم ، وللعالم اجمع ، كما اكدنا في السابق ، اننا نطمح الى اقامة علاقات حسن الجوار مع البلدان المجاورة ، ومنها ايران بالذات ، وليست لدى العراق اية مطامع في الاراضي الايرانية ، كما اننا لا نريد اطلاقا ، شن الحرب على ايران ، او توسيع دائرة الصراع معها خارج نطاق الدفاع عن حقوقنا وسيادتنا وانما نقول لاولئك الذين اصابهم الغرور في ايران ، وسائر دوافعهم المشبوهة ، ومن يحركهم بالسر والعلن ، من القوى الامبريالية والصهيونية والانهازية ان عليهم ان يستفيدوا من دروس الايام الماضية ، عندما انتزع جيشنا الباسل ( زين القوس ) ، و ( سيف سعد ) ومخافرنا الحدودية انتزاع الرجال الشجعان المؤمنين ، وندعوهم الى الاستجابة لصوت الحق والعقل ، الداعي الى الحفاظ على علاقات حسن الجوار ، مع العراق والامة العربية ، والتخلي عن كل شبر اغتصبوه من اراضي العراق والامة العربية ، وبذلك وحده يمكنهم ان يخدموا شعبهم اذا كانوا مخلصين له حقا ، وبذلك وحده يثبتون انهم ثوار ، وليسوا عملاء للقوى الاستعمارية والصهيونية ، وعنصريين متخلفين يكنون الحقد ويضمرون العداء للامة العربية ويسعون الى اثارة الفتنة بين صفوفها ، وتجزئتها ، واضعافها ، تطبيقا للمخطط الصهيوني .

اننا نقول امامكم ، وامام الامة العربية ، والعالم اجمع ، باننا قد كشفنا الستار المزيف الذي جاءت به الزمرة الحاكمة في ايران ، ان هذه الزمرة قد استخدمت ستار الدين استخداما مزيفا ، للتوسع على حساب السيادة العربية ، والمصالح العربية العليا ، واثارة الفتن والانقسامات بين ابناء الامة ، برغم الظروف الصعبة ...

- خ -



ان ( الاحتياطي الضخم ) والمرصوف هو انتم ، وكل العراقيين الشرفاء البواسل من الضباط والجنود في جيشنا ، وابناء شعبنا رجالا ونساء ، شيوخا واطفالا ، هو الروح الشريفة لعرب الذين يناضلون ضد العدوان والاغتصاب والاستغلال والتبعية اينما كانوا ، والذين يرفضون الرضوخ للاحتلال الفارسي البغيض ، مثلما يرفضون ، ويناضلون بكل قوة وبسالة ، الاحتلال الصهيوني الغادر لفلسطين والاجزاء العربية الاخرى .

ايها الاخوة :

احييكم تحية الشرف والعهد تحية طيبة ، واشكركم على حضوركم هذه الجلسة الاستثنائية ، وانني لواثق ان شعبنا العظيم الذي تحمل مسؤولياته الوطنية والقومية عبر التاريخ بكفاءة واقتدار وشجاعة ، سيواصل هذا النهج ، وسيعزز دوره الايجابي الفعال في هذه المنطقة او على الصعيد الدولي .

سيبقى العراق دائما قلعة فولاذية صامدة بوجه كل غاصب ومعتد ، وسيبقى العراق دائما مركز سناد لكل قوى الحرية والتقدم والخير في العالم ، سيبقى العراق دائما قلعة للامة العربية .. وللمجد .


والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته ..

سەرچاوە:

کامەران بابان زادە، ڕێکەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشوور.

## پاشکۆی ژمارە (١٢)

دەقی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی لە ساڵی ١٩٨٢



نص الترجمة العربية للاتفاقية التي وقعت بين ممثلي الحزب الديمقراطي الكردستاني - العراق والاتحاد الوطني الكردستاني

في يوم ٢٨ / ٧ / ١٩٨٢ عقد ممثلو الاتحاد الوطني الكردستاني والحزب الديمقراطي الكردستاني - العراق اجتماعا في مقر الحزب الشيوعي العراقي في ( پشت ئاشان ) بكردستان العراق وقررا ما يلي -

دەقی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی

سەرچاوە:

لە ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی - عێراق

## پاشکۆی ژمارە (١٣)

بەیاننامەی بەرەی جود لەبارەی هێرشی یەکێتی بۆ سەر بارەگاکانی حزبەکانی بەرە لە ئایاری ١٩٨٣

- أ -



-ب -



- ج -



(٢)

وتدعو الجبهه الوطنيه الديمقراطيه قواها وجماهير الشعب الى تعبئه طاقاتها لفضح المؤامره وابعادها والوقوف بوجهها واحباطها والحاق الهزيمه بمدبريها ومنفذيها . وتدعو (جود) في ذات الوقت، العناصر الشريفه من منتسبي (اوك) ، ممن تعز عليهم قضيه الوطن والنضال ضد الدكتاتوريه ومن اجل الحقوق القوميه لشعبهم الكردي والحقوق الديمقراطيه للشعب العراقي الى التبصر في المنزلق الخطير الذي تجرهم اليه قيادتهم المغروره بتنفيذها المخطط المعادي ، وان يرفضوا الاسهام في تنفيذ هذا المخطط ويعودوا الى احضان شعبهم وقواه الوطنيه .

وتحذر الجبهه الوطنيه الديمقراطيه كل الذين يتعاونون مع قياده (اوك) او يسهلون مؤامرتها الاجراميه وتطالبهم بنفض ايديهم منها . وهذا مقياس مهم في الموقف من ايه قوه الان وفي المستقبل .

ان الجبهه الوطنيه الديمقراطيه العراقيه والجماهير الملتفه حولها تناضل من اجل تصفيه اداه العدوان هذه ، ومخطط المخطط المعادي لشعبنا لا سيما الحليف نضال كل قوى شعبنا الوطنيه وجماهيره العامله واثاره الشيعيان . واننا في الوقت الذي نعرب فيه عن الثقه بانتصار قضيتنا العادله نناشد جميع القوى الصديقه لشعبنا في حركه التحرر الوطني العربيه ، نناشد الحكومات الوطنيه في سوريا والجماهيريه الليبيه واليمن الديمقراطيه ومنظمه التحرير الفلسطينيه وكل فصائل حركه المقاومه الفلسطينيه ، ونناشد الاحزاب القوميه الكرديه التقدميه ، وكل القوى التقدميه في العالم لفضح اعمال (اوك) الاجراميه ومساندة نضال شعبنا ضد الدكتاتوريه والمخططات الامبرياليه الرجعيه .

ان اللجنه العليا للجبهه الوطنيه الديمقراطيه العراقيه تتوجه بالتحيات الى مقاتليها الابطال البيشمركه البواسل لمواقفهم البطوليه في مواجهه عدوان قياده الاتحاد الوطني الكردستاني ، وتمجد تضحياتهم الغاليه وشهدائهم الاماجد .

المجد لشهداء الجبهه الوطنيه الديمقراطيه وكل الحركه الوطنيه العراقيه ؛

والخزي والعار للقتله الاوباش ؛

والنصر لنضال شعبنا من اجل اسقاط الدكتاتوريه وانهاء الحرب وتحقيق الديمقراطيه للعراق والحكم الذاتي الحقيقي لكردستان ؛

اللجنه العليا

للجبهه الوطنيه الديمقراطيه العراقيه (جود)

١٩٨٣/٥/٦

سەرچاوە:

لە ئەرشیفی م.س - پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق

## پاشکۆی ژمارە (١٤)

بەیاننامەی بەرەی جود دەربارەی گفتوگۆی یەکێتی نشتیمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق



لتقبر اتفاقية صدام ـ الطالباني المذلة

اللجنة العليا

للجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية

( جـــود )

٤ / ١ / ١٩٨٤

سەرچاوە:

لە ئەرشیفی م.س - پارتی دیموکراتی کوردستانی - عێراق

## پاشکۆی ژمارە (١٥)

بەیاننامەی هاوبەشی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان دەربارەی ڕێککەوتنی سەدام حسێن - جەلال تاڵەبانی



بيان الاحزاب والحركات الكردية حول اتفاقية

صدام حسين - جلال الطالباني

تتواتر المعلومات عن مفاوضات اجراءا الاتحاد الوطني الكردستاني مع حكومة صدام حسين الدكتاتورية الفاشية المعادية لمصالح الشعب العراقي والحركة القومية الكردية التحررية . وان هذه المفاوضات أسفرت عن عقد اتفاق بين الطرفين اخرج الاتحاد الوطني الكردستاني من اطار قوى المعارضة الوطنية العراقية المناضلة من أجل الديمقراطية للعراق والحكم الذاتي الحقيقي لكردستان وجعله قوة حليفة للنظام ضد الحركة الوطنية العراقية . ولهذا تنادى ممثلو الاحزاب والحركات الكردية لتدارس هذا الامر الضار بالحركة القومية الكردية التحررية ومصالح الشعب العراقي وقرروا الاعلان عن شجبهم لهذا السلوك من جانب الاتحاد الوطني الكردستاني والدعوة الى ادانة الاتفاق ومناشدة كل أعــداء النظام الدكتاتوري الشوفيني في العراق ، بمن فيهم معارضو هذا السلوك الضار داخل الاتحاد الوطني الكردستاني ، الى العمل الموحد لاحباط الاتفاق المذل وابعاد اخطاره عن الحركة القومية الكردية ومجموع الحركة الوطنية العراقية .

في ١٩٨٤/٣/١٠

الحزب الاشتراكي الكردستاني - العراق
الحزب الديمقراطي الكردي في سورية ( البارتي )
الحزب الديمقراطي الكردي في لبنان - القيادة المركزية -
الحزب الديمقراطي الكردستاني - العراق
الحزب الشيوعي العراقي - أقليم كردستان -
الحزب الاشتراكي الكردي ( باسوك )
حزب الاتحاد الشعبي الكردي في سوريا
حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني
الحزب الديمقراطي الكردي السوري
الحزب الديمقراطي التقدمي الكردي في سوريا
الحزب اليساري الكردي في سوريا
حزب العمال الكردستاني - تركيا - P.K.K.
حزب العمال الطليعي الكردستاني - تركيا - P.P.K.K.
حركة التحرير كردستان - تركيا - K.U.K.

سەرچاوە:

علـى سـنجارى ، القضيـة الكرديـة و حـزب البعـث العربـى الاشـتراكي في العـراق، الجـزء الثـاني.

## پاشكۆی ژماره (١٦)

بەیاننامەی یەكێتی نیشتمانی كوردستان دەربارەی وەساندنی گفتوگاكان لەگەڵ حكوومەتی عێراق

- أ -



- ب -



بين المواطنين الأكراد وتمسّي حزب الحكومة تبين أن الحكومة العراقية كانت تمارس المماطلة والتسويف ولم أن الاتحاد الوطني الكردستاني استنفد كل السبل الممكنة لجر الحكومة للاعتراف بحقوق شعبنا العادلة والاتفاق على حل ديمقراطي للمسألة الكردية. كما مارس المسؤولين الحكوميين في كردستان في فترة الحوار شتى وسائل الإرهاب بحق أبناء شعبنا و كانت تصريحاتهم" المسؤولين تؤكد بأن ليس لدى الحكومة أية نية جادة لحل القضية القومية الكردية في العراق ، وأن السياسة الشوفينية السابقة هي التي تستمر في كردستان .

لذلك فقد قررت اللجنة القيادية للاتحاد الوطني الكردستاني في اجتماعها الموسع الأخير بالإجماع قطع المفاوضات مع الحكومة العراقية .

إن الحكومة العراقية وحدها فقط تتحمل المسؤولية التاريخية لأي فشل المفاوضات وعدم إيجاد حل ديمقراطي سلمي عادل للقضية الكردية.
وهنا فإن الاتحاد الوطني الكردستاني يطالب جماهير الشعب في كردستان أن يكونوا أكثر يقظة وأن لا ينخدعوا من هذه الحكومة أو خطوات جدية لحل القضية الكردية وإنهاء الإرهاب والقمع في كردستان بل على الجميع أن يستعدوا لتحمل المزيد من الإرهاب والقمع .
إن مناضلي الاتحاد الوطني الكردستاني متمسكين أكثر من أي وقت مضى بحقوق شعبنا العادلة ويواصلون نضالهم المرير بعنفوان عالي وإيمان لا يتزعزع من أجل حرية شعبنا رافعين شعار: "النضال الجماهيري الثوري المتلاحم مع القوى التقدمية العراقية والكردستانية من أجل الديمقراطية للعراق وحق تقرير المصير للشعب الكردي ."

اللجنة القيادية للاتحاد الوطني الكردستاني

١٥/١/١٩٨٥

سەرچاوە:

علی سنجاری، القضیة الكردیة والحزب البعث العربی الاشتراكي في العراق، الجزء الثـاني.

## پاشکۆی ژمارە (١٧)

## دەقی پڕۆژەی هاوکاری نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکیتی نیشتمانی کوردستان

- أ -



٤- بۆ پێشمەرگەی هەردولا هەیە خۆیان نقل بکەن بولای ئەوی تر بەبێ چەکەکەی ئەگەر
پەیوەندیەکە چەکەکەی هی خۆی بێ • بەمەرجی ئەوە رەچاو بکرێ کە تاوانی دەرهەق لایەکانی
دولایەنە نەکردبێ •
٥- لەمەسەلەی حکمرانی ناوچەکان و گمرکدا تا هەلومەرجێکی لەبارتر ئەبێ لەناوچەکانی
ژێر دەسەلاتی یەکتردا • واقیعی ئێستا حورمەت بگرن •
٦- پێکهێنانی دادگای هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەلانی خەلک •

لایەنی راگەیاندن :

١- راگرتنی هەموو جۆرە کارێکی راگەیاندن و پروپاگەندە چ راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ
لە دژی یەکتر •
٢- هەلمەتێکی راگەیاندنی هاوبەش بەهەموو جۆرێ و لە هەموو ئاستەکاندا بکرێ بەم بۆ
جەسپاندنی گیانی ئەم رێکەوتنە و گەلە پەیمانی بەهەم بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بۆ
جوالەوەکان و مافە رەواکانی لەناوەوەو لە دەرەوەی ولات •
٣- رەچاو گرتن لە یەکتر لەکۆبونەوە هاوبەشەکاندا لەناو دەزگاکانی راگەیاندندا •
٤- هاوکاری راگەیاندن لە روی تەکنیکەوە •

یەکێتی نیشتمانی کوردستان | پارتی دیموکراتی کوردستان - عیراق

١٩٨٦/١١/٨

- ب -



پرۆژەی هاوکاری نێوان
پدک و ینک

لە رۆژی ١٩٨٦/١١/٨ دا وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان - عیراق بە سەرۆکایەتی
هەڤال ادریس بارزانی و وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەڤال مام جلال
کۆبونەوەو لە پێویستی گۆڕینی شێوەی کارو رێو شوێنی قولکردنەوەو پتەو کردنی
پەیوەندی دۆستانەی نێوانیان کۆلینەوەو روو لە ... یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە و
... و دەزگاکانی شۆڕش رێککەوتن لەسەر :

لایەنی سیاسی :

١- هیچ لایەک لەم دوو لایەنە دژی یەکتری لەگەل لایەنێکی سێهەم داخلی هیچ جۆرە محوەرێکی
سیاسی یا ائتلافێکی سیاسی نەبێ •
٢- هەردو لا هەول بدەن گەلە پە خەباتی هەمەلایەنەی خەلکی کوردستان بدەن بو روخاندنی
رژێمی بەعسی عفلقی عیراق و مسوگەر کردنی مافی رەوای گەلی کورد •
٣- لەهەموو کاروبارێکی شۆڕشی گەلەکەماندا تەنسیقی هاوبەش بکەن بە تایبەت لە هاوکاری
و دۆستایەتی دا لەگەل هێزە عیراقی و دۆستەکاندا •
٤- کۆبونەوەی دەوری کۆمیتەی بەرزی هاوبەش بەلایەنی کەمەوە سالی دوو جار بو قولکردنەوەو
پتەو کردنی پەیوەندی دوو قولی و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە یا ئەو مەسەلـــــە
گرنگانەی لەرەوتی خەباتدا دێتە پێشەوە بگیرێ •
٥- دوورکردنەوەی گیانی ئەم رێکەوتنە بو هەموو ئاستەکان و حورمەت گرتن لە رێکخستن و ئەندام
و لایەنگرانی یەکتر •
٦- هەولدان بو یەکگرتنی رێکخراوی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی ولات •
٧- هەولدان بو یەکگرتنی هێزەکانی کوردستانی عیراق و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی
فراوانی عیراقی •

لایەنی عەسکەری :

١- ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی هەردولا بو چالاکی سیاسی عەسکەری رێکخراوەیی هەرلا ئەدران
ئازادە • ئەبێ هەردو لا یارمەتی یەکتر بدەن تا رێکخراو و هێزەکانیان لەو ناوچانـــــەدا
بتوانن بەچاکی دەوری خۆیان ببینن بێ ئەوەی کوسپ بو یەکتر ساز بکەن •
٢- هێزو رێکخراوەکانی هەرلا لە کاتی هاتنە ناوچەی یەکتر ئەبێ ئاگاداری یەکتر بکەن و تەنسیق
پێکەوە بکەن •
٣- هەول بدەن چالاکی هاوبەشی پێشمەرگانە بکەن تا زەمینەی هاوکاری هەمەلایەنەو برایەتی
بو پێشەوە بچی و کاریگەری بێ لە کۆمەلانی خەلک و هێزی پێشمەرگە بکا • بو زەمینــــە
خوش کردنی یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە لە داهاتودا •


سەرچاوە:

بنکەی ژین سلێمانی

## پاشکۆی ژمارە (١٨)

دەقی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ٢٩ی ئادار١٩٨٧ دەربارەی تووندکردنی شێوازەکانی دژایەتی کردنی شۆڕشی کورد

- أ -



پاشبەندی ژمارە b-11

٢

٣ـ اجهزة المخابرات وقوى الامن الداخلي والاستخبارات العسكرية •

٤ـ قيادات الجيش الشعبي •


رابعا • تلتزم القيادات العسكرية في المنطقة باوامر الرفيق عضو القيادة القطرية بكل ما يتصل بـ ( اولا ) من هذا القرار •

خامسا • يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره وحتى اشعار آخر، ويوقف العمل بالاحكام القانونية التي تتعارض واحكام هذا القرار •

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

- ب -



پاشبەندی ژمارە 11

بسم الله الرحمن الرحيم

C
2 X PAGES

باسم الشعب

مجلس قيادة الثورة

رقم القرار / ١٦٠

تاريخ القرار / ٢٩ / ٣ / ١٩٨٧

قرار

استنادا الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين، والفقرة (أ) من المادة الثالثة والاربعين من الدستور، وتنفيذا لما تقرر في الاجتماع المشترك لمجلس قيادة الثورة والقيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي المنعقد في ١٨/٣/١٩٨٧ •

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة في ٢٩/٣/١٩٨٧ ما يلي :

اولا • يمثل الرفيق علي حسن المجيد، عضو القيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي، القيادة القطرية للحزب ومجلس قيادة الثورة في تنفيذ سياستهما في عموم المنطقة الشمالية ومنها منطقة كردستان للحكم الذاتي بهدف حماية الامن والنظام وضمان الاستقرار فيها وتطبيق قانون الحكم الذاتي في المنطقة •

ثانيا • يتولى الرفيق عضو القيادة القطرية، لتحقيق اهداف هذا القرار، صلاحية القرار الملزم لجميع اجهزة الدولة المدنية والعسكرية والامنية، وبوجه خاص الصلاحيات المخولة بمجلس الامن القومي ولجنة شؤون الشمال •

ثالثا • ترتبط الجهات التالية في عموم المنطقة الشمالية بالرفيق عضو القيادة القطرية وتلتزم بالقرارات والتوجيهات الصادرة عنه التي تكون واجبة التنفيذ بموجب هذا القرار •

١ـ المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان للحكم الذاتي •

٢ـ محافظو المحافظات ورؤساء الوحدات الادارية التابعين لوزارة الحكم المحلي •

سەرچاوە:

د.علی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق و لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠ – ١٩٨٨)

## پاشکۆی ژماره (١٩)

بەیاننامەی هاوبەشی حزبە کوردستانیەکان دەربارەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی

- أ -



- ب -



- ج-



- د -




سەرچاوە:

بنکەی ژین - سلێمانی

## پاشكۆی ژماره (٢٠)

نامەی حزبی شیوعی عێراقی بۆ مسعود بارزانی لەبارەی پێکهێنانی

بەرەی بەرفراوانی نیشتمانی عێراق

- أ-

الأخ المناضل مسعود البارزاني

تحية أخوية حارة . . .

في البداية تقبلوا كل أمنياتي لكم بالصحة ومزيداً من الجهد لمواصلة نضالكم الصعب والمثمر لخير حركتنا الوطنية الديموقراطية العراقية عامة ولخير حركة شعبنا الكردي التحررية العادلة .

بالنظر لغياب الرفيق عزيز محمد مؤقتاً ارتأيت توجيه هذه الرسالة لشخصكم ، بالارتباط مع التطورات الجارية في بلادنا .

لا يخفى على أحد ما قدمه شعبنا الكردي في العراق بنضاله الشاق وتضحياته الغالية من نموذج ثوري في الإصرار الدؤوب على مواصلة الكفاح المشترك بينه وبين أخيه الشعب العربي والأقليات القومية في سبيل الديموقراطية وحقوقه القومية ، وقد كسب بذلك احترام جميع فصائل حركة التحرر الوطني العربي وأصدقائه في البلدان الاشتراكية والحركة الديموقراطية في البلدان الرأسمالية .

وخلال مراحل تاريخية كان هذا الاحترام ، مقروناً بالتضامن ، يزداد قوة وتأثيراً ، وقد تحول إلى قوة مادية هامة ، بالارتباط مع النهج الصائب الذي اختطه الحركة التحررية لشعبنا الكردي . النهج المنسجم والمترابط مع مصالح الحركة الوطنية الديموقراطية العراقية ومع النضال التحرري للشعوب المكافحة من أجل التحرر القومي والديموقراطية والتقدم الاجتماعي ، ضد الامبريالية والرجعية . وقد أكدت ذلك بوضوح تجربة شعبنا الكردي في العراق بنجاحاتها واخفاقاتها . واعتقد أن تجاهل هذه السمات الأساسية سوف يضر ويلحق الأذى بحركة شعبنا الكردي القومية التحررية .

وليس بخافٍ عليكم مدى أهمية تضامن قوى التحرر والتقدم في العالم معنا الذي يشكل سلاحاً جباراً في تعزيز قدرات حركتنا الوطنية الديموقراطية وحركة شعبنا الكردي . ونحن اليوم بأمس الحاجة لمثل هذا التضامن الذي تحيطه تعقيدات كبيرة جراء الحرب العراقية الايرانية التي غدت المسألة الملحة والأساسية في المنطقة التي تتطلب الوصول إلى

- ب -

انهائها ، نظراً لمخاطرها ليس على البلدين بل على السلم في المنطقة والعالم . فلذلك تتوجه أنظار التضامن الدولي ليس على استمرار الحرب بل على انهائها . ويمكن القول أن الحرب العراقية الإيرانية غطت على الحركة الوطنية الديموقراطية ومنها الحركة الكردية . وأقرب الأصدقاء يؤكدون بأن ما يجري في العراق هو ضمن الحرب الدائرة بين العراق وإيران ولا يمكن فصلها وأنه لا توجد حركة وطنية وكردستانية معارضة للسلطة الدكتاتورية الفاشية . ولذلك فإن الجهود الدولية تتركز اليوم على اطفاء نار هذه الحرب قبل أن تتسع وتهدد السلم العالمي . أن التضامن الدولي يقف اليوم إلى جانب انهاء هذه الحرب قبل كل شيء . ولن يبرز وبيان وجه الحركة الوطنية ومنها حركة شعبنا الكردي القومية التحررية إلا بعد إطفاء نار هذه الحرب .

وإلى جانب ذلك كله فقد جرت اختلاطات مخلة ، خلال هذه الفترة ، التداخل بين الفعاليات الحربية وبين فعاليات الثورة ، إلى جانب بعض المواقف السياسية الانعزالية التي شوهت وجه الحركة الكردية بشكل لا سابق له . وقد أثر ذلك سلبياً على التضامن وبشكل خاص تضامن حركة التحرر الوطني العربية معنا ، إلى درجة تشويه الوجه النضالي الناصع لحركة الشعب الكردي .

وضمن هذه التعقيدات والملابسات والتشويهات تنطلق الدعوة إلى إقامة الجبهة الكردستانية التي تتحول إلى مكافأة تستند عليها الدعاية المعادية لحركة شعبنا من قبل السلطة الفاشية ، والتي لا تفسر إلا لصالح الانعزال والتشويهات على الحركة الكردية .

وانكم أيها العزيز كاكه مسعود على علم تام بموقفنا الصريح والواضح من مسألة قيام الجبهة الكردستانية التي أكدنا بأنها يجب أن تكون جزءاً من الجبهة الوطنية العريضة ، ويجب أن لا يجري تجاهل قوى (جود) التي أثبتت استمرارها وثباتها في العمل المشترك عبر تضحيات . كما لا يخفى عليكم بأن الدعوة إلى قيام الجبهة الكردستانية جاءت بالإستناد على حجة عدم نضج الظروف لقيام الجبهة الوطنية العريضة وهي حجة غير مبررة إلا من الممكن بذل جهد مركز من الكل لقيام مثل هذه الجبهة خاصة بعد التطورات التي جرت على مواقف بعض القوى الأساسية بهذا الشأن .

ولذلك نطرح اليوم العديد من الأسئلة حول جدوى الاستعجال بقيام الجبهة الكردستانية غير الناضج . ألا يمكن التفكير بإيجاد وسائل أخرى لتوحيد الجهود الكردية ؟ إذا لم تتعدم صيغاً أشكال التنسيق والتوحيد والتعاون بين أية مجموعات من أطراف الحركة

الكردستانية والمتواجدة على الساحة لأية مهمة تتطلبها النضال المشترك المتسع إلى أقصى حد.

نعتقد أن التوجه نحو مثل هذه الأعمال هي أكثر فائدة وجدوى ، سياسياً وتنظيمياً من أجل توحيد الجهود والقوى دون إثارة أي التباس .

ونعتقد إنما يجب التركيز عليه اليوم هو بذل الجهود من أجل إقامة الجبهة الوطنية العريضة العراقية . ومثل هذه الجبهة تتوافر لها اليوم أرضية أفضل من السابق ، التي تولد الجبهة الكردستانية ولادة طبيعية وليست مشوهة .

ونحن ننتظر منكم أيها الأخ العزيز جهودكم البناءة في هذا الميدان لما فيه مصالح الحركة الوطنية العراقية ومنها حركة شعبنا الكردي وتجنيبها أية انتكاسة جديدة والسير في طريقها السليم والصائب بدأ به إلى أمام .

مع شكري واعتزازي وتحياتي لجميع الأخوة في اللجنة المركزية والمكتب السياسي لحزبكم الحليف ..

كريم أحمد
١٩٨٧/٧/٢٨

سەرچاوە:

ژیلوان عەبدوڵا احمد، حزبی شیوعی عێراقی و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا ١٩٧٥ – ١٩٩١)

## پاشكۆی ژماره (٢١)

بەشێك له بەياننامەی دامەزراندنی بەرەی كوردستانی

- أ-

# بيان
# حول انبثاق الجبهة الكردستانية العراقية

يا جماهيرنا المناضلة !

شعورا بالمسؤولية التاريخية تجاه مصير شعبنا الكردي ونضاله العادلة ، وادراكاً لمستلزمات النضال الظافر لتعبئة اوسع طاقات وامكانات شعبنا ، اجتمعت الاحزاب المناضلة على الساحة الكردستانية ؛ الحزب الاشتراكي الكردي (باسوك) ، الاتحاد الوطني الكردستاني ، الحزب الشيوعي العراقي ، حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني ، الحزب الاشتراكي الكردستاني-العراق والحزب الديمقراطي الكردستاني-العراق في اواخر نيسان-اوائل ايار/١٩٨٨ وتدارست سبل العمل لتوحيد الكفاح ضد الدكتاتورية والحرب ، وتوصلت الى قرارها التاريخي بتأسيس (الجبهة الكردستانية العراقية) المناضلة كاداة معبرة لقيادة الحركة التحررية الكردية بتوحيد قوى وطاقات ثورتها ومن اجل مجابهة النظام الدكتاتوري وارهابه المتواصل ضد الشعب العراقي عامة وضد الشعب الكردي خاصة ، حيث يلجأ الى مختلف وسائل القتل والتدمير وهدم معظم القرى والقصبات الكردية ، ولم يتورع عن تصعيد حرب الابادة ضد الشعب الكردي الى درجة بالغة الخطورة في عمليات التهجير والترحيل والاعدام الجماعي واستعمال الاسلحة الكيمياوية المحرمة دوليا ، كما جرى في مناطق وادي جافتي وباليسان وسهل كركوك وقرى العمادية في العام الماضي متوجة حربها العنصرية بشاع الجرائم في مدينة حلبجة الشهيدة التي

١

- ب -

امطرها بانواع مختلفة من الاسلحة الكيمياوية ، فكانت مجزرة بشرية رهيبة راحت ضحيتها عشرة الاف شهيد وجريح ، وهي الجريمة المروعة التي هزت ضمير ملايين البشر الطيبين في العالم والمنظمات والهيئات الديمقراطية والانسانية الدولية التي احتجت باشكال مختلفة على جريمة النظام الارهابي ، وارتفعت اصوات عالمية خيرة تدعو الى اعلان يوم قصف (حلبجة) ((يوما عالميا للكفاح من اجل تحريم الاسلحة الكيمياوية )) .

ايها المواطنون الشرفاء !

من بين ركام التدمير الشامل في كردستان العراق ينبثق الامل الكبير الذي يبعثه انبثاق (الجبهة الكردستانية العراقية) التي جاءت امتدادا للانتصارات التي حققتها المصالحة الوطنية العامة خلال العامين الاخيرين ، وتأكيدا على ان الجبهة سلاح مجرب وحازم لردع الانظمة القمعية واحلافها ، وان الجبهة ليست ، في اية شروط ، مجرد حاصل جمع لقوى الاطراف الثورية المشتركة فيها ، بل انها اكبر من ذلك بكثير باعتبارها تعبر عن طموحات شعبنا ومصالحه الاساسية وتعد الارضية المناسبة التي تدعم الطاقات الابداعية التي لم تسمح ظروف التفتت بظهورها ، كما ان الروح الجبهوية الحقة قادرة على سد الثغرات التي يحاول العدو استغلالها لتمرير مخططاته الاجرامية . وقبل كل شيء ، فالكفاح الجبهوي في الظروف الراهنة هو الشكل الامثل القادر على تجسيد وحدة الحركة التحررية الكردية في الداخل والخارج واظهار صوتها الموحد وقوتها الحقيقية امام الجميع .

يأتي اعلان الجبهة في وقت تتصاعد الحملة الشرسة للنظام تحت شعار (تصفية قواعد المعارضة) لتنفيذ نهجه الشوفيني الرامي الى تدمير كردستان وتعريبها بعد اخلائها من سكانها الاصليين ، حيث يجري حاليا تهجير عشرات الالاف المواطنين

٢

- پ -



ان جبهتنا اذ توحد قوى ثورة كردستان تلتزم بأهدافكم الوطنية والديمقراطية وتناضل من اجل وحدة قوى شعبنا العراقي فيجبهة عراقية شاملة تكافح من اجل خلاصكم من ويلات الحرب والفاشية وتحقيق الديمقراطية والسلام ، تناشدكم الى التضامن والتعاون معنا والى المزيد من المساندة للقضية الكردية العادلة وندعوكم الى مواصلة النضال والتلاحم الكفاحية .

يا قوى حركة التحرر الوطني العربية !

ان الحركة التحررية الكردية حليف طبيعي وثابت لكم في الكفاح ضد الهيمنة الامبريالية وضد الصهيونية والرجعية ومن اجل التحرر الكامل والوحدة وفي سبيل الديمقراطية . ان جبهتنا تنطلق من اواصر الاخوة العربية ـ الكردية ، ومن الضرورة التي لاغنى عنها لكفاحنا المشترك . فتتطلع الى مساندتكم لجبهتنا وتوسيع التضامن مع قضيتنا العادلة والدفاع عن شعب كردستان ضد حرب الابادة التي يشنها ضده نظام صدام .

يا قوى الخير والتقدم في المنطقة والعالم !

ان حركتنا هي حركة شعب مغبون تاريخيا ، شعب محروم من حقوقه الانسانية والديمقراطية وهو يناضل من اجل الاعتراف بحقه في تقرير المصير اسوة بشعوب العالم . وان الـرد الذي يتلقاه من الطغمة الفاشية هو الدمار والبطش والابادة التي لاينجو منها كبير او صغير من ابنائه . وان جبهتنا المنبثقة من معاناة والام شعبنا ونضاله وصموده البطولي والمعبرة عن طموحاته المشروعة تتطلع الى تضامنكم معها ومساندتكم لقضيتنا وتوسيع حملة الاحتجاج على جرائم النظام العراقي بحق شعبنا الآمن المسالم . واننا اذ نعبر عن التقدير البالغ والامتنان لكل الاصوات الشريفة التي ارتفعت من كافة انحاء العالم تضامنا مع جماهير شعبنا اثر كارثة

٨

- ت -



الى ارسال ابنائكم الى مجازر الموت في ساحات الحرب ،

ايتها النساء ، ويا ايها الطلبة والشباب !

ترشيدا ، وانضموا الى جبهتكم الكفاحية للقضاء على الطغمة الفاشية التي لم تترك حرمة للامومة والطفولة ولا اهمية لتقديم العلم وتشجير المواهب والابداعات ووضعت كل العراقيل امام ازدهار شخصية الانسان ، وأهانت كرامته .

ايها العسكريون الوطنيون ، يا ابناء القوات المسلحة !

ايها المغرر بهم من كافة التشكيلات التابعة للنظام !

ان جبهتنا تعمل من اجل انقاذكم وعوائلكم من الجحيم الذي انتم فيه بسبب استمرار النظام وجرائمه وحروبه ، فندعوكم الى توجيه بنادقكم الى صدر الفاشية والانضمام الى خندق الجبهة ، خندق الشعب ، ومن اجل ان تعودوا الى عوائلكم الآمنة وتعيشوا حق الحياة في ظل الحرية ، وتزول عنكم لعنة الارهاب الذي يستهدف انسانيتكم .


يا ابناء كردستان الغيارى ! هذه جبهتكم ...

نبشركم اليوم بميلاد جبهة كردستان الكفاحية التي ناضلتم طويلا من اجلها ، توحد قوى البيشمركة ومؤسسات الثورة لقيادة الحركة التحررية الكردية في النضال من اجل تحرركم القومي وخلاصكم من الاضطهاد والابادة ومآسي الحرب الظالمة ، وتحرير كردستان من التعريب ومحو ملامحه القومية ، ومن اجل الحرية والتقدم الاجتماعي .

ندعوكم للالتفاف حول جبهتكم واحتضانها ورفدها بامكانياتكم وطاقاتكم ومشاعركم وقلوبكم ، وذلك هو الشرط الذي لابد منه من اجل انتصار ارادتكم ، فالى المشاركة الجسورة والواسعة في مختلف اساليب الكفاح في سبيل تحقيق اهدافكم التي قدمتم عشرات الالوف من الشهداء والضحايا في سبيلها .

يا جماهير شعبنا العراقي المناضلة !

-ج-



(حلبجة) استنكارا لجريمة النظام المروعة فيها ، نناشدكم الى مواصلة التنديد بهذه الجريمة وغيرها من جرائم الابادة بحق شعبنا والتي تعتبر جريمة بحق الانسانية جمعاء ، لنتضافر طول وجهود الخيرين من ابناء كافة شعوب الارض ضد الاستبداد والاستغلال والحرب وويلاتها ، في سبيل السلام والحرية والعدالة الاجتماعية والتقدم .

الجبهة الكردستانية العراقية ٣/ أيار/١٩٨٨

سەرچاوە:

سروە قادر، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستانی عێراق (١٩٨٠- ١٩٩٠)

# پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی

# ABSTRACT

Kurdistan Democratic Party- Iraq، from its foundation in ١٩٤٦، as a national party is in strives continuously and transferred many stages، the stage of years (١٩٩١ -١٩٧٦) is one of the most important stage which it has been transited by، this era is recognized as an important era in the history of the role of (PDK) in the Kurdish Rescuing Movements in the south Kurdistan.

The struggling of the Kurdistan Democratic Party within (١٩٩١ -١٩٧٦) can be divided into two periods generally: The first one is the time of the year (١٩٧٦ -١٩٧٦) which is considered as (Transitional Presidency Period. The second one is the time of the years (١٩٩١ -١٩٧٩) which is considered as (Revitalization Period). The transitional presidency period had extended for four years; there were lots of ups and down، many important and unpredictable events happened and some of the presidency members who they were elected in the (Eighth Convention) in ١٩٧٠ resigned and withdrew from (PDK). In addition to that، on the bases of indication and under the name of transitional presidency، the (PDK) reorganized itself and sought for an opportunity to hold the (Ninth Convention).

In fact، the reorganizing of the (PDK) was not only a military revolutionary but criticizing and revising the weak points which it had in every aspect. After reorganizing، on ٢٦ May ١٩٧٦، the (PDK) blocked and ended the siege which it had come from the (Algerian Agreement) and launched the revolution. In the literature of the (PDK)، this revolution is known as (Gulan Revolution) and this is because the launching this revolution during the (Gulan Month).

Different from the previous period (١٩٧٥ -١٩٤٦) and because of the condition of the Kurdistan region، some new political parties were founded and triumphing the Kurdish movement in this part، the (PDK) declined from non- existing other political parties and confessed the circumstance. The (PDK) realized that the only condition of accomplishment is a friendly relationship with all other political parties، and attempted much in that scope. But the (PDK) was not accepted and abandoned by all other political parties، especially by the (PUK) (Patriotic Union of Kurdistan)، and those reason involved the (PDK) with an internal political struggle and civil war.

After March ١٩٧٥th collapse and nine years from the eighth convention of ١٩٧٠، for the first time، the (PDK) held its (Ninth Convention) in the east of Kurdistan in November ١٩٧٩ and (Mr. Masood Barzani) has elected as leader of the (PDK) at the age ٣٣، there also، the name of the (PDK) was returned to the first original name and ended up with transitional presidency period.

The uprising and the victory of the revolution of the Iranian people in February ١٩٧٩ is regarded as a vital historical event which ended up with monarchy system and announced Islamic Republic in the country. This revolution had a great impact on the efforts of the (PDK)، in one hand، as this revolution has happened; the (PDK) depended on the human potentials of refugees for reorganizing itself، in other hand، the monarch government abounded all kinds of political and military activities during (١٩٧٥- ١٩٧٩)، but there was a new situation existed when the monarchy system collapsed which (PDK) took advantages from this circumstance and revived politically and militarily.

The war between Iraq and Iran (١٩٨٨ -١٩٨٠) could have left a great impact on the (PDK) positively and negatively. However، the (PDK) was lightly under the Iranian policy during، in fact، the impact reflected on the role of the (PDK) against the Iraqi regime and the relations with the other

political Kurdish parties and the advancing of the civil war between them. Although this war was a good reason so that the (PDK) could strengthen militarily in the field of Kurdish nation endeavors.

The (PDK) was the main character in assembling Iraqi opposition forces against Iraqi regime and declared the (Judi Front). This front had a strong role in endeavoring against Iraqi Regime politically and militarily. However، the internal conflicts was much advanced within this front during the years (،(١٩٨٦ -١٩٨٠ but after that with a great extent of attempting، the civil war was ended، as a result of that the public reconciliation achieved.

The Kurdistan revolutionary force as an official force of the (PDK) with the defending force of the people، with simple weapons broke out a war against the fully armed and developed Iraqi army. Many unique legendaries had been recorded during this long historical era and Gulan revolution history، specifically the years of the (١٩٨٦ -١٩٨٠). These victories also، were mentioned nationally and internationally.

The public reconciliation among Kurdish forces was not a general reconciliation without the reconciliation of the (PDK) and the (PUK); it's because that they were regarded as the two main armed forces in the region and the civil war and all dilemmas depended on their relations.

The (PDK) had formed a friendly relationship with all Kurdish forces within (Judi Front) during the years of (١٩٨٦ -١٩٨٠). They all had one aim which revolted against the Iraqi government. But throughout this particular historical period، they both (the PDK and PUK) had a bloody relationship. After ending the negotiation with the Iraqi government and raising the slogan of (Demolishing the Baath's regime) by the (PUK)، then the peace agreement was signed by both sides with refereeing of Iran in November ١٩٨٦. After that the public reconciliation existed among all Kurdish forces

and ended up with the unrest situation and civil war in Kurdistan.

After the public reconciliation، the (PDK) had an effective role alongside with other forces in founding the (Kurdistan Joint Front)، then the March ١٩٩١ uprising broke out. Attacking and using modern chemical weapons against different places in the south of Kurdistan and suspending the war between Iraq and Iran in ١٩٨٨ could have left many difficulties on the (PDK) and other Kurdish forces، and they also، faced a dreadful situation، then finally the Baath's regime could invade the south Kurdistan.

Therefore; there was a united attitude among all Kurdish force under the changes in the area، such as the second gulf war in summer ١٩٩٠، as a result، Kurdistan Democratic Party، alongside with the other forces could organize a strong arrangement with the assist secret cells ad and Peshmargas، then finally the March ١٩٩١ had been happened in south Kurdistan. It also، had a prominent role in taking part in uprising and the periods after uprising.

# The Role of Kurdistan Democratic party-Iraq in the Kurdish Liberation Movement in the South of Kurdistan (١٩٩١ – ١٩٧٦)

By

**Dilawar Mohammed Sadeeq Zebari**

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA